ئەنفالستان بۆ فرۆشتن نیە

ژمارە
14

# ئەنفالستان

سالنامەیەکی تایبەتە بەئەنفال و جینۆساید



## ئەنفال وشەنگال، دوو پەڵەی ڕەش بەتەوێڵی فاشیزمەوە

# ئەنفالستان

**ساڵنامەیەکی تایبەتە بەتاوانی ئەنفال وجینۆساید**

کۆتایی ساڵی ٢٠١٨

## ژمارە (14)

خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر
عومەر محەمەد قادر
@yahoo.om٠٢٨٧E– omer_m
Anfalistan@yahoo.com
٠٧٧٠٣٥٤٩٠٣٢

جێگری سەرنوسەر
سمکۆ سابیر شەریف

**دیزاینی بەرگ : زانیار نەجمەدین**
**فۆتۆ: ئەنفالستان**
**چاپخانە......**
وێنەی بەرگ – پێشەوە:
قوتابیانی گوندی گڵناغاج– ١٩٨٦ چرکێندراوە
بەداخەوەزۆریان ئەنفالکراون.
وێنەی بەرگ– پشتەوە:
دایکەکەو هەردوک منداڵەکە ئەنفالکراون و خەڵکی گوندی گۆپتەپەن.
هەردوک وێنەکە لەئەرشیفی هێمن عەبدوڵا وەرگیراون .
تیراژ : ٢٠٠٠ دا

# لەم ژمارەیەدا


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| ئەنفالنامە | لاپەرە ٧ |
| کچێکی کورد بە شەرع بەبری ١٥٠٠ دۆلار فرۆشرا | لاپەرە ٨ |
| چیرۆکەکانی دوای تەموز | لاپەرە ١٢ |
| نفال: سڕینەوەی کورد لە پارێزگای کەرکوک | لاپەرە ١٤ |
| چیرۆکی بوخچەکان | لاپەرە ٢٤ |
| یادەوەرییە تاڵەکان | لاپەرە ٢٧ |
| دیدار لەگەڵ تاقانەی ئەنفال – کازم ساڵح | لاپەرە ٢٩ |
| پێیان وتین، ئێوە هاوڵاتی نین | لاپەرە ٣٣ |
| کە سەربازبووم، مۆڵەتم وەرنەدەگرت و نەدەهاتمەوە، چونکە نەکەسم مابوو، نەماڵ | لاپەرە ٣٦ |
| ئەوکچە ناوی فەرمان بوو | لاپەرە ٣٩ |
| دیدار لەگەڵ (رەمەزان) دەربازبووی گۆری بەکۆمەڵی بیابانی رومادی | لاپەرە ٤٤ |
| هەتا لە ژیاندابم تەقە لەهیچ زیندەوەرێک ناکەم ئەوە ڕێزێکە بۆ کەسوکارە ئەنفالکراوەکەم | لاپەرە ٦٦ |
| سەفەری ئەنفال و دەلالی سەفەر | لاپەرە ٧٧ |
| ئەوشەهیدەی بەپێی خۆی گەرایەوە بۆ نیشتمان نادیارە | لاپەرە ٧٨ |
| ئاسکە کەریم دیدار | لاپەرە ٩٠ |
| مافی خاوەندارێتی | لاپەرە ١٠٦ |
| دیدار لەگەڵ پارتیزان و بریندارى چەکی کیمیایی سەید ئەحمەد حەمەلاو | لاپەرە ١١٣ |
| زەنگی تەلەفۆنەکەی تەلەفۆنەکەی دایکم | لاپەرە ١٤٦ |
| بێ مافی، ڕزگاربوانی گۆڕی بەکۆمەڵ، لە یاسای ماف و ئیمتیازی وەزارەتی | لاپەرە ١٤٧ |

| | |
|---|---|
| کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراواندا. | |
| پاکیزەکانی بیابان | لاپەرە ١٨١ |
| دیدار لەگەڵ تاقانەی ئەنفال ئازاد عەتا حەمەجان | لاپەرە ١٨٣ |
| ویستی کوردانی عێراق لە دەوڵەتانی دونیا | لاپەرە ١٨٧ |
| ئامێزی جەلادو ترسی ویسام | لاپەرە ١٩١ |
| جیاوازی نێوان کوردوجو | لاپەرە ١٩۴ |
| دادوەرەکە لیمان تێنەگەیشتبوو، گوتی ئەگەر وابێت دایکی تاوانی کردووە دەبێت سزابدرێت | لاپەرە ١٩۶ |
| هەڵوەستەیەک لە گوندی قەیتول، زانست و خوێندن بەر لە ئەنفال | لاپەرە ٢٠۵ |
| وێنە و یادگاریی ئەنفالکراوان | لاپەرە ٢٠٧ |
| زوڵم لەتاقانەیەکی ئەنفال | لاپەرە ٢١٢ |
| داعش چەکی کیمیایی بەکارهێناوە | لاپەرە ٢١٣ |
| ئاماری ئەنفالکراوەکانی گوندی تەپەسپی–ناوچەی گەرمیان | لاپەرە ٢١۴ |
| لە جەژنەکاندا زۆر بێتاقەت دەبم | لاپەرە ٢٢٠ |
| دەوڵەتیان دەوێ، بەڵام باسی جینۆساید ناکەن ! | لاپەرە ٢٢۴ |
| ئەنفال و یادەوەری روخاندنی گوندەکەمان | لاپەرە ٢٢٧ |
| تێرامان لە ئەنفال مەرگی حەمە ئامۆزا | لاپەرە ٢٣٢ |
| مەرگی تاقانەیەک | لاپەرە ٢٣٣ |
| یادی ئەنفال تەواو بوو، بەڵام من قسەم ماوە | لاپەرە ٢٣۴ |
| ئەنفالی خورماتوو | لاپەرە ٢٣۵ |
| چواردە ساڵی رەبەق چاوەڕوانی و تەنیایی | لاپەرە ٢٣۶ |
| ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی توکن | لاپەرە ٢٣٩ |

| | |
|---|---|
| ڕاپۆرتی ڕێکخراوی D.H.R.D دەربارەی ئاوارەکانی خورماتوو | لاپەرە ٢٥١ |
| ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان – دادپەروەری بنەمایەکی سەرەکییە بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی توندووتیژیی سێکسی دەست داعش بەمەبەستی بنیاتنانەوەی ژیانیان | لاپەرە ٢٥٨ |
| ڕاپــۆرت : نەتەوە یەکگرتووەکــان دەربــارەی دۆخــی خورمــاتوو بەغــدای ئاگادارکردەوە | لاپەرە ٢٦٠ |
| بریاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان | لاپەرە ٢٦١ |
| بریارەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەربارەی ئێزدییەکان .. د ڕەفیق سابیر | لاپەرە ٢٦٧ |
| دایکێک تەرمی کورەکەی دەشوات | لاپەرە ٢٧٠ |
| نەتەوەیەکگرتووەکان، دەڵێت تاوانی جینۆسایدە ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت: پێشکەوتنە | لاپەرە ٢٧١ |
| لەیادی دوابریاری دادگای باڵای تاوانەکاندا لە دۆسێی ئەنفال | لاپەرە ٢٧٤ |
| هەڵەبجە دوای بیست ساڵان : کوردستان وەک مەڵبەندی جینۆساید | لاپەرە ٢٧٥ |
| وێنەکانی عەجاج جەللادە تۆقێنەرەکەی نوگرەسەلمان | لاپەرە ٢٨١ |
| کوردو ئەنفال وئەفراندن | لاپەرە ٢٨٤ |
| پرسیار لەدڵشاد گەرمیانی | لاپەرە ٢٨٦ |
| وەرگرین یان ببەخشین | لاپەرە ٢٨٧ |
| ئەمساڵیش یادی هەڵەبجە ناکرێتەوە | لاپەرە ٢٨٨ |
| (شاڵاوەکانی ئەنفالی هەشتەم (ئەنفالی کۆتایی) (خاتمة الانفال) | لاپەرە ٢٨٩ |
| دواماچی نازم | لاپەرە ٢٩٦ |
| لەیادی ئەنفالدا شەرمەزارییەکانمان دەچنینەوە | لاپەرە ٢٩٧ |
| کورەزاکەی زیتۆ | لاپەرە ٢٩٨ |
| سێ چیرۆکی نەبیستراوی ئەنفال | لاپەرە ٣٠١ |

| | |
|---|---|
| پێنج کوڕو دوو کچم ئەنفالکراون،ناوێرم باسی تۆمەتبارانی ئەنفال بکەم | لاپەرە ٣٠٤ |
| ئەنفالی گوندی گەرمک، ئامارو چیرۆکی قوربانی | لاپەرە ٣٠٨ |
| گەشتێک بۆ گوندی وارانی خواروو | لاپەرە ٣١٨ |
| ئەنفال و یادەوەریی- توێژینەوە | لاپەرە ٣٢٤ |
| دوای ئەنفالکردنی ژنو منداڵەکانم، سێ ساڵ بەنهێنی لە قوتابخانەیەک ژیانم بردەسەر. | لاپەرە ٣٣٨ |
| چۆن ئەنفال نەکرام | لاپەرە ٣٤٦ |
| هاوڕێکانی منداڵیم هەمووی ئەنفالکراون | لاپەرە ٣٥١ |
| قوربانی گازباران و پیاوێکی ژینگەپارێز | لاپەرە ٣٥٥ |
| چوار برای شەهیدوئەنفال ولەخانوی کرێدایە | لاپەرە ٣٥٩ |

## ئەنفالنامە

# بۆچی ئەم ژمارەیە بەبێ کۆمەکی ئێوە دەرچوو

ساڵی (٢٠٠٤) یەکەم ژمارەی ئەنفاستان لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە بە تیـراژی ١٠٠٠٠٠ دەهەزار دانە دەرچوو، هەرچەندە ئەوسا حکومەت پارەوپولێکی زۆری لەبەردەستدابوو، بەڵام ژمارە (٢) یان چاپ نەکرد، بـۆیە لەسـەر ئەرکـی خـۆم چـاپم کـرد. ئەم کەمتەرخەمییەی حکـومەت نەیوەسـتاندم بەڵکـو سـاڵ بەسـاڵ و ژمـارە لەدوای ژمـارە گەشەکردوتر لەمەیدان مایەوە لەروی چۆنێتیشەوە باشتر بوو، بەبێ هاوکاری و پشتیوانی هیچ دەزگاو دەوڵەمەندێک جـوڵام و دەستم بەناوچە دورە دەسـتەکانیش گەیشـت، گۆڤـارێکی نـاوچەیی دەرنەکەوت، بەڵکـو بەسـنوری هەرێمـی کوردستانیشـەوە نەوەستاوەتەوەو ئاوری لە جینۆسایدی وڵاتانی ترو کیمیابـارانی سەردەشـت وکۆمەڵکـوژی دەرسـیمیش داوەتەوەو بەتیـراژی بـاش و بەدیـزاین و بەرگـی تـایبەتی خـۆیەوە گەیشـتووتە دەسـتی خـوێنەرانی و بەتـایبەتیش لەنـاوچە کیمیابـارانکراوو ئەنفالکراوەکاندا بەخۆرایی وبەبێ بەرانبەر دابەشکراوە.

من نامەوێ ئەوە بشارمەوە کەوا ئەم گۆڤارەم وەک ئەزمونێک دەرددەچواندو چاودێری خەڵک و بەرەوپیری هاتنی راستەقینەو روپامایی خەڵکیشم دەکرد، چاوم لەوەوە نەبـوو هەمـوو خەڵـک بـێن و هاوکـاری مـن بـکەن لەم پـرۆژەیەدا بەڵام بێگومان پێمخۆش و باش دەبوو کە زۆرترین خەڵک بهاتنیایەو هەریەکەو بەپێی تواناو لێوەشاوەیی خۆی پشک وشانازی لەم پرۆژەیەدا هەبوایە، بەلای کەمەوە ئەگەر هاوکاری منیش نەبوونایە بەهۆی ئەوەی کارەکەیـان پـێ نازانسـتی و لاوازە خۆیـان گۆڤارێک یاخود پرۆژەیەکی باشتریان بهێنایەتە مەیـدان . بەڵام بەداخەوە ئەزمـونی ئەنفالسـتان دەریخسـت کەوا زۆر کەمـن کەبەتەنگ وڵات ومرۆڤ و مێژووەوەن، زۆرن ئەوانەی لەروو دەستخۆشی و موجامەلەیان کردوین بەڵام هەرگیز ئامـادەنەبوون نەدینارێک ببەخشنە ئەم پرۆژەیە کە ئاسانترین رێگای هاوکـارییە نەوێـنەیەک و نەبەڵگەنـامەیەک بـخەنە سـەرخەرمانی ئەو هەموو بەڵگانەی کۆمانکردونەتەوەو چاپمان کردوون، مـن بەراشـکاری دەیڵـێم کە هەنـدێک خۆیـان هەڵنـاو بەئاشـکرا هـاتن پرۆژەیان تەرح کردو گۆڤارو رۆژنامەیان دەرکرد بەڵام بەپشتیوانی حزب و دەوڵەمەندو پەرلەمانیشەوە نەیانتوانی بەردەوام بن و هەیانبوو لە دووسێ ژمارەدا راوەستان .

ئەمرۆش کە خەڵکی هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی ئابوری قورسدایەو هەرێمی کوردسـتان لە دۆخێکـی سیاسـی ئـاڵۆزدایە، کاریگەری بۆ خاوکردنەوەی ئێمە نەبووەو هەر بەردەوام بووین و بەبەردەوامیش دەمێنینەوە . بەڵام نابێت ئەو خەڵکە کەمەش لەیادبکەین و هاوکاریی و پشتیوانیەکانیان بەکەم بگرین و کەم بایەخیان بکەین ئەو دلسۆزانەی سەرباری کەمی موچەو خراپی بژێوییان بەڵام هەر بیریان لەلای گۆڤارەکە بووەو هەتا ئێستاش ئامادەن برێک لە داهـاتی خۆیـان ببەخشـنە دەرچـوونی ئەم گۆڤارە، ئەگەرچی کەمن ئەو بەرێزانەی کە هەمیشە ئامادەی هاوکـاری گۆڤـارەکەن بەڵام ئەوانە هەرهێـزی دارایـی نـین بەڵکـو پشتیوانیی مەعنەویشن .

خاڵێکی تر کەدەبێت باسی بکەین ئەوەیە لەبەرئەوەی هەمیشە سەرچاوەی داهاتی ئەم گۆڤارە ئاشکرابووەو هەموو ساڵێک بری کـۆمەک ونـاوی کـۆمەک بەخشـان لەدوالاپەرەکـانی گۆڤـارەکەدا بڵاوکـراوەتەوە، ئەمسـال ئەو دیـاردەیە نـابینن، لەبەرئەوەی لەدیدارێکی نێوانماندا بەرێز پارێزگاری سلێمانی بەبێ ئەوەی داوای لێبکەم بۆخۆی کەهەواڵی دەرچوونی گۆڤارەکەی پرسی و زانی چاپناکرێت و بەئۆنلاین بڵاو دەبێتەوە ئامادەیی دەربری و بریاریدا هەردوک ژمارە (١٣) کە ساڵی پـار بە پیـدی ئێـف بلاوکـراوەتەوەو ژمـارە (١٤) کە دەبـوو ئەمسـاڵ بە پیـدی ئێـف بڵاوبکـرێتەوە ، چاپیـان بکـات .. نایشـارمەوە ئەم دەستپێشخەرییەی د. هەڤاڵ ئەبووبەکر بەرز دەنرخێنم چونکە ئەوە یەکەمین بەرپرسی ئەم وڵاتەبووە کە بەرانبەر بەم گۆڤـارە هەست بەبەرپرسیارێتی بکات .. ئەوەش نەک لەبەرئەوەی پارەی چاپەکەی داوە بەڵکو لەبەرئەوەی هەواڵی گۆڤارەکەی پرسیوە.

**گۆڤاری ئەنفالستان**

٢٠١٧/١٢/٢٧ —سلێمانی

## دۆزینەوەی قارەمان



عومەرمحەمەد
٢٠١٨/٥/٣ – سلێمانی

لەبەرنامەیەکی کەناڵی (کەی ئێن ئێن)دا بوو، لەوەڵامی پرسیاری پێشکەشکارەکەدا کە ویستی وەک ئازایەک پێشکەشی بینەرانم بکات، ئاوا وەڵامم دایەوە : (تکایە کەس لەسەر دۆسێی ئەنفال مەکەن بەقارەمان، هێشتا دۆسێی ئەنفال، قارەمانی بۆدروست نەبووە، ئەگەر قارەمان لەناوئەنفالدا هەبن ئەو کەسانەن کە دەربازبوون و ڕۆژگار چۆکی پێدانەداون) ئەم وەڵامەی من چەند (چالاکوان)ێکی ئەنفالی تورەکردبوو بەناوی خوازراوەوەو بەناوی خۆشیانەوە بەڵام ترسنۆکانە پەلاماریاندام وەلێ من وەک ئەوەی نەمبیستبێ بەرپەرچم نەدانەوەو هیچ قسەیەکم دەربارەیان نەکرد، تەنیا وەڵامێکم ئەوساو ئێستاش هەر ئەم قسانەیە کە ئێستا دەیانکەم.

نەئەوساو نەئێستاش ئامانجم لەو قسانەم شکاندنی کەس نەبووە،بەڵکو بینینی شکۆی مرۆڤە ئازاکان بوو، ئێستاش هەمان بیرورام هەیە ئەی خۆ نابێت ئێمە بەگێرانەوەی چیرۆکەکان خۆمان وەک قارەمان نیشانبدەین ؟ نابێت ڕێگە بدەین کەوا کەس بە هۆی چیرۆکی مەینەتیەکانی مرۆڤەوە ببێتە قارەمانی سەرشاشەکان و لە ڕاستیشدا کارنەکەربێت چ جای بەهۆیەوە خۆشگوزەران و دەوڵەمەند بێت !؟. کەوامان کرد ڕێک وەک ئەو دکتۆرەمان لێدێت کە خەون بەنەخۆش کەوتنی مرۆڤەکانەوە دەبینێ بۆئەوەی خۆی سودمەندبێت و ناوبانگ وپول سامان لەسەر جەستەی ناساغی ئەوانی دی زیاتر بکات.

لە گەرانم بەدوای چیرۆکەکانی ئەنفالدا ، بەتێگەیشتنێکی باش گەیشتم، من کە ژنە ئازاکانم دەدۆزییەوە و قسەیان بۆدەکردم و دواتر بڵاوم دەکردەوە، زۆرجار کە کاردانەوەکانم دەبینینەوە هەستم بە خاڵێکی لاواز کرد، ئەویش ئەوە بوو هێندەی دەستخۆشی لەمن دەکرد هێندەو زیاتریش ئەو ئازایانە پەراوێزدەخرانەوەوەو بە چاویی بەزەیی و وەک گوناە تەماشایان دەکرا ، لەکاتێکدا من هەمیشە ویستوومە ئازاکان وەک بەرپەرچدانەوەی ئەنفال و ئازایەتی و بەرگری لەبەرانبەر دڵرەقی و فاشیزم نیشانیان بدەم .. ئیدی هەوڵم دەدا کارەکتەرەکان و خاوەن چیرۆکەکان خۆیان چیرۆکی خۆیان بنوسنەوە بۆئەوەی شەرەفی ئەو ئازایەتیەش هەر بۆخۆیان بێت نەک بۆ ئەو کەسانەی چیرۆکەکانیان دەنوسنەوە.

ڕۆژێک ژنێک پێیگوتم : بۆ دەتەوێ ژیانی من خۆم بینوسمەوە ؟ ئەی بۆتۆ ناینوسیتەوەو بیبکەی بەفیلمێک ؟ دەمەوێ تێبگەم جیاوازییەکە چییە ئەگەر من بینوسمەوەو لەگەڵ ئەوەی تۆ دەینوسیتەوە ؟ لەوەڵامدا گوتم : لەبەرئەوەی خۆت بەقەرزداری من نەزانی، خۆت خوێندەواری،خۆت چیرۆکی خۆت باشتر دەزانی، باشترە هەر خۆشت پاڵەوانی نوسینەوەی چیرۆکی خۆت بێت.. چونکە من کەسان دەناسم لە فیلمسازو چالاکوان و نوسەر، کاتێک بە دوای کارەکتەرەکاندا دەگەرێن و دەیانکەنە بەرهەمی هونەری وئەدەبی لەبەرئەوەی نیە کە زۆر خەمی مرۆڤایەتیەتی، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بەو کارەکتەرەو چیرۆکەکەی بگاتە فیستیڤاڵێک، یان ئامانجێک کە بەرژەوەندی تایبەتی تیایدا هەیە.لەڕاستیدا ئەمەش مەترسیدارە!

## لە یادی تاوانی هۆلۆکۆستدا



ســـــــەرەتا لە نـامەکەی ئـان فـرانکەوە دەســـت پێــدەکەم، کە دەڵێـــت : " هیـــوادارم بتـــوانم هەمـــوو ئەو نهێنیانە لای تۆ بپارێزم، کە تـا ئێستا نەمتوانیـوە لای هیچ کەسێک باسیان بکەم. ئاواتەخوازیشم تۆ ببیـت بە سـەرچاوەیەکی زۆرباش بۆ ئاسودەی و دڵنەوایـی". ئەمە پێشـەکی ودەستپێکی ڕۆژژمێرەکەی (ئان فرانک)ە کە لە سـاڵی ١٩٤٢ دەسـتی بە نوسـینی کردووە وتەمەنـی تەنها سێزدە ساڵان بووە، کتێبی یادەوەرییەکانی ئانا فرانک زیاتر لە ٣٠ ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە و بۆ زیـاتر لە ٦٠ زمان وەرگێردراوە. خەندە حمید –کلتور مەگەزین –٢٠١٨ . ڕۆژژمێرەکەی ئانافرانک ڕووداوەکانی لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٤٢ بۆ ١ی ئابی ١٩٤٤ پاراستووە. ئەفسوس ئێمە کەهاو دەردی جووەکانین هەزاران نمونەی ئان فرانکمـان هەن بەڵام دەستەوسـان دانیشـتوون، نەک ئامـادەی نوسـینەوەی چیرۆکی خۆی نیە ئامادەی گێڕانەوەی نیە !

ئانافرانک ڕۆژێک لە دەنگی ئێسـتگەی ڕادیۆی هۆڵەنداوە گوێی لە دەنگی ئەندامێکی حکومەتی هۆڵەنـدا دەبێت لە مەنفا بە نـاوی (گێریت بولکشـتاین) دەڵێـت کە بەنیـازن لە دوای جەنـگ هەمـوو ئەو دەستنوس و بەڵگە نوسراو و یاداشتانە کۆبکەنەوە کە گەواهی و شـایەتی ئەوە دەدەن کە هۆڵەندیەکان لە ژێر زەبروزەنگی ئەڵمانیەکاندا ئازار و نـارەحەتی زۆریـان چەشتووە، بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیانە بە جیهـان بگەیەنن. کاتێک ئان گوێی لەم قسانە بوو بەهەند وەریگرتن و بڕیـاری ئەوەی دا کە چاوخشـاندنەوەیەک بە نوسین و ڕۆژژمێرەکەیدا بکات و پوختەی بکات وهەندێک چاککاری و دەستکاری کرد و چەند بەشـێک کە بە سەرنج ڕاکێشانی نەدەزانین سڕییەنیەوە و لای بردن و لە بەرامبەردا چەند ڕووداوێکی تری بە پشت بەسـتن بە یادەوەریەکـانی نوسـی، بەڵام دەقە بنچینەیەکەی وەک خـۆی هێشـتبووە بەبێ دەسـتکاریکردن، تاکو لە دوای جەنگ بە پشت بەستن بە ڕۆژژمێرەکەی کتێبێک بڵاوبکاتەوە.) برانە – ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک.

سـەرباری ئەو گـورزە کوشـندەیەش کە نازییەکـان لە جووەکانیانداو نـزیکەی ٦ ملیـون کەسـیان لێکوشـتن، بەڵام لە دوای جەنـگ جووەکـان دەسـتەوسـان دانەنیشـتن، کاتێـک دەوڵەتیشـیان دروسـتکرد، حکومەتەکەیان وەک ئەوەی ئێمە کەمتەرخەم و خـوێن ساردنەبوو، بەڵکو بەهەمـوو هێزی دەوڵەتدارییەوە پشـتیوانی ئەو چالاکوانـانەی کـرد کە خەریکـی کـۆکردنەوەو دۆکیـومێنتکردنی تـاوانەکەو چیرۆکـی

قوربانیەکان بوون. بۆنمونە کەسێکی وەک سیگمۆند وایزنتاڵ یەکێک بوو لە قوربانیەکانی هۆلۆکۆست و بەرێکەوت رزگاری بوو، دوای ئازاد بوونی و دوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم و دوای ئەوەی هاتەوە سەرخۆی بریاریدا ئەوەندەی بواری ژیانی ماوە بەدوای تۆمەتبارانی هۆلۆکۆستدا بگەرێ و چیرۆکی قوربانیەکان و دەربازبووەکان تۆمار بکات، ئەورووپاییەکان کاتێک باسی تاوانبارانی هۆلۆکۆستیان بەرگوێ دەکەوێ وایزنتالیشیان بیردەکەوێتەوە، سیمۆن وایزانتاڵ جووە دەربازبووی کۆمەڵکوژی هۆلۆکۆستەوە ئەندازیارێکی بیناسازی بوو، لەماوەی ژیانیدا توانی چل سەنتەری دۆکیۆمێنتاری و تویژینەوە بۆهۆلۆکۆست دابمەزرێنێ و ١٠٠٠ هەزار تاوانباری نازیش بدۆزێتەوەو رادەستی دادگایان بکات یەکێک لەوانە ئایخمان ئەدۆلف بوو، دوای ئەوەی سێ جار ناسنامەی گۆری و لەسێ ولآتدا جێگۆرکێی کرد سەرئەنجام نەیتوانی لەدەست وایزنتاڵ رزگاری بێت و هەردۆزرایەوەو درایە دادگا.

ئێمەی کورد تەنها میللەتی سەرزەمین نین کە بەرپەلاماری جینۆساید کەوتووین، بەلآم تاکە میللەتین کە جەلادەکانمان لە نێوماندا بەکەماڵی ئیسراحەت دەسورێنەوە، قوربانیەکانمان دەستیان بەکلآوەکەی خۆیانەوە گرتووەو موچەی شەهیدەکان وەردەگرن و چاویان لەدەستی حکومەتە هەقیان بسەنێ، حکومەتەکەشمان تاکە حکومەتی سەرئەم زەمینەیە کە پارێزەری جەلادەکانەو رێگەنادات بچنە بەردەمی دادگا!

ئەوەی کە پێیوایە چالاکی جووەکان لە بەرزراگرتنی یادەوەری هۆلۆکۆستدا هی ئەوەیە کە حکومەتەکەیان کاراو چالاک بووە بەهەڵەدا چووە، چونکە هەموو چیرۆکەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و تەنانەت راکێشانی تۆمەتبارەکانیش حکومەتی جولەکە نەیکردون، بەڵکو تاک وریکخراوەکانی جووەکان کردیان و حکومەت پشتیوانی کردن، کورد تاکە میللەتە کە لەدروستکردنی یادەوەریدا کۆڵەوارە، لەهەموو شارێک زیاتر لە دەمزگەوتی زیادەهەیە بەلآم یەک بنکەی تایبەت بە کۆکردنەوەی یادەوەری تیدانیە، ئۆپزسیون بایکۆتی یادەکانی ئەنفال وهەلەبجە دەکات بەبێ ئەوەی خۆی هیچ ئەلتەرناتیڤێکی یادەوەری هەبێت ! ئێمەی کورد هێندە مالۆیرانین نەک تاک بەڵکو خودی قوربانیەکانیش چیرۆکی خۆیان و میللەتەکەیان بەهەند ناگرن، لەساڵی ١٩٨٨ وە ئێمە لەگەڵ مردنی هەرکەسێکماندا چیرۆکێکیشمان دەمرێت بێ ئەوەی هەست بەزیانی گەورەبکەین!

### سەرچاوەکان

1 - دەزگای چاپی خاک تیڤی – لاس لوقمان

2 - گۆڤاری کلتور مەگەزین – خەندە حەمید (من لە ئینتەرنێتەوەو لە ماڵپەری هەمان گۆڤار وەرمگرتووە) بۆ خوێندنەوەی بابەتەکەی خاتوو خەندە حەمید دەتوانیت سەردانی ئەم لینکە بکەیت /http://cultureproject.org.uk/kurdish/anne-frank

3 - کوردستانی نوێ ژمارە ٣٨٦٠ پێنج شەممە ٢٠٠٥/١٢/١٩ – لە هۆلۆکۆستەوە بۆ ئەنفال ، لەم وێرانخانەیەدا کێ رێچکەی وایزنتاڵ دەگرێتە بەر سەربەست کەرکوکی

# یەکەم گۆر کەلەهەڵەبجە هەڵدرایەوە روفاتی گەنجێک بوو، کاتژمێرەکەی دەستی هەرلەکاردابوو

عومەرمحەمەد



ئەگەر من بم لەبری پارێزگارو سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە ئەم وێنەیە لەدەروازەی شار دادەنێم

فەرەج عەبدولاعەلی، گەنجێکی شاری هەڵەبجە بوو، رۆژی ١٣ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧ کە خۆپیشاندانەکەی شاری هەڵەبجەکراو بەهۆیەوە گەرەکی کانی ئاشقان لەگەڵ زەوی تەختکرا، هاوکات خەڵکێکی زۆریش بەهۆی پەرچەکرداری بەعسیەکان و بە گوللەی ئەوان بریندداربوون و هاوکات خەڵکێکی زۆریش گیران و دواتر ئەمنەکانی هەڵەبجە بریندارەکانیشیان لە نەخۆشخانە بردو لە شوێنێکی نادیار گولەبارانکران، ئەگەرچی هەندێکیان بەشداری خۆپیشاندانەکەش نەبوون، یەکێک لەوانە فەرەج بوو، کە لە خەستەخانە یاوەری مامی بووە بەناوی عوسمان عەلی حاجی ساڵح کە یەکێک بووە لە بریندارەکانی ئەوخۆپیشاندانە، کەچی فەرەجیش وەک هەموو بریندارەکان لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە براو وەک ئەوانەی بەشداری خۆپیشاندانەکانیان کردبوو بێ سەروشینکراو دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ ئیسک وپروسکی لە نزیک سەربازگەی سەرا دۆزرایەوە هەرچەندە رۆژێک دوای ئەوە بەهۆی ژنێکەوە کە لەنزیک سەربازگەی سەراو بامۆک دەسکەنەی نۆکیان کردووە، هەواڵی داوەتە کەسوکاریان کەوا لەو نزیکانە گوێی لە دەنگی تەقەو دەنگی شۆفل بووە، بەڵام لەو سەروەختەدا کەبەعسیەکان لەلوتکەی جەبروت و خوێنرێژیدا بوون کەس نەیاتوانیوە بچێتە ئەوشوێنە، لەدوای کیمیابارانیش ماوەی ٤ ساڵ هەڵەبجە بەچۆڵی مایەوە.

**یەکەم گۆرکە لەهەڵەبجە هەڵدرایەوە فەرج بوو هێشتا کاتژمێرەکەی دەستی ئیشی دەکرد.**

دوای راپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ بەرەی کوردستانی حاکم بوو، ئەوسا هەڵەبجە تەنها کەرتێکی رێکخستنی یەکێتی تێدابووە، ساڵی ١٩٩٢ هەواڵ دەدەنە بارگای کەرتەکەی یەکێتی کەوا ئێسکی روفاتێک لە نێوان سەربازگە کۆنەکەی سەراو بامۆک بەدیارکەوتووە، ئینجا لە پایزی ئەوساڵەدا بەرەی کوردستانی هەستان بە دەرهێنانەوەی روفاتەکەو دەرکەوت کەپەیکەرە ئیسکەکە وگۆرە تەنیاکە هی فەرەج عەبدولایە، خوشکەکانی بەجل وبەرگ وکاتژمیرەکەی دەستیدا ناسییانەوە، کە هەتا ئەوکاتەش ئیشی دەکرد.! جگەلەوە پێناسەکەی و ١٦ پەنجایش

لەگیرفانیدابوون، دواى ناسینەوەى هەر لەهەڵەبجە بەرەى کوردستانی بەمەراسیمێک بەخاکیان سپاردەوە. ئەمە یەکەمین گۆڕبوو کەلەهەڵەبجە هەڵبدرێتەوە، بەڵام هێشتا ئەوە جێگەى پرسیارە ئاخۆ بۆچی فەرەج لە برینداره‌کانی ترجیاکراوەتەوەو بەتەنیا گولەباران کراوە؟ .

بەداخەوە هەتا ئێستا روفاتی ئەو کۆمەڵە کەسە نەدۆزراوەتەوە کە بەهۆى خۆپیشاندانەکەى رۆژى ١٣ى ئایاری ١٩٨٧ بریندداربوون و گیران، بەڵکو تەنها گۆڕەتەنیاکەى فەرەج عەبدولا دۆزرایەوە ئەویش بەهۆى دەرکەوتنی روفاتەکەیەوە بوو هەرچەندە ژنێک بەناوى مەلیحە کە لەوکاتەدا دەسکەنەى نۆکیان کردووە چیرۆکی گولەبارانکردنەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێت من ئاگاداربووم کە لەنێوان سەربازگەکەى سەراو بامۆکدا گوێم لەتەقەو دەنگی شۆفل بووەو شوێنەکەش پێدەزانم، دواتر کەسێکی تر کە ئەو سەروەختە شوان بووە، چیرۆکەکەى مەلیحە پشتراست دەکاتەوە، سەرئەنجام شوانەکە بووە رێنیشاندەرو گۆرەکە دۆزرایەوە، ئەگەرچی گۆرەکەیان

بەبێ پزیشکی دادوەری و بەنەشارەزایی هەڵدایەوە، بەڵام خوشکەکانی تەرمی فەرەج و کاتژمێرەکەیان ناسییەوەو ئەوەش بووە بەڵگەى ئەوەى ئەو روفاتەى لەوگۆڕەدابوو هی کیمیاباران نیە بەڵکو هی فەرەج عەبدولایە کە لە خۆپیشاندانەکەى ساڵی (١٩٨٧) بەدیارماییەوە بووە، لەم بارەیەوە عەلی عوسمان لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێی راگەیاندم پێشئەوە فەرەجیان ئاگادارکردبوو کە حکومەت نیازی خراپەو مامت بەجێبهێڵەو لەخەستەخانە برۆ دەرەوە، بەڵام ئەو گوتبووى دەبێت مەرگی منیش لەگەڵ ئەماندابێ و مامم بەجێناهێڵم .

کە دەستکرا بە هەڵدانەوەى گۆڕەبەکۆمەڵەکەى سەماوە، وێنەى کاتژمێرێک تەواوى تۆرەکۆمەڵایەتیەکانی تەنی، لەوکاتەدا مامۆستا کەژاڵ حەمە چیرۆکی فەرەج وکاتژمێرەکەى دەستی بۆگێڕامەوەو بەڵێنیدا وێنەیانم بۆ پەیدا بکات وبۆم بنێرێت .. ئەم زانیاریانەش هەرلەبەرێزی و کاک عەلی عوسمانی ئامۆزاى فەرەج وەرگیراون.

## فریشتەو چنور رزگاریان بوو

هەرسەبارەت بەو کەسانەى کە لەلایەن بەعسیەکانەوە گوللەبارانکران لە لیستێکدا ناوى دووکەسی تر هەیە کە دەبوو گوللەباران بکرابانایە یاخو ناویان وابڵاو دەکرێتەوە کە ئەوانیش گوللەباران کراون یەکێک لەوانە هاوژینی عوسمانە مامی فەرج بەناوى فریشتە حەمە ئەمین مستەفا و



چنور محەمەد ئەمین ، بەڵام هەرچی فریشتەیە لەلایەن خوشکەکەیەوە بەناوى لوتفییە لەخەستەخانە دزراوەتەوەو بەپەلە بردویەتیە دەرەوەى خەستەخانەکەو شاردویەتیەوە وبەهۆى ئەم ئازایەتیەوە رزگارى بووە.

# ئەنفال
# لە مێژووی هەزاران ساڵەی کوردستاندا

**حەسەن جودی**



بێگومان ناکرێ رووداوێک یان پرۆسەیەک بەبێ بنچینە مێژووییەکەی لێکدانەوەی زانستیانەی بۆ بکرێ، بەتایبەتی ئەو رووداو و پرۆسانەی رەگ و ریشەیەکی مێژووییان هەیە و بەردەوامییان بەخۆیان داوە، ئەگەر ئەم راستینەیە سەلمێنراو بێت، ئەوا دەبێت پێناسێکی مێژووییانە بۆ هەر رووداو و پرۆسەیەک بکەین و هۆکار و قۆناخ و مەوداکانیش لێکبدەینەوە. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ زانستیانە ئەنجامگیر بین و ئەمرۆ و داهاتوو راست بخوێنینەوە.

"ئەنفال"یش یەکێکە لە کۆنترین ئەو پرۆسانەی کە بەدرێژایی مێژووی شارستانیەتی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی جێ بەجێ کراوە و سیمای هەمیشەیی وەرگرتووە. جوگرافیای یەکەمی ئەو پرۆسەیەش خۆرهەڵاتی ناوین بووە و هەر لەم جوگرافیایەشدا گەیشتە لوتکە. کەواتە ئەنفال چییە؟ ئەنفالکاری و ئەنفالبوون بۆچی؟ قۆناخەکانی ئەنفالکاری کولتوری سامیگەرایی و ئەنفال، ئیسلام و ئەنفال، بەعسیزم و ئەنفال هەیە؟ بۆچی مێژووی کوردان مێژووی ئەنفالبوونە؟ چۆن سۆنگەی ئەنفال و ئەنفالبوون لەمێژوودا دیاربکەین و تا چ رادەیەک ئاقاری رووداوەکان و ئاراستەی مێژووی گۆریوە؟ داخوا ئەنفال وەک پرۆسەی مێژووکرد چ ئایدیۆلۆژیا و کولتور و ئەقڵیەتێکی لەپشتییەوە وەک پاشخانێک رادەوەستێ؟ تاکەی ئەنفال و ئەنفالبوون؟

لەوانەیە ئەو برە پرسیارە سادە و سکار بێنە بەرچاو، وەلێ هێشتا بەشێوەیەکی سەراپاگیر و بابەتیانەش بەرسڤ نەدراونەتەوە. لەرۆژگاری ئەمرۆشدا کە ئەو پرۆسەیە شەرمەزار و مەحکوم دەکرێ و شیوەنی بۆ دەگێردرێت، رووداوەکانی ئەو پرۆسەیە دیکۆمێنت دەکرێ، بەڵام بەرسڤی ئەو برە پرسیارە سادەیەش نادرێتەوە و هێشتا نەبرداوەتە سەر سەکۆ نیودەوڵەتییەکان، ئەمەش کەمتەرخەمییەکی شێلگیرانەی رۆشنبیر و مافپەروەرانە، چونکە ئەو پرۆسەیە سەرەرای ئەوەی سیمای هەمیشەیی وەرگرتووە و بەردەوامە، کەچی تائێستا شینەکراوەتەوە و تیۆریزە نەبووە، بۆیە پرسیارەکان شاکار دەبینرێت، لەهەمانکاتیشدا بێ وەڵام ماونەتەوە.

لەم نووسینەدا، ئەگەر زۆر بەکورتیش بێت، هەوڵدەدەین تاوتوێی ئەو مەسەلانە بکەین، ئەگەر بەرسڤی تەواویش بەدەست نەخەین، ئەوا وروژاندنیان سەرەتایەکە بۆ گەیشتنە بەرسڤ و هەنگاوێکە بۆ خۆدەربازکردن لە لۆژیکی " لەگەڵ چووان مەچوو" یان لۆژیکی "هەزار نووسین بارتەقای گیانی ئەنفالکراوێک نییە" هەروەها خۆدەربازکردنیشە لەهەڵویستی شەرمەزارکردنێکی سەرپێیانەی بێ ئەنجام و شیوەنکارییەکی سواو و بەکەفوکوڵ. تەنانەت ئەو وروژاندنەوەیە دەهێڵێ ئەگەری ئەنفالبوونی دیکە ببینین کە هێشتا زەمینە و فاکتەرەکانی لەئارادان و هەمان ئەقڵیەتی ئەنفالکاریش

باڵادەستن، هەروەها دەهێڵێ بەدوای ئەو ڕێگایانەدا بگەڕێین کە لەبری ئەنفالبوون چارەسەری بۆ ئەو کێشە و ناکۆکییە هەڵپەسێردراوانەی ئەنفالییان لیدەکەوێتەوە دەئافرێنێ.

## ئەنفال چییە؟

ئەنفال: پرۆسەیەکە لەکاتی جەنگ و یەکلابوونەوەی جەنگەکان جێ بەجێ دەکرێ، ئەنفالکردن کولتورێکی تالانکارییە بۆ سەردەمەکانی شەڕی عەشیرەت و هۆزەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها پرۆسەیەکی سڕینەوە و وێرانکردنی هەمەلایەنە، بەلام لە شوێنیشیدا هیچ بونیادنان و ئاواکردنێکی بەدواوە نایەت.
ئەنفالکردن: واتە بەدەستخستنی دەسکەوت"غەنیمە"ی شاڵاو و هێرشە داگیرکاری و ڤەبوونەکان"فتوحات".
لەنێو پرۆسەی ئەنفال کردندا؛ داگیرکاری، کۆمەڵکوژی، زیندەبەچاڵکردن، وێرانکردن و سوتاندنی هەر شوێنێکی ئاوەدانی، تاڵان، هەتککردن، کۆیلەکردن، ملکەچکردن، چەتەگەری، ڕاگواستن و دەربەدەری و ئاوارەکردن...هتد پراکتیزە دەکرێت. دەکرێ ئەم پێناسەیە پێناسەیەکی سادە بێت، هەڵبەتە کاتێک قۆناخەکانی ئەو پرۆسەیە تێدەپەڕن، ئەوا مەودای جوداتریش لەخۆیەوە دەگرێت، بەمەش ئەم پێناسەیە کەموکورتی تێدەکەوێ. بۆیە هەر قۆناخە و پێویستی بە پێناسەی فراوانتر و گشتگیرتر هەیە.

## مێژووی هەزاران ساڵەی ئەنفال

پرۆسەی ئەنفال سەرەتا لەپێناو دابینکردنی پێداویستییە مادییەکان، هۆزێک لەبەرامبەر هۆزێکی دیکە، بەهێرش و شاڵاو ئەنجامیدەدا. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هێشتا کۆمەڵگا جودایی و دابەشبوونی چینایەتییانەی بەخۆوە نەبینیبوو. بەتایبەتی کاتێک ئەو لەڕووی پێداویستییەکانەوە تەنگەتاو دەبوون. کامە هۆز لەوەی دیکە بەهێزتر بووایە ئەوا دەیتوانی ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدات. خاڵی هەرە گرنگ لەو قۆناخە سەرەتاییەدا ڕەوا و پیرۆز دیتنی ئەو پرۆسەیە. ئەو ڕەوایەتی و پیرۆزییەشیان لەمیانی پەرستنی توتەمەکان و باڵادەستی کولتوری بەشانازییەوە بەدەستخستووە. بەگوێرەی ئەوجۆرە پەرستن و کولتورەش بەتاڵانبردن و تالانکردنی هۆزێک لەلایەن هۆزێکی دیکەوە لەپێناو سەرخستنی هێزی ئەو توتەمەیە، کە دەیپەرستن و بنکەوتنی ئەو توتەمەش کە هۆزی بنکەوتوو دەیپەرستێ. بێگومان ئافراندنی گیانی سەرکەوتنیش لەئەنجامی پەیڕەوی کولتوری شامانیزمی و "طقوس"ەکانییەوە بەدیدێت. بۆیە شاڵاوبردن و تالانکردن و زەفتکردنی جێنشینی هۆزێکی دیکە - کە خۆی لەخۆیدا بنەمای لۆژیکی ئەنفالکردنە - بەپشت بەستن بەو هێز و ورەیەی لەتەوتەمی پەرستراو و کولتورەکەی جۆرێک لەڕەوابوون و پیرۆزی بەپرۆسەی ئەنفالکردن داوە.
بێگومان ئەو پرۆسەیە زیاتر لەکۆتاییەکانی سەردەمی نیۆلۆتیک(چەرخی بەردینی نوێ) و سەردەمی شاڵاوە کۆچبەرییەکانی هۆزە سامییەکان پەرەی سەندووە و پێشکەوتووە. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا زێدەبەرهەمی و سەرەتای کۆیلەکردنی مرۆڤی هێنایە ئاراوە. چونکە پرۆسەی ئەنفال گردبوونەوەی بەرهەم و فراوانکردنی لەوەرگاکان و دیلکردنی مرۆڤی لەکاتی هێرش و شاڵاوەکاندا خوڵقاند. بەمەش لەسەرەتای دابەشبوونی چینایەتییانەی کۆمەڵگا دەست پێدەکات. لێرەدا بنچینەی مادی و مەعنەوی ئەنفالکردن بەدیار دەکەوێت. ئەمەش ڕەوایەتی و پیرۆزی بەو پرۆسەیە دەدات.
لەسەردەمی سۆمەرییەکاندا؛ کاتێک دابەشبوونی چینایەتییانەی کۆمەڵگا ڕوو لە گەشەسەندن دایە و شارەکان بونیاد دەنرێن، بنچینەکانی بەدەوڵەت بوون سەقامگیر دەبن و لەپەرستگاکانیشدا ڕاهیبەکان میتۆلۆژیا بەرهەم دێنن و پاسەوانی لەبەرهەمی زێدە و گردکراوە دەکەن و بەلێکدانەوەی میتۆلۆژی بەچینایەتیبوونی کۆمەڵگا ڕەوادەکەن. هەروەها لەوکاتەشدا کە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان و شەڕ پەرەدەستێنێ، ئەوا پرۆسەی ئەنفالکردنیش دەکەوێتە

قۆناخێکی پێشکەوتووترەوە و زیدە و بەرفراوان دەبێت، ئەمجارەیان لەبری گوندەکان شارەکان بەر شاڵاوی ئەنفالکردن دەکەون. ئیدی ئەو رەفتارانەی پرۆسەی ئەنفالکردن شێوازی جیاجیا لەخۆوە دەگریت. بەڵام دیسان سیمای رەوایەتی و پیرۆزی لەدەست نادات، بەڵکو لەچوارچێوەی لێکدانەوە و میتۆلۆژیاکاندا وەک فەرمان و ئەرکێک کە لەلایەن خواوەندەکانەوە بەپادشاخواییەکان"الملک الاله" دراوە و دەبێت پێکبهێنرێت.

بێگومان لەشەڕی نێوان خواوەندەکاندا – کە خواوەندە ژنەکان تێیدا بندەکەون و هەروەها گەلێک شێوازی دیکەی شاڵاو و شەڕ و شۆڕ، سەرەتایەکن بۆ چەکەرەبوونی ئەقڵییەتی ئەنفالکردن، چونکە لەڕاستیدا شەڕی نێوان خواوەندەکان و ئەو شێوازانەی دژی یەکدی گرتوویانەتەبەر بریتین لەشێوازەکانی ئەنفالکردن، کەدواتر لەناو کۆمەڵگادا بەکاردەبرێن، هەڵبەتە رۆڵی راهیبەکان لە بەمیتۆلۆژیاکردنی ناکۆکی و ململانێیە کۆمەڵایەتییەکان نکوڵی لێناکرێ، چونکە شەڕ و ناکۆکی نێوان خواوەندەکان وێنە و ماکێتێکی میتۆلۆژیانەی ناکۆکی و ململانێیە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان بوو و گوزارشتی لێدەکرد.

لەڕاستیدا بەرهەمهێنانی میتۆلۆژیا لەلایەن راهیبە سۆمەرییەکانەوە وەک یەکەم ئایدیۆلۆژیای چینایەتی، لەڕوویکەوە بۆ رەوا و پیرۆزکردنی کردارەکانی پرۆسەی ئەنفالکردن بوو. ئەو پرۆسەیەش گوزارشت لە بەچینایەتی بوونی کۆمەڵگا دەکات، دەکرێ لەم ڕووەوە ڕاستییەکی دیکەش بخەینە روو کە: ئەگەر یەکەم دابەشبوونی چینایەتیانەی کۆمەڵگا دابەشبوونی نێوان رەگەزی پیاو و ژنە، ئەوا یەکەم پرۆسەی ئەنفالکردنیش لەبەرامبەر ژندا ئەنجام دەدرێت، بنکەوتنی خواوەندە ژنەکان – خواوەندی دایک – گوزارشت لەو دابەشبوون و پرۆسەیە دەکات. لەرۆژگاری ئەمڕۆشدا زۆرترین قوربانییەکانی ئەنفالکردن دیسان هەر ژنە!!.

لەسەردەمی ئەکەدییەکاندا – بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمڕانی سەرگۆنی ئەکەدی بەدواوە - پرۆسەی ئەنفالکردن دەکەوێتە قۆناخێکی دیکەوە و زیاتر گەشەدەسێنێ، بە پلان و بەرنامە و بەرێکخستوویی بەڕێوەدەبرێت و سیستەماتیک دەبێت. ئەکەدییەکان لە(نەژادی) سامیین، پێشتریش خاوەنی کولتورێکی بەمجۆرەن. چونکە دژواربوونی باروودۆخی بیابان و تەنگەتاوبوونیان و پاشان کۆچبەربوونیان بەچەندین قۆناخی جیاجیا بۆ لێوارەکانی دیجلە و فرات و نیل لەپێناو دابینکردنی مەرجەکانی ژیان و گوزەران، زەمینەی پەرەسەندنی کولتوری ئەنفالکردنی رەخساندووە. بۆ نمونە: هەمان ئەو رەوشە بەشێوەیەک لەشێوەکان بەسەر ئەو هۆزە تورکانە دادێت کە لە ئاسیای ناوین بەرەو خۆرهەڵاتی ناوین ناچار دەبن کۆچبەر بن و هەمان کولتوری تاڵانی و چەتەگەری و کردارەکانی دیکەی پرۆسەی ئەنفالکردن دەئافرێنن.

لێرەدا گرنگە قۆناخەکانی ئەو پرۆسەیە بخەینە روو. بەڵام دەتوانین لەو قۆناخی بەکولتوربوونی پرۆسەی ئەنفالکردندا ئەوە دەستنیشان بکەین کە هۆزە سامییەکان هەم لەبەرامبەر یەکدی و هەم لەبەرامبەر نەژادەکانی دیکە ئەو پرۆسەیەیان لەچوارچێوەی رەوابوون و پیرۆزیدا گەیاندۆتە ئاستی بەکولتوربوون. بێگومان کاتێک کاروانە بازرگانییەکان روو لەزیادبوونندا دەبن ئەو کولتورەش زیاتر پێشدەکەوێ و شێوە و شێوازەکانیشی زیاتر دەبێت. هەڵبەتە باڵادەستبوونی ئەو کولتورە هۆزایەتییەی ئەنفال بەسەر هۆزە سامییەکانەوە وایکردووە کە کولتوری سامیگەرایی بەهەموو سیما و مەوداکانییەوە بەسەر هۆزە ناسامییەکانیشدا باڵادەست بێت.

ئەم باڵادەستبوونە لەڕووی زمان و کەلەپوریشدا رەنگدانەوەی خۆی زیاتر سەپاندووە. تەنانەت لەنێوان هۆزە سامییەکانیشدا هۆزێک بەسەر هۆزەکانی دیکەدا باڵادەست بووە و لەڕووی کولتورییەوە رەنگدانەوەی خۆی داوە. بۆ نمونە:

لەهەندێ قۆناخدا بالادەستی هۆزەکانی ئەکەدی و ئارامی و ئاسوری و کەنعانی خۆیان سەپاندووە و ئەوانی دیکەیان خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. هەروەها لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکانیشدا هەردوو هۆز کاریگەرییەکانی خۆیان سەپاندووە. مەرج نییە ئەو کاریگەرییە گشتگیری بێت، بەڵکو لەوانەیە لەهەندێ رووی کولتورییەوە بوو‌بێت، وەک زمان، شێوەیەکی زمان"لەهجە"، داب و نەریت...هتد. ئەمە بەو واتایە نایەت هەر کاریگەرکردن و بالادەستبوونیک پرۆسەیەکی ئەنفالکردنە، بەڵام ئەو راستییەش لەئارادایە کە بەرێوەبردنی پرۆسەیەک لەپرۆسەکانی ئەنفالکردن لەگەڵ خۆیدا کاریگەری و بالادەستییەکەشی هێناوە. ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤانەی دروستکردووە. وەک لاوازکردن و سنووردارکردنی زمان و شێوەزاریزمانێک، یان سڕینەوەی کولتوری و کۆمەڵکوژی و تالانی ئەو قەوم و هۆزانەی ئەنفالکراون سەپاندووە. ئیدی تاکو هاتووە ئەو کاریگەری و بالادەستبوونە فراوان بووە و چوارچێوەی چینایەتی تێپەڕاندووە و مەودای نەژادی و ئەتنیکیشی وەرگرتووە.

## ئەنفال و ئیسلام

بەلام لەسەردەمی ئیسلامیدا ئەو پرۆسەیە گشتگیرتر و فراوانتر دەبێت و مەودای دیکەش وەردەگرێت. یەکێک لەو مەودایانەش مەودای ئایدیۆلۆژییە. ئەو ئایینە لەمنداڵدانی کولتوری سامیگەرایی لەدایک دەبێت. بەمەش پرۆسەی ئەنفالکردن راستەوخۆ بەخوداوە پەیوەست دەکرێت و بەفەرمانێکی خودایی دادەنرێت و دەبێت لەکاتی پێویستدا ئەنجام بدرێت. بۆیە لەو سەردەمەشدا پرۆسەی ئەنفال رەوایەتی و پیرۆزی خۆی وەردەگرێت و بەکۆڵەگەیەکی باوەڕی ئایینی لەقەڵەم دەدرێت، گوزارشتی خۆشی لە زاراوەی "جیهاد" و "فتوحات"دا دەردەبڕێت. چونکە بەگوێرەی ئەو باوەڕییە کۆمەڵ بەسەر موسڵمان و گاور و ئەهلی زیممەت و موشریکین دا دابەش دەکرێت. مادام یەک خودا هەیە و خودای هەموو جیهانە دەبێت هەموو کەس بێ جودایی نەژاد و قەوم و هۆز و ئایین و مەزهەب باوەڕی بەو خودایە بهێنن، چ بەزۆر چ بەخۆشی. ئەگەر باوەڕی نەهێنن ئەوا جیهاد و شەڕ لەدژیان ئەرکێکی پیرۆزی خوداییە و لەمیێناوەشدا ڤەبوونکردنی ئەو گەل و ولاتانەی باوەڕی ناهێنن کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی باوەڕییە، هەروەها هەر دەستکەوتێکیش کە بەدەست بهێنرێت رەوا و حەلالە. ئەوجۆرە بیرکردنەوەیەش بنچینەی تیۆری ئەنفالە لە ئیسلامدا. کاتێک بەقووڵی لەو تیۆرە بگەین، ئەوا باشتر لەو ئایەتە تێدەگەین کە دەڵێت:" يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ ۖ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ ۖ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ(الانفال - ١)". بێگومان ئەو تیۆریزەبوونەی پرۆسەی ئەنفال بەوتای بەزاراوەبوونی ئەنفال دێت و مەودایەکی ئایدیۆلۆژی وەردەگرێت. تاکو بەر لە ئیسلام ئەو پرۆسەیە خۆی نەگەیاندبووە ئاستی تیۆری و بەزاراوەبوون و لەرووی ئایدیۆلۆژییشەوە بنچینەی خۆی دانەکوتابوو. هەڵبەتە گەیشتنیشی بەم ئاستە گەیشتنییەتی بە قۆناخێکی جودا و پێشکەوتووتر. هەرچەندە میتۆلۆژیا وەک یەکەم ئایدیۆلۆژیای چینایەتی بنچینەیەکی بۆ پرۆسەی ئەنفالکدن دارشتبێ، بەلام ئەو بنچینەیە زیاتر وەک باوەڕی گوزارشتی لەخۆی دەکرد، لەم رووەشەوە نەرمایەکی پێوە دیاربوو و قەناعەتی بەبنەما وەردەگرت، واتا نەگەیشتبووە ئاستی یاسایەکی رەها و مرۆڤ ناچاری جێبەجێ کردن دەکرێت، واتا لەو سەردەمەدا مەودایەکی یاسایی رەها و ناچاری وەردەگرێت و بەکۆڵەگەیەکی بنەڕەتی باوەڕیش دەبینرێت. ئیدی لەو چوارچێوەیەدا هەرچی موسڵمان نەبووبێ دەکەوێتە بەر شالاوە ڤەبوونییەکان و جیهادیان لەدژ رادەگەیەنرێت، لەژێر ئەو ناوەدا گاور و ئەهلی زیمەت

و موشـریکەکان ناچـاری بەموسـڵمانبوون دەکـرێن، ئەگـەرنا ئـەنفال دەکـرێن. هـەروەها دوایـی بەپەرەسەندنی جوڵانەوە مەزهەبییەکان ئەو پرۆسەیە لەنێو خودی کۆمەڵگای ئیسلامیشدا جێبەجێ دەکرێت و بە"هەڵگـەراوە و لـەڕێ دەرکـەوتن و گـاور" ناوزەددەکرێن. لەم رووەوە جوڵانەوە مەزهەبییەکانی وەک ئەلخـەواریج و شـیعە و موعتەزیلـە بـەر ئـەو شـاڵاوە ئەنفالیيانـە دەکـەون و جوڵانـەوەکانیان دادەمرکێننـەوە. ئەمەوییـەکان کـە سەرکێشـی لـەو ئەنفالکردنـەدا دەکـەن نوێنەرایـەتی مەزهـەبی سونیگەرایی دەکەن، عەباسییەکانیش بەهەمان شێوە ئـەو پرۆسـەیەیان درێـژە پێـداوە، بـەڵام دیسـان رەوابـــوون و پیـــرۆزی و رەهابوونی خـۆی لەدەست نەدا.

## ئەنفال و کورد

بەرلـەوەی بـاس لەپەیوەنـــدی بەعســـیزم و ئـــەنفالکردن بکەین، دەکرێ لەو مێـژووەدا هەنـدێک لەپەیوەنـدی کـورد و ئـەنفال وردبینەوە. لەڕاستییەوە دوور ناکەوین ئەگـەر بڵێین مێـژووی کـوردان مێـژووی تراژیـدیا مەزنەکانـە، پرۆسەی ئەنفالکردنیش زۆرینەی ئەو تراژیدیایانـەی ئافراندووە. بەڵام داخۆ کورد کەسـی ئـەنفالکردووە؟ تایبەتمەندییـەکی کـوردان هـەبووە کـە زێـدە دەستبەرداری شوێنی نیشـتەجێی خۆیـان نەبوونـە و پێویستیان بە شـاڵاوی داگیرکـاریی نـەبووە. بـەڵکو خۆیـــان پێشـــەنگایەتی شۆڕشـــە مەزنـــەکانی نیشتەجێبوونیان لە هیلالی زێـڕین لـەو سـەردەمانەدا کـردووە. واتـا هانایـان وەبـەر شـاڵاو و هێرشـی تاڵانکـاری و داگیرکـاری نـەبردووە. لەسـەردەمی سۆمەری و ئەکەدی و ئاشووری و گریکی و رۆمـانی هەمیشـە خۆیـان لـە شـاڵاو و هێرشـەکانی ئـەو دەسـەڵاتدارانە پاراسـتووە و سروشـتی دژواری و سەختی وڵاتەکەی بۆتـە پەسارگەی هـەرە قـایم بـۆ خۆپاراستن. بەواتایەکی دیکـە لەبەرئـەوەی هەمیشـە لـەدەرەوەی خـۆی شـاڵاو و هێرشـی براوەتـە سـەر ئەویش خۆپاراستنی کردۆتە ستراتیژی گـوزەران و ژیـانی خـۆی. بۆیـە ئەگـەر خۆپاراسـتن ستراتیژی بنەڕەتی بوبێت، ئەوا تواناکاری هێـرش و شـاڵاوی بۆ دەرەوەی خۆی لەدەست داوە. ئەمەش بـەو واتایـە دێـت کـە کـورد پرۆسـەی ئـەنفالکردنی پراکتیـزە نەکردووە.



بـەڵام ئـەی بـۆچی هەمیشە ئەنفالکراوە؟ چۆن ئەو پرۆسەیەی بەسەردا پێکهێنراوە؟ دەکرێ بـۆ بەرسـڤی ئـەو دوو پرسـە بگەڕێینـەوە بـۆ داسـتانی گلگـامێش. لەو داستانەدا هێمـای دوو مەسەلەی گرنگ دەردەکەوێت:

یەکـەم: هێـرش و شـاڵاوی دەشتنشـینەکان بـۆ سـەر چیانشـین و دارسـتانەکان، بـۆ بەدەسـتخسـتنی دار و ئاسـن و برۆنز و کانەکانی دیکـە. دووەم: کەسـێتی ئەنکیـدۆ کەسـێتییەکی بـەکرێگیراوە و کارئاسـانی بـۆ ئـەو هێـرش و شـاڵاوانە دەکـات، بـۆ ئـەوەی رۆڵ و شوێنگەی خۆی لەدەسـت نـەدات ئامادەیـە هاوکـاری لەکوشتنی هاونەژادەکەی خۆشی بکات و دارستان و جێنشینی هاونەژادەکەشی بەدەشتنشینەکان بسپێرێ.

بەم لێکدانەوەیە دەگەینە ئەو راستییەی کە کورد هەم ئەنفال کراوە و هەم خۆیشی خۆی ئەنفالکردووە، ئەو راسـتینەیە بـەدرێژایی مێـژووی کـوردان دووپـات بۆتـەوە، واتـا هـۆزە کوردەکـان بـۆ ئـەوەی خۆیـان

بپارێزن و بەر شاڵاوی دەرەوە نەکەون هاوکاری هێزە دەرەکییەکانیان کردووە و بەیەکەوە هێرش و شاڵاویان بردۆتە سەر هۆزە هاونەژادەکانی دیکە. ئەو هۆزانەی هەرەشەی ئەنفالکردن و هێرش و شاڵاویان لێکراوە یان ملکەچ بوونە و هاوکاری هێزە شاڵاوبەرەکانیان کردووە یان یاخیگیر بوونە و لەئەنجامی ئەو یاخیبوونەش شکستیان هێناوە و بەر شاڵاوی ئەنفالکردن کەوتوون. ئەو راستینەیە لەسەردەمەکانی بەر لە ئیسلام و لەکاتی جوڵانەوە ڤەبوونییەکانی موسڵمانە ڤەبوونخوازەکان و هەروەها دوای ئەوەش هەمیشە دووپات بۆتەوە.

لەمیانی ئەو نووسینەدا دەتوانین زیاتر تیشک بخەینە سەر جەوهەر و مەوداکانی ئەنفالکردنی کوردان لەلایەن موسڵمانە ڤەبوونخوازەکان. بەر لەهەموو شتێک کولتووری سامیگەرایی بەگشتی، سەرەڕای باڵادەستبوونیشیان، بەڵام ئاریەکان نەچوونەتە ژێر رکێفی ئەوان و بەهۆی شاڵاوە سامییەکانەوە هەمیشە لەچیا خۆیان حەشارداوە و پاراستووە. هەروەها لەبەرئەوەی کولتووری سامیگەرایی کولتورێکی دەشت و بیابانەکانە و ئەو کولتورە زێدە کاریگەری نەکردۆتە سەر کوردان، واتا کولتوری سامیگەرایی کولتورێکی بە کوردان نامۆ بووە و جێی خۆی نەکردۆتەوە.

بەڵام لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتییە ئیسلامییەکان "چوار خەلیفەکە، ئەمەوی و عەباسییەکان" ئەگەر ئەو نامۆبوونە بەتەواوی لاواز و کزیش نەبووبێت، ئەوا لە گەلێک لایەنەوە کاریگەری نێگەتیفانەی خۆی سەپاندووە. هەرچەندە ئایینی ئیسلام وەک ئایینێکی نامۆش هاتبێتە کوردستان، بەڵام کوردانیش لە ئایین و باوەڕییەکانی خۆیشی دوورخستۆتەوە. بەتایبەتی ئایینی زەردەشتی بە ئایینێکی ناخودایی لەقەڵەم داوە و دژایەتی باوەڕی و کولتوری ئەو ئایینەی کردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین: شاڵاوە ڤەبوونییەکانی ئیسلام بەر لەهەموو شتێک شاڵاوێکی ئایدیۆلۆژی بووە. دەکرێ ئەمەش بە ئەنفالی ئایدیۆلۆژی یاخود ئەنفالی کولتوری ناوزەد بکەین. هەڵبەتە ئەگەر ئەو شێوازەی ئەنفالکردنی ئەنجام دابێن، کە لەهەموو شێوازەکانی دیکەی ئەنفالکردن دژوارتر و ترسناکترە، ئەوا بەئاسانی شێوازەکانی دیکەی ئەنفالکردنی پەیڕەو کردووە. لە شیعرێکی "پیرشالیار"دا کە شاعیرێکی سەردەمی جوڵانەوەی ڤەبوونەکانی ئیسلام بووە، دەردەکەوێت کە هەموو شێوازەکانی ئەنفالکردن دژی کوردان جێبەجێ کراوە، تەنانەت ژنانی کوردیش بەشێک بوون لەو دەسکەوتانەی کە موسڵمانە ڤەبوونخوازەکان لەگەڕانەوییاندا بۆ عەرەبستان لەگەڵ خۆیان بردوویانن و وەک جاریەی خۆیان پەسندیان کردوون.

بێگومان چینی باڵادەستی کورد، سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان زۆربەیان لەم رووەوە ئاسانکارییەکی تەواویان بۆ موسڵمانە ڤەبوونخوازەکان کردووە کە بەمەرجێک زیان بە دەسەڵاتە هەرێمییەکانیان نەگەیەنن. هەڵبەتە یەکانگیربوونەوەی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی فیوداڵیانەی ئیسلام لەگەڵ شێوازی دەسەڵاتدارێتی عەشیرەتگەریانەی کوردان، زەمینەی ئەو پرۆسەی ئەنفالکردنە گشتگیرییەی زیاتر رەخساندووە و سەپاندووە. بەگشتی؛ پرۆسەی ئەنفالکردن لەو قۆناخەدا بەرگێکی ئایینی و مەزهەبی دەپۆشی. هەروەها بەشێوەیەکی رەها وەک ئەرکێکی خودایی پیرۆز و رەوا و ناچار دەبینرێت و رەوایی ئایدیۆلۆژی و کولتوریش وەردەگرێت. بۆ نمونە: لەڕووی کولتورییەوە، لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا – بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفەی ئەمەوی "مەروان و کوڕەکەی عەبدولمەلیک بن مەروان" – زمانی عەرەبی وەک زمانێکی خودایی و زمانی قورئان دادەنرێت و بە بڕیارنامەیەک دەبێتە زمانی ئایین و دەوڵەت و بازرگانی و زمانەکانی دیکە قەدەخە دەکرێن.

بێگومان بەکولتوربوونی پرۆسەی ئەنفال و گەیشتنە ئاستی تیۆری و بەزاراوەبوون ئەنجامی گردبوونەوەیەک کە وەک پاشخانێکی گەورە و رەگداکوتاو خۆی دەگەیەنێتە ئاستی بەکولتوربوون و تیۆری و بەزاراوەبوون. ئەگەرچی گەیشتنی بەو ئاستە لەچوارچێوەی کولتوری سامیگەراییدا

بەرجەستە دەبێت، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت جگە لە سامییەکان هیچ نەژادێکی دیکە ئەو پرۆسەیەیان ئەنجام نەداوە. ئەگەر وابیر بکەینەوە ئەوا دەکەوینە نێو هەڵەیەکی سۆسیۆلۆژییەوە، چونکە لەمیانی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەو مێژووە بەهەموو لق و پۆپەکانییەوە لەڕووێکەوە شارستانییەتی تراژیدیا و ئەنفالە مەزنەکانە. بێگومان دەڵێین لەڕووێکەوە نەک بەشێوەیەکی سەرتاپاگیری. هەڵبەتە ئەگەر ئەمە ڕاستی بێت ئەوا تاڕادەیەک ئەو تراژیدیا و ئەنفالە مەزنانە ئاقار و ئاڕاستەی مێژووییان دیاریکردووە و سیماکانی شارستانییەتیان ڕەنگرێژکردووە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستیانە، کولتوری سامیگەرایی دوای کولتوری نیۆلۆتیک و هیلالی زێرین وەک کۆنترین و باڵادەستترین کولتورە و لەگەلێک رووەوە پیشینەی هەیە و کۆڵەگەیەکی گرنگی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتییە. بۆیە ئەگەر بڵێین: دەرکەوتن و پەرەسەندن و بەکولتوربوون و گەیشتنە لوتکەی "پرۆسەکانی ئەنفال" لەنێو پانتایی کولتوری سامیگەراییدا پێکهاتووە و ڕەواەیتی پیرۆزی پێدراوە، ئەوا زێدەڕۆیی لەخستنەرووی ڕاستییەکان ناکەین.

## ئەنفال و بەعسیزم

لەڕوانگەی ئەو ڕاستییانەی مێژوو و بەو لێکدانەوە پووختە دەتوانین پەیوەندی ئەنفال بە بەعسیزمەوە زیاتر تێبگەین. چونکە بەعسیزم بەرهەمی ئەو پاشخانە کولتورییەی سامیگەراییەیە کە لەنەژادپەرستی و شۆڤێنیزمی عەرەبیدا چڕبۆتەوە و فۆرمیلە بووە. بەعسیزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکی نەژادپەرست و شۆڤێنیست و موتوربەکراو بە دەمارگیری ئایینی و مەزهەبی خاوەن پڕۆژەیەک بووە. لەم پڕۆژەیەدا عەرەب وەک خاوەن پەیامێکی نەمر "ذات رسالة خالدة" پێناسە دەکات و دەناسێنێت، بەگوێرەی ئەو پڕۆژەیەش عەرەب پێشەنگی هەموو مرۆڤایەتییە و باشترین ئوممەتن لەسەر رووی زەوی. بێگومان ئەمەش لەو فەرموودەیەی پێخەمبەر هەڵهێنجراوە کە بە عەرەبان دەڵێت: "کنتم خیر أمة أخرجت للناس" ئیدی بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژەیە سەربکەوێ کە لەدەستنەدانی ئەو پەیامە نەمرەیە، ئەوا پرۆسەی ئەنفالکردن شێوازی پراکتیزەکردنی ئەو پڕۆژەیەیە. هەروەها لەم پڕۆژەیەدا ئێراق پارچەیەکە لە وڵاتی عەرەب و دەرگای مەزنی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبە و ئەرکێکی بەمجۆرەی لەسەر شانە. بۆیە ئەو پڕۆژەیە گوزراشت لەوە دەکات کە دەبێ عەرەب وەک باشترین ئوممەت بمێننەوە و بەشێوەیەکی ڕەها هەمیشە پێشەنگی مرۆڤایەتین، ئەمەش پەیامێکی نەمری سەرشانی عەرەبە و دەبێ وەک ئەرکێک پێکبهێنرێت.

لەڕاستیدا لەپشت ئەو پڕۆژە و پەیامەدا پرۆسەی ئەنفالکردن هەیە، هەروەها گرێیەکی سایکۆ-سۆسیۆلۆژی هەیە کە عەرەب دوای ساڵانی ١٥٠٠ ئیدی لەپەراوێزی مێژوودا دەمێننەوە و ئەمەش گرێیەکی سایکۆ-سۆسیۆلۆژی لەلای عەرەب ئافراندووە کە هەست بە کەمی- الشعور بالنقص بکەن. بۆیە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کۆمەڵگای عەرەبی ئەوەندەی لەگەڵ رابردووی خۆیدا دەژی، ئەوەندە لەگەڵ ئەمڕۆ و داهاتوودا ناژی و بیری لێناکاتەوە. ئەوەندەی بەشان و شکۆی میژوویدا هەڵدەدات ئەوەندە ڕاستینەی ئەمڕۆی خۆی و ئاسۆی داهاتووی نابینێ. ئەمەش لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە گرێیەکی کوێری لەلای تاک و کۆمەڵگای عەرەبدا دروست کردوە، مەکەر تەنیا بەزەبروزەنگ و پرۆسەی ئەنفال لەبەرامبەر گەلانی دراوسێیان وەک" کورد، بەربەر، ئاسوری،..." بکرێتەوە. ئەو گرێیە وای لە کەسێتی عەرەبی کردووە کە لەبەرامبەر جیهانی دەرەوەی خۆرهەڵاتی ناوین خۆی بەکەم بزانێ، هەرچەندە لەڕووکاردا هەمیشە دیرۆکی خۆی دەکاتە شاهید، لەبەرامبەر گەلانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوین، بەتایبەتی گروپە ئتنیکییەکان و ئەوانەی نەبوونەتە

خاوەن قەوارەی نەتەوەیی، خۆی باشتر و شکۆدارتر ببینێ، بۆیە لەبەرامبەریاندا زەبروزەنگی بەکارهێناوە. خاڵێکی دیکەی پەیوەست بەم مەسەلەیە کاتێک چینی خانەدان و بۆرژوازی باڵادەست دەبن و دەگەن بە دەسەڵات ئەوا لەبەرامبەر بە گەلی خۆشیان هەمان زەبروزەنگ بەکاردەهێنن، رەوشی ئیستای دەسەڵاتە مۆنارشی و ئۆتۆکرات و پادشاییەکانی عەرەب گەواهی ئەم راستییەن.

لەراستیدا ئەو پرۆژەیەی بەعسیزم – بەعسیزم خۆیشی کاردانەوە و رەنگدانەوەی ئەو گرێیەیە هەرچەندە وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی رەوا و پیرۆز ببینرێت – ناسیۆنالیزمیش خاوەنی هەمان پرۆژە بوو. بەڵام لەناواخنی خۆیدا پاشخانێکی کولتوری هەزاران ساڵەی هەیە. مرۆڤ دەتوانێ بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو پاشخانە کولتورییە ریزبەند بکات: لەنێو هەموو کولتورەکاندا کولتوری سامیگەرایی، لەنێو کولتوری سامیگەراییشدا کولتوری عەرەبی، لنێو کولتوری ئەویشدا کولتوری ئیسلامی و لە ئیسلامیشدا کولتوری سوننیگەرایی، دەکرێ بڵێین راستینەی ئەو پرۆژەیە بریتییە لە پرۆژەیەکی نەژادی، شۆڤێنیستی و مەزهەبی.

ئەو پرۆسەی ئەنفالکردنە لەمیانی دەسەڵاتی ٣٩ ساڵەی بەعسییەکان لە ئێراقدا ئەنجام دراوە، تەنیا ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨دا لەخۆی ناگرێت، بەڵکو بەدرێژایی تەمەنی ئەو دەسەڵاتە سەرجەم شێوازەکانی ئەنفالکردن پەیرەوکراوە. بۆنموونە: سوتاندنی هەزاران گوند و شارۆچکە لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣ – تاوەکو ئەمڕۆ، شوێنبزرکردنی هەشت هەزار بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و بالیسان و دۆڵی جافایەتی و باڵەکایەتی و دەشتی هەولێر و بادینان لە ساڵی ١٩٨٨ و زیندەبەچاڵکردنی دووسەد هەزار ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە لەبیابانی عەرەب لەمیانی هەشت هەڵمەتەکەی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨، لەسێدارەدان و گوللەبارانکردنی دەیان هەزار کەس لەزیندانەکاندا. هەروەها وشککردنی زۆنگاوەکان بە باشووری ئێراق کە شوێنی نیشتەجێی زیاتر لە نیو ملیۆن کەس بوو. لەلایەکی دیکەوە پەیرەوکردنی بەردەوامی سیاسەتی راگواستن، بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن" بەشێوەیەکی سەرتاپاگیر ز زۆردارانە...هتد ئەو نمونانە کە بەشێکی بەرچاوی پرۆسەکانی ئەنفالکردنن لەلایەن بەعسییەکانەوە ئەوە دەخەنە روو کە پرۆسەی ئەنفالکردن پرۆسەیەکی درێژخایەن و هەمە لایەنە و گشتگیر بووە و گەوهەری پرۆژە نەتەوەییەکەی بەعسیزم پێکدەهێنێ.

خاڵی هەرە سەرنج راکێش ئەوەیە کە لەمیانی هەشت هەڵمەتەکەی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨دا بە ئاشکرا لەدەزگا راگەیاندنەکانی خۆیدا پروپاگەندەی بۆ دەکرد و وەک کردەیەکی رەوا و پیرۆز و ئەرکێکی خودایی و نیشتمانی لەقەڵەم دەدا، بێ ئەوەی لەجیهاندا کەسێک نارەزاییەکی بچوکیش لەبەرامبەر ئەو پرۆسەی ئەنفالکردنەدا دەرببڕن.

هەروەها لەمیانی ئەو هەڵمەتانەدا ئەفواجی خەفیفە " جاشە کوردەکان" رۆڵێکی گرنگیان لەسەرخستنی ئەو هەڵمەتانەدا بینی. رژێم لەو رووەوە خاڵی لاوازی کوردانی بینیبوو، بۆ نمونە جاشەکانی بادینانی دەبردە ناوچەکانی سۆران و ئەوانی سۆرانیشی دەبردە بادینان، یان جاشەکانی گەرمیانی دەبردە کوێستان و ئەوانی کوێستانیشی دەبردە گەرمیان و ...هتد و کردەکانی ئەنفالیان پێ ئەنجام دەدا. بێگومان ئەو ئەفواجە خەیفانە زۆربەی هەرەزۆریان سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان راوێژکار"مستسار"یان بوون و چەکدارەکانیشیان بریتیبوون لە ئەندامانی ئەو هۆز و عەشیرەتانە. ئەو واقیعە تراژیدیایەی کوردان لەگەڵ راستینەی ئەنکیدۆ و خمبابا لەداستانی گلگامێش دا یەکانگیر دەبێتەوە و گوزارشت لەیەکدی و تەواوی مێژووی کوردان دەکەن. ئەمەش لەدووپاتبوونەوەی دیرۆک زیاتر هیچ واتایەکی دیکەی ناگەیەنێ.

## دەرئەنجام

لەپووختەی ئەو لێکدانەوەیەدا و لەمیانی دیتن و تێگەیشتنی رەوشی ئەمرۆی ئێراق بەگشتی دەگەینە ئەو راستینەیەی هێشتا پرۆسەس ئەنفالکردن لەئارادایە، بەتایبەتی لەرووی بەعەرەبکردن و راگواستن و بەبەعسیکردن و لەمەش زیاتر ئەو ئەقڵیەتەی کەوا لەپشت پراکتیزەکردنی پرۆسەی ئەنفالکردندا خۆی مەڵاس و حەشارداوە، هێشتا باڵادەست و حوکمرانە، ئەو کولتورەی کەوا ئەو پرۆسەیە بەردەوام بەرهەم دێنێتەوە ئەویش هێشتا بەرگری لەرەواەتی و پیرۆزی رەهابوونی خۆی دەکات و دەخوازێ پانتایی و شوێنگەی مێژوویی خۆی بەهەموو شێوازێک بپارێزێ.

لەئاکامدا دەتوانین ئەو لێکدانەوەیە بەوە کۆتایی بهێنین و بڵێین: دەکرێ بە پرۆژەیەکی شارستانی دیموکراسی و ئازادی و لەسەر بنەمای بەیەکەوەژیانی یەکسان، کە سەرجەم کولتورەکان یەکدی پەسند و بەهێز بکەن و تەواوکەری یەکدی بن. رێگە لەبەردەم ئەو پرۆژە ترسناکەی ئەنفالکاری بگیرێت، ئەمەش تەنیا بە بەرپاکردنی رێنیسانسێکی گشتگیری خۆرهەڵاتی ناوینی ئەنجامگیر دەبێت، بێگومان سەرکەوتنی رێنیسانسێکی بەمجۆرە کە ئەمرۆ بۆتە پێداویستییەکی ژیانیی لەسەر بنچینەی شۆرشێکی ویژدانی و ئەقڵانییەت بەدیدێت، گەرەنتی هەرە مەزنیش بۆ ژیانێکی ئازاد و دیموکرات و بێ پرۆسەی ئەنفالکردن و ئەنفالبوون تەنیا ئەو رێنیسانسە شکۆدارە چاوەروانکراوەیە.

**تێبینی نووسەر: ئەم وتارە لە گۆڤاری "کوردستانی ئیمرۆ" ژمارە (١٦و١٧)ی ساڵی ٢٠٠٢دا لاپەرە ٥٢ تا ٥٩ بڵاوکراوەتەوە، کە گۆڤارێک بوو کاتی خۆی لە ئەوروپا دەردەچوو. لەبەر ئەوەی لە باشوور ئەو گۆڤارە و ئەم وتارەش نەگەیشتۆتە دەستی خوێندەواران، بۆیە لەبەر گرنگیی بابەتەکە بە پێویستم زانی دیسان بڵاوی بکەمەوە.**



**ئەحمەد ساڵح رۆغزایی**

خەڵکی گوندی گۆمەزەرد

ئەم پیاوەش یەکێک بووە لەوانەی ئەنفالکراوەو ماوەی ٦ مانگ لەنوگرەسەلمان زیندانی کراوەو هەموو خانەوادەکەی گیراون و ئەویش تاوانی ئەنفال بەیەکجاری شیرازەی خانەوادەکەی تێکداو هەموویان ئەنفالکراون ئەم پیاوە ئازارچەشتووە دوای ٣٠ ساڵ چاوەروانی گەرانەوەی منداڵەکانی شەوی ٢٠١٨/١/٢٨ کۆچی دوایی کردوو بەیەکجاری ماڵئاوایی لە جیهانێک کرد کەجگەلەمەینەتی هیچی بۆئەو تێدانەبوو.

# پرسی فەیلییەکان..زمان، ناسنامە،کولتوور



فەرەیدون سامان
سەرۆکی ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری پێشەکی:

فەیلییەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی نەتەوەیی کوردن لەدێرزەمانەوە لەسەر خاکی کوردستاندا ژیاون، یەکەم گروپی ئیتنیکی کوردیشن لەسەدەی بیستەمدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی عیراقەوە دووچاری کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن هاتوون. لەڕووی زمانەوە سەرچاوە زمانناسیەکان ئەوە پشڕاست دەکەنەوە، کە لەبنەڕەتدا "فەیلی"یەکان سەر بە زاراوەی "کەڵهوڕ" ن و کە دیالەکتێکی کوردییە (دیالێکتی کوردی باشوور) وەک زاراوەگەلی "لەک، لور، کرمانج، گۆران- زازاکی" کە پێکرا نەتەوەی کورد پێکدەهێنن.

بەڵام بە پشت بەستن بە پۆلێنکردنەکانی کتێبی مێژوویی (شەرەف نامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی، زاراوەی فەیلی بە کۆمەڵێک هۆزی لوری دەگوترێت، لەڕاستیدا سەرچاوە زمانناسییەکان پشتگیری لەو بۆچوونە ناکەن، بەڵکو فەیلییەکان لەکۆمەڵێک هۆزی کەلهور پێکدێن، بەڵام لەسەردەمانێکدا دەڤەرەکەیان لەڕووی کارگێڕییەوە بەشێک بووە لەئوستانی لورستان (تویژینەوە لەسەر دیالێکتە کوردییەکانی باشوور- دکتۆر ئیسماعیل قومەندار).

فەیلییەکان زۆرینەیان نیشتەجێی کێوەکانی (پێشکۆ،پشتکۆ)ی زنجیرە چیای زاگرۆسن، هاوکات زۆرینەی مێژوونووسانیش کۆکن کە فەیلیەکان لەڕەچەلەکی (ئیلامی ) یا (گۆتییەکان)ن، کە لەناوەڕاست و باشووری عێراق لەناوچەکانی (مەندەلی، زرباتییە، بەدرە، جاسان، خانەقی، کەرکوک، بەغدا، کوت، عەمارە و بەسرە) ژیاون، لەلایەن چەند کەسانێکی ڕۆژهەڵاتناسی وەکو فلادیمێر مینۆرسکی ڕووسی و جۆن ماڵکۆن، هەروەها توێژەری ناسراوی کوردی فەیلی د.ئیسماعیل قوماندار پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن کە بڕوایان وایە سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی فەیلی لەسەدەی شازدە بووە، ئێستاش ئەم زاراوەیە بۆ ئەو کوردانە بەکاردێن کە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن کە بەر دەوڵەتی عێراق کەوتون، لەڕووی جوگرافییەوە ناوچەکانیان بەشێکیان لەباشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن لەدەڤەرەکانی (لورستان و کرماشان و ئیلام)ی سەر بە ئێران دەژین و بەشێکی دیکەش لەباشووری کوردستان لەعێراق لەڕۆژهەڵاتی دیجلەن، کوردی فەیلی ئایینزا شیعەن لەبەغدا و پارێزگای دیالە دەژین، بۆجوێکردنەوەی میرنشینی "لوڕی بچوک" و حکومڕانیەکەی، کە خۆیان بە لوڕی ڕەسەن دادەنا، بە بەراورد بە "لوڕی گەورە" کە وایان دادەنا "لوڕی بچوک" بەشێکن لە"لوڕی گەورە" نەک ڕەسەن و بنچینە، "جۆن ماڵکۆن و براون" هەروەها توێژەری کوردی فەیلی "د.ئیسماعیل قوماندار" پشتگیری بۆچوونەکەی "فلادمیر مینۆرسکی" دەکەن و پشتڕاستی دەکەنەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئەم زاراوەیە لەم ناوچانە بە دەگمەن بەکارهاتووە، بەڵام لەسەدەی نۆزدەیەم تەنیا لەلایەن دانیشتوانی "پشتکۆ" وە بەکارهاتووە، لەسەردەمی ئێستاش ئەم زاراوەیە تەنێ بۆ ئەو کوردانە بەکاردەهێنرێت، کە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن.

کە لەناو سنووری دەوڵەتی عێراقن لەدوای دیاركردنی سنووری نێوان "ئێران و عوسمانییەكان" لەساڵی ١٩٠٥، بەڵام دانیشتوانی "خانەقی و مەندەلی" كە كوردی گەرمەسێرن، ئەم زاراوەیە بۆ ناساندنی خۆیان بەكارناهێنن، بەڵكو زاراوەی كوردی فەیلی بۆ ئەو توێژەی كورد بەكاردەهێنرێت، كە لەرووی ئاینیەوە سەربە ڕێبازی ئایینزای شیعەن، واتا ناولێنانەكە لەسەربنەمای مەزهەبیە نەک نەتەوەیی.

**ناسنامەی نەتەوەیی فەیلییەكان:**

بە بۆچوونی د. ئیسماعیل قومەندار لەكتێبی (توێژینەوەی زاراوە كوردییەكانی باشوور) دەڵێت: كوردانی فەیلی هەزاران ساڵە لەو ناوچانەی كە تا ئێستا نیشتەجێین و دەژین جێگیرین، دەكەوێتە هەردوو دیوی باشووری كوردستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە سنووری نێوان دەوڵەتی عێراق و ئێران، لەخانەقین لە باكوورەوە تا عەلی غەربی لەباشووری عێراق، لەئیلام، كرمانشان و لورستان و شوێنی دیكە لەوڵاتی ئێران نیشتەجێن، كوردانی فەیلی بە ژمارەیەكی بەرچاوی زۆرەوە لەهەردوو شارە گەورەكانی وەک بەغدا و تاران دەژین و نیشتەجێن، بەڵام هێشتا بە فەرمی هیچ ئامارێكی متمانە پێكراو بۆ ژمارەی فەیلیەكان نەكراوە، بەڵام بە گشتی بۆ زیاتر لە سێ ملیۆن كەس مەزەندە دەكرێن، ڕووبەرێكی بەرفراوانی خاكی كوردستان دەكەوێتە پشت خانەقینەوە و لەنێوان خانەقین تا دواسنووری خاكی باشووری كوردستان سەدان گوند و چەندین ناحیە و دوو قەزای تری كوردستان هەن، كە ئەوانیش قەزای مەندەلی، لەگەڵ دوو ناحیەی بەلەدروز و قەزانییە و ٢٣٤ گوند كە ڕووبەرەكەی ٦٥٨٦ كم٢یە. قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان و زورباتییە، لەگەڵ ٥٣ گوند كە ڕووبەرەكەی ٣٦٥٠ كم دووجایە، جگە لەو ناوچانەش شارۆچكەی عەزیزییە و ناوچەكانی عەلی غەربی و عەلی شەرقی و قەزای (حەی)یش ناوچەی كوردنشینن.

كە هەموویان دەكەونە سنووری پارێزگای واست لەخوارووی عێراقدا، ئەمە جگە لەشاری كووت، كە ناوەندی پارێزگاكەیە و كوردانی فەیلی بەشێكی زۆری دانیشتووانەكەی پێكدەهێنن، قەزای بەدرە و ناحیەكانی جاسان و زورباتییە لەپارێزگای كووت (واست)، لەسەر سنوورە دەستكردەكانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی كوردستان هەڵكەوتوون و دەروازەی سنوورییان هەیە لەنێوان ئێران و عێراقدا، بەدرە دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری (كووت)ی ناوەندی پارێزگای واست و ٧٠كم لە شاری كووتەوە دوورە، ٤٥كم لە شاری مەندەلی و ٧٥كم لە شاری خانەقینەوە دوورە. ناحیەی (جەسان)یش دەكەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری بەدرە و ١٥كم لەو شارەوە دوورە، ناحیەی زورباتییەش دەكەوێتە باكووری ڕۆژهەڵاتی شاری بەدرە و ١٨كم لەو شارەوە دوورە. لەساڵی ١٩٤٧دا ژمارەی دانیشتووانی قەزای بەدرە نزیكەی ٢٢ هەزار كەس بووە. سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی ئێستای قەزاكە، ئامارێكی ورد و فەرمی لە بەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی ئامارە نافەرمییەكان، ژمارەی دانیشتووانی بەدرە لەگەڵ هەردوو ناحیەی جەسان و زورباتییە لە نێوان ٣٠- ٤٠ هەزار كەس مەزەندە دەكرێت. كوردانی بەدرە و جەسان و زورباتییە بە شێوەزاری كوردیی كەڵهوری- فەیلی قسە دەكەن. هاوشێوەی كوردانی فەیلیی ناوچەكانی خانەقین و مەندەلی، كوردانی خەڵكی شارەكانی بەدرە و جەسان و زورباتییەش، لەسەردەمی ڕژێمی بەعس، كۆچی زۆرەملێیان پێ كرا بۆ بەغدا و ناوچەكانی تری ناوەڕاست و خوارووی عێراق و شارەكەیان تەعریب كرا. سەبارەت بە ناوی بەدرە، كە كوردانی خەڵكی شارەكە بە كوردی پێی دەڵێن (بەیرە)، بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام زۆربەی بۆچوونەكان لەسەر ئەوە كۆكن كە بەدرە لە (بەد+راهـ)ەوە هاتووە كە مانای ڕێگای سەخت و دژوارە. بەدرە خاكێكی پڕ پیت و بەرەكەتی هەیە و ژمارەیەكی زۆر باخی خورما و میوەی لێیە. ڕووباری (گەلاڵ) كە لەڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت و بە شاری بەدرەدا دەگوزەرێت، سەرچاوەی سەرەكیی ئاوی شارەكە و باخەكانیەتی. سەرەڕای بەرهەمە كشتوكاڵییەكان، بەدرە

ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوت و غازە، کە یەدەگی نەوتەکەی بە ١٠٩ ملیۆن بەرمیل مەزەندە دەکرێت و نەوتەکەی نەوتی خاوی=API ٣٥Oە، رووبەری کێڵگەی نەوتی بەدرە ٩٦کم٢یە، لەپاش پرۆسەی ئازادیی عێراق، پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەی بەدرە بەشێوەی فەرمی لە ٢٠١٤/٨/٢٦ لەلایەن کۆمپانیای گازپرۆمی رووسییەوە دەستی پێکرد، بە بەرهەمهێنانی ١٥٠٠٠-١٧٠٠٠ بەرمیل لە رۆژێکدایە.

## فەیلییەکان لەمێژووی کۆن و نوێدا:

سەرچاوەی کتێبە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە کوردانی فەیلی بەشدارییان لە دروستکردنی شاری بەغدادا کردووە لە ساڵی ٧٦٢ ی زایینی و لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی (ابو جعفر المنصور)دا، فەیلییەکان بە سەرۆکایەتی (نولفقار الموصلی) لە نێوان ساڵانی (١٦٢٣ تا ١٦٢٩)ی زاییندا حوکمی عێراقیان لەکەرکوکەوە تا بەسرە کردووە، بەڵام لەئەنجامی رێکەوتنێکی نێوان هەردوو ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەویدا حوکمیان لەکوردەکان سەندۆتەوە و زاڵ بوون بە سەریاندا.

سەرەتای کێشەی فەیلییەکان بە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەس پێدەکات، کە بە پێی رێکەوتنی سایکس پیکۆ دەستی پێکرد، لەیەکەمین بڕیاری یاساییدا بۆ هاووڵاتیانی عێراقی ((یاسای ژمارە ٤٢ ی ساڵی ١٩٢٤)) بەوەی کە عێراقییەکانی سەر بە تەبەعیەی عوسمانی (هاووڵاتی پلە یەک) و تەبەعیەی ئێرانی بە (هاووڵاتیانی پلە دوو و سێ) سەپاند و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی عێراق کوردی فەیلییان خستە خانەی تەبەعیەی ئێرانییەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە کوردی فەیلی بە پلە دووی هاووڵاتیانی عێراقی دەژمێردران، بەڵام لەدامەزراندنی ئابووری دەوڵەتی عێراقەوە لەرووی خاوەنداریتی تایبەتدا بەشدارییان کرد، بۆیە دەڵێین لە رێگای خاوەنداریتی تایبەت، چونکە دەرگای دامەزراندن لەکەرتی گشتیدا بە سەریاندا داخراوو رەوا نەبوو، لەرووی سیاسیشەوە بەشدارییەکی چالاکانەی جموجوڵی بزووتنەوەی دیموکراسی عێراقی و کوردستانی بوون.

فەیلییەکان لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا توانیان دەست بەسەر کەرتی تایبەتی بازرگانی لەبەغدای پایتەخت بگرن و لەو رووەوە لە جموجوڵ و کاری بازرگانیدا سەرکەوتوو بوون، بەشداری فەیلییەکان لەژیانی سیاسی عێراق و لەنێو ریزەکانی هێزە دیموکراسی و پێشکەوتوخوازەکانی عێراقیدا بەرچاو و ئاکتیڤانە بووە، تا ئەو ئاستەی گەیشتنیان بە پۆستی بەرپرسایەتی باڵا لەریزەکانی ئەو بزووتنەوانە وەرگرن، لەهەمان کاتدا بەشداریکردنی کوردانی فەیلی لەبزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردا لەسەرەتای دامەزراندنیەوە و لەهەمانکاتدا بەشێک بوون لەدامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لەشاری بەغدا، بۆ نموونە تا پێش ئاداری ساڵی١٩٧٥ سەرۆکەکانی یەکیەتی ئافرەتان، یەکیەتی قوتابیان، یەکیەتی لاوان و سکرتێری خودی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیشی لەکوردانی فەیلی بوون، هەروەها لەریزەکانی پارتی کۆمەنیستی عیراقی و دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشدا رۆڵی کارایان گێڕاوە.

فەیلیەکان بە گشتی بە دەستئاواڵەیی پشتگیریی ئابوری، سیاسی، لۆجستیکی و خزمەتکردنی سەربازیی عێراقیان کرد و لەرووی سیاسی و بەشداری چەکداری لەریزەکانی پێشمەرگەدا، هەروەها لەبەشداری دەزگاکانی راگەیاندن و خزمەتی ئەکادیمی، پزیشکیی و تەندروستی و ئەندازیاری بیناسازی لەو وڵاتەدا کردووە، بە هۆی رۆڵی دیار و بەرچاوی کوردی فەیلی لەژیانی ئابوریدا ( بازرگانی کەرتی تایبەت ) و کایەی سیاسی لەنێو ریزەکانی بەرهەڵستکاریی عیراقی و کوردستانیدا لەبەرامبەر سەرنەکەوتنی بەعس لەبەدەستهێنانی پشتگیری فەیلیەکان بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی بەعسییەکان، بۆیە فەیلیەکان بوونەتە ئامانجی زەبروەشاندن و لێدانی سەرەکی لەلایەن دەسەڵاتی بەعس لە عێراقدا، هەربۆیە

دەوڵەتی عیراق دەستی کرد بە زۆرەملێ ڕاگواستنی ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار ڕۆڵەی کوردی فەیلی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٩ ـ ١٩٧٢ بۆ ئێران.

لەساڵی ١٩٢٤ یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی جەختی لە سەر دابەشکردنی گەلی عێراق کرد، بۆ سێ بەش لە سەربنەمای "ئایین و نەتەوە"، کوردی فەیلی لەبەرئەوەی لە پەیڕەوکەرانی ڕێبازی مەزهەبی "شیعە"ی جەعفەری بوون، بۆیەش بە ڕەچەڵەکی "ئێرانی" ناونووسکران، بە بەردەوامی کەوتنە بەردەم هێرش و پەلامار و شاڵاوەکانی فەرمانڕەوایانی عێراق، چ بە کوشتن و زیندانی کردن، یان بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانەکانیان و وەدەرنانیان لە عێراقدا.

ئەم کوردانە لەلایەن دەوڵەتی عێراقی کە بەعس فەرمانڕەوایی دەکردن لە ساڵی ١٩٦٣وە بەهەموو شێوەیەک ڕوو بەرووی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە، بەڵام بە دروستی لەسەرەتای هەفتاکانەوە شاڵاوی کۆمەڵکوژی فەیلیەکان دەستی پێکرد، کە ٤٠ هەزار خێزانی کوردی فەیلی بۆ ئێران ڕاگوێزران، لە ساڵی ١٩٨٠ بە پێی بڕیاری ژمارە (٦٦٦) وەزیری ناوخۆی عێراق، فەرمانی ولاتبەدەرکردنی کوردە فەیلییەکانیدا، لە فەرمانەکەی وەزیری ناوخۆی عێراقدا هاتووە، ئەو ئێرانیانەی لە ولاتدان و ڕەگەزنامەی عێراقیان نییە، هەروەها ئەوانەش کە مامەڵەیان کردووە و بڕیارییان لە بارەیەوە دەرنەچووە دەردەکرێن، لەهەمانکاتدا بڕیارەکەی حکومەتی عێراقی ئەوەشی تێدا بوو کە لاوانی کوردی فەیلی لەتەمەنی ١٨ تا ٢٨ ساڵ، بگیرێن و لەبەندیخانەی پارێزگاکاندا تا ماوەیەکی نادیار دەسبەسەربکرێن. هەروەک بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی عێراق ئەوەشی دووپات کردوەتەوە، کە هەر کەسێک لەو کوردانەی ئاودیوی ئێران دەکرێن، ئەگەر هەوڵیاندا بگەڕێنەوە تەقەیان لێبکرێت، واتا بکوژرێن و ئەمەش لە ناوەڕۆکی بڕیارەکەدا بە ڕوونی هاتووە.

لەڕۆژی ٢٦-٢-١٩٨١ لەرۆژنامەی (الثورة)ی زمانحاڵی حکومەتی بەعسی عێراق "سەدام حوسێن" لەبارەی کوردە فەیلیەکانەوە دەڵێت، ئەم توێژە لەعێراق ڕیشەکێش بکەن، تاکو خاک و خوێن وهەوای عیراق پیس نەکەن

بەپێی زانیارییە بەردەستکەوتوەکان پێش ساڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە دووسەد هەزار دانیشتوانی عێراق ئاوارە یان ڕاوەدووی ئێران نراون، کە ٦٥% کە ئەو ژمارەیە لە کوردی فەیلی بوون و تا ئێستاش زۆرێکیان لەو ولاتە ماونەتەوە، ئەمە جگە لەوەی لەماوەی دەسەلاتی بەعسییەکان بە هەزاران کوردی فەیلی زیندانی کراون ولە سێدارە و کۆمەڵکوژی کراون.

**فەیلییەکان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی عێراق و کوردستاندا:**

لە ئیلۆنی ساڵی ١٩٣٠فەیلییەکان وەکو دەسپێکی هۆشیاربوونەوەی هەستی نەتەوەیی لە نێو یەکەم وەچەی کوردە سکولار و شارنشینەکانە دا، هێندێکان بەگەڵ پارتیی کۆمۆنیستی عێراق کەوتن، خەڵکی دیکەش چوونە ناو ڕیزەکانی گرووپێکی لیبێراڵی عێراقی ڕیفۆرمیست، وروژاندنی پانعەرەبایەتیی بە نۆرەخۆی بووە هۆی گەشانەوەی هەستی نەتەوەیی کوردی کاتێک کە چاپەمەنی عەرەبییەکان کوردەکانیان تاوانبار دەکرد بە پشتیوانی کردن لەتورکەکان بۆ وەدەست خستنی ئەسکەندروون لە سوورییە لە ساڵی ١٩٣٧ دا هێندێک لە ڕووناکبیرانی کورد بانگەشەیان دەکرد هۆی کێشەی نێوان کورد و عەرەب لەبەرگرژیی لە نێوان کۆمەڵگەکاندا نییە، بەڵکو لەبەر زۆرداریی حکوومەتە دژی کۆمەڵگەکان جا هەر کامێکیان بن.

شەڕ بە دژی ناسیۆنالیزمی کوێرانە کە هیچ ڕێزی ئەوانیدی لە بەر نەبوو و لەدژی ئەوە بوون هەر گەلەی چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ بۆ بەڕێوەبردنی کارو بارەکانی لەئەنجامی ئەوەدا دەرکەوت چینی نوێی کوردە گەنجە پرۆفێشناڵەکان کە هیوایان ئەوە بوو ئاستێک لەسەربەخۆییان هەبێ خەریک بوو سەری هەڵدەهێنا و پەیدا دەبوو.

زۆر گرووپ دروستبوون بۆ نموونە (کۆمەڵە، برایەتی، ئازادیهیوا) و هتد...کوردە فەیلییەکان بەگەڵ ئەو گرووپانە کەوتن و زۆر لەوان لەهاو دامەزرێنەرانی ئەو گرووپانە بوون و ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیسمی کورد خەریک بوو خۆی دادەکوتا، لە ١٦ـی ئووتی ١٩٤٦ پارتیی دیموکراتی کوردستان دامەزرێندرا، لێرەشدا فەیلییەکان لە هاودامەزرێنەرانی بوون.
کوردە فەیلییەکان پشتیوانی خۆیان لە ' پێشمەرگە ' و شۆرش کەمتر نەکردوە چ لەرووی مادی و چ وەکو دیکە، بۆ نموونە: یەکەم ئامراز و کەرەستەی رادیۆ بۆ شۆرش لەلایەن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پدک عەبدولحوسێنی فەیلی کردا و بە نهێنی بە ڕێگای شەریکەی ترانسپۆرتەوە ڕاگوێزراوە بۆناوچە ئازادکراوەکان لە شاخ.
لەساڵی ١٩٧٠ و لەساڵی ١٩٨٠ دەرکردنی بە کۆمەڵی زیاتر لەملیۆنێک کوردی فەیلی بۆ ئێران قەوما، موڵک وماڵ، حیسابی بانکی، و تیجارەتخانەکانیان زەوت کران، بە هەزاران گەنجی خوێندەواری فەیلی شوێن بزر و کوژران، لە ساڵی ١٩٧٣و لەبەر بۆچوون سەبارەت جینایەتەکانی ڕژێمی بەعس بە دژی فەیلییەکان و چاوەڕوانی ئەوەی کە دوژمنکاری لە نێوان هەر دوولادا پێشی ناگیرێ و چی لەگەڵ ناکرێ، لە مانگی مارسی ١٩٧٥ هەزاران پیر و لاوی فەیلی کچ و ژن و پیاو لە گەڵ بزووتنەوەی کورد کەوتن چ وەک پێشمەرگە یان لەبواری دیکەدا و زۆر لەوان میداڵی شانازیان وەرگرتووە لە بەر ئازایەتی خۆیان و ئەوانیدی لە بەر دڵپاکی، لێوەشاوەیی بەرێوەبردن و فیداکارییەکانیان. لەوساڵەدا ڕژێمی فاشیزمی بەعس هێرشی کردە سەر هێزی پێشمەرگە و بەتایبەتی هێرشی خەست بۆ سەر ناوچە مەدەنییەکان، تەنانەت نەخۆشخانەکانیشیان نەبوارد.

### عێراق و نەهامەتی کوردە فەیلییەکان:

کێشەی کوردە فەیلییەکان وەک کێشەی عەرەبە شیعەکان پەیوەستە بەو ململانێیە سیاسیانەی نێوان دەوڵەتی تورکی عوسمانی و سەفەوی ئێرانی، کە ڕێخۆشکەربوو بۆ دابەشکردنی دانیشتوانی ناوچەکە لەنێوان دوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی. زۆر لەشیعە عێراقییەکان بە دووکەوتەی ئێرانی ناونووسکران، کە لەناویاندا کوردە فەیلیەکان بوون لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی ڕووبەڕووی جیاکردنەوە بوونەتەوە لەگەڵ توێژو چینەکانی تری کۆمەڵگای عێراقی، لەساڵی (١٩٢٤) یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی جەختی لە دابەشکردنی گەلی عێراقی کردەوە بۆ سێ بەش لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە. لەبەر ئەوەی کوردە فەیلیەکان سەر بە ڕێبازی شیعە بوون بە ڕەچەڵەکی ئێرانی ناونووس کران، بۆیە هەمیشە کەوتونەتە بەر هێرشی دەسەڵاتدارانی عێراق، لەدوای هاتنی ڕژێمی بەعس بۆ سەر دەستەڵات و دەست بەسەرداگرتنی، لە ساڵی (١٩٦٨)ەوە کوردە فەیلیەکان ڕووبەڕووی شاڵاوی توندی ڕاگواستن و لەناو بردن بوونەوە . لە سەرەتای ساڵانی (١٩٧٠) ڕژێمی بەعسی پێشوو نزیکەی (٤٠٠٠٠) چل هەزار کوردی فەیلی بۆ ئێران ڕاگواستەوە ، بەو بیانووەی کە ڕەچەڵەکیان ئێرانییە، لە درێژایی ئەم سیاستە بەرامبەر بە کوردە فەیلیەکان. لەساڵی (١٩٨٠) بەپێی بڕیاری (٦٦٦) مافی هاووڵاتیبونیان لێسەندرایەوە، ئینجا دەست گیرا بەسەر ماڵ و موڵک وسامانانەکەیان، هێرشی زۆر توند و درندانە دەکرانە سەر کوردە فەیلیەکان ئەویش بە بە زەوتکردنی ژن و کوشتنی پیاو و منداڵەکانیان، کەلە مێژوودا کەم وێنەبووە . لە میانەی چەوسانەوەو توندوتیژی ، سەرۆکی پێشووی عێراق لەسەردەمی ێدام حسین دا بڕیارێکی نوێ هاتە کایەوە ، کە بڕیاردرا ئەو پیاوەی عێراقییە و ژنەکەی فەیلیە دەبێ لێی جیا ببێتەوە ، بەرامبەر بە (٤٠٠٠) چوار هەزار دینار ئەگەر سەرباز بێت، (٢٥٠٠) دوو هەزار و پێنج سەد دینار (بەپێی دراوی پێشووی عێراق) ئەگەر سڤیل بێت. بەپێی ئامارەکانی (خاچی سوور) و (مانگی سوور)ی نێودەوڵەتی، (٤٠٠٠٠٠) چوارسەد هەزار هاووڵاتی فەیلی بوونەتە قوربانی ڕژێمی پێشووی عێراق، بە کوژران و ڕاگواستنەوە.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە گەورەترین دەسەڵاتی بەعسییەکانی ئەو سەردەمەی عێراق بوو، بڕیارێکی دەرکرد بە (ژمارە ٦٦٦ ی ڕێکەوتی ٧ ی ئایاری ١٩٨٠ ) و لە ڕۆژنامەی ڕووداوەکانی عێراق ( الوقائع العراقيه ) ی (ژمارە ٢٧٧٦ ی ڕۆژی ٢٦ ی ئایاری١٩٨٠) دا بڵاوکرایەوە و کورتەی بڕیارەکەش ئەمە بوو.

هەرهاوولاتییەکی عێراقی بە ڕەسەن بێگانە بێت، ڕەگەزنامەی عێراقی لێدەسەنرێتەوە، لەسەر وەزیری ناوەخۆ کە فەرمان بدات ئەوانەی ڕەگەزنامەی عێراقیان لێدەسەندێتەوە بەپێی بڕگەی یەک دوور بخرێنەوە... هتد.

هێرشی بە زۆرەملێ گواستنەوەی کوردانی فەیلی لە ( ٤ ی نیسانی ١٩٨٠ )دا، سەرەتا لە بازرگانە گەورەکانەوە دەستیپێکرد و تا ساڵی ١٩٩٠ بەردەوامی کرد، دوای ئەوەی کە ڕەگەزنامەی عێراقییان لێسەندرایەوە دەستیان بە سەر هەرچی ماڵ و موڵکی ڕاگوێزراو ڕانەگوێزراوەکانیشدا گرت و گشت سەنەد و دیکۆمێنت و بەڵگەنامە فەرمی و نافەرمیەکانیشیان لێ زەوتکردن، بە پێی وتەی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراقی فیدراڵ نوری المالكي لە میانەی کۆنگرەیەکی کوردە فەیلیەکان دا کە لە بەغدا ئەنجام درا پێشکەشی کرد دانی پیدانا کە بە هەزاران کوردی فەیلییان لە تەمەنی نێوان ١١ تا ٣٠ ساڵیەوە دەستەسەرکرد و بێ سەروشوێنیان کردن، کە ژمارەیان لە ٢٠٠٠٠ بیست هەزار کەس زیاتربووە.

بە پێێ تەئکیدکردنی داواکاری گشتی لە کەیسی بە زۆرڕاگواستن و کوشتنی کوردە فەیلیەکان، عبدالقادر الحمدانی و بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان لە ڕۆژنامەی شەفەق نیوزدا لە ڕێکەوتی ٤ ـ ٨ / ٢٠١٢ بە گوێرەی ئەو بڕیارە (٦٠٠٠٠٠) شەشسەد هەزار لە کوردی فەیلی لە هەموو لایەکی عێراقەوە ڕاکێشرانە سەنتەرەکانی کۆکردنەوە و یەکسەر ڕەوانەی ڕاگوێزرانە سەر سنوورەکانی ئێران.

خەڵکانی کوردی فەیلی ئەوانەی کە ڕاگوێزران، هەموویان لەسەر کار، جێگای کار، قوتابخانە و یەکە سەربازییەکانیان لابران، لێرەدا دەمانەوێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئەوەی بە گوێرەی بنەماکانی بنکەی سەرژمێری، کۆی ژمارەی کوردی فەیلی بە زۆرڕاگوێزراو (١٦٠٠٠٠٠) ملیۆنێک و شەشسەدهەزار کەس دەبێت، لەسەر بنەمای ئەوەی ڕێژەی زیاد بوونی نفوس ـ باری کەسێتی لەعێراقدا لە ٢،٨ ٪ یە.

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پێشووی عێراقیش لە ساڵی (٢٠٠٦) یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی، بڕیاری (٦٦٦)ی ساڵی (١٩٨٠)ی پوچەڵکردەوە، لە مەیانەدا کۆمەڵێک لە کوردە فەیلیەکان توانیان ماڤەکانیان بەدەست بهێننەوە، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، کوردانی فەیلی تەنها ژمارەیەکی کەم نەبێت، نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و موڵک و ناوچەکانیان، بۆ ئەوەی ماف و بەڵگەنامە و ماڵ و موڵکیان بۆ بگەڕێتەوە، تا ئێستایش حکومەتی عێراق هیچ زانیاری و ڕوونکردنەوەیەکی لە بارەی چارەنووسی ونبوو و دەستبەسەرەکانی پێشکەش نەکردووە کە بە چ شێوەیەک ڕژێمی بەعس لە ناوی بردوون و ئێسک و پروسکیان کەوتۆتە کوێ؟.

بە داخەوە دوای ساڵی ٢٠١٣ فەیلییەکان دیسان ڕووبەڕووی کارەساتی نامرۆڤانەی تازە بوونەوە، ئەمجارەیان لەسەر دەستی چەتەکانی بەعس و سەلەفی و بەکرێگیراوانی تر و دواتر بەدەستی چەتەکانی داعشەوە بەتایبەت لە دیالا (خانەقین، مەندەلی، شارەبان، سەعدیە و جەلەولا ) و بەغدا و مەدائن (سەلمان پاک) و چەند شوێنێکی تر.

کوردی فەیلی لە عێراقدا داوای چارەسەرییەکی ڕیشەیی کێشەکانیان دەکەن و داوا وگەیشتن بە مافە ڕەواکانیان پێویستی بە جێبەجێکردنە، لە دوای ڕووخانی بەعس تا ئێستا چاوەڕوانیی درێژەی کێشا و ئەو ڕەوشەی ئێستای گشتی لە عێراقدا هەیە تروسکەی ڕووناکی بۆ وەرگرتنی مافەکانی کوردی فەیلی بەدی ناکرێت و بێ هیوان لێی، مەگەر بزووتنەوەیەکی جیدی و دڵسۆزانە بۆ کەیسەکە کار بکات.

داخوازییە سەرەکییەکانی کوردی فەیلی لە ئەنجامنامەی یەکەم کۆنفرانسی جیهانی کوردی فەیلی کە لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا لە ٢ ی ئاباری ٢٠١٦ دا بەستراو راگەیێندرا. چەندێک لەو داواکارییانە پەیوەستن بە ئەو بەسەرهاتانەی کە لە رابردوودا بەسەر کوردی فەیلیدا هاتووە و لە بەندەکانی ١ ـ ٨ لە داواکاریەکان پێویستی بە وەلامدانەوەی حکومەتی عێراقی و رێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوە هەیە، بە تایبەت کە دادگای بالای تاوانەکانی عێراق لە رێکەوتی ٢٩ ـ ١١ ـ ٢٠١١ دا بڕیارێکی دەرکرد کە بەسەرهاتی کوردانی فەیلی و بە کۆمەڵکوژی ـ جینۆساید ئەژماری کرد، هەروەها پەرلەمانی عێراقیش بڕیارێکی لە ٨ـ١ـ٢٠١١ دا دەرکرد ئەو تاوانانەی کە بەسەر کوردە فەیلیەکان هێنرا بە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەژمار دەکات، دیسان ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی بە بڕیاری ژمارە ٤٢٦ ی ٩ـ١٢ـ٢٠١٠ هەموو ئاسەوارێکی نەگەتیڤی لەسەر کوردی فەیلی لابرد، لێرەدا داواکاریش هەیە کە بەستراوە بە داهاتووی کوردی فەیلیەوە لە عێراقدا، خالی ٩و ١١ و ١٣ و ١٤ بە تایبەت خالی ٩ کە گرنگە و لەوانەیە ببێتە مەسەلەیەکی چارەنووسساز بۆ داهاتوویێکی دوور.

لێرەدا پێداگرییێکی زۆر جیدی پێویستە بۆ وەرگێرانی ئەم داوایانە بۆ هەنگاوی پراکتیکی و بەرەو جێبەجێکردن و بەردەوامی بەدواداچوون بە هەوڵ و تێکۆشانی کوردانی فەیلی خۆیان و بە پشتگیری خوشک و برا کورد و کوردستانییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە باشوور و عێراق و هەروەها پشتگیری لەلایەن عێراقییەکان کە لە سەر کەیسی کوردی فەیلی تێگەیشتوون و پشتگیری داواکانیان دەکەن. زۆرینەی کوردانی فەیلی خۆشحال بوون بە گرتنی کۆنفراسی یەکەمی نێونەتەوەیی لەسەر دۆزەکەیان لە برۆکسل ئەوەی لە رۆژی ٢ ی ئایاری ٢٠١٦ بەرێوە چوو و بە دلخۆشییەوە پشتگیرییان لە ئەنجامنامەکەی کرد و ئومێد و چاوەڕوانیەکی گەورەیان هەیە و داوای جێبەجێکردن و بەدواداچوونی داواکارییەکان دەکەن، دەمانەوێ پشتراستی بکەینەوە کە هەر پێشکەوتنێک لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی بەسەر کەیسی فەیلیەکاندا بێت کاریگەری راستەوخۆ و ئەرێنی دەبێت لەسەر باری دەروونی و ژیانی کوردی فەیلی لە عێراق و پەنابەر و راگوێزەکانی ئێران و هەموو ئەوانەیش کە لە ولاتانی جیهاندا ژیان بەسەردەبەن.

لە خالی دوازدەهەمینی ئەنجامنامەی کۆنفرانسدا هاتووە کە بەردەوامی لە کارو هاوکاری لەسەر ئاستێکی بەرفراوانتر لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ـ ک ن ک دا، سیمینار و کۆنفرانس لەولاتانی ئەوروپا لە سەر کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلی لەسەر ئاستی نێودەولەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەی سالانەی کارو خەباتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان.

## کوردانی فەیلی لەعیراقی نوێدا:

لەم ماوەیەی دواییدا واتە دوای رووخانی رژێمی رەگەزپەرستی بەعس، کوردانی فەیلی هەموو هەولەکانی خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی لە هەلبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق، بە لایەنی کەمەوە ٣ کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەکەیان لە هەرسێ پارێزگای دیاله و بەغدا و کووت (واست) دیاربکرێت، بەلام پاش هەولێکی زۆری فەیلییەکان بۆ ئەو مەبەستە، لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان و فراکسیۆنە کوردستانییەکان، سەرەنجام ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ٢٢ ی ١ی ٢٠١٨دا، بڕیاری دا کورسییەکی کۆتا بۆ کوردانی فەیلی لەپارێزگای واست دیار بکرێت و بە نوێنەرێک بەشداریی پرۆسەی هەلبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بکەن..

لایەنە سیاسییەکانی عێراق و بە تایبەتی هێزە شیعەکانی نێو پەرلەمانی عێراق، رازی نەبوون بەوەی لە بەغدا و دیاله کورسیی کۆتا بۆ کوردانی فەیلی دیار بکرێت، بەلام لەکووت لەوبارەیەوە رەزامەندییان دەربری، لەکاتێکدا کە ژمارەی کوردانی فەیلی لە بەغدا

و دیاله، زیاتره له پارێزگای کووت (واست)، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان دەزانن بەپێی واقعی سیاسی و جیۆگرافی و دیمۆگرافی، له پارێزگای کووت کە پارت و لایەنە سیاسییە شیعەکان تێیدا بالادەستن، چانسیان زۆرتره بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ئەو کورسییە کۆتایەی کوردی فەیلی، بەڵام لە بەغدا و دیاله، ئەگەری زۆر بوو کە پارت و لایەنە کوردستانییەکان ئەو کورسییە کۆتایانەی کوردی فەیلی بەدەست بهێنن. بۆیە بەوە ڕازی نەبوون کە لە بەغدا و دیاله کۆتا بۆ کوردانی فەیلی دیار بکرێت.

ئەگەر واقعبینانە تەماشای ئەو پرسە بکەین، نەک کورسییەک و دوو کورسی، تەنانەت ئەگەر ٥ کورسیش بۆ کوردانی فەیلی دیار بکرێت، نە هیچ لە واقعی ئەم پێکهاتە ستەملێکراوە دەگۆڕێت و نە دەبێتە کارتێکی بەهێزیش بۆ پارت و لایەنە کوردستانییەکان، چونکە کێشەی کوردانی فەیلی زۆر لەوە گەورەترە کە بە چەند پەرلەمانتارێک لە پەرلەمانی عێراق چارەسەر بکرێت. سەبارەت بە پارت و لایەنە کوردستانییەکانیشەوە، هیچ لە هاوکێشەکان ناگۆڕێت، ئەگەر ٦٠ کورسیمان هەبێ، یا ببێتە ٦١ کورسی، چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت؟ خۆ هەر عەرەب زۆرینەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاقە کورسییەی کە لە کووت بۆ کوردانی فەیلی دیارکراوە، بایەخێکی یەکجار زۆری بۆ کورد و هەرێمی کوردستان هەیە. ئەگەر بپرسن بۆ؟ دەڵێم بە لایەنی کەمەوە، دیارکردنی کورسییەک بۆ کورد لە واست، خۆی لە خۆیدا دانپێدانانێکە بە وجودی کورد لەو ناوچەیە و شەرعیەتدانە بەوەی کە بەدرە و جەسان و زورباتییە ناوچەی کوردستانین و دواخاڵی سنووری باشووری کوردستانن.

لەگەڵ سەرەتای هاتنی تیرۆریستانی داعش بۆ عێراق و پێکهاتنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە ساڵی ٢٠١٤دا، چەند هەواڵێکی بێ بنەما لە میدیاکانی عێراقدا بڵاو کرانەوە، کە گوایە چەندان هەزار کوردی فەیلی لە بەغدا و ناوچەکانی تری ناوەڕاست و باشووری عێراق و لەو ناوچە کوردستانییانەی کە کوردانی فەیلی تیایاندا نیشتەجێن، پەیوەندییان بە ڕیزەکانی حەشدی شەعبییەوە کردووە. زۆری پێ نەچوو کە هەمان هەواڵ، بوو بە مانشێتی سەرەکیی زۆربەی ئاژانس و ماڵپەڕە هەواڵدەرە کوردییەکان و میدیاکانی تریش دوو ئەوەندەی تر ئەو بابەتەیان ورووژاند، بەبێ ئەوەی شرۆڤەی ناوەڕۆکی هەواڵەکان بکرێت و لە ڕاستی و دروستیی زانیارییەکانیان بکۆڵدرێتەوە.

دوای پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە کوردستان کە لە ٢٥ی ئەیلوونی ٢٠١٧ بەڕێوە چووە و دەوڵەتی عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بە هاندانی وڵاتانی دراوسێ، بوونە هەڕەشە بۆ سەر کوردستانی باشووری مخابن دواتر ئەو هێزە داگیرکارە دەڤەرەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیان داگیرکردەوە کە نزیکەی ٥١لەسەدی خاکی کوردستان بوو ، بەشێکی زۆری ناوچە فەیلینشینەکانیشی گرتەوە، دیسان پرسی کوردانی فەیلی وەکو ماددەیەکی میدیایی بە مەبەستی شەڕی سایکۆلۆژی لە دژی شەقامی کوردستانی و بانگەشەی پێشوەختی هەڵبژاردن بۆ شەقامی عێراقی بەکار دەهێنن و دەیانەوێت وای پیشان بدەن کە گوایە بەشێکی زۆری گەنجانی کوردی فەیلی پەیوەندییان بە ڕیزەکانی حەشدی شەعبییەوە کردووە و ئەو گەنجە کوردانە ئامادەی بەشداریکردن لە هەر شەڕ و پەلامارێکن کە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە ئەنجام بدرێت.

ئەو لایەنانەی کە ئەو جۆرە لێداوانانە بۆ ماکینە میدیاییە زەبەلاحەکەی پارت و لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراق دەدەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە چەندین هەزار چەکداری فەیلییان ناردووەتە ڕیزەکانی حەشدی شەعبییەوە، پڕوپاگەندەکانیان هیچ بنەمایەکی نییە. ئەوانەی کە بە ناوی کوردی فەیلییەوە بانگەشە بۆ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەکەن، چەند گرووپێکی بچووکی سەر بە پارتە ئیسلامییە شیعەکانن و لەلایەن ئەوانەوە دامەزراون و پاڵپشتی

دەکرێن، ئامانجی سەرەکیشیان سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردانی فەیلییە و دەیانەوێت بە بیانووی تایفەگەری و مەزهەبییەوە ئینتیمای نەتەوەییان کاڵ بکەنەوە.

## کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان:

پاکتاوکردن و ڕاگواستن پێکرا کردەگەلێکی نامرۆڤانەو ناشارستانینە بوون کە بە درێژایی مێژووی ستەمکاریی و دیکتاتۆریی ڕوویانداوە و تائەوڕۆکە کاریگەرییە مەترسیدار و نامرۆییەکانی لەسەر جەستەی کۆمەڵایەتی و شارستانی وەک خۆیان هەرماون، یەکێک لەو کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنە هەرە نامرۆییانەو دڕندانەی مێژوو، کە تائەوڕۆکە ڕژد ئاوڕی لێنەدراوەتەوە کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی کوردانی فەیلی بووە، ئەم شاڵاوە لەساڵانی شەستەکانەوە تا هەشتاکانی سەدەی پێشوو بەردەوام بوو کە زیاد لە ٦٠٠.٠٠٠ مرۆڤ بە زۆرەملێ لە عێراقەوە ڕاگوێزراون بەرەو ئێران و هاوکات زیاد لە ٢٠.٠٠٠ گەنج بێ سەروشوێن کراون.

سەبارەت بە جیهانیکردنی دۆسییەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی شاڵاوی یەکەم لەدوای هاتنی ڕژێمی بەعسەوە لەساڵانی ١٩٦٣ تا ١٩٦٨ کێشەو گرفتی کوردە فەیلییەکان لەوێوە وەرچەرخانێکی ترسناکی بەخۆوە بینی، شاڵاوی دووەم ١٩٦٩ تا ١٩٧١ دەستپێکرد بەپێی ئەو بەڵگانە نزیکەی ٥٠.٠٠٠ کوردی فەیلی ڕاگوازران بۆ ئێران بە بیانوی ئەوەی کە ناسنامەی عێراقیان نییە، بەڵام شاڵاوە گەورەکە ئەوکاتە بوو کە لە ١٩٨٠ دا بەپێی بڕیاری ٦٦٦ کە لە باڵاترین دەسەڵات سەرۆکایەتی شۆڕشی عێراقەوە ئەو بڕیارە دەرچوو کە نزیکەی ٦٠٠.٠٠٠ هەزار کوردی فەیلی لەماوەی ١٠ ساڵدا ڕاگوێزران بۆ ئێران و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گیراو نزیکەی ٢٠.٠٠٠ هەزار جەوانیان بێ سەروشوێن کران، کارەساتێکی زۆر گەورە بوو"...

سازکردنی کۆنفرانسێکی ئەکادیمی لەگەڵ پەرلەمانی ئەورووپادا بۆ بە جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی کوردە فەیلییەکان، کۆنفرانسەکە دەسکەوتێکی زۆر گرنگ بوو بۆ کوردە فەیلییەکان کە بتوانرێت ئەو کەیسە جموجۆڵێکی پێبکرێت، چونکە ئەو کەیسە کە بە دەیان ساڵە خۆڵی لەسەر نیشتبوو، بە ڕاستی کاری بۆ نەکراوە، توانرا جارێکی تر لاپەڕەیەکی تر لەم کەیسە لاببرێت، ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێت کە زیاتر ئەم کەیسە بناسرێت، داوەکە ئەوەبوو بە پشتبەستن بە بڕیاری دادگای تاوانەکان لە عێراق ئەوەی بەسەر کوردە فەیلییەکاندا هاتووە جینۆسایدە، داواکرا لە پەرلەمانی ئەورووپا لەهەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەوانیش دانییادابنێن کە کوردە فەیلییەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕووبەڕووی کارەساتی جینۆساید بونەتەوە.

جینۆسایدی فەیلیەکان لە باشووری کوردستان لە لایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە چەندین وێستگەی جۆراو جۆری بەخۆوە بینیوە. بەعس وەک پارتی فەرمانڕەوای عێراق لە ساڵی ١٩٦٣ تا ٢٠٠٣ گەورەترین بەرپرسیارێتی تاوانەکانی جینۆساید دژ بەگەلی کوردی لە ئەستۆیە. ئێستاش لەگەڵ پشتگیری فەیلییەکان لە گشتپرسی باشوری کوردستان، جارێکی دیکە کەوتوونەتەوە بەر هەڕەشی میلیشیا شیعەکان و ڕووبە ڕووی مەترسی جددی بوونەتەوە.

٧ی مانگی نیسانی هەموو ساڵێک گەلی کورد بە تایبەتی بۆ کوردانی فەیلی یادی جینۆساید و ئەنفالکردنی ڕۆڵەکانیان دەکەنەوە، کوشتن و بڕین، ئەنفال، کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی کورد و کوردستانیان لە ناو دەوڵەتی عێراقدا و بەدەستی ڕژێمە داپلۆسێنەرەکانی داگیرکەری عێراق، هەر لەدەستپێکی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە دەستی پێکردووە و لە مافەکانیان بێبەشکراون، لەبەرامبەریشیدا کورد بەهەموو چین و توێژو دین و مەزهەبەکانیەوە خەبات و تێکۆشانی لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو مافانەدا کردووە و قوربانیی داوە.

کوردە فەیلیەکانیش پێکهاتەیەکی دانەبڕاوی ئاکتیڤ و کارای ئەو تێکۆشان و خەباتە مێژوویی و نەتەوەییەن، بۆیە بوونە یەکەمین قوربانیەدەری لێکترازان و پارچەبوونی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان. کوردە فەیلیەکان بەهۆی شوێنی جوگرافیای نیشتەجێبوونیان کە دەکەوێتە ناوەڕاستی عێراق و بەدرێژایی سنووری دروستکراوی عێراق و ئێران وەک خانەقین، مەندەلی، بەدرەو جەسان و زورباتیە...هتد و خودی شاری بەغدایش بڵاوبوونەتەوە، لەهەمان کاتیشدا بەشی هەرەزۆریان موسوڵمانی شیعە مەزهەبن. مێژووی دەستپێکردنی کێشەو ئەو کارەساتانەی کە دژ بە کوردە فەیلیەکان دەکرێ، دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی سیاسی دووروودرێژی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لە دەورانی سەدەکانی ١٥و١٦ کاندا. وەکو تویژ لەنێوانی ئەو دوو دەوڵەتەدا لەبەرەکانی پێشەوەی شەڕە خوێناویەکانی ئەم ململانێیە بوون و بوونە قوربانی کێشمەکێشمەکانیان. بە سەقامگیربوونی دەوڵەتی عێراق و هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعسی شۆفینیستی عەرەبی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا. بۆ پالاوتنی حساباتی لەمێژینەو ئالۆزکاوی ئاینی و نەتەوەیی خۆیان، بەتایبەتی عەرەب و فارس و بە عەرەبکردنی ناوچە کوردستانیەکانی ژێر دەسەڵاتی عێراق، ئەو رژێمە داگیرکەرە هەڵمەتی لەناوبردنی کوردی دا بەتایبەتی لە سنووری شاری بەغدا و باشوری شاری کەرکوک و ناوچە سنووریەکانی نێوان عێراق و ئێران. ئامانجیان کوردە فەیلیەکان بوون. هەم لەبەرئەوەی بە هۆکاری سەرەکی کوردبوونیان و هەم شیعە بوونیان وەکو مەزهەب بەپێی پرۆسەی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانەی کە کورد خاوەنی رەسەنین لە سەری. لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لەلایەن رژێمی فاشیستی عێراقی داگیرکەرەوە گەورەترین پیلان و پیلانگێری بۆ سەرکوتکردنی کوردە فەیلیەکان کرا. لە ساڵی ١٩٨٠ بە بڕیارێکی دەوڵەتی عێراقی بە بیانووی ئەوەی کە کوردە فەیلیەکان هاوڵاتی ئێرانین، پرۆسەی ئەنفال، کوشتن و بڕین و راگواستنیان بەسەردا سەپێنرا و کۆمەڵکوژ و زیندەبەچاڵکران. بە هەزاران ژن و پیاو و پیر و منداڵیان بە دڕندانەترین شێوە قەتلوعام و بێسەروشوێن کرد. بە هەزارانی دیکەشیان بۆ سەرسنوورەکانی دەوڵەتی ئێران گواستەوەو دەربەدەرکران و زۆریشیان بێ سەروشوێنکران. تاوەکو ئێستایش چارەنووسیان دیار نیە. جگە لەو زیانە مرۆییەی کە کوردە فەیلیەکان دووچاری هاتن، موڵک وماڵیشیان بە تاڵان برا و دران بە خەڵکی عەرەبی ناوچەکە. ئەوانەی کە مابوونەوەش لە هەموو مافەکانیان بێ بەشکران و لە کارەکانیان دەرکران و لە ژیاندا سەرگەردان کران و بەکولەمەرگی ژیانیان بردەسەر. ئەو کارەساتە و کۆستە گەورەیەی دژ بە گەلەکەمان، کوردانی فەیلی دیسان بەبیردێنینەوە و سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدان و قوربانیانی ئەو کارەساتە دڕندانەیە دادەنوێنین. داوای مافەکانیان لە عێراق و کوردستان و سەکۆ نێودەوڵەتییەکان بە رەوا دەزانین و هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی لە پێناودا دەکەین.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەوا ١٥ ساڵە رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس و شۆڤینی عەرەبی لە عێراقدا روخاوەو لە جیاتی ئەو دەوڵەتێکی فیدراڵی فرە پێکهاتەیی دامەزراوە. باشووری کوردستانیش ٢٧ ساڵە لە قەوارەیەکی سەربەخۆ و ئازادایە. بە داخەوە کەچی هێشتاش ئەو کۆمەڵکوژیەی کوردە فەیلیەکان بە کەیسێکی هەڵواسراوی چارەسەرنەکراو ماوەتەوە. سەرگەردانی بە دوای مافە مرۆیی و مادیەکانی خەڵکانی کوردی فەیلی زوڵملێکراو هەر بەردەوامە و بە رەسمی پێناسەیەکی نەتەوەیی، نیشتیمانی و مرۆیی لەهەردوو دەستوری عێراق و کوردستاندا بۆ دانەنراوە، بۆ ئەوەی ببێ بە پشتیوان و پاڵپشت و بە مافەکانیان شادبن و قەرەبووی مادی و مەعنەوی بکرێنەوە.

راسپاردەکان :

—داوا لەپەرلەمانی کوردستان و هەردوو حکومەتی هەرێم و و فیدرالی دەکەین بەتایبەت نوێنەرانیان خەبات بۆ ئەوە بکرێت کە بەزووترین کات کۆمەڵکوژی کوردە فەیلیەکان لە ناوەوەی عێراق و کوردستان و سەکۆکانی نێودەوڵەتیدا بە جینۆسایدی دژ بە مرۆڤایەتی و سیاسیانەی دژ بە خەڵکی کورد بناسێنرێت. وەک کەیسەکانی هەڵەبجە و ئەنفال، کەیسی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلیەکانیش بایەخی پێبدرێت و لە هەوڵ و تێکۆشانی جیدیدا بن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی زیانپێکەوتوان و قەرەبوکردنەوەیان.

—بۆ دڵنیابوونی کەسوکاری کوردە فەیلیەکان، کاری جیدی و پراکتیکی بۆ ئاشکرا کردنی چارەنووسی بێسەروشوێنکراونیان بکرێت.

—داوا لە حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بکرێت کە هۆبەیەکی تایبەت بە کەیسی کۆمەڵکوژی و شەهیدانی فەیلی لە لیژنەی شەهید و ئەنفالی پەرلەمان و لە وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکان دابمەزرێت و کارا بکرێت و بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەر کورد و بەتایبەت کوردە فەیلییەکاندا هاتووە، پێویست دەکات، وەک خۆیان ئاماژەیان پێداوە کار بۆ پاراستنیان بکرێت، لە بەرانبەر عەرەبە فاشیستەکان بەتایبەت میلیشیا شیعەکان، تا بتوانن بەشداربن لە یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی گەلی کورد لەعێراقدا .

– هەرێمی کوردستان لەکۆبوونەوە باڵاکان لە گەڵ بەغدا ئاوری جدی لە پاراستنی ئەو کوردانەی بەغدا و ناوچەکانی تری عێراق بدەنەوە تاچیدی توشی ماڵوێرانی و کوشتار نەبنەوە کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلی برینێکی سارێژنەکراوی نەتەوەیی گەلی کوردە.

—ئەگەر بە کۆتا وەرگرتنیش بێت، هەوڵ بدرێت لە هەردوو پەرلەمانی بەغدا و هەرێمدا کورسی نوێنەری کوردە فەیلیەکان وەک پەرلەمانتار مسۆگەربکرێت.

**ئەنجام:**

فەیلییەکان پێکهاتەیەکی رەسەنی نەتەوەیی کوردن لەدێرزەمانەوە لەسەر خاکی کوردستان ژیاون، یەکەم گرووپی ئیتنیکی کوردیشن لەسەدەی بیستەمدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە دووچاری کۆمەڵکوژی و راگواستن هاتوون، لە رووی جوگرافییەوە ناوچەی فەیلیەکان بەشێکیان لەباشووری رۆژهەڵاتی کوردستانن لەدەڤەرەکانی (لورستان و کرماشان و ئیلام)ی سەر بە ئێران دەژین و هەروەها بەشێکی دیکەش لە باشووری کوردستان لە عێراق لە رۆژهەڵاتی دیجلە کە کوردی فەیلی ئایینزا شیعەن لە بەغدا و پارێزگای دیالە دەژین.زماننااسان پێیان وایە کە لە بنەڕەتدا زاراوەی فەیلی بە کۆمەڵێک هۆزی کەلوڕی دەگوترێت، کە نیشتەجێی کێوەکانی (پێشکۆ،پشتکۆ)ی زنجیرە چیای زاگرۆسن، زۆربەی مێژوونووسانیش کۆکن کە کوردە فەیلیەکان لە رەچەلەکی (ئیلامی ) یا (گۆتییەکان)ن، کە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق لە ناوچەکانی (مەندەلی، زربایتییە، بەدرە، جەسان، خانەقین، کەرکوک، بەغدا، کوت، عەمارە و بەسرە) ژیاون. لەلایەن چەند کەسانێکی رۆژهەڵاتناسی وەکو( فلادیمێر مینۆرسکی) رووسی و (جۆن ماڵکۆن)، هەروەها توێژەری کوردی فەیلی( د.ئیسماعیل قوماندار) پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن، کە بڕوایان وایە سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی (فەیلی) لە سەدەی شازدە بووە، ئێستاش ئەم زاراوەیە بۆ ئەو کوردانە بەکاردێت کە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن کە بەر دەوڵەتی عێراق کەوتون.

بۆ جیاکردنەوەی میرنشینی "لوری بچوک" و حکومڕانیەکەی، کە خۆیان بە لوری رەسەن دادەنا، بە بەراورد بە "لوری گەورە" کە وایان دادەنا "لوری بچوک" بەشێکن لە "لوری گەورە" نەک رەسەن و بنچینە. "جۆن ماڵکۆن و براون" و توێژەری کورد "د.ئیسماعیل قوماندار" پشتگیری بۆچوونەکەی "فلادمیر مینۆرسکی" دەکەن و پشتڕاستی دەکەنەوە. سەرەڕای ئەوەی ئەم زاراوەیە لەم ناوچانە بە دەگمەن بەکارهاتووە، بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەم تەنیا لەلایەن دانیشتوانی "پشتکۆ" بەکارهاتووە، لە سەردەمی ئێستاش ئەم زاراوەیە تەنیا بۆ ئەو کوردانە بەکاردەهێنرێت، کە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن، کە

سنووری دەوڵەتی عێراقن لە دوای دیارکردنی سنووری نێوان "ئێران و عوسمانیەکان" لە ساڵی ١٩٠٥، بەڵام دانیشتوانی "خانەقین و مەندەلی" کە کوردی گەرمەسێرن، ئەم زاراوەیە بۆ ناساندنی خۆیان بەکارناهێنن، بەڵکو زاراوەی کوردی فەیلی بۆ ئەو توێژەی کورد بەکاردەهێنرێت، کە لە رووی ئاینیەوە سەربە رێبازی مەزهەبی شیعەن. واتا ناولێنانەکە لە سەربنەمای مەزهەبیە نەک نەتەوەیی.

زۆر سەرچاوەی تریش ئەوە پشڕاست دەکەنەوە، کە لە بنەڕەتدا، "فەیلی" لە زاراوەی "لوڕ و کەڵووڕ" پێکدێت، کە زاراوەی "لوڕ، کەڵووڕ، کرمانج، گۆران- زازاکی" نەتەوەی کورد پێکدێنن و هاوکات "لەک و لوڕ و کەڵووڕ" نوێنەرایەتی نزیک لە نیوەی نەتەوەی کورد دەکەن و بەشداری کارایان لە بوارەکانی ئەدەب و رۆشنبیریدا هەبووە، هەر لە شاعیر، نووسەر و زمانزانەوە تا لە بواری هونەر وەک گۆرانیبێژ، موسیکسیۆن و بواری نواندن و شانۆ و وەرزش و تێکڕای بوارەکانی ژیانی مەدەنیانە لە عێراقدا هەبووە و بەشداریان کردووە.

بە پشت بەستن بە پۆلێنکردنەکانی کتێبی مێژوویی (شەرەف نامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی، بە راوەستانیش لە وێستگە مێژووییەکاندا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە نازناوی "فەیلی"، بۆ کورد سەرچاوەی رەسەنایەتی و چاونەترسی و ئازایەتیە، لە سەردەمی رووخانی حکومەتی "کاردۆنیا"وە تا ساتەوەختی ئەمڕۆ، لە پێناو بەرگری و پاراستنی کولتوورو زمان و ناسنامە و خاک و مانەوە، هەروەک ئەمە نازناوە بۆ هەموو بەش و پێکهاتەکانی تری کوردیش رەوا و دروستە، کە هەمیشە لە بەرگری سەخت و پڕ قوربانی بووە لە پێناو پارێزگاری لە خۆی و مانەوە و ژیاندا و نەچەمینەوە لە بەرامبەر پەلاماربەرو هێرشەکان بۆ سەری.

دۆزی کوردی فەیلی وەک پرسی بەشێک لە نەتەوەی کورد و مەزهەبی شیعە، پەیوەستە بەو ململانێ سیاسییە دوورو درێژەی نێوان "دەوڵەتی عوسمانی تورک و دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی"، کە هۆکار و رێخۆشکەر بوو بۆ پەرتکردن و دابەشبوونی ناوچەکەیان لە نێوان "هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا". هەروەک زۆرێک لە شیعەکانی عێراق بە دواکەوتەی "ئێران" ناونووس کران، کە لە ناویاندا کوردی فەیلییەکان پشکی شێریان بەرکەوت و لە سەرەتای درووستبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە لە گەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگای عێراقی جیاکرانەوە.

**پووختەی توێژینەوە:**

فەیلییەکان پێکهاتەیەکی رەسەنی نەتەوەی کوردن لە دێرزەمانەوە لەسەر خاکی کوردستاندا ژیاون، یەکەم گرووپی ئیتنیکی کوردیشن لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە دووچاری کۆمەڵکوژی و راگواستن هاتوون. وێڕای ئەوەی کە زمانەکەیان دیالەکتێکی کوردییە هاوکات فەیلییەکان خاوەنی دابونەریتی رەسەن و فەرهەنگ و ئەدەبی زارەکی خۆیانن. لەرووی زمانەوە زاری "فەیلی سەر بە بن زارێکتی کوردی باشوور پێکهاتووە و کە وەک زاراوەکانی "لەک و لور، کەڵووڕ، کرمانج، گۆران" کە نەتەوەی کورد پێکدێنن، بە پشتبەستن بە پۆلێنکردنەکانی کتێبی مێژوویی (شەرەف نامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی زمانناسان پێیان وایە کە زاراوەی فەیلی لەبنەڕەتدا بە کۆمەڵێک هۆزی لوڕی نیشتەجێی کێوەکانی (پێشکۆپشتکۆ) ی زنجیرە چیای زاگرۆسن دەگوترێت، بەڵام ئەم بۆچوونە زانستی نییە تەنها لەبەر ئەوەیە کە فەیلیەکان لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە هەرێمی لورستان بوون، واتە بۆ خۆیان لور نین، بەڵکو دیالەکتێکی کوردی باشوورن. کە لەناوەڕاست و باشووری عێراق لەناوچەکانی (مەندلی، زرباتییە، بەدرە، جاسان، خانەقی، کەرکوک، بەغدا، کوت، عەمارە و بەسرە) ژیاون، لە لایەن چەند کەسانێکی رۆژهەڵاتناسی وەکو (فلایدمێر مینۆرسکی)ی رووسی و (جۆن ماڵکۆن)، هەروەها توێژەری کوردی فەیلی(د.ئیسماعیل قەماندار) پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن، کە بڕوایان وایە سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی (فەیلی) لەسەدەی

شـــازدەهەم بـــووە، ئێســـتاش ئەم زاراوەیە بـــۆ ئەو کوردانە بەکاردێت کە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن کە بەر دەوڵەتـــی عێـــراق کەوتـــون، لەرووی جـــوگرافییەوە ناوچەکانیـــان بەشـــێکیان لەباشـــووری رۆژهەڵاتـــی کوردســـتانن لەدەڤەرەکـــانی (لورســـتان و کرماشـــان و ئیلام)ی سەر بە ئێران دەژین و بەشـــێکی دیـــکەش لە باشووری کوردســـتان لەعێـــراق لەرۆژهەڵاتـــی دیجـلەن، کوردی فەیلـی بە ئـاییـنزا شـیعەن، بەشـداری کارایـان هەبووە لە بوارەکانی ئەدەب و زانست و رۆشـنبیریدا، بە دەیـان شـاعیر، نووسـەر و زمـانزان، لە بـوارەیلی هـونەر وەک گـۆرانیبێژ، موسیکسـیۆن و نوانـدن و شانۆ و وەرزش و تێکڕای بوارەکانی ژیانی مەدەنیانە لە عێراقدا هەبووە و بەشـداریان کـردووە، نـاوە هەرە دیارەکانی رووناکبیرانی کوردی فەیلی وەکـو( د.کامـل حەسەن ئەلبەسیر، د.ئیسماعیل قەمەندار، دعەدنان عودە عەبـاس،داری سـاری،عەباس بەدری، حسـین مـردان، موحەمەد بەدری)....هتد

**پەراوێزەکان:**

-*راگەیـــانراوی کەنەکە لەســـاڵیادی کۆمەڵکـــوژی کوردە فەیلییەکان

لەیادی ٣٦ ساڵەی شەهیدو پاکڕەوانـانی کۆمەڵکـوژی کوردە فەیلیەکاندا

کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلی، برینێکی سارێژنەبووە

٧ی مـانگی نیسـانی هەمووسـاڵێک گەلـی کـورد بە تـــایبەتی کـــوردانی فەیلـــی یـــادی جینۆســـای دو ئەنفالکردنی رۆڵەکانیـان دەکەنەوە، کوشـتن و بـرین، ئەنفال، کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی کوردو کوردستانیان لە نـــاو دەوڵەتـــی عێراقـــداو بەدەســـتی رژێـــمە داپلۆسێنەرەکانی داگیرکەری عێراق، هەر لە دەسـتپێکی دامەزرانـــدنی ئەو دەوڵەتەوە دەســـتی پێکـــردووە لە مافەکانیـــان بێبەشـــکراون. لە بەرامبەریشـــیدا کـــورد بەهەموو چین و توێژو دین و مەزهەبەکانیەوە، خەبات و تێکۆشـــانی لە پێنـــاو بەدەســـتهێنانی ئەو مافـــانەدا کـــردووە و قوربـــانیی داوە. کـــوردە فەیلیەکـــانیش پێکهـــاتەیەکی دانەبـــڕاوی ئـــاکتیف و کـــاری ئەو تێکۆشـان و خەبـاتە مێژوویـی و نەتەوەیـیەن، بـۆیە بوونە یەکەمین قوربانیدەری لێکترازان و پارچەبوونی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان. کـوردە فەیلیەکـان بەهـۆی شـوێنی جوگرافیـای نیشـتەجێبوونیان کە دەکەوێـتە ناوەراسـتی عێـراق و بەدرێژایـی سـنووری دروستکراوی عێراق و ئێران وەک خانەقین، مەنـدەلی، بەدرەو جەسـان و زورباتیە...هتـد و خـودی شـاری بەغـدایش بڵاوبـوونەتەوە، لەهەمـان کاتیشـدا بەشـی هەرەزۆریـان موسـوڵمانی شـیعە مەزهەبـن. مێـژووی دەسـتپێکردنی کێشـەو ئەو کارەسـاتانەی کە دژ بە کـوردە فەیلیەکـان دەکـرێ، دەگەڕێـتەوە بـۆ ململانێـی سیاســی دووروودرێــژی نێــوان هەردوو دەوڵەتــی عوسمانی و سـەفەوی لە دەورانـی سـەدەکانی ١٥و١٦ کانـدا. وەکـو تـوێژ لەنێـوانی ئەو دوو دەوڵەتەدا لەبەرەکـانی پێشـەوەی شـەڕە خوێناویەکـانی ئەم ململانێیە بوون و بوونە قوربانی کێشمەکێشـمەکانیان. بە سـەقامگیربوونی دەوڵەتـی عێـراق و هـاتنە سـەر دەسـەڵاتی بەعسـی شۆفینیسـتی عەرەبـی لە کۆتـایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا. بۆ پاڵوتنی حساباتی لەمێـژینەو ئاڵۆزکـاوی ئـاینی و نەتەوەیـی خۆیـان، بەتـایبەتی عەرەب و فـارس و بە عەرەبکردنـی نـاوچە کوردسـتانیەکانی ژێـر دەسـەڵاتی عێـراق، ئەو رژێـمە داگیرکەرە هەڵمەتی لەناوبردنی کوردی دا بەتـایبەتی لە سنووری شاری بەغدا و باشـوری شـاری کەرکـوک و ناوچە سنووریەکانی نێوان عێراق و ئێران. ئامانجیان کوردە فەیلیەکـان بـوون. هەم لەبەرئەوەی بە هۆکـاری سـەرەکی کوردبوونیـان و هەم شـیعە بوونیـان وەکـو مەزهەب بەپێی پرۆسەی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچـانەی کە کـورد خـاوەنی رەسـەنین لە سـەری. لە سـەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لەلایەن رژێمی فاشیستی عێراقی داگیرکەرەوە گەورەترین پیلان و پیلانگێڕی بۆ سەرکوتکردنی کوردە فەیلیەکان کـرا. لە سـاڵی ١٩٨٠ بە بڕیارێکی دەوڵەتـی عێراقـی بە بیـانووی ئەوەی کە کوردە فەیلیەکان هاوڵاتی ئێـرانین، پرۆسـەی ئەنفـال، کوشتن و برین و راگواسـتنیان بەسـەردا سـەپێنرا و کۆمەڵکوژ و زینـدەبەچاڵکران. بە هەزاران ژن و پیـاو



دەستبەسەرکردنی فەیلیەکان پێش دەرکردنیان لەوڵات

و پیر و منداڵیان بە دڕندانەترین شێوە قەتلوعام و بێسەروشوێن کرد. بە هەزارانی دیکەشیان بۆ سەرسنوورەکانی دەوڵەتی ئێران گواستەوەو دەربەدەرکران و زۆریشیان بێ سەروشوێنکران. تاوەکو ئێستایش چارەنووسیان دیار نیە. جگە لەو زیانە مرۆییەی کە کوردە فەیلیەکان دووچاری هاتن، موڵک وماڵیشیان بە تالان برا و دران بە خەڵکی عەرەبی ناوچەکە. ئەوانەی کە مابوونەوەش لە هەموو مافەکانیان بێ بەشکران و لە کارەکانیان دەرکران و لە ژیاندا سەرگەردان کران و بەکولەمەرگی ژیانیان بردەسەر.

ئێمە لەکۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ـ ک ن ک، ئەو کارەساتە و کۆستە گەورەیەی دژ بە گەلەکەمان، کوردانی فەیلی دیسان بەبیردێنینەوە و سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدان و قوربانیانی ئەو کارەساتە دڕندانەیە دادەنوێنین. داوای مافەکانیان لە عێراق و کوردستان و سەکۆ نێودەوڵەتیەکان بە ڕەوا دەزانین و هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی لە پێناوا دەکەین.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەوا ١٣ ساڵە ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس و شۆڤێنی عەرەبی لە عێراقدا ڕوخاوەو لە جیاتی ئەو دەوڵەتێکی فیدراڵی فرە پێکهاتەیی دامەزراوە. باشووری کوردستانیش ٢٦ ساڵە لە قەوارەیەکی سەربەخۆ و ئازادایە. بە داخەوە کەچی هێشتاش ئەو کۆمەڵکوژیەی کوردە فەیلیەکان بە کەیسێکی هەڵواسراوی چارەسەرنەکراو ماوەتەوە. سەرگەردانی بە دوای مافە مرۆیی و مادیەکانی خەڵکانی کوردی فەیلی زوڵملێکراو هەر بەردەوامە و بە ڕەسمی پێناسەیەکی نەتەوەیی، نیشتیمانی و مرۆیی لەهەردوو دەستوری عێراق و کوردستاندا بۆ دانەنراوە. بۆ ئەوەی ببێ بە پشتیوان و پاڵپشت و بە مافەکانیان شادبن و قەرەبووی مادی و مەعنەوی بکرێنەوە.

ئێمە لە ک ن ک. دووبارە داوا لە هەردوو حکومەت و پەرلەمانی مەکەزی بەغدا بەتایبەت نوێنەرانی کورد تیایدا و حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی باشوری کوردستان دەکەین.

هەوڵ و خەبات بۆ ئەوە بکرێت کە بەزووترین کات کۆمەڵکوژی کوردە فەیلیەکان لە ناوەوەی عێراق و کوردستان و سەکۆکانی نێودەوڵەتیدا بە جینۆسایدی دژ بە مرۆڤایەتی و سیاسیانەی دژ بە خەڵکی کورد بناسێنرێت.

هەروەک کەیسەکانی هەڵەبجە و ئەنفال، کەیسی کۆمەڵکوژی کوردەفەیلیەکانیش گرنگی پێبدرێت و لە هەوڵ و تێکۆشانی جیدیدا بن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی زیانپێکەوتوان و قەرەبوکردنەوەیان

بۆ دڵنابوونی کەسوکاری کوردە فەیلیەکان، کاری جیدی و پراکتیکی بۆ ئاشکرا کردنی چارەنووسی بێسەروشوێنکراونیان بکرێت.

داوا لە حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەکەین کە هۆبەیەکی تایبەت بە کەیسی کۆمەڵکوژی و شەهیدانی فەیلی لە لیژنەی شەهیدو ئەنفالی پەرلەمان و لە وەزارەتی شەهیدو ئەنفالکراوەکان دابمەزرێت و کارا بکرێت.

ئەگەر بە کۆتا وەرگرتنیش بێت، هەوڵ بدرێت لە هەردوو پەرلەمانی بەغدا و هەرێمدا کورسی نوێنەری کوردە فەیلیەکان وەک پەرلەمانتار مسۆگەربکرێت.

سڵاو لە گیانی شەهیدانی کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلی و تەواوی قوربانیانی کورد و کوردستان. یادی ٣٦ ساڵەی جینوسایدی کوردە فەیلیەکان بە

ڕێزوحــــورمەتەوە ڕادەگــــرین. بــۆ گەیشــتن و وەدەســـتهێنانی مافەکانیـــان لە هەوڵ و خەبـــات و تێکۆشانی نەتەوەیـی و نیشـتیمانی خۆمـان بەردەوام دەبین و کۆڵنادەین.

کۆنسەی بەڕێوەبەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ـ کنک

٧ ی نیسان ٢٠١٦، برۆکسل

٢ – -بەبۆنەی ڕۆژی پاراستنی مـافی کەمەنەتەوەکـان کە دەکەوێـتە ١٨ی کـانونی یەکەمـی هەمـوو سـاڵێک، بەرەی نیشتیمانی کـوردە فەیلییەکـان بەیاننامەیەکیـان بڵاو کردەو.ە

بەرەی نیشتیمانی کوردە فەیلییەکـان، داوای پاراسـتنی مافەکانیـــان دەکەن وەکــو کەمیــنەیەک لە عێــراق و دەشڵێن: پاراستنی مافی کەمینەکان زامنی سەقامگیریی و ئاشتییە لە عێراقدا..

لە بەیاننـــامەکەدا هـــاتووە:"بە پشتبەســتن بە بڕیــاری ژمارە ٤٧/١٣٥ کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەککرتووەکـان، کە تـــایبەتە بە پاراســـتنی مـــافی کەمیـــنە ئـــاینی و ئەتنیکییەکان، پێمانوایە کە ڕێزگرتن و پاراستنی مافی کەمینەکـــان و پێکهاتەکـــانی عێـــراق، وڵات بەرەو وەدیهێنـــانی ســـەقامگیری سیاســـی و ئـــابووری و کـــۆمەڵایەتی و ئەمنـــی دەبـــات، نەک ئەوەی، کە لە سیستمە دیکتاتۆرییەکەی جاران مافەکان نەدەپارێزران و بە هەموو شـێوەیەک بێڕێـزی بەرامـبەر کەمینەکـان دەکرا.

لە بەشـێکی دیـکەی ڕاگەیەنـدراوەکەدا ئامـاژە بەوە کراوە:"کەس ناتوانێت نکـۆڵی لەوە بکـات، کە عێـراق چەنـد کارەسـات و ناخۆشـی و نەهـامەتی و شـەڕی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی گەلەکەی پارچەپارچە ببێت جیاکاری لەنێوان پێکهاتەکانی گەلـی عێراق بکرێت بەهۆی جیاوازی نەتەوە یـان مەزهەب و ئاین."

کوردی فەیلی، ناو یان نازناوێکە بەوکوردانە دەوترێ کەبەزۆری لەشاروشارۆچکەکانی ناوەڕاسـت و خـوارووی عێـراق نیشـتەجێبوون و لەڕووی ئـاینیەوە سەربەمەزهەبی شیعەن. ئەم کـوردانە لەلایەن دەوڵەتـی عێراقی کەبەعس فەرمانڕەوایی دەکرد، لەسـاڵی ١٩٦٣وە بەهەمـــوو شـــێوەیەک ڕوو بەرووی کۆمەڵکـــوژی و جینۆسـایدو پاکتـاوی ڕەگەزی بـوونەتەوە. ژێـدەرو ئامارەکـان ئەوە دەردەخەن و پشڕاسـت دەکەنەوە، کە بەدەیان هەزار لەم تـوێژەی کـورد ڕوو بەرووی مەرگ بوونەتەوە.

بەڵام بەدرووسـتی لەسـاڵی ١٩٨٠ وەزیـری نـاوخۆی عێـراق، فەرمـانی وڵاتبەدەرکردنـی کـوردە فەیلییەکانیدا، لەفەرمانەکەی وەزیری نـاوخۆی عێراقـدا هـاتوە": ئەو ئێرانیـانەی لەوڵاتـدان و ڕەگەزنـامەی عێراقییان نییە، هەروەها ئەوانەش کەمامەڵەیان کردووە بڕیارییـــان لەبـــارەوە دەرنەچـــوە دەردەکـــرێن". لەهەمانکاتدا بڕیـارەکەی حکـومەتی عێراقـی ئەوەشـی تێدا بوو ": کەلاوانی کوردی فەیلـی لەتەمەنـی ١٨ تـا ٢٨ سـاڵ، بگیــرێن و لەبەنــدیخانەی پارێزگاکانــدا، تامـــاوەیەکی نادیـــار دەسبەســـەربکرێن". هەروەک بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی عێراق ئەوەشی دووپـات کـردوەتەوە ": کەهەرکەسـێک لەو کـوردانەی ئاودیوی ئێران دەکـرێن، ئەگەر هەوڵیانـدا بگەڕێـنەوە تەقەیان لێبکرێت"..

لەرۆژی ٢٦-٢-١٩٨١ لەرۆژنامەی سەورەی زمانحـاڵی حکومەتی عێـراق "سـەدام حوسـێن" لەبـارەی کـوردە فەیلیەکانەوە دەڵێ": ئەم توێژە لەعێراق ڕیشەکێشبکەن، تاوەکو خاکی عێـراق و هەوای عێـراق پـیس نەکەن و خوێنی عێراقیش پیس نەکەن، کاتێـک بەڕێـگەی ژن و ژنخوازییەوە خوێنیـان تێکەڵـی خـوێنی عێراقییەکـان دەبێـت". سـەرنجدان و وردبـوونەوە لەم قسـەیەی "سەدام" سەرۆکی دەوڵەتی پێشووی عێراق بەسـن بـۆ ئەوەی تێبگەین کە شـۆڤێنیەت و ڕادەی ڕەگەزپەرسـتی بیرکرنەوەی حزبـی بەعس و سـەرۆک و سـەرکردەو حکـومەتەکەی لەعێـراق تـاچ ڕادەیەک دژ بەمـرۆڤ و هاوکـات لەهەوڵـی ئەوەبـوە لەناوییـان ببـا، بەتـایبەت ئەوانەی جیاوازبوون لەگەڵییاندا.

بەپێـی زانیـارییە بەردەسـتکەوتوەکان، پـێش سـاڵی ٢٠٠٣ زیـاتر لە "٢٠٠" هەزار دانیشـتوانی عێـراق

ئـاوارە یـان راوەدووی ئێـران نـراون، کە ٦٥% کە شەست و پێنج لەسەدی ئەو ژمارەیە لە کـوردی فەیلـی بـوون و تائێسـتاش زۆریکیـان لەو وڵاتە مـاونەتەوە. ئەمە جـگەلەوەی لەمـاوەی دەسـڵاتی حزبـی بەعـس بە هەزاران کـوردی فەیلـی زینـدانی کـراون و لەسـێدارە دراون و کۆمەڵکوژی کراون.

ژێـدەرو ئامـاری تـریش زۆرن کەژمـارەی وەدەرنانی کوردە فەیلیەکان لەعێراق و زیندانی کـردن و کوشـتن و زەوتکردنـی سـەروەت و سـامانیان و بێسـەرو شـوێنکردنیان، بە "٥٠٠" پێـنج سـەد هەزار کەس ئەژمـار دەکەن، بەڵام بەپێـی ئەو سـەرچاوانەی لەبەردەسـتی ئـێمەدان، وە ئەوەشـی کەسـەرچاوەو بەڵگەنامەکان بۆ ئێمەیان ساغکردوەتەوە "٣٨٠" هەزار کوردی فەیلی روو بە رووی قڕکردن و جینۆسـایکردن بـوونەتەوەو ئاسەوارەکانیشـی تـا ئێسـتا مـاون و بۆچەنـدین دەیەی تـریش هەردەمێنن.بـاری ژینـگەو کولتور و ئابووری و بایۆلۆژی ئەو دەڤەرەبوو و پارێزگاکانی دیکەی ناوەراست و باشـووری عێـراق زیاتر بووە.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**


—من هم الكرد الفيليون- د.احمد راسم النفيس
—محنه الركراد الفيليه في العراق- كازم حبيب
—الاكراد الفيليون الانتماء المزهبي والهويه القوميه- عبد الكريم ابراهيم
—دراما الرقليات العراقيه والديمقراگيه المزيفه- عزيز الحاج.


**سەرچاوە کوردییەکان:**


–د.ئاورەحمـانی حـاجی مـارف، چی لەبـارەی زمـانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا – ١٩٧٤
–وشـەی زمـانی کـوردی، کـۆڕی زانیـاری کـورد، ١٩٧٥١٩٧٩
–نووسینی کوردی بە ئەلفوبێ عەرەبی، هەولێر ١٩٨٦
–بە ستاندارکردنی زمان و ئە لفوبی کوردی رە فیق سابیر.
– رۆژی نێونەتەوەیی زمـانی دایـک، کـورتە باسێک سەبارەت بە زبان ناسی کوردی و رێزمان سمکۆ ئەبـرام. (یونسـکۆ- رێکخـراوی پەروەردەیی، زانسـتی و فەرهەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان)
Zimani Kurdi interview with Amir Hassanpour/ – دیمانەیەک سەبارەت بە زمانی کوردی.یوتوپ
جنکینز، ریچارد(Richard Jenkins)، -»پی‌یر بوردیو»، ترجمـۀ لـیلا جوافشـانی و حسن چاوشـیان، چاپ اول، ١٣٨٥، نشر نی
» آثار و اندیشه پیر بوردیو بررسی می‌شود.». خبرگزاری مهر. بازبینی‌شده در ٢٥ فوریه ٢٠٠٨.
بـرومبرژه، کریسـتین. پیـر بوردیـوی مردم‌شناس. . شب بوردیو، ٥ اسفند ٨۶، ٣.
- اللهجات الكوردية الجنوبية الدكتور اسماعيل قمندار.




**ئەنفالکراو : کەریم عەلی سلێمان**

لەدایکبوی ١٩٥٤

خەڵکی گوندی سەرکەل – ناحێی تیلەکۆ – کەلار

بەهـۆی ئەوەی پێشـمەرگەبووە بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێک مـاڵەکەی گواسـتووەتەوە بۆگوندی مەنسورلکان وهەتا کاتی پەلامارەکانی ئەنفال لەوێ نیشتەجێ بوون. لەکـاتی پەلامـاری گەرمیـانـدا رۆڵێکـی باشـی بینـوە لەرزگـارکردنی خەڵکـدا بەهـۆی ئەوەی تراکتۆری هەبووە، بەڵام خۆی رزگاری نەبوو بەڵکو لەگەڵ برایەکیدا بەناوی عومەر کە لەخۆی بچوکتربووە هەروەها خاڵۆزایەکی بەنـاوی ئیبـراهیم مـحەمەد ئەمـین. بەیەکەوە لەلایەن جاش و جەیشەوە گیران وئەنفالکران.

## تاوانی قڕکردنی فەیلی ( پەیلی)ەکان



**هەورامان عەلی – فنلندا**

ئەم رۆژانە یادی ٣٩ ساڵەی هەڵمەتی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی پێکهاتەیەکی گرنگ و پشتگوێ خراوی نەتەوەکەمانە ، کە لەلایەن رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسەوە توشی راگواستنی زۆرەملێ و لێسەندنەوەی شناس و رەگەزنامە و کۆمەڵکوژی ، هاتن. لەو هەڵمەتە درندانەیەدا ، زیاتر لە ٧٥٠ هەزار هاولاتی ماڵ و موڵک و مەزراکانیان داگیرکران و خەڵکەکەی شناسنامەیان لێسەندرایەوە و ئاودیوی ئێران کران . زیاتر لە ٢٠ هەزاریان لە زیندانەکاندا لەنێوبران . گەرچی بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە، بەلام لە زاری بەرپسە پلە بالاکانی رژێمەوە ئەوانە لە شوێنە تایبەتەکاندا جۆرەها چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژیان بەسەردا تاقیکراوەتەوە!

بەدرێژای مێژوو هیچ پێکهاتەو ناوچەیەکی کوردستان نەماوە چەندین جار ، توشی کۆمەڵکوژی و راوەدونان و ماڵوێرانی نەبوبێتەوە. بەلام راستیەکی تاڵیش هەیە دەبێت بوترێت. بەدرێژای مێژوو ، هەمیشە ئەو پێکهاتانەی کە ئاین و ئایزایان لە دەسەلاتی ئەو سەردەمە جیاواز بووە ، زیاتر باجی ئەو هەڵمەتانەیان داوە . کوردە ئێزیدی، یارسان ، کاکەیی، عەلەوی، دورزی و فەیلیەکان ... لەو پێکهاتانەن کە قوربانی سەرەکی مێژووی خوێناوی ئیمە ، پێکدەهێنن.

مێژوو پیمان دەڵێ ، کە کوردە فەیلیەکان کە درێژکراوەی ( پالەیی)ەکان ، زیاتر لە پێنج هەزارساڵە لەو ناوچانەی خۆیاندا نیشتەجێن و لە مێژووی شارستانی و ئاوادانکردنەوەی ناوچەکە و سەرجەم شارستانیەتەکانی ئەم ناوچەیەدا رۆڵی گەورەیان دیوە. رەنگە زۆرکەس نەزانێت ئەوان بنیادنەری راستەقینەی شارەکانی بەغدا ( ناوەپەیلیەکەی باخی دادە) ، کوت ( کورد) ، بەسرە ( بەسترا کە ئاماژەیە بە پێک گەیشتنی دوو روبارەکەی میزۆپتامیایە) دیجلە و فورات ( ناوە کۆن و کوردیەکەی فرەهات)ە. رۆژهەلاتی دیجلە هەرلە خانەقینەوە تا بەدرە ، جەسان ، شێخ سەعد، زورباتیە ، جەلەولا ، مەندەلی، بەلەدروس ، شوهابی، کوت و رۆژهەلاتی عەمارە تا بەسرە ، نیشتمان و خاکی باپیرانی ئەوان بووە . ئەوە جگە لەوەی لە نێو شارەکانی ناسریە و بەسرە تا ئێستاش گەرەکی گەورە و ناوچەیەکی فراوان موڵکی ئەوانە.

لە بەغا تا سالانی هەشتاکانیش ، گەرەکەکانی ( شارع فەلەستین، کفاح ،خواروبی مەدینە سەورە ، سەدری ئێستا، کازمیە، بەغداد جدیدە ، حەی ئەکراد و ناوچەی شۆرجە..... ) ماڵ و موڵکی ئەوان بوو. ئەوان تا ناوەراستی سەدەی رابردوو دوای جوەکانی بەغدا سەرجەم بازرگانی بەغایان کۆنترۆڵ کردبوو. کە جوەکان توشی راوەدونان و کۆچکردن هاتن ، کوردە فەیلیەکان توانیان سەرجەم جومگەکانی بازرگانی بەغدا کۆنترۆڵ بکەن. ئەوان جگە لە بواری بازرگانی و ئابوری رۆڵی گەورەیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی عێراق و ئالوگۆرەکانیدا بینی. یەکێک لە پاڵپشتە گەورەکانی دەسەلاتی کۆماری و ریفۆرمە



کۆمەڵاتی و ئابوریەکانی بوون ، هەربۆیە حزبی بەعس هەر ئەوکات پلانی لەناوبردن و سڕینەوەی ڕۆڵی سیاسی ئەوانی دارشت. بۆجاری دووەم کە بەعسیەکان هاتنەوە سەر حکوم ، یەکەمین قوربانیەکانی دەسەڵاتەکەیان کوردە فەیلیەکان بوون. ئەوان لە ساڵانی سەرەتای حەفتاکانەوە دەستیان بە جێبەجێکردنی پلانەکانیان کرد، سەرەتا بەناوی ( تەبەعیەی ئێران ) ڕەگەزنامەیان لە دەیان هەزار خێزان سەندەوە. بە دەستپێکردنی جەنگی ئێراق - ئێران تاوانەکانیان گەیاندە لوتکە . بەدرێژای دەسەڵاتی بەعسیەکان ," ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش " ٨٥ بڕیاری لە دژیان دەرکردووە ، قێزەون و دڕندانەترینیان بڕیاری ٦٦٦ بوو لە سەرەتای هەشتاکاندا . دوای ڕوداوەکانی نێو زانکۆی موستەنسریە ، ئۆباڵی تەقینەوەکانیان خستە ئەستۆی کوردە فەیلیەکان . بەعسیەکان دەیاویست زۆربەی ناوچەکانی بەغدا لە شیعەکان پاک بکەنەوە. کوردە فەیلیەکان لاوازترین بەشی شیعەی عێراق بوون ( لەڕووی مەزهەبیەوە ئەوان شیعەی دوانزە ئیمامین) . سەرەتا ٤٠٠ بازرگانی گەورە و بەناوبانگی کوردە فەیلیەکان کە شادەماری ئابوری بەغدایان بەدەستەوە بوو، بەناوی کۆبونەوەوە بانهێشتی هۆڵی بازرگانی بەغدا کران و هەر ئەو شەوە خێزانەکانیشیان دەستبەسەر کرا و بێسەروشوێن کران. دواتر لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا ڕژێم زیاتر لە نیو ملیۆن لە سەرتاسەری عێراقدا تەفروتوناکردن ، ماڵ و دوکان و مەزراکانیان داگیر و تاڵانکردن و بەشی زۆری خەڵکەکەیان ئاودیوی ئێران کرد. لەو ڕێگایەدا ، هەزارن منداڵ و پیر و پەکەتەیان گیانیان لەدەستدا. بەشێک لەوانە کە تا ئیستاش لە ئێران دەژین ، جگە لە ڕەگەزنامەی عێراقی ، ڕەگەزنامەی ئێرانیشیان پێنەبەخشرا. گەرچی ١٦ساڵە ڕژێمی سیاسی لە عێراقدا گۆڕاوە ، کەچی هێشتا زۆربەی ئەو کوردە فەیلیانەی گەڕاونەتەوە عێراق کێشەی گەڕانەوەی موڵک و ماڵ و مەزراکان و کێشەی ڕەگەزنامەکانیان چارەسەر نەکراوە.

ڕاستیەکی تاڵ هەیە دەبێت بوترێت ، زۆربەی بزوتنەوە سیاسیەکانی کورد ناوچەگەرا و سونی مەزهەب بوون و بە کردەوە خەبات و تێکۆشانی ناوچە و ئاین و ئاینزاکانی تریان بە کەم گرتووە و لە ئاستی تێکۆشان و قوربانیەکانی ئەواندا نەبوون . ڕەنگە کوردانی فەیلی و ئێزیدییەکان و پەراوێز خستن و فەرامۆشکردنیان، باشترین بەڵگەی ئەم بۆچوونە بێت.

لە یادی ساڵرۆژی هەڵمەتی قڕکردنی کوردە فەیلیەکاندا ، سەری ڕێزو نەوازش بۆ خەبات و قوربانیە بێشومارەکانیان دادەوێنم و کاتی ئەوەیە بە دەنگی بەرز بە سەرکردایەتی سەرجەم حزب و بزووتنەوە سیاسیەکانی کوردستان ، بە ڕێکخراوە جەماوەری و میدیاکاران بڵێم: بەسە چیدی ناکرێ و نابێت ئەو تاوانە گەورانە بە فەرامۆشی بسپێرین!

**ئەنفالستان مەکڕە، بیخوێنەرەوە**



# لە بۆسنەو هەرسک چیم دیت

شۆڕش ئەمین

بێگومان هەمووومان جینۆسایدو ڕەشـــەکوژی بۆســـنییەکانمان بیســـتووە، کە لەســـەر دەستی صربییەکان لەهەموو شـوێنێکی بۆسـنەدا ڕویـداو، بەڵام ئەوەی شـــارۆچکەی سربرنســـتا بە بەرچـــــــــــــاوی نەتەوەیەکگرتووەکـــــــــانەوە ئەنجامدراوە. شاری سـەرایڤۆی پایتـەخت پـڕە لـە چیرۆکـی تراژیدی سەردەمی جەنـگ. زۆر بەئازار بوو کە بینیمان ئەوشارە لێوان لێوبوو لە بێوەژن ومنـاڵی بـێ بـاوک و دایـک. سـەرباری ئـەو تـــاوانەی دەرهەقـــی بۆسنیەکان کرابـوو، خەڵکەکـەی بەهەموو چیرۆکە تراژیـدیایەوە، هێشتا بە میهرەبانی ماونەتەوەو تامـــەزرۆی پێکـــەوە ژیـــانی ئاشتیانەن.نەک تـۆڵە کـردنەوە، من ئەمەم بەچاوی خۆم بینی کە کەســـوکاری ونبووەکـــان و کوژراوەکـــان و ئەوانەش کە خۆیـــــان قوربـــــانی ڕاســـتەوخۆبوون، کەچـــی لە یادەکاندا بەخواردن ومۆسیقاوە ســـەردانی یەکتـــرو ئەو ماڵانەشیان دەکرد کە کەسێکیان تۆمەتبـــارو گومـــانلێکراوی تـــاوانەکە بـــوون، لەوێ لەبـــری بوغزانـــدن و تەحقیرکردنیـــان کاتێکی خۆشیان لەگەڵدا بەسـەر دەبردن، بەم کارەیـان گەورەیـی زۆریان دەنواندو پێیان دەگـوتن: ئـێمە دەبێـت هـەمووان پـێکەوە لەم وڵاتەدا بەئاشـتی بـژین. نایشـــــارمەوە ئەم هەڵوێســـــتە بـــۆمن نەک هەرنامۆبوو، بەڵکو زۆر قورس بوو. ئاخر چۆن خـانەوادەیەک کوڕەکەیـان بەبەرچاویـانەوە کوژرابێـت و ئێسـتا هەر ئەو خانەوادەیەی قوربانیانداوە سەردانی ماڵ و خـانەوادەی گومـانلێکراوان و بکوژی کوڕەکەیان بکەن و دڵنەوایشیان بدەنەوە !؟

بەڵام ئەوان وابیریان نەدەکردەوە ئەوانیـان بەدوژمنـی خۆیـان نەدەزانـی بەڵکو دەیانویست ژیان ئاسایی بکەنەوەو ڕابردوو بەجێبهێڵن. لەڕاسـتیدا ئەمە زۆر جێگەی تێڕامان و سەرسامیم بـوو، لەکاتێکـدا ئەگەر خـانەوادەو کەسوکاری تۆمەتبارەکان ئەم دەستپێشخەرییەیان بکردایـە ئاسـایی بـوو. بەڵام بۆ خاوەن قوربانیەکان کە ئەم دەستپێشخەرییەیان دەکرد، تێگەشتنی بۆمنێک زۆر ئەستەم و ئاڵۆزبوو.ئەمەش هیچ گونـاهێکی منـی تێـدانەبوو چونکە لاوڵاتێکدا ژیانم بەسـەر بـردووە، تیایـدا تۆڵەسـەندنەوە بـرەوی هەیەو هەندێک جاریش دەبێتە دروشمی ئازایەتی حزبە بەنـاو عەلمـانی و شۆڕشگێڕەکان وەک ئەو بانگەشە بەناوبانگەی یەکێتی کە دەڵێت : ( تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە). بەڵام لێرەدا ئەوە هاوسەنگی بـۆگێڕامەوە کە لەو وڵاتەدا یاسا سەروەرەو ئەو کەسـانەی تۆمەتبـارن نـابنە کەڵەگـاو نـاهێڵن ئاوا بەبێ لێپرسینەوە دەربازبن، بەڵکو هەمـوو تۆمەتبارێـک بانگـدەکرێتە بەردەمی دادگاو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. تۆمەتبارەکان هەتا ئەوکـاتە ئازادو گیانیـان پـارێزراوە کە دادگا بڕیاریـان لەبـارەوە دەدات و گونـاه وتاوانەکەیان یەکلایـی دەکـاتەوە، ئەوسـا یـان بەتەوای ئـازاد دەبـن، یـان بەپێی تاوانەکەیان سزای خۆیان وەردەگرن!

ئەگەرلێرەش یاسـا سـەروەر بوایـە منـیش هێنـدە بەچیرۆکـی سـربەکان سەرسام نەدەبووم، هەرئەوەشە کە هەتـا ئێسـتا قەوانـی دادگـایی کردنـی جاش ومستەشارەکان لێدەدینەوە، ئەگەرمـاف بـۆ قوربـانی بگەڕێـتەوە و تاوانباریش سـزابدرێن، ئیـدی ئەوەش نـابێتە کاروچـالاکی ئێمـە هەمـوو ڕۆژێک لەسـۆنگەی دالـدەدانی تۆمەتبـارانەوە سەرزەنشـت و ئامۆژگـاری حیزبە دەسەڵاتدارەکان بکەین وئەوانیش بێباکانە پۆست وپلەیان پێبدەن و حساب بۆمافی خەڵک نەکەن، تۆمەتباران لە قوربانیەکان باشتر بژین.

ئێســـتا ئاشـــکرایە کە ئەو ئـــارامی ولێبـــوردەییەی لەوێ هەیە، بەرهەمـــی ســـەروەری یاســـایەئەو هەمـــوو کێشەوگرفتوپەراویزخســـتنی کەســـوکاری ئەنفال لە ماوەی ٢٧ ساڵ حوکمرانیدا نەبوونی سەروەری یاسایە.

# چۆن چیرۆکەکانی ئەنفال بگێڕینەوە ؟

که ساڵی ٢٠١٦ چوومە کۆلێژی هونەرو لەبەشی فیلمسازی وەرگیرام زۆر دڵخۆش بووم بەوەی ئیدی لەم رێگایەوە دەتوانم خزمەتێکی زیاتر بە ژیانی دوای ئەنفال بکەم، هەستێکم هەبوو، کە ئیدی چاوەڕوانی کەس ناکەم چیرۆکەکانم بۆ بکەن بەفیلم، بەڵام بەرلەوەی هیچ لەهونەری فیلمسازی فێربم، یەکەمجار لەوانەیەکی دیبەیت ئەکادیمیدا بوو، کە گوێم لە د. دڵشاد مستەفابوو، لە سۆنگەی بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایەوە چیرۆکەکانی ئەنفالی بەنمونە هێنایەوەو گوتی : بۆنمونە ئێمەی کورد چیرۆکمان، زۆرە بەڵام گرفتمان هەیە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ئەنفالدا، من بۆخۆم کە ساڵانێکی زۆرە بەدوای چیرۆکەکانی ئەنفالەوەم زۆرم لێ تۆمارکردون و زۆر چیرۆکی ئەنفالیشم گێراوەتەوە، بەئاسانی لە مەبەستی دڵشاد مستەفا تێگەیشتم، بەڵام هێشتا لەوە تێنەگەیشتبووم دەبێت چۆن چیرۆکەکانی ئەنفال بگێڕینەوە ؟ هەندێک رایانوایە بەزمانی سادەوساکاری خۆیان چیرۆکەکان بگێڕینەوە، بەڵام هێشتا ئەمە هەموو ئامانجەکە نیە، رەنگە ئاسان نەبێت هەموو کەس وەک خۆی لە گرنگی چۆنێتی گێڕانەوەیان تێبگات ! هەربۆیە لەفیستڤاڵی جینۆساید لە شاری چەمچەماڵ، کە بەرێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی سازی کردبوو، تیایدا باسێکم پێشکەش کرد، لەدوای تەواو بوونی باسەکەم دەرگای پرسیار بۆ ئامادەبوانکرایەوە وەها پرسیارێکم لەلایەن برای بەرێزم (بارام سوبحی) روبەروکرایەوە، ئارام بۆخۆی رۆژنامەنوسەو کوری پیاوێکی گەرمیانیە، کە بەداخەوە لەپەلاماری ئەنفالدا باوکی گیراوەو ئەنفالکراوە، پرسیارەکەی بارام بەم شێوەیەبوو: ( تۆ دەڵێیت چیرۆکمان زۆرەو فریای نوسینەوەو تۆمارکردنیان ناکەوین، بەڵام دڵشاد مستەفا کە دکتۆراکەی دەربارەی جینۆسایدە دەڵێت: (ئێمە چیرۆکمان نیە) ؟ من لەوەڵامدا ئاوا وەڵامم دایەوە ( دڵشاد مستەفا ناڵێت چیرۆکمان نیە، بەڵکو دەڵێت چیرۆکمان زۆرەو نازانین بیانگێڕینەوە).

مرۆڤ بەسروشتی خۆی بونەوەرێکی ناجێگیرونیگەرانە، هەمیشە وێڵە بەدوای راستیدا زۆرجاریش لەگەیشتن بە راستی ئاسودە نابێت، ئەمە جێگیرنیە رەنگە هەندێک جاریش گەیشتن بەراستی ئاسودەی بکات، بەڵام گەیشتن بەراستی هێندەی نیگەرانی لێدەکەوێتەوە هەرگیز ئاسودەیی لێناکەوێتەوە، بۆچی ؟ چونکە راستیش بەسروشتی خۆی چەمکێکی بێ کێشە نیە، بەڵکو هەرلەبەرئەوەی راستییە زۆرجار دەشاردرێتەوە، لێرەدا دەکەوینە بەردەم پرسیارێکی سەختەوە ئەم راستیە لەسۆنگەی چییەوە دەشاردرێتەوە.؟

بەرلەوەی شایەتحاڵە گرنگەکانی ئەنفال (ئەوانەی لەکۆمەڵکوژیەکە رزگاریان ببوو) قسەبکەن و راستی کۆمەڵکوژییەکە ئاشکرا بکەن، هەموو کورد بەتایبەتی کەسوکاری گیراوەکان وێڵ بوون بەدوای راستیدا، چاوەڕوانی گەیشتە ئاستی نائومێدی ماندووبون لەوەی چیدی بەدوای ئەوەبن کەزیندوون، سەرباری هەموو درندایەتیەکی بەعس خەڵک نەیدەویست، دان بەو راستیەدا بنێت، کە ئەوهەموو خەڵکە کوژراون . گەیشتن بە راستی هەرگیز ئاسودەیی بۆ نەهێناین، دەرکەوتنی سەدان گۆڕی بەکۆمەڵ و دەرکەوتنی راستی لە دۆخێکی ئاوادا هەرگیز ئاسودەیی بەدوای خۆیدا ناهێنێ، بەپێچەوانەوە ئیدی خەم وچاوەڕوانی گەراندنەوەی روفاتیان بووە چیرۆکێکی ترو ئازارێکی نەبڕاوە. بەڵام ئەم چیرۆکی چاوەڕوانیە چۆن بگێڕینەوە ؟ نیشاندانەوەی فرمێسکی دایک وژنە رەشپۆشەکان بەسەر پێستی وشک هەڵاتووی پرچرچ ولۆچی روخساری ئەو مرۆڤانە چیمان پیدەبەخشێ ؟ هێشتنەوەی قوربانی لەناو کارەسات ومەینەتیدا بەکوێمان دەگەیەنێ ؟ ئەمە پرسیارێکە بەوەڵامدانەوەی (هیچ) و(زۆر) نادرێتەوە .

توێژینەوە

# دەوڵەت_نەتەوە و جینۆساید: ئەنفال وەك نموونە

نوسینی، نەبەز سەمەد، توێژەرو ماموستای زانکۆ



## پێشەکی:

لە سەدەی بیستەمدا، دوای یەکەم جەنگی جیهانی، داگیرکەر و کۆلۆنیالیستە خۆرئاواییەکان (بەریتانیا، فەرەنسا،...) ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد دوای رووخانی ئیمپراتۆرییەتەکە. لە ئەنجامی ئەم دابەشکردنەوە هەندێ کۆمەڵگەی تایبەتی (وەک کورد) بەسەر وڵاتی جیاوازدا دابەشکران و ئەوانی دیکەش (بۆ نموونە لە عێراق، عەرەبی شیعە و سوننە، کورد، ئاشوری، کلدانی، ...) بەزۆر لە وڵاتێکدا نیشتەجێکران. دروستکردنی دەوڵەت_نەتەوە لە کۆمەڵگەیەکی فرە پێکهاتەدا وەک ئەوەی داگیرکەرە خۆرئاواییەکان لە رۆژهەڵاتی ناقین کردیان دەبێتە هۆی تێکشکاندن و لەناوبردنی فرەیی و چەساندنەوەی کەمینەکان. دوای یەکەم جەنگی جیهانی، کوردستان بەسەر چوار دەوڵەت_نەتەوەی پاش_کۆلۆنیالیست دابەشکرا: تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا. بۆیە لە ئەنجامدا، هیچ شوێنێک بۆ کورد لەم وڵاتانەدا نەبوو. کوردەکان بوونی بە کەمینەی چەوساوە و خەڵکانی بێدەوڵەت، مافی هاووڵاتیبوونیان رەتکرایەوە، بۆیە بوون بە خەڵکانی بێماف.

### پەیوەندی لە نێوان جینۆساید و دەوڵەت_نەتەوەدا

عێراق وڵاتێکی دروستکراوە؛ بەرهەم و داهێنانی کۆلۆنیالیستە خۆرئاواییەکانە. پێش یەکەم جەنگی جیهانی، وڵاتێک بە ناوی عێراق بوونی نەبووە؛ دوای جەنگەکە عێراق بوو بە داگیرکراوی بەریتانیا. عێراق وەک وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئاین دروستکرا، کە پێکهاتبوو لە عەرەبەکان 'سوننە و شیعە'، کورد، ئاشوری، کلدانی، کوردی ئێزیدی، دیانەکان و جوولەکەکان. بەریتانیا دەبوایە ئەم فرەیی و هەمەچەشنییە لەنێو یەک وڵاتدا رێک بخات و بەڕێوەبەرێت، کە هەر لە سەرەتاوە ململانێ و شۆڕش دژی داگیرکاری بەریتانی دەستی پێکرد. لە سەرەتاوە، کوردەکان ڕازی نەبوون بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، بۆیە کوردەکان کەوتنە رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی بەریتانیا. بەڵام بەریتانیا بەشێوەیەکی دڕندانە و هۆڤییانە وەڵامی داواکارییەکانی کوردیان دایەوە (Duglas, ٢٠٠9). لە رۆژهەڵاتی ناڤین، "کۆلۆنیالیزم هۆکاری سەرەکی دروستکردنی کۆمەڵگە فرە پێکهاتەکانە". لە عێراقدا، دەوڵەت_نەتەوە لە ئەنجامی داگیرکاری (کۆلۆنیالیزاسیۆن)یەوە سەری هەڵدا. "کۆمەڵگە فرە پێکهاتەکان بە ململانێ بەردەوامەکانیانەوە لە نێوان گرووپە نەژادی، ئێتنیکی یان ئاینییەکان، مەرج و دۆخە پێویستەکانی جینۆسایدی ناوخۆیی دەهێننەگۆڕێ" (Kuper ١٩8١ as cited in Hardi ٢٠١١:٢). 6عێراق کۆمەڵگەیەکی فرە پێکهاتە بوو و لەلایەن کۆلۆنیالیستە خۆرئاواییەکانەوە دروستکرا، ئەم فرەیییە بە هێز و بەزۆر دروستکرا، بۆیە پێشمەرجەکانی "جینۆسایدی ناوخۆیی" دابینکرد، وەک ئەوەی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بینیمان. لەم توێژینەوەیەدا، ئارگومێنتی ئەوە دەکەم کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان جینۆساید و دەوڵەت_نەتەوەدا هەیە. مەبەستی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بەکارهێنانی تیۆریی دەوڵەت_نەتەوەی عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ خوێندنەوەی ئەنفال و بەعسیزم لە عێراق وەک نموونەیەکی دیاریکراوی پەیوەندی نێوان جینۆساید و دەوڵەت_نەتەوە. عەبدوڵا ئۆجەلان پەیوەندی نێوان دەوڵەت_نەتەوە و جینۆساید رووندەکاتەوە. ئامانجی دەوڵەت_نەتەوە بریتییە لە

دروستکردنی تاکە یەک شوناسی نەتەوەیی، تاکە یەک کولتووری نەتەوەیی، و تاکە یەک جڤاتی یەکگرتووی ئـاینی. ئامانجەکـانی دەوڵەت_نەتەوە بەزۆری بەرێـی هێز بڵاودەکرێنەوە و بەگشتی دەبنە هۆی ئـاوێتەکردن و توانـــدنەوەی بەزۆر یـــان لەنـــاوبردنی فیزیکـــی کەمینەکان، کولتوورەکان یـان زمانەکـان Ocalan, ٢٠١١). دەوڵەت_نەتەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامـانجە کێشەدارەکانی وەک داواکاری داگیرکردن، لەنـاوبردنی سیستەماتیکی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەیەک، دەست بەسەر داگرتنی بازاڕ. لە هەندێ نموونەی دیاریکراودا، دەوڵەتەکان ناسـیۆنالیزم بەکـاردەهێنن بـۆ ململانـێ و هـاڤرکێ لەگەڵ دەوڵەتـانی دیـکە، لێـرەدا ناسـیۆنالیزم وەک هاووتـــای فاشـــیزم و تۆتالیتاریـــانیزم گەشـــە دەکـات. دەوڵەت_نەتەوە بـۆتە هـۆی هێنـانە ئـارای هەژەنـدی گەورە، بـۆ نمـوونە لەنـاوبردن و قڕکردنـی خەڵکی ڕەسەنی ناوچە داگیرکراوەکـان لەلایەن نەتەوە "شارستانەکانەوە". هۆلۆکۆسـتی جوولەکەکـان لەلایەن نازییەکانەوە، پاکتاوی ڕەگەزی لە ڕواندا، سـری لانکا و یۆگسلافیا Juan, ٢٠٠٢). هەروەها جینۆسـایدی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و ئەنفالی کورد لەلایەن ڕژێمـــی بەعســـەوە لە عێـــراق. بـــۆیە دەوڵەت_نەتەوە دژی فرەیـی ئاڕاسـتەکراوە و دەبێـتە هۆی جینۆساید.

## نەتەوە و دەوڵەت دووانەیەکی لێکدانەبڕاون

دەوڵەت_نەتەوە جـــۆرە دەوڵەتێکـــی مـــۆدێرنە لە سەردەمی ناپلیۆن و شۆڕشی فەرەنسی سەری هەڵدا، دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی و شانشینە دیانییەکانی جەرخـێن نـاقین. هەرچەنـدە دەوڵەت زۆر گرووپـی نەتەوەیـی، ئـاینی و ئێتنیکـی لەخـۆ دەگرێـت؛ دەوڵەت_نەتەوە لە سروشـتییەوە نـوێنەرایەتی یەک تـاکە نەتەوە دەکـات. دەوڵەت_نەتەوە جـۆرێکە لە دەوڵەت کە تێیـــدا نەتەوە و دەوڵەت دووانەیەکـــی لێکـدانەبڕاون. لەبەرئەوە نەتەوەکـان و گرووپەکـانی دیکە ناچار بە تواندنەوە و ئاوێتەکردن لەنێو نەتەوەی سەردەســـت دەکـــرێن. هەرچەنـــدە زۆر مـــۆدێلی دەوڵەت_نەتەوە هەن و هەمـوو دەوڵەت_نەتەوەیەک بە زەروورە جینۆســـاید ناكـــات، بەڵام دەوڵەت_نەتەوە شیمانەی لەناوبردن و جینۆسـایدکردنی ئەوی دیـکەی لە خۆیـدا هەڵگرتـووە. چـونکە دەوڵەت_نەتەوە دژی فرەیـی، جیـاوازی ئاڕاسـتەکراوە و داواکـاری بـۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی یەکگرتـوو بە زەبـری هێـز بەرز دەکـــاتەوە. وەک ئـــۆجەلان دەبێـــژێ "دەوڵەت_نەتەوە زۆر لە هاووڵاتییەکـانی دەکـات تـا وەکـو یەک و هاوشـێوەبن" Ocalan, ٢٠١٦: ٢٥) .

لە ڕوانـــگەی عەبـــدوڵا ئـــۆجەلانەوە (٢٠١١) دەوڵەت_نەتەوە بنـاغە و بنەڕەتـی ئـیدیۆلۆژی خـۆی هەیە وەک ناســیۆنالیزم، سێکســیزم، ئـــاینێتی و سـەربازێتی. ناسـیۆنالیزم کرۆکـی و بنەڕەتیـیە بـۆ دەوڵەت_نەتەوە، ئەگەر ناسـیۆنالیزم ئـاین بێـت، ئەوا دەوڵەت_نەتەوە خوایەکەیەتی. هەردووکیـان ئەدگـار و خەسڵەتی مێتافیزیکییان هەیە. دەوڵەت_نەتەوە بریتییە لە ستەمێک بۆ کۆمەڵگەکـان و تـۆڕێکی سـتەمکاری و چەوسـاندنەوە Ocalan, ٢٠١١). هاووڵاتیـان لەلایەن ناسـیۆنالیزمەوە داوالێکـراون کە باوەڕیـان بە دەوڵەت هەبێـت و دەبێـت بـۆ دەوڵەت دڵسـۆزبن. لە سـەردەمی ڕۆمانتیســیزم Romanticism) دەوڵەت_نەتەوە لەسەر بنەمای ئارگومێنـت و یـارمەتی فەلسـەفی پێشـاندەدرێ. پاشـان، لە فەلسـەفەی هێگـل، دەوڵەت دەبێت بە باڵاترین بەهـا. بـۆ هێگـل، دەوڵەت دوا قۆناغ و دوا ئاستی هۆشی ڕەهایە لەنێو مێـژوودا، کە ئەدگار و چـۆنێتییەکی وەک_خـوای هەیە New World Encyclopedia contributors, ٢٠١٥). نەتەوە لەسەر بنەمای ترادیسـیۆنە کۆمەڵایەتییەکـان و ئەفســـانەکان فۆرمـــولەکراوە، ئەوجـــا لەلایەن یارمەتیدەرەکانیەوە بەرەو پێش براوە و بەکـارهێنراوە بـۆ ڕەوایەتیـدان و بەیاسـاییکردنی سـەروەربوون و باڵایەتی گرووپێک بەسەر ئەوانی دیکەدا. ئەم زاڵبـوون و سـەروەربوونە لەلایەن دەوڵەت [دەوڵەت_نەتەوە]وە ڕەوایەتـــی پێـــدەدرێ و بەیاســـایی دەکـــرێ. بـــۆ بەدەســـتهێنانی ئەم ســـەروەرییە، دەوڵەت_نەتەوە سەرجەم ئامرازەکێتی دەسەڵاتی دەوڵەت وەک سوپا و

پۆلیس، دامەزراوە یاسایی و دادگرییەکان، دامەزراوە پەروەردەیی و ئاینییەکان بەکاردەهێنێت. لەبەرئەوە، دەوڵەت_نەتەوە و ئیدیۆلۆژییەکەی ناسیۆنالیزم دەبنە سەرچاوەی سەرەکی کێشە و ناکۆکییەکان هەر لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسییەوە (Jaun, ٢٠٠٢). وەک ئۆجەلان (٢٠١١: ١٢) دەبێژێ "دەوڵەت_نەتەوە لە ڕەسەنترین فۆرمی خۆیدا ئامانجی قۆرخکردن و داگیرکردنی سەرجەم پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانە. بۆیە فرەیی و هەمەچەشنێتی دەبێ دژایەتی بکرێن، ئەمەش ڕێگەیەکە ڕووەو ئاوێتەکردن، تواندنەوە و جینۆساید" (Ocalan, ٢٠١١ :١٢). هزرڤان و فەیلەسوفانی پۆستمۆدێرن پێیان وایە دەوڵەت_نەتەوە و ناسیۆنالیزم شانموونەی خراپەکاری (شەیتان)ی کۆمەڵگەی پیشەسازی مۆدێرنن. دەوڵەت_نەتەوە بەزۆری هاوەڵی تیرۆر و "پاکتاوی ڕەگەزی" [جینۆساید] و توندوتیژی بووە (Jaun, ٢٠٠٢)

## دەوڵەت- نەتەوەی بەعس

دەوڵەت_نەتەوە، هەرچەندە خۆی وەک سێکولار (عەلمانی) پیشان دەدات، بەڵام نیگەران نابێت لەوەی کە ئاین و ناسیۆنالیزم بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاربهێنێ. ئاین، بەتایبەتی ئیسلام ڕۆڵێکی کاریگەر لە بونیادنان و دروستکردنی دەوڵەت_نەتەوەکان دەگێڕێ (Ocalan, ٢٠١١)، بەتایبەتی لە ڕۆهەڵاتی ناڤین. بۆ نموونە، عێراق وەک دەوڵەت_نەتەوەیەک لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی عەرەبی دامەزراوە و ئیسلامی کردووە بە ئامراز و بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆی گونجاندوویەتی و بەکاری هێناوە. شاڵاوەکانی ئەنفال دژی کورد نموونەیەکی دیار، ڕوون و ئاشکرایە لەم ڕووەوە. لە عێراقدا، حیزبی بەعس ئیسلام و عەرەبیزم دژی کورد بەکاردەهێنێ. بەعس ساڵی ١٩٦٨ بەڕێی کودەتای سەربازییەوە بۆ جاری دووەم لە عێراقدا دەسەڵاتی گرتە دەست، بەعس جاری یەکەم ساڵی ١٩٦٣ بەڕێی کودەتای سەربازییەوە بۆ ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی گرتەدەست. بەعس وەک حیزبێکی ناسیۆنالیستی عەرەب لەسەر بنەمای ئیدیۆلۆژیی پانعەرەبیزم دامەزرابوو، دروشمی "یەک نەتەوەی عەرەب"ی بەرزکردبۆوە و ئەوەی وەک پەیامی نەمر دەبینی. پانعەرەبیزم بڕوای بە بوونی یەک نەتەوەی عەرەب هەیە (Makiya, ١٩٨٩) بەعس بوو بەیەکەم حیزبی سیاسی عەرەبی، کە دروشم و ئامانجی پانعەرەبیزمی هەڵگرت. بەعس بۆ دامەزراندنی تاکە یەک دەوڵەتی عەرەبی یەکگرتوو هەوڵی دەدا، دروشمەکانی بەعس بریتیبوون لە "یەک نەتەوەی عەرەب و یەک پەیامی نەمر" و "یەکێتی، ئازادی، سۆشیالیزم" (Devlin, ١٩٩١). ئەم دروشمە بریتییەلە دڵی بەعسیزم و ئامانجەکانی بەعس ئاشکرا دەکات کە دژی فرەیی و پلورالیزم ئاراستەکراون. بەگوێرەی ئیدیۆلۆژیی بەعس (بەعسیزم)، "کوالێتی بوون بە عەرەب لە خۆیدا کردارێکی تەواو سەبژێکتیڤییە، پابەندە بە باوەڕبوون بە پەیامی عەرەبیزم. ئەو ساتەی یەکێک دەست دەکات بە باوەڕبوون بە داهاتووی عەرەب و خەبات بۆ نەتەوەی عەرەب دەکات، ئەوا دەچێتە نێو عەرەبێتییەوە و دەبێ بە عەرەب. لە ڕاستیدا، ئەرکی کورد ئەوەیە کە کوردێتی خۆی ڕەت بکاتەوە" (Makiya, ١٩٨٩ : ١٣٤). بۆ بەعسییەکان یارمەتیدانی کورد بۆ حیزبێکی دیکە و لایەنێکی دیکە جگە لە بەعس قبوڵکراو نییە. بەڕوونی لە ڕێگەی یارمەتیدانی ڕێکخراوێکی دیکەوە جگە لە بەعس، کورد هیچی دیکە بەشدار نییە و بەشێک نییە لە پێناسەی ئەو خەڵکەدا کە ئیدیۆلۆژیی بەعس پێناسەی کردووە. خەڵک بەگوێرەی ئیدیۆلۆژیی بەعس واتای "نەتەوەی عەرەب" دەگەیەنێ، بۆیە خەڵک و نەتەوەی عەرەب وەک یەک ناو و یەک واتا بەکاردەهێنرێن. بەگوێرەی ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستی بەعس، کورد هەڵاوێردراوە و وەک هەڕەشە وێنا کراوە، چونکە کورد لەمپەرە لە بەردەم یەکێتیی نەتەوەیی عەرەب. ئاخر نەتەوەیەکی یەکگرتووی عەرەبی بەعسی بریتییە لە ڕیالیزەبوونی تەواوەتی بەعسیزم. ئەم توخمانەی بەعسیزم بوونە هۆی عەرەباندن، ڕاگواستن، بەعساندنی کورد و لە

کۆتاییدا بوونە هۆی ڕوودانی شاڵاوەکانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد.

## ئیدیۆلۆژیی بەعس لەسەر دوو بنەمای ئەفسانەدروستکردن و پرۆکیەلیزم

(parochialism)واتا (ناوچەیی، هەرێمی) دامەزراوە. ئەفسانەکانی بەعس لە ترادیسیۆن و داب و نەریتی عەرەبی و ئیسلامییەوە سەرچاوەدەگرن. هاوکات گونجێنراون بە هەندێ دەستەواژە و زاراوەی وەرگیراو لە ترادیسیۆنی چەپ، وەک سۆسیالیزمی عەرەبی، ئازادی، یەکێتیی عەرەب، هەروەها خەبات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. بۆ میشێل ئەفلەق تیۆریداڕێژەر و تیۆریستی بەعس، ناسیۆنالیزم خۆشەویستییە و "ڕۆحی عەرەب"ی لەتەک خۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە بیرۆکەیەکی وەها ناتوانرێ لە خۆرئاواوە بهێنرێ، بەڵکو ئەوە لەنێو خوودی ترادیسیۆن و داب و نەریتی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیە. بەگوێرەی ئیدیۆلۆژیی بەعس، ئیسلام نوێنەرایەتی یەکێتیی عەرەب دەکا، بۆیە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئیسلام و عەرەبیزمدا هەیە. لە ڕوانگەی عەرەبیزمەوە، ئیسلام ڕۆحە لە ناوەوە، لە کاتێکدا [عەرەب] عەرەبیزم لایەنی دەرەکێتی ئیسلامە. بۆیە ئیسلام تەنیا یەک نەتەوەی هەیە، ئەویش عەرەبە. لەبەر ئەمە عەرەب "نەتەوەی باڵایە". لە ڕوانگەی ئەفلەقەوە، "گەر عەرەبیزم جەستەیەک بێ، ئەوا ڕۆحەکەی ئیسلامە". بۆ بەعسییەکان ئیسلام وەک بزووتنەوەیەکی عەرەبی شۆڕشگێڕی دووبارە لەگەڵ عەرەبیزمدا دەردەکەوێتەوە و خۆی نوێ دەکاتەوە. لە ئەنجامدا، ئیسلام وەک بەدیهێنەری نەمریتی عەرەبیزم خۆی دیاردەهێنێ. بۆیە ئیسلام بەردی بناغەی ئیدیۆلۆژیی بەعس پێکدەهێنێ (Makiya, ١٩٨٩ ). ئیسلام وەک فۆرمێکی (شێوەیەکی) گەورەی نەمریی عەرەبیزم دەردەکەوێت. بۆ حیزبی بەعس، کێشەی کورد لێرەبوونی نییە. بەعس بەڕێی ئیسلاماندنەوە دەیەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکات. بۆیە ئامرازاندنی ئیسلام بۆ بەعس زۆر کرۆکییە. حیزبی بەعس ئاین (ئیسلام) و ناسیۆنالیزم (عەرەبیزم) بۆ کۆنترۆڵکردنی کورد و ڕەوایەتیدان بە ئەنفالکردنیان و جینۆسایدکردنیان بەکاردەهێنێ .

## دەرنجام

بەکورتی، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دەوڵەت_نەتەوە و جینۆسایددا هەیە لە عێراقدا. چونکە لە سەرەتاوە، عێراق وەک دەوڵەت_نەتەوەیەکی پۆست_کۆلۆنیالیزم بۆ عەرەبەکان دامەزرێندرا، بۆیە تەنیا نوێنەرایەتییەک نەتەوەی دیاریکراو [عەرەب] دەکات، لە ئەنجامدا، دژی فرەیی و هەمەچەشنێتی [پلورالیزم] ئاڕاستەدەکرێ. حیزبی بەعس، بەڕێی بناغە ئیدیۆلۆژییەکانییەوە وەک ناسیۆنالیزم (لە فۆرمی عەرەبیزم)، ترادیسیۆنی ئیسلامی، سێکسیزم، میلیتاریزم هەوڵی دەدا یەک نەتەوەی عەرەبی یەکگرتووی بەعسی دروست بکات بەڕێی تواندنەوە(assimilation )، ئاوێتەکردن و لەناوبردنی کوردەکان و کەمینەکانی دیکەوە. بەهۆی تیۆریی دەوڵەت_نەتەوەی عەبدوڵا ئۆجەلانەوە، ئێمە دەتوانین باشتر لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت_نەتەوە و جینۆساید تێبگەین، بەتایبەتی یارمەتیمان دەدا کە تێگەیشتنێکی باشترمان بۆ بەعسیزم و ئەنفال هەبێت لە عێراقدا.

## سەرچاوەکان

1) Devlin, John F (1991) The Baath Party: Rise and Metamorphosis. The American Historical Review. Vol. 96, No. ٥, pp. 1396–1407.
2) Douglas, R. M (2009) Did Britain Use Chemical Weapons in Mandatory Iraq? The Journal of Modern History, Vol. 81, No. 4, pp. 8٥9–887.
3) Hardi, Choman (2011) Gendered experiences of genocide : Anfal survivors in Kurdistan–Iraq, Voices in development management. Farnham, Surrey.
4) Juan, Epifanio San (2002) Nation_State, Postcolonial Theory, and Global Violence, Social Analysis, Vol. 46, No. 2, pp. 11–32.
٥) Makiya, Kanan (١٩٨٩) The republic of fear: Politics of modern Iraq. London: University of California Press.
6) ........................ (1993) Cruelty and Silence. London: W. W Norton & Company.
7) Ocalan, Abdullah (2011) Democratic Confedralism. London: Transmedia Publishing Ltd.
8) .............................. (2016) Democratic Nation. Cologne/ Germany: International Initiative Edition in cooperation with Mesopotamian Publishers, Neuss.
9) New World Encyclopedia contributors. Nation–state [Internet]. New World Encyclopedia, 201٥ Aug 19, 14:٥4 UTC [cited 2017 Feb 26]. Available from: http://www.newworldencyclopedia.org/p/index.php?title=Nation–state&oldid=990136.

# نامەکەی ڤیکتۆر فرانکل

سالار فەتاح




من مرۆڤێکم کەلە یەکێک لە ئۆردوگاکانی دیلەکان ڕزگارم بوەو چاوەکانم شتی وای دیوە کە ئەبوایە چاوی هیچ مرۆڤێک ئەوانەی نەدیایە ژوری گازی خنکێنەری وام دیوە کە لەلایەن زیرەکترین ئەندازیاری بیناسازیەوە دروست کراون ، پسپۆری کارامەی پزیشکیم دیوە کە زۆر لێزانانە منداڵیان ژەهر خوارد دەکرد، سەدان کۆرپە لەرێی دەرزیە ژەهراویەکانی پەرستارەکانەوە دەمردن کە زیرەکترین پەرستاربوون، چەندین مرۆڤم بینیوە لە لایەن دەرچوانی ئامادەیی و زانکۆکانەوە سوتێنران، بۆیە گومانم لە فێرکردنە ئەوەی من لە ئێوەم دەوێ ئەمەیە:

بۆ بە مرۆڤ دۆستی کردنی زانستی قوتابی و خوێندکارەکان کۆشش بکەن ، هەوڵ بدەن کۆششەکانتان نەبێتە هۆکاری پێگەیاندنی گیاندارانی زاناو درندە ی زیرەک.خوێندن ، نوسین، ماتماتیک . زانست ، ، هتد کاتێک نرخی هەیە کە هاوکاری بکات منداڵەکان ببنە مرۆڤ . ئەمەش کلیلی زامنی زانستێکە مرۆڤدۆستانەبێت.

بە پزیشک بوون ، بە ئەندازیاربوون ، پسپۆربون لە هەربوارێکدا کارێکی ئاسانە و دەتوانی بە چەند ساڵێک خوێندن بەو پسپۆریانە بگەی ، ئێستە ئێمە لەکۆمەڵگەیەکداین ، پزیشکی زۆر وئەندازیاری زۆرمان هەیە، بەڵام گەورەترین سەرمایەی ئێمە مرۆڤگەرایی و رەوشتی ئێمەیە . بەهیچ شتێک بەراورد ناکرێ ،داواکارم بۆگەیشتن بەم ئامانجە هەوڵ بدەین دوای مەرگیشمان بەنەمری دەمێنێتەوە.

فیکتور فرانکل یەکێک لەڕزگاربوانی دیلەکانی زیندانی ئاوشویتسە لە ئەڵمانیا، کە کۆمەڵکوژیی جووەکانی بەچاوی خۆی دیوە، دوای ئەوەی بو بە بەرێوەبەری قوتابخانە هەمو ساڵیک لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی قوتابخانەدا ئەم پەیامەی بۆ مامۆستایان دوپات دەکردەوە.

# ئەکبەر ڕەحمن عەلی :
# سوپاسگوزاری هەر کەسێکم لە کاتی لێقەوماندا نانێکیان پێداوم .



**دیدار : عومەرمحەمەد**
**سلێمانی ٢٠ی ئابی ٢٠١٤**

**لەدایکبووی (١٩٧٤) گوندی فەقێ مستەفا- قادرکەرەم**
**شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا سلێمانی گەرەکی ڕاپەرین .**
**شوێنی نیشتەجێی پێش ئەنفال – قادرکەرەم - گوندی فەقێ مستەفا**

ئەکبەر ئێستا لەبری ناوی باوکی کوردستانی بەناوی خۆیەوە لکاندووەو لەبری ئەکبەر ڕەحمان دەنوسێت (ئەکبەر کوردستانی) ئەکبەر تاقانەی ئەنفالە وەلێ ئەو تاقانە دەربازبووی ئەنفال نیە، ڕوو لە هەر کوێیەکی ئەم نیشتمانە بکەی نموونەی ئەکبەر دەدۆزیتەوە لە گەرمیان و کوێستان و لە سۆران و بادینان ئەم تاقانانەی ئەنفال هەن و لەکوردستانیش هاو ئازاریان زۆرە، وەلێ کەم نووسەر ئاوریان لێ دەداتەوە. گۆڤاری ئەنفالستان کە چیرۆک و نهێنی ژیان و خولیا و ئاوات و خۆزگە و هەناسەی ئەو کچ و کوڕو ژن و باوک و دایکانە دەگێڕیتەوە کە لە حەسرەتی گەڕانەوەی خۆشەویست و هاوسەر و باوک و براکانیاندا هەڵدەقرچێن تەنها ئەرکێکی ئینسانی نیە بەڵکو نوسینەوەی یادەوەری و هەوڵێکە بۆ نوسینەوەی مێژووی نەتەوەیەکیش کە زۆری تاکەکانی لە ئازاری چاوەڕوانیدا دەتلێنەوە ئاخر چ لە چاوەڕوانی ناخۆشترە. یەکێک لەخەوشەکانی نوسەرو میدیاکاری کورد لە دواندنی ئەم کارەکتەرانەدا ئەوەیە فکر و هزری خۆیان دەخەنە ناو زەین و زاری کارەکتەرەکانەوە، لەبری ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن و گوێیان لێبگرن قسەیان پێدەکەن و دەیانگرێینن وەک ئەوەی چێژلە گریان و فرمێسکەکانیان ببینن . ! ئەمەش یەکێکە لەبەرچاوترین جیاوازی نێوان چیرۆکەکانی ناو گۆڤاری ئەنفالستان وئەوانی دی . ئێمە دەمانەوێ قارەمان بدۆزینەوەو ستەملێکراوانیش بگۆڕین بۆ قارەمان . لەڕاستیدا ئەنفال تاوانێکە هێشتا بەردەوامە سەرەتاو دەستپێکی دیارە بەڵام کۆتایی نادیارە، دەشێت بڵێین شەنگال لەناوەڕاستی ئەم تاوانەدایە، ڕەنگە ئەکبەرو عومەری ئامۆزای کەهاو چیرۆک وهاوچارەنوسن ئەویش وەک ئەو تاقانە دەربازبووی خانەوادەکەیەتی هێشتا بەختداربن چونکە ڕەنگە هێشتا چیرۆکی ترسناکترو تراژیدی تر هەبن و

ئەمان نەیانزانیبێت، ئەحمەد تاکە دەربازبووی خانەوادەکەی بوو، کاتێک کەسی نەماو بۆ شوانی و خۆشاردنەوە لەچاوی سیخورەکانی بەعس روی لە گوندێکی نزیکی شاری کەرکوک کرد، ماوەیەکی زۆر توانی لەماڵە عەرەبێکی مەڕدار بمێنێتەوەو فێری زمانی عەرەبی بێت دواتر رودەکاتە شاری موسڵ و لەوێ هاوسەرگیری کردوو بووە باوک، بەڵام لەگەڵ هاتنی داعش بەگولەی ویڵ ژنەکەی ژیانی لەدەستدا، کاتێک هەڵاتن و شاریان بەجێهێشت کورێکیشی بەگولەی داعش گیانی لەدەستدا، بەڵام کەگەیشتنەوە هەرێمی کوردستان و خۆیان وەک کورد ناسان هیچ بەڵگەیەکی نەبوو کە بیسەلمێنێ ئەو کوردەو خەڵکی گوندێکی گەرمیانەو هەموو کەسوکاری ئەنفالکراون و ئەم خاکە زێدی باب وباپیریتی و هەمووشیان تەنها لەسەر ئەوە تێداچوون کە نەیاندەویست زێدی خۆیان بەجێبهێڵن .

رەحمن عەلی جوتیارێکی هەژاری گوندی فەقێ مستەفا بوو، هاوکات پیاوێکی هەست ناسک و شاعیریش بووە، لە نیسانی ساڵی ١٩٨٨ وەک زۆربەی زۆری دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان خانەوادەکەیان بەرپەلاماری ئەفالکەوتن و جگە لە ئەکبەری کورە گەورەی تەواوی خانەوادەکە یان کە بریتی بوون لە (٧) کەس هەموویان گیران و بە قۆناغەکانی گرتن و کۆکردنەوەو پۆلێنکردا رۆیشتن و ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە و ئەکبەریش بەتەنیاو بێکەس مایەوە، کۆی ئەنفالکراوانی ئەو خانەوادەیە (٦) کەس گیران وئەنفالکران بە ناوەکانی:

رەحمن عەلی  باوکی
صبریە عەزیز جان نەخش، دایکی
سیروان  برای
پشتیوان  برای
بەدریە  خوشکی
خەلات  خوشکی

لە گوندی فەقێ مستەفای سەربە ناحێی قادرکەرەم نزیکەی دەخانەوادە تەنیا کەسێکیان دەرباز بووە، ئەوەی هەتا ئێستا زانیومە بریتین لەم کەسانە ( ئەکبەر رەحمان، عومەر جەمال، جەمیل محەمەد، جوامێر جەبار، خالید حوسێن، محەمەد ئەحمەد ریبوار مەجید، رێژاو حوسێن) ماڵی رەحمان عەلی لە کۆی خانەوادەیەکی حەوت کەسی تەنها ئەکبەریان لە تاوانی ئەنفال رزگاری بووە، کە ماوەی ( ١٢) ساڵ بەتەنیا ژیاوەو مەینەتی و دەردە سەرییەکی زۆری چەشتووە. هەتا ئەو کاتەی خێزانی پێکەوەنا بەسەر ماڵی خزمەکانیەوە دەگەڕاو هەمیشە لەبارێکی دەرونی خراپدا دەیگوزەراند ئەکبەر ئێستا خێزانی پێکەوەناوە .

یەکێک لە چرکەساتەکانی ژیانی کەهەر گیز لەیادی ناچێت ئەو چرکە ساتەبوو کە لەدایکی دابڕا، ئەو رۆیشت و جارێکی تر یەکتریان نەبینییەوە، ئەکبەر ئەوەشی بیرە کاتێک هەواڵی هێرشیان بیست پێشمەرگە لەگوندەکەیاندا بوون و هەر دەهاتن و دەچوون بەرەو خوارو بەرەو ژور دەرۆیشتن و ئەمان سەریان لەم جموجەڵە تێنەدەگەیشتن، ئەو لەگەڵ مندالانی هاوتەمەنی خۆی دەچوونە سەربەرزاییەکانی دەوروبەری گوندو لەدورەوە دەبابەکانیان دەبینی واهێرش دەهێنن و خانووی گوندەکانیش دەسوتێن و دوکەڵیان لێ بەرزدەبنەوە. ئەوسا گوندەکان دابراوبوون و دەزگای راگەیاندن نەبوو،ئاگامان لەهیچ نەبوو.

زۆری نەبرد پێشمەرگە هاتنە ناوماڵەکانمانەوەو خانووەکانمان بوونە سەنگەری پێشمەرگەکان و خەڵکەکەش وایان پێباش بوو ناو گوندەکە چۆڵ بکەن، خەڵکەکە گوندەکەیان چۆڵکردو ماڵەکان بۆ خۆشاردنەوە چوونە نێو شیودۆڵەکان و ئەشکەوتەکانەوە.

ئەکبەر بەروخسارێکی غەمگینەوە دەیگوت: ڕۆژێکی زۆر زۆر ناخۆش بوو، منداڵی وردو قەل وقازەکانیش هەمووی سەری لێشێوا بوو. ئێمە ڕۆیشتین و گەیشتینە دۆڵێک لەوێ دۆڵی شۆراوی پێدەڵێن و لەوێ خۆمان شاردەوە . نزیکەی دەپانزە ڕۆژێک لەوێ ماینەوە، بەڵام دەنگۆیەک بلاو بووەوە گوتیان خەڵک دەروات ڕوو لەشارەکان دەکاو حکومەت گوندەکان ناهێڵێ و هەمووی دەڕوخێنێ .

ئاخ .. خوشک وبراکانم هەموویان قوتابی بوون، کتێب ودەفتەرە کۆنەکانیان دراند، گوتیان لەشار کتێب ودەفتەری تازە وەردەگرین، چونکە دەنگوباسێکی وایان بلاوکردەوە لەشار نیشتەجێ دەکرێن و خانومان دەدەنێ، ماڵی ئێمەش وەک خەڵکەکە تەکبیریان کرد بەرەو سەنگاو بڕۆن و لەوێشەوە بچنە چەمچەماڵ . دەیانگوت حکومەت باوکی میللەتە خانووتان بۆ دەکات و ژیانتان خۆش دەکات.



فرمێسکەکانی ئەکبەر هاوارێکی گەورەبوون و نەدەبیستران، ئەو کورە گەورەی باوکی بوو، هەموو خوشک وبراکانی لەو منداڵتربوون و هەتا ئێستا بەحەسرەتی جارێک بینینەوەیانەو دەشزانێت هەرگیز ئەو خەونەی نایاتە دی بەڵام چی بکات ڕۆژگار دڵرەقەو مرۆڤیش لەئاستیدا بێدەسەڵاتە .

ئەکبەرو دوو ئامۆزای هێشتا مێردمنداڵ بوون، ئاژەڵەکانیان پێشخۆیاندا کە بریتی بوون لە بزن و مەرومانگا و لەرێگەیەکەوە بەرەو سەنگاو ڕۆیشتن و باوک ودایکی وخوشک وبراکانیشی لەرێگەیەکی ترەوە ڕۆیشتن، کۆپتەریش بەئاسماندا دەسوڕایەوەو نزم دەبوونەوەو ڕەمیان دەکرد، جاش و سوپاش لەپاش وپیشی تانکەکانەوە هێرشیان دەهێناو دەگەیشتنە هەر گوندێک دەیانسوتاندو تەقەیان دەکرد، هەرچۆنێک بوو گەیشتینە سەنگاو، بەڵام کە گەیشتین ڕێک ڕۆژی حەشرمان بینی ئەو هەموو خەڵکە لەوێ کۆکرابووەوە، جەیش وجاش چواردەوری خەڵکیان گرتبوو، لەوێشەوە نزیکە ٧-٨ ڕۆژ بەرێگاوە بووین هەتا گەیشتینە چەمچەماڵ ڕۆیشتنمان بەپێ بوو، ئاژەڵمان پێ بوو.

## لەگوندی قادراوا دایکم بینیەوە

ئەکبەر ئەوکاتە تەمەنی ١٤ ساڵان بووەو هەموو شتێکی لەبیرەو بەردەوام ڕوداوەکانی ئەنفال و لەیەکتر جیابوونەوەی خۆی ودایک وباوک وخوشک وبراکانی وەک شریتیکی سینەمایی بەبەرچاویدا تێدەپەڕن و جارێک و دوان دێنەوە بەرچاوی، ئەوان کەبەرەو سەنگاو ڕۆیشتن هەتا گوندی قادراوای سەنگاویش ئاگاداری یەکتری بوون،لە بیریەتی کە لە گوندی قادراوا شەکریان پێنەماوە هەتا چایەک لێبنێن و پێکەوە بیخۆنەوە، بۆیە چووەتە لای خانەوادەکەی و لەوێ چاویان بەیەکتری کەوتەوە، ئەوسا قادراوا خەڵکێکی زۆر کۆببونەوەو هەموویان دلتەنگ وماتەم بوون و دەگریان، جەیش وجاشیش دەورەیان دابوون، دوای ئەوەی دایکی هەندێک شەکری پێداوە (بێئاگا لەوەی ئەوە دوا شیرینی دەستی دایکێتی) ئیتر جیابووەوەو هەنگاوی نا هەتا بچێتەوە بۆلای مەرەکانی بەلام کاتێک ماڵئاوایی کردو ڕۆیشت باوکی بانگی کردو ئەمیش ئاوڕی دایەوە بینی باوکی دەگری بۆیە گەرایەوە بۆلای،ئاخر باوکی

ئەکـــبەر هەر گوندنشـــینێک نەبـــوو خەریکـــی مەڕومـــاڵات بەخێـــوکردن بێـــت، بەڵکـــو پیـــاوێکی هەستـ ناسـک و شـاعیریش بـوو، کەسـایەتیەکی کـــۆمەلایەتی و دامەزراوبـــوو، دایکیشـــی بـــالا بەرزێکی سورووسپی بوو، لەوکاتەدا دەستی کرد بەگیرفانیداو بڕێـک پـارەی پێـدا، ئەکـبەر بیرێتـی کەوا پـارەکە (٣ دینـاری ئاسـن بـوو) ئامۆژگـاری کردبوو کەوا ئاگاداری خۆی بێت (خوا دەزانێت ئێمە چیمـان بەسـەر دێت) ئەوە دوا قسـەی دایکی و دواهەمـین دیـداری خـۆی ودایـک وبـاوک و خوشک وبراکانی بوو.

(بێـــدنگی و دڵتەنگـــی ئەکـــبەری لەقســـەکردن وەســـتاند دوای ئەوەی فرمێســـکەکانی وەســـتاند دەسـتی کـردەوە بەقسـەکردن) بەڵـێ تەنهـا سـێ دیناری پێمدا. ئیتر ئەوە دوا دیداری من و دایکم بوو، جارێکی تر نەم بینینەوە.

## لە چەمچەماڵ

ئەکـــــبەر بەردەوامەو چیرۆکـــــی خـــــۆی دەگێــــڕێتەوە. لەوێ دەرچـــوین بەنـــاو تەونـــی جاڵجـــاڵۆکە ئاســـای جەیـش و جاشـدا هـــاتین، ئـێمە مـن و جەعـفەری ئـامۆزام دەبـوو بەپێـی هەنگـاوی ڕانەمەڕەکە ڕێـگە ببـڕین بـێ ئەوەی بـزانین چـارەنوس بۆکوێمـان دەبـات، جەعـفەر لەمـن گەورەتـر بـوو، بـۆیە ترسـی گیرانیشـی زیـاتر بـوو، هێنـدە بەخـت یـاوەر بـوو هەتـا گەیشـــتینە چەمچەمـــاڵ ولەوێ مەڕەکـــانم هەرزان فـرۆش کـردو خـۆم گەیانـدە مـاڵی خزمێکمـان، مـاڵەکە خەڵکـی تریشـی لـێ بـوو، مـاڵی ئاوابێـت نـزیکەی سـاڵ ونیوێـک لەو مـاڵە مـامەوە، بەلام زۆر هەسـتم بەنـامۆیی دەکـرد، شـــەرمم دەکـــرد، بەلام ئیتـــر مـــانەوەم بـــووە ناچـــاری و مـــاوەی ســـاڵ و نیوێـــک لەوێ مـــامەوە، جاشـــەکان نەیـــانتوانی بمگـــرن لەبەرئەو مـــاڵی خزمەمـــان شـــەوان دەچـــوەمە

ســـەربانەکەیان و ڕومـــدەکردە لای قـــادرکەرەم و بەخەیـــاڵ دەچـــومەوە بۆگونـــدەکەی خۆمـــان و دەمگـــوت ئێســـتا دایکـــم و بـــاوکم و ئەوان گەراونەتەوە بـــۆئەوێ ئیتـــر وەک شـــــێتم لیهاتبوو.

ئێـــوارەیەک خزمەکەمـــان زۆر لـــێم تورەبـــوو گـوتی : تـۆ بـۆ نـان نـاخۆی ئەو ئاگـای لەنـاخی مـن نەبـوو چـۆن لەنـاوەوە گـڕم گرتبـوو، منـیش لەمـاڵەکە ڕۆیشـتم ئەو شـەوە کـۆلانەو کـۆلان دەگەڕام ڕوم کـــــــــردە مزگەوتێـــــــــک بە مجێـــورەکەم گـــوت ڕێگەمبـــدە ئەمشـــەو لێـــرە بـــــخەوم، مزگەوتـــــی ( مەلا تەیفـــــور) بەلام مجێـورەکە بەپـاڵ کـردمیە دەرەوەو نەیهێشـت لەوێ بــخەوم . نەمــدەتوانی لەبەر جاشـــەکان ڕاســتیەکەش بە مجێــورەکە بڵــێم چــونکە ئەوان دەیـانگرتم و بە مشـتێک پـارە منیـان تەسـلیم بەحکـــومەت دەکـــرد، هەتـــا ڕۆژ بـــووەوە کۆلانەوکـــۆلانی چەمچەمـــاڵ گەڕام و ســـبەی ناچاربووم ڕۆیشتمەوە بۆماڵەکە.

## گیران و ئەنفالکردنی جەعفەر

دوای ســـــێ چـــــوار مانـــــگ مانەوەمـــــان لە چەمچەمـــاڵ چەنـد جارێـک ئیخبـاری کـراین و مەترســـیمان بـــۆ ئەو مـــاڵەش دروســـتکرد کە داڵــــدەی دابــــووین، هەتــــا وای لیهــــات لەنیوەشـــــەودا هێزەکـــــانی ئەمـــــن و ســـــوپا چـــــواردەوری چەمچەماڵیـــــان گرتـــــوو، لە ســـپێدەی بەیانـــدا دەســـتیان کـــرد بەگەڕان وپشـکنینی مـاڵ بەمـاڵ بەمـاڵی جاشەکانیشـەوە، لەو هەڵــــــمەتەدا جەعــــــفەر گیــــــرا، بەلام لەبەرئەوەی مـــن منـــداڵ بـــووم لەمنیـــان نەپرســـی، ئیتـــر دوای گیرانـــی جەعـــفەر و ئەویشـــیان بـــردو جـــارێکی تـــر نەبینـــرایەوە، بەگرتنـــی جەعـــفەر مـــن توشـــی شـــڵەژان و پەژارەیەکـــی زۆر بـــووم، هەمـــوو ڕۆژێـــک وێنەکـانی جەعـفەرم لەگیرفـانم دەردەهێنـاو بـۆ

جەعفەر بۆ خۆم بۆ دایک وباوک و براو خوشکەکانم بۆ مام و ئامۆزاکانم دەگریام، بۆ گوندەکەمانم و هەردوو کەژەکانی و بۆ چۆم و روبارەکانی گوندەکەم دەگریام، ژیان بۆمن هیچ واتایەکی نەما، بەتایبەتی کە خەڵک نەیاندەزانی من چۆن ناخم دەکوڵێ و هەموو هەناوم هەلاهەلایە، هەموو دەرگاکانم بەسەردا داخرابوو، راستە منداڵ بووم بەڵام ئیدی وردە وردە بیرم لەخۆم دەکردەوە و چارم نەبوو، دەمویست چیدی نەبمە بارگرانی بەسەر ئەو ماڵەوە، خەڵک تانەیان لێدەدام و دەیانگوت بۆچی ناچیت کارێک بۆخۆت بدۆزیتەوە، بەم قسانە زۆر ئازاریان دەدام کەس ئاگای لە دەردی من نەبوو، من لادێیەکی چاونەکراوەو نەشارەزای شاربووم و سەرم لەهیچ دەرنەدەچوو، ئەو جاشانەش کە دەهاتنە ئەو ماڵەی لێی بووم زۆر تانەو (تەعلیق) پلاریان لێمدەداو هیچ دەسەڵاتێکیشم نەبوو، رووم دەکردە ئاسمان و لەخودا دەپارامەوەو دەمگوت خودایە : من بۆیەکجارو بۆ یەک شەویش لە دایک وباوکم دانەبراوم و ئێستا نازانم بۆکوێ بڕۆم ..؟ روو لەکوێ بکەم، تەسکەرەم نەبوو، نەمدەتوانی بەهیچ لایەکدا بڕۆم، دایک وباوکم ئەنفالکرابوون ، چونکە گرێبەستی هاوسەرگیریان نەبوو لە دامودەزگای حکومەتدا هەر عازەب بوون، ئیتر چۆن دەمتوانی بچم کارێک بکەم و چۆن دەمتوانی تەسکەرە دەربهێنم، باش بوو شتێک بەبیرمدا هات پیاوێک کە مامی باوکم بوو داوام لێکرد بمکات بەکوڕی خۆی و لەسەر خۆی تەسکەرەی بۆ دەرهێنام. ئیتر منیش بۆ ئەوەی چیتر نەبمە مایەی زەحمەت و ئەزیەت بۆ ماڵی خزمەکانم بەچاوی پڕلەگریان و دڵتەنگییەوە ئەوانم بەجێهێشت و لەماڵیان ڕۆیشتم.

**ئەکبەر گەیشتە موسڵ و بەغدا**

لەرێگەی خزمێکمەوە ڕۆیشتم بۆ شاری موسڵ ولەوێ لەکارگەیەکی قیردا دەستم کرد بەکارکردن، دواتر کەسەرەی مۆڵەت وپشووم بوو رۆیشتم بۆ کفری وکەلارو عومەری ئامۆزام دۆزییەوەو ئەویشم برد بۆ موسڵ و لەلای خۆم دەستی کرد بەئیشکردن، نزیکەی ٦ مانگ پێکەوە لەوێ ئیشمان کرد، جومعەو پێنج شەممان خەڵک دەرۆیشتنەوە بۆماڵەکانیان و بۆناو خزم وکەسوکارەکانیان بەڵام ئێمە خەفەتمان دەخواردو داماوو سەرکز هەر لەشوێنی کارەکەمان دەماینەوە، چونکە کەسمان نەمابوو هەموویان ئەنفالکرابوون و خۆشمان ماڵمان نەبوو .[1] ساڵی ١٩٩٠ کەجەنگی کوێت رویداو گەمارۆخرایە سەر عێراق نەهامەتی و گرانی دروست بوو، ئیدی بەکەڵکی ئەوە نەدەهات بچینە سەرسفرەی خزم وناسیاوەکانمان، ناچار من و عومەر رۆیشتین بۆ بەغداو شانمان دایە بەرکرێکاری ماوەیەک کرێکار بووین، زۆر دڵتەنگ بووین، زمانمان نەدەزانی و بێ کەس وتەنیا باڵ مابووینەوە بیری کەسوکارەکەمان دەکردو دڵی یەکتریمان دەدایەوە و جاری واش هەبوو پێکەوە دەگریاین. ماڵ وحاڵمان نەبوو، هەموو ماڵەکەمان ئەو دوو جانتایە بوو کە بەشانمانەوە بوو، کە دەگەڕاینەوە بۆ گەرمیان و کفری وکەلار وەزعمان خراپتر دەبوو، چونکە خەڵک بۆخۆی وەزعیان زۆر زۆر خراپ بوو، کەدەچوینە ماڵێک جارێکی

1 هەمان ئەم حاڵەتە لە تاقانەیەکی تری ئەنفال دەیگێڕێتەوە بەڵام ئەوان لەسەربازی مۆڵەتیان وەرنەدەگرت و هەر لەسەربازگەکاندا دەمانەوە، یەکێکی تر لەبارەگای پێشمەرگە دەمایەوە هەتا ئەو کاتەی هاوسەرگیری کرد .

تــر لەرومــان نەدەهــات بچیــنەوە ئەو مــاڵە . زۆر بـێکەس بـووین، بـێ مـاڵ وحـاڵ بـووین، هەرکەسـێکی ناسـیاومان بـدیتایە زۆر دڵمـان پێیـدەکرایەوە، بـۆیە ناچـار دەرۆیشـتینەوە بـۆ بەغـداو لە غەریبیـدا دەژیـاین و شەوانیشـمان لە هۆتێلەکاندا بەسەر دەبرد.

ئەنفـال بـۆ ئەکـبەر دۆزەخ و تـاوانێکی هێنـدە گەورەیە، هەرگیز قابیلی لەبیرچونەوە نیە، چونکە لەدایـک وبـاوکی کـردو لە گونـدەکەی هەڵیکەنـدو خۆشیەکانی ژیانی بەتەواوی تێکدا،ئەو کوری ناو خـانەوادەو ماموئامۆزاکـانی بـوو هەردوک بـرا رەحمـــان و جەمـــال لەنزیـــک یەک دەژیـــان بەهەردوکیان ١٧ کەسیان ئەنفالژکران و ئەنفال ئەکـبەرو عـومەری بـێکەس کـردو لەهەردەکـانی فەقـێ مسـتەفاوە رەتانـدنیە نـاو کۆمەڵگـایەک کە زیـاتر لەزینـدان دەچـوو نەک شـار، لەشـوانێکی نـــیمچە ئـــازادی نیوسروشـــتەوە گـــۆری بە کرێکـــارێکی وابەســـتە بەگرێبەســـت ومەرجـــی قورســـی وەســـتاو خاوەنکـــار، لەبەرانـــبەر رۆژانەیەکی کەموکاری تاقەت پروکێن، لەوانەش قورســـترو نـــامۆتر ئەوە بـــوو کەلەکرێکـــاری دەگەرایەوە نەیدەزانی روبکاتە کوێ ؟! کام ماڵ و کام خانەخوێ ؟ ئەوە سەرباری ئەوەی ماڵەکان بۆی باش بوون بەڵام بۆئەو ناخۆش وتاڵ بوو، کەهەر شەوەی لەماڵێک رۆژبکاتەوە. بۆیە ئەوەش لەلای ئەو شایانی لەبیرچوونەوە نیە، بەڵکو هێندە وەفـــادارە سوپاســـگوزاری هەرمـــاڵێکە لەو خانەوادانەی لە رۆژانی لێقەوماندا نانێکیان پێداوە. جوانترین رەفتاری ئەکبەر ئەو سۆزەیە کە لەگەڵ هاورێکانی هەیەتی ئەوانەش زۆریان وەک خۆی تەنیـا کەوتـووی ئەنفـالن یەکێـک لەوان عـومەر جەمـالی گونـدی فەقـێ مسـتەفایەو ئـامۆزایەتی ئەویـش تاقـانەیەکی تـری ئەنفـالەو هەر خەڵکـی گونـدی فەقـێ مسـتەفایە، لەدیـدارێکی نێوانمانـدا زۆرێک لەزانیاری لەبارەی ئەکبەرەوە پێبەخشیم، عـومەر کاتێـک باسـی خـۆی بـۆدەکردم باسـی تاقانەکـانی تریشـی دەکـرد بەزۆریـش لەسـەر ئەکـبەر دەوەسـتاو سـەرباری خەمەکـانی خـۆی خەمـی ئەکبەریشـی بـوو، ئەوان هەتـا ئێسـتاش هەرچەنـــدە لە تەنیـــایی رزگاریـــان بـــووەو هاوسـەرگیریان کـردووەو بـاوکی چەند منداڵێکن بەڵام لەگەرەکی راپەرینی شاری سلێمانی پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن.

ئەکبەر ماوەی (١٢) ساڵ بەتەنیا ژیاوەو مەینەتی و دەردە ســـەرییەکی زۆری چەشـــتووە. ســـاڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ سازگار عومەر ئەمین هاوسەرگیری کـردووەو خێزانـی پێکەوەنـاوە و بەرهەمـی هاوســـەرگیرییەکەیان چوارمنـــداڵە بەناوەکـــانی (رێـبەرو رۆژیـن ورێـدارو رێبەنـد) . کەهیـوای ئەکـــبەرن بـــۆئەوەی لەدوارۆژدا ببـــنە دادوەرو یاســـاناس و خزمەتـی دۆسـێی ئەنفـال و خەڵکـی کوردستان بکەن . لێرەدا دەوەستین، بەڵام دەرگا بەروی چیرۆکەکەیدا داناخەین، بەڵکو لێدەگەرێین بۆ زانیاری زیاتر، هەتا ئەوکاتەی بوارهەبێت ئێمە زانیـــاری لەبـــارەی ئەکـــبەرو هاوشـــێوەکانی کـــۆدەکەینەوەو دەســـتبەرداریان نـــابین بێـــئەوەی لەســـەر ئەوە راوەســـتین حـــزب وحکـــومەت و کۆمەڵگە هەتا چەند بەدوای دۆسـێ ئەنفالەوەن و هەتاچەند ئەم چیرۆکانەیان بەلاوە گرنگە.

## بەشداربە لەدروستکردنی یادەوەری

هاوکـــاری ئەنفالســـتان بـــکەو بەشـــداربە لەنوســـینەوەی مێـــژووی خـــۆت، لەهەرکـــوێ چیرۆکێکـــت بیســـت هەولبـــدە بینوســـەرەوە لەهەرکوێیەک وێنەی ئەنفالکراوێکت دەستکەوت بیگەیەنە بە ئەنفالستان یان ئاگادارمان بکەرەوە بۆ دروستکردنی یادەوەری چاوەروانی دەسەڵات و حـزب و حکومەت مەبە دەستبەکاربەو مێژوو بنوسەوە، چونکە نەتەوە بەبێ مێژوو بونی نیە .

(ئەنفالستان)



# ئایا سەرکەوتووبوین لە هەڵسەنگاندنی تاوانەکانی ئەنفال ؟

د.پەروین نوری عارف
بەشی مێژووی زارەکی

ئەنفال و کیمیاباران دوو نەهامەتی گەورەن حکومەتی بەعسی عیراق لەسەدەی ڕابردوودا بەسەر میلەتی کوردی هێنا .

دوو وتەی قورس و گران بەسەر زمان و مێشکمانەوە هەرکاتێک ئەڵێن ئەنفال یان هەڵەبجە یان کیمیاباران لەکوشتن و برین وخنکاندن بەگازی کیمیاوی و چاو کویر کردن و سنگ توند کردن بەگازی کیمیاوی چیترمان بیر ئەخاتەوە ؟

ڕاستە ووشەی (ئەنفال)ناوی یەکێک لەسورەتەکانی قورئانە (سورەتی8)لەگەڵ ئەوەشدا کەئەبیستین ئەم ووشەیە چرکردنەوەی کۆمەڵکوژی میللەتیکە لەکات و ساتی خۆیدا ،کەم کەس ئەیزانێ چی ڕوودەدات و کەم کەس ئامادەبوو داکۆکی لەکورد بکات ..هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ،خەریکی سەوداو مامەلەو فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی وگازی جۆراو جۆر بوون بە حکومەتی خوێن ڕێژی بەعس کۆمپانیاکانی ئەلمانیاو دانیمارک کێبرکیان بوو لەسەر فرۆشتنی گازی کیمیاوی بە عیراق لە پێناوی پارەی مفتدا .

لێرەدا مەبەستی ئەم باسە ئەوە نییە بەقوناغەکانی ئەنفالدا بڕۆم وە لەسەریان بوەستم ئەمە باسێکە چەندین کەس و لایەن لەسەریان نووسیوەوە دۆکیۆمێنت کراوە بەزمانی کوردی ،عەرەبی،ئینگلیزی،فەرەنسی وزمانەکانی تری گەلان .

مەبەستی من وەلامدانەوەی ئەم پرسیارەیە :

ئایا ئیمە سەرکەوتووبوین لە هەڵسەنگاندنی تاوانەکانی ئەنفال ؟

وەڵامیکی روون وئاشکرا ئەمەیە :

نەخێر تائیستا ئیمە سەرکەوتونەبووین لە هەڵسەنگاندنی تاوانەکانی ئەنفال لەوانەیە لەمەودوا هەوڵ بدرێت بۆ ئەو مەبەستە ئەمەش بەجێ ئەهێڵین بۆ (زەمەن)پێویستە لەسەرمان بەڵگەمان هەبێت وە بیخەینە ڕوو بۆ ئەوەی داکۆکی لە وەڵامەکەمان بکەین .

لێرەدا باشتر وایە لەسەر ئەم بابەتە هەندێک ڕوونکردنەوە بدەین .

پرسیارەکە دیاری نەکردووە کێ سەرکەوتوو نەبووە ئەم پرسیارە کێ دەگرێتەوە وەکێ ناگرێتەوە لەبەر ئەوەی پرسیارێکی زۆر گشتگیرە و پەیوەندی بەیەک یان دوو لایەنەوە نیە .

*تاوانەکانی ئەنفال ئیشی یەک کەس و یەک لایەن نییە تەنها ئیشی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە تاوانەکانی ئەنفال وهەوڵی دۆکیۆمێنت کردنی ئەو تاوانانە ئەوەندەی ئیشی حکومەتی هەرێمە دووئەوەندە ئیشی ڕێخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یە دوو ئەوەندە ئیشی زانکۆکانی کوردستانە دوو ئەوەندە ئیشی ناوەندەکانی توێژینەوەیە لە بواری سیاسی ،عەسکەری،کۆمەڵناسی،دەروونی،بواری کەلەپور ئیشی تاکی کوردە کەبەدوای بەڵگەکاندا بگەرێت بۆئەوەی تاوانەکانی ئەنفال شوێن بزر نەکرێت تاوانباران بە سزای خۆیان بگەن .

بە بەراورد کردن لەگەڵ میللەتانی دیکە کە تاوانی جینۆساید ئەنجامدراوە لە دژیان وەکو ئەرمەنەکان و جولەکە بەنمونە وەربگرین میللەتی کورد هەتا ئەمرۆ هەنگاوی ڕاست ورەوانی نەناوە بۆ تاوانبارکردنی حکومەتی بەعسی عیراق لە دادگا نیو دەوڵەتیەکاندا .

هەتا ئیستا بە سیستماتیک هەوڵ نەدراوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی وە لەسەر شێوازێکی ئیشپێکراو لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی جیهاندا ئیش لەسەر ئەم بابەتە گرنگە بکرێت کەلەوانەیە رۆژێک بێت بە ڕیخۆشکەر بۆ سەربەخۆیی کوردستان گەر بەژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وە

ئەوەی کە هەیە لـــەدڵ ومێشکی دەربازبووانی ئەنفال و کیمیاباران بـــخرێتە بەردەستی دادگای نێو دەوڵەتی .

وولاتە پێشــکەوتووەکانی جیهـان ئەوانەی تـــووشی جینوسایدیش نەبـــوون لە چلەکـانی سـەدەی بیستـــەوە دەســـتیان داوەتە کـــۆکردنەوەو ئەرشـــیف کردنـــی (مێژووی زارەکی Oral History) زانکۆکانیان یـان ناوەندە ئەکادیمیەکانیان وەکوو کـورەی هەنـگ ئـیش ئەکەن لەســـەر ئەو لایەنە ،چەنـدین روداوی مێژوویـی سروشتی ،کۆمەڵایەتی راستکردەوە کە ســەرچاوەکەی زۆر بـــاوەرپێکراو نەبـــووە وە کەڵکیـــان لە زانیـــاری بەتەمەنەکان وەرگرتووە بۆ ئەو مەبەستە .

هەردوور نەروین لە عیراق وە لە سـاڵی (٢٠٠٥) وە لە کۆنفرانســـێکدا کە بەســـترابوو لەشـــاری عەممـــانی پایتەختی ئـوردن بەسپۆنسـەری زانکـۆی کۆلۆمبیـای ئەمەریکـــی ،عیراقیەکـــان لەکۆنفرانســـەکەدا هەنـــدێ زانیاریان راستکردەوە کە بەهەڵە لە باسەکاندا هـاتبوو لەکـاتی پێشکەشـکردنیدا لە کۆنفرانســەکە ، ئەمە وای کرد کە زیاتر گرنگی بدرێت بەو بابەتـانە کە لە زاری خەڵکەوە نەبیسترێن و پرۆژەی (الڕاکره العراقيه) بەم جۆرە لە دایک بووە .

بائەوەش لەبیر نەکەیـن کە پرۆسێسـی بە جینۆسـاید ناساندن هەروا ئاسان نـیە مـن ئەمە نـاڵێم کە پاسـاو بێنمەوە بۆ سستیمان لەم بـارەیەوە ئەمە حەقیقەتە وە ئەبێـت ئـێمە نەفەسـمان درێژبێـت وە خۆمـان بـۆ پرۆسێســێکی دوورو درێـژ ئامادەبکەین،بـارودۆخی سیاسی جیهان دەورێکی باڵا ئەبینێت لەم پرۆسێســەدا .

گەرچـــی هەنـــدێک جارلەســـەر حســـابی میللەتـــی جینۆسایدکراوبێت لەبەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتان .

نموونەکان :

جینۆسـایدی ئەرمەنەکـان ئەوا (١٠٠)سـاڵی بەسـەردا تێپەڕیــــوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەرمینیـــا دەوڵەتێکـــی ســـەربەخۆیە ئەنـــدامە لە نەتەوەیەکگرتووەکـــان لەگەڵ ئەوەی کەلوبییەکی بە هێزیان هەیە لە وڵاتێکی زلهێـزی وەک ئەمەریکـا ،تـائەمڕۆ (٢٠١٧)لە چەنـد پەرلەمـانی وڵاتانی ڕۆژئاوا زیاتر چەنـد دەوڵەتێکـی ڕۆژئـاواش هێشتا نەتەوە یە کگرتووەکـان دانـی بە جینۆسـایدی ئەرمەنەکان نەناوە لەسەر دەستی دەوڵەتی عوسمانیدا .

***جینۆسایدی (هنود الحمر) هندیە سوورەکان:**

ئەمەش یەکێکە لەو ستەمانەی کەلەمیلەتێکی بێدەسەڵات کـرا بۆرێگاخۆشـکردن بـۆئەوەی کۆمەڵەخەڵکانێـک کەلەچوارقـــورنەی جیهـــانەوە ڕوویـــان کردەقـــارەی ئەمەریکای باکوور ژیانێکی ئاسودەیی وشارسـتانیەک دروست بـکەن بـێ ئەوەی دانیشـتوانەکانی ئەوخـاکە بەژداربن تیایدا تائیسـتا حکـومەتی ئەمەریکا رێگا نادات ئەم دۆسیانە هەڵبدرێنەوە .

***جینۆسایدی ئوستراليا :**

بەهەمـــان شـــێوە جینۆســـایدی(ئەبورجنیەکانی)قارەی ئوســـترالیا کەئەوانـــیش هـــاوڵاتی ئەو خـــاکەبوون سپیەچاو شین وسەوزەکان جینۆسایدیان کردن .

*جینۆسایدی خەڵکی ڕەسەنی کەنەدا کەنەدیەکان:

بەهەمان شێوە کەنەدیەکان خەڵکی ڕەسەنی کەنەدایـان جینۆسایدکرد بـۆئەوەی ژیـانێکی ئاسـودە بۆخۆیـان فەراهەم بکەن وە شارستانیەتەکەیان بنیاد بنێن.

***جینوسایدی رواندا:**

ئەم جینۆسایدە راسـتە زۆری بەسـەرا تێـپەر نەبـووە وەکو نموونەکانی تربەڵام بەبەرچاوی ملیارەها خەڵکی ئەم جیهـانە دووقەبیلە ئەمیـان ئەویتریـان جینۆسـاید کرد(الهوتوو التونسی)وە ئەوانیش هێزی ئەوەیان نـیە وەلوبی ڕێک و پێکیـان نـیە لە ئەمریکـاو ئەوروپا کە جینۆسایدیان بەرەو دانپیانان بچێت .

بۆزیاتر جەخت خستنە سەر بابەتەکەم چەند بـوارێکم هەڵبـــژاردووە کەپـــێم وایە ســـەرکەوتوو نەبـــووین لە هەڵسەنگاندنی تاوانەکانی ئەنفال وکیمیابـاران بەپێـی ئەم ڕیزبەندییە :

1. ژن و تاوانەکانی ئەنفال:

تاوانی ئەنفال ژن پیاو ،منداڵ،گەورە،بچوکی گەرتەوە یەکێک دەربازنەبوو لەبەرئەوەی منداڵە یەکێک ڕەحمی پێ نەکرا لەبەر ئەوەی پیاوێکی بەتەمەنە یەکێک نەبوو ڕەحم بەژنێکی سکپر بکـات وبڵێت باجامێـک ئـاوی بـــدەمێ نەک لەبەر خـــۆی بەڵکـــو لەبەر ئەو منـــداڵەی

چاوی بەدنیا هەڵنەهێناوە بەپێچەوانەوە شەقیان لەسکی ژنە سکپڕەکانمان هەڵدا وەبەپێکەنینەوە لەکاتی ژانگرتندا بەنوکی پۆستاڵەکانیان کراسی ژنە بەدبەختەکانی ئێمەیان هەڵدایەوە زیادەڕۆیی نیە گەر

- بڵێم ژن قوربانی یەکەمی دەستی تاوانی ئەنفالە
- ئەمەناڵێم کەپیاو قوربانی نەبووە نەبەدەست تاوانی
- ئەنفالەوە ئەمە ئەڵێم لەبەر ئەوەی ژن هەتا ڕادەیەک
- لەلایەن حکومەتەوە وەلەلایەن دەزگای ڕاگەیاندنەکانەوە کرا بەواجیبەی ئەنفال دوای
- ڕاپەرینی (١٩٩١) بەدەستهێنانی جۆرێک لە ئازادی کەرێگای دا تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران باس
- بکرێت کەیادی ئەنفال ئەکرێتەوە ئێتر چاو ڕاهاتووە بەوەی چەندەها ژنی سەرتاپارەشی ئەنفالکراو یان کەسوکاری ئەنفالکراو ببینیت ئەگرین ئەلاوێنەوە فرمێسک ئەرێژن شیعرو شانامە بەسەر کەسوکاریاندا
- هەڵئەدەن و دوای یادەکان ئەگەرێنەوە ماڵی خۆیان لەوانەیە وابزانین ئەوە کارێکی دروستە بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین ئەوە کارێکە هیچ لە ڕەوشتی ئەو ژنانە ناگۆڕێت کەتاوانی ئەنفال ڕەشپۆشی کردوون وەبەو جۆرەیان بەسەر هاتووە هەر ئەو ژنانە ساڵ لەدوای ساڵ بەوجۆرە وێنەیان دەگیرێت وەتەماشاکارانی کەناڵەکانی تەلەفزیون چاویان ڕاهاتووە بەبینینی ئەورەشپۆشانە لەرۆژانی یادەکانی ئەنفالدا .

ڕەشپۆشین نەریتێکە زۆربەی میللەتانی جیهان پەیرەوی دەکەن لەکاتی مردنی یەکێک لە ئازیزەکانیان ماوەی ڕەشپۆشین جیاوازە لەمیللەتێکەوە بۆ میلەتێکی تر وەبەپێی نەریتی میلەتان (تغریە) گرتن وە خەمخۆری بۆئەوکەسەی لەدەست کەس وکارەکەی ڕۆشتوە وەکوچی کردووە مانای ڕەشپۆشی نیە بۆماوەیەکی دوورو درێژ تەنانەت لە کوردەواری خۆماندا ڕەشپۆشی ساڵێک ساڵ و نیوێک ئەوپەڕی دووساڵ ئەخاینیت بەتایبەتی ئەگەر کەسی کۆچ کردو گەنجبێت لە خێزانەکەدا .

ژنانی ئەنفالکراو لەساڵی (١٩٨٨)وە ڕەشپۆشن ئەمە زۆربەی ئەو ژنانە ئەگرێتەوە کەئێستا بەساڵاچوون وەخۆشبەختانە کچە تازە پێگەیشتووەکان ناگرێتەوە .

ئایا ڕەشپۆشی بووە بە (ناوو ناسنامەی تۆمارکراوی) ژنانی ئەنفال کراو ؟

ئایا هەتاکەی ژن ڕەشپۆش بێت ؟

ئایا ڕەنگی ڕەش کێویش لەبن ناهێنێت ؟

ئایا ناخی ژنانی ئەنفال کراو وەکو جلە ڕەشەکانیان نین دوای ئەم هەموو ساڵە؟

ئایا ئازیز مردن تەنیا بەرەنگی ڕەش نمایش ئەکرێت ؟

ئایا نەوەی ژنانی ڕەشپۆش گوناحیان چی یە ژیان لەگەڵ دایکانی ڕەشپۆش بەرنەسەر کەخۆیان لەتەمەنی منداڵی و گەنجیدان وەرۆژ دوای رۆژ کەس وکاریان لەم بەرگەدا دەبینن ؟

ئایا کەسی ئاوڕێ لەباری دەروونی ژنان و منداڵەکانیان داوەتەوە بزانن ئەم ڕەنگە ڕەشە چ زەرەرێکی گەیاندووە بەنەوەیەک لە دوای یەکەکانی ئەنفالکراون (گەنجێک لەکەلار پێی وتم ئەگەر دایکم ببینمسەرپۆشەکەشی سپی بێت نایناسمەوە وەبەلامەوە وایە ئەوە دایکم نیە ژنێکی ترە) دەبا وردبینەوە لەووتەی ئەم گەنجە بەلای منەوە وتەکەی وەکو خەنجەرێک وایە ئاراستەی هەمومانی کردووە گوناحی ئەم گەنجە چی یە کەباوکی وخاڵی و مامەکانی بەدەستی خوێنرێژانی بەعسی لەناوبراون.

هەوڵمدا وەبکۆڵمەوە لە جینۆسایدی میلەتانی تر وەکو ئەرمەنییەکان جولەکەهتر بۆ ئەم دیاردەیە هیچ لەم میللەتانە جلی ڕەش نەبووە بەپۆشاکیان بو هەتا هەتایە .

چی بکەین باشە:

١.یارمەتی ژنانی ئەننفالکراو بدەین ڕەنگ ببێتە میوانیان بۆجارێکی تر.

٢.پسپۆڕی دەرونی لەم بوارەدا بکەونە کارکردن لەسەر ئەم بابەتە وە ڕێ وجێ بۆ ئەنفالکراوان دابنێین بۆ دەرچوون لەتەوقی ڕەنگی ڕەش بارەشپۆش نەبینن هەتا هەتایە .

٣.هەوڵدان بۆ دەست گرتنی ژنانی ئەنفال کراو بەکرینی پۆشاکی رەنگی رەش بە رەنگێکی تر.

٤ .بەستنی کۆرو سیمینار لەگەرمیان و شوێنەکانی تر بۆ ئەو مەبەستە بەبەشداری کردنی پسپۆری دەروونی .

٥.رونکردنەوەی ئەو فاکتەرە کەرەنگی رەش کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر منداڵ و هەرزەکارو گەنجەکانمان .

٦دابەشکردنی فۆرمی زانیاری بەسەر نەوەکانی ئەنفالدا بۆ زانینی رای ئەوان لەسەر رەشپۆشی دایکیانیان وە دیراسەکردنی ئەو فۆرمانە.

٧هەوڵدان بو بە(ئەمری واقع) نەکردنی رەشپۆشی هەتا هەتایی بۆژنانی ئەنفالکراو .

٨خستنە رووی مافی مرۆڤ لە ژیان و خۆشی بینین لە ژیانەوە پەسەندکردنی رەنگەکانی دی لەژیاندا .

٨ تەئکیدکردنەوە لەسەر (Dont die before you die) واتە (مەمرە پێش ئەوەی بمریت) وەجوانکردنی ژیان وەخۆشەویست کردنی ژیان لەلای ژنانی ئەنفالکراو.

٩ وەکو دەسپێکیک کرینی سەرپۆشی سپی بۆ ژنان وەپێشکەشکردنیان بۆ ژنانی ئەنفالکراو لەبۆنەیەکی کۆمەلآیەتی دا وەداوالێکردنیان کە سەرپۆشە رەشەکە بۆ دواجار فڕێ بدەن.

پەیرەوکردنی سیستەمی کشتوکالی (Allotmeut) بەپێی ئەوسیستەمەی حکومەتی خۆجێی لەو شارو شارۆچکەو ناحیەو دیهاتەکانی کوردستان کەبەر شالآوی ئەنفال و کیمیاباران کەوتوە دەستنیشانی چەند پارچە زەویەک بکات وەبەپێی دورو نزیکی لەماڵی خێزانە ئەنفالکراوەکانەوە دابەشی بکات بەسەریانا بەسیستەمێکی ئاسان و بیکێشە نەک بەشێوەی تاپۆکردنی خانوو دوکانەکان هەر خێزانێک یان ژنێکی ئەنفالکراو پارچەیەک زەوی بەرکەوێت کەروبەرەکەی لە(٥)م دوو چا کەمتر نەبێت وەوەزارەتی کشتوکاڵ تۆوو ئاوو پێداویستی کشتوکاڵیان بۆ دابین بکات.

ئەم بیرۆکەیە کەڵکی زۆری ئەبێت بۆ ژنەئەنفالکراوەکان وەخێزانەکانیان کاتی خۆیانی پێوە ئەبەنە سەر وە ئەو بەرهەمانە لەماڵ و چێشتخانەی خۆیان بەکار ئەهێنن جگە لەوەی هاورێیەتی پەیدا ئەبێت لەگەڵ دراوسێ زەویە کاندا وە لەلایەنی ئابوریەوە سوودێکی زۆری ئەبێت بۆ هەموان وەئەوبەرهەمانە دوور ئەبێت لە پەین وسمادی کیمیاوی کەزەرەری زۆری هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ ئەم سیستەمە دەرگایەک ئەکاتەوە .

بۆ سەیرکردنی ژیان بەشێوەیەکی تر لەلایەن ئەو ژنانەی لەکوێی ئەنفالدا قەتیس ماون وەیارمەتیان ئەدات دەرونیان جارێکی تر هەست بەئارامی بکات وەجوانیەکانی ژیان ببێت بەمیوانیان وە ئاشتیان ئەکاتەوە لەگەڵ هیواو چاوەڕوانی شتێکی جوان .

(لێرەدا ئەم سیستەمە جگە لەسودی ئابووری کۆمەلآیەتی ودەرونیەکانی وەفایەک ئەبێت بۆ ئەو کچەی لەنوگرەسەلمان داوای خەیاری لەدایکی ئەکرد لە تیینودا دایکی هەشبەسەری کە پیالەیەک ئاویشی دەست نەکەوت بیدات بەرۆڵەکەی پەلاماری نەعلێکی سوزی دا وەخستیە دەمی رولەکەیەوە هەتا گیانی لەدەستدا نەعلە سەوزەکەی لە دەمابوو) باکوردستان سەوز بکەین باکوردستان پڕبکەین لە خەیار بۆ ئەوەی جارێکی تر منالەکانمان نەعلی لاستیک نەجوون لەباتی خەیار.

**گەنج وتاوانەکانی ئەنفال**

بیرکردنەوە ونووسین لەسەر گەنج خۆی بۆ خۆی کارێکی ئاسان و ئاسان نیە چجای نوسین وە رادەربڕین لەسەر بابەتێکی لەم جۆرە کەپەیوەندی هەیە بەگەنج گەلێک کەبەشێوەیەکی ئاسایی ژیانی منالی وگەنجیتیان بەسەر نەبردووە تەنانەت هەندێکیان شێوەی لەدایک بوونەکەشیان ئاسایی نەبوە ساوایەک لەنوگرە سەلمانی بەدناو لەدایک بوویبێت لەژێر پۆستالی جەندرمەکانی بەعسی خوێنرێژ دایکێک ژانی منداڵبوونی گرتبێت جەندرمەی بەعسی بەنووکی پۆستاڵەکەی کراسی ئەو ژنەی هەڵدابێتەوە بۆ زیاتر شکاندنی ئەودایکەی

کەچارەنووسی کەوتە ژێر دەستی کۆمەڵێک (سایکۆپات) کەبێحورمەتی نەک بەژنێکی کوردی سەرکاسەدەکەن بەڵام بێحورمەتی بەژیان و هێنانە سەرزەوی مرۆڤێکی تر ئەکەن کە تائەو ساتە چاوی بەدنیا هەڵهێناوە چاکەو خراپە نازانێت هەموو هەواڵێکی ئەوەیە لەدایکە بێتەوە وەبگاتە سەر ئەم زەوییە کەلەوانەیە هیچ خۆشییەک و ئاسوودە ییەکی بۆ ئەو تیانەبێت.

ئەوانەی ئێستا پێیان ئەڵێن گەنج تەمەنیان لەسەرو (٢٧)ساڵەوەیە گەربێتو ساڵی ئەنفالکردنی کەس وکاریان بەهەند وەرگرین یان خێزانیان پێکەوە ناوەوە .

ئەم گەنجە لەبارودۆخێکی نالەباردا گەورەبوون بەهەموو پێوەرێک زۆربەی زۆری ئەم گەنجانە لەگەڵ دایک و کەسیان لەنوگرە سەلمان ژیانیان بەسەر بردوە کەتەنانەت ئاوی پاکیان پێرِ وانەبینراوە چجای پێداویستیەکانی تری ژیان بۆ زیاتر شارەزابوون لەبارودۆخی گەنجەکانی ئەمڕۆ چاوێک بخشێنین بەو ڕۆژانەی کەبردیانە سەر لەنوگرەسەلمان وەیان شوێنێی ئەوانەبکەوین کەلە کۆڕەبەکۆمەڵەکان ڕزگاریان بووە تابزانین تالاوی ژیان هەتاکوێ ڕوچوە بەناو دەروونی ئەم گەنجانەی ئەمڕۆ داوایان لێدەکەین کەوەکو مرۆڤێکی ئاسایی هەڵسو کەوت بکەن (تەیموور)بۆ نموونە .

گەنج لەباشترین حاڵەتدا تایبەتمەندی خۆی هەیە وەئەوەی لە منداڵیدا ئەزموونی دەکات هەتا دواساتەکانی ژیانی هەزموونی بەسەریەوە دەبێت وەدەتوانین بلێین منالی هەرتاکێک ڕەنگی ژیانی ئەوکەسە دەرێژێت وە دەربازبوونی لەو قوناغی منداڵییە مەحاڵە .

ئێمە لە دۆخێکدا بشمانەوێت ئەوە پشت گوێ بخەین کە ئەو منداڵانە لەچ ژینگەیەکدا ژیاون کات و ساتیان چۆن بردۆتە سەر دەروونیەن وازمان لێناهێنن وەزوو زوو بیرمان دەخەنەوە کەئەوان باجێکی گەورەیان داوە لەسەر ئێمە پێویستە هەرچی لەتوانامانداییە بیکەین بۆ باشکردنی ژیانیان هەنگاو نان بەرەو ئاسودەیی و دڵنیایی هەندێک گەنج ئەو ژیانە لەلایان ئاسایی بوە لەو باوەڕەدابوون کە منداڵانی جیهان بەو جۆرە دەژین

ئەوجۆرە ژیانە کەبەمنداڵی چاویان کردۆتەوە دەورپشتی خۆیان بینیوە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەریان.ساڵەکانی دوای تاوانەکانی ئەنفال لەو کاتەدا کەرزگاربوان هەر بەتەمای هاتنەوەی کەس وکاریان بوون زۆر سەخت بووە بۆ ئەومناڵانەی کە لەقۆناغی گەورەبووندا بوون ماڵیان پڕ دەبوو لەدەنگی هاتنەوەی (باوکیان،مامیان،خاڵیان،باپیریان،برایان،داکیان،پوریان) یەکێک دەچوو لەدەرگای دەدا دەیوت ئەوا بەڕێگاوەن ئەوا لەماڵی فلان مستەشارن ئەوا هاتنەوە خۆیان حازر دەکرد ماڵیان ڕێک دەخست بەبەرچاوی ئەم منداڵ و گەنجانەوە دوای ئەنجامەکەی درێژەدان بە خەمەکانیان بوو شۆکی گەورە بۆ ئەم گەنجانە ئەوە بوو کەبۆیان ڕون بووەوە ئەو هەزارەها کوردە ئەنفالکراوانە هیچیان جارێکی تر بەپێی خۆیان نایەنەوە ناو کەس وکاریان زیندووەکان دەبێت قەناعەت بکەن کەئەماون لە ژیاندا ئەم پرۆسەیە سەرتاپای ژیانی منداڵەکانی کەئێستا گەنجن داگیرکرد دڵەڕاوکی و خۆشی و ناخۆشی خەوزڕاندن،گریان،هەناسە هەڵکێشان،فرمێسکی خۆشی،فرمێسکی ناخۆشی ،باوەڕهێنان ،باوەڕ نەهێنان، متمانە پێکردن،متمانە پێنەکردن. گفت پێدانی کەس وکار بەجێهێنانی گفت ئەمانە هەمووی وزۆرتریش لەم گێژاوانە دەوری دابوون وەلەکۆڵیان نەدەبونەوە هەندێک لەمنداڵەکان هەموو توانای خۆیان خستە سەر خوێندن لەگەڵ ئەوەی ژینگەی ماڵەکانیان یارمەتیدەر نەبوو هەندێکی تریان باری دەرونیان یارمەتیدەر نەبوو خوێندن تەواو بکەن لەهەوڵی ئەوەدابوون ئیشێک بکەن کەبژێوی ژیانی خۆیان و کەس وکاریان دابین بکەن کە لەژیاندا مابوون منداڵەکان بەشێوەیەکی گشتی کەوتنە لای نەنک ،باپیر،پور،مام،خاڵ،خوشک ،برا بەتایبەتی ئەوانەی کەدایک و باوکیان لەپرۆسەکانی ئەنفالدا گیانیان لەدەسدا .



کچێکی گەنجی دایک و باوک ئەنفال کراو

- کەخۆشبەختانە قوناغی قوتابخانەی تەواو کردووە لەیەکێک لەپەیمانگاکاندا دەستی کرد بەخوێندن لەوێوە لەناو پۆلەکەدا توشی شۆکێکی گەورە هات وەکو بۆی گێرامەوە کچی ئەو مستەشارەی کەئەوانی دا بەکوشت لەهەمان پۆلدا بوو هەوڵی دا بەردەوام بێت لەخوێندن لەوێ بەڵام گوشاری دەروونی و تەوژمی بەسەرهاتەکەیان ئەوەندەی نەمابوو وای لێبکات خوێندگا
- بەجێبهێلێت وەبیر لەدوارۆژی نەکاتەوە،ئەم کچە خۆڕاگرە رۆژێک بەرەنگاری ئەو کچە مستەشارە
- نەبوو هەمووشتێکی لەدڵی خۆیدا هێشتەوە بیری کردەوە بچێت بۆلای بەڕێوبەری پەیمانگاکەیان وەکێشەی خۆی بۆباس بکات بەڕێوبەری ئەو پەیمانگایە زۆر بەجوانی گوێی گرت لەقوتابیەکەی
- بڕیاری دا داوا لە کچی موستەشارەکە بکات خوێندنەکەی بۆ ئەوساڵە دوابخات بەو جۆرە ئەو کێشەیە چارەسەرکرا قوتابیەکەتوانی خوێندنەکەی تەواوبکات لەپەیمانگاکە،ئەمە مشتێکە لەخەرواری
- کێشەو تەنگوچەڵەمەکانی ڕێگای گەنجانی ڕزگاربووی ئەنفال .

## چی بکەین باشە؟

پسپۆری دەرونی توێژەری دەروونی فەراهەم بکرێت لەوشوێنانەی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتوون یان ئەو شوێنانەی کە ڕزگاربوانی ئەنفال نیشتەجێن.

کردنەوەی خول وسازدانی سیمینار لەسەر گەنجان لەو شوێنانەدا هاندانی گەنجان کە ئامادەییان هەبێت بەشداری بکەن لەو چالاکیانە.

سازدانی سیمینار لەسەر بەهێزکردن بۆ بەشداری گەنجان (کچ و کور)لەم سیمینارەدا.

هاندانی ڕێکخراوەکانی کومەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ ئاوڕدانەوە لە کچان و ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال.

هاندانی گەنجەکان بۆ هاوڕێیەتی یەکتر خودوور گرتن لەگۆشەگیری و تەنیایی وەکو ئەزانین هاوڕێیەتی+وهاوڕێی باش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ژیانی ئەوکەسانەی پێویستیان بەهاوڕێیە وەپێویستیان بەوەیە کە لەژیانی ڕۆژانەدا گۆڕانکاری بکەن وەکو (چوونە دەرەوە ،سەیران،چوون بۆ سەیری فلیم لە سینەما ،مەلەکردن،تۆپتۆپێن ،شاخەوانی ).

هەوڵدان بۆکردنەوە (یانەی وەرزش)لە قەزاو ناحیە و گوندەکاندا کەبەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون.

هەوڵدان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی خێزانی لەناو خێزانە ئەنفالکراوەکاندا بەتایبەتی ئەوانەی کەژمارەیەکی زۆری کەسیان لێ ئەنفال کراوە بۆ ئەوەی گەنج خۆی بەتەنیاو بێکەس نەبینێت.

یارمەتی دانی ئەو گەنجانەی نیازی هاوسەرگیریان هەیە بەهەموو شێوەیەک بۆئەوەی هەست بە سەقامگیری و ژیانی نورماڵ بکەن پاش تاوانەکانی ئەنفال.

داوا لە بازاڕەکان بکرێت، بەپێی توانای خۆیان هێندەی بواریان هەیە، داشکاندن بکەن بۆ گەنج لە کاتی هاوسەر گیری و ماڵ پێکەوە نانیاندا.



# عوزێر
## ئەو سەیارەیەی ئێمەی پێگواسترایەوە ژمارەکەی() موصل بوو.

دیدار: عومەر محەمەد
شوێن : هەولێر – گوندی ئینگلیزی
رێکەوتی : ٦ی ئایاری ٢٠١٣

دەمێک بوو دەمویست دیدار لەگەڵ عوزێر سازبکەم سەرباری ئەوەی کە پەیوەندیمان باش بوو لەسەردانانەکانیدا یەکترمان دەبینی و لەرێگەی ئیمایل وفەیسبوکەوە بەردەوام ئاگامان لەیەک بوو، بەڵام بەخت یاوەر نەدەبوو دیدارێک سازبکەین، پاشئەوەی رۆژی ٦ی ئایاری ساڵی ٢٠١٣ لەگەڵ سەنتەری مارگرێت پێشوازییەکی شایستەمان لەشاری سلێمانی بۆ رێکخستن و چەندین کەسایەتی شاری سلێمانی و ئەندام پەرلەمان و نوێنەرانی حزب و حکومەت و وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەفالکراوان و بەرێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانی سلیمانی و چالاکوانانی دۆسێی ئەنفال و کەناڵەکانی راگەیاندن بانگهێشتی ئەو پێشوازیە کرابوون، هەرئەو رۆژە پێیان راگەیاندین کەوا سبەینێ رۆژی ٧ی ئایاری ٢٠١٣ کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی سەرۆکی پارلەمان و دوسبەی ٨ی ئایار جێگری سەرۆکی حکومەت دەیەوێ چاوی پێتان بکەوێت . ئێمە لەگەڵ هەریەک لە کاک عوزێرو حاجی فەرجی تۆپخانەو کاک هاشم محەمەد) لە سلێمانیەوە بەرێکەوتین لە دهۆکیشەوە هەریەک لە عەبدولقهارخەلیل و ئەبابکر عەلی و عەبدولکەریم نایف لەکاتی دیاریکراودا گەیشتینە سەرۆکایەتی پەرلەمان، دوای پشکنین و رێکارەکانی چوونە ژورەوە و دوای کەمێک چاوەڕوانی لە نوسینگەکەی ! بەیاوەری پارلەمانتار سالارمەحمود چاومان بە ئەرسەلان بایز سەرۆکی ئەوسای پەرلەمان کەوت. پاشئەوەی سەرۆکی پەرلەمان پێشوازییەکی ساردوسڕی کردین لەبری ئەوەی گوێ لەدەربازبوان بگرێت بۆخۆی قسەی زۆری بۆکردین، هەڵبەت ئەو تورەبوو لەوەی کە رۆژی رابوردوو لە میانەی ئەو پێشوازیەدا کەلە شاری سلێمانی بۆیان سازکرابوو، باسی کەمتەرخەمی حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان کرابوو. لەقسەکانیدا گوتی : هەر ئێوە لەمەرگ رزگار نەبوون، منیش کەسوکارم شەهیدەو خەڵکیش کەسوکاریان شەهیدو ئەنفال بووەو دەبێت ئێوە شوکرانە بکەن باش نیە دەربازبوون !! ئینجا هاتە سەر گلەییەکانی و گوتی من هیچ پێشنیارو نوسراوێکم لەبارەی ئێوەوە پێنەگەیشتووەو هەرچی دەڵێن راستنیەو مزایەدەی سیاسیە، منیش هەرلەوێ پێمگوت کەوا ئەوە کاک سالار مەحمودە یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی پرۆژەکەی پێدا رەوانەکراوە، ئەوسا تۆ جێگری سەرۆکی پەرلەمان بوویت، ئیستاش پێت دەدەینەوە کە سەرۆکی پەرلەمانیت، ئیدی وتی من کاتم نیەو دەبێت برۆم بانگی بەرپرسی نوسینگەکەی کرد، گوتی بیانبە بۆ ژمێریاری هاوکارییەکم بۆ داناون، من لەوێ وتم بەڵام ژمارەیان ١٠ کەسن لەوەڵامدا گوتی : ئەگەر ئەوانیش هاتن بۆلام دەیدەم بەوانیش، بەڵام من هەرلەوێ هاوکارییەکەی خۆمم رەتکردەوەو وەرم نەگرت دوای ئەوەی (دەربازبووەکان یەکی بڕی (یەک ملیون دیناریان وەرگرت) لە پارلەمان هاتینە دەرەوە بەڵام نە دەبوو بگەرێینەوە بۆسلێمانی و هەر لە هەولێری

پایتەخت بمێنینەوە، چونکە هەر لەسۆنگەی ئەو مەراسیمی ڕێزلێنانەوە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش داوای بینینمانی کردبوو.
بۆیە لەسەر داوای خۆی چوینەوە بۆ ماڵی پەرلەمانتار کاک سالار مەحمود و شەویش هەر میوانی ئەو بووین، من ئەو دەرفەتەم قۆستەوەو لە ژورێکی تایبەتدا کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٨ی ئایار دیدارەکەمان بە پێشچاوی حاجی فەرەج و دەرباز بووانی تری گۆڕی بەکۆمەڵەوە ئەنجامدا. بفەرموون لەگەڵ دەقی دیدارەکەمان .

**کاک عوزێر، تۆ یەکێکی لە دەربازبابوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال لە بیابانی ڕومادی پێشتریش دیدارت لەگەڵدا سازدراوەو چیرۆکی خۆت گێڕاوەتەوە، بەڵام من ئەم دیدارەش بەزیادە نازانم و پێمباشە منیش کتێبێک دەربارەت بنوسم مەرج نیە بەهەمان ئەوشێوازە دیدارەکەت بڵاوبکەمەوە کە پێشتر کراوە هێشتا زووە بڵێم ئەم دیدارە چۆن بڵاو دەبێتەوە.**
بەڵێ ڕاست دەفەرمووی لەئەنفالدا ئەو تاوانە بەرامبەرمان کراو ئەوە ڕویدا کە ئێستا هەموو کەس دەیزانن. بەڵام هەتا قسەی لەسەر بکرێ هەرباشە، هەرچەندە من وەک خۆم زۆر زۆر بێتاقەتم لەم وەزعەو بەوخوایەی وا لەبان سەرمانە بەکاک فەرەجیشم گوت لەبەرخاتری تۆ نەبێت قسەلەسەر ئەنفال ناکەم .
**بۆچی ؟**
کورە کاکە ئەم دەسەڵاتدارانە تەواو بێتاقەتیان کردووین، بەخوا کەسێکی وەک تۆ نەبێت کەس لێمان ناپرسێتەوە .
**هەموو خەڵکی کوردستان تۆ دەناسن، بەڵام پێموایە عوزێر ناوی خۆت نیە ئەگەر بەدەمی خۆت ناوی سیانی یان ناوی ڕاستەقینەی خۆت بڵێیت ؟**
بۆخۆم ناوم عەزیز وەهاب محمەد،بەڵام هەر لەمنداڵییەوە پێیان گوتووم عوزێرو ئێستاش هەر بەو ناوەوە ناسراوم.

**بەڵام لەدیدارەکەی عارف قوربانیدا دەڵێی من خۆم ناوم عوزێر بووەو دوایی مامۆستایەکمان ناوی ناوم عەزیز ؟**
ڕاست دەکا، وابوو لەمەکتەب منداڵ بووین، مامۆستا عومەرێکمان هەبوو ناوی نام عەزیز .
**خەڵکی چی گوندێکیت ؟**
خەڵکی لای کەرکوکم بە ئەسڵ خەڵک دێی (تەرجیل)م دێیەکەمان سەر بەناحیەی لەیلانە لە ناوچەی قەرەحەسەن لە پارێزگای کەرکوک
**قەرحەسەن ناحیە یە ؟**
خۆی لەیلان ناحیەیە بەس لەکۆندا بە قەرەحەسەن ناسراوە.
**وتت لەمەکتەب بووم، کەواتە هەتا چەندت خوێندووە؟**
هەتا پێنجی سەرەتایی شەشم تەواو نەکردووە، خوایە تۆبە پێنجیشم تەواو نەکردووە. هەرئەوەندەم خوێندووە.
**بۆچی تەواوت نەکردووە ؟**
وەڵا ئەوەی ڕاستی بێت، ناردویانمە لای کاروبەرخ ومەروماڵات، ئەوسا وابوو .
**ساڵی چەند لە دایکبوویت ؟**
من ساڵی ١٩٦٣ لەدایکبووم .
**گوندەکەی ئێوە چەند ماڵ بوو ؟**
ماڵی زۆری تێدا بوو، بەخوا بەژمارە نازانم بەڵام زۆر بوو،دوای ئەوە چەکداری حکومەتیشی زۆر تێدابوو، پێشمەرگە بویتایە یاخود جاش یاخود جەیش شەعبی بویتایە حکومەت بەیەک چاوسەیری ئەکردی گرنگ ئەوەیە کوردیت، ئەگینا خۆئەو دێیەی ئێمە زۆربەی زۆری چەکداری حکومەت بوو.
**بە چیەوە خەریک بوون ژیانی خەڵک لەسەر چی بوو ؟**
فەلاحی و وڵاخداری و باخێکی مێویش تریّ لەخوار گوندەکەمان هەبوو
**پێشئەوەی لەبەرەی جەنگ هەڵبێیت لە کویّ سەربازبوویت، بەکورتیەکەی پێش ئەوەی فیرار بکەیت لەکویّ عەسکەر بووی ؟**



پێش ئەوەی لە ئەنفالدا، بگیرێم زۆرجار فیرار بوم و عەسکەریشم لە زۆر شوێنکردووە، بۆنمونە لە ناوچەی حاجی ئۆمەران لە بەصرە لە فاو سەربازیم کردووە وە بەشداری شەڕی ئێران عێراقیشم کردووە، دواییش لە شەڕی کوێت .

**ئاخر جار کە لەریزەکانی سوپا، هەڵاتی بۆ خۆشاردنەوە چویتە کۆێ ؟**

چومە گوندی جافان .

**ئەوکاتە لەکوێ سەربازبووی ؟**

لە حاجی ئۆمەران سەربازبووم شەری ئێران گەیشتە ئەویش منیش هەڵاتم و بوومە فیرار.

**جافان لە کوێیە .؟**

ئەویش هەر لەناوچەی قەرەحەسەنە .

**جافان دورە دەست بوو ؟**

وەڵا بلێم چی جافان زۆریش دورە دەست نەبوو، هەروا لەودیو بان مەقانەوەیە، لەناوچەی جەباری بەڵام سەلامەت بوو.

**چەندێک لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆتەوە دوربوو ؟**

جافان تەنها یەک کیلۆمەتر لە گوندەکەی ئێمە دوورە.

**ئەی حکومەت دەستی پێتان نەدەگەیشت ؟**

نا، لەگەڵ ئێران لەشەڕدا بوو، حکومەت ئەوکاتە نەیدەپەرژایە سەر ئێمە .

**مەبەستم ئەوەیە مادام جافان هەر ئەوەندە لە گوندی تەرجیلەوە دوربوویێت جیاوازی چی بوو ؟ ئایا ئەوێ سەلامەتتر بوو بۆ تۆی سەربازی هەڵاتوو ؟**

بەڵێ باشتربوو، ئەی گوندەکەی خۆمان زۆریان چەکداری حکومەت بوون، ئاخر ئەویش زۆرنەمایەوە لە ساڵی ١٩٨٧ دوای ئەوەی حکومەتی عێراق دێهاتەکانی روخاند ئێمە بارمان کردو چوینە دێی خدر ریحان.

**ئەولەکوێ بوو هەرلە جەباری ؟**

نانا ئەو لەناو زەنگنەیە لە ناوچەی قادر کەرەم.

**مەبەستت ئەوەیە ترستان پێگەیشت ؟**

ئائا جافانیشیان روخاندو ئێمەش ناچارماین، چوینە دێی خدر رێحان. ئەوکاتەی حکومەت لە سەنگاوەوە هێرشی هێنا من لەوێ بووم واتا لە خدر رێحان بووم، ئیتر ئەوە بوو جەیشێکی زۆر هاتە گیانمان و گرتیانین.

**جارێ پەلەمە کە دوایی دێینە سەر هێرشەکان، تۆ کە لە خدر رێحان بوویت، خۆت ماڵت دانا یان چویتە ماڵی خەڵکی تر ؟**

لە ماڵی کاک تاهیر جافانی و کاک سابیری برای و کاک عەلی مامەوە لەوێ فیرار بووم، ماڵم نەبوو، بەداخەوە ئەوان هەموو شەهید بوون و دوانیان بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن، بەڵام شوکور منالەکانیان ماوە . من بۆ خۆشم لە ئەنفالدا گیراوم و ئێستا بۆخۆت دەزانی شایەتحاڵێکی گۆڕی بەکۆمەڵم، لە ساڵی (١٩٨٨) حکومەتی عێراقی هێرشی کردە سەر ناوچەکەمان .

**بێگومان تۆناوێکی دیاریت ودەزانین کە دەربازبووی ئەو کۆمەڵکوژییە ترسناکەی بەڵام بورە ئەو دوو کەسەی ئەنفالکران ناویان چیە ؟**

عەلی حاجی قادرو سابیری حاجی قادر، ئێمەش لەگەڵ ماڵێکی تر کەناوی کاک رەمەزان بوو رەمەزانی حاجی سلێمان کە ئەویش ئەنفالکراو لەگەڵ ئێمەدا بوو .

**مەبەستت کاک ڕەمەزانە؟ کە ئەویش لە گوللەبارانەکە دەرباز بوو ؟**

بەڵێ بەڵێ، ئەو دەڵێم خۆشت دەیناسی شوکر ئەویش دەربازی بوو، ماڵی کاک حەسیب ڕەشید و ماڵی مامۆستا حسێنیش، ئەوکاتە حکومەت هێرشەکەی لە سەنگاوەوە دەست پێکردناوچەی ئاژداغ چەکداری زۆری حکومەتی لێبوو لە سوپاو جاش، بۆ زانیاریت یەکەمجار لە گوندی قەیتول شەڕکراوگیرا(2)بە پێی زانیاریەکانم لەوکاتەدا هەندێ پێشمەرگە لە ناوچەی قادر کەرەم گردێکی لێ یە نزیک قەیتول ڕوبەڕوی هێرشەکە بونەوەو لەوێ پێشمەرگەیەک شەهید بوو.

**ناوی پێشمەرگەکە نازانیت ؟**

نا بەخوا ناوی نازانم، ئەوکاتە ئەگەر زانیبێتیشم ئێستا لە بیرم چووە، چونکە کاتێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیووە(3) لە دێی (خدرێحان) مامۆستا مەلا کەریم هەبوو ئەویش بەرپرس بوو لەگەڵ مەفرەزەیەک بوو، ناسیاوی لەگەڵ کاک سالاردا هەبوو. ئەوان هەر تەسلیم نەبوونەوەو هەتا توانیان شەڕیان کردو دوایی بڕیاریاندا کە لەوێ دەمێننەوەو ناوچەکە چۆڵ نەکەن، بەڵام حەفتەیەک پێشئەوەی هێرشەکە دەست پێبکات شۆڕش ویستی کاک سالار بکاتە بەرپرسی هێزی پشگیری هەموو گەرمیان.

2 ئەو ڕۆژەی قەیتول شەڕی تێداکراوەو گیراوە ریکەوتی 9ی نیسانی ساڵی 1988 بووە، ڕۆژی 9ی نیسانی 2014 لەیادی ئەنفالکردنی گوندەکەیاندا دانیشتوانی گوندی قەیتول بۆ ڕێزگرتن لە ئەنفالکراوەکانیان 151 نەمامیان لەگوندەکەیاندا رواند. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین 9ی نیسان 2003 تەختی حکومەتەکەی صدام حسین روخاو پەیکەرەکەی لە مەیدانی فیردەوس شکێنران و ئەبوکازم بەنەعلەکانی پێی کەوتە کوتانەوەی وێنەیەکی صدام، ئێستا ئەو کەوشانە لە مۆنۆمێتی شەهیدانی هەڵەبجە دانراوە.

3 ئەو شەهیدەی عوزێر ناوەکەی بیرچووەتەوە مامۆستا (عبدالواحید عبدالله محمد)ە کە ناسراو بە مامۆستا (وریا ) بەڕێوبەری قوتابخانەی (قەیتول ) بوو. جگەلەو پێشمەرگەیە گوندی قەیتول 151 کەسی تریان گیران و ئەنفالکران و گوندەکەشیان لەگەڵ زەوی تەختکرد (ع .م )

**ئەو کاک سالارە مەبەستت سالاری شێخ فاتیحە ؟**

بەڵێ‌ئەویش وتی: ئەگەرکاک عوزێر لەگەڵم نەبێت من نایکەم‌ئەویش وتی باشە جەولەیەکی جافان و خالۆبازیانی بکەن‌کە هاتنەوە جەولەیەکی تربکەن بۆماوەی مانگێک بۆئەوەی ئەو دێهاتانە بتان ناسن، ئەو کاتە بڕیار ئەدەین کاک سالار بکەینە بەرپرسی هێزی پشگیری.

**مەبەستی چی بوو کەوتی ئەبێ کاک عوزێرم لەگەڵ بێت لە بەرئەوەی تۆ کەسێکی کارا بویت لە بواری سەربازی یاخود چی ؟**

نا هەرلەبەرئەوەی پەیوەندیەکی برایەتی زۆرمان پێکەوە هەبووکە هێرشەکە دەستی پێکرد ئەوان گوندەکەیان چۆڵنەکرد، ویستیان بەرگری بکەن هێزێکی زۆری حکومەت لەوێ بوو لە(دەبابە ومدەرعە) تانک و زرێپۆش بروابکە یەکێک نەیبینیێ بە چاوی خۆی ناتوانێ وەسفی بکات چۆن بوک دەگوازنەوە دەبینی سەیارە چۆن پەلەپەل دەکات مدرەعەو دەبابە ئاوا پێشبڕکییان بوو، لەلای چەپیشەوە هێرشکرا بۆ ناو جاف ئەو دەشتە هێزێکی زۆر گەورەی لێبوو، لەلایەن پێشمەرگەشەوە تازە تیپی پەنجا و نۆی حەمرین پێکهاتبوو بابڵێین تازە دروستکرا بوو، بارەگاکەیان لە نزیک گوندی گەراوی بوو بەخوا نازانم ناوی دیکە چیە لە فکرم چووەتەوە، نازانم گۆلەمە بوو یان بان گۆل بوو، نا گۆلەمە نەبوو (4) لە چەمێکدا بوو ئێستە ناوی گوندەکەم بیرنەماوە کە شەڕەکەش دەستی پێکرد لە گەراوی مقەڕی تیپەکە گیراو ئەو سەردەمەش پێشمەرگە لەناوچەکەدا نەمابوو، پێشمەرگەی زۆرکەم لێمابوو، (ئەوسا هەموو هێزەکان چووبون بۆ شەر لەسەرکردایەتی چونکە یەکەم قۆناغی ئەنفال بۆسەر سەرکردایەتی بوو لە سەرگەڵو بەرگەڵو) کە بارەگای تیپ گیرا ئێمە لە گوندی خدرێحان بووین ناچار هەریەکە ومنداڵی خۆی دەرکرد، چوین

4 گەراوی ناوی گوندێکی تری قادرکەرەمەو ئەویش خەڵکێکی زۆری ئەنفالکراوە .

بەرەو چەمێک لەوناوە من لەگەڵ ماڵی کاک عەلی وماڵی کاک سابیرو کاک رەمەزاندا رۆیشتم .

**تۆ ئەوکاتە ژن و منداڵت نەبوو ؟**

نەخێر، سەڵت بووم دوایی ژنم هێنا .

**بەڵی ببورە بەردەوامبە .**

لەوێ دانیشتین چونکە وتمان نەوەک تۆپبارانی گوندەکە دەست پێبکات، چونکە بەردەوام هیلی کۆپتەر دەسورایەوەو تۆپبارانی گوندەکانیشی دەکرد، بە کاک رەمەزانم وت تۆ بچۆ سەریاڵەکە سەیرێک بکە هەتا من چایەک ئەخۆمەوە دوایی تۆ وەرە نانەکەت بخۆ بزانە جەیش و جاش بۆمان نایات ؟ بەخوا چایەکەم تێک وەردەدا کە تۆپێک هات لەنزیکمان کەوت زۆری نەبرد کە چەند تۆپێک بەرەو ناوچەکەی ئێمە هات و تۆپێکیش کەوتە نزیک خدر رێحان، کاک رەمەزان هات وتی هێرشەکە دەستی پێکرد، ئێمەش ئەو شوێنەمان جێهێشت وهاتینە خوارەوە، چەمێکی زۆر چروسەختی لێبوو چوینە ئەوێ، ئێمە نزیکەی سی و پێنج چەکدار ئەبوین پێشئەوەی لەچەمەکە دەرچین خەڵکەکە رەئی خۆی گۆری وتیان ئەچین بۆ یارمەتی دانی کۆمەڵێک پێشمەرگە لە گەراوی، خەڵکەکەی گەراوی کەمێک لە گوندەکەیان دوور کەوتبونەوە و پێشمەرگەیەک لە شەرەکە رزگاری ببو هات، وتی گەراوی گیراوەو مەلا کەریم و دوو پێشمەرگەی تریش شەهید بوون، مەلا کەریم ناوی پێشمەرگەو نامە و کۆمەڵێک بەڵگەی پێبوبو کاتێک کە شەهید بو ژنێک زۆر زیرەک بوو جامەنەکەی خۆی دابوو بە دەموچاویداو هەموو بەڵگەکانی هەڵگرتبوو بۆئەوەی نەکەوێتە دەستی حکومەت. ژنەکە وتبووی نەکا شتی پێبێ و دەست حکومەت بکەوێ .

**شت مەبەستی نهێنی سیاسی و ناوی رێکخستن و بەڵگەی گرنگە نەکەوێتە دەست حکومەت ؟**

بەڵی بەڵێ مەبەستم ئەوەیە ئەو ژنە ئەوەی کردبوو وتبووی وەک ئەو شەهید بوو با خەڵکی تر توش نەبێت.

**ئەو ژنە کێ بوو ناوی چییە ؟**

ئێستە ناوەکەیم بیرنەماوە ، برادەرەکانی ئێمەش گەرانەوە ونەرۆیشتن، شەرێکی زۆر گەورە بوو، حکومەت لە جەبارییشەوە هێرشی کردو بەردەوام دەوروبەری قادرکەرەمی بەسەختی تۆپباران ئەکرد وە لای قەڵخانلو هێرشیکی تری کرد، جەیشێکی زۆر زۆر بوو لەعەقڵدا نەبوو ئیتر ناوچەی تەپە عەرەب گیرا .

نەتانزانی ئەوشەرە رۆژی چەند بوو ؟

١٩٨٨/٤/٩ بو بەڵام من لەکاک سالارم پرسی لەناو مەرکز شورتەکەدا وتم ئەمرۆ چەنی مانگە وتی ١٩٨٨/٤/١٠. من و کورێک بەناوی عەباسی حاجی نصرالدین بەداخەوە ئەویش شەهید بوو، تاقانە بوو چوار پێنج خوشکی هەبوو دایک و باوکێکی بەتەمەنی هەبوو بریار بوو ئەوهەفتەیە ژن مارە بکات. بەداخەوە قسمەتی نەبوو ئەنفالکرا .

عەباس خەڵکی کوێ بوو ؟

ئەویش هەرخەڵکی خدر رێحان بوو . لەوێ ماینەوە لەگەڵ خەڵکەکەدا تا تاریک دابێت وە ئەوەی ژن و منداڵ بوو بردمان گەیاندمانە نزیک قادرکەرەم بۆ ئەوەی بچنە ناوحکومەتەوە، وتمان خۆمان دەمێنینەوە، ئەو رۆژەش ماینەوە برادەرێکی ترم هەبوو ناوی کاک هیدایەت بوو هیدایەتی مەلا حەسەن مەسئولی ناوچە بوو- دوو چەکداری خزمی خۆی لەگەڵی بوو لەگەڵ ئەو قسەمان کرد چی بکەین و چی نەکەین ؟ وتی سندوقێک فیشەک ودوو گولە ئاربیجیمان حەشارداوە، ئەوکەسانەی کە گەنجن، ئەیانەوێ شەربکەن ئەوەشی نایەوە کەیفی خۆیەتی ئێمە زۆر لەکەس ناکەین بەڵام ئەمرۆ ئاخیر رۆرژە ، ئیتر ئەو رۆژەش ماینەوە تا نزیکی عەسر وتی نابێ ئەم شەش کەسە پێکەوە بین دوو دوو جیابینەوە تا شەو لەفلان چەم یەک ئەبینینەوە

ناوی چەمەکەت بیرنەماوە ؟

لە نزیک خدر رێحانە بە دەستی چەپدا ناوەکەیم بیرنەماوە، کە تۆپباران وکۆپتەرو تەقەو هەرا و شەرەکە نزیک بویەوە کاک عەباس وتی تۆ وەرە لەگەڵ مندا من شارەزای ئەم ناوچەیەم چونکە من

شارەزا نەبووم، ئەو کلاشینکۆفێکی پێبوو لەگەڵ پێنج مەغزەن، خوشکەزاکەی کلاشینکۆفێکی دابە من لەگەڵ سێ مەغزەن من خۆم چەکدار نەبووم و پێشمەرگایەتیشم نەکرد بوو، کاک عەباس وتی لەم چەمەوە دەچینە خوارەوە شوێنێک هەیە تۆزێک دورە بروانا کەم جەیش بگاتە ئەوێ لەوکاتەدا برادەرێک بەراکردن هاتە لامان زۆرشپرزە بوو وتم کاک عەباس بزانە ئەم کورە چیدەوێ نەک جاش بێت وئەمە فێڵێک بێت خۆت دەزانی لەو ساتەوەختەدا پیاو هەموو گومانێک دەکات، بەڵام ئەو وتی من ئەم کورە دەناسم، وتی بۆ وا شپرزەیت وتی ئەم ملەی ئەو دیو پرە لەجاش وجەیش وا بەرەو ئێرە دێن و مەردی خوابن لێرە مەمێنن، ناتوانن مقاوەمەشیان بکەن چونکە ئەوان زۆرن ئێتر ئێمە لە چەمەکەوە هاتینە خوارەوە و کۆپتەرەکانیش بە ئاسمانەوە بوون خەڵکێکی زۆریش بەرەو قادر کەرەم دەرۆیشتن باوەرت بێ هەرلە رۆژی حەشر دەچوو، ووتم کاک عەباس تفەنگەکانمان با بیان شارینەوە، هەموو لایەکمان بە جاش و جەیش گیرابوو بە کاک عەباسم وت با تفەنگەکان بشارینەوە وتی باشە من باوکم نیوسەعاتی تر دەگاتە ئێرە، وتم بۆچی دێت ؟ وتی باوکم چووە بۆ قادرکەرەم بزانێت وەزعەکە چۆنە، رۆیشتین لە سوتکەکەی بەرامبەرمان باوکی پەیدا بوو مام نصرەدین خوا عافوی بکات ئێستا لە ژیاندا نەماوە لەوێ بینیمان وتی رۆڵە ئەوە کوا تفەنگەکانتان منیش وتم وەڵا شاردومانەتەوە، وتی برۆن تفەنگەکان بهێنن ئێمە ئامر سریەیەکی خەفیفە خزممانە بەقسە ئەو عافواتە وتی عەفویەکی نهێنی دەرچووە، جاشەکە وتوویەتی ئەگەر چەکیان پێبێت بۆخۆیان باشترە، من وتم کاک عەباس ئەگەر عەفوەکە نهێنیش بێت ئەبێ لەجەریدەیەک بڵاوبکرێتەوە تۆ هیچ جەریدەیەکت پێیە؟ ئێمە سەیری بکەین وتی نەخێر نەوەڵا جەریدەی چی من بە کاک عەباسم وت کاکە تۆ برۆمن نایەم بڕوا ناکەم عەفوات دەرچوبێت ئەگەر خۆمان بدەین بەدەستەوە رەمی دەکرێین یان چەند ساڵێکی زۆر حوکممان ئەدەن، وەڵا ئەو کاتە باوکی تورەبوو روی کردە من و وتی من تەنها خودای ئەم کورەم هەیە لە هەموو دنیام خۆشتر دەوێ تۆ بڵێیت من بچم بیخەمە بەردەستیان تا رەمی بکەن وە ئەگەر دێیت لەگەڵمان وەرە ئەگەر نایەیت بۆکوێ دەرۆیت هەموو شوێنێک گیراوە، بەهەرحاڵ منیش هیچ چارەم نەما هیچ شوێنێکیش نەبوو بۆی بچم، نەشمدەزانی کاک هیدایەت وئەوان چیان لێبەسەرهات، کە هاتینە خوارەوە چوار پێنج جاش لەپێشمانەوە وەستابون، مێزێکیان دانابوو من پێم وتن ئەم گۆمە ئاوەکەی رۆشنە یاخود لێڵە یەکێکیان وتی لێڵە بۆیە من لەوە دڵنیابووم کە وەزعەکە خراپە وبە کاک عەباسم وت با بگەرێینەوە وتی باسی چیدەکەیت دەورمان هەموی چەکدارە من تفەنگەکەم تەسلیم کردوو دەمانچەیەکیشم پێبوو لەپشتوێنەکەمدا دامنابوو ئافرەتێکمان لەگەڵ بوو خەڵکی خدر رێحان بوو، دەمانچەکەم دایە وتم با بە تۆ بێت نەکەوێتە دەستیان ئێستا لەسەر خەیاڵ نیم، ژنەکە دەمانچەکەی لێوەرگرتم ووتی: باشە چارۆکەیەکی پێبوو خستیە چارۆکەکەو ئەو رۆیشت، کەچی دوای دووساڵ جوابی بۆمن نارد لە چەمچەماڵ هەڵیگرتبوو، وتی وەرە دەمانچەکەت بدەمەوە بۆم پاراستویت منیش هەربەو شێوەیە جوابم بۆناردەوە وتم بابە گەردنت ئازادبێت دەمانچەکە بفرۆشەو بیدە بەشتێک بۆمنداڵەکانت.

**ئێتر جاشەکان چییان لە ئێوەکرد ؟**

ئەو کات ئێمەیان گواستەوە بۆمقەری فەوجەکە ئەوە سابت نەبوو لەوێ هەر بەشێوەیەکی کاتی بۆ ئەنفال دانرا بوو، کە لە جسرەکە دێیتە ئەمبەرەوە بەرەو عەلیاوا و قەرە حەسەن مەرکەزی پۆلیسەکە بەدەستی راستیاوە بوو مقەر فەوجەکەش لەدەستی چەپتدایە وە وەک وتم جێگیر نەبوو تەنها بۆ ئەو پرۆسەیە هاتبون. ئیتر لەوێ ناوی سیانی بوو یان چواری لێیان وەرگرتین، نەقیبێک بوو ناوەکانی وەردەگرت تەرجومەم بۆچەند کەسێکیش کرد .

**عەرەبیت دەزانی ئەوانەی تەرجومەت بۆکردن نایان ناسیت ؟**

بەڵێ کەمێکم دەزانی وە یەکێکیان کاک عەباس بوو ئەوانەی ترم بیرنەماوە، دوای ئەوە ڕەوانەی مەرکەز پۆلیسەکەی قادرکەرەم کراین .

**چۆن بردیانن بە سەیارە یاخود بەپێ ؟**

وابزانم بە سەیارە بوو، چونکە مەرکەزەکە زۆرنزیک بووتەنها جادەکە لە نێوانیاندا هەبوو، ئەو کاتەی (نەقیب)[5]ەکە ناوەکانی ئەنوسین کەتیبەیەکی مەدفەعی لە بان جەباری بوو تۆپ بارانێکی زۆر قورسی دەوروبەری ئەودیوی قادر کەرەمی دەکرد هەندێک جار تۆپەکان زۆر کورت دەهاویشتران هەندێک جار نەقیبەکە خۆی ئەدا بەسەر مێزەکەدا، تەنانەت ئەفسەرێکی بانگکرد وتی بە کەتیبەی ئەوەندە بڵێ ئەگەر سەد مەتر کورتر بیتەقێنن ئەیدەن لە فەوجەکە و با سەد مەتر لەسەروی ئەوشوێنە بدات، دوای ئەوەی کە زابتەکە ڕۆیشت پێی وتن تۆپ بارانەکە وەستا، کە چوینە مەرکەز شورتەکە ([6] (بنکەی پۆلیسەکە) یەکەم شت بە دەستە ڕاستەوە سجنەکەیە لە ناویشەوە کۆمەڵێک هۆڵ و ژوری پۆلیسەکان بوو وە لەناو حەوشەکە خەڵکی زۆری تێدا بوو، من نەمزانی ناو سجنەکە پڕ پڕە کە چومە ژورەوە، سالاری شێخ فاتیح بانگی کردم وتی وەرە چی دەکەیت، وتم جارێ نایەم.

**مەبەستت چی بوو لەوەی کەووتت جارێ نایەم ؟**

لەبەرئەوەی هەندێک ڕەسم وناوی پێشمەرگەم لابوو. دەمویست فرێیانبدەم ، پرسیارم کرد وتم ئەرێ ئاودەستخانە (توالێت)ەکە لەکوێیە وتیان لەوێیە چومە ئەوێ هەموو شتەکانم دڕاند و ئاوم پیاکردوهاتمە دەرەوە.

**ئەو ڕەسمانە یادەوەری خۆت بوو یان هی پێشمەرگە ؟**

هی خۆشمی تێدابوو هی پێشمەرگەشی تێدابوو ، بە یەکێک لە شورتەکانم وت ئەمەوێ بچمە ژورەوە وتی بۆچی ئەچیت وتم دەرەوەو ژورەوە وەک یەک وایە ومن حەز ئەکەم بچمە ژورەوە کە کردمیە ژورەوە دەرگاکەی نەگرت (داینەخست) چونکە ژورەوە پڕ بوو، کاک سالار وتی تۆ بۆ هاتیت منیش وتم ئەی نەمان وت ئەبێ پێکەوە بین وکەس لەوێ نەمابوو، کەستان دیار نەبوون وتی ئەی کێ ماوە وتم وابزانم تەنها کاک نیهادوئەوان لەدەرەوە ماون، بەڵام ناشزانم کوژراون یان زیندون، ئەوانەی لە حەوشەکەبوون کرانە دەرەوەو ئەوانەی ژورەوەیان کردە دەرەوە و پەیتا پەیتا خەڵکیان ئەهینایە ژورەوە، یەکێک لە حەرەسەکان لە بان مەرکەز پۆلیسەکە وەستابوو بە ئەوانەی تری وت ئاگادار بن عەلی حەسەن مەجید بەم زوانە دەگاتە ئێرە، دیارە پێشتر زانیارییان پێدا بوون کە ئەوانە دێن. دوای چەند دەقەیەک دوو هەلیکۆپتەری بچوک لەگەڵ دانەیەکی گەورە دەرکەوتن

**خۆت بینیتن ؟**

کۆپتەرە گەورەکە یەکجار بەسەرماندا تێپەڕی و نەمان بینیەوە بەڵام دوانەکەی تر بەسەر قادرکەرەمدا دەسورانەوە، دوای چەند دەقەیەک چەند زابتێک هاتنە ژورەوە لەوانە عەلی حەسەن مەجید بوو، بارق بوو، من کەسیانم نەدەناسی من بەپێی قسەی ئەو شورتەیە وا ئەڵێم

**واتا تۆش هەر لەسەر قسەی ئەو پۆلیسە وا دەڵێیت ؟**

بەڵێ

**دوایی کە لە تەلەفزیۆن بینیت دەموچاویت نەناسیەوە ؟**

نازانم چونکە جاران لە دێهات تەلەفزیۆن نەبوو

**من دوای ئەنفال یان ئێستە ئەڵێم ؟**

شێوەی نایەتەوە پێشچاوم، ئێمە زۆر دەترساین. هەرئەوە نەبوو کە بڵێیت تەنها پیاوەکانیان گرتووە بەڵکو هەموو ژن ومنداڵەکانیش گیرابوون ئەوەش هەربەجارێ دەتروخێنێ وەک ئەوەیە فرێت بدەنە چاڵێکەوە .

کە ئەفسەرەکان هاتن چییان ووت ؟

---

5 نەقیب پلەیەکی ئەفسەری عێراقیەو لە مولازم گەورەترەو سێ ئەستێرە بەسەرشانیەوەیەتی ناسینەوەی ئەو پلەیە بۆ عوزێرئاسانە لەبەرئەوەی چووەتە خزمەتی سەربازی و مامەڵەی لەتەک ئەفسەرەکاندا کردووە. هەروەها ووشەی زابت مەبەست لێی "چابگ" ە کە بەکوردی دەبێتە ئەفسەر .

6 شورتە مەبەستی لە پۆلیسە مرکزالشرگە بەواتای ناوەندی کارگێری پۆلیس دێت بەڵام بۆئەوەی بە زمانی عوزێر دیارەکە بلاوبکەینەوە وام پێباش بوو خۆی چۆن قسەدەکات هەروا بلاوی بکەینەوە .

پێیان وتین دەبێ بە شێوەیەکی ڕێک بوەستن ئەوەش بۆ ئەوەی جێگامان بێتەوە چونکە زۆربوین وە ئینجا وتیان دانیشان ئینجا وتیان هەستنەوە وتیان دەست بەخەنە سەرسەرتان. ئەفسەرەکە قسەی کرد، یەکەمجار وتی کێ جنسیەی عێراقی هەیە دەست بەرزکاتەوە وە کۆمەڵێک لە ئێمە دەستیان بەرز کردەوە پاشان پرسیاری کرد ووتی چەند کەس پێشمەرگەیەو چەکدارە؟ کەس دەستی بەرز نەکردەوە ، یەکێکیان هەندێ سەیری کردین گۆچانێکی پێبوو، قەمسەڵەیەکی عەسکەری پۆشیبوو، یەکێک تریان عەینەکێکی ڕەشی کردبویە چاوی، هەمویان پێنج یان شەش کەس بوون، وتی سەیر چارەیان بکە نە بە ئینسان دەکەن نە بە ئیسلام دەکەن، ئەوان ڕۆیشتن بەڵام ئێمەش شەونەماینەوە

**بە ڕای تۆ کامیان ئەو قسەیەی کرد؟**

ئەوە عەلی حەسەن مەجید بوو، چونکە هەمویان سەیری دەمی ئەویان دەکردو لەو زیاتر کەسیان قسەی نەدەکرد .

**تۆ تێگەشتی کە واتان پێدەڵێ ؟**

بەڵێ من لەبەرامبەری بووم لەیەکەم ڕیزدا، زۆر نزیک بوو لێمەوە، کە ئەو ڕۆیشت دوای سەعاتێک یان سەعات و نیوێک بوو ئێمەیان دەرکرد . هەتا لەوێ کورێکمان لەگەڵ بوو خەڵکی گوندی خدر ڕێحان بوو ناوی (مەجید)[7] بووئەی نا شتێکی ئاوا بوو باش لە بیرم نەماوە کوڕی حاجی حەسەن بوو، تۆزێک بێباک بوو خزمێکی نزیکی ئامرمەفرەزە خاصە بوو وتی ئێستە بێت من لێرە دەردەکات، منیش وتم بڕوا ناکەم بەخوا ئەویش بێتە ژورەوە حاڵی وەک ئێمە دەبێ و ناچێتە دەرەوە، چونکە ئەمە گشتگیرە ئەو دەیگوت دەتوانێ و من دەمگوت ناتوانی لەوێ پێکەوە وەستابووین کەوتنە جوڵە وەک بڵێی خۆیانی نیشان بدەن سەیرێکی کرد، ئەو لە دەرەوەی مەرکەز شورتەکە وەستابوو بەڵام نە ئەو دەیتوانی قسە بکات نەئەمان دەیانتوانی بە چاو ئاماژەیان بۆ یەکتری دەکرد بەخوا هەر ئەو ڕۆیشت یەکسەر حەوت ئیڤایان هێناو هەمومانیان سەرخست ودوای ئێمە بەردەوام خەڵکیان دەهێنا .

**واتا نەیتوانی ڕزگاری بکات ؟**

لەوێ نا بەڵام ئێستا نازانم دەرچووە یان ئەنفالکراوە ئەوەیان نازانم . کە ئێمەیان بارکرد و ڕۆیشتین لەلای عەلیاوا خەڵکێکی یەکجار زۆر وەستابوون لە ژن ومنداڵ . ([8])

**ئەو خەڵکە چی بوون کەوا وەستا بوون ؟**

کورە هەمووی گیرابوون ژن و منداڵ و گەورەو بچوک و پیرو گەنج .

**بەڵێ تێگەیشتم باشە دوای ئەوەی لەوێ بردیانن ؟**

کە لەوێ دەرچووین بەرەو عەلی مستەفا بەلای ڕاستدا بەرەو تەکیەی جەباری بەر لەوەی بگەینە تەکیە سەیارەکانیان وەستاند زابتێک هات وتی دەست وچاویان ببەستنەوە، بە پشتوێنەکان دەستمانیان بەست و چاویشمان بە جامانەکانمان. پێشئەوەی جامانەکەم گرێبدات هاوارێکم کرد بەڵام بەهەقیقەت ئازارم نەها بەڵام بۆئەوەی کەمێک شل بیبەستێت، کە سەرم بەرز کردەوە کەمێ شت ببینم ، سواری سەیارەکانیان کردینەوەو بەڕێکەوتین بەرەو تەکیەی

---

7 پێدەچێت ئەوەی عوزێر باسی دەکات ناوی (حەمید) بووبێت نەک مەجید چونکە لە ناو لستی ئەنفالکراوەکانی گوندی خدر ڕێحان دوو کەس هەن کە باوکیان ناویان (حەسەن)ە یەکیان حەمید حەسەن حوسێن و ئەوی تریان بەناوی بورهان حەسەن عەلی کە تەنها ناوی باپیریان جیاوازە . جێگەی ئاماژەیە گوندی خدر ڕێحان جگەلە عوزێرو ڕەمەزان کە تیایدا سەربازی هەڵاتوو بوونو خەڵکی گوندەکە نەبوون 34 کەسیان ئەنفالکراوەوهەتا ئێستا بێسەروشوێنن .

8 عالیاوە ئەو شوێنەیە کە خەڵکێکی زۆری ئەنفالکراوی لێ کۆکراوەتەوەو موستەشار شێخ موعتصم بەرزنجی برای شێخ جەعفەری کۆنەپارێزگاری سلێمانی پاسەوانی کردوون، دوانی تر لەدەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ ( فەرەج و واحید) ماوەی دوڕۆژ لەوێ ڕاگیرابوون، بێجگە لەبنکەی پۆلیسەکە ئەویش شوێنێکی تربووە لە قادرکەرەم کە خەڵکیان لێ کۆکردووەتەوە، فەرەجی تۆپخانەش بەهەمان شێوە باس لەهاتنی بارق دەکات بۆلایان .

جەباری و چەمچەماڵ، بەڵام من چەند شتێکم بیردێت لەناو تەکیە وجانی وچەند دێیەکی نزیک یەکن ماڵەکان ڕوخابون و دەسوتان و دوکەڵیان لێبەرز دەبویەوە و لەسەر هەر لوتکەیەک مدرەعەیەک دانرابوو وە جوندیەکانیش سەیریان ئەکردین، هەندێکیان ئەیان وت سەریان بڕن و هەندێکیش هیچیان نەدەوت، ئێمەیان گەیاندە مقەڕ لیوای چەمچەماڵ و بەدەست وچاو بەستراوی دایان بەزاندین، دوایی وتیان دەستوچاویان بکەنەوە، کە سەیارەکان ڕۆیشتن دەست وچاویان کردینەوە، ئینجا چەند گەلابەیەک هاتن ، گەلابە ئەوەی بەردو شتیان پێیاردەکن ئێمەیان خستە ناو گەلابەکانەوە و بردینیان بۆمەرکەز پۆلیسەکەی چەمچەماڵ، پێشئەوەی بگەینە ئەوێ سەیارەکان کەمێک وەستان و کوڕێکی ناسیاوم بینی ناوی مەجید حوسنی بوو خەڵکی باشبلاخە، برادەرێکی ترم بینی بەخوا خزمیشین بەڵام ناوەکەیم بیرچووەوە لەم هەفتەیە هاتە لام بۆ هەولێر کوڕی مام شامارە بەخوا ناوەکەیم لە فکرەوەچوو. دەی ئیتر ئاویان هێنا بەڵام وایان ئەزانی ئێمە نامانەوێت بەڵام ئێمە ئەمان ویست و ئاوەکەیان لابرد، لەوێ نە جاش نە عەسکەری حیمایەی ئێمە نەبوو بەڵکو هەمویان تەواری بوون و گەلابەکان کەوتنەوە ڕێ

**گەلابەکان مەدەنی بوون ؟**

بەڵێ

شۆفێرەکان بەزمانی کوردی قسەیان دەکرد ؟

ئەوەیان نازانم بەڵام دڵنیابووم کە مەدەنی بوون و بە سوغرە(9) گیرابوون، گەیشتینە مەرکەز پۆلیسەکە و نزیکەی سەعاتێک لەوێ ماینەوە وە هەمووئەو پۆلیسانەی لەوێ بوون کورد بوون، یەکێک لە پۆلیسەکان سەتڵێک ئاوی هێنا وتی ئەمە هی حکومەت نیە هی خۆمە، یەکێکی تریان چارۆکەیەک نانی هێناو وتی ئەمە هی خۆمانە نەک حکومەت و خستیە ناو سجنەکەوە . ئەوە نەبوو بیداتەوە بەچاوماندا بەڵام دەیویست شتێک حاڵی بین کە حکومەت نیازی خراپە . لەسجنەکەدا کونێک هەبوو بە برادەرێکم وت با یەکێکمان خۆمان ڕوت بکەینەوە وگیانمان تەڕ بکەین بزانین لەوکونەوە ناتوانین دەرچین بەڵام نەمان دەزانی چەند بەرزە خۆ ئەگەر بشکەوتینایە بەسەردا هەر ڕزگارمان ئەبوو چەند جارێک محاوەلەی ئەوەمان کرد بەڵام نەمان توانی ئەوە بکەین .

**واتا ئێوە لەچەمچەماڵەوە هەوڵی خۆدەربازکردنتاندا ؟**

بەڵێ دوسێ جار هەوڵی ئەوەماندا کە ئەوکارە بکەین بەڵام نەمانتوانی .. با ئەوەشم بیر نەچێت هەر ئەوڕۆژە لەناوچەمچەماڵەوە دەنگی کۆپتەرەکان هات و بوو بەتەقە، تەقەیەکی زۆر کرا لەناو چەمچەماڵدا ئەوساکە نەمانزانی چیبوو، بەڵام دوایی کە خوا ڕزگارمانی کرد ئینجا زانیمان چەند چەکدارێک لە حکومەت جیابونەتەوە( 10) ئەو شەوە لەمەرکەز شورتەکەی قادرکەرەم[11] ماینەوە بۆ ڕۆژی دوایی هەشت کۆستەر هات و ئێمەیان سەرخست و لە تەنیشت هەموو سایەقێکیشەوە دوو تەواری دادەنیشتبوون، یەکێک لەوانە قسەی کرد ووتی (...... هەرچەندی کرد وکۆشا عوزێر قسەی عەسکەرەکەی بیرنەکەوتەوە ) بەهەرحاڵ قسەکەی ئەوە بوو کەوا ئێمەی تاوانبار دەکرد ئەیوت ئێوە سەر بە ئێران و هەڵەبجەتان چیلێکرد، وتم ئێمە وامان لێنەکرد سەدام

9 مەبەست لە سغرە ئەوەیە کەوا گەلابەکانیان بە بێگارهێناوە، هەرکارێک کە ئارەزوومەندانە نەبێ و بەزۆر کاری پێبکرێت بەکوردی پێی دەڵێن بێگار . بێجگەلەوە لەسەر دەمی جەنگی ئێران عێراقدا بەعسیەکان ناوێکی تریان داتاشیبوو پێیان دەگوت مجهود الحربی واتا تێکۆشان بۆجەنگ .

10 ئەو ڕۆژە 11ی نیسانی ساڵی 1988 بوو، هۆی تەقەکانیش ئەوە بووە کە خەڵکی مەدەنی چەمچەماڵ پەلاماری هێزەکەی حکومەتیاندا بوو بەمەبەستی ئەوەی بتوانن ئەنفالکراوەکان لەناو ئەو کاروانی سەیارانەدا ڕزگار بکەن نەک چەکدار لە حکومەت یاخی بووبێت .

11 لە ڤیدیۆکەدا عوزێر دەڵێت ئەو شەوە لەمەرکز شورتەکەی قادر کەرەم بووین بەڵام ڕاستیەکەی لەمەرکەزشورتەی چەمچەماڵ بوون، ئەوە تێکەڵکردنێک بووە بەڵام من وام پێباش بوو کە وەک خۆی دایبنێمەوە .

بەکیمیایی لێیدا وتی نەخێر ئێران لێیداوە، نەشمان ئەتوانی و نەمانـدەوێرا لەوە زیاتر قسـە بکەیـن، ئەو ڕۆژە بردمانیـــان بـــۆ تـــۆپزاوا، بـــڕوابکە لەوێ مەئاســـاتێکی زۆر گەورەبـــوو. ( لێـــرەدا بەتەواوی بەدەمووچـــاوی عـــوزێرەوە دیـــارە کە تـــۆپزاوا چ دۆزەخێک بـووە تەنـانەت ئەویش نەیـدەتوانی تەواو گوزارشتی لێبکات) قەسەم بەخوا وات دەزانـی هەمـوو کورد لەوێ خڕەوە بووە، ئەو هەموو خەڵـکە لە دورەوە نـاو ئەو مەعسـکرە ڕەش دەچـووەوە ئـاخر تـۆپزاوا مەعسکەرێک بوو وەک هەموو معسـکرێکی تـر، وەک معسکەر سەلامی لای سلێمانی.

**سەعات چەند بوو بردنیان بۆ تۆپ زاوا ؟**

نزیکەی سەعات هەشت بۆ نـۆی بەیـانی، هیچـی بەقەد تۆپ زاوا تەئسیری لە من نەکـردوە نەک بەتەنها مـن بەڵکـو ئەوەی کە کـورد بێـت بەو سایەقانەشـەوە کە خەڵکیان دەهێنا، من خۆم بینیم بە تەکسی و کۆسـتەر ومونشـەئە خەڵکیـان دەهێنـا بەزۆر سـایەقەکانیان بە سوغرە دەگرت ، قاعەکان هەمووی پـڕ بـوون لەخەڵـک بێجگە لە قاعەکـان چەنـد سـاحەیەکی گەورە هەبـوون، چـۆن بەرپرسـێک کە زۆر خۆشەویسـت بـێ لەلای خەڵکی و بە تامەزرۆیی گوێ بۆ قسەکانی دەگرێـت بە دڵخۆشی بەڵام لێرەدا بە پێچەوانەوە ئەو هەموو خەڵکە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە وەستابوون.

**ببورە کە دایانگرتن چیان لێکردن ؟**

لەکۆسـتەرەکە دایـــان گـــرتین و یەک لە دوای یەک وەسـتاندیانین مێزێکیـان دانـابوو لەوێ تەفتیشـیان کردین ، کـوڕێکی گەنـج لەپـێش مـنەوە بـوو زەعیـف کارێک بوو تۆزێک دەشەلی ڕومانەیەکی پێبوو لەسـەر مێزەکە دایـنا، وتـم بـۆ داتنـا بـۆ نەتخسـتە ناویـان ؟ ئەوەم زۆر بەلاوە سەیر بوو چونکە لە ژن و منـداڵ و خوشک و برا و دایک و باوک و هەمـوو کەسـوکارت گیراون و دێـکەت ڕوخـاوەو هەمـوو وڵاتەکەت وێـران کراوە. تەفتیشی منی کرد تەنها حەفتا و پێـنج دینـارم پێبوو بەڵام لێی نەستاندم و لە گیرفانمدا دەری نەکرد، سـەربازەکە وتـی بـڕۆنە ئەوهـۆڵەوە، هۆڵێـک هەبـوو جامی پێوەبوو وەک ژێرخـان بـوو بەڵام ئەمجـارە کە ڕۆیشتمەوە بۆ ئەوێ ئەوهۆڵانە نەمابوو.

**کامجارە؟ کەی چویتەوە ؟**

ئەمجارە کەهاتمەوە چووم بۆ تۆپزاوا بەڵام ئەو هۆڵانە نەمابوون کە ئێمەی تێدابووین .

بەڵی وامزانی هەرباسی ئەو سەروەختە دەکەیـت بەڵام پێمخۆشە هەرباسی ئەوکاتە بکەیت .

دوای پشکنینەکە پێیان وتین لەگەڵ کێ پێتان خۆشە چوارچوار پێکەوە بن، ئیفادەتان لێوەردەگرین ، مـن و کاک عەباس و ڕەمەزانـی حـاجی سـلێمان وکەسـێکی تربوو ئێسـتە بیـرم نەمـاوە، ئەوکەسـەی کە ئیفـادەی لێوەردەگرتین بە کوردیەکی زۆر ساف قسـەی دەکـرد ئەتوت باوک و باپیری کوردن

**ئەی چی بوو عەرەب بوو ؟**

بەڵی عەرەب بوو ، ئەمن بوو دیاربوو دەرسی کـوردی وەرگرتبـوو، پاشـان کەوتە پرسـیارکردن کۆمەڵێـک پرسیاری کرد.

**پرسـیارەکان چـی بـوون حەزدەکەم بەوردی ئەوەم بۆباسبکەیت ؟**

پرسـیارەکان ئەوە بـوون نـاوی سـیانیت و خەڵکـی کوێیت و چـی دەکەیـت و شـتی تـر، بەڵام مـن نـاوی دایک و خوشک و برام نەدا و وتم خەڵکی بادینانم و بـاوکم خەڵکـی بادینـانە و ڕای کـردوە وتـی بـۆ ڕای کردووە وتم دوژمنایەتی هەبووە.

جابۆچی ووت خەڵکی بادینـانم بـۆنەت ووت خەڵکـی هەولێر یان سلێمانیم ؟

بـۆیە وام گـووت و ئەو کـارەم کـرد بـۆئەوەی ئەگەر خۆشم نەمێنم کەسوکارەکەم بمێنن و تەنها نـاوەکەم بە ڕاسـتی داوە، لەخـواوەی وەرەقەکە نوسـرابوو (ق م) وتی ئیمزای لەسەر بکە .

**هەریەکسەر ئیمزات کرد یان پرسیت ئەمە بۆچییە ؟**

کورە باڵی کێ دەیویرا پرسیار بکـات ئیمـزام کـرد و وتـی چیتـر بـۆت نـیە یەک وشـە بڵێیـت، دوای ئەوە بردیانین بۆ قاعەیەکی تر لە تەنیشتی ئەو هۆڵەدا بوو، لەماوەیەکی زۆر کەمدا قاعەکە پڕبـوو هـیچ جێگـایەک نەمایەوە ئەو شەوە لەوێ ماینەوە.

**ئەی خواردن هیچیان پێدان ؟**

نا نەوەڵا نان و ئاویشیان پێمان نەدا تەنها یەک جار قسعەیەکی بەرماوەی خۆیان بۆ هێناین هەمووی چەوری بوو بە یەکێک لەبرادەرانم وت ئەمە مەخۆ زۆر چەورەو ئازاری مەعیدەت ئەدات و خراپتر ئەکات.

**ببورە برادەرەکانی خۆت کێت لەگەڵدا بوو لە تۆپزاوا مەبەستم لەناو قاعەکەدا کێت لەگەڵدا مابوو؟**

کاک کاک رەمەزان و کاک عەباس و کاک سالار و کاک غەفور وماموستا حسین و ماموستا کامەران ئەو دکتور بوو، لێشیاندا وتیان تۆ دکتوریت چیئەکەیت لەگەڵ ئەمانەدا ؟ تورکمانێکیشمان لەگەڵ بوو نازانم لە چی دێیەک فیراری کردبوو، لەناو هەموماندا هاتن ئەویان هەڵسانەو زلەیەکی توندیان لێدا وتیان کورد داوای حەقی خۆی دەکا تۆداوای چی دەکەیت؟ زۆر بوون بەڵام ئێستا ناویانم بیرچووەتەوە[12] هەندێکی قشلاخە کۆنیش بوون یەکێکیان کاک غەفوری حاجی توفیق بوو[13] ئیتر کە ئەسکەرو زابتەکان ئەهاتنە قاعەکەوە و سەیریان ئەکردین ئێمە کەسمان نەمان دەوێرا سەیریان بکەین، یەکێکیان کەچەڵێکی بالابەرز بوو کە دەهاتە ژورەوە سەیری دەکردو هەرکەسێکی هەستانایە و ببیردایە ئیتر نەدەگەڕایەوە.

**کەسێکیان برد نەگەڕێتەوە ؟**

بەڵی ئەی چۆن ئەرێوەڵا بردیانیان .

**کێیان لەوانەی کە دەیان ناسی بردیان ؟**

کورە تورکمانەکە و دکتور کامەران وکورێکی تر بوو دوو دانی شکابوو کە بردیان نەگەڕانەوە. ئەو دکتور کامەرانە خەڵکی بەغدابوو ماڵی باوکی لەبەغدا بوون .

**ئەوکورەی وا دووددانی شکابوو نازانی ناوی چی بوو ؟.**

من لەپێشدا ئەو کورەم نەدەناسی بەڵام کە لەکاک رەمەزانم پرسی ئەو وتی ناوی (سەیدە) خەڵکی خالۆبازیانیە، وتم چۆن گیراویت وتی شوان بووم بەلای مەڕەوە بووم وتم بۆچی ڕەنگت تێک چووە وتی لە ژورەکەی بەرامبەرمانەوە بە سێ کەسەوە گرتومیان و لێیان داوم و دوو پەراسوشم شکاوە و وتویانە ئەو ریشەی پێتەوەیە تا بەیانی ئەبێ لای بەیت ئەگەر بە هەڵکەندن بێت یان سوتاندن ئەگینا دەتکوژین. کاک عەباس لەوسەری قاعەکە دانیشتبوو ویستم بچم بۆلای تا گەیشتمە لای نزیکەی سەعاتێکم پێچوو چونکە نەمان دەتوانی هەستین و لای هەر پەنجەرەیەکەوە دوو حەرەس وەستابوون مراقبەیان دەکردین ، بە عەباسم وت گوێزانێک یاخود مقەستێکت پێ نیە ؟ وتی بۆچیتە وتم سەیر مەکە با هەست نەکەن بۆ ئەوکورەم ئەوێت کە لە دواوەیە وتی مقەستێکی بچوکی بەر سمێڵم پێیە لەناوملیوانەی قەمسەڵەکەمدایەلێم وەرگرت. بەخوا هەتا گەڕامەوە لای ئەوان نزیکەی سەعاتێکم پێچوو، بە رەمەزانم وت با بیخەینە بەینی خۆمان وسەری ئەخەینە سەر رانی خۆمان کە من تەراشی بۆ ئەکەم سەیر مەکە با حەرەسەکان پێمان نەزانن و وە ئەوەندەی توانیمان ریشیمان لێکردەوە.

بێجگە لەخەڵکی دەوروبەری خۆتان هەستت کرد کە خەڵکی تری تێدایە بۆنمونە خەڵکێک تۆ نەیناسیت وەکو خەڵکی قەرەداغ یان هی دۆڵی جافایەتی ؟ یان هی شوێنێکی تر ؟

12 بەپێی قسەکانی عوزێربێ ئەو کەسانەی خدرریْحان کە ژمارەیان 34 کەسە هەردەبێ لەوکۆمەڵەکەسەدا بووبن کە لە ناوچەی رومادی کوژراون، چونکە پێدەچێت ئەو کاروانەی کەعوزێر بە 34 پاس باسی دەکات هەموویان گەرمیانی بوون، لەبەرئەوەی خەڵکی جیاجیای گەرمیانیان تێدا بووە، بۆنمونە خەڵکی قەشقە، کانی قادر، چەم سورخاو، خدر ریحان، قشلاخە کۆن هەموویان خەڵکی گەرمیان و ناچەی قادر کەرەمن حاجی فەرەجیش کە لەپاصێکی تردا بووە بەهەمان شێوە هەر لە رومادی دەربازی بووە . کەواتە بەو پێیە بێت ئەو کاروانە کە 34 پاس بوون زۆربەی گەرمیانیەکان پێکدەهێنن کە لە بیابانەکانی پارێزگای رومادی کوژراون و پێنج کەسیشیان لێ دەربازبووە.

13 قشلاخە کۆن هەموویان خەڵکی گەرمیان و ناچەی قادر کەرەمن حاجی فەرەجیش کە لەپاصێکی تردا بووە بەهەمان شێوە هەر لە رومادی دەربازی بووە . کەواتە بەو پێیە بێت ئەو کاروانە کە 34 پاس بوون زۆربەی گەرمیانیەکان پێکدەهێنن کە لە بیابانەکانی پارێزگای رومادی کوژراون و پێنج کەسیشیان لێ دەربازبووە.

ئەنواع و ئەشکال خەڵکی تێدا بوو، بەڵام خۆمن نەمدەناسین کوڕێکمان لەگەڵبوو خەڵکی تیلەکۆ بوو بریندار بوو فیشەکێک لەڕانی دابوو زۆر ئازاری هەبوو، سوێندی خوارد هەتا لە سجنابم نەنان و نەئاوناخۆم . شەوی دوای ئەوە ئافرەتەکانیان هێنایە لامان یەکێکیان ناوی سەعدی حەمە عەلی خەڵکی (.....) یەکێکی تریان ناوی فەهیمە وە فەهیمێکی تریشمان لەگەڵ بوو خەڵکی جافان بوو، کوڕیکی تر هەبوو ناوی حەبیب بوو خەڵکی (.... بەداخەوە ناوی گوندەکەم لاڕوون نەبوو) لەگەڵ کوڕەکەی گیرابوو وە هەروەها وەستا خدر و کومەڵێک کەسی تریشم ئەناسیەوە بەڵام ئێستە ناویانم لەیاد نەماوە ، هەندێ لە ئافرەتەکان منداڵیان پێبوو لە شیرە خۆرەوکۆرپەوە تا سێ ساڵان ، عەسکەر هاتنە ژورەوە هەموو منداڵەکانیان برد، یەکێکیان کە هاتە ژورەوە وتی ئێوە نە شیرتان پێیە نەخواردنتان پێیە ئێمە ئەیانبەین خواردنیان دەدەینێ ئەومنداڵانەش کە ئەیان فامی پرسیاریان لێدەکردن کێ دەناسن و کێ پێشمەرگەیە، ئەگەر پێشمەرگە بویتایە یاخود ئەندامی سەرکردایتی یاخود کەسێکی ئاسایی هەر یەک حیسابت هەبوو.

**چەند شەو لە تۆپزاوا هێڵرانەوە ؟**

دوای ئەوەی سێ شەو لەوێ بوین بۆ شەوی چوارەم نەقیبێکی عەسکەری لەگەڵ دوو سەرباز هاتنە ژورەوە وتیان ئێستە ئێمە ناو ئەخوێنینەوە هەرکەسەو سێجار ناوی دەخوێنینەوە ئەگەر جواب نەداتەوە لەناو قاعەکەدا ئەیکوژین، ناوەکانیان خوێندەوەو کە ناوی منیان خوێندەوە ڕۆیشتم لیستێکیان پێبوو هەر کەسێک کە دەڕۆیشت ناوەکەیان دەنوسی وە ئەو شەوە پێش من سێ سەد و حەفتا وچوار کەس ڕۆیشتبوون، بردنیان بۆ قاعەیەکی تر وە لەو قاعەیەدا سێ شوێن بەجێ مابوو لەگەڵ جامانەیەکی خوێناوی لەگەڵ تۆزی گازی سەیارە ڕژابوو وە سەیری قاعەکەشمان کرد هیچ شوێن قولاپێکی لێنەبوو تا بلێیین لەو شوێنەدا خەڵک هەڵواسرابێت و تەعزیب درابێت، هەمومانیان کردە ژورەوە تا قاعەکە پڕبوو، گوێمان لە دەنگی سەیارەبوو نەکوژابونەوەو لە تەنیشتی قاعەکدا وەستابوون بەڵام نەماندەزانی چ سەیارەکن لە شوێن کلیلی دەرگاکەوە لەو کونە بچوکەوە سەیرمان کرد تەنها لەوحەیەکی سەوزمان بینی نەمانزانی هی چی سەیارەیەکە

**سەعات چەند بوو ؟**

سەعات یەک و نیوی شەو بردینیانە قاعەکەی تر وە سەیارەکان نزیکەی سەعات سێ هاتن وە سەعات هەشتی و نیوی بەیانی ئێمەیان بردە دەرەوە، لەو کاتەدا بارانێکی زۆر و بەخوڕدەباری ([14])پێش ئەوەی بمانکەنە دەرەوە پەنجەرەیەک هەبوو دووسەرباز وەستابوون داوای ئاومان لێکردن نەیندا پێمان، یەکێکیان قزعەیەکی هێنا دوو کەس لە پێش منەوە دەمی برد بۆ قزعەکە بەڵام لە جیاتی ئاو میزیان تێکردبوو تەنها یەک کەس دەمی لێدا ئەویش نەیخواردەوە دوای ئەوە زابتەکە هاتە ژورەوەو وتی سێ و پێنج کەس ببن بە گورویێک ئەوانەی حەز ئەکەن پێکەوە بن لە باوک برا وخزم وکەسوکار، ئەوەی من دەمناسی ئەوکاتە حەسیب و سالار و مام حەمیدی قەرەچێوار لەگەڵ کوڕەکەی و کاک ڕەمەزان و ئەنوەر تیار و ئەوانی ترم نە دەناسی لەگروپەکەی خۆماندا بوون، ئێمە ئاخیر کەس بوین لە قاعەکە چوینە دەرەوەو لەدوای منەوە سێ کەس لە دوامەوە مابون وسەربازەکە پێی وتم کە، چویتە دەرەوە سەیری

---

14لە کاتی دیدارەکەدا حاجی فەرەجی تۆپخانەش لەگەڵمان دانیشتبوو، لە کۆتایدا پرسیارم لە حاجی فەرەج کرد دەربارەی ئەو بارانە و لێمپرسی ئێوە هیچکامتان لە دیدارەکانتان باسی ئەو بارانەتان نەکردووە حاجی بە پرسیار وەڵامی دامەوە: منیش باسم نەکردووە ؟ ئێنجا ووتی راستدەکات پێشئەوەی سواری سەیارەکانمان بکەن و بمانبەن بەرەو شوێنی کوشتنەکە لە ناوهۆڵەکانی تۆپزاوا بووین کە بارانێکی زۆر بە خوردەباری لە دڵی خۆمدا ووتم خۆزیا ئەو بارانە هەمووی بیدایەتە سەری مندا چونکە هەرلەخۆمەوە زۆر دڵم تەنگ بوو دەمگووت جارێکی تر باران بەرمان ناکەوێتەوە.. دیسانەوە جەختی کردەوەو ووتی : راست دەکات بالفعل وابوو ئەوبەیانیەی بردیانین بۆ رومادی بارانێکی زۆر بەخوڕ دەباری . (قسەکانی حاجی فەرەج بە ڤیدیۆ تۆمارکراون و لەلای من پارێزراون ) – ع.م

زەویەکە بکە و بەدەستی ڕاستا بڕۆبەڵام من لێم تێکچوو بە هەڵە ڕۆیشتم بۆ دوای سەیارەکە، ژمارەی سەیارەکەم بینی نوسرابوو عێراق هی پۆلیسی نەینەوا بوو، ژمارەی سەیارەکەش تا ماوەیەک لە خەیاڵمدا بوو ڕنگی سەیارکە سەوز بوو، سەربازەکە تێی خوڕیم: بگەڕێرەوە بۆدواوە، سواری سەیارەکە بووم و هەرسەیارەو سی وپێنج کەسی تێدابوو[15] لە دواوەو پێشەوەی هەرسەیارەیەک پیکابێکی لێبوو کە ڕەشاشێکی بیکەیسی لەسەر دابەسترا بوو لەگەڵ چوار بۆ پێنج چەکدار .

**ببورە کاک عوزێر، تکایە کەمێک بە وردی باسی سەیارەکەم بۆ بکە .**

سەیارەکە وەک پاس وابوو پاسیش نەبوو، شێوەی وەک ئیسعاف وابوو، ڕەنگی سەوزبوو.

**ئەی دەرگاوپەنجەرەکانی چۆن بوون؟**

لە پێشەوە یەک دەرگای هەبوو لەلای سایەقەکەوە دەرگایەکیش لە دواوە ئەویش زۆر بچوک بوو تەنها ئەوەندە دەبێ کە یەک کەسی پێیدا تێپەڕبێت، لەناوەوە سکە بوو، هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو تەنها یەک کونی بچوک نەبێ لە بەشی سەرەوەی ئەو دیوی کونەکە وەک پەنجەرەیەکی بچوک هەمووی شیش بوو، ئێمە لە و پەنجەرەیەوە سەیری جامی سەیارەکەمان دەکرد و لەوێوە دەرەوەمان ئەبینی سەیارەکە کەپس بووهیچ پەنجەرەیەکی تری تێدا نەبوو.

**هەموو سەیارەکان سەوز بوون ؟**

نا ئەوەی ئێمەیان سوارکرد سەوز بوو ئەوانەی تر سپیشیان تێدا بوو.

**هەتا ئێستا لەو سەیارانەت بینیوەتەوە ؟ ئایا پێشئەوە ئەنفال بکرێیت هیچ جار لەسەربارزی یان بەرێکەوت لە ڕێگەو بان ئەو سەیارانەت بینیبوو ؟**

بەهیچ جۆرێک نە پێشتر و نە دواتر ئەو سەیارانەم نەبینیبوو کە ئێمەیان پێگواستەوە .

**وەک بزانی جگەلەو سەیارەیەی ئێوە کاروانەکە چەند سەیارەی تر دەبوون ؟**

ئەوەی ئێمە بینیمان سی و چوار سەیارە لە پێشمانەوە بوو ئیتر نازانم چەند سەیارەی تر لە دواوەمان بوو.

**ئەمە لەرێگا زانیتان ئەوەندە سەیارەن یان کە سواریان کردن ؟**

نا لەرێگا لەوکونەوە جارجار کەپیچی تێدەکەوت قافڵەکە دیار بوو، لە نێوان هەر دوو پاسێکدا سەیارەیەکی (مسەلەحە)[16] ش بەرەشاشەوە لەگەڵماندا بوو، ئیتر ماوەیەک ڕۆیشتین ونەماندەزانی بۆکوێمان دەبەن، وتمان کێ لە ئێمە شارەزای ناوچەکەیە با بێت لەسەر کورسی یەکەم دانیشێ بۆ ئەوەی لەو کونەوە سەیر بکات هەتا بزانین بۆکوێمان ئەبەن، کاک ئەنوەر تەیار هاتەپێشەوە لەوێ دانیشت چونکە ئەو پێشتر سایەق تەکسی بووەو زۆر ناوچە شارەزابوو، بۆ ماوەیەک ڕۆیشتین، وتی بۆ قەسابخانەی موسڵمان دەبەن هەموو ترساین و دڵەکوتیمان پێکەوت.

بۆچی ترسان هیچ شتێک ڕویدا ؟

لەبەرئەوەی کاک ئەنوەر ووتی بۆ قەسابخانەی موصلمان ئەبەن ئێ خۆت کوردیت و دەزانێ موصل

15 هەمان ئەو سەیارانە کە حەمە عەلی و فەرەج و ئەنفالکراوەکانی پێگواستراونەتەوە هەریەکەیان ژمارەیەک دەڵێن بۆ نمونە حەمەعەلی عالیان بە یوست هێڵتەرمانی گوتووە بیست و هەشت کەسی تێدا بووە ( محەمەد کورسیەکانی ژماردبوو, هەر ئۆتومبیلێک بیستو هەشت کەسی دەگرت) بڕوانە میدیل ئیست وچ – جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد- چاپی دووەم ٢٠٠٤. بەسەرهاتی محەمەد بابەتێکی چاوپێکەوتنی میدل ئیست وۆچە لە گەڵیدا لە گوندەکەی خۆیدا لە ٣٠ی ئازاری ساڵی ١٩٩٣ لە عەلیانی تازەدا،ئەنجامدراوە، بەداخەوە ماوەیەکی کورت دوای ئەو چاوپێکەوتنە حەمە عەلی لە شەری ناوخۆدا بە گوللەی قەناسی ئیسلامیەکان کوژراو ئەو شایەتحاڵە گرنگەمان لەدەست چوو. جیگەی ئاماژەیە ئەوسا حەمەعەلی لەبەر باری ئەمنی بەناوی محەمەد بەسەرهاتەکەی بلاوکراوەتەوە بەلام ئێستا کتێبەکەی لەلایەن نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵاوە چاپکراوەو خوێنەر دەتوانێ لەکتێبخانەکاندا بەدەستی بهێنێ .

16 ئەو ئۆتۆمبیلانەی دەستەی چەکداریان تێدەکراو لەسەرەوە ڕەشاشێکیان لەسەر دادەبەست پێیان دەگوت مسلەحە مسلح وشەیەکی عەرەبیەو بەواتای چەکدار دێت بەو ئۆتومبیلانەشیان دەگوت مسلەحە بەواتای چەکدارکراو.

بۆ ئیعدام بوو هەرچی کورد بوو لەوێ ئیعدام کرا .
بەڵام کە سەیارەکان بە دەستی چەپدا لایاندا کاک ئەنوەر وتی مژدە نەجاتمان بوو نامانبەن بۆ ئەوێ بەرەو خوار لایدا ئیتر هەر ڕۆیشتین هەتا گەشتینە شارێک من نەمدەزانی کوێیە وتیان ئەمە فەلوجەیە لە پەنجەرەکەوە ئافرەتەکانمان دەبینی.

کە پەنجەرەی تیا نەبوو وە سەیارەکە کەپس بوو چۆن ئێوە دەرەوەتان دەبینی ؟

کە چووینە ناوشارەکە هەریەکە و بەپەلە سەیریکی دەرەوەی دەکرد لەو پەنجەرەیەی کە باسم کرد، کە لە فەلوجە دەرچوین ڕێگایەک هاتە پێشمان هەورازێک بوو گەیشتینە ڕومادی و تۆزێک بە خەتی سەریعدا ڕۆیشتین و بە دەستی ڕاستدا لاماندایەوە پردێک هاتە پێشمان، کەلە پردەکە پەڕینەوە بەرامبەرمان مەرکەز پۆلیسێک بوو، ئێمە بە دەستی چەپدا لامان دا وە سەرسام بووم کۆمەڵێک بتڵە غاز لەسەریەک سەفتە کرابوو، نەمدەزانی بۆچیە سەیارەکان وەستان و لە جامەکەوە بینیمان بە دەستی چەپماندا ئاوێک هەبوو وەک جۆگەلەیەک منیش بەسایەقەکەم وت ئەوجامانەت دەدەمێ بیخە ئاوەکەوە وبۆمان بهێنەرەوە وتی بۆچی؟ وتم باکەمێک ئاوبخۆینەوە وتی نایکەم، دوبارە پێمان وتەوە و بۆ جاری سێهەمیش پێمان وتەوە وتی موجەمەعێک هەیە لە پێشمان ئێستە ئەچینە ئەوێ سەلاجە ومۆبەریدەو ئاوی ساردو هەموو شتێکی تێدایە تۆزێک بەوە دڵمان خۆش بوو بەڵام تینوێتی زۆر سەغڵەتی کردبوین من لە ڕێگادا ئەوەندە تینووم بوو تینم بۆ هات میزی خۆمم خواردەوە.

نەتان دەزانی بەرەو کوێتان دەبەن ؟

ئەوەندەمان دەزانی لە فەلوجە دەرچووین بەڵام ئەوە بیرم کەوتەوە لە پشتی کوشنەکان نوسرابوو بە گەیشتنت بۆ حدود کوەیت بە گەیشتنت بۆ حدود سعودیە بە گەیشتنت بۆ عەرعەر بە گەیشتنت بۆ نوگرە سەلمان و زۆر شتی تریان لەسەر نوسرابوو ناو سەیارەکە پڕبوو لە پیسی و میز بەڵام ئەو میزە بۆئێمە زۆر باش بوو زۆر یارمەتی ئێمەیدا .

**یارمەتی چۆن ؟**

چونکە ئەوەندە گەرم بوو زۆربەمان تەنها شۆرتەکەمان لە پێماندا هێشتبووەوە، جلەکانمان لەبەرخۆمان داکەندبوو، بە هەموو تەمەنم بەقەد ئەوکاتە عارەقم نەکردۆتەوە، من چەند جارێک ڕۆمەتم خستە سەر پیسی و میزەکە چونکە لە ژێر سەیارەکەوە هەوا لێی دەدا و کەمێک فێنکی تێدابوو ئەوەیارمەتیەکە بوو .

**بەدرێژایی ڕێگاکە هیچ جارێک نەوەستا بۆئەوەی ئاوتان بدەنێ ویشویەک وەربگرن ؟**

بۆ وەستان دوجار وەستان بەڵام بۆ ئیسراحەتی ئێمە نەبوو بریا هەرنەوەستایە چونکە کە دەوەستا خەریک بوو دەخنکاین ڕۆیشتنەکە باشتر بوو تۆزێک هەوا هەبوو ئەگەر دەوەستا هیچ هەناسە نەدەما ، جارێک لەوەستانەکاندا زۆرماینەوە هەموو خەریک بوو لە گەرماندا بمرین ئەو جارە تەنانەت ئەو حیمایانەی کە لەگەڵ ئێمەشدا بوون دابەزین و چون بۆلای دوو پۆلیس کە لە پێشەوە وەستابون.

**نەتان زانی کوێیە ؟**

پێمـوایە ڕومادی بوو نوسراو (کتاب)ەکەیان دابە دەستیانەوە، لە بەینی خۆیاندا قسەیان دەکرد ئەوەندە تێگەیشتم کە یەکێکیان وتی کە ئیشەکەتان تەواو کرد سەیارەکانمان بە پەلە بۆبگەڕێننەوە تەنانەت سایەقەکەو حەرەسەکەش دابەزین و پۆلیسەکان هاتنە جێگەیان. من دوو لاندکرۆزەری سپیم بینی پڕی چەکدار بوو دوو شۆفلێشم بینی کە ڕۆیشتن بەڵام نەمدەزانی چەند سەیارەی تر بە دوامانەوە بوون، ئێمە بۆماوەی نزیکەی نیوسەعاتێکی تر بە جادەیەکی قیردا ڕۆیشتین، دوای ئەوە جادەکە کۆتایی هات، ئینجا بە ڕێگایەکی خۆڵدا لەوێ لم هەیە بە ڕێگایەکی لماویدا بردیانین پاش کەمێک لە ڕۆیشتن ئەو سەیارەیەی کە ئێمەی هەڵگرتبوو، چەقی.

بیورە کاک عوزێر بەچیدا زانیتان جادەکە کۆتایی هات؟

بەسەیارەکەدا زانیمان ئەی ڕۆیشتنی سەرقیروسەر خۆڵ فەرقی نیە ؟ فەرقی هەیە، خۆلەوێ ئەرز وەک هی ئێمە نیە نازانم بڵێم چۆنە نەوەک لمی ڕووبارەو نە

وەک خۆڵی لای خۆشمانە بەڵام بەو گڵەی ئەویَ دەڵێن لم.

**وتت سەیارەکە چەقی ؟**

بەڵێ لەناولمەکە چەقی، کە چەقی دەرنەدەچوو ئەوەش زۆر عەزیەتی ئێمەی ئەدا، چونکە شۆفلێک هات بەکێلەکەی سەیارەکەی ئێمەی بەرزەوە دەکرد بۆ ئەوەی دەری بێنێ ئیتر نازانم چاڵ بوو چی بوو تێیکەوتبوو، بەڵام سەیارەکە دەرنەئەچوو، سایەقەکە دابەزی شۆفڵەکە چەند جارێکی تر سەیارەکەی بەرزکردەوە بۆ ئەوەی دەری بهێنێت تەنانەت جارێک ئەوەندە بەرزی کردەوە وتمان ئێستە سەیارەکە هەڵدەگەڕێتەوە، هەموومان هاوارمان لێ بەرزبووەوە هەر لە پەنجەرە شیش بەندەکەوە بینیمان کە کۆمەڵێک سەیارە لای دەستە ڕاستمانەوە بوو، دەنگی تەقەش دەهات، هاوار بەرز بویەوە ئینجا زانیمان ئیتر دوا چرکە ساتەکانی ژیانمانە هەتا ئەوکاتەش بڕوامان نەدەکرد کە ئەو خەڵکە دەکوژرێن و گوللەباران دەکرێن.

**هاوار لەوسەیارانەی ترەوە بەرزبووە ؟**

بەڵێ بەڵێ ئەی نەم گوت کاروانێک بووین هەمووومان بەیەکەوە هێنایانین بۆێرە ؟ دەشمانزانی کە سەیارەیەک لە تەنیشت ئێمەوە ماوە و جوندیەکان دەنگیان دەهات هەتا کاتی خۆرئاوا بوون ئەو کەسانەی کە لە سەیارەکەی تردا بوون هێنایاننە بەردەم سەیارەکەی ئێمەو لایتی سەیارەکەی ئێمەیان داگیرساند، بینیمان لەبەر ڕۆشنایی لایتی سەیارەکەی ئێمە وا (گوللەباران) ڕەمیان دەکردن.

**تۆبەچاوی خۆت بینیت ؟**

بەڵێ ئەی چۆن بەڵام پیاو ڕاست بڵێت من هەر ئەوەندەم بینی کە وتیان بەرکەنە ئەولاوە، بینیم بە دەمانچە و کلاشینکۆف ڕەمیان دەکردن.

**ئینجا کە ئێوە ئەوەتان زانی چیتان کرد ؟**

پیاوەهق بڵێ یەکەمجار کاک ئەنوەر بینی هەرکەلایتی سەیارەکانیان داگیرساند ئەو بینی شایەتومانی هێنا و وتی ئێوەش شایەتومان بهێنن و ئەمە کۆتاییەکەمانەو دوای ئەوان سەرەی ئێمەیە، دوای ئەوە کاک ئەنوەر دەستی کرد بە الله و اکبر و هەمومان زۆر شڵەژاین، ڕاستیەکەی نازانم چۆن بڵێم شڵەژان و ترس ناگێردرێتەوە،تۆ بزانی تەمەنت دووسێ دەقەی ترە ! ڕەنگە نەگێردرێتەوە، لە دەرەوەش تەقە دەکرا، ئەوانەی کەرەمی کرابوون فرێدەدرانە قەراغ جادەکەوەو نەماندەزانی کە لەقەراغ جادەکەدا شۆفڵەکە چاڵێکی گەورەی هەڵکەندووە، من وتم تەمەنی درێژمان سێ دەقەی ترەمنیش ووتم برایان ئێمە هەر ئەکوژرێین ئەکوژرێین هەموو تەمەنمان سێ دەقەی ترە با تەکبیرێک بۆحاڵی خۆمان بکەین،هەردەرگاکەیان کردەوە هەمووومان پەلاماریان بدەین هەر دەکوژرێین، بەڵکو ئەمە خوایە ئەگەر یەک کەسیش ڕزگاربێت زۆرە، لەخوا پاڕامەوە با کەسێک ڕزگاری بێت و ئەم زوڵمەی والە کورد دەکرێت،بۆشایەتی بگێڕێتەوە.. ئەوەی تاقەتی نیە با لەسەر کورسیەکەی دانیشێت، ئەوەی تاقەتیشی هەیە با خۆی حازر بکات. ڕاستی خۆشە من ئاواوم وت.

**تۆ ئەوەت وت، یان ئەنوەر تەیار وتی ؟**

یەکەم کەس من ئەوەم وت، کاک سەلام قەشقەیی وتی من ئامادەم، ئەگەر دەرگاکەیان کردەوە من پەلاماری عەسکەرەکە دەدەم بزانم چەکەکەی لێناستێنم،ئێوەش هیمەت بکەن وهاوکاریم بکەن،تەنانەت من سەلام قەشقەیم نە دەناسی،ناویشیم نە دەزانی و نەمدەزانی پێشمەرگەی کەرتی چواری جەبارییە، پێیوتم تۆناوت چیە؟ وتم ماڵت نەرمێ لەم کاتەدا تۆناوی من بۆچیە؟ منیش پیاوێکم شوان و گاوان وەکو تۆبا محاولەیەک بکەین، بە پێنج کەسمانەوە دابەزین پەلاماری زابتەکە یان جوندیەک بدەین تفەنگەکەی لێ بستێنین، هەتا ئەو کاتەش نەمدەزانی دەرگاکە سکەیە وام دەزانی دەرگاکە وەک هی ماڵان بەلای ڕاست و چەپدا دەکرێتەوە و وتم کە دابەزین بە چوار کەسەوە پەلاماری جوندیەک([17]) دەدەین وەئەگەر تەقەت لێبکات

17 بەگشتی خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان بە سەرباز دەڵێن جوندی و بە ئەفسەریش دەڵێن (زابت) بە زمانی عەرەبیی بە سەرباز دەڵێن (جندی) و بە ئەفسەریش دەڵێن چابگ .

یان نا تۆ هەر دەکوژرێیت وە ئێمە ویسمان پەلاماریان بدەین و تفەنگەکە بکەوێتە دەستمان و تەقەیان لێبکەین وەئەگەر سەرکەوتین جلەکانی ئەوان دەکەینە بەرمان و بە هەمان سەیارەی خۆیان دەچینەوە بۆ مەرکەز شورشتەکە فایلەکان بهێنین و بێینەوە بۆ کەرکوک .

**ئەمە بیرکردنەوەی ئێوە بوو ؟**

ئەمەنیەتی من و کاک ئەنوەر وسەلام قەشقەیی (18) و کاک رەمەزان بوو، خوا ئاگادارە خۆ ئینشالا درۆت بۆ ناکەم .

**نانا تکایە دور لەبەرێزت هەرویست دڵنیابم و هاوکاری گێرانەوەکەت بکەم**

ئا سوپاست دەکەم بەلام وتی من ناتوانم ویەکم کەوتووە و برسێتی و تینوێتی بەتەواوەتی سستی کردبوو ئەوکەسانەی تریش کە لەگەڵمان بوون وتیان ئێمەش ناتوانین، کاک سەلام وتی من یەکەم کەس ئەبم وتم گرنگ ئەوەیە کارەکە ئەنجام بدەین لەو کاتەدا سەربازەکان هاتنە ژورەوە عەسکەرێک و زابتێک بوون، هەرکە دەرگاکەی کردەوەهاتنە ئەو بۆشاییەی لەنێوانماندا بوو، کاک سەلام دەرچوو پێم وت دەست نەوەشێنیت، ئەو هەر دەرچوو ئەوەی دەستە ڕاست بوو یان دەستە چەپ لەخەیاڵم نەماوە بە دەمانچە شەهیدی کردوو لە سەیارەکەدا کەوت، سەری کەوتە لای کلاجەکەو دەرگاکەیان لێداخستینەوە، بەلام

18 سەلام قەشقەیی گەنجێکی تەمەن (24) ساڵ بووە وفەرماندەی کەرت بووە لە تیپی 51 گەرمیان خەڵکی گوندی قەشقەی سەربەناحیێ قادرکەرەمە کوڕێکی بەهیمەت وچاونەترس بووە لەوکۆمەڵکوژییەدا یەکەمین کەس بوو کە پەلاماری ئەفسەرەکەی داوەو یەکەم کەسیش بوو کە لەناوپاسەکەدا کوژراوشەهیدبوو، جێگەی ئاماژەیە گوندی قەشقە جگەلە سەلام 100 کەسی تریان ئەنفالکراون و 30 کەسیشیان شەهیدی سەنگەرە لەناو ئەنفالکراوەکانی گوندی قەشقەدا دوو گەنج هەن بەناوی سەلام یەکیان سەلام محمد عەبدولقادری تەمەن 24 ساڵە ئەوەی لەکۆمەڵکوژییەکەی رومادیدا کوژراوە (ناسراوە بە سەلام قەشقەیی ) ئەوی تریشیان سەلام عەلی ئیسماعیلی تەمەن 23 ساڵە هێشتا چارەنوسی نادیارە.

لە دەرەوە بووە غەڵبەغەڵب دیاربوو لەدەورمان خڕبوونەوە ئەوانیش تەکبیریان دەکرد، ئێمە لەو کاتەدا زانیمان دەرگاکە سکەیە، دنیا تاریکی کردبوو ناو سەیارەکە هیچ گڵۆپێکی تیدا نەبوو، زۆر تاریک بوو بۆیە یەکترمان نەدەناسیەوە، بە ڕەمەزانم گوت لە کوێیت وتی ئەوەتام وتم لە بەینی کورسیەکانەوە وەرە دواوە بۆلام و هات باوەشی پێداکردم و هەموومان دەستمان کرد بەگریان، بەڕەمەزانم وت ئێستە دەرگاکە دەکرێتەوە یان تۆ بەسەر مندا برۆ یان من بەسەر تۆدا ئەڕۆم ئەبێ ئەو زابتە بگرین، وتی من دائەنیشم تۆ بەسەرما برۆ دەرگاکەم کردەوە ویستم دەرچم کاک عەباس دەرچوو زابتەکەی گرت و من وکاک ئەنوەرو کاک سالاریش بەدوایدا ڕۆیشتین و پەلاماری خۆی و کلاشینکۆفەکەیماندا بەلام ئەو، زۆر بەهێز بوو هەر چوارمان بە دەستیەوە دەسوڕاینەوە و نەمانتوانی لێی بسەنین و لولەی کلاشینکۆفەکەی لەکەمەرم گیربوبو جوندیەک پێی وت (سیدی خلی نرمیهم) ئەویش وتی ( لازم ارمیهم بیدی واحد واحد) بەکوردیەکەی ئەیوت پێویستە یەک بەیەک بەدەستی خۆم بیانکوژم، بەکاک عەباسم ووت تفەنگەکە بەرنەدات و پێموت بزانە ناتوانی بکێشیت بەچاویدا.

**مەبەستت چی بوو لەوەی بکێشیت بەدەموچاویدا ؟**

مەبەستم ئەوە بوو تفەنگەکەی لێبستێنین، چونکە ئەگەر بکێشیت بەسەریدا بەخۆی نازانێت چونکە ئێمە زۆر بێهێز ببوین چەند ڕۆژ بوو نە ئاو نەنانمان نەخواردبوو، لەوکاتەدا کە کێشای بە چاویدا زابتەکە وتی (أخ یابە عینی) بەلام فریای ئەوە کەوت کە مەخزەنی سەر تفەنگەکە لێبکاتەوەو توریدا و ڕایکرد، ویستمان تەقەی لێبکەین فیشەکی تێدا نەبوو وە میلیشم هێنایەوە هەر فیشەکی تیانە بوو وتیان فرێی بدە منیش فرێمدایە لای سایەقەکەوە، بۆ ئەوەی نەکەوێتەوە دەستیان، سەیارەکە بە دوو پلیکانە سەر ئەکەوتیت ودێیتە ناوەوە، زابتەکە خۆی هەڵداو پێی کەوتە لێواری پلیکانەکە وکەوت گوێم لێبوو کە وتی (نرمیهم ویای سیارە) گوللەبارانیان بکەن لەناوسەیارەکەدا "هدولا عملاء ایرانین ومخربین"

جوندیەکەی تر کە لەناو سەیارەکەدا مابووەوە رایکرد ویستی دابەزێت ئەوە ئەو جوندیە بوو کە کاک سەلامی شەهید کرد، منیش باوەشم پێداکردوو وتم با لەگەڵ من بکوژرێت ، بەرمنەدا، ناوسەیارەکە زۆر تاریک بوو، دەرەوەش روناک بوو مانگە شەو بوو هێندەی نەبرد ئیتر گوللە وەک باران بەسەر سەیارەکەدا دەباری لە تەنیشتەوە تەقەیان لەناو سەیارەکە دەکرد وەک بێژنگیان لێکرد بێجگە ئەو هەموو دەنگەی گوللەی کلاشینکۆفە کە ئەیدا بە سەیارەکە وبەرپلێتەکانی دەکەوت دەنگەکەی دوو ئەوەندە گەورە دەبوو ئاگام لە خۆم نەما کە هۆشم هاتەوە چوار جەنازە بەسەر قاچی راستەوە بوون بەهەر شێوەیەک بوو قاچی خۆمم دەرکرد، خوێنەکەیان بەسەرمدا رژا بوو جلەکانم هەمووی خوێن بوو وەک چۆن ئاوێک دەکەی بەخۆڵدا دەنگی دێت ئاوا دەنگێک دەهات نازانم خورەی داچۆڕانی خوێن بوو یان گازی سەیارەکە دەرژایە خوارەوە بەڵام من بە خوێن تێگەیشتم نەمدەزانی ئەوەی تەنیشتم ماوە، ئەگەر بیشم زانیایە نەمدەتوانی هیچی لێبکەم لە ترسی گیانی خۆم، ویستم هەستم دەستم خستە سەر شانی نەمدەزانی ماوە وتی (یابە خاتر اللە) و دووجار وای وتو وتی (خاترعلی) دیاربوو شانی شکابوو دوو فیشەک یان سێ فیشەکی بەرکەوتبوو.

**کەواتە ئەوە جوندیەکە بووە تا ئەوکاتەش مابوو ؟**

بەڵێ، مابوو، جلێکی سەوزی لەبەردابوو پێشتر دەمانچەیەک بەدەستیەوە بوو کیفەکەی سەوز بوو دەستم برد بۆ کەمەری بۆئەوەی دەمانچەکەی بدۆزمەوە،دەستم برد بۆ کیفەکە دەمانچەکەی پێنە بوو، وابزانم لێی کەوتبوو منیش دەستیم باداو سێ جار دەستیم راکێشا دەنگی نەما ئیتر نازانم مرد یان لە هۆش چووبوو ئەوەیان خوا دەیزانێ، بەڵام پێش ئەوە سێ جار وتی (یابە)[19] سێ جار وتی ئەبو ساڵح قتلونی ( واتا ئەبو ساڵح کوشتیانم)[20] کە، دەنگی نەما سەری کەوتە لای تەرمی کاک سەلام ئاسنێک لە پاسەکەدا بوو بۆ دەست گرتن منیش ئاسنەکەم بەرز کردەوە و جوندیەک هاتە ئەم دیوی سەیارەکەو (صلیبە) ریزێکی کرد لە سەرەوە بۆ خوارەوە و فیشەکێک دای بە ئاسنەکەدا و بەر رانم کەوت .

**کەواتە تۆ بە فیشەکی ئەو جوندیە بریندار بویت ؟**

بەڵێ، بەڵام نازانم چۆن پێشتر هیچم بەرنەکەوتبوو سەرسام بووم بەوە، من ئازا نەبووم نەترسیش نەبوم پاڵەوانیش نەبوم وە ترسنۆکیش بووم لە تەقەش دووردەکوتمەوە و بە هەموو تەمەنیشم چەکداریم نەکردووە، لە سەیارەکە دابەزیم تەقەیان لە من و لە سەیارەکە دەکردپێش ئەوەی من دەربچم سێ کەسم بینی دەرچوون .

**کە دەرچوون تەقە بەردەوام بوو ؟**

بەردەوام بوو لەهەمان پاس بەڵام لەناویدا جەنازەکان کەوتبون بەسەر یەکدا، ئەو کەسانەش کە لەپێش منەوە دەرچوون نەمدەزانی کێن، بەڵام پێش من یەکێکیان کە دەرچوو تەقەیان لێکرد، گوێم لێ بوو هاوارێکی لێهەستا، بەڵام نەمزانی کامیانە، ئایا یەکێکی تریش بووە دەرچووەو کوژرا یان کاک ئەنوەر بووە بریندارکرا ئەوەیان نازانم. ماوەیەکی زۆر گوێم هەڵخست هیچ دەنگێک نەبوو، ئیتر منیش غیرەتم دایە بەرخۆم و جەنازەکانم لەسەرخۆم لاداو دەرچووم،کە من دەرچووم هەستم بەوە نەدەکرد کە چاڵەکە لە

---

19 یابە عەرەبەکان بەکاری دەهێنن لەبنەرەتەوە کورتکراوەی یا ابو بەکوردیەکە دەبێتە ئەی باوکە .

20 ئەگەر عوزێر باش لە زمانی عەرەبی تێگەیشتبێ و ئەو سەربازە ئەوەی وتبێ ئەوا دیارە هاواری ئەبوساڵحی کردووە کە فریای بکەوێ بۆئەوەی ئەبوو سالح لەمردن رزگاری بکات، بەڵام ئەگەر وتبێتی ئەبوسالح قتلنی ئەوا واتای ئەوەیە کە ئەبوسالح هۆکار بووە بۆ کوشتنی رەنگە ئەوەی فەرمانی کردووە بەگوللەبارانکردنەکە ناوی ئەبو سالح بووبێت . بەڵام لەهەموو حاڵەکاندا راستیەک دەردەکەوێ کە جەلاد چەند ترسنۆکەو چۆن لە سادەترین بەرەنگار بوونەوەدا هاوسەنگەرەکانی خۆشیان دەکەن بەقوربانی چونکە ئەو سەربازە هێشتا لەناو پاسەکەدا بووە کە ئەفسەرەکە فەرمانی کردووە لەسەیارەکەدا گوللە بارانیان بکەن . ع .م

تەنیشتمانەوەیەهەتا کەوتمە ناو چاڵەکە زۆر قوڵ و درێژیش بوو، من سەیری دوورم دەکرد بەڵام کەوتمە ناوەڕاستی چاڵەکەوە و کەوتم بەسەر تەرمێکدا دیار بوو یەکێکی بەخۆوە بوو بۆیە وادەڵێم چونکە دنیا تاریک بوو.

**مەبەستت ئەوەیە کەوتیتە سەر تەرمی کەسێکی بەخۆوە ؟**

بەڵێ کەوتمە چاڵێکەوە پڕ بوو چاڵچی لە تەرم، یەکێکم بینی قاچی دەجوڵایەوەو جەنازە کەوتبوو بەسەریدا بەڵام دەم و چاوی دیار نەبوو.

**ئەی سەربازەکان بەوناوەدا بڵاو نەبوونەوە ؟**

نا بەڵام لایتی سەیارە دیاربوو شۆفڵ لەو ناوەدا ئیشی دەکرد، نەڕەی دەهات دیار بوو خەریکی داپۆشینی ئەو چاڵانە بوو کە پڕکرابوون لەتەرم.

چەندێک دورکەوتبوویتەوە کە کەوا کەوتیتە ناوچاڵی پڕلە تەرمەکەوە؟

رەنگە هەروا ٦- ٧ مەترێک دورکەوتبمەوە، ئەوکاتە من لەسەرخۆم نەبووم بزانم رەنگە دورتر یان نزیکتریش بووبێت بەڵام زۆر دورنەکەوتبوومەوە کە بەدەمدا کەوتمە ناو چاڵەکەوە بەسەر لاشەکاندا کەوتم، ئەوسا بیرم بۆ تۆپزاوا چوو کەوا هەموو ئەو خەڵکە دەهێنن لێرە دەیانکوژن. کەبە ناوئەو چاڵادا بەسەر تەرمەکاندا رامدەکرد، وروگێژ بووم بەتایبەتی هەستم بەبۆنێکی زۆر ناخۆش کرد لەدەمولوتی یەکێکیان.

**تۆ چەنێک لەو چاڵەدا مایتەوە ؟**

بەخوا نازانم چەندێک ماومەتەوەرەنگە هەرچی بڵێم راست نەبێت، چونکە من لەبارێکی تەواو تێکچووودابووم، لەوکاتەدا ئەوەم بینی و تەنانەت دەستم کەوت بەسەر و چاوی یەکێکیاندا لەوە دەچوو بریندار بێت، چوکە لرخەی دەهات و بۆنێکی زۆر ناخۆش لە دەمی دەهاتە دەرەوە، خۆم لە ترسا بە پەلە هەناسەم دەدا ، هەستام لە چاڵەکە دەرچووم خوا بەوە رەحمی کرد، خەریک بوون جوندیەکەی خۆیان دەربکەن و ئاگایان لە ئێمە نەمابوو، بەردەوام تەقەشیان لە سەیارەکە دەکردو رام کرد و وتم (سالار، رەمەزان حەسیب) ئەگەر لە پێش منەوەن بڕۆن بە دەستی چەپداو مەوەستن و ئەگەر لە دواشمەوەن وەرن بەرێدا چەند جارێکی تر بەسەرچاڵی مەیتدا کەوتم. بەوەدا زانیم پێم پەتیە کە قاچم بەردرک دەکەوت یان درک دەچوو بەپێمدا ئەگینا ئاگام لەخۆم نەبوو هەتا بزانم سەعات چەندەو چەند لەچاڵێکدا ماومەتەوە.

**وتت بانگی رەمەزان وئەوانی ترت کردووە، چۆن وێرات ئەوە بڵێیت ؟**

ئەوە مەسەلەی ئازایەتی من نەبو بەڵکو جۆرە تێکچونێک بوو لەوکاتەدا وام لێهاتبوو، قاتێک جلی رەشم لە بەردابوو، کە دوور کەوتمەوە قاتەکە و تەنانەت شۆرتەکەشم داکەند لەبەرمداو خستمە ناو قەمسەڵەکەم بەڵام پێڵاوەکانم لەناو سەیارەکەدا بەجێمان .

**بۆچی پێڵاوەکانت بەجێمان ؟**

کاکە ناو سەیارەکە زۆر گەرم بوو، زۆر زۆرمان تینوبوو دور لەڕوتان هیچ عەیبەی تێدانیە من میزەکەی خۆمم لە تینوان خواردەوە، لەپێڵاوەکانمدا خواردمەوە بۆیە پێڵاوەکانیشم لەپێنەکردەوە .

**ئەی کەراتکرد بۆچی جلەکانت داکەند ؟**

لەبەرئەوەی کە لە سەحرادا بەشەو رادەکەیت گۆشتەکەت و زەویەکە وەک یەکی لێدێت تەنها قژت نەبێ لەسەر زەویەکە سەیری دوور بکە هەرشتێک لەوێوە بڕوات وەک ئاسۆی لێدێت، من هیچم نەبینی تەنها ئەوان نەبێت من لە سەعات حەوت ونیوی ئێوارە تا چوار وچارەکی بەیانی هەر دەرۆیشتم ورام دەکرد.

**کاک عوزێر تۆ هەرچاڵی دانەپۆشراوت دەبینی یان چاڵیشت بینی تەرمی تێ نەکرابێت ؟ یان تێی کرابێت و داپۆشرابێ ؟**

کاکە گیان قسەیەک بکەم رەنگە بڵێن ئەوە راست نیە، ئەو سەحرایە هەمووی قاش قاش کرابوو بۆ تەرمی کورد، ئەو بیابانە هەمووی گۆڕی بەکۆمەڵی کوردە، من هیچم نەبینی تەرمی تێدانەبێ بەڵام هەبوو گڵی کرابووە سەرو گڵ کۆمەڵکرابوو خۆ لەوێ گڵ نیە هەمووی هەرلمە بەڵام دیاربوو بەشۆفڵ خرووەکرابوو. هەتا نزیکی بەیانی من گوێم لەدەنگی تەقەو نەڕەنەڕی شۆفڵ بوو، کە لەوسەحرایەدا لایتەکانیان دیار بوو

نەڕەیان دەهات و منیش سوور ئەمزانی ئەوانە هەموویان خەریکن کورد ئەکوژن وبانی دەدەن، سەیارە دەهات ودەچوو بەوشەوە سەیارە ئیشی بەو سەحرایە چی بوو.

**لە دیدارەکەتدا لەگەڵ عارف قوربانی خوێندمەوە کە لە پاسەکەو تەرمەکان دەرچوویت ، توشی عەلاگەیەکی ڕەش بوبویت ئەوە زۆر ترساندویتی ئەوە چۆن بوو دەمەوێ بەوردی باسی ئەوەم بۆ بکەیت ؟**

ڕاستە، ئەوە عەلاگەیەکی سپی بووڕەش نەبوو، بەڵام پیش ئەوە با باسی شتێکی تر بکەم .

**بەڵی فەرموو**

شۆفڵ جادەیەکی دروست کردبوو لەوە دەچێ هەر بۆئەوە بوبێ کە سەیارە لەناو لمەکەدا نەچەقێت و بەرزیەکەی هەروا بستێک یان کەمێک زیاتر یان کەمتر دەبوو لەگەڵ ئەوشدا کە لەبەری تێدابوو خۆڵ هاتبوە خوارەوە هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی بەسەر ئەوەدا سەرکەوم، بەو خوایە منداڵێک دەیتوانی سەر بکەوێ کەچی من هەرچەندێکم دەکرد نەمدەتوانی بچمە بانی بەهۆی تینوێتی و برسێتی چوار پێنج ڕۆژ بەو وەزعەو حەفتەیەک پێش ئەوەش تۆپباران و هەر لە ترس و دڵەراوکەو ڕاکردندا بوین، لەو شوێنەدا دوو جارکەوتم، دوای ئەوە بەرزییەک هەبوو پێموایە جاروبار کە وەک جەزیرە ڕەشەبا لەلمدا دروستی دەکات و نامێنێ لەو بەرزییەبوو، شتێکی سپی دیار بوو، ئەمە ئەوەیە کە تۆ پرسیارت کرد، وەک ئەوەی یەکێک نوستبێت وشتێک بدات بە خۆیدا وەک خاو وابوو کە نزیک بومە بینیم نایلۆنێکە کەوتۆتە سەر دوو بنج درک و لایەکی زۆر نەدەجولایەوە ئەلهەق لەوەیان زۆر ترسام و جێشم نەهێشت، وتم لەوانەیە جەنازەبێت یان کەسێک بێت وەک من خوا ڕزگاری کردبێت و خۆی شاردبێتەوە بەو خوایە کە دەستم برد بۆ ژێر نایلۆنەکە زۆر زۆر ترسام، هەر بەترسەوە دەستم بۆ برد، بڕوا بفەرموو لە ترسان ڕوم کردە ئەولاوە، بەڵام هەر دەستیشم بۆ برد، هیچم بەردەست نەکەوت تا دەستم گەیشت بە درکەکە- بەس بروا بکە ئەمەنەم تینوبوو ئەمەنەم تینو بوو، هەرمەپرسە نازانم چۆن نەخنکام، تۆزێکی تر ڕۆیشتم هەواکە دەیدا لە ڕوم و هەستم کرد بۆنی ئاوی لێدەهات بەرەو ڕوی چومەلە تینوان دەمم بۆ دەکردەوە، کۆمەڵێک دارخورما دیار بوو لەوبەرەوە پێشئەوەی بگەمە ئاوەکە سیمێکم بینی (مەبەستی تەلی درکاویە) پێم وایە ڕەبایەی عەسکەر لە دەوری سیمەکە هەبوبێ، ویستم بچمە ئەو دیو سیمەکەوە، بەڵام وتم ناچارێ بۆیە هەر بەتەنیشتیا دەڕۆیشتم ئیتر نازانم ئێستا بیرم نەماوە وا بزانم سیمەکە نەمالەسەر خەیاڵ نیم چیلێهات، ژێری پێم خوێنی لێدەهات چونکە زیخێکی ڕەق و تیژ بوو قاچێکم بە فانیلەکەم و قاچەکەی ترم بە قەمیسەکەم بەست بەڵام چونکە برینەکەی زۆر نەبوو هەر جارجار مشتێک خۆڵم لێدەدا هەتا گەشتمە سەر ئاوەکە، لێواری ئاوەکە زۆرخۆش بوو، چونکە نەرم و قوڕاوی بوو ئاوەکە هەرئەهات و ئەچوو، شەپۆلیدەدا، دەمم پێوەنا هەتا تێر ئاوم نەخواردەوە نەهاتمە دواوە، ئینجا ویستم جلەکانم بهێنم لەوبەرەوە دامنابوو شەوقی لایتی سەیارەیەکم بینی بەرەو ڕوم دەهات. ئای خوایە ئەوە بۆم هاتن، زۆر ترسام  وام دەزانی بۆ من دێن، وتم ئەگەر لەم شوێنەدا بوەستم ئەمگرن، وەک هاوڕێکانم لێبەسەردێت و دەمکوژن، بۆیە بڕیارمدا خۆم بدەم لە ئاوەکە، ووتم ئەپەڕمەوە بۆ ناو دارستانەکە،ئەمزانی ناگەمە ئەوسەر چونکە ئەوسەر دوربوو بەناو ئاوەکەدا ڕۆیشتم لەناکاو قاچم چویە خوارەوە و هەرچەند هەوڵم دەدا نەمدەتوانی بێمە دەرەوە و ئاوەکە بۆ خوارەوە ڕای دەکێشام .

**مەلەت نەدەزانی ؟**

نەوەڵا، مەلەوانیش نەبووم تەنها خودا یارمەتی دام ودەرچوومهەرخوا خۆی مەیلی لێبوو ئێمە بمێنین، ئەگینا من زۆرجار بیردەکەمەوە چۆن دەرچوم و گەرامەوە ئەڵێی خەیاڵە، بەڵام مەسەلەکە خوای گەورە خۆییوو کە وایکرد ڕزگارم بێت نەک هەرمن ئەوانی تریش بۆئەوەی خەڵک بزانێ چی بەسەر کوردا هات لەئەنفالدا. ئیتر باش بوو، لەو ئاوەش ڕزگارم بوو. لەو گوللەبارانە دەرچووم خەریک بوو لەئاوەدا بخنکێم.

**ئەی سەیارەکە نەگەیشتەلات ؟**

نا، کە لەئاوەکە دەرچووم، سەیرم کرد گڵۆپی دواوەی سەیارەکە (بەگ لایت)ەکەی لەمنەوە دیار بووبەرەو ئەو سەرەوە دەڕۆیشت،هەندێک گڵۆپ لێمەوە دیار بوو بەڵام هێشتا دور بوون جلەکانم دا بەکۆڵداو بەرەو گڵۆپەکان ڕۆیشتم هەتا گەیمە ئۆردوگاکە هەر ڕۆیشتم

**نەپەڕیتەوە لە ئاوەکە ؟**

نا باش بوو دەرچووم، ئەگەر نیازی ئەو بەرم بوایەو بمویستایە بپەڕێمەوە ئەوا دەخنکام.

**ئیتر بەرەو ئۆردوگاکە ڕۆیشتیت ؟**

بەڵێ بەڵام ترسیشم هەبوو سەربازگە بێت، خۆمن نەمدەزانی ئەوە چیە شارە سەربازگەیە تەنها لە دورەوە گڵۆپەکانی دیار بوون، کە گەشتمە نیوەی ڕێگاکە هەر لەوشوێنەی کە من ئاوم لێخواردەوە بڕوا بکە تەیرێک زیکەیەکی کرد وەک چۆن ئافرەتێک ژان بیگرێ وفیزاحێک بکات ئاوا بوو وەک چۆن بە دەنگی بەرز هاوار بکات بەو شێوە هاتە گوێچکەم، بەڵام ئەودەنگە ئەوەندە ترسناک بوو، تەزوویەک سەرتاپای لەشی داگرتم لەترسان لە شوێنی خۆم وەستام، گوێم لە دەنگی چەند سەگێک بوو لەبەردەممدان من خۆمدا بە زەویەکەدا، چوار یان پێنج سەگی زۆر گەورە بوون، باش بوو بەخێرایی بۆڵای دەنگی تەیرەکە ڕۆیشتن هەتا دەنگی سەگەکان لەو شوێنە هات کە تەیرەکەی لێبوو وتم هەتا زووە با من ڕابکەم.

نازانم بۆتی باسکردووە یان نا هەرئەو سەگانە بۆ کاک فەرەجیش چووبون.[21]

ئیتر من ئەوەیان نازانم هەر ڕۆیشتم کە گەشتمە ناو ئۆردوگاکە دەرگایەک کەمێکی کراوە بوو، لە دەرگاکەمداو بۆ ئەوەی زو لێمبکەنەوە سەیری ناو حەوشەکەم کرد، بینیم دوو کەس لە هەیوانەکەیدا نوستون، جا من دەرگا کراوەبێ یان نا قەت عادەتم نەبووە سەیری ناو دەرگاکە، بکەم چونکە ئەوە گوناهە . بەڵام ئەو جارە لە تاو وەزعی خۆم سەیری ناو دەرگاو حەوشەکەم کرد.

**کەواتە هێشتا دنیا تاریک بووە ؟**

ئا ئا تاریک بوو، ئیتر دوو جار وتم (صاحب البیت) گوێم لە دەنگی ژنێک بوو، وتی: دە هەستە کرێکارەکان چاوەڕێتن. منیش وتم ئەمانە کوردن، وازیان لێناهێنم لەو کاتەدا کابراکە ویستی هەستێت کە سەیری خۆمم کرد ڕوت و قوت بووم، خۆم دایە پەنا دیوارەکە و جلەکانم کردەوە بەرم بەڵام قەمسەڵەکەم خوێناوی بوو لولم کردو گرتم بە دەستمەوە، هەرلەبەرم نەدەکرد، نازانم بۆ نەمدەکردە بەرم و بۆ فرێم نەداوە .

**دیارە شلەژاو بوویت، دەنا دەبوو لەدەرەوەی ماڵەکان جلەکانی تریشت لەبەربکردایەتەوە.**

دیارە هەروا بوو، بەڵام ماڵێکی تر بە تەنیشتیانەوە بوو، ئەوان دەرگاکەی خۆیان کردەوە، پێموتن ئێوە مەیەن من ئەچم بۆئەم ماڵەی تریان و ئەوان دەرگاکەیان داخست و سێ جاردام لەدەرگاکە و کابرایەکی بەتەمەن بوو، وتی:

- کێیە ؟
- خۆمانین
- خۆتان کێن؟
- کابرایەکی فەقیرم هاتوم یارمەتیم بدەیت، جامێ ئاوو نانێکم بدەنێ ( وتم با لە پێشەوە بەوە دەست پێبکەم ) کابرا دەرگای کردەوە وتی: فەرموو.

**کەواتە تۆ لەدەرگای ماڵێکتدا، بەڵام ماڵێکی تر دەرگایان لێکردوویتەوەو چویتە ئەوەکەی تریان ؟**

بەڵێ بەڵێ .. کە لەدەرگاکە چومە ژورەوە هەیوانێک بوو پاش ئەوە حەوشە بوو، کە گەیشتمە نیوەی هەیوانەکە یەکێکم بینی لە لای دەستی ڕاستمەوە نوستبوو، چومە حەوشەکەو وەستام، وتم: هاتوم یارمەتیم بدەیت من نە دزم نە پیاوکوژم، نە ئینسانی خراپم، ئەگەر هاوکاریم بکەیت سوپاست دەکەم، ئەگەر نەشیکەیت هەر سوپاست دەکەم، دەچم بۆماڵێکی تر. پێی وتم فەرموو، دوو کوڕی گەنج لە دواوە

---

21 هەمان ئەو کۆمەڵە سەگە چووبون بۆ فەرەجی تۆپخانەش لەکاتی دەربازبوونیدا تەواو سەغڵەتیان کردبوو، بەڵام دیارە بەدەم دەنگی ئەو تەیرەوە چوون و لەکۆڵ عوزێر بوونەوە .

وەستابوون یەکی دارێکی ئەستور بەدەستیانەوە بـوو، کابراکە پێی وتن دەرگاکە دابخەن، وتی منـداڵەکان لەم ژورە نوستون، وتـم نـاچینە ئەو ژورە بـا لە خەویـان نەکەین، لە هەر شوێنێک بێت، دادەنیشین چـونکە مـن نەحەزم دەکــــرد ئەوان هەســــتن نە حەزم دەکــــرد منالەکانیش بەو شێوەیە ببینن .

**ئەو کورانە بۆچی داری ئەستوریان پێبوو ؟**

رەنگە ترسابن من پیاوخراپ بووم .

**رەنگە پرسیارێکی زیادە بێت کە لێت بپرسم ئەوسا کە کوردێکت بینی پێت خۆشبوو ؟ چونکە دڵنیام زۆر خۆش بووە، بەڵام هەستت چۆن بوو ؟ نەتگوت ئەمانە چ دەکەن لێرە ؟ هەستی ئەوەت لەلا دروست نەبوو کە ئەمانە ئیستخبارات و سەر بەدەوڵەت بن ؟**

راستیت دەوێ ئێستا نازانم بڵێم هەستم چۆن بـوو، هەم خـۆش بـوو هەم زۆردەترسـام، زۆر قەلەق بـووم، زۆر پەریشان و ماندوبووم، کاکە ئەوەی بەسەر ئێمەدا هات هەر بەدەم خۆشـە باسـکردنی . لەو چـۆڵەوانیەدا واکورد دەکوژن و من گوتم رەنگە هەرکـورد نەمابێت بەڵام وا ئێسـتا لەمـاڵ کوردێکـدام ئەوە کەم نـیە، لەو کاتەدا رێک وام ئەزانی خودا بەفریـام کەوتـووەو ئەم ماڵەی بۆ رزگارکردنی من ناردووە.

ئەوکـاتە سـۆپای عەلادیـن بـوو، عەلادینێکیـان هێنـا قـابلەمەیەکی کەمێـک بچوکیـان خسـتە سـەری زانـیم خوردنم بۆ ئامادە دەکەن ئەوە بۆبـۆمن ئـارامی بـوو، بەخوا وابزانم خوردنەکەش شلەی فاصۆلیا بـوو. ئەوە خواردنی ئێوارەبـوو، مـابووەوە کە دانیشـتم کـاتێکم زانـی خەڵـک لێمـان کۆبـوونەوە زۆرترسـام ژورەکە پڕبوو لەخەڵک بەخوا ئەوماڵەی دراوسێکەشیان هـاتن، ئەوەش لەبەرئەوە زانیـان چـونکە پـێش ئەم مـاڵە لە دەرگـاکەی ئەوانمـدا، مـن قـاچم راکێشـابوو، چـونکە نەمدەتوانی بینوشتێنمەوە، شەرمیشم دەکرد، هەرچەنـد هەوڵمدا قاچم بنوشتێنمەوە، دەمویسـت بەچوارمشـقی دابنیشـم، چـونکە خـۆت مجلـیس خۆمـان دەزانـی دەنیشـتن ئـاداب خـۆی هەیە، بەڵام نەمتـوانی بەزۆر بەدەسـت رامکێشـا ونوشـتاندمەوە بەچـوار مشـقی دانیشـتم، بەڵام قەمسـەڵەکەم لە تەنیشـتمەوە دانـابوو، ئەوە لێم بووە موشکیلە چـونکە خوێنـاوی بـوو، بەڵام لولم کردبوو تا خوێنەکە نەبینن.

**ئەی کە گەیشتیتە ناو ئاوەدانیەکە بۆچی فرێت نەدا ؟**

کورە بێ قەزابی نەمگوت هەربیرم نەبوو کە روتم هەتا بەردەرگای ماڵەکە ؟

**ئەی دوای ئەوە ؟ بۆچی قەمسەڵەکەت بووە موشکیلە ؟**

ئەوەشت بۆ باس دەکەم.

**بەڵێ فەرموو**

سەرەتا پیاوەکە کەوتە پرسیارکردن :

وتـی : تـۆ کێیـت و خەڵکـی کوێـت و ئەم جـۆرە پرسیارانە.

وەڵامـم دایەوە مـن لێقەومـاوم و هـیچ نـیم کە تـۆلێی بترسیت دڵنیابن کەسێکی فەقیرو لێقەوماوم.

وتی : ئەی بۆچی بەم نیوەشـەوە هاتویـت و چیـت لە ئێمە دەوێ ؟

وتـم : کـاکی خـۆم، لـێم قەومـاوەو دەمەوێ یـارمەتیم بدەیت خودا ناردومی بۆبەردەم قـاپی جەنابـت، مـنش وەک تـۆ کـوردم و زەرەرم بـۆ کەس نەبـووە و خـوا یاربێت لەمەولاش بۆ کەسیشم نابێ، دیاربوو قسەکانم کـاری تێکـردو بەزەیـی پیامـدا هـاتەوە، دەسـتی بە گیرفانیدا کردو دەستی درێژکرد پارەم پێبدات، منـیش سوپاسم کردو پێمگوت : مـن پـارەم ناوێـت بەڵام ئەو دەسـتی نەگێـڕایەوەو سـوێندی خـوارد کەدەبێـت هەڵیبگرم، منیش لەبەر سوێندەکەی پارەکەم وەرگرتـوو خستمە گیرفانم و دیسانەوە دەرمککـردەوەو داماوەو پێمگـوت کـاکە گیـان دەمەوێـت پێمبڵێیـت، رێـگەی سەلامەت لەکوێوەیە، سەیتەرەکان و رەبایەکان لە کوێن ؟

**کابرا بەترس و سورماوی گوتی بۆچی ؟**

گـوتم بـۆئەوەی دەربچـم .. جـا تـۆ پرسـیت بـۆچی قەمســـەڵەکەت موشـــکیلە بـــوو، ئەوەبـــوو لەوکـاتەدابووکورەکەی سـەیری قەمسـەڵەکەمی کـرد و وتـی: کـاکە ئەمە هـی سـەربازییە ! کە سـوڕاندیەوە قـۆڵەکەی هەمـــووی خـــوێن بـــوو پیـــاوەکەش روی تێکردەوە وتـی ئەمەچیە ؟ ئەی خـۆ تـۆ وتـت، مـن فەقیـرم ئەی ئەوە چیە بـۆچی قەمسـەڵەکەت هەمـووی

خوێنە؟! منیش نەمدەزانی چی وەڵامبدەمەوە بەڵام خۆ هەردەبوو قسەیەک بکەم و بۆیان ڕونبکەمەوە.

**ئینجا چیتکرد ؟ چیت پێوتن ؟**

وەڵا چی بکەم، تەماشادەکەم ژورەکە پڕپڕەو جێگەی یەک کەسی تر نابێتەوە، چاوێکم بەو خەڵکەدا گێرا کە ە ژورەکەدا دانیشتبوون، ئەوانیش هەموو ترسابوون و هەمویان ڕەنگیان تێکچووبوو، دیار بوو زۆر دەترسان ناهەقیشیان نەبوو، گوتم ئەمانە چی تۆن ؟ کابرا وتی هەمووی هی خۆمن و بێگانەیان تێدانیە، منیش وتم چاکە، مەترسن من نەمکی ئێوەم کردووە و ڕاستیتان پێدەڵێم، کە ووتم: ئەمانەی کە دانیشتون چی تۆن و کابرا دڵنیای کردمەوە و وتی : ئەمانە هەمووی خێزان و کچ و کوڕی خۆمن . منیش دڵنیابووم ئینجا لێم پرسینەوە ئەگەر ئەوەی بەسەر من هاتووە پێتانبڵێم ناچن لەدەرەوە بیدرکێنن ؟ کابرا وتی نای گێڕنەوە خەمت نەبێت ئیتر منیش پێمگوتن بەڵام وەتم ئەگەر هەریەکێک لە ئێوە ئەمە باس بکا هەموتان ئیعدام دەکرێن. قەمسەڵەکەم بەرز کردەوە و گوتم من خەڵکی ئەوگەرمیانەم دێیەکەمان لەلای کەرکوک و ناوی تەرجیلە، تەنانەت ناوەکەی خۆشمم گوت، وتم ئێمە فیرار بوین لەو دێهاتانەی لای قادرکەرەم، باوک و برا و خوشک، پیرەوگەنج و ژن و منداڵ و هەموو خێزانەکانمان گیراون و هەمووشیان هێناین لێرە لەو سەحرایە گوللەبارانکراین. ئەوە منیش بەو حاڵەوە دەرچووم ڕێم کەوتووەتە ماڵی پیاوچاکێکی وەک تۆ، ئەوان هەموو گوێیان گرتبوو بەڵام زۆر زۆر دەترسان، دیاربوو زۆریان پێناخۆش بوو، کابرا سەیرێکی کردم هیچی نەگوت ئەو لەحزەیە زۆر ناخۆش بوو، دڵم پڕبوو لەگریان بەڵام هەرچۆنێک بوو دانم بەخۆمداگرت و لەسەدای گریانم نەدا، ئیتر کابرا ڕوی کردە ژنێکیان جا نازانم کچی بوو یان ژنی بوو یان بوکی بوو ئەوەیان نازانم، کابرا وتی برۆ ئەو تەنورە داگیرسێنە! کە وای گوت، زۆر زۆر ترسام سەیرێکی خەڵکەکەم کرد، هەموو بەبەزەییەوە تەماشاین دەکرد، خەریک بوو زیرە بکەم، ناهەقم نەبوو، تازە من لەمەرگ ڕزگارم بووە، ئەوەی ڕویدا وەک شریت بەبەرچاومدا ڕۆیشت، دنیا لەبەرچاوم تاریک بوو، هەزارو یەک داڵغەی خراپ بەمێشکمداهات، یەک قسەیەکی نەدەکرد هەموو تەماشایان دەکردو منیش بەترسەوە تەماشام دەکردن، ژنەش ڕۆیشت و نەهاتەوە هەتا هاتەوە بە کابرای وت: تەنورەکە ئامادەیە خەریک بوو زیرەبکەم هەرجارەی شتێک دەهات بەمێشکمدا. دەمگوت بڵێی بمخەنە ناو ئەو تەنورەوەوە ونم بکەن. لەڕاستیدا نازانم ئەو ترسە بگێڕمەوە ئیتر خۆت بخەرە شوێنی من، کە ژنەکە هاتەوە وتی دامگیرساند، حازرە خەریکبوو زیرە بکەم، باوکەکە ووتی برۆ ئەو قەمسەڵەیە بخەرە ناوی و بیسوتێنە، هانایەکم هاتەوە بەر، ئینجا گوتم ئۆخەی من گوتم مەمنونتانم من دەبێت بڕۆم، پیاوەکە نەسیحەتی کردم بچمە مزگەوتەکەو لەوێوە گەراجەکە نزیکە بۆئەوەی بۆخۆم بچمە ئەوێ، دیاربوو کابراش نەیدەویست کێشەی بۆ دروست بێت، ناهەقیشی نەبوو، بۆیە منەی ئەوەی دەکردڕیگایەک بدۆزێتەوە بۆ ئیزندانم، دەیویست پێشئەوەی خۆر هەڵبێت لەماڵەکەی بڕۆم بەوەدا دیار بوو وتی: برۆ بۆمزگەوتەکە ئەگەر خوا بیکات یەکێکی تر لەوێ هاوکاریت بکات باشە،ئەوەشی گوت: کاکە لەناو ئێمەشدا پیاو خراپ هەیە، هەرچەندم دەکرد پێم نەبوو بڕۆم ڕوم کردەوە کابراو پێمگوت ئەگەر بکرێت ئەمڕۆ لێرەبم و بەیانی زوو دەربچم مەنون دەبم، بەڵام دیاربوو کابرا پێیخۆش نەبوو لەماڵیان بمێنمەوە گوتی : بەخوا دەبێت لە قسورمان عافوبکەیت و شتی وەها بۆ ئێمەش و بۆخۆشت باش نابێت، کێ دەڵێت : ئێستا نازانن تۆ هاتوویتە ئێرە بۆیە برۆیت باشترە، منیش وتم باشە، با بچین بۆلای سەیتەرەکە، ئیتر جوتێ پێڵاویان دامێ و دەرچووم، خوایە تۆبە کابراش لەگەڵمدا هات، پیاو ڕاست بڵێ ئەو چاکەیەشی لەگەڵدا کردم، هەتا ناوەڕاستی مجەمەعەکە هات دیاربوو حەزی نەدەکرد خەڵک لەگەڵ مندا ببینێت، ئیتر ئەو پێی گوتم ئاماو ئاوا برۆ بۆ مزگەوتەکە، ڕۆیشتم هەتا مزگەوتەکەم دۆزییەوە .

**کابرا هەتا کوێ مزگەوتەکە لەگەڵتدا هات ؟**

بەخوا زۆرلەگەڵمدا هات بەڵام نەیگەیاندمە مزگەوتەکە، ئاخر ئەویش دەترسا، وتی مادام وەزعەکەت ئاوایە با خەڵک لەگەڵ تۆ نەم بینن، خۆ هێشتا رۆژیش هەڵنەهاتبوو خەڵک دەچوون بۆ نوێژو بۆکریکاری وئاوا، بەڵام خۆزگە دەمبینینەوە من زۆرمەمنونیانم ئەگەرئەوان نەبوایەن من هیچ هێزم تێدانەبوو.

**ئینجا تۆ بۆچی چویت بۆمزگەوتەکە ؟**

ولا خۆمن هیچ ئیشم بەمزگەوت نەبوو، بەڵام کابرا گوتی گەراجەکە لە نزیک مزگەوتەکەیە، خۆشم نازانم بۆچی چووم بۆ ناومزگەوتەکە، هەرلەخۆمەوە چووم دەست و دەمووچاوم بشۆرم، لەوکاتەدا واخەریک دەست شۆرین بووم، کورێک هاتە تەنیشتمەوە عەترێک زۆری لەخۆیدا بوو، بۆنی رۆژەرێیەک دەرۆی، ئەوناوەی پرکردبوو.[22] کورێ گەنج بوو مشکییەکی بەستابووە سەری، رەنگەکەی رەش نەبوو، وەک ئەوەی لای خۆمان رەش وسپی بێت.لای خۆشمان هەیە بەلای مۆردا دەروانێ بەڵام ئەوەی ئەو رەنگەکەی نەوعێکی تربوو، مۆرێکی زۆردیاربوو.ئەوەی بەستابووە سەری. کورێکی دڵتەردیار بوو، لەو کاتەدا یەکسەر بیری ناوپاسەکەو هاورێکانم کەوتەوە، لەدڵی خۆمدا وتم خۆزگەم بەدڵت ئیتر زۆر بەزەیم بەخۆم و بەو خەڵکەشدا هاتەوە کەو بەوشێوەیە کوژران وتم تۆسەیری من لەکوێوە هاتووم و لێرە توشی چی بووم. کە ئەو کورەم ئاوابینی هەر لەخۆمەوە خۆفێکم لەلا پەیدا بوو چونکە قسەی کابرای ماڵەکەم بیرکەوتەوە کە گوتی : ئێمەش پیاوخراپمان زۆرە، بەڵام کورەکەش لەوە دەچوو باش نەبێت کورەکە کەمێک لێم وردبووەوە ووتی تۆ عیراقیت.؟ وتم نەخێر ووتی خەڵک ئەیرەی ؟ وتم بەڵێ بەڵام زۆر روم پێنەدا کوڵی نەدا ئینجا وتی ئەی ماڵتان لەکوێ یە.؟ ناوی ئەو گەرەکەم ووت کەکابرا پێمی وتبوو.. پاش کەمێکیتر ووتی بەڵەوی، نەمزانی ئەوقسەیە مەعنای چییە

**واتا شارەزای**

بەڵێ بەڵێ ئێستا دەزانم بەڵام، ئەوسا نەمدەزانی واتای چییە چونکە بەحەیاتم شتی وام گوێ تێوەنەبوو، بەخوا هەرلەخۆمەوە هاتە دەممدا وتم ئا، ئیتر باش بوو ئەویش کۆڵیداو بڕییەوە.. بەڵام بۆنی عەترەکەی زۆر زۆر بوو، ئەرێ خوا ئاگادارە رەنگە یەک شوشەی عەتری تەواوی کردبێتە سەرخۆیدا.

منیش زۆر خۆم رانەگرت چونکە لەو کورە ترسام وتم نەکا پیاوخراپێ و چاودێری کردبم، منیش لە سێبەرەکەی خۆم دەترسام و پێشتریش کابراکە لەماڵی خۆیان وتی : ئێمەش خەڵکی خراپمان هەیە.ئیتر کەئەو گەنجەشم دی و واپرسیاری لێم دەکرد، پیاو راست بڵێ زۆرترسام هەرلەخۆمەوە غایلەی خراپم دەخستە دڵمەوەو دەمگوت بەخوا ئەم کورە هەستی بەشتێک کردووە ئەگینا بۆدەپرسێت. بەڵام دڵی خۆمم بەوە دەدایە خوا منی لەو وەزعە رزگارکردووە، هەرخۆشی دەمپارێزت و ئەم کورە ئەگەر نیازی خراپیشی بێت خوا لەئاستی من کوێروکەری دەکات، جارجاریش فێنکاییەک بەدڵمدا دەهات چونکە، کە پرسیم ئێرە کوێیە کابراکە پێی گوتم کە ئێرە سەربە رومادییە.

**بیورە کام کابرا ؟**

ئەوەی وابەرەبیان چومە ماڵیان ئەو گوتی رومادی لێرەوە زۆردورنیە.

**ئینجا ئەو کابرایە هەر لەخۆیەوە وای گوت یان تۆ پرسیارت لێکرد؟**

نانا خۆی دەزانی چۆن بوو، کەوتی بچۆ بۆ گەراجەکە ئەوگوتی لەوێ سواری پاس دەبیت دەتبات بۆ شاری رومادی، ئینجا گوتی زۆر دورنیەو لێرەوە نزیکە. گوتی هەروا نیوسەعاتێک دەبێت . ئیتردڵم بەوقسەیە زۆر خۆش بوو.

**ئینجا هۆی چی بوو وا دڵت بەو قسەیە خۆشبوو ؟**

ئەی مەگەر بۆتم باس نەکرد ماڵی خوشکەکەم لەوێ بوو، هەستم دەکرد لەماڵی خوشکەکەم نزیکم و خوا

---

[22] کاک عوزێر زوو زوو لەسەرکارەکەیەوە زەنگم بۆلێدەدات بەردەوام باسی ئەو کورە دەکات و بەپێکەنینەوە دەڵێت نازانم ئەو گەنجە ئەو هەموو بۆنەی بۆچی بەخۆیدا رشتبوو .

دەرگای لێکردوومەتەوە،بەوەدا دڵمخۆش بوو،ئەگەرخوا مەیلی لەسەرنەبوایە ئەم لێقەومانەی دەخستەشارێکی ترەوە، لەسەرێکی تریشەوە دەمگوت خوای گەورە بۆهەر لەقادرکەرەمەوە بەفریای ئەم خەڵکە نەکەوت ئینجا دڵی خۆمم دەدایەوەو دەمگوت دەست لەئیشی خوای گەورە نەدەی باشە، ئاخر هەرواش بوو کاک عومەر لەو مزگەوتە یەکسەر توشی ئەوگەنجە بووم شکم لێی کردو نەچووم بۆگەراج ئەوەش خێری پێوەبوو، چونکە کە کورە عەتردارەکە نەمیترساندایە من بەنیاز بووم یەکسەر بەرەو گەراجەکە بڕۆم چونکە دەبوو لەوم بپرسیایە گەراجەکە لە کوێیە،بەڵام کە گوتی عێراقیت ومن گوتم ناو ئەو گوتی بەڵەوی ومن گوتم ئا، ئەی چۆن هەرلەویشم بپرسیایە گەراجەکە لەکوێیە ئەوسا یەکسەر ئاشکرا دەبووم . ئینجا هەر زوو مزگەوتەکەم بەجێهێشت و هەر لەخۆمەوە ملم ناو نەمدەزانی بۆکوێ بچم لەناو ئۆردووگاکە دەسوڕامەوە نەمدەزانی چی بکەم.

**ئەی ئەگەر زانیت گەراجەکە لەمزگەوتەکە نزیکە بۆچی خۆت بەرەولای گەراجەکە نەرۆیشتی ؟**

ئاخر کورە گنجەکە وا گوتم بۆنێکی زۆری دابوو لەخۆی بەو پرسیارانە دڵمی خستە مشکیلەوەو وتم ئەمە توشی بەڵایەکم دەکات بۆیە نەمویرا بچم بەرەو گەراجەکە لەبەرئەوەی کابرا پێمی گوت گەراجەکەو سەیتەرەکە هەر لە نزیک یەکترین، سەرەتا ویستم کەمێک خۆم دوابخەم لەدڵی خۆمدا وام لێکدەدایەوە کە دەمەو ئێوارە بڕۆم باشتربێت.

**لەبەرئەوەی کاتمان بەدەستەوە نیە، پێمخۆشە باسی ئەو ماڵەم بۆبکەیت کە جاری دووەم چوویتە ماڵیان ئەوەی وا خانویان گڵبەبان دەکرد؟**

باشە بەسەرچاو بەڵام گڵەبانیان نەدەکرد، دارەڕای خانوەکەیان دەکرد، هێشتا نەگەیشتبوونە گڵەبان، ئەوەش دوای ئەوە بوو کە هەر لە خۆمەوە ملم نایە ناوجمەعەکەوە توش ئەم ماڵە هاتم واخەریک ئیش بوون، وتم بچمە لای ئەمانە باشە، هەندێک زەلام ئیشیان دەکردو لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەکردودەتریقانەوە. بەڵام سڵیشم دەکردەوە چونکە هەرکەس منی بدیایە یەکسەر هەستی دەکرد من لەدۆخێکی باشدانیم و لێقەوماوم .

دوجار، بڕیارمداو گەرامەوە وتم باشە ئێستا بچم بڵێم چی و بۆچی هاتوومەتەلاتان، ئەگەر گوتیان فەرموو من بڵێمچی ؟ ئیتر دوایی ناوی خوام لێهێناو چووم، ماندونەبوونیم لێکردن و وەڵامیاندامەوە،بەڵام کەس نەیگوت فەرموو،نەیانگوت چیت دەوێ هیچیان نەگوت، بەڵام من بۆخۆم گوتم ئەرێ میوان رادەگرن ؟ لای ئێمە ئەوە عادەتە ئەگەر غەریبەیەک بێت بەوشێوەیە لەدەرگای ماڵێک دەدات کەنەیناسێت .

**بەڵێ بەڵێ لەزۆربەی ناوچەکان هەروایە لەرۆژهەڵاتیش هەروایە**

بەڵێ دەمخۆش چونکە ئەوانیش لەبنەرەتەوە هەر خەڵک ئەوێ بوون حکومەت بۆبەختی ئێمە هێنابوونیە ئەوێ، ئەوسامن ئەوەم نەدەزانی. بەڵام شەوەکە لەماڵەکە شتێک حاڵی بووم کەوا خەڵکی ناوئەم ئۆردوگایە کوردی ئێرانین . ئەوەش بۆمن باش بوو کەمێک دڵمی خۆش کرد، وەلحاصل ئەوکاتە بۆمن سەبورییەک بوو. ئێ باسی چیمان دەکرد ؟

**باسی ئەوەی داواتکرد میوان رادەگرن ؟**

ئابەڵێ ماڵیان ئاوابێت لەگەڵ تۆدا وتیان میوان سەرهەردوک چاوو سەرسەرمانە، ئیتر وتم ئۆخەی بەخوا خوای گەورە بڕیاری نەجاتبونمی داوە، ئەوەش هەر ئەمری خوای گەورەبوو کە بەرەو ئەوماڵەبچم (ڕومکردە خوا ووتم خوایە تۆ باکت لەکەس نییە منت لەمردن ڕزگارکرد ئەچم بۆلای ئەم زەلامانە خوایە یان نەجاتم بدەی یان ڕزگارمکەی.. لەدوورەوە تەماشایانم ئەکرد یەکێک لەو زەلامانەی دیاربوو زۆر سەرنجی ڕاکێشام کاک محەمەدێک هەبوو خواعلمی هەیە ئەتووت لەگەڵ ئەو کاک محەمەدیا سێوێکن و کراونەتە دوولەت، نازانم هی پاڕانەوەکەبوو خوا شێوەی ئەو کابرایەی واهێنایە بەرچاوم تابچم بۆلایان یان خۆی

شێوەی بەو دەچوو ئەوەیان مەگەر خوا بۆخۆی بزانێ..!)[23]

هەموویان گوتیان یان هەر یەکێکیان وتی میوان سەرچاومان ؟

نانا یەک کەسێکیان بوو، وا ووتی میوان پێڵاوی لەسەرچاومان خوڵقێکی گەرمی کردم و وتی فەرموو، کەچوومە ژورەوە ژن و پیاوێکی بەتەمەن دانیشتبوون، سڵاوم لەوانیش کردوو دانیشتم.. بەخێرهاتنیانکردم و منیش بێدەنگ دانیشتم ئەختیارەکە کەمێک لێم ورد بووەوەو پرسی خەڵکی کوێیت ؟ منیش گوتم عێراقیم و وا خواقسمەتی هێناوەمەتە ئێرە. (کابرا پیرەکە هەر قسەی بۆدەکردم منیش کەئەوانم بینی و لەماڵەوە دانیشتبووین.ز ژیانی لای خۆمان ئەهاتە پێش چاومن چووبومە ناو خەیاڵێکی قوڵەوە دیمەنی ماڵەوەی خۆمان و هاتنی جەیش و جاش و گرتنمان وسجن و تاکوشتنەکان و ئەو هەموو هاتووهاوارەی ناوسەیارەکەو دەنگی تەقە هەموو لەگوێمدا دەنگی ئەدایەوە.. لەپڕ سەوتی سەماعەیەک هات ناوزگم هاتە خوارەوە ئەوەندە راچەڵەکیم هەناسەم تەنگ بوو ترس تەواو دامیگرت واهەستمکرد ئەو سەماعەیە بۆمنەو زانیویانە من لەم ئۆردوگایەم ئەو بانگەوازە بەدوایمنەوەیە، ئەوانیش لەراچەڵکینەکەی من هەستیان بەوەکرد کەمن ترسام پێش ئەوەی من بپرسم ئەوەچی بوو ئەوان خۆیان وتیان ئەوە بایعی هاتووە ئەمرۆ ئەو بانگەوازە بۆ بایعییە.. ئیتر بەهۆی ئەوەوە هۆشم هاتەوە بەرخۆم کەمن لەکوێم، ئیتر خەمی ئەوەم بوو باشە نیوەرۆ من چۆن وەلامی ئەم چوار زەلامە بدەمەوە چی بلێم چی قسەیەک رێکبخەم باوەڕم پێئەکەن، خۆم بکەمە چی.؟ چی بیانوویەک بدۆزمەوە تاعەسر لەم ماڵە بمێنمەوە..!؟ ئیتر زەلامەکانیش دەستیان لەئیش هەڵگرد ئاگام لێبوو کەدەستیان ئەشۆری خاوەن ماڵەکە ئەیووت بەخوا نارۆن ئەوانیش گوێم لێبوو ئەیانووت ئەڕۆین.منیش ئەپارامەوە دەی خوایە بڕۆن وتەنها ساحێب ماڵەکە بمێنێتەوە، وەلا خواکردی دوانیان رۆیشتن تەنها یەک کەسێکیان مایەوە. هاتن ئەوانیش بەخێرهاتن منیان کرد، خاوەن ماڵەکەو ئەو کوڕەی تر کەئەویش پورزای خۆی بوو. (24)

کە چووم زۆری نەمابوو بۆ نیوەڕۆ ئیتر کە دەستیان هەڵگرت، زەلامەکان دوانیان نانیان لەماڵەکە نەخواردو زوو رۆیشتن ئەوەم زۆر پێخۆش بوو، هەرلەخۆمەوە دڵم دەترسا بۆیە پێمخۆش بوو هەر خاوەن ماڵەکەبێت ئیتر نان و چێشتیان دانا، لەبەرئەوەی من میوان بووم لە پێشەوە فەرمویان لەمن کرد، خوا ئاگادارە هەرکە دەستمبرد بۆ رانە مریشکەکە،زۆر دڵم تەنگ بوو، هێندەی نەمابوو لەسەلای گریان بدەم، چونکە ئەو تاوانەی دوێنێ شەوم بیرکەوتەوە دایکم وباوکم و خوشک وبراکانم بیرکەوتەوە، برادەرەکانم هاتنەوە بەرچاوم، کە دوێنێ ئاوا لەلایەن ئەو زاڵمانەوە درانە بەرگولەو لەو چۆڵەوانیە هەموویانیان کوشت، ئاخر من نەمدەزانی کەسی تر دەربازبووە وام دەزانی هەر خۆمم. دەمووچاوی ئەوانەی ناوسەیارەکەم هاتەوە بەرچاو بەوەدا زانیان من کێشەیەکم هەیە، چونکە من رانەکەم بۆ نەدەبرایە لای دەمم وهەر بەدەستمەوە بوو، ئەوانیش هەموویان وەستان و دەستیان لەنانەکە دورخستەوە تەماشای منیان کرد.. وەلحاڵ وەزعێکی زۆر ناخۆش رویدا نانخواردنەکەم لەوانیش شێواند،چونکە ئەوان لەوهەڵوێستەی من سەریان سورماو حەپەسان.. بەخوای گەورە کەوتمە حاڵەتێکەوە، خۆشم نەمدەزانی چۆن چۆنی لێی دەربچم بەلام تازەکارلەکار ترازابوو ئەوان لێم کەوتنە گومانەوە..! کە خاوەن ماڵەکە وتی ئەوە کاکە بۆ دەست لە خواردنەکە دەگەڕێنیتەوە زۆر تەریق بوومەوەو بەخۆمداشکامەوە، کابرا ئاگای لەدەردی من

---

23 ئەوەی ناوکەوانەکە بۆمنی باس نەکرد من لە دیدارەکەی لەگەڵ عارف قوربانی هەڵم گواستووە چونکە بەپێویستم زانی) بڕوانە عوزێر – عارف قوربانی

24 ئەوەی ناوکەوانەکەی بۆمن باس نەکرد بەڵکو لە عارف قوربانی هەمگواستووە لەبەرئەوەی بەپێویستم زانی لەم کتێبەشدا هەبێت

نەبوو ئەو واهەستی کرد کەخوانەخواستە
خواردنەکەیان عەیبێکی هەبێ یان من شتێکی پیسم
تێدا بەدی کردبێت.! دیسان گوتی: کاکە بۆنایخۆیی،
ووتم برسیم نییە، دیاربوو کابرا قەناعەتی بەقسەکەم
نەکرد، بەڵام پیرەمێردەکە ووتی: دیارە برسی نییە
فەقیرەبیرم نەماوە ئەوانەی تر هەریەکەیان قسەیەکیان
کرد.. بەڵام ژنێک لەلای خوارەوە دانیشتبوو ووتی
کورە جاسوسە، مێردەکەی بە مۆنیەوە ئاورێکی
بۆدایەوەو تەماشایەکی ژنەکەی کرد..! ئیتر ژنەکە
قسەی تری نەکرد، کابرا دیاربوو ئەم نان نەخواردنەی
منی زۆر لەبەردڵگران بوو، جارێکی تر لێی پرسیمەوە
کاکە مشکیلەی چیت هەیە؟. ووتم ئێوە نان بخۆن من
ناتوانم، ووتی کاکە ئاخر تۆمیوانی ئەگەر تۆلەگەڵمان
نەخۆی ئێمەیش نایخۆین.ووتم نانا تکایە دڵتان هیچ
نەکات ئێوە نانەکەتان بخۆن بەڵێنم پێدان باسی
مشکیلەکەی خۆمیان بۆبکەم.بەڵام ئەوان نانیان
نەخوارد، عەینەن چۆن لەماڵەکەی پێشوتر سەرەتا پێم
ووت ئەمانە چی تۆن؟ بەم پیاوەشم گوت : ئەو ژن
وپیرەمێردە چی تۆن.ووتی ئەوە دایک و
باوکمن.ئەوەش پورزامەو ئەوەش ژنەکەمە، ووتم باشە.
کابرا ووتی کاکە مەترسە چیت لەدڵدایە فەرموو..
سفرەکەش هەر هەڵنەگیرابووەوە ووتم: لە قسورم
عافوبکەن نانخواردنەکەم لێشێواندن بەڵام بەخوا
منیش ناهەق مەگرن بەڵام توخوای گەورە ئێوە
کارتانکردووە ماندوون بامن نەبمە باعستان فەرموو
دەستبکەن بەنان خواردن و منیش ڕاستییەکەتان
پێدەڵێم. بەڵام ئەوان هەرنەگەرانەوە سەرسفرەکەو
نانیان نەخوارد یەکەمجار کەدەستم بەقسەکرد پرسیم
لەپیاوی ماڵەکە تۆخۆت ئیشت چییە..؟ وتی من
موختاری ئەم ئۆردوگایەم، هەرغەریبێک بێتە ئێرە
دەهێنرنە لای من هەرکەس بۆسەردان بێت بۆلای
هەرکەسێ ئەبێ بێتەلای من، هەر کەسێکیش لێرە
بگیرێت دێننی بۆئەوەی بزانن من ئەیناسم یان نا،
سەرەتا زۆرترسام کە ئەو قسانەی کرد جا نازانم ئەم
قسانەی بەڕاست بوو یان لەبەر ئەوەی من بترسێنێ
ئەم قسانەیکرد، بەڵام کەوتی دێنەلام بۆئەوەی
مشکیلەکەیان بۆچارە بکەم دڵمخۆش بوو ئیتر منیش
هاتمە سەر ئەو ڕایەی دەبێت جەسەرهاتەکەمیان بۆ
بگێڕمەوە.. لەڕاستیشدا ئەو پیاوبوو، دەتوانم بڵێم
فریشتەبوو ئاخر بروا بکە هەر ئیرادەی خوا بوو لەو
تەنگانەیەدا کابرایەکی وام لێپەیدابێت..! ئیتر سەرت
نەیەشێنم ئەوەی بەسەرم هاتبوو بۆم گێڕانەوە بەڵام
بەکورتی نەک وەک ئەوەی لەو ماڵەی تر، وتم من ئەوە
بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕانەوە ئێوەش خۆتان و
وێژدان و خوای خۆتان.داوای هاوکاریت لێدەکەم
خۆمن تۆم نەناسیوە خوا منی کردۆتە ماڵەکەتەوە ئیتر
خۆت دەیزانی ئەوەتام لەماڵەکەت دانیشتووم و من
هیچ دەسەڵاتێکم نیە، بەڵام یەک داوام لێت هەیە
ئەمکوژی یان ڕزگارم دەکەیت لای من وەک یەک وایە
بەڵام تەنها تەسلیمی حکومەت و حیزبی بەعسم
مەکەرەوە..! چاکەشم لەگەڵ نەکەی گەردنت ئازائەکەم
ئەگەرخۆت ئەمکوژی نەجاتم ئەدەی ئەگەر ئەم سوتێنێ
بەس تەسلیمی حکومەتم مەکەرەوە.

ئەی کابرا چی گوت ؟

کابرا هەرگوێی گرتبوو تێڕامابوو، ڕاستی ترسابوو،
بەڵام یەک کەسیان قسەیان نەدەکرد، هەموویان
حەپەسابوون، جانازانم قسەکانم کاری تێکردبوون یان
وەک ژنەکە وتی بەجاسوسم تێگەیشتبوون ئەویان
نازانم خوا دەیزانێت. بەڵام ژنەکە جارێکی تر
گوتیەوە بەخوا جاسوسە.

ئەگەریش هەوڵم بۆئەدەن ڕزگارم دەکەن ئەوە هەتا
دەمرم مەمنونم.

کابرا وتی ئێنجا چیت بۆبکەم و چۆن ڕزگارت بکەم ؟

وتم هەرئەوەندە بگەمە ڕومادی ئەوە چاکەیەکی
گەورەیەو بە پشتیوانی خوای گەورە ڕزگارم دەبێت،
بەڵام هێشتا ئەو هیچ وەڵامێکی نەدابوومەوە ژنەکەی
جارێکیتریش هەڵیدایەو ووتی : بەخوا من ئێستایش
ئەڵێم جاسوسە( لە دیدارەکەیدا لەگەڵ عارف قوربانیدا
ژنەکە کە دەڵێت جاسوسە ناوی کابرا دەهێنێ دەڵێت
محەمەد) خوا هەڵناگرێ پیاوەکە ئەمجارە زۆری
پێناخۆش بوو، زۆریشی جنێو پێداو لە ژورەکەی وا
لێی دانیشتبوین.دەریکردە دەرەوە.ئێنجا ڕوی کردە من

و تەماشایەکی ناوچاوی کردم ووتی: بڕوات پێدەکەم ئەم حکومەتە زۆر کافرو زاڵمە.. ئێستا تۆچیت ئەوێ..!؟ من وتم خۆم داوەتە دەست تۆو خوا ئەمەوێ بگەمە رومادی، ووتی ئاخرئەی لەرومادییەوە چۆن رزگارت ئەبێ، ووتم بگەمە ئەوێ خوا گەورەیە..! خواهەڵناگرێت ئەویش پیاوێکی بەئیمان و بەهیمەت بوو،دوعای لەحکومەت کردو دڵیدامەوەو وتی: خواگەورەیە ئەوەی لەدەستم بێت خۆم روزەردی لای خواناکەم ئیسراحەت بکەو دوای نیوەڕۆ سەیارەیەک ئەڕوات بۆ رومادی هەر ئەمڕۆ بەپشتیوانی خوا دەگەیتە رومادی بەڵام ئەی لەوێوە چۆن دەڕۆیتەوە.. بەخوا باش بیرم نەماوە ئەوان نانیان خوارد یان نا،(لە دیدارەکەیدا لەگەڵ عارف قوربانیدا دەڵێت ئەوان نانیان خوارد) بەڵام جارێکی تر هەستانەوە دەستنوێژیانگرت و دوای نوێژی نیوەڕۆ وەرەقەیەکی بچوکی هێنا ناوی خۆی و عەشیرەتەکەی نوسی و ووتی ئەمە بالای تۆبێت ئەگەرخوانەخواسە لەرێگە گیرایت بڵێ لە ماڵی ئەوان بووم بۆئەوەی بتهێننەوە بۆماڵی خۆمان،وەرەقەکەم وەرگرت و نامە گیرفانم، ئیترکەوەختی رۆیشتن هات هەر لەماڵەوە رێی بۆکێشام چۆن ئێستا ئەچین بەرەو گەراجەکەو چۆن بەسەیتەرەکەدا تێئەپەرین (پاش کەمێک کاغەزەکەم دەرکردەوەو ووتم کاکە ئەگەر من گیرام باهەر من تیابچم بۆتۆیش توشی مشکیلە بێت.. ئەگەر گیرام باهەر من بفەوتێم و ئەگەر خوایش رزگاریکردم و ماینەوە ئەوە رۆژێک هەر بەیەک ئەگەینەوە.)[25] بەڵام ئیتر کەهاتینە سەرئەوەی بڕۆین زۆرترسام کابراش هەستیپێکردم بەڵام دڵیدامەوەو ووتی مەترسە هەتا منت لەگەڵبم لەسەیتەرە داوای وەرەقت لێناکەن راستیشی دەکرد من لەوکاتەدا ترسم لێ پەیدابوو کە باسی سەیتەرەکەی کرد،ئیتر ناوی خوامان لێهاناو لەماڵەکەی دەرچووین بەرەو گەراجەکە منی لەبەینی خۆی و پورزاکەیدا داناو لە نزیکی سەیتەرەکە جارێکی تر پێی وتمەوە هیچ مەترسە کە نزیکیان بووینەوە تۆش وەک ئێمە تەنها دەست بەرزبکەرەوە سەلامیان لێبەو تەواو.

ئەی باشە مەگەر ئێوە بۆگەراج نەدەچوون سەیتەرەی چی ؟

ئەی کاکە گەراجەکە لەودیوی سەیتەرەکە بوو،خۆی دەزانی چۆن بوو، دەرچوون لەناو مجەمەعەکە بەوەرەقە بوو، نەک وەک ئەوانەی خۆمان سەیارە رابگرن و داوای هویەی لێبکەن، لەوخوارە ئەوکاتەش وەک لای خۆمان نەبوو سەیتەرە ئەوەندە خەلکیان عەزیەت نەدەدا هەرلەکوردستان سەیتەرەکان قایم بوون. وەلحاڵ بەناو سەیتەرەکەدا رۆیشتین بۆلای سەیارەکە، ئیترئەو چۆنی دانابوو ئاوا رۆیشتین هیچ خۆمان تێک نەدا بەدەم قسەکردنەوە بەبەردەم سەیتەرەکەدا رۆیشتین و گەیشتینەلای سەیارەکە.

ببورە سەیارەکە چی بوو ؟

پاسێکی ١٨ نەفەری بوو.

ئەی رەنگی چۆن بوو ؟

بەخوا معین شین بوو، روی کردە کاک فەرەج و لێی دەپرسێ ئەرێ کاک فەرەج رەنگە توفکرت باشتر بێت، پاسەکە رەنگی شین نەبوو ؟

– بەخوا منیش باش بیرم نەماوە بەڵام رەنگێکی وابوو شین بوو سەوزبوو مەعلوم سپی نەبوو.

**بەڵێ ئەی کەگەیشتنە سەیتەرەکەو سەلامتان کرد، سەربازەکە وەڵامیدانەوە تەماشای نەکردن یان هیچ قسەیەکی نەکرد هەرجوابی سەلامەکەتانی دایەوەو تەواو ؟**

نا دیاربوو ئەم پیاوەی دەناسی، هەرلەماڵەوەش پێیگوتم ئەگەرمنت لەگەڵدابم مەترسە هەرچەندە من هەر زۆر دەترسام بەڵام سەیتەرەکەش وەک ئەوانەی لای خۆمان بەسام و خۆف نەبوون. تەنها یەک سەرباز لەسەر کورسییەک دانیشتبوو کە ئێمە بەدەست سڵاوێکمانکرد سڵاوەکەی سەندەوە بێئەوەی ئەو هیچ بڵێ وئێمەش هیچ بڵێین لێی تێپەڕین.

25 ئەوەی ناوکەوانەکەی بۆمن باس نەکردووە بەڵام لە دیدارەکەیدا لەگەڵ عارف قوربانی باسی ئەوە دەکات ئەوەش نیشانەی وەفاداری عوزیرە بۆ ئەوکەسەی چاکەی لەگەڵدا کردووە.

بەڵام پیاو راست بڵێت من زۆر ترسام دڵەکوتەم پێکەوت بەبینی جلوبەرگەکەی ترسم ێنیشت بەڵام هەردەبوو بەسەرخۆمی نەهێنم. بەچەند هەنگاوێک گەیشتینە لای سەیارەکە.

بۆچی دەڵێی سەیارەکە ئەی مەگەر گەراج نەبوو ؟ هەر ئەوسەیارەیەی لێبوو ؟

بەخوا معین هەرئەو سەیارەیە بوو، بەخوا باش بیرم نیە بەڵام ئەوەی بۆرومادی تەنها یەک سەیارەیەک راوەستابوو، بە ئیرادەی ئەو خوایە هەر یەک نەفەریشی تێدابوو، بەخوا معین ئەو نەفەرەشی تێدا نەبوو، خوایە تۆبە وتی ئەک نەفەری ترەهیە. زۆر ترسام خوایە نەفەربێت و لێرە دەربازم بێت . جا توخوا بائەوەشم لەبیرنەچێت و قەرزداری لای خوای گەورە نەبم .

**فەرموو چیە ئەوەی بیرت نەچێت ؟**

لەرێگە ویستی پارەم بداتێ ووتم ماڵت ئاوابێ پارەم پێیە وتم تۆ چاکەی خۆت کرد، پارەم ناوێ سوپاسکردو لێم وەرنەگرت.

**با منیش شتێکم بیرنەچێت ؟**

فەرموو

**تۆ لەماڵەکە باسی ئەوەت بۆ کابرا نەکرد کە بۆیە دەتەوێ بگەیتە رومادی لەبەرئەوەی ماڵی خوشکت لەوێیە ؟**

بابا باسم کرد، وتم ماڵی خوشکم لە رومادییە لەگەڵ کابرای خاوەن ماڵدا زۆر قسەمانکرد، ئێستا بۆیە بەخێرایی قسەت بۆدەکەم چونکە کاتی ئەوەمان نیە هەمووی بگێرمەوە، خۆت دەزانی موعیدمان هەیە و دەبێت برۆین.

**بەڵێ وایە، بەڵام گرنگە باسی بکەیت ئەوەی تری لە سلێمانی تەواو دەکەین ئەگەر هەرنەمانتوانی بەتەلەفۆنیش بێت هەر دیدارەکەمان تەواو دەکەین وازت لێناهێنم دەمەوێ ئەوەی بۆ عارف قوربانیشت باس نەکردووە بۆمنی باس بکەیت.**

باشە، بەسەرچاو هیچ مانعم نیە، ئەوەم باسکرد کە پێشتر لەقسەکاندا مەعلوماتم لێی وەرگرت، ئەو باسی ئەوەی کرد کە ئەوانیش ئاوارەی ئێرانین وناتوانن بە

ئازادی بێن و بچن و دەبێ بەوەرەقە لە سەیتەرە بێن و برۆن، چونکە سەیتەرەیەکیان بۆیان دانابوو، هەموو کەس کە دەچێتە دەرەوە دەبێ وەرەقەی رێگەپێدانی پێبێت، ئەوکابرایە ووتی تەنها وەرەقەی (٨) سەعات رێگە پێدانمان بۆدەکەن( لەم کاتەدا کاک فەرەجیش دانیشتبوو، ئەویشت هاتە ناوقسەکانمانەوەو وتی:

**فەرەج :** وەڵا راست دەکات ئەو ماڵەش کەمن چووم هەمان شتیان باس کرد، کە رۆژانە دەچن بۆکریکاری و ئیشوکاری خۆیان ئەوماوەیەی بۆیان دیاریکراوە لە شاری رومادی کرێکاری دەکەن)

**عوزێر:** دەمخۆش ئەوماڵەی یەکەمیش کەچووم هەروای گوت. کە باسی رومادی کرد زۆر دڵخۆش بوو روناکاییەک هاتە دڵمەوە، وتم بۆچی ئێرە کوێیە بەخوانازانم شوێنێک بووهی ئێرانیەکان بوو، نازانم شوێنێکی گوت.

**ئەی ئێستاش هەر نازانی ؟**

کورە نەبەخوا ناوێکیان گوت لەبیرم نەماوە .

**ئاڵتاش کەمپی ئاوارە ئێرانیەکان بوو لە رومادی .**

دەمخۆش بەخوا من ناوەکەیم بۆ نایات.

**ئەی کەی سواربووی بۆ رومادی ؟**

ئەی مەگەر نەمگوت دوای نیوەرۆ لەماڵەکە دەرچووین، بەخوا نزیکەی دەدەقەیەکیشمان پێ چوو، هەتا گەیشتینە گەراجەکە، کە چووین تەنها سایەقەکە لەناوی دانیشتبوو.. من دەترسام نەفەر نەیات و ئەمشەویش بمێنمەوە، بەڵام ئەو کاک محەمەدە دڵیدامەوەو گوتی خەمت نەبێت،ئێستا نەفەردێت، ئەوەشی پێگوتم کە خۆم وانیشان نەدەم شارەزانیم، ئیتر ئەوەی گوت و ئەوان رۆیشتن و خواحافیزیمان لەیەکتری کرد .

**ئەی ئەو سایەقەکەی دەناسی ؟**

خوایە تۆبە پێش ئەوەی بروات وخواحافیزی بکەین، چووە لای سایەقەکەو کرێکەشمی دابوو، کە رۆیشتن بەسایەقەکەی گوت، وتی ئەوە نەفەری منە و لەرومادی لە گەرەکی کوردەکان دایبەزێنە،ئەو گوتی لەگەرەکی (حی ئەکراد) وەڵا قەدەرێک هەروا جگەرە خۆرێک هەرمن وسایەقەکەو نەفرێکی تربووین و چاوەروان بووین، ئینجا خەڵک هاتن و سواربوون و رۆیشتین.

(لێرەدا کاک عوزێر باسی ئەوەی بۆمن نەکردکەوا پێشئەوەی برۆن سەربازەکەی وا لەسەر کورسییەکە دانیشتووە بەرەو لای پاسەکە هاتووە، ئەم کە بینیویتی زۆر ترساوە چاوی گێڕاوە بۆ ئەوەی ڕێگایەک بدۆزێتەوە لێی رابکات، دەڵێت وەختابووە زیرەبەکەم، وتم بەخوا ئەمە تەڵەیەک بوو بۆمیان ناوەتەوەو کابرا ئیخباری کردووم و تازە تیاچووم، بەلأم لەکتێبەکەی عارف قوربانیدا باسی کردووە، بۆدڵنیایی لە پەیوەندییەکی سکایپ دا جەختی کردوە کە ئەوە ڕاستە، بەلأم لەبەرئەوەی کاتی دیدارەکەمان وابوو لەتالۆکەدا بووین لەبیرم چووە ئەوەت بۆباس بکەم، لەم پەیوەندیەشدا عوزێر وتی نازانم بۆچی ئەوەم لەبیرچوو کە سەربازەکە بەرەو لای سایەقەکە هات من لە پاسەکەدا بووم، زۆر زۆر ترسام بەلأم باش بوو بۆکاری خۆی هاتبوو، لاموایە وتی تەماتەو خەیارمان بۆ بهێنە معلوم داوای شتێکی کرد لەشار بۆیان بهێنێ)

**سایەقەکە هیچ قسەی لەگەڵ نەکردیت ؟**

نەوەلا ئەوهیچی نەگوت ومنیش هیچم نەگوت، خواخوام بوو ئەو قسەنەکاو پرسیاروشتم لێ نەکات، بەلأم کە لەجامی پاسەکەوە تەماشای ئەو سەحرایەم دەکرد، دڵم توند دەبوو، چاڵەکانم بیردەکوتەوە کە شەوتێی کەوتبووم و پرلەلاشە بوون، هاورێکانم بیرکەوتەوە کە چۆن لەناو ئەو تەق وتۆقەدا دەیانقیژاند، ئەوگۆڕانەم بیر دەکەوتەوە کە پربوون لەلاشە وام دەزانی ئەو سەحرایە هەمووی بووەتە شوێنی رەمی کردنی کورد، زۆردڵم تەنگ بوو، زۆر بەزەیم بەحاڵی خۆمدا دەهاتەوە، ئیتر باش بوو وردە وردە خەڵک هاتن و سواربوون و کەوتینە، ئۆخەی کەوتینە رێ .

**ئێ پێش ئەوەی باسی ئەوە بکەین کە چۆن لەگەڵ کاک فەرەج رێکەوتی یەکتریتان کرد، دەمەوێ ئەوە بپرسم، هۆی چی بوو کە باسی روماگی کرد ئەو روناکیە کەوتە دڵت ؟**

لەبەر ئەوەی ماڵی خوشکێکم لەوێ بوون، بەماڵەوە هاتبوون بۆ ئەوێ بۆ ئیشکردن .

**ئەوە شتێکی باشە بەلأم ئایا تۆ ناونیشانی ماڵیانت دەزانی ؟**

کورە نەوەلا نەمدەزانی، ئەی من دەمێک بوو، لەکەسوکارم دابرابووم مەگەر جارجارێک ئەوان بهاتنایەتە سەردانم، لەبەر ئەوەی من فیرار بووم ئەوماوەیەش یان لە جافان بووم یان لە خدر رێحان خۆ نەمتوانیوە بچمەوە بۆ شار.

**ئەی نەدەترسای لەرێگە توشی سەیتەرەبیت و نەگەیتە رومادی ؟**

بەریوەلا چۆن نەدەترسام بەخوا هەتا ئینتفازەکەش ترس هەرلەگیانمدا بوو، بەلأم کاک محەمەد ئەوەی پێگوتم کە هەتا دەگەیتە رومادی سەیتەرەتان نایاتە رێ . ئەودڵنیاییەی داپێم. ئەوەش باش بوو.

**خوشکەکەت ناوی چی یە ؟**

ناوی نایلەیە ئەو دەمێک بوو شوی کردبوو، بۆ کرێکاری ماڵیان هاتبوو بۆ رومادی. مێردەکەی ناوی حاجی حەسەنە

**ئیتر کەکەوتنە رێ پاسەکە چەندێک رۆیشت توشی کاک فەرەج بوون ؟**

وەڵاهی نێوانمان ئەوەندەنەبوو،زۆر دورنەبوو لەگەراجەکەوە ئیتر نازانم کاک فەرەج بۆنەهاتبووە ناوگەراجەکەوە،لەوسەر رێگایە وەستابوو، ئەوەتا شوکر لەخوا بەزیاد بێت خۆی ماوەو لێرەش لەگەڵماندا.

فەرەج هاتە ناوقسەکانمانەوەو گوتی: ڕاست دەکات من نەچوومە ناو گەراجەکەوە لەدورەوە لەسەر رێگاکە وەستابووم، کە پاسەکە هات من دەستم لێڕاگرت، بۆیە نەهاتمە ناوگەراجەکە هەر کە لەو ماڵە دەرچووم کورێکیان[26] لەگەڵمدا نارد، هەتا بە پشتی

26 ئەو کورەی لەگەڵ کاک فەرەج رۆیشتووەو رێگای پیشانداوە، برازای ئەو پیاوە بووە کەوا فەرەج رێی کەوتووەتە ماڵیان بە قسەی فاتمە فتوح الله ئەو کورە ناوی کەریمە، فاتمەش ژنەیە لەدوای کۆمەڵکوژییەکەی شەوی رابوردوو یەکەم کەس بوو پێشوازی لەفەرج کردوو، نانی گەرم وماستاوی لەسەر سینیەک پێشکەش کرد، کەریم ئەوسا ە کەمپی ئاڵتاش ژیاوە ئێستا لە بەریتانیا دەژی.

سەیتەرەکەدا بمبات بۆگەراجەکە، وابزانم ئەویش هەروای پێگوتم هەر لێرەبێت باشترە سەیارەکان لێرەوە دێن دەڕۆن بۆ رومادی گەراجەکەش لەسیتەرەکەوە نزیک بوو.

**ئینجا پاسەکە وەستا و کاک فەرەج سەرکەوت ؟**

بەڵێ خۆیەوە کاک فەرەج خۆی دانیشتووە، هەرکە سواربوو من بە خێرهاتنم کردو وتم وەرە ئێرە دانیشە، من لەدواوە بووم .بانگم کردە لای خۆمەوە.

**تۆ پێشتر کاک فەرەجت دەناسی ؟**

ئائا بایی ئەوە یەکترمان دەناسی

**کاک فەرەج تۆ کاک عوزێرت دەناسی یان بابڵێم کەسواربووی هەریەکسەر ناسیتەوە ؟**

ئائا یەکترمان دەناسی، بەڵام دەزانی ناسیارییەکەمان چۆن بوو، بابڵێی وەک ئێستا وا یەکتری دەناسین، ناسیارییەکەی ئەوسامان وەک ئێستا نەبوو، بەڵام کەلەو چۆڵەوانیە یەکترمان دیتەوە یەکسەر زانیمان دەردەکەمان یەک دەردەو یەکتریمان ناسیەوە. 27

**باکەمێک زیاتر لەسەر ئەمە بوەستین .**

**تۆ کەلەناو سەیارەکە بوویت یەکسەر کاک فەرەجت لەدەرەوە ناسییەوە ؟**

دەزانی چۆن بوو، کورە ئاخر بڕوا بکە ڕێکەوتێکی زۆر سەیر بوو، خۆ کاک فەرەج لەکوشتارەکەشدا لەگەڵ ئێمە نەبوو، ڕاستە هەر لەو دەوروبەرەی ئێمە بوو، بەڵام لەو پاسەدا نەبوو کە لە تۆپزاواوە هێنمانیان بۆ ئێرەو وا گوللەبارانیان کردین، بەڵام هەرکە لەدورەوە پیاوێکم بینی بەجلی کوردیەوە شەرواڵ مرادخانی لەبەردابوو.دەستی هەڵدەوەشاند بۆئەوەی سەیارەکە بوەستێ ئەگەر ئەم کاک فەرەجی حازریەش نەبوایە دەمزانی کوردیکە وەک خۆم لێی قەوماوە، هەر لەدڵی خۆمدا گوتم بەخوا ئەوەش وەک من لەو وەزعە ناخۆشە دەرچووە، جا بڵێ چی ؟ من دوعام دەکرد خوایە سەیارەکە بۆی بووەستێ و ئەمیش خوا فریای بکەوێت و لەگەڵ مندا ڕزگاری بێت، حەتمەن ئەویش هەروا لەخوای گەورە پاراوەتەوەو سەیارەکە بۆی بووەستێ .

کاک فەرەج هاتە ناوقسەکانمانەوەو گوتی: ئەرێ بەخوا هەتا پاسەکە وەستا هەر دوعام دەکرد خوایە بۆم بووەستێ و لەم سەحرایە ڕزگارم بێت و شەوم بەسەردا نەیات. عوزێر قسەکەی لەدەم وەرگرتوو گوتی دەی بەکەلامی خوا منیش لەناو سەیارەکە خەریکبوو ئاگرم تێبەربێت، ئەترسام سەیارەکە هەڵتنەگرێت. یەکدوجار خەریک بوو، هاوار بۆ سایەقەکە بکەم بڵێم کاکە ئەو نەفەرە هەڵگرە ناسیاری من و کاک محەمەدە بەڵام‌ترسام و نەمگوت بەڵام ڕەنگە ئەگەر هەڵینەگرتایەی هاوارم بکردایە باش بوو خوا نایە دڵی و بۆی وەستا، پاش کەمێک دەرگاکە کرایەوە کە هاتە ناو پاسەکەوەو ووتی سەلام وعەلێکم، دڵم پڕبوو لەگریان بەزەیم بەحاڵی خۆماندا دەهاتەوەو بەزەیم بەحاڵی ئەو میللەتەدا دەهاتەوە کە ئاوامان پێدەکەن.

**جاکە سەرکەوت و هاتە ناوەوە یەکسەر ناسیتەوە کەکاک فەرەجە ؟**

بە ئیرادەی ئەو خوایە هەرهاتە ناو سەیارەکەوە یەکسەرناسیمەوە، بەڵام وەک پێتمگوت ئەوەندە دڵم تەنگبوو بەربینم گیرابوو.باش بووئەویش هیچ قسەی نەکردو هات بەرەولای منەوەو دانیشت.

**کاک فەرەج تۆدەڵێی چی شتێکی زیاترت هەیە بیڵێیت ؟**

وەڵا ڕاست دەکات بەڵام ئەلهەق کەوای گوت زۆر ترسام بۆیە هیچم نەگوت و چووم بەبێ دەنگ دانیشتم، لەڕاستیدا یەکمجار نەمناسییەوە خۆ بشمناسییایە هەر نەدەبوو هیچ بڵێم، کورە ئاخر چیم بگوتایە من لەگیانی خۆم بێزار بووم . بەڵام کەپارەکەی بۆمدا و گوتی من عەزیزم ئینجا ناسیمەوە.

**تۆش هەمان فکرت هەبوو کەئەویش لە کۆمەڵکوژییەکە ڕزگاری بووە؟**

وەڵاهی بڵێم چی ڕەنگە واشم فکرکردبێت بەڵام وەک پێتموت ئەوەندە لەگیان خۆم بێزاربووم ئەو وەزعەمان بەسەرهاتبوو، نەمدەزانی چی بڵێم کاکە گیان ترسێکی

---

27 لەدیدارەکەیدا لەگەڵ عارف قوربانی کاک عوزێر سەبارەت بە ناسیاوی خۆی و کاک فەرەج دەڵێت (براکانیم دەناسی و بەهۆی شوانی و مەڕومالاتەوە براکانی زیاتر برادەرم بوون لەخۆی.. )

زۆرمـان هەبـوو، شەوەکەشـی هەر ڕێمـان کردبـوو، شەکەت بووین.

کاک عوزیر هاتە ناو قسەکانمانەوە گوتی : کەهات وبانگم کرد، بەوکەسەی تەنیشتمم گوت باجێگەیەکی ئەوپیاوە بکەینەوە بەڵام وەک کاک فەرج عەرزی کردی ئـێمە زۆر شـەکەت ودڵتەنـگ بـووین کـاکە ئەمەی وابۆتـۆی دەگێـڕینەوە بەخـوا هەربەدەم خۆشـە تەواو نـابێ بەڵام بەنیسـبەت خـۆمەوە زۆر خـۆش بـوو، جانـازانم کـاک فەرەجـیش هەروا بـووە ئینشـااللە هەرواش بـووە لەوبیابـانەو لەو وەزعەدا ناسـیارت پەیـدابێت، چەنـدەش لەسـەغڵەتیدابیت خۆشـی خـۆی هەرهەیە، وەڵا بەنیسبەت منەوە وەک ئەوە وابوو خـوا فریشتەی بۆم ناردووە، لەدڵی خۆمدا دەمگـوت بەخـوا خوای گەورە مەیلـی لەسـەرە ڕزگارمـان بێـت و ببین بەشـایەت بـۆ ڕۆژی ئـاخیرەت بەسـەر ئەو زوڵـمەوە لەسەرێکی تریشەوە ئەوە زۆرخۆش بوو لەو حاڵەتەیـا خوا من وکاک فەرەجی گەیاندەوە بۆلای یەکتر. بـۆیە لەخۆشـی ئەوەی ناسـیارێکم لێپەیـدابوو یەکسـەر بانگمکرد.

**ئەی هیچ قسەتان بەیەکەوە نەکرد ؟**

با گوتم کاک فەرەج لەکوێوە دێت ؟

وتی تو لەکوێوە دێیت منیش هەرلەوێوەهـاتووم. دیـار بوو حەزی نەدەکرد قسەبکات، بەخوا ئیتر نـازانم ئەو کاتە هەر بەڕاستی منی نەناسییەوە یـان وای پیشـاندا نامناسێت، ڕەنگە هەر بۆئەوەی بوو بێت پـێکەوە قسـە نەکەین و خەڵک شکمان لێ نەکات. ئێستاش کەهاتەوە ژوورەوە دەتوانی خۆت پرسیاری لێ بکەیت (لەوکـاتەدا فەرەج لەژوورەکەدا نەبـوو چـوو بـوو بۆدەسـت نوێژگرتن) .

**بەڵام ئەو وتی سەرەتا نەمناسیوەتەوە .**

دەشـبێت ئـاخر ئەو بەتەمەنتـر بـوو، ئینجـا براکـانی هەمـووی کوژرابـوون و ئـامۆزایەکی لەگەڵ خۆیـدا دەستی بەسترابووەوە هەرلەوێ کوژرابوو.

**ئینجا تۆ چۆن دەتزانی ؟**

نانا ئەوسا نەمدەزانی دوایی زانیم، دەڵێم ئەو وەزعـی زۆر لەمـن خراپتربـووە نەشـمی ناسـیبێتەوە هـیچ عەیبەیەکی تێدانەبووە، بەڵام کە لەناو پاسـەکە پرسـیار براکـانیم کـرد، بەکـزییەکەوە وتـی : هەموویـان تەواو بوون .

**واتا لەناو پاسەکە دەتانتوانی ئاوا لەیەکتری بپرسن ؟ چۆن ؟**

**مەبەستم ئەوەیە چۆن توانیت لەبراکانی بپرسیت ؟**

ئەی خۆ دەبوو بـۆئەوەی خەڵـک هەسـتمان پێنەکـات، ئەحواڵ پرسـییەک هەربکەیـن، ئەویـش زۆری لەسـەر نەرۆیشت هەرئەوەندەی گوت هەموویان تەواو بوون .

**ئەی هیچ قسەیەکتان بەیەکەوە نەدەکرد ؟**

بابا قسەمان دەکرد، بیرمە من پێمگوت ئەمشەو دەچینە ماڵ نایلەی خوشکم ماڵیان لەرومادییە دەیانـدۆزینەوە، پیـاوەکەی نـاوی حـاجی حەسـەنە، بەیـانی پـێکەوە دەرۆیـنەوە . ئەویـش وتـی باشـە. بەڵام ئەوە کـاک فەرەج دەڵێت سەرەتا باوەرم نەکردووە خوشـکت لەوێ بووبێت وامزانیوە بۆ ڕێ ونی خەڵـکەکەی ناوپاسـەکە ئەوەت وتووە، بـۆئەوەی شـکمان لـێ نەکەن ( لەڕێگـا کەدەچوین بـۆهەولێر ئەم باسـەمان کردبـووەوە کـاک فەرەج ئەوەی باسـکردەوە، لەڕاسـتیدا لەگەڵ منـیش باسـی ئەوەی کـردووە کەسـەرەتا بـاوەری نەکـردووە کـاک عـوزیر مـاڵی خوشـکی لە رومـادی بێـت ). وەلحاصڵ بەو حاڵە گەیشتینە رومادی، ئیتر سـایەقەکە وەک چۆن کاک محەمەد پێیگوتبوو، بەو چەشنە ووتی ئەوپیـاوەی وا ئەیویسـت لەحەی ئەکـراد دابەزێ، ئەوە حەی ئەکـرادە. یەکسـەر بەرزە پـێ لەشـوێنی خـۆم هەستامە سەرپێ پاسەکە ڕاوەسـتا، ئـێمەیش دابەزیـن. ئۆخەی نەجاتمان بووکە لەسەیارەکە دابەزینەخـوارەوە دەبوو ئینجا مـنەی مـاڵ خوشـکەکەم بکەیـن، تەبـعەن خۆت دەزانی خەڵک لەوێ پرسیاری ماڵی پیاودەکـات، ویستمان پرسیار ماڵی حـاجی حەسـەن بکەیـن، بەڵام بەرلەوەی ئـێمە هـیچ پرسـیارێک بکەیـن کـورێکی منداڵکار لەوێ پاکەتی جگەرەی فرۆش کە ئێمەی بینی ووتی ئێـوە کـوردن بەروخسـارییەوە دیـاربوو زۆری پێخۆش بوو، لەبەرئەوەی بەجل و بەرگـی کوردیمـان لەبەردابووپێم ووت ماڵتان لەکوێ یە..؟ هەنـدێ شـوقە لەپشـتیانەوە بـوو دەستی بـۆلای یەکـێ لەشـوقەکان

درێژکردوو وتی ئەوە ماڵمانە..لێم پرسی دایک وباوکت لەماڵن، وەڵامی دامەوە کە لەماڵن پێم ووت دەبڕۆ بە باوکت بڵێ ئێمە میوانتانین و هاتووین بۆماڵی ئێوە. ماڵەکان هەمووی شوقە بوو، ئەو نەوعە شوقانە لەکەرکوکیش هەبوو،معین لەهەموو شارەکانی تریش هەبوو، ماڵیان لەو شوقانەدابوو.

**ئەی تۆنەتگوت ماڵیانم نەدەزانی ؟**

ماڵ کێ ؟ ماڵی خوشکەکەم ناڵێم ماڵی ئەو کورەی وا گوتم پاکەتی جگەرەی دەفرۆشت .

**بەڵێ ببورە تۆ ڕاست دەکەی .**

کە وامان بەمنداڵەکە گوت، منداڵەکە نازانم ترسا یان چی وتی ئاخر ئەگەر بچمە ماڵەوە ئەو منداڵە عەرەبانە پاکەتەکانم لێ دەدزن، ووتمان ناناهێڵین بیدزن ئێمە لێرە وا بەدیار پاکەتەکانتەوەین. مناڵەکە بەقسەمانی کردو بەراکردن ڕۆیشت و هەتا هاتەوە ئێمەش هەر لەدیار پاکەتەکانیەوە راوەستابووین، زۆری پێنەچوو منداڵەکە هاتەوەو ووتی باوکم ئەڵێ بەخێربێن بابفەرموون. ئێمەش ڕۆیشتین خواهەڵناگرێ کابرا باوکی کورەکە زۆر بەگەرمی بەرەو رومان هات و فەرمووی لێکردین و بردمانییە ژورەوە.

دوای بەخێرهاتن و ئەحواڵ پرسین، کابرا پرسیاری کرد کە ئێوە خەڵکی کوێن، لەبەرئەوەی کاک فەرەج پیاوێکی کامڵ بوو، من گەنجتر بوو، پرسیارەکەی لەو کرد، بەڵام من بێ ئەدەبی نەبووبێت نەمهێشت کاک فەرەج وەڵامبداتەوە، من جوابم دایەوەو ووتم قوربان ئێمە خەڵکی ئۆردوگای معەسکەرین، ئەم کەمپەی نزیک خۆتان.. بۆیە هاتوینەتە خزمەت جەنابت ئێمە هەردوکمان قەسابین ئەمڕۆجومعەیە،لەبەرئەوەی جومعەی پێشوو هەندێ گۆشتمان هێنایە ئێرەکابرایەک پیکابێکی پێبوو ووتی من ئەم حەیوانە ئەکڕم، دامانپێی ئەوجا ووتی پارەم پێنییە، پارەم لەماڵا بیرچووە.. کابرا پیاوێکی باش دیار بوو ئێمەش حەیوانەکەمان داپێی ووتمان حەفتەی داهاتوو دێینەوە بۆپارەکەی.. بەڵام ئێستا ماڵەکەی نازانین، کابرا وتی ئەی ناوی نازانن..!؟ ووتم بەڵێ پیاوێکی باشە ناوی حاجی حەسەنەو ژنەکەی ناوی نایلەیە،بەخوا معین ناوی مناڵەکانیشیم هێنا ئەوەندەم بیرە وتم بەوشایەتیەی کوڕێکی خۆی لەگەڵدا بوو،ناوی سامیە کوڕێکیتریشیان لەگەڵدا بەئاقڵێکم وابزانم گوتی ئەوەش کوڕمە ئەوەیان ناوی فوادبوو. کابرا ووتی : یاخوا بەخێربێن ئەو پیاوەی تۆ باسی دەکەیت، ماڵیان لەشوقەکانی پشتمانەوەیە، ئەگەر وای گوت تەزویەکی خۆشی بەگیانمداهات بە خاوەن ماڵەکم ووت ئەی عەزێت نابێت یەکێک لەگەڵماندابنێریت ماڵەکەیانمان نیشانبدات، کابرا ووتی: باچایەکەمان بخۆین بەسەرچاو بەڵام من زۆر پەلەپەلم پێکەوتبوو دیسان کابرا وتی بەخوا هەتا چایەک لێرە نەخۆن ناڕۆن، ئیتر بەهۆی پەلەپەلی ئێمەوە بانگی لەژنەکەی کرد پەلە بکات و چایەکەمان فریا بخات، ئیتر تاچایان هێنا، بەڵام لەوکاتەدا کاک فەرەجیش لە کابرای پرسی ئەی تۆ لێرە چ کارەی ؟ کابرا ووتی من جەیش شەعبیم.[28]

بەڵام ئەویش کەوتە دەردە دڵی خۆی بەڵام قسەکانیانم پێبڕین و ووتم : ماڵتان ئاوابێت دەبێت بڕۆین، ئینجا هەستاین،کابرا لەگەڵمان هەتا بەردەرگاکە هات و هەر ئەو کورەی واجگەرەی دەفرۆشت بانگکردو وتی کوڕم لەگەڵیان بچۆ ماڵی حاجی حەسەنیان نیشاندەو زوبگەرێرەوە. سەرت نەیەشێنم مناڵەکە لەگەڵماندا هات لە دوورەوە ماڵەکەیانی نیشانداین و خۆی گەرایەوە، ئێمەش بەرەو ئەو شوقەیە دەچووین کە مناڵەکە

28 لەدیدارەکەیدا لەگەڵ عارف قوربانی زیرەکیەکی عوزێر دەردەکەوێت کاتێک لێی دەپرسێت:

من بیرم چوو لەکاتی خۆیدا لێت بپرسم هەرچاوەڕێی دەرفەتێک بووم، لەڕومادی لەوماڵەی یەکەمجار چوونە ماڵیان بۆچی وتت ئێمە قەسابین..!؟

عوزیر ئاوا وەڵامی عارف دەداتەوە : وەڵاهی وتم نەک گیانمان بۆنی خوێنی لێبێت، لەبەرئەوە وام ووت وتم بۆئەوەی هیچ گومانێک نەخەنە سەرمان وبۆئەوەی بەو هۆیەوە پرسیارماڵی خوشکەکەم بکەم.

نیشـانیداین، جـا کەدەڵێـیم ژیـانی ئـێمە هەرفـیلمە، بەخۆرایی ناڵێم.

چۆن ؟

باعەرزت بـکەم، هەرکە منـداڵەکە ڕۆیشـت و لەوکـاتەدا بەرەو مـاڵی خوشـکەکەم دەرۆیشـتین سـەیارەیەکمان توش بـوو، گومانمـان کـرد بەدوای ئـێمەدا بگەڕێـت، سـەیارەکە چـوار عەسـکەری بێـری سـوری تێـدابوو تەماشامانیانکردو سـەیارەکەیان لەپێشـمانەوە ڕاگـرت، مالیێویەک بوو، ئەوسا ئەمن و ئیستخبارات و ئەفسـەر لەو نەوعە سـەیارەیان زۆربـوو، خەریـک بـوو زیـرە بکەیـن.ئەی خـوایە چـی بکەیـن ئەم بەڵایەیـان چـیە توشمان بوو، دەی یاالله یامحمەد خوای گەورە فریامان بکەوە. بە کاک فەرەجـم گـوت: هـیچ سـەیریان مەکەو پێـبکەنە ئەمەم بـۆیە گـوت بـۆئەوەی شـک نەخەنە سەرمان. بەوخوای تەنیایە ئەوکاتەی واخۆم نیشاندەدا کە پێـدەکەنم خەریـک بـوو زیـرەبکەم. خـوای گەورە هەرتۆمـــان هەیـــت ئەم چوارعەســـکەرە ئەوەنـــدە سـامیانگران بـوو، بـروا بفەرمـوو ئەگەر بڵـێم لەوانە سامیان گرانتر بوو کە لەو چۆڵیە دامانیـانە بەرگـوللە درۆنیە، لەوێدا زۆر ترسام خەریک بـوو زراوبچێـت. ئەوە هەر بەرەو شـوقەکە هەنگـاو دەنێـین بەحسـابی خۆمان خۆشی خۆشی دەچین بۆماڵی خوشکم و لەوێ پشوویەک دەدەین، هەرچۆنێـک بووگەیشـتینە بەردەم ماڵەکەیـــان. لەوێ پیرەژنێکـــی کـــورد دانیشـــتبوو، سەیربوو تەشی ئەڕێسا، ئەی خـوایە لەم عەربسـانەوو تەشی رستن ؟ کەئەوەم بینـی بەئیـرادەی ئەو خـوایە ترسەکەم کەمەوە بوو هانایەک بەدڵمداهات. سـەلامان لێکردو سەلامی سەندینەوە، پرسـیاری مـاڵی خوشـکم لێکرد ووتم پورێ کامە ماڵی حاجی حەسەنە..؟ ئەوەی ژنەکەیشـی نـاوی بـاجی نـایلەیە..! ووتـی وەڵا ڕۆڵە لێرەبـــوون بەڵام ئەوان لێـــرە نەمـــاون مـــانگێکە باریـانکردووە، وەک کارەبـا بمگرێـت ئـاوابوو، زۆر ناخۆش بووووتم ئەی نـازانی بۆکـوێ باریـانکردووە؟ پیرێژنەکە نەبەوخوایە ڕۆڵەنازانم. ئیتـر زۆر دڵتەنـگ بـــووم و دەشترســـام هەربەتەواوی گەرابـــنەوە بـــۆ کەرکوک. بەدڵساردی گەراینەوە.نەشمان دەزانی بەرەو

کوێ برۆین خۆ ئێمە هـیچ شـوێن شـارەزا نەبـووین، بەکاک فەرەجم ووت چی بکەین.. کـاک فەرەج ووتـی چی بکەین ئەگەرنەیاندۆزینەوە برۆین باشە چارەمـان چیە.با ناوی خوای لێبێنین و برۆین.

**ئینجا دەتانزانی بۆکوێ دەرۆن ؟**

ئەی ئەوەمان دەزانی بچین بۆگەراج ولەوێوە سواربین بۆ بەغداو لەوێشەوە بۆ کەرکوک خـواگەورەیەو هەتـا ئێسـتا هەر خـوای گەورە پەنایـداوین، هـاتینەوە سەرجادەکە تەکسییەکمان گرت وتمان بمـانگەیەنە بـۆ گەراجی بەغدا بمانبەگەراج بەغداد.

**ئینجا عەرەبیتان دەزانی ؟**

کورە نەوەڵا بەڵام بـایی ئەوەمـان دەزانـی تەکسـیەک حاڵی بکەین .

**ئەی بیرتان لەوە نەکردەوە لەیەکێک لەوماڵە کـوردانە بمێننەوە ؟**

کورە نەوەڵا ئەوەمان بەخەیاڵدا نەهـات، بەڵام کەیەکەم مالیش لاماناداو جەیـش شـەعبی بـوو، ڕەنـگە ئەوەش هۆیەک بوبێت کە بیرمان لەوە نەکـردووەتەوە، ئەگەر ئەوەش نەبوایە من زۆر خەمی دڵـی کـاک فەرەجیشـم بوو، ئەو لەمن بەتەمەنتربوو، قسەی ئەوم خستە پـێش قسەی خۆمەوە، خۆئەوە لێرەیە دەتوانی پرسـیاری لـێ بکەی کە بێ ئومێد بووین لەوەی ماڵیان لەوێ نەمابوو، پرس ورمان بەیەکتر کرد قسـەیە جـوانی کـرد، وتـی کاکە ئێمە لەناو ئەوپاسـەدابووین، خـوای گەورە هەتـا ئێرە نەجاتی داوین، کێ دەڵێ خەڵک پێی نەزانیوین و زانیویشـــیانە لێـــرە دابەزیـــوین هەتـــا زوو لێـــرە دورەوەکەوین باشترە، کەوای گوت و قسـەی کابراشـم بیرکەوتەوە کەوتی ئێمەش پیاوخراپمان زۆرە یەکسەر گوتم باشە بابرۆین.

**ئینجا سەعات چەند گەیشتنە گەراج ؟**

وەڵا درنەگ ببوو، بەڵام بەخوا بەسەعات نازانم چەنـد بوو، عەسـرێکی درەنـگ بـوو کە گەیشـتینە گەراجـی بەغدا لە رومادی .

**ئینجا سواربوون بۆ بەغدا ؟**

بەڵێ سواربووین بەتەمای تۆ خوای گەورە و هاتین .

**بیورە سەیارەکە چی بوو تەکسی بوو یان پاس ؟**

نەوەڵا تەکسی نەبوو سەیارەیەکی کۆستەربوو.

**لەڕێگا نەترسان لەوەی سەیتەرە بتانگرێ کە هـویەو شتتان پێ نەبوو؟**

کـورە بـاس تـرس هەرمەکە، پێتمگـوت هەتـا ئینتفازەکەش من هەر ترس لەگیانمدا بوو، ئا ئینجا با ئەوەش باس بکەم کەسواربووین من و کاک فەرەج لەسـەر یەک کورسـی دانەنیشـتین، وتمـان واباشـترە پێکەوە نەبین، کۆستەرەکە پڕبوو، لەعەسکەرو ئینزبات ئەوەی وا بیرییەکانیان سورە، ئەوەش بـۆئێمە خێـری پێوە بوو، هەتا بەغدا هیچ سەیتەرەیەک رای نەگـرتین .

**جا سەیتەرە زۆر بوو؟**

بەخوا معین دانەیەک بوویان دوان هـاتە ڕێمـان، بەڵام هیچیـان نەگـوت و بەسـەلامەتی گەیشـتینە بەغـداو لەگەراجی عەلاوی دابەزیـن و هـیچ خۆمانمـان تـاخیر نەکرد سواری تەکسی بـووین بـۆ گەراجـی کەرکـوک لەنەهزە ئەگەر شـارەزای بەغـدابیت سـەیارەی هەمـوو شیمال سـلێمانی وهەولێروکەرکـوک وموسـڵ ودهـۆک هەمـووی هەر لەنەهـزە کۆدەبـوونەوەو هەرلەوێـش دەردەچوون بۆ ئەوشارانە ئێمەش ڕۆیشتین بۆ نەهزە ئیتر وا عەسر تەواو درەنگ بووە. دیسان کاک فەرەج وتی ئێستا زووە بۆکەرکوک، با کەمێک درەنگتر بێت و بەشەو بڕۆینەوە بۆکەرکوک باشترە.ئەی ئەم ماوەیە چـی بکەیـن بڕیارمانـدا بچیـن بـۆ زیـارەتی شـێخ عەبـدولقادری گەیلانـی ئەوێ بۆخۆشاردنەوەشـمان باشتر بوو، وتمـان دەچیـنە زیـارەتی غەوزی گەیلانـی لێـی دەپـاڕێینەوە هەتـا بەسـەلامەتی بگەیـنەوە ناوکەسوکارمان .

**ئینجا دەتانزانی کەسوکارتان ماوە ؟**

وەڵاهـی کەلەوبیابـانە ئاوامـان پێهـات گوتمـان کەس نەماوە، کە چوینە حەی ئەکراد ئەو پیرەژنەمان بینی و ئەو پیاوەمان بینی کەمێک روناکـایی هـاتبووە دڵمـان ئەگینا کە لەتۆپزاوا ئەوهەمـوو خەڵکەمـان بینـی و لەو چۆڵەوانیە هەمووکەسـێکیان دەکوشـت گوتمـان ئیتـر حکومەت بڕیاری داوە کورد نەهێڵێت .

ئینجا ڕۆیشتن بۆ زیارەتی غەوسی گەیلانی ؟

بەڵێ ڕۆیستین کاک فەرەج شـارەزابوو، کە گەیشـتین زیارەتی شێخ عبـدالقادری گەیلانیمـان کـردو زۆر لێـی پـاراینەوەو سوپاسـی خـوای گەورەمـان کـردو هەتـا درەنگانێک لەوێ ماینەوە، بەدڵخۆشـی هـاتینە دەرەوە، کاتێ گەڕاینەوە گەراج نەهزە شـەو بـوو، لەگەراجەکەدا کۆسـتەرێک سـایەقی کۆسـتەرێک بـانگی ئەکـرد کەرکـوک کەرکـوک، چـوینە لای وتـی جـارێ دەبـێ چـــاوەروان بـــن ئەگەر ســـەبرتان هەبێـــت نەفەردێن..چووین سەرو لەفەیەکمـان هێنـا، بەحسـابی خۆمـان لەنـاو سـەیارەکە دانیشـین بیخۆین،بەخـوا گەڕایـنەوە تەماشـامان کـرد هێشـتا نەفەر نەهـاتبوون. ئێمە سـەرکەوتینە نـاو پاسـەکە دەبینـم وا ئەسـەرێک بەرەو پاسـەکە دێتهێشـتا دەممـان بۆخـواردنەکە نەبردبـووووتم کـاک فەرەج سـەیرکە سـەیر ئەهـا ئەو زابتە ئەبینی ئەویـش سـەیریکرد وتـی ئـا ئەرێـوەالله دەیبینم جا چیبکەین. وتـم بەخـوا لێمـان قەومـایەوە ئەفسەرەکەش هەروا سەیرمانی دەکرد، دەشی بینـی وا ئێمە تەماشـای ئەو دەکەیـن، لەراسـتیدا ئـێمەش تەواو شپرزە بووین، بەڵام ئەویش وا متابەعەی ئێمە دەکات.

**ئاخر ئێوە بەچیدا زانیتان کە چاودێری ئێوە دەکات ؟**

دەزانی بەچیدا زانیمان ئەو هەردەهات و دەچـوو یەک دووجاریش لەجامی کۆستەرەکەوە تەماشـای نـاوەوەی کردو تەماشای ئێمەی کرد.

**ئەی کـێ نالێـت لەبەرئەوەی ئێـوە لەخۆتـان بەشـک بوون، ئەویش هستی کردبێـت کە ئێـوە لەحـاڵەتێکی نائاساییدان نەک زانیبێتی ئێوە هەمان ئەوکەسانەن کە لەتۆپزاوا بینیونی ؟**

نانا بڕوابکە من باش دیقەتمدا یەکسەر ناسیمەوە هەتا هەرلەوێ لەنـاو پاسـەکە بەکـاک فەرەجیشـم ووت: کە ئەمە زابتە هەر ئەو زابتەیە وا لەنـاو قاعەکـان تـۆپزاوا سواری سەیارەکانمانیکرد.

**کەسێکی چۆن بوو ؟**

گەنم رەنگیکی چاو شین بـوو، ئـاوا زەعیـف کارێـک بوو، ئێستاش ئەوساش کە لەتۆپزاوا دیـم دیـمەنەکەی هەروا لەبەرچاومە.

**ئەی ئێستا بیبینی دەیناسیتەوە ؟**

وەلاهـی خـۆت دەزانـی ئەوە زۆری بەسـەردا رۆیـوەو ئیمەخۆشمان گـۆڕاوین، بەلاَم وەلاهـی زۆر نەگـۆڕابێ ئەریوەلاَ دەیناسمەوە .

**کاک عوزێر ببورە ئەم قسەیە دەکەم، ئێسـتاش بـڕوا ناکەم ئەم ئەفسەرە هەمان ئەو ئەفسەرەبووبێت رەنگە لەو چووبێت بەلاَم باوەرناکەم خۆی بووبێت دەزانـی بۆ ؟**

بۆچی وەلاهی منیش حەزدەکەم بزانم

**کاکە گیان ئەو پیاوە ئەفسەربووبێ ولەتۆپزاوا بووبێت لەو کاتەدا کە ئەوان لەواجیدابوون و ئەرکی گەورەیان لەسەرشان بووە، رەنگە مۆلەتیان راگیرابێت خۆ ئەگەر مۆلەتیش بووبێت ئەوا بەلای کەمەوە هەفتەیەک مۆلەت بـووە، خـۆ ئەگەر سـەماحیش بووبێـت، ئەوا بەلای کەمەوە دووسێ رۆژێکی هەرپێدراوە !**

بەخـوا ئێتـر مـن بەوم زانـی و ئـێمەیش بەهـۆی ئەو پیاوەوە کە تۆ دەلێـی ئەو نـیە، زۆرترسـاین ئەویش هەستی بەوترسەی ئێمە کرد، بۆیەش دەلـێم ئەوە یەک دووجاریتر بە دەوری کۆستەرەکەدا سـوڕایەوەو بەرەو دەرگاکە هات.

**کاک فەرەج تۆ دەلێی چی ؟ تۆش ناسیتەوە ؟**

وەلاهی پیاو ڕاستی بلێت من نـاتوانم بلـێم سەلەسـەد خۆی بوو، بەلاَم ئێمە ئەوعانە گوتمـان خـۆیەتی تەواو تینمـان بۆهــات و ترسـمان لێنیشـت..من وام هــاتە بەرچاو یەکسەر دێت داوای هەویمان لێدەکات، بەئـاقلَم هەر ئەوکاتەش بەتۆم گوت بەخوا ئێستا دەیێت داوای هەویمـان لێـدەکات (ئەم پرسـیارەی ئاراسـتەی کـاک عوزێرکرد) کورە ئائا وتت منیش وتم بە خوا ئەمجارە دەرنــــاچین و حســــابمان رۆیشـــــت و کـــــابرا ناسیومانێتیەوە.

فەرەج : کـاک عـومەریش ڕاسـت دەکـات، دنیـا هەزار شـتی وای تێـدایە رەنـگە ئەوسـا لەبەرئەوەی ئـێمە لەخۆمان بەشک بووین هەر لەزەینی خۆماندا لەترسی گیـانی خۆمـان وتبێتمـان خـۆیەتی، ئەی نەتبیسـتووە کۆنە مەشکە لەخۆی بەشکە ئـێمە ئەوسا وەک ئێسـتا نەبووین بەئیسراحەت بیر بکەینەوە.

عوزێر: بەخـوا مـن ئێسـتاش هەردەلـێم خـۆی بـوو، ئەگینا بۆچی ئەگەر دەرگاکەی لەسەرمان داخست چوو بۆلای ئەو مەفرەزە چەکدارانەی وا لەگەراجەکەدا بوون .

**کێ دەلێت ئەو ئەفسەرەی تۆپزاوا برایەکی نەبووە لەو بچێت یان کێ دەلێـت هەر دوانە نەبـوون خـۆ دنیـا هەموو شتێکی تیـدایە، بەهەرحـالَ ئـێمە ئێسـتا وای دادەنێن کە ئەفسەرەکەی تۆپزاوا بووە دوای ئەوە چی روویدا ؟**

دوای ئەوە کە ئەو هــاتە نــاو دەرگــای ســەیارەکەوە تەماشایەکی تری کـردین و دابەزیـیەوە بەلاَم دەسـتی برد بۆ یەدەی دەرگای سەیارەکەو رایکێشـاو دەرگـای کۆســـتەرەکەی لەســـەرمان داخســـت. ئێتـــر رۆح گەیشتەسەر کونەلوتمان من هەرباسی خۆم دەکەم رێک خۆم وکاک فەرەجم بەقۆلبەستراوی هاتە بەرچاو وەک شریتێک هەمـوو دیمەنـی تـۆپزاوام هـاتەوە بەرچـاو، وەک ئەوەی دەمانبەنەوە بۆئەوێ ولەوێشەوە دەمانبەوە بــۆ ئەو بیابـــانەو ئەمجـــارەش لەگەلَ وەجبەیەکـــی تردەمانکوژنەوە.

**دەرگاکەی داخست یان هەر پێوەی دایەوە ؟**

نانا داینەخست خۆ ئەو سویچ وکلیلی سەیارەکەی پـێ نەبـوو، هەتـا بەکلیـل لەسـەرمان دایبخـات، ئەی خـۆ ئەوکاتە دنیاش سارد نەبـوو، هەتـا بلـێین کـابرایەکی بەزەمیربووە بۆئەوەی سەرمامان نەبێت، کە دەرگـاکەی داخست ئێتـر رۆیشـت بـۆلای مەفـرەزەکە، هەتـا ئەو گەیشتە لای مەفرەزەکە ئێمەش لەسەیارەکە دابەزیـن و هەریەکەو بەلایەکدا رۆیشتین و ئیتر هەرلەوێوە مـن و کـاک فەرەجـیش لەیەکتـری بربـووین و یەکترمـان نەدیبووە هەتا دوای ئینتفـازەکە. بەخـوا پیـاو ڕاست بلێت من ئەوەندە ترسام هیچ هۆشم بەکـاک فەرەجەوە نەماو هەر نەمزانی خۆم بۆکوێ رۆیشـتم هەتـا ئاگـام لەو بێت، رۆیشتم چوومە ناو کۆمەلێـک پاسـی تـرەوە خۆمم ونکرد، ئەگەر گەراجی نەهزەت دیبێ هەلبەت هەر دیویشـــتە، زۆر گەورەیە، لەبەر گلۆپەکـــان لە دوورەوە چاوم لێ بوو، مەفرەزەکان دەسورانەوە، ئەوسا من وام هەست پێکرد ئێسـتا واتـۆ دەلێـی رەنـگە وانەبـووبێ

بەڵام من وام هەست کرد بەدوای ئێمەدا دەگەڕێن، هەتا بەرەو ئەو شوێنەش هاتن کەمن خۆمم لێ شاردبووەوە چوومە بن تایەی سەیارەیەک بەنەخوێنەکەمم کردەوە بۆئەوەی وابزانن میزدەکەم، بەڵام ئەوەش دادی نەدام خۆتۆ هەتاکەی بەو وەزعەوە دەمێنیتەوە، ئیتر کەمێک خولم خوارد منەی دۆزینەوەی کاک فەرەجم دەکرد، بیدۆزمەوە کەنەمدۆزییەوە وتم بەخوا معین یان گیراوە یان خۆی شاردووەتەوە، لەدڵی خۆمدا وتم ئینشاالله ئەویش نەگیراوەو وەک من لە شوێنێکی قایم خۆی شاردووەتەوەو نەکەوتووەتەوە دەست ئەم زاڵمانە.

**هەتا کەی بەدوای کاک فەرەجدا گەڕای ؟**

وەڵا پایاوەهق بڵێت زۆر زۆر نەگەڕام چونکە نەمدەوێرا، زۆر بگەڕێم، لەوەش دەترسام کاک فەرەج گیرابێ و بڵێن ئەی کوا ئەو نەفەرەی وا لەگەڵتدا بوو، ئیتر هەر چاوم دەگێڕاو چاوم خوردەوە دەکرد نەبوو، وتم واچاکە من لێرە بڕۆم، بەڵام کە سواری تەکسیەکە بووم لەگەڵ ئەویش کەمێک خولمان خوارد هەر دیارنەبوو، بەکابرای سایەقم وت بابڕۆین گەڕان فایدەی نیە. ئیتر هەر ئەو دابڕان ولەیەک ون بوونە بوو، هەتا ٤ ساڵ تێپەڕی کاک فەرەجم نەدیتەوە.

**وتت سواری تەکسی بووم ؟**

بەڵێ

**لەکوێ سواری تەکسی بوویت ؟**

هەرلەناو گەراجەکە چووم تەکسیەکم بە خسوسی گرت کابرایەک بوو ناوی سەید محێ دین بوو، کەسواربووم وتم بمبەرەوە بۆکەرکوک وتی باشە، وتم بەڵام کەسێکی ترم لەگەڵدایە لێم بزربووە ئەگەر کەمێک بگەڕێین بزانین نایدۆزینەوە هەر بەو تەکسیە هەندێک خولمان خوارد نەبوو، وتم یاالله باناوی خوای لێبێنین و بڕۆین، بەڵام هەر خەمی کاک فەرەجیش لەدڵمدابوو زۆر بۆی سەغڵەت بووم تانەت کابرای سایەق تەکسیش کەمێک کەوتە شکەوە بۆیە وتم بابڕۆین .

**ئینجا تۆ ئەو کاک محێدینەت دەناسی ؟**

کورە نەوەڵا لەرێگا لێم پرسی وتی ناوم ئەوەیە، ئەگینا قەت نەمدیبوو، لەپێشەوە کابرایەکی تورکمان توشم بوو، وتم لەگەڵ کوردێک بڕۆم باشترە، لەگەڵ ئەو تورکمانە سوارنەبووم . ئەوەش خێری پێوە بوو، هەرچەندە کابرا جاشیش بوو بەڵام پیاوێکی باش بوو.

**کورە تۆ بەناو هەزار تەڵەدا ڕزگارت بووە، جاشی چی ئەو سایەق تەکسیەش هەرجاش بوو ؟**

ئائا وتی چەکدارم لەلای سەید تاهیر سەید تاهیر موستەشار بوو، بەڵام ئەو وتی منیش حەزم لەچەکداری نیەو هەویەی خەفیفەم پێیەو چیبکەم لەبەرخاتر ماڵ ومنداڵ مەجبورم ئەمە بکەم خواهەلناگرێت زۆر هاوکاری کردم و زۆریش نەسیحەتی کردم ئەوەی وا بەسەرم هاتووە بۆکەسی نەگێڕمەوە ئەگینا دەتگرن و دەتکوژن .

**بۆچی بەسەرهاتەکەت بۆئەویش گێڕایەوە ؟!**

ئەرێوەڵا ئەوەی بەسەرم هاتبوو بۆم گێڕایەوە، بەڵام بەکورتی، ئەی کاکە بەخوا باسم نەکردایە رەنگە شێت بومایە، ئاخر دەزانی چۆن بوو، من وەک شێتم لێهاتبوو دور لەروی جەنباتان، کابرا لەنیوەی رێگا راوەستا خەریک بوو دامگرێتە خوارەوە وتی تۆ تەواوی ؟ تۆشێتی چی ؟

**بۆچی وای پێگوتی ؟**

دەزانی چۆن بوو هەرکە لەگەراجەکە دەرچووین شریتێکی خستەسەر دەهۆڵ وزورنا بوومنیش گەرامەوە بۆ ناو ئەو وەزعەی بەسەرماندا هاتبوو، چەندە حەزم لەدەهۆڵ وزورناکەش بوو، کەچی دڵم زۆر سەغڵەت بوو، ئەودەهۆڵ و زورنایەی وا خەڵک دەهێنێتە هەڵپەرین منی خستبووە گریان وامەدزانی دەنگی گوللەکانە دێتە بەرگوێم . تومەس کابرا قسەی لەگەڵ کردبووم من گوێم تێوەی نەبووە یان وەڵامم دابووەوە بەڵام بەعکسەوە وەڵامم داوەتەوە، بۆیە خەریک بوو سەیارەکە راگرێت وتی ئەوە تۆ تەواوی بەخوا نازانم چی گووتووەو من بەعەکسەوە جوابم داوەتەوە . کابرا گوتی کاکە راست پێمبڵێ تۆ موشکیلەت چیە؟ وتم هیچ موشکیلەم نیەو ساق و سەلامەتم، وتی دەزانم ساقی بەڵام بەخوا معین تۆ موشکیلەیەکت هەیە، کاکە بابزانم نەکا توشی بەڵایەک

بم وتم هیچ موشکیلەم نیە. من بۆخۆم دەمزانی کابرا بروا بەقسەکەم ناکات،کەمێکی تر ڕۆیشتین و کابرا جارێکی تر پرسییەوە، موشکیلەت چیە، هەر وەلامم دایەوە هیچ موشکیلەم نیەو و سوێندم بەخوای گەورە بۆخوارد کەمن موشکیلەی پارەو ژن ومالم نیەو هەر خۆم بێتاقەتم و دلم وا بەلای هاورێکەمەوەیە. ئەوە دەنگی دەهۆل وزورناکەش هەردێت بەلام کە قسەکانی کرد کەمێک کزی کرد، وتی موشکیلەی چیت هەیە با یارمەتیت بدەم، لەوکاتەدا فرمێسک بەچاومدا هاتە خوارەوەو دلم تەنگ بوو، کابرا ئیتر تەواو دلنیابوو کە من لەموشکیلەدام . ئینجا من لێم پرسی تۆناوت چییە ؟ کەتۆ پرسیت چۆن ناویت دەزانی ئەو کاتە لێمپرسی وتی ناوم محێدینەو سەیدین پێم دەلێن سەید محێ دین . وتم کاک سەید محێدین من شێت نیم بەلام ئەوەی ئەوەی من بینیوومە و بەسەر مندا هاتووە یاخوا کەس نەیبینێ، چونکە هەرکەسێکی تر ببینێ و بەسەر هەرکەسێکی تردابێت شێت ئەبێ، وتم ئەوە من بۆتۆی دەگێرمەوە تۆش خۆت وشیرت.

**ئەی هەستت نەکرد باسی شتێکی زۆر مەترسیدار دەکەیت و ژیانت دەکەوێتە خەتەرەوە وا لەو مالانە باست کردوو، بۆئەم کەسەشی باسدەکەی ؟ لەکویش لەخەتی بەغدا؟**

ڕاستیت دەوێ نەک نەترسام هەستم کرد، کۆلێک لەپشتم دادەگرم و بارەکەم سوکتر دەبێ‌ترس بوو،بلێم بەلام لەگێرانەوەی بۆئەم کابرایە دلم ئاسودەتر دەبوو، ئاگام لێ بوو کابراش ڕەنگی تێکچوو.

ئەی کەی بەتۆی گوت من چەکدارم و وەرەقەی جاشێتیم پێیە ؟

هەرلەناو ئەم قسانەدابوو کەپێمی ووت .

**هەریەکەسەر وتی من جاشم ؟ یان وتی مەترسەو من جاشم هاوکاریت دەکەم ؟**

نانا ئەویش بێزاربوو، ئاخر پرسیاری کەسێکی کرد کەلەگەلماندا بوو، من دەمناسی لەتۆپزاوا دیتم وتی ئەوەی وا تۆ دیوتە ئەوە کوری خالۆمەو هەر ئەو تاقە کورەی هەیەو پارەی دنیای داوەتە جاش وئەمن و ئیستخبارات، بۆئەوەی بۆبەربدەن ئەگەر وابێت هیچ

ئینجا وتی کاکە من خۆم لەفەوج خەفیفەم لای سەید تایر جەباری.

**ئەی کەوای گوت تۆ نەترسای پەشیمان نەبووی لەوەی ئەم نهێنیەت لەلای جاشێک درکاندووە ؟**

کورە چۆن پەشیمان نەبووم بەخوا ئەوەنەترسام خەریک بوو زیرەبکەم، کەوتی منیش چەکدارم لەلای سەیدتایەر جەباری لێوی خۆم گەست وتم کورە من چیم بەخۆم کرد بۆ بەدەستی خۆم ئاگرم بە گیانی خۆمەوەنا . بەلام گیانم بەوە بوو ئەمە زۆر درێژەی نەکێشاو کابراش دیاربوو زانی من پەشیمانم لەوەی بۆیم باسکردووە، وتی کاکە هیچ مەترسە خۆ بەخوا ئەگەر خراپە بکەم ئێستا تۆ کۆلێک پارە بۆم ئەکەیت ئەگەر من ناپیاوی بکەم و تەسلیمت بکەمەوە، بەلام من لەو پیاوانەنیم و هیچ مەترسە، ئینجا کەوتە نەسیحەت کردنم وتی کاکە ئامان ئەم قسانە لەلای کەسی ترو شوێنی ترنەکەیت. بۆخوا پێت دەلێم، ئەگەر بەقسەشت نەکردم و لای هەر کەسیش قسەت کرد تکایە ناوی من نەهێنی کە تۆم هێناوەتەوە بۆکەرکوک، گوتم نامەترسە بەوخوایەی والەبان سەرمانەو ئاگای لەخشەی مارومێرووە، مەگەر گل لێم بیبستێ، دەی وتی منیش وەک ئەوەی نەمبیستبێ بەردێک ئەخەمە سەری.

**بەلام جارێکیان باسی ئەوەت بۆکردم کە لەڕێگای بەغدا بەرە و کەرکوک هاتویتەوە، هەمان ئەو کاروانی پاسانەت بینیوە کە گەنجەکانیان پێگواستووەتەوە بۆ شوێنی کۆمەلکوژییەکە ؟**

ئائا بەگەورەیی خوا وەک بلێی خوا ئەوەش هەر بۆ شایەتیدانی قسەکانم بنێرێت، لەوکاتەدا وا قسەم بۆ سەید محێدین دەکرد، کاروانێک لەهەمان ئەوپاسە سەرداخراوانەمان توش بوو، بەرەو خوار دەڕۆیشتن ئیتر وەک شێتم لێهات وتم ئەوەتان، ئەوەتان، ئەوانە هەمووی کوردی تیدایە دەیانبەن لەو سەحرایەی خوارەوە دەیانکوژن.

**نەتزانی چەند پاس دەبوون ؟**

نەبەخوا دروێ چی بکەم بلێم ژماردومن نەوەلا بەلام عەینەن وەک ئێمە چۆن بردمانیان بەرەوخوار ئاوا بوو، هەمان ئەو سەیارانەش بوون.

**ئەی لەریگای رومادی هەتا بەغدا هیچ کاروانی ترتان توش نەبوو ؟**

نا هیچمان بەرچاونەکەوت .

**ئەوکاتە شەوبوو کە بەرەو کەرکوک دەهاتن ؟**

بەڵێ بەڵێ شەوبوو ئەی مەگەر بۆتم باس نەکرد ؟ خۆمان خۆمان تاخیرکرد بۆئەوەی بەشەو بگەینەوە کەرکوک، ئەو وەزعەشمان بەسەردا هات ولەگەڵ کاک فەرەج لێکدابراین درەنگی کردبوو.

**ئەی ئەوکاروانەی وا ئێوەی لەتۆپزاواوە برد بۆ رومادی بەیانی بوو؟**

ئەی ماڵەت ئاوابێت وادەزانی چەند خەڵک لەتۆپزاوابوون ؟ ئێمە وامانزانی هەموو کوردستانیان هێناوە بۆئەوێ، شەورۆژ لەوخەڵکەیان باردەکردو دەیانبردن دەیانکوشتن وانەبوایە ئەو هەموو خەڵکە چۆن تەواو دەبوو . ئەوەی ئێمە بەیانی بووە رەنگە وەجبەیەکی تر نیوەرۆبووبێت ویەکێکی تر شەوبووبێت و ئەمەش کەدیمان شەو بوو.

**ئەی کەی گەیشتنەوە کەرکوک ؟**

بەخوا بۆ سەعات نازانم سەعات چەندبوو گەیشتینە کەرکوک بەلاَم درەنگ بوو، شەوبوو.

**ئینجا شەوچوویتە کوێ ماڵی خزمت هەبوو بۆی بچیت ؟**

کورە ئائا ماڵ خزمم هەبوو، ماڵ خاڵۆم هەبوو ماڵ برایەکم لەکەرکوک بوون .

**چوویتە ماڵ کامیان ؟**

چوومە ماڵ خزمێکمان ؟

**هەر لەگەڵ ئەو سایەق تەکسیە رۆیشتی بۆماڵ خزمەکەتان یان دابەزیت وبەتەکسیەکی تر رۆیشتی ؟ نانا هەرلەگەڵ ئەودا رۆیشتم .**

**ئەی نەترسای کابرا ئیخباریت بکات ؟**

نەوەلا نەترسام، هەمووشتێکم لەلاباسکردبوو ئیتر چیمابوو لێی بترسم، ئا ئینجا ئەوەشم بیرچوو باسی بکەم، پێتموت کەباسی ناسیارەکەی کردو وتم دەیناسم و لەگەڵ ئێمەدابووە.

بەڵێ باسی شتێکی واتکرد.[29]

کابرای سایەق تەکسی تەکلیفی لێکردم لەگەڵیدا بچم بۆماڵی خاڵی ئەوەی دیومە بۆی بگێرمەوە. بۆئەوەی خاڵەکەشی هیچیتر بەتەمای بەردانی کورەکەی نەبێت، چیتر چاوەروانی کورەکەی نەکات و هیچیتریش پارەو بەرتیل نەداتە ئەمن و ئیستخبارات .

**ئینجا تۆ بەوە قایل بوویت ؟**

ئەرێوەڵا وتم باشە بەسەرچاو هەرکە گەیشتینە ناو کەرکوک بردمی بۆماڵ خاڵۆی خاڵۆی بانگکردەوە دەرەوەو لەگەڵماندا سوار بوو چووینە ماڵی خزمێکی خۆم و چیم بەسایەقە کە وتبوو لەبارەی ئەو کورەی بینیبووم بۆئەویشم باسکرد وتم خاڵەگیان ئینشاالله درۆناکەم من لە تۆپزاوا کورەکەتم بینیووە، ئەوەی لەتۆپزاواش بووە ئەوەیە کەبەسەرمندا هاتووە، بەلاَم کورەکەی تۆ لەگەڵ ئێمە نەبووە کەبراوین بۆکوشتن، ئیتر ئەوان رۆیشتن و من لەماڵ خزمەکەمان مامەوە.

---

29 لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەوەی بۆ عارف قوربانی باسکردووە لەم کتێبەشدا دای بنێمەوە چونکە دیدارەکەمان بەپەلەکردووە هەندێک خاڵی گرنگ هەیە یان هەرباسێکی کورتی کردووەیان بەئاماژەیەک وازی لێهێناوە لێرەدا عوزێر دەڵێت سایەقەکە ( پرسیاری یەکێکی لێمکرد هەر خەڵک بان جەباری بوو، ووتی ئەویش لەم رۆژانە گیراوەوبراوەتە قادرکەرەم وئیتر هەواڵی نازانین، کورەی ئەوباسی کرد، یەک دووجارم بینی بوو لەقاعەکان تۆپزاوایش بینیم، بەلاَم لەگەڵ ئێمەدا دەرنەکرا، نازانم چارەنوسی ئەو کەوتە کوێوە، دیاربوو کە وتم ئەیناسم و بنیم لەوە ئەچوو سایەقەکە بروای نەکردبێ و یان وایزانی بێت بۆئەوە ئەڵێم بینیم تا هاوکاریم بکات، چونکە ووتی جلێکی چۆن لەبەری بوو..؟ منیش ئەوەی بینیبووم گێرامەوە لەشێوەی و جل و بەرگەکەی چی لەبەربوو..! کابرا ووتی باشە ئێستا ئەگەینەوە کەرکوک ئەچینە ماڵ خاڵۆم دانانیشین خاڵۆم هەڵئەگرین هەرماڵێ خۆت ئەتەوێ ئەچینە ئەوێ، هەندێ قسە بۆ خاڵم بکە باوەک کورەکەی رۆیی هەموو ماڵەکەیشی نەرواتو ئەوەندە پارەنەداتە ئەم مەفرەزە خاسەو ئەو رەیس جاش و ئەو ئەمن و شتانە، ئەو کورە کوری خاڵۆمەو هەرئەو کورەی هەبوو واشێت ئەبێ، کابرای سایەق خۆیشی زۆر زۆر پێی تێکچوو)

**ئەی کابرا هیچی نەگوت ؟**

نەوەڵا چی بڵێت؟ بەدڵتەنگی مەمنونی تۆوحازری کرد، هیچ دەسەڵاتیش نەبوو، بەڵام سایەقەکە لەهەستاندا ووتی هیچ پێویستیەکت نییە، بۆکوێ ئەتەوێ بتبەم. منیش سوپاسمکردو رۆیشتن بەڵام لەکاتی رۆیشتندا جارێکیتر نەسیحەتی کردمەوە ووتی هەتا سەدام حوسێن لەسەرحوکمبێت ئەم قسانە بۆکەس نەگێڕیتەوە.

**هەردەمویست پرسیارێکت لێبکەم ؟ بەڵام بوارم بۆ نەرەخسا**

بەڵێ فەرموو

**ئێوە کە گەیشتنە گەراجی نەهزە نەتدەزانی خاڵۆت مام فەتاح لەو خەتە ئیش دەکات ؟**

نەوەڵا ئەو کاتە نەمدەزانی ئاخر من هەر لە جافان وخدر رێحان بووم لەکوێ بزانم خاڵۆم فەتاح لەوێ ئیش دەکات ؟

**لە دیدارەکانتدا بۆ مێدل ئیست ووچ و عارف قوربانیشت باسکردووە، کەگەیشتوویتەوە ماڵەوە لەکەرکوک بووە ئەی لەشوێنێکی تر ؟ لەتەلەفزیونی کەرکوک وێنەی خۆتت بینیوەتەوە ئایا ئەوە چۆن بوو؟**

بەڵێ راستە باسم کردووە، خوا ئاگادارە وەک چۆنم بۆ ئەوان باس کردووە کەم وزیادی نییە، ئەوە لەکەرکوک بووین هەرلەماڵی خزمەکەم ئەوەی وا سایەقەکە یەکەمجار هێنامی، دانیشتبووین تەلەفزیۆنیان داگیرساند، خۆ ئەوساکە وەک ئیستاکە نەبوو، هەرتەلەفزیۆنی کەرکوک بەغدا هەبووسەیرت بکردایەو نەکردایە هەرئەوانەبوون، دانیشتبووین تەماشادەکەم ناو مەرکەزەکەی قادرکەرەمی پیشاندەدا، بینیم ئەڵێ ئەمانە بەکرێگیراوی ئێرانن و تەسلیم بوونەتەوەئەی خوایە سەیرمکرد خۆ وا ئێمە نیشان ئەدات ئێمە بۆ بەکرێگیراوی ئێرانین، ئێمە لەخدر رێحان و ئێران لەکوێ ؟

**تۆ دڵنیابوویت ؟ کەوێنەی خۆتی تێدابوو؟**

بەڵێ

**خۆتت بینی .؟**

ئەی بێ قەزابی کەس هەیە خۆی نەناسێتەوە، بەڵێ نەک هەر خۆمم بینییەوە، کاک سالار و کۆمەڵێ خەڵکیتریشم تیا ناسییەوە.

**کاک سالار کێیە ؟**

کاک سالار خەڵکی گوندی خدر رێحانە بەداخەوە ئەویش ئەنفال بوو.

پیشاندانی لەوێنەیەی تەلەفزیۆنەکەدا ئەویشی تێدابوو، ئەو وێنەیە خۆفێکی زۆرتری خستە ناودڵمەوە ئیتر باشتر تێگەیشتم ئەو خەڵکە بۆواپێدەکەن و رەحمیان پێناکەن، وتم بەخوا ئەوەی گیراوە مەگەرهەر خوا بەگەورەیی خۆی فریای بکەوێت ئەگینا جارێکی تر چاوی بەدنیای رۆشن ناکەوێتەوە.

**هەتاکەی لەماڵی خزمەکەتان مایتەوە ؟**

بەخوا معین هەر شەوێک بوو، بۆ بەیانییەکەی رۆیشتم و لەوێ نەمام، هەستام چوومە ماڵی برایەکم ئەوانیش هەر لە کەرکوک بوون، لەوێشەوە گەیاندمیانە هەولێر.

**چۆن گەیاندیانیتە هەولێر، بەدزی یان بەوەرەقەی خەفیفە ؟**

بەپێکەنییـــــــنەوە (بەوەرەقەی عەدەم تەعەروزی فەوج خەفیفە) ئەوکاتە مەجبوربووین .

**بۆچی چوویت بۆ هەولێر مەبەستم ئەوەیە بۆچی بیرت لەسلێمانی یان رۆیشتن بۆ ئێران نەکردەوە ؟**

لەبەرئەوەی ماڵی باوکم لەهەولێر بوون .

**ئەی ماڵی باوکت لەلەیلان نەبوون ؟**

نائەوسا تەرحیل کرابوون بۆ بنەسڵاوە. کە بردیانمەوە بۆ هەولێر چوینەوە بۆ ماڵی باوکم لە مجمعەی بنەسڵاوە باوکم کەدوو ماڵی بوو، دایکم و باوەژنم، بەڵام لە وەزعێکی زۆر ناخۆشدا دەژیام بەخوا هەتاشەش مانگ تێپەڕی بوو بەسەر هاتنەوەمدا هێشتا باوکم نەیزانیبوو من گەڕاومەتەوەو لەماڵم، تەنها دایکم و خوشک و براکانم دەیانزانی ئەوانیش هەموویان نەیاندەزانی کەوا من گەڕاومەتەوە.

جا شتێکی تریش رویدابوو، بۆیە کە خزمە نزیکەکان دەهاتن بۆماڵمان بۆ ئەوەبوو دڵی دایک و خوشکەکانم بدەنەوە، وەک بڵێی بۆ تازێ باری

دەهــاتن کە عــوزێر ئەنفــالکراوە، چــونکە ئەوەی رویــدابوو، بــۆمن خێــری پێوەبــوو بەڵام بــۆ خزمەنزیکەکانم مایەی دڵتەنگی بوو، ئەوەش چی بـوو ئەوە بو خاڵۆم کە لەخەتـی بەغدا تەکسـی پێبوو لەو خەتەدا ئیشی ئەکرد، کـاک رەمەزانـیش کەوەک ئـێمە بەهەزار ترس ولەرز خۆی گەیاندبووەوە بەغدا توشـی خاڵۆم ببوو.

**خاڵۆت ناوی چی بوو؟**

ناوی فەتاح بوو، معین جارێکی تریش پێمگوتی و ئەم بەسەرهاتە کاک رەمەزانیش بۆتی گێڕاوەتەوە.

**بەڵێ وایە بەڵام باشتکرد خۆت باسـت کـرد چـونکە هەردەبوو لەخۆشتم بپرسیایە بۆئەم دیدارە.**

لەخزمەتـدام کەکـاک رەمەزان دەگـاتە بەغـداو دەچێـتە گەراجی نەهەزە بەرێکەوت وەک چۆن مـن توشـی ئەو سەید محێدینە بووم، ئەویش توشـی خـاڵۆم (فەتـاح دەبـێ و خـاڵۆم دەیگەیێنێـتەوە کەرکوک‌سـوبحانەالله چـۆن ئەو سـەید محێـدینە لەرێـگە لەمنـی پرسـی دەربارەی کورە خاڵەکەی خاڵیشم دوای ئەوەی پرسیار لە کـاک رەمەزان دەکـاو دەزانـێ لەیەک دێ بـووین، پرسیاری منی لێدەکات بەڵام ناڵێت کـوری خوشـکەمەو مــن خــاڵی ئەوم دەڵێــت ناســیاریمان هەیە، کــاک رەمەزانیش چوزانی هەرچی بووەو بەسەری هـاتووەو چۆن گوللەباران کراوین بۆی ئەگێڕێتەوە.

**ئەگەر بکرێت تۆچۆن خاڵت بۆی گێـڕاویتەوە تـۆش بۆم بگێڕیتەوە ؟**

باشە بەسـەرچاو بەڵام ئەی بەڕاسـت کاتمـان درەنـگ نەکردووە؟ ئەگەر فریا بکەوین بەسەرچاو.

**ئێمە چاوەڕوانی تەلەفۆنی ئەوان دەکەین، خۆ ناکرێت لەخۆمانەوە بڕۆین کەی کردیان دیدارەکەما رادەگرین و دەڕۆین ؟**

باشـە بەسـەرچاو بەڵام ئەی جـگەرەیەک نەکێشـین ؟ (بەپێکەنینەوە)

**با فەرموو بابچین جگەرەیەک بکیشین .**

ئێ دەست پێبکەین ؟

بەڵێ فەرموو لەباسی خاڵۆتەوە کە پرسیاری تۆ لەکاک رەمەزان دەکات ؟

ئا بەڵێ کە خاڵم پرسـیار لەکـاک رەمەزان دەکـات تـۆ خەڵکـی کـوێی ئەویـش ئەڵـێ خەڵـک جافانم‌خـاڵۆم پێیئەڵێ کورێکم ئەناسـی لە جافـان نـاوی عوزێربـوو، ئەبـێ ئەویـش گیرابێ‌خـاڵۆم نەیوتبـوو مـن خـاڵۆی عوزێرم، ئەویش ووتبووی ئەرێوەڵا دەیناسم لە جافـان و لەخــدر رێحــانیش هەر پێکەوەبــووین، فەقیــرە ئەویشمان هەر لەگەڵدا بوو، لەتۆپزاواشـەوە هەر لەنـاو یەک سـەیارەیەک بـووین، ئەرێــوەڵا تەواو بـــوو بەبەرچـاو خـۆمەوە کوشـتیان. خـاڵۆم هەر بۆبەیـانی نەچووبـوو بـۆ ئـیش منالەکـانی هێنـابوو بـۆ مـاڵی خزمەکانمــان و پێیگــوتبــوون : عــوزێر کــوژراوە، ئەوانیش هەموو هـاتبوون بـۆ هەولێـر بـۆئەوەی دڵـی دایک و خوشکەکانم بدەنەوەو نەشـیان ئەویـرا بڵـێن شتێ وا هەیە. بەو هۆیەوە خزمەکـانم هەمویـان وایـان ئەزانی من نەماوم.. ئیترئەوە بۆمن بووە خێـرو هەتـا ساڵ ونیوێک زیاتر بەخوا مـن هەر لەمـاڵەوە بـووم و نەمدەوێرا خۆم دەربخەم .

**ئەی دوای ئەو ساڵ ونیوە چیتکرد ؟**

دوای ئەوە خۆت ئاگاداریت وا عافواتەکەی دا .

**لێوردنەگشتیەکە یان نادیمەنەکە ؟**

نانا عــافواتە عــامەکە، بە نــادیمەنەکە نەمــوێرا خــۆم تەسلیم بـکەمەوە دوای ئەوەی کە عـافواتەکە دەرچـوو، منیش وەک ئەوعالەمە رۆیشتم خۆم تەسلیمکردەوە.

ئیتــر ئەوەبــوو خــۆت دەیزانــی حەربــی کــوێتی بەسەرداهات و راپەڕینەکەبوو نەجاتمان بوو...!

**بیورە پەلەمەکە هێشتا نەجاتمان نەبووە، کەچـویتەوە بۆسەربازی باباسێکی ئەو دۆخەش بکەین ؟**

بەڵێ فەرموو وەک چی ؟

ئەی تۆ نەبوویت بەعسکەر؟

بابا بەڵام زۆر زوو تسریحمانیان کرد.

ئەی ئاخر پێشئەوەی جەنگی کەنداوبیت بانگکرانەوە بۆسەربازی و خەڵک هەمووی گیرایەوە بەسەرباز هەتا نزیکی راپەڕینەکە .

هەتا کەی تۆ هەر لەبنەسڵاوە مایتەوە ؟

هەتا ساڵی ١997 یش من لەهەولێر بـووم، دوای ئەوە ئیتر بۆخۆت ئاگاداری رۆیشتین بۆ ئەمریکا .

بەڵام خۆ ڕۆیشتنتان بۆ ئەمریکاش هەر پەیوەندی بەم دۆسێ و چیرۆکانەی خۆتانەوە هەبوو، بەئاسانیش نەچوون بۆئەمریکا؟ چۆن چوون کێ هەوڵی بۆتاندا، **حکومەتی هەرێمی کوردستان یان هەر ئەمریکاییەکان؟**

کورە باڵێ حکومەتی هەرێمی کوردستانی چی ؟ کورە نەوەڵا بەقەد ئەو جگەرەیە سودمان لەحوکومەت نەبینیوە، بەڵکو ئەمە خوایە ئێستا کەدەچین بۆلایان سودێکی هەبێت و وەک سەرۆکی پەرلەمان نەبێت. بۆ مەسەلەی ڕۆیشتنەکەمان خۆت ئاگاداری یوست دەناسیت و پێموایە قسەشت لەگەڵ کردووە،ئەوهات وەک ئێستای تۆ مقابەلەمانی کرد، کە لەمقابلەکە تەواو بوووتی ئینشاالله ئەم مقابلەیە سودێکی بۆتان دەبێت . ڕاستی من ئەوکاتە نەمزانی مەبەستی لەم قسەیە چیەو زۆریش باوەڕم پێی نەبوو، لەدڵی خۆمدا گوتم دەبێت سودی چی بۆمان هەبێت.؟

**جایوست هێڵتەرمان چۆن تۆی دۆزیبووەوە ؟**

ئەوە کاک عوزێری بینیبوو، ئاخر لەپێشەوە ئەویان مقابلەکردبوو، معین لێانپرسیبوو کەس پێ نازانی وەک تۆ دەربازبوبێت ؟ ئەویش گوتبووی بەڕیوەڵا یەک کوڕێکی تریپێ دەزانم ئەگەر لەوەی بەغدا نەگیرابێتەوە، ئەوا ئینشاالله ئەویش دەرچووە، وتبویان ئەی ماڵوحاڵی لەکوێیە ئەوەندەی گوتبوو بەخوا نازانم ئێستا ماوەیان نەماوە بەڵام ڕەنگە لەکەرکوک سۆراخی بکەن بیدۆزنەوە، ئەوسا خەڵکی کەرکوکیش هەمووی ئاوارە بوو لە سلێمانی وهەولێر ئاوا بەپرسیار دۆزیانمیانەوە، لەگەڵ وەرگێڕێک هاتن مقابەلەیان کردم.

**ئەی چۆن گەیشتنە ئەمریکا ؟**

ئەوە حیکایەتێکی زۆر درێژە یوست هێڵتەرمان لەئەمریکا هەوڵێکی زۆری بۆماندابوو، خۆئەوە نەبوو یەکسەر چۆنمان بوێت بڕۆین، ئەو پیاوە بەڕیزە لەگەڵ کۆنگریس قسەی زۆری کردبوو، گوتبووی ئەمانە هێشتا ژیانیان لەمەترسیدایەو دورنیە بەعس بیانکوژێ و تیرۆریان بکات،بەڵام پێموایە بەوە قەناعەتیان کردبوو، ئەگەر خوای کرد ڕۆژێک بێت سەدام ڕوخا ئەمانە واتا ئێمە بۆ شایەتیدان لەدژی سەدام بەکەڵک دەبین، ئاوا ئەمریکیەکانیش قەناعەتیان کردبوو، ماڵی ئاوابێت یوست هێڵتەرمان بردمانی بۆئەمریکا .

**یەکەمجار کەچوون هەموو شتێکتان بۆ دابینکرا بوو ؟**

کورە نەوەڵا ماوەیەکی زۆر لە جزیرەی گوام بووین وەک عالەمی وا لێرەوە لەگەڵ مونەزەمەکان ڕۆیشتن. هەتا جێگەی خۆمان گرت هەر یەواو بەهیلاک چووین.

**هەمووتان بەیەکەوە ڕۆشتن ؟**

نەوەڵا کاک فەرەج بەهۆی ماڵ ومنداڵەوە نەهات، بەڵام کاک عومەری سەید عەلی گوتی : ئەگەر بچن بۆخۆتان باشترەو ئەگەر نەشچن ئەوە کەیفی خۆتانە بەڵام ئەم دەرفەتەتان بۆ هەڵناکەوێتەوە .

**ئەوکاتە هاوسەر گیریت کردبوو ؟**

نەوەڵا هێشتا هەر بەتەنیا بووم .

**ئەی ئێستا لەوێ ژیانتان چۆنە ؟**

وەڵا شوکر بۆخوا زۆرباشین، بەڵام ژیان لەوێش ئاسان نیە.

**خۆت لەوێ ئێش دەکەیت ؟**

ئەی چۆن کەس ناتوانێ لەوێ بەبێ ئیشکردن بژی . ژیان لەوێ زۆر گرانە وەک ئێرە نیە.

**تۆ لەوێ چ کارێک دەکەیت ؟**

من لەوێ ئیشی پیتزا دەکەم. هەندێکجاریش پیتزا بەشێوەی دلیڤەری دەبەم بۆ ماڵان .

**ئۆو ڕاست دەفەرمووی، جارێک بە سکایب قسەمان کرد، تەنانەت شوێنی کارەکەت پیشاندام کوڕێکی لێ بوو، عەرەب بوو ناوی مستەفا بوو دیارە عەرەبتان زۆر لە گەڵدایە ؟**

بەڵێ لەوێ وەک ئێرەنیە هەموو جۆرێکی تێدایە عەرەب وکوردو ئەمریکی و ئەفغانی و هەموو شتێک .

**ویستم ئەوە بپرسم، ئەوانەی وا کارت لەگەڵدا دەکەن بە چیرۆکی تۆ دەزانن ؟**

نەوەڵا نایزانن .

**بەڵام هەقە بیزانن، گرنگە بۆیان باس بکەیت .**

جارێکیان بۆیەکێکانم باس کرد دکتۆریش بووبڕوای نەدەکرد، وام بۆ باسکرد کە چیرۆکێکی واهەیە نەمگوت خۆم، دوایی گوتم دەی تۆ بڕوا بەمن دەکەی؟ وتی بەڵێ تۆ جێگەی بڕوای منیت، دەی گوتم ئەو

کەسەی وابۆت باس دەکەم ئەوە خۆمم ! گوتی: ئیستا بـڕوات پێـدەکەم ئەگەر تـۆ نەبویتـایە هەمـوو عەرەب قسەی بکردایە بڕوام نەدەکرد.

**کەواتە هەر بیزانن باشترە .**

بەڵێ وایە عەرەبەکانیش کەسی باشیان زۆرە، جارێکی تـر کتـێکم دابە دەسـت یەکێکیـان خوێنـدبوویەوە دەیگـوت چـۆن بـووە ئەوە چ تـاوانێکە وتـم دەی پێویست ناکات بۆت باس بـکەم ئەوەی لەو کتێبەدایە مـن وتــوومەو ئەوانە وتوویــانە وا لەو تــاوانی کۆمەڵکوژیە ڕزگاریان بووە؟

**کام کتێبە بوو؟ ئەوەی یوست هێڵتەرمان ؟**

بەڵێ ئەوەی ویست ئـا، بەڕاسـت خۆشـت دەیناسـیت جارێک وێنەیەکی جوانی خۆت و یوستت لەفەیسـبوک دانـابوو، دامگـرتە نـاو مۆبـایلەکەمەوە وێـنەکەم زۆر بەلاوە جوان بوو، وتم کە یوست هات بۆلامان پیشانی دەدەم، هەردوکتان خۆشەویستن.

**پەیوەندیتان لەگەڵ یوست چۆنە ؟ کە بێتە ئەمریکـا سەردانتان دەکات ؟**

هەرجارێک بێت سەردانمان دەکات، هەرکەدێت دەڵێـت بێمە ماڵی کامتان؟ دەڵێین تـۆ کوێت پێخۆشە ئـێمە لەوێ کۆدەبینەوە . ماڵی هەر کامێکمان بێت ئاساییە.

**ئەی وێنەکەت پیشاندا ؟**

ئائا دەستی کرد بەپێکەنـین وتـی ئەوە کـاک عـومەرە بەخـوا وابـزانم کەسـێکی تریشـتان لەگەڵـدا بـوو ، ئەویشـی دەناسـی ؟ خواهەڵناگرێـت زۆرباسـی تـۆی کرد.

سوپاستان دەکەم چاکی خۆتانە.

**چی ڕەخنەو گللەییەکت لە حکومەتی هەرێم هەیە ؟ یان باپرسیارەکە بەجـۆرێکی تـر بـکەم حکـومەت چـۆن دەروانێتە ئێوە ؟**

ئاخر ئێمە مەبەسـتت کەسـوکاری ئەنفالە یـان ئەوەی وەک ئێمە لەو مەرگەساتە ڕزگارمان بووە ؟

**ئێوە دەربازبوانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان ؟**

وەڵا هــیچ وابـــزانم پێشـــتریش وتـــم ســـودی ئەوجگەرەیەمان لەحکومەت نەکردووە.

**سودی مادی ناڵێم باش دەزانـم هیچـی بـۆنەکردوون دەپرسم چۆن دەروانێتە ئێوە ؟**

چۆن دەروانێ دوێنێ ماڵتان ئاوابێت ئەو ڕێزلێنانەتان بۆ ئێمەکردو خۆ وەزیری شـەهیدان و زۆر بەرپرسـی تریش لەوێ بوون و تۆش دەستت خۆش بێت هەرچی لەدڵی ئێمەدا بوو وتت، بەڵام سـودی چـی بـوو؟ ئەوە قسەکانی سەرۆکی پەرلەمانیشت گوێ لـێ بـوو. ئیتـر ئاوا دەروانـنە ئـێمە. ئـێمە کەسـێکی وەک هێڵتەرمـان نەبــوایە مــاڵی ئاوابێــت لەگەڵ تــۆدا هەر بەتەوای دەفەوتاین .

**پێشــوازیەکەی ســلێمانی کە گۆڤــاری ئەنفالســتان و سەنتەری مارگرێت بۆیان کردن چۆن بوو بەلاتانەوە؟ هەتا چەندە لەئاستی خواستی ئێوەدابوو؟**

ماڵتــان ئاوابێــت زۆر بــێ غەل وغەش بــوو، زۆرمــان پێخۆش بوو، خۆ ئێوە هیچ پارەیەکتان نەداوە بەئـێمە بەڵام کۆبوونەوەی ئەو خەڵکەو ئەو بەرنامەیەی وا بـۆ ئێمەتان دانابوو، زۆرمان پێخۆش بـوو، ئـێمە ڕێزمـان دەوێ نەک پارەوموچە.

**ئەی پێشوازییەکەی سەرۆکی پەرلەمان چۆن بوو ؟**

بریا هەرنەچوینایە، زۆر ساردوسڕبوو ئەوکابرایە وای دەزانــی ئــێمە موشــکیلەمان پــارەیە، بەهیــوام ئەم مەوعیدەیان بۆلای جێگری سەرۆکی حکومەت وانەبێ

**ڕێکخراوەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنـی وبەتـایبەتیش ڕێکخراوەکانی بواری ئەنفال ئەوان هـیچ هەوڵێکیـان نەداوە بۆتان نەیاندواندوون ؟**

خـۆی هەرکەسـێک ئیشـێکی بۆئێمەکردبێـت و ئـێمە نەمانزانیبێ جێگەی دەستخۆشیەو سوپاسیان دەکەیـن، بەڵام بەخوا هیچمـان نەدیـوە، ئەوە خۆشـت دەیزانـی کاک عارف کتێبێکی دەرکـردووە بۆمـان مەمنـونین و تــۆش نەڵــێم لە ڕوی بەردەوام هەوڵمــان بــۆ دەدەی قەناعەت بەم حکومەتە بکەن، کەسی ترمان نەدیووە .

**کاک عوزێر تۆ هیچ لەبارەی ئەو ماڵانەوە نـازانی وا لەکەمپی ئاڵتاش هاوکارییان کردیت ؟**

کامە ئەوانەی ئەو خوارە ؟

**بەڵێ کەمپی ئاوارەکانی کوردانی ڕۆژهەڵات بـابڵێین کوردەکانی ئێران ؟**

نەبەوخــوایە هــیچ ســۆراخیان نــازانم خــۆزگە دەمدۆزینەوە .

**ئەی هیچ هەوڵێکت نەداوە؟**

پیاو راست بڵێت هەوڵـێکم نەداوە، بەڵام قەت لەبیـرم ناچنەوە خـۆزگە دەمزانـی کەوتـوونەتە کوێـوە. بەڵام دەزانم دوای پرۆسەی ئازادی ئەوانـیش لێیـان قەومـاو هەندێکیان چوونە خـارج وهەنـدێکیان چـوونەوە بـۆ ئێــران، خۆشــت ئاگــاداری وەزعــی ئــێمەی دوای راپەڕینیش ئـێمە هەروەزعـمان بـاش نەبـوو مـن هەر لەهەولێر بووم، بەڵام بەوخوایە وا دەپەرستینپڕبەدڵا حەزدەکەم بیاندۆزمەوەو سوپاسیان بکەم و بەدیداریان شادبیمەوە.

بەڵام من دووانیانم دۆزیوەتەوە ؟

توخوا کێ وکێ ؟

**ئەوەی هاوکاری کاک ئەنوەر تەیاری کـردووە نـاوی کاک یادوڵایە.**

**دیوتە ؟**

**بەڵێ هەتا لێرەبوو، زۆر هاوکاریم کردووە.**

ئائا بەڵــێ دەزانــم ئەوە لەپێشـوازییەکەی کەوا بۆتـان کردین ئەویش لەوێ بوو، تەنانەت ئەوەی تەیموریشـی دۆزیبووەوە ئەوەشمان ناسی راســت دەفەرمــووی، ئەی ئەوەی تریان کێیە ؟ ئەوەت باس نەکردووە.

**راست دەکەی ئەوەیان تازە دۆزیومانەتەوە ئەو ژنەیە کەوا یەکەم جار کاک فەرەج چـووەتەماڵیـان و نـان ودۆی پێداوە. ناوی فاتمەیە لەگەڵ کاک فەرەج چووینە ماڵیان . نازانم کاک فەرەج بۆی باسکردووی ؟**

ئۆو وەڵا راست دەکەی کورە کاکە من ئەو موشکیلەیەم هەیە زوو شتم لەبیرەوە دەچێت هێشـتا نەچووبـوون بەتەلەفۆن بۆت باسـکردم راسـت دەکەی، هەتـا وتمـان جـاکێ دەڵێـت ئەوە نـیە کەمـن چـوومە ماڵیـان. بەڵام وەڵاهی کاک فەرەج باسـی نەکـردووە دەی بەڵکـو ئەو کاک محەمەدەو ئەوەی تریش سۆراخیان بێ.

**بەهیوام سۆراخیان بێ، کاک عـوزێر ئـێمە دەرگـای دیدارەکەمان دانـاخەین هەر بەکراوەیـی دەیهێڵیـنەوە هەرکات زانیارییەک یان شتێکی تـازەت بیـرکەوتەوە بەفەیسبوکیش بێت دەتوانی پێمبڵێیت خۆ ئێستا وەک جاران نیە زوو قسەدەکەین .**

وەڵا وایە بەسـەرچاو، هەرچیم بیـرکەوتەوە ئاگـادارت دەکەمەوە، ئـێمەش خۆشــحاڵین بە برایەتــی بەرێــزت بەخوا هەموو جارێ باست دەکەین، یوست هاتبوو بـۆ ئەمریکا رەسمێکتان بوو پـێکەوە بەخوانـازانم لەکـوێ گرتبووتان زۆری پێخۆش بوو.

**سوپاستان دەکەم**

سوپاس بۆ تۆش

# ئەنفالی گوندی خدر رێحان

خدر رێحـان لەروی کـارگێرییەوە سـەربە نـاحیێ قـادرکەرەمەو دەکەوێـتەی نـاوچەی زەنگنەی گەرمیـان و خەڵکەکەشـی سـەربە هـۆزی زەنگنەن، پـێش پەلامارەکـانی ئەنفال نـزیکەی (٤٧) خـانەوادەی تێدا دەژیـاو خەڵکێکـی تـریش بەهـۆی هەڵاتنیـان لە خزمەتـی سـەربازی و گونـدەکانی دەوروبەریـان لەوێ نیشـتەجێ بیوونەوە.

ساڵی ١٩٨٣لەسەر دەستی مامۆستا (هیدایەت عەلی قارەمان) قوتابخانەی لێدامەزراوە

دراوسێ هەردوو گوندی گۆلباخی سەروخوارو هەرێنەوگەڕاوی ودراتوو، تیلەکۆو بنەکەو لەک هیدایەتە.

خەڵکی خدر رێحان دەست ودڵفراوان بوون و هەمیشـە پەناگای خەڵکی لێقەوماوو بووە، لەپەلامارەکانی ئەنفالـدا دووکەس لەدەربـازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال لەوێ نیشـتەجێ ببوونەوە، عـوزێر ورەمەزان عەلـی سلێمان پێش ئەنفالکردنیان هاتوونەتە ئەم گوندە، هەردوکیان پێشتر لەگوندی جافان بوون، دوای ئەوەی

گوندی جافان دەروخێت کۆچ دەکەن بۆ گوندی خدر رێحان و هەرلەوێش گیران و ئەنفالکران و دواتر لە بیابانەکانی رومادی بەکۆمەڵ گوللەبارانکرابوون خۆشبەختانە هەردوکیان رزگاریان بووە.

| ز | ناوی ئەنفالکراو | تەمەن | ڕەگەز |
|---|---|---|---|
| ئەنفالکراوانی گوندی خدر رێحان | | | |
| 1. | نجم الدين سەعيد قارەمان | 32 | نێر |
| 2. | فاتيح سەعيد قارەمان | 34 | نێر |
| 3. | ناميق سەعيد قارەمان | 18 | نێر |
| 4. | ابراهيم سەعيد قارەمان | 22 | نێر |
| 5. | حەسيب عومەر فارس | 34 | نێر |
| 6. | قادر عەلی قارەمان | 35 | نێر |
| 7. | فاتيح محمد خەسرەو | 35 | نێر |
| 8. | عوسمان ئەحمەد خەسرەو | 33 | نێر |
| 9. | محمد عبدالله حەسەن | 21 | نێر |
| 10. | عەلی ئەحمەد كريم | 25 | نێر |
| 11. | عادل عەزيز فەرەج | 35 | نێر |
| 12. | حەميد حەسەن حسێن | 22 | نێر |
| 13. | محمد كەريم ئەحمەد | 31 | نێر |
| 14. | رەحيم عەلی ساڵەح | 27 | نێر |
| 15. | محمد عەلی ساڵەح | 38 | نێر |
| 16. | ئازاد عەلی ساڵەح | 18 | نێر |
| 17. | وادی عەلی قارەمان | 38 | نێر |
| 18. | حەسيب رەشيد محمد | 34 | نێر |
| 19. | عبدالله ئەحەد عەلی | 33 | نێر |
| 20. | بورهان حەسەن عەلی | 19 | نێر |
| 21. | عەباس نصرالدين محمد | 18 | نێر |
| 22. | كاميل كەريم ئەحمەد | | نێر |
| 23. | سالار فاتيح | | نێر |
| 24. | سابير عەلی | | نێر |
| 25. | عەلی جافانی | | نێر |
| 26. | سەعيد ئەحمەد عەلی | | نێر |
| 27. | تۆفيق | | نێر |
| 28. | وەهاب ئەمين | | نێر |
| 29. | لەتيف ئەمين | | نێر |
| 30. | رەوف ئەمين | | نێر |
| 31. | مامۆستا حسين | | نێر |
| 32. | ڕەمەزان عەلی سلێمان | 22 | نێر |
| 33. | عوزێر | 24 | نێر |
| 34. | حەميد | | نێر |
| 35. | كەريم | | نێر |
| 36 | لوقمان عەلی | | نێر |

سەروەختی ئەنفالیش دانیشتوانەکەی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵ بوون، بەداخەوە لەپەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیاندا رۆژی ١٠ی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن سوپاو جاشەوە گوندی خدررێحانیش روخێندراو زۆرێک لەپیاوانی گوندەکە گیران و رەوانەی ئالیاوای نزیکی قادرکەرەم کران ودواتریش بەقۆناغەکانی گرتن و کۆکردنەوەدا بران بۆ تۆپزاوا، بەهەمووی ئەوانەی لەوێ نیشتەجێ بوون لەگەڵ خەڵکی گوندەکە 35 کەسیان بەرپەلاماری ئەنفالکەوتن و لە تۆپزاوا جیاکرانەوەو هەموویان بێسەروشوێنکران. جگەلە ئەنفالکراوەکانیشیان (٩)کەسی تریان شەهیدی سەنگەرن . هەریەک لە رەمەزان عەلی سەعیدو عوزیر کە پێشتر لەگوندی جافان بوون نزیکەی ساڵێک بوو لەوێ نیشتەجێ ببوون هەر لەگەڵ خەڵکەکەی گوندی خدر رێحان گیران و ئەنفالکران.

هەرچی عوزێرە لەدیدارەکانیدا باسی یەکێک لە ئەنفالکراوەکانی گوندی خدر رێحان دەکات کە لە هەمان ئەوکاروانەدا بووە کە پێکەوە بردویان بۆ بیابانەکانی پارێزگای رومادی و لەوێ گوللەبارانکراون. شایانی باسە جگەلە رەمەزان و عوزێر 12 کەسی تر هەرلەگەڵ خەڵکی خدر رێحان گیران وئەنفالکران .

شایانی باسە لەناو ئەنفالکراوەکاندا 4 کەسیان کوڕی سەعید قارەمان برای یەکترن کە تەمەنیان لەنێوان ١٨ بۆ ٣٢ساڵدایە، هەروەها سێ کەسی تریان برای یەکترن وکوڕی عەلی ساڵحن .

لەم ناوانەدا هەریەک لە ڕەمەزان عەلی سلێمان وعەزیز وەهاب ناسراو بەعوزێر لە کۆمەڵکوژییەکی بیابانی پارێزگای رومادی لەناوپاسێکدابوون لەقەراغی گۆڕێکی بەکۆمەڵ گوللەبارانکراون، بەڵام دەربازبوون وئێستا لە ولایەتی ڤێرجینیای وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەژین. جێگەی ئاماژەیە ( ئەم دوکەسەو فەرەج محمد عەزیزو تەیمورو واحید) لەلایەن یۆست هێڵتەرمان و ڕێکخراوی هیومان رایتس ۆچەوە گەیەنرانە ئەمریکاو ئێستا لەوێ دەژین .

جەمال وارانی :

**بڕوام بەلێبوردەیی هەیەو باشترین ڕێزگرتن لە دایک و باوک و خوشک و برا ئەنفالکراوەکانم ئەوەیە شۆفێنی نەبم و وەک بەعسییەکان نەبم .**



ناو : جەمال موحسن جەعفەر

ناسراو بە جەمال وارانی

لەدایکبوی : ١٩٧١

شوێنی نیشتەجێی پێش ڕوادو : گوندی وارانی –نەوجول – خورماتوو

.

شوێنی نیشتەجێی ئێستا : کەلار – گەڕەکی شارەوانی .

پیشە : ئەفسەر

کە ئەنفالی یەکەم کۆتایی هات و سەرکردایەتیەکەیان شکا، ئیدی پێشمەرگەکانی گەرمیانیش بە شپرزەیی گەرانەوە ناوچەکانیان وئەوەندەی توانیان بەرگریان کرد، بەڵام هێزوتوانای ئەوەیان نەبوو بەو چەکە سوکانەی بەدەستیانەوە بوو پێش بە ئەنفال بگرن و خەڵک و پێدەشتەکانی گەرمیان بپارێزن، لەماوەی کەمتر لەمانگێک شەر لەگەرمیانیش کۆتایی هات و پێشمەرگە پاشەکشەیان کردو خەڵکیش بەژن ومنداڵ و پیرو گەنجەوە ئەوەی بەردەستی جاش وجەیش کەوتن گیران و ئەنفالکران لە وارانی کە گوندێکی گەرمیانەو زێدی ئەم پارتیزانەیە نزیکەی ١٣٣ کەس ئەنفالکران لەناویاندا ٥٢ کەسیان خزمی نزیک و ٩ کەسیشیان دایک وباوک وخوشک وبراکانی ئەم بوون.

لەو ڕۆژگارە سەخت و دژوارەدا دەستەیەک پێشمەرگەی ئازا بریاریاندا هەرلەگەرمیاندا بمێننەوەو بەشێوەی پارتیزانی درێژە بەپێشمەرگایەتی بدەن یەکێک لەوانە جەمال موحسین بوو کە هێشتا هیچ هەواڵێکی لەبارەی ماڵی خۆیان و خزمەکانیەوە نەدەزانی دواتر لەزاری کەسانێکی ترەوە زانی کە وا خەڵکی وارانی و کەسوکارەکەی خۆشیان هەموو ئەنفالکراون.

من و جەمال وارانی بەیەکتری نامۆنین بەڵکو لەساڵی ٢٠٠٦ ەوە یەکمان ناسیوە، بۆیەکەمجار کە چاوم پێیی کەوت بۆ ماوەیەکی زۆر کورت خایەن بوو، ئەوکاتە جلوبەرگی سەربازی پۆشیبوو، ئەفسەرێکی هێزەکانی ٧٠ی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لە دەروازەی شاری خورماتوو، بەیەکتر گەیشتین و مامۆستا نەجیب گەرمیانی بەیەکتری ناساندین و دوای ئەوەی لەیەکتری جیابووینەوە پێیگوتم تۆ دەبێت ئەم پیاوە بناسیت، ئەم جەماڵە هەتابڵێ پیاوێکی مەردو قارەمانە، کەسوکاری هەموویان ئەنفالکراون، تاقە کەسێک کە لەخانەوادەکەیان ماوە هەر ئەوەو کەسی تر نا، مامۆستا نەجیب زۆری لە بارەیەوە بۆ باسکردم، باسەکەشی ئامۆژگاری بوو، بۆئەوەی بوو کە ئەم جۆرە پیاوانەی گەرمیان فەرامۆش نەکەم. (من دەمرم و ئەم پیاوانە بەکەڵکت دێن). ئەوە قسەی مامۆستا نەجیب بوو.

ئەفسوس (مامۆستانەجیب) قسەکەی هاتەدی زۆر زوو بەجێی هێشتین و لە ١٤ی ئابی ئەو ساڵەدا کۆچی دوایی کرد، بەڵام کاتێک بۆخۆم جەمال وارانیم ناسی، وتم مامۆستا نەجیب زۆر کەمی لە بارەیەوە بۆباسکردووم .

جەمال وارانی هێشتا منداڵ بووە کە بینینی ڕوداوێک شۆک بووە! لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابووردودا کەوا بەعسییەکان بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە باوکیان گرتووەو ئەزیەتیانداوەو دوای ئەوەی گوللەیەکیان ناوە بەسەرییەوە بەدوای سەیارەیەکی شۆفرلێتیشدا کەرەنگی سوربووە بە پێشچاوی خەڵکەوە رایانکێشاوە، دوایی لەگەڵ خۆیاندا بردویانەو زیندانیان کردووە، داوای بەعسییەکان ئەوەبوو کە دەبێت قادری برای واز لەپێشمەرگایەتی بهێنێ و

بێتەوە ریزی نیشتمانی و تسلیم بێتەوە، ئینجا ئێمەش موحسین جەوهەر ئازاد دەکەین. بەڵام لەوەشدا درۆیان کرد قادر لەبەر سەلامەتی براکەی هاتەوەو خۆی رادەستی حکومەت کردەوە، بەڵام ئەوان موحسینیان بەردا و قادریان گرت و زیندانیان کرد.

ئەوەی دەرهەقی موحسین وارانی کرا هەرلەبەرئەوەی برایەکی پێشمەرگە بووەو لە دیوەخانەکەی ئەواندا خەوتبوون. فیشەکێکیان نابوو بەسەریەوەو دواتریش بەناو ئاوایی وارانیدا رایانکێشابوو، ئەم دیمەنە خوێناویە هێشتا هەر لە یادەوەری جەمالی کوڕیدا زیندووەو بەئازارە.[30] لەبەرنامەیەکی تەلەفزیونیدا کە باسی ئەم بەسەرهاتەو ئەنفالکردنی خانەوادەکەی کرد کە (٩) کەسن و بەرێز ناوەکانی بۆ بینەران باسکرد دوای ئەوەی پێشکەشکارەکە لێی پرسی کامیان زۆر لەلات خۆشەویستەو بیری کامیان دەکەیت ؟ لە وەڵامدا جەمال گوتی : هەموویان، کە پێشکەشکار مایکەکەی لێوەرگرتەوە ئەو دیمەنە بۆمن زۆر بەئازار بوو[31] کە ببینم جەمال بەبێدەنگی فرمێسکەکانی چاوی سڕی و دڵی پڕبوو لە گریان، ئاخر ئەو پیاوەی نەک تەمەنی گەنجێتی بەڵکو هی منداڵیشی لەناو چەک و جەنگ و سەنگەردا بووە. لە دوای ئەنفالیش یەکێک بوو لە پارتیزانەکانی گەرمیان و ئەو چەند کەسەکەمانەی چۆکیان دانەداو هەر بەپێشمەرگە مانەوە، ئێستاش ئەفسەرێکی ئازاو جەنگاوەرێکی بەرچاوی مەیدانی جەنگە لەگەڵ داعش، ئەگەر جەمال وەک جەنگاوەرێکی هەمیشەیی ناو بەرەکانی جەنگ و خوێن ببینین ڕەنگە وابیری لێبکرێتەوە کە دەبوو کەسێکی دڵرەق و توند ڕەفتارو تۆڵە ئەستێن بێت، نەک کەسێکی هێندە عاتفی، بەڵام بەڕاستی جەمال وارانی و ئەو پارتیزانانەی دوای ئەنفال بەتایبەتیش ئەوانەی کەسوکاریان ئەنفالکراوە، کۆمەڵە کەسایەتی و کارەکتەرێکن شایانی لێوردبوونەوەن. (جەمال وارانی) هەرچەندە هەموو کەسوکارەکەی ئەنفالکراون بەڵام کەسێکی لێبوردەیە، بەدەر لەم دیمانەیە پێشتریش لەگفتوگۆیەکی نێوانماندا جەختی کردەوە کەوا بڕوای بەلێبوردن هەیەو لەجەنگیشدا پەیرەوی مافی مرۆڤ و پاراستنی سەلامەتی دیل دەکات، ئەوەی خۆی رادەست دەکات لەلای ئەم تاقانەیەی ئەنفال کە ئێستا ئەفسەرە سەلامەتی پارێزراوە، بەبڕوای جەمال دەبێت ئەم ڕەفتارە ببێتە جیاوازی نێوان کوردو عەرەبی شۆڤێنی، بەڵام لەم دیدارەی بەردەستدا جوانتریشی ووتووە : (لە جەنگدا زۆر جار ژن ومنداڵی عەرەبەکان دەکەونە دەستمان بەڵام ئەنفالکردنی دایکم وباوکم و خوشک وبراکانم وام لێناکات ئاگام لە سەلامەتیان نەبێت . سەبارەت بەجاشەکانیش لەگەڵ دادگایی کردن وسزادانی ئەوانەدایە کە دادگا سزایان دەدات و بڕوای وایە هەموو جاشەکان خراپەکار نەبوون.)[32]

ناوی ئەندامانی خێزانەکەیان کە بەرئەنفال کەوتن:

1. موحسین جەعفەر باوکی ٢ - هدیە فقی محەمەد دایکی ٣- ڕۆشن ٤- قەدریە ٥- لەمیعە ٦- کوێستان ٧- سامان ٨- گەرمیان ٩- پێشکەوت.

ئەوە ناوی خوشک وبرا ئەنفالکراوەکانی بوون، ئەگەر خوێنەر تێبینی بکات لە ناونانی منداڵەکانیانەوە ئاستی هوشیاری بەو خانەوادەیەوەدیارە.

---

30 بڕوانە بەرنامەی ژیانەوەی کوردستان – دڵشاد ئەحمەد بەسەرکردنەوەی گوندی وارانی (لەبەرنامەی ژیانەوەی کوردستاندا لەگەڵ پێشکەشکار دڵشاد ئەحمەد جەمال وارانی بەکورتی ئەم بەسەرهاتەی شەهیدکردنی باوکیانی گێرایەوە)

31 لەوبەرنامەیەدا باس لەگوندی وارانی دەکرێت، ئەم گوندە لە پەلاماری ئەنفالدا گەورەترین قوربانیداو پێنج کەسی تاقانەی ئەنفالی تێدایە، لەناویاندا هەردوو تاقانەی ئەنفال جەمال وارانی و وەهاب ئەحمەد لەم بەرنامەیەدا بەشدارن.. فرمێسکەکانیان بۆمن زۆر بەئازار بوون .. بەڵام قسەکانیان زۆر دلخۆشکەر بوون کە سەرباری ئەوەی هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان ئەنفالکراون بەڵام هێشتا نەبەزیوون و لەبەرەکانی جەنگدان چەندە جوان بوو کاتێک جەماڵ وارانی گوتی : ئەگەر دیلی داعشیش بکەویتە دەستمان نایانکوژین.

32 دیمانە یەکی سەرپێی لەگەڵ وارانی – سلێمانی ٢٠١٤

جەمال ساڵی ١٩٩٢ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو ( بەفراو شوکر ئەمین) کردووەو ماڵیان پێکەوە ناوەو بەرهەمی هاوسەرگیریشیان ٧ منداڵە بەناوەکانی :

(١-رنجدەر ٢- دارناس٣-ڕێباز٤ -سەرکۆ ٥ -ئاڤان٦ -کوێستان ٧ -لەنیا)

دەقی دیدارەکە

**کاک جەمال ئەم کاتەت باش، من هیچ پێشەکیەک بە لەقسەکانی تۆ بەگرنگتر نازانم، تەنها ئەوەندە دەڵێم کە خۆت ئامادە بکە بۆ دیدارێکی دوورو درێژ، من بەکاتژمێرێک و دوان دەستبەردارت نابم، ڕەنگە بەدرێژایی ئەمڕۆ گفتوگۆبکەین و هەمووشی تۆماردەکەین بۆیە من لێرەوە دەیڵێمەوەو بەرێزت قسەم بۆ بکە.**

تۆپرسیارم لێدەکەیت و من وەڵامت بدەمەوە ؟

**بەڵێ وادەکەین لە کوێ پێویست بوو من پرسیار دەکەم، بەڵام باشترە خۆت چیرۆکی ژیانی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە هی گوندەکەتان منداڵیت، گەنجێتیت، هیواکانت و ژیان وگوەرانتان پێشمەرگایەتی و ئەنفالکردن و تەنیا بوون و ڕاپەڕین و هەتا دەگەینە ئێستا دەمەوێ هەمووی بزانم .**

بەڵێ باشە .

**کەواتە خۆت بناسێنە و با لەناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین ؟**

باشە من ناوم جەمال موحسین جەعفەرە، ئەمە بەتەسکەرە وایە، بەڵام لەبەرئەوەی کاتی خۆی کاتب نفوس عەرەب بووە، ناوی جەوهەری بە جەعفەر نوسیوە. ناوی ڕاستەقینەی باپام جەوهەر قادرکەریم بووە، کەواتە ناوی من جەمال موحسین جەوهەر قادر کەریمە، لەگوندی وارانی سەربەناوچەی داودە لەگوێی چەمی ئاوەسپی لەدایک بووم.

**گوندەکەی ئێوە وارانی ژوورو پێش ئەنفال چەند ماڵ دەبوون ؟**

٣١ ماڵ بوون، ئەوەندەی من لەفکرم مابێ ٣١ ماڵ بووین و هەمووشمان خزمی یەکتری بووین، خۆی وارانی هی چوار بەرەباب بوون و هەمووشمان خزم بووین. چەند ماڵێک نەبێ هاتبوون لەوێ نیشتەجێ ببوون وەک ماڵی حاجی سمایل سەید سمایل ناسراوە، ماڵی کەریم باباو ماڵ مەلا ئەحمەد ئەوانەش ژن وژنخوازیمان لەگەڵدا کردبوون و ئەوانیش هەربیوونە خزم .

**تەمەنت چەندە ؟**

لە دایکبووی ساڵی ١٩٧١ی گوندی وارانی. هەربۆیەش بە جەمال وارانی ناسراوم، وارانیێ ناوی گوندەکەمانە.

**دوو گوند هەن بەناوی وارانی وهەردوکیشیان لەناوچەی دوانن تۆ لەکام گوندەیانیت ؟**

ڕاستە هەردوو گوندەکە هەن، من لە گوندی وارانی خوارو لەدایک بووم. من لە عەشیرەتی وارانێکانم لە خێڵی باواوم.

**بۆچی وارانی ناوی گوندەکەتانە یان هی عەشیرەت ؟**

وارانی ناوی باپیرمانە، گوندەکە بەناوی ئەوەوە ناونراوە، وارانی کوری ئەحمەد دوتویێ بووە، واتا واران کوری ئەحمە دووتویێ بووە. وارانیەکان لەبنەرەتەوە جافی جوانرۆین و لە ڕۆژهەڵاتەوە پەڕیونەتەوە بۆ باشورو لەم ناوچەیە جێگیربوون.

**ئەحمەد دوتویی چەند کوڕی هەبووە ؟**

ئەحمە وەک باس دەکەن ١٧ کوڕی هەبووە بەڵام دوو کوڕی هاتوونەتە گەرمیان و گوندی (وارانی)یان ئاوەدان کردووە، یەکێکیان ناوی واران بووەو ئەوی تریشیان ناوی ئیبراهیم بووە، کە هاتوون ئێرەیان ئاوەدان کردووەتەوە ئەم دوو کوڕەی بووە، جانازانم ئەحمەد هەرخۆی بووەیان برایەکی تریشی لەگەڵدابووە. هێشتا ئەوەم بۆساغ نەبووەتەوە. وارانیەکان لە زۆر شوێنی تر هەن، وەک عازەبان لای هەڵەبجەو لەسێسەری لای پشتەو بروێن و کانی بلکێ وبلۆسە ئەو ناوچانە بڵاوبوونەتەوە، بەڵام هەموویان دەچنەوە سەر خێڵی باوا. باوا ئەحمەد وای بۆ دەچم کاکەیی بوووبێت باوا لە باوکەوە هاتووە. ئەو دوو کورەی کەهاتوونەتە وارانی و گوندەکەیان دروست کردووە، ئەمەی بۆت باس دەکەم نزیکەی ٤٧٠ ساڵ

بەرلە ئێستا، ٩ پشت بۆ سەرەوە ئینجا دەگەین بەبرایم، ئەوسا برایم ئاغای تێدا بووە، هەرچەندە ئەوان ئاغا نەبوون بەڵام ئازابوون و شەرکەر بوون و دەسەڵاتیان پەیداکردووەو سنورێکی بەرفراوانیان لە ئەرزوئاویان بۆخۆیان دابڕییوە بۆ مەڕ لەوەڕاندن وکشتوکاڵ. ئاغاکان زۆر هەوڵیداوە خەڵکی خۆی بێنێتە وارانی سەرکەوتوو نەبوون دوبەرەکێیان دروستکردووەو بەڵام نەیانتوانیوە بەسەر برایمدا زاڵ بن. تەنانەت سمایل باوکی حاجی محەمەد (حەمەی سمایل عەباس) باوکی بەدەستی ئامۆزاکانی خۆمان کوژراوە، ئەم تاوانە وادەکات بەشێک لەخزمەکانی خۆمان باریانکردووەو ڕۆیشتوون بۆ بناری گڵ، ئاغاکانی لفتی ئاغا دەرفەتەکەیان قۆستووەتەوەو هاتوون بۆ وارانی ئاغایان بۆ داناوە، باوای ئێمەش بڵێن برایم کەوتووەتە خۆی وچووە هەموو خزمەکانی لەبناری گڵەوە هێناوەتەوەو وتوویەتی ئێمە بەتەنیاو بەم پەرش وبڵاوی ناتوانین دەرەقەتی ئاغاکان بێین، ئێوە ئامۆزای خۆتانتان کوشتووە بێن پێکبێنەوە، هەموویان دێنەوەو ئاغاش بانگ دەکەن کە لفتی ئاغا دایناوە، پێی دەڵێن ئێمە ڕێککەوتووینەتەوەو تۆش هەردەبێت ئەمڕۆ ئێرە چۆڵ بکەیت، وەک دەماودەم بیستوومانە دەگێڕنەوە ئەوڕۆژە ئاوەسپی لافاوێکی زۆر بووە، وتوویانە دەبێت هەر ئێستا بڕۆی باربکەیت، هەرچەندە ئاغا دەڵێت ئەمڕۆ بارانەو ئاوەسپی هاتووەو هەرهیچ نەبێ باباران ولافاوەکە بوەستێ خەڵکی وارانی وتوویانە نابێت ماڵەکەیان بۆنەوەتە بان کەرو کردوویانەتە ئەو بەرئاوەکەو وتوویانە ئەوە ماڵی خۆت وئەوەش لفتی ئاغات و خوات لەگەڵ لەو ڕۆژەدا ئاغایان دەرکردووە. وارانی ژوروویان بۆئەوە دروستکردووە، چونکە وارانی خواروو ئاغایان قبوڵ نەکردووە، هەموو گوندەکانی زیانەو لفتی ئاغاوا وارانی ژورو هەموویان ئاغایان بووە بەڵام وارانی خواروو ئاغای نەبووە.

**کەواتە تۆ لە گوندێک لە دایک بوویت کە ئاغایەتی قبوڵ نەکردووە ؟**

بەڵێ ڕێک ئاوایە. تەنانەت سنوری جوگرافی وارانی لە ڕوی کارگێڕییەوە سێگۆشەییە.

**تەمەنی منداڵیشت هەر لەوارانی خواروو بووە؟**

بەڵێ من منداڵیم لەوارانی خواروو بەسەر بردووە .

**بەرلەوەی ڕۆبچینە ناو ژیانی رابوردووتەوە پیشەی ئێستات چیە ؟**

ئێستا ئەفسەرم بەپلەی عەقید لەهێزەکانی ٧٠ و فەرماندەی فەوجی یەک لە لیوای ١٣٤ پێشتر لە ناوسوپای عێراقدا بووم و دوایی هاتمەوە ناو هێزەکانی ٧٠ خۆت دەزانی ئەو هێزە هی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە .

**گوندەکەتان بەچییەوە سەرقاڵ بوون مەبەستم ئەوەیە خەڵکی وارانی بەچی ژیانی خۆیان دابین دەکرد؟**

بەکشتوکاڵ وئاژەڵداری ژیانی خەڵک لێرە لەسەر ئەو کەرتە بوو کشتوکاڵ .

**کشتوکاڵ وەکو چی بەزۆری چیتان دەچاند ؟**

ئێمە مەڕوماڵاتمان هەبوو، بۆیستانی چەمیشمان بوو، ئێمە بۆیستانی پیدەڵێین و ئێوە پێی دەڵێن بێستان، وەک و لوبیاو فاسۆلیاو بامێ ئەوەمان لەهاوینیدا دەچاند هەروەها کاڵەک و شوتیمان دەکرد، زستانیش گەنم وجۆو نیسک ونۆک و لەهاویندا دروێنە دەکرا، ژیانمان لەسەر ئەوە بوو، بیرمە من منداڵ بووم، هەروا تەمەنم گەیشتبووە دەساڵان، باوکم چوار مەڕی کڕی بوو، وتم باوە مەڕەکان جیاکەرەوە من دەبم بەشوان، ئەوکاتە مەڕەکانمان لەناو ڕانەکانی ماڵی قارەمانی حاجی عومەردا بوو، باوکم وتی : جارێ تۆمنداڵی و بڕۆ بخوێنە باشترە، منیش وتم نا هەردەبم بەشوانی مەڕەکان، ئیتر چوارمەڕەکانی لەرانەکەی ماڵی قارەمان جیاکردەوەو دوسێ بزنیشی بۆکڕیم و بوومە شوان .

**وارانی قوتابخانەی تێدا بوو، وا باوکت وتی : تۆ خەریکی خوێندنبە ؟**

بەڵێ بەبیری من، لە نێوان هەردوو گوندەکەی وارانی سەروخواروو، خەڵک بەهەرەوەزی قوتابخانەیەکیان بەشان وقۆڵی خۆیان وبە پارەی خۆیان دروستکرد، دیوارەکەی قورو سەربانەکەی گڵ بوو، ئەوە ساڵی ١٩٧٨ ئەوسا تەمەنم حەوت ساڵان بوو، بەڵام

پێشمەرگە هاتن قوتابخانەکەیان سوتاند. ئەوسا خالید گەرمیانی لێرە ناوبانگی بوو، پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان بوون.

**جا پێشمەرگە چۆن قوتابخانەی سوتاند ؟**

ئەوان نەیانویست قوتابخانەکە بسوتێنن، هاتن کتێبەکانیان سوتاند ئەوسا حکومەت زمانی عەرەبی بەسەر قوتابیاندا سەپاندبوو، ئەوان دەیانویست بەرپەرچی ئەو سیاسەتەی بەعس بدەنەوە، کەکتێبەکانیان سوتاند قوتابخانەکەش لەبەرئەوەی بانەکەی داربوو، وەک ئێستا کۆنکرێت نەبوو، ئەویش گڕی گرت وقوتابخانەکەش سووتا.

**وارانی سەرو چەندە لێتانەوە دورە ؟**

زۆر دورنیە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی وارانی خوارو بەلای گەرمکەوەیە.

**تۆ فریای ئەوە کەوتی بچیتە ئەو قوتابخانەیە ؟**

بەڵێ هەر ئەوساڵە کە قوتابخانەکە کرایەوە من چوومە مەکتەب، بەلام ئەوە بوو کەشەهید خالید گەرمیانی مەکتەبەکەمانی سوتاند منیش ئیتر لەخوێندن بێ بەش بووم وئیتر نەچوومە بەرخوێندن .

**هەرتۆ بێبەش بووی یان هەموو مندالانی گوندەکەتان ؟**

هەبوو چوونە دوزو نەوجول و شار بۆخوێندن، بەلام من نەچووم، هەرچەندە باوکم زۆر هەولی لەگەلمدا من بۆ مێژوو دەیلێم باوکم وتی : من نەخوێندەوارم با تۆ وەک من نەخوێندەوار نەبیت بۆکوێت دەوێت بۆ دووز بۆ نەوجول دەتنێرم بچۆ بخوێنە، بەهەر حاڵ زۆر هەولی لەگەلمدا بچم لە دوز و نەوجول بخوێنم بەلام من نەچووم و نەمتوانی بخوێنم. بەلام دوایی هەستم کرد، کارێکی زۆرخراپم کردووە کەبەقسەی باوکمم نەکردوە، هەستم کرد ئینسانی نەخوێندەوار وەک کورد دەڵێت: وەک کوێر وایە، ئیتر وردە وردە هەولمداوخۆمم فێری خوێندەواری کرد.

**بەلام تۆ لە پیاوێکی نەخوێندەوار ناچیت ؟**

ئاخر وەک باسم کرد خۆم هەولمدا کاک وەهاب دەناسی ئەویش تاقانەی ئەنفالە وەک ئەویش بەتەنها دەربازبووە،ئەو چەند کەسێکی ترچوون لە نەوجول ودوز دەیانخوێند من دەچوومە لای ئەوان کە سەعیان دەکردو لەگەڵ وردە وردە خۆمم فێری خوێندەواری کرد، خۆشم لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی حەرفەکان فێربیووم ودەمناسینەوە، ئیتر حەرفەکانم لەیەک دەدا، بەوشێوەیە خۆمم فێری خوێندەواری کرد، ساڵی ٢٠١٠ چووم بخوێنم کە ئیمتیحانیان کردم وتیان تۆ ئاستت باشە لە پێنجی سەرەتایی دایاننام و شەشم تەواوکردو دواترسێی ناوەندیشم بە تاقیکردنەوەی دەرەکی بڕی و وا ئەمساڵیش بەنیازم شەشەمی وێژەیی تەواو بکەم .

زۆر دەستخۆشیت لێدەکەم بەڕاستی ئەمە بۆمن زۆر مژدە بەخش بوو، بەردەوامبە کارێکی باش دەکەیت، بەلام تۆ کەسێکی سەربازیت چۆن بوو بەشی وێژەیت هەڵبژارد.

وەک باسم کرد من کەزانیم نەخوێندەواری بۆمن زۆر خراپەو هەوڵمدا خۆم فێری خوێندەواری بکەم، کەمێک فێربیوم، کە بووم بەپێشمەرگە، ساڵی ١٩٨٦ بووم بەپێشمەرگە، ئەوسا پەیەروی ناوخۆی کۆمەڵە هەبوو، ئەوەم دەخوێندەوەو هەوڵمدەدا باش لێی تێبگەم بەهۆی ئەوەوە هەولی زیاتریشم دەدا خوێندەوارییەکەم باشتر بکەم، باباسی ئەوەش بکەم دوای ئەنفال کەبووینە پارتیزان، ساڵی ١٩٨٩ جارێکیان کەمەفرەزەکانیان دەگۆڕی جارجار مەفرەزەکانیان دەگۆڕی ئێمە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ بوو کە مەفرەزەیەک هاتە شوێنەکەمان وئێمەیان گۆڕی و چووین بۆئێران لەوێ چوومە دەورەیەکەوە ناردیانین بۆ گەیلان غەرب دەورەیەکی فێربوونی چەک وبەکارهێنانی وناسینی دەورەکە ئامۆزشیان پێدەگووت من دوو دەورەم بینی هەریەکەیان مانگ ونیوێکی خایاند من سێ مانگ لەو دەورانەدا مامەوە، لەو خولانەدا زۆر ئارەزووی کاری سەربازیم کردو هەوڵمدا جەنگاوەرێکی باش و زانستی بم، هاوکات هەوڵمدا خۆم فێری زمانی فارسی بکەم، لەمانگی یەکەمدا پێویستم بە وەرگێڕ بوو لەمانگی دووەمدا برادەرەکانم شایەتیم بۆ دەدەن،من فێری فارسی ببووم و دەمکرد بەکوردی ودەشم نوسیەوە،من لەو دوو خولە

زۆر سودم بینی هەم خوێندەواریەکەم بەهێزکرد، هەم زمانی فارسی فێربووم و هەم لەبواری چەک وسەربازیش سودێکی باشم بینی، ساڵی ١٩٩١یش کە هاتینەوە ڕاپەڕین بوو، ئیتر هێزەکان تشکیلکرانەوەو ساڵی ١٩٩٢ کۆلیژی سەربازی کرایەوە مـن هەوڵمدا بچمە کـۆلیژی سـەربازی، بەڵام ئەوە بـۆ ئـێمە زۆر نـاخۆش بـوو چـونکە وتیـان ئەم کـۆلێژە تەنها بـۆ دەرچـــوی ئامـــادەیی وپەیمانگاکـــانە، ئــێمەش خوێندەواریمان نەبوو، بابڵێین بڕوانامەی خوێندنمان نەبوو، لەبەرئەوە نائومێـد بـووین وەرنەگیـراین، بەڵام لەدواییدا خولی خێراکرایەوە (دورة السريعة) چـوومە دەورە، کەچـــووینە خـــولەکە بیـــرمە یەکەمجـــار تاقیکردنەوەمـــان بـــوو، نەمـــدەزانی چـــۆن وەڵامـــی پرسیارەکان بدەمەوە، وردە وردە باش بـووم وئینجـا ئاستی دەرچوونم (نسبەی نجاح)م باش بـوو، ئـاوا هێنـام هەتـا لەسـاڵی ٢٠١٠ دەرفەتـم بـۆ هەڵـکەوت هەوڵمـدا بخـوێنم، بڕیارمـدا خوێنـدم و وا ئێسـتاش گەیشـتوومەتە قۆنـاغی شەشـەمی وێژەیـی . ئـێ مـن ئەفســەریش بــووم زۆر پێویسـتم بە خوێنـدن بـوو، بەتایبەتی کاتێک لە سـوپای عێـراق بـووم، هەرچەنـدە لەوێـش هەر سـەرکەوتووبووم و هەتـا پـلەی ئـامر فوجیش ڕۆیشتم بەڵام خۆم وازم هێنـاو هـاتمەوە نـاو سوپای کوردسـتان. لەوێ ئەمـری کارگێریمـان هەبـوو داوای ئەمـری وەزارییـان دەکـرد، ئەمـری وەزاریـش پێویسـتی بە بڕوانـامەبوو هەمیشـە داوای بڕوانـامەو فەرمـــانی وزاریـــان دەکـــرد، ئــێمەش لەبەرئەوەی نەمانخوێنـد بـوو، هێچیانمـان نەبـوو. هەر بۆخۆشـی بائەوەش بڵێم هەموو دوو سێ جارێک لەنـاو سـوپای عێراق نوسـراوێک دەهـات داوای تحصیل دراسـییان دەکـرد، ئەوان مەبەسـتیان بڕوانـامەی خوێنـدن بـوو، ئــێمەش هەموومـــان پێشـــمەرگەی کـــۆن بـــووین و شـــهادەمان نەبـــوو، بـــۆیە ئــێمەش هەمووجارێــک لەبەرانـــبەر تحصـــیل دراســـییەکەدا دەمانوســـی : بکالوریوس علوم عسكری فقط. دەیـانگوت بـابە ئەمە نابێـت.. ئینجـا وتیـان بڕوانـامەی سـاختە (شـهادة التزوير)بهێنن وتم من ئامادەنیم وشهادەی تزویر ناکەم . وتـــم ئەمە بـــۆ ئەفســـەر زۆر ناشـــرینەو لەڕوی یاساییشـەوە سـزای لەسـەرە بـۆیە هەرگیـز ئامـادەی بڕوانـامەی سـاختە نەبـووم. حەوت سـاڵ مـن پـلەم بەرزنەکرایەوە، لە رائیدەوە نەبوومە مقدم . بـۆیە مـن وازم لە سوپای عێراق هێنا. ماوەی دووسـاڵ لەماڵەوە بـووم و دەوامـم نەکـرد، بەڵام لەو ماوەیـدا خوێنـدم لەسەرەتاییەوە دەستم پێکردو ئەگەر ئەمسال خوێنـدن پەکی نەکەوێت ئەویش تەواو دەکەم.

دوبارە دەستخۆشیت لێدەکەم.

**سوپاست دەکەم . باشە بابگەڕێینەوە بۆ وارانـی ئەو قوتابخانەیەی واخەڵکـی وارانیەکـانی سـەروخواروو دروستیان کرد، تەنها بۆ خوێندکارانی ئەو دوو گوندە بوو ؟ یان هی دەوروبەریش دەهاتن لەو قوتابخـانەیە بخوێنن ؟**

هەرهـی وارانیەکـان بـوو، گونـدی ترلێمـانەوە نزیـک نەبـــوو، بەڵام بەیانیـــان ئـــێمە دەمانخوێنـــدو دوای نیـوەڕوانیش گەورەکـان دەچـوون دەیـانخوێن ئەوانە پێیـان دەوتـرا ئـومی بەگەورەیـی دەچـوون فێـری خوێندەواری دەبوو.

**بەڵێ هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەنگـاوێکی زۆرگرنگ وباش بـوو. ئەوە لەسەرانسـەری عێـراق هەبوو.**

بەڵێ وابوو لای ئێمەش هەروابوو .

**چی یادەوەرییەکت لەو قوتابخانەیەو چونە مەکتەبـت لایە ؟**

ڕاستیەکەی ئێمە زۆر نەماینەوە هەر ئەو چەنـد مـانگە بـوو، بەڵام لەبیـرمە مامۆسـتایەکمان هەبـوو، خەڵکـی دوزبـوو بەعسـی بـوو، نـاوی مـحەمەد بـوو، وابـزانم تورکمان بوو، هەموو بەیانیان سرودی نیشتمانی بەڵام هی بەعسی وئومەی عەرەبی وئەوشـتانەی پێـدەگوتین، دیـاربوو زانیارییـان دابـووە کـاک خالیـد گەرمیـانی، پێیانوتبوو کەوا ئەو مامۆستایە بەعسیە، شەهید خالیـد بـۆی هـات بیکوژێـت بەڵام خەڵکـی وارانـی تکـاو ڕجایەکی زۆریان بۆکردو ڕزگاریان کـرد، نەیانهێشـت بیکوژێت.

**ئەی یادەوەرییەکی خۆشی ئەو قوتابخانەیە ؟**

ڕاستیەکەی شتیکی ئەوتۆم نیە، بەڵام چونکە ئێمە قوتابی دوو دێی جیاواز بووین، هەموومان خەڵکی دێیەک نەبووین،بەتایبەتیش وارانی سەرو هەندێکیان ئاغابوون، هەتا مامۆستاکان دەگەیشتنە مەکتەبەکە ئێمە شەڕەبەردمان دەکرد، بەتایبەتی بەیانیان پێش دەرس خوێندنەکە.

**ئەی یادەوەری منداڵیت لەگوندی وارانی چیە ؟ چی ڕوداوێکی خۆش یان ناخۆشی وارانیت لەبیرە ؟**

ڕاستیەکەی من زۆر دەمێکە لەوارانی دابراوم، هەر زۆر منداڵ بووم کە بووم بەپێشمەرگەو ئەوکاتەش پێشمەرگە زیاتر خەریکی جەولە کردن بووین، هەر ڕۆژەی لە شوێنێک بووین، بۆیە کەم شتی وارانیم لەبیرماوە.

**من باسی بیرەوەری منداڵیت لێ دەپرسم ؟**

ئەوکاتەی بوومە شوانی چوارمەرو بزنەکان، تەمەنم ١٠ ساڵان بوو،مامەم قادر ساڵی ١٠٩٧٩ ڕۆیشتبوو ببووە پێشمەرگە، من هێشتا پێشمەرگەم نەبینیبوو، چونکە زۆر بەکەمی دەردەکەوتن مەگەر بەشەو بچوونایەتە ناوگوندەکان، ئەوکاتە حەمە گەرمیانی و حاجی عومەر کە ئێستاش لە وارانیە،نازم و مامەم قادر ڕۆیشتبوون چووبوون لەگەڵ شەهید خالید گەرمیانی ببوونە پێشمەرگە،بەڵام ئەوکاتە چەکیان زۆر کەم بوو،شەوێکیان پێشمەرگەکان نزیکە ١٢ بۆ ١٣ کەس دەبوون بەچەکدارو بێ چەکیانەوە، هاتبوون لەدیوەخانەکەی ماڵی ئێمە دیوەخانەکەی باوکم و لەدیوەخانەکەی ماڵی میمزایەکی باوکم ناوی حاجی محەمەدە خەوتبوون، لەبیرمە شەهید فەرهادی برای سەمەد ئۆمەربلی و کاک عادلی حاجی محەمەدی ئۆمەربل (عادلی پەرلەمان)وشەهید سەیدبرایم ئەوەی لەشەڕەکەی ئاوباریکدا گیراو لە موسڵ لەسێدارەیاندنا ئویش هەر خزمی خۆمان بوو خەکی گەرمکە هەڵکەوت دوایی تسلیم بووەو بووە مەفرەزەخاسەو کوشتیان ئەویشیان لەگەڵدا بوو، ئەوانە لەو دوو دیوەخانەدا خەوتبوون. ئیخباریان کردبوون،بەیانیەکی زوو سوپا هەتا سەرگوندەکەمان، من بەیانی زوو ئەو چەند ئاژەڵەم دەرکردە دەرەوەی گوندەکەمان بینیم وا سوپا هات، ئەمنەکانی ناحێی نەوجول شۆفرلێتیکی سوریان هەبوو، لەوێ مفەوزێکی ئەمن هابوو ناوی شەهاب بوو، جارجار بەو شۆفرلێتە دەهاتە گوندەکان بۆیە ناسرابوو، ئەویشیان لەگەڵدابوو. هات لەوناوە کەمێک سوری خواردو لەبان ئاوەسپی ڕاوەستا، ئینجا چەند سەیارەیەکی سەربازی بەدوایدا هاتن، وتم وەلاهی ئەوە ئیخباری کراون، هەتا پێشمەرگەکان هەستابوون و خۆیان کۆکردبووەوە بوو بەتەقە، بەڵام تەقەیەکی کەم بوو، ئێمە تراکتۆرێکمان هەبوو، مامەم قادر بەو مەکینەیە کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی دەرکردە دەرەوەی گوندەکە، باوکیشم هەم لەبەرئەوەی برایەکی پێشمەرگەبوو، هەم لەبەرئەوەی پێشمەرگەکان لەدیوەخانەکەیدا خەوتبوون، ئەویش لەگەڵ پێشمەرگەکاندا دەرچوو بوو. بەڵام لەجەوەڵەکەدا لەپەنایەکدا خۆی دابووە زەویداو خۆی شاردبووەوە، بەڵام کە نزیکی بونەوە ئەویش خۆی ئاشکرا کردبوو،وتبووی من شوانم، سەربازەکان وتبوویان نا تۆ پێشمەرگەیت و ئەویش وتبووی من پێشمەرگە نیم، ڕانێک لەو پەریەوە بوو شوانەکەی ڕای کردبوو، باوکم هەر وتبووی من شوانی ئەو ڕانە مەڕم خۆی کردبووە خاوەنی ئەو ڕانە، وتبویان ناوت چیە ؟ ناوم موحسنە ، موحسن کێ ؟ موحسن جەعفەر قادرکە پێناسەکەیان لێوەرگرتبوو وتبویان تۆ برای قادر جەعفەری، وتبوی بەڵێ وتبویان کەواتە تۆش پێشمەرگەی. باوکم عەرەبیەکی زۆر باشی دەزانی هەرچەند قسەی لەگەڵدا دەکات بێسود بوو، ئەوان داوای چەکیان لێکردوو، وتبویان چەکەکەت لەکوێ شاردووەتەوە، وتبووی من شوانم و برۆن لەو خەڵکەی ئاوایی پرسیار بکەن من خەڵکی ئەو دێیەم بەڵام ئەفسەرەکە بڕوای نەکردبوو، دەمانچەی هەڵکیشابوو هەر بۆ ترساندنی و ئیعتراف پێکردنی فیشەکێکی نابوو بەلای سەریەوە، کەچی بەرلای چاوێکی باوکم کەوتبوو بریندارى کردبوو، کەچی بەوەش وازیان لێنەهێنابوو، بەدوای شۆفرلێتەکەدا ڕایانکێشا بۆ ناو ئاوایی و دوایش بردیان. هەموو خەڵکی وارانیان لە ناو حەوشەیەکدا کۆکردبووەوە وتبویان یەک سەربازمان بکوژرێت

هەمووتان دەكوژین، با بیرم نەچێت حاجی عومەریشیان لە قۆڵێكی ترەوە گرتبوو، ئەو پێشمەرگە بوو، ئەوسا هێشتا منداڵ بوو هەژدە ساڵی تەواو نەكردبوو، هەردوكیانیان برد بۆ نەوجول لەوێشەوە بەرەو خوار بردبوویانن، ئیتر نەمانزانی بۆكوێیان بردبوون، دوایی كە بەربوو زانیمان كە بردویانن بۆ هەیئەی خاسەی كەركوك[33]، حاجی عومەر ئیعترافی كرد بوو،چونكە دەیانزانی كە پێشمەرگەیە ئینكاری كردن بێ سود بوو، هەر بیست (ناخن) نینۆكەكەی حاجی عومەریان دەركردبوو، دوای هەشت مانگ لە ئازاردان و ئەشكەنجە حاجی عومەریان بە ٢٠ ساڵ زیندانی هەتاهەتایی حكومداو ناردیان بۆ زیندانی ئەبوغریب . ئەوە حەوت مانگ ونیو تێپەریوەو هێشتا نازانین باوكمان لە كوێیە ئێمەش كۆمەڵێك منداڵی چاوەروان و سەرلێشیواو مامەم پێشمەرگە بوو یەک مامەی ترمان هەبوو (مامەم تاهیر) ئەویش لەترسا خۆی دەشاردەوەو نەیدەزانی چی بكات، دوای ئەو حەوت مانگ ونیوە ئینجا بەهەوڵێكی زۆری خزمەكانمان جەلالی حەمەی فلامەرز ئامۆزای باوكم پارەیەكی زۆریان خەرج كرد، دایانە بەرتیل بە مدیری ئەمن و ئیستخبارات و ئەوەی لەناو حكومەت دەستی دەرۆی بەرتیلیان پێدان حەیوانیان بۆ دەبردن و هەنگوینیان بۆ دەبردن هەتا گەیشتینە رێككەوتنێك ئەمنەكان وتیان با قادر برا پێشمەرگەكەی بێتەوە تسلیم بێت، ئێمە موحسین بەرەڵا دەكەین. پێشمەرگەكان وتیان با تەسلیم بێتەوە، مامەم قادرو نازمیش هاتن تەسلیم بوونەوە و وتیان فەرموون برۆنەوە ماڵی خۆتان موحسینیش بەردەدەین، دوای سێ رۆژ هاتن نازم و مامەمیان گرتەوە.

**بیورە نازام چی باوكت بوو واهاتەوە تسلیم بوو خۆ داوای ئەویان نەكردبوو ؟**

نازم برازای حاجی عومەر بوو ئەوان هەردوكیان هاتن تەسلیم بوونەوەو هەردوكیانیان گرتەوە بەلام دوای پێنج رۆژ باوكم بەربوو،ئیتر بۆی باسكردین لە كوێ زیندان بووەو چییان لێكردووەو چۆن ئازاریان داوەو لە ژوری تاكەكەسیدا رایان گرتووەو ئەشكەنجەی جەستەیی و دەروونیانداوە،باوكم كە هاتەوە حساب بكە بەشەرنەمابوو، رەنگ وروخساری بەتەواوی تێكچوو بوو، كەبردیان برینداریان كردبوو لایەكی ناوچەوانیان بەو فیشەكە تەقاندبوو نەیانهێشتبوو دەرمان بكرێت و تەداوی بكرێت، هەربەو برینەوە لە زیندان بووەو ئەشكەنجە دراوەو برینەكەی لێی پیس كردبوو. بەهەرحاڵ باوكم بەربوو بەلام مامەمیان گرت دەمانگ ونیوهەركەس نەیزانی لە كوێیە،ئەویشیان زۆر ئازاردابوو، بەهەردوكیان زیاتر لە ١٠٠٠٠ دەهەزار دیناری سویسریمان خەرج كرد بەهەردوكیان. دوای ئەوە ئیتر ئێمە بەتەواوی لەگەڵ شار دابراین (پەیوەندی ئێمەو شار قطع) بوو، لەوە بەدوا ئیتر هیچ كەسمان نەماندەتوانی هاتووچۆی شار بكەین لەترسی حكومەت، تەنها دادام عیسمەت دایكی باوكم بوو،تەنها ئەو دەیتوانی بچێت بۆشار ئەویش هەر مەترسی لەسەر بوو، دەترساین لەوەی رۆژێك بیگرن بەلام لەبەرئەوەی پیر بوو، ناچاربووین، هەرئەو دەچوو ئیشی شاری بۆ دەكردین و شتی بۆمان دەهاورد، سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ دایكم كەمێك نەخۆش بوو، هەردەبوو ببرێت بۆخەستەخانە، لەگەڵ دادام شەوێك ناردمان بۆ دوز دەبوو بەشەو برۆیشتنایە بەسواری كەر، شەو لەرێگە ترسابوو (خۆفی كردبوو) دایكم تێكچوو، عەقڵی لەدەستدائیتر ئەوە بۆ ئێمە زۆر زەحمەت بوو، یەک ساڵ زیاتر دایكم بە رێگەی سەیدو دكتۆرو ئەمانەوە بوو، هەتا هاتەوە تایمی خۆی زۆر ئەزیەتمان خوارد.

**كەواتە دایكت، كەتەنها كابانی ماڵی خۆتان بوو، ئەویش بووە قوربانی نەبوونی رێگاوبانی سەلامەت و سەركیشی پیاوەكان و دڵرەقی بەعس وتوندوتیژی ؟**

---

33 هەیئەی خاسەی كەركوك: لە رۆژی ١٩٧٧/١٢/٢٧، بەپێی بریاری ١٤٢٦ی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش دامەزرا. ئەم دەزگایە، شوێنی، لێكۆڵینەوەو ئەشكەنجەدانو بریاردان بوو، لە سەر چارەنووسی پێشمەرگەی گیراو و رێكخستنەكانی ناوشارو هەموو ئەوانەی گومانی هاوكاری بزوتنەوەی كوردیان لێدەكرا. سەرچاوە شۆرش حاجی

بەڵێ بێگومان، ئیتر ئەو هەتا کاتی ئەنفالیش هەر تەواو نەبوو، باش دەبوو، تێک دەچوو، باش دەبوو تێک دەچووەوە، منیش کەساڵی ١٩٨٦ بوومە پێشمەرگە ئەوەندەی ترتێکچوو.

**کاک جەمال تۆ هێشتا بیرەوەرییەکی خۆشی منداڵی خۆتت بۆ نەگێراوەتەوە! ئایا هیچ بیرەوەرییەکی خۆشت نیە لەو گوندەدا ؟**

ئەگەر بڵێم نیمە راستیم وتووە. من کاتێک بوومە پێشمەرگە منداڵ بووم، تەمەنی منداڵیشم هەرئەوەبوو کەبۆم باس کردیت، شوانی وگیرانی باوکم و دابران لەشار، بەڵام بائەوەت بۆ بگێرمەوە رەنگە خۆشترین یاری وبیرەوەری منداڵیم هەر ئەمە بێت، لەوارانی شوێنێکی بەرز هەیە پێی دەڵێن تەپە گاور، بە جولەکەکانیان وتووە گاور، لەوێ تەپێک هەیە ئێستاش هەندێک ئاساری کۆنی تێدایە[34]، گوایە لەوێ کاتی سەردەمانێکی زۆر زوو جولەکەی لێ ژیاوە، بەو شوێنەیان دەگووت تەپە گاور (گردی جولەکە) منداڵ بووین بەهەزار یاڵڵەو یامحمد تایەمان دەبردە سەر تەپەکە، لەوێ دەچووینە ناو تایەکەوەو تایەکەشیان پاڵپێوە دەنا بۆخوارەوە، هەتا دەگەیشتینە خوارەوە زۆر ترسناک بوو، بەڵام کەبەسەلامەتی دەگەیشتینە خوارەوە، جارێکی تر دەچووین دوبارەمان دەکردەوە

هەم ترس بوو هەم خۆش بوو. یان بنجکێک بوو ئێمە خوشیلکی پێدەڵێن دەمانبەست بەیەکەوەو دەمانکرد بەتایەو پاڵمان دەناو دەمانگوت بزانین کێ تۆز زیاتر دەکات، من منداڵی خۆمم نەدیووە، لەبەرئەوەی وارانی هەم دورەشار بوو هەم کەچاوم کردەوە لەناو جەنگ و شەڕو گیروگرتی سیاسیدا بووین. ٨١ بۆ ٨٦ ئەوەندە تەمەنی منداڵی من بوو ٨٦ بوومە پێشمەرگەو ئیتر منداڵیم نەبینیوە .

**هاورێکانی منداڵیت کێ وکێ بوون ؟**

گوندەکەی ئێمە سێ جیل بوون، عەدنا ئێستا لەژیاندا ماوە شەهاب برای وەهاب و بەهرۆزو حەمید و محەمەد فەتاحی مامەمان و مامەمان قادرو نوعمان ئەوانە جیلێکی گەورە بوون گەنج بوون لە ١٨ هەتا ٢١ ساڵ ئەوانەش هەموویان لەژیاندا نەماون.جیلێکی تر هەبوو وەک وەهاب و شەهید تارق و ئازاد جەلال ئەویش هەر ئامۆزامانە و چەند کەسێکی تر، ئەو جیلەیان تەنها چەند کەسێکیان ماون زۆربەیان شەهیدو ئەنفاکراون، جێلێکی تر ئێمە بووین کە منداڵ بووین شەهید تارق وشەهید نەوزادو شەهید رەحمان و شەهید نادرو ئەوانە گشتیان ئەنفالکراون وئێستا لە ژیاندا نەماون، حەسەنیش بوو حەسەنی مام وەلی پێدەڵێن.ئەو ئێستا لەژیاندا ماوە، ئێمە جیلی حەفتاکان بووین.

**کەواتە هاوتەمەنەکانی خۆت تەنها حەسەن مام وەلی لەژیاندا ماوە ؟**

وەهابیش ماوە هەرچەندە ئەو لەمن گەورەترە بەڵام ئەویش لەژیاندا ماوە. مامۆستا جومعەش ئەوەی وا هونەرمەندی شێوەکارە لەژیاندا ماوە هەرچەندە ئەو کەم لەوارانی بووە، هەر لەدوز بوو، ئەویش هەرلەژیاندا ماوە، ئێمە خەڵکێکی زۆر زۆرمان لەوارانی ئەنفالکران .

منیش ویستم ئەوەبزانم کەوا لەهاورێکانی منداڵیت چەندیان لەژیاندا ماون. بەڵام ئەوەی کەگوێم لێبوو زۆربەیان شەهیدو ئەنفالکراون.

بەڵێ وایە زۆربەیان شەهیدو ئەنفالن، ئەوانە زۆربەیان پێشمەرگەبوون.

---

34 تەپەی گاور، کە جەمال وارانی ئاماژەی بۆ دەکات و لەکاتی منداڵیدا لە گوندی (وارانی) یاریان لەسەری کردووە شوێنەوارێکی زۆرگرنگ وتایبەتە ئەو شوێنە لە زنجیرەی شوێنەوارەکانی پارێزگای سەلاحەددین (تکریت) بە ژمارەی (٩) تۆمار کراوە کە لە نەخشەی شوێنەواری عێراقدا بە (تل الكاوري الاپري) هاتووە، ئەم تەپەیە لەسەرووەختی دەسەڵاتی بەعسیەکاندا دەستکاری کردنی قەدغەکراوەو بە هەموو جۆرێک نزیک بوونەوەو کێڵان و هەڵکەندنی لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە قەدەغەکراوەو لە ساڵەکانی (١٩٧٠)دا دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی عێراق هەموو خەڵکی گوندی (وارانی)یان بانگێشتی ناحیەی (سلێمان بەگ) کردووە و پەنجەمۆریان پێکردوون و بەڵێنیان لێ سەندوون و پێیان راگەیاندوون کەوا بە هیچ شێوەیەک نابێت مردووەکانتان لەم جێگایە بنێژن و نزیکی بنەوە ئەگەر پابەند نەبن دواتر سزای قورس دەدرێن .

ئەوانە چەندکەسیان لەشەڕی ئەنفالدا شەهید بوون ؟
تارق لەکاتی ئەنفالدا لەشەڕی لفتی ئاغا شەهیدبوو، ئازاد هەر لەشەڕی ئەنفالدا بریندارببوو گرتیان وشەهید بوو، رەحمان لەئەنفالدا گیرا .

**بێگومان لەگەڵ هەر هاوڕێیەکت چیرۆکێکت هەیە، بەڵام لەناو هاورێکانتدا لەگەڵ کامیاندا چیرۆکێکی تایبەتیت هەیە، بۆنمونە پێکەوە شەرتان کردبێ ودوایی ئاشت بووبنەوە ؟ یان شتیکی خۆشتان پێکەوە هەبێ ؟**

ڕاستیەکەی من چوار سالێک شوان بووم، هاوڕیی منداڵیم شەهید تارق بوو پێکەوە شوان بووین،بەڵام وەهاب دەیخوێند کەدەهاتەوە کتێبەکانی دەهێنایەوە دەرسی دەخوێند منیش گوێم بۆدەگرت و مەرەکانم بەرەڵا دەکردو دەچوونە ناو خەڵەو خەرمانی خەڵک مـن شوانێکی زۆر سەیر بووم گوێم بەوە نەدەدا مەرەکانم زیانە خرۆیی دەکەن، خەڵکەکەش هەمووی هەر خزم بوون قسەیان نەدەکرد، ئیتر کەوەهاب دەهاتەوە فێری خوێندەواریشی دەکردم، ئەو مامۆستام بوو، بەڵام جاربەجاریش دەمانکرد بەشەرە بەردو سەروملی یەکتریمان دەشکاندو لەسەریەکتریمان دەکردەوە، جائێمە خزمایەتیەکی زۆر پتەومان هەبوو، ئەوە لەناو منداڵەکانیشدا رەنگی دابووەوە.

**خانووەکانی وارانی لەچی دروستکرابوون ؟ مەبەستم ئەوەیە لە قوڕوبەرد یان هەر لەقوڕ ؟**

هەمووی قوڕبوو بەردی تێدانەبوو. بەڵام وارانی گوندێکی زۆر خۆش بوو.

خانووەکان دوو قات بوون ؟
نا لەگەرمیان خانووی دوو قات نەبوو، تەنها بەیتونەیەک لەسەرەوە دروست دەکرا ئەویش هەموو ماڵێک دروستی نەدەکرد، هەمووی ژوری میوان کە دیوەخانی پێدەگوترا، شوێنی خەوتن و هەیوان و شوێنی ئاژەڵیش ئەو کاتە خەڵک سیمی نەبوو، خانی بۆ ئاژەڵ دروست دەکردبەو شوێنیان دەگوت خانی ئاژەڵ . ئیتر خانووەکان هەموو یەک قات بوو.

**ئیتر وردە وردە دەچینە ناو سروشتی وارانی وداب ونەریتی کۆمەڵایەتی گوندنشینەکانەوە .**

ئاباش بوو باسی ئەوەت کرد، ئەگەر لەوارانی یەکێک شایی بکردایە، یەک هەفتە دەهۆڵ وزورناو شایی بوو، ژن وپیاو دەستیان دەگرت وشاییان دەکرد. بێجگەلەوەش شەوان خەڵکی وارانی خڕدەبوونەوەو هەڵپەرکییان دەکرد، جا قسەیەک لەسەر گوندەکەمان هەبوو بائەوەش بڵێین دەیانگوت خەڵکی وارانی بە فیکەش هەڵدەپەڕن. کۆمەڵێک گەنجی زۆر جوان وقۆزی تێدابوو، ژنی زۆرجوانی تێدا بوو.

**ئەی سروشتی گوندەکە چۆن بوو ؟**

گوندێکی پاک و هەوایەکی پاکی هەبوو، ئاوەسپی دیمەنێکی زۆرجوانی بەخشیبووە ناوچەکەو گوندەکەش لەسەر چەمی ئاوەسپییە، ئاوەکە بەتەنیشتیەوە ڕێ دەکات وەتا ئێستاش خەڵک دەچێت بۆ سەیران وگەشت خەڵک کەدەچنە دەرەوە بۆ ئەوناوچەیە ناچنە شوێنانی تر دەچنە وارانی هەتا ئێستاش .

**ئەی ڕێگاو بانی چۆن بوو ؟**

ئەوکاتە ڕێگاوبانی خۆڵ بوو، کارەبای نەبوو، هیچ لەم خزمەتگوزاریانەی نەبوو، بەڵام هەر دلگیروخۆش بوو.

**ئێستا وارانی چەند ماڵی تێدایە ؟**

ئێستا نزیکەی ٢٠ ماڵی تیدایە جادەی بۆ ڕاکێشراوەو ئەو پردەی بۆکراوە ئێستا ڕێگاوبانی خۆشە.

**شایی و ئاهەنگی ژنگواستنەوە لەگوندەکەتان چۆن بوو ؟**

کەشایی دەکرا، یەکێک ژنی بهێنایە، ئەگەر گوندەکە پێشتر پرسەی تێدا نەبووبێت حەوت شەوحەوت ڕۆژ جاری واهەبوو زیاتریش خەڵک هەڵدەپەڕی ژن و پیاو. دوایی خەڵک پیانەوە دەچوون وهەریەکە بەپێی توانای خۆی دیاری دەبرد دیارییەکانیش بەزۆری زەخیرەی ماڵ بوو وەک شەکرو برنج و ئەوەی لەبەردەستبوایە .

**لە وارانی گۆرانی بێژو مەقام بێژو حیکایەتخوانی بەناوبانگ و ناسراوی ناوچەیی هەبوون ؟**

بەڵێ بێگومان هەبوون، من باوکی خۆم مقام بێژبوو ئێستاش شریتێکی ماوە وابزانم وا لەماڵ عەلی حاجی

جەمەیە، زوو پێیانگوتم نازانم ئەگەر ئێستا نەیان فەوتاندبێ، بەڵام باوکم دەنگی زۆر خۆش بوو چەند جار گوێم لێی بووە کە مقامی وتووە. ئەوکاتە بیرمە بەباوکمیان دەگووت بچۆ بۆتەلەفزیۆنی کەرکوک با بۆت تۆمار بکەن، باوکم دەیگوت ناچم عەیبە بۆمن لەتە لەفزیۆن گۆرانی بڵێم،باوکم دەنگێکی زۆر ناسک وخۆشی هەبوو.

**ئەوەندەی بزانی لە داوێ و زەنگنەو جاف یان گەرمیان بەگشتی چەند مەقام بێژی ناوچەیی هەبوون، کە دەڵێم ناوچەیی ئەوانەی لە ناوچەکانی خۆتاندا ناسرابوون، نەک وەک عەلی مەردان هەموو کورد دەیناسێت، ئەوانەی خەڵکی ناوچەکە دەیناسین چەند مەقام بێژ ئەنفالکراون ؟**

لفتی حەسەنمان هەبوو، ئەو مقام بێژێکی زۆر بەناوبانگ و دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو،لفتی حەسەن خەڵکی گوندی لفیاغا بوو، برای وەستا عەلی دەنگێکی زۆر خۆش ومقام بێژێکی زۆر باش و دەنگی زۆر پاک بوو،ئەو ئەنفالکرا، ئەوەشم بیست ئەوانەی بەربوون گێڕایانەوە وتیان لفتی حەسەن بە بەعسییەکانی گووتووە: سەگ بە ئافرەت ناوەڕێ بەڵام ئێوە ئافرەت و منداڵیشتان گرتووە، بێ منەتبن ئێمە هەموو پیاوەکان بکوژن بەڵام ئەوەندە غیرەتتان هەبێت ژن و منداڵەکان ئازاد بکەن. لفتی حەسەن چەندین بەرهەم و کاسێتی تۆمارکراوی هەبوو لەتەلەفزیونی کەرکوکیش لێدەدرا، هەتا ئەنفالکرا. من شریتێکی تۆمارکراویم پێبوو بردم بۆ ئێران، وتم ئەم مەقام بێژە کوردێکی گەرمیانیەو ئەنفالکراوە بەڵکو بڵاوی بکەنەوە بڵاویان نەکردەوە، بردم بۆ مەریوان وسەقزوسنەو بانە کەسیان بڵاویان نەکردەوە هەرچەندە هاوارم کردو هەوڵمدا کە بڕوایان پێ بهێنم کە ئەم مەقام بێژە سەڵاح داودە نیە ئەمە لفتی حەسەنە بەڵام بڵاویان نەکردەوە . وتم بابە پارەم نەگەرەکە من پارەشتان پێدەدەم تەنها بۆئەوەی دەنگی نەفەوتێ بەڵام کەس گوێی پینەدام . خۆ ئێستاش کاسێتەکانی زۆرن لفتی حەسەن مەقام بێژێکی بەناوبانگە .

**بەڵام ئەو کاسێتەی کەوا دەنگی باوکتی لەسەر تۆمارکراوە هەق نیە بهێڵیت بفەوتێ بۆهەتا ئێستا لێی بێخەم بوویت ؟**

هەوڵ دەدەم لەلای ماڵی حەسەنی عەلە جەمە پەیدای دەکەمەوە .

**کاک جەمال هەوڵبدە چونکە ئەوە سەرمایەیەکی رەمزی گەورەی باوکت کوردیشە، دوای ئەوە لەلای ئەوماڵە بەریزە چ سودێکی هەیە ؟**

من بۆ ئەو شتانە دڵم زۆر خراپە، بەخوا هەتا ئێستا وێنەی کەسوکارەکەشم هەڵنەواسیوە.

**کاکە گیان تۆ بیهێنە من دەیخەمە سەرسیدی و دەیپارێزم چونکە کاسێت هەتا سەرنامێنێتەوە. تۆ بیهێنە من و کاک سمکۆ دەیپارێزین و لەمۆزەخانەیەک دایدەنێین.**

کاک شێرکۆو بەرزان وتیان شریتێکی باوکت لەماڵی ئێمە هەیە چەند گۆرانیەکی تێدایەو کاتی خۆی تۆمارمان کردووە، بەڵام ئەوە ساڵی نەوەدەکان بوو، نازانم ئێستا ماویانە یان نا.

**بەڵام لەمەیاندا کورتت هێناوەوەو هەقە گلەیت لێبکرێت، ئەوە سەروەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیەو یەکێکە لە گرنگترین سەروەتەکانی ئەنفالکراوێک کە باوکی تۆیە، بۆیە هەق نیە بهێڵیت بفەوتێت تکایە پەیدای بکەرەوە .**

باشە هەوڵ دەدەم بەخوا دوو وێنەی رەش وسپی باوکم هەیە وا لەلای مامۆستا جومعەیە هێشتا دڵم نایات بیانهێنمەوەو هەڵیان بواسم .

ئەوانیش هەرشایانی پاراستنن و بۆ ئەم دیدارەش پێویستمان دەبێت.

بەخوا من چەندەش خۆڕاگرم بەڵام بۆ ئەو شتانە دڵم زۆر خراپەو بەرگەیان ناگرم .

**لە وارانێ پرسە گێڕی چۆن بوو ؟**

ئەوکاتە جەنگ نەبوو، مردنیش کەم بوو، ئەگەر یەکێک بمردایە، نەک لەگوندەکە تەنانەت لەگوندەکانی دوریش مانگێک دوای ئەوە ئەگەر شایی ببوایە، دەهۆڵ وزورنایان نەدەهێنا دەیانگوت دەنگی دەڕواو ئەو گوندەی دراوسێمان مانگێک پێش ئێستا پرسەیان

هەبووە دوایی لێمان عاجز دەبن، بیرمە ئەگەر یەکێک بمردایە بەمانگ و بگرە بەساڵیش کەس لەو گوندە رادیوو تەلەفزیونی نەدەکردەوە. ئەمە لایەنێکی بوو، لایەنێکی جوانتریشی هەبوو ئەگەر کەسێک بمردایە پرسەکە دەبووە هی هەمووان هەموو خەڵکی گوندەکە هاوکاریان دەکرد، بە هەموو شتێک بەخواردن و زەخیرەو پیداویستی پرسە گێری هەموویان دەگرتە ئەستۆ. ئیتر هەریەکەو بەپێی توانای خۆی یەکێک ئاژەڵی دەهێناو هەبوو دوو سەر ئاژەڵی دەهێنا بۆسەربرین و هەبوو فەردە برنجی دەهێناو هەبوو تەنکە رۆنی دەهێناو نەیاندەهێشت خاوەن پرسە یەک دینار خەرجی بکەوێتە سەرشانی . هەفتەیەک بەردەوام خەڵک شتی دەهێناو خزمەتیان دەکرد. بەداخەوە ئەنفال ئەو داب ونەریتە جوانەشی نەهێشت، لەگەڵ روخاندنی گوندەکان و بردنی خەڵکەکەی ئەو داب ونەریتە جوانانەش نەمان .

**سنوری داوێ و ناوچەکەتان چ هێزیکی پێشمەرگەی لێ بوو؟ هەر هی یەکێتی ناڵێم هی هەموو لایەنەکان ؟**

ئەوسا باسم کرد،خالید گەرمیانی و شەهید فەرهادو شەهید سەید برایم و ئەمانە لەوێ بوون من کەچاوم کردەوە گوێم لەناوی پێشمەرگەو پەیدابوونەوەیان بوو، ئەوناوانەم بەرگوێ دەکەوت و دەمبینین، سنوری ئێمە زیاتر پێشمەرگەی یەکێتی و تیپی ٥١ی گەرمیانی لێبوو، وەک بەرپرسەکان، سامان گەرمیانی و کاک عادلی پەرلەمان و شەهید شێخ جەمال گەرمیانی و شێخ کەریم لەم سنورەی ئێمە بوون، دوای ئەوەی تیپەکان و کەرتەکان دروستکران کەرتی پێنج کەوتە لەلای ئێمە بوو، سنورێکی بەرفراوانی هەبوو. ئەوکاتە کەرتی پێنج چالاکترین کەرتی تیپی ٥١ی گەرمیان بوو. شەهید شێخ جەمال گەرمیانی فەرماندەی بوو. شێخ کەریم بووە فەرماندەی کەرتی یەکی هەمان تیپ ئەو کەوتە ناوچەی بناری گل بەڵام هەر دەهاتنە سنوری ئێمەش. شەهید حەمە رەش فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان بوو، کاک عادل شکور ماوەیەک فەرماندەی بوو. ئەوکاتە یەکێتی لەم ناوچەیە پلەیەک بوو، تاکە هێزی ناوچەکەبوو، لەناویەکیتیش تەنها کۆمەڵە هەبوو .

**ئەی رێکخستنەکانی کۆمەڵە لەگوندەکان یان بابڵێین لە وارانی نەبوو ؟**

بابا ئەو کاتە مامۆستا یوسف ومامۆستا ئیکرام و شەهید مستەفاو کورەکانی عەلی خەمە کادری رێکخستن بوون و سەرپەرشتی رێکخستنەکانیان دەکرد.

**تۆ پێشئەوەی ببیتە پێشمەرگە پەیوەندی رێکخستنت هەبوو ؟**

بەڵێ من لە ساڵی ١٩٨٣ هەتا ٨٦ پەیوەندیم هەبوو بەڵام زۆر مندال بووم. جاری یەکەم رۆیشتم بووم بەپێشمەرگە بەڵام گەڕاندیانمەوەو وتیان منداڵیت. مامەم و باوکم ئەوان هاتن بەشوێنماو بردمیانەوە ، دوسێ مانگێک چاوەروانم کرد، دوای ئەوە هەم دیسان رۆیشتمەوە ئەمجارە ئیتر نەگەڕامەوە بوومە پێشمەرگە، ئیتر ماڵەوەش نەهاتنەوە بەشوێنمدا، جائەو کاتەی بوومە پێشمەرگە مەڕەکانمان زیادیان کردبوو، ئەوانیش زۆر بیوون، باوکم خوشک وبرا بچوکەکانمی دەنارده لای مەرەکان، دەیناردنە سەرئەو رێگایانەی لێوەی دەچووینە وارانی بۆئەوەی من بەزەییم بەواندا بێتەوەو غیرەت بمگرێ وبگەرێمەوە. بەڵام من نەگەڕامەوە. کە بوومە پێشمەرگەش، ماوەی پێنج مانگ تەنها گوللە ئاربیجیان پێم هەڵگرت و سێ مانگیش تکتارۆفیان دایە کۆڵمداو چەکیان نەداپێم . ئەوکاتە پێشمەرگایەتی ئاوا بوو، بۆئەوەی رابێت بەڵام بەردەوام بەشداری کۆبوونەوەم دەکرد.

**باشە تۆ هەروا سەربەخۆ رۆیشتیت یان دەبوو رێکخستن نوسراوت بۆبکات و بتنێرێت بۆ ناو هێزی پێشمەرگە ؟**

ڕاستیەکەی ئەوکاتە خەڵک چۆن دەبوو بەپێشمەرگە یان دڵی دەچووە چەک یان بیروڕایەکی هەبوو دەیویست ئیشی بۆبکات و لەرێگەیەوە خزمەتی میللەتەکەی بکات، من ئەوکاتە زۆرم حەز لەچەک و ناوبانگ بوو ڕاستە لەرێکخستندا بووم بەڵام شتێکی وا لەرێکخستنەکانەوە فێر نەبووین . دانی پیدا دەنێم

کەبوومە پێشمەرگە بۆئەوە بوو ناوبانگ پەیدا بکەم نەک بڵێم فکرەیەکی نیشتمانی ونەتەوەیی سەدلەسەدم هەبووبێ، بەڵێ من کە بوومە پێشمەرگە حەزم لەچەک بوو حەزم لەناوبانگ بوو نەک شتێکی تر. ئیتر دوایی بوومە پێشمەرگەیەکی کاراو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوری داوێ و سەرکردایەتیم کردووە. هەمیشە لەشەڕدا بووم هەتا ئەنفال بەشداری لە ٩٠%ی شەڕەکانی سنورەکمان وتیپەکەمانم کردووە. باوکم دەیگوت کاکە گیان ئێمە بنەمان برایەوەو فەوتاین وەرە دانیشە مەبە بەشوانیش وەرە بەس لەماڵەوە دانیشەو هیچ ئیشێکیش مەکە، بەڵام چونکە عاشقی چەک وناوبانگ بووم بەگوێیم نەدەکرد، دوایی بەتایبەتی کەئەنفالیش بوو بریارمدا هەموو کورد تسلیم بێتەوەو چەک دابنێ من چەکدانانێم و چۆک بۆ رژێم دانانێم ئەوەبوو شەرەفی پارتیزانەکانی دوای ئەنفالم پێبڕاو هەتا کۆتایی یەکێک بووم لەپارتیزانەکانی دوای ئەنفال .

**کاتێک ئەنفال دەستی پێکرد تۆ دووساڵ بوو پێشمەرگە بوویت، ئیتر بروات بەخۆت بوو، چەکت بەشانەوە بوو.**

بەڵێ بەڵێ ئەو قۆناغانەم بڕیوو کە هەر گولەی ئاربیجیم پێهەڵگرن بەشداری شەڕەکانم دەکردو کارابووم .

**کاتی ئەنفال تۆ لەکوێ بووی مەبەستمە بڵێم لەکام بەرەی جەنگدا بووی ؟**

خۆت دەزانی ئەنفال بۆیەکەمجار لەسەرگەڵو دۆڵی جافایەتیەوە دەستی پێکرد، چونکە سەرکردایەتی یەکێتی لەوێ بوو، یەکەم هێرشی ئەنفالیش بۆسەر سەرکردایەتی بوو، من یەکەم تەقەی هێرشی ئەنفالەوە هەتا دوایین تەقەی لە سەرکردایەتی بووم ولەوێ لەشەڕدابووین هەتا پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لەئەنفالی یەکەمدا.

**شەڕی سەرکردایەتی کێ دەیکرد جاش و سوپا یان هەر سوپا ؟**

لەوقۆڵەی ئێمەوە یەک جاشم نەبینی ئەوەی دەهات بمانکوژێ و ئەوەی دەکوژرا، تەنها مغاویرو قوات خاصە بوون، شەڕێکی زۆر سەخت بوو، ئەو هێزانە زۆر راهێنراوبوون، تەنها سەربازم بینی جاش نەبوو. بەڵام لەگەرمیان لە حەوتی سێ کە پەلامار دەستی پێکرد لەپێشەوە تەنها جاشەکان دەهاتن، ئەنفالی سێ و ئەنفالی یەک جیاواز بوون .

**ئیتر کەشەری سەرکردایەتی و یەکەمین قۆناغی ئەنفال کۆتایی هات، ئێوەش بە شڵەژاوی و ماندویی گەرانەوە بۆ گەرمیان ؟**

ئێمە بەشەڕ رۆیشتین و هەر بەشەڕیش گەراینەوە، دیسانەوە بەشەڕ رۆیشتینەوە، رێگەم بدە باکەمێک باسی بکەم، یەکەمجار کە بانگیان کردین بۆ شەری سەرکردایەتی شەهید شێخ جەمال رۆیشت بۆمەڵبەندو کرایە جێگری تیپی مەڵبەند، شەهید سوارە هاتە شوێنی و بووە فەرماندەی کەرت، کەرتێکی تریان لە کەرتی پێنج جیاکردەوە، شەهید حەمە ئاخەیان کردە فەرماندەی، دوایی کاک عوسمانی حاجی مەحمودیان کردە فەرماندەی کەرتی چوار، بەڵام شەهید سوارە لەلای ئێمە شەهید بووشەهید سەید جەوهەریان هێناو کردیانە فەرماندەی کەرتەکە، لەپەڵکانە رەبایەیەکی گەورە هەبوو چونیە سەری لەو رەبایەماندا، بەڵام رەبایەکەمان بۆنەگیرا چونکە زۆر سەخت بوو، مینێکی زۆریان لە چواردەوری رەبایەکە دانابوو، لەو رەبایە تەواو بووین، بروسکەیەکی تریان کرد، داوایان لێکردین برۆین و بگەینە سەرکردایەتی. کە رۆیشتین لەرێگاش توشی دوو شەڕی تر بووین، واتە ئەو شەوەی لەپەڵکانەماندا بۆ سبەی شەوەکەی توشی شەڕێکی تر بووین، بۆ رۆژی دوای ئەویش هەمدیسانەوە توشی شەڕی تربووینەوە . بەهەرحاڵ ئێمە پشومان نەماو زۆر ماندوو بووین. ئەوە هەر بەرێگاوەین بۆ سەرکردایەتی لە سەرگەڵو، دیسان لە بانی مەقان توشی شەڕێکی تربووینەوە، بەڵام نەوەستاین و رۆیشتین هەتا گەیشتینە نزیک قەزای دوکان لەنزیکی دوکان لە بناری شاخی سارا گوندێک هەیە،(کانی خان) لەوێش دیسانەوە توشی شەڕێکی زۆر قورس بووینەوە، لەپەرینەوەدا بووین کە کاروانێکی سەربازی پرچەکمان توش بوو شەڕێکی

سەخت لە نێوانماندا ڕویدا. بەڵام لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بووین.سێ سەربازی هێزی تایبەت (قوة الخاصە)مان بەدیل گرت و شەشیان لەوێ کوژران (گازێکی ستەوستین)[35]مان گرت، هەندێک چەک و تەقەمەنیمان دەستکەوت، ئیتر بەو حاڵە گەیشتینە سەرکردایەتی . بەڵام بەگەیشتنمان یەکسەر هێرشی ئەنفالیش دەستی پێکرد بێ ئەوەی هیچ پشوویەک بدەین یەکسەر چووینە شەڕەوە . یەکەمجار لە ناوچەی دۆڵەڕووتەوە لە پیرکەو هەنارانەوە بۆ قزلەر هێرشی ئەنفال هات و لەو قۆڵەوە شەڕ دەستی پێکرد، بەڵام بەردەوام بەکاتویشا (راجیمە) ناوچەکەی دەکوتاو ناوچەیەکی نائارام بوو. کاتوێشا چەکێکی کاریگەرو ترسناکە، جەیشی عێراق بەو هەموو چەکە پێشکەوتووەیەوە کە بۆ جەنگی ئێران ئامادەی کردبوو بەهەمان ئەو چەکانەوە هێرشی هێنایە سەرمان، قواتخاسەو مغاویرێکی زۆری هێنابوو، فەیلەقی یەک بە تەواوی لە ئامادەباشیدابوو. سوڵتان هاشم ئەحمەد فەرماندەیی فەیلەقی پێسپێردرابوو، ئەوسا پلەی سەربازیەکەی لیوارکن بوو، باشم لەبیرە ئێمە لەوێ ٢١ ڕۆژی تەواو لەجەنگدا بووین و بەبێ پشوودان شەڕمان دەکرد، مەگەر ڕۆژێک بەفر یان بارانێکی زۆر بەهێز بباریبایەو ببوایەتە هۆی پەکخستنیان و هێرشیان نەکردایە، ئەگینا بەردەوام هێرشیان دەکرد.ئەوە جگەلە هێرشی بەردەوامی کاتویشاو بۆمبی کیمیاویی و فڕۆکە. لەوێ توشی شەڕی گەورە بووین، کۆتا شوێن کە بەدەستمانەوە مابوو چیای ژیلوان بوو.ئێمە تیپی ٥١ی گەرمیان لەپاشەکشەدا بەناو بەفرێکی زۆرسەختدا ئاودیوی ئێران بووین، لە دۆڵی شامحەمەدەوە ڕۆیشتین بۆ شاناخسێ و لەوێوە ڕۆیشتین بۆ ناوئێران ولەناو ئێرانەوە جارێکی ترگەراینەوە بۆ گەرمیان. ڕێگەی پاشەکشەشمان ئەوەندە ئاسان نەبووکە ئێستا بەخێرایی دەیگێڕمەوە ئێمەزۆر ماندوو بووین ڕێگە هەمووی بەفرگرتبووی ئەو ڕێگا دورودرێژە ڕۆژانە پێشمەرگەو کاروان چی پاکیان دەکردەوە بروا بکەن بەفر بەقەد باڵای زەلامێک بەرز بوو.[36]

**ئیتر لە ئێرانەوە چۆن وبە کوێدا گەڕانەوە بۆگەرمیان ؟**

گەڕاینەوە بۆ قاسمەڕەش و لەقاسمە رەشیشەوە گەراینەوە بۆ مەڵبەندی سێ و لەوێشەوە بەدەشتی کۆیەو ناوچەی شوان و شێخ بزێنیدا هاتینەوە بۆگەرمیان.بەڵام درەنگ کەوتین، فریای شەڕی ئەنفالی قەرەداغ نەکەوتین، هەر کەگەیشتینەوە جێ دیسانەوە توشی شەڕبووینەوە، ئینجا شەری ئەنفالی قۆناغی سێهەم لەگەرمیان دەستی پێکرد.ئەنفالی قەرەداغ تەواو ببوو.یان لەکۆتایدا بوو، ئێمە ویستمان ناوچەی سەنگاو ئەو هێزانەی حکومەت بگرینەوە کە لەوێ بوون، بەڵام کە گەیشتینە تەعەرەب، هەواڵی خراپ هات، وتیان حکومەت هێزێکی زۆری کۆکردووەتەوەو بەنیازی هێرشە، ئەوسا کاک شێخ کەریم لەناوچەی داوێ بوو، تازە ببووە جێگری سەرتیپی ٥٩ی حەمرین، ئەویش هاتبووە داوێ، دیارە یەکەم کەس هەواڵەکەیان بەو دابوو، کەوا هێزکۆکراوەتەوە بێتە سەرمان، شەهید بورهان سەرسپی و عەبدولخالق بەسواری ماتۆڕێک هاتنە لامان و هەواڵی هێرشەکانیان هێناو وتیان فریا بکەون، ئیتر هێزەکانیان دابەش کرد، کەرتی شەش گەرایەوە شوێنی خۆی و کەرتی پێنجیان ناردە داوێ وکەرتی

35 گازی ستەوستین جۆرێک سەیارەی سەربازی بوو، کەمێک لە ئیڤا بچوکترە بەڵام بەبەنزین ئیش دەکات بەپێچەوانەی ئیڤاوە کە بەگاز ئیش دەکات ئەوجۆرە سەیارەیە ئێستا نەماوە تەنها تایبەت بوو بە سوپاو خەڵکی مەدەنی نەیبوو

36 لەدیدارێکمدا لەگەڵ سەید ئەحمەد حمەلاو کە ئەوسا پێشمەرگە و کادیری تیپی ٣٧ی شارباژێری هەمان پارتەکەی جەمال بوو، لەبارەی ئەو ڕێگایەو پاشەکشەکردنیان قسەیەکی هاوشێوە دەگێڕیتەوەو دەڵێت : هەمووی لێوان لێوبوو لەبەفر ئەو ڕێگا دورودرێژە ڕۆژانە پێشمەرگەو کاروان چی پاکیان دەکردەوە بەفر بەقەد باڵای زەلام بەرز بوو هەربەینی دووسەد مەترێک تۆزێک فراوانیان کردبوو بۆئەوەی ئێسترو وڵاخ لەیەک نەگیرێن ئەمەو زۆر کەسی تر کە دیدارم لەگەڵدا سازکردوون باسی ئەو ڕێگا سەختە بەرفرگرتووە دەکەن .

یەکیان ناردە بناری گل و کەرتی چواریشیان ناردە لای هۆمەربل و چوارشاخ، ئێمە گەیشتینە وارانی و دیمانە سوپایەکی زۆر لە دوو لاوە هێرشیان هێنا یەکێکیان لە نەوجول وباشتەپەوە ئەوی تریان لە پەڵکانەوە هاتن ئێمە هێزێکی ٣٠ کەسی بووین بووینە دوو بەشەوە ئێمە چووینە چەوری و هێزەکەی تریشمان چوو لەلفتی ئاغا دامەزراو کاک شێخ کەریمیش بۆخۆی لە سالەیی بوو، هێزەکەی بەرەو چەوری دەهات بوونە دوو بەشەروە یەکێکیان ڕۆیشتن بۆ سالەیی و ئەوی تریشیان بۆلای ئێمە هاتن بۆ گوندی چەوری ئەوان ئامانجیان گرتنی چەوری بوو چونکە بەرزبوو، پێمخۆش نیە زۆر بچمە وردەکارییەوە چونکە ئەو ڕۆژە حکومەت زۆریان لێکوژرا، بەڵام بەزۆری کوردەکان بوون .[37]

مەبەستت جاشەکانە ؟

بەڵێ

ئێمە دوو ڕۆژ لە چەوری شەڕمان کرد[38]، کاک شێخ کەریم وازیان لەساڵەیی هێناو هاتن بۆلای ئێمەو لە چەوری سەنگەریان لە هێزەکانی حکومەت گرت، کاک کەریم ڕۆیشت بۆ بناری گل چونکە لەوێش هەرشەڕ بوو، ئەوەبوو یەکەم هێرش کرایە سەر بناری گل وتازە شار لەوێ شەڕێکی سەخت بوو، نازمە بچکۆل وهاوڕێکانی و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی هەموویان

37 ئەو هێزەی لەم قۆڵەوە هێرشیان هێنابوو هێزێکی هاوبەش بوون لەلیوای (٦٥)ی هێزی تایبەت لەگەڵ دوو فەوجی جاش کە پێکهاتبوون لەفەوجی(٥٨و ٢٠٠) ی جاش، بەرەو ڕۆژهەڵات بەگوێی چەمی ئاوەسپیداپێشڕەویان کرد،لەگوندی باشتەپە شەڕێکی کورتخایەن لەگەڵ پێشمەرگە بەرپابوو، بەڵام پاش ئەوەی فڕۆکە جەنگیەکانهاتنە ئاسمانی ناوچەکەو بە چڕی بۆمبارانی گوندەکانی باشتەپەو گوندەکانی دەوروبەریان کردلەوانە ( سالەیی، قەڵای سەرشاخ، ئاوایی حەسەن، لفتی اغا) ئیدی شەڕەکەی باشتەپەش زۆری نەخایاند کۆتایی هات، لە ڕۆژی ٨/٤/ ١٩٨٨ هێرشوپەلامار بەرەو گوندی (تالاو) لە سەر ڕێگای نەوجول –دووزخورماتوو کە هەروا پێنج دەقیقەیەک لە نەوجولەوە دورە، دەستی پێکرد، هەر کە هێزەکانی حکومەت پێشرەویانکرد، ئەوخەڵکە بێدەرەتان ومەدەنیەی پێشتر بەکشتوکاڵو ئاژەڵداریەوە سەرقاڵبوون، کەوتنە بەرمەترسی وا ئیتر ماڵ و حاڵیان بەجێهێشتووەو شپرزەو بێدەرەتان بەخەیاڵی خۆدەربازکردن بەرەو ئەو هەرد و جەوەڵانە ملیان ناوە، پاشئەوەی خەڵکی تالاو گەیشتبوونە هەردەکانی دەوروبەر دەستەیەک پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکەی بەعس کەوتنە بەریەک، سەرباری نابەرانیەریو ناهاوسەنگی هێزیش بەڵام پێشمەرگە لەگوندی تالاو ڕۆژێکی تەواو بەرەنگارییانکرد، ئەو ڕۆژە پێشمەرگەیەک بەناوی ئەسکندەر شەهیدو یەکێکی تریش بەناوی محەمەد سۆفی بریندار بوو. ئیتر لەوێ شەڕکۆتایی هاتو گوندی تالاوکە ژمارەیان(٧٥) ماڵ بوو کەوتە بەرلمۆزی شۆفڵولەگەڵ زەوی تەختکرا بەڵام تراژیای ئەو گوندە بەوە کۆتایی نەهات کە ماڵەکانیان ڕوخاندن بەڵکو. ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٩ خەڵکی گوند کەلەو هەردانە خۆیان مەڵاسدابوو کەوتنە بەر پەلاماری دڵڕەقانەی جاشو سەربازو زۆر خراپتریان لێقەوما چونکە کەوتنە دەست سوپایەکی تورەو ئەوەی بەرچنگیان کەوت دەستیان لێنەپاراست هەموویان گیرانو بەسەیارەی جۆری ئیڤای سەربازی بارکرانو بردیانن بەرەو ناحیەی نەوجولو دواتریش بۆبنکەکانی کۆکردنەوەی دوزخورماتوو، لەوێشەوە دابەشکرابوونە سەربنکەکانی کۆکردنەوە لە تکریتو تۆپزاوا و قۆناغ بەقۆناغ ڕەوانەی دۆزەخی ئەنفالکرابوون، لەوپەلامارەدا ( ١٠٧) کەسی مەدەنی بەژنو منداڵەوە گیرانو بێسەروشوێنو ئەنفالکران) بەڵام جەمال وارانی لە دیدارەکەیدا باسی ئەم شەڕەی تالاوی نەکردووە
.

38 بروسکەی هەواڵگری – ئیستخباراتی دوزخورماتوو ژمارە ١٠٣٤٠ لە ریکەوتی ١٠ی نیسای ساڵی ١٩٨٨ ئەم قسەیەی جەمال وارانی پشتڕاست دەکاتەوە کە نوسیوێتی : دوای شەڕی تالاوهێزە هاوبەشەکەی بەعس ڕایگەیاند کە حەڤدە گوندی ناوچەکەی ڕاماڵیووە، بروسکەکە سکاڵای سوپای تیدایە، کەوا فەوجێکی جاش (کە فەوجی ژمارە ٢٥)ە" کەمتەرخەمیان نواندووەو لە هێزەکە کشاوەتەوەو ئەو ئەرکانەی پێسپێردراوە ئەنجامی نەداوە" هەڵبەت چارەنوسی خەڵکی ئەو ١٧ گوندەش هەمان چارەنوسی ئەو خەڵکە بوو، کە گەرمیانی بەگشتی گرتەوەو خەڵکەکەی هەموو ئەنفالکران، بەپێی هەواڵدەرە سەربازیەکانی بەعس زیانەکانیان لە و قۆڵەوە یانزە کوژراوبووە، لەوانە هەشتیان جاش بوون. لەکۆی ئەو ١٧ گوندە دوانیان وارانیی ژوورو وارانی خوارو بوون، کە هێزێکی پێشمەرگە لەدوای شەڕی باشتەپە خۆیان گەیاندبووە ئەوێ.

شەهید بوون، ئێمە دێ بەدێ شەرمان کرد هەتا گەیشتینە قەواڵی وباوەکر، لە قەواڵی ئاخر شەرمان لەگەڵ کۆپتەر بوو. لە باوەکر شەرێکی زۆر سەخت بوو بروا بکە ١٣ -١٤ کۆپتەر لیمانی دەداو ئێمەش لەخوارەوە شەڕمان دەکرد. دەچوون لە ئاوایی شێخ حمید دەچوون پێداویستی جەنگیان هەڵدەگرت و دەهاتن لەگەڵ ئێمە شەڕیان دەکرد.

**ڕێکەوتی شەڕی باوەکرت یاداشت کردووە، دەزانی ئەو ڕۆژە چەندی مانگ بوو ؟**

بەڵێ ئەو ڕۆژەم لە بیرە ١١ی نیسانی ١٩٨٨ بوو، بەڵێ ڕێک ئەو ڕۆژە بوو. چونکە ڕۆژەکە بۆ ئێمە زۆر مێژوویيە لە شەڕێکی زۆر سەختدا بووین. ئەگەر باسی شەڕی باوەکر بکەم هەر تەواو نابێت، ئیتر لەدوای ئەشەڕەوە وا لەیکتری دابڕاین من لەمەڵبەندی سێ هەندێک هاوسەنگەری خۆمم دیتەوە، هەر ئەو کاتە ئیتر هەندێکیان بڕیاریاندا بوو کە گەرمیان چۆڵ نەکەن و هەرچۆنێک بووەو بەهەر نرخێک بووە لەناوچەکەدا بمێننەوە. بەڵام ئەو شەڕە بۆهەردولامان یەکلایی کەرەوە بوو، لە سەعات ٧ی بەیانیەوە هەتا دووی پاش نیوەڕۆی خایاند، جاشەکان بەرانبەرمان بوون ئاوێک نێوانمان بوو، دوایی بووە شەڕی دەستەو یەخە پێشمەرگەیەک بەناوی حسین هەرخەڵکی باوەکر بوو بەدیل گیراو فەرماندەیەکیشمان بەناوی عەلی بیکەیسی شەهید بوو، بریندارێشمان هەبوو، لەشەڕەکەدا ئێمە بڕ بووین بووینە دوبەشەوە من کەوتمە ئەو بەشەی وا کەوتینە لای ئاوەکەوە، تارق ئەحمەد عەلی بریندار بوو، دوایی ڕۆیشتین بەرەو بناری سەنگاو شەهید خەلیل لە لفتی ئاغا بریندار بوو، ئەو حاڵی زۆر خراپ بوو پشتی شکا بوو ئەو لەوێ شەهید بوو ئیتر، کۆبوونەوەیەک کرا شەهید سەید محەمەدو مەلا رەحیم خەڵکی دوز خورماتوو بوو، ئەو فەرماندەی مەفرەزەکەی ئێمە بوو، لەگەڵ عەلی شکور ئەو جێگری فەرماندەی کەرت بوو، لە دوای کۆبوونەوەکە مەلارەحیم جاری ئاشبەتاڵیدا، وتی : ئەمە ئاشبەتاڵە بۆچی ڕاستیەکەی بەخەڵک ناڵێن؟ سەید محەمەدو عەلی شکور بەرپەرچیانداوەوەو وتیان : نەخێر ئاشبەتاڵ نیەو ئەمە دۆخێکی سەختەو هاتووەتە پێشەوە.

ئیتر هەموو بریندارەکان تەسلیم بوونەوە،ئەوبریندارەش کەلەگەڵماندا بوون زۆر وەزعیان خراپ بوو، زۆر هەوڵمان لەگەڵ دکتۆرەکەماندا دەرزییەکی لێبدات و گیانی دەربچێت و چیدی بەوعەزابەوە نەمێنێتەوە، چونکە نەماندەتوانی هیچی بۆ بکەین هیچمان پێنەدەکرا، چونکە هیچ نەبوو بۆی بکەین. دکتۆرەکە رازی نەبوو، ئەویش هاواری دەکرد کەوا فیشەکێکی پیوە بنێین وبیکوژین،بەڵام چۆن ئەوە دەکرا ؟ هاوسەنگەری خۆت بکوژی . بەراستی دەتوانم بڵێم ئەنفال ڕۆژی حەشر بوو، هەرگیز ناتوانرێت وردو درشتی ئەو ڕۆژگارانە بگێڕدرێنەوە ڕۆژگارێکی زۆر سەخت و پڕلەئاستەنگ بوو. ئێمە هەر لەوێ پێنج پێشمەرگە بڕیارماندا وتمان ئێمە تەسلیم نابینەوە، ئاشبەتاڵیش بێت ئێمە لەم جەوەڵانە دەمێنینەوەو تەسلیم بەڕژێم نابینەوە .

**ئەوانەی بڕیارتاندا کێ و کێ بوون ؟**

یەکێک لەوانە مامە قالە بوو، ئازادی عەبدوڵا بەرغەش بوو، برای مامۆستا نەجیب گەرمیانی ئەوە خۆت دەیانناسی، وەهاب سەید نوری بوو موحسین و من ئەم پێنج کەسە بووین. ئێمە ڕۆیشتین بۆ دەربەندەکەی پشتی ژاڵە، بەهار بوو گیا هەستابوو بەباڵای زەلامێک، جا ئەو کاتەی ئەنفال بوو بەردەوام باران بوو، بارانیش ئەوەندەی تر سەری لەخەڵک و پێشمەرگە شێواندبوو. چوین لەوای لەبن تاشە بەردەکاندا خۆمان دایە زەویدا زۆر تێکشکابووین ماندوبووین، برسی و بێ خواردن بووین ئیتر حاڵمان زۆر خراپ بوو. ماینەوە هەتا دەمەو بەیان، دەمەو بەیانیەکەی گوێم لەدەنگی خەڵک بوو، تازە سپیدەی دابوو هێشتا بەتەواوی ڕۆژ نەبووە، بەهاورێکانمم وت خەڵک هەیە لەم ناوەو وابەرەولای ئێمە دێن. کە نزیک بوونەوە تێمانخوڕین ئێوەکێن و ئەوان وتیان ئێوە کێن دوایی دەرکەوت جەماعەتی کاک حەمە ڕەش بوون، کەهاتن ئەوان زۆر بوون وتیان چی دەکەن لێرە بۆمان باسکردن حاڵ ومەسەلەمان ئاوایە وتوویانە

ئاشبەتاڵەو ئێمەش وتوومانە تسلیم نابینەوەو ژیان ومردنمان بەیەکەوەیە، شەهید حەمەڕەش کەئەو قسەیەی بیست هەر شێت بوو، وتی جیهازەکەم بۆ بێنن، بەرلەوەی بڕواتە بان بۆ جیهاز کردن بەپێشمەرگەکانی وت بڕۆن خۆتان لەبن ئەو تاشە بەردانە بشارنەوە کەمێکی تر ڕۆژ دەبێتەوە هەریەکەتان لەبن بەردێکدا خۆتان پەنابدەن و بخەون وپشوو بدەن، جیهازەکەی هەڵگرتوو ڕۆیشت گوێم لێبوو کاک عادل شکورو مەڵبەندو ئەوانەی وەرگرت وتی: ئێوە بەرسی ڕۆژانی تەنگانە نین بەرپرسی ڕۆژانی خۆشین، بۆچی پێشمەرگەکانتان ئاوا لێکردووەو هەموو پەرش وبلاو بوونەتەوە، بەهەرحاڵ قسەیەکی زۆری پێگووتن. شەهید حەمەڕەش کەسێکی زۆر ئازاو زۆریش شارەزای ناوچەکەبوو، بەبناری سەنگاودا بردینی هەتا نزیکەی چۆلمگ وخالّدان ئاخر کۆنترۆلکردنی ئەوهەموو خەڵکە ماندووە هەروا ئاسان نەبوو بەتایبەتی خەڵکی مەدەنی کەمنداڵیان لەگەڵدا بوو، ئەوەی باسی دەکەم هەر بەدەم خۆشە گێرانەوەی ئاسانە بەلام تێگەیشتن لێی زۆر زەحمەتە، بەشەو دەڕۆیستین و بەڕۆژ دەبوو خۆمان بشارینەوە، شەوانیش بەردەوام باران بوو، کە هەورە بروسکە لێی دەدایەن دەبوو هەموو دابنیشین دەبوو دەستمان بەپشتێنەکانی یەکترەوە بوایە دەستمان بەربوایە لەیەک ونەدەبووین شەوێکی تاریک ڕۆیشتن زۆر زەحمەت بوو، کاروانێکی درێژ خەڵک ئاوا بەدوای یەکەوە بوو، هەمووی شەهید حەمە رەش سەرپەرشتی دەکرد. من زۆر ماندوو بووم ئاخر لەشەری سەرکردایەتی شکابووین و برۆ بۆ ئێران و لەوێوە برۆ بۆ مەڵبەندی سێ و بگەڕێوە بۆ گەرمیان و لەگەرمیانیش ئەوە حاڵەکەمان بێت ئاسان نیەو زۆر سەختە. بروا بکە سێ جووت گۆرەویم لەترسی ئەسپێ فڕێ دابوو، ئەوەندەمان ئەسپێ پێوە بوو لەرومان نەدەهات بچینە هیچ ماڵێک ئەوەشمان لێ بەسەرهات ئیتر فریای خۆشۆردن نەدەکەوتین، شەوان لەسەرماو بەیانیانیش کە دنیا تۆزێک گەرمی بکردایە (سپێ)[39] ئەسپێکان دەکەوتنە جوڵەو هەراسانیان دەکردین، بۆنمان هەڵگرتبوو ئەوکاتە عەتری تیزۆر هەبوو، ئەوەم کرێ بوو هەڵمگرتبوو، دەمکردە ناو پێلاوەکانمەوە ودەمکردە بن باڵمەوە بۆ ئەوەی ئەسپێکانی ناولەشم بکوژێت . چونکە هیچ بوارێک نەمابوو بۆ پشودان و خۆشۆردن نازانم چۆن ماوین ؟ چۆن ژیانێک بوو ئەو ڕۆژگارە زۆرسەخت بوو بۆ ئێمە. کەلەئێرانەوە هاتینەوە سێ جووت پێلاوی ئەدیداسم کرێ بوو، هەتا گەڕامەوە هەرسێک جووتەکەم دڕا لەبەرئەوەی ئەوەندە بەرێگاوە بووین . بائەوەشم بیرنەچێت کاتێک لەگەڵ ڕەتڵەکە ڕۆیشتین دەبوو دەستمان بەپشتوێنەکانی یەکترەوە بێت بۆئەوەی لەیەکتری ون نەبین ڕەتڵەکە بەرێگاوە بوو، من هێندە هیلاک بووم خەوم لێکەوتبوو، ئەوە هەربەدەم ڕێگاوە ئەوەی دابڕایە ئاسان نەبوو بدۆزرێتەوە هەم باران بوو هەم تاریک و هەم ترسی دوژمنیش نەدەوبوو بانگ بکەیت، نەدەبوو لایت لێبدەیت، من لەو وەزعەدا خەوم لێکەوتبوو، کاتێک بەخەبەر هاتم ڕەتڵ ڕۆیشتبوو، کەهەستام سەیر دەکەم کەسم بەدەورەوە نیەو هەرخۆمم، ئەمە لای دێی پێنج ئەنگوست وهەنارە، گەڕام چەکەکەم دۆزیەوە دیارە کەخەوم لێکەوتووە چەکەکەش لەدەستم پەڕی بوو. تەنانەت سەعاتم پێنەبوو نەمدەزانی کاتژمێر چەندی شەوە، دنیا کشت ومات بوو، زۆرترسناک بوو، ناچار ڕۆیشتم بەراکردن وبەتەکان، بێ ئەوەی بزانم بۆکوێ دەچم بەلام گیاکە شکابوو بەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتم، دواجار لەدورەوە ملەیەکم بینی خەڵک وەک تارماییەک دەرکەوتن کە بەملەکەدا سەردەکەوتن و دەڕۆیشتن، منیش بەراکردن بەدوایاندا هەتا پێیانگەیشتم زۆر ماندووبووم کەپێیانگەیشتم جەماعەتەکەی خۆمانم دۆزیەوە. بەلام تۆسەیرکە لێرەوە دەزانی وەزعەکە چۆنە ! ئەوان گوتیان ئەرێ ئەوە تۆ لەکوێ بوویت و ئەمنیش وتم دابڕاوم و بەجێ ماوم هیچ کامان قسەمان نەکرد، ئێمە لەگیانی

39 لەگەرمیان بە ئەسپی دەڵێن سپی .

خۆمان بێزاربووین کێ تاقەتی قسەی مابوو ! ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە ناوچەی (شوان وشێخ بزێنێ)[40] لەوێ هێشتا گوندەکان مابوون، لەوێ پێیانگوتین ئێوە لەبەرئەوەی هێزێکی ماندوون بڕۆنە ئەوبەری ئاوەکە (لێرەدا جەمال وارانی مەبەستی زێی بچوکە) ئێمە پەڕینەوە بۆ ئەو بەر بۆ سبەینێ ئێوارەکەی فڕۆکەکان هاتن کیمیابارانی گۆپتەپەی کرد، ئێمە بەرانبەری گۆپتەپە بووین، تەنانەت من تەنگە نەفەس بووم بەو کیمیاییە چونکە زۆر نزیک بووین، هەرلەگوێی روبارەکە بووین، جا ڕۆژێک لەتەلەفزیونی ئێن ئارتی موقابلەیەکی قاسماغای کۆیەم دیت دوای ئەو کیمیابارانە بەکۆپتەر لەئاسمانی ناوچەکە دەگەڕا بە بڵنگۆ هاواری دەکرد وەرن خۆتان رادەست بکەن و هیچی تر خزمەتی جەلال تاڵەبانی خائین مەکەن و وەرنەوە ڕیزی نیشتمانی و وەرنەوە ڕیزی شۆڕش، شۆڕشی ١٧ و ٣٠ی تەموزی پیرۆز بەسەرکردایەتی سەرۆکی فەرماندە سەدام حوسێن، ئەمە قاسماغا دەیگوت من بۆخۆم گوێم لەم قسانەی بوو، کەچی لە تەلەفزیونی ئێن ئارتی دەیگوت من لەئەنفال بێ تاوانم !

**ئێوە لەوێ شەرتان نەکرد ؟**

نانەخێر ئێمە ڕۆیشتین بۆ دیوی خۆشناوەتی لەوێ کاک کۆسرەت بەرپرسی مەڵبەندی سێ بوو گوتی : ئەم هێزە زۆر ماندوون خزمەتێکی باشیان بکەن،خزمەتێکی باشیان کردین، دوای ئەوە گوتی: ئەم هێزە بنێرنە شوێنێک پشوویان بدەنێ، ناردیانین بۆ دۆڵەکۆکە لەوێ یەک مانگی تەواو خزمەتیان کردین. لەوێ ئێمەش بەدەرفەتمان زانی سەرمان تاشی و لەبەر(سپێ) ئەسپێ هەموو جلەکانمان سوتاند، لە ئێرانەوە هەموو شتێکیان بۆهاوردین و جلی تازەمان کرد، پشوومانداو تشکیلاتێکی نوێیان بۆکردینەوەو وتیان بگەڕینەوە بۆ مەڵبەندی سێ، ئێمە گەیشتینە نیوەی کۆتایی شەرەکانی مەڵبەندی سێ ئەوان لەئەنفالدا بەرگرییەکی زۆریان کردو ماوەیەکی زۆر سوپاو حکومەت بەمەڵبەندی سێوە سەرقاڵ بوو. بەلام ئیتر رون بوو کەوا حکومەتی عێراقی وازی نەدەهێناو ترسیش لەکیمیایی واقعی بوو، بەردەوام چەکی کیمیایی بەکار دەهێنا، دەبوو هێزی پێشمەرگە شتێک بکەن، بەرلەوەی لەمەڵبەندی سێش پاشەکشە بکرێت بیستمان کەوا شەهیدان کاک سەید جەوهەرو حەمە رەش، لەگەڵ کاک عوسمان حاجی مەحمود بریاریانداوە دەستەی پارتی زانی دروست بکەن و نەچنە ناو ئێرانەوە، ئێمە ٢٢ کەس بووین وابزانم پێش ئێمەش ڕەتلێکی تر هاتبوونەوە گەرمیان، ئێمەش ئەو ٢٢ کەسە بە ڕەتلێک هاتینەوە گەرمیان لەوێ کاک سەید جەوهەرو ئەوانمان دۆزییەوە، ئێمە گەیشتینەوە گەرمیان ڕۆژی ٦ی ئەیلول لێبوردنە گشتیەکەی حکومەتی عێراق دەرچوو، ئێمە لەوکاتەدا کاک عوسمانی حاجی مەحمودوئەوانمان دۆزییەوە، ئەویش چۆن بوو هەر بەرێکەوت دۆزیماننەوە، لەلای قولیجانەکان من و غائیب و کاک حەمەرەشید توکنی دەگەراین، بۆئەوەی پێشمەرگە بدۆزینەوە چونکە دەمانزانی کاک عوسمان وئەوان لەگەرمیانن، هەر بەرێکەوت حەمە رەحیمی جیهازو ئەوانمان دۆزییەوە ئەمە هەر رێکەوت بوو، بۆهەردولامان زۆر خۆش بوو، بەیەک شادبووینەوەو وتیان ئێمە لەگەڵ کاک عوسمانین، ئیتر ئەوانی تریش هەموومان چوین بۆلای کاک عوسمان و ئەوان، من و شەهید نادری ئامۆزام هەر لەمەڵبەندی سێ کە لەگەڵ ئەو ٢٢ پێشمەرگەیە هاتین، پێشتر لەکەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان بووین، (نادر مەجید ئامۆزامە ئەویش دایک وباوک وخۆشک وبراکانی ئەنفال بوون تەنها دووانیان ماون) ئەوانەی هاتبووینەوە بۆگەرمیان متەفەریقە بووین ئیتر هەبوو لەکەرتی شەش بوو هەبوو لەکەرتی سێ بوو ئیتر هەموومان هەریەکەو لەکەرتێکەوە هاتبوو،کە ئەوانی تریش هاتن کاک عوسمان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵماندا کرد، وتی ئەوە ئێستا قۆناغێکی تر بەڵام سەخت دەستپێدەکەین، ئەوە

40 ئەوەی جەمال باسی دەکات ناوچەی شوان نیە بەڵکو قەڵاسێوکەیە چونکە کانی بی ڕێک بەرانبەری گوندی گۆپتەپەیە کە دەکەوێتە ناوچەی قەڵاسێوکەوە نەک شوان و شێخ بزێنی .

ئێستا لێبوردنی گشتی هەیە، کێ دەڕواتەوە تەسلیم بێت با تەسلیم بێتەوە ئێمە بەخیانەت لەسەری حساب ناکەین، بەڵام خراپە نەکات و نەبێتە پیاوی ڕژێم . کێ دەیەوێت بڕوات بۆ ئێران بابڕوات بۆ ئێمە هاوکاری دەکەین، کێش دەمێنێتەوە لەگەڵ ئێمەدا ئەوا دەبێت خۆی بۆ ڕۆژگاری زۆر سەخت ئامادە بکات. کاک عوسمان وای گوت: ئێمە بڕیارمانداوە بەپارتی زانی دەمێنینەوەو تەسلیم نابینەوە، کێ دەیەوێ پارتیزان بێت لەگەڵماندا بابمێنێتەوە . ئیتر هەندێکیان وتیان دەڕۆین بۆ ئێران وهەندێکیشیان وتیان تسلیم دەبینەوە بەو شێوەیە بووینە سێ بەشەوە . کاک عوسمان گوتی هەرکامیان هەڵدەبژێرن دەڕۆن بۆ ئێران یان دەڕۆن تسلیم دەبنەوە یان بە پارتی زانی دەمێننەوە هەرپێشمەرگەی ئێمەن بەمەرجێک خیانەت نەکەن و شوێنەکانمان ئاشکرا نەکەن (مەبەست ئەو شوێنانە بوون کە پێشتر لێی بوون) بەئاسایی لەماڵی خۆتان دانشین. ئیتر من بڕیاری مانەوەم داو وتم ئەگەر یەک تاکە کەسیش نەمێنێت و هەمووی تسلیم ببێتەوە من بەتەنیا دەمێنمەوەو تەسلیم نابمەوە. کا عوسمان گوتی چی دەکەن ؟ وتم من ونادری ئامۆزام دەچین بۆ لای سەید جەوهەر کاک عوسمان جیهازی هەڵگرت ولەگەڵ سەید جەوهەر قسەی کردوتی ئەوە جەمال ونادر دێن بۆلای تۆ ئەویش وتی ئاگام لێیانە هاتوونەتە خوارەوە با سبەی بێن بۆ تاوسانە . لەوێ دێی تاوسانە هەیەوتی وەرن بۆئەوێ دوو پێشمەرگە دەنێرم بتانهێنێ بۆلای خۆم وتم باشە . جا من ونادر هەردوکمان مندال بووین حەمەی خولەسورە هەیە خەڵکی چوار شاخە وتی: کاک عوسمان ئەم دوو مندالە بۆکوێ دەنێری هەر گورگ دەیانخوا لەرێگا کاک عوسمان گوتی کاکە ئەوە دووسالە پێشمەرگەن . ئێمە کاک عوسمان و ئەوانمان جێهێشت وچووین بەرەو شوێنی دیاری کراو کە گوندی تاوسانە بوو، کە گەیشتین عەبدول خالق و شەهید جەلال جەبار چاوەڕوانیان دەکردین، لەگەڵ ئەوان ڕۆیشتین بۆلای کاک سەید جەوهەرو ئەوان، شەهید سەید جەوهەریش بەهەمان شێوەی کاک عوسمانی

حاجی مەحمود کۆبوونەوەی بە پێشمەرگەکان کرد(٢٤) کەس بوون پێی ڕاگەیاندن کەوا ئیتر قۆناغێکی سەخت دەست پێدەکات و ئێمە وەک پارتیزان دەمێنینەوە ئێوەش سێ ڕێگاتان لەبەردەمە هەمان ئەوەی کە لەلای کاک عوسمان پێمانڕاگەیەندرا لەلای کاک سەید جەوهەریش بیستمانەوە، بەهەرحاڵ ئەوانەی کەماینەوە تەنها ٨ کەس بووین . ئێمە ئەو هەشت کەسە دەستمان خستە سەردەستی یەکترو بڕیارماندا کە ئێمە برای یەکین و پەیمان دوبارە دەکەینەوە کە دەبێت ئەم شۆڕشە سەربخەین و پێکەوە لەم جەوەڵانە بمێنینەوەو یان شەهیدبوون یان سەرکەوتن. ئیتر دوای ئەوە دەستمان کرد بەکۆکردنەوەی زەخیرە و شاردنەوەی خواردن.

**بیورە پێشئەوەی بچیتە سەر ئەوباسە ئەگەر بکرێت ناوی ئەو هەشت کەسەم پێبڵێیت؟**

ئەوانەی ماینەوە بریتی بووین لە ( شەهید سەید جەوهەر، محەمەد چەوری، شەهید نادری ئامۆزام، شەهید جەلال جەبار، شەهید ئازاد عەبدوڵا بەرغش، شەهید ئاسۆ، موحسن لەکی و من).

**ئەوانەی باسترکردن پێدەچێت زۆربەیان شەهیدبوون ئەی چەندیان لەژیاندا ماون ؟**

ئێستا من و حەمە چەوری وموحسین لەژیاندا ماوین ئەوانەی تر هەموویان شەهید بوون .

**چەندیان لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوون ؟**

تەنها شەهید سەید جەوهەر، لەشەڕی ناوخۆدا لە چیای شەکرۆک شەهیدبوو، ئەوانەی تر هەموویان لە شەڕی نێوان پێشمەرگەو بەعسدا شەهیدبوون، شەهید نادری ئامۆزام لە ساڵی ١٩٩١ لە شەڕی ڕزگارکردنی دوز لە نزیک سایلۆکە شەهید بوو، شەهید ئازادو شەهید ئاسۆو شەهید جەلال جەبار لەساڵی ١٩٨٨ لە نزیک گۆبان لەڕۆژی ١٠/١٠/١٩٨٨ کۆپتەر شەهیدی کردن .

**ویستت باسی ئەوە بکەیت کەوا کەوتنە خۆکۆکردنەوەو خواردن و زەخیرە کۆکردنەوە ؟**

بەڵێ ئیتر بەرنامەمان داناو بووینە دوو مەفرەزەو کەوتینە کۆکردنەوەی خواردن و زەخیرەی ئەو گوندنیشینانەی وا گیرابوون و ماڵەکانیان

تەختکرابوو خۆیان ئەنفالکرا بوون، بەڵامماڵەکانیان نەمابوو، هەمووی تەختکرابوو ئێمە لەژێر دارو پەردوی خانووە روخاوەکاندا خواردنمان کۆدەکردەوەو دەمانبرد لەبن بەردو بنە کەڵۆز و شوێنی قایمدا دەمانشاردەوە. بۆئەوەی خواردنەکان پیس نەبن وخراپ نەبن دەمانخستنە ناو بەرمیلەوەو دەمانشاردنەوە. چەک و فیشەکی ئەو پێشمەرگانەی وا ڕۆیشتن تەسلیم بوونەوە یان ڕۆیشتن بۆ ئێران هەرچەندە زۆر بەیان تەسلیم بوونەوە ئەوانەشمان شاردەوە. ئێمە سودی ئەوەمان لە لێبوردنەکە بینی کەوا زانیمان لەماوەی ئەومانگەدا حکومەت دەرناچێ و جموجۆڵی نابێت، ئێمەش ماوەی یەک مانگ تەنها خەریکی کۆکردنەوەی خواردن و ئەشیای پێویست بووین.

**ئەوکاتە بەزۆری چیتان کۆ دەکردەوە ؟ چیتان دەست دەکەوت ئایا هیچ مابوو ؟**

هەموو شتێک بەڵام زیاتر خواردنمان کۆدەکردەوە، وەک شەکرو برنج و ئاردو هەرشتێک بۆ خواردن بشیایە،بەڵام ئێمە بەختێکمان هەبوو، خەڵک بەرلەوەی ئەنفال بگاتە سەریان زۆر شتی بەکەڵکیان وەک رایەخ و دۆشەک و زەخیرە و خواردنیان بردبووە دەرەوەی گوندەکانیان و لەبن کەڵۆزو شیودۆڵەکاندا شاردبوویانەوە ئێمە سودمان لەوە بینی . تۆ ڕاست دەکەی لەناو گوندەکاندا شتێکی ئەوتۆ نەمابوو چونکە حکومەت سێ هەڵمەتی کرد، یەکەمیان بۆڕوخاندنی ئەو لادیوارو بانانەی کە مابوون و بەتەواوی تەختی زەوی نەکرابوون[41]، هەڵمەتی دوومیان بۆ کۆکردنەوەی هەرچی شتێکی پێوست وبەکەڵک بوو، وەک کەرەسەی کشتوکاڵی تراکتۆر و عەرەبانەو گاسن و عەرەبانەی دەستی و پاچ وخاکەنازو هەرچیەک بەکەڵکی ژیان بهاتایە، تەنانەت قاپ ومەنجەڵ و هەمووشتێکیان دەپێچایەوە یان تەقەیان لێدەکردو کونیان دەکرد بۆ ئەوەی کەڵکی بەکارهێنانی نەمێنێ، هەڵمەتی سێ هەمیشیان بۆ گرتن وکۆکردنەوەی هەرچی ئاژەڵ بوو، کەرەکانیان دەکوشت و مانگا وهێستیرو ئەسپیشیان دەبرد. ئێمە ئەگەر پێشتر فریا نەکەوتینایەو ئەو پێداوستیانەمان کۆنەکردایەتەوە ئەوا هیچیان نەدەهێشت، وەک وتم، خەڵک هەندێک شتی بەکەڵکیان وەک فەرش وخواردن و پێداویستی بەکەڵک بردبووە جەوەڵەکان و لەبن کەڵۆزەکان بۆ تەنگانە شاردبوویانەوە چونکە خەڵک وای بۆ دەچوو هێرشێکەو تەواو دەبێت هەرگیز بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات هەموو خەڵک بگیرێ و بەکۆمەڵ بکوژرێت .

کە ماوەی لێبوردنەکە تەواو بوو، کاک عوسمان و شەهید سەید جەوهەرو سەید محەمەدو شەهید حەمەرەش کۆبوونەوە بریاریاندا چالاکیەک ئەنجامبدەین. دوایی گوتیان نا هەرمەفرەزەیەو لەئاست خۆیەوە چالاکیەک ئەنجامبدات،ئێمە هەر هەشت کەسەکەمان ڕۆیشتین دامان لە دوو ڕەبایە، لەڕاستیدا چالاکیەکانمان بۆ ئەوە نەبوو ڕەبایە بگرین و دەستکەوتمان هەبێت، هەربۆئەوە بوو خۆمان بسەلمێنین و بەحکومەت بڵێین پێشمەرگە ماوە، بۆسبەی ئێوارەکەی هەر هەشت کەسەکەمان بوو بنە دوو مەفرەزەو ڕۆیشتینە نزیک دوزخورماتوو، من بیکەیسی و ١٢٥٠ هەزارو دوو سەدو پەنجا فیشەکم هەڵگرت، لەگەڵ ئازادو کاک موحسن بووینە مەفرەزەیەک و سەید جەوهەریش ئاریبجی و کاک جەلال وحەمەچەوری و نادری ئامۆزام چەکەکانی خۆیان هەڵگرت و ئەوانیش بوونە مەفرەزەیەک، بەرلەوەی بڕۆین کاک سەید جەوهەر پێیگوتین چی

41 ئەم قسەیەی جەمال وارانی دەقاودەق لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی مێدڵ ئیست وۆچ دێتەوە کە لەبارەی هەواڵگری سەربازی نوسیویتی (ئەوان تەنها بە یەک جار ڕۆیشتن بۆ گوندەکان دانەدەکەوتن،و لە ناوەڕاستی ئابیشدا هێزەکان گەڕانەوە بۆ "سووتاندن،و ڕامالینی پاشماوەی هەر ماناو دەلالەتێکی ژیان" بڕوانە بروسکەی ژمارە 19442، 20 ی ئابی 1988، ئەمنی کەلار "نهێنی،و بە پەلە". فەرمانی "دابڕینی ناوچە قەدەغەکراوەکان لە زەوی کێڵان و داچاندنی،و سووتانیان" کەوا بە ڕاگەیاندنی مەکتەبی باکووری ژمارە 3821 لە 3 ی تەمووزی 1988 دا دەرکراوە. واتا چوار مانگ دوای پرۆسەی پاکتاوی گوندەکانی گەرمیان .

دەكەین، بە شەهید بورهان و ئەوانی گووت : من دوو
گولەی ئەربیجی دەنێم بەرەبایەی گردی گاورەوەو
ئێوەش یەكی یەک مەخزەن فیشەكی گرداریان پێوە
بنێن هەرئەوەندەو زیاترنا، بەمنی وت جەماڵ دەزانی
تۆچیم بۆ دەكەی ؟ وتم پێمبڵێ چیت بۆبكەم ؟ وتی
دەڕۆیتە سەرگردی خوێكە لەوێ تاوێرێک هەیە وتم
دەزانم كاتی خۆی لەبان ئەو گردە شەرم كردووە، لە
ڕۆژهەڵاتی دوز گردێک هەیە پێی دەڵێن گردی خوێكە
١٢٠ فیشەكم بۆبنێ بەرەبایەی جەیشی شەعبیەكەی
دوو زەوەو ئەوەی تریشی بە گردار بۆم بنێ بەسەر
سایلۆكەی دوزخورماتووەوە ؟ منیش ووتم بەسەرچاو
بەڵام سایلۆكە بۆچی ؟ وتی ئەمەیان بۆئەوەی خەڵک
بزانێ پێشمەرگە ماوە. ڕەبایەی جەیشی شەعبیەكە
كەوتبووە پشت ماڵ كاک جەلال ئامۆزای باوكمەوە
١٣٠٠ فیشەكم نابەو ڕەبایەوە ٢٠ فیشەكیان گردار
بوون، جەیش شەعبی هاواریان لێهەستاو دامانگرتنەوە،
ئەوەی تریشیم نا بەبان سایلۆكەی دوزخورماتووەوە.
لەوێ گڵۆپێكی سور هەبوو هی برجێک بوو، ڕێک
بەنزمی نام بەژێر ئەو گڵۆپەسورەی لای سایلۆكەوە،
كاک سەید جەوهەریش ٤ گولەی ئاربیجی نابوو
بەرەبایەكانەوەو برادەرەكانیشی یەكی یەک
مەخزەنیان پیوەنان ، هەموو چالاكیەكەمان پێنج دەقەی
نەخایاندو هاتینەوە.

**ئەمە ڕێک دوای لێبوردنە گشتیەكە ؟**

ئەمە ڕێک ئێوارەی ١٠/٧/٦ی ساڵی ١٩٨٨ بوو. ئیتر
دوای ئەوە حكومەت وروژا لە دەفتەری
بیرەوەرییەكانماندا نوسیومانەتەوە كەوا ماوەی ٤٢
ڕۆژ بەهیوا بووین یەک كاتژمێر ئاسمان بێ
كۆپتەربێت بەردەوام سوپا دەردەچوو، تۆپبارانی
ناوچەكانی دەكرد، بەشەو تۆپبارانی ئەو شوێنانەی
دەكرد، كەوا گومانی ئەوەیان دەكرد كە پێشمەرگە
خۆیانی تێدا بشارنەوە ئەوشوێنانەی لەسەر نەخشەی
سەربازی جێگیركرابوون لەوێی دەداو تۆپبارانی ئەو
شوێنانەی دەكرد كەوا ئێمە لێوەی تەقەمان كردبوو،
هەركە لە شەرەكە گەڕاینەوە لە نزیكی پەڵكانە بوو،
ڕێک ڕۆژی ١٩٨٨/١٠/٨ شەهید ئازاد بە شەهید
سەید جەوهەری گووت كاک سەید بۆچی نەچین
بۆلای مام فاروق مەڕدارن لەناوچەی كفری بەڵكو پێی
بڵێین برێک جلی زستانەو خواردنمان بۆ بهێنێ، وتی
جالەوە باشتر دەبێ ئەگەر بتوانن ئەوە بكەن زۆر
باشە. شەهید ئازاد وتی والله دەتوانین ئێمە دەچین
ئەوە بوو شەهید ئازادو شەهید ئاسۆو شەهید جەلال
جەبار هەرسێكیان وتیان ئێمە دەچین ئەو كارە
دەكەین، ئەوان لە ئێمە جیابوونەوەو ڕۆیشتن بەنیازی
ئەوەی مام فاروق ببینن بەڵام بەداخەوە ڕۆژی
١٩٨٨/١٠/١٠ كۆپتەر لەئاسمانەوە دەیانبینێت و
تەقەیان لێدەكات و هەرسێكیان شەهید بوون، لە نزیک
خور نەوەزان دار زەیتونێک هەیە، وتمان هەر
مەفرەزەیەک پێشتر گەیشتە ئەوێ نامەیەک بنوسێ و
بەتێپ بیپێچێ و بیكەنە پەڕۆیەكەوەو بەلكێكی
دارەكەیەوە بكات و نهێنی ناونیشانەكە بنوسێ لەچ
كەڵۆزێكن. ئیتر دەزانین كەوا ماون و گەیشتوونەتە
جێ و دەزانین لە چ كەڵۆزێكن. بۆهەر شوێنێک
نهێنیەكمان هەبوو، ئێمە ڕۆیشتین و ئەوان ڕۆیشتن،
بەڵام دوا موعیدمان ١٠/١٥ بوو، ئەوەی لەو
موعیدانەدا نەگەیشتایەتەوە جێ واتای ئەوە بوو یان
نەماوە یان توشی كێشەیەک بوون، دەبوو ئەو
شوێنانەشمان چۆڵكردایە كەلێی بوون. ئێمە هەتا ١٤ی
مانگیش هەر چاوەڕوان بووین هەر نەبوون، ١٥ مانگ
ئیتر وتمان تەواو، ئەوە بوو لە نێوان گۆبان و بەلەگەی
خوارو دیارە بەڕۆژ ڕێیان كردبوو كۆپتەر بینیبوونی
چووبوە سەریان و شەهیدی كردبوون،
تەرمەكانیشیان بردبوون بۆ مقر لیواكەی بان
جسرەكەی دووز لەوێ كردبوویانە ژێرخۆڵەوە، هەمان
ڕۆژ هەر ئەو كۆپتەرانە كاک ئازادی سەگرمەو
ئەوانیشیان دیبوو تەقەیان لێكردبوون، ئەوە بوو سێ
پێشمەرگە شەهیدبوون و سیانیش بریندار بوون
یەكێكیان كاک ئازاد بوو كە بەسەختی بریندار بوو،
شەهیدەكان شێركۆ جدی بوو لەگەڵ ساماڵ لەلای مام
ڕۆستەم بوو، لەگەڵ یەكێكی تر ئەویش هەرناوی
شێركۆ بوو. (لە پاشكۆدا بەكورتی باسی
برینداربوونی ئازادی سەگرمە بلاوكراوەتەوە ) ئەو

ڕۆژە مـن حەرەس بـووم کەکۆپتەرەکـان هـاتن لەلای کەرکوکەوە پێنج کۆپتەر بەئاسماندا هاتن و بەسەرمندا ڕۆیشـتن بەڵام لەلای گۆبـان و قولیجانەکـان ڕەمییـان دەکرد. ئێمە هەتا ئێوارە بە جیهاز زانیمان کەوا کـاک ئازادو ئاوان بریندداربوون و دوو پێشمەرگەش شەهید بوون، نەماندەزانی کەوا کاک ئازاد عەبدوڵا بەرغـوش و جەلال جەبـارو ئاسـۆ شـەهید بـوون، بەڵام شـەهید سـەید جەوهەرو حەمە چەوری بە سـوراخیانەوە ڕۆیشـتن، زۆر گەرابـوون بەڵام شـوێنەکەیانیان نەدۆزیبـووەوە، ئـێمەش مـن و موحسـن لەکـێ هەر گەراین هیچمـان نەدۆزیـیەوە ئیتـر ڕۆژگـارێکی زۆر ناخۆش و مەترسیدار بوو، ئێمە تەنها ئەو پێنج کەسە ماینەوە ئێمەش بووینە دوو مەفرەزە هەمـوو ڕۆژێـک کۆپتەر دەهات، لەهەر کوێ بووینایە ناوچەکە تۆپباران دەکرا، جەیش وجاش دەهـاتن و بەدوامـانەوە بـوون ئێمەش جگەلە خۆشاردنەوە هـیچ چارەیەکمـان نەبـوو، هەسـتمان کـرد شـتێک هەیە، تـۆمەس شـەپۆلی جیهازاکانمانیـان دۆزیـووەوە جیهـازی ئیستمکانیان هێنابووە بەرزاییەکان و بە دوری دوو کـم موجەکـانی ئاشکرا دەکـرد، ئـێمە شـەپۆلەکانی خۆمانمـان گـۆڕی ئینجـا بۆمـان دەرکەوت هۆکـارەکەی ئەوەیە. موجەکانمان گۆڕی و قسەکانمان کرد بەجفرەو کـاتی پەیوەندیەکانیشمان گۆڕی ئەم سێ هەنگاوە باش بوو کەمێـک لەمەیرسـی دورکەوتینـەوە. ئەوەی بـۆت دەگێرمەوە هەروا بەدەم ئاسانە دەیانجار لەناو تمشیت و کێومالـدا بەتەواوی لەمەرگ نزیـک بـووینەتەوە، وەزعمان زۆر خراپ بوو.

## یەکێک لەو حاڵەتە مەترسیدارانە پێوسیتە بیزانین چۆن بوو ؟

بۆنمونە ڕۆژێک لە نزیکی پەڵکانە تاوێرێـک هەبـوو ئێمە لەمەکەی ژێریمان لادابوو بۆ ڕۆژی تەنگانە چوینە ژێـر تاوێرەکە،تەنهـا جـێگەی خۆمـان دەبـووەوە، قومەکەمـان بەجۆرێـک هەڵـدابووەوە تەنها ئەوەنـدە نەفەس بـدات بـدات وەهەوا بێتـە ژورەوەو نەخنکێین، بەجۆرێکیش رویشتبووینە ژێری نەمان هێشت شـوێن پامـان دەربکەوێـت، بەسـەر تەوێـرەکەدا ڕۆیشـتینە ناوەوە، لەدەرەوە شوێن پامانیـان بینیبـوو دەیـانزانی لەم نـاوە بـووین بەڵام نەیانـدەزانی لەوێ مـاوین، سەرباز هاتبوونە سەر تاوێرەکەو ئـێمە لەژێـر پێیانـدا بووین من و عەلـی غائیـب و عوسـمان تلیشـانی ١٤ کاتژمێر لەژێر ئەو تـاوێرەدابووین بەبـێ نـان وئـاوو بەبـێ کـۆکین و بەبـێ جـوڵە. حکـومەتی عێـراقیش بەتەواوی هەراسـان بیـوو بـۆیە هەوڵـی دەدا بەهەر شێوەیەک بێـت ئەو پێشـمەرگانە لەنـاو بەرێـت بـۆیە هەمـوو هێـزی خـۆی خسـتبووە گەڕ، بەڵام نەیـدەدۆزینەوە. بەتـایبەتی لە مـانگی ١٠ و کۆتـایی مـانگی ١٢ فشـارێکی زۆری خستەسـەرمان پارتیزانەکـانی سـنوری شـوان و دۆڵـی جافـایەتی وشارباژێرو مەڵبەندی سێی دەرپەڕانـدەوە بـۆ ئێـران بەڵام نەیتـوانی ئەوانەی گەرمیـان دەربکـات ئـێمە لەگەرمیان ٣٣ پارتیزان هەرماینەوەو گەرمیانمان چـۆڵ نەکـرد. ئەگەر یـادەوەریم یـارمەیم بـدات وابـزانم لە ١٩٨٩/٢/٧ بوو کاک مەلا ئەحمەدو هاوڕێکانی کەوتنە بن هەرەسی شاخەوە لە ئەشکەوتی داری خلە، ئەوە بۆ ئـێمە ڕوداوێکـی زۆر نـاخۆش و بێچـارە بـوو، کە پێمانزانی زۆریش هەوڵماندا کەوا دەریان بکەین بەڵام هەموو هەوڵێک بەبێ ئامێر بێسود بـوو، سـەدان تەن خۆڵ وزیخ ڕامابووە بانیان و ئێمەش بەدەستی بەتـاڵ چیمـان پێـدەکرا.[42] کـاک عوسـمان و کـاک سـەید

---

42ڕوداوەکەی ئەشکەوتی داری خلە ڕۆژی ١٩ی شوباتی ١٩٨٩ بـوو، کەتیایـد ٧پێشـمەرگە کەوتـنە ژێـر هەرەسـی ئەشکەوتەکەوەو بواری دەرچونیان بۆنەمایەوەو هەمویـان شـەهید بـوون هەتـا سـاڵی ١٩٩١ دەرهێنـدرانەوەو لەشـاری کەلار بەخـاک سـپێردرانەوە. عوسـمانی حـاجی مەحمـود کە فەرمانـدەو پـارتیزانێکی دوای ئەنفـال بوو،قسـەکەی جەمـال وارانی پشتراست دەکاتەوەو لەیادەوەریەکانیدا بەم شێوەیە چیرۆکـی ڕوخـانی ئەشـکەوتی داری خـلە دەگێـڕێتەوە کە بەزنجیـرە لە مـاڵپەڕو ڕۆژنـامەی ئـاوێنە بڵاوکـراوەتەوە دەنوسـێت، "ڕۆژی ١٩٨٩/٢/١٩ کـاک سـەید محەمـەدو کـاک مـەلا ئەحمـەدو ٧ پێشـمەرگە لەئەشـکەوتەکە بـون، پـێش سـاتەوەختی ڕوخـانی ئەشـکەوتەکە، کـە کـاتژمێر ٥:٢٠-٥:٣٠ی سـەر لـەئێوارەی ١٩ لەسـەر ١٩٨٩/٢/٢٠ کـاک سـەید

جەوهەر لەگەڵ پێشمەرگەکان ڕۆیشتن بۆ ئەوەی ئەو گڵ وزیخەی هەرەسەکە لابدەن بەڵام بۆیان لانەدرا لەبەرئەوەی پێویستی بەشۆفڵ بوو.

ئەوە بۆئێمە کارەساتێکی زۆر ناخۆش بوو، هیچ دەسەڵاتێکیشمان نەبوو، دوو مانگ بوو جیهازە راکاڵەکەی لای شەهید حەمە رەش سوتا لەبەرئەوە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ سەرکردایەتیشدا نەما، هەتا لەناوشارەوە لەرێگەی کاک ئەبوو عەلییەوە جیهازێکی تریان بۆمان نارد.

**کاک جەمال ئەو جیهازانە پێویستیان بە شوێنی باش وئەنتێن نەبوو ؟**

نا شەهید حەمەرەش جیهازەکەی لەناو کونێک دانابوو شوێنەکەی زۆر بەرزبوو، جیهازی راکاڵ شەپۆلەکانی حەوت کیلۆمەتر بەرزدەبێتەوە ئینجا بڵاودەبێتەوە، لەکونەکەش دارێک هەبوو شەهید حەمەرەش ئەنتێنەکەی خستبووە ناودارێکەوە. جیهازی راکاڵ پێویستی بە ئەنتێنی زۆر بەرزنیە، ئەویش دوو جۆرن یەکێکیان نێودەوڵەتیە (عبرقاراتە) لەبەرئەوە ئێشمان بەو جیهازە دەڕۆیشت سەبارەت بەو جیهازە نێوانمان

محەمەدو کاک سۆران غازی، لەئەشکەوتەکە دەردەچن‌و دەچن بەجیهاز پەیوەندی لەگەڵ دەستەکانی تربکەن. (ئەوکاتە ٢4 کاتژمێر جارێک بەهۆی جیهازی بچوک وەکو تلفونکن و پی ئارٍ سی، سەر لە ئێواران یان شەوان پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتر دەکرد)". عوسمانی حاجی مەحمودیش ئەوە پشتراست دەکاتەوە کەوا "بۆ ڕۆژی دوەم واتە سەر لە ئێوارەی ١٩٨٩/٢/٢٠، لەکاتی پەیوەندیدا، کاک سەید محەمەد لەروداوەکە ئاگاداری کردین، هەریەکە لای خۆمانەوە بەڕێکەوتین‌و پاش نیوەڕۆی ١٩٨٩/٢/٢١ لەگەڵ شەهید حەمەڕەش وکاک شێخ کەریم گەیشتینە لای ئەشکەوتەکە، بەڵام بەهۆی ئەوسەدان تەن گڵ‌و خۆڵ و بەردەی بەسەر ئەشکەوتەکەدا داڕوخا بو، نەبونی هیچ جۆرە پێداویستیەک، دەسەوسان بوین، بۆیە نەماندەتوانی هەوڵی دەرهێنانی تەرمەکانیان بدەین، بەو شێوەیە مانەوە. هەتا دوای ڕاپەڕین لەڕۆژی ١٩٩١/١٠/٣١دا تەرمی شەهیدەکانمان دەرهێناو لە ڕۆژی ١٩٩١/١١/١دا لەمەراسیمێکی جەماوەری گەورەدا،هەرحەوتیان بەیەکەوە لەگۆڕستانی کەلاری کۆن نێژران". عومەر.

زۆر دورنەبوو ئێمە سەرکردایەتیمان لەقاسمە رەش و بلەکێ نزیکی شاری بانە بوو، ئەو جیهازە بەئاسانی دەگەیشت، تەنانەت من بە جیهازێکی بچوک لە خۆرنەوەزانەوە لەگەڵ سورێن قسەم دەکرد زۆر بەئاسانی چەندین جار لەگەڵ بەرزانی حەمەی مینا بەو جیهازە بچوکە قسەم کردووە.

**ئێوە پێداویستیەکانی جیهازەکانتان لەکوێ دابین دەکرد، بۆنمونە باتری و شەحن کردنەوەی لاکاتێکدا نەک کارەبا خواردنتان بە زەحمەت دەست دەکەوت ؟**

لەناو شارەوە دابین دەکران رێکخستنەکانی ناوشار دابینیان دەکرد، کاک عوسمان حاجی مەحمود پەیوەندی نێوان شاروپارتیزانەکانی رێکدەخست ولێی بەرپرسیار بوو، ئەبوعلی کفریش رۆڵێکی زۆر قارەمانانەی بینی، کاک شەهابی حاجی ئەحمەدیش هاوکاری دەکرد، هەرچەندە ئێمە ئەوکاتە نەمان دەناسی و نەماندەزانی کێن ئەوانەی هاوکاریمان دەکەن چونکە بۆمان نەبوو لەوە بپرسین. بەڵام هەقە ئەوەی ئەبوو علی وئەوان کردیان رێزێکی زۆریان لێبگیرێت، نازانم ئەوەی ئەوان کردیان بەچی پاداشت دەدرێتەوە ؟ ئەوانە موجازەفەیان بەخۆیان و بەبنەماڵەکانیانەوە کردهەقە هەرگیز لەبیر نەکرێت .

**بەڵام ئەوەی ئێوەش بەهەمان شێوە هەرموجازەفە بوو، بەخوێنی خۆتان و کەسوکارتان، لەڕاستیدا ئێوە قوربانیەکەتاندا، ئەوەتا تۆ خۆت ئێستا بە تەنیا ماویتەوە، تاقە کەسێک لە بنەماڵەکەتان نادری ئامۆزازات بوو ئەویش لە ڕاپەڕین شەهید بوو، با هەرلێرەوە ئەوەت لێ بپرسم تۆکەی زانیت کەوا هەموو کەسوکارت ئەنفالکراون ؟**

من زوو زانیم کەوا لەگەڵ ئەو خەڵکە گیراون، بەڵام بەڕاستی نەماندەزانی کەوا ئەنفال چیەو نیازی بەعس چیە، کاتێک لەمەڵبەندی سێ بووم، دوای ئەوەی ئەنفال لێرە کۆتایی هات، ڕۆیشتین و ماوەیەک لە مەڵبەندی سێ ماینەوە کابرایەک هات سواری ئەسپێکی سپی بوو، خەڵکی گەرمیان بوو بەڵام نازانم خەڵکی کفری بوویان هی دوز ئەویش بەدوای خەڵکدا دەگەڕا، ئەو پیاوە جەلالی حمەی فلامرزی ئامۆزای باوکمی دەناسی

بەلام نازانم ناوی چی بوو، ئەوەم لەبیر نەماوە تەنها ئەوەم بیرە کە بەسواری ئەسپێکەوە هاتبوو، بەدوای خەڵکدا دەگەڕا، پرسیارمان لێکرد کەوا دەنگ وباسی گەرمیان چییەو کێ دەناسی وکێ گیراوە ئەو پیاوە وتی خزمەکانی ماڵی جەلال هەموویان گیراون. ئیتر لەوێ زانیم هەموو ماڵەوەمان هەموویان گیراون. ساڵی ١٩٩٠ برێک شوان هەبوون لەدەوری دوز ماڵی عەلی خەمەو بلە خەسار نامەیەکم پێدا ناردن بۆ خزمەکانم کە لەناو دوزخورماتوو نیشتەجێ بوون.پرسیاری دایکم وباوکم وخوشک وبراکانم کردبوو، وەڵامی نامەکەیان بۆ ناردمەوەو وتبوویان هەموویان گیراون، تەنها دادام دەرچووە دایکی باوکم لەگەڵ دوو میمکم یەکێکیان لەدوزبوو هەر نەگیرابوو، ئەوی تریان گیرابوو لە نوگرەسەلمان زیندانی بووەو دوایی ئازاد بوو. هەواڵی ئەوەشیان ناردبوو کەوا ئامین خێزانەکەی مامەم تاهیرو کوڕێکی ناوی محەمەدە و دوو کچی شیرین و لەیلا ماون، ئەوانیش ئەنفالکرابوون و دوایی لە تکریت یان لە نوگرەسەلمان بەربیوون،ئیتر هەرئەوکاتە تێگەیشتم کەهەموو شتێک تەواو بووە.

**بیورە ئەوکاتە ویستت باسی ناخۆشیەکانی ژیانی پارتی زانیت بکەیت رامگرتیت بەهیوام بیرت بکەویتەوە ئەو ناخۆشییە تایبەتیە چی بوو ؟**

بەڵێ ئەوە ویستم بەسەرهاتێکی خۆم بکەم، کە زارووەیک چۆن لێم بووە بەلا، مانگی شەشی ساڵی ١٩٨٩ بوو ویستم بچم بۆلای مەفرەزەکەی ئەحمەدی حاجی رەشید، ئەویش پیاوێکی قارەمان بوو، لەلای کاک عوسمان و ئەوان بوو، ئەوان لە تورکە بوون من لە باوێرانەوە بەرێکەوتم بچم بۆلایان، زەمزەمیەکەم یەک قەترە ئاوی تێدا نەبوو لە بەرزیەکەوە بینیم لە چەمێکدا مانگەشەو بوو لەو چەمەدا مانگەکە دەدرەوشایەوە منیش ڕۆیشتم بۆلای و یەکسەر دەمم نابەکانیەکەوەو ئاوم خواردەوە، لەو ئاو خواردنەوەیەدا زارویەک[43] چووە قورگمەوە توشی نەخۆشی کردم وتوشی نەخۆشی مەلاریای کردم، ئەو زارووە گەورە بوو، یەک مانگی رێک من دەمردم زیندوو دەبوومەوە کەلەرزم دەهات هەرچی باتانی برادەرەکانم بوو پێیاندا دەدام بێ سود بوو، لەماوەی ئەو مانگەدا بەهەمووی چوار نانم نەخوارد لەبەرئەوەی نەدەڕۆیشتە خوارەوە زارووەکە بەری قورگمی گرتبوو، لەناو قورگمدا گەورەببوو بەری قورگمی گرتبوو، تەنانەت ئاوچیە نەدەچووە خوارەوە، ڕۆژ بەڕۆژ لاواز دەبووم ولەمردن نزیک دەبوومەوە، بەهەزار حاڵ ئاوم بۆ دەخورایەوە کەچی کە عارەقم دەکرد هەموو گیانم دەبوو بەئاو.عەبدولاش عەبە قەیتولی ئەویش توشی دەردەکەی من بوو، شەهید نادری ئامۆزام گرتی هەرچەندە ئەوان زووتر چاک بوونەوە بەلام من حاڵم بەدەست زارووەکەی ناو قورگمەوە زۆر خراپ بوو، هیچ دکتۆرێک نەبوو دەرمانی حاڵم بکات، بەو حاڵەوە بەمەینەتی و دەردی سەری مابوومەوەو هاورێکانیشم هێچیان لەدەست نەدەهات بۆم بکەن، کاک سەید جەوهەرو ئەوان ڕۆیشتن کاک مەحمودو مەفرەزەیەک هاتبوون بەدلیان بکەن، سەید جەهەر وتی باعەبدولاو جەمال بمێننەوە لەبەرئەوەی نەخۆشن و ناتوانن ئەوهەموو رێگایە ببڕن و بەرێدا بڕۆن، کە کاک مەحمود سەنگاوی و ئەوانیش هاتن بمانگۆڕن، کاک مەحمود وتی ئەو کورانە چیانە؟ وتیان نەخۆشن وتی : ئێباشە ئێمە دکتۆرمان لەگەڵ خۆمان هێناوە، هەواڵێکی خۆش بوو بۆ من کە دکتۆر هاوڕییان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، بەلام هەرلەگەڵ مەفرەزەکەیاندا حەمە ئێرانیەکیان لەگەڵدا بوو کۆمەڵێک دەرزی ودەرمانی پێبوو، ئێمە هیچ هێچمان پێنەبوو، حەمە ئێرانی هەرجارناجارێک دەیگوت ئەم دەرزیە باشە وای دەکرد دەرزیەکی لێم دەدا، هەتا دکتۆر هاوڕێ گەیشتە لای ئێمە حەمە ئێرانی ڕەنگە ٢٠ دەرزی لێمدابێت، کاتێک

43 زارو لە هەندێک شوێن پێی دەڵێن زەرو ئەوە مێروویەکی ئاویە کە بەلەشی مرۆڤەوە دەنوسی لێی نابێتەوە و خوێنەکەی دەمژێت . بەعەرەبیی پێیدەڵێن علیق .

دکتۆر هاوڕێ هات وتم تۆ دکتۆری ؟ وتی : بەڵێ وتم کاکە فریامکەوە حاڵم زۆر خراپەو حەمە ئێرانی کوشتوومی، وتی بۆچی ؟ وتم بەخوا ٢٠ دەرزی لێمداوە، دکتۆر هاوڕێ وتی : جاچۆن شتی وادەبێت ؟ بۆرێگەتان داوە، سەیری ناوچاوم و روخساری کردم وتی کاکە تۆ مەلاریات گرتووە، بە عەبدولاش بەهەمان شێوە، هەریەکێکمان دە دەنک حەبی داپێمان، سەیرم کرد باش بووم و عەبدولا قەیتولیش باش بوو، ئیتر کەمێک بوژاینەوە، چونکە ئەو دکتۆر بوو، خۆی دکتۆر نەبوو بەڵکو معاون طبی بوو، پێیاندەگوت (دکتۆر) بۆیە لێی دەزانی، بڕوابکە بەشەوو ڕۆژێک فەرقم کرد، بەڵام زۆر بێهێز ببووم، وابزانم وێنەیەکی ئەوکاتەم ماوە زۆر لاواز ببووم و دەمووچاوم قوپابوو، ئیتر کە بوژامەوەو هێزم هاتەوە بەر دڵخۆش بوو وتم ئەمجارەش نامرم، بەڵام زارووەکە هەرلە قورگمدا مابوو، شەهید حەمە ئاخە، وتی : جەمال ئەم زارووە دەزانی بەچی لەکۆڵت دەبێتەوە ؟ وتم: نا وتی شەو ڕۆژێک ئاومەخۆرەوە هەتا قورگت بەتەواوی وشک دەبێت، منیش بەقسەیم کرد، شەوڕۆژێکی تەواو ئاوم نەخواردەوە، شەوێک خەوتبووم زارووەکە هاتە ناودەممەوە، هەرچەندەم دەکرد لەناودەممدا بۆ دەرنەدەهات، حەمە ئاخەو ئەوان وتیان ئەوە چییە ؟ وتم زارووەکە وا لەناو دەممدایە بۆم نایەتە دەرەوە وتیان دەستبکە بەخۆڵەکداو بیگرە، دەستم کرد بەخۆڵەکەداو گرتم و رامکێشا بروا بکە بەقەت پەنجە توتەم دەبوو، بەقەد پەنجەم درێژبوو هەر بەچکەمارێک بوو بۆخۆی، بەڵام لەگەڵیدا خوێن لە دەممدا دەهاتە دەرەوە خۆی خوێن دەمژێ ئیتر هاوڕێکانم ئاویان هێنا کردیانە دەموو چاومدا توکی سەرم گیڤ ببووەوە، بەهەر چۆنێک بێت لەو بەڵایەش نەجاتم بوو. بەڵام دوای هەفتەیەک ئینجا توانیم ڕێبکەم و گورجەوە بووم، سەید جەوهەرو ئەوان ڕۆیشتبوون وتاقم وتفەنگەکەمیان بردبوو. شەهید فازیلی برای شێخ کەریم بردبووی، ئەوان ڕۆیشتن بۆ ئێران،چونکە سەید جەوهەرو شێخ کەریم و مەفرەزەکەی سەرەی گۆڕینیان بوو ڕۆیشتبوون، بەڵام من و عەبدولا قەیتولی مابووینەوە، ئیتر شەهید حەمەرەش هات لەگەڵ ئەودا منیش ڕۆیشتم بۆ ئێران. چوینە بلەکێ ئەوە گوندێکی سەرسنورەو لەناوچەی بانەیە، بانە شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، بەرلەوەی بگەین مەفرەزەیەک هاتبوون بیرمە کاک بەرزانی حەمەی مینابوو لەیەکەم ڕەبایەی پاسدارەکان چاوەروانی دەکردین، ئێمەش ماندوو بووین بە حەوت شەو لەگەرمیانەوە گەیشتینە بلەکێ،ئەوکاتە بارەگای مەلبەندی دوو لەبلەکێ بوو، مەڵبەندی یەک لە دزلێ بوو، ئەویش لەلای شاری مەریوانەوەیەو سەرکردایەتیش لەقاسمە رەش بوو. مەلبەندی سێ لەدەوربەرێ زەڵێ بوو. نۆکان وزەڵێ هەر بەدەست خۆمانەوە مابووەوە هەتا کۆتایی حکومەتی بەعس نەیتوانی بیگرێت. بەهەر حاڵ کەگەیشتینە بلەکێ ئێمە حەڤدە مانگ بوو ئاوەدانیمان نەدیبوو، وەک کێویمان لێهاتبوو، دەمێک بوو گوێمان لەدەنگی هەندێک شت نەبیبوو وەک دەنگی کەڵەشێرو دەنگی سەگ و زەرەی کەرو ئاخر بائەوەش بڵێم ئێمە نەماندەهێشت کەرەکەمان بزەرێنێ هەندێک جار دەمیمان دەبەست ئەمە ئەگەر کێوماڵ ببوایە بۆئەوەی ئاشکرا نەبین، ناچاردەبووین دەمی کەرەکە ببەستین، جاری وش هەبوو چوارپەلیمان دەبەست بۆ ئەوەی نەجوڵێ، کەچووینە ناو گوندەکەوە بەپێ ڕۆیشتین چونکە ڕەبایەکانی ئێران سەیارەیان نەبوو بمانبەنە خوارەوە، دەمەوبەیان بوو کەچووینە ناو ئاواییەکەوە ئیتر کە گوێمان لە دەنگی بزن وکەڵەشێرو زۆر بەلامانەوە خۆش بوو، جا کە گوێمان لەدەنگی زەڕەی کەربوو دەی زەراند هەموومان پێکەوە دەمانگوت ئەی گیان ئەی گیان، کەچووینە ناو گوندەکەوە خزمەتێکی باشیان کردین، حەیونیان بۆ سەربڕین و نانیان بۆدانایین، لەبەرئەوەی دەمێک بوو خواردنی باشمان نەخواردبوو، گەدەمان بچوک ببووە، شەهید حەمەڕەش لەوماڵە ماستی زۆر خوارد، توشی نەخۆشی بوو، بردیان بۆ خەستەخانە لە شاری بانە، کەبۆبەیانی هێنایانەوە وتی دکتۆرەکە وتوویەتی فریای ئەو جەماعەتە بکە کەوەک تۆن ئەوە ئێوە لەکوێوە هاتوون،

ئێوە مەعیدەتان نەماوە هێندە بچوک بووەتەوە توانای خواردنی زۆرتان نەماوە، فریای هاورێکانت بکەوە بازۆر نەخۆن هەتا کەمێک گەدەیان ئاسایی دەبێتەوە .

**ئێوە تەنها بۆ پشوودان دەچوون بۆ ئێران یان کاری سیاسیشتان هەبوو ؟**

بۆهەردوکویان، هەم بۆئەوەی مەفرەزەکانی تربێن وشوێنمان بگرنەوەو هێندە لە ئۆردوگاکان وبارەگاکانی ئێراندا نەمێننەوە، هەم بۆئەوەی ئێمەش پشوویەک بدەین و ئەگەر کاری دکتۆرو تەندروستیشمان هەبێت بیکەین، بەڵام وەک وتم چۆن پشوویەک ئێمە ماوەی حەفدە مانگ لەگەرمیان بووین، بە خراپترین خواردن و لەخراپترین شوێنی حەوانەوەدا گوزەراندبوومان. دەبوو بەلای کەمەوە حەوت شەو بەرێگاوە بین هەتا دەگەیشتینە ئێران، تەنانەت هاورێ وهاوسەنگەرەکانی خۆمان نەیاندەناسینەوە کە دەهاتن و لەروخسارمانیان هەڵدەروانی دەیانگوت ئەوە ئێوە ماون ؟ یان دەیانگوت ئەوە بۆ واتان لێهاتووە خۆ لەبەشەر ناچن . ئیتر ئێمە لەوێ نەماینەوە ناردیانین بۆ مەلبەندی یەک مەڵبەندی خۆمان لەدزلی لای شاری مەریوان، بائەوەش بلێم باش بوو لێرە بیرم کەوتەوە هاورێ وهاوسەنگەرەکانم وایانزانی بوو من شەهید بووم، چونکە ئەوکاتەی کوێتەر شەهید ئازادو ئاسۆو کاجەلالیان شەهید کردبوو ئیزاعەکەی خۆمان ناوی منی بەشەهید خوێندبووەوە، بەلام شەهیدەکە کاک جەلال جەبار بوو، هەرچەندە من کردمە هەواڵ وناردم بۆ ئیزاعە بەلام ئەوان هەر راستیان نەکردەوەو ناوم هەر بەشەهید بلاوکرایەوە. ئەوکاتە لەرێبازی نوێش هەروا ناوم بەشەهید بلاوبووە، زۆریش هەوڵمدا ئەو هەڵەیە راست بکرێتەوە بەلام راست نەکرایەوەو منیش وازم هێنا، دەنا راستیەکەی هەر لەبەر شەهید جەلال دەبوو ئەو هەڵەیە راست بکەنەوە چونکە ئەوە چەندە مافی من بوو دوو هێندە مافی ئەو بوو، وەک شەهیدێک، بەلام نەکرا . ئیتر ماوەیەک لەوێ لەبارەگاکانی دزلی ماینەوە شوێنی پشودانیان بۆ دابین کردین، مام جەلال هاتە دزلی سەردانی کردین، هەندێک پارەی بۆمان خەرج کرد بیرمە بری ٢٧٠ دیناریان بۆهەر یەکێکمان خەرج کرد وتیان با کەمێک ببوژێنەوە، ئێمە ئەوکاتە مانگی ٦٢ دینار موچەمان بوو، ئەوەی ژن ومندالی هەبوایە ١٢٠ دیناری سوێسری هەبوو، بەلام ئێمە پارەمان چی لێبکردایە خۆهیچ نەبوو هەتا بیکرین لەو چۆڵەوانیەی گەرمیان، بۆیە خۆمان لە ئێران جلوبەرگی تازمان کری وخۆمان پۆشتەکردەوە. ئیتر هەرلەو سەفەرەماندا بۆ ئێران جووە دوو دەورەوە لەمازندەران و گەیلان غەرب لەپێشەوە باسم کرد، کەوا فارسیم نەدەزانی لەوێ فێری فارسیش بووم . من هەرلەو دوو خولەوە کە بەشداریم کرد ئارەزووم دەکرد ببمە ئەفسەرو سەربازێکی پلەدارو جەنگاوەرێکی زانستی، ئارەزووم دەکرد کورد ئازاد بێت ومنیش تیایدا ئەفسەر بم. کەدەورەکەمان تەواو بوو ئیدی پشووەکەشمان تەواو بوو دەبوو ئیتر بگەرێینەوە بۆ گەرمیان و دەبوو مەفرەزەکانی تر بگۆرین و شوێنیان بگرینەوە،بەلام کاک نەوشیروان داوای کردبوو بمانبینێ وتبووی دەمەوێ پارتیزانەکان ببینم، ئەو بارەگاکەی لە قاسمە رەش بوو، ئێمەش چووین بۆلای، یەک رۆژی تەواو کۆبوونەوەی لەگەڵدا کردین، کە گەیشتین، کاتژمێر ٨ی بەیانی کۆبوونەوەی لەگەڵماندا کرد بۆ دووی پاش نیوەرۆ دوای پشوویەک کۆبوونەوەکە دەستی پێکردەوە هەتا ٨ی شەو.

**کۆبوونەوەکەتان لەبارەی چیەوە بوو ؟ گرنگترین خاڵ کەبەلای تۆوە گرنگ بوو چی بوو ؟**

پرسیارو وەلام و قسەکردنلەسەر وەزعی پارتیزانی، چی بکەین باشەو چی لەم کاتەدا خراپە،هەرلەوێدا بریاریکیاندا ئەوە زۆرگرنگ بوو، کەوا سەرکردایەتیەک لەناوشاردا دروست بکرێت بۆئەوەی ئەگەر هات وئەم سەرکردایەتیە عەلەنیە بگیرێن شۆرشەکە کۆتایی نەیات و جارێکی ترئاشبەتاڵ نەبێتەوە، هەرئەو سەرکردایەتیەی ناوشاریش پەیوەندی کردن وهاوکاری کردنی پارتیزانەکان بگرێتە ئەستۆ، ئەو بیرۆکەیەم زۆر بەلاوە گرنگ بوو، ئەوە بیرۆکەی ئەوسای یەکێتی بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا بریاردرا ئەمە بکرێت . بەلام کاک

نەوشیروان ئەوەشی خستە راپرسیەوە وتی : بەڕای ئێوە ئەوە باشە بیکەین ؟ هەموومان بەیەک دەنگ وتمان باشەو ئەوە ڕای ئێمەشە . ئەویش وتی گرنگە هەموومان پێکەوە یەک ڕابین. ئیتر سەرکردایەتی ناوشاریش دانراو جیهازەکانمان ئیتر تەنها بوونە هۆکاری پەیوەندی وئاگاداربوون لەیەکتری دەنا ئیتر کاروبارو پێداویستیەکانمان لەشارەکانەوە رایی ودابین دەکران.  ئیتر دوای کۆبوونەوەکە گەڕاینەوە لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٩ بوو هاتبووین و لەکۆتایی مانگی ٧ی ساڵی ١٩٩٠ دوبارە گەڕاینەوە بۆگەرمیان . ١٣ی تەموزی ساڵی ١٩٩٠ لەبلەکێ کەوتینە ڕێ، دنیا زۆر گەرم بوو، ئیتر تەموز خۆت دەیزانی چ دۆزەخێکە بەتایبەتی گەرمیان، دوو مێک زەمینی بووین هێنایانینە بن شاخی بلەکێ و دابەزین و بەپێ کەوتینە ڕێ، لەو سەفەرەماندا دکتۆر ئاتێلا لەگەڵماندا هاتەوە، هەڵبەت خۆتان ئاگاداری چیرۆک وفیلمەکەی دکتۆر ئاتیلان ومن لێرەدا کاتم نیە باسی بکەم . کۆڵەپشتەکانمان زۆر قورس بوون لە ئێران جۆرێک خوارنیان داپێمان زۆر تایبەت بوو، ئەوان پێیان دەگوت (جیرە جەنگی) وەک قاوە وابوو تیکەڵەیەک بوو لە خواردنی جۆراوجۆر هەنگوین وزۆرشتی تری تێدابوو، ڕاستیەکەی بەلای ئێمەوە زۆر سەیر بوو، خواردنی یەک دانە لەو جیرە جەنگیە بەرگەی هەشت کاتژمێر برسێتی دەگرت، یەک دانەت بخواردایە ٨ سەعات برسیمان نەدەبوو. ئەوە دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ ئێمە. خۆشمان داهێنانێکمان کردبوو بە زۆری من و حەمەچەوری ئەوەمان دەکرد لیمۆندۆزی وشەکرمان تێکەڵاودەکردو لەناو ئاودا دەمانتوانەوە هەڵمان دەقوراندو دەمانخواردەوە بڕوا بکە ئەگەر زۆر برسیمان بوایە وزەی سێ سەعات ڕێگای پێدەداین . ئەوەش لەکاتی پارتی زانیەکەماندا زۆر بەکەڵکمان هات، لەڕاستیدا ئێمە لە ڕوی خواردن و خواردنەوەوە حاڵمان زۆر خراپ بوو.

**ئێوە، ڕێپیشاندەرتان هەبوو یان خۆتان شارەزای ڕێگا بوون ؟ چۆنکە ئێوەی گەرمیان لە چیا زۆر شارەزانەبوون ؟**

ئەوە ڕاستە بەڵام چاوساغ و ڕێپیشاندەریشمان هەبوو، ئەوانەش هەر دەبوو پێشمەرگە و بڕوا پێکراوی خۆمان بن نەک خەڵکی مەدەنی، ئەو سەفەرە (عەبەرەق و کەماڵە خرە و حەمە سیاسی)[44] هەم بۆ ڕێگاکەمان وهەم بۆ ئەڵغامیش. وردە وردە هاتین هەتا گەیشتینە چیای (کەتوو)[45]، گەرمایە دنیا وەک دۆزەخ داگیرسابوو، سەعات ١ی پاش نیوەڕبوو لەوێ سەید جەوهەر بەمنی گوت جەمال ئەگەر دەلیلەکان لێرەوە ئیزن بدەین و بگەڕینەوە بۆ بلەکێ، تۆ شارەزای ڕێگاکەیت بگەڕێینەوە بۆ گەرمیان؟ وتم بەڵێ دەتوانم، وتی ئەوان دەبێت هەتا قەرەداغ لەگەڵماندا بێن، بەلاّم بەم گەرمایە گوناحن، ئەگەر خۆمان شارەزابین بۆچی ئەزیەتیان بدەین ؟ وتم بەڵێ من دەتوانم، من وکاک سەید جەوهەرو حەمەڕەشید توکنی وغائیب پێشمەرگەی کۆنی پارتیزانی گەرمیان بووین، ئەوانی تر هەرچەندە پێشمەرگەی کۆن بوون بەلاّم تازە دەهاتنەوە بۆ گەرمیان، ئیتر ئەوانمان ئیزنداو کاک جەوهەر بەمەفرەزەکەی گووت ئێمە دەڕۆین بەرەو پوشین لەوێ بەجیهاز پەیوەندی بەکاک عوسمان و ئەوانەوە دەکەین و ئێوەش بەبناری چیاکەدا وەرن بۆ پوشین، ئیتر من و کاک سەید جەوهەر بەرەو پوشێن بەڕێکەوتین، بێچگەلەوەی کەدەبوو بەترس و وریاییەوە بڕۆین گەرماکەش تەواو ماندوو شپرزەی کردبووین، من دوو مەتارەی سەربازی ئاوم هەڵگرتبوو، بەلاّم ئەو یەک مەتارە ئاوی پێ بوو، ڕیگاکەشمان دورەو ئاومان زۆر کەم پێ مابوو، دوو زەمزەمی ئاو بەشی چی دەکات لەو ڕێگا دورەو لەو گەرمایە، لەهەمووی ناخۆشتر چیاکە سوتابوو کەبەناویدا دەڕۆیشتین ئەو ڕەشی وتۆزە

44 عەبەرەق و کەماڵە خرە هیچیان لە ژیاندا نەماون، عەبەرەق ساڵی ٢٠١٥ کۆچی دوایی کردو کەماڵە خرەش کە خەڵکی پێنجوێن بوو ساڵانێک بووە ئەندامی یەکەکەو پایزی ساڵی ٢٠١٦ لەپێنجوێن تیرۆرکرا.

45 چیای کەتوو دەکەوێتە سنوری شارباژێر

هەڵدەستایەوەو خۆی دەکوتایە ناو دەمولوت وچاومانەوە، دنیا گەرم دەتگوت ئاگر دەباریێ، بەو تۆزی ڕەشیەی پوشە سووتاوەکە، هەموو گیانمان ڕەش ببوو،تەنها ددابمان سپی مابوو، لەهەوڵدا بووین سەرکەوینە سەرچیا، لەنیوەدا کاک جەوهەر پەکی کەوت، وتی من تەواو، وتی ناتوانم سەرکەوم با لەبنارەوە بڕۆین، ئەی چارە بیرم کردەوە کە کانیەک لەم ناوەدا هەیە، هەرچەندە جموجۆل ئاسان نەبوو، نەدەبوو بەهەموو شوێنێکدا بڕۆین وبۆ هەموو شوێنێک بڕۆین، بەڵام لەسەفەری پێشوماندا ئەوکانیەم بینی بوو، وتم من دەچم ئاو پەیدا دەکەم، کەمێکی تر ڕۆیشتین کاک جەوهەر دیسان دایەوە لەزەوی وپەکی کەوت، یەک قەترە ئاومان پێنەمابوو، وتم بە کاک جەوهەر هەرچۆنێک بێت لەبن ئەو دارەدا دابنیشێت، دارێک هەبوو هەرچەندە ئەویش سوتابوو، بەڵام کەمێک گەڵای پێوە مابوو، کاک جەوهەر لەبن دارەکە دانیشت و بەبێتاقەتیەوە وتی : ئەتوانیت ئاوپەیدا بکەیت؟ وتم ئا دەتوانم کۆڵەپەشتەکەم و تاقمەکەشم دانا، ئەوم بەجێهێشتوو، خۆم ڕۆیشتم بۆ دۆزینەوەی کانیەکە، باش بوو دوای کەمێک گەڕان لەو ناوەدا کانیەکەم دۆزییەوە، بەڵام یەک تۆز ئاوی پێدا دەهات، بۆرییەکیان بۆ دانابوو، ئەی خوا پارەکە ئەم کانیە ئاوێکی زۆر باشی هەبوو ! ئەی ئێستا بۆ لەبەختەکەی ئێمە ئاوای لێهات ؟! سەیرم کرد لەدەمی بۆرییەکە مارێکی ئەستور بەری ئاوەکەی گرتووەو چووەتە ناو بۆرییەکەوەو دەمی گرتووە،ئەی ئێستا من چی بکەم ؟ خۆ ناشتوانم تەقەی لێبکەم ؟! مارەکە ڕێک چووبووە ناو بۆرییەکەوە بەقەد مەچەکی خۆم قەوی بوو، ئێستا من چی بکەم ؟ ناچار گەرامە دواوە ئەی خۆ ناشکرێ لە تینوا بخنکێین ! ئەمجارە دوسێ بەردم هەڵگرت دام لە بۆرییەکە، باش بوومارەکە کشا بۆ ناوەوە لەبۆریەکە دەرچوو، کانیەکە دیاربوو پشتی کارێزبوو ئیتر ئەو چووە ناو کارێزەکەوەو ئاوەکەش کەمێک زیادی کرد، زۆریش نا بەڵام زیاتر بوو، ئینجا دودڵ بووم لەوەی نەکا ژەهری کردبێتە ئاوەکەوە، ئەی چارە چییە ؟! زەمزەمیەکیانم خستە بەردەم بۆریەکە هێشتا نیوە بوو، هەڵمگرت و کردمە بان سەرمدا ، ئەوەی تریشم خستە بەر بۆریەکە ئەویشم هێنا دەمووچاوم پێی شۆری، هێشتا ئاوم لێی نەخواردبووەوە بەڵام چی بکەم، وتم دەی چی دەبێت بابێت، نیوەی زەمزەمیەکم پڕکردو نام بەدەمەوەو خواردمەوە، ناچاربووم، هەردەبوو بمخواردایەتەوە ئینجا هەردوو زەمزەمیەکەم پڕکردو بەڕاکردن گەرامەوە بۆ لای کاک جەوهەر، هەتا گەیشتمەوە لای کاک جەوهەر نیوزەمزەمی ترم ئاو خواردەوە، ئیتر زەمزەمیەکیانم پێدا و بەو حاڵە ئاوم پێگەیاند، ئەویش ئاوی خواردەوەو هاتین، کەهاتینەوە سەرکانیەکە چیرۆکی خۆمم بۆگێڕایەوەو پێمگوت جی ڕویداوە، دیسانەوە زەمزەمیەکانمان پڕکردەوەو دەمووچاومان شۆردو کەوتینەوە ڕێگاو ڕۆیشتین، چووین بۆ ناو پوشین، مزگەوتەکەی حەوزو ئاوێکی زۆر خۆش وساردی تێدابوو، تەنها کۆڵەپشت و تاقمەکانمان فرێداو بەجلەوە خۆمانمان تێ فرێدا ، هەتا ئەوان گەیشتنە لامان ئێمە خۆمان شۆردو خۆمانمان فێنک کردبووەوە، نزیکەی ٦ی ئێوارە بوو مەفرەزەکەمان ئەوانی تر گەیشتنە لامان، هێشتا ڕۆژی مابوو، چونکە هاوینان درەنگ خۆر ئاوا دەبێت، کاک جەوهەر وتی ئێمە دەڕۆینە سەرەوە بۆئەوەی سەیری ڕێگای قەڵاچوالان عەربەت و سلێمانی عەربەت بکەین، بۆئەوەی بزانین لەکوێوە بڕۆین باشەو بزانین لەکوێ جەیش و ڕەبایەی لێ نیە، بۆئەوەی بەشەو لێیەوە دەرچین هەتا ئێمە ئیش خۆمان تەواو دەکەین ئێوەش دوای سەعاتێکی تر بکەونە ڕێ بۆ هەشت سەردەکەونە سەرەوەو دەگەنە لای ئێمە، ئێمە ڕۆیشتین بەرەو سەرەوە بەڵام هەتا گەیشتینە سەرشاخ، کاک جەوهەر زەمزەمیە ئاوی خۆی خواردەوە، منیش زەمزەمیەکم خواردەوە تەنها یەک زەمزەمی ئاوم پێما ، ئەو ڕێگا دورەو ئەو بێ ئاوییە گرفتە،شەویش هەرچەندە کەمێک فێنکترو باشترە بەڵام هەر گەرم و گڕەیەو ئێمەش ڕێدەکەین و پێویستمان بە ئاوە، بەڵام ئەوانەی سەریش دەکەون تەنها یەکی دوو زەمزەمی ئاویان پێیە، کەهاتنە بان ئەوانیش یەکی زەزەمیەک ئاویان خواردبووەوە بۆیە ئاوێکی کەممان پێ مایەوە، هاتن و

ئێمە دیسان من وکاک جەوهەر کەوتینە پێشەوەو بەرەو خوار بووینەوە بۆسەر جادەکەی نێوان عەربەت قەڵاچوالان. ئیتر من گەرامەوە جەماعەتم بردو هەتا هەموو جەماعەتمان لە جادەکە پەڕاندەوە ئینجا بەرێکەوتین بەرەو چیا دیسان شۆڕبوونەوە بۆسەرجادەی سلێمانی عەربەت بەهەمان شێوە من وکاک جەوهەر پێش کەوتین بۆسەرجادەی گشتی کەجادەکەمان پشکنی گەڕامەوە جەماعەتم هێناو پەڕاندمانەوەو بەرەو تانجەرۆ بەرێوە بووین، بەڵام بێ ئاوی کێشەمان بوو تەنها یەکی قومێک یان قوم ونیوێک ئاومان پێ مابوو دوایی ئەویش نەما. لەو کاتەدا (دەراسە)[46] دروەی دەکرد، کەکەوتینە ناو پەرێزەکانەوە کە تازە دروەو کرابوون تەپ و تۆزی دەراسە قورگمانی گرت، ئەوەش بۆمان بووە کێشەو هەر بەتەواوی پەرێشانی کردین،ئاویش نەما من وکاک جەوهەر زۆر ماندوو بووین، تینیوێتی بە تەواوی پەرێشانی کردبووین، ئێمە بۆیە لە هاوڕێکانمان ماندوو تربووین چونکە کاری پشکنین وچاودێریمان لەئەستۆ بوو، کاری دەلیلی لەشەودا ئاسان نیە، بەڵکو زۆر زۆر قورسە، بەرەو تانجەرۆ دەڕۆیشتین،ئیتر لەوێ لەناو پەرێزێکی گەنمدا مەڵۆی گەنمی دوراوە هەبوون ئەو پوشەی دەراسە لەدوای خۆیەوە بەجێی دەهێڵێ. کاک سەید جەوهەر پشتی دایە یەکێک لەو کۆمەڵە پوشەوە(مەڵۆ)[47]یانەوەو وتی ئێوە بڕۆن من نایەم چیتر بڕناکەم تێنوێتی زۆری بۆهێنابوو، هێشتا ڕێگەشمان زۆر لەبەردەم مابوو، ئێمە ئامانجمان

46 لە هەندێک ناوچە بەو ئامێرەی دروێنە دەڵێن کەمپاین، بەڵام بەگشتی لە کوردستانی باشور پێی دەڵێن دەراسە، ئامێری دروێنەکردن هێشتا ناوێکی کوردی بڵاوی نیەو ئەویش هەر لەزمانی عەرەبی وەرگیراوە کە هەردوو وشەی دراسەو (حاصدە)شی پێدەڵێن، ئەمەش هۆیەکی تری داگیرکاری و نەبوونی زەمینەی گەشەکردنی زمانی کوردییە لەسایەی ڕژێمە تۆتالیتارەکانەوە .

47 لە کویستانەکان بەو کۆمەڵە پوشەی دەراسە لەدوای خۆیەوە بەجێی دەهێڵێت دەڵێن مەڵۆ بۆیە منیشوەک کویستانیەک هەر بەزمانی ناوچەیی خۆمان دامناوەو خستوومەتە ناو کەوانەوە – عومەر

هەرەسەکەی پشتی چیای بەرانان بوو، ئەوەی بەرانبەر سلێمانی نالێم ئەوەی پشتی گوندی نەوتی ناوچەی قەرەداغ دەڵێم لەوێ شوێنێک هەیە پێی دەڵێن هەرەسەکە. چونکە شوێنێکە زەویەکەی داچووە، هەرخۆی وایە، ئێمە دەبوو بگەینە ئەوێ ولەوێ وخۆمان حەشاربدایەو پشومان بدایە. بەڵام کاک سەید جەوهەر زۆر ماندوو بۆئاو وتی : ئیتر من نەرۆیشتووم و نارۆم ئێوەبڕۆن. ئەی ئێمە چۆن بڕۆین وچۆن جێیبهێڵین ؟ کورە بۆخاتری خوا دایکت چاک باوکت چاک بێ سودبوو، ئیتر ئەو توانای قسەکردنیشی نەما، هەربەتەواوی لەزمان کەوت و زمانی وشک بوو، ئیتر هەتین هەموو زەمزەمیەکانمان کۆکردەوەو بەهەموویان توانیمان ئەوەندە ئاو بەدەست بهێنین زمانی پێ تەڕبکەین ئینجا تاقمەکەشیمان هەڵگرت و کەوتینەڕێ، بەڵام چۆن بەپێی کاک جەوهەر کە تینوێتی تەواو شپرزەی کردبوو، هەرچەندە ئێمەش هەموو ماندوو تینووبوین بەڵام لەوباشتر بووین،ڕاستیەکەی هی ئەوە بوو ئێمە گەنجتر بووین. ماوەیەکی باش ڕۆیشتین ئینجا من تەواوم کرد، چاوم ڕەش بوو هیچ توانای بینینم نەماو کەوتم. بەهەمان شێوەی ئەو ئاوایان پەیداکردبوو، هەموو زەمزەمیەکانیان گوشی بوو ئاگام لێبوو زمانم تەڕایی پێگەیشت دیسان تاقم وتفەنگەکەی منیشیان هەڵگرتوو کەوتینەوە ڕێگا بەڵام بەخت یاوەرمان بوو بەسەر بۆیستانێکی کاڵەکدا کەوتین، ئەوە زۆر باش بوو دەستمان کرد بەکاڵەک خواردن، وەک ئاژەڵ ونەدیوبدی کەوتینە ناو کاڵەکەوە دەستمان کرد بەکاڵەک خواردن جاکەڵەک خراپیەکەی ئەوەیە کەدەیخۆیت زیاتر پێویستت بەئاوخواردنەوە هەیە، ئیتر ڕۆیشتین و هەریەکەمان باوەشێک کاڵەکمان هەڵگرتبوو، هەرچۆنێک بوو خۆمان گەیاندە سەرئاوی (باسەرە)[48]، ئەو ئاوەش هەمووی پیسی سلێمانیە

48 لێرەدا جەمال وارانی بەهەڵدا چووە مەبەستی ئاوی تانجەرۆیە نەک باسەرە چونکە باسەرە دەکەوێتە ڕۆژئاوای چیای بەرانان و شاری سلێمانی و ئاوەڕۆی شاری سلێمانی دەچێتە سەر تانجەرۆ نەک باسەرە .

ئەوەمان نەزانی بروا بفەرموون وەک چۆن ئاژەڵ تینوی دەبێت و چاوی بەئاو دەکەوێت ئێمەش ئاوا هەر یەکسەر تاقمەکانما فرێداو خۆمان تێفرێدایە ناوییەوەو لەو ئاوە پیسە دەستمان کرد بەئاوخواردنەوە، نازانم چۆن نەمردین و چۆن گیانمان دەرنەچوو ؟ زەمزەمیەکانمان پڕکردوو بڕۆ دەستمان کردەوە بەڕۆیشتن، بەرەو هەرەسەکە ڕۆیشتین بەڵام لەرێگا کانیەکی پاک وباشمان دۆزییەوە، ئیتر ئاوامان خواردەوەو کردمانە سەروچاوماندا، چونکە هەموو گیانمان بۆنی دەهات هی ئەو ئاوە پیسە، لەویش ڕۆیشتین و گەیشتینە ناو هەرەسەکە، بەگەیشتنیشمان خۆرکەوت، ئیتر ئێمەش نەدەبوو بجوڵێین، سەرباری ئەوەی لە ئێرانەوە دوو شەوی تەواو بەرێگاوە بووین و ئەمشەویش ئەوە سێ شەو ئەو هەموو تینوێتی وگەرماو ماندوو بوونەی بۆم باسکردی ئینجا بلێن حەرەسی ؟ وتیان جەمال تۆ حەرەس بە، ئەوانیش هەریەکەیان چوونە بن بەردێک یان بن دارێک و خەوتن، منیش حەرەس بووم، بەڵام زۆر ماندووبووم هەرچەندە لە سەرچیاکە ڕەبایەیەکی پێوە بوو، ڕێچکە ڕێیەک هەبوو، لەشاخەکەوە دەهاتە خوارەوە، بەڵام لەبەر ماندوێتی خۆم بۆکۆنترۆڵ نەکرابوو خەوم لێکەوتبوو، لەدەنگی کابرا بەخەبەرهاتم کە هەچەی لەکەرەکەی دەکرد بینیم کەسێک بەدوای کەرێکەوە کەبارێک داری پێوە بوو بەرەولای ئێمە دێت، هەڵبەت ئەو من نابینێ بەڵام من چاوم لێیەتی، تومەس کابرا تاریک ورون زۆر پێش ئێمە ڕۆیشتووەتە سەرشاخ داری بڕیوەو چووە داربڕینێ، بەڵام کەگەیشتە ئاستی من سەیری دەکردم بەڵام نەئەو قسەی کردو نەمنیش پێمگوت چی دەکەی لێرە، هەتا ڕۆیشت تیلەی چاوی لای من بوو، منیش بەهەمان شێوە چاوم هەرلەبانی بوو، بەڵام کابرا پیربوو ئیتر ڕۆیشت، ئەوشوێنەی ئێمەی لێبووین واهەڵکەوتبوو، ئەودیوی ئاوی هەبوو، بەڵام ئەم دیوی بێ ئاوبوو دەوری سەعات دەی بەیانی بوو هاورێکانم هەستاندو ئاگادارم کردەوە کەوا پیاوێکی ئاوا بەلاماندا تێپەڕیووە، کابرایەکی تریش ئەوە لەدیو کشتوکاڵی کردووە ! کاک سەید جەوهەر وتی دەچین بۆلای، وتم چۆن ؟ وتی دەچین بزانین چیە ؟ بەڵام هەموومان ناچین تەنها دوو کەسمان دەچین، ئەگەر زانیمان بێ کێشەیە ئینجا ئێوەش وەرن، کاک جەوهەرو غائیب ڕۆیشتن دوایی ئێمەشیان بانگکرد، کابرا بامیەو تەماتەشی هەبوو، لەوێ هەتا ئێوارە ئیسراحەتمان کرد، ئێوارە ڕۆیشتین بەرەو گەرمیان، کاک عوسمان وئەوانمان بەجیهاز دۆزییەوە، ئێمە تازە هاتبووینەوە هیچمان نەبوو، بەڵام ئەوان هەندێک خواردن وشتیان پێداین هەروا بەشی ٢٠ ڕۆژێکی دەکردین. ئێمە ڕەتڵی ١٧ی پارتیزانەکانی گەرمیان بووین. ژمارەمان ١٢ کەس بووین، کاک سەید جەوهەر بەرپرسی ڕەتڵەکەمان بوو، سنوری چالاکیمان چەمچەماڵ و سەنگاو و قادرکەرەم و لەیلان و دوز بوو، ئەو خواردنەی لەلای کاک عوسمان وەرمان گرت و هەندێکی تریشمان بەدەستهێنا بەڵام ئیتر خواردنمان بەرەوکەمبوونەوە دەچوو دەبوو مشوری خواردن بخۆین، کاک سەید جەوهەر گوتی دەبێت ئیتر تەنزیم دروست بکەین، کاک نەوشیروان پێیگوتووم کورد مەکوژن، تەنها ئەوکاتانەی تەقەتان لێدەکەن ئەگەر تەقەیان لێکردن تەقەیان لێبکەنەوە، کاک نەوشیروان کاک جەوهەری بانگکردبوو پارەی پێدابوو کەوا خۆمان ڕێک بخەینەوەو تەنزیم دروستبکەین و کادیرە کۆنەکان و کەسوکاری شەهیدان، بەسەر بکەینەوەو مەفارزی تر دروستبکەین و خەڵکی باش بدۆزینەوە، شەهید یاسین وتی من و بەرزان وجەماڵ دەچین بۆ ناوچەی زەنگنە، بزانین لەوێ هیچمان پێدەکرێت، (بەداخەوە ئێستا ئەوان هەردووکیان شەهیدن) چووین بۆلای قای پاشا ئەوێ دێی ماڵ کاک بەرزان بوو لە ناوچەی لەیلان، کەگەیشتینە ئەوێ تازە خۆرکەوتبوو نەکەوتبوو،کاتێک سەیرمان کرد ئەو دەشتە هەمووی ڕانەمەرە، کە چاودێریمان کرد هەمووی عەرەبن و چەکدارن و چەکی باشیشیان پێیە، کلاشینکۆف و قەناس وبرنەویان پێ بووئەی چی بکەین بۆئەوەی ئاشکرا نەبین شەهید بەرزان گوتی لەم ناوە کۆنیارێک هەیە، دەچین لەوێ خۆمان دەشارینەوە کاتی خۆی خەڵک

بۆخۆشاردنەوە دروستیان کردبوو، کەچووین ملجائەکەمان دۆزییەوە بەڵام روخابوو وەکو خۆی نەمابوو بەڵام بۆ ئێمە باش بوو چوینە ناوییەوەو هەندێک بنج وباڵیشمان هێناودامان بەخۆماندا، ئەوعەرەبانە دوای ئەنفال هاتبوون بۆ تەعریبی ناوچەکە، شوانی عەرەب بەدیان کردبووین و لێمان کۆبوونەوەو بەدواماندا دەگەڕان بەڵام نەیاندۆزینەوە ئینجا سوپایان هێنایە سەرمان، هەتا مەغریب ئەوان هەربەدواماندا دەگەڕان، ئەگەر بیاندۆزیناینەتەوە لەو تەختانیە هەرسێکمانیان دەکوشت،ئێوارە کەدنیا تاریکی کرد شوانەکان بەرەو دەوارەکانیان ڕۆیشتنەوە ئێمەش هاتینە دەرەوەو گەڕاینەوە، ڕۆیشتین بۆ دێی شوانە تەماشامانکرد عەرەبەکان پیازیان چاندووە، جا پیاز دەبێت ئاوی مانگی تشرین بخواتەوە ئینجا هەڵدەکەندرێت، ئیتر ئێمە دەستمان کرد بەپیاز هەڵکەندن، ئەوەی من باسی دەکەم پێمانخستبووە ناو مانگی نۆ(ئەیلول)وە ئەوان پیازەکانیان ئاودابوو بۆئەوەی وشک بێتەوەو هەڵیکەنن، هیچ هیچمان پێنەبوو بیخۆین، نەنان نەچای نەشەکر هیچ هیچمان پێنەبوو، تەنها کۆڵەپشتەکانمان بەبەتاڵی وهیچی تر، ئێمەش چووینە ناوپیازەکان یەکی یەک کۆڵەپشت پیازمان هەڵکێشاو بردمان لەگەڵ خۆمان، دەستمانکرد بەپیاز خواردن بەبێ نان بەدەم ڕێگاوە پیازامان دەخوارد، بڕوا بکە هەموو ناودەممان بوو بەزام، پیازەکە تیژوتوند بوو، دووشەو دوو ڕۆژ ئینجا گەیشتینەوە مەفرەزەکەمان لای کاک جەوهەروئەوان ئەو دوو ڕۆژە ئێمە تەنها پیازی وشکمان خواردبوو، پیازە توندو تفتەکەش نەک شیرین، کە گەیشتینەوە لای مەفرەزەکە، ئەو ڕۆژە پێشئەوەی بگەینەوە لایان ڕەوە بەرازێکمان بینی دانەیەکم لێان بریندارکرد، بەڵام نەکەوت شەویشی بەسەردا هاتوو نەمان دۆزییەوە، کاک جەوهەرو ئەوان وتیان ها چیتان کرد، وتمان حاڵ ومەسەلە ئاوایە کە ناوچەکە پڕکراوە لەعەرەبی مەڕداری چەکدار وهەموو جۆرە چەکێکیشیان پێیە، کاک جەوهەریش وتی بەخوا ئەمە دەری ناهێنێ دەبێت مشورێکی خواردن بخۆین، ناچارین بەراز بکوژین ئەمشەو تازەهیچ هەرچۆنێک بێت خۆتان بگرن سبەی بەرازێکی ناسکی جوانتان بۆ دەکوژم بەیانی زوو دەرچوو، ئێمە لەژێر دارتووییەکدابووین لەخوارمانەوە زاژو قامیشی زۆر هەبوو بەرازیشی زۆر تێدابوو، ڕۆیی بەرازێکی یەکانەی کوشتبوو بروا بکە بە چوار کەس ئینجا ڕامانکیشایە سەرەوە، کەچی دکتۆر ئاتیلا دەنگی بەرزکردەوە گوتی : ئەوە نابێت گۆشتی بەراز حەرامە و بەخوا ناهێڵم یەک کەس بیخوات دکتۆر ئاتیلا بەردەوام قورئانێ دەخوێندو زۆر موسڵمان بوو ووتی خوا لە قورئاندا ئەڵێ: (گۆشتی بەراز حەرامە) یەکێک لە برادەرەکانمان زۆر زۆری برسی بوو ووتی دکتۆر گیان توخوا جوان بگەڕێ بزانە لە قورئاندا ئایەتێک نادۆزیتەوە لە سەر پارتیزانی گۆشتی بەراز حەڵاڵ بکات... ئاتێلا هەر سوور بوو لە سەر ئەوەی نابێ بیخۆین بەڵام برسێتی تەنگی پێمان هەڵچنی... دکتۆر خۆی لە هەمووما ن برسی تر بوو برادەران هەندێ لە دکتۆر پاڕانەوە تا فتوای دا کە بەرازەکە بخۆین،ئیتر هێنامان لەت وپەتمانکردو ئەوەی خواردمان خواردمان ئەمە بەبێ نان، بەڵام گیانمان بە پیازەکە بوو، سێ کۆڵە پشت پیازمان هێنابوو، دوو ڕۆژ لێمان خوارد ئەوەی تریش کەمابوە کوڵاندمان ئینجا شیمانکردەوەو وشکمان کردەوە، دوای ئەوە لەپەرۆمانەوە پێچاو کردمانە کۆڵە پشتەکانمانەوە دوایی هەتا چەند ڕۆژ وبگرە هەفەیەکیش پێمان بوو لە ڕۆندا سورمان دەکردەوەو دەمانخوارد لەڕاستیدا زۆر کەڵکمان لێبینی، جا بائەوەش باس بکەم لەوکاتەدا گرفتی دارمان هەبوو بۆ ئامادەکردن و کوڵاندنی، داری گەورەمان لەلا نەبوو بۆ سوتاندن و کوڵاندنی چونکە بەراز کوڵاندنی زۆر دەوێ، دارتووەکە بەکەڵکی ئەوە نەدەهات بیسوتێنین، ئەی چی بکەین ؟ بەڵام لەخوارمانەوە ئیمامێک هەبوو دیواریان بۆکردبوو داری گەورەگەورەیان نابووە بانی وتم من شوێنێک پێدەزانم وتیان لەکوێ وتم ئیمامەکە، وتیان ماڵت نەرمێ ئێمە پارتی زانین و گۆشتی بەراز بخۆین و بەداری سەرئیمامەکەش ئامادەی بکەین ! کاکە دانیشە خوا غەزەبمان لێدەگرێت بەخوا دوڕۆژی

تر برناکەین حکومەت دەمانکوژێت، لەوەشدا دکتۆر ئاتێلا هەڵیدایە و هەتا قایل بوو زۆری لەگەڵ خەریک بووین بەهەرحاڵ دوایی من وشەهید یاسینە بچکۆل و دکتۆر ئاتیلاش لەگەڵماندا هات و چوین هێنامان، خواردنەکەمان پێ ئامادەکرد.

**باشە ئێوە دەتانتوانی تەقە بکەن ؟**

هەتا کوێت نەگیرابوو وەزعمان زۆر خراپ بوو، بەردەوام کیوماڵی ناوچەکان دەکرا، جاری واهەبوو کیوماڵ ٧٢ سەعاتی دەخایاند، واتا سێ ڕۆژ، جاری واهەبوو ٤٨ سەعاتی دەخایاند، جاری واش هەبوو تەنها ڕۆژێکی دەخایاند، ئەگەر ڕۆژێک کێوماڵ نەبوایە دەمانگوت ئەمڕۆ مفاوەزاتە، وەزعمان زۆر ناخۆش بوو، جاری واهەبوو دەهاتن بەشەو کەمینیان دادەنا، ئەوشوێنانەی گومانیان لێی هەبوو بەشەو بە ڕۆژ تۆباران دەکران، ئەوکاتانە نەماندەتوانی تەقە بکەین، بەڵام دوای ئەوەی سوپای عێراق کوێتی گرت سوپا وردەوردە لەکوردستان دەکشایەوەو دەڕۆیشت بۆ کوێت، لەم دوایانە دەمانتوانی دوای ئەوە ئێمەش زۆر لە ئاوەدانیەوە دووربووین دەنگ نەدەگەیشتە ئاوەدانی
.

**ئێوە هیچ پەیوەندییەکتان بە پارتیزانەکانی شارباژێڕو دۆڵی جافایەتیەوە نەبوو ؟ بۆنمونە ئەوان هەنگوینیان دەبری و گوێزیان کۆدەکردەوەو هەڵیان دەگرت، بۆئەوەی هاوکاریتان بکەن و بەشتان بدەن ؟**

نا زۆر بەکەمی یەکتریمان دەبینی، مەگەر لەرێگەی ئێران ئەگینا ئێمەو ئەوان زۆر لەیەکەوە دووربووین، ئەوشتانەش زۆر گرنگ بوون گوێزوهەنگوین بۆ ئەوکاتەی ئێمە هەر زۆر پێویست بوو بەڵام لەلای ئێمە ئەو خواردنانە نەبوون، بەڵام یەکجارێک ڕێگەوتی شتێکی وامان کرد، مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٠ بوو، جارێکیان شتێکی وامان دەستکەوت، لەشاخی سەڵباتوو بووین، ئیتر کە ئێوارە دادەهات دەگەڕاین منەی خواردنمان دەکرد، ئێمە ئەوکاتە وەزعی خۆراکمان زۆر زۆر خراپ بوو، شەویکیان شەهید یاسینە بچکۆل وحەمەچەوری ویەکێکی ترمان ڕۆیشتن بەدوای خواردندا بگەڕێن شەو درەنگ کەگەڕانەوە وتیان لەلای یۆلە مەلجەئێکی کۆنمان دۆزیوەتەوەو باوەڵێکی تێدابووە و تیایدا دەنگی زەردەواڵەمان هاتووە بەرگوێ،ئەگەر زەردەواڵە نەبێت پێدەچێت ئەوە مێش هەنگ بێت و هەنگوینیان کردبێت. کاک سەید جەوهەر وتی : ئەمشەو تازە هیچ سبەی بچن بزانن چیە، ئەگەر زەردواڵە بوو ئەوە هیچ بەڵام ئەگەر هەنگ بێت ئەوا هەنگوینی تێدایە، سبەی گوێنیەک بەرن و برۆن باوەڵەکە مەکەنەوە بیخەنە گوێنیەکەوەو بیهێنن. لێرە دەیکەینەوە بەیانی چوون باوەڵەکەیان هێنا کەکردمانەوە خۆشبەختانە مێش هەنگ بوو، نزیکەی ٥ هەتا ٦ کیلۆ هەنگوینی تێدا بوو، ئەوە دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆئەو سەروەختەی ئێمە، هەنگوینێکی زۆر جوان وساغی تێدا بوو، بەڵام بەداخەوە ئێمە درەنگ دۆزیمانەوە چونکە هەنگوین ئەگەر زوو نەیبریت هەنگەکان خۆیان دەیخۆین ئەوەش وابوو هەنگەکان زۆریان خواردبوو. خۆی دەبوو مانگ حەوت بیبردرایە بەڵام ئێمە مانگی ١٠ دۆزیمانەوە ئەوە زۆر بەکەڵکمان هات و زۆر خۆش بوو.

**هەر زوو باسی دکتۆر ئاتێلات کرد، کە لەگەڵتاندا بووە ئەگەر کەمێک باسی ئەوەم بوبکەیت ؟**

هەرکە لە بلەکێ دەرچوین ئاتیلا وتی: جەمال وتم : بەڵێ وتی من پاڵەوانی فیلمم، ئەگەر من شەهید بووم فیلمەکەش کۆتایی دێت. ئیتر هەموو جەماعەت دایانە قاقای پێکەنین و کەوتینە ڕێگاوهاتین. ئیتر هەرلەگەڵماندا بوو، لەویش لەکاتی دارهێنانەنەکەدا وتم یاڵا دکتۆر ئاتێلا بەخوا تۆش دێیت ئیتر ئەوە بوو ئەویش هات دارەکانمان هێنا. بەداخەوە دکتۆر ئاتیلا لەراپەڕین لەشەرێکی ناوشاری کفریدا شەهید بوو. [49]دکتۆر ئاتیلا عاشقی کچە شێخێک بوو لەگوندی

49 د.ئاتێلا،تەنها ناوێک و پارتیزانێک نیە بەڵکو رۆمانێکی تایبەتە لە تراژیدیای عەشقێکی ئەبدەی پێش و پاش ئەنفال، ئاتێلا خۆی پزیشکیار بوو، کورە مسکێنێکی گەرمیانی و پێشمەرگەیەکی تیپی ٥١ی گەرمیان بوو، دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵ بەشی بەیتەرەو دکتۆری ئاژەڵداری بوو، بەڵام لەناو پیشمەرگەدا وەک یاریدەدەری پزیشک کاری دەکردو

بنەکە، عەشقێکی زۆر سەیرو دەروێشانە کچەکە ناوی فاتم بوو پێیان دەگوت فاتێ زۆر داوای کرد بەڵام باوکی قایل نەبوو بیداتێ چونکە دەیگوت: ئێمە شێخین و ئەو مسکێنەو بۆیەکتری نابن، ئەوە بوو دکتۆر ئاتێلا دەستی دایە قورئان خوێندن و ئیمانداری هەر بۆئەوەی قایل بن کچەکەیانی بدەنێ بەڵام نەیاندایە، ئیتر کچەکەو کەسوکاریشی ئەنفال بوون و ئاتیلاش شەهید بوو، لەکاتی پارتی زانیشدا ئاتێلا زۆر شەیدا بوو بەردەوام باسی فاتێلای دەکردو حەزی دەکرد بچینەوە بۆ شوێن خانووەکانی گوندی بنەکە.

**ئینجا ویستت باسی ئەوە بکەیت کە بەنیاز بوون تەنزیم دروست بکەن،چیتان کرد؟**

شەهید سەیدجەوهەر وتی دەبێت بچین بەرەو چەمچەماڵ بزانین لەوگوندانەی نزیک تەپەدێ و ئەوانە شوانێک کەسێکمان توش نابێت، هەتا هاوکاریمان بکات، ئەو رۆیشت بۆئەو مەبەستە، دوای سێ رۆژ پەیدابووەوەو هاتەوە بۆلامان، سەیرمانکرد دلخۆشن گۆرانی دەڵێن، وتیان غەرازوخواردنمان هێناوە، ئێ لەوە باشتر چیترە ؟! ئیتر هەندێک ئاردو ساوەرو ئەمانەیان لەگەڵ خۆیان هاوردبوو، ئەوان جوابیان نارد بوو بۆ حەمە تەپە دێی و رەشید موەفەری وعیزەدین، بەرحمەت بێت شەهید بوو، لەگەڵ سەلام تەپەدێی و ئەمانە بێن پەیوەندیمان پێوە بکەن، ئێمە لەو سەردەمەدا ئەوەمان بە دەستکەوت و چالاکیەکی زۆر گەورە دەزانی، چونکە ئێمە پێویستمان بەنان و خواردن بوو، پێویستمان بەخەڵک و دەنگ و باس

دەرزی دەوەشاندو کاری برینپێچی دەکرد، لە رۆژە سەختەکانی خەباتدا هەم وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و پزیشکێکی دڵسۆز بۆ تیماری برینەکانی هێزی پێشمەرگە لەمەیدانی بەرەنگاربوونەوەدا بوو دژ بە رژێمی بەعس ئەجەنگا. بەر لەئەنفالیش بەردەوام بەماتۆڕێکەوە دەگەڕاو خەریکی تیمارکردنی خەڵک وپێشمەرگە بوو، ئەفسوس لە راپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ لە شەڕێکی ناوشاری کفریدا ئەویش بە دەستی جەلادەکانی بەعس کە فاتیلایان ئەنفالکردبوو شەهیدبوو، ئیدی هیچ ئاواتێکی نەهاتە دی نەرزگارکردنی نیشتمان ونەرزگارکردنی فاتیلا.

بوو. بەتەواوی لە ئاوەدانی دابڕابووین، ئیتر کە پەیوەندەیەکە دروست بوو، جارێکیان هاتنەلامان وتیان چیتان پێویستە؟ من وتم هیچم پێویست نیە خورما نەبێ زۆر زۆرم حەزلەخورمابوو، پێموتن یەک فیشەکم پێوە بنێن بەڵام یەک کیلۆ خورمام بۆ بهێنن. کەشتیان بۆمان هاورد ١٢ کیلۆ خورمایان بەیەک جار بۆمان هاوردبوو، بروا بکە ٨ کیلۆمان لەیەک شوێن خوارد، وتم ئەی بۆ گاڵتەتان پێدەکردم ئەوەتا هەمووتان وەک من خورماخۆرن ! لەرۆژی دواتریشدا چوار کیلۆمان کردە خورماو رۆن و ئیتر بەو شێوەیە، دوای ئەوە وەزعمان کەمێک باشتر بوو، بەڵام گرفتی ئەوەمان بۆ دروست بوو کەوا خەڵکی زیاتر پەیوەندی بەحەمە تەپەدێی ورەشید موەفەری و ئەوانەوە کردبوو، لەناویاندا چەند کەسێکیان خائین دەرچوون، ئەمن وئیستخبارات خەڵکی ناردبووە ناویانەوە، یەکێک لەوانە لاندکرۆزەرێکی شینی هەبوو، ئەوە تەواو پەیوەندی بە موخابەراتەوە هەبوو، نەوزاد ناوێکیان هەبوو پەیوەندی هەبوو هەرچەندە حەمە تەپەدێی هەتا ئێستاش دەڵێت : وانەبوو پەیوەندیان نەبوو بەڵام وابوو پەیوەندی بە (رائید حافظ) ەوە هەبوو. بەهەرحاڵ دوایی لەساڵی ١٩٩١ کوژرا و ئەوانەی تریش کوژران . نەخشەکەی ئەوان بەشێوەیەک بوو موخابەرات دەیویست هەموومان بگرن، نەک یەک ودوانمان بکوژن دەیانویست هەمووومان بەیەکەوە بگرن، بەڵام کە زەفەریان بەئێمە نەبرد حەمە تەپە دێیی گیراو هەرچی ئەرزاق و خواردنیشمان هەبوو لەو کەڵوزانەدا هەمووی گیرا. جا لەدوای ساڵی ١٩٨٩ حکومەت کەمێک ماوەی بۆ خەڵک کردبووەوە بچن شتەکانیان لە گوندەکانیان بهێننەوە بۆنموونە ئەوانەی گەنمیان کردبووە چاڵەوەیان موستەشارەکان دەهاتن زەوی فەلاحەکانیان دەکێڵاو دەیانکردەوە بەگەنم و جۆ بەڵام بەرهەمەکەی بۆ خۆیان بوو،رۆژێک حەرەس بووم چاوم لێبوو، مەکینەو عەرەبانەیەک دەهات ژن وعائیلەی تێدابوو مەکینەکە هات بۆلای گوندی (محەبارام) گوندێکە سەربە چەمچەماڵە زۆر بەلامەوە سەیر بوو دەمێک بوو شتی وام نەدیبوو، مەکینە

وەســتاو خەڵــکەکە دابەزیــن و دەســتیان کــرد بە هەڵکەندنی زەوی، دوایی بینیم گونیەی سپی پەیـدابوو وامن هەر بەدوربین تەماشایان دەکەم دوایی گونیەکان زیادیان کرد، ئینجا زانیم ئەوە چاڵەگەنم هەڵدەدەنەوەو دەبیەنەوە. واجباتی ئێمەش بەو شـێوەیە بـوو، دەبـوو بچینە شـوێنێکی بەرز کەهەمـوو ناوچەکەمـان لێـوە دیاربووایە بنچکێکمان دەدا بەخۆمانداو دەبوو ئەگەر بەیانی بڕۆیت هەتا نیـوەڕۆ نەییتە خـوارەوە، جـاری واش هەبـوو نەدەبـوو هەتـا ئێـوارە بێیـتە خـوارەوە بەتایبەتی ئەگەر شوێنەکە گونجاو نەبوایە بۆ هاتوچۆ، یان ترسی کۆپتەرمان هەبـوایە، دەبـوو هەر لەشـوێنی خۆت بویتایە. ئەو ڕۆژە نیـوەڕۆکەی حەرەسـی دووەم هاتە سەرەوە بۆ گۆڕینم، کە چوومە خوارەوە پێمگوتن مەکیـنەو عارەبـانەیەک وا لە مـحە بـارامەو خەڵـک خەریکن چاڵەگەنم دەردەهێنن، هاوڕێکانم وتیـان ئەوە مەترسـی بـۆ ئـێمە نـیە، کە گەنمەکەیـان دەرهێنـا دەڕۆنەوە، وتم نا من باسی مەترسی ناکەم، مەبەسـتم ئەوەیە بچیـن گەنـم دەربهێنیـن چـونکە چـاڵەگەنم هەمــووی دەرنایـــات، هەمیشـــە کەمێکـــی تێـــدا دەمێنێـــتەوەمن و حەمە چەوری دوای ئەوان دەچـین گەنـم کـۆدەکەینەوەو دەیهێنینەوە . دوایـی ئەوان ڕۆیشـتن و ئـێمەش چـووینە شـوێنەکەیان بەرلەوەی دەسـت بەگەنـم کـۆکردنەوە بکەیـن سـەیرمان کـرد لەشـوێنەکەیان تـوێکڵە شـوتی هەبـوو ئەوان شـوتیان خوردبوو، هەندێک لەتوێکڵەکـان کەمێکی پێوەمـابوو دەستمان کرد بە توێکڵە شوتی خـواردن، جا شـتێکی خـــۆش کەرەکەش هـــات توێکڵەشـــوتی بخـــوات نەمانهێشـــت بیخـــوات، کە ئەوەمـــان دۆزیـــیەوە واماندەزانی هەموو دنیا هـی ئـێمەیە چـۆن دەمـانهێڵا کەرەکە بیخوات، ئینجا کەسـەیرمان کـرد بینیمـان بـن چاڵەکە گەنمی زۆر تێـدا مـابوو لە پەدەسـتێک زیـاتر بەڵام بـۆنی دەهـات نـزیکەی دوسـاڵێک ئەو گەنـمە مابووەوە بۆیە بۆنی دەهات دیـارە تەڕبـووە، نـزیکەی سـێ فەردە گەنمـان کـۆکردەوەو دەیمیمـان بەسـت و نامانە بان پشتی کەرەکەو بردمان، ئەوە بـۆ ئەو کـاتە دەسـتکەوتێکی گەورە بـوو بـۆ ئـێمە، هەرچەنـدە لە %٥٠ی بەهای خۆراکی نەمابوو، (القمة الغزائية) بۆنی دەهات، من لادێیم ودەزانم کە گەنمـی ناوچـاڵ دەبێـت بشـــۆردرێتەوە، ئـــێمەش شـــۆردمانەوەو وشـــکمان کردەوەکوڵاندمان و وشکمان کـردەوەو جـارێکی تـر شـۆردمانەوەو وشـکمان کـردەوە هێشـتا هەر بـۆنی دەهـــات، ئـــێ خـــۆ دەســـتهاڕ نەبـــوو دۆڵ نەبـــوو بیکـــوتین،بێجگەلە پاســـەوانەکەمان دەبـــوو هەمـــوو مەفـرەزەکە خەریکـی کوتـانی ئەو گەنـمە بین،دەبـوو بیـانکردایەتە نـاو جامەدانێکانیـانەوەو بـیخەنە سـەر بەردێک وبەبەردێکیش لێیـدەن هەتـا دەبێـتە سـاوەر، ئینجا دەمان کوڵاندو دەمانخوارد، بەڵام بەوحاڵەشـەوە ئەوە بۆ ئێمە هەرگرنگ بوو، ماوەیەکمان پێ بەڕێکرد. ئێمە زۆر پێویستمان بەخواردن بـوو، بەرەخرنوکمـان دەخوارد،(نانی ڕەش وسپی)مان هەبوو نانی ڕەش لەو گەنمە ئێکسپایەرە دەروست دەبوو کە ئەسپێ لێیدابوو بەهای خواردنی نەبوو، گەنمی ساغ وپاکیش نـانەکەی سـپی بـوو، نـانیش چـی هەروا وەک کـولێرەیەک دەمانخستە سەر ساجێک و کەمێک گەرممـان دەکـردو ناومان نابوو نان، ٧ نانی لەوجۆرە دەبـوو بەشـی ١٤ ڕۆژمان بکات، واتە نیونان بۆ ڕۆژێک، ٢پەرداخ شەکر دەبـوو بەشـی ١٤ ڕۆژی هەریەکێکمـان بکـات. کـار گەیشـتە ئەوەی بچیـن ڕەبـاییەک بگـرین بـۆ ئەوەی دەست بەسەر خواردنەکەیاندا بگرین، ئەوەمان نەکـرد، دوایی من بەکا سەید جەوهەرم گوت کاک سەید من و حەمە چەوری دەچین بۆناو داوێ بزانین شوان وشتی وانـابینین هەواڵێکـی کەسوکارەکانیشـمان بـزانین و شتێکیش پەیدا ناکەین ؟ وتی باشە بچن بەڵام ئاگاتان لە خۆتان بێت، ڕۆیشـتین سـەیردەکەین ئاسـک زۆرە کـاک عوسـمان و ئەوان وەزعیـان باشـترە ئاسـک دەکـــوژن ودەیخـــۆن و ڕێکخســـتنەکانی ناوشـــار هاوکارییـان دەکەن، بەکـاک عوسـمانم گـوت ئـێمەش تەنزیماتمان دروست کرد، کۆمەڵێک خەڵک ئیشمان بۆ دەکەن، وەک وحەمە تەپەدێـــی و ســـەلام و نەوزادو ئەوانە بەڵام پارەشمان تێداچوو بریـک خـواردن ڕۆن وشتیشـمان تێـداچوو، وتـی کەرەکەری چیتـانە کـاکە تەنزیمان واناکرێت دەتانکوژن، بە کاک جەوهەر بڵـێ

کاری وانەکات وتم بەلام کەسەکان باشن وەک حەمە تەپەدێی، وتی ناکاکە تەنزیمات واناکرێت حەمەتەپەدێی لە ئێوە کەرترە تەنزیمات چۆن وا دەکرێت ئەویش تێدادەچێ و ئێوەش تێدا دەچن کاری وامەکەن. براوبکە کاک عوسمان چۆنی گوت ئاوا دەرچووـحەمە گیرا گەیشتە ژوری سێدارەش بەلام دوایی لەسالێ ١٩٩١ لەگەڵ ئامرلیوایەک ئالۆگۆری پێکراو بەربوو، خەریک بوو هەمووماں تێدابچین وەک چۆن لە پێشەوە باسم کرد. ئیتر دوای هەفتەیەک هاتینەوە بۆلای مەفرەزەکەی خۆمان. بڕی ٧٠٠ دینارو جیهازێکم هاوردو چووم هەواڵی خزمەکانم وکەسوکارەکەمم زانی . ئیتر ئاوا درێژەمان پێدا هەتا سالێ ١٩٩٠ ئیتر دوای ئەوە حکومەت تارادەیەک جموجۆل و فشارەکانی کەم بیوونەوە.

**باسی ئەوەت نەکرد، ئەوانە چۆن ئاشکرابوون کەوا پەیوەندییان بەحکومەتەوە هەیە؟**

هەموویان پەیوەندیان نەبوو، دوان سیانێکیان پەیوەندیان هەبوو، بەتایبەتی ئەوەی لاندکرۆزەشینەکەی پێبوو، ئەی کاکە حکومەت لەوسەروەختەدا چۆن ڕێگەی دەدا بەلاندکرۆزەر خواردن و ئازوخە بگەیندرێتە ناو تەپەدێ ؟ ئەمانە وردوردە خۆیان تێکەڵی حەمە تەپەدێی بوون، دەنا پڕی لاندکرۆزەرێک خواردن بگەیەندرێتە دەرەوەی ناوچە قەدەغەکراوەکان هەرگیز قابیلی جێبەجێکردن نەبوو، دیاربوو کاک جەوهەر زانیارییەکی هەبوو، ئاخرجار دوای ئەوەی خواردنەکانیان پێگەیاندین شەو خواحافیزیمان لەیەکتری کرد، ئەوان بۆچەمچەماڵ گەڕانەوەو ئێمەش چووینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان، کاک جوهەر گوتی جەمال وەرە ئیشم پێتە، وتی ئەمجارە کە ئەو جەماعەتە هاتنەوە من نەوزاد دەکوژم ئەوە پیاوی ڕائید حافزەو جاسوسە، ئەگەرهاتنەوە من لەگەڵ حەمە تەپەدێی قسە دەکەم قەناعەتی پێدەکەم تۆ نەوزاد بکوژە، ئیتر لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا ئەوان هاتنەوە کاک جەوهەر لەگەڵ حەمە تەپەدێی ڕۆیشتن و دەستیان بەقسەی خۆیان کرد، منیش لەگەڵ نەوزاددا بووم چاوەڕوانی فەرمانی کاک جەوهەر بووم، بەلام دیاربوو حەمەتەپەدێی نەگەیشتبووە قەناعەت و لەگەڵ کاک جەوهەر دەنگیان لێک بەرزکردەوە، حەمە گوتی : کاکە ئەگەر نەوزاد دەکوژن منیش بکوژن چونکە نەوزاد برادەرمەو من هێناومەو لەگەڵ مندایە، هەرچەندە حەمە هەتا ئێستاش داکۆکی لە نەوزاد دەکات و بڕوا بەوە ناهێنێ کە ئەو سەربە دەزگا جاسوسیەکان بووبێ . حەمە دوبارەی کردەوە ئەگەر نەوزاد دەکوژن منیش بکوژن، نەوزادیش وتی : ئەگەر جەمال من دەکوژێت بابمکوژێت، کاک بۆ دەمکوژن من ڕائید حافز برادەرمەو جاسوس نیم، وتم قسەی بەلاش مەکە برادەری ڕائید حافزبیت تۆچی کارێکت بە ئێرەیە؟ وتی هەربرادەرمەو تەواو هیچ پەیوەندییەکی ترم لەگەڵیدا نیە، منیش پێمگوت تۆیەکی کوردو ئەوێکی عەرەبی تکریتی بەرپرسی موخابەرات چۆن بوونە برادەر ! بەهەرحاڵ نەکوژرا، کاک جەوهەر وتی نەوزاد ناتکوژم بەلام لەبەرانبەردا چیمان بۆدەکەی ؟ وتی ڕائید حافزتان بەزیندوویی تەسلیم دەکەم ! لەکوێ لە ئاوە تەکیەی نێوان تەکیەو چەمچەماڵ سەرخۆشی دەکەم و ئێوەش وەرن بیبەن، بەلام پارەی دەعوەتەکەیم نیە پارەم بدەنێ با دەعوەتی بکەم کاک جەوهەر وتی چەندی تێچوو بیکە هەتا دوو هەزاردیناری سویسریشی تێچوو بیدەو من خەرجی دەکەم، جائەوکاتە پارە بۆئێمەی پارتی زان کراوەبوو، ئیتر ڕێککەوتین و ئەوان گەڕانەوە و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان بەلام لەرێگا شوێن پێیەکمان بەدی کرد هەتا بن کەلوەزەکان ئەو شوێنەی ئێمەی لێدەماینەوە، پێشئەوەی بگاتە ئەو دیوو شوێن پێکە دیار نەمابوو، زۆر وردبووینەوەو بیرمان لێکردەوە تۆمەس ئەوان هەتا نزیک شوێنەکانمان بوونەوە، زۆری نەبرد کۆپتەر هات، لەوناوە سوری دەخوارد، تەماشا دەکەین عەلەمێکی سور ڕێک بەرانبەر کەلۆزەکە دانراوە و یەکێکی تریش لەولاوەتر. کاک جەوهەر وتی خۆ ئەوەش عەلەمێکی تری سورە ! کاتێک ورد بووینەوە سەیر دەکەین عەدەد بیکەیسیەکی قوات خاسەیەک بەرانبەر شوێنەکەمانە ئەوکاتە ئێمە حەوت کەس بووین شەهید سەید

جەوهەر و شەهید یاسینە بچکۆل و دکتۆر ئاتێلاو (یادیان بەخێر هەرسێکیان شەهید بوون) ئەوان و غائیب و جەمیل و من وئەنوەر دەرەویانی شەهید سەید جەوهەر وتی: خۆتان ئامادە بکەن ئێوە بڕۆن بۆ داوێ ، ئەو ڕۆیشتەوە بۆ لای مەفرەزەکە من و حەمە چەوری ڕۆیشتین بەجیهاز بەکاک جەوهەرم گوت وا ئێمە دەڕۆین، ئەویش جوابی دامەوە کەوا بچین بۆشاخی ئیمام زەنوێر ئێمە وەزعمان باش نیەو چواردەورمان گیراوە،لەوێ بمێننەوە هەتا خۆم جوابتان لێدەگێرمەوە، دوایی جوابی دایەوە وتی وەرن بۆ مەملەحە، دوایی بۆی باسکردین کەوا هیچ بوارنەماوە ناچار خۆیان کردبوو بەو حەشارگایانەی پێشتر لەبن تاویرو کەڵۆزەکان دروستمان کردبوو، وتی هەتا سەعات ١١ لەسەر ئاوەکە سەرباز نانیان خواردووە، سەعات سێ بەتەواوی پاشەکشەیان کردبوو، بەڵام بەتەواوی لێیان نزیک بیوونەوە تەنانەت سەرباز گەیشتبوونە بەردەم ئەو دەروازەیەی خۆیان تێدا شاردووەتەوە باش بوو پەیان پێنەبردبوون و هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون بن ئەو بەردانە پێشتر بردرابێ و پێشمەرگەیان تێدابێ بەهەرحاڵ نەیاندۆزیبوونەوە تەنها هەندێک خواردن وغەرازیان دۆزیبووەوە کەرەکەیان دۆزیبووەوە ئەوانیان بردبوو ڕۆیشتبوون . دوای پاشەکشەی سوپا، ئەوانیش دەرچووبوون و شوێنەکانیان بەجێهێشت و نەهاتن بۆلای ئێمە، چوون بۆ مەملەحە و ئێمەش هەر ڕۆیشتین بۆ ئەوێ هەندێک غەرازمان شاردبووەوە چونکە تاوێری تێدایەو شوێنی تێدایە کونە لەوێدا هەندێک شتمان هەبوو، بۆبەیانیەکەی هێزێکی زۆر گەورە هات، کۆپتەرهات وهێزی دادەبەزاند، تومەس ئەوەی ئیخبارییەکەی کردبوو وتبووی کاکە ئێوە چوونەتە سەرئاوەکە ئەوان وان لە ناوکەڵۆزەکە، ئیتر کەچووبوون ئەمجارە هەرچی غەرازو خواردنمان هەبوو هەموویان دۆزیبووەوە هیچمان نەما، دوفەردە ساوەرمان هەبوو کاک جەوهەرو ئەوان بەکۆڵ بردبوویان جاشەکانی شەفە کوێر ئەوەشیان دۆزیبووە، هەرچیمان هەبوو هەموویان بردبوو، هاتینە سەرسفر هیچمان نەما بۆ خواردن. حەمە تەبەدێی و ئەوان گشتیان گیران ڕەشید موەفەری و شێرزاد ڕایانکرد بۆ ئێرانئەوانەی تریش هەریەکەیان بەلایەکدا بلاوەیان لێکرد، دواتر هەوڵیاندا پەیوەندی ترمان بۆ دەروست بکەن کاک عوسمان هەوڵیدابوو، لەگەڵ رەشید هەرێنەیی و سیروان دێرەشەیی (سیروان نهێنیەکەی خولەگەرمیانی بوو) ئیتر خۆشمان هەوڵماندا لەرێگەی شوان وگاوانەوانەوە بەناوی جاشەوەو بەناوی ڕەبایەوە هەندێک خواردنمان بەدەست هێنا . کاک سیروان و ئەوان هەوڵیاندابوو یەکتر ببینین ئەوان موعیدی یەکتر بینینەکەیان لە دارەکەی شەخسەکەی محەمە بارام دانابوو ئێمەش چووبووینە دارێکی تر لەسەر زەنان .( معلوم نیە یەکتریان بینیوە یان نا) ئیتر مەفارزی تر دروست بوو خەڵکیش لەناو شارەوە پەیوەندی کردەوەو کەمێک وەزعمان باشتر بوو وردە وردە بەرەوباشتریش دەچووین . ئیتر کەشەری کویتیش دروست بوو ئاسۆیەکمان لێ دەرکەوت و تادەهات وەزعمان باشتر دەبوو. لەساڵی ١٩٩٠ کابرایەک بوو ناوی موحسن بوو لەنزیک دوز کەمێک زەرعاتی کردبوو، ئەوە کاک عوسمان وئەوان پەیوەندیان لەگەڵدا دروستکردبوو، بەبۆنەی کشتوکاڵ کردنەکەیەوە جار بەجار هەندێک خواردن وشتی بۆپارتی زانەکان دەهێنا، هەرئەو ساڵە بابلێن لەساڵی ١٩٩٠ بەدواوە ماڵی عەلی خەمەبوون مەڕداربوون، ئەوانیش هاوکاریان دەکردین و بەهۆی ئەوانەوە کەمێک وەزعمان باشتر بوو.

**دەمەوێ باسی دروستکردنی حەشارگەکانتانم بۆ بکەی چۆن دروستتان دەکردن ؟**

ئێمە بەزۆری لەبن کەڵۆزەکان حەشارگەکانمان دروست دەکرد، ئەوانەش لە زۆر شوێن بوون، بۆنمونە لە تەکیە کۆن و بەگزاد، لەناوچەی گۆران لەو شوێنانە هەمان بوون، هەندێک کەڵۆز هەبوون ئاوکەم دەیگرتنەوە، هەبوو لە زستانێکی سەختیشدا ئاو نەیدەگرتنەوە، دەهاتین ئەو کەڵۆزانەمان بەکاردەهێناو لەگەڵ زەویەکەیدا دەمانگونجاندنبەردی پێویست

بوایە بەردمان دەخستەبەردەمیان بنچکی پێویست بوایە بەبنچک دەمانگرت وامان لێدەکرد لەگەڵ خاکی ناوچەکە بگونجایە، ئەو شوێنانەمان دەکردە شوێنی مانەوەی خۆمان،ئەو بنکانەی خۆمان دروستمان دەکرد، بۆنمونە لەکانی پانکەی ناوچەی داوێ لە ١٩٨٩/١/٢١ لەناو زەنگنەوە هاتین حاڵمان زۆر خرپ بوو،لەنێوان تەکیێ کۆن بەگزادە دابووین شێخ کەریم و ئەوان شوێنێکیان دروستکردبوو پێیاندەگوت دیوەخانەکە، شوێنەکەی ئێمە نزیکە ٥٠٠ مەترێک لەوانەوە دووربوو، لەناو تەڵەبی کانی و ئاوێک هەبوو هەندێک داریشی تێداڕابوو، شەهید فازیلی برای شێخ کەریم نازانم چۆن تووی توورو شێلمی دەستکەوتبوو بەزەوەیەکەیەوە کردبوو رواببوو، من و حەمە چەوری ڕۆیشتین داربهێنین ئێمە هەندێک تورمان لێهەڵکیشاو لەگەڵ خۆمان هێنامان (بەوە کارێکی زۆر خراپمان کرد) لەبەرئەوەی هەر دوای ئێمە سەرباز هاتبوون شوێن پێکانمان وهەڵکێشانی تورەکانیان بینیبوو،هۆکارەکەشی ئەوەبوو باران باری بوو، ئەرز قوربوو شوێنپێکانمان وهەڵکێشانی تورەکان دیاربوون، سەربازەکانیش هەر پیادە هاتبوون لەبەرئەوەی ڕێگای سەیارەی نیە، ئێمە دەوروبەری سەعات سێ بۆ سێ ونیوی بەیانی بوو دارەکانمان لە شوێنێک شاردەوەو داماننا، دەبوو هەموو شتێک بشارینەوە، تەنانەت دەبوو پیسایی دوای خۆشمان بخستایەتە ژێرخۆڵەوە نەدەبوو هیچ شوێنەوارێکی ژیان لەناوچەکە بەجێبهێڵین،دەبوو شوێن پێکانمان دیار نەبێ، بڕوا بکە هەتا چایەکمان لێدەنا جاری واهەبوو دەبوو سێ چوارجار ئاگرەکە بکوژێنینەوە ئەگەر کۆپتەر بهاتایە، دەبوو خێرا بیکوژێنینەوە، خۆڵمان لەلای ئاگرەکەوە دادەنا ئەگەر هیچ نەبووایە لەجامادانێکانمان خۆڵمان ئامادە دەکرد بۆئەوەی ئەگەر ئاگرمان کردەوەو کۆپتەر هات یەکسەر بیکوژێنینەوە، بۆیە وتم کارێکی خراپمان کرد، ئاگرکانمان دەبوو دوکەڵی نەکردایە، بەشەوان نەدەبوو گڕی ئاگرمان دیاربێت،ئەگەر بڕۆیشتینایە دەبوو یەکێک لەدوامانەوە بە پرژە دارێک شوێن پێکانمان رەش بکاتەوە، ئەگەر زۆریش خۆڵبوایە ئەوا پشتاو پشت دەڕۆیشتین بۆ ڕێگاونی، چەندین جار بەپشتا ڕۆیشتوین سەدمەترو سەدوپەنجا مەتر بەپشتا ڕۆیشتویین، بەڵام گەنج بووین و هەموو گیانمان دەمار بوو، بەهەرحاڵ سەربازەکان هاتن و کۆپتەر هات، کەرەکەمان گرفت بوو، دەبوو ئێمە شوێنەکەمان بەجێ بهێشتایە هاتین قاچی کەرەکەمان تێکەڵ کرد وامان بەست نەتوانێ لە ٢٠٠ مەتر زیاتر بڕوات، خۆشمان بەپشتاو پشت ڕۆیشتین، کۆپتەرەکە هاتە سەر کەرەکە دەیویست پێشخۆی بدات بزانێ بۆکوێ دەڕوا چونکە کەر زۆر شارەزای ڕێگایە، ئێمە لەوەشدا حسابی خۆمانمان کردبوو شوێنی کەرەکەمان زۆر لەخۆمانەوە دور بوو، کاک عوسمان وئەوان بەهۆی کەرەکەیانەوە جارێک توشی گرفتێک بوون، کەرەکەیانی بینی بوو، تەقەی لێکردبوو ڕێک چووبووە لای مەلجەئەکەیان [50] دوایی ئەوەی لە مەلجەئەکە دەرچوون توشی سەرباز ببوون، بەڵام ئەفسەرەکە کەسێکی باش بووە تەنانەت کاک عوسمانی بینبوو بەڵام فەرمانی بە سوپاکە کردبوو بەلایەکی تردا بڕۆن،ئەمە لەلای گۆبان عەرەب بوو، ئیتر، سەرباز هاتنە سەرمان هەتا ئێوارە ناوچەکەیان چۆڵ نەکرد، بڕوابکە گەیشتنە بەردەم حەشارگەکانمان، ئیتر دوای ئەوە ملجئمان لەلای گەرماوەکەی کانی باقی دروستکرد یەکێک بۆخۆمان و یەکێک بۆ کەرەکەمان لەدوای ئەوە لەهەرکوێ مەلجئمان دروستبکردایە هی کەرەکەمان زۆر دورتر لەوەی خۆمان دروست دەکرد، لەکانی باقی بۆیە پێی دەڵێن گەرماوەکەی کانی باقی چونکە کانی وئاوێکی هەیە زستان هەڵمی لێهەڵدەستێ

50 ئەم روداوە پێشمەرگەی پارتی زان حەمە رەشید توکنی بۆی گێراومەتەوە کەوا جارێکیان کۆپتەر هاتووەتە سەر حەشارگەکەیان و بەرێکەوت گوللەیەکی دۆشکە لەبانی حەشارگەکەیانی داوە چووەتە ژووەرەوە ئەم ویستوویەتی بیکەی سێیەکە هەلبگرێت و بچێت شەرلەگەڵ کۆپتەرەکەدا بکات چونکە وای زانیوە شوێنەکەیان ئاشکرا بووە، بەڵام عوسمانی حاجی مەحمود دەستی گرتووەو رێگەی نەداوەو وتوویەتی ئەو فیشەکانە عەشوائین بەڵام تومەس تەقەی لەکەرەکە کردووە

چونکە زۆر گەرمەو هاوینانیش دەڵێی سەهۆڵاوە ئەوەندە ساردە. زۆرجار لەو گەرماوە ئەگەر ڕۆژێک هەتاوبوایە خۆمانمان لێدەشۆرد ئەویش بەچ حاڵێک هەمیشە چاوەڕوانی هاتنی کۆپتەر بووین، بەپەلە ئاوێکمان دەکرد بەخۆماندا یان بەسەرمانداو سابوناوێکمان لە خۆمان دەداو دەبوو خۆمان بخەینە پەنا دارێک لەترسی کۆپتەر. ئیتر دەبوو حەشارگەکانمان ئاوا دروست بکردایە لەگەڵ سروشتی خاکەکە بگونجایە گیابوایە گیامان دەخستە بانی و بەردبوایە بەردمان دەخستە بانی.

**شوێنی خەوتنتان چۆن بوو ؟**

شوێنی خەوتنمان هەرنەبوو زۆر خراپ بوو، چونکە بەزۆری بەشەوان دەڕۆیشتین، هیچ جێگۆڕکێکمان نەبوو لە سێ سەعات کەمتربێت، جاری واهەبوو هەتا بەیانی بەڕێگاوە بووین و هەتابەیانی باران لێی دەدایین. ئەگەر دەرفەتی خەوتنیشمان هەبوایە هەربەتاقمەکانمانەوە دەخەوتین، خەویش لەبن بەردوکاچەکان و لەبن کەلۆزەکان بوو، هیچ دۆشەک وسەرینێکمان نەبوو، بۆهاوینان سەرچەفێکی تەنک هەبوو دەمانخستەناو پشتێنەکانمانەوە ئەوەمان دەدا بەخۆمانداو زستانیش هەریەکەو باتانیەکیشمان هەبوو بەردەوام بەکۆڵمانەوە بوو. لەبەرئەوەی ئێمە شوێنێکی تایبەتیمان نەبوو وەک بارەگا تیایدا بمێنینەوە . هەتا شوێنی خەوی تێدابێ.

**ئەوکاتانەی لەناو ئەو حەشارگایەنەدا بوون، خۆتان بەچیەوە سەرقاڵ دەکرد ؟ بۆنمونە کتێبتان هەبوو بۆ خوێندنەوە یان دۆمینەتان هەبوو ؟**

ئا هەمان بوو، کتێبمان هەبوو بەڵام زۆر کەم، وەرەقەی کۆنکان وتاوڵەو دۆمینەشمان هەبوو، بەڵام بواری خوێندنەوەو یاری کردنمان نەبوو، کەم دۆمینەمان دەکرد، چونکە بەشەو نەماندەتوانی ئاگر بکەینەوە، خۆت دەزانی ئەوەش ئەوانە چرای گەرەکە، نەبوو بەشەویش بەزۆری دەڕۆیشتین،بەڵام لە ئیمام زەنور شوێنێکمان هەبوو، لەپشتی گوندی قیرچەوە بوو، ئەو شوێنە نزیکەی سیانزە چواردە کەس تیایدا دەخەوت،لەوێ چرایەکمان هەبوو، یان خۆمان چرایەکمان دروست دەکرد، ئەویش هەموو شەوێک نا ،لەمانگێکدا شەوێک یان دوو شەو ئەگەر لەوێ بماینایەتەوە، بەشەو هەر ڕێمان دەکرد،جاری واهەبوو خۆر ئاوا دەبوو ڕێگامان دەبڕی هەتا سبەی خۆر دەکەوت، ڕۆژئاوا دەکەوتینە ڕێگا باران دەباری ڕێگامان دەبری هەتا خۆر دەکەوت ئێمە بەڕێگاوە بووین وباران لێی دەدایین، ئێمە شوێنەکانمان وانەبوون جێگەی هەمیشەیی وەک بارەگامان هەبێ و بەبەردەوامی لێی بمێنینەوە.

**بێگومان رادیوتان هەبوو ؟**

بەڵێ ڕادیومان هەبوو، ئەوکاتە رادیوی توشیبا هەبوو، ئەوەمان پێبوو، بەزۆریش بۆ گۆرانی گوێمان لەڕادیۆی بەغدا دەگرت وبۆ دەنگوباسیش گوێمان لەرادیوی مۆتی کارلۆ وەردەگرت.

**ئەویش هەمووی هەر درۆ بوو ؟**

هههههههههه ڕاستە هەمووی هەر درۆبوو،بەڵام من گوێم لەبەشی فارسی رادیوی ئەمریکا دەگرت.

**شوێنی پاسەوانی و جۆری پاسەوانیتان چۆن بوو لەو حەشارگایەنەدا ؟**

چاڵێکمان دەکرد، بەقوڵی وەک چاڵی ترخێنە بەباڵای کەسێک هەتا ملی،حەرەسەکە دەچووە ناوی وتەنها سەری دیار بوو، دەبوو لەشوێنێکی بەرزبێت، بۆکاتێک کە کۆپتەریش بهاتایە، گوێنیەک یان بنچکێکی لەلاوە بوو، حەرەسەکە دادەنیشت و ئەو گوێنیە یان ئەو بنچەکەی دەخستە سەر چاڵەکە،تەنانەت ئەگەر کێومالیش ببوایەو تەواو نزیک ببونایەتەوە نەیاندەبینی مەگەر هەر بەسەریدا بکەوتنایە دەنا نەدەدۆزرایەوە، ئەوسا ئێمەش هەموو لاوازبووین چاڵەکە ئەوندە فراوان نەبوو، من ئەوسا کیشم هەروا پەنجا کیلۆیەک دەبوو بۆیە لەهەموو کونێکەوە دەچوین .[51]

---

51 من لەجەوەڵ مازوخ چوومەتە سەریەکێک لەو چاڵانەی شوێنی حەراسەتی پارتیزانەکان بووە، تەنانەت ئەو گونیەی هەر لێمابوو کە لەکاتی پێویستدا حەرەسەکە داوێتی بەسەرخۆیدا، وەک جەمال وارانی دەڵێت لەشوێنێکی بەرزی پشت حەشارگەکەیانەوە چاڵێکیان وەک بیر یان وەک چاڵی

**من چومەتە جەوەڵ مازوخ لەوێ شوێنی حەراسەتەکەتانم بینیوە، ئایا لە هەموو شوێنێک شوێنی حەراسەتی ئاواتان هەبوو ؟**

لە هەموو شوێنیک هەمان بوو، بەڵام بەشەو حەراسەتمان نەبوو. جاباسی مازوخت کرد شتێکم بیرکەوتەوە.لەوناوە دوو کەر هەبوون هی خۆمان نەبوون، بابڵێین هی مەفرەزەکان نەبوون کەری بەرەڵابوون، کەوتبوونە ئەو ناوە، ڕۆژێک چوین هێنامانن وتمان پێویستمان پێیان دەبێت، ڕۆژێک تەمشیت بوو، کەرەکان بۆنەگبەتی ئێمە خۆیان کرد بەناو مەلچەئەکانی ئێمەدا، جاشەوەکەی پێش ئەوەی بخەوین وتیان شەکرمان نەماوە، منیش وتم من بۆتان پەیدا دەکەم، جەوەڵێک هەیە لەوناوە ئێمە تەپەی سمایلی پێ دەڵێین، قەڵالوت لەپشتمانەوە بوو، بەهاوڕێکانم گوت: مەلجئێکی کۆنم دۆزیوەتەوە هەندێک کەلوپەلی خەڵکی تێدا شاردراوەتەوە نیو فەردە شەکریشی تێدایە، سبەی من دەچم دەیهێنم و چاکەشتان بۆ لێدەنێم ئینجا هەڵتان دەستێنم، وتیان ئەی لەوە باشتر هەیە، بەقوربانتین بەیانی بڕۆ بۆمانی بهێنە، منیش بەیانی زوو دەوروبەری سێ ونێو ئاوا بەرەو بەیان دەچوو ڕۆیشتم بۆئەوەی شەکرەکە بهێنم نێوان ئەو شوێنەو حەشارگاکەمان هەروا چارەکێک دەدەقیقە هەرئەوەندە دەبێت. کاتێک ڕۆیشتم و لەبانەوە تەماشای ئەودەشتەی داوێ و وارێنم دەکرد دڵم پێی دەکرایەوەو جەوێکی زۆر خۆش بوو، بەڵام کەبەلای لفتی ئاغادا ڕوانیم سەیر دەکەم ئاگرێکی زۆر لەناو لفتی ئاغادا کراوەتەوە، سەرەتا زۆر گوێم پێنەدا چونکە بارەگای سەرەکی موجاهیدەکان[52] لەنەوجول بوو لە باشتەپەش لێی بوو، دەهاتنە باشتەپەو لفتی ئاغاو هەندێکجار دەگەیشتنە زینانەو ئەوناوە تەمرینیان دەکرد،هەموو ڕۆژێک و هەندێک جار بەشەویش دەردەچوون تەقەیان دەکردو مەشقیان دەکرد، بەڵام ڕۆژانی هەینی دەرنەدەچوون، دوایی بیرمکردەوە ئەمرۆ هەینیەو موجاهیدیش بەو شێوەیە ئاگرناکەنەوە، ئەم ئاگرە زۆرە چیە نازانم ! وتم ئەمەشتێک هەیە، دوایی بەدوربین سەیرم کرد ٥٧ سەیارەی سەربازیم ژمارد، لاندکرۆزێک وجێب قیادەیەکیشیان لەتەکدا بوو ئەمە ٥٩ سەیارە،سەیردەکەم ئەوە جەیشە دەرچووە،منیش شەکرەکەم دابە کۆڵمداو بەپەلە گەڕامەوە بۆلای هاوڕێکانم، جەماعەتم هەستاندو بەکاک جەوهەرم گوت جەیش والەناو لفتی ئاغادایە،دڵنیاشم سبەی بەرەو ئێرە دێن، وتی چۆن وتم چاک باجارێ من چاییەکتان بۆ بکەم و سەروچایی بخۆنەوە، دڵنیام ئەوجەیشە تەمشیت دەکاو بەرەو لای ئێمەش دێن،چام بۆیان کردو جەماعەت خۆیان بەست وچاییان خواردو ئامادەبووین،زۆری نەبرد هێشتا تاریکی مابوو، سەیارەی سەربازی کەوتنە ئیشوبەلایتەوە دەرچوون،

---

ترخێنە هەڵکەندبوو، بۆئەوەی ببێتە شوێنی نیگابانی پاسەوانەکەیان، حەشارگاکە لە دۆڵێکدا بوو تەنها لایەکی بەروی کفریدا کرابووەوە دەنا لەهەموو شوێنیکەوە دورەدرابوو تەنانەت لەولایەشەوە کە دۆڵەکە دەمی کراوەتەوە حەشارگەکە هەر نەدیوو بوو. ئەوەی جیگەی سەرنجی من بوو، شوێنی حەرەسەکە هێندە بە وریای دیاری کردبوو، هەموو حساباتێکی بۆکرابوو، لەبەرزیەکدا بوو بەڵام بە لیواری بەرزیەکەوە بوو ئەوەش بۆئەوە بوو ئەگەر سەیارەش بێتە ناوچەکە لەسورانەوەدا ڕێکەوتی سەرئەو چاڵەنەکات و بکەوێتە ناوی وببێتە هۆی زیانگەیاندن بە حەرەسەکەو ئاشکرابوونیان- عومەر.

52 لە بیرەوەرییەکانی خویدا مەحمود سەنگاوی نوسیوێتی ڕۆژی١٩٩٠/٣/٢٠ ڕەشەبایەکی توونـد و زۆر ساردیش بوو، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ چاومان لێبوو ناوچەی داودەو دێیەکانی زینانە و هەیەرە سوور دوکەڵێکی زۆری لێ بەرز دەبووەوە، بۆمان ڕوون بووەوە کە هێزەکانی مجاهدین خەڵق بوون، خەریکی مانۆڕی سەربازین لەو ناوچەیەدا. بە هەموو کەرەسە و کەلوپەلێکی سەربازییەوە هاتوونەتە ئەوێ و پەناگەی زۆریان هەڵکەند بوو، شووێنی سەربازگەیان دیاری کردبوو، بە شێوازێکی سەربازی هاوچەرخانە ڕۆژانە بێ پشوو خەریکی مەشق و ئەنجامدانی ئەرکە سەربازیەکان بوون. هەرچەندە هاتنی ئەمانە بۆ ئەو ناوچەیە ڕێگری لە کاروباری پارتیزانەکاندا دروستکردبوو، بەڵام ئەمانتوانی لە دووری ئەوانەوە کارەکانی خۆمان هەڵسوڕێنین.

بەرەو وارانی کە ڕۆژ بووەوە تەماشا دەکەین ئەو ناوە هەمووی سەرباز گرتوویەتی، ئێستا پردەکەی وارانی لەکوێیە؟ ئەوسا پرد نەبوو کەهاتن بپەڕنەوە ئیڤایەکیان لەو چەمەدا چەقی، ماوەیەکی زۆر خەریکی بوون وابزانم هەتا دەوری ٨ و ٩ی بەیانی خەریکی بوون بۆیان دەرنەدەکرا، بەڵام سەرباز بەپێ هاتن لەدەوروبەری وارانی ئاگریان لە پش وپەلاش بەردا، کەسەیارەکەیان دەرکرد دەرچوون بەرەو وارانی ژوروو لەچەمی نێوان گەرمک و وارانیشدا ئیڤایەکی تریان چەقی، بەوەشەوە هەتا سەعات ١١ی نیوەڕۆ خەریک بوون نەیانتوانی دەری بکەن، بەپێ هاتنە ناوگەرمک لەوێش برێک ئاگریان کردەوەو گەڕانەوە، دیسانەوە سەیارەیەکی تریان چەقی هەتا سەیارەی تریان بۆی هێناو دەریانکرد زۆریان پێ چوو، وتمان ئەم کەرانە چارەنەکەین سبەی ئاشکرامان دەکەن، دڵنیاین سبەی کێومال دەکەنەوەو ئەمرۆ نەگەیشتنە لای ئێمە سبەی دەگەنە لای ئێمە ئەگەر ئەم کەرانە لێرەبن خۆیان دەکەن بەناو مەلجەئەکانماندا ئاشکرامان دەکەن. لەگەڵ موحسن لەکی کەرەکانمان بردو کرمانە ئەوبەری چەمەکەوەو خۆمان گەڕاینەوە، جاتۆ پرسیاری شتی خۆشت لێم کرد لەکاتی پارتیزانیدا ئەمە یەکێکە لەو ڕوداوە خۆشانەی نێوانمان، کە دەگەڕاینەوە لەبن کەوڵۆزێکدا هەندێک غەرازمان دۆزییەوە هی خەڵکی گەرمک وئەو گوندانە بوو، کە پێش ئەنفال هاتبوون لەوناوە خۆیان شاردبووەوە، بەڵام کە جەیش وجاش هاتوون و خەڵکەکە هەموویان گیرابوون ئەو غەرازوشتانەیان لەو شوێنانە بەجێمابوون، جا ئێمە بەموحسن لەکیمان دەگووت : قائید، کەمێک فەلسەفیانە قسەی دەکرد، قائید گوتی جەمال برام تەنها شتە سەرەکیەکان کۆکەرەوە تەنها ئەوانەی سەرەکین خۆ ئێمە هەموویمان بۆناڕوات، وتم قائید جاشتی سەرەکی چیە ؟ وەکو چی وتی وەکو شقارتەو وەکو چاو وەکو شەکرو فاسۆلیاو ئالەم بابەتانە ئەی مەگەر ئەوانە چین سەرەکی نین ؟! برنج وئاردو ئەوانە وازلێبهێنە ئەوانەمان بۆ ناڕوات، ئیتر کەهاتینەوە بەکاک جەوهەرو ئەوانم گوت : تەنها شتی سەرەکیمان بۆتان هاوردووە، کاک سەید جەوهەر گوتی : شتی سەرەکی چییە ؟ وتم بە موحسن لەکی بڵێن ئەو دەیزانێت . ئیتر کەزانیان مەسەلەکە چیە هەموویان دەیانە قاقای پێکەنین.

**ئەی بۆ بەیانی چی ڕوویدا ؟ کەرەکان چییان بەسەرهات ؟ سەرباز هاتنەوە بۆ کێومالّ کردن ؟**

بۆبەیانی کیومالێکی زۆر گەورەیان کرد، ئەو پێدەشتە هەتا دەگاتە خۆرنەوەزان پڕکرا لەسەرباز داروبەردیان دەپشکنی،ئەمجارەیان لەسەر جادەی قادرکەرەمەوە بۆ بان تەرخانە لەوێوە هاتن، ئەم دیوەو ئەودیو خۆرنەوەزان و چەمی گەرمک بەڵام نەگەیشتنە لای ئێمە لەڕاستیدا شوێنەکەی ئێمە بێشک بوو، ئەوان بەزۆری ناو بێشەو چەمەکان بۆ ئێمە دەگەڕان بەڵام ئێمە لە جەوەڵ مازوخ بووین،بۆئێوارەکەی لێماندا ڕۆیشتین بۆ پەناگاکانمان لە پەڵکانە لەوکاتانەدا نزیک شارەکان وەک کفری وچەمچەماڵ و کەرکوک ئەوانە سەلامەتتربوون، سوپا بهاتایە دەڕۆیشت بۆ قولایی کێومالی دەکرد، نەک لەقەراغی شارەکان.

**یادەوەریەکی خۆشت هەیە لە پارتیزانیدا ؟**

بێگومان هەندێک ڕوداوەن بۆ ئەو سەروەختە زۆر ناخۆش بوون بەڵام دەکرێت ئەمڕۆ ببوونە یادەوەری خۆش. باسی ئەوەم کرد کەوا چوینە ئێران گوێمان لەدەنگی زەرەی کەر بوو، هەموومان دەمانگوت ئەی گیان ئەی گیان، چونکە هێندە لە چۆڵەوانیدا بووین. بەڵام شتێکی خۆشت بۆ دەگێڕمەوە، ساڵی ١٩٨٩ لە نزیک حەشارگەیەکمان دانیشتبووین، حەمە چەوری زۆر عەشقی حەسەن زیرەکە، ئەوان هەر بە خێزانی وان، هەموویان عاشقی حەسەن زیرەکن، ڕۆژێکیان حەمە گوێی لەڕادیو گرتبوو، بەڵام دەنگی ڕادیۆکەی زۆر زیاد کردبوو ئەو ڕۆژە یادی حەسەن زیرەک بوو، ئێمەش دەبوو وریا بین لەبەر دەنگی کۆپتەر هەمیشە گوێ قولاغ بووین، حەمەش دەنگی ڕادیۆکەی زۆر زیاد کردبوو لەهەوای خۆیدا بوو، منیش کاکە دەنگی ئەو ڕادیویە کزکە حەمە پێی ناخۆش بوو، سەید جەوهەرو شێخ کەریم و هەموو پێشمەرگەکان

دانیشتبوون، سەید جەوهەر حەزی دەکرد گەمە لەگەڵ حەمەدا بکات بۆ ئەوەی تورەی بکات وتی جەماڵ دوو بارەی بکەرەوە با کەمێک تورە بێت منیش وتم جا توخوا ئەوە کەی هونەرمەندە ؟ ئەوە چیە خۆت پێوە سەرقاڵ کردووە کورە دەلایە گوێ لەچی دەگریت ؟ لەو کاتەشدا مقابلەی خەڵکیان دەکردو قسەیان لەسەر حەسەن زیرەک دەکرد منیش دوبارەم کردەوە وتم کاکە ئەوە هەر هونەرمەند نیە، حەمە تورە بوو، زۆر تورە بوو، وتی ئەوەی حەسەن زیرەک بەهونەرمەند نەزانی پێشمەرگە نیە،خوێریە وایەو وایە زۆر تورە بوو. دوایی ئاشتمان کردەوەو گوتمان کاکە هەر ویستمان سوعبەتت لەگەڵدا بکەین چۆن هونەرمەند نیە تۆش و ئەویش بەریزو بەنرخن . راستیەکەی ئێمەش لە کەشێکی زۆر ناخۆشدابووین دنیا گەرم بوو بێ خواردن و بێتاقەت بووین . دوکانەکەی مامەعەبە ئەوەش یادەوەریەکی خۆشە بائەوەش بگێرمەوە .

**فەرموو ..**

کاک عەبدوڵا قەیتولی پارتیزان بوو لەگەڵماندا، سەرەتا لە مەفرەزەکەی کاک شێخ کەریم بوو لەلای ئەوەوە ناردیان بۆلای ئێمە ئەو بەتەمەن بوو خوا عافووی بکات لەم سالآنەی دواییدا بەنەخۆشی کۆچی دویی کردبەلآم زۆر دڵتەڕبوولەوکاتی پارتیزانیەدا هەموو شتێک زەحمەت پەیدا دەکرا، جا بچوکترین شتبوایە بۆ ئێمە زور زەحمەت بوو(مامە عەبە) تورەکەیەکی پێ بوو شووشەی عەترو شانەو ئاوێنەو مووکێش و نوخان برو کرێم و بەکرەو دەرزی و دەزووی تێدابوو، ناومان نابوو دوکانەکەی مامە عەبە، دواتر دواتریش کە خەتی ڕێکخستنمان بۆ پەیدا ئاسانتر شتوپێداویستیەکانمان بەدەست دەگەیشت، هەر جارێک ئەگەر پێداویستیەکانمان بۆ ڕێکخستن بناردایە مامە عەبەبە پیداویستیەکانی ئەمانە بوون شووشەیەک عەتری جۆری ئەوەو کرێمی جۆری ئەوە بوو، ئێمەش دەمانکردە گاڵتە لەگەڵیدا دەمانگوت مامە عەبە تۆ بۆ پارتیزانی هاتووی یان بۆ (قۆزێنی) ئەویش خۆی تێک نەدەداو دەیگوت کاکە ئێوە نایزانن خەبات ئەوەشی پێویستە، ئەگەر شەهید بووین و تەرمەکەم کۆپتەر بردی با حکومەت شەق بەرێت و بلێت ئەمانە لەهیچیان کەم نیەو هەموو خەڵکی شاریان لەگەڵدایە و هاوکاریان دەکەن ئەوەتا تەنانەت عەتریشیان بۆ ناردوون شەهیدبووین و تەرمەکەم کۆپتەر بردی باحکومەت شەق بەرێت و بلێ ئەمانە هەمووشارهاوکارییان ئەکات تەنانەت عەتریشیان بۆ ناردوون . هیچ جارێک نەبوو عەترەکەی مامە عەبە لە قایمەی داواکاریەکاندا نەبێ هەموو جارێک دەیگوت: عەترەکەی منتان لەبیر نەچێت، عەترەکەی منیش بنوسن. ئینجا زۆر جار تورەکەکەی لە ئێمە دەشاردەوەو دەیخستە ناو کلاوەکەیەوە ئینجا کەدەخەوت منیش دەمگوت دەچم دوکانەکەی مامە عەبە دەبرم . شتێکی تریش بوو ئەویش هەرلەگەڵ حەمە چەورییە لە حەشارگەکەی ئیمام زەنور جەماعەت دۆمینەیان دەکرد لەسەر خاڵگرتن ێیان بووە هەرا کاک سەید جەوهەر تورە بوو گوتی دەڕۆم، شەوێکی زۆر ناخۆش بوو باران و لەهەندێک شوێنیش بەفر باری بوو، شوێنەکەمان لەپشتی گوندی قیرچە بوو، هەرچەندە کاک شێخ کەریم گوتی کاکە ئەوە کاری کردن نیەو بەم بەفروبارانە بۆکوێ دەڕۆن وکوێ هەیە بۆی بچن ؟ وتی دەڕۆینەوە بۆ ناوچەی زنگەنە، زۆر دوربوو کاک سەید بریاریدا بڕۆین هاتین هەتا گەیشتینە مشکی بان ڕێگە باشتر بوو دوای ئەوە بەفری لێباری بوو ئێمە هەموومان شارەزای رایگا نەبووین شارەزامان حەمە چەوری بوو، ئەویش جارێک بەملادا دەڕۆیشت وجارێک بەولادا بەفر ڕێگاکەی ونکردبوو، کەرەکەش هەر ملی بۆ بەلایەکیاندا دەنا کاک سەید جەوهەر گوتی: حەمە وازبێنە بادوای کەرەکە بکەوین، بەخوا کەرەکە لەتۆ شارەزاترە، ئیتر دوای کەرەکە کەوتین هەتا بردینە سەر کەلۆزەکەی خۆمان . لەوێ کاک سەید جەوهەر گوتی ها حەمە نەمگوت کەرەکە لەتۆشارەزاترە. هەرچەنە زۆر ماندوو بووین بەلآم دامانە قاقای پێکەنین. ئیتر ئەو شەوە خۆمان خزاندە بن ئەو کەلۆزە هەموو گیانمان ئارەقی کردبوو، جلەکانیشمان تەڕ بوون بەیان هەمووماں رەق ببووین ئیتر کەهەتاو

کەوت کەمێک خۆمان خستە بەردەم خۆرەکە و بەگەرمی لەشمان و تیشکی خۆرەکەش جلەکانمان وشک کردنەوە هەردبوو وابکەین خۆ جلمان نەبوو خۆمان بگۆڕین .

**ئەی شتێکت هەیە باسی بکەیت هەم خۆش وهەم ناخۆش بێت ؟**

جارێکیان لە ئیمام زەنوربووین هێزێک هات بەبەردەمماندا ڕەت بوو، لەقادرکەرەمەوە هات بەرەو قەیتول و گەیشتە قیرچە، پێنج کۆپتەریش بە ئاسمانەوە دەرکەوتن، لەبان شاخەکەی ئیمام زەنور نیشتنەوە هێزیان دابەزاند، ئەو چیایە بانەکەی تەختە هەرچەندە ئێستا لەسەنگاوەوە سەیارە دەچێتە بان، بەڵام ئەوسا ڕێگای سەیارەی نەبوو، بۆیە بەکۆپتەر هێزیان دەبرد، کۆپتەرەکان دوونیان غەزال بوون ئەوانە شەڕ کەر بوون وسیانیشیان حەماڵ بوون، هەندێک ئەسپ وماین ئەوا سیان چوارێک بوون کۆپتەرە جەنگیەکان هەر سیان چوارییانیان کوشت، کۆپتەرەکانی تریش کە دەنگیان نەما بەعەقڵی خۆمان نیشتنەوە چونکە دەنگیان نەما بەڵام هەتا ئێوارە سێ جار کۆپتەر دەهاتن و دەڕۆیشتنەوە، هەتا ئێوارە درەنگانێک ئیتر کۆپتەرەکان ڕۆیشتنەوە، بەڵام ئاگامان لەپشتی خۆمان نەبوو، ئێوارە کە تاریکی کرد من وشەهید سەید بابا ڕۆیشتین ئەو لە مەفرەزەکەی شێخ کەریم بوو، من جهیازێکی (تلفن کن)م پێبوو، هەردووکمان ڕۆیشتین چووینە بان شاخ سەیرمان کرد ئاگر هەیە، ٢١ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٨بوو، دنیا زۆر سارد بوو، پارێزمان لەئاگرەکان کردو ورد وردە چووینە پێشەوە سەیرمان کرد ئاگرەکان کەسیان لەدەور نیە، بەهێواشی ڕۆیشتین هەتا تەواو لە ئاگرەکان نزیک بووینەوە تەماشامان کرد توێکڵی پرتەقاڵی لێیە دیاربوو سەرباز لەو کۆپتەرانەوە دابەزیوون و ئێوارەش هەر بەو کۆپتەرانە ڕۆیشتبوونەوە، بەڵام سەربازەکان پرتەقاڵیان خواردبوو،چەندی گەڕاین یەک دانە پرتەقاڵیان بەجێ نەهێشتبوو،تەنها توێکڵەکانیان لەوێ مابوون هەردوکمان یەکی دوو گیرفان توێکڵی پرتەقاڵمان پڕکرد، بۆنمان دەکرد زۆر خۆش بوو بەلامانەوە دوایی وتمان کورە بەخوا دەیخۆین دەستمانکرد بە توێکڵی پرتەقاڵ خواردن ئەوەشی کەمایەوە بردمان لەبەردەم مەفرەزەکانمان دامانا کاکە بوو بەفڕکان فڕکانێک کوڕئەو کوڕە بوو توێکڵی پرتەقاڵ بۆخۆی بەرێت، ئیتر ئەوە بووە یادگارییەکی هەم خۆش و هەم زۆر ناخۆش بۆ ئێمە.

**جارێکیان باسی ڕاوە کەروێشکێکت بۆ گێڕامەوە لە گوندی دوڕاجی ؟ ئەوەش بەسەرهاتێکی گرنگە ئەگەر باسی بکەیت ؟**

ئا ئەوە زۆر دەمێک بوو گۆشتمان نەخواردبوو، بەکاک سەید جەوهەرم گوت لە گوندی دوڕاجی کەروێشک زۆرە هی مالی مابوونەوە لەبن داروپەردووی خانووەکانیاندا کونیان کردبوو، ئاخر کە ڕویشک زەوی کون دەکاو دەچێتە ناوی، کاک سەید وتی جا بۆتان دەگیرێ ؟ دەتوانن لێیان بگرن ؟ ئەگەر دەتوانن بیگرن باشە بەڵام تەقە نەکەن، وتم دەچین پەنا خوا بزانین چیمان پێدەکرێت، لەگەڵ مام عەبدوڵا قەیتولی ڕۆیشتین، بۆنەگبەتی ئێمە ئەو شەوە مانگ گیرا، مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٩ بوو بەڵام ڕێک ڕۆژەکەیم بیر نەماوە، کەگەیشتین کەروێشکەکان وەک کێویان لێ هاتبوو چاویان بەئێمە کەوت هەموویان ڕۆیشتنەوە ناوکونەکانیانەوە دنیاش زۆر تاریک بوو، زۆر هەوڵماندا بێ سود بوو هیچمان دەستنەکەوت، ئیتر ناچار ڕۆیشتین بۆ زینانەی خواروو، لەوێ لەبان قەڵاکە کەروێشکێکم بینی مانگیش گیرابوو دنیا تاریک بوو ووتم کورە کێ ئاگای لێیەتی بەم کەتەو لەم چۆڵەوانیە فیشەکێکم پێوەنا لێم نەداو کەروێشکەکە دەرچوو، لەوێش زۆر گەڕاین هیچمان نەدۆزیەوە دوبارە گەڕاینەوە بۆناو دوڕاجی بەڵام هەتا گەیشتین مانگ گیرانەکە نەمابوو دنیا روناکتر بوو، لەوێ سەکۆ هەبوو خەڵک دروستی دەکرد بۆ خەوتنی هاوینیان، بینیم سێ دانە کەروێشک تێرگیاییان خواردووەو لە قەراغی سەکۆکە پاڵ کەوتوون، تاقم وتفەنگەکەم داناو دوو بەردم هەڵگرت ئەمەلام لیگرتن و بەمامە عەبەم گوت تۆ

لەولاکەوە پخەیەکیـان لێبکە ئەو پـخەی لییـانکردو کەروێشک دەرچـوون منیش بەردێکـم ڕاوەشاند دام لەیەکێکیـان و کوشـتم هەر خێـرا سـەرمان بـڕی وگەڕایـنەوە بـۆلای بـرادەران لە پەڵکـانە بـوون، کە گەیشتین دەمەو بەیان بوو وتم هەستن کەروێشـکمان بۆتان هاوردووە، کاک سەید جەوهەر گوتی ئەوە چۆن کوشـتتان هەرتەقەتـان نەکردبـێ وتـم نـا بەبەرد کوشتوومانە. ئیتر بەگۆشتی کەروێشک بوو بەجەژنی برادەران .

**ئەی نەتان دەتوانی بۆجارانی تر تەڵەیان بۆ دروست بکەن و بەئاسانی بیانگرن ؟**

نـا لەبەرئەوەی زۆر جـار جـاش لەنـاو ئەو گوندە ڕوخـاوانەدا کەمینیـان بـۆ دادەنـاین ئـێمەش نەمانـدەتوانی هـیچ ئاسـەوارێکی وا بەجێهێڵـین کە خەڵک هاتوو چۆی دەکات .

**باسی ئەوەت کـرد سـەردەمانێک کەمینتان زۆر بـۆ دادەنرا، چۆن خۆتان لەو کەمینانە لادەدا ؟**

تەنها بە شارەزایی خۆمـان، شـوێنێک گومانمـان لێـی هەبوایە خۆمان لێ بەدوردەگرت، جارێکیان من وغائیب ئیستا ئەویش مقدمە دەبوو لە ئیمام زەنوەرەوە بچین لە حەشارگەیەکی دور لە قوروسێ پـا، غەراز بهێنـین لە ناوگونـدی قیـرچە پشـیلەیەک هەبـوو دوای ڕوخـانی گونـدەکەو چۆڵکردنیشـی هەرلەوێ مـابوو، هەمیشـە دەڵـێم خـۆزگە وەک ئێسـتا کـامێراو شـت دەبـوو ڕەسـمێکیم دەگـرت بـۆ مێـژوو، هەرجارێـک لەوێـوە بڕۆیشـتینایە ئەو پشـیلەیە دەهـاتە پیریمـانەوە هەتـا لەگوندە دەردەچووین لەگەڵماندا دەهـات خـۆی تێمـان هەڵدەسـوو گەمەی لەتەکمانـدا دەکـردو دەی میاوانـد ئاگری لەدڵ وجگەرمان بەردەدا، زۆر سەیر بـوو، وەک بڵێی بەرێی دەکردین هەتـا لە گونـدەکە دەردەچووین ئینجـا دەگەڕایەوە، ئەو ئێـوارەیە کە دەرچـووین گەیشتینە قیرچە بەرەوپیریمان هات و لەگەڵماندا بـوو هەتـا لەگونـدە ڕوخـاوەکە دەرچـووین، چـوین غەرازەکانمان بارکردو گەڕاینەوە کاتژمێر دەوری سێ ونیوی شـەو ئیتـر وابەرەو بەیـانی دەڕۆیشـتین، مـن لەپێشـەوە دەڕۆیشـتم وغـائیبیش بەدوای بـارەکەوە دەهات، دوو کەرمان بارکرد بووبـاری کەرەکـان ئـاردو برنج بوون، گەیشتمە نزیـک قیـرچە پشـیلەکە نەهـات بەرەو پیریمانەوە ! کەوتمە گومانەوە بیرم لێدەکردەوە، بۆیە بەهەسـتیاری و گومـانەوە دەڕۆیشـتم هەرچەنـدە ماندووش بووین بەڵام لەناکاو بڵیسەی ئاگرێک چاوی کردمەوەو ڕێک لەشوێنی خۆم دانیشتم، ئیشارەتم بـۆ غائیب کـرد کەرەکـان ڕاگریـت و نەیەنە پێشـەوە هەر چاوم لەسە شوێنی ئاگرەکە بوو، بیـرم لەلای نەهـاتنی پشیلەکەش بوو، مادام نەهات گومـانەکەم زیـاتر بـوو، چاوم هەڵگلۆفت تۆبڵێی چاوم ڕەشکەو پێشـکە بکـات یـان ڕاسـتیە ؟! نەخێـر ئەمجـارەش بڵێسـەیەکی تـر دووبـــارە کرایەوەچەرخیـــان لێـــداو جگەرەیـــان داگیرساند، گەرامەوە بۆلای غائیـب و وتـم کەمینێکـی گەورەیان بۆمان داناوەبا بگەڕێینەوە ئەگەر پشـیلەکەو ئەو چەرخ لێدانە نەبوایە تیـادەچوین، بە کـاک غـائیبم گـوت ئەگەر نەگەڕێـنەوە بـۆلای هاوڕێکانمـان لە شوێنەکانی خۆمان حسابمان دەڕوات ئەوانیش تـوش دەبن چونکە دڵنیا بووم ئەوە کەمینی دوژمنە، نزیکەی ١٥٠ مەتریـک گەڕایـنەوە دواوە، کەرەکانمـان ڕمانـدو شەتەکمان دان، دەبوو کەرەکان پاڵ بخەین و هەرچوار پەلیـان ببەسـتین بـۆئەوەی هەڵنەسـتن و ئاشـکرابین، کەرەکانمان پاڵخست و ئینجا شـتەکانمان پێیانـداداو غەرازەکانمـــان بەپەلە لەبـــن بەردەو کەڵۆزەکانـــدا شاردەوەو بەراکردن گەڕاینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان، بەکـاک سـەید جەوهەرم گـوت: خۆتـان کـۆبکەنەوە قیرچە[53] پرییەتی لەجەیش وجاشوتی چۆن وتم چاک بـابڕۆین بـۆ ئەو شـوێنەی وا تـازە دۆزیومـانەتەوە،

---

53 ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ مامۆستا نەجیب گەرمیانی و لەتیف فاتیح فەرەج چوینە گوندی قیرچەی ئەنفالکراو تەنها یەک ماڵی تێدا مابوو، مامۆستا نەجیب باسـی ئەوەی دەکرد کەوا ١١ ماڵ و چواردە ژنی بێ مێردی تێدا دەژی بەڵام کەچوین تەنهـا مـاڵێکی مەرداری تێـدا بـوو ئەوانـیش خەڵکـی ئەوێ نەبوون، ژنێک بەناوی ئەختەر قسەی بۆکردین کە هەمـوو کەسـوکارەکەی ئەنفـالکرابوون، ژنەکە نـاوی ئەخـتەر بـوو ئەوسا منداڵ بووە بەڵام توانیبووی لە ئیڤایەکی سـەربازیدا خـۆی هەڵـداتە خـوارەوەو خـۆی بگەیەنێتە چەمچامـاڵ بـۆ دیدارەکەی ئەختەر بڕوانە ئەنفالستان ژمارە (٣)

شوێنێکمان دۆزیبووەوە لەسەرەوە کونێکی بچووک بوو بەڵام کەدەچوویتە خوارەوە دیوەخانێک بوو بۆخۆی، بەئاسانی جێگەی ١٤ هەتا ١٥ کەسی تێدا دەبووەوە،بەڵام دەمی کونەکە زۆر بچوک بوو ئێستا من ناکێشێ، بەڵام ئەوکاتە ئێمە لاواز بووین،یەکەمجار دۆزیمانەوە منیان بە پشتێن داهێشتە خوارەوە، رۆیشتین بۆ ئەوێ هەمووومان چووینە ناویەوە تەنها هەک کەسمان نەبێ ئەویش بەحاڵ سەری بەدەرەوە بوو، ئەیش بۆئەوەی بزانین کەجەیش وجاش هات بیزانین، هەرکە بشهاتنایە ئەوکەسەی بەدەرەوە بوو بەردێکمان لێ کونەکە دانا بوو هەر کەبێن ئەو بەردەکە بنێتە دەمی کونەکەوەو بێتە خوارەوەو تەواو.[54] ئەوان هەتا ئێوارە بەدواماندا گەڕان بێ سود

54 شوێنێکی هاوشێوەی ئەو کونەی جەمال وارانی باسی دەکات لە ناوچەی قەڵاسێوکەهەیە، بەناوی ئەشکەوتی چاڵە بروسکە، لەنزیکی گوندی بۆڵقامیش، لەکاتی ئەنفالدا نزیکەی ٣٥ کەس خۆیان تێدا شاردبووەوە، بەڵام ئەوان بەخت یاوەریان نەبوو بەرێکەوت جاشێک بەسەر دەمی ئەشکەوتەکەدا کەوتبوو، خەڵکەکەش گرتبویان و کوشتبویان بۆئەوەی ئاشکرا نەبن، بەڵام لەدرێژەی گەران بەدوای ئەو جاشەدا سەرئەنجام دەمی ئەو ئەشکەوتەیان دۆزییەوەو خەڵکەکەیان ناچار کرد بێنە دەرەوە چونکە بانگەوازیان دەکرد کەوا بەشۆفڵ دەمی ئەشکەوتەکە دەگرین و بەگڵ پڕی دەکەینەوە، سەیر لەوەدایە دەمی ئەشکەوتەکە لەتەختاییەکدایە هەتا بەسەریدا نەکەویت پەی پێنابرێت بەتایبەتی بۆ کەسێک کەخەڵکی ناوچەکە نەبێت نادۆزرێتەوە مەگەر بەدبەختێکی وەک ئەوجاشە بای نەگبەتی هەڵیبگرێت و بەرێکەوت بەسەریدا بکەوێت، پێدەچێت ئەو کونە سەروەختێک ئاوێکی زۆری لێ کۆبووبێتەوەو دزەی کردبێتە خوارەوەو وەک رەحەتی شۆربووەتەوەو ئاوێکی زۆر ئەو ئەشکەوتەی دروست کردووە، من بەهاوکاری مامۆستا هێمن عەبدوڵاو کاک هەوراز حاکم رێبوار چوومەتە ناو ئەو ئەشکەوتەی چالە بروسکەو راپۆرتێکی تەواوم لەبارەیەوە لەگۆڤاری ئەنفالستانی ژمارە () بڵاوکردووەتەوە، جیگەی ئاماژەیە هەموو خەڵکەکەی ناو ئەو ئەشکەوتە دوای ئەوەی خۆیان رادەستی جاشەکان کرد گیران و ئەنفالکران یەکێک لەوانە حاکم ڕێبواری باوکی هەوراز بوو، بەڵام هەتا ئێستاش

بوو، ئێمە شوێنەکەمان زۆر قایم و باش بوو، بەڵام ئەگەر بهاتبایەو ئاشکرا بوینایە هەموومان تێدا دەچووین و توانای بەرگریکرنمان نەدەبوو، لەوەها حاڵێکدا ئەگەر هەر گومانیشیان لێی هەبوایە تەنها رومانەیەک بەس بوو بۆ ئەوەی هەموومان بکوژرێین، تەنها ئەو لایەنەی خراپ بوو دەنا شوێنێکی زۆر گونجاو بوو بۆ خۆشاردنەوە،رۆژێکی تر بەهەمان شێوە لەخوارمانەوە سوپا دەهات ولەسەرەوەش کۆپتەر دەسوڕایەوەو هێزی دادەبەزاند بەڵام لەوێ خۆمان شاردەوە،رۆژێکی تریش لەهەمان شوێن و بەهەمان شێوە لەگەڵ شەهید یاسینە بچکۆلدا بووین جەیش هات و خۆمان گەیاندە ئەوێ سەربازو قوات خاصە تەواو لێمان نزیک بوونەوە بەڵام بێ سودبوو نەمانیان دۆزییەوە،ئێمە هەتا ئێستاش ئەو شوێنەمان ئاشکرا نەکردووە زۆر بەکەڵکمان هات. لە ئیمام زەنور زۆر شوێنی ئاوای تێدایە،بەڵام هەر ئاشکرامان نەکردوون و ئاشکراشیان نەکەین باشترە.

**لەکاتی کیومالەکاندا بەزۆری سوپا دەهات یان جاشەکان دەهاتن ؟ یان هەردوکیان پێکەوە بەتێکەڵاوی دەهاتن ؟ بۆ ئێوە کامیان مەترسیدارتربوون ؟ جاشەکان کە شارەزای ناوچەکە بوون یان سوپا کە نەشارەزا بوون ؟**

بەزۆری جاش دەهات، کەم ڕێک دەکەوت پێکەوە بێن بۆ کیومالکردن، بەڵام ئێمە پێمانخۆش بوو سوپا بێت نەک جاشەکان چونکە دەمانزانی سوپا بە نیزامی دێت، زۆر جار ئاراستەیەکیان دەگرت ودەمانزانی چۆن دەجوڵێنەوە،بۆنمونە سەربازەکان بەبێ ئامانج و بەبێ فەرمان تەقەیان نەدەکرد، بەڵام کە جاشەکان دەهاتن نانیزامی دەهاتن وهەموو شوێنێکیشیان دەپشکنی لەسەر شیوو دۆڵ وقامیشەڵانەکان یان لەو کەڵۆزانەدا ئەگەر گومانی بوونی پێشمەرگەیان لێبکردایە تەقەیان لێدەکردو عەشوائی تەقەیان لەهەر چەم و بێشەو کەڵۆزێک دەکرد، ئەوان دەگەڕان کون

کەلوپەل وجلوبەرگی منداڵان و پێداویستی ئەو خەڵکە هەرلە ناو ئەشکەوتەکەدا لەبن خۆڵ وبەرددا دەبینرێنەوە.

بەکون و تەقەیان لەهەر شوێن وشتێک دەکرد کە گومانی بوونی پێشمەرگەیان بکردایە، بەڵام سەربازەکان وانەبوون دەمانزانی بەچ ئاراستەیەکدا دەڕۆن و چۆن دەڕۆن و چۆن دەگەڕێنەوە، کێومالّی ئەوان لەبەرئەوەی نیزامی بوو بۆ ئێمە خۆشتر بوو، بەڵام جاشەکان بەتایبەتی مەفرەزەکانی تەواری و مەفرەزە خاسەکانیان زۆر خراپ بوون، بۆ ئێمە بێزارکەر بوون، شەو دەهاتن کەمینیان دادەنا، لەڕاستیدا ئەوان مەترسیدارتربوون چونکە شارەزاتر بوون.[55] عەسرێک حەرەس بووم لە ناوچەی گۆران، لەپڕ سەلییەک فیشەک دای لەبەردەمم، ئای ئەمە چییە ؟! وردبوومەوە تەماشا دەکەم پێنج جاشن وەک پێشمەرگە کوڵە پشتیان پێیەو جیهازو دوربینیان پێیەو کون بەکون بەدوای ئێمەدا دەگەڕێن، بۆئەوەی لەکوێ سەرەداویان دەست بکەوێت جیهاز بکەن و بڵێن ئەوەتان لە فلان شوێنن[56]، دوو شەوو دوڕۆژ لەوناوەدا بەدواماندا دەگەڕان هەتا دەورووبەری وێڵەو قەشقەو ئەوانەش ئاگامان لێیانبوو دوایی لەژێر چاودێری ئێمەدا نەمان. بۆیە ئێمە هەر کێومالّی سوپامان پێ باشتر بوو لەهی جاش . ئێمەش ئەوکاتە زانیاریمان هەبوو هەرکەس بیتوانیبایە پێشمەرگەیەکی پارتیزان بکوژێ یان بیگرێت بری ٣٠٠٠٠ سی هەزار دیناری سویسری وەردەگرێت. یەکێک لەئامر کەرتەکانیش بکوژێت دەتوانێت ٦٠٠٠٠ شەست هەزار دینار دوو ئەوەندەی پێشمەرگەیەکی ئاسایی وەربگرێت. بۆیە ئێمەش حسابی ئەوەمان دەکرد.

دەمەوێ ئەوەش باس بکەم رۆژێک من و حەمە چەوری چوینە گوندی بنەکەی قادر کەرەم، ژاژو قەڵەمێک هەیە لەخوار گوندەکەوە (پیاو ناوێرێ باسیشی بکات رەنگە هەموو کەس بڕوا بەوە نەکات) بەسەروی ژاژو قەرەمەکەدا دەرۆیشتین. لەوێ مارێکیشمان کوشت، بەڵام کە رێمان دەکرد، شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشاین بینیمان برێک تەماتە بەقەد ژاژەکەدا هاتووەتە بان. وتم حەمە چەوری وەرە سەیرکە بروابکە ئێستا بەپارێزەوە باسی دەکەم ئەو برە تەماتەیە پڕی یەک جامادانێ تەماتەمان لەو برەکردەوە، هەمووی تەماتەی سورروجوان،ئەوەی سوربوو لێمان کردەوەو سەوزەکانمان وازلێهێناو ئەوی تری لێمانکردەوەو بردمان لەگەڵ مەفرەزەکەی کاک حەمەو ئەواندا خواردمان، هەفتەیەک دوای ئەوە هاتینەوە نیوجامادانێمان لێکردەوە، ئیتر ئەوە جاش تەماتەیان خواردەو لەوێ فڕێیانداوە یان دور لەروتان لێی دانیشتوون و پیساییان لێکردووەو تۆوی تەماتەیان داناوە یان چۆنبووە،بەدڵنیایی بۆیە باسی ئەوەم کرد جاشەکان هەموو شوێنێک دەچوون وهەموو شوێنێک بۆ پێشمەرگە دەگەڕان. بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەو تەماتەیە بۆئێمە زۆر بەسود بوو لە کاتێکدا ئێمە بۆ پارچە نانە رەقێک دەگەڕاین.

**ترستان لە ژەهراوی کردنی سەرچاوەی ئاوەکان نەبوو ؟**

ترسمان لەهەموو شتێک هەبوو تەنانەت لەسێبەرەکانی خۆشمان، بەڵام زۆر بەوریایی دەجولاینەوە، بۆنمونە ئاومان لەهەر شوێنێک بهێنایە نەدەبوو ئاسەواری وا بەجێبهێڵین کەس چووەتە سەر ئەوکانیە یان ئەو ئاوە، نەک لەترسی ژەهراوی کردن لە ترسی کەمین و تەقاندنەوە زۆرجار کانیاوەکانیان دەتەقاندەوە بەچاوی خۆم دیوومە کە بە تی ئێن تی دەیان تەقاندەوە بۆنمونە کانیاوەکەی کۆشکیان تەقاندەوە. هەندێک جاریش کەلۆزێک ئەگەر بیانزانیایە بەکەڵکی ئەوە دێت خەڵکی لەژێردا بمێنێتەوە بە تی ئێن تی دەیان تەقاندەوە. ئێمە توشی روداوی ناخۆش دەبووین. بە

---

55 لەراستیدا بەشێک لە مەترسییەکانی مەفرەزەی تەوارییەکان ئەوە بوو زۆربەیان خۆیان کۆنە پێشمەرگە بوون و دەستیان چووبووە خوێنی خەڵک وبەهەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا جێپێی خۆیان لەلای رژێم قایمتر بکەن. مەفرەزە خاصەکانیش هەروا خەڵکانێکی خراپەکار بوون و هەندێکیان لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی دروستبوونەوەی یەکێتیەوە ببوونە پێشمەرگەو دوایی هاتبوونەوەو تسلیم ببوونەوە.

56 رەنگە ئەوەتاکتیکێکی رژێم بووبێت بۆئەوەی بەهۆی کەمی جاشەکانەوە پێشمەرگە خۆیان بۆ رووبەڕووبوونەوەیان دەربخەن و بزانن کە دەرەقەتیان دێن بەڵام ئیتر شوێن وبونیان ئاشکرا دەبێ .

زۆر جــۆری جیــاواز بۆنمــونە لەلای دوزخورمــاتوو نزیک شۆراو شوێنێک هەیە پێی دەڵێن قاتی تاوێرەکە لەوێ کانیەک هەبوو لەودیویشیەوە کانیەکی تر هەبوو، یەکێکیــان ئــاوەکەی زۆر شــۆر بــوو هەر جارێــک بمانخواردایەتەوە دوای چارەکێــک تــا بیست دەقیقە توشــی ســکچوون دەبــووین. هەمــوو جــارێ (بەپێکەنیــنەوە) کــاکە حەمە پــێش ئەوەی ئــاوی بخــواردایەتەوە دەستی بەبەنەخــوێنەکەیەوە دەگــرت. بەڵام کــانیەکەی تــر ئــاوێکی زۆر شــیرین و ساردوســازگار بــوو. بەڵام جــارێکیش خــواردنی ژەهراویان بۆ مەفرەزەکەی شەهید حەمەرەش دانابوو، ئیتر بۆماوەی سێ رۆژ ئەوان چاودێریان کردبوو، حکــومەتیش چــاودێری کردبــوو بزانــێ دەیخــۆن وکەسیان دەکوژێت ؟ ئیتر کەزانییان پلانەکەیان بێ ســودە، هەر خۆیــان هــاتبوونەوە خــواردنە ژەهراویەکەیــان لا بردبــوو بــزانە ئیتــر لە شــوێنێک سوتاندوویانە .

**ئێــوە هــیچ ئومێــدکتان بــوو، یــان هەر بۆخۆتــان ئومێدێکتان دروستکردبوو، کە رۆژێک دەتوانن زۆر بینەوەو بنکەو بارەگا دابنێەوەو وای لێبێتەوە حکومەت نەتــوانێ بەســەرتاندا زاڵبێــت وەک جــاران ئێــوە هاتووچۆ بکەن، یان هەر ئەوە بڕیارتان دابوو نەبەزن وتەواو ؟**

ڕاستیەکەی ئومێدەکە هەرئەوەنــدە بــوو کە دەمــانگوت دەبێت گۆڕانکارییەک هەر ڕوبدات، ناکرێت ئەم وەزعە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، بەڵام وەک لە پێشەوە گوتم ئەو چەنــد کەســە دەستمانخســتە سەردەســتی یەکتــری و بڕیارماندا شۆڕش هەردەبێت بەردەوام بێت تەنــانەت ئەگەر یەک کەسیشمان مابین، ئەمە قسەی ئێستام نیە، وەک لەپێشــتریش گــوتم مــن هەر لەســەنگاو ئەو بڕیارەمدا وتم ئەگەر هەموو کورد تەسلیم ببێتەوە مـن تەسلیم نـابمەوەو هەر لەم شـاخە دەمێنمەوە، ئەوانەی تریش هەمـان بڕوایـان هەبـوو، وەک مـن بڕیاریانـدا بـوو، ئەوانەی مـانەوە بەڕاستـی خەڵکـی ئـازاو قـایم بـــوون، بەڵام ســـەبارەت بەوەی ئومێـــدمان هەبێـــت هەرئەوەنـــدە بـــوو دەمـــانگوت دەبێـــت لە عێـــراق گۆڕانکاریەک هەر ببێت، بەڵام بەڕاستی لەو بڕوایەشدا نەبووین گۆڕانکاریەک بەم شێوەیە بێت و کوردستـان نەک گونـدەکانی شـارە گەورەکانیشـی ئـازاد بـبن، دەمانگووت ڕۆژێک دێت لەگەڵ حکـومەت دەکەوێـنەوە مفاوەزات و ئەم گونـدانە ئـاوەدان دەبـنەوەو ئـێمەش دەبوژێینەوە، ئەوسا ئاوا بیرمـان دەکردەوە،ئومێـدمان هەبوو بەڵام دەشمان گوت لەم جەوەڵانە بەسـەر بەرزی بمـرین باشـترە لەوەی خۆمـان رادەسـتی حکـومەتی بەعس بکەینەوەوەو بەنامەردی بمرین .

**لەو ماوەیەدا کەس هەبوو خیانەتتان لێبکات ؟**

لەدوای ئەنفـال لەسـەرەتاکەیەوە بەڵـێ هەنـدێک کەس ڕۆیشـــــتنەوەو خیانەتیـــــان کـــــرد، بەڵام لەدوای لێبوردنەگشـتیەکەو ئەو بەڵێـنەی بەیەکتریمانـداو ئەو کـۆمەڵە کەسـەی واڵە جەوەڵەکـان مـاینەوە، نەخێـر کەسێک نەبـوو خیانەتمـان لێبکـات و هـیچ خائینێـک لەناومانـدا نەبـوو، ئەوانەشـی تەسـلیم بـوونەوە هەر خیانەتیان نەکرد، لەوانە عوسمان تلیشانی و موحسـن لەکی تەسلیم بوونەوە بەڵام هەرگیز خیانەتیان نەکـرد، هەتا ئێستاش پیاوی تێکۆشـەرن. ئەوانە هەریەکەیـان بەهـۆیەکەوە تەسـلیم بـوونەوە نەک بـرۆن وخیـانەت بـکەن، موحسـن لەکـی خۆمـان ناردمانەوە بـۆئەوەی پەیوەندیمان بۆ دروست بکـات، ڕاستیەکەی ئەومـان نارد بۆئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ جەباری مەلاعەلی بۆ دروستبکات، کـاک عوسـمان نـامەیەکی بـۆ نوسـی و بە(موحسـن لەکـی)دا بـۆی نـارد بـۆ ئەوەی بتـوانن هاوکاریمان بـکەن، مـن و کـاک سـەید جەوهەر هەتـا نزیک دوزبردمان و بەدەمـانچەیەکەوە کردمـان بەنـاو دوزدا ، بەڵام کە موحسـن ڕۆیشـتەوە براوخزمەکـانی نەیانهێشت بێتەوەو فشارێکی زۆریان خستبووە سـەر هەرلەوێ مـایەوە، دوایـش حکـومەت گرتیـان و زۆر ئەزیەتیانـدا بەڵام هەرگیـز ئیعترافـی نەکردوخیـانەتی نەکـرد. جـا بـائەوەش بڵـێم کە موحسـنمان بـردەوە مـاوەی دوو ڕۆژ مـن و کـاک سـەید جەوهەر لەو دەوروبەرە چاوەڕوانمـان کـرد موحسـن نەگەڕایەوە، کـاک سـەید جەوهەر گـوتی تەواو ئیتـر موحسـن ناگەڕێتەوە یان گیـراوە یـان تەسـلیم بـووەتەوە ئیتـر

نایەتەوە، منیش وتم کاک جەوهەر هەرهیچ نەبێت با یەکدوو سەعاتێکی تر چاوەڕوانی بکەین، وتی باشە هەتا سەعات سێ چاوەڕوان بووین نەگەڕایەوە کاک سەید جەوهەر گوتی هەستە بابڕۆین تازە موحسن ناگەڕێتەوە مەگەر لەساڵی ١٩٩١ بیبینینەوە، وتم بۆ ساڵی ١٩٩١ وتی ئیتر بابڕۆین . جا ساڵی ١٩٩١ یەکێتی کۆنفرانسێکی بەست لە زرگوێز موحسن لەکێمان لەو کۆنفرانسەدا بینی ئەو هێشتا نەگەیشتبووە لامان و ئێمەی نەدیبوو، کەمن لەدورەوە چاوم پێیکەوت بانگی کاک سەید جەوهەرم کرد وتم ئەها کاک سەید ئەوە موحسن لەکیە وا بەرەو ئێرە دێت، ئەویش بەپێکەنینەوە گوتی ئەی من نەمگوت ساڵی ١٩٩١ دەی بینینەوە . جا ڕەنگە هەندێک کەس بڕوا بەمە نەکات بەڵام سوێند بەخوا ئەوە قسەی کاک سەید جەوهەر بوو پێموایە لەکتێبەکەی خۆشیدا باسم کردووە، هەندێک جار پێشبینی سەیری هەبوو، ئەوە بۆ هەموو کەس وایە زۆر جار پێشبینیەکان ڕاست دەردەچن، موحسن پیاوێکی باش و تێکۆشەرەو هەتائێستاش بەجوانی ماوەتەوە، هەندێک کەسی تریش پێش ئەنفال و دوای ئەنفال تەسلیم بوونەوە بەڵام هەرگیز خیانەتیان نەکرد، بۆنمونە کاک شکورئیسماعیل، عەلی قەڵەو، ئەحمەد ڕۆشنبیرو وەهاب سمودی ئەوانە تەسلیم بوونەوە بەڵام هەرگیز خیانەتیان نەکردو بەپاکی مابوونەوە، بەڵام هەندێکیش پێشمەرگە بوون و ڕۆیشتنەوە خیانەت وخراپەکاریان دەستدایە پێویست نەبوو ئەوە بکەن و خراپەکاری بکەن. هەرچەندە بارودۆخ خراپ بێت مرۆڤ پێویست ناکات لەبەر بەرژەوەندی خۆی بچێت خراپەکاری بکات بۆ حکومەت، بائەوەش بڵێم هەموو جاشەکانیش خراپەکار نەبوون،کاکە گیان ئێمە کەلە قرناقاو پشت ئاشانەوە لە مەڵبەندی سێوە هاتین ئامر سرییەکی جاش هاوکاری کردین ئەوەی لە دێی گوڵانە بۆخۆم چۆنی وچاکیم لەگەڵدا کرد،یەکێک لەوانە ئەنوەر بەگی بێتواتە) من بۆمێژوو ئەوە دەڵێم هەندێک لە جاش وموستەشارەکان هاوکاریان کردووین،ڕاستە پیاوی ڕژێم بوون و پیاوی بەعس بوون بەڵام هاوکارمان بوون، کاکە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە تیایاندا بوو لەئەنفالدا خەڵکیان پەناداو هاوکاری خەڵکیان کرد.

**کاک جەمال ئەوەی تۆباسی دەکەیت دیاردە گشتیەکەی خیانەت وجاشایەتیە من باسی ئەوە ناکەم پرسیارەکەی من تەنها لەسەر کاتی پارتی زانی بوو، ئەوانەی لەو جەوەلانەدا لەدوای ئەنفال مانەوەو لە هەلومەرجێکی سەختدا خۆتان ڕاگرت پرسیارەکەم لەسەر ئەوانە بوو کەس بوو خیانەتتان لێبکات ؟**

نا ئێمە ئەو هەشت کەسە کەسمان خیانەتی لەکەس نەکرد تەنها موحسن لەکی تەسلیم بووەوە بەو شێوەی کە بۆم باسکردیت،سێ کەسیشمان شەهید ئازادو شەهید، ئاسۆو شەهید جەلال) ئەوانە کۆپتەر شەهیدی کردن، ماینەوە چوارکەس (کاک سەید جەوهەر، نادری ئامۆزام[57]، حەمە چەوری و من) کاک سەید جەوهەر بەداخەوە لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوو کەهەرگیز نەدەبوو ئەو قارەمانە لەشەڕی ناوخۆدا شەهیدبێت، سەید جەوهەر یەکێک بوو لەفەرماندە قارەمانەکان بەتایبەتی لەسەروەختی پارتیزانیدا فەرماندەیەکی زۆر بەسەلیقەو جێگەی متمانە بوو، من بۆخۆم زۆر شتی لێوەفێر بووم‌بۆیە هەرگیز ئەو پیاوەم لەبیرناچێت

**چۆن هەواڵی کەسوکارەکەت دەستکەوت ؟**

هێشتا هیچم لەبارەیانەوە نەدەزانی هەتا خۆم ڕۆیشتم بۆ نزیکی دووزو ناوچەی داوێ، کە چووینە ناو داوێ لەنزیکی دوزخورماتوو، شوانێکم دۆزیەوە، نامەیەکم نارد بۆ ئامۆزایەکی باوکم (جەلال خۆڵامەرز)، ئەویش نامەیەکی بۆ ناردمەوە کەوا هەموویان گیراون و کەسیان سۆراخیان نیە.

**ئەی دوای ساڵی ١٩٩١ هیچ زانیاریەکی واتان پێنەگەیشت کەوا نەماون ؟**

سەرکردایەتی یەکێتی وپارتی زانیاریان هەبوو، بەڵام بڵاویان نەدەکردەوە، من بۆخۆم دەمگوت ڕەنگە مابن و حکومەتی بەعس شاردبنیەوە، ئەو حکومەتیکی

---

57 نادرمەجید لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە نزیک سایلۆکەی دوزخورماتوو شەهید بوو.

نهێنی پارێزو ئالۆز بوو.دەمگوت بۆچی دەتوانێ چەکی کیمیایی بشارێتەوە.بۆ ناتوانێ ئەوانیش بشارێتەوە، رەنگە ئەوانەشی شاردبێتەوە، من هەتا پرۆسەی ئازادیش ئومێدێکم هەر هەبوو دەمگوت رەنگە کەسوکارم بەربن و بێنەوە، چونکە حکومەتی عێراقی سجنی جۆراوجۆری هەیەو شوێنی جۆراوجۆری هەیە.بەڵام کە تەماشای درندایەتی بەعسیشم دەکرد دەمگوت نا نەماون و هەموویان کوژراون.

**بەڵام من دیدارێکم لەگەڵ مامۆستا جومعەدا کردووەو لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاوکراوەتەوە، ئەو دەڵێت ساڵی ١٩٩٤ سایەقی دەراسە بووم، دروێنەم بۆ عەرەبەکانی دەوروبەری حەمرین دەکرد، زانیاریم دەست کەوت کەوا ئێرە ناو ئەم کێڵگەیە گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفالە، تەنانەت چووبووە ناو یەکێک لەو گۆڕانەش کەوا هەڵکەندرا بوو بەڵام نە کەسی تیدا کوژرابوو نە داش پۆشرا بوو[58]، مامۆستا جومعە ئەوەشی وتووە کە دوایی بەراپۆرتێک کۆمیتەی دوزی یەکێتیم لێ ئاگاداركردووەو بە نەخشەوە دام پێیان ئایا تۆ ئاگاداری ئەو زانیاریە نەبوویت ؟**

با ئاگادار بووم مامۆستا جومعە خزمی نزیکمە، ئەوسا ئێمە دەسەڵاتمان بەسەر ئەو ناوچەیەدا نەدەشکا بێدەنگیمان لێکرد بۆ ئەوەی گۆڕەکان پارێزراوبن ترساین لەوەی بلاوببێتەوە حکومەت لایان بەرێت و لەشوێنێکی تر بیانشارێتەوە، ئەوە بوو هەتا ساڵی ٢٠١٣ حکومەت هەڵی دانەوە هەرچەندە ئێمە زۆر گلەییمان لە هەڵدانەوەکەو کاری حکومەتیش هەیە.

**بەڵام خۆ خەڵک هەبوو لەگۆڕی بەکۆمەڵ دەربازی بیوو ؟**

راستیەکەی من لەوەش بەگومانم هەندێک کەس کەدەڵێن وادەرچووین و واهاتویینەوە من زۆر عەقڵم نایبڕێت، هەیە دەربازی بووە دەکرێت سەداسەد راست بێت، بەڵام حکومەتی بەعس وحکومەتە شۆڤێنیەکانی تریش هەرگیز جێگەی متمانەو دڵخۆشی ئێمە نەبوون، هەموو خراپەکارییەکانیان دەرهەق ئەم کوردە لەدەست دێت.ئەوەتا داعش ئێستا لەسەر هەمان رێچکەی ئەوان دەڕوات بەڵام بەناوی ئاینەوە، بۆیە هەرگیز جێگەی دڵخۆشی ومتمانەی ئێمە نەبوون و نابن و نین.

خۆتان باش دەزانن لەئەنفالدا حکومەتی بەعس خەڵکەکەی کردووەتە سێ بەشەوە.یەکەمیان بۆ کوشتن، کە ئەوانە گەنجەکان بوون، دووهەمیان بۆ نوکرەسەلمان و سجن، ئەوانەش پیرەکان وئەو منداڵانە بوون کە هێشتا فامیان نەدەکردەوەو شتیان لەبیرنیەو سێهەمیشیان بۆ دابەشکردن بەسەر وڵاتە عەرەبیەکاندا خۆ بینیمان بەبەڵگەوە بڵاوکرایەوە، ئێستاش بەبڕوای من ئەوانە لەبەر ئابڕوی خۆیان نایانەوێ بێنەوە، لەبەر ئابڕوی خۆیان وکەسوکارەکانیان نایانەوێ بێنەوە. ئەوانەشی لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندان وا کوژراون ئەوانەش کەدەرچوون دەشێت راست بێت و خەڵک رزگاری بووبێت، بەڵام لێرەدا گومانێک هەیە، بۆنموونە لەکۆمەڵکوژیەک دەکرێت یەک کەس دوان دەرچن بەڵام ناکرێت ٢٠ کەس لەو گۆڕە بە کۆمەڵانە دەرچیت ! یان خەڵک هەیە دەڵێت من کەسوکارەکەی خۆم بەپارە بینیوە بەڵام بەراستی من باوەڕ بەو چیرۆکانە ناهێنم .

**بەڵام خۆئەوانە هەریەکەیان لکۆمەڵکوژیەک و لە بیابانی شارێک دەرباز بوون، خۆهەموویان لەیەک کۆمەڵکوژی دەرباز نەبوون، بۆنموونە حەمە عەلی گوندی عالیان لە کۆمەڵکوژییەکی پارێزگای موسڵ دەربازی بووە، فەرەجی گوندی تۆپخانە لە کۆمەڵکوژییەکی بیابانی پارێزگای رومادی دەربازی بووە، تەیمور لەکۆمەڵکوژیەکی تر لە پارێزگای سەماوە دەربازی بووە، خۆهەرهەموویان لەیەک کۆمەڵکوژیدا نەبوون و پێکەوە دەربازیان بووبێت.**

بۆ ئەوەش یەک حاڵەت هەیە هەردەبێت توشی خەڵکی بەبەزەیی بووبن و بە بەبەزەیی بووەوبەئەنقەست نەیانی کوشتووەو دەربازبووبن، من یەک نمونەت بۆ

58 بڕوانە ئەنفالستان – ژمارە (٨) دیدار لەگەڵ مامۆستا جومعە – بەنەخشەوە باس لەو گۆڕانەی ناوچەی حەمرین دەکات .

دەهێـــنمەوە، ڕۆژی ١٩٨٨/١١/٢٢ ئــێمە لە نێـــوان بەگـزادەو تەکـیە کـۆن وکەریـم باسـام و کەڵـۆزێکی ئەوناوە بووین. کاک سەید جەوهەر گوتی مـن دەچـم سەردانێکی کـاک عوسـمان وئەوان دەکەم لەگەڵ کـاک شێخ کەریـم ونـازم کەرکوکیـدا لەناوچەی خـان. کـاک سەید جەوهەر بەمن و کـاک شـێخ کەریمیش بە حەمە ئـاخەی گووتبـو: ئاگاتـان لەیەک بێـت و بەجیهـازیش ئاگاتـان لە ئـێمە بێت،وتیـان کەهـاتینەوە پێشـئەوە ئاگادارتان دەکەینەوە لەوەی کەی دێینەوە. ئێـوارەکەی کە قسەم لەگەڵدا کرد وتی سبەی ئێوارەکەی دێینەوە بۆلاتان. ڕۆژی ١٩٨٨/١١/٢٣ من حەرەس بووم، گوێم لەدەنگی تەقە بوو، لەلای خـان تەقەکـان دیـاربوو هـی شەڕبوون نەک هەروا تەقەی عەشوائی، لەبان کەڵۆزەکە چاڵێکمان کردبوو بۆ حەراسەت مـن لەوکـاتەدا لەوێـدا حەرەس بووم. جیهازەکەشم لەلابوو،جیهازەکەم کردەوە لەگەڵ حەمە ئاخەدا قسەم کرد وتی جەماعەت خۆمـانن کەوتـــوونەتە شـــەڕەوە یەکســـەر کـــاک جەوهەر هـــاتە سەرخەت وتی : جەمال ئێمە وەزعمـان باشـە و مەیەن بۆلامان یەک سەعاتی تر پەیوەندیتان پێـوە دەکەمەوە . وتم باشە ئیتر چاوەڕوانی جیهازی کاک سەید بووم، تـومەس شـەڕێکی زۆر سـەختە، کـۆپتەر هـات، دوای سەعاتێک کاک جەوهەر پەیوەندی کردەوە وتی خـۆت وحمە چەوری ونـادر بمێـنن ئەوانـی تـر بـابڕۆن بـۆ چەمی سەیدگلاڵ. بەڵام وتی جەماعەتی کـاک عوسـمان وئەوانیشمان لەگەڵدایە نانێکی زۆرمان بۆ ئامادە بکەن (نـانیش چـی کـولیچەی نـاو ڕۆن هەیە هەر هەویـرەو دەیکەیتە ناو ڕۆنەوە نانە زۆرەکەمان هەرئەوەندە بـوو لەگەڵ چایی) جائەوەی من دەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە، ئەوان کەوتبـــوونە شـــەڕەوەو هەنـــدێک جـــاش و سەربازیشـیان کوشـتبوو،بەهەرحاڵ ئەوان گەیشـتن و هەرچی بوو خواردمـان و شـەو هەموومـان ڕۆیشـتین چوین بۆ چەمی سەیدگلاڵ. چونکە دەمـانزانی سـبەی سـەربازو جـاش دەردەچـن و بەدوامانـدا دەگەڕێـن. چوینە چەمی سەید گلاڵ و بۆسبەی لە هەموو لایەکەوە جەیش وجاشێکی زۆر دەرچـوون. لەلای سـەنگاوەوە. لەلای قەیتـــول و قـــادرکەرەمەوە. جەیشـــێکی زۆر دەرچـــوو. پێـــنج کـــۆپتەریش هـــاتنە ئاســـمانی نـاوچەکە،لەوچەمەش دەرچـووین وچـووینە چەمێکـی ترخۆمان شاردەوە هەتا ئێوارە. بەڵام حـاڵەتێکی زۆر مەترسـیدار ڕویـدا لەو پێـنج کـۆپتەرە دوانیـان هەر بەتەنیشت خۆمانەوە نیشتنەوە. سـەرباز بڵاوبـوونەوە هەرچی ئەرزاقمان هەبوو لەناو مەلجەئێکـدا دۆزیـانەوە هەموویـان سـوتاند،بەڵام شـتێکی زۆر سـەیر ڕویـدا نـازانم چـۆن بـوو کە سـەربازێک فەردەیەک ئـاردی ڕاکێشایە دەشتەوە بۆ ئەوەی نەسوتێت. تەنانەت فەردە ئـاردەکە کەمێکیشـی سـوتابوو. بەڵام ئەو سـەربازە نەیهـێڵا هەمـووی بسـوتێ ڕایکێشـایە دەرەوە. ئـێمە گومانمان کـرد ئەم فەردە ئاردەیـان بـۆیە دەرکێشـایە دەشتەوە ژەهراویان کردبێ بۆئەوەی بمانکوژێ. دوایی هاتین ئاردەکەمان کـردە هەویـرو کەمێـک برژانـدمان دامـانە کەرەکە وتمـان بـزانین دەیکوژێـت ؟ مـاوەی دووسـێ سـەعاتێک چـاوەڕوان بـووین. بەڵام کەرەکە هیچی لێنەهات دوایی زانیمان ژەهراوی نەکـراوە. مـن ئەوە بۆمێژوو دەڵێم خـواو ئەو فەردە ئـاردە فریامـان کەوت ئەگیـان هـیچ شـتێکمان نەمـابوو بیخـۆین. ئەو سەربازە عێراقیە ئیتر بەزەیی بووبێت یان لەڕێی خودا دابووبێـت بەهەر شـێوەیەک بـوو ئەو فەردە ئـاردەی دەرکردو نەیهێشـت بسـوتێ و دوایـی ئـێمە ٢١ کەس خواردمان و کەمێک ئێـدارەی خۆمانمـان پێـدا. بـۆیە دەڵێم ئەوانەی دەربازیش بـوون. سـەربازێک کەتەقەی لێیـانکردووە دەسـتی پاراسـتبێ و نەیکوشـتبن. مـن بەگومـانم لەوە دەنـا چـاڵێکی باریکیـان کـردووەو خەڵکیان تێکردووەو گولەبارانیان کردوون !! مـن لەمە بەگومانم.

**بەڵام دەرباز بووانی گۆڕی بەکۆمەڵ گومان هەڵناگرن، بۆنمونە من ماوەی سێ سـەعاتی تۆمـارکراو گـوێم لەکـاک فەرەج گرتـووە، نەک وەک ئەوەی ئێسـتای لەگەڵ تۆ دانیشتووم لەکاتی جیاوازداو لەماوەی سێ ساڵی جیاوازدا، قسەی بۆکردووم، لەوە ناچن قسەکانی دروستکراوبن، یان وەک چیرۆکێـک لەبەری کـردبن، باشە تۆ بۆ ڕوداوەکە بەجۆرێکی تر نـابینی ؟ عەلـی حەسـەن مەجیـد دەڵـێ ئەوانەی لەئەنفالـدا کـوژراون**

**سەدهەزار کەسن، بەڵام با ئێمە گریمانەی نیوەی بکەین و بڵێین ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزارکەس باشە لەهەموو کۆمەڵکوژیەکاندا تەنها ٧ کەس لە بیابان دەربازبوون ، ئەوانەی بادینان حەوت کەس لە یەک کۆمەڵکوژی دەربازبوون، ئەوەی ئەوان زۆر رونە گوللەبارانیان کردون و بەجێیان هێشتوون دوایی برینەدارەکان هەستاونەتەوەو شوێنەکەیان بەجێهێشتووەو دەربازبوون، دەکرێت ئێمە بەپێچەوانەوە ببینین بڵێین کۆمەڵکوژیەکە ئەوەندە ترسناک وگەورە بووە تەنها دەرفەتی حەوت کەس لەگەرمیان رەخساوە ! بۆئەوەی گومانەکەت نەهێڵم زانیارییەکی تریشت دەدەمێ خۆ کاک فەرەج و واحیدو عوزێرو ئەوانە هەموویان لە رومادی گوللەباران کراون بەڵام لە دوو شوێن و لە دوو کۆمەڵکوژی جیاوازدا بوون .**

ئەوەش راستە، دەبێت .

**گومانەکەی تۆ شتێکی باشە هەتا ئەو رادەیەی مرۆڤ بروا بەهەموو چیرکێک نەکات، ئەوە دیویکی زۆر باشە لێوردبوونەوەیە، بەڵام بەدگومانی زۆر خراپە، دەنا ئەوەی کاک فەرەج بۆزانیاریت من ژنی ئەوماڵەم بینیوەو دیدارم لەگەڵدا سازکردووە کە نان وماستاوی داوە بەکاک فەرەج و جوتێک پێڵاویان پێداوە برۆ لەئەنفالستانی ژمارە ١١ بیخوێنەرەوە !**

زۆر راستە بەڵام من گومانم لەهەندێک شت هەیە، ناڵێم هەمووی درۆیەو ناشڵێم هەمووی راستە.

**ئێدی ئێوە وا سێ ساڵە لەو چۆڵەوانیانەدا ماونەتەوەو بەتەواوی لە ژیانی ئاسایی ئاوەدانی دابڕاون، ئیدی کە پێتان نایە ساڵی ١٩٩١ وە لەمانگی ئازاردا راپەڕین بوو، ئێوە چیتان دەکرد ئەوکاتە خۆتان رێک دەخست بۆ راپەڕین یان هیچتان نەدەزانی و لەرێگەی رادیووە گوێ بیست بوون کەوا راپەڕین بووە ؟**

پێش ئەوە ئێمە دەمانزانی شتێک رووددات، ئەوسا کاک نەوشیروان سەرپەرشتی دەکردین و خەریکی خۆ رێکخستن بوو نەک بۆ راپەڕین بەڵکو بۆ رێکخستنەوەی رێکخستنەکان و پێشمەرگە کۆنەکان. هەر زوو لەمانگی حەوتدا باسم کرد جارێک کاک جەوهەری بانگ کردبوو، ئامۆژگاری کردبوو کەوا کورد مەکوژن، مەبەستی جاشەکان بوو، کە کوێت گیرا ئیتر دەرفەت بۆئێمە زیاتر کرایەوە خەڵک زۆر فیراری کردبوو واتا لە ریزەکانی سوپا هەڵدەهاتن، مەفرەزەی تریش دروستکرابوون، تەنانەت لەناو شارەکانیش پێش راپەڕین مەفرەزەی چەکدار دروستکرابوون، کاک نەوشیروان لەسەرکردایەتی خەریکی ئەوە بوو، نامەی بۆ هەندێک لە جاش وموستەشارەکان ناردبوو، ئێمە واباسمان دەکرد ئەگەر لەسوپای عێراق بدرێت لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە ئێمەش لیرەوە لێیدەین و هەرهیچ نەبێت ناوچەیەک بۆخۆمان پاکدەکەینەوەو لەم گۆشەگیریە رزگارمان ببێت، ئیتر هەتا لەعێراقدا ئێمە وەزعمان لەچاوجاران باشتر بوو، کەلەعێراق دراو لەخوارەوە راپەڕین بوو، ئیتر ئەوە بوو لێرەشەوە راپەرینەکە بوو، ئێمەش چوینە ناوشارەکانەوەو لەو وەزعە رزگارمان بوو.

**یەکەم رۆژی راپەڕین ئێوە لەکوێ بوون ؟**

٢٠ رۆژێک زیاتر دەبوو ژێر پام مێخێکی دەرکردبوو، تەواو حاڵم پەرێشان بوو، کاک عوسمان وتی من دەچم سەرێک لەسەرکردایەتی دەدەم ئەوکاتانە بارودۆخی هاتوچۆ ئاسانتر ببوو مەفارزمان زیاتر لەچاو پێش جەنگی کوێت هاتوچۆیان دەکرد، منیش وتم منیش دێم لەگەڵتدا کاک سەید جەوهەر گوتی بیبە لەگەڵ خۆتدا بەڵکو لەوێ نەشتەرگەرییەکی بۆبکەن و نەجاتی بێت، کاتێک گەیشتینە سەرکردایەتی یەکسەر لەگەڵ کاک عوسمان چووینە لای کاک نەوشیروان، پرسیاری لەکاک عوسمان کرد تۆ بیرورات چۆنە سەدام دەکشێتەوە لەکوێت یان لێی دەدەن ؟ کاک عوسمان گوتی : ئیتر ئەوە سەدامە لەهەرکاتێک بکشێتەوە دەکشێتەوە بەڵام من وای بۆ دەچم سوپاکەی دەدا بە هەڵدێراندا. کاک نەوشیروانیش هەروای گوت وتی : لە دواچرکە ساتەکانیشدا بێت هەر دەکشێتەوە، بەڵام شەرەکە هەردەکات، ئیتر برێک لەم قسانەیان کردو کاک عوسمان وتی : ئەمە جەمال وارانیە بەڵام پای مێخەکەی لێهاتووە حاڵی زۆر خراپە دەبێت بینێرم نەشتەرگەری بۆ بکەن و لەگەڵ

خۆشم بگەڕێتەوە بۆ گەرمیان، کاک نەوشیروان وتی نا من دەینێرم بۆلای پزیشکێک نەشتەرگەری بۆ نەکات، نامەیەکی بۆ نوسیم بۆلای دکتۆر حسێن، ئەگەر هەڵە نەبم وابزانم برای حەمەجەزاو قادری حاجی عەلی بوو، برای بوو خزمی بوو شتێکی ئاوایانە، نامەکەی بۆم نوسی و بری ٢٠٠ دیناریشی بۆم خەرج کرد، دکتۆرەکە لەمەریوان بوو، وتی برۆ بۆلای بەبێ نەشتەرگەری بۆت چارەسەر دەکات، لەنامەکەشدا نوسیبووی ئەمە پێشمەرگەی خۆمانەو پێویستمان پێیەتی، چووم بۆلای عەسرێک بوو وتی برۆ سبەی ئەم کاتە وەرەوە بۆلام، کە چووممەوە چەند دەرمانێکی بۆم گرتبووەوە لە قوتوویەکدا بوو پێی وتم هەموو شەو قاچتی پێچەوربکەو ببەستە ١٠ ڕۆژی تر چاک دەبیت و نەشتەرگەریشت ناوێ، دوای هەفتەیەک گەڕاینەوە بەڵام هاتینەوە بۆسلێمانی لەوێ ڕاپەڕین بووبوو کە گەیشتین لە ئەمنەسورەکە شەڕ بوو، ویستمان بچین بۆ بەشداری گەرتنی ئەمنە سورەکە، بەڵام وتیان پێویست ناکات هاکا خەڵک گرتیان شەوکەی لەمزگەوتی عەلی کەمال ماینەوە ١٠ مانگ من لە شەڕی قەرەهەنجیر بریندار بووم، هێنایانم بۆ سلێمانی لەخەستەخانە نەشتەرگەری برینەکەمیان کرد، فیشەکێکی قەناس دابووی لە سەکم ئەوکاتە خەستەخانەکان زۆر قەرەباڵغ بوون نەشتەرگەرییەکیان بۆکردم و لەخەستەخانە دەریانکردم وتیان جێگەمان نیەو بریندارمان زۆرە، هەژارە سورەهەبوو لەگەڵماندا پارتیزان بوو هەندێک خزمی هەبوون لە بازیان کاک نەسرەدینی لەگەڵمدا نارد بۆ بازیان لەوێ کاک شێرزادو ماڵ مام ئەحمەدو مام خدرو مام رەحیم و کاک عادل و ئەوان بردیانم بۆ ماڵی خۆیان لەبازیان، من کەسم نەمابوو بێت بەدەورمەوە، ماڵیان ئاوابێت ئەوان هاوکارییان کردم، ئیتر ئاوارەییەکە دەستی پێکرد و سەرلەنوێ خەڵک ڕایکردەوە بۆ ئێران. لەبەرئەوە من ئەوەندە بەشداری ڕاپەڕینم نەکرد. کە ڕۆیشتینش بۆ ئێران من هێشتا چاک نەبووم دوایی هاتمەوە بۆ قەڵاچوالان و بازیان و لەوێ تشکیلی تیپەکانمان کردەوە.

**لەدوای ڕاپەڕین ئینجا هەستت بە تەنیایی کرد و ماڵی باوکت ئەنفالکرابوون چیتکرد ؟**

ئیتر من بەبێ ماڵ بووم، هیچم نەبوو جگەلە چەک وتاقمەکەم، چونکە هەموو کەسوکارم ئەنفالکرابوون و خۆم بەتەنیا مابوومەوە، تەنها یەک ئامۆزایەکم مابوو دوایی ئەویش کوژرا، (شەهید نادر مەجید)یش ئامۆزازام بوو ئەویش لە ڕاپەڕینەکەدا لە شەڕی ڕزگارکردنی دوزخورماتوو شەهید بوو،خۆم بەتەنیا مابوومەوە. بەڵام دایکی باوکم مابوو ئەویش هەر بەتەنها مابووەوە ناوی نیعمەت[59] بوو، ئەویش باوکی لەشەڕی ئاو باریک شەهید ببوو، داداپشم مابوو ئەویش راگوێزرابوو لە دوزنەمابوو، ترحیلکرابوو بۆ کەورگۆسک لەساڵی ١٩٨٨ بردبویانن بۆ ئەوێ و ماڵیان لەو کۆمەڵگایە بوو، ئەویش پیاوەکەی ئەنفالکرابوو هەرخۆی و منداڵەکانی بوون لەوێ دەژیابدایک باوکیشم هەر لەلای ئەو بوو لەکەورگۆسک[60] . ئامۆژنێکیشم مابوو ئەویش لە

---

59 لە دیدارێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئەنفالستان کەلە ژمارە ١١ و ١٢ دا بڵاوکراوەتەوە بەشارەت ئەمین هەمزە قسەکەی جەمال پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت : حیزبی بەعس تەبلیغی ئەو خەڵکەی کردبوو بڕۆن کەس‌و کارەکانتان لەلادێکان بهێننەوە، ئەویش ڕۆیشتبوو براکەی ناوی کاک محسن بوو بهێنێتەوە. ئیتر کە ڕۆیشتبوو بۆ لای کاک محسن ئەویش وەک ئەو خەڵکە گیراو ئەنفالکرا، ئینجا دوای ئەوەی لە نوگرەسەلمان بەربوو هاتووەتەوە باسی ئەوەی بۆکردین کە هەتا تۆپزاوا لەگەڵ خوشک و کەسوکارەکەماندا بووە، دوایی ئەوانیان وەک پیرەکان جیاکردووەتەوەو ڕەوانەی نوگرەسەلمانیان کردوون و ئاگای لە خوشکەکەی بەشارەت و خوشکەزاکانی نەماوە، جیگەی ئاماژەیە خوشکەکەی بەشارەت ناوی حەسیبە ئەمین هەمزەیەو ناوی لەناو ئەو هەژدە ژنەدایە کەوا لە نوسراوێکی موخابەراتی کەرکوکدا باسی ئەوە کراوە فرۆشراون بە وڵاتی میسر، هەرلەو نوسراوەدا ناوی دوو کچ هەن (شلێر حسن عەلی و نەجیبە حەسەن عەلی) کچی حەسیبەن .

60 کەورگۆسک یەکێک بوو لەو کۆمەڵگا زۆرە ملێیانەی بۆ تاوتۆێ کردنی ئەنفال و ڕاگواستن و نیشتەجێکردنەوەی ئەنفالکراوان دروستکرابوو، هاوکات بۆ سیاسەتی تەعریبیش بەکارهێنراو زۆربەی خەڵکی ناوچەی داوی و

دوزخورماتوو دەژیا، منیش هەر لەبارەگای پێشمەرگە دەژیام، کەسیش نەبوو بچمە ماڵی تەنها ماڵی سەید جەوهەر بوو ئەگەر جاربەجار شەوێک لەوێ بمایاتەوە ئەویش کەم چونکە شەرمم دەکرد، هەتا ١٥ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ هاوسەرگیریم کردو ماڵی خۆمان پێکەوەنا.

**ئەی کێ هاوکاری کردیت خۆهاوسەرگیریش هەم هاوکاری مادی وهەم مەعنەوی پێویستە ؟**

کاتێک کە هاوسەرگیریم کردوەک بێکەس بووم زۆریش بێ پارە بووم، بۆ مارەبڕین و ئەو خەرجیانە تەنانەت قەمسەڵەکەی بەری خۆمم فرۆشت بە ١٢٠ دیناری عێراقی ئەو قەمسەڵەیەم لە ئێران هێنابوو، بەڵام کاک هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد ئەو کاتە ١٠٠٠ دینار هاوکاری کردم بۆ هاوسەرگیریەکەم زۆر لەبەرچاوە قەت لەبیرم ناچێتەوە ئەوە هاوکارییەکی زۆر باش بوو، ئەو ئاڵتونانەی دایکیشم کەباسم کرد دابوویەوە میمکم فرۆشتم بایی ٣١٠٠ سێ هەزارو سەد دیناری عێراقی بوو. یەکێتی نیشتمانیش بری هەزارو شەش سەد دیناری بۆ خەرج کردم. بەوشێوەیە توانیم ژن وماڵ پێکەوە بنێم بەڵام لەڕاستیدا مەینەتی ئێمە دوای ساڵی ١٩٩١ دەستی پێکرد.

**هاوسەرەکەت خزمی خۆتە ؟**

نەخێر خزمم نیە، بەڵام لەناو خزمەکانی خۆمدا دوای ژنم کرد نەیاندامێ، دەیانگوت هەر ئەم ماوەو پێشمەرگەیەو سبەی ئەویش تیادەچێ و نامێنێ بۆیە قایل نەبوون کچەکانیانم پێبدەن، ناهەقیان ناگرم وا سەیری منیان دەکرد چونکە ئەوکاتە بەردەوام شەڕبوو، شەڕی ناوخۆش تەواو بوو شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد.

**ئەی ئەم هاوسەرەت ناوی چیەو خەڵکی کوێیە ؟**

ناوی بەفراو شکور ئەمینەو خەڵکی شوکربڵاغن لای سەنگاو

**ئەویش کەسوکاری ئەنفالە ؟**

بەڵێ ئەویش برایەکی بەناوی لوقمان ئەنفالکراوە، هەردوو برای هەبوو یەکێکیان ئەنفالکراوەو یەکێکیان ماوە.

**جگە لە ماڵی خۆتان ماڵی مامەکانت چەند کەسیان ئەنفال بوون ؟**

ماڵی مامەم قادر خۆی و ٥ پێنج لە منداڵەکانی و هاوسەرەکەی ئەنفال بوون،واتا حەوت کەسیان ئەنفالکراوەماڵی مامەیەکی ترم ناوی تاهیربوو دووانیان هەر لە سجنی نوگرەسەلمان مردن، کچە گەورەکەی بەناوی مەلەک وکوڕە بچوکەکەی بەناوی کاروان لەوێ مردبوون، ئامۆژنم ئامین عەلی ڕۆستەم خۆی کەمێک گڵی کردبووە بانیان و ناشتبوونی، و مامەم خۆشی هەتا ئێستا بێسەروشوێنە، دوو کچ وکوڕێکیشی لەگەڵ مامۆژنمدا دەربازبوون، کچەکانی لەبیب و شنۆ کوڕەکەشی محەمەدی ناو بوو ساڵی ١٩٩٦ کوژرا، من لەبەرە باوبی خۆم هەر ئەو ئامۆزایەم مابوو ئەویش کوژرا، من نەمزانیبوو کە بۆ بژێوی ژیانیان خەریکی کاری قاچاغیە، خۆت دەزانی ژیانی کەسوکاری ئەنفال هەتا ساڵی ٢٠٠٣یش زۆر قورس وزەحمەت بوو، ئەویش لەنێوان کفری و جەلەولا، کەوتە کەمینەوە، تەنها دوو جار چوو بۆ ئەوکارە شەوی یەکەم هیچ شەوی دووەم کوژرابوو، لەناو نۆ کەسدا کە تەقەیان لێیان کردبوون ئەم مامۆزایەی من بەرکەوتبوو، تەرمەکەشی هەرلەوێ بەجێمابوو، کاتژمێر ١ی دوای نیوەڕۆ بۆخۆم چووم لە پاڵ سەربازگەیەکی ڕژێمدا کە بارەگای سرییەکی سەربازی بوو بۆ خۆم چووم لە کەلی هەنجیرەکە تەرمەکەیم دزییەوەو هێنامەوە بۆ کفری .

**ئەی مەگەر ئەوە بۆتۆ جێگەی مەترسی نەبوو ؟**

با چۆن؟ زۆریش جیگەی مەترسی بوو، تەرمەکەی لەپاڵ حەرەسەکەیاندا کەوتبوو، بەڵام ئیتر دەبوو بمکردایە خۆ نەدەکرا لاشەکەی لەوێ سەگ بیخوات .

**محەمەد کوڕی کام مامەیانت بوو ؟**

کوڕی مامەم تاهیر بوو، ڕاستی من نەمدەزانی ئەو ئیشە دەکات، کەزانیم چووم بۆلای وتم نابێت ئەو ئیشە بکەیت خۆت ودایکت و هەردوو خوشکەکەت

کەسوکاری ئەنفالکراوان و خەڵکی دوزخورماتوو ئەوجولیان ڕەوانەی ئەم کۆمەڵگا زۆرە ملییەکرا.

وەرن بۆلای من و لەگەڵ خۆماندا بژین بەڵام هیچی تر ئەو کارە مەکە، وتی: نابەخەوا ئامۆزا من قاچاغچیتی ناکەم .. ڕاستیشی دەکرد سوێندەکەی لێ نەدەکەوت، ئەو کۆڵبەربوو نەک قاچاغچی، بەکۆڵ شتی قاچاغیان وەک حەماڵ بۆ خەڵک دەگواستەوەو لەبەرانبەردا بڕێک پارەیان وەردەگرت ئەوە بوو ئەو شەوە نۆ کەس بوون کەوتبوونە کەمینەوەوە ئەو کوژرا. کاکە گیان لەساڵی ١٩٨٨ هەتا ساڵی ٢٠٠٣ کەسوکاری ئەنفال لەبرسا نەیدەزانی چی بکات وپەنا بۆکوێ بەرێت، ژنی واهەبوو هەشت نۆ منداڵ کەوتبووە ئەستۆی، پیاوی واهەبوو کۆمەڵێک منداڵی خۆی و براو خوشکی بیووە ملیەوە نەیدەزانی چیان لێبکات و چۆن بەخێویان بکات، خەڵک خواخوایان بوو تەنها برسی نەبن، ئەوە باسی جەژن و شت کرین بۆیان هەرمەکە. هەر ئەوەش وای لە ئێمە کرد هەربڵێن موچەوپارە .. بەڵام مادام ئینسان دەمرێت پارەش هیچ نیە. حکومەتی هەرێمیش زۆر بێ پلان و کەمتەرخەم بوو، کاکە من سەروەختێک ملیونێک و ٢٠٠ هەزاری ئەنفالم وەردەگرت ئەگەر حکومەت بەپلان بوایە ئەوەندەی نەدەدا بەمن بابیکردایەتە سێ بەشەوە، بەشێکم پێبدات پێی بژیم، ئەوەندەش نا بمبە موچەخۆرو کارێکی تر نەکەم، بەشێکم بۆ بکاتە بانکەوەو بۆ ماڵ ومنداڵم هەڵیگرێت و بەشێکیشیم بۆبکات بە پرۆژە. بەڵام موچەیەکت پێدەدات جارێک سێ سەدە جارێک دەبێتە شەش سەد و ئینجا دەبێتە نۆسەدو ئینجا کەم دەبێتەوە، یان ٢٧ ملیون دیناری پێداوم بیکەم بەخانوو، دەی ئەوە پێویست نیە، دە ملیۆنم بدەرێ ئەوەی تری بکرێتە پرۆژەو دوارۆژ مسۆگەرمان بکات .

**ئەی ماڵی مامەت قادر چەند کەس بوون و ناوەکانیان چی بوو ؟**

مامەم قادر ئەوە خۆی خێزانەکەشی ناوی ئیکرامە بوو ئەویش هەر ئامۆزای خۆمان بوو.

**بەگشتی ئێوە چەند کەس لەکەسوکارە نزیکەکانتان ئەنفالکراون ؟**

بەهەمووی ئامۆزاو خاڵۆزاو میمکزاوە ٥٢ کەسمان ئەنفالکراوە، میمکێکی تریشم خوشکی باوکم خۆی پێنج منداڵ و پیاوەکەشی ئەنفالکراوە، پیاوەکەشی هەر ئامۆزای خۆمان بووە. کورەکەی ناوی ئارام بوو، کچەکانی یەکێکیان ناوی سەمیرە بوو.

**ئەی هەموو گوندەکەتان چەند کەسی ئەنفالکراوە ؟**

ئەوەی من بیستوومە ١٠٥ کەس . ئەمە هەر خەڵکی گوندەکە خۆی بەڵام خەڵکی تریشی زۆر تێدا بوو، کەوا سەربازی هەڵاتوو بوون، یان پێشمەرگە بوون وماڵیان هێناوەتە ئەوێ .[61] ئەگەر ئەوانەش حساب بکەین ئەوا نزیکەی ١٣٢ کەس لەم گوندەی ئێمە ئەنفالکراون .

**ئەی ئامارێکتان نیە کە ناوی هەموو ئەنفالکراوەکانی لەخۆی گرتبێ ؟**

نا نەکراوە من بزانم ئەو ئامارە نەکراوە .[62] بەڵام ڕاستیەکەی من لەساڵی ١٩٨٦ کە بوومە پێشمەرگە ئیتر بەتەواوی لە وارانی دابڕام من بەردەوام لەجەنگدا بووم، دەزانم ئێستا گلەیی ئەوەمان لێدەکەی کە بۆچی ئامارێکتان نەکردووە، ڕاستی دەبوو بکرایە.

61 بۆ پشتیوانی قسەکەی جەمال وارانی کە دەڵێت خەکی شوێنانی تر لەم گوندە ئەنفالکراون، من زۆر کەسم بینیوەو یان دیدارم لەگەڵدا سازکردوون خەڵکی ئەم گوندە نەبوون بەڵام لەم گوندە نیشتەجێ بوون و هەرلەوێش ئەنفالکراون، بەزۆریش خەڵکی نەوجول کە ناحیەکەیان روخێندرا هاتوونەتە ئەم گوندە، دیدارم لەگەڵ ژنێکدا کردووە بەناوی ئاسکە کەریم ئەوانیش هەر لەم گوندە نیشتەجێ بوون، پیاوەکەیان بەناوی مامۆستا عەلی بێسەروشوێنەو خۆشی لەنوگرەسەلمان ئازاد بووە تەنانەت لە دوبز کورێکیان بووە و دواتر ناویان ناوە بەندین من دیدارم لەگەڵ بەندینیش سازکردووەو لەماڵپەرو گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاوکراوەتەوە. ئەوەش جێگەی ئاماژەیە زۆریش لەوژنانەی نەوجول کە ناویان لەبەڵگەنامەکەی موخابراتی کەرکوکدا هاتووە گوایە فرۆشراون بە وڵاتی میسر دانیشتووی ئەم گوندە بوون.

62 سەبارەت بە ئاماری گوندی وارانی خوارو مەلاهاوار گەرمیانی ئامارێکی کردووە هەرچەندە کەموکوڕی تێدایە بەڵام هەرچۆنێک بێت گرنگە.

**بەڵام ئاماركردنی گوندێک هێندە قورس نیە، چونكە ئەوە مێژووە من پێشنیارێک دەكەم كەوا لە ئامارەكەش گرانترە، بۆنمونە تەنها خۆت و وەهاب كەسی ترنا، هەر ئەو دوو كەسە كە تاقانەی ئەنفالن، لەمووچەی ئەنفالكراوەكانتان تەنها لەو موچەیەی ئەوان دوای ئەوەی ئامارەكە دەكەن لەدەروازەی گوندەكەشتاندا لەسەر دیوارێک ناوی هەموو ئەنفالكراوەكانی گوندی وارانێ بنوسن ئەوسا هەم بۆخۆتان ئاسودەییەو هەم بۆهەر رێبوارێكیش بەسودە كەرێی دەكەوێتە ئەو گوندە ؟!**

بیرۆكەیەكی جوانە من بۆخۆم بەنیازی شتێكم بەڵام لە ئێستادا پارەم بەدەستەوە نیە. دەنا بەنیازنیم بەوەهابیش بڵێم تەنها خۆم دەیكەم ئەگەر لە دۆلارێكەوە تێی بچێت هەتا ١٠ دەفتەر دۆلاریشی تێبچێت بەنیازم شتێک بكەم لە وارانیدا بۆئەوەی خەڵک بێت سەیری بكات، شتێک بكەم ئەوەندە جوان بێت لە وێنەی نەبێ . لەگەڵ وەهاب و مامۆستا جومعەش قسەمان كردووە خۆت دەزانی مامۆستا جمعە هونەرمەندێكی دەست رەنگینەو هەم خزمیشمانە.

**بەڵام ئەوەی من باسی دەكەم كارێكی ئاسانەو هەموو كات دەتوانی دروستی بكەیت وەک ئەوەی لە نەوجول دروستكراوە.**

ئەوەی نەوجول كارێكی جوانە بەڵام من دەمەوێ كارێک بكەم بەهیچ نەروخێت . ئەگەر بەتەنیاش كردبێتم دەیكەم ئەگەر كەسیش هاوكاریم نەكات، چونكە ئەوە پێویستە بكرێت. چونكە ئەنفال رەمزی مەزڵومیەتی نەتەوەیەكە.

**بەڵام واجوانترو باشترە هەموو خەڵكی گوندەكەو كەسوكاری ئەنفالكراوان ولەموچەی ئەنفالكراون بێت .**

ڕاستە ئەركی هەموومانە بەڵام ئەگەر كەسیش هاوكاریم نەكات بۆخۆم بەتەنیا دەیكەم . ئەوە بەپارەو ماڵ قەرەبوو ناكرێتەوە من هەرچیم هەیە بە روتبەكانیشمەوە دەیبەخشم یەكێكیان ببینمەوە .

**لە گوندەكەتاندا (وارانێ) چەند كەس وەک تۆ تەنیا مانەوەو هەموو خانەوادەكانیان ئەنفالكراون ؟**

وەهابی حاجی ئەحمەد ئەوە خۆت دەیناسی، هەمزەش تەنها باوكی و خوشكە گەورەكەی دەرباز بوون. بەڵام دوای سێ چوار ساڵ ئەویش كۆچی دوایی كرد. حاجی محەمەد پورزای باوكم لە ٣٣ كەس تەنها خۆی و ژنەگەورەكەی دەرچوون .

**حاجی محەمەد مەبەستت حەمەی سمایل عەباسە ؟**

بەڵێ بەڵێ ئەو دەڵێم تەنها خۆی وژنەگەورەكەی دەربازبوون لەهەموو كورو كچ وكچەزاو كورە زایە بەرەی دوو ژن ١١ كورو حەوت كچ تەنها خۆی وژنە گەورەكەی دەرچوون.

كێی تر وەک ئێوە تاقانەی ئەنفالە ؟

ماڵی مەلا ئەحمەدیش تەنها یەک كچیان دەرچووە، ئەویش پیرەژنێک بوو ئەویش نەما . ماڵی حەمە زەمۆ تەنها دوو كەسیان دەرچوون، ماڵی حەمەی میم تەوەل دوو كەسیان ماوە كورو كچێک، ماڵی مەجیدی ئامۆزای باوكم تەنها دوو كوریان دەربازبوون.

**كەس هەیە لە وارانی كەسی ئەنفال نەكرابێ و بەسەلامەتی دەربازبووبن ؟**

(دوای ماوەیەک ڕامان و بیركردنەوە ) ... نیە

**كەس هەیە لەوارانی جاش بووبێت ؟**

ئا جاشمان هەبوو، بەڵام سەلامەت بوون و جاشی ناچاری بوون، ئەوەیان باشە دەستیان نەچووەتە خوێنی كەس وخراپەیان بۆ كەس نەبووە.

**كاک جەمال تۆ لە هەرزەكارییەوە هەتا ئەمرۆ بوویتە پێشمەرگە، ئێستا فەرماندەیەكی سوپایت، كەسوكارت هەموویان ئەنفالكراون بەتایبەتی ٩ كەس لەدایک وباک وخوشک وبراكانت ئەنفالكراون، لەبەرەی جەنگ چۆن دەڕوانیتە دیل ؟ چۆن تەماشای ئەو كەسانە دەكەیت كە بە دیلی دەكەونە بەردەستت ؟**

بڕوای تەواوم بەلێبوردەیی هەیە، سەد لەسەد بڕوام بەوەیە كە لە جەنگدا پەیڕەوی تەواوی بنەماكانی مافی مرۆڤ دەكەم، دیل لەلای من پارێزراوە، تەنانەت خێزانی عەرەبەكان كە داعشیش بوون كەوتوونەتە دەستم و ڕێزم لێیانگرتووە، بەهیچ پاساوێک بڕوام بەتۆڵەكردنەوە نیە، بەڵام بڕوای تەواوم بەسزا دانی هەموو تاوانبارێک هەیە. ڕۆژنامەنوسێكی فەرەنسیش

هەمان پرسیاری لێکردم، هەروام وەڵام دایەوە، سێ سەعات و نیوپرسیاری لێکردم، پێمووت من بۆ جەنگ بۆ ئاشتی دەکەم شەرم لەگەڵ بەعس وداعشیش هەر لەسەر ئەو بنەمایە بووە، دەنا چەندین جار خێزانی عەرەب بەکۆمەڵ بە ٥٠ نەفەرو ٦٠ نەفەر دێن و خۆیان رادەست دەکەن یان دەیانگرین دەتوانم لەتۆڵەی خوشک وبراکانم زیندە بەچاڵیان بکەم و بیانکوژم و کەسیش پێم نازانێ خەندەقێک لەبەردەمم دایە سێ مەترونیو قوڵەو دوو مەتر پانە دەتوانم بیانخەمە ناویەوەو هەموویان بکوژم و کەسیش نەزانی باشیش دەزانم کە هەندێکیان نەبێ زۆربەیان کەسوکاری داعشن . بەڵام ئەوان بەعسی و داعشن و من پێشمەرگەم من کەسوکاری ئەنفالم دەبێ جیاوازبم . بەرۆژنامە نوسە فەرەنسیەکەشم گوت، بەڵام دەستم لەبەعس نەپاراستووەو دەست لەداعشیش ناپارێزم چەندی بۆم بکرێت لەشەرِدا لێیان دەکوژم و سڵ لەکوشتنیان ناکەمەوە، ئەوەم بەئەرکی خۆم زانیوە، ئەگەر خۆشیان رادەست بکەن و لەشەریشدا گیران و بوونە دیل ئیتر ناکوژرێن و ژیانیان پارێزراوە لەلای من .ئەوەی بەرانبەرم لێبگرێت و بێتە سەرخاکەکەمان و ژن ومنداڵمان ئەنفال بکات، هەرگیز نەرم نابم لەگەڵیدا. من دوبارەی دەکەمەوە ئاشتی خوازم بەڵام شەڕکردن لەگەڵ داعش و بەعس بەشەرێکی پێویست وتەنانەت پیرۆزیش دەزانم، خۆشم لەو ئەرکە دوانەکەوتووم و ئەوە دوو ساڵ و چەند مانگێکە لەبەرەی جەنگی داعش دەجەنگم و هەربەردەوامیش دەبم. ئەوەی پێمکرابێ دریغیم نەکردووەو ئەوەی لەداهاتوشدا پێم بکرێت دەیکەم و وای بۆدەچم رۆژی ئەوانیش وەک بەعس لەئاوابووندایە. هیوادارم لەدوای داعش ئیتر کوردیش خۆی رێک بخاتەوەو پەرلەمانەکەی کارابکاتەوەو حکومەت وپەرلەمانێکی شایان بەخەڵک دروست بکات. سوپایەکی نیزامی باش بۆ پاراستنی دروست بکات بۆئەوەی هێزی تری هاوشێوەی بەعس وداعش هیچی تر ئەنفالی نەکەن و بەدەردی شەنگالی نەبەن. بەهیوام دەوڵەتی کوردیش ببینین.

**ئەی سەبارەت بە جاشو موستەشارەکان بیرورات چیە ؟**

ئەگەر بەدەست من بێت هەرگیز لێیان نابوورم، ئەوانەی دەستیان لەخوێنی خەڵکدایە دەبێت دادگایی بکرێن و سزابدرێن، بەڵام وەک ئەوەی خۆم بچم بیانکوژم و تیرۆریان بکەم بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو ئیجرائاتە نیم، بەڵام ئەوان مافی خەڵکیان بەسەرەوەیەو دەبێت دادگا یەکلایی بکاتەوە. ئەگەرچی ئێمە کە ساڵی ١٩٩١ راپەڕین بوو بەرەی کوردستانی لێبوردنی بۆ دەرکردن ئێمە پێشمەرگە بووین پێیانگوتین لاپەرەیەکی سپی هەڵبدەنەوەو کەس مەکوژن و جاشەکان عەفوو بکەن. بەڵام من هەرگیز لەدڵم دەرناچیت، ئەگەر دادگا سەربەخۆبێت و کاری خۆی بکات یەکەم کەس دەبم سکالایان لەدژ تۆماردەکەم.

**دەچیتە پرسەی جاش وموستەشارەکان ؟**

هەتا ئێستا نەچووم .

**بەشداری شەڕی ناوخۆت کرد ؟**

بەڵێ بەڵام هەرگیز بەڕاستم نەزانیوە .

**کەواتە پەشیمانیت ؟**

زۆر پەشیمانم .

**بۆچی پەشیمانی ؟**

لەبەرئەوەی دەزانم چ بەڵاو نەگبەتیەکە، مێژووی وڵاتانی ترم خوێندووەتەوە، ئەوەی شەڕی ناوخۆ دوای نەخستبێ دوانەکەوتووە. شەڕی ناوخۆ چرای بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکوژێنێتەوە. بیرکردنەوەی ئازادی ئینسان دەکوژێ سامانی وڵات و خوێنی گەنجەکانی بەهەدەر دەدات . ئێمە لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیدا بووین، شەڕی ناوخۆمان دەکرد، هەتا ئێستاش ئێمە لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیداین، ئەنفالیش بەقەد شەڕی ناوخۆ برینداری نەکردووم، لەئەنفالدا باوک وبراو خوشکەکانم لەدەستدا، لەشەڕی ناوخۆدا هاورێ ئازیزەکانم لەدەستدا، شەهید سەید جەوهەر لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوو، ئەو پیاوە بۆمن زۆر شت بوو، فەرماندەو هاورێ بوو، زۆر شتی لێوە فێربووم، بۆمن بەقەد باوک و براکانم ئازیز بوو، قەت

قەرەبووی ناکرێتەوە، بۆیە من شەڕی ناوخۆ بەکارەسات دەبینم، کاک سەید جەوهەر لەهەموو کەسوکارەکەم ئازیزتر بوو لەلام زۆر خۆشەویست بوو لەلام لەشەڕی ناوخۆدا تێداچوو خەسارەتێکی گەورە بوو، شەهید بورهان لەکی زۆر خۆشەویست بوو لەلام زۆر تێکەڵ بووین لەشەڕی (P.K.K)دا تێداچوو.

تۆ سەیرکە لەبری ئەو سێ چوار ساڵەی شەڕی ناوخۆمان کرد، تەنها شەڕمان نەکردایە هیچی ترنا، خۆ وڵاتەکەمان زیاتر وێران نەدەکرد. ئێستا لەقۆناغێکی باشتردا دەبووین و زیاتر پێشدەکەوتین. شەڕی ناوخۆ نەگبەتیەکەی کۆتایی نایات، زۆرشت هەیە باسی بکەم بەڵام با باسی نەکەم باشترە، لەکورتی دەیبڕێنمەوەو دەڵێم شەڕی ناوخۆ ڕەتدەکەمەوە. ئەمجارە شەڕی ناوخۆ نەک فەرماندەی فەوج ئەگەر (قائید فرقە) پێشەوای تیپیش بم نایکەم و واز دەهێنم. شەڕی ناوخۆ چیە ! شەڕی بەرژەوەندی نێوان حزبەکانە، حزبەکان بەرژەوەندەی خۆیان خستووەتە سەروی بەرژەوەندەی هەموو خەڵکێکەوە. ئەوەی بەرژەوەندی میللەتەکەی بوێت شەڕی ناوخۆ ناکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم بەرپرسی یەکەمی شەڕی ناوخۆ ئەو فەرماندە سەربازیانە بوون کە بەرژەوەندییان لەشەڕدا بوو، نەمام جەلال و نەمەسعود بارزانی دروستکەری ئەو شەڕە نەبوون بەڵکو ئەو فەرماندە سەربازییە بەرژەوەندخوازانە بوون. چونکە لەشەڕدا دەستکەوتیان زیاتر بوو وەک لە ئاشتی. من فەرماندەی فەوجم ئەگەر بەرژەوەندی خۆمم بوێ و بیر لەژیان وگیانی خەڵک نەکەمەوە بەرژەوەندیم لە جەنگدایە نەک لە ئاشتی .

**با بیرم نەچێت تۆ تاقانەیەکی ئەنفالیت بڕیارێک نیە نەچیتە جەنگەوە ؟**

باهەیە، من زۆر کەس پێم دەڵێن تۆ تاقانەی ئەنفالیت هەق نیە بچیتە شەڕەوە، بەڵام پێشینان زۆر جوانیان وتووە (ئەرزو ناموس)[63] واتا ئەگەر ئەرزت نەبوو ناموسیشت نیە، ئەگەر ئەوانەمان نەبوو بامنیش تێدابچم زۆر ئاساییە . بەڵام من شەڕ هەر بۆ خاک و نیشتمان ناکەم بۆ ئاشتیشی دەکەم .

**پێت شک دێت لەشەڕی ناوخۆدا تاقانەیەکی ئەنفال کیمیاباران شەهید بووبێ مەرج نیە لەیەکێتی لەهی پارتی یان هەر حزبێکی تر ؟**

نا پێم شک نایات .

**مەبەستەکەم ڕونتر دەکەمەوە جەمال وارانی هەموو کەسوکارەکەی لەدەستداوەو یەکێتیە، کەسێکی تریش بەهەمان شێوە هەموو کەسوکارەکەی لەئەنفالدا یان لە کیمیاباراندا لەدەستداوەو پارتیەو لەشەڕی ناوخۆدا تەقە لەیەکتری دەکەن و دورنیە یەکتری بکوژن ؟**

کارەساتە زۆر کارەساتە .

**ئێستا تۆ ئەفسەرێکی لە کوردستانی دوای بەعس هەمان ئەو جلوبەرگە سەربازیەت پۆشیوە کە ئەفسەرانی سوپای عێراق دەیان پۆشی، هەمان ئەو داڵ و ئەستێرانە بەسەر شانتەوەن کە بەسەرشانی ئەوانیشەوە بوون ؟ ئەوانەش دایک وخوشک و براکانتیان ئەنفالکرد ئایا هەست بە نائارامی ناکەیت ؟**

بەڵام ئێستا ئەوانە گۆڕاون.

**بەڵام پێشتر هەروا بوون .**

نزیکەی چوارساڵە گۆڕانکاری لە جلوبەرگ و نەجمەکاندا کراوە، ئەو ڕتبانەی ئێمە دەیبەستین وەک ئەوانە نیە کە ئەوان دەیانبەست. داڵەکەی ئێستا جیاوازە لەوەی پێشووی بەعس، ئاڵاکەش هی کوردستان خراوەتە سەری. تەنانەت گۆڕانکاری لە بیریەکانمان و علامەی سەر بێریەکانیشماندا کراوە. بەڵام تۆ ڕاست دەکەی ئەوە لە باری دەروونیەوە بۆ ئێمە شتێکی باشە .

**هی سوپای عێراقیش هەر گۆڕانکاری تێدا کراوە ؟**

نا هی ئەوان هەروەکو خۆیەتی .

---

63 لێرەدا جەمال وارانی عرچ بە ئەرز بەخاک تێگەیشتووە، بۆیە لێکدانەوەکەی هەڵەیە ئەو وشەعەربیە (عرچ) مەبەست لێی شەرەف وکەرامەتە، بەڵام کاک جەمال لێرەدا بەئەرزو خاک تێگەیشتووە.

**تـۆ لەکـام هێزەیـت بەوپـێـیەی یەکێتیـت دەبێـت لە هێزەکانی حەفتابیت ؟**

بەڵێ مـن پێشتر لەسـوپای عێـراق بـووم بەڵام لەوێ ئیستقالەمداو دواتـر هـاتمەوە بـۆ هێزەکـانی حەفتـا، خۆشـت بـاش دەزانـی لەهەمـوو دنیـادا سـوپا بـۆ پاراسـتنی خەڵـک دروسـت دەکرێـت نەک بۆسـەر کوتکردنی خەڵک. راستە ئێستا دەڵێن ئەمە فەوجی فـلان کەسـەو ئەوەیـان لیـوای فیسـار کەسـە دەبێـت رۆژێک بێت ئـێمەش بگەیـنە ئەو ئاسـتەو سـوپا هـی خەڵـک و بـۆ پاراسـتنی خەڵـک بێـت. سـوپایەکی نیزامیمان هەبێت و حکومەتی دامەزراوەییمان هەبێت . هەتـا حکـومەتی موسسـاتی )دامەزراوەیـی دروسـت نەبێت سوپای نیشتمانی و نیزامیش دروست نابێـت . بینیمـان لە میسـر دووجـار حکـومەت گـۆڕا سـوپا هەرسـوپای خەڵـک بـوو، هیـوادار، رۆژێـک بێـت و سوپایەکی نیزامی کوردستان ببینم. دڵنیـام هەردەبێت بەڵام نازانم من دەیبینم یان نا، سوپا نیـزام وهەیـکەل و دەستوری تایبەت بەخۆی دەوێت. ئێسـتا وەزارەتـی پێشـمەرگە راسـتە سـەربە حکـومەتە بەڵام دەبێـت سـەربەخۆبێت و دەوڵەتێکـی بچکۆلەبێـت لەنـاو ئەو دەوڵەتەدا.

**پێشئەوەی دۆسـێی تاقانەکـانی ئەنفـال لەراگەیانـدن بوروژێندرێ و ببێتە دۆسێیەکی دیـار لەنـاو تـاوانی ئەنفال لە ناو سوپادا یـان لەنـاو هێزەکـانی حەفتـاو پێشمەرگەدا رێزێکی تایبەتیت لێدەنرا ؟**

بەڵێ من خەڵک رێزم لێدەگرێت .

**نـانـا هەمـوو کەسـێک خـاوەنی رێـزەو خۆشـت کەسایتیەکی بەرێزیت، من وەک حکـومەت و پۆسـت وپلەبەندی دەڵێم ؟**

وەکو حکومەت نەخێر .

**بەڵام ئەو نەخێرە، بۆخۆی رۆمانێکی پرلە ئازارە !!**

بەڵام وەک تاکەکەس بەڵێ رێزیان لێدەگرتم، بۆنمـونە لە ناو سوپای عێراقدا کە وەزیر دەهات یان قائید فرقە دەهات دەیانگوت جەمال کەسوکاری ئەنفالە، تەنـانەت ئەمریکیەکـانیش کە دەیـانزانی کەسـوکاری ئەنفـال رێـزی زۆر تایبەتیـان لـێ دەنـام و ئیحترامـی قوربانیدانیان دەگـرتم.. بەڵام بەداخەوە لەلای خۆمـان ئەوەم نەدیت، هەنـدێک شت هەیە گرنگـی پێنادرێـت بەداخەوە ئەوەمان نـیە. مـن نـامەوێ خـۆم فەرزبـکەم بەسەر کەسانی تردا، یان فەرزم بکەن بەسەر کەسـانی تردا نەم گەرەکە جیام بکەنەوە، بـڕوام بەو جیاکـارییە نیە تەنها لەیەک شتدا نەبێ لەئیشی باشدا، ئێستا مـن فەرمانـدەیەکم سـاڵێک پـێش ئێسـتا ٥٣٠ سـەربازم لەبەردەسـتدا بـووە، ئێسـتا فەوجێکـی تریـان لـێ جیـاکردووەتەوە ٢٨٠ سـەربازم لەبەردەسـتدایە، بـێم هەشتا کەسیان بنێرمەوەو موچەکەیان بۆخۆم وەربگرم و بیخۆم و دزی بکەم، ئیتر هەرچییەکم لەرابـوردوودا کردبێـت و هەرقوربانیەکمـدا بێـت، سـودی نابێـت و پێشی نابمە هیچ، بۆیە دەبێت چاکەکردن هەتا سەربێت کـاتی خـۆی لەپێشمەرگایەتیشـدا دەمـانگوت بۆخۆسەلماندن دەبێـت ئامـادەی شـەهید بـوون بیـت. بەڵام بەداخەوە ئەمەش لەبەرچاوناگیرێت.

**دوای ئەوەی کە هەمووکەسوکارت ئەنفالکران و وەک خۆت وتت تەنیا کەسێکت کە مابوو ئامۆزایەکت بوو، ئەویش لەرێگەی پەیداکردنی بژێویدا گیانی لەدەستداو لەکەمینێکدا کوژرا، ئیتر تۆ هەستت بە بێکەسی خۆت کرد ؟**

نانەخێر ئێستاش هەست بەبێکەسی خۆم ناکەم،مرۆڤ دەبێـت هەمیشـە بە قـودرەت و بەئیرادەبێـت، بەڵام هەندێک جـاریش کەوا کەسـوکارم دەکەونەوە بیـرم و ناعەدالەتی دەبینم باری دەرونیم تێکـدەچێ و خەریـکە خـۆم دەکـوژم دوایـی دەڵـێم نـا ئەوە چارەسـەر نـیە، بەڵکـو بـۆمرۆڤ واجـوان و واگـرنگە لەسـەرکەوتندا بوغراولوتبەرز نەبێت ولە شکستیشـدا نەڕوخێـت، مـن ئەمەم پەیڕەو کردووە لەژیانمـدا راسـتە کەسـوکارەکەم ئەنفـالکران بەڵام ئێـدی ئەوە روداوێـک بـوو، کـورد توشـی بـوو، مـن هەمیشـە بیـروڕام وابـووە دەبێـت هەمیشە پشت بەخۆت ببەستیت،هەمیشە پشتم بەخـۆم بەسـتووە هەتـا ئێسـتاش . هەمـوو کاتێـک هەروابووم،لەسەرکەوتن وشکستیشدا کۆنترۆڵی خـۆمم کـردووە. هەرئەو کـاتەی کەزانـیم کەسـوکارەکەم هەموویان تیداچوون بڕوام وابوو کە ژیان بەردەوامە،

له پێشمەرگایەتیش هەر بەردەوام بوومەهتا دوا قەترەی خوێنیشم هەر داكۆكی لەم ولاتە دەكەم . هەتا سەركەوتنی یەكجاری وەهەتامن بمێنم .

**له هیچ كاتێكدا هەستت بەدڵتەنگی و بێزاری نەكردووە، بەتایبەتی تۆ كە پێشمەرگەی پارتی زان بوویت و كوردستان لەدەست بەعس ڕزگاری بوو، بەڵام ژیان بۆ هەندێك هەر ناڵەبار بوو، بەتایبەتی بۆ كەسانێك كە بەرپرسان پشت وپەنایان نەبوون، بۆنمونە ئەوكاتەی داوای ژنت لەخزمەكانت كردو كەسیان ئامادە نەبوون دەستت بگرن و ماڵێكت بۆ پێكەوە بنێن ؟**

من تەمەنم ٢١ ساڵ بوو كە هاوسەرگیریم كرد، پەلەم كردو هێشتا زوو بوو، بەڵام دەبوو هاوسەرگیری بكەم، چونكە ژیان هەمووی لە بارەگا بەسەر نابرێت، ئەوكاتەی كە هاتیشینەوە ئاوەدانی ئیتر من كەسم نەمابوو لەپێشەوە داوای ژنم لە قەوم وكەسوكارەكەی خۆم كرد، وتم بادوایی نەڵێن چوو بێگانەیەكی هاوردو بەكچەكان ئێمە قایل نەبوو، ڕاستیەكەی من ئەو هەستەم بووئیتر كە ئەوان ئاوا وەڵامیاندامەوە، ئیتر من وازم لەوان هێناو داوای ئەم ژنەم كرد كە ئێستا دایك منداڵەكانمە من ئەوانم نەدەناسی وئەوانیش منیان نەدەناسی لەرێگەی ئەو ماڵەوە بوو كە من هاتوو چۆم دەكردن، هەتا كۆتایی ساڵی ١٩٩٤ هەر لەچەمچەماڵ بووم دوایی ڕۆیشتمەوە ماوەیەك چوومەوە بۆ وارانی و ئیتر ماوەیەك لە زینانە ئاسایش بووم و ماوەیەكیش لە كفری دانیشتم و ئێستاش واهاتووم لەكەلار نیشتەجێم، لەساڵی ٢٠٠٦ هاتم بۆ كەلار.

**له پێشەوە قسەیەكت كرد بەلامەوە گرنگە بچینەوە سەری ؟ ئەوەی وا گووت مەینەتی ئێمە لەدوای ساڵی ١٩٩١ وە دەستی پێكرد ؟**

بەڵێ وایە، ئەزانی چۆنە (.... بێدەنگی ) ڕاستیەك هەیە دەبێت بیڵێم من هەستم بەدڵشكان كردووە، كاتێك كە هاوسەرگیریم كرد، زۆر هەستم بەمەكرد ئەوسا زۆر بێ پارە بووم، كورد قسەیەكی هەیە دەڵێن بێ پارەیی لەباوك مردن خراپترە، ئەمە مەسەلەیەكی زۆر گرنگە كەسێك باوكی مردووە بەڵام پارەی نیە پرسەی بۆ بگێڕێت كابرا دەڵێت باوك مردن خراپ وناخۆشە بەڵام بێ پارەییەكەم لەوە ناخۆشترو خراپترە، منیش لەهەرزە كاریمەوە پێشمەرگە بووم ئێ پێشمەرگە پارەی لەكوێ بوو؟ باسم كرد كە قەمسەڵەكەی بەری خۆمم فرۆشت، كەمنداڵیشمان بوو بارودۆخەكە زۆر خراپ بوو، شەڕ بوو، گرانی بوو پارە نەبوو، كاكە من لەشەڕدا نەكوژرام بەڵام حەوت جار بۆ بژێوی ژیانم لە نێوان كەمینەكانی حكومەتدا تێپەڕیوم و هەموو جارێكیش لە مەرگ گەڕاومەتەوە، لە پێناوی چی ؟ دەچووم باری قاچاغم بۆ خەڵك و قاچاغچیەكان دەردەكرد لە نێوان حكومەت و پێشمەرگەدا لەبەر ئەوەی باری داراییم زۆر خراپ بوو، سەیارەیەكم بوو نیوەی هی خۆم بوو، ئەو نیوەكەشی كاك سەید جەوهەر پارەكەی بۆ دابووم هەرچەندە گوتی پارەكەیم ناوێتەوە، بەڵام دامەوە پێی لە پێناوی منداڵەكانمدا دەبوایە بمكردایە، ئەو كاتە نێوان كفری و جەلەولاو دوز قاچاغی جۆراوجۆری تێدا دەكرا، نەوت وخواردن و تەل و مس وفافۆن دەهات و ئێمەش دەبوو بچین بیهێنین بە كرێ بیهێنین. بەڵام بەكۆڵ نا وەك ئامۆزاكەم بەڵكو بەسەیارە دەیانجار لەمەرگ دەربازبووم لەو ڕێگا قاچاغەدا، جارێك هاوەنێك هات دای لەناو سەیارەكەمان كورێك هەر سوتا لەناویدا. ئەو ماوەیە بۆمن زۆر قورس بوو ئینجا دوای ئەوە شەڕی ناوخۆ دەستی پێكردو كەوتینە ناو ئەو دۆخە ناخۆشەوەو كاك سەید جەوهەرو چەند هاوڕێیەكی خۆشەویستم شەهید بوون.

**گرنگترین پرسیارم بۆ كۆتایی دیدارەكەمان هەڵگرتووە بەم پرسیارە لە كۆتایی نزیك دەبمەوە، ئێوە نزیكەی ١٧٠ كەسن وەكویەك تاقانەن، بۆچی هەتا ئێستا بیرتان لەوە نەكردووەتەوە برایەتیەك بیرۆكەی یەكێتیەك ڕێكخراوێكتان هەبێت، بۆنمونە بۆئەوەی لەتەنیایی ڕزگارتان بێت هەرهیچ نەبێت پێكەوە سەیرانێك بكەن ؟**

هەقە بەڕاستی هەقە ئەوە بكەین من بۆخۆم جگەلە وەهاب كە خزمە لەگەڵ كەسیان تێكەڵاو نیملەناویاندا

سەباحیشم زۆر خۆش گەرەکە، بەڕاستی کوڕێکی شیرینە بەڵام کاکە تاقانەکانی ئەنفال ئەوانەی وا خەڵکیان زۆر ئەنفالکراوە بەگشتی باری دەروونیان تەواو نیە، ناهەقیشمان نیە، من بۆخۆم یەکێکم لەوان ڕاستە نەبەزیوم بەڵام لەساڵی ١٩٨٨ وە کەکسوکارم ئەنفالکراون باری دەرونیم تێکچووە. ئێستا زۆر باشترم ئەوسا لە پارتیزانیدا جاری واهەبوو جیهازەکەم هەڵدەگرتوو دەرۆیشتم بۆ بان جەوەڵ مازوخ کاک جەهەر دەیزانی گرفتەکەم چیە بۆیە زۆر دڵنەوایی دەکردم . دەچوومە سەرەوە جاری واهەبوو بەسێ سەعات وچوار سەعات دەچوومە ئەو بانەو نەدەهاتمە خوارەوە هەر خەریکی جگەرە کێشان بووم . بیرم دەکردەوە و بیری خوشک وبراکانم و دایکم و باوکم دەکرد. جاری واهەبوو لەخۆمەوە تورە دەبووم، ئێستاش جار جار ئەوەم هەیە لەم شەوانەدا لەگەڵ رەنجەی کوڕمدا تورە بووم مۆبایلەکەم کوتایە زەویدا موبایلەکەم شکاند . ئێمە ماندووین چووم لە هندستان فەحسێکی سەرومێشکم کرد، دکتۆرەکان وتیان تۆ مێشکت زۆر ماندووە تاقانەکانی ئەنفال هەموویان وان مێشکیان ماندووە . تۆڕاست دەکەی من ئەوەم پێباشە لەگەڵ تاقانەکانی ئەنفال بگەڕێین گەشت بکەین .

**من بیرۆکەیەکم بۆ ئێوە هەیە، هەرچەندە دەوڵەمەندم پێشک دێت هاوکاریمان بکات، بەڵام من هەموو هاوکارییەک بۆ ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکەمەوە، تەنانەت ئەگەر بۆخۆم دەوڵەمەندێک بم بتوانم هەمووتان کۆبکەمەوەو گەشتێکتان بۆ ڕێک بخەم بۆ تورکیا، کاکە بۆ ئەوێ نا بۆ سەرتەکی بەمۆ.**

مورتاح نابین من سەفەرم کردووە بۆ تورکیا، چوومەتە ئێران، چوومەتە ئیمارات و چوم بۆ هندستان،زۆر شوێنی تر گەڕاوم بەڵام کەدەرۆیت و دێیتەوە سەرفکری کەسوکارەکەت هەمووی پوچەڵ دەبێتەوە، هیچ سودی نیە. کاکە ئێمە لەباری دەروونیەوە گرفتمان هەیە من دکتۆرەکە لەهندستان ئەوەی پێگوتم تۆ مێشکت زۆر ماندووە !

کاک جەمال گیان تۆ ڕاست دەفەرمووی بەڵام هەموو کورد مێشکی ماندووە بەوانەشەوە کە ئەم بارە خراپەیان خوڵقاندووە بەوانەشەوە کە هەر خەریکی بازرگانین و لەپارە کۆکردنەوە زیاتر شتێکی تر نازانن و لەوە زیاتر چێژ لەشتێکی تر نابینن،بەڵام من بیرۆکەکەم ئەوە نەبوو ڕێگەم بدە بابۆت رونبکەمەوە، تۆ فەرمووت من هەست بەبێکەسی ناکەم، بەڵام زۆربەشیان دەڵێن ئێمە هەست بەبێکەسی دەکەین، بۆنمونە ئەگەر یەکێتیەک هەبێت لەناوتاندا لەناو ئەو ١٧٠ کەس حەوت کەس پەیدا دەبن بین بە خوشک وبراو لەخۆشی و ناخۆشی یەکتریدا بەشداری بکەن و ببنە پشت و پەنا ؟ ئەوەش بۆخۆی بەردی بناغەی یەکێتیەکی گرنگەو دورنیە هەموو کۆمەڵگاش چاوتان لێبکات .

وایە وایە زۆر تەواوە .

**ئەگەر دەرفەت هەبێت نمونەیەکیشت بۆ دەهێنمەوە فەرموو**

***سەزە تاقانەیەکی ئەنفالە ١٥ کەس لە دایک وباوک وخوشک وبرای ئەنفالکراون، کۆنە ئاغایەک خەریکی ئەوە بوو ستەمی لێدەکرد و زەویەکی باوکی داگیر دەکرد، سەوزەش پەنای بۆ یاساو حکومەت بردبوو حکومەتیش پشتیوانی کۆنە ئاغاکەی دەکرد و سەوزەی بەهەند نەدەگرت، بەڵام کاتێک هەولمان خستەگەڕ و لەگەڵ کاک سەباح و ڕێکخراوەکان و هەندێک کەسایەتی و ڕاگەیاندن قسەمان کرد، کاتێک چووینە دانگا ٢٥ کەس لەگەڵ سەوزە بوو، زۆر دڵخۆش بوو وتی : من نەمزانیوە ٢٥ خوشک وبرام هەن !***

وایە وایە زۆر بیرۆکەیەکی جوانە من بۆخۆم ئامادەم بۆ ئەو یەکێتیە . کاکە لەئێستاوە لەهەر کوێیەک تاقانەیەک پێویستی بەمن بوو من برای ئەوم، ڕەنگە من لە زۆریان باشتربم لەبەرئەوەی کەوا سەرقاڵم و لەبەرەی جەنگم بەڵام دەزانم هەیانە بێکارەو ئەوانەی بێکاریشن زۆرتر بیردەکەنەوەو ڕەنگە بەخراپیش بیر بکەنەوە. ئێستا من لەناو تاقانەکاندا لەگەڵ سەباحدا زۆر مرتاحم زۆرم خۆشگەرەکە بێگومان هی تریش هەن لەناویاندا خەڵکی باشن و ئەگەر تێکەڵ بین

ڕەنگە وەک سەباح ببینە برا. نەڵێم تۆ لەروی ئەوە قسەی ئێستام نیەو زۆر کەسی تریش لەناو تاقانەکان ئەمەیان گوتووە تۆ بەبرای خۆمان دەزانین و شانازیش بەو برایەتیەوە دەکەین . تۆش و کاک سمکۆش .

**لە ژمارە ١٠ی گۆڤاری ئەنفالستاندا وێنەی چەند منداڵێکی گوندی وارانێ بڵاوکرایەوە کە کاک سمکۆ سابیر بەدەستی هێنابوو، دواتریش لە پێشانگایەکی فۆتۆگرافیدا نمایشی کردن، بەڵام لە کۆمێنتێکی فەیسبوکدا تۆ نوسیوتە ئەو منداڵە ئەنفالکراوانەی گوندی وارانی، دوانیان خوشکی منن ؟**

بەڵێ،دوانیان خوشکی منن، یەکێکیان بەدڵنیایی کوێستانە، بەڵام ئەوەی تریان لەنێوان قەدیفەو لەمیعە لێم تێکچووە،بەڵام زیاتر گومان دەکەم قەدیفە بێت، وێنەکە پێموایە شایی عەدنان بووە لەگوندی وارانی [64]

**ئەمرۆ زۆر ماندووم کردیت ئیتر دەستبەردارت دەبم بەڵام بۆ پرکردنەوەی کەموکوری دیدارەکەمان بەردەوام پەیوەندیمان دەبێت، من بێزارنابم هەرکاتێک، بیرۆکەیەک یاخود رووداوێکت بیرکردەوەو پێتباش بێت لەم دیدارەماندا بڵاوبکرێتەوە دەتوانی لەرێگەی تەلەفۆن یان تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە پێم بگەیەنیت و بۆی زیاد دەکەین .**

زۆر باشە سوپاست دەکەم. هەرچیەک بوو ئاگادارت دەکەم هەرچەندە ئەگەر بمانەوێ قسەی تەواو لەسەر ڕۆژگارەکانی سێ ساڵی پارتی زانی دوای ئەنفال




بکەین، هەر لەئێستاوە هەتا دوا ڕۆژەکانی ژیانمان بەش ناکات. زۆرسوپاسی هەوڵ ومانددووبونی بەرێزت و کاک سمکۆ دەکەم، بەراستی ئێوەش کارێکی گرنگ وپیرۆز دەکەن، سوپاسی هەرکەسێک دەکەم و لێرەوە دەستخۆشی دەکەم ئەگەر بەیەک دێریش لەسەر تاوانەکانی دۆسێی هەڵەبجەو ئەنفال و بارزانیەکان وفەیلیەکان و شەنگال بەتایبەتی لەسەر ئەنفال نوسیبێتی . لێرەوە دەستخۆشی لە ئیسماعیل هەناریش دەکەم بۆ لەچاپدانی کتێبی تاقانەکانی ئەنفال. هەرلێرەشەوە گلەیی لەحکومەتەکەی خۆمان دەکەم کە هاوکارنیە بۆ کەسانی وەک ئێوەو بگرە ڕەنگە ڕێگریش بێت.

**باسی شتێکی زۆر گرنگ و سەیرت کرد، ئەوسا نەمویست بتوەستێنم، ناردنەوەی ئاڵتونەکانی دایکت بە دادات نیعمەت وارانیدا؟ ئەگەر بکرێت باسی بکەیتەوە ئەوە چۆن بوو ؟**

ئەوە دایکم نازانم لەکوێ بووە لە توپزاوا بووە یان لەتکریت، کە هەستی کردبوو دۆخەکە زۆر خراپە ئاڵتوونەکانی خۆی دابووە دادام پێی گوتووە تۆ پیریت و هیچت بۆنابێت، نەکا من جەمال نەبینمەوە ئەم ئاڵتونانە با لەلای تۆبن. جاشتێکی سەیرتر لەوەش هەیە، پارچەیەک ئاڵتوون هەیە هی لاسەری منداڵ، دەیکەن بەسەریەوە نازانم چی پێ ئێژن ؟

**پۆیلە ؟**

64 لە کاتی تۆمارکردنی دیدارەکەماندا هاوڕێی بەرێزم ڕۆژنامەنوس سمکۆسابیر دانیشتبوو، بۆ دڵنیایی کاک جەمال جەختی کردەوە لەوەی کە شاییەکە هی عەدنان بووە و وێنەکەش مامۆستا قادری گوندی وارانی پاراستوویەتی و زانیاریەکانی داوە بەکاک سمکۆ ئەویش لە ژمارە(١١) گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاوی کردووەتەوە، هەر ئەو وێنەیە بەهەمان زانیاریەوە کاک سمکۆسابیر شەریف لەپێشانگایەکی فۆتۆگرافیدا نمایشکردووە .

ئائـا، دەمخـۆش .. دوای ئەوەی ئاڵتونەکـانی دابـووە دەست دادام، ئینجا ئەو پۆیلەیەشـی بەجیاو بەتـایبەت دابووە دەسـتی و پێیگوتبـوو ئەمەش جـوان هەڵگـرە ئەگەر جەمـال ژنـی هـاورد بـا بیکـات بەسـەری منداڵەکەیەوە . ئەرێ بەخوا ئاوای وتبوو !! ئەمە دادام نیعمەت وارانی گوتی .

**ئێ ئینجا ئاڵتونەکەی هەلگرتبوو ؟ مەبەستم پۆیلەکەیە گەیاندیەوە دەستت ؟**

ئائـا ئێسـتاش هەرمـاوە یەکەم منـداڵمان کـچ بـوو، کردمـانە سـەریەوە هەتـا ئێسـتا وا لای کـچەکەمە. وەسێت بۆ کچەکەم دەکەم هەتا هەتا دنیـا دنیـایە نەی فەوتێنێ .

**زۆر گرنگە زۆر تکایە هەرگیز نەیفەوتێنن ئەوە ئەگەر رۆژگار لەبار بێت دەبێت بچێتە مۆزەخانەوە،**

بەڵێ راستە لەلای ئێمەش بەنرخە .

**دواهەمین پرسیارم سەبارەت بە بیرۆکەی سەرنەبرینە، ئەم پرسیارەم لەهەموو تاقانەکانی ئەنفال وکەسوکاری ئەنفال کردووە، بالەتۆشی بکەم، تۆبیروڕات بەرانبەر ئەو بیرۆکەیە چیە بۆ یادەوەری ئەنفال کە لەو رۆژەدا هەموو زیندەوەرێک پارێزراوبێـت، رۆژی یـادەوەری ئەنفال بکەینە رۆژی ناتوندوتیژی و سەرنەبرین .**

مـن دەمـێکە ئاشـنای ئەو بیـرۆکەیەم و پەیرەویمـان لێکردووە، بەشێوەیەکی گشتی شتێکی نوێیە بۆ یـادی ئەنفال من هیوا خوازم لەهەموو دنیا کوشـتنی مـرۆڤ کۆتـایی بێـت، سـەبارە بەسـەر بڕینـی ئـاژەڵ ئەوە مەسەلەیەکە ئاین رێـگەی پێـداوەو بەتـایبەتی لەمـانگی قوربانـدا بـووەتە داب ونەریـت، بەڵام سـەرنەبڕینی ئـاژەڵ و پەلەوەر لەو رۆژەدا وەک بەرپەرچـدانەوەی خـوێن رێـژی و کۆمەڵـکوژی زۆر جـوانەو پێویسـتە ببێتە نەریتی کۆمەڵایەتی کوردەواری، بەڵام مـن دەڵـێم تەنها رۆژێـک بۆیـادی ئەنفـال بەس نـیە، هەقـوایە لەویـادەدا بۆمـاوەی ١٠ رۆژ لە چـالاکی هەمەجـۆرو بەردەوامدا بین، بەڵام ئەگەر ئەوەی بەرێـزت دەیڵێـت ئەو بیرۆکەیە سەربگرێت زۆرگرنگە پرسـیار دروسـت دەکات ئەگەر خەڵک بەتایبەتی عەرەب وبیانی کەدەچنە چێشـتخانەکان وگۆشـت نـیە دەپرسـن بـۆچی نـیە.

دروستکردنی ئەو پرسیارە زۆر گرنگە بـۆچی ئەمـرۆ گۆشـت لەچێشـتخانەکاندا نـیە ؟ یـادی ئەنفـال و بەرپەرچـدانەوەی خـوێن رێـژیە . مـن زۆر هـاوڕام بەهیوام ببێتە نەریت لەکوردستاندا.

**دەستخۆش مـن دەمەوێ ئەو پرسـیارە دروسـتبکەین ..لەهەمان کاتدا هاوسۆزی بۆ ئەو مرۆڤانەی لە کـاتی ئەنفالکرنیاندا لە دوبزو نوگرەسەلمان لەبرسان مردن.**

بامن هاوکارییەکت بکەم رۆژی ١١/٢٣ی هەمووساڵێک هەموو ئەمریکاییەکان گۆشتی قەل دەخۆن، جارێکیـان لەو رۆژەدا ئەمریکیەکـان داوەتیـان کـردین قەل بەکولاوی بەسورەکراوی بەبرژاوی بەهەموو شێوەیەک قەلیان هێنـا، وتمـان ئەوە چـیە ؟ وتیـان ئەوە جەژنـی ئێمەیە ئەمرۆ هەموو ئەمریکا قەل دەخۆن[65]، تەنـانەت لە سـەربازگەکەیاندا وێـنەی قەلیـان دانـابوو، ئەم یادەوەریـانە زۆر جـوانن، بـائێمەش ببیـنە خـاوەنی یـادەوەری بـا لەیـادی ئەنفالـدا تەنهـا رۆژێـک لەسەرانسەری ولاتدا گۆشت نەخورێت، قەسابخانەکان

65 ئەوەی جەمال وارانی باسـی دەکات (Thanksgiving سـوپاس گـوزاری خـوا ) Thanksgiving یـاخود رۆژی سوپاسـگوزاری جەژنێکـی دیاروبەرچـاوی ولاتەیەکگرتووەکـانی ئەمریکـایە، کە بۆیەکەمجـار لەسـاڵی ١٦٢١ لەلایەن چەنـد گەل وگـروپێکەوە کـراوەتەوە، لەم جەژنەدا کەپێـی دەوتریـت جەژنـی سوپاسـگوزاری یـاخود رۆژی سوپاسـگوزاری تیایـدا ئەمریکایەکـان بەپـێچەوانەی جەژنەکـانی قوربـان و رەمەزانـی ئیسـلامەوە، نرخـی کـالاو کەلوپەلەکانیـان لە بازارەکانیانـدا زۆر دادەبەزێـنن، فەرمـانبەران موچەکەیـان دوو هێندەیە، لەهەموو ئەمریکادا لەو رۆژەدا گۆشـتی قەل دەخۆن،لە راپۆرتێکی تەلەفزیونیدا کە رۆژنـامەنوس مـاردین ئەحمەد ئامـادەی کردبـوو، رۆژی ٢٣ی شـوباتی ٢٠١٦ لەکەنـاڵی نالیـا پەخشـکرا کرێکـارێکی کـوردی دانیشـتووی ئەمریکـا گـوتی: ئەمـرۆ رۆژێکـی زۆر خۆشە هەموو ئەو شتانەی لەرۆژانی تـردا ناکردرێن ئەمرۆ دەتـوانین بیکـرین و لەم رۆژەدا هـیچ جیاوازیەک لەنێـوان دەوڵەمەنـدا هەژاردا نـیە. رۆژی سوپاسـگوزاری سـالانە لەولاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـادا دەکـرێتەوە کە لە چوارهەمین پێنج شـەممەی رۆژی تشـرینی دووەمـی هەمـوو ساڵێکدایە.

هەمــوو لەو ڕۆژەدا دابخـرێن. ڕۆژێکـی تـر لەهەمـوو زانکـۆو قوتابخانەکانـدا وانەیەکیـان هەبێـت تـایبەت لەبارەی ئەنفالەوە.ڕۆژێک دابنرێت بۆسـەردانی گـۆرە بەکۆمەڵەکـان، هەمـوو خەڵـک سـەردانی مەزارەکـانی ئەنفـال بکاتباشـە بـۆچی عەرەبەکـان و شـیعەکان لەشارە دورەکانەوە بەپـێ دەچن بـۆنەجەف وکەربەلا وبەزنجیــر لە خۆیـان دەدەن، تەنهـا یەک کەسـیان کـوژراوە، بەڵام ئـێمە بـۆ سـەدو هەشـتاو دوو هەزار ئینسـان بەژن ومنـداڵەوە کە بەبـێ هـیچ تاوانێـک ئەنفالکران، شتێکی وانەکەین ؟

**دوا وتەت چیە ؟**

لە کۆتاییدا دوو قسەم هەیە، یەکێکیان بـۆ منـداڵەکانمە ئەوی تـرم بـۆ مـیللەتەکەم، لە پێشـەوە بە منـداڵەکانم دەڵێم، ژیاندۆست و میللەت دۆست و ژینگە دۆست بن، لەگەڵ خەڵکدا باش بـن، بەتـایبەتی لەگەڵ کەسـوکاری ئەنفالکراوان میهرەبان بن، لە پێشـەوە لەنـاو خۆتانـدا تەبـاو لێبـوردەبن و یەکتریـان خـۆش بـووێ، لەگەڵ خەڵکیشدا هەمیشە لێبـوردەو ناتونـدوتیژ بـن، ئەوەی دەیەوێ ڕێز لەئەنفال بگرێت،ئەوە جوانترین ڕێزە بـۆ کەسـوکارە ئەنفالکراوەکانتـان، هەقە منـداڵەکانم وابـن چونکە هەم دایکیـان برایەکـی ئەنفـالەو هەم باوکیـان هەموو کەسوکاری ئەنفالە. ئەمە وەسێت و ئامۆژگـاری منە بۆ منداڵەکانم، بـۆ میللەتەکەشـم دوا قسـەم ئەوەیە مـن گەنجێتـی خـۆم و تەنـانەت کەسوکارەکەشـم بە ئازادی ئەوان بەخشی، بـۆ پـارەو پـلەو پۆسـت ئەوەم نەکــردووە هەقە خەڵکــیش ڕیــز لە ئــازادی و تێکۆشـەرانی میللەتەکەیـان بگـرن و خیانەتکـارانیش لەبیر نەکەن . ئەنفال لە بیر نەکەن و هەمیشـە یادیـان بکەنەوە چونکە میللەت بەبێ یادەوەری نـاتوانێ ببێـتە خاوەنی مێژوو .

**سوپاس بۆ ئامۆژگارییەکانت**

سوپاس بۆ ئێوەش بەخێربێن وەبان چاو.

عەمید حەمەرەشید تـوکنی لەسـەردانێکیدا بـۆ قەڵای نوگرەسەلمان، لەسەر دیـوارێکی یەکێـک ل ژورەکــــانی زینــــدانەکە دەســـــتخەتی ئەنفـالکراوێکی وێنەگرتـووەو بۆئەنفالسـتانی ناردووە، ئەنفالکراوەکە نوسیویەتی:

**خۆزگە پیاو خراپ وەکو هەنگ بوایە**

**لەگەڵ پێوەدان خۆی بمردایە..**

**١٩٨٨**



## نامەیەکی ئازایانەو ئازار بەخش

ئەم نامەیە هی سەربازیکە بۆ فەرماندەکەی نوسراوەو لە جەنگی جیهانی یەکمدابووە، نەمەکە چەندە ئازار بەخشە هێندەش ئازایانەو مرۆڤانەیە، بۆیە جیگای ستایشە.

چی لەوە جوانترو ئازایانەترە کە مرۆڤەکان بتوانن نەفرەت لە جەنگ بکەن.

**دەقی نامەکە :**

جەنابی فەرماندە لەمڕۆ بە دواوە نەفرەت لە جەنگ دەکەم، بۆ هەتایە چەکەکەم فڕێدەدەم و دەیخەمە ژێر گڵەوە.حەزدەکەم باش بزانیت ئەو بڕیارەم لە ترسی مەرگ نەداوە، سوێند بەخوا لە پێناو خۆشەویستیم بۆ هاوسەر و کوڕە چوار ماڵگەکەم و کچە هەمیشە چاوەڕوانکراوەکەشم نییە.ئەوەی ڕاستی بێت دوای ئەوەی سەربازێکی دوژمنم بەو دەستانەی خۆم کوشت! ئیتر، بۆ تاڵان کردن گیرفانەکانیم پشکنی بەڵام چیم بینی؟!!! لەسەر پارچە وەرەقەیەکی تێکەڵ بە خوێن نوسرابوو: بابە لەو ڕۆژەوەی بەجێتهێشتووم هەموو بەیانییەک تا خۆرئاوابوون لە پێش دەرگا چاوەڕێتم! بە خوا ئەمجارە بێیتەوە توند توند لە باوەشت دەگرم و هەرگیز ڕێگا نادەم جارێکیتر بڕۆیتەوە ))

وەرگیراو

(شەرت و پەیمان)

شەرتە تا ڕۆژی حەشر خولیای من بێ گەرمیان
غافڵ نەبێ لە گەرمەسێر لەحزەیەک دڵ یا گیان
شەرتە بمرم لە سوێی ئەوا، هاوار نەکەم بۆ ژیان
گەر بخنکێم لە تینووا، لێو تەڕکەم بە نمی گریان
شەرتە قەترەێ لە (ئەڵوەن) بخوازم بۆ زامی دڵ
هەر بۆ عیلاجی دڵ خاسە، نەک بۆ ئاودانی گوڵ
دڵ بسووتێ کەباب ئاسا بۆنی بڕوا شارەو شار
شەرتە بڕوا تا (دێ بنە) و، بکا تەوافی مەزار
گەر هەناوم وەکو تەنوور بسێنێ بڵێسەی نار
قەت نەکەم هاوڕێ لە تاو تینی گەرمایی (کەلار)
وەک ئەیوب ئەوگاری زام بم، بێ مردن و بێ ژیان
وەکو لاشەی بێ ڕۆح شەرتە، نەکەم ئاخ و نەگریان
شەرتە، بنۆشم لە بادەی خەمی ئەنفالەکەی ئەوە
تا ڕۆحم ئەگا بە وەسڵی سۆزە باکەی گەرمیان
.

**کەماڵ ئەحمەد ٢٠١٥/١٠/١٥**

## خەدیجە محەمەد صالح

# دەنگی فرۆکەکان گەلێك بڵند بوو، بەلام دەنگی تەقینەوەی بۆمبەکان نزم بوون .



دیمانە لەگەڵکراو : خەدیجە محەمەد
دیمانە ساز : عومەر محەمەد
شوێنی دیمانە : توی مەلیک –سلێمانی .
کات : ٢ی پاش نیوەڕۆ
ڕۆژی ئابی ٢٠١٥

پاش نیوەرۆی ڕۆژی ٢٣ی ئابی ساڵی ٢٠١٥ کاک هاشم محەمەد رەشید زەنگی بۆلێدام و داوای کرد،بچمەماڵیان بۆئەوەی دیدار لەگەڵ ژنێکی دەربازبووی ئەنفالی ناوچەی بادینان، بکەم، منیش بێ دودڵی ڕەزامەندیم پیشانداو یەک ودووم لێنەکردو هەرهێندەی خۆم کۆکردەوە لەماڵ بەندبووم، ئیدی کەرەستەکانم هەڵگرتوو ئۆتۆمبیل ئاگرداو گەیشتمەلایان لە گەرەکی توی مەلیک لە ماڵی مامۆستا تەحسین محەمەد رەشید لە میوانداریەکی دۆستانەدا، ئەم دیدارەمان سازکرد، ئێمە بەپێچەوانەی ئەو قسەیەی کە دەڵێت: میوان رقی لەمیوانەو خاوەن ماڵیش لەهەردوکیان، میوانی ڕەزا سوک بووین، وەنەبێت هەر بەگەیشتنم کامێرا دابەستم بچینە ناو دیدارەکەمانەوە، نەخێر هەرچەندە ئەوان لەسەر سەفەری گەرانەوە بوون بۆ دهۆک، بەڵام دوای پێک ئاشنابوون و دوو ریز چاخواردنەوە ئینجا هاتینە سەر باسی ئەنفال و ئەنجامدانی دیدارەکەمان، من هەوڵمدا وەک لێکۆڵیارو دیمانە سازێک لەگەڵ خەدیجە دەرنەکەوم بۆ ئەوەی بێ گرێ وگۆڵ قسەم بۆبکات و ریکۆردی دیدارەکەمان بکەین، ئەوە شێوازی ئێشکردنی منە، لەگەڵ دیمانەکراودا وەک دۆستێک دادەنیشم و گوێی لێدەگرم و ئەویش وا قسەم بۆ دەکات کە چیرۆکی خۆی دەگێرێتەوە ، لەسەر ئەم شێوازە چوینە ناو دیدارەکەمانەوە .

**خەدیجە خان ئێوە پێش ئەنفال دانیشتووی چ گوندێک بوون ؟**

خەڵکی گوندی ئۆزما – ناحیا مانگێشک
موالید – ١٩٦٩

**کەواتە ئێوەش لە کوریمێ نزیکن ؟**

بەڵێ

**چەندە لە کوریمێ دورە ؟**

**بەسەیارەی یان بە پێیان ؟**

بەسەیارە ؟
هەروا ٢٠ دەقیقە یان نیوسەعاتێک لە کوریمێ دورە

**ژیانتان لەگوندی چۆن بوو ؟**

بەری ئەنفال دەست پێبکات، ئەمە رەقی بووین بۆ چیای .

**ببورە جارێ باسی تراژیدیا ئەنفال ناکەین دوایی پرسیارت لێدەکەم، بەلام پێمبڵێ خێزانی ئێوە چەند نەفەر بوون ؟**

ئێمە دوو خوشک و دووبرا بووین. ئێمە سێ برامان هەبوو بەلام ئەوکاتە یەکێکیان جیاوازبوو. ماڵی خۆی هەبوو.

**براکەت چەند منداڵی هەبوو ؟**

ئەو عائیلەی خۆی هەبوو. شەش منداڵێ هەبوو.

**چەندیان کوڕبوون وچەندیان کچ بوون ؟**

چوارکچ و دوو کوری هەبوو.

**ئەو سەروەختە تۆ مێردت نەکردبوو ؟**

بەڵێ من دوایی مێردم کرد .

**کارتان چی بوو؟ بەچی ژیانتان بەڕێوە دەچوو ؟**

ئێمە فەلاحەتمان دەکردو کشتوکاڵ وئاژەڵمان هەبوو . برنج وگەنم وجۆو نـۆک ونیسـک وباینجـان و بـامێ وهەمووشتمان دەکرد.

**گوندەکەتان هەمووی چەند ماڵ دەبوون ؟**

بەخوای ڕەنگە ٥٠ ماڵێک دەبوون .

**٥٠ خانوو دەبوون یان ٥٠ ماڵ دەبوون ؟**

بەخوای ٥٠ ماڵیک دەبـوون ڕەنـگە ٥٠ خـانوو تێـدا نەبـوون بەس هەر خـانوویەک ماڵێـک زیتـری تێـدا هەبوو.

**شـێوەی خـانووی ئێـوە چـۆن دروسـت کرابـوون ؟ لەبەردو قوڕ دروستکرا بوون یان لەبلۆک ؟**

ئاخامە لە خشت بوو دوو قات بوون.

**کەواتە ئێستا شێوازی خانووی گوندەکەتان لەبەرچاوە چۆن بوون ؟**

ئائا چۆن هەمـووم لەبیـرە دوو تەبەق بـوون . تابوقا یەکەمی بۆ ئاژەڵ ومەڕوماڵات بـوون وسـەرەوەش بـۆ ماڵ ومیوان .

**خانووی ئەوکاتە پێ جوانتر بوو یان هی ئێستا ؟**

بەخـوای هـی ئێسـتا جـوانترو خـاوێنترن بەڵام هـی ئەوکاتە راحەتترو دڵگیرتربوون .

**گوندەکەتان چەند کانی ئاوی تێدابوو ؟**

دوسـێ کـانی لەدەوروپشـتی گونـدی هەبـوون، بەڵام یەکێکیان کەسەرەکی بوو ئێمە ئاومـان لێـدەخواردەوە ئەوە گەلێک مەزن وفراوان بوو ئاوی زۆر بوو .

**چ بیرەوەری خۆشی تۆ لەسەر ئەو کانیەی هەیە ؟**

بەخوای چ بڵێم بیرەوەریا مە زۆرن لەسەر ئەوکـانیەی، سبەینان وئێواران دەچووینە سەرئەو کـانیەی جلـک و تشتی خۆمان دەشـت و پـیکەوە لەگەڵ کچـانی گونـد دەچووین گەلێک خۆش بوو .

**ئێستا ئەوکانیە ماوە لەگوندەکەتان ؟**

بەڵێ ئێستاش ماوە بەڵام وەک جـاران نـیە وەختێـک گونـدەکەمان ئـاوەدان کـردەوە، ڕێکخراوێـک هـات دیواری بۆکردو ماتوری تێکـرد شـیوەی وەک جـاران نەما .

**مەبەستت چیە کە گوندەکەتان ئاوەدان کردەوە ؟**

کە راپەرین بوو، خەڵک چوونەوە زێـدی خـۆ ئـێمەش چـووینەوە گونـدو خانوومـان دروسـت کـردەوەو ئەو ڕێکخراوە هاتە گوندی بۆ هاوکاریکردنمان ماتۆریـان هێناو لەگوندەکە دایاننا.

**ئەو ڕێکخراوە ناوی چی بوو؟**

بەخوای نازانم ناوی چـی بـوو، ئەونە بـوون کە دوای راپەرین هاتن .

**ئەوکاتەی ئەنفال بـوو حکـومەت کـانیەکەی بەشـۆفڵ پرنەکردەوە ؟**

نا هیچی لێنەکردبوو بەڵام بێ سەروبەر مابووەوە.

**ئێستا گوندی ئێوە چەند ماڵی تێدایە ؟**

ئیستا هەمووی ١١ ماڵی تێدا بابێت ئەوەشی لەوێن بۆ بەخێوکردنی مەڕوماڵات چونەوە .

**بەری ئەوەی ئەنفال بگـاتە سـەر ئێـوە، بەری ئەوەی بەکیمایی لێتان بدرێ ئێوە چ زانیاریتـان هەبـوو، کە حکومەت دێت و ئەزیەتتان دەدات ؟**

بەڵێ زانیاریمان هەبوو، مە دەمانزانی حکـومەت دێـتە دەف مە.

**چۆن دەتانزانی ؟**

لەرێگەی موختاران، موختارا گونـدا ئاگاداری ئـێمەی کـرد، کە نابێـت چیـدی لەگونـدی خۆمـان بمێنـین و دەبێت بچینە مجمعا.

**واتا موختارەات پێی گوتن کە حکومەت دێت و ئێوە دەکوژێ ؟**

بەڵێ بەری ساڵێکی پێش ئەنفالا موختار هات، گوتەمە ئیتر ئێرە هێلی سـورە، بەڵام نێـوان ئـێمەو حکـومەت دوربوو، پێشمەرگە ل دەف مە بوو مەنشێ بچین .

**ئەی بۆ بەقسـەی موختارەکەتـان نەکـرد ؟ ئێـوە لەو باوەڕەدا نەبوون کە حکومەت دەگاتە گوندی ئێوە ؟**

نا پێشمەرگە گوتیان، ئێمە دیفاعتان لێ دەکەین، نەشی کەس بەقسا موختاران بکات.

**بەرلەوەی ئەنفال بگاتە سەر گوندەکەتان کیمیایی بەر گوندی ئێوە کەوت ؟**

بەڵێ بەلام کە کیمیایی لە گوندی برجینی دا ئێمە لەگوند چووینە دەرێ و چووینە چیای گارا. وەختێ لەگوند دەرچووین فرۆکە هاتن لەگوندیاندا بۆمبەکان دەنگیان زۆر نەبوو هەروا تەپەیەکیان لێدەهات زۆر نەبوو.

**تۆ هەر گوێت لێ بوو یان فرۆکەکانیشت بینی ؟**

نانا بینیم ئێمە زۆر دور نەبووین لەبناری چیایی بووین، فرۆکەکانیش زۆر نزم بوون ودەنگی وان گەلێک بلند بوو، بەلام دەنگی تەقینەوەی بۆمبەکان نزم بوون .

**لەو بۆردومانەی کەس شەهید نەبوون ؟**

با لە برجینی گەلیک خەلک و مالات کوشتن .

**نا مەبەستم گوندەکەی ئێوەیە ؟**

نا ئێمە کەسمان شەهید نەبوو،چونکە ئەوکاتە ئێمە لە گوندەکەدا نەمابووین، هەموومان پێشتر چووینە دەرێ . تراکتۆرەکانمان لە ماڵێ بەجێهێشتبوو بەپێ رۆیشتین، ئێمە بەرەو خابور چووین، بەلام دوای کاتژمێرێک دوان دەنگی تەیارەکان کەم بوونەوە ئینجا، براکەم و ئامۆزاکەم چوون تراکتۆرەکانیان هێناو هاتنەوە بۆلای ئێمە.

**گوندەکەتان چەند شەهیدی هەیە ؟**

هەتا ئێستا گوندەکەمان ٤٢ شەهیدی هەیە.

**ئەمانە تەنها شەهیدن یان ئەنفالیش ؟**

نانا هەموو ئەنفال وشەهید هەموو ٤٢ شەهیدن . ( دەقەی ٧:٢٢ ناوی شەهیدەکان دەهێنێ)

**لەناویاندا چەندیان ئەنفالن ؟**

لەناو ئەنفالان سێ برای من " برا گەورەکەمان محەمەد ئەمین، عەلی، سەدیق ئەنفالکراون، ئامۆزایەکی باوکم بەهەر چوار کورەکەیەوە، کورێکی پوری باوکم و کورەکەشی، هەروا بێتەوە، کوری سمایل سەعدی پێش ئەنفال رەمی کراوەو دووانیشی ئەنفالکراون سەعید فارس ئەنفالە، ستار مستەفا و ئازاد نایف، حەلی ئیبراهیم، غەفار ئیبراهیم، قەهار ئیبراهیم، تاهیر چولی وتۆفیق تاهیر، ئەکرەم جەبارو جەبارعەبدولا، تاهیر سمایل و سەگڤان سمایل، جەعفەر حەبدولاو هاجەر عەبدولا، عەبدولا فەریق و تاهیر عەبدولا، زیرەک جامی و لە پێشمەرگایەتی شەهید بوو عەمید جامی ئەمانە هەموو ئەنفالن.

**ناوی ئەنفال وشەهیدی گوندەکەتان ئامار نەکراوە بۆنمونە ناوی هەموویان لەلای دەزگایەک یان کەسێک هەبێت. ؟**

لەوانەیە هەبێت کەسێک ناوی نوسیین بەلام من نازانم.

**هیچ رێکخراوێک نەهاتووەتە گوندی ئێوە هەتا سەرژمێری ئەنفال بکەن ؟**

نا هیچ کەس نەهاتووە، بەلام جارەکی لە ژیاندا مابوو، سەنتەرا ئەنفال تەلەفۆنیان بۆ دایکم کرد گوتیان وەرە بۆ دهۆک.

**واتا خۆیان نەدەهاتن دەبوو دایکت بچێت ؟**

بەلێ . گوتیان بێنە سەنتەری ئەنفال ئێمە کارمان پێتانە، منیش پێمگوتن دایکم حالی باش نیەو هیچ شتێکی لەبیر نەماوە. جارێکی دی کەسێکی دی هاتنە گوندی ئێمە ئەوەیان خەلکی سلێمانی بوو پرسیاری لەئێمە کرد کورێکی خەلکی کورێمیشی لەگەڵ بوو. دیداریان لەگەڵ ئەویش و لەگەڵ منیش کرد.

**پێت خۆشە کەسێک بێت پرسیاری ئەنفالت لێ بکات ؟ لەکتێبێک قسەکانت بلاوبکاتەوە یان لە تەلەفزیۆن دەربچێت.**

بەلێ بەس ئێستا ناساغم .

**ئێستا نالێم هەرکاتێکی تر ؟ مەبەستەکەم ئەوەیە پێتخۆشە باسی ئەنفال بکرێت یان لەبیری خۆمانی بەرینەوە ؟**

نانا پێمخۆشە و گەلێک جاران بۆخۆمان لەناوخۆشماندا باسی دەکەین. ئەوانەی بەشداری ئەنفالیان کردووە تۆلەیان لێبکرێتەوە .

**رێکەوتی گرتنەکەتان دەزانی ؟**

بەلێ ١٩٨٨/٨/٢٩ بوو.

**باشە کێ ئێوەی ئەنفال کرد سوپا یان جاش ؟**

هەردوک بوون ، سوپاو جەتە پێکەوە بوون .

**جەتەی کێ بوون ناوی بەرپرسی وان چ بوو ؟**

نازانم، چونکە من ئەوسا مندال بووم، تەمەنم ١٧ -١٨ سال بووم . بەلام شتی ئەوکاتەم لەبیر ناچیتەوە،

ئێستا شتم لەبیر دەچێتەوە بەڵام بیری ئەوکاتەم تیژ بوو، دەیانگوت هێزی مەلکۆیە (ئەوهێزە جاش بوون و لە سەرسەنگ بوو)

**ئیتر کە گیران بردیانن بۆ کوێ ؟**

وەختێک ئێمەیان گرت بردیانین بۆ سەرسنگ . دوو سەعاتێک لەوێ رایانگرتین ئینجا زیلی عەسکەرییان بۆ هێنایان و بردیانین بۆ قەڵای نزارکێ .

**چەند کەس دەبوون کە بردیانن بۆ سەرسنگ ؟**

زۆر بوین هەموو عالەمیان لەوێ خرکردبووەوە .

**چەند سەیارە دەبوون ئەوانەی ئێوەیان گواستەوە ؟ زیل ؟**

**بەڵێ پڕی چەند زیل دەبوون ؟**

بەخوا هەتا تەماشات کردبا هەر زیل بوو بەدوای یەکدا خەڵکیان تێکردبوو زۆر بوون . دوو ریزبوون هەتا چاو برکات هێندە زۆربوون لەژماردن نەدەهاتن. هەبوون هەر منداڵ و بچوکیان تێکردبوو. ئەوەی لەسنوری بەرواری و دۆسکێ بوو هەموویان هێنان بۆ سەرسەنگ . دەقەی ١٥ بۆ ١٧ لەگەڵ کاک هاشم بەراورد بکرێت .

**گوتت لەسەر سەنگەوە هێنایانن بۆ قەڵای دهۆکێ ؟ قەڵای دهۆک مەبەستت قەڵای نزارکێیە لە دهۆک ؟**

بەڵێ هێنایانین بۆ ئەوێ .

**لەوێ چ رویداو چیت بیرت ماوە ؟**

لەوێ گەلێک ناخۆش بوو، کە بردیانینە ژورەوە لە دەرگایەکی گەورەوە براینە حەوشەی چ جێگایەک نەمابوو سەرو خواری هەمووی هەر خەڵک بوو دەتگوت رۆژی حەشرە، پیرە مێردو پیرەژن هەموو لەسەر عەردی کەوتبوون. خەڵکێکی زۆر زۆری لێ بوو. ئێمە هەر کەگەیشتین دەمەو ئێوارە بوو دەستیان کرد بەناونوسینمان. ئەو شەوەمان لەوێ بەبێ نان و ئاو بەرێکرد. سبەی کە رۆژ بووەوە یەکێک هات ناوەکانی خوێندینەوە. فلانی کچی فلان یان کوری فلانی بچنە ئەو کۆمەڵەی هەموومانیان جیاکردەوە. پیاوو کورە گەنجەکانیان برد. دوایی سەیارەیان هێناو ئێمەیان گواستەوە بۆ سەلامیە .

**کەواتە ئێوە هەر یەک شەو لە نزارکێ مانەوە ؟**

بەڵێ هەر یەک شەو لەوێ بووین دوایی بردیانینە سەلامێ و لەوێشەوە بردیانین بۆ بەحرکێ .

**بەچی بردیانن بە پاس یان بە زیلی سەربازی ؟**

بە زیلی سەربازی بوو.

**ئەی تۆ ئەوپاسانەت دیت کە پەنجەرەیان نەبوو ؟**

بەڵێ من دیت . وەک ئیسعاف وابوون رەنگیان سەوز وشین تاریک بوو. چ جام و پەنجەرەیان نەبوو. هەر شوێنی سایەقی هەبوو.

**زۆر کەس دەیانگوت لە نزارکێ، پیاوەکانیان بەدارو بلۆکان کوشت تۆ هیچت بینی ؟**

من نەمدیت، بەڵام زۆر لەوانەی دوای ئێمە کەهاتن بۆ سەلامیە باسیان دەکردکە بەچاوی خۆیان دیویانە کە زەلامەکانیا بەداران کوشتووە.

**ئەوانەی بۆتۆیان گێرایەوە کێ بوون ؟**

ئەوەی بۆمنی گیرایەوە گەلاویژو هەیبەت بوون ئەوان گوتیان .

**ئەوان لە تەمەنی تۆدابوون یان گەورەتر بوون ؟**

نانا ئەوان گەورە بوون شویان کردبوو .

**براکانت لەگەڵ بوو لە نزارکێ ؟**

نا کە ئەوانیان گرتبوو هێنایە سەرسەنگێ و لەوێ جیایان کردنەوەو دەستیان بەستن ئیتر هەر ئەوجارە بوو نەماندیتنەوە.

**بەچی دەستی وانیان بەست ؟**

بە پشتێن و جامادانەی سەریان، من دیتم جامادانەکانیان دراندو دەستی ئەوانیان پێدەبەستەوە .

**ئەوەیان بەبەرچاوی ئێوەوە کرد یان لێتان دوربوون و ئێوە دەتان دیت؟**

بەبەرچاوی ئێمەوە بوو، دەست وچاویان بەستبوونەوە، هەرچوار دەورمان سەرباز بوو، تفەنگەکانیان بەدەستەوە بوو. زرێپۆش لەوێ وەستابوون، جێبێکیان هێنا ئەفسەرێکیان لەگەڵ بوو ئەوانیان تێکردو چوون، کابرایەک بوو دەشەلی دەیانگوت ئەوە موستەشارە. دوای ئەوە زیلیان هێناو ئێمەشیان سوارکرد، سەربازێک بەکوردی گوتی هەر خێزانە باپێکەوە بچنە زیلەکانەوە ئێمە باب ومامان لەگەڵ بوو. هەتا پێشی

ئەوەی سـواری زیلەکـانیش بـین دەسـتی بـاب ومـامم بەسـترا بـوو دوایـی دەسـتیان کـردنەوەو سـواری زیلەکانیان کردن . ( دەقیقەی ٢٢-٢٢-٢٤) هەروەها دەقەی ٢٨ هەتا ٣٤) دەقەی ٤٠

**ئەی لە سەلامێ باروبۆختان چۆن بوو، هەندێک دەڵێن سەلامێ باشتر بووە لە نزارکێ ؟**

وەختێکی ئێمەیان بردە سەلامێ وەزعمان زۆر ناخۆش بـوو، سـەربازگەیەک بـوو، شـەوی یەکەم هەر لەحەوشـەکەدا مـاین و لەسـەر ئەو ئەرزە رەق وتەقە ماین، دوایی کردیانینە قاعەکانەوە پێنج رۆژ و شـەوان ئـێمە هەروا لەسـەر عەردی بـووین، دوایـی هەمـوو عایلەیەک یەک باتانی دانێ گوتیان لەسـەری دانیشـن، باتـانیەکی رەشـی زبـر هەبـوو عەسـکەری ئەوە بـوو، هەمـوو خێزانێـک یەک باتانیـان دایە . ژیانمـان زۆر ناخۆش بوو، هیچ نەبوو نان نەبوو ئـاو نەبـوو، دوای ١٦ رۆژان خریان کردینەوەو گوتیان وەرن ناوی خـۆ بنوسن و ناوی خۆمان نوسی و کۆستەریان هێنـان و سواریان کردین و بردیانین بـۆ بەحرکەی . لەوێش پـارچە زەوییەکیـان دایـنێ و گوتیـان ئەمە شـوێنی ئێوەیە ئـێمەش بۆخۆمـان پاکمـان کـردووەو لەسـەری دانیشتین. لەوێ ماینەوە هەتا ساڵی ١٩٩١ .

**چ شتێک هەیە کە هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە لە نزارکێ لە سەلامییە ؟**

هیچم لە بیرناچێت هەمـووی هەر ناخۆشـی و رەزالەت بـوو، لە سـەلامێ زۆر برسـی بـووین، بەخـوای مـن دەچووم لە نـاو ئەوبەرمیلە خـۆڵانەی جیش شـەعبی دایانـنـابوو خۆڵیـان تێـدەکرد ئەو سـەمونانەم دەردەهێنـایەوە کە نیوەیـان خورابـوو نیوەیـان فـرێ دابـوو . دەمخوسـاندو دەمـدایە بـرازاکەم ئەوەی کە بچوک بوو .

**برازاکەت ناوی چی بوو کە بچوک بوو ؟**

بـرازای مـن نـاوی فەیسـەڵ بـوو، فرسـەت و نێرگـز، هەلات و تەنگەز. ئەوانیش لەگەڵمان بوون .

**ئەی ئەو منداڵانە سەلامەت بـوون ؟ ئێسـتا لەژیانـدا ماون ؟**

هەنەز لەژیاندا نەماوە .

**لەسەلامێ رۆژی چەند سەموونیان دەدایە ئێوە ؟**

چەنـد سـەموون ؟ دەزانـی چـۆن بـوو ؟ قسـعەی عەسکەری بـوو، برنجـی سـوریان دەهێنـاو نیسـکیان بەسەردا دەکرد، قسعەیەکیان لێرە دادەناو یەکێک لەوێ و یەکێک لە شوێنێکی تر، سێ قسعە بـۆ قـاعەیەک کە ٥٠٠ کەس . ١٠ قـاعەبوون لەنیـوان هەر قـاعەیەک باخچەیەک هەبوو.

**هەتا کەی چاوەروانی باب وبراکانت کرد ؟**

هەتا راپەرینی کەحکومەت نەما .

**مەبەستت راپەینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ یان مەبەستت روخانی یەکجاری بەعسە لە ساڵی ٢٠٠٣ ؟**

هەتا ٢٠٠٣ کە حکومەتی عێراق روخا، هەر چاوەروان بووین بەڵام دوایی بێ ئومێد بووین . بەڵام کە سەدام لە دەسـەلات نەمـاو گـۆری بە کۆمەڵمـان دیـت چ ئومێدیکمان نەما .

**تۆ پێت خۆش بوو سەدام ئیعدام کرا ؟**

ئەی چۆن پێمخۆش نەبوو، بەڵام سـودی چ بـوو؟ کە دوای ئەوەی هەزاران مرۆڤی کوشت .

**پێتخۆش دەبوو لە دادگای بـاڵای تاوانەکـان شـاهید بوویتایە ؟**

بەڵـێ، بێگومـان پێمخـۆش دەبـوو بەڵام کەس پێـی نەگوتین .

**ئێستا هەست دەکەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان رێزتان لێ دەگرێت ؟**

ناوەڵا رێزمان ناگرن .

**خەڵکیش هەروایە یان حکومەت ؟**

خەڵک باشترن بەڵام حکومەت رێزمان ناگرن .

**موچەی کەسوکارەکەت وەردەگرن ؟**

بەڵێ هی براکانم وەردەگرین، خوشکێکم وەری دەگرێ .

**تۆ هەوسەرگیریت کردووە؟**

بەڵێ سێ ساڵە هاوسەرگیریم کردووە.

**ئەی منداڵتان هەیە ؟**

نا هێشتا منداڵمان نیە .

**ئەگەر منداڵتان بوو،ناوی براکانی خۆتیان لێ دەنێی ؟**

ناوەڵا ناوی وان لەمنداڵم نانێم .

**بۆچی ؟**

لەبەر ئەوەی دڵم نایهێنێ .

بەڵام مـن زۆر کەسـوکاری ئەنفـال دەناسـم، بۆنمـونە هەنـدێک پیـاو هەمـوو منـداڵەکانیان ئەنفـالکراون، هاوسەرگیری کردووەتەوەو نـاوی هەمـوو منـداڵەکانی لەو منـداڵانەی نـاوەتەوە کە لەهاوسـەرگیری نـوێ خستوونیەوە .

ئەوەش هەیە ڕاستە بەڵام من دڵم نایهێنێ .

**خەجیج خانم زۆر سوپاست دەکەم بـۆ ئەم دەرفەتەی بەمنت بەخشـی ببـورە ئەگەر بـرینم کولانـدبیتەوەو باسی ئەو یادەوەرییە تاڵەمان کردبێت. بەڵام پێموایە پێویست بوو ؟**

بەڵێ پیویستە باس بکرێت مـن سوپاسـی تـۆدەکەم و خوا لێت رازی بێت و هەرساغ بیت .

من هیچم نەماوە باسی بکەم .

**ئایا بەرێزت هیچت هەیە باسی بکەیت؟ شتێک کەمن بیرم نەبووبێت لێت بپرسم و تۆپێت خۆش بووبێـت باسی بکەیت ؟**

هەر ئەوەم هەیە دادگایی کردنی جاشـەکان ئەوانە هەقە سزای خۆیان وەربگرن . ئەوانەی وایـان لە ئێمەکـرد، چونکە ئەوان کە براکانمیان گـرت دەزانـن بۆکوێیـان بردن و پێیان نەگووتین.

**قسەی بەرێزت بەجێیەو داوایەکی ڕەوایە بەڵام بۆچی هەر موستەشـارەکان ؟ ئەدی ئەوهەمـوو ئەفسـەرانەی سوپای عێراق ؟**

ئەوانیش هەموو ئەوانەی دەستیان لە تـاوانی ئەنفالـدا هەبـووە . بەڵام ئەگەر جـاش نەبوونـایە ڕەنگـە ئـێمە نەگیراینـایە، یـان کە گیـراین دەیـانتوانی رادەسـتی حکومەتمـان نەکەن . کە بردیـانین بـۆ سـەلامییە گەلێکیان سوکایەتی پێکردین و زۆریان جنێو بەئێمەدا .

**کێ جاش یان سەربازەکان ؟**

هەمووییـان جـاش وسـەربازەکان ، سـایەقێکی کۆستەریش هەبـوو کە ئێمەیـان بـردە سـەلامیە زۆری جنێو بەئێمەو بە مام جەلال ومەسعودی دا .

**ئەو کورد بوو ؟ دەتان ناسی ؟**

بەڵێ کورد بـوو، بەڵام نـا ئـێمە نەماندەناسـی . بەڵام خەڵکی باتوفەی بـوو، وتـی : حەزدەکەم مەسـعودومام جەلالیش وەک ئیوە بەزەلیلـی لەبەردەسـتی حکـومەت ببینم .

ئەو سایەقە عەسکەر بوو یان مەدەنی بوو ؟

نانا سـایەقی مەدەنـی بـوو، بەسـوخرەیان هێنـابوو، وەختێک ژنەکان پێیانگوت : ئەگەر زەلامەکانی ئێمەت دیت، پێیان بڵێ ژن ومنداڵەکانیان هێناوە بۆ سەلامییە . کەچی گوتی: من هیچ کارەم بەوەی نیەو پێیان ناڵێم ئینجا جنێوی بە مەسعودو مام جەلال وبە ئێمەش دا .

**ئەی ئەو ژنانەی کە پێیـانگوت دەیانناسـی ؟ ناویـان دەزانی ؟**

نـاوەڵا نایانناسـم بەڵام، کەبردیـانینە بەحـرکێش هەر لەنزیکـــی یەک بـــووین، ئەوان بەکابرایـــان گـــوت بەزەلامەکانمان بلێ گوتی من هیچکارەم بە زەلامی ئێوە نیە .

**ناوی ژنەکانیش نازانی کە وایان بە سایەقەکە گوت ؟**

یەک ژوان ناوی سـافیە بـوو، ئەوی دی نـاوی مـریەم بوو، بەڵام ئەوانی کە ناویان نازانم . ئێمەش لە مێژە لەوێ نەماوین ووا ٢٨ ساڵە .

**خەجیج خانم بەرێزت قایلیت ئەم دیدارە بڵاو ببێتەوە ؟**

بەڵـێ قـایلم چـونکە هـیچ شـتێکی هەڵەم نەگووتـووە هەرچیم گوتووە ڕاستییە.

**نا بەپێچەوانەوە هەرچی گوتت جوان و ڕاستن بەڵام ئەوەی من دەیڵێم مافی تۆیە کە بڵێی بڵاوی بکەوە یان بڵاوی مەکەوە.**

بەڵێ بابڵاوببێتەوە .

**سوپاس**

سوپاس بۆ بەریزتان .

بەدەل محەمەد

# خوێنی ئەوخەڵکە رژاو موستەشاروجاش لێی سودمەند بوون .

بەدەل محەمەد کە لەکاتی دیمانەکەماندا لەگەڵ خەدیجەی هاوژینی ئامادە بوو، جاربەجار خۆی دەهاویشتە ناو قسەکانمانەوەو رای خۆی لەسەر روداوەکان و قسەکانی هاوژینەکەی دەردەبڕی، بەڵام من داوام لێکرد کە دان بەخۆیدا بگرێت و دوای خەدیجە بوار بۆئەویش دەکەمەوە، هەتا قسەکانی خۆی بکات . ئەویش بەرێزەوە داواکەی قبوڵکردم و بێدەنگ دانیشت هەتا ئێمە دیمانەکەمان تەواو کرد، بۆیە هەمان رۆژ دوای ئەوەی دیمانەکەم لەگەڵ خەدیجە تەواو بوو، بەدەل محەمەد ساڵح کە پێشمەرگەیەکی ئەو سەروەختە بووەو بەچاوی خۆی روداوەکانی ئەنفالی بینیوە، خۆی ئامادە کرد هەتا قسەی بۆکۆڤاری ئەنفالستان بکات، هەرهێندەی چووە سەر ئەو کورسییەی لەبەرانبەر کامێراکە بوو، قۆڵی چاکەتە کەتافیەکەی هەڵکردو بە ئامادەسازییەوە گوتی بەڵێ فەرموو با دەست پێبکەین.

**ناوی سیانیت چییە ؟**

بەدەل محەمەد ساڵح باجلوری

**کەواتە خەڵکی گوندی باجلوری ؟**

بەڵێ خەڵکی ئەوێم .

**تەمەنت چەندە ؟**

پەنجا ساڵم .

**تۆ چی دەربارەی ئنفال دەزانی ؟**

باڵە سەرەتاوە ئەو راستییە بڵێم، من نەبڕوام بەکورد هەیە، رێز لەئەنفال بگرێت نەباوەڕم بەسەرکردەی کورد هەیە، کە سیاسەت بکەن بۆ بەرژەوەندی خەڵک وچارە نوسی خەڵکی کوردستان .

**ئەوە رایەکی تایبەتی خۆتەو لەکن من رێزلێگیراوە بەڵام بائەوەت لێ بپرسم چۆن بەم قەناعەتە گەیشتی ؟**

لەبەرئەوەی من لەناو روداوەکانی ئەنفالدا بووم، چۆن بۆتۆ قسە دەکەم ئاوا بەچاوی خۆم دیوەو هەمووی لەبیری مندا ماوە. ئەوەش ئەنجامەکەیەتی کە کەسوکاری شەهیدو ئەنفال بەو شێوەیە دەژین و بەرپرسان وکورەکانیشیان چۆن دەژین . ؟ خوێنی ئەوخەڵکە رژاو موستەشاروجاش لێی سودمەند بوون.

**پێشمەرگەی چ لایەنێک بوویت ؟**

پێشمەرگەی کوردستانم و لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووم وئێستاش هەر یەکێتیم . جا با باسی ئەنفال بکەین چیم دیوە ئەوە باس دەکەم .

**بەڵێ فەرموو**

رۆژی ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ بەیانی زوو، پێش خۆرهەڵات، کۆمەڵێک فرۆکە هاتنە سەر گوندەکان، هاتن لە بورجینی و دەرگەڵا شێخایاندا .

**ببورە وتت کۆمەڵێکی زۆر فرۆکە هاتن ؟ بەبڕوای تۆ چەند دەبوون ؟**

وەڵاهی نازانم چەند بوون، بەڵام زۆر بوون و هەردەهاتن و دەچوون .

**گوتت لەو گوندانەیاندا، بەچ چەکێک بۆردومانەکانیان کرد ؟**

بە کیمیایی لێیاندا، سەرەتا دەنگی قومبەلەکان زۆر نەبووهەروا ترپەیەک بوو، ئیدی ئێمە ناوچەکەمان چۆڵکردو رۆیشتین .

**ئێوە کێ وکێ بوون ؟**

ئێمە پێشمەرگەبووین، سەرەتا رۆیشتین بەرەو سنور، بەڵام لەبەرئەوەی رێگە نەبوو گەراینەوە بۆ چیایی گارا، هەتا مانگی یەکی ساڵی ١٩٨٩ ئێمە لە چیایەو شاخەکان، ماینەوە بەڵام چۆن مانەوەیەک، هەتا بڵێی ژیانێکی سەخت و دژوار بوو. لەهەموو شتێک دابڕابووین، خواردنمان زۆر بەزەحمەت دەست دەکەوت، برادەرێکمان هەبوو، سڵاو رێزم هەیە بۆ گیانی ئەو پیاوە، بەداخەوە کەلەشەڕی داعش شەهیدبوو، بەپلەی یەکەم ئەگەر یارمەتی و هیمەتی ئەو نەبوایە ئەوا ئێمە لەبرسان دەمردین. لەناوچەی ئامێدیش موستەشارێک هەبوو ناوی عەلی شەعبان بوو زۆر هاوکاری ئێمەی کرد، لەگەڵ زەکی ئەوان زۆر هاوکاری ئێمەیان کرد.

# تۆفیق جەوهەر تاقانەی ئەنفال

## تەوا نەکراوە

**تۆفیق جەوهەر، خەڵکی شاری خورماتووە پێش ئەنفال ماڵیان لە و تاقانەی ئەنفالە، لە شاڵاوی ئەنفالدا هەموو ئەندامانی خێزانەکەی تیاچوون، تۆفیق ئێستا ئاوارەیە و لەگەڵ مناڵەکانی لە ژێر چادردا بەسەر دەبەن، دەڵێ "ماڵەکەمیان لە خورماتوو تاڵان کردووە." ماڵەکەی مام تۆفیق لە** خورماتوو کاروانسەرای کەسانی کەمدەرامەت و لێقەوماو بووە، بەڵام ئێستا خۆی ئاوارەیە و چاوەڕێی دەستی حکومەت و ڕێکخراوەکانە، بۆ ئەوەی خۆی و خێزانەکەی لە برسێتی وسەرمای زستان بپارێزێت. ئەو تاقانەیەی ئەنفال باسی ژیانی لە ئاوارەیی و لەژێر چادردا دەکات و دەڵێ "کاتێک باران باری، دەستی مناڵەکانم گرت و چووینە نێو قوتابخانەیەک. گوتم خێوەتەکە بەسەرماندا دەڕووخێت." بەخانووەکەی مام تۆفیقەوە، لە خورماتوو ١٥٢ خانوو سووتێنراون. مام تۆفیق دەڵێ "هەموو ماڵەکان سووتێنراون، یان تەقێنراونەتەوە. ئەو ماڵەی نەشسووتێنراوە، چەکدارانی حەشدی شەعبی تاڵانیان کردووە" ڕووبەری خانووەکەی مام تۆفیق لەخورماتوو ٢٠٠ مەتری دووجا بووە، خێزانێکی پۆشتە بوون، بەڵام لە ئاوارەییدا دۆخیان تەواو پێچەوانەیە. کافیە ڕەشید، هاوژینی مام تۆفیق دەڵێ "ئێستا هیچ شوێنێک نییە مناڵێکی تێدا بمێنێتەوە، دەبینن ئەمە دیوەخانە و چێشتخانەیە ئەوەش ماڵەکەمە، لەوهەموو کەلوپەلەی لە خورماتوو هەمانبوو، ئەوەندەمان ماوە." مناڵەکان لەکاتی شەڕدا قوربانی یەکەمن، شەڕێک کە ئەوان دەستیان لە هەڵگیرساندنیدا نییە. کاوە تۆفیق مناڵێکی ئاوارەی خورماتووە و دەڵێ "شەو بەهۆی دەنگی سەگ، با، هەورەبرووسکە دەترسم. ئەم چادرەش هەر لەخۆیەوە دەدڕێت." محەممەد شاکر، ئاوارەیەکی دیکەیە و بەوشێوەیە باسی ژیانی ناخۆشی خۆیان لە ئاوارەییدا دەکات "سۆپایان پێداوین، نەوت نییە. ئاخر سۆپا بە نەوت کاردەکات، خۆ ئاوی تێناکەین."!

## پۆزش



**لەژمارە (٩)ی گۆڤاری ئەنفالستاندا دیدارێکی ئەحمەد شوکر غەفور لەلاپەڕ ١٢٨-١٢٩ دا بڵاوبووەتەوە بەداخەوە هەڵەیەک ڕویداوە، لەبری ئەحمەد ناوەکەی بە ئەسعەد نوسراوە، داوای لێبوردن لە کاک ئەحمەدو خوێنەرانیش دەکەین .**

**ئەنفالستان**

## چیرۆکی وێنە



کۆمەڵێک منداڵی گوندی گۆپتەپەن، پێش ئەنفـــال بەدەم ژیـــانەوە پێـــدەکەنن. بەداخەوە لە ناویاندا تەنها دووکەسیان لەژیانـدا مـاون، ئەوانـی دی هەموویـان لەپەلامـاری ئەنفـالی چـواردا بەکیمیـایی شـــەهیبوون ئەوانەی لە کیمیـــایی رزگاریان بوو گیران و ئەنفالکراون.

لەودووانەش یەکێکیـــان هەر بەمنـــداڵی سەری خۆی هەڵگرتوو رۆیشت بوو بە شـــوانی مـــاڵە عەرەبێـــک و ئێســـتاش هەرلەوێ دەژی و لەوێ هاوســـەرگیری کردووە، چونکە باوکی چوارمنداڵە، چیدی نایەتەوە بۆ زێدی خۆی .

دوای ئەوەی دایکی وخوشـک و براکانی بەهەموویـان (١٠)کەس لە خێزانەکەیـان بەکیمیـایی شـەهیدبوون. ئەویش هەرچەندە منداڵ وبریندارى چەکی کیمیایی بوو، بەڵام چاوی بەرایی نەدابوو بـاوکی بەوتەمەنەوە خزمەتی بکات، بۆیە رۆیشت و بووبەشوانی عەرەبەکانی حەویجە.لەگوندی تەللورد.

ئەنفال پڕە لەم وردەچیرۆکانە بەڵام چاوی کورد هەردرشت بینن.

## رافائیل لیمکین



**رافائیـل پـارێزەرێکی پۆڵـندییە،یەکەم کەس بـوو کەدەسـتەواژەی جینۆسایدی هێنایە ناو ئەدەبیاتی سیاسی و یاساییەوە.**
**لەدایکبـــووی ســـاڵی ١٩٠٠خـــانەوادەیەکی یەهـــودی - پۆڵـــندی هاتووەتە دونیاوە بەڵام هەموو ئەندامانی خانەوادەکەی بەدەستی نازییەکـانی ئەڵمانیـا کـوژران ولەگەڵ ملیونـان کەسـی تـر روو بەڕووی تاوانی بەکۆمەڵکوشتن بوونەوە.**
**رافائێل هێشتا هەرزەکار بووەو لە تەمەنی شانزە ساڵیدا، کە ئاگاداری کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بووەو چیرۆکەکـانی ئەوتـاوانە کاریگەری زۆریان بەسەرییەوە هەبووە.**
**ئەو یەکەم کەسبوو کە پێناسـەی جێنۆسـایدی کـردو دەسـتەواژەی جێنۆسایدی بۆ تاوانی کۆمەڵکوژی دۆزیـەوە. چـونکە ئەو بەپێویسـتی زانیـوە یاسـایەک هەبـێ بۆپاراسـتنی تەواوی مرۆڤایەتی.**
**ڕافائیل لەژێر کاریگەری لەدەستدانی ئەندامانی خێزانەکەیدا بووە داهێنەری زاراوەی جینۆساید.**

## عەبدلقەهار خەلیل محەمەد:

# ئەوکەسەی (طلقة رحمة) گوللەی بەزەیی پێوەنان ناوی کاکل بوو



دیدار: عومەر محەمەد

دیمانە لەگەڵ کراو قەهار خەلیل محمەد عەبدولا

شوێن : مانگێشک- قەزای ئامیدی – پارێزگای دهۆک .

کات ٩ی شەو

ریکەوتی ٢٨.٨.٢٠١٣

**ناوی سیانی خۆت بڵێی ؟**

عەبدولقهار خلیل حەسن

لەدایکبوی ١٩٥٤ گوندی کوریمێ ناحێی مانگێشک قەزای ئامێدی پارێزگای دهۆک.

خێزانداری ؟

بەڵێ خێزاندارم

ساڵی چەند هاوسەرگیریت کردووە ؟

چەند منداڵت هەیە ؟

چ کارێک دەکەی ؟

ئەفسەرم لە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆک .

پلەی تۆ چییە ؟

**کاک عەبدولقهار تۆ بەمنداڵی هەر لەم گوندە گەورە بووی ؟**

من لەم دێیە لەکوریمێ هاتوومە دنیاو هەرلێرەش گەورەبووم و هەتا ئەنفالکردنی هەر لەکوریمێ بووم، من بەبیرمدێ ئەم گوندەی ئێمە ٤٤٠ ماڵ بوو. ئەو کاتە گوندێ ئێمە زۆر بوو مالی زۆر تێدا بوون . گوندێ ئێمە ئاوی کەم بوو، بەزۆری بە کاری ئاژەڵداری ورەزو باخ وکشتوکاڵەوە خەریک بوون، بەڵام هەموو ماڵێک کانیەکی بۆخۆی هەبوو، نەک بەهەموو خەڵک سەرچاوەیەکی ئاویان هەبێ، لە ئاژەڵیش مەڕمان زۆر هەبوو خەڵک باش دەژیان لەپێش ئەنفال.

**چ بیرەوەری خۆشت هەیە لەم گوندی کوریمێ هەتا بۆم بگێڕیتەوە ؟**

منداڵی ئێمە هی سەروەختی هەژاری بوو، لەبیرمدایێ ئەو کاتە تۆپی پێمان نەبوو یاری پێبکەین دەهاتین پەڕۆمان دەهانەوە خرمان دەکردەوەو دەمانکرد بەتۆپ یاریمان پێدەکرد،دوای ئەوەی دەچووینە دارهێنان لە چیا دەمانهێنا بۆ ئەوەی بیسوتێنین و ماڵی پێگەرم بکەین، دوایی دەهاتین منداڵ خردەبووینەوەو بازنەیەکمان دروست دەکرد، بەسەری یەکمان دەکیشا، نەک یاری وەک ئێستا تۆپی پێی بکین، نا هەر بەدەست یاریمان پیدەکرد، هەرکەس تۆپی بەرکەوتبا دەبوو دەربکرێت، هەموو پیاوی گوندو پیرەمێردی گوند دەهاتنە دیار ئێمەو دەبوونە جەماوەو بینەری ئێمە، جاری وا هەبوو هەتا ڕۆژئاواو کاتی نانخواردنی ئێوارە ئێمە ئەوە یاریەکەمان بوو، ئەوە بیرەوەری منداڵی منە لەگوندێ کوریمێ .

**خۆشەویسترین هاوڕیی منداڵیت کێیە کە هەتا ئێستاش هاوڕێی تۆبێ ؟**

بەخوا من هاوڕییەکم هەبوو ناوی موسابوو، یەکێکی دی هەبوو بەناوی مەهدی و یەکێکی تریش بەناوی فازڵ ئەوانە هەڤاڵ وخۆشەویستی من بوون، ئەوانە

هەتــا ئێســتاش هەر هەڤــاڵی مــنن و هیشــتا هەر بەردەوامین .

**هــیچ کــام لەهــاوڕێی خۆشەویســتی منــداڵیت لەکۆمەڵکوژیەکەی کوریمێ لەگەڵتدا بوون ؟**

نا کەس لەوان لەگەڵ نەبوون .

**لەکوریمێ قوتابخانە هەبوو ؟**

نا مەکتەب نەبوو، من دەچوومە دهۆک بۆ خوێندنێ . ئەو هەڤاڵانەی من دەچوونە ( ڤیدیوی ٢ :٥٤) .

**هەتا ساڵی چەند مەکتەب نەبوو ؟**

هەتا ساڵی ١٩٧٦ لەگوندێ مە چ مەکتەب نەبـوو . مـن هەتــا ســاڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ لە دهــۆکێ بــووم و لە بەرۆژکی دەمخوێنـد. ئەوەی خـزم و کەســی هەبـوایە دەچــوو لەدهــۆکێ دەیخوێنــد ئەوەی کەســی نەبــوایە نەدەچووە مەکتەب، ئەزو قادر قاچاغ چـوینە بەرۆژکـێ رەنگە بزانی ئەوە تاخاکا شـاری دهـۆکێە ئەز چـوومە ئەوێ بۆ خوێندنێ .

**کەواتە قادر قاچاغ خەڵکی گوندی ئێوەیە کوریمێ ؟**

بەڵێ ئەویش خەڵکی گوندامەیە .

**چەنــد کەس لە تەمەنــی تــۆدا یــان هــاوتەمەنی تــۆ دەچوونە خوێندنێ ؟**

زۆر چـــوون بەژمـــارە نـــازانم بەڵام زۆرچـــووینە بەرخوێندنێ .

**چەنــد لەوانە ئێســتا خوێنــدنیان تەواو کــردووەو پێگەیشتوون بۆنمونە بووبنە دکتۆرو ئەندازیار یان رۆشنبیرێکی ناسراوی کورد ؟**

بەڵێ زۆرمان خوێندنیان تەواو کرد، ئـێمە ئەنـدازیارو دکتۆرو پیاوی حزبی وحکومیمان هەیە بەرپرســی لـق وئەندام مەکتەبی سیاسیشمان هەیە. خەڵکێکی زۆرمان خوێنــدنیان تەواو کــردووەو ئێســتا دەوری باشــیان هەیە.

**پــێش ئەنفـال کـوریمێ چەنـد جـاری دی سـوتاوەو روخاوە ؟**

کوریمێ پێش ئەنفال جارێـک سـوتاوەو تەختکـراوە پێش ئەوەش بەبیـری مـن نایـا کە دوو جـاری دیـکە ســوتاوەو چــاککراوەتەوە بەڵام ئەوەی ئەم دوایــانە ساڵی ١٩٨٦ جارێک حکومەت تەختی کرد .

**هەرتەختی کرد یان بە بۆردومان سوتاو روخا ؟**

نانا هەر بەشۆفل تەختکرا ئەوە لەدوای شـەڕێک بـوو لەساڵی ١٩٨٦ .

**ئەی چیتان کرد دوایی هاتن چاکتان کردەوە ؟**

نــا ئـێمە هەر نەهـاتینەوە لەنـاو ئەشـکەوتەکانی چیـا دەژیــاین، بەڵام هەنــدێک کەس هــاتنەوە بــۆ نــاو حکـومەت و گونـدی کورێمیـان بەجێهێشـت . سـاڵی ١٩٨٦ یـش سـوپا هـات قوتابخـانەی گونــدەکەیان تەقانـدەوەو کانیەکانیـان تەقانــدەوە ئیتـر ئـێمە هەر لەچیاو ئەشکاوتاندا بووین هەتا ساڵی ١٩٨٨ .

**کەواتە ئێوە ئەوکاتەی ئەنفال بوو لەناو ئەشکەوتاندا دەژیان نەک لەناو گوندی خۆتان ؟**

بەڵێ ئەو کاتە گوندی ئـێمە نەمـابوو، ئـێمە لەدەرەوەی گوندەکەماندا گیراین نـزیکەی ٢٠٠ مەترێـک لەخـوار گوندی کوریمێ بووین کە خۆمان رادەستی سـوپاکرد .

**ئەی ئێوە بەری ئەوەی ئەنفال بگـاتە لای ئێـوە هـیچ هەواڵێکتان نەدەزانی کەوا ئەنفال بەرێوەیەو خەڵکـی ناوچەکــانی تــر ئەنفــال دەکــرێن وگونــدەکان دەروخێندرێن ؟**

لەڕاستیدا ئـێمە بەس هەڵەبجەمـان بیسـتبوو، ئەویـش لەرێـگەی ئێـزگەی پێشمەرگەوەبیستمان مـن بۆخـۆم ئەوکـاتەو هەتـا گـیراین پێشـمەرگە بـووم. کەگوتیـان هێرش دێتە سەرناوچەکەتان وامان دانابوو هێرشێکەو دێتە سەرناوچەکەمان و ئێمە بەرگری دەکەین و شەڕی لەگەڵـدا دەکەیـن وەک زۆر جـاری تـر سـوپا دەهـات وشەڕمان لەگەڵدا دەکردو سـوپا دەشـکاو دەکشـایەوە دواوە، ئەمە گەلێک جاران دەبوو نەک هەر لەگوندی مە لەهەموو ناوچەکانی تر . ئێمە نەمانزانی ئـاوایە ئـاخر کە جەنگی ئێران وعێراق ڕاوەستا هەموو سـەربازێکی زۆری لە خوارەوەی عێراقەوە هێنایەوە بۆسـەر ئـێمەو هەنـــدێک ســـەربازی هەڵاتوشـــیان هێنـــابوو چەکیانـدابوونێ، بەبـێ ئەوەی چەکەکانیـان فیشـەکی تێـدابێ ! دەبــابەیەکی زۆریــان هێنــابوو. ئەوە بــۆ ترساندن و دۆقاندنی پێشمەرگە بوو .

**هیچ بەڵگەهەیە لەسەر ئەوەی کەوا سەربازی هەڵاتویان هێنابێ و چەکەکانیان بێ فیشەک بووبن ؟**

بەڵێ ئەمن بۆخۆم دیتم، هاشمیش دیتویەتی ئەوە سەربازێک بوو کە ئیمەی بردە کۆمەڵگای جێژنکا بۆخۆی ئەو قسانەی بۆ ئێمە کرد . ناوچەکە هەمووی دەبابەو زرێپۆش بوو، خەڵکەکەش هەمووی شڵەژابوو، بەڵام ئێمە پێشمەرگە بووین لەکیمیایی ترساین ئەو چەکی کیمیایی بەکاردەهێنا لەهەموو ناوچەکان کیمیایی بەسەر گوندەکان و خەڵکدا ڕشت.

**تۆ لەکوێ پێشمەرگە بووی ؟**

من پێشمەرگەی پارتی بووم، لەلیژنەی ناوچەی ئامێدی بووم .

**ئەو ڕۆژەی هێرشکرایە سەر ناوچەی بادینان تۆ لەکوێ بووی ؟**

من لەلیژنەی ناوچەی ئامێدی بووم لەبەری هەمزا هەمزا لەبەری بەرواری بەرانبەر گوندەکەی خۆمانە ڕوبارێک بەخوار گوندی کوریمێدا دەڕوات ئەو ئاوە سبنەی پێدەڵێن ئەوە نێوانمانە . شەوی ٢٤ لەسەر ٢٥ی مانگی هەشت ساڵی ١٩٨٨ من و کاک هاشم و شەهید جەبار پێکەوە بووین، هاتینە ئەوێ ڕۆژی ٢٥ مانگ فرۆکەکان هاتن بینیمان وا بە کیمیایی لەناوچەکەیدا لە گوندی وەرمێلێیدا، لەگوندی برجینییدا، لەولاتریش لەبەری سندی بارەگایەکی حزبی شیوعی هەبوو لەوانیشیدا، هاتینەوە بۆماڵێ .

**تۆ هیچ ئاسەواری کیمیایت دیت بۆنمونە خەڵک یان ئاژەڵێک بکوژێ ؟**

نا من نەمدیت بەڵام نەماندەویرا دەست لەهیچ بدەین وەک گیاو دارو ئەو شتانە لەبەر کیمیایی چ گوندێک نزیکی گوندی ئێوە بوو کە بەرکیمیایی کەوت ؟

وەرمێلێ .

**ئەی برجینی ئەو نزیکتان نەبوو ؟**

نا برجینی دورترە لە ئێمە .

**بیرتە چ ڕۆژێک بوو کە کیمیایی لەو دوو گوندەی دا ؟**

بەڵێ ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ بوو کاتژمێر لەدەوروبەری ٨:٣٠ ی بەیانی بوو .

**لەبرجینی خەڵک بەکیمیایی مردن و بریندار بوون تۆ ئەوەت دەزانی ؟**

ئا بەڵێ هەواڵمان زانی کە بەکیمیایی خەڵک مردوون . وەزعەکە گەلێک خراپ بوو، هەندێک هەقاڵی پێشمەرگە گوتیان باشەڕ بکەین، بەڵام شەڕ لەگەڵ کیمیایدا نەدەکرا، چۆن شەڕی لەگەڵدا بکەین، ئێمە جاری واهەبوو جەیش وجاشێکی زۆرمان بۆ دەهات ولەسەرەوە فرۆکەو لەخوارەوە دەبابەو زرێپۆش پشتیوانی دەکردن، جاری واهەبووە ١٨ فرۆکە هاوکاری دەکردن، بەڵام ئێمە شەڕمان لەگەڵدا دەکردن و تەحەدامان دەکردن، بەڵام هێرشی ئەنفال تەواو جیاواز بوو، لەشەڕەکانی پێشوودا خەڵک هاوکاری دەکردین هەتا خەڵک هەبوو لە دهۆکەوە هاوکاری دەکردین، بەڵام لەئەنفالدا خەڵک شڵەژابوون ونەیاندەزانی چ بکەن. نەیاندەتوانی هاوکاریمان بکەن، لەشەڕەکانی پێشووتردا خەڵک هاوکاری باشی دەکردین دەرمانیان بۆ دەهێنایین خواردنیان بۆ دەهێنایین، بڕوا بکە عەلاگەمان پێدەگەیشت لەفەی تێدابوو لەدهۆکەوە گەیشتبووە پشتی شەڕێ بەڵام ئەمجارە وانەبوو، گوتمان ئەگەر خەڵک هاوکاری ئێمە نەکا ئێمە ناتوانین شەڕ بکەین. ئێمە ئەم حساباتەمان بۆ خۆمان کردبوو، بەڵام کاتێک تەماشای وەزعەکەمان کرد هێرشەکانی ئەنفال هەر بۆسەر ناوچەی ئێمە نەبوو بۆسەرهەموو ناوچەکان بوون و لەهەمووولایەکەوە هێرش هەبوو بەتەواوی گەمارۆدرابووین . ئێمە دوجار هەوڵماندا بڕۆین و ڕزگار بین بەڵام نەمانتوانی، بۆیە بەناچاری گەڕاینەوە بۆ ناوچەکەی خۆمان ئەوە بوو لێرەش هەر نەجات نەبووین ئەو تاوانە گەورەیان لە دژمان ئەنجامدا. کە هەموو پیاوەکانی کوریمێیان پێکەوە کوشت .

**کە هەوڵتان دەربازبن ونەتانتوانی دەتانویست بۆکوێ بچن هەتا دەرباز بن ؟**

دەمانویست بچینە تورکیا، ئێمە دوسێ خێزان بووین منداڵی وردمان هەبوو، دور لەڕوی ئێوە کەرێکمان هەبوو هەموو منداڵم خستبووە سەر پشتی ئەو کەرەی لەبەر ئەوەی ئەوان منداڵ وبچوک بوون نەیاندەتوانی برۆن . من و دایکی منداڵەکانم و ماڵی باوکم و هەر بۆخۆمان دووسێ خێزان بووین. گەڵێک نارەحەتیمان چەشت، ئێمە رۆیشتین گەیشتینە گوندیکی ( ناوەکەی) رێگەیان لە ئێمە گرت، سوپا رێگەی گرت و دیسان گەراینەوە. شەوی دوایی جارێکی تر هەوڵماندا لەهەمزا بووین دیسان رێگەی ئەویشیان لەئێمە گرت ناچار گەراینەوە شوێنی خۆمان هاتینەوە بۆ کورێمێ شەو بوو شەربوو جاش و عەسکەر هەموو رێگاکانیان گرتبوو، لەکورێمێ شەوەکەی چووینەوە ئەشکەوتەکان و هەتا سبەینێ ئینجا سبەی سەعات ٨:٣٠ چووین خۆمان رادەستی سوپاکە کرد.

**هێشتا زووە باسی ئەوە بکەین کە چۆن گیران تکایە پەلە مەکە، جارێ پێمبڵێ لەگوندی ئێوە چەند کەس پێشمەرگەبوون ؟**

لەم ناوچەیەی ئێمەو لە عەشیرەتی خۆمان بەهەموومان (دەقیقەی ٨) پێشمەرگەمان هەبوو .

**پێشمەرگەی شەرکەر ؟**

پێشمەرگەی کاراو سەنگەر ئەوەندەمان هەبوو، کاکە بەس لە خێزان وبنەماڵەی ئێمە من بووم ، برام بوو ناوی محەمەد بوو شەهید بوو. هاشم بوو. شەهید جەبار بوو. ئەبابەکرو برایەکی ئەویش شەهید بوو، سەعید بوو کامەران بوو، دەهام بوو، رەشید بوو، حاجی بوو ئەمانە هەموویان هی خۆمان بوون . بەڵام گوندی هەبوون بۆنمونە گوندی بەرۆژکێ دوو هەزار ماڵ هەبوون تەنها دوو پێشمەرگەیان هەبوو ! گوند هەبوو سێ پێشمەرگەی هەبوو، هەبوو سێی هەبوو گوندیش هەبوو هیچ کەسی پێشمەرگە نەبوو. بەڵام گوندی ئێمە خرهەمووما‌ن پێشمەرگە بووین. بەڵام ئەو راستیەش بەتۆ دەڵێم گوندی ئێمە ناکۆکیەکی تێدا هەبوو، لەسەر نەخشەی دەوڵەتی عێراق دوو گوندن هەردوکیشیان ناویان کورێمێ یە، کورێمی شێران و کورێمێی ئێمە، ئەوان خۆیان گەیاندە لای حکومەت و بوون بەپیاوی دەوڵەت، ئەوەش بووە هۆی ئەوە وا لێکی بدەینەوە کە ئەوان دەیانەوێت بەسەر ئێمەدا باڵادەست بن، ئەمە وەک لێکدانەوەیەکی تایبەتی خۆم و قەناعەتی تاکە کەسی، ئێمەش بۆئەوەی نەبینە بن دەستەی ئەوان بووینە پێشمەرگە. ئەوە راستیەکە بۆیە ئێمەش هەموو چەکمان هەڵگرت.

**ئەوان گەیشتنە حکومەت مەبەستت ئەوەیە ئەوان بوونە جاش و ئێوەش بوونە پێشمەرگە بۆئەوەی نەبنە ژێردەستەی یەکتری ؟**

ئائا ئەوان بوونە جاش بوونە ئەمن، ئەفسەری پلەبەرزی ئاسایشیان هەبوو لەسەروەختی بەعس، ئەمنی باوەرپێکراوی بەعسیان، ئێمەش بووینە پێشمەرگەو ئامر مەفرەزەی پێشمەرگە.

ئەگەر ئەوان ببونایە بە پێشمەرگە ئێوە دەبوونە جاش ؟

نانا هەرگیز نەدەبووینە جاش، ئەمە هەر لە زەمانی زووەوە لەسەردەمی شەستەکانەوە ئێمە هەرلای کوردایەتیمان گرتووەو ئەوانیش هەر لای جاشیەتیان گرتووە.

**تۆگوتت برای من شەهید بوو لە کوێ شەهید بوو ؟**

٢٢ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٦ شەهید بوو.

**گوندەکەتان بێجگەلە برای تۆ چەند کەسی تریان شەهیدن ؟**

١٢ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٧ ساڵێک لەپێش محەمەدی برام خاڵم بەناوی کامەران شەهید بوو، ساڵی ١٩٧٤یش بابێ حیکمەتی لەسەری حاجی ئۆمەر شەهید بوو.

**ئەگەر بکرێت بەژمارە پێم بڵێت گوندەکەتان چەند شەهیدی هەیە ؟**

بەژمارەی تەواو ٨ کەس لەگوندی ئێمە شەهید بوون .

**ئەی لە کورێمێ چەند کەس جاش بوون وکوژراون ؟**

لەبەری مە کەس جاش نەبوون .

**من باسی بەری ئێوەو بەری کەسی تر ناکەم باسی خەڵکی کورێمی دەکەم ؟**

ئەوان عەشیرەتا وان هەموو قایل بوون ببنە پیاوی دەوڵەت وببنەجاش

**ئەی چەند لە جاشایەتی تیدا کوژراون ؟**

شەش کەس لەجایشی وئەمن و لای حکومەت کوژراون .

**بەڵام رەنگە ئیستا هەردوولا وەک یەک لەلای حکومەتی کوردستان بەشەهید ناونوس کرابن ؟**

بۆنا رەنگە ئەوان کە جاش بوون و کوژراون، لە شەهیدەکانی ئێمە بەقیمەتترو بەنرختر بن .

**دوای ئەوەی زانیتان هەڵەبجە بەکیمیایی بۆردومانکراوەو خەڵکێکی زۆریش شەهید بوون هیچ رێنماییەک بۆ ئێوە نەهات کە پێشمەرگە چۆن خۆیان بپارێزن و ئەوە چەکێکی جیایە ؟**

بەڵێ هەندێک (تعلیمات) رێنمایمان بۆ هاتە خوارەوە، پێیانگوتین کە کیمیایی رژا پەرۆیەکی تەڕکەن بەسەر دەموچاوی خۆتانی دابدەن ئەوە کارێکی باشەو زۆر کاریگەری لەسەرتان نابێت، گوتیشیان ناوچەکەمان لەبەر ئەوەی ساردە زۆر کاریگەری نابێت، گوتیان رەنگە کیمیایی لەناوچەی ئێمە نەدات، بۆیە لەهەڵەبجەی داوە چونکە ئیرانی لێبووە لەبەرئەوەی ئیران لەئێمەوە دورە لەناوچەی ئێمە نادات .

**ئەم رێنماییانەتان چۆن وەردەگرت لە رێگەی رادیۆ یان کەسانێک دەهاتن پێیان دەگوتن ؟**

لەرێگەی رادیۆشەوەو لەرێگەی پروپاگەندەی خەڵکیشەوە، خەڵکێک دەهاتن ئەو پروپاگەندانەیان بڵاو دەکردەوە کەوا کیمیایی لەهەڵەبجەی داوەو رەنگە لەئێمەش بدات.

**ببورە من پرسیاری پروپاگەندەم نەکرد پرسیم کێ رێنمایی خۆپاراستنی دەدانێ ؟**

حزب دەهات کادری حزبی دەهات تەعلیماتی دەدایە ئێمە چ بکەین و چ نەکەین.

**ئەگەر چەکی کیمیایی لێنەدابان ئێوە دەتانتوانی بەرەنگاری حکومەت بکەن ؟**

بەخوا هەلومەرجی ئەنفال وەک ئەو شەڕانەی پێشتر نەبوو، ئێمەش کەم بووین رێکخراوی ئێمە لە لیژنەی ناوچەی ئامیدی بەهەمووماں نەدەگەیشتینە ٣٠٠ کەس نزیکەی ٢٠٠ وشتێک کەس دەبووین، ئێمەش رێکخراوێکی سیاسی نەبووین، سەربازی بوو، بارەگای ئێمە لێرە ٢٥ پێشمەرگەی لێبوو، واداماننا ٣٠ و ٤٠ کەسیشی لێ بوو، دەرەقەت نەدەهاتین، کاکە بەس جاش نزیکەی ١٨٠٠٠ هەژدە هەزار جاشی لێ بوو ئەرشەد زێباری و جەعفەر بێسفکی لێبوو ئەوانە سەرۆکی موستەشاران بوونلەناوچەی سۆران و بادینانەوە جاش هێنرابوونە سەرئێمە ئینجا سوپاکەش بەتانک وتۆپ و زرێپۆشەوە لە دهۆک و زاخۆوو ئامێدییەوە هێرشی هێنایە سەر ئێمە چیمان بکردایە، ئێمە سێ شەهیدمان دا، ئەگەر بەبێ کیمیایی بوایە هەتا ئەگەر تەیارەش لەسەرەوە بۆردومانی بکردینایە ئێمە بەرگریمان دەکرد، بەڵام لەگەڵ کیمیایی هیچ نەدەکرا.

**مەبەستی من ئەوەیە ئێوە خۆتان بریارتان دەدا کە بەرگری بکەن یان بریاری حزب بوو، کە بەرگری بکەن ؟**

ئێمە ئەگەر بشمانزانیبایە ئاوامان لێبەسەر دەهێنن (مەبەستی کۆمەڵکوژیەکەی کورێمێ یە) بەرگریشمان بکردایە ئێمە نەماندەتوانی سەربکەوین، دەنا ئێمە هەموو چەکداربووین ماڵی ئێمە هەموو چەکدار بوون، من چەکم پێبوو، بابم پێی بوو هەتا عەدنانیش کەلەهەمووماں بچوکتر بوو چەکی پێبوو، هاشم چەکدار بوو، ئەبابکر چەکدار بوو، حەمید و جەمال و سدیق هەمووماں چەکدربووین و بەسندوق فیشەکمان هەبوو، بەڵام ئێمە دەمانزانی ئەو لەشکرە گەورەیە ئەو هەموو جاشە بەئێمە ناگەرێتەوەو ناتوانین بەرگری بکەین.

**پێش ئەنفال ساڵی ١٩٨٧ لە پێش ٢٢ ی حوزەیران حکومەت ئێوەی ئاگادار نەکردبوو کە بێنەوە بۆ مجمع و دوایی هێرش دەکەینە سەرتان ؟ ئایا ئێوە لەوە بێ ئاگا بوون ؟**

نا بێ ئاگا نەبووین تۆ مەبەستت ئەوەی هێڵی سورە وایە ؟

**بەڵێ مەبەستم راگەیاندنی ناوچەی قەدەغەکراوە پێش ئەوەی ناوچەی قەدەغەکراو رابگەیەندرێ ئێوەیان ئاگادار نەکرد ؟**

با، بەڵام ئـێمە بڕوامـان بە حكـومەت نەكـرد، گوتمـان ئەوە پڕوپاگەنـدەیەكەو حكـومەت ئەو هێـزەی نەمـاوە بتوانێ كۆنترۆڵی ئەم ناوچانە بكات .

**ئەمە هەر خەڵكی كوردیمێ بیروڕاتان وابوو یان هەموو خەڵكی ناوچەكە پێتان وابوو كە حكومەت ئەو هێزەی نەماوە كە كۆنترۆڵی ناوچەكانتان بكاتەوە ؟**

نانـا، هەمـوو خەڵكـی نـاوچەكە وابیرمـان دەكـردەوە، لەڕاستیشدا حكومەت سەرقاڵ بوو بەجەنگی ئێرانەوەو ئـێمە لەو بـڕوایەدا نەبـووین ئێـران بە ئاگربەسـت و ڕێكەوتن ڕازی بێت.

**ئەی كەس هەبوو بەو داوایەی حكومەت قایل بێـت و گوندەكەی بەجێبهێڵێ وبچێتە ناو كۆمەڵگاكانەوە ؟**

بەڵێ هەبوو زۆر ڕۆیشتن بەڵام زۆر كەم چوون.

**واتا پێشمەرگە ڕێگرنەبوو بچن و گوندەكانیان بەجێ بهێڵن ؟**

نا ڕێگر نەبوون، ڕای حزب وابوو كێ دەچێـت بچێـت بـۆ دەرەوە ئێـران و توركیـا ئەوان ڕێگـر نەبـوون خەڵكیش لێـرە ئەوەی تـوانی دەربچێـت چـوونە نـاو خـاكی توركیـاو لەوێ كەمـپ هەبـوو دەچـوونە نـاو كەمپەكانی توركیا . بەڵام بەگشتی خەڵك لێرە باوەڕی بەحكومەت نەبوو بۆیە دەچوونە توركیـا . ئەوانەشـی كەدەهاتن دەیانگوت وەرنەوە هیچتان بۆ نابێت، ئـێمە وامان لێكدەدایەوە بەلای كەمەوە من بۆخـۆم دەمگـوت كە ئەوانە ئیـدیعای دەزگـای ئەمـن و موخـابەراتی عێراقیە. دەنا كەس باوەڕی بە نیـاز پـاكی حكـومەتی عێراقی نەدەكرد . دەنا ئەوانەی كە لێرە تەسلیم بـوون بەخۆشی خۆ نەبوو گیران، دەنا كەس بۆخۆی نەچوو خۆی تەسلیم بە حكومەتی عێراقی بكـات، دەمـانگوت لێـرە گیـای بخـۆین باشـترە لەوەی خۆمـان تەسـلیمی حكومەتی عێراقی بكەین .

**باسـی ئەوەت كـرد كە دوو جـار هەوڵـی دەربـاز بوونتاندا بەڵام سەركەوتوو نەبوون، بـێجگەلەوەی كە سوپا ڕێگاكانی لێگرتن، هۆكارێكی تر هەبـوو ببێتـە ڕێگرو سەركەوتوو نەبن ؟**

كـاكە خەڵــكەكە زۆر زۆر بــوو ڕێگاكــان سـەخت و شاخاوی بوون، ئێ خەڵـك بەپیـادەو بەسـواری كەرو وڵاخ منداڵیان زۆر پێبوو، گەمارۆی سوپا هەبوو، ترس هەبوو، ئێمە كەوتینە خوار جادە شەو گوێمان لەدەنگی سەیارەو كەمینەكانیـان بـوو، تۆپبـاران بـوو، تـۆپیش لەسەر ئێمە بوو، لەسەربازگەی بێگـۆڤێ دەیانهاوێشـت بۆ چیـا، بـاش بـوو هـیچ كەس نەكـوژرا بەڵام ڕێـگە سـەلامەت نەبــوو، لەگەڵ ئەوەشــدا خەڵكێكــی زۆر دەربــازبیوون بەڵام ئـێمە نەمــانتوانی دەربــازبین و جارێكی تر گەڕاینەوە شوێنی خۆمان، نەمانـدەزانی چ بكەین هیچ چارەیەكمان نەبوو.

**خەڵكە زۆر بە دیتنی تۆ چەند هەزار كەس دەبوون ؟**

نزیكەی سەد هەزار كەس دەبوون كە ڕویان لە سنوری خاكی توركیـا كردبـوو، كە دەڵـێن ڕۆژی قیـامەت ئەو كاتە قیامەت لەكن ئێمە بوو، ڕێگا زۆر عاسێ و سەخت و دژوار بـوو، بەشـێك زوو دەرچـوون و بەشـێكیش دەرنەچـوون ئەوەی سـەڵت بـوو تـوانی لەچیـای خـۆ بشارێتەوەو دوایی لەلێبوردنی گشـتی خۆیـان تەسـلیم كردەوە بەڵام ئەوەی مـاڵ ومنـداڵی لەگەڵ بـوو ئەوانە زۆریـان گیـران و ڕەوانەی قەڵای نزاركێـی و كەمپـی سەلامێ كران لە موسڵ .

**كەهتنەوە شوێنی خۆتان چیتان كردو بڕیاری چیتان دا ؟**

كەهاتینەوە ناوچەكە ئارام نەبوو لە فەوجی بێگۆڤێـوە تۆپی بۆ دەهاویشتین، گوتمانە خەڵكەكەی بڵاوە بكەن ماڵێك بچنە سبنەی و یەكێكی دی بچـنە فـلان شـوێن لەبەر تۆپباران بۆئەوەی سەلامەت بن، چـونكە تۆپێـك لەناو ئێمەی بدایە هەموومانی دەكوشـت، بـۆیە وامـان بەباش زانی بڵاوە بكەین و بڵاوە بەخەڵـكەكە بكەیـن، ئــێمە لە ئەشــكەوتان بــووین، پێشــتر گونــدمان چۆلكردبوو لەئەشكەوتەكاندا دەژیاین لەوێ زەخیـرەی خواردنمان هەبوو، بۆخۆت دەزانی دەبوو ڕیش سـپی و خەڵكی بەتەمەن بڕیار بدەن داخـۆ چ دەكەیـن، ئەوە نەریتـی گونـدە لەهەمـوو شـوێنێك دەبێـت مرۆڤێـك هەبێت بەرپرسیارێتیا هەڵگرێ بـۆیە ڕیـش سـپیان لە

گوندی ئێمە بڕیار بەدەست بوون یەکێک لەوانە بـابی من بوو، بابی جەلالـی بـوو، حـاجی عـزەت بـوو مەلا عەلی بوو کۆمەڵێک بوون، ئێمە چـووینە سـبنەی لەوێ جێگـای خۆمـان و زەخیرەمـان هەبـوو، بەلام ئەوەی باسـی دەکەم هەروا ئاسـان نەبـوو، بەرۆژ نەمـان دەتوانی هیچ جوڵەیەک بکەین، تەنها بە شـەو دەبـوو بجـوڵێین، بەرۆژ ئەگەر ئاشـکرا بووینـایە بەتـۆپ و ڕەنگە بەکیمیاییش لێمان بدرایە، ئەو شەوەش ماینەوە هەتـا بەیـانی کە ڕۆژ بـووەوە، هەر لەوێ مـاینەوە شـەوەکەی جـولاین بـۆئەوەی بتـوانین دەرفەتێـک بـدینینەوەو بـڕۆین گەیشـتینە هەمـزا ئەوە بەرانـبەر گوندی ئێمەیە بەلام تەماشامان کرد ڕێگە نـیەو هێـزی حکومەتی لێیە، دوایی دیتمـان دەبـابە بەرەو لای ئـێمە دەجوڵێن، ئەو هەوڵەشـمان سـەری نەگـرت ، نەک هەر ئێمە خەڵکێکی زۆر بێ چارە مابوونەوە، جـارێکی تـر گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان بۆ ئەشکەوتان .

**بیــرم نەبــوو ئەوەت لــێ بپرســم کەی ڕۆیشــتن و ناوچەکەی خۆتان چۆڵکرد ؟**

٢٥ی هەشت ئێمە ڕۆیشتین، گەڕاینەوە و ڕۆیشـتینەوە هەتا شەوی ٢٧ی مانگ جارێکی تر گەڕاینەوە شوێنی خۆمـان هەتـا سـبەینی ڕۆژی ٢٨ی مانـگ کـاتژمێر لەدەوروبەری هەشت ونیو سـوپا چـوار دەوری ئـێمەی گرت و ئێمەش خۆمان تەسلیم کـرد، ئەوە بـوو دوای ئەوە هەمـوو پیاوەکانیـان کـۆکردەوەو گوللەبارانیـان کردین .

**ئێوە مادام لە چەمی سبنەی بوون بۆچی هاتنەوە بـۆ کوریمێ شوێنی خۆتان سەلامەت تر نەبوو ؟**

ئێمە نەهـاتینەوە نـاو گـوندی کـوریمێ لەخوارمـانەوە چەمێک هەیە سبنەی پیدەڵێن ئـێمە لەوێ بـووین بەلام سوپا چواردەوری گرتین و بە کاتویشا لە نـاوچەکەی دەدا، ئینجا ئێمە هیچ چارەیەکمان نەما.

**حـکـومەت زانیـاری هەبـوو کە ئێـوە لەوێـن بـۆیە بۆردومانی دەکردن ؟**

نازانم دەیزانـی ئـێمە لەوێـین یـان نـا بەلام دەیزانـی ئەوێ شـوێنێ مرۆڤانە، تاریـک و ڕون مـن جـوڵەی سـەربازیم دەدیـت بەلام کە تەواو ڕۆژ بـووەوە ئینجـا لێمان نزیک بوونەوەو ئێمەش خۆمان تەسلیم کرد.

**هیچ ژن ومنداڵ بەو بۆردومانە نەکوژران ؟**

نانا کەس نەکوژران.

**دەمەوێ بزانم بۆچی خەڵکی چەلکێ لەگەڵ ئێوە بوون و لەگەڵ ئێوە گوللەباران کران ؟**

لەبەرئەوەی ئەوانـیش دووچـار هەوڵیانـدا دەربـازبن ڕێگا نەبوو، جاری دووەم کە گەڕاینەوە چوینە گونـدێ چەلکـی و دوایـی هەر پـێکەوە هەوڵمانـدا دەربچـین، کەرێگە نەبـوو ئەمجـارە ئەوان لەگەڵ ئـێمە هـاتن بـۆ هەمزا، لەوێش کە ڕیگە نەبـوو دەربـازبین لەگەڵ ئـێمە هاتن بۆ چەمی سبنەی ئیدی هەر لەگەڵ ئێمە بوون .

**ئیدی ڕیش سپی بڕیارياندا خۆتان تەسلیم بکەن ؟**

ئا بەڵێ سبەی کەڕۆژ بووەوە تەماشـامان کـرد هەمـوو چوار دەوری ئێمە سوپا گرتـوویەتی خەڵکـی گونـدی چەلکێشمان هەر لەگەڵدا بووون، بۆ سـبەنەی ئەوکـاتەی کە بڕیارمانـدا تەسـلیم بـین ئەوانـیش لەگەڵ ئـێمەدا بوون، بابم و ڕیش سپی ئالایەکی سپی بەرزکـردەوەو چوونە کن ئەفسەرەکەی نەقیبێک بوو، گوتبـووی بـابە وەرن خۆتان تەسلیم بکەن هیچ بۆ ئێوە نابێـت، هەتـا ئەو کـاتە بەس ڕیـش سـپی و پیرەمێـرد چووبـوون ئـێمەو ئەوی گەنـج بـوو ژن و منـداڵ هیشـتا هەر نەچووبـــوین و خۆمـــان حەشـــاردابوو، دوایـــی پیرەمێردەکان هاتن گوتیان : ئەفسەرەکە دەڵێـت وەرن خۆتـان ڕادەسـت بـکەن و لێبـوردنێکی نهێنـی هەیەو هیچتان بۆ نابێت، بەلام هەمووتان پێکەوە وەرن مـادام ئێوە ئیسـلامن و ئـێمەش ئیسـلامین هـیچ کێشـەیەک لەنێوانماندا نیە، سەدامیش قورئان دەخوێنێ و ئێوەش لەسـەر ڕێبـازی قورئـان دەڕۆن بەرێـوەو هەمـوو موسڵمانن، من گوتم مادام باسی قورئان هاتە پێشـەوە من دەترسم، ئیتر ماڵومنداڵ و ژن و پیروگەنج هەمـوو هـاتین خۆمـان تەسـلیم کـرد، ڕێـک لەو شـوێنەی مەراسیمی یادی کوریمـان لێکـرد، ئەوە زەوی ئـێمەیە هەموومانیـان لەوێ کـۆمەڵکرد، ئینجـا ژن و پیاویـان لەیەک جودا کردەوە منداڵ هەتا ١٢ سـاڵ لەگەڵ ژنـان مایەوەو گەورەتریان خستە لای پیاوەکان.

**کەهاتن تەسلیم بوون چۆن بوون لەگەڵتان پەلاماریاندان چەکەکانیان لێ سەندن یان بەنەرمی پێشوازییان لێکردن ؟**

نانا پێشوازیان کردین و زۆر هێمن و لەسەر خۆبوون، لەپێشەوە عەسکەر زۆر نەرم ونیان بوون، لە زەمزەمی خۆیان ئاویان بۆ هێناین و جگەرەیان دایە ئێمەو دەیانگوت خوا کەریمە و ئینشاالله هیچ نابێت و مەترسن عافواتەو ئێمە هەموو ئیسلامین و براین. چەک و فیشەک و هەتا چەقۆو نینۆک بڕیشیان لێ سەندین . ( ١٠:٣٨ لەپێش چاوی مە تفەنگی ئێمەیان بدل کرد خۆ ئێمە دەمانزانی عەسکەر تفەنگی خۆی رەقمی هەیەو لەسەر خۆیەتی بەلام ئەوانەی ئێمەیان لەشان کرد رون نیە) بەلام دەیانگوت دەتانبەین بۆ مانگێشک لەوێ یان دەچنە ماڵی خزم وکەسی خۆتان یان دەتانبەین بۆشار خێمەتان بۆ هەڵدەدەین و ئیسراحەتی خۆتان بکەن .

**کەریم نایف لە دادگا شایەتحاڵ بوو**

منیش لە داداگا شایەتحاڵ بووم .

**دەزانم دوایی پرسیاری ئەوەشت لێدەکەم، بەلام بوارم بدە، کەریم گوتی کاتێک پیرەکان چوون ئاڵای سپیان هەڵکردبوو ئەفسەرێک گوتی وەرن لەسەر شەرەفی سەدام حوسێن خۆتان تەسلیم بکەن هیچتان بۆ نابێت ؟ ئایا ئەوە چۆن بوو تۆ ئاگادار بوویت ؟**

بەڵێ راستە بابی کەریمیش یەک لەو پیرانە بوو کەچوونە لای ئەفسەرەکە، ئەو گوتبووی وەرن لەسەر بەختی من و شەرەفی سەدام و لەسەر بەختی قورئانێ خۆتان تسلیم بکەن . ئێمە باش دەمانزانی شەرەفی سەدامی چییە بەلام ئێمە ئیمانمان بە خوداو قورئانی هەیە، لەبەر ئەوە ئێمەش چووین خۆمان تەسلیم کرد گوتمان مادام وایە نیازیان خراپ نیە.

**ویستت باسی جیاکردنەوەی ژن ومنداڵان بکەی چۆن جیایان کردنەوە ؟**

پاشی ئەوەی چەک و تفاقیان لێ سەندین ئینجا هاتن گوتیان دانیشن، ئەفسەرێک هات جیای کردینەوە ژنیان جیاکردەوە، ئینجا بە ناوماندا هات ئەوەو ئەمەو ئەوەو ئەوە هەرچی منداڵیش مایەوە خستیاننەوە لاژنەکان، ئینجا گوتی هەستن ریزبن ژماردنی ٣٣ پیاو بوون، گوتی بیانبەن، ژنەکان هەندێک گریان و گوتیان نابێت پیاوەکانمان بەرن ئەفسەرەکە گوتی : پیاوەکانتان لەلای ئێمە پارێزراون بەلام ئێمە ئێشی خۆمانمان هەیە (مخریب) لەناوچەکەیە ئەم پیاوانە لەگەڵ ئێمە دەمێننەوە هەتا ئێوارێ دەیانکەینە (زرێپۆش- درع) ئەگەر هاتن دەیانخەینە پێش خۆمان بۆئەوەی تەقەمان لێنکەن، ئێوارە بۆتان دەهێنینەوەو دێنەوە لای خۆتان، یەکێکی بانگکرد گوتی : عەرەبی دەزانی گوتی بەڵێ گوتی ویان پێبڵێ . ئەمە هەر بەنەرمی و لەسەرخۆ بێ ئەوەی تورەبن یان هەڕەشە بکەن، بردیانینە خوار گوندی کورێمێ لەوێ بێ ئەوەی دەستمان گرێ بدەن و چاومان ببەستنەوە محەمەد گوتی (ئرمی) گوللەبارانیان بکەن .. دایانینە بەر کلاشینکۆفان و هەموومانیان گوللە باران کرد .

**لەم بەشەدا پەلەمەکە لەگێرانەوە کاک قەهار بەوردی بۆم باس بکە.**

باشە بەسەرچاو .

**کە ئێوەیان لە ژنەکان جیاکردەوەو ئێوەیان برد، ژنەکانیان برد بۆکوێ هەر لەشوێنی خۆیان بوون ؟**

نانا ژن و منداڵەکانیان برد بۆ مانگێشک .

**چەندێک دوای ئەوەی ژنەکانیان برد ئێوەیان گوللەباران کرد ؟ ئایا ئەوان هێشتا لە کورێمێ بوون یان رۆیشتبوون ؟**

نزیکەی چارەکە سەعاتێک دەبوو ژنەکانیان بردبوو کە ئێمەیان گوللەباران کرد .

**بەلام ژنێک بەناوی حسنا لە گۆڤاری ئەنفالستان قسەی کردووەو دەڵێت : کە ئێمەیان برد هێشتا زۆر دورنەکەوتبووینەوە لە زیلەکاندا بووین کە تەقە دەستی پێکردو گوێمان لەدەنگی تەقەو هاواری پیاوەکان بوو کە کوشتنیان ؟**

رەنگە گوێیان لێی بووبێ چونکە هەروا چارەکێک بوو کەلێکیان جیاکردبووینەوە زۆری نەبرد کە ئەفسەرەکە گوتی ارمی واتا گوللەبارانیان بکەن .

**من کورێکی کورێم بینی و هەر ئەمڕۆ دیدارم لەگەڵ سازکرد و بەڤیدیۆ تۆمارم کردووە، کورەکە ناوی**

**فەخرەدینە ئەو گوتی مـن سـێ جـار کردیـانمە نـاو پیاوەکان و ژنەکان هێنایانمەوە دەرێ وخسـتیانمەوە لای خۆیان، دەڵێت هەر مـن نەبـووم دوسـێ منـداڵی کەش وەک مـن بـوون بە ڕێـکەوت لەو کۆمەڵـکوژیە ڕزگارمان بوو، پێموایە یەک لەو مندالانە برای تۆیە ؟**

ڕاستە ئەوە برای منە .

ئەوە چۆن بوو ؟

ئەوە خەڵات بـوو، خەلات منـدال بـوو بەلام هەنـدێک هەیکەلی هەبوو، دوو جاران هێنایانە ناو پیاوەکـان کە دوایی هەموو گوللەبـاران کـران، دیـارە ئەوکـاتە ئـێمە نەماندەزانی بۆ ڕەمی کردنە بردیانەوە ناو ژنەکان .

**ئاخر بۆچی وایان دەکرد مەبەستیان چی بوو ؟**

دەزانی چۆن بوو دوو ئەفسەر بوون هەردوکیان ملازم بـوون، یەکێکیـان نـاوی مـلازم مـحەمەد بـوو، ئەوەی تریـان نـاوی مـلازم عەبـاس بـوو، مـحەمەد خەلاتـی دەهێنایە ناو پیاوەکان و ملازم عەبـاس دەیگـوت بـڕۆ ناژنەکان، فەخرەدینیش هەروا بوو. ئەوە ڕاستە ئەوان هەردوک لەمردن گەڕانەوە. ئێسـتا هەردوک گەنجـن و لەژیانـدا مـاون . خەڵات منـداڵ بـوو بەلام هەیکەلـی هەبوو، بەڵـێ سـێ جـاران ئاوایـان لێکـرد یەکێکیـان دەیبردو یەکێکیان دەیهێنایە دەرەوە، ئاخر جـار مـلازم عەباسەکەیان قۆڵی گرتوو گوتی : هەرە ئینجا خەڵات چووەوە ناو ژنەکان .

**کەبردیـانن بۆکوێیـان بـردن ؟ لەکـوێ تـاوانەکە ئەنجامدرا ؟**

١٠٠ مەتر لە خوار ئەو شوێنەی ئەمڕۆ مەراسیمەکەمان لـێ کـرد، لەوێ ڕەزێکـی تـرێ هەیە، لەنـاو ڕەزەکە نزمایییەک هەیە، بەڕیـز بردیـانینە ئەوێ لەوێ گوتیـان دانیشن، زۆری نەبرد یەکێک لە ئەفسەرەکان بە هـۆکی تۆکی قسـەی کـرد دیـارە لەگەڵ فەرمانـدەی گەورەتـر قسەی کردووە هەر کە جیهـازەکەی داخسـتەوە گـوتی ارمی گوللەبارانیان بکەن . بۆیەش ئێمەیان بردە ئەوێ ڕەنگە پلانێکی وایان هەبووبێ بلێن ئەمانەمان لەشەڕدا کوشتووە نەک بەدیلـی . مـن وای بـۆ دەچـم بـۆئەوە ئێمەیان گوللە باران کرد. چـونکە لەدوای ئەوە تەقەی زۆریـان کـرد و پاشـان کەکشـانەوە بۆردومـانی ناوچەکەیان کرد بەتۆپ .

**ئەی هەر ئاوا هەموو سەربازەکان تەقەیان لێکـردن و گوللەبارانیان کـردن یـان چەنـد سـەربازێک دیـاری کرابوون کە تەقەتان لێ بکەن ؟**

نائـا، کە بردیـانینە نزمـایەکە ڕیزێـک سـەربازمان لەگەڵـدا بـوون، هەر لەسـەرێ مـلازم مـحەمەد ئەو سـەربازانەی لەگەڵ خۆیـدا هێنـاو بەتەنیشـت ئـێمەوە دەڕۆیشتن.

**ئێوە چاوەڕوانی ئەوەبوون کە بتانکوژن ؟**

بەڵێ ئا هەر زوو کە منداڵ و ژنیان لە ئێمە جیاکردوە گوتم دەمانکوژن .

**ئەی ئەو نەرمی نواندنە هیچ دڵنیایی پێنەبەخشین ؟**

ئەو نەرمیەی پێشەوە تەنها بۆ ئەوەبوو چەکمان بکەن، کەچەکیان لێوەرگرتین، ئینجا هاتن تەفتیشیان کـردین کەمێک مامەڵەی وان گۆڕا، بەوەدا من زانیم دەمانکوژن .

**کە بەڕیز ئێوەیان بـرد تـۆ چەنـدەم کەس بـووی لە ڕیزەکەدا ؟**

مـن یەکەم کەس بـووم بەلام کە سـوڕاندیانینەوە مـن بووم دواین کەس، ئینجا گوتیان ڕوبکەنە ئێمە ڕومـان کـردە وان ١٦ سـەرباز بەرانبەرمـان ڕاوەسـتابوون گوتیان : پاڵبـدەنە یەکتـری، دوایـی گوتیـان دانیشـن ملازم محەمەدو ملازم عەباس هەردوکیان هاتنە خـواری لەگەڵ ئێمە . ئەوان فەرمانیان دەدا چ بکەین بـڕۆین ، ڕیزبین یان دانیشین.

**کامیان بڕیاری گوللەبارانکردنیدا ؟**

ملازم محەمەد بڕیـاری داو مـلازم عەباسـیش بەدوایـدا گوتی ارمی . واتا گوللەبارانیان بکەن.

**ئێوە چۆن زانیتـان ئەفسـەرەکان ناویـان عەبـاس و محەمەدە ؟**

بانگی یەکتریـان دەکـرد، هەردوک مـلازم بـوون یەک نەجمەیـان لەسـەر شـان بـوو، بەلام بـائەوەش بڵـێم وەختێک ژن ومنداڵیان جودادەکردەوە، مـلازم عەبـاس گریا، هەرئەویش بووە هۆی ئەوەی برای مـن (خەڵات) ڕزگاری بێت .

**ئەو ئەفسەرە گریا ؟**

بەڵێ ملازم عەباس گریا، بەڵام محەمەد نا، ئەو کابرایەکی توندڕەفتارو قێزە وون بوو.

**باڵاو ڕەنگ و ڕوخساری چۆن بوو ؟**

باڵای وەک من و تۆ بوو زۆر بلند نەبوو، کەمێک قەڵەوو بەخۆوە بوو، کابرایەکی ڕەش و ئیسک تاڵ بوو.

**ئەی ملازم عەباس ؟**

ئەو کابرایەکی کەمێک لاوازو درێژ بوو، قەڵەو نەبوو زۆریش لاواز نەبوو ئاسایی بوو.

**چەند نەجمەیان لەسەر شان بوو ؟**

هەریەکی یەک نەجمەیان لەسەر شان بوو. هەردوک ملازم بوون .

**ملازم محەمەد هەر یەکسەر سەربەخۆ بڕیاریدا گوللەبارانتان بکەن یان لەگەڵ ملازم عەباس گفتوگۆیان کرد ؟**

هێشتا نەیانگوتبوو دانیشن کە ١٦ سەربازیان لەبەرانبەرمان بە ڕیز ڕاوەستان، ئەوان هەروا ١٥ بۆ ٢٠ مەترێک لێمانەوە دووربوون و بەرانبەرمان ڕاوەستابوون، کە گوتیان دانیشن ئینجا ئەفسەرەکە (ملازم محەمەد) جیهازی کرد بەهۆکی تۆکی قسەی کرد، بەڵام ڕاستی ئێمە تێنەگەیشتین چ دەڵێ هەر کە جیهازەکەی داخستەوە بڕیاریدا گوللەبارانمان بکەن، گوتی : ارمی ملازم عەباسیش هەروای گوت هەردوکیان پێکەوە بڕیاریانداو نەڕاندیان (ارمی) ئەوە بەعەرەبی واتای تەقە بکەن گوللەبهاوێژن ، ئیتر ئەوە بوو دنیا لەئێمە بووە قیامەت، ١٦ سەرباز تەقەیان لە ئێمە کرد.

**پێش ئەوەی تەقەتان لێبکەن سەربازەکان بەرەو ڕوتان وەستابوون ؟**

بەڵێ وەک ئێستای من و تۆ بەرانبەری یەکتربووین لێرەوە بۆ ئەو دیوارە هەروا (١٥ بۆ ٢٠) مەترێک لێک دور بووین[66] هەمووشیان چەکیان بەدەستەوە تەنها دوو ئەفسەرەکە نەبێ.

**کەمێک لەسەر خۆی بەوردی بۆم باس بکە، ئێوە باری دەروونیتان چۆن بوو، ئایا لەگەڵ ئەوەی تەنیشتت قسەتان دەکرد ؟**

باری دەرونیمان زۆر خراپ بوو، ئێمە چاوەڕوانی مردن بووین، هەموو لەوکاتەدا بیرمان لەمردن کردووەتەوە، لەگەڵ یەکتری قسەمان نەدەکرد چاوەڕێی دەمی ئەفسەرەکانمان دەکرد .

**دوای ئەوەی گوللە بارانیان کردن، تۆ بریندار بووی یان هیچ گوللەت بەرنەکەوتبوو ؟**

لە یەکەمجار من هیچ گوللەم بەرنەکەوت، بەڵام دوای ئەوە مەخزەنەکانیان گۆڕی و جارێکی تر گوللەبارانیان کردینەوە هەریەکەو سێ مەخزەنیان پێوە نان. لە مەخزەنی یەکەمجاردا وەک ئێستا ئاسایی بووم هیچ گوللەیەکم بەرنەکەوت، هاشم لە تەنیشتم بوو، ئەویش گوللەی بەرنەکەوتبوو.

**ئەی چۆن وەک ئێستا ئاسایی بووی ؟**

من هەزار جار گوللە لەتەنیشتم کەوتووە بۆیە ئاسایی بووم، یەکەمجار کەتەقەیان لێکردین و بەرنەکەوتبووم وام لێکدایەوە گوللەیان پێوە نەناوین بەڵکو هەردەیانەوێ بمانترسێنن. بەڵام لە (ساجور-مەخزەن)ی دووەمدا ئەوەی تەنیشتم کوڕێکی خەڵکی چەلکێ بوو، بەرکەوت هەستایەوەو تەرمەکەی بەسەرمندا کەوت من کەوتمە بن تەرمەکەی ئەو هەموو خوێنی ئەو بەسەرمندا ڕژا، ئینجا گوتم نا کوشتنی ئێمە ڕاستیەو دەمانکوژن حاجی ( ) پوشی ڕنیەوەو خستیە بن سەری خۆی لەو کاتەدا گوتی نەوزو (کوڕەکەی ناوی نەوزو بوو) بابی تۆ تەواو بوو. منیش لەو جارەدا گوللەیەک بەرپشتم کەوت هاشم لەتەنیشتم بوو، گوتی: من هێشتا ساغم خەمت نەبێ هەردووکمان سەرمان لەسەر زەویەکە پێکەوە نابوو

66 کاتێک قەهار گوتی : لێرەوە بۆ ئەو دیوارە لەشوێنی دانیشتنەکەمانەوە دەستی بۆ دیوارێک ڕاکێشا هەر ١٠ هەتا ١٥ مەترێک دەبوو نەک ٢٥ مەتر.

بەهیواشی پێی گوتم: خەمت نەبێت هەر بڕۆن مـن تـۆ ڕزگار دەکەم، هاشم ئەو کاتە هێندە قەڵەو نەبـوو بەڵام لەشـێکی پـتەوو بەهێـزی هەبـوو، ئـێمە هەمـوو پێشمەرگەبووین لەشمان بەهێزو هەمووی ماسولکەبوو، دڵم بەوە خۆش بوو هاشم دەتوانێ ڕزگـارم بکـات، لە ساجوری سێهەمیشدا هاشـم هـیچ گـوللەی بەرنەکەوت، بەڵام وەختێک ساجوری سێهەم تەواو بوو، ئەفسەرەکە گوتی بچن یەک یەک گوللەیـان لێـدەن کە سـەربازەکە هات یەکەم فیشەک کەلێیداین لەهاشمی دا دەنـا هاشـم هەتا ئەو کاتە ساغ بوو. سەربازەکە پێداڕۆیشت هەتـا لە ڕیزەکە دەرچوو گولەی مفردی بە تەرمەکانەوە دەنـا هەتـا گەیشـتە ئەو سـەر دوایـی گەڕایەوە بـۆلای ئەفسـەرەکە وتـی تەواو گـوتی بەڵـێ گەورەم تەواو . وتـی (یـالله انسـحب ) یـاڵا بکشـێنەوە، ئەوەی هـاتە سەرمان و گوللەی بەزەیی پێـوە نـاین نـاوی کاکـل[67] بـوو، وەک ئێسـتا لەبیـرمەو قەت نـاوی ئەوم لەبیـر ناچێتەوە. **چۆن بە چیدا زانیت ناوی کاکل بوو ؟**

گوێم لێ بـوو، هەر کە گوللەبـارانکردنەکە تەواو بـوو، دوای ئەوەی سـاجوری سـێهەم، ئەفسـەرەکە بـانگی سەربازێکی کرد ناوی کاکـل بـوو، وتـی: (کاکـل ڕۆح اضربهم واحد واحد) بەکـوردی واتـا کاکـل بـڕۆ یەک بەیەک گوللەیان پێوە بنێ. [68]

**کاتێـک لەگەڵ هاشـم قسـەتان کـرد نەترسـای لەوەی گوێیان لە دەنگتان بێت ؟**

نانا من هاشم سـەرمان بەسـەری یەکەوە بـوو، تەقەش بوو.

**کە ئەوان گەڕانەوە ئیتـر بە تەواوی ئێوەیـان بەجـێ هێشت؟ یان حەرەسیان بە دیار تەرمەکانەوە دانا ؟**

نانا کەسیان دانەنا هەموویـان ڕۆیشـتن،چوونەوە بـۆ ئەوشوێنەی یەکەمجار ژن و پیاویان لێک جوداکردەوە لەوشوێنەی مەراسیمەکەمان لێکرد، خۆت دیتت هەندێک داری بەرووی لێـیە، ئەفسـەرەکان لەبـن ئەو دارانەدا بـوون، شـوێنی ئـێمە نزمـایی بـوو ئەوان ئێمەیـان نەدەبینی کەڕۆیشتن گوتم هاشـم هەسـتە،گوتی منیش لێدراوم ناتوانم هەسـتم و قـاچم برینـدارە، گـوتم تـۆ خەمت نەبێ من تۆ دەبەم، ویستم بچمە سـەر بـابم و برایەکم ئەوانیش لە ڕیـزەکەدا بـوون، بەڵام کە چـووم گەرام نەمدیتنەوە.

**برای تۆ ناوی چی بوو ؟**

ناوی عەدنان بوو، ئەویش هەر لەریزەکەدا بوو.

**بـۆچی نەتـدیتنەوە ؟ لەبەر خـوێن یـان لەبەرئەوەی نەتدەزانی چەندەم کەسن لەریزەکەدا ؟**

ڕەنگە لەو کاتەدا کە گوللەباران کـراین هەسـتابن یـان جوڵاون و کەوتبوونە سـەریەک لەبەرئەوە نەمـدیتەوە. بەڵام کە چـومە لای عوسـمانی کـوری پـوری خـۆم عەیشـێم دیـت، ئەو تەواو ببـوو، چـومە لای عەزیـزێ ئەویش تەواو ببوو گەڕامەوە بۆلای هاشمی ئەو لەسەر دەم کەوتبوو، خستمە سەر پشت، گوتم دەستی خۆبـدە مەچەکی من کەمێک ڕامکێشا بـۆئەوەی بـیکەمە کـۆڵم، گوتی تۆ دەتەوێ بمکـوژی گـوتم نـا مـن تـۆ ڕزگـار دەکەم، منیش گوللەیەک بە پشتمەوە بـوو. هاشـم لەبەر من گوتی تۆ دەتەوێ من بکـوژی لەبەرئەوەی هەسـتی بەناخۆشی دەکرد من بریندار بووم و ئەو بکەمە کۆڵی خۆم، لەو کاتەدا ئاگر لەناوچەکەش بەربەبوو، بەگـولەی گڕدار پووش سـوتا شـوێنەکەی ئـێمەش پوشـی زۆر لێبوو، لامکردەوە ئـاگر خەریـک بـوو دەگەیشـتە نـاو تەرمەکان لەوکاتەدا کەریم نـایف هەسـتایەوەو بەسـەر چنگ دەڕۆی وتم کەریم وەرە مەڕۆ هەوڵمـدا ئـاگرەکە بکـوژێنینەوە نەچێـتە نـاو تەرمەکـان و نەسـوتێن، هەرچۆنێک بێت تۆزێک کوژاندمانەوەو نەمان هێشت بگاتە ناو تەرمەکـان، دوایـی گەڕامەوە بـۆلای هاشـمی کەمێکی تر بردمە خوارێ لەناو ڕەزەکە دورم خسـتەوە گوتم : هاشم لەمـاڵی ئێـوە هەرتۆیـان هەی مـن ئەگەر بشمرم گرفت نیە بەڵام نـابێ تـۆ بمری تـۆ چەنـدی توانیت برۆ خوارێ من دەچم بەس بەڵێن بێت دێمەوە بۆلات، گوتی باشە ترسـم نەبـوو لە شـارەزایی هاشـم چـــونکە ئەویـــش زۆر لەنـــاوچەکەدا مـــابووەوەو

---

67 پێدەچێت ئەو سەربازە کورد بووبێت دەنا لە عەرەبیدا ناوی کاکل نیە، یان من نەمبیستووە عەرەبەکان ناوی کاکل لە کورەکانیان بنێن

68 ئەوە پێی دەڵێن گوللەی بەزەیی گوایە جەلاد هێندە بە بەزەیی نایەوێ قوربانی بە ئازارەوە بمرێ

پێشمەرگەبوو شارەزابوو هاشم ڕۆیشت، مـن گەڕامەوە کەریم ڕۆیشـتبوو، بەڵام ئەم ئەبـابەکرم دیـت ئەویش برنیـدار بـوو. گـولە لەقاچەکـانی دابـوو یەکێکـیش لەپشـتی دەرچـوو بـوو، کەچـوومە کـن وی ئەو هەر دووک چاوی خـۆی نوقاند، گـوتم بـۆ چـاوی خـۆت دەنوقێنی ؟ من چمە گوتی : تۆ نەقەهـاری ؟ گـوتم بـا ئەز قەهـارم .. تـومەس مـن هەمـوو لەشـم خـوێنە نەیتوانی تەماشام بکات، خوێنی ئەو کوڕەی چەلکی کە بەسەرمندا کەوتبوو، خوێنی هاشـمی و پشـتی خۆشـم برینداربوو، هەموو بەدەنی منی خوێناوی کردبوو. بە ئەبابکرم گووت دەستی خـۆتم بـدەیە بچینە خـواری هاشم و کەریمیش لەخوارێ گوتی من ناتوانم بچم ( ناڕونە ٥:١٦ هەتا ٥:٤٠) گوتی کەیفی خۆتە ڕۆێشتمە خوارێ کەریمم دیتەوە وتم کەریم گوتی : ئا گوتم مـن ناتوانم هیچی تر بـڕۆم بەجێم مەهـێڵە مـن برینـدارم ئەگەر کەوتم دەمرم و هەڵناستمەوە ئەگەر مردم بمخەرە پەنایەکەوەو گڵـم بەسـەردا بـکە بـاتەرمی مـن گـورگ بیخـوات بەس نەکەوێـتە دەسـت سـەربازی عێراقـی . گـوتی باشـە، ڕۆیشـتین هەتـا گەیشـتینە نزیـک ئەشکەوتان ئەوەی شوێنی خۆمان بـوون، جا مـرۆڤ ئەگەر برینداربێت زۆر تینوی دەبێت و حەزی لەئـاوی ساردەو خواردنەوەشی زۆر خراپە، چومە سـەرکانیەک دەست ودەمووچاوی خـۆم شـت کەریـم گـوتی ئـاوێ نەخـۆی گـوتم نانـاخۆمەوە بەس دەسـتوچاوی خـۆم دەشۆم و دەڕۆین دەست ودەموچام شۆردو ڕۆیشتین. بۆ شوێنێک وەک یاریگا وایە چەمێکە پێی دەڵـێن ( ) هەنـدێک داری تێـدایە پێـی دەڵـێن (قـاچ) ئەو دارانە زستان و هاوین هەر بەسـەوزی دەمێنـنەوە لەبـن یەک لەو قاچـانە ئاودرێـک هەبـوو چـووینە نـاو ئەوەوە خۆمان شـاردەوە . لەوێ دەسـتم بـردە نـاو گیرفـانی شەرواڵەکەم هەمووی خوێن بوو، دەستم لە خـۆڵەکەی وەرداو دەستم بردەوە ناو گیرفانم پاکەتی جگەرەکەمم دەرهێنـا ئەو کـاتە جـگەرەی بەغـدا کـیس هەبـوو، جگەرەیەکم داگیرساند کەریم دەسـتی کـردە پێکەنـین منیش گوتم بەچی پێدەکەنی ؟ ( ناڕونە ٧:١٢ ڤیدیوی ٤) ئێمە لەو قسانەدا بـووین کـۆپتەری سـەمتی هـاتن شـەش کـۆپتەر بـوون داروبەردیـان دەپشـکنی زۆر بەنزمی هـاتن، سـوریک خـولانەوەو کەسـیان نەدیـت ڕۆیشـتن، بەڵام کەسـێک بـانگی ئـێمەی کـرد، کەریـم گوتی دەنگێک هەیە بانگی ئێمە دەکات، گـوتم بەخـوا ئەوە هاشمە دە بچۆ بزانە کێیەو چییە گـوتی : هاشـم وئەبـابەکر هەردوکیـان سـاغن بـۆ زانیاریـت ئەو هەر نەیزانیبوو هاشـم و ئەبـابەکر دەرچـوون، گـوتم بـڕۆ هاشم و ئەبابەکر هەردوکیان سـەرخە بـابینە سـەرەوە بۆێرە .ماینێک لەوێ بـوو هـی مـامم حەسـەن بـوو گوتم بچۆ ئەو ماینەی ببەو سواریانکەو بیانهێنە، چوو ماینی بردو هاشمی هێنا، هاشم کەوت و بەتل گەیشـتە لای ئێمە، مـن گـوتم شـوێنێکی زۆر بـاش پێـدەزانم، دەچینە ئەوێ ئێمە پێشمەرگە بووین و شارەزا بـووین دەمانزانی کوێ بۆ ئێمە باشە، هاشـمما سـواری مـاین کـردو چـوین، هەنـدێک دەرمانمـان هەبـوو وەک صـیدلیەی سـەفەری بەکەریمـم گـوت : ئـێمە هەمـوو برینداریـن تۆ بچۆ ئەشکەوتی لەوێ غەسالەیەکی مـاڵی ئێمە هەیە زەرفێکـی تێـدایەو زەرفێکـیش بەدارێـکەوە هەڵواسراوە لەفاف ودەرمان وشـتی تێـدایە ئەوانەمـان بۆ بهێنە، کەریم چوو هێنای بەڵام لەو کـاتەدا کەکەریـم چوو هاوارێک دەکراو بانگی دەگرد هـاوارە هـاوار چ کوردێک لە دنیادا نەماو هیچ موسڵمانێک نەما هەمـوو کوژران، تەماشا دەکەم صدقییە .

**ئێوە لەگەڵ صدقی یەکترتان دەناسی ؟**

نانا، بەس مـن و صـدقی یەکترمـان دەناسـی کەریـم بانگی کردبوو ترسابوو، نەوێرا بێت بـانگی کەریمـم کـرد، گـوتم پێـی بڵـێ وەرە لەلای ئـێمە قەهـار لەگەڵ ئێمەدایە، ئینجا ئەویش گەیشتە لای ئێمە.

**ئێوە دەتانتوانی دەنگی بڵند بانگی یەکتر بکەن ؟**

ئائـا ئـێمە زۆر لە سـەربازەکان دور کەوتبـووینەوە، سـدقیش ئەوەنـدە لە ئـێمەوە دورنەبـوو، ئینجـا ئەو ڕێگەی هەڵەشی گرتبوو ئەگەر کەریـم پێیگوتبوو تـۆ بۆکوێ دەچێ بەرەولای حکومەت دەچوو دەیگوت مـن دەچمە تورکیا. کەهات بۆلامان ئەویش بریندار بـوو ڕەش داگەڕابوو پەنجەیەکی گولله بەری کەوتبوو تەنها پێستەکەی پێوە مـابوو، گـوللەیەکی بەرکەوتبـوو بەڵام

نەچوو بووە ناو سگی . کەهات ئێمەی بینیو منی ناسی و زانی ئێمەش برینداریین کەمێک هۆشی هاتەوە بەرو مەعنەویاتی بەرزبووەوە دەنا زۆر روخابوو.منیش کەمێک دڵم دایەوە گوتم کاکە هەمووومان برینداریین و تۆ تەماشای هاشم بکە ؟ هاشم حاڵی زۆر خراپ بوو، برینەکەی دەمی کردبووەوە گوللە بەرقاچی کەوتبوو، ئەوە لێیدا کەهات گوللەی بەزەیی پێوەنایی. هاتین لەپێشەوە تەداوی هاشمان کرد، برینەکەمان پاککردەوەو فانیلەکەی ژێرەوەی خۆمم دری و تێوەمان پێچاو بەستمان. ئینجا بە سدقیم گوت کوا وەرە پێشی باتەداویت بکەم، دەستیم لەبن باڵی کریمەوە هێناو بەسدقیم گوت تۆ پشتی خۆت بکە ئێمە چونکە سدقی زۆر بێ ورە (بێ جورئەت) بوو، چەقۆیەکم پێبوو ئەو نەیزانی من چ دەکەم هەر بەچەقۆکە پەنجەکەیم لێکردەوە، هەر پێستەکەی پێوە بوو ئەوم بری و دەرمانمان لێداو بەستمان. ئێمە هیچمان نەبوو نەخواردن نەهیچ، تەنها ئاومان هەبوو، هیچ نەبوو برینەکانمان و شوێنی گوللەکانی پێ پاک بکەینەوە لەناو دەرمانەکانیش هیچ دیتۆڵ وشتی پاکژکردنەوەی تێدا نەبوو. ئەو شەوەمان بەرێکردو رۆژبووەوەو شەومان بەسەردا هاتەوە بەبێ خواردن ناتوانین گوتم : کەریم وەرە بابرۆین گوتی بۆکوێ ؟ گوتم وەرە دەچین چارەیەک دەدۆزینەوە ئاواها بمێنینەوە دەمرین. بابرۆین بەڵکو شتێک بدۆزینەوە بیخۆین هاشم وسدقیمان بەجێهێشت و ئێمە رۆیشتین. لەشوێنێک سەگێکمان بینی نانی لەبەردەم بوو سەگمان راوناو نانەکەی بەردەمی ئەومان هەڵگرتوو هێنامان. ئەومان خواردو چوین لەناو بێستانێک هەندێک باینجان و ترێمان هێنا، لەم مانگەدا لە رەزی ئێمەو لەناوچەی ئێمە ترێیەک هەیە پێی دەڵێین ترێی تایفی. ئەو ترێیە هێشتا پێنەگەیشتبوو هەر ترش بوو، زۆر زۆر ترش بوو. ئێمەش برسی بووین بمانخواردایە سکمان پێی دەچوو. قۆرە قۆری سگمان دەهات رۆژی دوایی لەگەڵ کەریم رۆیشتین بایەمان دۆزییەوە نیوگونیە بایەمان هێنا، هەموو رۆژێک یەکی ٤٥ دەنک بایەممان دەخوارد، نە زیاترو نە کەمتر.

**بۆچی ٤٥ دانە ؟ بۆ ٤٠ یان ٥٠ دانە نەبوو ؟**

بۆ ئەوە بوو کە خواردنمان لێ نەبڕێت. گندۆرێکمان دۆزییەوە ئەو گندۆرە هەتا رۆژی ٥ی ئەیلول مایەوە هەر گوتیان بابیخۆین گوتم نا رۆژی سەختترمان لەپێشە، ئەوکاتە دەیخۆین برسیتی لە مردنمان نزیک بکاتەوە، بۆن و بەرامەی گەلێک خۆش بوو، گندۆرێکی زەردی گەورە بوو، رۆژی ٥ی ئەیلول هەمان ئەو ئەفسەری ئێمەی گوللەبارانکرد، ملازم محەمەد بەبەردەمی ئێمەدا رەت بوو، ئێمە ئەومان دەدیت بەس ئەو ئێمەی نەدیت، بۆئێمە دەگەڕا .

**چۆن زانیتان بۆ ئێوە دەگەڕێ ؟**

جاش چووبوون لەوێ ئەبابەکریان دیتبووم گرتبوویان و بردبوویان تسلیمی جەیشیان کردبوو، هەمان ئەو ئەفسەرە بوو، تەرمەکانیان بژاردبوو گوتبویان ٢٧ تەرمن ئەبابکری هێنابوو گوتبووی ئێوە ٣٣ کەس بوون، ئەویش گوتبووی نازانم بەس من قەهارم دیوە بریندار بووە. هاتبوون بەدوای ئێمەدا دەگەڕان هەرناوی منیشیان دەزانی چونکە ئەبابکر گوتبوی قەهارم دیووە، ئەفسەرەکە لێی دابوو ئەزیەتی دابوو [69] ئەگەر چەکێکم پێبوایە بەئاسانی دەمتوانی بیکوژم بەڵام ئێمە بریندارببووین و بێچەک بووین، رەنگە چەکیشمان پێبوایە نەمانکوشتایە چونکە ئەگەر ئەوەمان بکردایە بۆخۆشمان هەردەکوژراین و دەرنەدەچووین، هەرکە ئەوان رۆیشتن و لە ناوچەکە نەمان گوتم کەریم برۆ ماینەکە بێنە، نابێت هیچی تر

69 لەدیدارێکدا کەلەگەڵ ئەبابکر عەلی سەعید کردوومە شەروالەکەی هەڵکرد شوێنی لێدانی ئەو ئەفسەرەی پیشاندام هەتا ئێستا شوێنی ئەشکەنجەدانەکەی پێوە دیارە ئەویش ئەوەی پشتراستکردەوە کە جاش گرتوویانەو بردوویانە رادەستی سوپایان کردووە، ئەویش وتی رادەستی هەمان ئەو ئەفسەرەیان کردەوە کە فەرمانی رەمی کردنی ئێمەیدا .

لێرە بمێنینەوە، ماینی هێناو هاشممان هاویشتە سەرێ و گوتم کەریم هاشمی بگرەو بابرۆین چوینە شوێنێکی تر ناوی (سیلکا هاقینێ) شوێنێکی خۆش کانیەکی هەبوو ئاوەکەی دەتگووت بەفراوی تەزیوە ئەوەندە ساردبوو، شەو زۆر سارد بوو، لەبەر ئەوەی هاشم حاڵی زۆر خراپ بوو کورتانی ماینەکەمان بەهاشمی داداو خۆشم پشتم بەپشتی هاشمەوە بوو چونکە کەریم و سدقی برینەکەیان وانەبوو جێگەی مەترسی بێت، جلگری ماینەکەشمان بە کەریم و سدقی دادا هەتا سبەی هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو، هەستمان کرد جولەو دەنگی مرۆڤان هەیە، دەنگەدەنگ زۆر بوو گوتم خۆ ئامادەکەن بابرۆین گوتیان خێرە ؟ گوتم بارودۆخە باش نابینم دێن دەمانگرن، کاتێک ڕوانیمە ناوچەکە کێومالیان دەکرد (تمشیت)ی سوپا بوو، ڕۆیشتین چوینە ناوچەیەک لەنێوان کورێمێ و بەرۆشکێ شوێنێک پێی دەلێن کەفری کەڵەگا شوێنێکی بڵند بوو، کانی وئاوێکی خۆشی لێیە، هاشم وسدقیمان لەوێ لەبن (قاچێک)[70] دانا و چومە سەرەوە بزانم هیچ جموجۆڵی سەربازی لەناوچەکەدا هەیە، لەوکاتەدا کەریم دەستنوێژی دەگرت بۆ ئەوەی نوێژی بەیانی بکات، کەچومە سەرەوە هیچ جولەیەکم نەبینی گەڕامەوە خوارێ کەریم نوێژی دەکرد، بانگم کەریم تۆ دوێنێ شەوێ نەنوستووی وا ڕۆژهەڵات تازە نوێژی چی دەکەی ؟ کەریم نوێژەکەی بڕی و ڕایکردو هەڵهات گوتم ئەوە چیە کەریم بۆ ڕادەکەی گوتی ئەی تۆنالێی جەیش هات؟ گوتم نا کەکاکە بگەڕێوە دەلێم ڕۆژهەڵات، بەهەرحاڵ من و کەریم ڕۆیشتین، لە دورەوە خەڵکێکمان دیت گوتم کەریم چاوی من باش نابینن ماندووم بریندارم تۆ باشتری جوان ورد بەوە بزانە ئەو خەڵکە چییە ؟ جەیشن خەڵکن چەتەن ؟ کەریم گوتی بەخوای کاک قەهار ئەوانە چەتەن[71] گوتم باشە بابرۆین ئێمە لەناوچەی خۆمان ترێ و تەماتەمان هەبوو گوتم دەچین ترێ و تەماتە دەهێنین ئەگەر گیراشین چەتە بمانکوژن باشترە لەوەی لەبرسان بمرین، ئێمە حساباتی خۆمان کردبوو بەلام هەموو لەشمان خوێن بوو، چەند ڕۆژ بوو نانمان نەخواردبوو، ئەگەر چەتەش بن دەچمە ناویان ئەگەر هەتا سەعات ٦ ی ئێوارێ نەهاتمەوە ئەوە تۆ بچۆوە بۆلای هاشم و سدقی لەوێ چەقۆتان لەلایە و بلێ قهار گیرا ، بائەوانیش چەقۆ لەسکی خۆیان بدەن و خۆیان بکوژن، ئەگەر کوژرام و گیرام ئەوە بە بڕیاری خۆمە کەریم گوتی چۆن بەکەیفی خۆت وادەکەی وتم بڕیارمداوە دەچم ئەوە دەکەم . ڕێککەوتین من بەتەنها بچم، دوایی کەریم گوتی منش دێم ڕۆیشتین چوینە فەوجێکی جاش، کابرایەک خەریکی چاڵێنان بوو، بەدارێکی ئاگرەکەی تێک وەردەدا، کەیشتمە لای و سەلامم لێکرد سەلامی ستاندمەوە و لێی هەڵڕوانیم بە سەر سورمانێکی سەیرەوە تەماشای دەکردین ناهەقی نەبوو، ئێمە وەک وەحشیمان لێهاتبوو، سەروقژمان هەمووی ئالۆزکاو ڕیش درێژو جلمان خوێناوی بوو گوتی ئەوە تۆ چیت و لەکوێیوە دێیت؟ منیش گوتم کاکە ئێمەش بەشەرین، خەڵکی ناوچەکەین و سەربازی هەڵاتوین و ئەنفالەو من کەوتووم و سەرم شکاوەو خوێنم لێهاتووە، گوتی هیچ نیە عەلەمت لێ نیە، گوتم ئێوە جەماعتی کێن گوتی ئێمە جەماعەتی خالید شێخۆین، ئەوە بۆیەکەمجارم بوو ناوی (خالید شێخۆ) ببیستم[72] گوتی ئێوە چ عەشیرەتن گوتم ئێمە سندین، گوتم موستەشاری ئێوە لێرەیە گوتی ئا والەو بنارەیە، گوتم فەرماندەی سرییەتان کێیە گوتی عیسایە وا لە سەرئەو کانیەی دەموچاوی خۆی دەشوات، کورێک هات گەنج بوو کەپرێک بوو بۆ سێبەر دروستیان کردبوو چوو خۆی بەست کەهات تاقم ونەخزەن و جلوبەرگی لەهی پێشمەرگە دەچوو، بەهیچ جۆرێک

70 قاچ جۆرە دارێکی دڕکاوی هەمیشە سەوەزەو لە داری سەروو سنەوبەر دەچێت لەناوچەکە دەڕوێ و بەزمانی ناوچەیی خۆیان پێی دەلێن قاچ .

71 لەناوچەی بادینان بە جاش دەلێن چەتە.

72 خالید شێخۆ مراد، سەر بەعەشیرەتی سندیەو دانیشتوی شاری زاخۆ بوو، ڕاوێژکار (موستەشاری فەوجی ٢٢٦ ی بەرگری بەناو نیشتمانی (جاش) بوو، لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری سالی ١٩٩١ کوردستانی بەجێهێشتووەو ئێستا لە ولاتی ئەلمانیا دەژی .

بەهی جاشان نەدەچوو، کە هات پشتی منی بینی هەمووی خوێنە گوتی : پسمام گوتم بەڵێ پسمام گوتی بەچی واتلێهاتووە ؟ گوتم ئێمە سەربازی هەڵاتوو بووین لەئەنفال جەیش هاتوو رامانکردو سەرم بەر بەردێکی کەوتووە شکاوەو بەخوێن بووە، گوتی مادام نەمردووی هیچ نیە گوتی برسیتانە گوتم ئەرێوەڵا، مەڕوماڵاتێکی زۆری خەڵک لەو چەمی سبنەی بە جێمابوون خەڵک ئەوەی گیرابوو ئەوەی رای کردبوو مەڕوماڵاتەکانیان هەر لەوێ بەجێما بوون جاشەکان مەڕێکیان سەربڕی بوو خستبوویانە سەر ئاگری، گۆشت و ئاوی گۆشت لەسەر ئاگری بوو سەمون لەوناوەی بوو، کابرا گۆشت وئاوی گۆشتی بۆ تێکردین و سەمونی هێنایە بەردەممان بەڵام کەدیتی من خواردنم بۆ ناخورێ سەمونەکە نەدەچووە خوارێ گوتی : ڕاوەستە هات چیکرد ئاوی گۆشتەکەی کردە پەرداخێکەوە یەک دوجار دەیکرد قاپێکەوەو دەیکردەوە ناو پەرداخەکەی هەتا سارد بێتەوە، کەمێک ساردی کردەوەو دایە دەستی من و گوتی بیخۆرەوە، سێجار ئەوەی بۆکردم و سێ گلاس گۆشتاوم خواردەوە، من هەموو قورگ و ریخۆڵەکانم وشک بیوونەوە، کە ئەوەم خواردەوە کەمێک نەرم بوونەوەو کەمێک هێزیشمان هاتەوە بەرخۆمان، بۆکەریمیش بەهەمان شێوە کابرا ئاوی گۆشتی سارد کردەوە، پاکەتی جگەرەی دەرهێنا، ئەو کاتە جگەرەی سۆمەری درێژو ڕەش هەبوو، گوتی هائەوەش بۆخۆت بگرە، کورەکە دەستی کرد بەجنێودان بە سەدام و بە حکومەت گوتی بۆچی ئەم وەزعەی بە سەر ئەم خەڵکەیدا هێناوەو ئەم ماڵی ئەم هەژارانەی وا وێرانکردوەو کوردستانی وا لێکردووە، هەتا جنێوی بەموستەشارەکەی خۆشیدا، ( ناڕونە دەقەی ١٣) گوتم دەمەوێ بچمە کن عیسا، گوتم من و تۆ دەتوانین بەتەنێ بچینە خوارێ ؟ تەبعەن ئەمن و ئیستخباراتیان لەگەڵدا بوو، چوینە بن دارێکی گوتم کاک عیسا گوتی بەڵێ گوتم تۆ ئەوگوندە دەبینی گوتی بەڵێ، گوتم من خەڵکی ئەو گوندەمە (کوڕێمێ) جەیش هاتن خەڵکی گوندی ئێمەیان هەمووی کوشت باب و براو ئامۆزاو پوورزام هەموویان کوشتن، بۆخۆشم گوللەم پێوەیەو برنیدارم ئێستا من خۆم رادەستی خوداو تۆکردووە، ئەگەر تۆ دەمانپارێزی سوپاست دەکەم و ئەگەرنا زۆر ئاساییە بەڵام بە گوللەیەک بمکوژەو تەواوم بکە، یان سێ سەد و حەفتا دینارم پێیە لەگیرفانم دەرمهێنا هەمووی خوێن و پیس بوو گوتم ئەوەش بۆ تۆ بەس یەک گوللەم بدەیە خۆمی پێ بکوژم، کابرا دەستی کرد بەگریان گوتی: بەو خوایە ناموس وکەرامەتی داوە بە ئێوە بەڵام لەمنی سەندووەتەوە من دوو برام هەیە ئەوە بەتۆوە بوون بە سێ برا، هەرسێک تەڵاقم کەوتبێ ئەگەر تۆ تەسلیمی حکومەتی عێراق بکەم ، تۆ دەبەم بۆماڵی خۆمان بۆ هەتاهەتایە لەماڵی من بمێنەوە، ئەگەر سەری خۆمم داناوە نابێت تۆ هیچت لێبێت، بەس تۆ مافی ئەوەم بدەیە بە موستەشارەکەم بڵێم چونکە ئەو بەرپرس وموستەشاری فەوجەکەمانە ئەگەر ئەو بتحەوێنێتەوە باشە دەنا من لای خۆم داڵدەت دەدەم و لەلای خۆم دەتحەوێنمەوە . گوتم مافی خۆتە گوتی : کەوایە بابچین بۆلای موستەشار چامان خواردەوەو کەمێک هێور بیوومەوە، تارادەیەک ئارام بووم، ڕۆیشتین بۆلای خالید شیخۆ لەبن دارێکی دانیشتبوو، ئەو لەپێشەوە چوو ئەو سەیری وی دەکرد و ئەم سەیری وی دەکرد موستەشار چووە بن دارێکی دی هاتەوە گوتی وەر بابچین، گەیشتمە لای و دەستم برد تەوقەم لەگەڵ کردو چیرۆکی خۆم بەهەمان شێوە بۆئەویش گێرایەوە، ئەویش بەهەمان شێوە زۆر جنێوی بەحکومەت وبە سەدام گوت، جنێوی بەکوردی پیس و خراپەکار داو ئەویش بەهەمان شێوە گوتی ئەگەر ناموسمان هەبێت و هەستی زمانی کوردی لە مێشکی ئێمەداهەبێت ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە خزمەت بکەین و ئێوە تەسلیم ناکەین، تۆ کوڕی منی و برای منی، دڵی خۆت ڕەحەت بکە دەبێت لە پێشەوە من بمرن پاش من تۆبمریت .

**ئەوان کۆمەڵکوژی کوڕێمێیان نەبیستبوو ؟**

نانا نەیانبیستبوو لە ئێمەیان گوێ لێبوو.

**دوای ئەوە چی ڕوویداو چارەنوسی ئێوە بەکوێ گەیشت ؟**

دوای ئەوە روی کـردە عیسـاو گـوتی : عیسـا گـوتی بەڵێ قوربان گوتی تۆ بەرپرسی لە چارەنوسی ئەمانە، هیچیان لێبێت من تۆ دەکوژم، گوتی بەچاوان گەورەم، قسـەمان تەواو بـوو موستەشـار خەریـک بـروا مـن دەستیم گـرت گـوتم بـرای مـن خالیـد ؟ گـوتی بەڵـێ گەرەم کە . ویسـتم باسـی هاشـم و ئەوان بـکەم کە ئەوانیشـم لەگەڵە .. بەڵام ئەو پرسیارێکی لەمـن کـرد گوتی تۆ چ ( ناڕونە ١٦:١٣ ڤیدیو ٥) ئێ لە حـاڵەتی شۆڕشدا ئیعتـراف بەوانە نـاکەن، گـوتی مـن دەزانـم ئێوە تابعی لەزگین هەمزانین ئێ ئـێمەو مـاڵی لەزگین هەمزانی وەک برا وابووین، گوتی باشە من بچمە کـن لەزگینی چی بڵێم ؟ گوتم نازانم گوتی دەڵێم پیاوەکانی تۆ لەسەر من ماڵن، من تـۆ تەسـلیمی وی نـاکەم بەس حەز دەکەم تۆ ناوی خۆت بەمن بڵێی، گوتم من قەهارم خەڵکی کوریێمو و کوڕی خەلیلو و خوارزای بابم نـاوی هاشمەو کەریم نایفەو کورێکی دیشمان لە گەڵە خەڵکی چەلکێیە، باسی سـدقیم کـرد کە ئەویشـمان لەگەڵـدایە، وەک چۆن من ئەمـانەتی تـۆم ئەوانـیش برینـدارن و ئەمانەتی منن، بەڵام بابیژمە تۆ کەوا موعدی ئێمە هەتا سەعات ٦ی ئێوارێیە ئەگەر من نەچمەوە ئەوان خۆیان دەکوژن چونکە وان دەزانن من هاتووم خۆم تەسـلیمی ئێوە کردووە . گوتی چۆن بریندارن گوتم بەڵێ گوتی عیسا بەپەلە دەوارێکی بێنە (ناقیلە) گوتم نا دەوارێـک بەسـە، گـوتی عیسـا مـن دەچمە کـن لەزگینـی ئەوانە هیچیان لێبێت من تۆ دەکوژم، گوتی گەورەم ئەوانە من لێیان بەرپرسم ئەگەر من بمـرم نـاهێڵم ئەوان هیچیـان لێ بێت گوتی وەرە لەگەڵ من سواری سۆپەری بـووین و ڕۆیشتین، ئەوانیش لەگەڵ کەریم بە پیکابێک چوونە لای هاشـم و ئەوان، گەیشـتینە ئەوێ و بـووە تەقە و هەرا، چـی بـووە ئەو تەقەو هەرایە چـیە ؟! هەواڵەکە باشـەو لێبـوردنی گشـتیە، خالیـد شـێخۆ گـوتی وەڵا لەزگین تازە سودی نیە. هەندێک پیاوی تۆ لەکن مـنن بریا سێ چوارمانگی پێ چوبا ئێنجا لێبوردنی گشـتی درابا تازە سودی چییە لەزگین گوتی بەڵێ ئەوانە خزم وقەومی منن، عیسـاش گەیشـتە لای مە گـوتی هەمـوو کوردستان سوتاوە وەکو ژنێکـی ڕەش پـۆش کراسـی ڕەشی پۆشیوە، لەوکاتەدا جاشێک بە بیکەیسـی تەقەی لە شوێنێک دەکرد پوش بوو نەسوتا بوو عیسا قسەی بەوانە دەگـوت کە تەقەیـان دەکـرد، کـابرایەک گـوتی عیسا جنێوان بە ئێمە مەدە، ئەمە لێبوردنێکی گشـتییەو بەهەموو زمانەکان بەعەرەبـی وئینگلیـزی و فەرەنسـی بڵاو بووەتەوە، ئەوانیش پێیـانخۆش بـوو، بـۆئێمەش خـۆش بـوو، لەوکـاتەدا هەواڵـی ئەوەشـم زانـی کە جاشـەکان چـوون هاشـم و سدقیشـیان هێنـاوەو لە دۆڵێکـی نزیکـی فەوجەکە دایاننـاون. نـان وچـاو یاتاغیـان بـۆ بـردوون هەرمـن مـابووم لەگەڵ ئەوانـدا منیش جل وبەرگیان لەبەرداکەندم و جلی پاکیـان بـۆ هێنام و ئەوانەی خۆشمیان بۆ شۆردم .

**کێ بۆی شۆردی جاشەکان ؟**

ئائا بەڵـێ جاشـەکان جلەکانیـان بـۆ شـۆردم و جلی خۆشـمیان شـۆرد. کە جلـی خۆیـان دامـێ تاقمێـک شـاجوریان بـۆ هێنـام لەپشـتم بەبەسـت بەبـێ چەک هەربۆئەوەی ئەگەر ئەمن و ئیستخبارات بینیانم بـزانم چەتەم، عەلامەتێکـی فەوجیشـیان بۆهێنـام لە قۆڵیـان بەستم، هەر فەوجێـک ڕەنگێکـی هەبـوو جاشـەکان لە قۆڵیـان دەبەسـت بـۆئەوەی یەکتـری بناسـنەوە ئەو فەوجەش ڕەنگی خۆی لە قۆڵی مندا .

**ڕەنگی ئەو فەوجە چۆن بوو ؟**

بەخوا ئیستا بیرم نەماوە ڕەنگەکەی چۆن بوو. بەس ئەو قوماشـەو چـوار شـاجوریان دامـێ بەڵام بەبـێ تفەنگ. چوم کەمێک سەری خۆم شت وکەمێک خاوێنم کردەوەو زۆر گیف ببوو کەمێک دامهێنا هەر بەدەسـتی خۆم شانەم پێنەبووئەو شەوە لەوێ ماینەوە بووە شەو دەبـوو بماینـایەتەوە سـبەی ڕۆژ بـووەوە بردیـانین گوتیـان ئەوە بارەگـای مـونەزەمەی فیـرقەیە، نـزیکەی چوارسەد کەس دەبـووین هـاتن خۆتەسـلیم بـکەنەوە، خەڵکێک منیان دیت لەوێ هەنـدێک بەبینیـنم کەیـف خـۆش بـوون وهەنـدێکیش هەبـوون کەیـف خـۆش نەبوون پێیانخۆش نەبـوو کە مـن دەربـازبووم، زۆری

نەبرد (ضابط امن و مدیری منظمة)[73] یەکێک لە ئەمنەکان خەڵکی ناوچەکەمان بوو گوتی گەورەم ئەمە قەهارە پێشمەرگە بووە، ڕاپۆرتێکمان بۆ هات کە ئەم قەهارە لە سبنە (ڕون نیە ٣:١٨) وتی هی تر وتیێ ڕۆژی ٥ی مانگ چەتە دەرمان و خواردنیان داوەتیێ و گوتویانە بڕۆ خۆت بشارەوە، دیار بوو زانیاری زۆر وردیان لەسەر من هەبوو، ئەو قسانەی بۆ ئەوە بوومن بکوژن، زابت ئەمن گوتی : (ئاخر تقریر) دواهەمین ڕاپۆرت ؟ گوتی ئاخر تەقریر ئەوەتا لەبەردەمتە گەورەم . شێخ راقی لەوێ دانیشتبوو هەڵیدایە و گوتی : ئەوە ئشیئ تۆ نیە، ئەو بە لێبوردنی تۆ نەهاتووەتەوە بەلێبوردنی سەدام حوسێن هاتووەتەوە ریزی نیشتمانی و سەدام حوسێن دەستی هەزاران کەسی وەک تۆی بڕیوەتەوە دەستی تۆش دەبڕێتەوە هەستە لێرە بڕۆرە دەرەوە . کابرا هەستاو چووە دەرەوە زابت ئەمن و مدیری مونەزەمە کەسیان قسەیان نەکرد، شێخ راقی کەسایەتیەکی ناسراوە خەڵکی کورێمیەو ئیستاش هەر لەلای ئێمەیە، ئەفسەرێکی سەربازی رائیدێک بوو لەوێ بوو بەمنی گوت هەستە بابە هەستە وەرە لەگەڵ من، بردینی بۆ کورێمێ لەوێ ڕەزێک هەیە زەوی خۆمانە بەڵام هاشم وەزعی زۆر خراپ بوو، منیش بریندار بووم، سدقیش بریندار بوو بەڵام قاچمان سەلامەت بوون بەڵام هاشم قاچی وێران ببوو، ڕۆیشتین هاشممان داگرتە خوارەوە ملازمێک لەوێ بوو گوتی : ئێوە چین ؟ گوتم ئێمە کوردین گوتی دەزانم بەڵام چین جاشن موخەریبن چین ؟ گوتم ئەوە پەیوەندی بە تۆوە نیە تورەبوو جنێوی بەکورد و بەمەلا مستەفاو مام جەلال و هەمووی دا، لەبن سێبەری دارێک بووین سەربازێک لەوێ بوو قەڵەوێک بوو گوتی کاکە وەرن بچنە بەر هەتاوەکە با ئەو لەسێبەرەکە بێت، ئەویش پێی ناخۆش بوو، گوتم بەسەرچاو ئەویش جنێوی بەسەدام و حکومەتی عێراقدا، گوتی بۆ ئێوە جنێوی پێنادەن ؟ سەدام بۆ ئێوە باشبووە ؟ گوتم ئێمە پەیوەندیمان بەو بابەتەوە نیە، ئێمە هەژارین و سەدام لێبوردنی دەرکردووە،گوتی کاکە تەماشاکە شاجوری تفەنگەکەی دەرهێنا گوتی ئەوەتا هیچ فیشەکی تێدایە ؟ ئەوەتا یەک گوللەچیە پێمان نیە دەزانی بۆ ؟ لەبەرئەوەی ئێمە شیعەین و سەربازی هەڵاتوو بووین ئێمەیان هێناوە بۆ ئەعلامەو ئەگەر کوژراشین هیچ لە حکومەت کەم نابێتەوە. شاجوری تفەنگەکەی هیچ فیشەکی تێدانەبوو گوتی سەربازی هەڵاتووبوین هاتووین خۆمان رادەستکردووەتەوەو جلی سەربازییان لەبەرکردوین و هێناویانین . دوای کەمێک گوتیان دەی ئامادەبن دەڕۆین سواربن هەندێک کەسی تریشیان هێنابوو، لێبوردنی گشتی بوو خەڵک دەهات خۆی رادەست دەکردەوە، منیش گوتمە سەربازەکە و سایەقەکە ئەوکوڕەمان بریندارە (مەبەست هاشمە) ئەگەر سەرخەینە سەر سەیارەو قەرەباڵغ بێت عەزیەتی دەبێ و بۆئەو زۆر خراپە، بەڵکو لەپێشەوە لەلای خۆتان سواری بکەن، وتی باشە بەڵام بچۆ بە ئەفسەرەکەش بڵێ چووم بۆلای و سەلامێکی سەربازیم بۆکرد گوتی ها چیت دەوێ پێم گوتە کە ئەوەی لەگەڵمانداییە بریندارە بەڵکو رەزامەند بیت بیخەینە پێشەوە گوتی باشە ئاساییە با لە پێشەوە سوار بێت. هەندێک خێزانی تریش هاتن بۆلامان و من و کەریم وسدقی لەدواوە سوار بوین و هاشممان خستە پێشەوە لێرەوە بردیانین بەرەو بامەڕنێ و بەنداو فیش خابورو سەرئاوی نێوان خابور سبنەی ئاوی سبنەی گەرمەو ئاوی خابوریش ساردە گوتیان دەبێت لەو ئاوە گەرمەی بخۆنەوە هەرچەند گوتمان بابە ئەم ئاوە گەرمەو ئەوەیان ساردە گوتیان نەخێر دەبێت لەوە بخۆنەوە بەهەر حاڵ ئاوی گەرممان خواردەوەو بردیانین بۆ سەربازگەی (باتوفە) لەوێ هەمووی دەبابەو سەرباز بوو لەوێ ڕایانگرتین، ماوەیەک ڕایانگرتین ئینجا نوسراوبێنەو نوسراو بەرەو دوای ماوەیەک یالا بابڕۆین سواریان کردینەوە و بریانین بۆ لیوای بیرسپێ لەلای زاخۆ بەرلەوەی بچینە ژورەوە

---

73 بۆیە ئەم ناوانەم هەر بە زمانی عەرەبی دانایەوە چونکە واتاکانیان باشتر دەگاتە خەڵک و لەراستیشدا لەو سەروەختەدا ئەو ناوانە ترسناک بوون .

لای سیمەکە رایانگرتین ئەفسەر دەهاتن و دەچوون ماوەیەک لەوێ ماینەوە کورێک هات ناوی مەهدی بوو مفەوەزێک بوو سەربە ئاسایش بوو، گوتی کێ برینداری هەیە بابێت، ئێمە هێشتا هەر چاوەروان بووین بمانکوژن ناچارین بچین، بەس من چووم گوتم بەزمانی عەرەبی پێمگوت برام مەهدی ئێمە زۆر برسیمانە ئەو خێزانانە منداڵیان پێیە هەرهیچ نەبێت کەمێک شیریان بۆ بهێنن، گوتی بابە تۆچی دەڵێیت ؟ خۆ رەوزەی منداڵمان نیە ئەمە سەربازگەیە بەڵام سەربازێک لەوی بە بەزەیی تر بوو چوو سەتڵێک ئاوی گەرمی هێنا شیری نیدۆی لە حانوتی عەسکەری هێناو گوتی : فەرموون ئەوە شیر، ئێمە هەرچوارمان ماینەوە هەتا سەعات هەشت دوایی مەهدی هاتەوە گوتی کێ قەهارە گوتم منم گوتی (تعال قهار) بەکوردیەکەی گوتی قەهار لەگەڵ من وەرە من چووم، کەچووم ژورێک بوو باخچەیەک لەبەردەمی بوو، عەمید رکنێک بوو نوێژی دەکرد ئێ خۆنابێت لەکاتی نوێژدا سەلامی لێبکەیت، لەنوێژەکەی بووەوە گوتی تۆ قەهاری گوتم بەڵێ گەورەم گوتی وەرە ژورەوە کەچوومە ناوەوە ژورێکی درێژبوو تەختەیەک دانرابوو تەلەفزیونی تێدابوو دووسێ نەقیبیش لە ژورەوە بوون، بانگی مەهدی کرد گوتی زابت تەوجهی سیاسی و زابت ئەمن و نازانم کێ وکێ کۆکەرەوەو بانگیان بکە بۆ ئێرە، هەموو هاتن یەکی نیوبەند وەرەقەیان پێبوو، گوتی قەهار گوتم بەڵێ گەورەم گوتی من کەسێکی ئیماندارم و حاجیم راستیم دەوێ درۆ لەگەڵ من مەکە، من حەز بەئینسانی درۆزن ناکەم و راستیم خۆش دەوێ گوتم بەسەرچاو درۆت لەگەڵداناکەم گوتی کوێت بریندارە گوتم گەورەم چ شوێنێکم بریندار نیە تورە بوو گوتی یەکەم وەڵامت درۆ بوو، پەنجەی راوەشاندو بەعەرەبی گوتی (لک حیوان) بە کوردییەکەی واتا هێی ئاژەڵ !؟ گوتم تۆ راست دەکەی گەورەم، دوبارەی کردەوە پێم بڵێ کوێت بریندارە ؟ گوتم پشتم بریندارە ، گوتی کێی تریش ؟ گوتم هاشم و سدقیش بریندارن گوتی کێی تریش گوتم نازانم گەورەم ئێمە چوارکەسین. گوتی باشە (

نارونە سەرەتای ڤیدیوی ٧) منیش دەستم پێکرد هەموو ژیانی خۆم لەکوریێمێ هەتا ئێرە ، گوتی باش .. پاشان گوتی بیانبەن ئەوەندەو تەواو بردیانین بۆ ژورێک هیچی تێدانەبوو ئاسنێک و کۆنکرێتەکەی نەنان و نە ئاو نەخواردن لەسەر کۆنکرێتەکە لێی پاڵکەوتم و پێڵاوەکانم نایە ژێر سەرم هەتا بەیانی رۆژ بووەوە حاڵم نەبوو ئازاری برینەکەی پشتم هەبوو، برینەکانمان تەدواوی باش نەکرابوون. ژورەکەش زۆرتاریک بوو هیچ کارەبای تێدا نەبوو. هەتا بەیانی نەخەوتم لەعەزابێکی زۆردابووم ئازار ناگێردرێتەوە سبەی رۆژ بووەوە دەرگایان کردەوە سەمونێکی بچوکیان هێنا کەمێک پیازو پەتاتەی تێدابوو لەگەڵ گڵاسێک چا، بێ شەکر، تاڵ و ناخۆش. دایناو رۆیشت من دەیخۆم مەجبور بووم برسی بووم. چوارشەو نانا دوو شەوان لەوێدا مامەوە من کە ئەوەم بینی و و لەگەڵ هاشم و سدقی و کەریمی لێکیان جیاکردینەوە من گوتم تازە یەکەتر نابینینەوە. ئەوانیان کوشتووە، ئەوانیش هەر وایانگوتبوو قەهاریان کوشتووە. شەوی دواتر دیسان بانگی کردمەوە، ژیانی خۆم لە پێشمەرگایەتیدا کرد، یەکێکی تریش هەموو قسەکانمی دەنوسییەوە هەر لەلای خۆمان دانیشتووب، عەمید گوتی باشە ئەخیر پرسیار .. ماوەیەک راوەستاو ئینجا گوتی هاشم ... گوتم بەڵێ پرسی راست پێمبڵێ ئێوە ئامانجتان چیە ؟ ئایا کورسیەکەی سەدام و جێگەی سەدامتان دەوێ ؟ گوتم نا هەرگیز تەماح و چاومان لە کورسی سەدام نەبووەو نیە تەنها دەمانەوێ لەسەر خاک ونیشتمانی خۆمان بە زمانی خۆمان بدوێین و بە ئیحترامەوە بژین .. کەمێک تەماشای کردم و پێکەنی .. ئنجا بانگی کرد سەربازێک هات گوتی عەمیدم بۆ بانگ بکە عەمید هات گوتی فەرموو ؟ گوتی شوفو الاکراد القومیة زین. هدولا مایریدون کرسی مال صدام مومثلکم انتم تریدون الکرسی مال صدام بس هم یریدون البس و اللغة و الکاع) هەڵبەت من عەرەبی باش تێدەگەم، ئەو رۆیشت و پێمگوت بەڵکو دەرمانمان بکەن، وتی دەرمانتان دەوێ وتم بەڵێ ئەگەر بمانبەنە (الوحدة

الميدان الطبيه) بمانبەن بۆ یەکەی پزیشکی ناردینی بۆ ئەوێ لەوێ نەقیبێکـی لێبـوو، وتـی پـاڵکەوە برینـی هاشـمی تەماشـا کـردو بەهەمـوو هێـزی خـۆی یەک دەرنەفیزێکـی لەبـرینەکەی ڕۆکـرد و بە بـۆکس لە دەرنەفیسەکەی دا زۆر ئازاری ئازار پێگەیشت خـوێن فیچقەی کرد.

**کەواتە ئەوە ئەشکەنجەی داون نەک تەداوی ؟**

ئائا ئەشکەنجەو سوکایەتی پێکردن بـوو، منـیش زۆر تورە بـووم گـوتم هاشـم هـاوار نەکەی هـاوار بـکەی بۆخـۆم دەسـت دەخەمە بینـت دەتخنکێنم نابێـت ئەم درنـدانە کەیفیـان بە ئـازاری ئـێمە بێـت، سـدقی پەنجەیەکی قرتابوو دەستی ئاوسابوو.دەستی ئەویشی گردو بەهەموو هێزی رایکیشا پێستی دەسـتی دامـاڵی ئەویش ئازاری زۆر گەیشت، من گوتبـووم سـێ کەس برینـدارین لە نوسراوەکەشـدا سـێ کەس ناویـان هاتووە، ئەی برینـداری سـێهەم کـێیە؟ گـوتی ئەی کـوا برینداری ترتان ؟ گـوتم مـنم تەماشـای کـردم تـۆ پشتت بریندارە بۆچی سنگت کردووەتەوە ؟ جنێـوی پێدام و گوتی سەگی کوڕی سەگ، کوا پشتت چییەتی شەقێکی تێهەڵـدام و بەدەسـتی کێشـایی بە بـرینەکەی پشتمدا جەراعەت و ئاو بەپشتمدا هـاتەخوارەوە هەتـا نـاو پێڵاوەکـانم، مەهـدی لەوێ ڕاوەسـتابوو گـوتی : سەیدی ئێمە هەشـت سـاڵە لەجنگێکـی ویرانکـارداین لەگەڵ ئێـران، سـەدان برینـداری ئێرانیمـان تەداوی کردووە خۆ هەر هیچ نەبێت ئەمـانە عێـراقین دەسـتی گرتم و گوتی وەرە بابڕۆین ئۆتۆمبیلێکی مـالیبۆ لەوێ بوو سواری کردم و ڕۆیشـتین یەکسـەر چـووینە لای ئـامرلیوا، مەهـدی گـوتی گەورەم تـۆ بڕیارتـدا ئەم فەقیـرانە تەداوی بـکەن یـان ئەشـکەنجەیان بـدەن ؟ مەهدی گـوتی گەورەم بە دەرنەفـیس تەداوی دەکرێـت هەقیقەت ئامر زۆری پێناخۆش بوو گـوتی کـوا پشـت بکە من تەماشای کرد هەمووی کێم وجەراعەت وپیسـی بەپشتمدا هاتبووە خوارەوە بە مەهدی گوت بیبانە بـۆ یەکەی پزیشکی تیپ لە هیزا، ئێمەیـان بـرد بـۆ ئەوێ خێمەیەکـی درێـژ بـوو دکتـۆری لێبـوو، دکتـۆرێکی بەغدادی بوو زۆر پیاوێکی بەرێز بوو، حەبی دەخستە سەردەستی خۆی و ئاوی دەداینێ و دەیگوت فەرموون هەرمن و هاشم بـووین، چـوو لەسـەر حسـابی خـۆی خواردن و پێداویستی بۆمـان کـڕی دووشـەو لەوێـش ماینەوە دووشەویش لە بارەگای لیوا ئەمە چـوار شـەو، شەوی پێـنجەم ئـامر بەسـەیارەی خـۆی نـاردینی بـۆ بێرسیپێ لای زاخۆ لەوێشـەوە ڕەوانەیـان کـردین بـۆ قەڵای نزارکێ، هۆسەیەک بوو دەتگوت ڕۆژی حەشرە، مانگی نۆیە بەڵام ئاویان کردبووە تەنکیەکانەوە چلەی هـاوینیش ئەوەنـدە گەرم نەبـوو کەچـی قەدەغە بـوو تۆزێک ئاوی لێ بخۆینەوە، خواردن نیە، دەرمـان نـیە ڕەنـگە ملیونێـک کەسـیان لەو قاعـانەدا دەستبەسـەر کردبێت، بێ نرخترین شت لە نزارکـێ ئینسـان بـوو، (ناڕونە دەقەی ٧:٣٠ ) دەڵـێن قیـامەت قەڵای نزارکـێ قیامەت بوو، لەوێ ئەبابکرمان دیتەوە ئەویش برینـدار بوو قاچەکانی ڕزیبوون بۆگەنیان کردبوو ئەو لەپـێش ئـێمەوە لەوێ بـوو . بـرین پێچێـک لەوێ بـوو بەدزی دەرزی بـۆ ئـێمە هێنا نەیتـوانی سـرنجەکە بهێنێـتە ژوورەوە بیشـتیوانیبایە نەیـدەتوانی لێمـان بـدات، یەکێکی تریش هەبوو حاجی ئەحمەد خەڵکی بەرۆژکێ بوو، چای وشکی بۆ ئێمە هێنا نەمانتوانی چا لێبنێـین ڕۆژێکی تر برنج وگۆشتی بۆهێنـاین، بەڵام چـۆن ئەو بۆخۆی لەوێ حەرەس بـوو بۆخۆیـان هێنـابوو ئـێمە خوارمان بۆخۆی نەیخوارد.

**بـۆچی کەس دەیتـوانی خـواردن بێنێـت بـۆ قەڵای نزارکێ ؟**

نانـا کەس نەیـدەتوانی تەنهـا ئەوانەی سـەربەخۆیان بوون حاجی ئەحمەد بەرۆژکێ لەوێ حەرەس بـوو ئەو نەگیرابوو خوارنیان بۆخۆی هێنابوو ئـێمە خـواردنی ئەومان خوارد. ڕۆژێک گوتیان مادام لێبوردنی گشـتیە ڕێگەتان دەدەین بۆخۆتـان سـەمون بهێـنن کـابرایەک هەبوو سەلیمی ناوبوو گەلێک زەنگین بوو گوتی بڕۆن سـەموونمان بـۆ بهێـنن مـن پـارەکەی دەدەم، چـون سـەمونیان هێنـا، هەر مرۆڤێـک یەک سـەمونیان دایە، ئەوە گەلێک خۆش بـوو بـۆ ئـێمە، ئەوەی بـاش بـوو ئێمە هەر پێنج ڕۆژ لە قەڵای نزارکێ مـاین و گوتیـان دەتانبەینە بەحرکەی ئێمە گوتمان بـا بمـانبەن و تەواو

بین لەم عەزابە ناوی خۆمان نوسی گوتمان چ دەبێ بابێ، وامانزانی دەمانبەن فریمان دەدەنە بەحرەوە ناوی بەحرکێمان نەبیستبوو هێنایانین بۆ هەولێر گوتیان ئەمە بەحرەکەیە ئینجا زانیمان بە حرکە کۆمەڵگایە دوایی ئێمەیان بردە جێژنکا ئەویش کۆمەلگایەکی زۆرەملێ بوو وەک بەحرکێ وابوو، لەوێ دایانگرتین هاشم و ئەبابەکر برینیان سەخت بوو بردنیانە خەستەخانەو منیش سوێندمخوارد نەچمە نەخۆشخانەی عێراقی گوتم قەیناکا بابمرم، خێزان ومنداڵەکانیشمیان لەمانگیشک دزییبووەوە هەر لەوێ بوون، باش بوو خێزانی ئێمە هەمووی داڵدە درابوون و نەگەیشتبوونە قەڵای نزارکێ و کەمپی سەلامێ داکیان لە مانگێشکێ بوو، ئاقار لە زاخۆبوو هەندێکیشمان لە سلێمانی بوون، هەندێکمان برابوونە دهۆک وهەندێکیشمان لە موسڵ بوون، هەر لەمانگێشک دزیاننەوەو هەموویان دابەشکردنە سەر خزم وکەسوکارمان لە سلێمانی وموسڵ و دهۆک و زاخۆ، لێبوردنەکە ماوەی مانگێک بوو کە بردنیانە بەحزرکەو جێژنکان هەتا ئێوارە لەوێ بووین ئێوارە وەک مرۆڤێکی ئاسایی چوومە موسڵ، لەوێ هەندێک کەسمان هەبوون، یەک لەوانە خانزاد بوو شوی بە کەسێکی کردبوو ناوی عومەر هەرکی بوو (رەفیق حزبی)[74] بوو، بەڵام کەسایەتیەکی خراپەکار نەبوو، باوکی خانزادیش حکومەت برد بووی [75] ئەودەرمانی بۆدەکریم و دەهات لەماڵەوە تەداوی دەکردم، سەری مانگ موچەی وەرگرتبوو وابزانم ٦٢ شەست ودوو دینار بوو، چوو بوو دەستێک جلی کوردی جۆری بادینانی و کراسێکی کریبوو، هێنای گوتی من هاوکاری برای پێشمەرگەی خۆمم کرد و لەشی ئەوم ساغ کردئەوەش دیاری منە بۆتۆ. دوایی چوومەوە جێژنیکا. لەوێ وەزعمان ناخۆش بوو، دابەزینمان بەوەرقە بوو زۆر جاریش بۆ ماوەی یەک سەعات بوو .

**کەواتە ئێوە لەوێ دەستبەسەر بوون نەک هاوڵاتیەکی نیشتەجێی کۆمەڵگاکە ؟**

ئائا ئێمە ئازاد نەبووین دەستبەسەر بووین و دابەزینمان بە ئارەزووی خۆمان نەبوو. بگرە زۆریش مەترسیدار بوو کەچووم بۆ موسڵ ماوەی ئەو نیومانگە هیچ نەبوو بەڵام کەهاتمەوە بەیانیەک بینیم وەزعەکە ناخۆش ئەمن و بەعسی چواردەوری کۆمەڵگاکەیان گرتبوو کۆمەڵێک پیاویان گرتوو بردنیان.

**ماوەی چەند ئێوە لە جێژنکا مانەوە ؟**

ئێمە سێ ساڵ لە جێژنکا دەستبەسەر بووین، هەتا ساڵی ١٩٩١ لەوێ بووین .

**کەواتە ئێوە هەتا راپەڕین هەر دەستبەسەر بوون نەک ئازاد ؟**

ئا بەڵێ ئێمە دەستبەسەر بووین، بۆم باسکردی رۆژێک هەستاین بەیانی بوو کۆمەڵێک کەسی ترسناک لەدەوری کۆمەڵگاکە بوون، هەرچی پیاویان بەردەست کەوت بردیان و نەگەڕانەوە .

**پێش ئەوەی راپەڕین بێ بۆنموونە سلێمانی لەپێش هەولێرو دهۆک راپەڕینی کردو چەند رۆژێک دوای ئەوە هەولێرو دهۆک لەو ماوەیەدا حکومەت هیچ هەوڵی نەدا ئێوە بشارێتەوەو بتانفرێنێ ؟**

---

74 بەعسیەکان پلەی حزبیان هەبوو کاتێک دەبووە ئەندام پیان دەگەوت هەڤال یان هەڤاڵی حزب بەزمانی عەرەبی بەهەڤاڵ دەڵێن رەفیق بۆیە بە ئەندامانی حزبی بەعسیان دەگوت (رفيق الحزبي) ئەو دەربرینە لەناوکوردەکان ناسراوترە بۆئەوەی بزانرێت کەسەکە لەحزبدا ئاستی مەترسیداریەکەی گەیشتووەتە رەفیق .

75 خانزاد نەوەی یەکێک لەوپیاوانەی بارزان بووە کە ساڵی ١٩٨٣ کۆکرانەوەو کۆمەڵکوژکران، کۆکردنەوەی ئەم گروپە لەلایەن دەزگای ئەمن وموخابەراتی بەغدا بەسەرپەرشتی فازل بەراک بەرێوەبەری گشتی ئاسایش و بارزان تکریتی بەرێوەبەری موخابەرات ئەنجامدرا کەوا لەبەرەبەیانێکی زوودا دایان بەسەر قوشتەپەدا هەموو پیاوەکانیان بردن و بێ سەروشوێنیان کردن و لەرۆژانی دواتریشدا هەموو پیاوانی بارزانیان لە کۆمەڵگاکانی قودس و هەریرو دیانا بەهەمان شێوە کۆکردەوەو سەرئەنجام بیسەروشوێنیان کردن . لێرەدا کە قەهار دەڵێت حکومەت بردبووی مەبەستی لەوەیە بێ سەروشوێنی کردبوو.

نا هیچ هەوڵێکی وانەبوو، حکومەت لەناو سەنتەری پارێزگاکانیش دەسەڵاتی نەمابوو، پیاوانی حکومەت رایان دەکرد و خۆیان دەشاردەوە نەک ئێمە خۆمان خۆمان بشارینەوە .

**هەتا راپەرین نەبوو ئێوە هەرلەوێ بوون ؟**

بەڵێ کە راپەرینەکە بوو ئێمە چووین بۆ دهۆک .

**یەکسەر بوونە پێشمەرگە ؟**

نا بریاری مەسعود بارزانی ئەوە بوو ئەوەی لە بەحرکەو جێژنیکایە بە پێشمەرگەی ئێمە ئەژمار دەکرێ . کە چووینەوە دهۆک دکتۆر کەمال کەرکوکی هات بۆ ئەوێ هەڵبەت هەڤاڵی من بوو پێشتر لە پێشمەرگایەتی دەمناسی . (غەدارە)[76]یەکی کوبی بچوکی بۆمن هێنا .

**باسی ئەوەت کرد کەتۆش چوویە دادگاو شایەتیت لەسەر تاوانەکانی سەدام و علی حەسەن مەجید دا؟**

بەڵێ منیش چوومە بەغداو شایەتیم لەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی کوریمێ دا.

**هەستی تۆ چۆن بوو پێشئەوەی باسی ناو دادگام بۆ بکەیت باسی هەستی خۆتم بۆ بکە ؟**

من ئێستا ئەوە بۆ راگەیاندن نالێم بەڵام خێزان و منداڵ وهەڤالی من شاهیدن کە زۆر زوو گوتوومە رۆژێک دێت من دەچمە بەرانبەر سەدام و دەست دەکەم بەچاویداو دەڵێم ئەو تاوانەت بۆ کرد، ئەو رۆژانە پێیان دەگوتم تۆ شێت بووی تۆ خڵەفاوی ؟ تۆ چی هەتا بچیتە بەردەم سەدام و قسە بکەی بەڵام چوم و هاتیشمەوەو سەدامیشم بینی نەک هەر لەقەفەسی دادگا چوومە لای لەزیندان !

**چۆن بۆم باس بکە ئەوە زۆر گرنگە ؟**

بەڵێ چووم، محەمەد عوریبی ئەوەی سەرۆکی دادگایی کردنەکە بوو، هاتە ئەم ماڵەی من وەک ئێستای تۆ، هەڵبەت ئێستا بووەتە هەڤاڵم وەک تۆ، ئەو پاسەوانی ئەمریکی دنیایەک حیمایەی هەبوو گوتمە وی کەس مەهێنە لەگەڵ خۆت من حیمایەی تۆ دەکەمهات بۆئەوەی لێکۆڵینەوەم لەگەڵ بکەن و بزانن من بۆ شایەتی دەشێم بۆ دادگاکە کەزانیان کەیسەکەمان بەهێزە من پێمگوت تەنها دوو داواکاریم لەتۆ هەیە، گوتی چیە ؟ گوتم یەکێکیان من بەمەرجێک دێمە بەغدا وشایەتی لەسەر ئەو تاوانە دەدەم ئەگەر بەناو بەغدادا بگەرێم و ئەوی تریش سەدام نەلەقەفەزدا بەرەورو ببینم گوتی باشە بەسەر چاو، کەرۆیشتین بۆ بەغدا ئێوارەکەی فرۆکەیەکی هێلیکۆپتەری بچوک لەحەوشەکەدا نیشتەوە گوتیان سەرکەوە، سایەقەکەی ئەمریکی بوو لەگەڵ پاسەوانێک بەسەر بەغدایاندا گێرام و دوایی هات لە شوێنی خۆی نیشتەوە، حاکم محەمەد عوریبی گوتی ئەوە یەکێکیان تەواو بوو سبەی سەدامیش دەبینی گوتم سوپاس . بۆسبەی چوینە شوێنی سەدام ژورێک بوو قەرەوێڵەیەک دانرابوو سەدام لەسەری راکشابوو ژورەکەی حەمامێکی تێدابوو، هەندێک گۆڤارو رۆژنامەی لابوو، قورئانێکیش لەپشت سەری بوو .

**واتا تۆ چوویتە ژورەکەی ؟**

بەڵێ بەڵێ من چوومە ژوری نوستنەکەی، سەدام بە محەمەد عوریبی گوت ئەمە بۆتۆ عەیبە سیخورو موخابەراتی ئەمریکی دەهێنیتە سەرمن کەمێک هەست بە عەرەب بوون و نەتەوایەتی خۆت بکە، هەست بەعێراقی بوونی خۆت بکە، محەمەد عوریبی وەڵامی دایەوە دەزانی چی گووت ؟

نا نازانم بەڵام تکایە زۆر بەوریایی بۆم بگێرەوە ؟

گوتی نا ئەمە ئەمریکی و سیخوری ئەمریکی نیە، ئەمە و دایک وباوکی لەمن و تۆ عێراقی ترن، ئەمە کوردە من کراس وپانتۆڵم لەبەردا بوو سەدام گوتی کوردەکان لە ئەمریکیەکان خراپترن ( الاكرا انگز من الامريكان )[77]. کەمێک سەیرم کردو شوێنەکەیم تەماشاکردو رۆیشتین .

76 مەبەستی لە غەدارە کلاشینکۆفە لە بادینان بە چەکی کلاشینکۆف دەڵێن غەدارە بەڵام غەدارە چەکێکی جیاوازە لەکۆندا بەکار هاتووەو هەر ئەو ناوە کۆنەیە لەکلاشینکۆف نراوە تەنها هۆکاریش ئەوەیە کە چەکێکی بچوکەو دەتوانی بەریز گوللە بهاوێژێ .

77 وشەی انگز لەزمانی عەرەبیدا نانوسرێ لەبەرئەوەی وشەیەکی (ناشرینە) و زمانێکی جلفەیە بەنوسین

**ئەی هیچ قسەیەکت لەگەڵدا نەکرد ؟**

نانا نەخێر هیچ قسەیەکم لەگەڵدا کرد.

**بۆچی پێشتر هیچیان پێگوتبووی کەقسەی لەگەڵدا نەکەیت ؟**

ئەوە دەبێت وەڵام بدرێتەوە.

**دواتر کە چویتە دادگا چی رویدا ؟**

کە چوینە دادگا یەکەم کەس پەنجەی بۆمن راکێشا (نارونە٣:٢٣ ڤیدیوی ٨ ) شەوەکەی ئاگادار کراینەوە کە دەبێت سبەی کاتژمێر ٨ی بەیانی ئامادەبن بۆ ڕۆیشتن بۆ بەغدا بۆبەیانی هەستام ریشم تاشی و خۆم گۆڕی دەستێک جلی کوردیم بە ١٥٠٠ دۆلار بەپانزە وەرقە کڕی بوو لەبەرم کردو ئامادە بووم بۆڕۆیشتن، کەچووینە ناو دادگاکەوەو سەدام و ئەوانەی تریشیان هێنا یەکەم کەس بووم کە بۆ شایەتیدان خستیانمە ناوکابینە کە سەدام گوتی ئەوە لەدهۆکەوە هاتووە، ئەوە سکاڵاکارنیە چونکە یەکێکە لە زەنگینەکانی دهۆک و لەسەر جادەوە هێناویانە بۆ بەغدا بۆیە هیچ رەوایەتیەک لە سکاڵاو شایەتی دانەکەیدانیە، دادوەری گشتی ویستی وەڵامی بداتەوە بەڵام من ڕێگەم پێنەداو گوتم بۆخۆم وەڵامی دەدەمەوە، گوتم ئێستا من قسەی خۆم دەکەم ئەوسا بزانین تۆ ئیسلامی یان من ؟ دوایی سوێندخواردن و پرسیارو وەڵام و سەرەی قسەی وانیش هات، سەدام گوتی ئەوە دەڵێت : سوپای عێراق هاتووە گوللەبارانی کردوون و کوشتوونی و ئەمەش گوایە دەربازبووە بەڵام چ بەڵگەیەک هەیە کە ئەوە سوپای عێراق بووەو ئێرانی نەبووە من دەڵێم سوپای عێراق هاولاتیەکانی ناکوژێ ئەوە سوپای ئێران بووە هاتووە ئەو تاوانەی ئەنجامداوە نەک هی عێراق . من وەڵامم دایەوە وگوتم بەرێز سەرۆکی دادوەر من عێراقیم و کەسوکارم سەربازی عێراقی بوون و ئێمە سوپاو سەربازی عێراقی دەناسین، جلی وان هی سەربازی عێراقی بوو، چەکی دەستیان کلاشینکۆف بوو، زمانی وان عەرەبی بوو، ئێمە دەزانین کە سوپاوسەربازی عێراقی بوون، سەدام گوتی ئەم شایەتە دەڵێت سەرباز هاتن تەڵقەی رەحمەیان لێدان ئایا تۆ هیچ تەڵەقەی رەحمەت بەرکەوت گوتم بەڵێ ئەوە ناوچاوانم دیارە ناوچاوانم پێشاندا، دوای ئەوە عەلی حەسەن مەجید گوتی من پرسیارێکم هەیە، هەستاو پرسی ئەم شایەتحاڵە دەڵێت فیشەک بەرپشتم کەوتووە،ئایا دەتوانیت شوێنی فیشەکەکەمان پیشان بدات، یەکسەر هەستام هەتا قەمیس و کۆتی خۆم دابنێم، حاکم گوتی نا راوەستە دەتەوێ پیشانی ئێمەی بدەیت یان دەتەوێ پیشانی هەموو دنیای بدەیت ؟ چونکە کامێرا هەبوو پەخش دەکرا، گوتم نا باهەموو عالەم ببینێ، کەکراس و چۆغەم داناو شوێنی گوللەو نەشتەرگەریەکە دەرکەوت سەدام گوتی من سکالا لەسەر ئەو شکاتکارە تۆمار دەکەم، حاکم گوتی سکاڵای تۆ چیە ؟ گوتی من سەرۆکی عێراقم ئەمەش کەسێکی عێراقیە بەبێ رەزامەندی من چووە نەشتەرگەری پشتی کردووە، هەڵبەت من هەموو راپۆرتێکی پزیشکی و ئەشیعەو تەنانەت ئەو گوللەیەش کە لەپشتیدا بووم و دەرنەچوو بوو بەنەشتەرگەری دەرهێنرابوو لەناو کیسەکەدا بوو، حاکم روی کردەوە من و گوتی وەڵامت چیە ؟ کیسەکەم دەرهێنا ئیشاعەکەم بڵندکردو گوتم ئەوە ئەشیعەکەمە و راپۆرتم بڵندکردو گوتم ئەوەش راپۆرتی پزیشکیمەو ئەوەش گوللەکەیە کە دکتۆر لەپشتم دەریهێناوە، ٢٧ی مانگی نیسان من لەرێگەی لیژنەی تەنسیقەوە هاتوومە بەغداو لە نەخۆشخانەی جادریەی ئەهلی بووم ونەشتەرگەریم بۆکراوە بەڵام ناوی دکتۆرەکەی بەتۆ نالێم لەبەر سەلامەتی ژیانی ئەو. سەدان کەس لەوێ نەشتەرگەریان بۆ دەکرێ نەبەئەمری تۆو نەبە ئاگای تۆمن عێراقیەکم داکۆکی لەعێراق دەکەم و داکۆکیم لە عێراق کردووە لەدژی تۆ. محەمەد عورێبی گوتی عەفیە فەرموو دانیشە، سەدام سەری خۆی شۆرکرد پارێزەرەکەی ئەوەی سەر روتاوە ئوردونیەکە لەوێ بوو گوتی هەستە هەستە هیچ ماوە بیڵێیت ؟ دوایی ئەمریکاییەکانیش دەهاتن دەستخۆشیان لێدەکردم ئالایەکی کوردستانم

---

دەنوسرێت (الاسوء) بەڵام من ویستم وەک خۆی زمانی جلفەکەی بنوسم .

بەیەخەمەوە کردبوو ئەو ئالأیەیان ماچ دەکرد. دوای ئەوەی لەدانیشتنەکە تەواو بووین پاریزەریک هاتەلام گوتی ئەگەر لێیان پرسی تۆ چیت دەوێ بڵێ من هیچم ناوێ تەنها (نەتیجەی خۆم لەدادگا) دەویت.دوایی کابرایەکی رەش دریژ پاریزەر بوو هاتەلام گوتی تۆچیت دەویت گوتم هیچم ناویت ئێستا ویژدانم ئاسودەیە هیچم ناوێ تەنها نەتیجەی خۆم لە مەحکمە دەویت گوتی بەسەرچاو. هەڵبەت من ئەوەم نەدەزانی ئەو پاریزەرە پێی گوتم، دوایی بۆ نەتیجەی مەحکەمەکەم پێیانگوتم تۆ ٩٤% لەسەدت هێناوە، بەزۆری شایەتی دانەکانیان لە ٦٤%یان هێناوە، بەلأم داتر محەمەد عوریبی دەستی بۆ سمێڵی برد گوتی ئەم سمێڵە هی من نەبێت ئەگەر سەد لەسەد نەدەمە تۆ. گوتم کەنگێ ؟ گوتی من دوایی تەلەفۆن بۆ تۆ دەکەم . ژمارەی تەلەفۆنی منی نوسی و هەموو شت تەواو بوو، هاتینەوە شەوێک کاتژمێر ١١ حاکم محەمەد عوریبی تەلەفۆنی بۆمن کرد گوتی کاک قەهار ئەوە تۆ ١٠٠% ت وەرگرت کەی بوو ئەو شەوە ؟ ئەو شەوە بوو کە سەدام لەسێدارەدرا .

**ئەوشەوە دادوەر محەمەد عوریبی تەلەفۆنی بۆتۆکرد ؟**

بەڵێ ئەو شەوە بوو کەتەلەفۆنی بۆکردم و نەتیجەی شایەتی دانەکەی خۆمی دامێ . سبەینێ لەخەو هەستام کچەکەم هات گوتی بابە گوتم بەڵێ بابە گوتی سەدام پەتی سێدارەی لەملدایە گوتم بابە من سەعات ١١ی شەوێ زانیم کە سەدام تەواو بوو.

**من ڤیدیۆی شایەتی دانەکەی تۆو ئەوانەی تری گوندی کوریمم دیووە ئەوەی لەدادگا شایەتی دەدەن و قسەدەکەن، بەسێدیش لەلام هەیە، ئایا تۆ بەسێدی لەلات پارێزراوە ؟**

بەڵێ منیش هەمە بەسیدی .

**دوای ٢٥ ساڵ لەو تاوانەو لەو رووداوە ناخۆشە دەبینم نەک هەر گوندی کوریمێ بەڵکو مەزاری شەهیدەکان زۆر پشتگوێ خراوەو هیچ ریزێک بۆ ئەوان دانەنراوە من چووم و بەچاوی خۆم دیتم ؟**

نەک هەر پشتگوێ خراوە هەر زۆر بێرێزی بە خوێن و شەهیدی ئێمە کراوە، من دەڵێم نەک لەبەرئەوەی برای من و بابی من لەناو ئەو شەهیدانەیە ئەمەم بۆ راگەیاندن نیە لەتەلەفزیۆن و رادیوش گوتوومە من وەک حەقیقەتێک دەڵێم ستەمە نەدەبوو حکومەت وا تەماشای شەهیدەکانمان و روداوی خوێناوی گوندی کوریمێ بکات . من لەهەموو کەناڵەکان گوتوومە من بۆ ئەوە نەبوومە پێشمەرگە بۆئەوەی خۆم لەسەر خەڵک فەرزبکەم و مافی خۆم پێش مافی خەڵک بکەم بەلأم بۆیەش پێشمەرگە نەبووم کە لەمافی خۆم بێدەنگ بم، داوای ئێمە چییە ؟ ئەو مەزارە چاک بکەن وابێت خەڵک ببینێ کە شوێنی شەهیدەکان پاک وپوختەیەو شایانی مۆنۆمێنتێکن . ئەوەی خوێنی داوە بۆ ئەوەی نەداوە ژیانی لەوەی تر خۆشتربێ بەلأم ئەوەی خوێنی داوە هەقی خۆیەتی رێزی لێبگیرێ . خوێن لەبەرانبەر پارەدا نیە، خوێن لەبەرانبەر هەموو شتێکی دنیایەدایە .

**مەبەستت بۆ ئازادی و شکۆی ئینسانەکانە ؟**

بەڵێ بێگومان خوێنی شەهیدان بۆ ئازادی هاولأتیانە ئەوەی لەدوای وان دەمێنێ .

**بێجگەلە چاککردن و دروستکردنی مۆنۆمێنت بۆ شەهیدەکان و ئەنفالکراوەکان خۆ هەموو گوندەکانی کوردستان لە پەلامارەکانی ئەنفالدا روخان ئەی نابێت لەدوای روخانی رژێم و دروستکردنەوەی حکومەتی عێراق، گوندە روخاوەکانیش لەسەروەت وسامانی ولأت و بودجەی حکومەتی عێراق بە حکومەتی کوردستانیشەوە گوندەکان چاک بکرێنەوە ؟**

بێگومان دەبێ چاک بکرێنەوە من هەرگیز ناڵێم بۆ گوندی فلان چاککراوەتەوە هی ئێمە چاک نەکراوەتەوە من باش دەزانم روخاندن ئاسانە بەلأم بنیاتنانەوەو چاککردنەوە گرانە، بەلأم ئەگەر پارەش نەبێ خۆ هەر ئێستا نەوتی کوردستان بەرانبەر نەوتی ولأتانی عەرەبیەو لەتوانایدایە گوندی کوردستانی پێ چاک بکرێتەوە. ئەوە نەک هەر بۆ گوندی ئێمە بەڵکو لە زاخۆ هەتا خانەقی دەبێ وەک یەک بێت .

**بەلأم گوندێکی وەک کوریمێ یان وەک جەلەمۆرد یان وەک زۆربەی گوندەکانی گەرمیان حاڵەتەکانیان جیاوازن ؟**

ئەوە ڕاستە گوندی کوریمی و چەلکێ ئەو هەموو شەهیدەیان هەیە بەڵام گوندێکی تەنیشتیان یان بەرانبەریان ڕەنگە دوو شەهیدیان هەبێت یان ڕەنگە هەر نەیان بێت، کەچی ڕەنگە ئاوەدانی بۆ ئەوان زیاتر چووبێت ! بەڵام ئەوانیشماڵیان روخاوە هەر شایانی قەرەبووکردنەوەو هاوکارین. بەڵام با بەنمونەیەکی سادە بڵێم من بۆتۆ کاربکەم و ئەم برادەرەش بێت بڵێت ماندوو نەبن و ئێوارە تۆ وەک خاوەن کار وەک یەک تەماشامان بکەیت و وەک یەک کرێمان بکەیە دەستەوە ئەوە غەدرە . بۆیە هەرکەسێک جائەوە کەسە ڕۆژنامەنوسە، نوسەرە یان پارێزەرە یان سەرۆکە دەبێت وێژدانێکی ساخلەمی هەبێت، ویژدان بۆ مرۆڤ پێویستە عەدالەت بۆ وڵات پێویستە . نابێت بڵێت وەڵا ئەوە برادەرمەو دەبێت حسابێکی زیاتری بۆ بکەم بەداخەوە ئەو نەخۆشیە لەناوئێمەدا بەهێزە، یاسا لەلای ئێمە نارون و نارێکە بۆهەموکەس وەک یەک نیە، ئەوە خراپە من داوا لەخوداو لەدەسەڵاتداران دەکەم ئەم نارێکی و ناعەدالەتیە نەمێنێ، داوا دەکەم پەیوەندی نێوان هەژاران و کەسوکاری شەهیدان تێک نەدەن داوای من هەر ئەوەیە.



ئەمشەو زۆر ماندوم کردی بەڵام دیدارێکی پێویست بوو، ئێمە دیدارەکەمان بەکراوەیی دەهێڵینەوەو هەر پرسیارێکی ترمان هەبوو بەتەلەفۆن یان لەیەکتربینینەوەی تردا تەواوی دەکەین .

باشە بەسەرچاو بەپێچەوانەوە تۆ ماندوو بوویت و من هەمیشە ئامادەم .

***زۆر سوپاس من هیچم نەماوە تەنها ئەوەندە نەبێت پێت بڵێم ئامادەی ئەم دیدارە بڵاو ببێتەوە ؟***

هەرچۆنێکت پێخۆشە ئاوا بڵاوی بکەرەوە بۆیە قسەم بۆکردیت بۆئەوەی مێژووی ئێمەش ون نەبێت سوپاس

سوپاس بۆ تۆش .



# ناچارم قسەیەك بكەم

عومەر محەمەد

سەبارەت بە وێنەی ئەوکاتژمێرەی چەند ڕۆژێکە لەسۆشیاڵ میدیا بلاودەکرێتەوە قسەی خۆمم هەبوو، بەڵام نەمکرد چونکە هەستم کرد کاتێکی زۆرم بە ڕونکردنەوەی ئەم وێنەو پێناسەو چیرۆکانە دەڕوات، کە گومان لەڕاستییان دەکەم یان بە دڵنیایی ناڕاستن.

یەکەمجارنیە، کە هەڵەو چەواشەکاری لە دۆسێی ئەنفالدا دەکرێت..

بۆچی دەڵێم چەواشەکاری چونکە بڕوم وایە " سەد دۆسێمان لە گوماندا بمێنێتەوە باشترە لەوەی درۆ بەدەم یەکێکیانەوە بکەین "..

پیویستمان بەدیقەت وریاییەکی زۆرهەیە، کورد میللەتێکی بێ کەس وبێپلان و بێ سیاسەتمەدارە، دۆسێکەشی هەستیارەو رایەڵی بەرژەوەندی نێودەوڵەتی وبەرژەوەندی ئیقلیمی تێدایە، بۆیە دورنیە درۆیەک کۆی دۆسێیەکەمان بخاتە ژێرپرسیارەوە، بەتایبەتی کە نەیارە زۆرزان و حێلەبازو ستەمکارەکانمان بێن وبڵێن : راست یان درۆ قسەقسەی خۆتانە و ئەمە راستەکەیەتی. هەتا ئێستا زیاد لەوێنەو چیرۆکێکم ساغکردووەتەوە، کە پەیوەندیان بەئەنفالەوە نەبووەو وەک بابەت وبەڵگەی ئەنفال خراونەتەڕوو، نەک لە فەیسبوک بەڵکو هەبووە لە دەزگاکانی راگەیاندن هەڵای ناوەتەوە، بەڵام کە بەدواداچونم بۆکردووەو راست نەبووەو هیچ پەیوەندییەکی بەئەنفالەوە نەبووە.

**سەبارەت بەم کاتژمێرە:**

رۆژی ٢٣ی تموزی ٢٠١٩ گۆرێکی بەکۆمەڵ لە بیابانی بادییەی شێخە لە پارێزگای سەماوە هەڵدرایەوە، هاوکات وێنەی کاتژمێرێک لەسۆشیال میدیا بەچڕی بڵاودەکرێتەوە کە هی ئەو گۆڕە نییەو ساڵی ٢٠٠٥ لە بوسەیە دەرهێندرابووەوە، وتەبێژی وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوان کە بۆخۆی لە سەماوەیەو دەڵێت : (ئەو کاتژمێرە هی گۆڕەکەی سەماوە نیە) ! ئێ چ پیویست دەکات تۆ لەبەرسپلیت ودور لەگەرمای بیابان، شیعری بۆبنوسی ؟ هەر بەراست بۆچی کاتژمیرێک با هی ئەنفالیش بێت دەتهێنێتە قسە بەڵام کۆی دۆسێیەکەت فەرامۆش کردووە ؟

باگریمانەی ئەوە بکەین ئەوسەعاتە هی گۆرە بەکۆمەڵەکەی سەماوەیە، بەڵام ئایا نیشاندانی بەم شیوازە لە فەیسبوک و سۆشیاڵ میدیا چیمان پێدەبەخشن ؟ بەبروای من بڵاوکردنەوەو نیشاندنیان بەم شێوەیە هەڵەیەکی میدیایی و یاساییە چونکە بە نیشاندنیان ئەم خراپیانەی هەیە:

١ -کەسوکاری ئەنفالکراوان بریندارەبن و خەوو خۆراکیان لێ دەشێوێنن، بۆخۆم شاهیدی باری دەرونیانم و لە دۆخێکی نائارام دان.

٢ -بەهای دۆکیۆمێنتارییان نامێنێ، تەنها هەڵچونێکی کاتی دروست دەکات و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی وسیاسی دروست ناکات.

٣ -سبەی وێنەیەکی ترئەمەی ئیستا لەبیرخەڵک دەباتەوە.

٤ -دەرونی منداڵانی خوارهەژدەساڵ دەشێوێنێ و دەیانترسێنێ.

ئازیزان دۆسێی جێنۆساید خاڵی نابێت لەهەست وسۆز، بەڵام ئەوەی پێش بەم تاوانانە دەگرێت وهاوکاری هەستانەوەی قوربانیەکان دەکات هۆش ولۆژیکە نەک هەڵچونی کاتی و جێنێودان و دوعاکردن . بیری شۆڤێنیزمی بەم ئەتوارانە پاشەکشە ناکات، بەڵکو هارتردەبێت.

نایشارمەوە من پێشتریش نوسیومە ئەم هەرزان فرێدانەی وێنەو چیرۆکە چەوشەکراوەکان بۆ ناو سۆشیاڵ میدیا بە ئاسایی نابینم و هەست دەکەم دەستیک ئەم دۆسێیە دەشێوێنێ و هێشتا نازانم کێیە، پێشتریش لەبارەیەوە نوسیومەو مەترسییەکانیم خستووەتە روو، ئامانجیش یاری کردنە بەهەستی خەڵک و بێبەهاکردنی دۆسێی ئەنفال وجێنۆساید .. دەنا وێنەی زۆر زۆر کاریگەرم لای خۆم پاراستووەو تەنها لە سیمنارەکانم ولەشوێنی شیاوی خۆی دەتوانیت بیبینیت . نەک لەناو سۆشیال میدیا.

## عەبدولکەریم نایف حەسەن:



# ئێمە لەسەر قسەی ئەفسەرێك تەسلیم بووینەوە گوتی وەرن لەسەر شەرەفی سەدامی خۆتەسلیم بکەن هیچ بۆ ئێوە نابێت

دیدار : عومەر محەمەد
دیمانە لەگەڵداکراو عەبدولکەریم نایف
شەوی ٧/٨/ی ئاياری سالی ٢٠١٣
کاتژمێر (٩)ی شەو
شوێن : هەولێر – گوندی ئینگلیزی

**با لەناوی سیانی خۆت و منداڵی وبیرەوەری منداڵی خۆتەوە بچینە ناو دیدارەکەمانەوە فەرموو خۆت بناسێنە ؟**

من ناوم عەبدولکەریم نایف حەسەن، من هەر لەکوریمێ هاتوومەتە دنیاوەو هەتا سەروەختی ئەنفالیش هەر لەوێ بووم و لەو گوندە گەورە بووم .

**تەمەنت چەندە ؟**

من لەدایکبووی سالی ١٩٦٧ م ژیانی منداڵی ئێمە لەگوند ژیانێکی هەژارانەو پڕ لەماندوێتی بوو، لەبەر ئەوەی ژیانی ئێمە لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوو، ژیانی گوندیش ژیانێکی پڕلە مەشقەقەت و ماندوێتیە، ڕاستە ژیانێکی سادەیە بەڵام نان پەیداکردنیش گرانە. ئێمەش منداڵ بووین لەگەڵ باوک و براکانمان دەبوو کارێک بەپێی تەمەنی خۆمان بگرینە ئەستۆ، بەزۆریش دەبوو شوانیمان بکردایەو کاری کشتوکاڵێشمان بکردایە هەتا قۆناغی سەرەتایی مەکتەبیشمان تەواو دەکرد وەک منداڵ کاری سوکمان دەکرد.

**خوێندەواریت هەیە ؟**

بەڵێ من قۆناغی سەرەتایم لە کوریمێ تەواو کردووەو بۆ ناوەندیش چوومە شاری دهۆک، دوایی وازم لەخوێندن هێناو چوومەوە گوندی کوریمێ، لەوێ مامەوە، گوندی ئێمە لەبن دەستی پێشمەرگەدا بوو لەبەرئەوەی دووربوو حکومەت دەسەڵاتی بەسەردا نەدەشکا.

**بورە جاری پەلەمەکە هێشتا زووە بۆ باسی سەروەختی ئەنفال و دەسەڵاتی پێشمەرگە ، پێمبڵێ گوندی ئێوە چەند ماڵ بوون پێش ئەنفالم پێبڵێ ؟**

نزیکەی سەد ماڵ ٩٠ بۆ ١٠٠ ماڵ دەبوون، بەڵام گوندی ئێمە دوو بەر بوو یەکیان پێیان دەگوت کوریمێ شیراری ئەوی تریش کوریمێ بەرواریێ ئەوەیان گوندی ئێمە بوو، چەند بنەماڵەیەک بوون لەبنەماڵەی مەلایان، بنەماڵەی شێراری و بنەماڵەی فەتاح و وەهابی وبنەماڵەی سادقی و نزیکەی حەوت بنەماڵە بوون .

**خانەوادەی ئێوە چەند کەس بوون ؟**

ئێمە دایکم و باوکم و چوار براو پێنج خوشک بووین. دوو برامان مردوون.

**لەکاتی کۆمەڵکوژیەکە یان پێشتر ؟**

نانا یەکێکیان پێش کۆمەڵکوژیەکەی کوریمێ و ئەوەی تریش لەدوای ئەوە بوو.

**باوکیشت لەکۆمەڵکوژیەکەی کوریمێ شەهید بوو ؟یان لەگەڵ نەبوو ؟**

باوکم لەکۆمەڵکوژی کوریمێ شەهید بوو، دایکم ئێستا لەگەڵ من دەژی ، برایەکیشم ماوە ناوی جەلالە . ئەویش ماڵی خۆی جیایەو باوکی شەش منداڵانە . سێ کچ و سێ کوڕی هەیە، دوو مامیشم هەبوون یەکیان لە ژیاندا نەماوە و یەکێکش ماوە .

**ئەی بۆخۆت هاوسەرگیریت کردووە یان هەر لەگەڵ دایکت پێکەوە دەژین ؟**

هاوسەر گیریم کردووەو دایکم لەگەڵ ئێمە دەژی .

**منداڵت هەیە ؟**

بەڵێ کچێک و چوار کورم هەیە .

**بەچی ژیانی خۆتان بەرێوە دەبرد تەنها کشتوکاڵ و ئاژەڵداری یان کارێکی تر هەبوو بیکەن ؟**

بەزۆری بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری گەنم وجۆو نیشک ونۆکمان دەچاندو ئاژەڵیش مەروبزن وچێڵمان هەبوون، ئیتر ژیانی ئێمە لەسەر ئەوانە بوو.

**کورێمێ ناوی گوندەکەتان لەچیەوە هاتووە ؟**

ڕاستی نازانم، ڕەنگە لەوەوە هاتبێ شوێنی وی کورە، هەرچەندە من زۆر زانیاریم لەسەر ئەو گوندە نیە بەلام بە بۆچونی من هەردەبێت لەوە هاتبێت کە لەشوێنێکی کوڕدا دروستکراوە.

**چ ڤیرەوەریەکی خۆشی منداڵیت هەیە لەکورێمێ بۆنمونە یاری وشەڕی منداڵان شەوانی گوندو ژنهێنان و ئاهەنگ لەگوندی ئێوە ؟**

بێگومان بیرەوەریم هەیە دەچووینە پشتی گوندی یاریمان دەکرد خوشترین یاری ئێمە بەبەرد بوو هیچ سەیارەو یارییەکمان نەبوو بۆیە دەبوو بۆخۆمان شتێکمان دروست بکردایە

**چ هەڤاڵێکی منداڵیت هەتا ئێستاش هەر پەیوەندیتان ماوەو خۆشەویستە لەلات ؟**

هەڤاڵێکم ماوە ناوی (هیوا) هەتا ئستاش هەر هەڤالی خۆشەویستەو پەیوەندیمان نەپچڕاوە ، زۆر هەڤاڵیشم شەهید بوون و لەژیاندا نەماون .

**لەوانەی کۆمەڵکوژی کورێمێ کامیان هەڤاڵی زۆر خۆشەویستت بوو ؟**

هەڤاڵێکی دیم هەمان ئەو رۆژەی کۆمەڵکوژی کورێمێ گیراو شەهید بوو ناوی خالید بوو (خالید نەجم معلم) ئەو لەکۆمەڵکوژیەکەی کورێمێدا نەبوو بەلام ئەو رۆژە گیراو شەهید بوو ئەوە هەڤالی زۆر خۆشەویستم بوو، برازای ئەبابکر بوو ئەویش دوو رۆژ پێش کۆمەڵکوژی کورێمێ گیرابوو دوای ئەنفال و بێ سەروشوێنکرا، لەناو کۆمەڵکوژی کورێمیش صەلاح ئەوە هەڤالی منداڵیم بوو هەر لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە هەڤاڵ بووین لەکۆمەڵکوژی کورێمیدا شەهید بوو. گەلێک هەڤاڵم شەهیدو بێ سەروشوێنن.

**پێش ئەنفال چەند جاری دی گوندەکەتان سوتاوە یان ڕوخاوەو وێرانکراوە ؟**

کورێمێ نزیکە لەناحێی مانگێشکەوە، لەنێوان گوندەکەو ناحێکە بەرزاییەک هەیە زورگە لەوێدا ڕەبایەیەکی گەورەی سوپای عێراق هەبوو، گەلێک جاران لەوێوە بۆمباران دەکراو تەقە لەگوندی دەکرا، بەلام بۆ وێرانکردن گەلێک جاران سوتاوەو خراپکراوە، ئەوەیان بەبیری من نایات کەوا لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردودا سوتاوە وەک باس دەکەن چوار پێنج جار سوتاوەو وێرانکراوەو خەڵکەکەی چاکیان کردووەتەوە، دواین جار لە ساڵی ١٩٨٦ هەربەتەواوی وێرانکرا، حکومەت هێرشی کردە سەر گوندەکەو مزگەوت ومەکتەبەکەی بە تی ئێنتی تەقاندەوەو خانووەکانی ڕوخاندن و خەڵکەکەی لە گوندەکەدا نەمان و چوونە چیاو ناو ئەشکەوتەکانی دەوروبەری، ئێمە لەو ئەشکەوتانەی گوندەکەمان بووین هەتا ساڵی ١٩٨٨ ئەنفال هاتە سەر ئێمەو ئەو تاوانە رویدا ئێمە هەر لەو دۆڵ وئەشکەوتانەی دەوروبەرمان بووین.

**ئەو ئەشکەوتانە ناویان هەیە ؟**

بەخوا گەلێک ئەشکەوت هەبوون، لەوێ چەمێک هەبوو پێیان دەگوت چەمی عوسە شێرۆی لەوێ چەند ئەشکەوتێک هەبوون ئەشکەوتی سیولکا بانی بوو، زۆر بوون هەر ماڵێکیش چووبوونە ئەشکەوتێکی لەبەر بۆمباران و فرۆکەکانی حکومەتی بەعس، بەلام لەبەرئەوەی جێگاکانمان دیار نەبوون و هیچ خانوویەکیشمان لێنەکردبوو هەموو لەئەشکەوتەکاندا بووین فرۆکەو سوپا نەیاندەتوانی بمان بینن، ئێمە هەتا پەلاماری ئەنفال ماوەی دوو ساڵان هەر لەناو ئەو ئەشکەوتانەدا دەژیان چونکە گوندەکەمان روخێندرابوو.

**چ هۆکارێکی تایبەت هەبوو کە حکومەت چەند جارێک گوندەکەتانی سوتاندبوو ؟**

مەسەلەیەکی تایبەت نەبوو، بەلام کورد بووین، خۆ حکومەتی بەعس هەر گوندی ئێمەی نەسوتاندبوو بچێتە هەر گوندێک لەناوچە شاخاویەکان هەمان چارەنوسی ئێمەیان هەبوو، مەسەلەکە نەتەوایەتی بوو حزبی بەعس لە گەڵ کوردا خەراپەکار بوو.

**گوندەکانی دراوسێتان کامە بوون ناوی وان چیە ؟**

لە ڕۆژهەڵاتمانەوە گوندی بەنداو گوڤید و لە ڕۆژ ئاواشەوە گوندی بارۆژکێ بوو.

**ئەوانیش وەک ئێوە بۆمباران دەکران و چووبوونە چیاو ئەشکەوتان ؟**

بەڵێ هەموو گوندەکانی تریش وەک ئێمە بوون.

**کەی ئەنفال گەیشتە سەر ناوچەکەتان بەگشتی و ناوچەی کوریمێ بەتایبەتی ؟**

هەر دوای ئەوەی جەنگی عێراق – ئێران وەستا، حکومەت هێزو قوەتی سەربازی خۆی کشاندەوە بۆ سەرناوچەکەمان پێشتریش لە هەولێرو سلێمانی ئەنفالی کردبوو، ناوچەی قەدەغەکراوی ڕاگەیاندبوو، ئێمە لەناوچەی قەدەغەکراودا بووین. ئێمە کەوتینە قۆناغی هەشتەمی ئەنفالەوە، ڕاستی ئێمە گوتمان ناوچەی خۆمان دەپارێزین و شەڕ لەگەڵ حکومەت دەکەین و ناهێڵین ناوچەکەمان بکەوێتە دەست حکومەتی، نەماندەزانی حکومەت نیازی چیەو ئەنفال چیە، هەقیقەت ئێمە ئەوەمان نەدەزانی . بەڵام کە لە ڕێکەوتی ٢٥ی ئاب حکومەت هێرشی دەست پێکرد لە پێشەوە بە کیمیایی دەستی پێکرد، نەک هەر لەناوچەی ئێمە لە زۆر شوێنی بادینان چەکی کیمیایی بەکارهێنا، ئیتر بەوە خەڵک ترسا.

**لەناوچەی ئێوە کیمیایی لەکوێی دا ؟**

لە تیک وبەرکەڤرا و لە وەرمێلێ داو لە برجینیش ئەوانە گوندی ناوچەی ئێمەبوون گوندی وەرمێلێ نزیکە لەکوریمێ و برجینێ دورترە بەڵام لەو دوو گوندە بۆمبی کیمیایی بەکارهێنا. لەهەندێک جێی تریش لەناوچەی بەری گارەی چەکی کیمیایی بەکارهێنا، لەبەرئەوە خەڵک نەیدەتوانی بەرگە بگرێ وئێمەش زانیمان لەگەڵ کیمیایی چارە نیەو هیچ شەڕ ناکرێت، لەهەر کوێیەک دەنگی تەقەیەک هەبێت ئەو دێت بەکیمیایی لێیدەدا.

**ئیتر ئێوەش لەبڕیارەکەتان پەشیمان بوونەوە کە بەرگری بکەن ؟**

بەڵێ نەدەشیا بەرگری بکەین، لەگەڵ کیمیایی شەڕ نەدەکرا، جل وبەرگ و دەمامکی کیمیاییمان نەبوو، ئینجا ئێمە نەهێزێکی پێشمەرگەی شەڕ کەر بووین و نە سەڵت بووین، ئێمە خێزانمان لەگەڵدا بوو، منداڵمان لەگەڵدا بوو.

**ئەی بڕیاری چیتاندا ؟**

بڕیارماندا بڕۆین، بەرەو سنوری تورکیا ئەوکاتە من تازە پێدەگەیشتم بڕیارم بەدەست نەبوو، بڕیار بەدەست پیاوەکان و پیرەکان بوو، بابی من و بابی قەهاری و هەموو پێکەوە بووین ژن ومنداڵمان لەگەڵدا بوو، کەبڕیارماندا دوو جارمان هەوڵدا لەناوچەکە دەرچین نەمانتوانی دەرچین سەرکەوتوو نەبووین، لەبەرئەوەی سوپای عێراق ڕێگەی گرتبوو، هێزەکانی گەیشتبوونە سەر سنور، شەوبوو گەلێک مەترسیدار بوو، ناچار گەڕاینەوە دیارە ڕۆیشتنی شەو گەلێک زەحمەتە لەوەش خراپتر بە چیادا بڕۆی ئینجا تۆپبارانیش بوو، ترس هەبوو ماندوو بووین. خەڵکەکەش زۆر زۆر بوو دەتگوت ڕۆژی حەشرە، ئەگەر بهاتبایە ئەو خەڵکە بۆمباران بکرایە هەزاران خەڵک دەکوژران بەڵام تۆپ دەنگیان دەهات و لەنزیکی ئێمە نەدەکەوتن. ناچار ماین بگەڕێینەوە بۆشوێنی خۆمان و بۆ ناوچەکەی خۆمان.

**هیچ جاران بە فڕۆکە ئەو خەڵکەی ڕەویان دەکرد بۆ تورکیا بۆمباران نەدەکران ؟**

نا لەبەرئەوەی بەشەو دەڕۆیشتن ئەگەر دەریش نەچوبانایە بە ڕۆژ خۆیان دەشاردەوە هەتا شەو بەسەردا دەهات، دوایی هەولێ دەربازبوونیان دەدا لەپێش ئێمەوە خەڵک زۆر دەبازی سنور ببوون و گەیشتبوونە ناوخاکی تورکیا، بەڵام هەتا ئێمە گەیشتینە سەر سنور گوتیان تەواو هێزەکان گەیشتوون و هەموو ڕێگاکانیان گرتووە، بەڵام پێش ئەوەی ئێمە بگەین بەتۆپیان لەخەڵکیان دابوو، خەڵک کوژرابوون و بریندار ببوون هەندێک هەر بەبرینداری گەیشتبوونە ناو خاکی تورکیا.

**کە گەڕانەوەو گەیشتنەوە ناوچەکەی خۆتان چیتان کرد؟**

لەوێ پیاوەکان بیروڕای خۆیان گۆڕییەوە چبکەن و چ نەکەن لەپێشەوە گوتیان با ژن ومنداڵ وپیر خۆیان تەسلیمی حکومەت بکەن و گەنجەکانیش خۆیان بشارنەوەو لەچیا خۆیان پەنا بدەن . ئەوەی دوای ئەوە بوو کە دوو هەوڵماندا دەبازبین و قوتاربین و سەرکەوتوو نەبووین، شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ی مانگی ئاب بوو لە نزیک گوندی

کوریمێ شوێنێکی نەدیوو هەیە لەوێ ماینەوە هەتا سبەینێ، ئێمەش خەڵکێکی زۆر بووین خێزان و منداڵمان زۆر لەگەڵدا بوو، هەندێک خەڵکی گوندی چەلکێ سەیدا لەگەڵ ئێمەدا هاتبوون لەوێ بوون نزیکی ١٥ خێزان بەس هی بەرواری لەگەڵ ئێمە بوون هەموو خێزانەکانی کوریمێ بوون هەندێک خێزانی گوندی چەلکێی سەیدا زۆر بووین، هەندێک خەڵکی باتوفەو دەوروبەری زاخۆو هێزاو هەمزە کە نەیاتوانی دەرباز بن لەگەڵ ئێمە هاتن ئەوانیش لەگەڵ ئێمە هاتنە ناوچەی ئێمە، بەگشتی ئەوەی پێکەوە بووین نزیکەی ٤٠ خێزانێک بووین پێکەوە ماینەوە هەتا سبەینێ ڕۆژی ٢٨ی مانگ کەتەماشامان کرد هەموو بەرزاییەکان سوپاو سەرباز گرتبوونی بەڵام لەو کاتەدا کەسێک هات گوتی لێبوردنێکی نهێنی هەیە بچن خۆتان تەسلیم بکەن لەسەر شەرەفی سەدام بەوەندە سوێندو قورئانە چ گرفتێک بۆ ئێوە نابێ ئەگەر نەچن حکومەت بتانگرێ هەمووتان دەکوژێ. بابی من و بابی هاشمی و هەندێک ئختیار چوونە لای ئەفسەرێک پێیانگوتبوو ئێمە خێزانەکانمان لەگەڵدایەو هەندێک خەڵکی تریشمان لەگەڵدایە چەکدارن ئەگەر بەڵێن دەدەن سەلامەت دەبن ئەوە ئەوانیش دێن خۆیان تەسلیم دەکەن، ئەگەرنا ئەوان خۆتەسلیم ناکەن ئەو ئەفسەرەش گوتبووی وەرن خۆتان تەسلیم بکەن هچتان بۆنابێت و لێبوردنێکی نهێنی هەیە، وەرن لەسەر شەرەفی سەدام حوسێن و لەسەرشەرەفی بەعس ولەسەر خاتری قورئان هیچ گرفتێکتان بۆنابێ ئێوە ئیسلامن و ئێمەش ئیسلامین باشترە خۆتان تەسلیم بکەن. هاتنەوە گوتیان ئەفسەرەکە دەڵێت وەرن خۆتان تەسلیم بکەن لەسەر شەرەفی بەعس وسەدام و قورئانێ . ئێمەش هیچ باوەڕمان بە شەرەفی بەعس وسەدام نەبوو بەڵام لەسەر باوەڕی قورئان چووین چونکە ئێمە ئیسلام بووین و باوەڕمان بەقورئان هەبوو، هەموو پێکەوە ڕۆیشتین خۆمان تەسلیم بە سەربازان کرد، لەپێشەوە هەموومانیان کۆکردەوە ئینجا پیرەمێردو ژن ومنداڵیان جیاکردەوە.

**پەلەمەکە ئەم بەشەم بە وردی بۆ باس بکە ڕۆژەکەی کاتژمێرچەند بوو کە گەیشتنەلایان سەربازەکان چییان کرد مامەڵەیان لەگەڵتاندا چۆن بوو؟**

ڕۆژی ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ کاتژمێر دەوربەری ٨:٣٠ بوو، نوێژمانکردو خۆمان کۆکردەوەو هەتا ئەوان چونە لای ئەفسەرەکەو هاتنەوە ڕۆژ تەواو بەرز ببووە نزیکەی هەشتونیو بوو، کەگەیشتن سەربازەکان کۆمەڵیان کردین و بەرەو مانگێشک بردیانین.

**مامەڵەیان چۆن بوو توندوتیژ بوون یان بە نەرمی پێشوازیان لێکردن ؟**

نانا زۆر ئاسایی بوون هیچ توندوتیژییەکیان بەکار نەهێنا، ئینجا دەستیان کرد بە جیاکردنەوەی پیاوەکان و گەنجەکان، هەموو پیاوەکانیان جیاکردەوە تەنها پیرە مێردەکان نەبێت،خەڵاتی برای قەهار منداڵ بوو، ئەفسەرێک دەیهێنایە ناو ئێمەو یەکێکی دی دەیبردەوە ناو ژنەکان، خەڵات منداڵ بوو بەڵام کەمێک بەهەیکەل و بەخۆوە بوو، ٣٣ کەسیان جیا کردەوە ئەوە هەموو پیاوو گەنج.

**بۆچی خەڵاتیان دەهێناو دەبرد ؟**

لەبەرئەوەی منداڵ بوو تەمەنی ١٢ ساڵ بوو، دوو ئەفسەربوون یەکێکیان دەهێنایە ناو ئێمەو یەکێکیشیان دەیبردەوە ناو ژنەکان . باش بوو سەرئەنجام هەر لەناو ژنەکاندا مایەوە دەنا ئەویش دەکوژرا،ماینەوە ٣٣ کەس لەناو ئەوانەدا ٢٢ کەس خەڵکی کوریمێ و ١١ کەس خەڵکێ چەلکێ سەیدابوون، دوو ئەفسەر بوون کە فەرمانی گوللەباران کردنی ئێمەیاندا یەکێکیان ناوی عەباس بوو ئەوی تر ناوی محەمەد بوو هەردوکیان مولازم بوون .

**چۆن و چەچیدا زانیت ناویان عەباس و محەمەد بوو؟**

لەو ماوەیەی هەتا کۆ گوللەبارانکردنەکەدا کە هاتوچۆیان دەکرد وبانگی یەکیان دەکرد زانیم، هەرمن نائەوە قەهارو هاشم و ئەوانی تریش دەزانن،ئەوە شتێکی شاراوە نیە، هەردوکیان مولازم

بوون و یەکێکیان ناوی محەمەد بوو یەکێکیان ناوی عەباس بوو.

**ئێوە لەزمانی ئەوان تێدەگەیشتن ؟ دەتانزانی چ دەڵێن و نیازی وان چییە ؟**

مـن تێدەگەیشـتم کەمێـک بەڵام قەهـارو هەنـدێک خەڵکی گوندی ئێمە عەرەبیان باش دەزانی.

**هیچ قسەیەک هەڵسوکەوتێک شتێکیان تێگەیشتن بەنیازی چین ؟ بەڵکو لە بیری تۆدامابێت ؟**

نا من هیچ بەنیازی ئەوە نەبووم بمانکوژن چونکە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئێمە باش بوو، بۆیە من بیرم بۆئەوە نەدەچوو ئەو تاوانەمان لەگەڵدا بکەن.

**باشە ئێوە چەکدار بوون ؟**

بەڵێ زۆربەمان پیاوەکان چەکمان پێ بوو.

**ئەی چۆن چەکیان کردن کە چەکەکانیان لێ سەندن هیچ مامەڵەیان لەگەڵ ئێوە نەگۆڕا ؟**

نـا کە چەکەکانیان لێستاندنین ئینجا هاتن،لە شیان پشکنین گیرفان و ژێر پشتین و بۆ چەقۆو دەمانچەو ئەو شتانە دەگەڕان ئەوەی چەقۆشی پێبوایە لێیان دەسەند. بەڵام هیچ جنێوێک قسەیەکی ناخۆشیان پێنەگووتین، دوای ئەوەی جیایان کردینەوە نزیکەی ١٠٠ مەترێک بردیانینە خوارترەوە پێشتریش کە خۆمان تەسلیم کرد، ڕووەو مانگێشک و ناو گوندی کوریمێ بردیانین بەڵام لە خوار گوندەکەوە نزیکەی سەد مەترێکمان مابوو بگەینە گوندەکە لایانداین هەندێک داری بەڕو هەیە لەوێ کۆیانکردینەوەو جیایان کردینەوەو دواتر ٣٣ کەسەکە بەرەو خوارتر بردیانین، لەوێ ڕەزی ترێ هەهە ئەفسەرێک بانگی لە سەربازێک کرد بەرەو خوار بمانبەن بردیانینە ئەوێ بەڵام ماوەیەک ڕایانگرتین ئەفسەرێکیان بە سەربازێکی گوت بیانبەنە خوارتر کۆمەڵێک هەروا دە پازدە سەرباز دەبوون لەگەڵ ئێمە هاتنە خوارەوە ئێمەیان ڕیزکرد،ملازم محەمەد بە جیهاز قسەی دەکرد بەلام بیرمان بۆ ئەوەنەدەچوو کۆمەڵێک مرۆڤی دیل و بەخسیر بمانکوژن چونکە مامەڵەی وان نەرم بوو سەربازەکان ئاویان داینێ و قسەی باشیان دەکرد، باوەرناکەم کەسێکی دیش وابیری کردبێتەوە بمانکوژن من بۆخۆم وابیرم کردەوە کێوماڵ دەکەن و ئێمە دەخەنە پێش خۆیان و ئەگەر پێشمەرگە هەبن لەبەر ئێمە تەقە لەوان نەکەن من وای بۆچـووم کە ئـێمە دەکەنە درع (زرێپـۆش) بۆسەلامەتی خۆیان، من بەهیچ جۆرێک بیرم بۆ ئەوە نەچوو بمانکوژن، کەچی هەر کە سەربازەکە فەرمانی پێکردین دانیشن، ملازمەکە جیهازەکەی داخستەوە گوتی (ارمی) دەستریژیان لێبکەن . ئیتر دنیا لەئێمە بووە قیامەت ١٠ یان ١٥ سەرباز تەقەیان لێدەکردین، ئێمە فریای هیچ نەکەوتین بڵێین ڕادەکەین یان تشتێک هەر ئەوەندە سەرمان نەوی کردو هاوار هاوارو خۆبەسەر یەکدادان، کەس ئاگای لەکەس نەما، ئەوانیش هەتا شاجورەکانیان گوللەی تێداما تەقەیان کردو دەستیان لەسەر تفەنگەکانیان هەڵنەگرت، من چاوم لێنەبوو کەوتبوومە بن تەرمی ئەوانی دی بەڵام هەستم کرد شاجورەکانیان گۆڕی و دەستیان بەتەقە کردەوە هەتا ئەویش تەواو بوو، جاریکی دیش شاجوریان گۆڕییەوەو دەستیان بەتەقە کردەوە ئینجا گوێم لێبوو گوتی ڕۆح اضربهم واحد واحد ) .

**نەتزانی کام ئەفسەریان بوو وای گوت ؟**

نا من نەمزانی بەڵام گوێم لەدەنگی بوو کەوای گوت سەربازێک هاتە سەر جەنازەکان بەتاک گوللەی دەتەقاند، خوا بیانبەخشێت تەرمی سەلاح و عەبدالرحمن حوسێن و خالد سەلاح و خالد هەردوکیان هەڤاڵی من بوو تەرمی هەرسێکیان بەسەرمنداکەوتبوون، پۆستاڵەکەی هاتە لای سەری من کە فیشەکەکەی تەقاند هەستم کرد بەرم کەوتووە بەڵام چونکە گەرماو گەرم بوو هیچ ئازارم نەگەیشت سەرشانمی گرتبوو، یەک یەک فیشەکی دەتەقاندو دەچوو هەتا فیشەکەکانی تەواو کرد و لە ڕیزەکە تەواوبوو ئینجا ئەویش چووەوە سەرەوە. پاش کەمێک جەلادەکان کشانەوە بەڵام ئاگر لەدەوروبەرمان بەربوو، من هەموو لەشم خوێن بوو تومەس هی تەرمەکانی تر بوو بەسەرمدا ڕژابوو هەستم دەکرد کەوا زیندووم بەڵام وامدزانی هەموو لەشم گوللەیە، دوایی کە ئاگر نزیک بووەوە هۆشم خستەوە بەرخۆم بۆچی ئاگر بە عەزابەوە بمکوژێت هەر هیچ نەبێت خۆم دوربخەمەوە، ئاگام لێبوو سدقی هەستایەوە

هەموو دەستی خوێن بوو،کەسێک بوو خەڵکی چەلکێ بوو بانگی کردە سدقی و دوو جاران هاواری سدقی کردو گوتی: سدقی و کەوت و تەواو بوو، سدقیش تەواو شڵەژابوو دەستی بریندار بوو، خوێنی پێدا دەهاتەخوارەوە تەماشایەکی کردو ڕای کرد، من قەهارم دیت هەموو لەشی خوێن بوو، بەناو جەنازەکاندا دەهات و دەچوو بە دوای باب وبرایدا دەگەڕا، باب وبرای لەڕێزەکەدا بوون، گوتی کەریم تۆ ساغی گوتم ئا من ماوم، لەو لاشەوە هاشم کەوتبوو بریندار بوو، ئەو وەزعی خراپ بوو، ئینجا فەتاح عەبدولقادر برای سدقی بوو، ئەویش هەستاو ڕۆیشت،بەڵام ئەویش وون بوو جارێکی نەبینرایەوە، لەو وەزعەدابووین، ئاگر خەریک بوو دەگەیشتە ناو جەنازەکان عەبدولقهار گوتی: با ئەو ئاگرە بکوژێنینەوە هەندێک خەریک بووین، بەڵام بارودۆخی ئێمە زۆر خراپ بوو، نەدەکرا بمێنینەوە هەر لە دورەوە بیان بینینایە دەهاتن دەیان کوشتین، هەرکە ڕۆیشتن و کشانەوە تەقەیەکی زۆریان کردو تۆپبارانی ناوچەکەیان بۆمبارانکرد، دیاربوو مەبەستیان ئەوە بوو چەواشەکارییەک بکەن بڵێن پێشمەرگەی لێبووەو کوشتوومانن. ئێمە ڕۆیشتین کەمێک لەخوارتر ئەبابەکر عەلیمان دیت ئەویش بەرکەوتبوو قاچەکانی گوللەیان بەرکەوتبوو دیار بوو ئەو لەکاتی تەقەکردندا هەڵاتبوو بەڵام هەروا ٥٠ مەترێک دورکەوتبووەوە لەوێ بەرکەوتبوو کەوتبوو. ئێمە نەمانتوانی هاوکاری بکەین گوتی ئێوە بڕۆن من ناتوانم بڕۆم قاچم کەڵکی ڕۆیشتنی پێوە نیە. دۆخەکە گەلێک هەستیارو مەترسیدار بوو بۆ ئێمە نەدەکرا بەدیاریەوە بمێنینەوە،ئەویش گوتی بڕۆن خۆ دەربازکەن وەختی خۆدواخستن نیە، من ناتوانم بێم ئێمە ڕۆیشتین. دنیا لەبەرچاوی ئێمە لێڵ و تاریک بوو نەماندەزانی چ بکەین هەموو شوێن بۆ ئێمە جێگەی مەترسی بوو دارەکانیشمان لێ ببوونە سەربازی چەک بەدەست و دەترساین. تۆپبارانی ناوچەکەش بەردەوام بوو، بەڵام کەچووینە دۆڵەکەوە نزمایەکی زۆر بوو، ئیتر دڵنیابووین سوپا نامان بینێ دارستانیش بوو، هاشم حاڵی زۆر خراپ بوو، ڕەنگە گێڕانەوەی زۆر سەخت بێت کەکاک هاشم چەند بەزەحمەت دورخرایەوەو چۆن دورکەوتەوە لە شوێنی گوللەبارانکردنەکە،ئێمە هەتا ئەوکاتە هەرسێکەس بووین، دوایی سدقیشمان بینی هاشممان لە شوێنێکی ئاودڕدا دانابوو، ئێمە شارەزای ناوچەکە بووین هەندێک دەرمان و شتمان هەبوو عەبدولقەهار گوتی کەریم بچۆ بیانهێنە ناونیشانی دامێ لە نێوان کورێمێ و ئەشکەوتان بوو، من چووم ئەو دەرمانانە بهێنم لەو کاتەدا سدقیم بینی وەک شێت لێ هاتبوو هاواری دەکرد عالەم نەما کورد هەموو خەڵاس بوون، ئیسلام هەموو خەلاس بوون، بانگم کرد سدقی وەرە بۆ کوێ دەچی ئەو ڕوی لە حکومەت بوو، بەرەو لای حکومەت دەڕۆیشت، گوتی من دەچمە تورکیا گوتم کاکە وەرە تۆ ڕوت لە حکومەتە تورکیای چی وەرە بۆلای ئێمە من و قەهارو هاشمین. ئینجا ئەویشمان بردە لای خۆمان بووینە چوار کەس، دەرمانەکانم هێناو هاتمەوە ئەوە ناوچەکە هەمووی دوکەڵ و دەنگی تۆپ و تەیارەیە، ئێمە هەشت ڕۆژان بەو وەزعەوە ماینەوە ئەگەر بەوردی و هەموو شتێک باس بکەم کاتێکی زۆری پێویستە، ئێمە هەشت ڕۆژان خۆمان شاردەوە هەموو برینداربووین من لەهەموویان حاڵم باشتر بوو،گوللەکە سەرچیغ لەپشتی منیدابوو، قەهار فیشەک لە پشتیدابوو دەرنەچوو بوو، هاشم قاچی زۆر خراپ بوو، سدقی گوللەیەک بەرپەنجەی کەوتبوو دوایی قەهار بەچەقۆ بۆی لێکردەوە .

**ڕاستە کاتمان بەدەستەوە نیە بەلام هەندێک شت هەیە دەبێت باس بکرێت بۆنمونە ئێوە ئەو هەشت ڕۆژە چیتان دەخوارد چۆن ئیدارەی خۆتاندا ئەو دەرمانانە بەکەڵک بوون بۆ برینەکانتان ؟**

من و قەهار چووین خواردن پەیدا بکەین، سەگێکمان دیت نانی لەبەردەم بوو دەیخوارد، سەگەکەمان ڕاوناو نانەکەمان هێنا. هەرچەندە نانەکە زۆر خراپ ببوو،بەڵام ناچاربووین بردمان و خواردمان، دوایی چووین لەجێگایەک هەندێک بادەممان دیتەوە هێنامان، دوایی گرفتێک دروست بوو کاتێک هاتبوون تەرمەکان داپۆشن ئەبابەکریان دیتبووەوە تەرمەکانیان ژماردبوو ٢٧

کەسن، بەڵام ئەوان بەحسابی خۆیان ٣٣ کەسیان کوشتووە، ئەبابەکریان گرتبوو بردبوویان بۆ مانگێشک لەدوای ئەوە هەموو ڕۆژێک سەرباز دەهاتن کێوماڵیان دەکردو بانگیان دەکردو دەیانگوت وەرن خۆتان رادەست بکەن. ئینجا ئێمە گوتمان چیتر ناتوانین لێرە بمێنینەوە چونکە دەماندۆزنەوەو دەمانکوژن. لەگەڵ قەهار چوین بۆلای جاشەکان وباسی حاڵی خۆمانمان کرد.

**چۆن بڕواتان بەخۆتان کرد کە بچن، ئەوان بەهاناتانەوە دێن ؟**

چارمان نەبوو، خواردنمان نەبوو، بریندارمان هەبوو، گوتمان خۆ هەردەمرین بابچین ئەو شانسە تاقی بکەینەوە . ئیتر باش بوو جاشەکانیش پیاوبوون، مەسئولەکەیان گوتی ئەگەر هەرچۆن بێت هەر دەتانپارێزم و تەسلیمی حکومەتتان ناکەم.

**کەواتە قسەی خۆی بردەسەرو تەسلیمی نەکردن ؟**

نەخێر، بەڵام چی بوو هەر ئەو ڕۆژە بووە تەقەو هەرا، ئێمە زۆر ترساین دوایی جاش هاتن گوتیان مەترسن حکومەت لێبوردنی گشتی دەرکردووە ئینشاللە ئێوەش رزگار دەبن.

**ئەی دوایی چیتان کرد ؟**

ئیتر ئێمەش چوینەوە تەسلیم بووینەوەو بردیانین بۆ قەڵای دهۆکێ.

**مەبەستت قەڵای نزارکێیە ؟**

بەڵێ بردیانینە مانگێش و دوایی بردیانین بۆ قەڵای نزارکێ .

**سوپاس زۆر ماندوم کردیت ئایا قسەیەکت ماوە ؟**

سوپاس بۆ تۆ راستیەکەی تۆ ماندووبوویت کاتمان نیە دەنا قسەمان زۆر ماوە .

**ئەگەر دەرفەتمان بوو تەواوی دەکەین ئەگەرنا بەتەلەفۆنیش بێت زانیاری پێویستت لێوەردەگرم**

زۆر باشە

## چیرۆکی شەهیدێکی گازباران

عومەرحمە عەلی کە بە عومەرچاوشین ناسراوە.

لەبنەڕەتەوە خەڵکی گوندی بەڵخەی قەرەداغ بووە بەداخەوە ساڵی لە دایکبوونی نادیارە، کە کیمیابارانەکەی هەڵەبجەکرا،ئەو پێشمەرگە تیپی 17ی زمناکۆ بوو، هەمان ڕۆژی کیمیابارانەکە 16ی ئازاری 1988 بەگاز بریندار بوو بەڵام دوای درچوونی لە چاوگ شەهید بوو.

ئەوسا خێزاندار بووەو چوار کچی لە پاش بەجێماوەو هاوسەرەکەی بەناوی تەلیعە هاوسەرگیری لەگەڵ برایەکی عومەر کردووەتەوەو ئێستا لە گەرەکی شێخانی شاری سلێمانی دەژین.

هاوڕێو هاوسەنگەرێکی خۆی بەناوی (حسیب ) هەر بە حەرەبە گۆڕێکی هاکەزایی بۆهەڵکەندووەو هەر لەچاوگ واتا لە شوێنی شەهید بوونەکەی ناشتویەتی. هەتا ئێستا تەرمەکەی لە چاوگی شاری هەڵەبجەیە و پێویستی بەگواستنەوەیە لەبەر ئەوەی بەر ماستەرپلانی شار دەکەوێت .

زانیاریەکان لە ( دارا جەلال عەلی ) وەرگیراوە ناوبراو ئێستا زاوای ئەو شەهیدە .

ئەدرەسی : F. Darajalal Dara.jalal80@yahoo.com

تەلەفۆن : 07711523514

چاوگ کە هاوینەهەوارو سەیرانگایەکی باشوری شاری هەڵەبجەیە، هەتا ئێستا چەندین گۆڕی تاک وکۆی گازبارانەکەی تیدایە، هەروا ڕۆژێک دوای یادی ٢٨ ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە، گۆڕێکی تری بەکۆمەڵی تێدا دۆزرایەوە، کاتێک ژمارەیەک گەنج خەریکی هەڵکەندنی چاڵێک بوون، گۆڕێکیان دۆزییەوە، بەوتەی شایەتحاڵێک: هەموو روفاتەکان بەسەر یەکدا کەوتوون، پێدەچێت شەهیدی کیمیاباران بن.

هەتا ئێستاش شوێنی جیاجیای سەیرانگاکە، بەهۆکاری جیاواز ئێسک و پروسکی مرۆڤ دەردەکەونەوە. لە دیدارێکی نێوانماندا لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی هەڵەبجە زانیاری ئەوەی دامێ کە لەچاوگ و دەوروبەری گۆڕی چەندین هاوڵاتی کیمیابارانی هەڵەبجە هەیە.

## ئەبابەکر عەلی سەعید :

## کە لەقەڵای نزارکێ گوتیان دەتانبەین بۆ بەحرکەی، وامانزانی دەمانبەن، فرێمان دەدەنە ناو بەحرەوە، هەتا ماسی بمانخوات .



**دیمانە لەگەڵکراو : ئەبابکر عەلی سەعید**

**دیمانەساز : عومەر محەمەد**

**ڕێکەوتی : ٢٠١٣/٥/٨**

**شوێن : هەولێر – گوندی ئینگلیزی**

**کات : ٩ی سەرلەبەیانی .**

**بەڕێز کاک ئەبابەکر سوپاس بۆ ئامادەبوونت بۆ ئەم دیدارە، ئەمڕۆ من و تۆ باس لە کۆمەڵکوژی ئەنفال و بەتایبەتیش کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ دەکەین، کە بەڕێزت یەکێکی لەدەربازبوانی ئەو تاوانە، بەهیوام پشوو درێژبیت چونکە دیدارەکەمان درێژە دەکێشێت و دیداری منیش کەمێک وردەکارو وەرسکارە .**

من ئامادەم و ماندوو نابم بۆ گێڕانەوەی ئەو تاوانە لە پێشەوە من سوپاسی تۆ دەکەم، کە لەسلێمانیەوە هەتا زاخۆ هەتا گەرمیان و هەتا هەر کوێیەک کەئەنفالی لێبێت تۆ خەممان دەخۆی.

**سوپاست دەکەم بالەناوی خۆتەوە دەست پێبکەین ناوی سیانی خۆتم پێبڵێ ؟**

من ناوم ئەبابەکر عەلی سەعیدە. خەڵکی گوندی کوریمێم .

**تەمەنت چەندە ؟**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ م هەر لەگوندی کوریمێ لەدایکبووم .

**ئێستا چ کارێک دەکەی ؟ پیشەی تۆ چیە ؟**

من هەر لەگەنجیەوە بوومە پێشمەرگەو بەشداری شۆڕشی گوڵانم کردووەو دوایی ئەو کۆمەڵکوژییە زیندان بووم سێ ساڵ لەبەحرکە حساب بکە زیندان و دەستبەسەر بووم، ساڵی ١٩٩١ بوومەوە بە پێشمەرگە . ئێستاش خانە نشینم بەوهەموو خێزانەمەوە بەو کارەساتەی بەسەرم هاتووە مانگی ٤٦٠ هەزار دینارە .

**دوایی باسی ئەوانەشت لێ دەپرسم جارێ زووە تۆ هەموو تەمەنی تۆ هەرلە گوندی کوریمێ بووی ؟**

من منداڵیم هەر لەو گوندە بووەو هەرلەوێش هاوسەرگیریم کردووە. ئێستاش باوکی ٦ کچ و چوار کوڕم و نەوەکانم بوونە ١٩ کوڕەزاو کچە زا.

**بیرەوەری منداڵی تۆ لەگوندی کوریمێ چییە ؟**

ئێمە لەگوندی کوریمێ کە بچوک بووین، ژیانێکی سادەو ساکارمان هەبوو، هەمیشە لەناو چیا و دوڵەکاندا لەبەر کارو بەرخان بووین، دوایش وردەردە گەورە دەبووین و لەناو مەزراو کێڵگەی کشتوکاڵی ژیانمان بەسەر دەبرد، ڕاستە ژیانێکی سەخت و گەلێک گران و هەژاری بوو، بەڵام سادەو ساکار دەژیاین .

**بیرەوەری تۆ لەگەڵ هەڤاڵەکانت بۆنمونە شەڕو یاری و ئاشتبوونەوە؟**

بروا بکە من لەمنداڵیش هەتا ئێستا دڵی کەسم لەخۆم عاجز نەکردووە، شەڕانی نەبووم، کوڕی مامێکم هەیە ناوی عیسایە هەردووکمان یەک تەمەنین هەتا ئێستاش هەڤاڵ وخۆشەویستی یەکترین بۆیەک جاریش دڵمان لەیەک نەئێشاوە. یەک هەڤاڵێکی منداڵیم پێشک نایە شەڕم لەگەڵدا کردبێ لەمنداڵییەوە هەتا ئێستا درزێک نەکەوتووەتە نێوانمان. پێکەوە گەورەبووین و پێکەوە بووینە پێشمەرگەو لەکوریمێش حکومەت هەموومانی پێکەوە دایە بەرگوللەو ڕەشاشان.

**پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکەی خانەوادەی ئێوە چەند کەس بوون چەند سەرخێزان بوون ؟**
نزیکەی ١٥ کەس بووین.
دایکت ناوی چییە ؟
ناوی دایکم عائیشە عوسمان بوو.
لەژیاندا نەماوە ؟
نەخێر ساڵی ١٩٨٣ کۆچی بە خەفەت و فیراقی ئێمە توشی نەخۆشی بوو، دوایی کرد.
**بۆچی بەخەفەتی ئێوە دەتوانی زیاتر بۆم ڕونبکەیتەوە ؟**
ئێمە سێ برابووین، هەرسێک بووینە پێشمەرگە، ئەوکاتە کشتوکاڵ وئاژەڵمان زۆر بوو کەبووینە پێشمەرگە ئەوانەشمان کەمیان کردو توشی هەژاری بووین، برایەکی من شەهید بوو لەوەوە توشی ئێش وئازارێک بوو کۆچی دوایی کرد.
**ئەی باوکت ؟**
باوکم ساڵی ١٩٨٨ مانگێک پێش ئەوەی ئەنفال دەست پێبکات کۆچی دوایی کرد.
براکانت ناویان چی بوو ؟
ناویان کامەران و سەعید بوو، برایەکی تریشمان هەبوو ناوی نەجم بوو، ئەویش لەسەنگەردا بوو ساچمەیەک بەر چاوی کەوت، ئەوە ساڵی ١٩٦١ دەڵێم دوایی مەلامستەفای ڕەحمەتی ناردنی بۆ تاران، هەتا چارەسەر بکرێن، کە هاتەوە نەشتەرگەری بۆ کرابوو، بەڵام ساچمەکەیان بۆ دەرنەهێنابوو، دوایی دکتۆر گوتی دەبێت ئەو ساچمەیە دەربهێندرێت دەنا ناژی، ئینجا گوتیان دەبێت ئەو چاوەشی دەربهێندرێت، ئەوچاوەشیان دەرهێناو چاوی شوشەیان بۆ تێکرد، ئەمەم بۆیە باسکرد پێشتریش ئێمە هەر قوربانیمان داوە بۆ شۆڕشی کوردایەتی.
**ساڵی چەند هاوسەرگیریت کردووە ؟**
ساڵی ١٩٨٤ هاوسەرگیریم کردووەو ماڵ و خێزانم پێکەوە نا.
**ئاهەنگ وزەماوەندەکەتان چۆن بوو ؟**
بڕوا بکە ئێمە ئەوکاتەش لەبەر تۆپ و بۆمبارن نەمان وێرا چەپڵەیەکیش لیبدەین، ئەوسا ئێمە (عصابە) پێشمەرگە بووین، پێشمەرگەو خزم حەراسەتیان لەئێمە گرت هەتا ژنیان بۆگواستمەوە، نەمانوێرا زەماوەند بکەین لەترسی حکومەت. ئەوکاتە ژنیان بۆ گواستمەوە بۆ ماڵی بابی کەریمی نانی زەماوەندمان لەوێ خوارد.
**ئێوە بەخۆشەویستی هاوسەرگیریتان کرد یان بەقسمەت ونسیب، یەکێک بۆی دۆزیتەوە یان پێشتر دڵتان بەیەکەوە بوو؟**
ئێمە خزمی یەکتری بووین، پێشتر یەکترمان دەناسی بابمان پورزای یەکترن من و خێزانم پورزای یەکتری بووین . بابم گوتی من ئەو بۆتۆ دەهێنم منیش ڕازی بووم و دڵی بابم نەشکاند. گوتم بابە هەرچی تۆ بڵێت من ڕازیم و ناتوانم قسەی تۆ بشکێنم، ئەوکاتەش ئەوە عادەت بوو کەس نەیدەتوانی قسەی باوک وبرای گەورەی خۆی بشکێنێ . ئەوساکە عادەت وابوو وەک ئێستا نەبوو. بیخەیتە سەیارەوەو پیاسەی لەگەڵ بکەیت و پێک بێن، من بەبابم گوت بڕیاری تۆیە تۆ چی بفەرمووی هەر ئەوەیەو من قایلم.
**هاوسەری تۆ ناوی چییە ؟**
**میران حەسەن صادق.**
**پێش ئەنفال ئێوە چەند منداڵتان هەبوو ؟**
ئێمە ئەوکاتە تەنها یەک منداڵمان هەبوو، کچ بوو، لەبەر ئەوەی برایەکم شەهید بوو ناوی کامەران بوو، ناومان لێنا ( ئاخین) ئەوکچەمان ساڵێک پێش ئەنفال لە دایک بوو، لە بەحرکێش کچێکمان لە دایک بوو ناومان لێنا (ڕندک)[78] ئەوەیان لە سکی دایکیدا بوو کە ئەنفال هات و توشی ئەو تاوانە بووین، لەدوای ئەویش کچێکمان بوو ناومان لێنا (کاژین) بە واتای ئەوەی ئێمە هیچ ژیانمان نەبوو واتا کوا ژین ؟ بەهیوای ژیان ئەوکچەمان ناونا کاژین.
ئێستا چەند منداڵتان هەیە ؟
ئێستا (١٠) منداڵمان هەیە شەش کچ و چوار کوڕ.
**بێ زەحمەت ناوی هەموو منداڵەکانت لەسەرەوە بۆ خوارەوە بڵێ**
ناویان لە پێشەوە کچەکان ( ئاخین، ڕندک، کاژین،شەیما، عائیشە و میدیا) ئەوانە کچەکانمن

78 ڕندک بەواتای فرمێسک دێت، کچەکەی تریشی ناوناوە کاژین بەواتای کوا +ژین ؟

کورەکانیش ناویان (کامەران و کارزان، عەلی و سەعید) ئەوانەی دوایی بەناوی بابم و باپیرم ناو ناون.

منداڵەکانت دەخوێنن ؟

بەڵێ یەکێکیان نەبێت ئەوانی تر هەموویان خوێندەوارن، یەکێکیان لە کۆلیژی ( ) و یەکێکیان لە شەشی ئامادەییەو دووی دیکەم وا خەریکە دەچنە کۆلیژ.

**ئەی بۆ خۆت خوێندەواریت چۆنە ؟**

من لەبەر وەزعی سیاسی و پێشمەرگایەتی و بارودۆخی کوردستان نەمتوانیوە بخوێنم و هیچ خوێندەواریم نییە، چونکە هەمیشە لەبارودۆخێکدابووین شەڕو جەنگ و ماڵ سوتان و ئاوارەیی و بەرەنگاری و شکستدا بووین، هەرگیز بارودۆخ بۆمن لەبار نەبووە بخوێنم .

بەبیرەوەری من چوارجاران دوژمنی کوردان ماڵ وحاڵی گوندی ئێمەی سوتاندووەو چاکمان کردووەتەوەو سوتاندوویانەتەوە و لەپێش ئەنفالیش ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ زەوی تەختی کردو مزگەوت ومەکتەبەکەشیان بە دینامێت تەقاندەوە .

بەڵام ئێمە هەمووجاران دروستمان دەکردەوەو دەستبەرداری زێدی خۆمان نەدەبووین . خۆشت دەزانی هیچ شتێک لە وێرانکردن و روخاندنی و دوایش چاکردنەوەی ناخۆشترو زەحمەتترنیە. چونکە تۆ سەرلەنوێ دەستپێدەکەیتەوەو کات وهێزو پارەی پێویستە. لەوەش ناخۆشتر لەبن تۆپباراندا چاکی بکەیتەوەو دڵنیا نەبیت لەوەی کە جارێکی تر ناڕوخێندرێتەوە ! ئەوە زۆر زەحمەتە.

**گوندی کوریمێ چەند ماڵ و خێزانی تێدا دەژیا ؟**

کوریمێ ١٠٠ ماڵ زیاتری تێدا دەژیا

**بەچی ژیان وبژێوی خۆتان بەرێوە دەبرد ؟**

بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، گەنم وجۆو نیسک ونۆکمان دەکردو مەرەزە برنجیشمان دەچاند، ئاژەڵیش مەروبزن وچێڵمان هەبوون.

**کوریمێ ئاوی زۆر هەبوو ؟ وادەتانتوانی برنج بچێنن ؟**

ئەوکاتە ئاوی زۆر بوو، بەڵام ئەم چەند ساڵە باران کەم بوو ئاویش زۆر کەم بووەتەوە دەنا ئەو کاتە ئاو زۆربوو .

**ساڵێک پێش ئەنفال حکومەت ناوچەی قەدەغەکراوی ڕاگەیاندبوو، دەبێت بێنەوە ناو کۆمەڵگاکان و ئیتر ئەو ناوچانە قەدەغەن ژیانی تێدابێ ؟ ئایا ئێوە ئاگاداری ئەوە نەکرابوونەوە ؟** بەڵێ ساڵی ١٩٨٧ گوتیان ئیتر ئێرە ناوچەی موحەرەمەیە ئێمەش نەچووینە کۆمەڵگاکان و چوینە ناو دۆڵ وئەشکەوتەکانی دەڤەری خۆمان لەپێشەوە گوتم ساڵێک پێش ئەوەش گوندەکەمان روخێندرابوو ئێمە چۆڵمان کردبوو.

**بەرلەوەی ئەنفال بگاتە ناوچەی بادینان حەوت قۆناغ تەواو کرابوون، کوردستان وێران ببوو ئێوە هیچ هەواڵێکتان نەدەزانی کە حکومەت کوردستان وێران دەکاو خەڵکەکەی ئەنفال دەکەن و ژن ومنداڵان دەبەن ؟ نەتان دەتوانی بیرێک لەحاڵی خۆتان بکەنەوە یان برۆن و ناوچەکە چۆڵ بکەن ؟**

ڕاستی ئەو کاتە ئێمە پێشمەرگەبووین و لەخۆمان ڕادەبینی بەرپەرچی حکومەت بدەینەوە، کەس باوەڕی نەدەکرد وەزعەکە بەو شێوە دەبێت، زۆرجاران حکومەت هاتبوو، ئێمە شەڕمان لەگەڵ دەکردو دەمانشکاند، ئەو پەڕی هەتا ئێوارێ شەڕی دەکردو دوایی دەگەڕایەوە. چەندین شەڕی قورسمان لەگەڵ حکومەت کردبوو، وامانزانی ئەمجارەش هەروا دەبێت، ئێمە پێشتر توانیبومان ناحیێ کانی ماسی بگرین و دوایی ناحیێ دێرەلوک و ناحیێ بامەڕنیش بگرین، مەعنەویاتی پێشمەرگە زۆر بەهێزبوو، بەڵام ئەنفال وەک جارەکانی تر نەبوو. ئەگەر وەڵامی ئەوەشت بدەمەوە کەنەمانزانی بوو بەڵێ زانیبوومان خۆت دەزانی حکومەت هەمیشە پیاوو سیخوڕی خۆی هەبوو هەندێک کەس دەهاتن دەیانگوت حکومەت نیازی خراپەو خەڵکەکە ئەنفال دەکات و دێهات نامێنێ و هێزی سەربازی دەنێرێتە ئەم ناوچانە، دوایی حکومەت هێرشی کردو لەوکاتەشدا جەنگی ئێران و عێراق وەستاو دووهێندەی تر هێزی هێنایەوە بۆ کوردستان و هێنایە سەر ئێمە، هاوکات حکومەت هێزێکی زۆری هێنابووە دهۆک و ناحیێکان و قەزاکان پڕکرابوون لە سەربازو هێزی حکومەت، ئێمەش هەر دەمانگوت هیچ نیەو ناتوانێ ناوچەکانمان بگرێت،

هەتا ڕۆژی ٨/٢٥ یەکەم هێرش بەکیمیایی دەستی پێکردو چەکی کیمیایی خەڵکی ترساند، ئینجا خەڵک وپێشمەرگەش گەیشتینە ئەو بڕوایەی شەڕ لەگەڵ کیمیایی ناکرێت، بۆیە دەبوو چ بکەین ؟ بیرورامان گۆڕییەوەو بڕیارماندا بڕۆین و ناوچەکەمان بەجێبهێڵین .

**بۆکوێ بڕیارتاندا بچنە کوێ ؟**

هەموو کۆبووینەوەو بەرەو سنوری تورکیا ڕۆیشتین، دووجار هەوڵماندا سەرکەرکەوتوو نەبووین و ناچاربووین بگەڕێینەوە، ئەوەش هەروا ئاسان نەبوو، بەڵکو هەزاران مەشەقەت و چیرۆکی تێدایە، شەو ساردبوو، تۆپباران هەبوو، ڕێگایەکی ناخۆش و شاخ بوو.

**واتا هیچ بەرگریەکتان نەکرد ؟**

نانا نەمانتوانی فیشەکێکیش بتەقێنین چونکە هەر بەرگریەکمان بکردایە حکومەت بەکیمیایی لێیدەداین، بۆیە بڕیاری چۆڵکردنی ناوچەکەماندا. دوای ئەو دووجار هەوڵدانەمان گەڕاینەوە بۆ ناوچەکەی خۆمان دوو پیرەمێردمان هەبوون ناردمانن بۆ ناحێی مانگێش لەوێ چاویان بە ئەفسەرێک کەوتبوو فەرماندە بوو پێی گوتبوون بابە وەرن خۆتان ڕادەست بکەن هیچتان بۆنابێت بروسکەی سەرکردایەتی و بروسکەی سەرۆکیشمان بۆ هاتووە و لێبوردنێکی نهێنی هەیە بۆئەوانەی دێنەوە خۆیان تەسلیم دەکەنەوە، ئێوەش خێزانی خۆتان بهێننەوەو وەرنەوە هیچ شتێکی خراپ لە ئارادانیە، ئێمەش هەر لەو شیوودۆڵ وئەشکەوتانەی خوار گوندی کوریمێ بووین، کە پیرەمێرد هاتنەوەو گوتیان ئەفسەر وادەڵێت .

**ببورە ڕات دەگرم کاک ئەبابەکر ناوی ئەو دوو پیرە مێردەم پێ بڵێ ؟**

یەکێکیان بابی کەریمی بوو نایف حەسەن ئەوی دی مەلای گوندەکە بوو ناوی مەعروف سەعید بوو.

بەڵێ ئینجا چی ڕویدا ؟

ئەگەر هاتنەوە ئێمەش دیسانەوە بیرورامان گۆڕییەوە گوتمان ئەگەر بزانین نیازیان باشە ئەوە خۆمان تەسلیم دەکەین و ئەگەر نا، با پیرو ژن و منداڵ تەسلیم بن ئێمە خۆمان دەشارینەوە،جارێکی تر ناردماننەوە بۆ ناو گوندی لەبەرئەوەی سوپا گەیشتبووە ناو گوندی کوریمێ و لەچواردەوریشمان هێزی حکومەت هەبوو بەڵام شوێنی ئێمە نەدیوو بوو، ئەوان سەرو پەرۆی سپیمان بۆ بەدوو دارانەوە کردن و بەرزیان کردەوە چوون هەتا ئەوان گەیشتنە ناو گوندی سوپاو سەرباز هاتنە خوارێ، ئێمە سەرەتا خۆمان ڕادەستی موستەشاران کرد، ئەوە نزیکەی سەعات شەشی بەیانی بوو بەڵام هەتا خۆمان تەسلیم کردو ژنیان جیاکردنەوە بووە سەعات حەوت ونیو ئێمەیان کۆکردەوە هەتا سەرباز گەیشتنە لای ئێمە، هەرکە گەیشتن دوو ئەفسەر لەگەڵ بوون ملازم بوون هەموو چەتەکانیان دورخستەوە و هەر سەربازمانەوە .

**چەتە مەبەستت جاشە ؟**

بەڵێ بەڵێ ئێمە پێدەڵێن چەتەو ئێوە پێیدەڵێن جاش . کە ئەوانیان دورخستەوە چەکەکانیان لێ سەندین و هەموومانیان بە وردی پشکنی، ئینجا دەستیان کرد بە جیاکردنەوەی پیاوان و ژنان، هەرگەنج پیرەمێردەکانیان نەهێنایە دەرەوە، کە جیاکردنەوەکە تەواو بوو فەرمانیان بە ژن و منداڵ و پیرەمێردەکان کرد بڕۆن بەرەو مانگێشک،بە ئێمەشیان گوت ڕیزبن، ڕیز بووین و گوتیان بڕۆن بەرەو خوار هەندێک ڕۆیشتین و جارێکی تر گوتیان بووەستن، ئینجا گوتیان دانیشن، جارێکی تر پشکنییانین و ئینجا سەربازێکیان لەگەڵ ناردین وتیان ئەم بۆ کوێ چوو لەگەڵ ئەودا بڕۆن، ئێمە زەوییەکمان هەیە کردوومانەتە ترێ وابزانم بۆخۆت چوویت دیوتە بردیانینە لای ڕەزی ترێی ئێمە کە گەیشتین ١٦ سەرباز هاتن لەبەرانبەرمان ڕاوەستان دەموچاویان هەڵپێچرابوو، هیچیان بە ئێمە نەگوت بڵێن ئێوە سەربازی هەڵاتوون، جوتیارن شوانن، پێشمەرگەن، کافرن موسوڵمانن هیچیان نەگووت، ئەفسەرەکە هات گوتی (ارمی) تەقەبکەن،هەرئەوەندەی گوتوو سەربازەکان پێکەوە تەقەیان لەئێمە کرد، ئەفسەرەکان ناویان محەمەدو عەباس بوو هەردووکیان ملازم بوون، بەوەدا دەزانم کەبانگی یەکیان دەکرد یەکێکیان دەیگوت ملازم عەباس و ئەوی تر دەیگوت ملازم محەمەد، لەو کاتەدا بابی قەهاری خەلیل محەمەد

لەگەڵ خوارزایەکی ناوی سدیق بوو خەلیل کەوتە پشتمەوەو سدیق کەتە پێش من، هەر دەستیان بەتەقە کردو من بەتەلە لە ریزەکە دەرچووم هەستام و رامکرد.

**ئەی من وایان بۆگێڕامەوە پێش ئەوەی بڵێن ارمی تۆ لەریزەکە راتکردووە ؟**

نا،نا، هەتا تەقەیان نەکرد من لە شوێنی خۆم نەجوڵابووم، کە تەقەکان دەستیان پێکرد، من لەوکاتەدا ڕامکرد، هەر کە ئەفسەرەکە گوتی: ارمی ١٦ کلاشینکۆف لە کارداربوون کە من ڕامکرد،سدیقیش لەگەڵ من ڕایکرد بەلاّم ئەو لێدراو خوێنی ئەو بەسەرمندا هات و کەوت، ئەو هەریەکسەر تەواو ببوو، نزیکەی سەد مەترێک دورکەوتبوومەوە، هەتا ئەوکاتەش هیچ فیشەکێک بەرمن نەکەوتبوو، زۆرم نەمابوو ڕزگارم بێت، بەرزییەک هەبوو بگەیشتمایە ئەوێ بەدڵنیایی ڕزگارم دەبوو، بەلاّم نەگەیشتمە بەرزاییەکە کە لێدرام، سەرەتا دەنگێک هات، دوایی لەلای قاچی چەپمەوە هاسەنگیم تێکچوو، ئاگام لێبوو بەلادا کەوتم، بەلاّم هیچ ئازارم نەبوو، قاچم کەوتە بن خۆمەوە بەدەست رامکێشا بەلاّم هەستم کرد هێزی تێدا نەماوە، ئینجا خۆم لەسەر دەم راکیشاو دەستم بۆ دارێکی سێوڕاکیشا، شوێنەکە داری لێبوو، بۆئەوەی خۆمی پێبگرم و خۆم رابکێشم بەلاّم دیسان تەقەیان لێکردمەوەو دیسان بەرکەوتم . بەلاّم گرفتێکی تر هاتە پێشەوە کە تەقەیان لێکردمەوە دەورووبەرم پوش بوو، ئەو پوشە ئاگری تێبەربوو، یەک دوو چڵی دارسێوەکەم لێکردەوە ئاگرەکەم پێدەکوژاندەوە بۆئەوەی ئاگر نەگاتە سەرم، نزیکەی چارەکێکی پێچوو لەو حاڵەدا بوو، تەماشام کرد کەریم و قەهار هاتن، ئەوانیش لەبن تەرمەکان دەرچوو بوون، من نەمزانی ئەوان دەرچوون، گوتم ئەوانە هەموویان کوژراون، کە ئەوانیش هاتن هەموو لەشیان خوێن بوو، قەهار خوشکەزامە ئەوەندەی خوێن پێوە بوو نەمناسیەوە، بۆخۆی گوتی من قەهارم، ئینجا ناسیمەوە ئێمە زۆر لەتەنگانەدا بووین.

**ئەی کە ئاگرەکەت دەکوژاندەوە سەربازەکان تەقەیان لێنەکردی یان نەیاندەبینی ؟**

نا سەربازەکان کە تاوانەکەیان کردو پیاوەکانیان کوشت نەمانەوە ڕۆیشتن، ئەوە دوای ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن. من خەریک بووم ئاگرەکەم دەکوژاندەوە، بەلاّم مرۆڤ کە بریندار دەبێ زۆر زۆر تینیوی دەبێ و حەز لە ئاوی سارد دەکات، من بریندار بووم کە ئاگرەکەش تینی بۆ دەهێنام ئەوەندەی ترە تینوم بوو بە تەواوی لێوو قورگم وشک بوو. کەوتم و تەواو لە هۆش خۆم چووبووم، بەلاّم کاتێک هوشیار بوومەوە هەستم کرد کەسێک لەپشت سەرمە.

**گوتت واتزانی کەس نەماوە ئەوکاتەی زانیت کەسێک لە پشت سەرتە چاوەڕوانی چی بوو؟**

بێگومان زۆر ترسام، چونکە من گوتم بەس من زیندووم، ئاخر ئاهاقم نەبوو ئەوان بە کۆمەڵ کەوتنە بەر لوولەی کلاشینکۆف و شانزە کەس تەقەی لێدەکردن، ڕەنگە گێڕانەوەی ئەو ساتەوەختە زۆر سەخت بێت، بەلاّم ئەوەی من دیتم لەچاو عەبدولقەهارو ئەوان زۆر ئاسانتر بوو چونکە من زوو بەتەقلە خۆم دورخستەوەو دوایی هەستام ڕامکردو لەدورەوە بەرکەوتم . بەلاّم ئەوان هەر ٢٠ مەترێک لە سەربازەکان دوربوون بڕوام نەدەکرد کەسیان دەرچووبن، کە سەیرم کرد قەهار دەیەوێ هەڵبگرێت و دورم بخاتەوە، بەلاّم من گوتم نا ئێوە بریندارن بڕۆن خۆتان ڕزگار بکەن و لێرە مەمێنن و خۆتان دوربخەنەوە گەردنم ئازاد بکەو گەردنی تۆ ئازادبێت پەلە بکەن وبڕۆن ئیستا سەرباز بێنەوە دەتانکوژن. بڕۆ ئەگەر کەست دەستکەوت بیانهێنی هاوکاریم بکەن و لێرەم دوربخەنەوە ئەوە باشە ئەگەرنا بڕۆ، قەهارچوو بەلاّم هەهقیقەت کە چوو بۆمن گەلێک ناخۆش بوو، دوای کەمێکی دیتم هاشم هات ئەویش بریندار بوو زۆری خوێن لەبەر دەڕۆی گوتم هاشم ئەوە تۆی گوتی ئا گەلێک ماندوو هیلاک بوو. دەستی کرد بەگریان وتی ماڵی خاڵم هەموویان کوژران کەسیان نەما، گوتم ئەوەی خودا حەزی پێکردووە بووە، گرنگترین شت ئەوەیە ئێوە ئاگاتان لەخۆتان بێت و ئاگاداری قەهاری بن و خوا گەورەیە، تۆش بچو لێرە مەمێنە، سەرباز لەسەرەوە هەبوون لە ناو گوندی بەلاّم ئێمەیان

نەدەدیت گوتم برۆ تۆش لێرە مەبە، گوتی ئەی تۆ گوتم من قاچم شکاوەو لەدووم نایات، ئەویش ڕۆیشت هەتا لەچاوم ونبوو هەر چاوم لەسەری بوو، دوای کەمێکی دی کەریم هات ئەو وەک ئەوان نەبوو زۆر گورج وگۆڵ بوو، هات گوتی ئەوە تۆی گوتم بەڵێ منم گوتی باهەڵتگرم گوتم ناتوانی هەڵم گریت، بەڵام بەقەهاریشم گوتووە ئەگەر دوکەستان دەست کەوت بەڵکو بێن یارمەتیم بدەن و لێرە نەجاتم بدەن، ئەگەر نا بالیرە بمرم وکەستان ئەزیەت نەدەم، گوتی باشە ئەویش ڕۆیشت، ئەوان هەرسێکیان یەکیان گرتبووەوە بەڵام من هەرمامەوەو بەو وەزعەوە هەتا سبەی سەعات ٧:٣٠ی بەیانی ئەفسەرێک و ١٠ سەرباز هاتن، ئەفسەرەکە سەلامی کرد سەلام العلیکم ، علیکم السلام .. گوتی عەرەبی دەزانی گوتم نا عەرەبی نازانم چوون کوردێکیان هێنا،گوتی چیت دەوێ گوتم هیچم ناوێ تەنها کەمێک ئاوم بدەنێ، ئەفسەرەکە وتی: ئاوی نادەینێ هەتا پەیوەندی بە سەرەوە دەکەم ئەگەر گوتیان بیهێنن بۆ ئێرە ئەوا دەیبەین، ئەگەر گوتیان بیخەنە لای ئەوانەی کوژراون و بیکوژین ئەوە دەیکوژین و دەیخەینە لای ئەوانەی کوژراون، من وا بۆخۆم گوێم لێیەتی جیهازەکەی کردەوەو لەگەڵ مانگێش پەیوەندی کرد گوتیان تەسلیمی موستەشاری بکەن و بیهێنن بۆ ئێرە،کۆمەڵێک جاش هاتن هەموویان خەڵکی هەولێر بوون هێستریان پێبوو، سەلامیان کردو وەڵامم دانەوە، گوتیان چیت پێویستە گوتم تەنها ئاوم بدەنێ لەمەتارەی خۆیان ئاویان پێدام و ئینجا یەکێکیان گوتی جگەرە دەکێشی گوتم بەڵێ جگەرەیەکیشیان دامێ، چەتەیەک گوتی برای عەزیز گوتم بەڵێ گوتی ئەوە هێسترمان هێناوە ئەگەر دەتوانی سواری هێسترت دەکەین و دەتبەین بۆ مانگێشک ئەگەرنا ئەوا تەسلیمی سەربازەکانت دەکەین بەسەیارە بتبەن، بەڵام نازانین بۆکوێت دەبەن، گوتم بەهێستر بمبەن تابوتێکیان هێناو منیان تێکردو خستیانمە سەر پشتی هێسترەکەو بەتەنیشت جەنازەی ئەو پیاوانەدا بردیانم کە دوێنێ پێکەوە گوللەباران کراین. بردیانم گەیشتینە ناو گوندی کورێمێ هەمان ئەوان ئەو ئەفسەرەی دوێنێ بڕیاری ڕەمی کردنی داین چاوی پێم کەوت گووتی ئەو موخەریبە داگرن . دایانگرتم یەکێکی دی لەوێ بوو گوتی چییە کوێت بریندارە گوتم قاچی من بریندارە ئەو ئەفسەرە دڵرەقە بە پۆستاڵەوە چووە سەرقاچم بەشەق لەقاچمی دەدا من هەردووک چاوم خەریک بوو لەسەرم دەرپەڕنە دەرەوە، ئیتر بێهۆش بووم، کاتێک بەهۆش هاتمەوە لە سەیارەیەکی ئیسعافدا بووم.

**ئەو شەوە هەتا بەیانی تۆ بەبریندارى لە چۆڵی مایتەوە و لە نزیکی جەنازەکان بوویت، چۆنت لێ ڕۆیشت ؟ هەستی تۆ چی بوو ؟**

هەستی من چۆن بێت هەمیشە تەماشام دەکردن، کەئازاریش زۆری بۆمن دەهێنا خۆزگەم دەخواست منیش ئێستا تەرمێک بوومایەو لەناو ئەواندا تەواو ببومایەو لەگەڵ ئەوان بمردمایە، ئەوانە هەموو خزم و خۆشەویستی من بوون، ئەوە عەدنانە خوشکەزای منە، ئەوە سەلامە خوشکەزی منە ئەوە بابی عەدنان وسەلامە باوکیان زاوامەو ئێمە هەمووومان وەک عائیلەیەک وابووین، یادگاری و خۆشیمان پێکەوە بووە لەمنداڵیەوە لەگەڵ یەک ژیابووین و ئێستا هەموویان وا لەنزیکی من جەنازەکانیان ڕاکشاوەو منیش بریندارم، هەستێکی زۆر ناخۆشم هەبوو، بەڵام بۆخۆشم ئازارم هەبوو، جاری وابووە لەهۆش خۆم چووم، بۆخۆشم نازانم چۆنم ڕۆژکردووەتەوە، بیهێنە پێشچاوی خۆت من لە دۆخێکی زۆر ناخۆش و خوێناویدا بووم، شەوەکەی یەکدووجارم هەوڵدا بچم تەماشایان بکەم بەڵام من قاچم شکابوو نەمتوانی لەشوێنی خۆم بجوڵێم .

**ئەگەر بە ئیسعاف بردیانی بۆ کوێیان بردی بۆ قەڵای نزارکێ یان بۆ مانگێش ؟**

نابردیانم بۆ خەستەخانەکەی مانگیش دکتۆرێکی (فەلە) مەسیحی لێبوو، ناوی سبحی بوو، هەتا ئێستاش ماوە، لە مانگێش ماوە ئەفسەرەکە بە دکتۆر سبحی گوت دەرزیەکی لێبدە بیکوژە، ئەویش گوتی من ئەو تاوانە ناکەم و درۆ لەگەڵ خوای خۆم ناکەم ئەگەروایە بۆچی بۆخۆتان نەتان کوشت ؟ بۆ هێناوتانە من بیکوژم نا من شتی واناکەم. دکتۆر سبحی هات تەختەیەکی بەقاچمەوە بەست و

بەلەفاف پێچای بەبێ دەرمان. چونکە نەیوێرا دەرمانم بکات.

**ئافەرین دکتۆر سبحی ئەگەر من بێم بۆ مانگیش دەتوانم ببینم ؟**

هەرچی کاتێک تۆبتەوێ ببینیت دەتوانی بەڵێ ئەو لەمانگێشکە .

هەتا کەی لە خەستەخانەی مانگیش هێشتیان بمێنیتەوە و دکتۆر چارەت بکات ؟

نەیانهێلام، سێ شەو سێ رۆژ من لە بینایەی ناوەندی مانگێش بەبێ دەرمان لەوێ دەستبەسەر بووم، دایکی قەهاری خوشکمە دووسێ جاران هەوڵیدا بێتەلای من بۆئەوەی هەواڵی ئەوانی تر بزانێ تەنها (٥) دەقیقە رێگەیاندا بێتە لای من و توانی، من ببینی گوتی دەمەوێ هەواڵی راست ودروستم دەست بکەوێ کێ ماوەو کێ زیندووە، گوتم هاشم وقەهارو کەریمم دیتووە دەرچوون و منیش ئەوە ئاوام دەبینی ئەوی دی هەموو تەواو بوون و فاتیحایان بۆ بخوێنن . ( ڤیدیوی دووەم سەرەتا) دوای ئەوە بریار دەرچوو بمانبەن بۆ قەلای نزارکێ، سەیارەی عەسکەرییان هێناو لەگەڵ خێزانەکانمان ژن ومنداڵ و پیرەمێرد کە دوێنێ لەکوریمێ جیایان کردبوونەوەو هێنابویانن بۆ مانگیش پیکەوە بردیانین بۆ نزارکێ لەوێ ژن ومنداڵیان خستە قاتی دوو ئێمەشیان لە خوارەوە هێشتەوە، نزارکێ قەڵایەکی گەورەیە رەنگە ٦ هەزار کەسی تێدابووبێ . دۆخێکی زۆر ترسناک وناخۆش بوو، ٢١ شەو من لەنزارکێ بەبێ دەرمان و خواردنی باش مامەوە، حاڵم زۆر خراپ بوو، نازانم چۆن باسی بکەم رەنگە هەرگیز نەتوانم وەک خۆی باسی بکەم، من لەئازارو ئەشکەنجەدا بووم، ئیتر من نازانم قەهارو هاشم و کەریم چیان بەسەرهاتووە، گیراون لەچیایی ماون تسلیم بوون هیچم لەبارەیانەوە نەدەزانی. شەوێک سەرباز هاتن هەرچی گەنج هەبوو جیایان کردنەوەو کردینە قاعەیەکی گەورەوە هەر لەناو نزارکێ هەتا سێی شەوێ ئەوان هەر خەریک بوون بەسەردا دەگەڕان و گەنج وجحێلیان جیاکردەوە سەعات سێی شەو مەنشئەیان هێناو هەموویان بردن کەس نەیزانی بۆ کوێیان دەبەن و چییان بەسەردا هات .

**تۆ بە مەنشئەکانت بینی ؟**

بەچاوی خۆم دیتم، پاسی شین بوون، پەنجەرەشیان نەبوو. من لەپەنجەرەوە دیتم نەمدەتوانی بچمە دەرێ بریندار بووم، برینداریش نەبوومایە هەر نەمدەتوانی بچمە دەرێ کەس نەیدەوێرا لەشوێنی خۆی بجوڵێ، هەموو سەریخۆی کزکردبوو هەتا نەیبەن، پاسەکانیان بەریز وەستاندبوون هێنایەننە بەردەم قاعەکە و یەک بەیەک دەچوونە پێشەوە.

**نەتزانی چەند پاس بوون ؟**

هەریەک شەو نەبوو شەوی واهەبوو سێ پاس بوون، شەوی واهەبوو چوار پاسیان دەبردو پڕیان دەکردن و دەڕۆیشتن. هەر خەڵکیان دەهێنایە نزارکێ و جیایان دەکردنەوەو شەویش پاس دەهاتن دەیانبردن شەوی واهەبوو دوو پاس دەبران و شەوی واهەبوو سێ بوو جاری واش بوو چوار پاس بوون، بەپێی هاتنی خەڵک بوو بۆ نزارکێ خەڵکی هەموو دەڤەری بادینانی تێدا بوو.

**گوتت ژن ومنداڵیش برانە قاعەکانی سەرەوە هیچتان لەبارەیانەوە نەدەزانی ؟**

نەخێر هیچ نەمانەدەزانی ژن ومنداڵ چ چارەنوسێکیان هەیە،نەماندەزانی سەلامێ هەیەو ژن ومنداڵی بۆ دەبەن، نەماندەزانی شوێنێک هەیە ناوی بەحرکەیە، رۆژی بیستوودووهەمین حاجی عوسمانم دیت ئەوەی لە کوریمێ بۆخۆشت دیووتە، گوتم حاجی عوسمان چ باسە گوتی دەمانبەنە بەحرکێ ئێمەش نەمانەدەزانی ئەوە شوێنێکە لە هەولێرە وامانزانی بەحرەو دەمانبەن فڕێمان دەدەنە ناو بەحرێ. ئەوە من ئێستا بۆت دەگێڕمەوە ئاوا بەئاسانی مەزانە ئەوکاتە ئەوەندە ترسابووین ئێستا ناتوانم ئەو ترسە پیشانبدەم هەموو زەندەقمان چووبوو، بەڵام هەقیقەت دەمانویست لە نزارکێ رزگار بین ئیتر مردنیش بوایە ئاسایی بوو بەلامانەوە نزارکێ دۆزەخ بوو، دەڵێن نوگرەسەلمان رەنگە نزارکێ زۆر خراپتر بووبێ . ئەگەر بردیانین بۆ بەحرکێ بەرێگای موسڵدا بردیانین، بەناو شاری دهۆکدا گێرایانین وەک مەخسەرە، وەک دیل ئیتر بردیانین بۆ موسڵ و لەوێشەوە بۆ هەولێر ئینجا هەمان رۆژ خێزانی

ئەنفالكراوی تریش كەلە سەلامیَ گیرابوون لەگەڵ ئێمەیان هێنان بۆ بەحركێ و لەوێ هەڵیان رشتین ئەویش سەحرایەک بوو هیچ هیچی تێدا نەبوو. بەڵام ترسمان نەما لەوەی بمانبەنە ناوبەحرو بمانخنكێنن.

**با لێرە هەڵوەستەیەک بکەین و بپرسم نەتان زانی چەند رۆژ دوای تاوانەکە جەنازەکانی کوریمێ داپۆشرابوون ؟ کێ داپۆشیبوون ؟**

با هەفتەیەک هەر لەبەرگەرمادا مابوون و دوایش ئاگریان لەپوشەکە بەردابوو سوتاندبوویانن. بەڵام هێشتا ڕون نیە کێ داپۆشیوون جاش یان جەیش ئەوەیان نەزانداروە. لەچوار چاڵدا هەر بەجلوبەرگی خۆیانەوە دایانپۆشیبوون، نەیان ناشتبوون هەر شاردبوویاننەوە .

**ئینجا لەبەحركێ ژیانتان چۆن بوو ؟**

من لەبەحرکەی خێزانەکەی خۆمم دیتەوە، ئینجا هەندێک کەسی خزم و ناسیاو هاتن لەموسڵەوە یارمەتیاندداین کەسێکیش هەبوو بەرپرسی خستەخانە بوو ئەم بەرپرسەی ئێرەشی دەناسی منیان برد بۆ خەستەخانەی جمهوری لە هەولێر لەوێش دوو مانگی رێک لەسەر پشت کەوتم، نەشتەرگەری قاچیان بۆکردم ئەو دوومانگە لە سەقفی ژوورەکە بەولاوە یەک شتی ترم نەبینی، بەڵام من قاچم سەقەت ببوو، برینەکەم بۆگەنی کردبوو، هەتائێستاش مەن ئەو قاچەم هەر ناچەمێتەوە([79])، دوایی هێنایانمەوە بۆ بەحرکە، لەوێ ئەو کاتە چادرێکمان هەبوو هیچ ماڵ و خانوومان نەبوو. لێرەوە من داوا لەخەڵک وحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم هەرگیز چاکەو پیاوەتی و مەردایەتی خەڵکی هەولێر لەبیر نەکەن. زۆر کەس ئەوە دەڵێن ئەگەر ئازایەتی و قارەمانێتی شاری هەولێر نەبوایە زۆر کەس لە بەحرکە لەبرسان ولەسەرمان دەمردن .

ئەوە راستیە ئەوە واقعێکە و هەمیشە لەبەرچاومانە ئەگەر ئازایەتی و قارەمانێتی ئەوان نەبوایە ئێمە دەمردین ماوەی سێ ساڵ ئێمە لەوێ بووین هاوکاری خەڵکی هەولێر لە ئێمە نەبڕا، من ناتوانم چاکەی هەولێر لەبیر بکەم وەک چۆن ناتوانم چاکەی تۆ لەبیر بکەم. ئەوان ئازوخەیان بۆ هێنان، چادریان بۆ هێنان، هەموو جۆرە هاوکارییەکیان کردین داوام لە میللەتی خۆم هەیە چاکەی هەولێر لەبیرمەکەن.

**حکومەت چی هاوکاری ئێوەی کرد زەوی و سلفەی عەقاری پێدان ؟**

یەکی پارچەیەک زەوی رەق وتەق هیچی تر نە سلفەی عەقارو نە هیچ هاوکارییەکی تر، تەنانەت یەک خانوشی تێدا نەبوو، تەنها خانوی ئەمن وموخابەرات و رەبایەی جاش و سەرباز هەبوون کە رەشاشی بیکەیسیان بەرانبەرمان دابەستبوو، نەئاو نە خانوو نەکارەباو نە رێگاوبانی باش هیچ نەبوو، ئەو هاوکاریەشی خەڵکی هەولێر دەیانهێنا، حکومەت رێی نەدەداو تەقەی لێدەرکردن و راوی دەنان بەڵام خەڵکی هەولێر ئازابوون و نەدەترسان . ژیانێکی زۆر زەحمەتمان گوزەراند ئەوەی بەعس لەگەڵ ئێمەی کرد کەس لەگەڵ کەسی نەکردووە، ئەو ستەمکاریە لە مێژوودا وێنەی نەبووە.

**ئێوەی ترسی ئەوەتان لەسەر نەمابوو جارێکی دی حکومەت پێتان بزانێ و بتانکوژن ؟**

چۆن بەلێ هەمیشە چاوروانی ئەوە بووین بمانبەن بمانکوژن، بائەوەشت بۆ بگێرمەوە شەوێک بە بڵنگۆ بانگیان کرد، هەرچی فەڵەو ئێزدیە کۆببنەوە، کۆیانکردنەوە گوتیان دەتانبەین بۆ جێگەیەکی ترمنشئە هات باریانکردن وبردیان

---

[79] لە کۆنگرەی سێهەمی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بە باسێک بەشداریم کرد، باسەکەی من توێژینەوەیەک بوو لەسەر ئەم دەربازبوانە، داوای من ئەوە بوو کە لەکاتی پێشکەش کردنی باسەکەمدا ئەم دەربازبوانە خۆیان لەگەڵم ئامادە بن، لەبری ئەوەی وێنەکانیان بە داتاشۆ پیشان بدەم خۆتان ڕوبەڕوو بیانبینن بۆمنیش باشترو بۆخۆشتان گرنگترو جوانترە، بەڵام بەرێوەبەرانی کۆنگرەکە بەعەقیاندا نەدەچوو نەیاندەزانی سودی ئەوان لەسەر تەختەی نمایش چیە، بەهەرحاڵ کە قایل بوون داوای کورسیم بۆکردن کە دانیشن گوتیان ئەوە لەبەرنامەی کۆنگرەکەماندا نیەوبا بەپیوە ڕابووەستن، منیش قایل نەبووم باسەکەم پێشکەش بکەم هەتا ئەوانەم لەگەڵدا نەبێ و هەتا دانەنیشن . ئینجا بەنابدەڵی وپرتەو بۆڵە ملیاندا.

وجـــــارێکی تــــر نەبینــــرانەوە، هەموویــــان بێسەروشوێنکردن.[80]

**ئایا مەنشئەکان هەروەک ئەوانە بوون کە تۆ لەقەلای نزارکێ دیبووتن ؟**

بەڵێ هەمان ئەو مەنشئانە بوون .

**کەس دەناسی لەسەلامیە دەستبەسەر بووبێت و نەگەڕابێتەوەو هەئێستا بێسەروشوێن بێت ؟**

بەڵێ ئەی چۆن هەر لەگوندی کوریمێ ٢٦ کەس بێ سەروشوێن بوون وهەتا ئێستاش نەبینرانەوەو کەس نەیزانی چیان بەسەرهات ولەکوێ کوژران ؟

**تۆ بەشداری دادگای باڵای تاوانەکانت کرد ؟**

بەڵێ من چوومە دادگای باڵای تاوانەکان لەگەڵ قەهارو کەریمی لەدژی سەدام و عەلی حەسەن مەجیدی شایەتیماندا .

**هەستت چۆن بوو ؟**

گەلێک خۆش بوو، من لەوێ بەعەلی حەسەن مەجیدم گوت تۆ هاتوویتە بەحرکەو بەلێنت پێداین کەوا سێ ڕۆژی تر هەموو ئەوکەسانە بەردەدەین کە لەئەنفالدا گیراون ؟ پێمگوت تۆ بەلێنت نەدا ؟ ئەی کوا بەلێنت ؟ کوا ئەو کورو جحێلانەی بردت وگوتت دێنەوە چیتان لێکردن ؟ سەری خۆی داخست و هیچ وەڵامی نەدامەوە.

**ئینجا عەلی حەسەن مەجید هاتبووە کۆمەڵگای بەحرکێ ؟**

بەڵێ هات، ڕۆژێک خزمێکم هاتە لام لەبەحرکێ گوتی ئەمرۆ سەدام دێتە ئێرە، بابچین بزانین چیەو چی دەڵێت: منیش چووم، بەلام کەهات عەلی حەسەن مەجید بوو، دوسێ پیرەمێرد لێی چوونە پێشەوە گوتی داواکاری ئێوە چیە ئەوانیش داوای چارەنوسی گەنجەکانیان کرد، گوتی هەتا سێ

---

80 لەبارەی چارەنوسی مەسیحی و ئێزدی وکلدۆ ئاشورییەکانەوە میدیل ئیست وۆچ بەدرێژی باسی گرتن و بێسەروشوێنکردنیان دەکات لە کتێبەکەیاندا جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد لە لاپەرە ٤٠٢ هەتا لاپەرە ٤٠٤ هەمان ئەو باسە دەگێڕیتەوە کە ئەبابکرو عەبدلکەریم نایف دەیگێرنەوە و دەنوسێت ( لە پاش دوو حەفتە بانگەوازە نامۆو نەشازەکە بۆ مەسیحی و ئێزیدیەکان کرا بچن بۆ بنکەی پۆلیس یان ئۆفیسی حیزبی بەعس لە ئۆردوگاکەو ئەفسەرانی ئیستیخبارات بە ئۆتۆمبیلێکی تۆیۆتا لاندکرۆزەر بە هەردوو کۆمەڵگاکەدا دەگەڕان و جاڕیان دەداو بە تەواوی جەنجاڵی کارەکە بوون. دواجاریش بە چواردەوری ئۆردووگاکانیشدا گەڕان بۆ گەیاندنی پەیامەکە بۆ یەک بە یەکی ئەو خێزانانەی لە ژێر چاتۆڵە کاتیەکانیاندا کۆمەڵیان کردبوو. ئەوان وایان دەردەبڕی کە مەسەلەکە هیچ ترسێکی تێدا نیە، بەتایبەتی کە قەشەیەکی ئاشووری چەند جارێک ئەو پرسیارەی دووپات کردووەتەوە کەوا چییان لێدەکەن، ئیستیخباراتێک لە وەلامدا وتبووی: "دەتانگێڕینەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێمانەوە هێناون"، یەکێکی تریان وتبووی: "دەتانبەین بۆ لای پیاوەکانتان"، ئەمە قسەیەک بوو کە لە دووتوێیدا مانا ڕاستە دڕندانەکەشی تێدابوو.

ئینجا لە بنکەی پۆلیس ناوەکان خوێنرانەوەو لەگەڵ لیستێکی سەرەکیدا بەراورد کران. دواتر ئیستیخبارات فەرمانیان داونەتێ ببنە سێ تاقمەوە: مەسیحی، ئەو ئێزیدیانەی لە پارێزگای دهۆک خۆیان داوە بە دەستەوە، ئەو ئێزیدیانەی لە ئاکرێ خۆیان داوە بە دەستەوە، واتە لە پارێزگای نەینەوای دەراوسێی دهۆک. ئەم دوو جۆرە جیاکردنەوەیە هەندێ خەڵکی خستە گومانەوەو زۆریان شوێنی گرتنەکەیان بە ڕاستی نەگوت، خۆیان خستە ڕیزی ئەوانەی لە ئاکرێ خۆیان بە دەستەوە داوە.

ئەودوای دانیشتوانی ئۆردووگاکە دواجار گێڕابوویانەوە کەوا بەغیلییان بردبوو بەو دەستبەسەرە ئێزیدیانەی لای دەروازە سەرەکیەکەی ئۆردووگاکەوە چاوەڕێی پاسیان کردووە بۆ گواستنەوەیان، گوایە بەخەیاڵی ئەمان بۆ ماڵی خۆیانیان دەبەنەوە لە ناوچەی شێخان. چەند ڕۆژێکی دواتر، پاسێکی سەربازی خاکی لە گەڵ ئەفسەرێکی سوپاو نۆ یان دە سەربازدا ٢٦ کەسی فەڵەی ئاشووریی خەڵکی گوند کوسەی هەڵگرت و بردنی. ئێستا وا مەسیحیەکی کەم ماونەتەوە لە گەڵ ئەو ئێزیدیانەدا کە لە ئاکرێ خۆیان دابووە دەستەوە، ئەمانە لە بەحرکەو جێژنیکان مانەوە تا هاوینی 1990، تا ئەو کاتەی کە قەدەغە هەڵگیرا لە سەر هاتوچۆ کردن. هیچکام لەوانەش کە لە کەمپەکانەوە بە پاس ڕەوانەکران نەگەیشتنە ماڵی خۆیان و کەسیشیان لە کۆمەڵگاکانی تری وەک مەنسوورییە (مسوریرک)و خانکێدا لێ نەبینرا، چوونکە ئەم دوانە تەرخان کرابوون بۆ نیشتەجێکردنەوەی مەسیحیو ئێزیدیەکان. ئەنجامی هەموو ئەوانە چۆن لێکبدرێتەوە هەر کوژراون. قەشەیەکی ئاشووری کە میدل ئیست وۆچ چاوپێکەوتنی لە گەڵ کردووە، دەڵێ کەوا لیستێکی 250 کەسیی مەسیحی کۆکردووەتەوە کە لە ماوەی ئەنفال و گێڕەنی دوای ئەنفالدا بێسەروشوێن کراون.

ڕۆژی تر بەڵێن بێت ئەگەر لەسەر زەوی بن بۆتان دەهێنمەوە .

**ئەمە عەلی حسەن مەجید گوتی ؟**

بەڵێ من لە دادگای بەغدایە ئەوەم پێگوتەوە .

**ئێزدی و مەسیحیەکان چەند کەس دەبوون ؟**

زۆر زۆر بوون بەڵام بەژمارە نازانم بەڵام ئەوە دەزانم کە گەلێک بوون.

**باسی ئەوەتکرد کە پارێزگاری هەولێر بڕیارێکی داوە بچنە ناوچەکانی خۆتان ؟**

بەڵێ ئەوە ساڵی ١٩٩١ وەرەقەیان بۆ دەکردین سەردانی کەسوکارمان بکەین لە شارەکانی تر، ئێمەش چوین بۆ ماڵی خەزورم لەدهۆک بوون، لەوێ ماینەوەو ڕاپەڕین و سەرهەڵدان دروست بوو، کەگەراینەوە هیچ شتێکمان نەمابوو، هەموو ئەو شتانەی خەڵکی هەولێر پێیاندابووین هەمووی تاڵان کرابوو جارێکی تر سفت وساف بووینەوەو هیچمان نەما، ئینجا رامانکردو ئاوارەیی ساڵی ١٩٩١ بوو ئاوارە بووینەوە بۆ سەر سنوری تورکیان.

**دوای سەرهەڵدان و ڕاپەڕین ژیانی ئێوە چی بەسەرهات ؟**

دوایی بوومەوە بەپێشمەرگە.

**لەکوێ بوویە پێشمەرگە ئەی تۆ قاچت بریندار بوو ئێستاش هەر باش نیە چۆن بویتە پێشمەرگە ؟**

ئەی من ناچاربووم، خێزاندار بووم، هیچم نەمابوو. گوند نەمابوو ماڵم نەمابوو.

**ئەی نەیاندەگوت تۆ قاچت تەواو نیەو ناتوانی بەئەرکی پێشمەرگایەتی هەستیت ؟**

بەخوا ئەگەر نەچومایە بۆ واجبەکەم موچەیان نەدەدامێ .

**لەکوێ پێشمەرگە بووی ؟**

بوومە پاسەوانی لق و دوایی هەتا خانە نشین بووم لەگەڵ قادر عەبدولعزیز بووم لەگەڵ قادر قچاغ. لەبەر خاتری ماڵ ومنداڵەکانم دەنا قاچی من و تەندروستی من هی واجب و پێشمەرگایەتی نەبوو، واجیبی من هی هەژاری و خەمی منداڵەکانم بوو. بەڵام من شەرمم دەکرد خیزان ومنداڵەکانم روت وبرسی بن.

**بەڵام پرسیارێکم هەیەو پێمخۆشە بە ڕاشکاوی وەڵامم بدەیتەوە من بیستوومە تۆ خزمەتکاری ماڵی قادر قاچاغ بوویت ئەوە ڕاستە ؟**

دەزانی چۆنە، من و قادر قاچاغ وەک برابووین، خەڵکی یەک گوندبووین، من بۆخۆم پێمخۆش بووە خزمەتی ئەو ماڵی ئەو بکەم، دەنا من خزمەتکاری ماڵی ئەوان نەبووم، من پێشمەرگە بووم لەگەڵ ئەودا بووم. سیفەتی من پێشمەرگە بووە نەک خزمەتکار. من ڕاستی دەڵێم قادر قاچاغ هەر ئێشیکی هەبێ بۆی دەکەم لەبەرئەوەی تەبیعەت وکەسایەتی ئەو دەناسم نەک وەک بەرپرسێک وەک برایەک من وتۆ چۆنین من باش تەبیعەتی تۆ دەناسم و دەزانم برایەتی وئینسانیەت دەزانی تۆش هەر کارێکت بەمن بێت بۆت دەکەم . تەبیعەتی کاک قادر زۆر بلندە ئەو بۆخۆی ئەندامی مەکتەبی سیاسییە هەتا ئێستا نەفسی ڕێگەی نەداوە تەلەفۆنێک نەک بۆ بەرژەوەندی من بۆ بەرژەوەندی کەسێکی دی بکات بۆ سەروی خۆی ئەو کابرایەک نیە قبوڵ بکات من خزمەتکاری ماڵی ئەوبم. بەڵام ئەو گلەیەشم هەیە کە بارودۆخی من زۆر سەخت بوو، برینداربووم برام شەهید بوو، هیچ ناهەقیەک نیە ئەگەر تەلەفۆنێک بکات و بڵێت هەقیقەتی ئەبابکر ئاوایەو حاڵی باش نیە.

**تۆساڵی چەند خانە نشین بووی ؟**

من پار خانەنشین بووم ساڵی ٢٠١٢ وەک گوتم بەبێ هیچ پلەیەک، بەمانگانەیەکی خراپ بەبڕی ٤٦٠٠٠٠ چوارسەدو شەست هەزار دینار . کەچی کاک قادر ئەوهەموو خزمەت و بریندار و ماڵوێرانیەی لەبەرچاو نەگرتم نەک وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەڵکو وەک فەرماندەیەکی خۆم کەلەگەڵیدا بووم .

**ئەی قەت ڕۆژێک ڕوبەڕوو گلەییت لێنەکردو باسی حاڵی خۆتت بۆ نەکرد ؟**

بەڵێ من تەلەفۆنیشم بۆکرد پێمگوت من مەغدورم، خزمەتم زۆرەو هیچ حسابێک بۆ خزمەتی من نەکراوە، جارێکیش چوومە ماڵیان و پێمگوت سەیدا، من مەغدورم بۆخۆت دەزانی ئەوەی خانوی ماڵی بابی منی سوتاندو ئەوەی خانووی ماڵی بابی تۆی سوتاند ئێستا پلەی سەربازییەکەی

موقەدەمە ! من هەژارم و من بریندارم و خزمەتم هەیە بۆ ئەوەم بۆ لەبەرچاو ناگرن ؟ گوتی تۆ کوڕێمەی ومن کوڕێمەی من تەکلیف بۆ کوڕێمەییان ناکەم . گوتم بۆ خەڵکی کوڕێمەی مەکە بۆ هەقی خۆم بیکە. بەڵام سروشتی ئەو پیاوە وایە کەبۆ خزم وگوندی خۆی کارناکات.

**لەراپۆرتەکەی مێدڵ ئیست وۆچدا تەمومژێک هەیە من دەمەوێ لەدەمی خۆتانەوە بیبیستم، گوایە یەکێک لەهۆکارەکانی کۆمەڵکوژی کوڕێمێ ئەوەبووە کە پیاوانی کوڕێمێ پێشتر سەر بە دائیرەی ئەمن و موخابەرات بوون، بەڵام ساڵی ١٩٨٧ ئێوە بەبریارەکەی بەعس رازی نەبوون و نەچوونەتەوە گوندەکەتان چۆڵ نەکردووە، بەپێچەوانەوە پاڵتانداوە بە حزبێکی ترەوە ئەمەش لەلای بەعس قبوڵکراو نیە ؟ ئایا پیاوانی کوڕێمێ سەربە ئەمن بوون ؟**

هەموو گوندێک سیخورو پیاوی ئەمنی تێدابووە، کوڕێمیش وابوو ئێمە دوو بەرە بووین بەرێک لەگەڵ حکومەت بوو، بە ئاشکراو ئەوانە سەربەئەمن و دەوڵەت بوون، ئێمەش بە ئاشکرا پارتی بووین و پێشمەرگەبووین. ئەوە هیچ ڕاست نیە . تەنها ئەوەندە نەبێ بەڵێ خەڵکی کوڕێمێ دوو بەش بوون ئەوانەی بەعسی بوون و ئەوانەی لایەنگری کوردایەتی بوون ئەوانەی بەعسیان کەسیان لەکۆمەڵکوژی کوڕێمیدا نەبوون . بەخودای هەتا ئێستا منیش نازانم بۆچی حکومەت ئەو تاوانەی دەرهەق بەئێمە کردووە. شتێکی تریش هەیە و زۆر جار ئەو پرسیارەیان لێکردووم کەگوایە هەندێک خەڵکی کوڕێمێ لەگەڵ حکومەتدابوون ئەوسا کە گیراوین لەوێ بوون و گوتوویانە ئەمانە هەموویان پارتین و بیانکوژن ئەوەش ڕاست نیەمن کەسی کورێمێم نەدیتووە لەوێ بێ و بڵێت بیانکوژن . من ئەوەم نەدیووە تەنها ئەوەی بینیم ١٦ سەربازبوون ئەفسەرێک گوتی بیانکوژن ئەوان بە ١٦ غەدداران تەقەیان لە ئێمە کرد. منیش بەلامەوە پرسیارە بۆچی هەر گوندی ئێمە ئاوای بەسەر هات.

**بەڵام هەر گوندی ئێوە نەبوو، گوندێکی تر هەیە بەناوی مێرگەتی ئەوە لەبناری چیای گارایە ئەوانیش کۆمەڵکوژ کران هەشت پیاو بوون گولەباران کران حەوتیان گیانیان لەدەستداو یەکێک لەوان دەربازبوو ناوی بەنگین مستەفایە .**

بەڵێ باسی ئەوەش دەکەن بەڵام بەڕاست بەنگین دەناسی دیوتە ؟

**نانا ببورە ئەویش وەک فەتاح عەبدولقادر گیرایەوەو بێسەروشوێنکرا.**

بەڵێ وامزانی ماوەوەو ئەویشت وەک ئێمە دۆزیوەتەوەو بەدیداری شاد دەبین.

نانا بەداخەوە ئەو خزمەکانی ترسابوون و ڕادەستی پیاوانی ئەمنیان کردبوو بەڵام بێسەروشوێنکرا.

بەداخەوە .

**کاک ئەبابەکر هەرچەندە لەسەرەتای دیدارەکەمانەوەو دواتریش ئاماژەت پێکرد، بەڵام دیارە دەتەوێ زیاتر لەسەر خانەنشینی و پلەی خانەنشییەکەت قسە بکەیت، تۆ بەچ پلەیەکی سەربازی خانە نەشینکراویت ؟**

هیچ وەک هاوڵاتیەکی ئاسایی و پێشمەرگەیەک موچەکەم تەنها ٤٦٠٠٠٠ چوارسەدو شەست هەزار دینارە.

**ئەی خۆت بە شایستەی چ پلەیەک دەزانی ؟**

بەزیاتر

**کاک ئەبابەکر من هاتمە گوندی کوڕێمێ ئەوەی کەدیتم مەزاری شەهیدەکانی کوڕێمێ زۆر مایەی نیگەرانی و ئازار بوو، بۆچی هیچ گرنگیەکتان پێنەداوە، ئێوە هەر سێکتان چوونە گوندی کڵێسەو مەزاری ئەنفالکراوەکانتان دیت ؟ چوونە دوکان و گۆپتەپەو ئەوانەی ئەویشتان بینی ئێ خۆ ئەگەر ئەوەی دوکان حکومەت کردوویەتی هی کڵێسەو گۆپتەپە خەڵکەکە بۆخۆیان چاکیان کردووەو مۆنۆمێنتیان بۆ دروست کردوون ئەوەی کوڕێمێ وەک حکومەت گرنگی پێنەداوە ئێوە بۆخۆشتان هەر گرنگیتان پێنەداوە ؟**

ئێمە زۆرمان باس کردووەو داوامان کردووە، چوینە لای بەرێوەبەری گۆڕەبە کۆمەڵەکان و بریاریشمان هێنا، بەڵام هێشتا هیچ دیار نیەو دەستیان پێنەکردووە، تەنانەت وەزیری شەهیدان دکتۆر ئارام هاتە کوڕێمێ و داوامان لێکرد هیچی

بۆنەکردین، هەر بەڵێنی پێدراین، چوینە کن نەسرەت بادی پێمانگوت کاکە ئێمە بەهۆی فیلمی هەزارو یەک سێو چوینەتە کلیسەو گۆپتەپەو شوێنی تریش لەگەرمیان، لەوێ مۆنۆمێنت بۆ شەهیدو ئەنفالکراوەکانیان کراوە بۆ دەبێت ئەوانەی ئێمە وا پشت گوێ بخرێن ؟ پێمان گوت خۆ بەمردنی خوایی نەمردوون و لەسەر میللەتێک شەهید بوون، هەقە مۆنۆمێنتێکیان بۆ بکەن و رێز لەشەهیدان بگرن.

**بۆ لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان ئەم باسە ناکەن ؟**

لەگەڵ ئەویش داوامان کردووە، ئەی ناڵێم دکتۆر ئارام هاتە کورێمێ و پێمانگوت .

**بەڵام مامۆستا ئارام نەیزانیبوو کە لەکورێمێ کۆمەڵکوژییەکی واهەبووە و خاوەنی دۆسێیکی وایە، من و خاتوعەدالەت عومەر پێمانگوت بڕوای نەدەکرد، گوتمان ٢٨/٨/ خۆت ئامادە بکەو وەرە بۆ ئەوێ ئەوسا ڕاستی دەبینی .**

ڕاستە ئەو هەتا ئێوە نەهاتن بۆ کورێمێ هیچ وەزیرێک نەهاتبووە لای ئێمە، ئەویش نەهاتبوو بەڵامساڵی دوایی لەگەڵ ئێوە هاتە کورێمێ .

**لەگەڵ ئێمە نەهات ڕاستترە بڵێم ئێمە لەگەڵ ئەودا نەهاتینەوە بۆ کورێمێ، ئێمە بەسەیارەو خەرجی خۆمان هاتین نەک لەگەڵ ئەودا .**

بەڵێ بەڵێ ڕاستە منیش وام نەگوت گوتم هەتا ئێوە نەهاتبوون ئەو هیچ کات سەردانی ئێمەی نەکردبوو.

**بەڵام کاک ئەبابەکر، من ژیان و بژێوی زیندووەکان لە گۆرستانی مردووەکان بە پێویستتر دەزانم، مەبەستی من ئەوە بوو، کەوا گرنگی بە ژیانی ئەوانە بدرێت کە قوربانیان داوە، هەلبەت مردووش ڕێزی خۆی هەیە، هەقە گۆرستان و مەزارەکانیان شایستە بێت و ببێتە شوێنی یادەوەری یادەوەریش نەک بۆ ڕیکلام بەڵکو بۆ دروستکردنی دادپەروەری .**

گەڵێک ڕاست دەفەرمووی هاوڕاتم، ئەگەر حکومەت هاوکارمان بێت و ژیانی ئێمە باش بێت ئێمەش دەتوانین بپەرژێینە سەر یادەوەری شەهیدەکان و ئەنفالکراوەکان دەزانم تۆ چ دەڵێی، لەمەبەستی تۆ تێدەگەم .

**جێ قسەیەک پێشنیارێکت هەیە باسی بکەیت ؟ ئەگەر تۆ قسەیەکت هەبێ من بیرم نەبووبێ پرسیاری لەبارەوە بکەم، یان گرێیەک لە دڵی تۆدابێت و حەزت کردبێت من لەبارەیەوە بپرسم و نەمپرسیبێ ؟**

من داوای ڕێکەوتن و پێکهاتن و یەکێتی میللەتەکەم دەکەم، داوا دەکەم کەسوکاری ئەنفال و کیمیابارانکراوان ڕێزیان لێبگیرێ و لەبیر نەکرێن، ئەم دەربازبوانەی وا لێرە کۆبووینەتەوە، حکومەت بەچاوی ڕێزەوە تەماشایان بکات، داواکاری ئێمە زۆر سادەو ساکارەو شتێکی قورس داوا ناکەین و تۆش کەهەمیشە لەگەڵماندایت و مشورمان دەخۆی شتێکی قورست بۆ داوا نەکردوین هەقە بەرپرسان و وەزیری شەهیدان بزانێ ئێمەش دەتوانین دەوری خۆمان بگێڕین، ئەوانەی کەلە گۆڕی بەکۆمەڵ دەربازبووین زۆر نین هەمووومان لە ئێستادا دەکەسمان لەژیاندا ماوین هیچی بۆ حکومەت تێ ناچێت ئەوەی تۆ داوات کرد لە کۆنگرەی هەولێرێ و لە مەراسیمی سلێمانی ئەگەر خانوویەک هەبێ ئێمە لێی کۆببینەوەو ببێتە جێگەی ئێمەو ناوێکی لێ بندرێت وەک ماڵی ئازادی ماڵی دەربازبووان ئەوە کارێکی قورس نیە، ئێمە شایەتحاڵی زیندوین و شەهیدی زیندوین و هەریەکەمان چیرۆکی خۆمانمان هەیەو دەتوانین باسی بکەین .

**ئەو ماڵەتان بۆچی هەبێت باشە؟**

ئەو ماڵە یان بۆ ئەوخانووە بۆ ماڵی خۆمان ناوێ بۆ ئەوەی ببێتە شوێنی بینینی ئێمە لەوێ بۆئەوەی زانکۆی ئەمریکی بەریتانی، یان هەر کەسێک کە بییەوێ چیرۆکی خۆمانی بۆ بگێڕینەوە لەبری ئەوەی بچێت لە مەڵبەندو لق و ناوچەکان سۆراخی ئێمە بکات بێت لەو ماڵەدا بمانبینێ، ئەگەر ئەوەش هەبوو ئێمە بەنۆرە دەوامی تێدا دەکەین . ئەوە بۆ حکومەت هیچی تێناچێت ئەگەر خانووەیەک بکرێت و لەسەری بنوسێت ماڵی ئازادی ماڵی ڕزگاربوان یان هەر ناوێکی تری دەبێت. ئێمە ئامادەی هەموو شتێکین .

**ئەی ئێوە ئامادەن ئەگەر حکومەت یان ڕێکخراوەکان بیانەوێ بچنە دەرەوەی وڵات و چیرۆکی خۆتان ومیللەتەکەتان بۆ دنیا بگێڕنەوە ؟**

بۆ هەموو شتێک ئامادەین، بەخوا بۆ هەموو شتێک لەگەڵدا بووین، بۆ کۆنگرەکان ئامادە دەبین بۆ سینەماو فیلمەکان ئامادەین، بۆخۆت لەگەڵ ئێمە بوویت چەند هاتینە سلێمانی و گەرمیان و کلێسە خەریکی وێنەگرتنی فیلمی بووین لەگەڵ کاک تەها کەریمی[81] بەڵێ خۆ هەقە ئێمەش پێش ئەوەی بمرین شتێک بەجێ بهێڵین سبەینێ هەر منداڵەکەی خۆم گلەییم لێدەکات دەڵێ کوا بابە تۆ خەباتت کرد چیت بۆ من بەجێ هێشت. بەڵام ئەگەر ئەو دەرفەتە بۆ ئێمە هەبێت خۆدەتوانم بڵێم ئەوە سامان و مێژووی بابتان و میللەتەکەتانە ؟ بەڵێ بۆ ئامادەنین ئامادەین و پێشتریش ئامادە بووین.

**ئێوە دوێنێ چوونە کن سەرۆکی پەرلەمان، ئایا هیچ قسەیەکتان هەبوو ؟**

ئێمە زۆرمان پێخۆش بوو سەرۆکی پەرلەمان بانگهێشتی کردین، زۆرمان پێخۆشە دام ودەزگاکان گرنگی بە ئێمە بدەن، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان گوێی لەئێمە نەگرت ئەو هەر بۆخۆی قسەی دەکردو ئێمە گوێمان لێگرتبوو، باشە ئەگەر من بچمە لای دکتۆرو نەهێڵێت قسەبکەم ، ئەگەر گوێم لێ نەگرێت چۆن لە دەردی من تێدەگات ؟ ئێمە ڕۆیشتین لەگەڵ کاک فەرەج و کاک عوزێرو کاک قەهارو هەموومان نیو کاتژمێر ماوەی نەدایە ئێمە لە سلێمانی و کەرکوک ودهۆکەوە چوین کەچی گوێی لێنەگرتین قسەی بۆکردین، دەبوو نەک گوێی لێبگرتینایە بەڵکو دەبوو لەتەلەفزیونەوە هەموو قسەکانیشمان نیشان بدرایە هەتا خەڵک بزانن ئێمە چی دەڵێین لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڵام لەڕاگەیاندنەکان وابڵاو دەکرێتەوە کە سەرۆکی پەرلەمان پێشوازییەکی گەرمی لە ئێوە کردووە ؟**

پێشوازی چی ، ئەگەر ئێمە بێگانەیەک بووینایە ئەوە سەرۆکی پەرلەمان هەتا بەردەرگا دەهات و بەسەیارەشەوە دەهاتنە ژورەوە بەڵام نەخێر ئێمە پێشوازی نەکراین بانگکراین .

**بەڵام هەر پێرێ پێشوازی و مەراسیمێکی ڕێزلێنان لەلایەن گۆڤاری ئەنفالستان و سەنتەری مارگرێت بۆ ئێوە کرا، ئەی ئەوەیان چۆن بوو ؟**

ئەوە پێشوازییەکی زۆر گەرم و ڕێک وپێک بوو، زۆر بەدڵمان بوو، زۆر جوان و ڕێک وپێک وتازە بوو، تەلەفزیون دەریخست و من لەوێشدا بینیم و هەستم کرد بەڕاستی ڕێزێک بۆ ئێمە هەیە، منێکی نە خوێندەوار کە لەوێدا خۆم دەبینمەوەو ڕاگەیاندن و خەڵکی ڕۆشنبیر دێن گوێم لێدەگرن ئەوە ڕێزە، خۆ ڕێز هەر پارەو ئیمتیازی مادی نییە، ئەوەی گۆڤاری ئەنفالستان بۆی کردین قیمەتێکی مەعنەوی بۆ ئێمە هەبوو. پەرلەمان و ئەمڕۆش ئەنجومەنی وەزیران هەر لە سۆنگەی ئەو ڕێزلێنانەوە بوو خۆ لەخۆیانەوە بانگهێشتمان ناکەن . ئاخر هەر قەهار بەنمونە بهێنینەوە سێ برای شەهیدبوون بابی شەهید بووە، بۆخۆشی لەو کۆمەڵکوژیە دەربازی بووە ئەگەر ڕێز لەو مرۆڤ بنرێت ئەوە بۆ هەمووان باشە بۆ کورد باشە، ڕاستیەکی تر هەیە ئەویش مافی هەموومانە هەر یەکەمان خاوەنی خۆمانین، هاشم وەک خۆی قسە دەکات ومنیش وەک خۆم کاک فەرەج وەک خۆی قسە دەکات و کاک عوزێریش وەک خۆی ڕاستە ئێمە چیرۆکەکانمان وەک یەک بەڵام دیدو بیری ئێمە وەک یەک نیە ئەوەش مافی خۆمانە. ئەگەر ئێستا بەرپرسێک بێتەماڵی من و چایەکم لەگەڵدا بخواتەوە چ لەوی کەم دەبێتەوە ؟ ئەوە بۆئێمە خۆشەو سەبوری دڵمان دێت، ئەگەر گرییەکیش لەدڵماندا بێت دەکرێتەوە بەڵام ئەگەر ئەوان هەر ئێمە نەبینن ئێمە هەست دەکین ڕەنج وخوێنی ئێمە هەرزان بووە.

**تۆ جەڵدەیەک لێیدایت لەو کاتانەشدا هەڤاڵی پێشمەرگایەتی تۆ سەردانیان نەکردیت ؟**

با هەڤاڵی پێشمەرگایەتیم هاتن بەڵام ئەوانەی وەک خۆم هەژارن، نەک بەرپرس، یەک بەرپرس نەهاتنە ماڵی من و سەردانیان نەکردم هەتا قادر

---

81 تەها کەریمی لە ٢٩ی ئایاری ساڵی ٢٠١٣ واتە لەهەمان ئەو مانگەدا کۆچی دوایی کرد کە ئەم دیدارەی تێدا سازکراوە .

قاچاغ هات، دوای ئەوەی ئەو هاتە سەردانم ئینجا هەندێک بەرپرسیش هاتن .

**تۆپێت خۆشە ئەم دیدارە لەکتێبێکدا یان لە گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاو ببێتەوە ؟**

مـن پێمخۆشـە بیکەیـتە کتێـب، پێمخۆشـە بـڵاوی بکەیـتەوە، بەکیفـی تـۆ لەکوێـت پێخۆشـە لەوێ بڵاوی بکەرەوە من بڕوایەکی زۆرم بەتۆ هەیە، ئێمە هەموومـان بڕوامـان بە ڕاسـتگۆی تـۆو بەتوانـاو سـەلیقەی تـۆو بەدڵسـۆزی تـۆ هەیە، تـۆ هەمـوو شـتێکی باشـت بـۆ ئـێمە دەوێ و ئـێمەش داوای سـەلامەتی و تەمەنـدرێژی بـۆ تـۆ دەکەیـن. بەدڵـی خۆت، ئێمە ئەوە لەبیر ناکەین کە تۆلەسلێمانیەوە هەوڵ بـۆ ئـێمە دەدەی زۆر سوپاسـت دەکەیـن کەوا ئێمەت بەیەکتری ناساند، کاک فەرەج وکاک عوزێر لەگەڵ ئەوان زۆر دڵخۆش بووین و دڵمان کرایەوە.

**من تەنها یەک پرسیارم ماوە..؟**

فەرموو پرسیارەکەت بکە

**کاتێک لەکورێمێ بریندارببووی واتزانی بەتەنها تۆ دەربازبووی دوایی قەهارت دیت وکەریمت دیت و هاشمیشت دیت، زانیـت چـوار کەس لە کۆمەڵکـوژی ئەنفـال دەربـازبوون، دوایـی زانیـت صدقی و فەتاحیش دەرچوون ئایا ئێوە دوایی زانیبوتان لەگەرمیانیش ٧ کەس لەکۆمەڵکـوژی ئەنفـال لە بیابـان دەرچوون ؟**

نا نەمانزانیبوو.

**دوایی کەزانیتان ئینجا یەکتریتان بینی هەست بەچی دەکەیت ؟**

بـڕوا بـکە، هەرکاتێـک کـاک فەرەج دەبینـم واهەست دەکەم بـراکەم دەبینـم، واهەسـت دەکەم جێگەی شـەهیدەکەی بـۆ گرتـوومەوە، کـاک عوزێر بەهەمان شێوە، زۆر بەرێـزو خۆشەویسـتە، ئەوانی تریش کەهێشتا بەخزمەتیان نەگەیشـتووم، ئێمە هەمیشە لەنێـوان خۆمانـدا باسـی هەوڵەکـانی تۆ دەکەین، سوپاسـت دەکەین کە بەیەکت گەیاندین و بەیەکـت ناسـاندین، ئەگەر هەوڵـی تـۆ نەبـوایە ڕەنگە هەرگیز ئەمە ڕوی نەدایەو ئەم یەکتر ناسینە دروست نەبوایە، لە خودا داواکارم تەمەنیـان درێـژ بکات. لەگەڵ کاک هاشمی و کاک کەریـم وقەهـاری لێرەوە سلاوم بۆ ئەوانی تریش کاک عەبدولواحیـد و کـاک ڕەمەزان وکـاک تەیمـور، سـلاوم بـۆ کـاک سـدقی بریـا ئێسـتا ئەوانیش لەگەڵ ئـێمە بونـایە. ئامــــانج و مەبەســــتمان یەکە، ئاســــودەیی وبەخـتـەوەری میللەتەکەمـان بەهیـوام هەموویـان تەمەن درێژبن و تۆش تەمەن درێژ بیت.

**دوبارە سوپاست دەکەم کە کاتێکت بـۆ ئەم دیـدارە گرنگە ڕەخساند.**



لەڕاستەوە (سەلام خلیل محمد-1962 لە کۆمەڵکوژی کورێمێ شەهید کراوە، منداڵەکەی 1961 - لەژیاندا - دیار قەهار خەلیل- لەژیاندا ماوە ، ڕەمزیە محمد ڕشید - باوەشی 1954 دەربازبوی - ماوە ، ئەدیبە خەلیل محمد- لەژیاندا ماوە ، ئەبابکر علی سعید 1971 لە - کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ یە، ئەوەی کە راوەستاوە شەعبان حسین قادر لەکۆمەڵکوژی کورێمێ شەهید کراوە.)

منـیش سوپاسـی تـۆدەکەم و بەنـاوی ئەوانـی تریشەوە سوپاست دەکەم.

# بەڵگەنامە

نوسراوێکی وەزارەتی بەرگری
سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا لە (نوسینگەی تایبەت) دەرچووە
ژمارە/ 14247 بە ڕیکەوتی 28/ ئایار/ 1985
بۆ / دیوانی وەزارەتی بەرگری
بابەت/ بارەگاکانی تێکدەران (مقرات المخربين)

تێیدا ئاماژە بۆلێدانی بارەگای ئەوانەی پێیان دەوترێت تێکدەرەکان لە گوندەکاندا کراوە، بە دوای یەکدا ( لـۆتەر– ئـاوژێ– سـیروان– باڵەیـان– سـماقوڵی– سـەروچاوە)، بە ڕیکەوتـی 26/ ئایار/1985، هەروەها نوسراوەکە لیستی ئەو بارەگا سەرەکییانەش دەگرێتەوە کە پێیـان دەوترێـت تێکدەرانی (بەرەی جود)و زانیـاری دەربـارەی ژمـارەی ئەنـدامەکانیان لە بارەگـاکە و شـوێنەکانیانی تێدایە، بە: واژۆی لیوا روکن ( بەڕێوەبەری زانیاری سەربازی گشتی) (فريق الطيار) سـوپا سـالاری فرۆکەوان ( حەمید شەعبان) فەرماندەی هێزی ئاسمانی و بەرگری ئاسمانی.
لیوا روکن ( طارق حسێن مەجید).

نوسراوێک لە سەرۆکایەتی کۆمار (سکرتێر)/ بەڕێوەبەرایەتی زانیاری سەربازی گشتی
ژمارە/ 10343 ڕیکەوتی 4/ حوزەیران/ 1985
بۆ / سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا
بابەت/ زیانی تێکدەرەکان

تێیـدا زانیـاری سـەبارەت بە زیانەکـانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان هـاتووە، لەو گونـدانەی کە تێیـدان، لەئەنجـامی بۆردومانکردنیـان بەهێـزی ئاسـمانی، لە ڕۆژی 26/ ئـازار/ 1985، لە گوندەکانی (سیروان – ئازەرە– سماقوڵی– سەروچاوە– بالیسان– لۆتەر)،
بەواژۆی لیوا روکن / بەڕێوەبەری زانیاری سەربازی گشتی

## بەڕاشکاوی

**ئەوانەی بیرۆکەو بابەتم دەدزن هیچیان کەمترنیە لەوانەی لەسەروەختی ئەنفالدا جاش بوون و ماڵ وسامانی ئەنفالکراوانیان دزی. ئەوانە ئێستاش لەدزینی نەوت موچەی سواڵ و دەرگا کوتان و بندیوار وەردەگرن .. هیچ رەوانیە من بە رەنج وپارەی خۆم (لە پارەی بەشە موچەی شەهیدانەکەی باوکم) بچم دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنفالکراوان بکەم و یەکێکی تر بیدزێت وبڵاوی بکاتەوە .یاخود بیرۆکەکـانم بـدزن کە لەسۆنگەی ئەو دیـداروچاوپێکەوتنانەو دانیشـتن وهـاوخەمی ئەنفـالکراوان بە بەدەستم هێناون نەک بەگەڕانی گۆگلی .. با دزەکان بزانن ، کە بێدەنگم بێ هەست نیم!**
**عومەر محەمەد**

# نامەی سەربازێکی کوژراو بۆخۆشەویستەکەی

## لەماڵپەڕی ئێن ئارتی وەرگێراوە .

لە گیرفانی یەکێک لە سەربازە کوژراوەکانی ئەڵمانیادا لە شەڕی ستالینگراد نامەیەک دۆزرایەوە کە بۆ خۆشەویشتەکەی نوسیبوو، بەڵام نامەکە نەگەیشت.



لە نامەی ئەو سەربازە ئەڵمانییەدا هاتووە "ئەوەندەم خۆشەویێت ڕێگات لێناگرم کە لە ئێستاوە بۆ پیاوێکی تر بگەڕێیت، ئاخر تۆ لەوە منالتری کە باقی ژیانت بەتەنها بەسەربەریت... بەهەموو برینەکانمەوە ئومێدم وایە پیاوێکت توش بێت کەشانس و ئاسوودەیت بۆ پەیدا بکات وەک ئەوەی من ئەمویست... دوا هیوام ئەوەیە، یادەوەریم یارمەتیم بدات، چەند لەحزەیەکم بیربکەویتەوە لەو ڕۆژەی کەتۆم تیاناسی."

هەروەها لە یادەوەری یەکێکی تر لە سەربازە ئەڵمانییەکەدا نوسراوە "ڕووسەکان بەتانک و کاتیۆشاوە لە چەندین لاوە بۆمان هاتن، ئێمەش لە برسا و لە سەرمادا توانای ڕاکردنمان نەبوو، بیرمە بەلای بریندار و قاچ و دەست پەڕیوەکاندا دەڕۆیشتم، هاواریان دەکرد و دەیانووت، تەقەمان لێبکەن، بمانکوژن". پلەی گەرما لەو کاتەدا بۆ –٤٠ پلە دابەزیوە.

شەڕی ستالینگراد لە ٢٣ی ئابی ١٩٤٢ تاکوو ٢ی شوباتی ١٩٤٣ بەردەوامبوو، ئەم شەڕە بە ستالینگراد ناسراوە، چونکە شەڕەکە لە شاری ستالینگراد بوو کە ئێستا پێی دەڵێن ڤۆلگۆگراد، شەڕەکە لەمیانەی شەڕی جیهانیی دووەم بوو لە نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و ئەڵمانیای نازی و هاوپەیمانەکانی (ڕۆمانیا – ئیتاڵیا – هەنگاریا – کرواتیا) بوو.

شەڕەکە لە ئەنجامی هێرشەکانی ئەڵمانیای نازی دەستی پێکرد بۆ خاکی یەکێتیی سۆڤیەت، لە ئابی ١٩٤٢ سوپای ئەڵمانییەکان لە بەردەم ستالینگراد دا وەستابوون، بەڵام بەهۆی سەرماو سۆڵەوە و نەبوونی ئازوقەوە تێکشان. لە ئاکامدا لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ سوپای ئەڵمانییەکان بەتەواوی خۆیان بەدەستەوەدا و دواتر سوپای سووری سۆڤییەت ڕزگارکردنی ڕووسیای ڕۆژئاوای گرتە ئەستۆ و لە ئەنجامی ئەمەش شەڕی کۆرسیک دەستی پێکرد، لەساڵی ١٩٤٥یش سوپای سوور ئاڵای یەکێتیی سۆڤییەتی لە بەرلینی ئەڵمانیا شەکاندەوە، شەڕی ستالینگراد بوو بە هۆکاری کوژرانی نزیکەی دوو ملیۆن کەس لە سەرباز و هاوڵاتییان.

## خۆش بوو !

عومەرمحەممەد ٢٠١٨/١/٩ سلێمانی

ساڵی ١٩٩٤ وتارێکم لەڕۆژنامەی بۆ پێشەوە بڵاوبووە، هاوڕێیەکی ئەوسام کە ئێستەش یەکێکە لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم، وتارەکەمی خوێندبووەوەو بەدڵی بوو، لەیەکتر بینینێکدا، باسی وتارەکەی کردو دەستخۆشی لێکردم بەڵام ،بە دەربڕینێکی زۆر ئەنتیکە، ئەو هاوڕێیەم ووتی : دەستتخۆش بێت، وتارەکەت (خۆش.!) بوو، منیش لێی ڕانەوەستام و ڕوبەڕوی بوومەوەو پێمگوت : کوری باش خۆشی چی ؟ خۆمن نوکتەم بڵاونەکردووەتەوە، وتارەکە هەڵگری واتای ژیانی کۆمەڵە مرۆڤێکە کە بە پرکێشی وسەرکێشیەکی زۆر، نانی خۆیان پەیدا دەکەن، ئەو مرۆڤە هەژارانە ملیان بەناو کێڵگەی مینەوە دەنا بۆ پەیداکردنی نانی منداڵەکانیان، وتارەکەم، باسی مین ڕێژکردنی چیاکانی پشتی شاری پێنجوێن دەکات، کە خەڵکی گوندی (ئەحمەد کلوان) دەچون بەدوای (قورسی)[82] ئەو سەربازە ئیرانیانەدا دەگەران هەتا لەدوای دۆزینەوەیان بیدەنەوە بە کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرانبەر فەردەیەک ئارد ! جانازانم بەچەند قورس فەردەیەک ئاردی دەکرد. ئەم سەرکێشیە بێ ئارەق نەبوو، بەڵکو یاریکردن بوو بەژیان و گەمەیەک بوو بەتەنیشت مەرگەوە، بەهۆی ئەم کارەیانەوە خەڵکێکی زۆری پێنجوێن و گوندەکانی دەوروبەری بەتایبەتی خەڵکی گوندی ئەحمەد کلوان مینیان پێدا دەتەقییەوەو دەکوژران وبریندار دەبوون .

لەقۆناغی یەکەمی زانکۆدشدا نازانم کام مامۆستایەمان بوو، لەوانەیەکدا وتی : ئیدی هەندێک دەربڕین هەیە بۆ ئێوە دەبێتە خەوش ونەنگی خۆدەبێت لە ئێستاوە کە فیلمێک دەبینی لەبری ئەوەی بڵێیت فیلمێکی خۆش بوو، دروست وایە بڵێیت فیلمێکی باش بوو .

لە دوای دەرچوونی ژمارە (١٣)ی گۆڤاری ئەنفالستان، کە کۆتا ڕۆژەکانی ٢٠١٧ تەواو بوو، لە دوای نزیکەی چارەکە سەدەیەک لە دەربڕینی خۆش بووی یەکەمجار هەمان چیرۆک لە هاوڕێیەکی دوبارەترم دەبێتەوە بەڕاستی زۆر جێگەی داخ و تێڕامانە، هێشتا زمانی دەربڕینمان لەو ئاستەدا بێت، هەر بەڕاستی جێگەی نیگەرانیە کە فەرهەنگی کورد هێشتا پێیەکی لەناو فیودالیزمدایە، لەم چیرۆکانەوە باشتر دەزانین، ٢٧ ساڵە حوکمڕانی کوردی لە فەشەلدایە، ئێستا باش دەزانین لەکن بانگەشەکارانی کوردایەتی نە ئینسانی کوردو نە زمان و نەکلتوری کورد بەهای تەنکەرێک نەوتی نیە. ئەگەرنا چۆن هەتا ئێستا زمانی خوێندەوارانی هاوڵاتیەکانی لەم ئاستە هەژارەدا دەمێنێتەوە ؟! ئەو هاوڕێیەشم دوای ئەوەی چیرۆکی (ڕەمەزان) دەخوێنێتەوە، کە بەدرێژی باسی گرتن و گوللەبارنکردنیان و دەربازبوونی خۆی دەکات و لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی بیابان دەربازبووەو لە شاری ڕومادییەوە بەترسێکی زۆرەوە دەگاتەوە کەرکوک. کەچی خوێنەرێک لەبری ئەوەی بڵێت چیرۆکێکی کاریگەرو بەئازاربوو، گرنگ و بایەخدار بوو وەک هاوڕێکەی ٢٤ ساڵ پێش ئێستام بڵێت: بەسەرهاتەکەی ڕەمەزان خۆش بوو ! بەهیوام بەسبێ و لەدوای ئەم وتارەمەوە تۆش نەڵێی خۆش بوو.

---

82 – قورس مەبەست لەو پارچە پلێتەیە کە ناوی سیانی و پلەی سەربازی لەسەر نوسراوەو بەزنجیرێک دەکرێت مل بۆئەوەی لەکاتی کوژرانیدا، ئەگەر بێت و تەرمەکەی بشێوێت یان بۆ ماوەیەکی درێژ بەبێ ڕێورەسمی ئاینی وکۆمەڵایەتی بنێژرێت بەو قورسەدا بناسرێتەوە .



# ئەنفال وژیانی دیسپۆزەبڵ [83]

حەسەن حسێن

ئەنفال و نەژادپەرستی، دوو دەستەواژەن کە بە نزیکی بوونەتە هاولفی یەکتری، زۆر بەسادەیی لەبەر ئەوەی هەموومان دەزانین کە ئەنجامدەرکەی ڕژێمێکی سیاسیی نەژادپەرست بوو. ئەوەی جێگەی تێڕامانە چەمکی نەژادپەرستی هەمیشە وێنای خودێکی یەکپارچەی لە ئەندێشە و شیاریی کۆمەڵایەتیی کورددا لە بەرامبەر ئەویکی دەرەکیدا دروست کردووە. بۆیە لە پرسی ئەنفالدا، شۆڤێنی و نەژادپەرست وەک سیفەتێک دراوەتە پاڵ سیاسەتی دەوڵەت و کەمەتەرخەم، نابەرپرس و بێباکیش دراوەتە پاڵ مامەڵەی حزب و دەسەلاتی کوردی لە تەک ئەم پرسەدا. هەر ئەم تێگەیشتنەیشە کە فاکتەرێک بووە بۆ دروستبوونی وەهمی هەستی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش. وەهمێک کە پەردە بەسەر ئەو جیاکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەدا دەدات کە لە نێوان پێکهاتە و گروپەکانی کۆمەڵگەی کورددا هەیە. واتە ئەنفال بەرلەوەی لە جیاکارییەکی ڕەگەزپەرستانەی دەرەکییەوە سەرچاوەی گرتبێت، دەرەنجامی جیاکارییەکی قووڵی ناوەکییە کە ژیانی مرۆڤەکان دەخاتە نێو ڕوانینێکی سوودخوازانەی (النفعیە) سیاسی - کۆمەڵایەتییەوە.

بەم مانایە ئەنفالکراوان و کەس و کاریان بە تەنها قوربانیی نەژادپەرستییەکی دەرەکی نین بەڵکو قوربانیی نەژادپەرستییەکی ناوەکیشن. ژیانی ئەو خەڵکە لەلایەن بەعسەوە بۆیە کرایە ئامانج، چونکە لە ڕوانگەی ئەووەوە ئەم گروپانە لە دەرەوەی سیستەمی سیاسی، قانونی و کۆمەڵایەتین، فەزایەک کە هەم خەڵکەکە و هەم ژینگەکەی بەنیسبەت بەعسەوە زیادە و دیسپۆزەبڵە، لە بنەڕەتدا شیاوی ئەوەنین کە تێکەڵ بە کۆمەڵگە بکرێنەوە (شتێک کە جیاواز بوو لەگەڵ هەل ومەرجی دوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٤ کە دەوڵەت ئەو دەمە پرۆسەی ڕاگوستنی گوندەکانی کوردستانی لە ژێر ناوی تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ ژیانی شارستانی و نیشتەجێکردنیان لە ناو ئۆردوگاکاندا بە ناوی گوندی هاوچەرخەوە ئەنجام دا) بۆیە ژیانی ئەم گرووپە مرۆییانە کەڵکی نییە.

حزبی کوردیش بە پێی ڕێبازی فەلسەفەی نەفعی مامەڵەی لەگەڵ ژیان و مەرگی قوربانییەکاندا کرد، لە کوێدا پێویست بووبێت هێناونییەتە ناوەوە و لە کوێشدا پێویستی نەبووبێت فڕێی داونەتە دەرەوە. مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئەنفال بە تەنها وەک کەرەسەیەکی سیاسیی بەرژەوەندخوازانە نەک مرۆیی ڕاستەقینە و کردنی بە کەرەسەیەک بۆ موزایەدەی سیاسی، لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ژیان و مەرگی قوربانییەکان وەک ژیان و مەرگێکی دیسپۆزەبڵ سەیر دەکرێت. واتە لەو کاتەدا کە یەکێتی و پارتی (و حزبەکانی تریش بەگوێرەی قەبارەی خۆیان) پێویستیی ماددی و لۆجیستییان بە خەڵکی گوندەکان بوو، وەک پەناگەیەک و دواتریش لە پرۆسەی ئەنفالدا وەک درعێکی مرۆیی بەکاریان هێنان، ئەوان خەڵکانێکی سوودمەند بوون.

بەڵام بە نەمانی ئومێد بەو سەرپەنایە و لاسەنگبوونی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی حکومەت، ئیدی ژیانی ئەم گروپە لە مرۆڤەکان لە لای حزبی کوردی دەبێتە شتێکی زیادە کە قابیلی دەستبەرداربوونە بۆیە بە سانایی بەجێدەهێڵرێن.

---

[83] Disposable Life : چاوپێکەوتنێکی سلاڤۆی ژیژەکە کە سەرچاوەیەکی ئەم وتارەیشە.

لە دوای پرۆسەی ئەنفالیش لەو شوێنەدا کە پرسی ئەنفال سوودێکی ماددی یا سیاسی بۆ ئەم دوو حزبە تیا بووبێت، پرسەکەیان هێناوەتەوە ناوەوە، دەنا ئەم پرسە هەمیشە وەک پرسێک لە دەرەوەی دنیای خۆیان سەیریان کردووە. ئەمە ئەو شۆڤینیزمەیە یا نەژاد پەرستییە شاراوەیە کە ژێژەک ئاماژەی بۆ دەکات و جیاوازە لە چەمکە تەقلیدییەکەی نەژادپەرستی.

بێدەنگی دەوڵەتان و ناوەندەکانی بڕیاریش هەر لەو روانگە بەرژەوەندخوازانەوەیە کە مرۆڤی پێ دەکات بە دوو بەشەوە، گرووپێک لە ناوەوەی سیستەم کە بازاڕ پێویستییەتی وگرووپێک لە دەرەوەی پێویستییەکانی بازاڕ و ئابووری. بە گوێرەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی سیستەم، ئەنفالکراوان و کەس وکاریان ئەو بەشە زیادەیەی مرۆڤایەتین کە لە ناوچوونیان لە ناو جەنگەکان، قەیرانەکان، شەپۆلی برسێتی و کارەساتە سروشتییەکانیدا جێی بایەخ نییە، چونکە پێگەیەکی بەهێزیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ماددی و ئابووریی سیستەمەکەدا نییە، بۆیە دەکرێت دەستبەرداری ماف و تەنانەت ژیانیشیان بین.

# تاقانەیەکی تری ئەنفال کۆچی دوایی کرد



ئەمڕۆ ٢٤/١٠/٢٠١٨ محمد حمید دانیشتوی گوندی توکن کۆچی دوایی کرد.

کۆچکردوو لە کاتی پەلاماری سێی ئەنفالدا لە نیسانی ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی توکنی سەربەناحیێ سەرقەڵای کفری دادەنیشتن لەو پەلامارەدا هەموو خێزانەکەی لەلایەن جاش وجەیشەوە گیران و رەوانەی کەمپەکانی کۆکردنەوە کران، لە تۆپزاوا ٣ کورو ٢ کچ و خێزان و بوکەکەی جیاکرانەوەو جارێکی تر چاوی پێیان نەکەوتەوەو خۆی بەتەنها مایەوە. شایانی باسە محەمەد حەمید سێهەمین کۆچکردوی تاقانەی ئەنفالی گوندی توکنە

جێگەی ئاماژەیە گوندی توکن لەپەلاماری ئەنفالدا ٣٦٥ کەسیان گیران و بێسەروشوێنکراون . ئەنفال لەم گوندەدا هێندە بەچڕی زیانی لەخەڵکەکەی داوە کە زیاتر لە(٧) خانەوادە بەتەواوی لەناوچون و هیچ کەسێکیان دەربازنەبووە، شەش (٦) هەموویان جگە لە تەنها کەسێکیان هیچ کەسێکیان دەربازنەبووەو یەکێکیان ئەم پیاوە بوو بەناوی محەمەد حەمیدو دوانی تریشیان پێشتر کۆچی دواییان کردووە، بۆیە ئێستا بە کۆچی دوایی ئەم پیاوە گوندی توکن لە (٦) کەسی تاقانەی ئەنفال تەنها سێکەسیان لە ژیاندا ماوە.

ئەوانەی کۆچی دواییان کردووە بریتین لە :

١ـ احمد حسێن .

٢ـ علی قادر .

٣ـ محمد حمید.

رۆحی کاک محەمەد ئەمین و هەموو ئەنفالکراوان شادبێت .

بەسوپاسەوە زۆربەی زانیاریەکانم لە کاک حمەرەشید توکنی وەرگرتووە.

## بۆئەوەی کورد روبەروی جینۆساید نەبێتەوە، پێویستە عێراق ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی



دادگای تاوانی نێودەوڵەتی زیاتر لە ١٢٠ وڵات ئەندامێتی و ئەم دادگایە هەم جیهانیەو هەم هەمیشەیی .

لەوەتای دامەزراوە بانگەشەی ئەوەی بۆدەکرێت کە لەسەرئاستی جیهان رێگری لە تاوانە گەورەکان دەکات و بەحساب کێشەی نێوان وڵاتان چارەسەر دەکات لەوانە (( تاوانەکانی جینۆساید ، تاوانی جەنگ و دژی مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژی) لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانەو سزادانایان.

سەرباری هێزوتوانای ئەم دادگایەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانیش کەچی هەرگیز سودێکیان بۆ کورد نەبوو. ئەگەرچی ئەوکاتەی تاوانە جینۆسایدیەکان لەدژی کورد ئەنجام دەدران ئەم دادگایە دانەمەزرابوو، بەڵام رەنگە بێ سودیش نەبوایە بەتایبەتی ئەگەر عێراق ئەندام بوایە تیایدا.

کورد وەک پیکهاتەیەک لەعێراق و شەریکی دەوڵەتەکەی هەقوایە تێبکۆشێت عێراق ببێتە ئەندام لەو دادگایەو لەرێگەیەوە بەربەست لەبەردەم هەرنیازێکی دەوڵەتی عێراق دابنێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی هاوشێوەی (فەیلیەکان وبارزانیەکان و هەڵەبجەوئەنفال) . حکومەتی عێراقیش ئەرکێتی وەک نیازپاکی لەبەرانبەر کوردو پێکهاتەکانی تر واژۆی پەیماننامەی رۆمابکات و پەیوەست بێت بەدادگای عەدلی نێودەوڵەتیەوە.

## جینۆساید لەعیراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد

نووسەر:میدیل ئیست ووچ

وەرگێرانی: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

لە پێشەکی کتێبەکەدا هاتووە:




ساڵی 1999 چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی (خاک)ەوە بڵاوکرایەوە. ئەو کاتە بە ناوی خوازراوی "سیامەندی موفتی زادە" بڵاو کردەوە. هۆی ئەوەش تارادەیەک ئاشکرایە لای هەمووومان, کە بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە دەیڵێم چۆن لە دوای راپەرینی 1991 ی گەلەکەمان

گەلێ لە ئەنفالچیو بەکرێگیراوانی ڕژێمی لەناوچوو, لەوانەی تا سەر ئێسقان نوقمی خیانەتکاریی بووبوون و دەستیان لە خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا سوور بوو خۆیاندایە پاڵ هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و کەڵکیان لە بارودۆخی دژواری ململانێی سیاسی وەرگرت و نەک هەر سەرشۆڕ نەبوون لە بەردەمی خەڵکدا بەڵکو زۆرێکیشیان بە هەر ڕەنگێک بووە بوونەوە بە دەسەڵاتدارو زۆردارەکەی جاران و وێنەی بارودۆخی سیاسیی کوردستانیان بە جۆرێک ئاڵۆز کردبوو,لە خەفەت بەولاوە بۆ خەڵک هیچی تری نەهێشتبووەوە. ئەوانەو سەرجەمی کۆنە بەکرێگیراوانی ڕژێم دەستبالاییان لە ئاستێکدا بوو, بە نهێنی, چییان بکردایە بۆیان دەچووە سەر.

ڕژێمی ستەمکاری لەناوچوو دەیزانی چی کردووەو چی بە سەر خەڵکدا هێناوە, بۆیە هەردەم لە هەوڵی ئەوەدابوو هەر باسێک لەو ڕووەوە بکرایە خەفەی بکات, ئەوانەش کە دەستیان هەبوو لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە سامناکەدا خۆیان چاکیان دەزانی چییان کردووەو بە سڵ بوون لە هەر باسێکی ئەو بوارەو وایاندەزانی هەر کەس توخنی بکەوێت ئاشکراکردنی کردەوەی تاوانی ئەمانی لێدەکەوێتەوە, ئەڵبەتە گەلێکیشیان پەیوەندییان لە گەڵ ئەمن و موخابەراتی ئەو ڕژێمەدا هەر نەپچڕاندبوو. برادەرێکم ساڵی 1994 کتێبی (توونی مەرگ) ی دەرکرد بە ناوی خوازراوی (زیاد عبدالرحمن)ەوە و تێیدا لیستێکی بە ناوی هەندێک لەوانە کردبوو کە ڕۆڵیان لەو کارەساتەدا بووە, بەمە ئۆقرەیان لە بەر براو کەوتنە سۆراخ کردنی ناوی ڕاستەقینەی خاوەنی ئەو کتێبەو ئەنجا وا کەوتەوە ئەو برادەرەم ڕەهەندەی وڵاتان بوو. بۆ ئەم کارەی منیش, لە پاش چەند کۆڕو سیمینارێک لە سەر بابەخی ئەم کتێبە, چ لە کوردستان و چ لە هەندەران, دیسان وایان هەست کرد کە ناو و کردەوەکانیان دەخرێتە ڕوو و خۆشیان بۆ "شتێک" مەڵاس دابوو. منیش بە ئامۆژگاریی چەند دۆستێکم کردو ئەو ناوە خوازراوەم هەڵبژارد. بەڵام کە دواتر زانرا ئەمە باسێکی مەنهەجیو زانستییە لە سەر ئەنفال و جینۆساید و لیستی ئاشکرا کردنی ناو نیە, ئیتر وەک بڵێی, خەمیان نەماو زۆریان گوێ نەدایە.

یەکەم چاپی "جینۆساید لە عێراقدا.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد" لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لە بازاڕدا نەماو تەنانەت لە کوردستانی ئەودیو و هەندێ شاری لای خۆشماندا کتێبفرۆشەکان بە دانسقە بە دوایدا دەگەڕان و لە بازاڕی ڕەشدا بە چەند بەرابەری نرخی خۆی دەفرۆشرایەوەو دەمێکە دۆست و برا پێم دەڵێن چاپی دووەمی پێویستە. لە ڕاستیشدا وایەو تا ئێستا من ئەم کارەی ڕێکخراوی میدڵ ئیست ووچ, بە گەورەترین و بایەخدارترین بەرهەم دەزانم بەو قووڵیو فراوانیو بێلایەنیەوە لە سەر ئەنفال و جینۆساید دوابێت. لە بەر ئەوە هیچ زیادەڕۆییەکی تێدا نیە کە بڵێم وا پێویست دەکات هەموو کوردێک و مرۆڤدۆستێک بیخوێنێتەوەو هەروەها پێویستیش دەکات بەشێکی زۆری لە فێرگەو زانکۆکانماندا وەک بەرنامەیەکی چەسپاو بخوێنرێت و توێژینەوەی لە سەر بکرێت. بە ڕاستی خەڵکی کوردو بە پلەی یەکەم قوربانیانی دەستی جینۆساید قەرزاری ئەم کارە پڕ بەهایەی ڕێکخراوی چاودێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن یان (میدڵ ئیست ووچ) کە بەشێکە لە ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (هیومان ڕایتس ووچ). ئەم ڕێکخراوە ئێستا گەلێ ئەکتیڤە لە بواری چاودێری کردنی مافی مرۆڤداو بارەگای سەرەکی لە شاری نیویۆرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو لە گەلێ وڵاتی تریشدا بنکەی هەیە.

خوێنەری ئازیز

ئەم بەرهەمەی میدڵ ئیست ووچ, وەک لە دووتوێی کتێبەکەدا چەند جارێک دووپات دەبێتەوە, بەری ڕەنجی نزیکەی دوو ساڵ گەڕان و بەدواداچوونی تیمەکانی ئەو ڕێکخراوەیە, چاوپێکەوتنی زیاد لە ٣٥٠ شایەتحاڵی ئەنفالزەدەیە, هەڵدانەوەی چەندین گۆڕی بەکۆمەڵە, کنەو پشکنینی زیاد لە چوارده تەن دۆکیومێنت و بەڵگەنامەی دەست بەسەرداگیراوی عێراقەو سوود بینینە لە دەیان سەرچاوەی دانسقەو دەگمەن لە بواری جینۆسایدو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە عێراقدا.

ڕێکخراوەکە پاش ئەنجامدانی نووسینی ئەم کتێبە ڕوو دەکاتە خەڵک و دەڵێ کارەکەی ئێمە هێشتا بە ئەنجامی خۆی نەگەیشتووەو کاتێ ئەم کارە تەواو دەبێت کە بتوانین سەرجەمی فایلەکانی عێراق و دۆسیەی ئەنفال بپشکنین, کە بێگومان لە شوێنێکی ئەرشیفی دەزگای ئەمن و موخابەراتی عێراقدا هەڵگیراون. کاتێ کارەکەی ئێمە تەواو دەبێت کە بتوانین گۆڕی بەکۆمەڵی ئەو هەزاران قوربانیە هەڵدەینەوە کەوا لە بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوای عێراقدا, بە کوژراوی یان بە زیندوویی کراونەتە ژێر خاکەوە, پاشانیش تەواوی ئەو کەسانەی دەستیان بووە لەم تاوانە سامناکەدا بیاندەینە دادگا بۆ ئەوەی سزای شیاوی خۆیان وەربگرن.

بەڵێ, وا ئێستا ئەو ڕژێمە بە تەواوی سوپاو ئەمن و ئامرازی داپڵۆسینیەوە گۆڕنراو دارو باری هەڵوەشا, زۆرێک لەو فایل و بەڵگەنامانە گیران کە شایەتیی لەو تاوانە سامناکانە دەدەن، بە فایلی زۆرێک لەوانەی بازرگانییان بە مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمانەوە دەکرد, گەلێک گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدرانەوەو ئێسک و پرووسکی قوربانیانی دەستی ڕژێمیان تێدا دەرهێنرا. ئەو ئێسکانەی دەرزیاژنی ویژدانی مرۆڤایەتی دەکەن و لە کاتێکدا چەندین وڵات و کۆمپانیاو تاکەکەس بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان کاسەلێسییان بۆ چەپەڵترین ڕژێمی سەر ئەرز دەکردو چەک و کەرەستەی کۆمەڵکوژییان بۆ دەستەبەر دەکرد، خەڵکی ئەم وڵاتە گرفتاری دەستی تاقمە جەللادێک بووبوون, بە جۆرێکی وا کە دەگمەن و کەموێنە بێت لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیداو ئێسک و پرووسکی زیاد لە ملیۆنێک قوربانیی بێتاوان شایەتی ئەو ڕاستیەن. مخابن لە نێو هەزاران و هەزاران لاشەی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراقدا، ئێستا ئێسکی قوربانیانی ئەنفال بێکەس و بێخاوەنن و تا ئێستاش نا ئارام و نەسرەوتوو, تەرمی هەزاران ژن و منداڵ و پیری کورد لەو گۆڕە بە کۆمەڵانەدا ترنجاونەتە سەریەک و لە سۆنگەی بێئاڕامیی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی ئەم وڵاتەدا کەسێک نیە، لایەک نیە, لەوێ دەریان بێنێ و جارێکی تر بە ڕێوڕەسمی شایستە بیاننێژێتەوە، یان چواردەوریان پەرژین کات و بیانکاتە باخچەو گوڵا وەک یادکردنەوەیەک لەو ستەمە بێئامانەی دەرهەقیان کرا، یان هەر هیچ نەبێ مشووری ئەوە بخوات پارچە کاغەزێکی وەفاتنامە بداتە دەست کەس و کاریان بۆ ئەوەی دوا پرسەیان بۆ دابنێن و چیتر لە ئازارو دڵەڕاوکێی مان و نەمانیاندا نەتلێنەوە.

کورد دەبوو لە ئاست ستەمی جینۆسایدو ئەنفالدا, هێڵی سووری لە نێوان ڕابوردووی تاڵی پڕ لە ململانێو یەکتر کوشتن و ئێستایدا بکێشایەو لە ئەنفالەوە مێژوویەکی نوێی بۆ خۆی بنووسیایە, دەبوو هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی قەڵەمی ئەژنۆیان لە ئاست ئەو قوربانیانەدا بشکایەو چیتر هەڵوەدای شەڕی دەسەڵات و دەسکەوتی نابەجێ نەبوونایە.

باشە چی دەبوو, ئەگەر کورد بۆ تاقە جارێکیش بووە لە مێژووی خۆیدا، ئەم تراجیدیا سامناکەی بکردایەتە مەسەلەیەکی نەتەوەیی پیرۆزو سنووری ئەو پیرۆزییەی نەبەزاندایە. باشە جوولەکە بۆ کردی، ئەرمەن بۆ کردی، کەمبۆدی بۆ کردی، ئەی کورد بۆ نەیکرد؟ باشە بۆچی ئێمە لە ئاست ئەو هەموو خوێنە بە ناهەق ڕژاو و قوربانیەدا ئاوها بێباک و خەمساردین. تاکەی قوربانیو جەللاد وەک یەک تەماشا بکەین، تاکەی بە لۆجیکی "ئەوی ڕابورد بەسەرچوو" هەڵسوکەوت بکەین و هەموو دەم ڕێنمای کردەوەو ڕەفتارمان بێت. باشە بۆ باشترین مێژوو ئەوەیە کە خەڵکی غەیرە خۆمان بۆمان دەنووسێتەوە، وەک ئەم مێژووەی ئەنفال؟ بۆ باشترین پلانی دوارۆژ ئەوەیە کە خەڵکی غەیرە خۆمان بۆمان دادەنێن؟ بۆ باشترین چارەنووس ئەوەیە کە خەڵکی غەیرە خۆمان بۆمان دیاری دەکەن؟ کە نەشیانکرد، ئەوکات دەکەوینە ویزەیان بە گلەیی ناڕەزاییو بە پیلانگێڕیان لە قەڵەم دەدەین. ئەی خۆمان چین؟ لە چیمان کەمە، خوێنە لە کاروانی خەباتی بێوچاندا ڕووباریکمان لێرشتووە، تواناو ئیرادەی میللەتە هەمانە.

گەلی برادەرینە..

ئێستاش نەچووە بچێت، با ئێمەش وەک میللەت وەک خەڵک، کۆششی خۆمان نەوەستێنین بۆ ئەوەی نەهێڵین تاوانباران جارێکی تر بە مفتی بیخۆن، هەوڵدەین بیاندەینە دادگاو بە کردار نەک بە سۆز دۆسێی تاوانکارییان شیبکەینەوەو بیانگەیەنینە ئەو سزایەی شیاوی تاوانەکانیانە. ئێمە تەنهاو تەنها بەمە گیانی قوربانیانمان و ویژدانی گەل و کەس و کاریان ئاسوودە دەکەین، تەنها بەمە دەتوانین بەهای پیرۆزی خەبات و قوربانیدان بەرز ڕاگرین، تەنها بەمە دەتوانین خۆمان بەر نەفرەتی مێژوو و نەوەکانی بانەڕۆژ نەکەین و ڕیگەش لە دووبارەبوونەوەی ئاوها تاوانێک بگرین. با کۆششمان یەکخەین بۆ نووسینەوەی ئەم مێژووەمان کە تێیدا دەژین و ڕۆژ بە ڕۆژ درووستی دەکەین. با لە ئێسک و پرووسکی قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجەوە دەست پێبکەین و تەواوی ئەمڕۆ و ئایندەمانی لە سەر بنیات بنێین.

من بۆ ئەم چاپی دووەمە هەوڵم داوە هەر خەوش و ناتەواوییەک لە چاپی یەکەمدا هەبوو ڕاستیان بکەمەوەو بۆ ئەم مەبەستەش جارێکی تر دێڕ بە دێڕی دەقە کوردیو ئینگلیزییەکەم بەراورد کردووەتەوە، بۆ ئەوەی چەندی لە توانامدا بێت پوختی بکەم و ئەمانەتی وەرگێڕانەکە بپارێزم. سوودیشم لە گەلێ دۆست و برادەری شارەزا بینیوە بۆ ڕاستکردنەوەی ناوی ئەو دەیان گوندو شاخ و شوێنەی وڵات کە لە دەقەکەدا هاتووەو تیمەکانی میدڵ ئیست ووٚچ هەڵەیان لە نووسینیدا کردووەو بە هاوکاریی ئەوان هەوڵمداوە وەک چۆن خەڵکی ئەو ناوچانە گوێ دەکەن ئاوهایان بنووسمەوە, بە پەیڕەوی کردنی ڕێبازی زانستیی ئەم بوارە. بێجگە لەوەش لە فرە شوێنی تێکستە وەرگێڕراوەکەدا, لە پەراوێزدا تێبینیو باری سەرنجی خۆمم دەربڕیوە بە مەبەستی سوود گەیاندن و دەوڵەمەند کردنی کارەکەو زۆریش ماندوو بووم لە هەڵەبژێریی دەقە کوردییەکەدا بەو هیوایەی تا بتوانم بەکەمترین هەڵەی تەکنیک وچاپەوە بیخەمە بەردیدەی خوێنەری ئازیز.

لەم چاپەدا بە شیاوم زانی هەندێک وێنەی پاشماوەو ئێسک و پرووسکی قوربانیانی ئەنفال, کە لە پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق لە لایەن دۆستێکمەوە بەدەستهێنراون و پاشتر ناوی دێت, لە پاشکۆی کتێبەکەدا بڵاوبکەمەوە.دواجار, سوپاس و پێزانینم بۆ گشت ئەو بەڕێزانەی هاوکارییان کردووم لە گەڵاڵە کردن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەدا, بە چاپی یەکەمو ئەم چاپەی ئێستاشیەوە. لە گەڵ ڕێزدا.

## فیلمی زەر




"هێشتا سەگەکانی مێژوو دەوەڕن" یەکێک لە دیالۆگەکانی فیلمەکە.

شەوی ٢٠١٧/١١/١ لە سینەما سالم فیلمی "زەر"م بینی، سەرباری ئەوەی ئازاری ددان، هێرشی بۆدەهێنام بەڵام نەمتوانی چاو لەسەر پەردەی سینەماکە لابەرم و لە دیمەنەکانی دابڕێم. بێ زیادەڕۆیی دەیڵێم، ئازارەکەم هێندە زۆربوو، وەها فیلمێک نەبوایە نەمدەتوانی هێندە خۆم رابگرم .

فیلمی "زەر" کارێکی هونەری گرنگ وبایەخداری ڕێنوێنکاری کورد (کازم ئۆز)ە ئێستا لە سینەما سالم کاردەکات وپێشتریش لە ڤیستڤاڵی نێودەوڵەتی دهۆک و دواتریش لە دووەمین ڤیستڤاڵی فیلمی سلێمانی بەشداری پێکراوە .

ئەم فیلمە لەکاتێکدا دیوە جوانەکەی کوردمان پیشان دەدات، کە کورد

دیوێکی ناشرینی پیشانی دنیا داوەو خۆشمانی لەناوەوە وێرانکردووە، حزبەکانی هەموو بەهایەکی کوردبوونیان، بەدرۆ دراو گۆڕیوەتەوەو ژیانی پڕکردووین لە نائومێدی و دڵشکان و نائومێدانە بەدوای گەڕانەوەی شکاوی خۆماندا وێڵین. بەڵام لەم فیلمەدا دەچینە دنیایەکی ترەوەو دیوە جوانەکەی کورد بوون و ئەو ستەمکاریەش دەبینین کە لە ئێستادا لێی دەکرێ ولەمێژووشدا لێیکراوە.

کازم ئۆز، کوردی باکوری کوردستانە، فیلمەکەی گەشتێکە بەنێو مێژووی کوردو کولتووری ونبووی هەزاران ساڵی کوردی باکوردا، لەم دنیای نائومێدیەدا کە چارەکە سەدەیەکە لە باشور گەرای خستووە، ئەو تۆوی ئومێدو جوانی دەچێنێ و تەمی سەرشکستەکانمان لادەباو بەشێنەیی بە دنیای ستەمکاری دەڵێت : چ گەوج ودڕندەن ئێوە کە لەنێوچراخانی کۆشکەبەرزەکانتاندا خۆتان شاردووەتەوەو پشتتانکردووەتە میللەتێکی سادەو گوێتان لەگرم وهوڕی ئەو ماشێنە خەواندووە کە کوردبوون و مرۆڤەکانی دەهاڕێ .

پوختەی فیلمەکە باسی گەنجێکی کوردە بەناوی (ژان) کە لە ئەمریکا دەژی وخوێندکاری بەشی مۆزیکی هونەرەجوانەکانە، فیلمەکە بەرهەمی کۆمپانیای کۆزفیلمەو هەردوو وڵاتی تورکیاو ئەڵمانیا هاوبەشی جێبەجێکردنیان کردووە. پاڵەوان (ژان) بەدوای گۆرانیەکدا دەگەڕێت کە لە نەخۆشخانە لە زاری داپیرەی بیست، ئەوکاتەی لە نەخۆشخانە وەک یاوەرێک لەگەڵیدا مایەوە داپیرەی لێی دەپرسێت تۆ بۆچی دەخوێنێت ؟ ئەویش لەوەڵامدا پێیدەڵێت: موزیک دەخوێنم، داپیرەی بەدەم کۆکەکۆک و بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت: چۆن تۆ ئەم هەموو ساڵە دەخوێنیت بۆئەوەی فێری گۆرانی بیت ؟ لەم گفتوگۆیەدا ژانیش داوا لەداپیرەی دەکات گۆرانیەکی بۆبڵێت، هەرچەندە ژان سەرەتا مل نادات و پێیدەڵێت (نەنە) ئێستا کاتی گۆرانیە ؟ بەڵام سەرئەنجام داواکەی فەرامۆش ناکات وگۆرانیەک بەزمانی ئینگلیزی دەڵێت، ئینجا ئەو داوا لەداپیرەی دەکات گۆرانیەکی بۆ بڵێت، نەنکی گۆرانی زەرێ دەڵێت، لێرەوە ڕێنوێنکار دەرگا بۆ پاڵەوان– کورەکە دەکاتەوە عاشقی گۆرانییەکەی داپیری دەبێت و دواتر گوێ بیستی چیرۆکی ئەم گۆرانیەش دەبێت، بەڵام مردنی داپیرەی کات بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە کە لەتەواوی چیرۆکی گۆرانیەکە تێبگات، بۆئەوەی لە ڕاستی چیرۆکی ئەم گۆرانییەی داپیرەی تێبگات، لەپرسەکەیدا پرسیار لەپوری دەکات، بەڵام لەوکاتەدا دەترسێ و ناتوانێ وەڵامی بداتەوە، هەمان کات باوکی هەڵدەستێت لێی تورە دەبێت و زللەیەکی تێدەسرەوێنێ، لێرەوە تێدەگەین، کە باوکەکە خۆی بەکورد نازانێ و بەسوکایەتی دەزانێ کە باسی ئەوە بکرێت دایکی کورد بووە، بەڵام دواتر پوری بەدزیەوە دەچێتە ژورەکەی و ڕاستی چیرۆکی (زەر)ی بۆدەگێڕێتەوەو لەوێوە باسی کۆمەڵکوژی دەرسیم دەکات، کەدایکیان منداڵ بووەو لەناو کلۆری داردا خۆیان شاردووەتەوەو سەربازە تورکەکان دۆزیویانەتەوەو لەگەڵ خۆیاندا بردویانە، ئیتر لێرەوە پاڵەوان –کورەکە بە دوای گۆرانی



زەردا دەگەڕێ و ڕوو دەکاتە وڵاتی باب وباپیرانی داپیرەی، ڕێنوێنکار(دەرهێنەر) ئەم گۆرانیە دەکاتە بەهانەو مۆزیککارێکی گەنج بەنێو کوردستانی باکوردا دەگێڕێ و بەسروشت و داب ونەریت وکلتورو گەریلا ئاشنا دەبێت، مێژووی کوردو کۆمەڵکوژی و سڕینەوەو ونبوونی سامانی نەتەوەیی ئاشکرا دەکات.

ئەم فیلمە فێرمان دەکات چۆن چیرۆکەکانمان بگێڕینەوە، بەتایبەتی بۆ فیلمسازی کوردو خوێندکارانی بەشی فیلمسازی زانکۆی سلێمانی و زانکۆکانی تر زۆر بایەخدارە، بەبێ ئەوەی یەک دڵۆپ خوێن و باروتمان بۆبخاتە سەرشاشە میللەتێکی سادە نیشان دەدات کە هەوڵی سڕینەوەی شوناس و هونەرو کەلەپوری دراوە. بەڵام کازم ئۆز وەک "یەڵماز گونەی'

[redacted]

گچکە لەنێو تەپ وتۆزی جەنگ و ژاوەژاوی شارستانێتی دابراو لەمافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکاندا دێت و بە کۆمەڵکوژییەکەی دێرسیمدا دەمانهێنێتەوە بۆ ئێستاو لە نێو شکست ونوچدانی مێژودا هەڵدەستێتەوەو چاوێک لەیار دادەگرێ و نقورچێک لە نەیار دەدات .

ئەوەی دەیەوێت شتێک دەربارەی کوردەکانی باکورو خەم و ژان و سادەییان بزانێت باش دەبێت ئەگەر فیلمی زەر ببینێ.

## نامەیەک لەگەرمیانەوە



ڕۆژی ٥ی ئابی ٢٠١٩ هێمن سەمەد ئۆمەربلی نامەیەکی ئەلەکترۆنی بۆ ناردوم دوای سلاو بۆی نوسیوم :

پێشئەوەی شاڵاوی ئەنفال دەست پێبکات ئەم برایەم کە لە وێنەکەدا دیارە نەخۆش کەوت، ناوی داود بوو تەمەنی ١٤ ساڵان بوو، دایکم بردی بۆ نەخۆشخانەی کفری بەڵام بۆئەوەی نەزانن ئەم نەخۆشە کوڕی (سەمەد ئۆمەربلییە) لەنەخۆشخانە بەناوی کوڕی پیاوێکی ترەوە ناوەکەی تۆمارکردبوو، ئەو پیاوە ئێستا لەژیاندا نەماوە ناوی ( محەمەد داود)بوو، دایکم لەترسی سیخورەکانی ڕژێم وای کردبوو بۆئەوەی ئیخباری نەکرێت، کەچی هەر زانیشیان نەخۆشەکە کوڕی پێشمەرگەیەو ئیخباریان کردو دکتوریش چارەسەری بۆنەکردبوو، بۆیە براکەم کۆچی دوای کرد ، شێخ عەتاش بەدایکمی گوتبوو کچێ دایکەکەم کورەکەت ئیخباری کراوە خێرا برۆ ئەم ناوە جێ بهێلە، بەداخەوە براکەم مردو دواتر لە نزیک شاری کفری بەشۆفڵ چاڵێکیان بۆی کردوو ناشتبوویان، هەرچەندە شایەت حاڵەکان هەموویان مردون بەڵام یەک دانەیان ماوە ئەویش سایەق شۆفلەکەیە.

ئێستا وتمان بزان چۆن ڕوفاتەکەی دەر بهێنین یاخود شوێنەکەی بزانین ؟





## سەڵاح محەمەد ئەنفالکراوێکی گوندی بنەکەی سەربەناحیێ – قادرکەرەمە

سەڵاح محەمەد ڕەحیم فەتاح .ساڵی (١٩٥٧) لە دایک بووە ساڵی (١٩٨٨) لە قادر کەرەم ئەنفالکراوە. باوکی هەر یەک لە مامۆستا هیواو مامۆستا هێمنە کە ئێستا نیشتەجێ شاری (چەمچەماڵ)ن لەگەڕەکی قادر کەرەمییەکان

زانیاری لە فریاد حەمید وەرگیراوە

## هەواڵەکە ڕاستە یان درۆ ؟

بەرلەوەی بکەوینە شیکاری ڕاستی و ناڕاستی هەواڵی شیروان شەریف گوایە لە ڕۆژنامەی مەدا بڵاوی کردووەتەوە با خودی هەواڵەکە ببیستین و دواتر قسەی لەبارەوە بکەین :

سەید هاشم لە شاری عەمارە چیرۆکی ئەوکۆمەڵکوژیە دەگێڕێتەوە کە لە گۆڕستانی (حی الحسین) داپۆشراون . گۆڕستانی "حی حسێن " لەشاری عەمارە تەرمی ٣٠٠خێزانی کوردی قوربانیانی ئەنفالی تیداکۆکراوەتەوە، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی صدام توانرا گۆڕێکی بەکۆمەڵی کوردان بدۆزرێتەوە کە نزیکەی (٣٠٠) خێزان دەبن، ئەمە ناونیشانی بابەتێکی ڕۆژنامەی (المدی)یە کە بەداخەوە بۆ ای وەرگێر " شیروان شەریف " نە بەرواورونەژمارەی ڕۆژنامەکەی نەنوسیووە.

وەرگێرانە کوردیەکە بەم شێوەیە باسی ئەو کۆمەلکوژیە دەکات : لەمیانەی پرۆسەکانی ئەنفالدا بەرەوشاری (میسان) هێنران وپاش ئەوەی چەند ڕۆژێکیان لە بنکەی پۆلیسی عروبە بەسەربرد بەکۆمەڵ لەگۆڕێکدا نێژران..

بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی ئەو ڕووداوە نێردراوێکی ڕۆژنامەی (المدی) سەردانی گۆڕستانەکەی کردوچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (سەید هاشم)ی پاسەوانەکەیدا ئەنجامدا کەهەرئەولایەنە دەسەڵاتدارەکانی لەشوێنی گۆڕستانەکە ئاگاداركردووە..

(سەید هاشم) پیاوێکی تەمەن (٥٠) ساڵەو بەچاوی خۆی ڕووداوەکەی بینیوە، بەم جۆرە دەیگێرێتەوە:

ڕۆژێک لەماڵی خۆمان بووم کاتێک چەند پیاوێکی ئەمنی (عەمارە) هاتنە لام و پێیان وتم دەیانەوێت چەند کەسانێک بە شێوەیەکی نهێنی بەخاک بسپێرن. کاتێک ئەو وادەیە هاتە پێش کەدیاریان کردبوو لەگەڵ خۆیاندا سەدان خێزانیان بە سواری ئوتومبیل گەیاندە ناوچەکە، کە زۆرینەیان جلوبەرگی کوردیان لەبەردابوو، لە نێویشیاندا منال وئافرەتو بەساڵاچووی تێدابوو کە زۆرینەیان بەچاوبەستراوی هێنرابوون..

دەربارەی شێوازی کۆمەڵکوژی ئەنفالکراوەکانیش (سەید هاشم) ووتی: شێوازێکی نامرۆڤانەیە، چەند شۆفڵێک دەستیان کرد بە هەڵکەندنی چاڵی گەورەگەورەو دوای ئەوەش هەموو خێزانەکان خرێنرانە ناوچاڵەکانەوەو ئینجا شۆفڵەکان بە زیندویی( جەخت دەکاتەوە ) بەڵێ بەڵێ هەربەزیندویی خۆڵیان دەکرد بەسەریاندا..

لە بارەی ژمارەی تەواوی ئەو خێزانانە پاسەوانی گۆڕستانی (حی الحسین) دەڵێ: ژمارەیان نزیکەی (٣٠٠) خێزان بوو.

لەیەکێک لە پیاوەکانی ئەمنی عەمارەوە ئەو زانیاریەم وەرگرت کە ئەو خێزانانە لەباکوری عێراقەوە هێنراون، لەچوارچێوەی پرۆسەکانی ئەنفالدا کە لەلایەن (عەلی کیمیاوی) یەوە سەرپەرشتی دەکران..

زیاتر دوا و ووتی: دوای ڕووخانی (سەدام) بڕیارمدا ئەوتاوانە دژ بە مرۆڤانەیە ئاشکرا بکەم، چونکە ئەگەر ئەوسەروەختەو لەماوەی حوکمەتی (سەدام) دا وتەیەکم لەبارەیەوە بوتایە، دەبووە مایەی کوشتنم و ووتی:چەند جارێک کەسانی سەر بە هێزەکانی ئەمن دەهاتنە لام و پەیمانیان لێوەردەگرتم کەلای خێزانەکەشم هیچ نەدرکێنم..

شایانی باسە گۆرستانی (حی الحسین) ی دێرین لەعەمارە یەکێک لە دیارترین گۆڕستانەکانەوڕژێمی پێشووش بەکاری دەهێنا بۆ شاردنەوەی لاشەی ژمارەیەکی زۆری کەسایەتیە سیاسیەکان کە بە نهێنی دەکوژران..

*وەرگێرانی/ شیروان شریف

گومان لەراستی

یەکەم کەموکورتیەکانی ئەم هەواڵە :

1 - سەرچاوەی هەواڵەکە هیچ وردبینیەکوزانیاریەکی ئەوتۆی

تێدانیە. ئەوەی هەیە زانیاریە گشتیەکانن دەربارەی ئەنفال.

2 -نەژمارەو نەبەرواری رۆژنامەکەی پێوەنیەو تەنانەت نازانین چ سالێکیش بلاوکراوەتەوە.

3 -لەهەمووی سەیرتر نە ناوی نێرەر و پەیامنێر و هەوالسازی رۆژنامەکە(ئەلمدا) دیارەو نە چاوپێکەوتنەکەش ؟ ئەوەی لێرەدا بلاوکراوەتەوە تەنها لێدوانی رۆژنامەوانیە نەک چاوپێکەوتن.

4 -شیروان شەریف هیچ ئەدرەسێکی خۆی نەنوسیوە. بۆنمونە ئیمایلێک تا پەیوەندی پێوەبکرێت. هیشتا رون نیە شیروان شەریف لەکوێ دەژی و چ کارێک دەکات ؟

دووەم نەشارەزایی :

1 -بەرپرسانی ئەمن نەدەچوونە لای کەس بەلکو خەلکیان بانگهێشت دەکرد بۆلای خۆیان. ئەوان پەیمانیان لەکەس وەرنەدەگرت بەلکو زیاتر هەرەشەیان لەو جۆرەکەسانە دەکرد بۆ ئەوحالەتانە. هەروەکو رائید نەزهان تۆغان هەمان هەرەشەی لەعەبدولحسن موحەمەدی سایەق شوفل کردبوو کە تەرمەکانی داپۆشیبوو.

2 -نوسراوە لە دوای روخانی رژێمی بەعسەوە ئەو گورە دۆزراوەتەوە بەلام نازانرێ چەندێک دوای روخانی بەعس تەنانەت ئەوسالەش دیارنیە کە گۆرەکەی تێدا ئاشکراکراوە.

3 -زۆر ناچێتە عەقلەوە ٣٠٠ کەسیش لەبنکەیەکی پۆلیسدا چەند رۆژێک بمێننەوە، چ جای ٣٠٠ خێزان ..؟ چونکە دەشێت خێزان ژمارەیان ٢ دوو کەس یان زیاتر لە ٢٠ بیست کەس بێت.

4 -سەید هاشم هیچ رۆلێکی نەبووەو ئەو لەمالی خۆیانبووە، ئیتر نازانرێ بۆچی ئەمن گرنگی پێداوەو چوونەلای هەتا ئەو تاوانەی لەلا باس بکەن..؟ چونکە ئەگەر گۆرهەلکەندنو داپۆشین بێت ئەوا شاردنەوەی ٣٠٠ خێزان لە توانای تاکە کەسێکدا نیە، بەلکو شوفل چالی بۆ هەلکەندونو هەر شوفلیش داپۆشیون.. ئیتر نازانین بۆچی ئەمن بۆخۆی دەچێت بۆلای سەید هاشمو لەو تاوانە گەورەیە ئاگاداری دەکاتەوەو دوایش پێی دەلێت نابێت ئەونهێنیە بدرکێنی !!؟؟.

هیوادارم ئەو بەرێزانەی چیرۆکوبەسەرهاتەکانی قوربانیانی ئەنفال دەبیستن ئەوە بزانن کە هەموویان قابیلی گێرانەوە نین خۆئەگەر دەشیگێرنەوە، یان هەوالو چیرۆکەکان لە زمانێکی ترەوە وەردەگێرن ئەوە لەبەرچاوبگرن .. کە هەر ناراستیەک سوکایەتیەکی گەورەیە دەرهەق بە قوربانیانی ئەنفال دەکرێت، دواجار زۆر گرنگە ئاگامان لە شعوری کەسو کاری ئەنفالکراوان بێتو ناشێت خۆمان بینە هۆی ئازاردانو کولاندنەوەی برینەکانیان . ناکرێت بەعس کەسوکاریانی کوشتووە ئێمەش بەدەستی خۆمان بەخەفەت بیانکوژین.

# نەتەوەیەک سەرچاوەی شارستانیەت و ژیان بێت، شایانی ئەنفال وکیمیابارانکردن نیە

م. عەلی موحەممەد وەلی
بەڕێوەبەری قوتابخانەی
(الامانی) سەرەتایی کوڕان-
خورماتوو

لەو سەردەمەی ئاوهەموو ڕووی زەوی گرتەوە بەهۆی لافاوەکەی سەردەمی پێغەمبەر نوح (درودی خوای لە سەربێ)، هاتووە کە نوح (د، خ) (٤٠) پیاو و(٤٠) ژنی لەگەڵدا بووە لە ناوکەشتێکە جگە لەوانەی لەگەڵیدا بوون.هیچ مروۆڤ گیانلەبەرێک لەسەر زەوی نەمان. لەوێدا نوح (درودی خودای لە سەر بێ) لە خوا پاڕایەوە و داوای کرد خوای گەورە جێگایەکی پیرۆزیان بۆ هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی تێدا بژین. بۆیە یەزدان وەحی بو نارد وپێی وت : [ وقل ربی أنزلنی منزلا مبارکا وأنت خیر المنزلین ] (المؤمنون 22)، لەو کاتەدا پاڕانەوەکەی لێ وەرگیرا و خوای گەورە فەرمووی : [ وغیچ الماء وقچی الامر واستوت علی الجودی ] (هود 42 )، بەم شێوەیە یەختەکە لە سەر چیای جودی لەنگەری گرت کە دەکەوێتە نێوان چیای (هەکاری) و دەشتاییەکانی (تیتقا) و یەزدان ئەم چیاو دۆڵ و دەشتانەی هەڵبژارد بۆ پێغەمبەرەکەی و ئەوانەی لەگەڵی بوون وەکو بەهەشتێکی سەر زەوی لە ناو جەرگەی خاکی



کوردستان و ئەم جێگایە بووە سەرەتایەک بۆ مرۆڤایەتی و لەم جێگا پیرۆزەوە، گەل و نەتەوەکان دروست بوون بە هەموو زەویدا بڵاوبوونەوەو لەگەڵ خۆیاندا هزری مرۆڤایەتی و هەموو جۆرە زانستێکیان گواستەوە بۆ ئەوناوچانەی ڕویان تێکرد لە سەرتاسەری جیهاندا.

لە کتێبەکانی مێژوودا هاتووە کەوا گەلی جودی / گودی / کوردی ڕەچەڵەکی ڕەسەنی کوردن وجود /گورد/ ماد لە پێشینانی ڕاستەقینەی کوردن.

گومان لەوەدا نییە نەتەوەی کورد هەڵگری ناوی خاک و نیشیمانەکەیەتی وجودی سەرچاوەی هەموو نەتەوەکانی تری جیهانە و زانست و زانیاریان لە قەڵای هەولێر وقەڵای کەرکوک و قەڵای خورماتوو وشاری هەمەدان و شێرناخ ... هتد وەرگرتووە، و باشترین بەڵگە گوندی (چەرمۆ)یە لە چەمچەماڵ سەر بە پارێزگای کەرکوکی کوردان کە بۆ یەکەمجار لەجیهاندا کشتوکاڵ لەوێ دۆزراوەتەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و هەروەها شاری هەمەدان کە (هەمەدانی برازای نوح) بونیادی ناوە بە شاری زاناکان ناسراو بووە، لەو سەردەمەدا و هەزارەها ناوچە و شوێنەواری تر شاهیدی شارستانێتی نەتەوەی کوردن.

لە (سفری دانیال)دا کە بەشێکە لە تەوراتی پێغەمبەر موسی (درودی خودای لە سەر بێ) هاتووە، کاتێک پێغەمبەر دانیال (درودی خودای لە سەر بێ) لە وڵاتی بابلییەکان بوو ویستی ئاینی یەکتا پەرستی بڵاو بکاتەوە لەگەڵ حەنیا ومیکایل و ئەزرا کە یاوەری بوون بەڵام ڕەت کرایەوە لەلایەن (نبوخذ نصر)ی پاشای ئەو کاتەی وڵاتی بابلییەکان و فەرمانی کرد بە کوشتنی دانیال و یاوەرکانی و بڕیاریدا (نبوخذ نصر) پەیکەرێکی بۆ دروست بکرێت وخەڵکی بیپەرستێت وەکو خواوەندێک.

ئەم کارە وای لە پێغەمبەر دانیال (درودی خودای لە سەر بێ) ویاوەرەکانی کرد، ئەو وڵاتە بە جێ بێڵن وبەرەو وڵاتی گودیا / ماد هەڵبێن کە ئەو کات کارگورد / کەرکوک پایتەختی زستانەی ئەو وڵاتە بوو و پێغەمبەر دانیال ڕۆشتە لای دارایاسی پاشای وڵات کە پاشایەکی زۆر دادپەروەر بووە و داوای لێ کرد ڕێگای بدات بۆ بڵاو کردنەوەی ئاینی یەکتا پەرستی و باسی هۆکاری هەڵهاتنەکەی بۆ کرد لە وڵاتی بابلییەکان.

پاشا دارایاس پێی وت : هەروەها ئێمەش یەکتا پەرستین وباوەڕمان بە خوا و زەردەشتی پێغەمبەری و کتێبە ئاسمانێکەی (ئاڤێستا) هەیە و ئێمە تاقیتدەکەینەوە ئەگەر ڕاستگۆ بووی ئەوە ڕێگەت پێ دەدەین.

بۆ ڕۆژی دواتر دارایاسی پاشا بەرپرسان و پیاوانی ئاینی و هەموو خەڵکی کۆ کردەوە و بڕیاریان دا کە ڕێگە بە پێغەمبەر دانیال (درودی خودای لە سەر بێ) بدەن بۆ بڵاو کردنەوەی ئاینەکەی و پاشا کردیە ڕاوێژکاری خۆی.

زۆرێک لە مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن کە پێغەمبەر ئیبراهیم (د. خ) لە کوردستان لە دایک بووە بەپشت بەستن بەچیای ( سارا خاتون) لە ناوچەی دوکان و(سارا) ژنی ئیبراهیم (د. خ) بووە و کچی ( هارانی کوڕی نەهوەر)ی مامی بووەوهەروەها ئەشکەوتەکەی دایکی ئیبراهیم لە ناوچەی خۆشناو کە ئیبراهیمی تێدا لە دایک بووە وئەم ئەشکەوتە تا ئێستا وەکو مەزارگایەک خەڵکی سەردانی دەکەن و ئاساواری مەنجەنیقەکەی نمرود کە ویستی ئیبراهیمی تێدا بسوتێنێت لە ناوچەی بتوێن ماوەوە خوای گەورە ڕزگاری کرد لەو ئاگرە [ یا نارکونی بردا وسلاما علی ابراهیم] (الانبياء 69)و ناوچەی ئیبراهیم خەلیلی سنوری و خۆشناو و بتوێن دوو کوڕی ئیبراهیم بوونە کە دوو ناوچەی فراوانی کوردستانن.

(شەهاب الدين ابی عباس) لە کتێبی (سبائک الزهب) کە پێش 250 ساڵ بەر لە ئێستا لە (ئستانە)ی تورکیا چاپ کراوە. باس لەوە دەکات کە ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهم (درووی خودایان لە سەر بێ) لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا هەر بە زمانی کوردی قسەی کردوە و تاوەکو تێکەڵ بە هۆزی (بنی جرهم دەبێت و ژنیان لێ دەهێنێت و فێری زمانی عەرەبی دەبێت.

هەموو ئەمانە و هەزارەها بەڵگەی تر سەلمێنەری شارستانی بوونی گەلی کوردن و سەلمێنەری ئاشتیخوازی کوردن و گەلێکە دژی ستەم نا دادپەروەری دەوەستێت و دروشمی ئاشتی و پێکەوە ژیانی هەڵکرتووە لە سەرجەم شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیدا.

پرسیار ئەوەیە: نەتەوەیەک خاوەنی ئاوا مێژوویەک بێت کە پڕە لە سەروەری و شارستانی و نەتەوەیەک ئەم هەموو خزمەتەی بە مرۆڤایەتی گەیاندبێت شایستەی ڕێز وپێزانینە. یان دەبێ ڕوو بەڕووی کوشتنی بە کۆمەڵ وئەنفال و کیمیا باران وجینۆساید بکرێتەوە؟

وەڵام بۆ مێژوو و مێژوونووسان و ئەوانەی هەڵگری هزری مرۆڤایەتی وخاوەنی ویژادنێکی زیندوون جێدێڵین.

لە کۆتاییدا گەلێک خاوەنی هەموو ئەم سەروەریانە بێت هیچ هێزێک ناتوانێت لە ناوی بەرێت و بیسرێتەوە.

## بەهیوای تەندروستی باش بۆ مامۆستا عەلی محەمەد وەلی

مامۆستا عەلی محەمەد وەلی، دانیشتوی شاری خورماتووە پیاوێکی دڵسۆزی شارو نیشتمانەکەیتی، هاوکارێکی هەمیشەیی گۆڤاری ئەنفالستانە، لەوەتای بە گۆڤاری ئەنفالستان ئاشنا بووە هەمیشە لەخەمی دەرچوونیدایە بەردەم لەسەر هێڵەوهەواڵی دەرچوونی دەپرسێ وکۆمەکی دەکات و کۆمەکی بۆکۆدەکاتەوە، ماوەی ٤ ساڵە باری تەندروستی تێکچووە لەزمان کەوتووە کەچی بەو حاڵەشەوە دەستبەرداری ئەنفالستان نەبووەو لەسەر پارچە وەرقەیەک بۆ مامۆستا حوسێن و مامۆستا بەختیاری کوری دەنوسێ تەلەفۆنێک بکەن بزانن ئەنفالستان گەیشتووەتە کوێ ؟ وەک چۆن لەسەربنەمای نوسینەکەی کورەکانی تەلەفۆن بۆمن دەکەن ئاواش وەڵامی منی لەسەر پارچەیەک وەرقە بۆ دەنوسنەوە. هیوای سەلامەتی و چاکبونەوەی بۆ دەخوازین و دڵنیای دەکەین ئەنفالستان هەرگیز چاکەو دڵسۆزی مامۆستا عەلی محەمەد وەلی لەیاد ناکات.

# بەدکاری و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەنفال

عومەر محەمەد

ڕۆژێک لەڕۆژەکانی ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢ بە ژمارە تەلەفۆنێکی کـورەک تیلەکـۆم زەنگـێکم بۆهـات، دوای وەڵامـدانەوەی مـن کـوری ئەنفـالکراوێکم، بەڵام هەتـا ئێسـتا هـیچ حەق وحسـابێکی بـاوکم وەرنەگرتـووە، هۆکارەکەشـــی هەرئەوە بـــووە مـــامم دایکمـــی مـارەکردووەتەوەو هەتـا ئەم دواییـانە ڕاسـتیەکەیان پێنەگوتووم ناونیشانی تۆیان پێگوتووم کە تەنها تـۆ دەتـوانی کێشـەکەم چارەسـەر بکەیـت، وادەی یەکتـر بینینمان داناو هات بـۆلام بـۆ بەرێـوەبەرێتی گشـتی شەهیدان، منیش دۆسیێکەم بـۆکردەوەو بـردم بـۆلای بەرێوەبەری گشتی و خۆی ناساند (ن، ص، ف، حەمە ئەمـین) دوای دووهەفـتە لەلێکـۆڵینەوەی ڕاسـتی دۆسیێکەی چەند گومانێکم لەلا دروست بـوو، سـەرەتا گوتی من خەڵکی کەلارم هەرچەنـد لەگەڵیـدا خەریـک بـووم کە دەبێـت خەڵکـی گونـدێکی سـەربەقەزای کەلاربێـت، بەڵام ئەو جەختـی کـردەوە کە خەڵکـی کەلارن . بەڵام دوای ئەوەی ناســـنامەکانی هێنـــا دەرکەوت تۆماریان پێنجوێنە نەک کەلار .

(ن، ص) مواليد: ١٩٨٨ و دایکی بەناوی (شیرین ح ، ح) لەبنەڕەتەوە خەڵکی گوندێکی نزیکی پێنجوێنەو ئێستاش هەر لە پێنجوین دادەنیشێ .

لەکۆی ٤ کەس کە ئەم بەشاهیدی ناوبردن تەنها یەک کەسیان لە ژیاندا ماوە .

١- حسن ح، ح
٢- سيف الله م، ح
3- رەحیم، ص
4- حسن ح، ر

(ن.ص) شـۆفێری سـەیارەی بـارهەڵگربوو، لـۆری لێخوڕیووە، پێشتر پێشمەرگە بووەو فۆرمی بایەعیـان بە جیا بۆکردووە، مامی لەگەڵیدا توندرەفتاربووە، هەتا ئەو ئاستەی هەموو منالەکانیـان (٦) منـدال کە بریتـی بوون لە سێ کـورو سێ کـچ، خـراونەتە بەرخوێنـدن بەڵام ناسر هێشتا خوێندەواری نیە چونکە نەخراوەتە بەرخوێنـدن. ( یاسـین صـالح ، ناسح سـالح، ریبـوار سالح، گولزار، بەهرە، بەهار .

بـراکەی بەنـاوی روف، لەگەڵ پـێچ ژن بـرای خویـدا ناویان – حسن حسـین، رەزا حسـین حسـن، جەزا ، لەتیف ، عیرفان، رونـاک ، ئـایش، شـوکرییە، حسـین میـــردی ئایشـــە، ســـی چوارمانـــگ لەمەوپـــێش کۆبوونەتەوەو ڕاستیان پی وتووە، مجلیسەکە هیچیـان بە ناسر نەوتووە ئەوەندەبنی کە خوت بیتاقەت مەکە ئیستا هیج کاریکی نیە .

دوای دوو هەفـتە لەلێکـۆڵینەوەکردن لەگەڵیـداو بەپێـی شـارەزایی خـۆم و ناسـینی سروشـتی ئەوکەسـانەی بەنیازی ساختەن، گومانەکانم زیادیان کـرد، لەهەفـتەی سێهەمدا دوای ئەوەی گومانەکانم نەشاردەوە پێمگـوت، نەخۆت ئەزیەت بـدەو نەمنـیش، چـونکە ئەم دۆسـێیە دواتـر توشـی کێشـەت دەکـات، هەتـا ئەگەر بێـت و ئیمتیـازو مـوچەش وەربگـری کاتێـک ئاشـکرادەبی زیندانیشـت دەکەن و هەرچـی وەریشـتگرتووە، لێـت دەسـێتننەوە، دانـی بەوەدانـا کە دەترسـم داوێکیـان بۆنابمەوەو بەئاسانی لێی دەرنەچم، ئینجا ڕۆیشتەوەو لە هەفتەی چوارەمـدا دانـی بەهەمـوو ڕاسـتیەکدانا کە باوکی ئەو ئەنفال نەکراوەو بە ڕوداوی سەیارە کۆچی دوایی کردووە، لەگەڵ مامەیدا کێشـەیان هەبـووەو ئەو پێیگوتـووە تـۆهیچ حەق وحسـابێکت لای مـن نـیەو باوکی تۆ ئەنفالکراوەو بچۆ حەقی خـۆت لەحکـومەت وەربگرە، ئەویش پەنـای بـۆئێمە هێنـاوە، لەبەرئەوەی مـــامی کە هاوکـــات باوکیشـــێتی و دایکـــی مارەکردووەتەوە، پێی وتووە بـراکەم واتـا بـاوکی تـۆ ئەنفالکراوەو برۆ بەدەمیەوەو حەق وحسابی وەرگرە.

سەرئەنجام گەیشتینە ئەوەی : مامەی ویستوویەتی ئەم کـورە لەکـۆڵ خـۆی بکـاتەوە، بەتـایبەتیش کەلەگەڵ کورەکـانی ترنەگونجـاوە،(ن.ص) هـاتەوەو زۆر

سوپاسی منی کرد، وتی لەکێشەیەکی گەورە رزگارت کردم، لەبەرئەوەی بەبەڵگەو ئیسپات بۆم دەرکەوت، ئەگەر موچەوئیمتیازیش وەربگرم هەرخۆیان شکاتی ئەوەم لێبکەن کە من درۆدەکەم و هەتا ئەوەی یەکێک لەئامۆزاکانم کەهەتا ئێستا وامزانیوە برامە پێگوتووم ئەگەر جەماعەتی شەهیدانیان بردە سەرگۆری مامەم و گوتیان ئەوە ئیسپات کە ئەنفال نیە تۆچی دەکەیت ؟ راستیش دەکات ئەوسا جگەلە سزاکەی هەر لەناوخەڵکدا ئابروم دەچوو.

سەرئەنجامی بەدواداچون و پوچەڵی دۆسیەکەم، بەزارەکی بە بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندەوەو داوام کرد وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی داوای یاسایی لەسەر مامی (ن. ص) تۆماربکەین و هەقە سزای خۆی وەرگرێ، بەڵام بەداخەوە بەپاساوێکی لاواز رازی نەبوو دەنا ئەوکەسانە هەقی سزای توندیان هەیە.

## ولاتی ون بوونی تاک و بەکۆمەڵ



سالار مەحمود

بەپێی دوا زانیاری فەرمی، لە عیراقدا ٢٤٩ گۆری بەکۆمەڵ هەیە. ئەمە جگەلە هەزاران حاڵەتی تاکەکەسی ونبوان، هەر جارەی باسی گۆری بەکۆمەڵی پێکهاتەو نەتەوەیەک دەکرێت.

1. - نزیکەی حەفتا گۆری بە کۆمەڵی ئەنفالکراوان لەبیابانەکانی سەماوەیە.
2. گۆری بەکۆمەڵی ئێزیدیەکان لە کۆجۆو شەنگال، هێشتا ماون. بەشێک لە ئێسک و پروسکی دەرهێنراوەکانیان هێشتا لە پزشکی دادی بەغدایە.
3. ئەمساڵ ١١٥ئێرانی لە ناوچەی شەلەمچە کە لە گۆری بەکۆمەڵدا بوون.رادەستی ئێران کرانەوە،
4. مانگی رابردوو ئێسک و پروسکی دەیان کۆیتی لەبیابانی سەماوە لە گۆری بەکۆمەڵ دۆزرانەوە و رادەستی وڵاتەکەیان کرانەوە.
5. هندییەکان لە عیراقدا، لەسەر دەستی داعش کۆمەڵکوژکراون. ٣٩روفاتی هیندی لە موسڵ دۆزرانەوەو رەوانەی هیندستان کرانەوە!
6. هێشتا بەشێک لە قوربانیانی سپایکەر کە هەزاران گەنجی عەرەب بوون، لە گۆری بە کۆمەڵدان و بەشێکیان لە پارێزگای سەلاحەدینن و نەدۆزراونەتەوە.
7. فەیلیەکان هەزارانیان چارەنوسیان نادیارەو بە دوای چارەنووسی.
8. هێشتا چارەنووسی بەشێک لەمنالانی هەڵەبجە ونن.
9. هێشتا لە ٨٠٠٠ بارزانی زیاتر لە ٧٠٠٠ هەزاریان چارەنوسیان نادیارن.
10. هەزاران ونبووی شەڕی ئیران عیراق.
11. بەهەزاران ونبوانی شەرە ناوخۆییەکان چارەنووسیان نادیارە
12. . ژنان و کچانی ئێزیدی ونبووی دەستی تیرۆری داعش لە چ دۆخ و چ دۆزەخی چارەنوسێک بەشیان بێ! جۆرەها جۆری ونبوون! چەشنی چاوەروانی! وڵاتی گۆڕ نادیارو گۆری بەکۆمەڵ. ئەمە جگە لەوانەی بونە خۆراکی دەریاو ئاوو تونەوتوون بوون. وەک چۆن ونبونی پیتێک لە (ژیان) دەگۆرێ بە (ژان)! ونبوونی ئەندامی خێزانێک، خەزانێک دروست ئەکا. سەدان هەزار خێزان لەماڵەکانیان وێنەی ونبوەکانیان هەڵواسیوەو هەر چاویان لەچاوەروانی بینینەوەدایە. لە رۆژی جیهانی ونبواندا(٣٠ی ئاب) پەیامم بۆ زیندوان هەیە ئاورێک لەو وێرانەیە بدەنەوە دەسەڵاتەکان و ستەم و قەساوەتی ململانێکان بە ژیان و مرۆڤی کرد.



# نامەیەك بۆ خەندەكەم سەبارەت بە ئەنفال

نەبەز سەمەد

خەندەکەم ئەمڕۆ (٢٠١٤/٤/١٤) یادی ئەنفالە. من وەک کوڕی ئەنفالکراوێک ئەزموونی ئەو جینۆسایدەی کوردم کردووە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی باوکمەوە، دوای هەژەند وتاوانەکە. بۆیە ئەوە هەست و تێڕوانینێکم پێدەدا جواداواز لەو کەسانەی کە لەم دۆخەدا نین. ئەم دۆخە هەستی جودا بەمن دەدا، ڕەنگە ئەرێیی و نەرێیی بن. خۆت دەزانی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەبوونی باوک (پیاوی_ سەرۆک خێزان) هێزە، پەناگەیە، داڵدەیە، ئەمە وادەکا ئەوانی دی نەتوانن بەئاسانی بتکەن بە ئامانج وەک لاوازێک، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە پیاوسالار و خێڵەکییە. لێرەوە ئەزموونی بێباوکێتی (هەتیووێتی!؟) بەشێک لە لاوازی و هەستکردن بە ترس و خۆ بەکەمزانی تێیدایە، چونکە ئەوانیدیکە وەهات لێدەکەن هەست بە نوقسانی بکەی، کاتێک ئەوان وەک "هەتیوو" لێتدەڕوانن. ئەوە ڕووبەڕووی سەختی و کێشەت دەکاتەوە، ئاخر بێباوکی لە کۆمەڵگەی پیاوسالار و خێڵەکی واتا ڕووتی، بێماڵی، بێئاسایش، بۆیە ئەوانیدی دەتوانن بەئاسانی بتپێکن. هەروەها هەستی بێکەسی، تەنیایی و نامۆییت پێدەدا، هەستی بێ بەشبوون لە سۆزی باوکایەتی، هەستی خۆ بە قوربانیزانین، کە دەبێتە مایەی بەزەیی بۆ ئەوانیدی، بەڵام زۆر جار ئەو بەزەییە پڕە لە نامیهرەبانی، نادلۆڤانی، بێڕێزیکردن و سووکایەتی کردن پێت. ئەمە دەشێ لایەنی نەرێیی بێباوکی بێ. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، بێباوکێتی لایەنی ئەرێیشی هەیە. ئاخر هەستی ڕووبەڕووبوونەوە، بەرگەگرتن (بەرگری)، هاڤرکێت پێدەدا و دەبێتە پاڵهێز بۆ هەستانەوە، بۆ ژیانکردن، بۆ بەردەوامی. نائامادەیی باوک لە ژیانی مندا، بۆتە هۆی پتر پەیوەستبوونم بە دایکمەوە. بۆیە من بە هەست و سۆزێکی دایکانەوە گەورەبووم و پەروەردەبووم، کە ئەمە کاریگەری لەسەر دروستبوونی کەسێتی من هەیە. من لەو ڕووەوە خۆشحاڵم کە زۆر لە ڕووە ناشرینەکانی باوکی کوردیم ئەزموون نەکردووە. بۆیە لێرەوە گریمانەیەک لەلام دێتەگۆڕێ: ڕەنگە منداڵانی ئەنفالکراوان کە بە پەروەردەیەکی دایکانە گەورەبوون، کەسێتییەکی هێمنتر، ئارامتر و ناتوندوتیژانەتریان هەبێ لەوانەی کە لە خێزانی باوک سالاردا گەورەبوون.

خەندەکەم، تۆ دەزانی دایکم چەند تایبەتە لەلام، من لەوەوە زۆر شت فێربووم. من بەهۆی دایکمەوە کەمتر هەستم بەبێ باوکی کردووە، ئەو بۆشایی باوکیشمی پڕکردۆتەوە. بۆیە من خۆم بە "هەتیوو!؟" نازانم. لای ئێمە بە کەسێک دەگوترێ "هەتیوو" کە باوکی نەبێ. هەتیوو وشەیەکی ناشرین، بریندارکەر و پڕ لە سووکایەتی و بێڕێزییە.

خەندەکەم، پەیوەندی من لەگەڵ تۆ لەم دۆخەدا، پەیوەندییەکی جوداواز و تایبەتە. دوای ئەنفال، دوای ئەو ئەزموونە ناخۆشانە، دوای ئەو بێڕێزییانە، کە هەندێ کەس بە پاشماوە (ی ئەنفال)مان دادەنێن، من بەردەوام بوومە لە ژیان و لەو تەنیایی و بێکەسییە (ناخەکییە)دا پەیوەندیم لەگەڵ تۆدا دروستکردووە و خۆشەویستیم کردووە. خەندەکەم ئەزموونی خۆشەویستی من وەک کوڕی ئەنفالکراوێک لە هی کەسانیدی جوداوازە، تۆ قەت بیرت لەوە کردۆتەوە تۆ لەگەڵ کەسێک لە پەیوەندیدای لەگەڵ کەسێک دەژی، کە ئەزموونی ئەنفالی کردووە؟ خەندەکەم ئەنفال بۆ من واتایەکیدی هەیە، ڕەنگە جوداواز بێ لە هی ئەوانیدی بەتایبەت ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ (بەڕێی کەسێکی نزیکیانەوە) پەیوەندییان بە ئەنفالەوە نییە، نازانم ئەوە لای تۆ چۆنە؟

خەندەکەم، بۆ من خۆشەویستی، پەیوەندی و ئێستاش پێکەوەییمان واتایەکی زۆر جوان و تایبەتی هەیە. ئێستا من هەست دەکەم دەژیم، هەست دەکەم کەسێکم هەیە خۆشیدەوێم، ڕێزم دەگرێ، نەک سووکایەتی و بێڕێزیم پێبکا و بەزەیی پێدابێمەوە. پێکەوەییمان واتا ژیانکردن، بەردەوامبوون، ژیانەوە و هەستانەوە.

**تێبینی/ ئەم نامەیە لە ٢٠١٤/٤/١٤ لە کتێبخانەی زانینگەی مانچێستەر/ بەریتانیا بۆخەندەی هاوسەرم نووسیووە.**

### روفاتی گۆڕەبەکۆمەڵەکەی سەماوە گەیشتنەوە بەغداد

رۆژی ١٤ی ئابی ٢٠١٩ سالار مەحمود بە ئەنفالستانی راگەیاند ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوەکان گەیەنراونەتە بەغدا سالار مەحمود راوێژکاری سەرۆککۆماری عیراق بەگۆڤاری ئەنفالستانی رایگەیاند: دوای هەڵدانەوەی یەکێک لە سێ گۆڕە بەکۆمەڵە دەستنیشانکراوەکەی بیابانی بادیەی سەماوە. ١٧١روفات لەو گۆڕە بەکۆمەڵەدا بەشێوەیەکی زانستی دەرهێنران کە هەموویان ژن و منالن و گەیەنراونەتە پەیمانگای پزیشکی دادی بەغدا سەر بە وەزارەتی تەندروستی عیراق. وا بڕیارە لە مانگی داهاتوودا دەستبکرێ بەهەڵدانەوەی دوو گۆڕە بەکۆمەڵەکەی تر کەلەتەنیشت گۆڕە تەواو کراوەکەن. سالار مەحمود وتی: تەنیا لە پارێزگای سەماوە دەیان گۆڕی بە کۆمەڵی تری ئەنفالکراوانمان لە پارێزگای سەماوە هەن. هەوڵی جدی و نوێ هەیە بۆ دەستبەکاربوون لە دۆزینەوەو هەڵدانەوەی گۆڕەکان بە هەماهەنگی تیمی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عیراق و هەرێم. هەوڵدەدەین پێش هێنانەوەی ئێسک و پروسکەکان بۆ کوردستان، لەبەغدا مەراسیمی فەرمی و شایستەی بەڕێکرنیان بۆ ئەنجام بدرێت.

## سێوسێنان بەر لەپەلامارەکانی ئەنفالو دوای ئەنفال




عومەرمحەمەد
٢٠١٨/٣/٢٢

سەرلە ئێوارەی ٢٢ لەسەر ٢٣ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ گوندی سێوسێنان گازبارانکرا، دوای ئەوەی گوندنشینەکان بە نیازی نانی ئێوارە چوونەوە ماڵەکانیان، رێک لەکاتی نانی شێوان بە زرمەو نرکەی کاتوێشا بە ئاگا هاتن‌کە لە سەربازگەکەی دەربەندیخانەوە بۆیان هەواڵە کرا، هەرچەندە بۆمبەکان دەنگیان نزم بوو، بەڵا ترازیدیای گەورەیان بە دوای خۆیانداهێنا، بەجۆرێک نەک نانی ئێوارەی لێشێواندن، بەڵکو کەس فریا نەکەوت پارویەک قوتبدات، جگە لە کۆمەڵکوژییەکی ترسناک کە هەر لە جێدا ٦٥ کەس شەهید و نزیکەی ٤٠ کەس بریندار بوون. بەیەکجاری شیرازەی گوندەکەی شێواندن. هەرئەو شەوە ٤کەسی تری گوندی کۆشک لەکاتی بەهاناوەچونیان بۆخەڵکی سێوسینان ٤کەسیان بریندار‌بوون و گیانیان لەدەستدا بۆیە هەمیشە شەهیدەکانی سێوسێنان ٦٩ کەس ناودەبرێن . نابێت ئەوەشمان فەرامۆش بکەین کەوا هەرلەو کیمیابارانەدا پێشمەرگەیەکی خەڵکی هەوارامانیش شەهید بوو.

ئەم پەلامارە ژەهراویە دەستپێکی قۆناغی دووەمی ئەنفال بوو، کە دواتر بووە جێگەی سەرنجی فەرماندەکانی سوپاوە بووە عادەت بۆ پەلاماری قۆناغەکانی تر.

رۆژی دوایی ٢٣ی مانگ هێزەکانی سوپا لە ٨ قوڵەوە بە فارماندەیی لیوارکن د.ع زرێپۆش" ئەیاد خەلیل زەکی"[84]

84 لە بەڵگەنامەیەکدا کە لەبەردەستە نوسراوێکە تیایدا هەتووە بە فەرمانی بەڕێز سەرۆکی فەرماندە بە بەخشینی

پەلاماری ناوچەی قەرەداغی دا، وەک چۆن ئێستا چەتەکانی ئەردۆگان لە عیفرین مریشک وهێلکەشیان دەدزی سوپای عێراق وجاشەکانیش هەروایان دەکرد، زەبری هێز گوندنشینەکانیان لەماڵەکانیان دەدەپەڕاندا و دەستیان دەکرد بەتاڵانی و ماڵ وسامان ومریشک وهێلکەشیان دزی و ئەوەی بەردەستیان کەوت لەگوندنشینەکان گرتیان و ئەنفالیان کردن.

سێوسێنان کە ئێستا ئاوەدان کراوەتەوەو ناحیەیکی سەربە قەزای قەرەداغە، بەرلە پەلامارەکانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ گوندێکی گەورەو قەرەباڵغ بووەئەم گوندە لەروی جوگرافیەوە دەکەوێتە قوڵی ڕۆژهەڵاتیی قەزای قەرەداغ و ڕۆژئاوای قەزای دەربەندیخانەوەلەروی کارگێرییەوە ئەوساو ئێستاش هەر سەر بەقەرەداغ بوون، بەر لەپەلامارەکانی ئەنفالی قۆناغی دووەم لە ناوچەی قەرەداغ، وەک گوندنشینەکان باسی دەکەن، سێوسێنان گوندێکی قەرەباڵغ و جێگەی ئاڵوگۆڕو بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی

---

مەدالیای ئازایەتی بۆ لیوا روکن (درع) ئەیاد خەلیل زەکی فەرماندەی پرۆسەی ئەنفال بە هۆی ڕۆڵی بەرچاوییەوە لە فەرماندەیی کردنی پرۆسەی ئەنفالی دووهەم . بە ژمارە ( ٣٤٧)مەرسومی کۆماری بۆ دەرچووە لە ١١ی نیسانی ١٩٨٨ . بۆ زانیاریتان . ئەیاد خەلیل زەکی فەرماندەی عەمەلیاتی ئەنفالی دووەم بوو لەناوچەی قەرەداغ ودواتریش لە ئەنفالی گەرمیان و ئەنفالی قۆناغی چوارەم و لەناوچەی بادینانیش ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە ئەم ئەفسەرە تاوانبارە کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە لەبەرئەوەی سەربەئاینی شیعە مەزهەب بوو ناوەکەیان لە داداگای باڵای تاوانەکان دەرهێناو شیعەکان ڕێگەیان نەدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت و داگایی بکرێت . دەبێت ئەوەش بوترێت کە جگەلەم ئەفسەرە کە فەرماندەی یەکەم بووە چەند فەرماندەیەکی تر بەپلەی جیاواز بەشداربوون و فەرماندەیی پرۆسەی ئەنفالیان لە ئەستۆدا بووە، لەوانەی ناویان بەردەست کەوتووە ( عەمید عەلی لەفتە حسێن ئەلعقابی ڕازگری پێشەوایەتی هۆبەی خالدی سەربازی . لەگەڵ ئەفسەرێکی تر بەپلەی عەقید بەناوی بەدوی حسن صالح ئەویش ڕازگری پێشەوایەتی رەشیدی سەربازی بووە ئەمانیش وەکو هەڤاڵانی سەرکردایەتی تیپەکان ناویان هاتووە کە پرۆسەی ئەنفالی دویان پێسپێردراوەو ناوی لەناو بەڵگەیەکدا هاتووە کە خەلاتیان پێ بەخشراوە، لەبەرانبەر ئەرکەکەیاندا لە پرۆسەی ئەنفالی یەکو دوودا بروانە ئەنفالستان ژمارە ١١ ل

---

هێزی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێگاوبانەکان گیرابوون و حکومەت ساڵێک بوو گەمارۆی خستبووە سەر بەڵام هەموو شتێکی تیدابوو لەهیچ شتێک پەکت نەدەکەوت تەنانەت بەرگدروو کەبابخانەشی تێدابوو.
پیاوێک بەناوی محەمەد عەبدوڵا کەوەک ئەنجومەنی سێوسێنان قسەی بۆ دەکردم وتی : ئەئسا گوندەکەمان سێ بەش بوو، لای سەروو خواروو ناوەڕاست، بە گشتی کیمیاییەکە بەشی خواروو ناوەڕاستی گرتبوو، خەڵکەکەش هەرلەو دووبەشەدا شەهید بوون، حەسەن عەبدولکەریم و محەمەد عەبدوڵا لە دوودیداری جیاوازدا جەختیان کردەوە و تیان : لەم گوندەی ئێمە تەنها زێڕینگەری تێدانەبوو دەنا هەموو شتێک هەبوو، ئاسنگەرو چەخماخسازو بەرگدرو، هەموو شتێکی تێدابوو، تەنانەت بەرگدروی بوکیشی تیدابوو، تەنها دوکانی زەرەنگەری تیدانەبوو، چێشتخانەو کەبابخانەو سەروپێخانەشی تیدابوو، بێجگەلەم دوکان و بازارە بۆخۆشی گوندێکی قەرەباڵغ بوو، ئەگەر ٥٠٠پێشمەرگەش بهاتنایە ئەم گوندە جێگەیان دەبووەو پەکیان لە خواردنو نوستن نەدەکەوت.

سەبارەت بەخوێندنگەو خەستەخانە حەسەن عەبدولکەریم گوتی : ساڵێک پێشتر حکومەت مەکتەبەکانی داخست و گەمارۆی خستە ناوچەکەو ڕێگەی نەدەدا کلیلۆیەک برنج چیە بگاتە ئێرە، بەڵام سەبارەت بەخستەخانە مەلبەندی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو بەربوو بارەگای سەرەکییان لە بەلەکجاڕ بوو، لەوێ دکتۆر فایەق و دکتۆر ناسیحی لێبوون من بۆخۆم لەگەڵ ئەواندا پێشمەرگەبووم نەخۆشخانەیەکیان دامەزراندبوو لەوێ ئیشم دەکرد خەستەخانەکە ڕاستە هی پێشمەرگە بوو بەڵام خزمەتی زۆربەی دانیشتوانی ئەو دەروبەرەشی دەکرد.

هەرچی دانیشتوانی گوندی سێوسێنانیش بوون، سەرباری ئەوەی چەند گەنجێکیان پێشمەرگەبوون و هێزێکی بەرگریان بۆخۆیان پێکهێنابوو هەموو ماڵێکیش چەکی خۆی هەبوو، وەکو هەرگوندنشینێکی تری کوردستان ژیان و بژێویان بە کشتوکاڵو مەروماڵات بەخێوکردنەوە دابین دەکردو زۆربەیان خەریکی ئاژەڵداری وکشتوکاڵ بوون، خەڵکەکەی ژیانێکی سادەو هاکەزایی دەژیانو ماوەیەکی زۆربوو لەبن دەستی حکومەتی عێراق ڕزگاریان ببوو.

دوای ئەوەی پەلامارەکانی سوپای عێراق لە قۆناغی یەکەمی ئەنفالدا کۆتایی هات و بەرگری ٤٠ ڕۆژەی هێزی پێشمەرگەیان لەدۆڵی جافایەتی تێکشکاند، شیرازەی ئەو

هێزەش تێکچوو، سوپای عێراق بێ ئەوەی هیچ پشویەک وەربگرێ هەرچوار ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی بەیانی کۆتایی ئەنفالی یەکەم لە ١٨ی ئازاردا، ئینجا پەلاماری ئەنفالی ناوچەی قەرەداغی خستە بواری جێبەجێکردنەوە و یەکەم گورزیشی بەچەکی کیماوی بۆسەرئەم گوندەو خەڵکە مەدەنیەکەی بوو.

## یەکەم پەلاماری ئەنفالی دوو

لە ڕۆژی (٢٢)ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٨دا واتە ٦ ڕۆژ دوای پەلامارە کیمیاییەکەی شاری هەڵەبجە لەکاتێکدا خەڵک خەریکی نانی ئیوارە بوون و هەندێک ڕەنگە هێشتا دەمیان بۆ خواردنەکانیان نەبردبێ یان شیویان لەسەر ئاگر دانەگرتبێ کەوا گوندی سێوسێنان کەوتە بەرپەلامارێکی سەختی گازەوەو هەموو شتێک شیواو گریان و هاواری خەڵک تێکەڵ بەنرکەو ناڵەو زرمەی کاتیوشاکان بوو کە سوپای دەوڵەتی عێراق لەسەربازگەیەکی دەربەندیخانەوە دەیهاویشتن، لە ڕۆژهەڵاتی سێوسینانەوە، ئەوسا دەربەندیخان قەزایەک بوو لیوایەکی سەربازی لێبوو لە سەربازگەی سەرەکی دەربەندیخانەوە کاتێوشاکان ئاراستەی ئەم گوندەکران، هەرچۆن بوویێت بۆمبارانەکە زەرەروزیانێکی زۆری بەگوندنشینەکان گەیاند، جێگەی باسە هەندێک سەرچاوە کە سەردانی مەیدانیان نەکردووە زانیاری هەڵەی لەبارەوە بڵاودەکەنەوە، وەک لەپێشەوە باسم کرد، گازبارانی ئەم گوندە بە کاتوێشابوو نەک بە فڕۆکە، بەڵکو بەکاتۆیشا بوو کەبەچەکی کیمیاوی ئاخنرابوون، کە هەتا ئێستاش بەشێک لەو کاتویشایانە لەناو چەکدا ماون و وێنەمان لێ بەدەست هێناون . ئەو بۆمبارانە بە پێچەوانەی ئەوانەی پێشوترەوە کە خەڵک لەگەڵیدا ڕاهاتبوون تاوانێکی



خولقاند کە هەتا ئەمڕۆش کە ٣٠ ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ کاریگەریەکانی بە ئاشکرا بەسەرخەڵکی سێوسێنانەوە دیارن. هەرلە هەژارکەوتنی ئەو خێزانانەوە بگرە تاچارە سەرنەکردنی بریندارەکانی چەکی کیمیاویی.

### شایەتحاڵەکان

محەمەد عەبدوڵا کە وەک ئەنجومەنی سێوسێنان خۆی ناساند لەبارەی کیمیابارانی سێوسێنانەوە گوتی: ئەو سەروەختە حکومەت بەناوچەکەی دەگووت محەرەمە، "



ناوچەی قەدەغەکراو" ڕۆژانە تۆپباران دەکراینو لە دورەوە تۆپی بۆدەهاویشتین، ئیوارەیەکیان هەروا نزیکەی سەعات ٤بوو، کۆپتەرێک هاتە ئاسمانی ناوچەکەو ماویەک وەک نیگابان بە سەر ناوچەکەماندا دەسوڕایەوە هەر ئەو ئێوارەیە بوو کە لە سەر سفرە دانیشتبووین بۆ نان خواردن، بیرمە کنگر ماسیمان هەبوو، نانمان دەخوارد کە ڕەتلێک ڕاجیمە بەسەر سێوسێناندا باری، منیش چووم بەدەم تەقینەوەکانەوە وتم: بزانم چی ڕویداوە ؟ ئەوکاتە هەمووماڵێک (ژێر زەمینی) خۆی هەبوو، بەماڵی خۆمانم ووت ئێوە بچنە ژێر زەمینەکەوە،ئیتر گویم لە گریان و شین بوو، چوومە سەر حەوز (حەوزی ئاوی مزگەوت) ئەوکاتە من تەمەنم(١٨) سال بوو ئێواران و شەوانی دوای نان خواردن دەچووینە چایخانەو مزگەوتەکە ئەوە بوە عادەتمان. یاری دۆمینەو کۆنکەنو ئەوانەمان لە ناوچایخانەکەدا دەکرد، ئەوئیوارەیەش هەمان بەرنامەمان هەبوو، کە چوومە لای مزگەوتەکە کەسێک هات ووتی خەڵک کوژراون، ئیتر ئەوکاتە زانیم کە ٤کەس کوژراون، ئەو چوار کەسە ناویانم لەبیرە ( ڕەفیق و ئەسمەر و چنورو ئاوان) بوون.خوشکێکیشم شووی کردبوو، هەر لەسیوسێنان بوو، خوشکێکیشم ناوی ئاسۆس بوو کنگر

ماسی بۆ ماڵی ئەو خوشکەم بردبووهەر نەگەڕابووەوە لەوێ بوو، منیش چووم بۆهەواڵی ماڵی خوشکەکەم و هەتا ئەوان بینیم کەچووم بۆ ئەوێ بینیم راجیمەیەک وا لەبەردەرگاکەی ئەوان کەوتووەخانوویەکی بچوکیان هەبوو، کە باوکی زاواکەمان دابووی پێیان هەر لەلای ماڵی خۆیانەوەهەرچەندە بانگم کردن ( کەژاڵ، فایەق ) هیچ دەنگیان نەبوودیاربوو کە ئەوان شەهیدببوون هەرلەوێ خۆشم بەرکەوتم، چاوەکانم لەبینایی کەوتن و بە حاڵ تروسکەی چراکەیانم دەبینی، من گەڕامەوە بۆماڵەوە، ئینجا ئەو ساڵەی ئەنفالەکە بەهارەکەی تەر بوو، ئاو زۆر بوو، لەبەر ماڵەکەیانەوە چەمێک هەبوو، ئاوی زۆر پێدا دەڕۆیشت، من کەمێک لەئاوی ئەو چەمە دەموچاوم شۆردئیتر خۆشم وەزعم خراپ بوو، بردمیان بۆ ماڵیک هەرلێرە پیاوەکەیان ناوی ( عەلی رەسول قادر ) بوو، لەوێ ئەو پیاوە شیری پێمدا، رشامەوەو کەمێک وەزعم باشتر بوو، بەڵام ئیدارەم نەکرد گەڕامەوە بۆ ماڵی خوشکەکەم، دیاربوو باوکیشم خۆی پێ نەگیرابوو هاتبوو، بۆ ماڵیان ئەویش لەوێ شەهید بوو، بەهەرحاڵ ئەو ئێوارەیە هەموویان لەوێ شەهید بوون. ئیتر خراپ لێمان قەوما ئەو هەموو خەڵکە شەهید بوون ، بریندارێش زۆر بوون نەماندەزانی چی بکەین و چی لەخۆمان و ئەو خەڵکە بکەین، ئەوەی توانای تێدا مابوو وازمان لەکەسوکاری خۆمانهێناو کەوتینە فریاکەوتنی بریندارەکان ووتمان: تازە ئەوانە شەهیدبوون، بریندارەکانمان کردە تراکتۆرەوەو بردمانن بۆ ئەوبەری گوند کە بارەگای پێشمەرگەو خەستەخانەیەکی ئەوانی لێبوو، لەبەلەکجار لەوێ پێشمەرگە کەوتنەخۆ بەتایبەتی دکتۆرفایەق و دکتۆر ناسیح فریاکەوتنو دەرزیان بۆ هەموو بریندارەکان کرد، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە وەزعیان باش بوودەرزیان هەرلێدان.

دیمەنەکانی ئەوتاوانە هەرگیز لە بیرناچنەوە ماڵی کاک عوبێد شەش منداڵی هەبوون لەگەڵ ژنەکەیدا هەموویان شەهید بوونو تەرمەکانیان بەتەنیشت یەکەوە بوو، تەنها کاک عوبید بەزیندویی مابوو، ئەویش بریندارببوو، کە لە ژێرزەمینەکە دەرمانکرد بە ئاستەم گیانی تێدا مابوو، لەگەڵ چەند برینداریکی تر ( حەمەلاو نایلەی حاجی حسێن) کە ئەوانیش هەر بەدەم روداوەکەوە هاتبوون، هەرلەوێ بریندار بیوون، خستماننە تراکتۆرەوەو بردمانن، باش بوو ئەو دەرزەیەی پێشمەرگە فریایان کەوت و نەیهێلا کاک عوبیدیش بمرێ . نەک هەر ئەوان هەرچی بریندار بوو خستمانە ناوتراکتۆرەکەوەو بردمانن بۆ خەستەخانەکەی مەلّبەند لە بەلەکجار.

لەسەردانێکمدا بۆ سیوسێنان ساڵی ٢٠٠٧ خەڵکی سیوسێنان بۆیان گێرامەوە کە ڕۆژی بۆمبارانەکە بە بۆنەی جەژنی ساڵی تازەی کوردییەوە پێشمەرگە ئاهەنگیان دەگێڕاو ئاگرییان کردبۆوەو تەقەی خۆشیان بە ئاسماندا دەکرد ئەمە ژنێک بۆی باس کردم بەناوی گوڵچین کە یەکێک بوو لەو ژنانەی هەتا ئەوساتەش بەکاریگەری گاز تەنگەنەفەس بوو دەیگوت بەگازی کاتوێشاکان بریندار بووم، باوکی منداڵەکان و دووکچیشم هەر لێرە شەهیدبوون.[85] هەندێک شایەتحاڵ کە پێدەچێت هەر خەڵکی سیوسێنان یان خەڵکی ناوچەکەو گوندەکانی دەوروبەری بوون، هەمان ئەم قسانەیان بۆ تیمەکانی میدڵ ئێست وۆچ کردووە کە ئەوسا لە کۆمەڵگای زۆرە ملێی نەسر دانیشتوون ([86]). لەم بارەیەوە مێدیل ئێست وۆچ نوسیوێتی ( خەڵکی سیوسێنانسەرەرای هەواڵی هێرشکردنە سەرسەرگەڵو بەرگەڵوو و هەڵەبجە، وادیارە خەیاڵێکی سەیرو بێبناغەیان لەمێشکی خۆیاندا دروستکرد بوو. گوندنشینێک بیرەوەریەکانی ئەو رۆژانەی خۆی بۆمیدل ئیست وۆچ گێراوەتەوە: "خەڵکەکە دەیانوت ئەمەش هەروەک جارانی پێشوو دەبێت، ئەوان هێرشمان دەکەنە سەرو ئێمەش دەیانشکێنین"([87]). هەرچەندە سیوسێنان بارەگای تیپێکی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی تێدابوو، بەڵام لەو دەمەدا ئەوەندە پێشمەرگە لەوێ نەبوو چونکە زۆربەیان لە بەرەی شەڕی سەرگەڵوو- بەرگەڵوودا بوون.)بڕوانە میدیل ئێست وۆچ هەمان سەرچاوە. بەڵام ئەوەندەی من لەگەڵ خەڵکی سیوسێناندا دواوم کەسیان باسی ئەوەیان نەکرد کە بارەگای پێشمەرگەی تێدابوبێت . بۆیە پێدەچێت شایەتحاڵەکە کە بۆ مێدیل ئێست وۆچ دواوە بێ بناغە قسەی کردبێت.

---

[85] گوڵچین عەلی دەروێش محمد لەدایکبووی ١٩٤٧ە، رێکەوتی ٢٠١٢/١/٢٩ بە هاوکاری رێکخراوی سپی گەیەنراوەتە لای دکتۆی تایبەت کۆسار محمد عەلی دوای ئەوەی هیلکاری سیەکان و ئیشاعەی بۆکرابوو دکتۆر جەختی کردەوە کە کاریگەری گازی زۆر لەسەرە.

[86] بڕوانە میدیل ئێست وۆچ – جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- وەرگیرانی کوردی چاپی دووەم - ٢٠٠٤خانەی وەرگێران – محەمەد حەمەساڵح توفیق – کۆمەڵگای نەسر ٣٠ی تەموزی ١٩٩٣ .

[87] هەمان سەرچاوە .

فایەق مجید کە شایەتحاڵێکی گوندی سێوسێنانە گوتی: ئەوکاتە ئێوارە بوو من لەگوندی بەڵخە بووم لە بەرانبەر سێوسێنان، پێشمەرگە خەبەریان هێنا ووتیان: کە سێوسێنان کیمیابارانکراوە.. دواترگوندی بەڵخەش بۆمباران کرا ئەویش هەر کیمیایی بوو، فایەق درێژەی بە قسەکانیداو ووتی: ماڵی صدیقی حەمەئەمین دیوان.. خەسارەی گەورەیان لێکەوت( رەفیق و ئاوازو ئەسمەرو چنور کەکچی خۆم بوو) شەهید بوون، رەفیق زاوام بوو مێردی چنوری کچم بوو، هەروەها ئەسمەریش بوکم بوو ژنی کورەکەی من بوو، من منداڵەکانم بردبوو بۆ دەشتودەر، خێزانەکەم لەگەڵ خەڵک چووبوون تەرمەکانیان هێنابوون هەرئەو ئێوارەیە بە هاوکاری پێشمەرگەو خەڵکی کۆشک لەکەژی ریشکان ناشتمانن. حەسەن عەبدولکەریم کە بریندارێکی چەکی کیمیایی سێوسێنانە قسەکەی فایەقی پشتڕاستکردەوەو گوتی : فایەق خزمی خۆمەو ئەویش ڕاست دەکات ئەوتەرمانەی لە ریشکین نێژرابوون دوای ڕاپەرین بەهاوکاری ڕێکخراوی میدیکۆ هێنامانەوە بۆ سێوسێنانو لەوێ پێکەوە لەگۆرستانی شەهیدانی سێوسێنان ناشتماننەوە.

لەودیدارەمدا لەگەڵ فایەق قسەی زۆری بۆکردم، دوای ئەوەی هەناسەیەکی هەڵکێشا، ئینجا هەڵوەستەیەکی کردوو بە خێسەیەکەوە تەماشای کردم و ئینجا ووتی : حەیف



ڕەنج بە خەساربووین و بەبەلاش خوێنمان ڕژا لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێم هیچی وای بۆ سێوسێنان نەکردووە.

ئەو ڕۆژەی دیدارم لەگەڵ حەسەن عەبدولکەریم ئەنجامدا هەتا ئەوپەڕی بێ تاقەت وبێهیوا بوو، ئەو چ وەک پێشمەرگەیەک و چ وەک بریندارێکی چەکی کیمیایی و چ

وەک باوکی چوار منداڵ کە گازخنکاندبوونی خۆی بەشایانی ئەو فەرامۆشکردن و هەڵاوردنە نەدەزانی، لەوسۆنگەیەوە بوو کە هەرلەسەرەتاوە گوتی ئینجا قسەی چی بکەین و باسی چی بکەین ؟ چیمان لەدەستداو چیمان دەستکەوت، قسەکردنی ئێمە چ سودێکی هەیە؟ بەڵام من هەر سووربووم لەسەرئەوەی قسەم بۆبکات و پێم گووت قسەکردن بایەخی خۆی هەیەو ئەگەر بۆ ئەمڕۆش نەبێت ڕۆژێک دێت بایەخ پەیدا دەکاتەوە. سەرئەنجام دڵی نەرم بوو بە زەردەخەنیەکەوە پێشوازی لێکردم و بەقاقایەک پێکەنین کۆتایی هێناو گوتی: کەوایە بادەست پێبکەین، خۆتۆ هەر وازم لێناهێنی دەی فەرموو تۆ پرسیار بکەو منیش لە خزمەتدام . ئینجا بەرلەوەی پرسیاری لێبکەم وتی کاکە من ئەوسا پێشمەرگە بووم لەمەبەند لەگەڵ دکتۆر فایەق گولپی بووم، لێقەومانێک لێمان قەوما کەس نەیدەپرژایە سەرکەس دەتگوت رۆژی حەشرە . ڕۆژەکەی ٢٢ی مانگ بوو، ئێوارە بوو، واتا ٢٢لەسەر ٢٣ی مانگی ئازار بوو، ئێوارەکەی من لە سێوسێنان بووم، ئەو ڕۆژە کاک دکتۆرفایەق ڕای سپاردم بچم بۆ سێوسێنان بۆئەوەی هەندێک شت بهێنم . ئێمە لەبەلەکجارپووین، منی ناردەوە بۆماڵەوە گوتی : حەسەن برۆرەوە بەیانی شتمان بۆ بێنە بۆخەستەخانەکەمن زوو زوو دەهاتمەوە بۆ سێوسێنان شتم بۆ خەستەخانەکەی شۆڕش دەکڕی و دەگەڕامەوە بۆ بەلەکجار، ئێتر ئەمە ئیشی من بوو، هاتمەوە شتەکانم کڕی ئیتر سابون وتایت وشتی خەستەخانەکە ئینجا ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵوحازرم کرد بۆئەوەی بەیانی کەلوپەلەکە بەهێستر بەرم بۆئەوبەری بەلەکجار. کە هاتمەوە بۆماڵەوە دوایی چوومەوە دەرەوە، بەنیازبووم بچم گۆشت بکرم،عوبید خاڵۆزام بوو، گوتی: بەخوا ئێوارە لێرەنان دەخۆیت، ئێمە ئەوکاتە هاوماڵو دراوسێ بووین، نەیهێشت گوتی: ئێوارە لێرەیتو تەواوئێوارەکاتی نانخواردن بوو، کە زرمە هات، بەمناڵەکانی عوبیدم گوت: مەترسن هیچ نیەلەبەرئەوە وامگووت چونکە قومبەلەکان دەنگیان زۆرنەبوو، من لە ژوورەوە بووم (مەلیح ) ژنی عوبێد بەراکردن هات و هاواری کرد گوتی: کاک حەسەن

فریاکەوە عوبید مردمنیش لەماڵەوە لەژێر خانەکەماندا مەلجئ (ژێر زەمین) یەکی تۆکمە وقایم دروستکردبوو. چونکە هەموو رۆژێک بۆمباران دەکراین و هەمیشە قەسفمان لەسەر بوو،رۆژانە بەتۆپ و راجیمەو کۆپتەر قەسف دەکراین و ئەوە هەرهەبوو، لەبەر ئەوە مشوری منداڵەکانم خوارد بوو. کاتی نانخواردن بوو بەمنداڵەکان عوبیدم گوت: مەترسن بۆ دڵدانەوەیان بوو، من چوزانم قومبەلەکان کیمیاویین،تومەس دانەیەک لە قومبەلەکان لە نزیک مەلجەئەکەی ماڵی ئێمەی دابوو، بۆمبەکیمیاویەکان دەنگیان زۆرنیە ئەوانەش کەبەر سێوسێنان کەوتن هەروا بوون،من بەدەم هاواری مەلیحەوە رامکردە دەرەوە، کە رۆیشتم، تەماشادەکەم عوبید بەدەما کەوتووە، بەڵام هیچ خوێنی لێنەهاتووە ! لەوکاتەدا بوو هێمن کورە گەورەکەم بوو( بێدەنگی ... حەسەن هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا) هات بۆ لام. دەستی هێمنم گرتوو رامکرد بۆماڵەوە هەتا گەیشتمەوە ماڵ خۆشم پەکم کەوت تومەس منیش بریندار بووم ئیتر حیکایەتی ئێمە نابڕێتەوە ئیتر تەواوی ماڵی ئێمەو عوبید هەموویان تێداچوون عوبید ژنەکەی و(٦)منداڵی هەر ئەو ئێوارەیە مردن. ماڵی ئێمە تەنها خۆم بەبرینداری دەربازبووم، هاوژینەکەم و هەموو منداڵەکانم مردن و خۆشم هەموو گیانم سوتاو بەزەحمەت رزگارم بوو.

## بەسەرهاتی دلێر

چیرۆکێکی ئازار بەخش لە سێوسێنان رای



کێشامە ماڵی پیاوێکی تورەو نارازی فەریق صالح کارگوزاری قوتابخانەی ناحێیکەیە خۆی و خێزانەکەی بریندارى چەکی کیمیاوین، فەریق لەوە تورەیە کە هەتا ئێستا وەک پێویست ئاوریان لێنەدراوەتەوە.

لەو ماڵە چاوم بە دلێر فەریق کەوت دلێر کورێکی خاوەن پیداویستی تایبەتە کاتێک قسەی بۆکردم، دورۆژ لەناو کێڵگەیەکی گەنم مابوومە ئینجا دۆزیبویانمەوە

ئێستاش دلێر هەر لە سێوسێنان دەژی گەنجێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە، ئەندامە لە کۆمەڵەی کورتە باڵاکانی کوردستان و هەتا قۆناغی پێنجی ئامادەیی خوێندووە، بەڵام لەبەر ئەوەی چاوەکانی کزبوون، دوای ئەوەی سەردانی چەندین پزیشکی تایبەتمەندی کردووە بێچارەسەر ماوەتەوە، بۆیە بە ناچاری و نیگەرانیەوە دەستبەرداری خوێندن بووە، دلێر کەسایەتیەکی بەهێزو بەئیرادەیە و گەنجێکی رۆشنبیرە، ئەگەر دەستگیرۆیی بکرایە بەدڵنیایی بەرهەمی دەبوو لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختدا لەسیوسێنان پێکەوە دانیشتین و دیمانەیەکمان سازدا [88]. لەوەڵامی ئەو پرسیارەمدا ئاخۆ ئەو ئێوارەیەی کە کیمابارانی سێوسێنان کرا تۆ چۆن بەرکەوتیت وچۆن رزگارت بوو ؟ وتی من منداڵ بووم و هیچم بیرنایات، بەڵام زۆرجار دایکم و باوکم بۆم ئەیگێرنەوە کیمابارانەکە لەکاتی بانگی مەغریبدا بووە وەختی نان خواردنی ئێوارە، دایکم دەیگوت لە پنجەرەکەوە بینیومە کە گڕی زەردو سور لە دەربەندیخانەوە بەرەو ئێرە هاتووەو لەوکاتەدا باوکت لە ماڵ نەبووە رۆیشتوە پاکەت بکرێت، منیش دەرگاکەم پێوەداوەو زانیومە ئەوە کیمیایە بۆنی میوەی لێهاتوە، دەرگاکەی داخستوەو لە ماڵەوە لەگەڵ من و براکەم بووە. دایکم دەیگوت کەباوکت هاتۆتەوە ووتویەتی با بڕۆین کیمیابارانە منداڵەکان بێنە دەرەوە، کە دەرگاکەی کردۆتەوە

88 بروانە گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (١٠)

کیمیایی هاتۆتە ژورەوە، ئەو دەیگوت ئەگەر دەرگاکەم نەکردایەتەوە کیمیایی نە ئەهاتە ژوورەوە، باوکم فەرەیدونی برامی هەڵگرتووە منیش تۆم لە باوەش کردووە لە بێشکەکەم دەرهێناویت و رۆیشتوین، باوکم ویستویەتی بەرەو شاخ بڕوات کە لە دەرگاکە هاتبونە دەرەوە ئیتر کیمیایی لێیدابوین دایکم تاماوەیەک رۆیشتبوو ئەویش هۆشی نەماوەو منی بەجێ هێلابوو پاش شەوو رۆژێ ئینجا لەناو خەلەیەکی گەنمدا منیان دۆزیوەتەوە، وەرزەکەی بەهار بووە من لە گیایەکەدا دیارنەبووم منداڵ بووم نەنکم منی دۆزیوەوە، تەنانەت یەکەمجار هەرنەشی زانییو من منداڵی خۆیانم، چونکە ئەویش هۆشی زۆر نەبووەوە کیمیایی لێیداوە ، شەو و رۆژێ بە هەویر بەخێوی کردوم هەر هەویری یاومەتێ لەگەڵ مامەیەکی باوکم و پورێکی باوکم .

دلێر دڵگران و نیگەرانە کە هەتا ئیستا حکومەت پشتگوێی خستوون و هیچ هاوکارییەکیان ناکرێت لە دیدارەکەماندا وتی هیوادارم دەنگمان بگەیەنی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان و داواکارم لەحکومەت هەموو ئەوکەسانەی کە وەک ئێمەن هاوکاری بکرێن، چونکە بەهۆی ئەوەی خەڵکی ئەم ناوچەیە هاوکاری پێشمەرگەو شۆرشی کردوە رژێمی بەعس بەتوندی بەرەنگاریان بۆتەوە بەم رۆژەی گەیاندووین . دلێر رای خۆی هەیەو لەسەر روداوەکان و دۆخی کوردستان اسەی خۆی هەیە لە دیدارەکەماندا وتی : بەرای من یەکەم شت دادگایی ئەو کەسانە بکرێت کە دەستیان هەبووە لە ئەنفال و کیمیابارانەدا هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە پێشتر چەکی کیمیایان بەرژێمی بەعس فرۆشتوە و لە دژی ئێمە بەکاری هێناوە، کەچی ئێستا دێن بۆلامان و پرسیار دەکەن دەربارەی قوربانیەکان، ئەی بۆپرسیار لەخۆیان ناکەن ؟ ئەگەر دەزانن ئەی بۆ قەرەبومان ناکەنەوە ! ئەگەر قەربوی حکومەتی بەغداو هەرێم دەکەنەوە ئەی بۆ چاودێرنین بۆئەوەی بەدەستی ئێمە بگات، ئەوە بیستو پێنج ساڵە، تەنیا شتێکی گرنگ کرابێ پارچە زەویەک یان موچەیەکە ئەویش مافی هەموو کەسێکە، سەبارەت بەیادی کیمیابارانی سێوسێنان دلێر دەڵێت : یادکردنەوە شتێکی باشە بەڵام ئەوەی لێرە حکومەت دەیکات هەردوو کاتژمێرەو تەواو نە جێگەی هیچ دەگرێ و نە دەشمێنیتەوە دوو سەعاتەو لەبیر دەچێتەوە . چونکە کە یادی کیمابارانی سێوسێنان دەکرێتەوە هەموو خەڵکی ئێرە شپرزەدەبن، ئەوەندەی بە ئامادەکردنی خواردن و سفرە رازاندنەوەی میوانەکانیانەوە سەرقاڵن، ئەوەندە لە بیری چۆنیتی یادکردنەوەکەدا نین .

بروانە ئەنفالستان ژمارە ١٠

**محەمەد مەهدی هادی** تاقە دەربازبووی خانەوادەکەیتی، سەرباری ئەو کۆستە سەختەش کەچی



هێشتا کورێکی روخۆش و دەم بەخەندە بزەیە. خانەوادەکەیان بەرلەم تاوانە قەرەباڵغ بوون و هەموویان ١٤ کەس بوون. کە بریتی بوون لە باوک و دایکی ( مەهدی هادی زۆراب، دایکیشی ناوی شەوقیە بوو براکانی ( فایەق، نەوشیروانو هیدایەت، ئومێد، زمناکۆ، بێستون خوشکەکەشی زوهدی). جێگەی ئاماژەیە پێش ئەنفالیش عەبدولامەهدی برای بەهۆی کاری سیاسیەوە گیراوەو لە زیندانی بەناوبانگ وبەد ناوی ئەبوغرێب لە سێدارە درابوو.

ئەو ئێوارە گولە ڕاجیمەیەک کەوتە حەوشەی ماڵەکەیانەوەو ١٣ سیانزە کەسی لەو خێزانە چوارده کەسییە کوشتو تەنها محەمەدیان دەربازبوو، ئەویش لەوکاتەدا چووبوو بۆ چیاکانی دەوروبەری گوندەکە. لەدیدارێکماندا محەمەد وتی دوای دوو رۆژ ئینجا زانیم ماڵی ئێمە هەموویان شەهید بوون، دوای ئەوە تەنیا کەوتم و ژیانێکی زۆر سەختم

بەسەربرد. بەڵام محەمەد دوای چوار ساڵ لە تەنیایی هاوسەرگیری کردووەو ئێستا لەگەڵ هاوژینی بەناوی ئاشتی پێکەوە دەژین و دایک وباوکی (٤) منداڵن بە ناوەکانی (پەروا،کاشما، کیژان، محەمەد ).

### عەتیە رەزا فەرەج :



لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠٧ چاوم بە عەتیە رەزا کەوت، بەخەمباری و ساردییەکی زۆرەوە قسەی بۆکردم ، سەرەتا ئامادە نەبوو قسەم بۆ بکات وتی :
دەترسم قسەبکەم کارەکەم لێ ئاڵۆزبێت، گرفت و ترسی عەتیە لەوە بوو، قسەیەک بکات و لە تەلەفزیۆن بڵاوببێتەوەو داخوازیەکەی بۆ جێبەجێ نەکرێت بەڵام دوای ئەوەی بەڵێنم پێدا کە قسەکانت لە تیڤی بڵاونابنەوە ئینجا قسەی بۆکردم .
ئێستا من لەگەڵ کچەکەم بەناوی شاگوڵ پێکەوە لەسێوسێنان دەژین بەڵام ژیانێکی خراپ. چونکە هیچ سەرچاوەیەکی ئابوریمان نیە.



خانەوادەی عەتیە رەزا فەرەج ساڵی ١٩٨٨ دانیشتوی گوندی سیوسێنانی سەربەناحیەی قەرەداغ بوون، لەئێوارەی ١٩٨٨/٣/٢٢ گوندەکەیان کەوتە بەرپەلاماری چەکی کیمیاوی. لەو کۆمەڵکوژیەدا سەرەتا ٦٥ کەسی گوندی سێوسێنان گیانیان لەدەستدا، کورەکەی عەتیەش بەناوی محمد فەریق بووە قوربانیو چووە ریزی یەکێک لەشەهیدانی گوندی سێوسێنان، بەو کۆستەوە کاتێک کە پەلامارەکانی ئەنفال رووەو قەرەداغ دێن خانەوادەی عەتیەش بەدزیەوە بەرەو سلێمانی هەڵدێن، بەڵام مێردەکەی بەناوی فەریق محمود دەگیرێو بەرەو تەواریەکەی سلێمانی دەبرێو دواتر لەنوگرە سەلمان خوی بینیەوە.
عەتیە گوتی من کورەکەم شەهیدی کیمیابارانەو بە شەهیدی هاوڵاتی بۆیان تۆمارکردوم ماوەیەکی زۆرە من هەروا بەرێگای سلێمانی-سێوسێنانەوەم، کورەکەم شەهیدی کیمیابارانەو بە شەهیدی هاوڵاتی بۆیان نوسیوم (( گرفتەکەش ئەوەیە (شەهیدی هاوڵاتی و شەهیدی جینۆساید)) لەموچەو ئیمتیازاتدا جیاوازیەکی زۆریان هەیە ئەوکاتەی چاوم بە عەتیە کەوت شەهیدی کیمیاباران مانی ٣٠٠ هەزاردینارو شەهیدی هاوڵاتی ٩٠ هەزاردینار موچەیانە، عەتیە رەزا دەیگوت :
لەمانگی ١٢ی ساڵی ٢٠٠٧ وە موچەم وەرنەگرتووەوهەر خەریکی چارەسەر کردنی ئەو کێشەیەم .
لەسەردانێکمدا بۆ سێوسێنان خەڵک قسەکانی عەتیە رەزایان پشت ڕاست دەکردەوەو دەیانگوت کورەکەی بەناوی (محەمە فەریق) شەهیدی کیمیابارانە و لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا بەچەکی کیمیایی لەئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٢ دا گیانی لەدەستداوەو تەرمەکەشی لەو گۆرستانە نێژراوە کە بۆ شەهیدانی کیمیابارانی سێوسێنان لەلایەن ڕێکخراوی میدیکۆ دروستکراوە.
بەڵام بەرلەوە وەزارەتی کاروباری شەهیدان دابمەزرێ لە دەزگای شەهیدان ناسنامەیکیان پێدابوو بە ناونیشانی (ناسنامەی قوربانیانی دەستی ڕژێم) لەریکەوتی ٢٠٠٤/١٢/٢١ دەرچووە. ئەمەش لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراواندا لە ریزی شەهیدانی هاوڵاتیدا ڕێزبەند دەکرێت .

شەش خەمڵو ژمارەی جیاواز لە لایەن گوندنشینانی ناوچەکەو کاربەدەستانی یەکێتی نیشتمانیەوە دراوە بە میدڵ ئیست وۆچ کەوا تێکڕا کوژراوانی هێرشە کیمیاییەکەی بەعس بۆسەر گوندی سێوسێنان بە ٧٨ هەتا ٨٧ قوربانی ئەو پەلامارە کیمیاویە دادەنێن. بەڵام بەپێی



ئەو ژمارەیەی بەردەستم کەوتووەو چەندجارێک سەردانی سێوسێنانم کردووە ژمارەی شەهیدەکانیان ٦٩ کەسن و نزیکەی ٣٠ کەسێکیش بریندابوون و لەناویاندا هەندێکیان برینەکەیان قورسە، بریندارانی سێوسێنان بەپێچەوانەی زۆری ناوچەکیمیابارانکراوەکان هیچ هاوکارییەکی چارەسەریان پێنەگەیشتووە، ئەگەر بریندارانی هەڵەبجەو بالیسان و شێخ وەسانان تارادەیەک حکومەت ئاورێکی لێدابنەوەو رەوانەی ئێران کرابن ئەوا بریندارەکانی سێوسێنان لەو هاوکاریەش بێبەش بوون، بەلای کەمەوە هەتا ساڵی ٢٠١٣ هیچ هاوکارییەکی تەندروستی نەکرابوون، رێکەوتی ٢٠١٣/١/٢١ بەمەبەستی پرۆژەیەکی فریاگوزاری خێرا بۆ ناوچەکیمیابارانکراوەکان سەردانی ناحێی سێوسێنان و گوندی مەسۆیی قەرەداغم کرد، لەو سەردانەمدا چومە ماڵی چەند خانەوادەیەک وچاوم بە چەند بریندارێکی چەکی کیمیاوی کەوت، هەموویان جەختیان دەکردەوە جگەلە دکتۆرەکانی سلێمانی و هەرێم سەردانی هیچ دکتۆرێکی ترمان بەمەبەستی چارەسەری کیمیایی نەکردووە.

خەڵکو ئەنجومەن پێکەوە جەختیان لەوە دەکردەوە کەوا ٣٠ برینداری چەکی کیمیاویان لە سێوسێنان هەیەلەو سەردانەمدا چاوم بەچەند بریندارێکی چەکی کیمیایی کەوت، هەرچەندە حاڵی ئەمان لەچاوبریندارانی هەڵەبجەو بالیسان وشێخ وەسانان زۆر باشترە، بەلام نابێت نادیدە بگیرێن وپشتگوێ بخرێن، بەلای کەمەوە هەر لەوسەردانەمدا ناوی ١١ کەسم تۆمارکردو پیشکەش بەپرۆژەیەکی فریا گوزاری خێرام کردن، کەئەوسا رێکخراوی سپی بەهاوکاری رێکخراوی گرینگرۆز خەرجی عیادەو دکتۆرو کرێی سەیارەکەیانی بۆدابین دەکردن ورەوانەی لای دکتۆر کۆسارمحەمەد عەلی دەکردن لەسلێمانی .

کەیەکەمیان بە ناوی بەهادین محی الدین کەریم دەستپێدەکات و یانزەهەمینیان بە ناوی مریەم عەبدوڵا عەزیز کۆتایی دێت . لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت راستیەک بڵێین کە ئەم بریندارانەی سێوسێنان هەموویان باری تەندروستیان خراپ نەبوو، رەنگە هەر پێویستیان بە پزیشکیش نەبووبێت بەلام پێویست بوو، هەموویان لیژنەیەکی پزیشکی بیانبینێ و دۆسێکانیان یەکلایی بکاتەوە، سەیربوو لەناو ئەو کەسانەدا خانەوادەی محمد حەمە فەرەج ئامادە نەبوون هیچ قسەیەک بکەن و چارەسەریشیان وەک نارەزایەتیەک لەکەم تەرخەمی حکومەت رەتکردەوە، هەروەها نرخەتە محەمەد ساڵح سەرباری ئەوەی هاوژینی مامۆستا بەهادینی ئەنجومەن بوو، ئامادە نەبوو خۆیمان نیشان بدات و هیچ چارەسەرێکیش وەربگرێت. بەگشتی ئەم بریندارانە گرفتی تەنگەنەفەسیان هەبوو، تەنها دوو حاڵەتیان پێست و یەکێکیشان دلێر فەریق بوو کە پێویستی بە دکتۆری تەنگەنەفەسی و چاو هەبوو.

٢- رەختە محمد صالح
٣- مهاباد غیدان
٤- دلێر فەریق صدیق
٥- دلێر سەعید صالح
٦- محمد حەمە فەرەج شەریف
٧- ناهیدە قادر شەریف .
٨- محمد عەبدولا عەزیز
٩- گوڵچین عەلی دەرویش محمد .
١٠- رۆخۆش عەبدولا عەزیز
١١- مریەم عبدولا عەزیز

بەلام لە سێوسێنان جگەلەم کاریگەریانە، حاڵەتێکیشم بەدی کرد، کە بەهۆی بۆردومانی کیمیاباران وئۆپەراسیۆنی ئەنفالەوە پێنج کەس تەنیا کەوتوون و خانەوادەکانیان هەموویان شەهید یان ئەنفال بوون، ئەوانە تاکە دەربازبووی خانەوادەکانیانن، ئێستا وەک تاقانەیەک لە خانەوادەکانیان ماوەنەتەوە کە بریتین لەم بەریزانە:

١- حەسەن عەبدولکەریم.
٢- عوبید محمد مەحمود

٣- مەحمەد مەهدی هادی
٤- ئالا فەریق سەعید
٥- ئاری ابراهیم عەلی ( ئەنفال)

یەکێک لەو بەرکەوتوانەی کە چەندینجار سەردانی پزیشکی کـردووەو سـودی لە دەرمـان ودکتۆرەکـان نەبینیـوە، ڕێکخـراوی سـپی ڕەوانەی لای دکتـۆری کـرد ڕوخـۆش عەبدولا عەبدول عەزیز بوو، ڕوخـۆش لە دایکبووی سـالی ١٩٧٤ە و یەکێکی تربوو، لە برینداران سێوسێنان،ئەویش هەرئێـــوارەی کیمیابـــارانەکە بـــاوکی و دووخوشـــکی شەهیدبوون و خۆی ودایکی وبراکەشی بریندداربوون، ئەو هەتا ئەوکاتەش لەژێرکاریگەری گـازدا تەنـگەنەفەس بـوو، پێستیشی ئالۆدەی تلۆق وخرووبـووە، ڕوخـۆش بۆخـۆی دانی پیداناو دەیگووت من بـاری دەرونـیم نـاتەواوەو هەر دەردوخەفەتی ئەو تاوانەبوو کە دەرهەقمان کـرا، ڕوخـۆش سەرباری ئەو دۆخۆش باری داراییان باش نەبوو، دایکی پێنج منداڵەو هەمووشیان خوێندکارن و هاوسەریشی شوان و کارگوزاری ناحێیەو سەرچاوەیەکی دارایی وایان نیە.

ئەم تـاوانەی کە بەعسـیەکان لە سێوسـێنان و کوردسـتان ئەنجامیانـدا بەپێـی یاسـا نێودەوڵەتیەکـانیش پاسـاو هەڵنەگرە، وەها تاوانێک بەپێی بەندی سێهەمی پەیماننامەی نێـودەوڵەتی بەجینۆسـاید یەکلادەبێـتەوە، بەڵام سـەرباری هەموو زانیاری و ئاگاداریەکیشیان لەتـاوانەکە کـۆمەڵگەی نێــودەوڵەتی و ئەنجــومەنی ئاسایشــی نێــودەوڵەتی بێدەنگیان لێدەکردو چاوپۆشیان لە عێراق دەکرد. دوای تاوانەکەش لەکاتێکدا بەدوای بەڵگەدا دەگەڕان کە چەنـدین نوسراوو تۆماری سوپاو موخابەراتیان لەبەردەستدا بـوو، هەندێکیش خۆیان بەوە لەگێکی دەدا کە پاسـداری ئێرانـی لەهەڵەبـجە بـوون و حـزبە کوردسـتانەیەکان هاوپەیمـانی ئێران بوون، وەک بڵێی ڕێگەپێدراوبێت پاسداری ئێرانی و هاوپەیمانەکانیان بەگاز بکوژرێن و گازلەژی ئەوان قەدەغە نەبێـت، ئـاخر گەمژەیـی لەوە زیـاتر چیتـرە کە منـداڵیش بەخیانەتکـــار بزانیـــت ؟ لەوەش ســـەیرتر ئەوەبـــوو بروسکەکانی دەزگای هەواڵگریـی دەوڵەتـی عێـراق هەمـان پاسـاوی ئەم تاوانەیـان بە بـوونی پاسداری ئێرانـی لەو ناوچەیەدا دەدایەوە.

بروســـکە نهێنـــیو تـــایبەت و بەپەلەکـــانی دەزگـــای هەواڵگریەکـانی عێراقـی پڕبـوون لە تێبینـیو سـەرنجدانی نـاوچەی قەرەداغ کەوا پاسـدارانی ئێـران بە ئـارەزووی خۆیـان خەریکـی جموجـوولن لەبـنکەو بارەگاکـانی پێشمەرگەدا، بەڵام هـیچ پاسـاوێک ڕێگە بەلایەنێـک یـان دەوڵەتێکـی شـەرکەرنادات لەبەرانـبەر لاکەی تـردا چەکـی قەدەغەکـراو بخـرێتە کـار، چ جـای لەبەرانـبەر خەڵکـی سڤیلومەدەنی؟! لەمبارەیەوە میدیل ئیست وچ نوسـیوێتی : ( لەمانگەکـانی بەرایـی سـالی ١٩٨٨دا برووسـکەکانی دەزگای هەواڵگری عێراق پڕبوون لە تێبینیو سـەرنجدانی ئەوەی کەوا پاسـدارانی ئێـران بە ئـارەزووی خۆیـان خەریکی جموجوولن لە بنکەو بارەگاکانی پێشـمەرگەدا لە قەرداغ و لە ڕاپۆرتێکدا هـاتووە کە هێزێکـی ٢٠٠ کەسـیی پاسداران لە ٢٥ی کانوونی دووەمدا لەبەلەگجاڕبوون، لە ٦ی مارتدا ژمارەیـان گەیشـتووەتە ٤٠٠ وا بـاس بـوو کەوا لە ٩ی مارتدا هەشتا کەس لە "گاردی خومەینیی جادووگەر" لە سێوسێنان بووبێتنو پڕچەک بوون.)[89]

**مامۆستا بەهادین محێدین**



ڕێکەوتـــــــــی ٢٠١٣/١/٢١ بەمەبەســـتی جێبەجێکردنـــی پـــڕۆژەی هاوکـــاری کردنـــی بریندارانی چەکی کیمیایی کە ڕێکخـــــــراوی ســـــــپی بۆناچەکیمیابارانکراوەکـــانی کوردستان بەهاوکاری ڕێکخراوی گرینگرۆز کە ئەو وەختە ڕاسپێردرابووم بۆ ئەنجامدانی سەردانی ناحێی سێوسێنانم کرد، لەو سەردانەمدا چاوم بە مامۆستا بەهادین محێدین کەوت، کەهەم مامۆستای قوتابخانەو هەم ئەنجومەنیش بوو، هەرچەنـدە ئەو هـیچ کەسـێک لەخـانەوادەکەی شـەهید نەبوون، بەڵام خۆشی و هاوسەرەکەشی برینـدار بـوون، مامۆستا بەهادین هەتـا ئەو سـاتە وەختە مردنـی زینەبـی خـاڵۆایی و کـورەکەی ئـازاری دەدا، بـۆی گێـڕامەوە کە سەرەتا دەنگی کاتویشاکان هـاتن، ئـێمە خۆمـان خزانـدە ژێرزەمینەکانمانەوە کە خۆمان دروستمان کردبوون و پێیان دەگـوترا کـونە تەیـارە، نـزیکە ٢٠ خولەکێـک هەرلەوێـدا ماینەوە، بەڵام کە خەڵکەکە هاواریان کردو گوتیان کیمیاییە

89 بڕوانە میدیل ئیست وچ – جینۆساید لەعێراق وبەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- چاپی دووەم ٢٠٠٤ –خانەی وەرگێران وەرگێری محەمەد حەمەسالح توفیق ل ١٧٥

ئێمەش هاتینە دەرەوەو ماڵەکمان بەجێهێشت مـن دەسـتی ئەو مناڵەمم گرتبو خێزانەکەیشم وردە وردە بە دوای منـدا دەهــات کچێکــی خــاڵۆزام نــاوی زێـنەب بــوو، لەگەڵ کورەکەیدا بوو، بانگی کردم بەڵام زۆرپەرێشان بوو، وتـی بەهـادین جـێم مەهـێڵە، کەئەرۆشـتین شـەقمان لەگیـاکەی بەرپێمان هەڵئەدا وەک چۆن تۆزی کا چۆن بەرز ئەبێتەوە، کیمیـایی ئـاوا بەرز ئەبـویەوە، بەو هـۆیەوە زۆر شـپرزە ببووین، چونکە ئەوان ماڵیان دورتر بوو هەتا گەشتبوە لای ئــێمە تەواو فەوتـــابوو، کە گەیشـــتەلامان دەســـتی بە شەرواڵەکەی منەوە گرت و هە دوریش کەوتینەوە دەستی هەر بەشەرواڵەکەمەوە بـوو، ئەیـوت تووخـوا جـێم مەهـێڵە منـیش خـوا خـوام بــوو رابـکەم، ئیتـر ئەو پەلوپـۆی شکاولەگەڵ مناڵەکەیدا لەگیاکەدا تەرمەکانیـان جێما، مـن و رەختەی خێزانم، سەد مەتر لێی دور کەوتینەوە تـاریکیش بوو، چەم و ئاوێکی لێبوو ئیتر ئـێمە کەگەشـتینە ئـاوەکە رشـاینەوە چاومــان هیچــی نەدەبینــی دەوری دوانــزەی شـەوبوو، بەڵام کەبەیـانی رۆژ بـویەوە ئەوانەی کە هـاتن بەهانامانەوەو دەستی ئێمەیان گرتبوو داوام لێیانکرد وتـم: ئەو ژنەی خـاڵۆزام ئەوەتا لەویـدا کەوتـووە، بـزانن چی لێبەسەر هاتووە، کە چوون بۆلای لێی نەوینەوە وەک چۆن دارێــک کەبەرزی ئەکەیـــتەوە خۆیشـــی و مناڵەکەشـــی هەردوکیـان رەق بوبـون مـن بە چـاوی خـۆم بینـیم کە هەڵیساندەوە راست رەق ببوو.

مامۆستا بەهادین ئەو بیرۆکەیەی زۆر بەلاوە باش بوو، کە داوادەکات بۆ یادی ئەنفال وکیمیاباران سەرنەبرینی ئاژەڵ وپەلەوەر بکەین بەنەریت .

بروانە ئەنفالستان ژمارە ١٢ بـۆ خوێنـدنەوەی دیـدارێک لەگەڵ مامۆستا بەهادین .

کۆرپەکانیش مرۆڤ بوون !

ئەوەنـدەی مـن سـەردانی ناوچەکـانم کـردووەو لە ئەنفـال وکیمیابـارانم کۆڵیـوەتەوە، نەلە سێوسـێنان و نەلە هـیچ شوێنێکی تر ئەو کورپـانە بەشـەهید ئەژمـار نەکـراون کە لەگەڵ مردن وئەنفالکردنی دایکەکانیـان ئەوانـیش گیانیـان لەدەســـتداوە . لەدیدارەکەمانـــدا مامۆســـتا بەهـــادینیش بەشـێوەیەکی لاوەکـی باسـی ئەوەی کـرد کەوا زێنەبـیش دووگیـان بـووە، کەواتە بەم پێیە بێـت دەبێـت ژمـارەی گیـانبەختکردوانی سێوسـێنانش ٧٠ کەس بـن، جـێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین کەوا دوای مەرگـی زێنـدەب وکورەکەی ئەحمەدی هاوژینیشی بەتەواوی تێکچوو عەقڵـی لەدەستداو ئیستا بەو دۆخە خراپەیەوە لە سێوسێنان دەژی . لەسەردانێکمدا بۆ سێوسێنان چاوم بەئەحمەد کەوت بەڵام لەبەر باری خراپی هیچم لەقسەکانی دەست نەکەوت .

## رۆژی دوای گازباران

هەر دوای گازبارانی سێوسێنان وەک ئاگر لەپوش بەربێت دەنـگ وباسـی کیمیابـــارانەکە بەناوچەکەدا بڵاو بـووەوە، خەڵـک وەک مەلی هێلانە تێکچـــوو بەو شــــــــەوە لەماڵەکانیـــان دەرچـــوون و کەوتـنە هەوڵـی دەرچەیەک بــۆ دەربازبوون، ئەحمە




پیاوێک دەیگوت کە ماوەیەکی زۆر لە سێوسـێنانەوە دورە، ئەحمەد لەگوندی نەوتی گـوتی خـۆ سێوسـێنان لە ئـێمەوە دورە بەڵام نازانم چۆن هەواڵەکە گەیشتە ئێمەو ئێمەش ماڵ وحاڵمان بەجێهێشت و بەرەو گڵەزەردەو سلێمانی کەوتینە رێ بەڵام من گیرام و لەنوگرەسەلمان خۆم دۆزییەوە .

وا ئێسـتا بنـاری شـاخەکان جمەیـان دێـت لەو خەڵـکەی لەترسی چەکی کیمیاوی ماڵەکانیان بەجێهێشتووە. خاوەر لە گونـدی شـێوی قـازییەوە پیرەژنێکـی بەکۆڵـداداوەو بەرەوسلێمانی بەهەورازو نشێودا لەتاریکیی شـەودا رێـگە دەبـــرێ ئەحـــمەدی هاوژینیشـــی دەبێـــت مشـــوری مەروماڵاتەکەیان بخوات و بەهەر نرخێک بووە لە تەنـوری ئەنفال رزگاریان بکات، من لێرە دەستبەرداری چیرۆکەکانی نەوتی و شێوی قازی دەبم و دەگەڕێمەوە سەر سێوسێنان . چونکە هێرشـی زەمینیـی سـوپا لە دوای نیـوەڕۆی ٢٣ ی مـارتەوە دەسـتیپێکردو هێزەکـانی فیـرقەی ٤٣ ی سـوپا بەفەرمانـــدەیی و پێشـــەوایەتی لیـــوارکنی زرێپۆشـــی شـیعەمەزهەب و بە پاڵپشـتی تانـک و تـۆپی دورهـاوێژو چەکی کیمیـایی و بە چاوسـاغی جاش هێـرش دەکات و هێزی کوتوپڕیی ئەمنیش هاوکاریانن وپەیداپەیدا زانیـاری دەدەنە سوپاو لە چوارلاوە بەرەو ئەو نـاوچەیە پێشـرەوی دەکەن کەوا بـووەتە ئامـانجی ئەم ئۆپەراسـیونە، یەکەمـین

گورزیان بەگاز لە سێوسینان و دوکان و جافەران داوە، هەڵبەت بەرێژەیەکی کەمتر لە سێوسێنان گازلەم شوێنانە بەکارهاتبوو، سوپا سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی واتا ٢٣ی ئازار لە تانجەرۆوە بەرەو قەرەداخ و لە دربەندیخانەوە بەرەو سێوسێنان پێشڕەوییان کردو گوندنشینەکانیان لە ماڵی خۆ دەردەپەڕاندو سامان ومەروماڵاتیان بەتاڵان دەبردن. خەڵکەکەش لەو هەواڵانە زەندەقیان چووبوو کە بەهەندێک زیادەڕۆییەوە دەماودەم بڵاودەبوونەوەو هەواڵی گازی ژەهراویی بۆسەر سێوسێنان.دەگەیاند.

بە شێوەیەکی سەرەکی خەڵکی ناوچەکە بەرەو باکوور لەدامێنی چیاکانەوە بەپارێز دەرۆیشتن، خەڵک پەلەقاژەی ئەوەیان بوو خۆیان بگەیەننە ئۆردوگاکانی نەسرو باریکە یاخود لە قەرەباڵغی شاری سلێمانیدا خۆیان ونبکەن. هەندێکیش بەپێچەوانەوە بەرەو ڕۆژئاواو گەرمیان ملی ڕێگایان گرت، بەڵام بەگشتی ئەوان دەربازنەبوون و لەگەڵ گەرمیانیەکان گیران و ئەنفالکران، خانەوادەیەکی گوندی کەڵۆش بوو بەناوی عەزیز عەبدوڵا لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانیان لەگەرمیان گیران تەنها دوو کوریان دەربازبوون بەناوی سامان و سەروەت کە ئێستا لەدەربەندیخان دەژین. لە دیدارێکیدا بۆ گۆڤاری ئەنفالستان سامان هێندە بەنیگەرانیەوە قسەی کردووە دەڵێت: ئەو سەرۆک جاشە ئەسپەکەی لەمرۆڤەکان لا بەقیمەت تر بوو،ئێستاش مانگانە بری ٢ ملیون دینار موچەکەیەتی . خانەوادەکەی عەزیز عەبدوڵا ٩کەس بوون هەموویان گیران و تەنها سامان و سەروەت دەربازیان بوو، سامان و سەروەت وەک ڕێزلێنانێک بۆ ناوی خانەوادەکەیان سامانو سەروەت عەزیز، ناوی منداڵەکانیان بەناوی خوشک وبراکانیانەوە ناوناوەتەوە، سامان هەموو کوڕەکانی بەناوی برا ئەنفالکراوەکانیەوەوسەروەتیش،تاقە کچێکی هەیە بەناوی خوشکە ئەنفالکراوەکەیەوە (کاڵێ)وە ناوناوەتەوە .[90]

چەند خێزانێکی تری خەڵکی مەسۆیی پەنایان بردبووە بەر قۆپییەکانی بەرامبەریان و لەوێ ژنێکی دوگیان منداڵەکەی لێ بووەو ناویاننا دەشتی ئەمە ئێسماعیل حاجی حەسەن دەیگێڕایەوە، ئەوەشی گوت کەوا ئێستا دەشتی ماوەو لەسلێمانی هاوسەرگیری کردووە.

هەر لەبارەی گوندی مەسۆیی دراوسێی سێوسێنان میدیل ئێست وۆچ نوسیوێتی (خێزانێکی گوندی سێوسێنان پەنایان بردووەتە بەر ئەشکەوتێک لەولای ماڵەکانی خۆیانەوە، بەڵام هەڵەیەکیان کردبوو کاتێک خەوتبوون چراکەیان نەکوژاندبۆوەو شەوێ لە گوڕو هووڕی هەلیکۆپتەر بە ئاگا هاتبوونەوە، کە دیارە ترووسکایی چراکە بەکێشیکردبوو بۆ ئەوێو لەناکاو دەنگی تەقینەوەیەک ئەشکەوتەکەی پڕکردبوو لە بۆنێکی خنکێنەر کە لە بۆنی کاڵەک دەچوو و خێزانەکە خێرا دەرپەڕیبوونە دەرەوەو دوو منداڵیان لە گەڵ خۆیان هەڵگرتبوو، کە بۆنەکە کاریتێکردبوون و خۆشبەختانە ڕزگاریان بوو و لە لاپاڵەکانی کەژی زەردەدا خۆیان شاردەوە. لە پاش سێ ڕۆژ لەوێوە تەماشایانکرد وا سوپا گوندی مەسۆیی دەسووتێنێ) .([91])

لەئەنفالی دووەمدا فێڵێک لەخەڵکە لێقەوماوەکەی قەرەدا غ کرا،لە سەرەتاوە جاسوس وسیخور کەوتنە ناویانەوەو وایان بڵاوکردوە کە خۆیان بگەیەننە ناوشارو کۆمەڵگاکانەوەو مەترسن هیچتان بۆنابێت، ئەم فێڵە ئەوکاتە باشتر سەری گرت کە هەندێک کەس بە پێشچاوی سوپاو خاڵی ئێشککگرتنەکاندا بە پیادەو تراکتۆر بەمەروماڵاتەکانیانەوە بەبەردەمی سوپاو جاشەکاندا ڕۆیشتن و هەندێک لەجاشەکانیش جا بۆچاوبەستە بوبێت یان بۆهاوکاری کردنیان پێیاندەگوتن برۆن بەڵام خۆتان لە سەیتەرەکان و تەوارییەکان بپارێزن، بەڵام ئەمە زیاتر تەڵەیەک بوو، چونکە ( دواتر پیاوەکانی دائیرەی ئەمن لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی نەسرو زەڕایەنو لەناو شاری سلێمانیدا هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی قەراغیەکانیان دەستپێکردو هەرکوێیەک گومانیان لێبکردایە هەڵیان دەکوتایە سەری و دواتریش ماڵ بە ماڵیان پشکنیو بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕان). کەلەقەرەداغەوە هاتوون، بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆر گیرانو ڕەوانەی تۆپزاواو نوگرەسەلمان کران و گەنجەکانیشیان جارێکی ترنەبینرانەوە. تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی مامەڵەیان پیوەدەکراو لەئەمن و تەوارییەکان بەنرخێک دەکردرانەوە بەومەرجەی خۆیان ونبکەن و بەرچاوانەوە نەبن، ئەمە ئەحمەدی شیوی قازی گێرایەوەو گوتی من بۆخۆم یەکێکم

90 بروانە ئەنفالستان ژمارە ٧ دیداری پشکۆ محەمەد لەگەڵ سامان عەزیز عەبدوڵا کەڵۆشی لاپەرە ١٧٠

91 بروانە میدیل ئێست وۆچ جینۆسادید لە عیراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد، چاپی دووەم- خانەی وەرگیران -٢٠٠٤ وەرگیرانی محەمەد حەمەساڵح ل ١٧٨

لەوکەسانەی بەبری ٢٠٠ دینار خزمەکانم لەجاشەکانیان سەندمەوەو کریانمەوە .
هەرچی ئەوانەش کە لە گازبارانەکەی سێوسێنان رزگاریان ببوو چەند رۆژێک لەچیاکانی دەوروبەریان خۆیان پەنادا هەتا دەرچەیەک بۆ رزگار بوون بدۆزنەوە، یەکێک لەوانە حەسەن عەبدولکەریم بوو سەرباری خەستی بریندارییەکەشی بەڵام خزمەکانی هاوکارییان کردوو، لە قەرا غ شار دالدەیانداو تەداوی برینداریيەکەیان کرد، بەڵام لەئەوانەی تر نەیانتوانی زیاتر بەبەرباران و بەبەرسێتی بەچیاکانەوە بمێننەوە، بەناچاری هاتن بەرەو شارو ئۆردوگاکان هەندێکیان هەر لە بازگەکەی نێوان سلێمانیو قەرەداخ گیران و هەندێکیشیان گەیشتنە ناوشارو ئۆردوگاکان، ئەوانەش بەزۆری هەندێک پیرو پەککەوتە بوون کە بەهاوکاری جاشەکان توانییان دەربازبن.

## خزمەتگوزاری و بێباکی

ئەگەرچی بە بریارێک سێوسێنان کراوە بەناحێ، بەڵام لەڕاستیدا کارێکی ئەوتۆی بۆنەکراوە کە شایانی ناحیەیەک بێت چ جای قەربووی کۆمەلکوژییەک بێت، سێوسێنان دەیان نمونەی پیشێلکاری وبێباکی تێدایە، لەیەکێک لەسەردانەکانمدا ساڵی ٢٠٠٩ تەنانەت مولیدەی نەخۆشخانەکەیان کاری نەدەکرد، نەک ناحێکە بەڵکو خەستەخانەو قوتابخانەکەشیان کارەبایان نەبوو، لەکاتێکدا تێچوی چاکردنەوەی مولیدەی خەستەخانەکەیان تەنها ١٥٠ $ ی پێویست بوو، کەچی نە خەڵکەکەی ئامادەبوون برێک کۆبکەنەوە نە ئیدارەی ناحێکەش ئامادەی خەرجکردنی بوو، بەڵام کاتێک هەرئەوەندەی ئەوەم بە رێکخراوی وادی ئەڵمانی راگەیاند لەماوەی ٢ رۆژدا بۆیان چاککردنەوە.

## باخچەی پەپولەکانی گوندی سێوسێنان

یەکێک لەو پرۆژە سەرنج راکێشانەی ناحێکە باخچەی پەپولەکان بوو، کە ساڵێک پێشتر لە نزیکی مانگی تەموزدا پیاوێک بەناوی (سەردار حەسن ئەمین) کەلەبنەرەتەوە هەر خەڵکی سێوسێنانەو پێشتریش لەم گوندە مامۆستابووە و لە هەندەران دەژی، لەسەر ئەرکی خۆی باخچەو یاریگایەکی جوان و شایستەی بۆ منداڵانی سێوسێنان دروستکردبوو، بەلام جێگەی تێرامان بوو، هەر جوتیارەکانی سێوسێنان پارچەیەک زەوی بەبری (٢١٠٠) دوو هەزارو سەد دۆلارکڕی بوویاریگەکەی تێدا دروستکردبوو، کۆمەڵێک یاری باشی بەدیزاینێکی جوان تێدا دامەزراندبوو. بەڵام ئەفسوس ئەویاریگاوباخچەیەش ، نەک هەر بێخزمەت بوو بەڵکو هەموو خشوک وپەیژەو چەرخ وفەلەقەکانیش شکێندرابوونو پارچەکانی بەناو باخچەکەدا بلاوببونەوەو باخچەکەش لە وشک بووندابوو! بەڕاستی جێگەی سەرسامیم بوو، وەک حکومەت کەسێکی بۆ خزمەتکردنی دانەمەزراندبوو، خەڵکەکەش رێزێکیان بە شوێنی یاری منداڵەکان و دیارییەکەی سەردارو هەستو خەمە جوانەکەی دانەنابوو.



باخچەی پەپولەکانیش سیمایەکی تری وێرانی وەرگرتبوو. تێکرای یارییەکان شکابوونو پارچەکانی بەشێوەیەکی ناشرین بەو ناو ەدا بلاوبوونەتەوە .

گۆشەگیری خوێندکارەکانی ناوەندی سێوسینان

ڕۆژی ١/٢٦ / ٢٠٠٩ سەردانی ناوەندی سێوسێنانم کرد، ئامانج لەسەردانەکەم بەسەرکردنەوەی خولی فێربوونی کۆمپیوتەرەکە بوو کە لەلایەن ناوەندی چاکو وادی ئەڵمانیەوە کردبوومانەوە،ئەوەی زۆرمایەی تێڕامان بوو، گۆشەگیری خوێندکارەکان بوو، چەندی هەوڵماندا گفتوگۆیەک دروستبکەین، دروست نەبوو، لەوەڵامی هەرپرسیارێکدا وەڵامەکان بەشێوەیەکی دەستەجەمعی بە بەڵێ یان نەخێر، یاخود بە بێدەنگی دەمایەوە، ئەم دۆخەی ناو خوێندنگاکە بووە مایەی ئەوەی بیر لەچارەسەر بکەمەوە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت نەمتوانی هیچی ئەوتۆیان بۆبکەم، ئەوەش بەهۆی نەبوونی سەرچاوەیەکی داراییەوەبوو، بەلای کەمەوە ئەگەر تەنها گەشتێکیشیان بۆ سازبدەین پێویستمان بە برێکی دیاریکراو پارە هەبوو، بەڵام چۆنو لەکوێم بهێنایە .؟!

**بەڵام ئەفسوس !** ئەمرۆ ٢٠١١٨/٣/٢٢ لە کاتێکدا سەرقاڵی ئامادەکرنی ئەم راپۆرتە بووم، هەواڵێکی تری کۆمەڵکوژی کورانی کوردم زانی، ئەمرۆ هێزی ئاسمانی سوپای تورکیا سنوری هەرێمی کوردستانی بەزاندووەو بۆمبارانی گوندەکانی سیدەکان وقەسرێیان کردووەو پێکەوە ٤ گەنجیان شەهیدکردووە، هەرچوار شەهیدەکە کوردن وسێیان خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی و یەکێکیشیان خەڵکی سماقولێیە.
ناوی شەهیدەکانی ئەمرۆ بریتن لە :

1 - کاکە مستەفا وەرتیی . خەڵکی ناحیەی وەرتێی دەڤەری باڵەکایەتیی
2 - کاکە سمایل وەرتیی ، خەڵکی ناحیەی وەرتێی دەڤەری باڵەکایەتیی
3 - شەرۆ مەحموود ، خەڵکی گوندی زیوکانی دۆڵی باڵەیان سەربەناحیەی قەسرێ
4 - دەرباز سماقولی خەڵکی گوندی سماقولی دۆڵی بالیسان.



کەچی و تەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبری ئیدانەکردنی نیگەرانی ئەم تاوانە نیگەرانیەکی شەرمنانەی دەربڕیوە! لەوەش ناخۆشتر وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادارنیە کە ئەمرۆ یادی کۆمەلکوژییەکی وڵاتەکەیەتی لەبری ئەوەی لەگەڵ یادی کیمیابارانی سێوسێنان ئەم تاوانە لێکهەڵپێچێ و پێکەوە وەبیر دنیای بهێنێتەوە دەڵێت : لەکاتێکدا هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بۆپیرۆزکردنی جەژنی نەورۆز پێشوازی کردنی ساڵی تازەی کوردی رویان لەدەشت ودەرو شاخ چیاکانی کوردستان کردووەو خەریکی ئاهەنگ گێڕانن!.

## سەرچاوەکان


1 -گەشتە مەیدانیەکانم بۆ سێوسێنان
2 -ئەنفالستان ژمارە ٧،٨، ١٠، ١٢
3 -مێدل ئێست ۆچ جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد چاپی دووەم ٢٠٠٤ خانەی وەرگێران – وەرگێرانی محەمەد حەمەساڵح توفیق .

# هەردی برام وەك قوربانیەکی دوای پرۆسەی ئەنفال



## کازم جباری

کاتێک قاتڵە سەربازییەکانی ڕژێمی بەعس بە سەرکردایەتی " لیوا"بارق حاجی حنتە " لە چەمچەماڵەوە بە هێزێکی گەورەی پیادە و زرێپۆش و تەواوی کەرەستەی سەربازی دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی پلانی ئەنفالی باکوری گەرمیان دەستپێکی پرۆسەکەی لە قوڵی بانی مەقان – قادرکەرەمەوە بەرەو بەرەو وێرانکردنی گوندەکانی ناوچەکە و ئەنفالکردنی دانیشتوانەکانیان دەستپێکرد. لە بەرواری 9 /4 / 1988ز پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جباری (ی. ن . ک) و سۆسیالیست و حیزبی شوعی وەیستیان لە گوندی " گوڵەبان " ی ناوچەی جەباری بەرگری بکەن . پاشان شەڕێکی دەستەو یەخە سەرئەنجام شکان و نەیان توانی بەر بە ئەو سوپاس بەهێز و پر چەککراوە بگرن. ئیدی ڕژێمی بەعیش هیچ گرفتێکی لەبەردەمدا نەما ، بەو پێیەی گوندی کوڵە بان یەکەمین گوندە لە بەری باکوری ناوچەی جباری بۆیە لە گوندەکانی تر زوتر دەستی چەپەڵی بەعسیەکانی پێگەیشت . ئیدی ئەوەی گیرا شوێن بزر کرا و بووبە بەشێک لە پرۆسەی ئەنفال . ئەوە زوتر گوندەکەی بەجێ هێشت . ئەوا لە ڕێگەی هەردە و هەڵەتەتەکانەوە گەیشتە چەمچەماڵ و ناحیەی شۆڕش . ئەگەر چی ناحیەی شۆڕش ئۆردوگایەکی دروستکراوە بوو . بەعس دەروستی کردبوو بۆ ئەوەی کە پلانی ئەنفالی جێبەجێکرد خەڵکی گوندەکانی دەورووبەری چەمچەماڵ لەو ناحیە تازەیەدا نیشتە جێ بکات .چیرۆکی ئێمە لێرەو دەست پێدەکات ، کاتێک گوندەکەمانەوە بەبێ هیچ کەرەستە و کەل و پەلێک . دوای بڕینی چەندین هەوراز و نشێوە گەیشتنە ناحیەیی شۆڕش لە گەرەکی موفەرەییەکان گیرسایەنەوە . ژمارەی خێزانەکەمان جگە لە (ئەحمد سەردەین) ی باوکم کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت (5) کەس بوو دایکم کە تەمەنی 40 بۆ 45 ساڵێک دەبوو . منی تەمەن 2 ساڵ، هاشمی تەمەن 4 ساڵ ، لیلای تەمەن 6 ساڵ ، هەردی تەمەن 8 مانگ " لەو کاتەدا نەخۆشی سورێژە بڵاو بوە و من و هەردی برام بە تواندی توشی نەخۆشیەکە بووین بەهۆی نەبوونی چاودێری تەندەروستی و ترسان و گرتن و بێ سەرو شێنکردن. کۆرپەی ساوا و برابچوکم (هەردی ئەحمد) لە تەمەنی هەشت مانگیدا کۆچی دوایکرد، لە گۆرستانی مۆفەر کۆن بەبێ نازی باوک ، بەخاک سپێر درا . بوو بە قوربانی دوای پرۆسەی ئەنفال.

ئەوی مایەیی نیگەرانیە بەهۆی ئەوەی ڕەگەزنامان بۆ دەرنە کردبوو تەنانەت وێنەیەکیش لە دوای بەجێ نەما بۆ ئارامی دەرونمان . تا لە ئەلبومی یادەوریەکانماندا وەک بە شێک لە میراتی ئەنفال تۆمارە بکەین.

## ئەنفال، تەنها گوندی نەڕوخاند

دەروون عەبدولکەریم



هـاوڕێی ئـەزیزم کـاک (عومەرمحەمەد) کە چەندین ساڵە لە بواری جینۆساید و ئـەنفال کاردەکـات، پرسـیکی زۆر گرنگـی جوڵانـدوە، کـە ئـەویش پرسیارە لە زیانە کلتوری و فەرهەنگیەکانی ئەنفال، کە تا ئیستا بابەتێکی دەست لێنەدراوە، بە نمونە ئەو دەپرسێت کێ دەزانێت چەند مەقام بێـژ لـە ئـەنفالی گەرمیاندا لەناوچون؟ بەڕاستی دەبێت لێکۆڵینـەوە و تێگەیشتن وەک لە ئەنفال یاخود هەر تاوانێکی قڕ کردن بەرامبەر بە کورد مەزەنـدەی سـتراتیجی زیانـەکانی بـۆ بکرێت، کـە ئایـا زیانـە درێژخایەنەکانی ئەو جینۆسایدە چەندە؟ چۆن مامەڵـەی لەگـەڵ بکرێت ؟ چونکە لەکۆتاییدا جینۆسـاید تـەنها بریتـی نییـە لـە کوشتن یان لەناوبردنی فیزیکی کۆمەڵێک مرۆڤ بەڵکو هەوڵدانە بـۆ سڕینەوەی کۆمینیتیـەک کـە فەرهـەنگ و زمـان و کلتـورێکی هاوبـەش کۆیـان دەکاتـەوە، هەڕەشـە بـۆ سـەر ئـەو کـۆدە هاوبەشانە واتە سڕینەوەی ئەو ناسنامەیە، هـەر وەک بنـدیکت ئەندرسن دەڵێت ناسنامە کۆمـەڵێک خـەیاڵکردن و تەسـەوراتی هاوبەشە. لێرەوە پێشنیارێک ئەگـەر شـوێنی خـۆی بگرێـت، پێویسـتە لێکۆڵینـەوەی بـواری ئـەنفال لـە سـنوری زیانـە گیانیەکان تێپەڕبکات و بوارە زیندەگییـەکانی تـریش بگرێتـەوە. هـەروەها لـە کاتێکـدا هـەولێر پایتـەختی هـەرێمی کوردسـتانە تاوەکو ئیستا مۆزەخانەیەکی تایبەت بە جینۆسایدی تێدا نییە، بۆیە خۆزیا لە هەولێر مۆزەخانـەو ناوەنـدێکی پرۆفیشناڵ لـە ئاستێکی جیهانی بۆ تاوانی قڕکردن دەکرایەوە. لـەوەش گرنگتـر کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت بە جینۆسایدی کوردە لە بەغدای پایتەختی عێراق، وەک چۆن مۆزەخانەی هۆلۆکۆست لە بەرلین هەیە. بۆ ئەوەی کە قـەبارە و سـەختی ئـەو کارەسـاتە پیشـانی بەشەکەی دیکەی عێراق بدرێت.

## سوپاس وپێزانین

ئەمسـالیش لەیـادی کیمیابـاران و ئەنفـالی عەسـکەرو گـۆپتەو نـاوچەی قەڵاسـیوکە، گەنجـانی گـۆپتەپە لەمەراسیمی یادکردنەوەدا، ڕێزلێنانێکیان بە من بەخشی، وێڕای پێزانین و سوپاسی زۆرم بۆیـان. بەڵام من




ئەم ڕێزلێنانەم بەخشیە خاتوو ( غەزال عەبدوڵا توفیق – دایکی شاهۆ) . چونکە بـڕوام وایە ئەگەر ڕێزلێنانێک هەبێت، بە شایانی ئەو ژن وپیاوانەی دەزانم کە لە دوای ئەنفال زۆر قارەمانانە شانیان دایە بەرمەینەتیەکانی ڕۆژگار، ئەوانەی منداڵیان مابوو، بە گوڵەوچنی و کـاری تـاقەت پـڕوکێن و کرێی کەم گەورەیانکردن وتەمەنی گەنجێتی خۆیان بەخشیە گەورەکردنی ئەوان .

دوبـارە سـوپاس بـۆ گەنـجە تێکۆشـەرەکانی گۆپتەپەی شەهیدان.

# تکایە بەهەڵە وەری مەگرن

عومەر محەمەد

ئیـــدی وەختـــی کـــردنەوەی دوکانەکــانی یادەوەرییە، ئەوەی گوێمان لێی دەبیت قەوانە ســـــواوەکەیە، کە خـــــاڵییە لەفیکــــرو مەعریفەوهێنـــدەی لەکوڵ خـــۆکردنەوەیە نیـو هێندە پەرۆشی نیە، ئیدی ئەوەی لەم ماوەیەدا زۆر دەبیســـترێن کۆمەڵێـک قسـەی بەتـاڵن لە زمـانێکی هەژارانەدا کە پێیەکیـان لەنێوقـوڕی فیودالیزمدا چەقیوەو فەرماندەو سیاسیەکان پێـی دەدوێـن و پێکیشـیان لە نێومـۆدێرنەدایە ڕۆشنبیرە خۆشگوزەرانەکان پێی دەدوێن، کە بریتین لە خاڵانە:

١- بەرزو پیرۆزبێت یادی ئەنفال !!

ئەمە گـوایە ڕێزیـان نوانـدووە! لەبـری ئەوەی بنوسـن ڕێـز بـۆ قوربانیـانی تـاوانی ئەنفـال، چـونکە ئەنفـال خـۆی نەک پیـرۆز نـیە بەڵکـو نەفرەت لێکراوە ! ئەنفال تـاوانە، ئیتر بەرزو پیـرۆزی تـاوان لە کوێدایە ؟! لەوەش گرانترو بەئـــازارتر دامەزراوەی تـــایبەت بە ئەنفـــال نوســـــیویێتی : بەرزو پیرۆزبێـــــــت ڕۆژی جینۆسایدی گەلی کورد !

٢-کارەســاتی ئەنفــال دەبێــت بە جێنۆســاید بناسێندرێ ؟

کـــورە مــــاڵوێران بەردی گەورە نیشــــانەی نەهاویشـــتنێتی، تـــۆ هێشـــتا بەنـــاوخۆی کوردســـتانت نەناســـاندووە، ئیتـــر بەکـــوێی جیهـانی دەناسـێنیّ و چـۆنی دەناسێنی !؟ تـۆ هێشـتا بەتـاوانەکە دەڵێـی کارەسـات، وەک ئەوەی ئەو هەموو خەڵکە بومەلەرزە کوشتبنی و لافاو بردبنی !

٣- کارەسـاتی ئەنفال زامێکە هەرگیـز لەیـاد ناچێت!

ئەمەش هەرقســـەیەکی بـــاوەو دەکرێت، دەنـــا میللەتێـک تـاوانی ئەنفـالی لە یـاد نەکردبێـت چـۆن (بەعسـیانە ڕەفتـار دەکـات، میللەتێـک ئەنفالی لەیاد بێت چۆن شەڕی نـاوخۆ دەکـات ؟! ئاخر شەرم نیە میللەتێک دەست و پەنجەی ئازیزانی لە بیابان هەڵوەری بن لێرە خەریکـی شـکاندنی دەسـت وپەنـجەی یەکتـربن ؟ دەی لەکاتی هەڵمەتی دەنگدانـدا دەردەکەوێ مرۆڤـی کورد چەنـدە بەعسیانە ڕەفتاردەکات، ئەمەش بەڵـگەیە کە یـادی ئەنفالیـان بـۆ ئـازادی و دادپەروەری نـاوێ، بەڵکـو وەک کەلـوپەل بـۆ بەرژەوەنـدی حزبەکانیـان دەیـانەوێ، بـۆیە بەعســـیانەش پەلامـــاری یەکـــدی دەدەن . حکـومڕانیەکەی دەری خسـتووە چەنـدە مرۆڤـی کوردیان لەکن بەبەهایە!

٤- دەبێـــت ئەنفـــال وەک هۆلۆکۆســـتی جولەکەکان کاری لەسەر بکرێت !

بەڵام جولەکەکان وەک ئێمە ساڵی جارێـک بەم قسـە سـواوانە یـادی هۆلۆکۆسـت نـاکەنەوە، قســـەی ئەوانەش بەهــــایەکی نــــیە کە هەرئامۆژگاری دەکەن و فەرمان دەردەکەن، بێ ئەوەی خۆیان ئامادەی کارێک بن .

٥- ئەنفال زامێکە هەرگیز ساڕێژ نابێت !

هەڵبەت ئەگەر ئیرادە هەبێت سـارێژ دەبێت، بەڵام کە ئینســـــان لەگەڵ ســـــتەمکاری ونـادادپەروەری هەڵبکـات و بەشـداری شـەڕی ناوخۆ بکات طبعا سارێژنابێت .

٦- ڕۆشنبیرانی خۆشگوزەرانیش لە ٢٧ سـاڵی ڕەبەقە لە یـادی ئەنفالـدا باسـی جینۆسـایدی ئەرمەن وهۆلۆکۆسـتی جومـان بـۆ دەکەن نەک ئەنفـــال.! ئەی ســـەیرنیە ئەو ڕۆشـــنبیرانە دەربارەی ئەرمەن وجو زۆر دەزانن ودەربـارەی ئەنفـــالیش هـــیچ ؟! لەڕاســـتیدا ئەمەیـــان کارەساتە .

ئەی یـــادی ئەنفـــال بەم هەمـــوو مـالۆیرانیە ئەخلاقـی و فیكـرییەوە بكـرێتەوە، ئیتـر ئەم كۆسـتە چـۆن ڕاسـت دەبێـتەوەو ئەم برینە چـۆن ســارێژ دەبێـت ؟ ئـاخر ڕۆشـنبیری كورد ڕێز لـەپێگەی خـۆی نەگرێ و بەزمـانێكی نـزم بە كەسـوكاری ئەنفال بڵێـت (پاشـماوەی ئەنفال) ئیـدی چـۆن شكۆ بـۆ ئینسـانی كـورد دەگەڕێتەوە ؟!

من گرفتەكە هەر دەسەڵاتدا نابینمەوە، ڕاسـتە ئەو بەرپرسـی یەكەمە، بەڵام هەمـوو كـۆمەڵگە ئەنفـال و بەهـای زیندووەكانیشـی فەرامـۆش كـردووە، ئەگەرنـا خـۆ كەسـوكاری ئەنفال خۆیان دەتوانن بەبێ حكومەت، یادێكی شكۆ مەنـدانە بـكەنەوە ؟ بـۆمەگەر یـادكردنەوە هەر دەبێــت خەرجــی زۆرو بـــودجەی زۆری هەبێـت ؟! خـۆ دەتـوانن لە یـادی ئەنفالـدا ماڵبەماڵ بگەڕێـن و سـەردانی یەكتری بكەن و ئەوانەش ئـاشـت بـكەنەوە كە دڵیـان لێـك ئێشـاوە ئەمەش بــۆ ئاســودەبوونی ڕۆحــی قوربانیەكـان و بەهـای كەسـوكارەكانیان، خۆدەتـوانن بـۆ بەرزراگرتنـی گیـانی قوربانیەكانیان لەیەكدی ببورن!

## پەرلەمانی هۆڵەندا، كۆمەڵكوژی ئەرمەنییەكان، وەک جینۆساید ئەناسێت

دانا هەڵەبجەیی

لاهای/١٦/٢/٢٠١٨

پەرلـەمـانی هۆڵـەنـدا، دوای ئەوەی كە چەنـدین سـاڵە مشـتومڕی ئەوەیـان بـوە، كە كوشـتاری ئەرمەنییەكان وەک جینۆساید بناسێت، بەڵام نەتـوانرا ئەوبڕیـارە بـدات. دوای ئەوەی مـانگی مـارتی سـاڵی پـار، هۆڵـەنـدا نەیهێشـت وەزیرێكـی تـوركی بێتە ناوهۆڵـەنـداوە بـۆ پروپاگەنـدەكردنی ئەو ڕیفراندۆمەی كە ئەردۆغان بەڕێوەی دەبرد، بەهۆیەوە نێوانی تورک و هۆڵەندییەكان بەرەو ئـاڵۆزی ڕۆیشت و كار گەیشتە ئەوەی كە هەفتەی پێشو بە فەرمـی، هۆڵـەنـدا بـاڵویزی خـۆی لـە ئەنقـەرە، بكشێنێتەوە.

هۆڵـەندا لـە سـاڵی 2015 بۆ یـادی 100 سـاڵەی جینۆسـایدی ئەرمەنییەكـان بەشـداری نـەكـرد، بەڵام ئەمسـاڵ دوای 103 سـاڵ شاندی باڵای حكومەت و سەرۆک لیستەكانی پەرلـەمـان، لـەو سـاڵیادەی كە لە مانگی ئەپریلی ئەمساڵ لـەئەریڤان ئەكرێتەوە، بەشدارئەبن.

ئەمە بە بەهێزتـرین و ڕونتـرین سـیگناڵ دەژمێردرێـت و سـەرەتای پرۆسـەیەكە كە هۆڵـەنـدا، كار بۆناساندنی جێنۆسایدی ئەرمەنییەكان دەكات، هەتا بەفەرمی وەک جینۆساید بناسرێت.

هەر وەک ئەنـدامێكی پەرلـەمـان وتـی: ئێـرە پـایتەختی دادی نێـونەتەوەییە، ئەبێـت بە ئاشـكرا هەڵوێستمان هەبێت، لـەسەر ئەوهەڵانەی كە لـەجیهاندا ڕوویداوە و ڕو ئەدات.

چاوڕێ دەكرێت، وڵاتانی تریش بێنە پاڵ هۆڵـەندا و توركیاش زیاتر بەرەو كەنارخستن ئەڕوات.

**سەرچاوە:** NOS

## ئێمەو جوو

سەیرە ! هیچ میللەتێکی دنیا رەنگە بەقەد ئێمە خوێنی لێ نەچۆڕابێت، بەڵام ئەوان لەخاڵێکدا گوتیان بەسە:
ئێمەش بەشمان بە ژیان وسروشتەوە هەیەو مافی هەناسەدان وئازادیمان هەیە.
کەچی ئەفسوس پێدەچێت ئێمە رەگەزێکی تری مرۆڤ بین ! بۆیە توانای لێکۆڵینەوە لەخودی خۆشمان نییە، لەکاتێکدا ئەوانی دی میللەتان بەهۆی لێکۆڵینەوەو تێرامان و جدییەتیانەوە، زۆر نهێنی سروشتیان ئاشکرا کردووە، بەهۆی پشوودرێژیان بە لێکۆڵینەوەی زانستیەوە بەپێشکەوتنی سەرسوڕهێنەر گەیشتوون. نەک هەرلە بواری سیاسەتدا بەڵکو لەبواری فەلەک ناسی و زانستەکانی زەوی ناسی و پزیشکی و کشتوکاڵ و پەیوەندییەکان و جەنگ و زۆری تر هەتا بەگەیشتنە سەرمانگ و شۆڕبوونەوە بە ناوقوڵایی زەریاو دەریاکان و دۆزینەوەی نهێنی هەسارەکان دەگات ! کەچی ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵکوژی وکوشتارەکانمان بکەین .. ئاخر هیچ رەوانیە بچیتە گوندێک و تەنانەت خەڵکی گوندەکەش نەزانن چەند کەس لەخزم وکەسەکانیان و لەو چەند ماڵەی پێکەوە پێش ئەنفال ژیاون گیراون وبێ سەروشوێنکراون ؟ داخی هیچ نامکوژێ ئەوەنەبێت هەرچی دەم دەکاتەوە دەڵێت : دەبێت ئێمەش وەک هۆلۆکۆستی جووەکان کار بۆ ئەنفال بکەین بەبێ ئەوەی خۆی ئامادەبێت کەمترین ئەرک وەستۆ بنێ !
تکایە ئەم نیگەرانییەم بەکەم مەگرە، چونکە کاتێک کەچوومە گوندێک زۆر برینداربووم کە بینیم، خۆیان نەیاندەزانی (٧٥)کەسیان ئەنفالکراوە، بەحساب ورياترین گەنجیان بانگکرد بۆهاوکاری کردنم، کەچی ئەو ناوی خاڵە ئەنفالکراوەکانی خۆی نەدەزانی ولەدەمی منەوە زانی ناویان چی بووە ! سەیر لەوەدابوو دەیگوت : ئەی وێنەیانت لەلا نیە ؟

## لە ئەنفالستانەوە

**خوێنەری بەڕێز:** خۆشبەختانە ساڵنامەی ئەنفالستان لەبەرەو پێشچونێکی بەردەوامدایە، بێگومان هەموو بەرەو پێشەوەچونێک وزەی زیاتری دەوێ بۆیە پێویستی بەهاوکاری و هەماهەنگی هەمووڵایەکە، بۆ ئەوەی لەژمارەکانی داهاتوودا بەشێوەیەکی رێکوپێکتر دەربچێت، پێویستە ستافی کارای بۆ بێتە مەیدان، بەتایبەتی لەوناوچانەی تاوانی جینۆساید کاریگەری قورسی بەجێهێشتووەو پێویستە لە داهاتووشدا کاری باشیان لەسەر بکەین. تکایە هەرکەسێک دەخوازێت لەدەستەی نوسەران و دەستەی هاوکاران، وەکو ستافێکی ساڵنامەکە کار بکات، دەتوانێت بە ئەدرەس ئیمایلی: Anfalistan@yahoo.com یان بەژمارە تەلەفۆنی ( 07701520287 پەیوەندی بکات. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کارکردن لەم ساڵنامەیە خۆبەخش وبێبەرانبەرە. لەگەڵ ڕێزدا

## پەیامی گۆڤاری ئەنفالستان

# له (٣٠) هەمین ساڵیادی تاوانی کیمیابارانی سێوسێناندا.

ئەمرۆش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەبوو هەر یادەوەری تاوانی کیمیابارانکردنی سێوسێنان بووایە کە ئابروی مرۆڤایەتی تێدا لەکەدار بووکەچی هەرئەمرۆ فرۆکەکانی ڕژێمی تورکیا ئاسمانی هەرێمیان بەزاندو چوار گەنجی مەدەنیان پێکەوە شەهیدکرد کەچووبوون هەوایەکی پاک هەڵمژن! ئەمرۆ دەبوو هەموو دنیا لەبەرانبەر گازبارانی سێوسێنان هەست بەشەرم بکات، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیو ڕێکخراوی نەتەوەیەککگرتووەکان وەک چۆن لەبەرانبەر لە شکرکێشی تورکیاو چەتەکانی ئەلقاعیدە بێدەنگ بوون، ئاوا لە کاتی ئەنفال و گازبارانی شارۆچکەو گوندەکانی باشوری کوردستانیش بێدەنگ بوون و چاویان لە درندایەتی دەوڵەتی عێراق و ڕەفتاری سەربازو ئەفسەرەکانی درەندەترین ڕژێمی ستەمکاری سەدەی بیستەم پۆشی.

هەرئەوسا تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو گوندەکانی تری کوردستان هەر ئابروی بەعسی نەبرد، بەڵکو پەردەی لە سەر ڕوخساری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وجارنامە جیهانیەکانی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدو قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژی هەڵمالی. لەپێش هەموویانەوە ئەنجومەنی ئاسایش کە ئابروی مرۆڤایەتی بە قوربانی ڕژێمێکی تۆتالیتارو ستەمکار کردو هەموو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی پێشێلکردو کردیە قوربانی، بەرژەوەند یە ئابوریەکان.

بۆمبارانکردنی گوندی سێوسێنان بەگازی کیمیاوی، کە هەرلەجێدا ٦٩ کەس گیانیان لەدەستداو نزیکەی ٤٠ کەسیش بریندار بوون، بەتەنها لەسۆنگەی دکتاتۆرییەتی ڕژێمی بەعسەوە نەبوو، بەڵکو بە شێکیشی لەسۆنگەی بێدەنگی کۆمەڵگەی عێراقیو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بوو، بۆیە دەشێت بڵێین سێوسێنانیش قوربانیەکی تری بێدەنگی بوو، چونکە ئەو ڕاستیە ساغ بووەتەوە کە بێدەنگی هۆکاری سەرەکی دروستبوونی دەوڵەتی ستەمکارو سەرۆک و دەسەڵاتداری دکتاتۆرە.

بەداخەوە ئەمرۆ لەکاتێکدا یادی تاوانە جینۆسایدیەکانی هەڵەبجەو سێوسێنان و یادەکانی ڕاپەڕینو نەورۆز دەکەینەوە، کە کۆمەڵگەی کوردی لەسایەی نەزمی نوێی جیهان و هەراو غلبەغلبی دیموکراسیدا هیچ لە مەینەتەکانی نەگۆڕان جگەلەوەی لەناوخۆدا توشی بە دەسەڵاتداری حزبی ستەمکارەوە بوو، ڕوبەڕوی تاوانکاری و کۆمەڵکوژیش بووە، شەنگال بووە شانۆی ڕوداوێکی تری کۆمەڵکوژی و بەکۆیلەکردنی ژنانی کورد لە بازارەکانی موسڵ و ڕەقەی پایتەختی خەلافەتی دەوڵەتی تیرۆرستی داعش لە عێراق و سوریا . کەچی تۆمەتبارانی جێنۆسایدی کورد جگەلە کەمینەیەکی زۆرکەم لە سەرانی بەعس هەموویان بە ئاشکرا داڵدەدراون لە هەرێمی کوردستان و لەعێراق پلەوپایەیان پێدراوەتەوە، یاخود لەناو ڕیزەکانی داعش و بەرەی نوسرەی سەربە ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆرست فەرماندەو ئەمیرن کە ئەمرۆ ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستیە بەناوی جیاجیاوە دەوڵەتی تورکیا باربۆویان دەکاو بەهەموو شێوەیەک هاوکاری دەکرێن و بەپشتیوانی ناتۆ پەلاماری ڕۆژئاوای کوردستان دەدەن. لەشکرکێشی بۆسەر شاری عیفرین بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەو پشتیوانیەو دوروویی ولاتە زلهێزەکانە . لەکاتێکدا بەرەو ڕووی ئەم یادانە دەبینەوە کەخوێنی ترلەجەستەی ئەم میللەتە دەرژێ و لە شەنگال و عیفرین پەلاماری کورد دەدرێتەوەو هێشتا خوێنی بەکۆمەڵکوژراوانی شەنگال وشک نەبوونەتەوە، و خوێنی شەهیدەلاوەکان بەسەرشەقامەکانی شارۆچکەی شەنگالەوە

مابوون، کە پەلاماری کۆبانێ درایەوە، لەوەش شەرمەزاری تر ئەوەیە بکوژانی منداڵانی هەرێمی عیفرین، بەهاوکاری ناتۆو دەوڵەتی روسیاو تورکیای شۆفێنی بەپێشچاوی ئەنجومەنی ئاسایش و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێن بەبێ ئەوەی شەرمی ئەوە بیانگرێت پروپاگەندەی ئازادیو دیموکراسی دەکەن.. وەک بلێی کوشتنو بریندارکردنی رۆڵەکانی ئەم گەلە سوکایەتی نەبێت بە ئازادیو دیموکراسی جیهان و ئەوانیش کێشەی نەتەوەییان لەگەڵ کورددا هەبێت و گیانوخوێنی هاوڵاتیانی کورد هێندە بێ بەهابێت !.

بێگومان ئەمرۆبێت یان سبەی کوردیش ئەزموون لەم هەموو ستەمکاری وجێنۆسایدانە وەردەگرێ و چیدی بە خەیاڵی دیموکراسی ومافی مرۆڤەوە چاوەروانی بەهاناوە چوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناکات و ناوماڵی خۆی رێکدەخاتەوە، بەبێ ئەوەی ریگای تۆڵەو فاشیزم هەڵبژێرێت دەرچەیەک بۆ رزگاربوون دەدۆزێتەوە، ئەوسا ئەوەی دەدۆزێ هاوکارانی دەوڵەتە ستەمکارەکان و رێکخراوی قاعیدەی تیرۆرست دەبن.

# پەلامار‌دانی گوندی چیمەن



پێشمەرگەی دێرین نەوزاد کاکە حمە نوری کە ناسراوە بە نەوزاد چیمەنی کە سەردەمی ئەنفال پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک بووەو بەشداری شەرەکانی ئەنفالی کوردووە دەنوسێت : رۆژی ٢/١٧ یەکەم پەلاماری سەربازی ئەنفال دەستی پێکرد. بەڵام پێشتریش دۆخەکە ئارام نەبوو بەڵکو هێرش وپەلامار بۆسەر خەڵک و پێشمەرگە هەر بەردەوام بوو، بۆنمونە رۆژی ١٩٨٧/١١/١١ یەکەم پەلاماری ناوچە قەدەغەکراوەکان بۆ نزیکترین شوێنی کەرکوک بوو، گوندی چیمەن دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری کەرکوک، دەکەوێتە دامێنی گردۆڵکەیەکی قوتەوە لەسەر جادەی گشتی نێوان سلێمانی کەرکوک، لەو رۆژەدا بەفەرماندەیی لیوارکن بارق عەبدوڵا حاج حنتە کە ئەوسەروەختە پلەی سەربازییەکەی عەمیدو فەرماندەی لیوای ٦٦ی قوات خاصە بوو، پارێزگاری لە بیرەنەوتەکانی کەرکوک دەکرد.

لەبەرەبەیانێکی زوودا خەڵکی گوندی چیمەن کەهێشتا لەخەودا بوون بەگرمەوناڵەی تۆپباران لەخەو رابوون، کاتژمێر ٥ی بەیانی هێزەکەی بارق کە لەجەنگی ئێراندا ناوبانگێکی زۆری پەیداکردبوو لەتوندرەفتاری ودڵرەقیدا لە دوای نزیکەی کاتژمێرێک تۆپبارانی چڕو بێ پسانەوە هێزی قوات خاسە لە سێ لاوە هێرشیان کردە سەرگوندی چیمەن، هەندێک لەپیاوەکان توانیبوویان بەناو تۆپبارانی سەخت و دەستڕێژی گوللەدا لەگوندەکە دەربچن و دەربازیان بێت، بەڵام هێشتا ١٣ کەس لەپیرەمێردو گەنجەکان لەناوگوندەکەدا مابوونەوە، بەگەیشتنی هێزەکەی بارق هەر سیانزەکەسەکەیان لەناو گوندەکەدا گوللەباران کردبوو، ئینجا خانووەکانیان لەگەڵ زەوی تەختکردبوو، ژن ومنداڵەکانیشیان کە ژمارەیان ١٠٨ کەس بوو، لەماڵەکانیان دەرکردو بردبوویانن بۆ کەرکوک و لەوێشەوە دائیرەی ئەمنی کەرکوک، رەوانەی گرتووخانەکانی پارێزگای (عەمارە)یان کردبوون، ئەمەش دوو ئاماژەی هەبوو،یەکەم دورخستنەوەیان لەکوردستان و دووەم حسابی نەیاریان بۆکردبوون لەبەرئەوەی شاری عەمارە بەگشتی شیعەمەزهەب و نەیاری سەدام و دەسەڵاتداریتی سوننە بوون و هەردولایان وەک خیانەتکارو بەکرێگیراوی ئێرانی حساب دەکرد.

دوای ئەوەی سوپا ئامانجەکەی پێکا و ماڵەکانی لەگەڵ زەوی تەختکرد هەرچی سامانی گوندنشینەکانیش بوو تاڵانیان کردو کۆیان کردەوەو لەگەڵ خۆیاندا بردیان.[92]

92 بروانە نەوزاد چیمەنی ، بیرەوەرییەکانم بیرەوەری ساڵانی پڕ لەهەورازو نشێوی مرۆڤێک ٢٠١٠ ل ٩٢

# گوندی فەقێ مستەفا

عومەرمحەمەد
٤ی تەموزی ٢٠١٨ – سلێمانی

فەقێ مستەفا ناوی گوندێکی گەرمیانە، لەسەروەختی ئەنفالدا لەروی کارگێرییەوە سەربەناحێی قادرکەرم بوو، لە کۆتایی پەلاماری ئەنفالدا ئەم گوندەش بەر درندایەتی سوپاو جاش کەوتوو، خەڵکێکی زۆری ئەنفالکران و خانووەکانیشیان لەگەڵ زەوی تەختکردن.

دوای راپەرین، چەند ماڵێک چوونەوەو ئاوەدانیان کردەوە، ئەوسا لەروی کارگێرییەوە خرایە سەر ناحێی سەنگاو، دوای روخانی رژێمی عێراق و ئاوەدانکردنەوەی ناحێی ئاوەسپی و دامەزراندنی ناحێکە فەقێ مستەفاش خراوەتە سەر ئاوەسپی، جارێکی تر خراوەتەوە سەر ناحێی سەنگاو. لەروی جوگرافیەوە دەکەوێتە ٢٠ کم باشوری ناحێی سەنگاوو ١٥ کم باشوری رۆژهەڵاتی چیای ئاژداغ و زنجیرە چیای سەگرمەو قەرەداغ .

**بنەرەتی ناوی گوندەکە :**

بەوپێیەی هیچ سەرچاوەیەکی نوسراوی مێژوویی دەربارەی ناوی ئەم گوندە لەبەردەستدانیە، بۆیە باشترین سەرچاوە هەردەبێت قسەی کەسانی شارەزاو بەتەمەنی گوندەکەبێت و پشتی پێببەستریت، لەمبارەیەوە هاوڵاتی ئەسوەد کەریم ئەمین) دەڵێت : لە پێشدا ناوی (لەیلامردو) بووە بەڵام نازانرێ ئاخوئێرە خەڵکی تێدا ژیاوەیان نا، دواتر کە گوندەکە دروستکراوە بەناوی فەقێ مستەفاوە ناسراوە، واتا ناوی گوندەکە لەوە وەهاتووە، ئەسوەد لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت : دوو برا ئاوەدانیان کردووەتەوە بەناوەکانی (فەقێ مستەفاو و عەزیز) فەقێ مستەفا براگەورەی عەزیز بووەو لەبەرئەوە گوندەکەش بەناوی براگەورەکەیەوە ناسراوە)[93] **بروا نە سەعید ئیسماعیل –ئەنفالی گوندی فەقێ مستەفا – ٢٠١٨ .**

لەپەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیاندا فەقی مەستەفاش وەک زۆربەی زۆری گوندەکانی گەرمیان بەرپەلاماری ئەنفال کەوتوو، خەڵکەکەی گورزێکی کەمەر شکێنیان بەرکەوت وخەڵکێکی زۆریان ئەنفالکران و



جارێکی تر نەبینرانەوە.

لەروی عەشیرەتەوە سەربە هۆزی زەندن، ئەگەرچی قسەیەکیش هەیە کە سەر بەهۆزی زەنگنە بن، بەڵام پێدەچێت زەندبن چونکە لەسەر دەستی نەوەکانی کەریم خانی زەند ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا بنیاتنراوە. لەم بارەیەوە سەعید ئیسماعیل دەڵێت : زەندیەکان و نەوەکانی کەریم خانی زەند دوای روخانی دەوڵەتی زەندیەکانی ئێران بەدەستی قاجارەکان رویان لەعێراق کردووەو لەناوچەی گەرمیان نیشتەجێ بوون هەندێکیان رویان لە گوندی فەقێ مستەفاکردووەو لەوێ جێگیربوون و ئاوەدانیان کردووەتەوە.

زیانە گیانیەکانی ئەو گوندە لە پەلاماری ئەنفالدا لە کتێبی ئەنفالی گوندی فەقێ مستەفادا بەم شێوەیە نوسراوە :

93 سەعید ئیسماعیل حسێن- ئەنفالی گوندی فەقی مستەفا – ل ٥١ – چاپخانەی کارۆ ٢٠١٨

له کۆی ٤٧٧ کەس، ١٨٥ کەسیان بێ سەروشوێن کراون. کە دەکاتە ڕێژەی لە ٣٨.٧%ی دانیشتوانی گوندەکە، لەروی رەگەزییەوە زۆربەی ئەوانەی ئەنفالکراون مێینە بوون کە ژمارەیان ٩٥ کەسە.

- ١٧ خانەوادەی گوندەکە هیچ کەسێکیان دەرباز نەبووە.
- لەروی تەمەنیشەوە زۆرترین ئەنفالکراوانی گوندی فەقێ مستەفا منداڵ و مێردمنداڵ بوون کە ژمارەیان ٩٩ کەس بوون، ڕێژەکەیان دەکاتە ٥٣.٥% .
- لەناو خانەوادە ئەنفالکراوەکانی گوندی فەقێ مستەفا ١٤ خانەوادە تەنها تاقە کەسێکیان دەربازبووە.[94]
- ١٠ خانەوادەش لە کەسێکەوە هەتا ١٠ کەسیان ئەنفالکراوە.
- لە کۆی ٩٣ خانەوادە تەنها ١٤ خانەوادە بەسەلامەتی دەربازبوون ( لێرەدا تەنها زیانی گیانی مەبەستە دەنا ئەوانیش ماڵ وسامانیان تێدا چووە ).[95]

سەبارەت بە ئەنفالی گەرمیان راوبۆچونی جیاوازهەن کە داخۆ بۆچی ئەنفالی گەرمیان بەو دڕندایەتیە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، من بۆخۆم هۆکارەکەی دەگێڕمەوە بۆ بوونی نەوتێکی زۆر لەناوچەی گەرمیاندا، هەربۆیە هەمیشە هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکەی دەداو خەڵکە کوردنشینەکەی رادەگواست و عەرەبی خواروی عێراقی دەهێنایە شوێنەکان و بە ئیمتیازی زۆرەوە لە کەرکوک و دەوروبەری نیشتەجێی دەکردنەوە، لەئەنفالی گەرمیاندا دەستپێشخەرییەکی زۆر لە بەکۆمەڵکوشتنی گەنجەکاندا کراو بەپێی شوێنی نیشتەجێبونیان مامەڵەیان لەگەڵ گیراوەکاندا دەکرد، لەم بارەیەوە لەوەڵامی یوست هێلتەرماندا سەبارەت بەهەمان پرسیار (وفیق السامرائي) سەرۆکی پێشوی ئیستخباراتی سەربازیی گشتی عێراق دەڵێت: ئەگەر لە هەولێرو سلێمانی ٥٠٠ هەزار واتە نیوملیون پیاویش بکوژرانایە هەولێرو سلێمانی هەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی و شوێنی نیشتەجێی کوردەکان دەبوون، بەڵام کوشتنی ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار پیاو لەگەرمیان و کەرکوک بۆهەتاهەتایە کێشەی تەعریبی چارەسەر دەکردو ئەوناوچانە دەبوونە ناوچەی عەرەبی .[96]

بەپێی ئەو زانیاریانەی بەردەستن دەربارەی هێرشەکانی ئەنفال بۆسەر گەرمیان لە ڕۆژی ٧ی نیسانەوە دەستی پێکردووەو لە ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ کۆتایی هاتووە. بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی تاوانەکە لە قۆناغی سێیەمی ئەنفال، یەکەم جار هێزەکانی سوپا لە قەزای خورماتوو کۆکرابوونەوە، کە پاشکۆی زیاتری ئەم هێزە کۆکراوەش لە کەرکوک، چەمچەماڵ، سەنگاو بوون، لە دەستپێکەوە لە بەیانی ڕۆژی ٧–٤–١٩٨٨ لە ناحێی نەوجولەوە دەستیان بەپێشڕەوی کردو تێکڕا لە شارۆچکەی قادرکەرەم یەکیان گرتەوەو کۆبوونەوە.

هێزی یەکەم: بەرەو لای باکوری ڕۆژئاوای «نەوجول» و بە ئاڕاستەی ڕووباری «ئاوەسپی»دا ڕۆشتن

هێزی دووەم: بەرەو ڕۆژئاوا، بە پشتیوانی فڕۆکەی هێلی کۆپتەرو سەمتی بەرەو گوندەکانی نزیکی ناحێی قادر کەرەم لەلای باشووری ڕۆژئاواوەوە کەوتە جوڵەو یەکەم گوند کە دەستی بەسەردا گرت «ئیبراهیم غولام»بوو، ئەوسا دانیشتوانەکەی بەرەو دۆڵ وجەوەڵەکانی نزیکی گوندەکە ڕۆشتبوون، بەڵام دواتر بەناچاری خۆیان رادەستی سوپاکە کردو «٥١» پەنجاو کەسیان ئەنفالکران و بێسەروشوێنکران. لەولاشەوە هێزی سێیەم بەرەو چەمچەماڵ و

94 لەناو تاقانەکاندا عومەر وئەکبەرم دواندووەو خاوەنی چیرۆکێکی تایبەتن، ئەوان ئامۆزای یەکترین و لەدوای ئەنفالەوە هەمیشە پێکەوە بوون و پشتی یەکتریان بەرنەداوەو هەتا دوای هاوسەرگیریشیان بەیەکەوە دەژیان و ببوونە برای یەکتری . ئێستاش لەگەرەکی راپەرینی شاری سلێمانی هەردوکیان لەنزیک یەکتری دەژین و هەردوکیشیان خەریکی کریکارین .

95 سەعید ئیسماعیل حسێن– ئەنفالی گوندی فەقێ مستەفا – چاپخانەی کارۆ ٢٠١٨

96 بروانە کارێکی ژەهراوی ئەمریکاو عێراق و گازبارانی هەڵەبجە– یوست هێلتەرمان– چاپخانەی ئاوێنە وەرگێرانی محەمەد حەمەسالح توفیق ٢٠٠٨ –سلێمانی

سـەنگاو رۆشـت و هەمـوو گونـدەكانی نـاوچەی «چەمچەمـاڵ و سـەنگاو»ی وێرانكـردو ئەو خەڵـكەش گە دەستگیری كردن یان خۆیان رادەسـتكردبوو، گیـران و بەسـەیارەی سـەربازی گیـراین وخانووەكانیـان لەگەڵ زەوی تەختكـردبن. لەبـارەی ئەم گوندەوە میدیل ئیست وچ نوسیوێتی گوندی فەقێ مەستەفاش وەک ملەسورە شوێنی كۆكردنەوەی خەڵک بووەكە لەلایەن سوپاو جاشەوە دەگیران، لەبەر ئەوەی مەحاڵ بوو پێشمەرگە چیتر بەرگری بكات. دوا سەنگەری بەرگریی یەكێتی لە گوندی زەردەلیكاوبووەو زۆری نەبردووە كە تێكشكاوەو دوای ئەوەش بە (هەزاران كەسی خەڵكی ئەم گوندانە پۆل پۆل خۆیان دەكرد بە گوندی فەقێ مستەفاداو لەوێش



گوسـترانەوە بـۆ قەزای چەمچەمـاڵ و لەوێشـەوە برابـوونە تـۆپزاوا بەپێـی رەگەزو تەمەن جیاكرابوونەوەو بەرەو دوبزو نوگرە سەلمانیان بردبوون. پێدەچێت لەم قۆڵەوە دواگوند كە لە رۆژی ٢٠ی نیسـانی ١٩٨٨ پەلامـاردرابێ و دەسـتی بەسـەردا گیرابێـ (فەقـێ مستەفا) بـووبێ و خەڵكەكەی سەربازو جاش چواردەوریان گرتنو بە ئیڤا رەوانەیان كردن)[97] **میدیل ئیست وچ جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەركورد – ٢٠٠٤ ل ٢١٧ چاپی دووەم.** هەر لەو راپۆرتەدا هاتووە : گوندو شارۆچكەی بچووكی وەک ملەسوورەو فەقێ مستەفاو مەیدان لە باشووری گەرمیانو ئەلیاواو لەیلان لە بـاكوور, یەكەم سـەنتەری كـۆكردنەوە بـوون كەوا خەڵـكە مەدەنـیە هەڵاتووەكەیان بۆ راپێچ دەكرا.[98] **هەمان سەرچاوی پێشو .**

---

[97] میـدیل ئیسـت وچ – جینۆسـاید لەعێـراق پەلامـاری ئەنفـال بۆسـەركورد – وەرگێرانی محەمەد حەمەساڵح توفیق –خانەی وەرگیران– ٢٠٠٤ ل ٢١٧ چاپی دووەم.

[98] هەمان سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەرە

## هەوڵێکی باش

بەداخەوە هەتا ئێستا گوندی فەقێ مستەفا کەمتر لەنێو میدیای کوردیدا گرنگی پێدراوە، سەرباری ئەوەی لە پەلاماری ئەنفالی سێی ناوچەی گەرمیاندا زەرەرو زیانێکی زۆری بەرکەوتووە کەچی هەرگیز وەک پێویست باس نەکراوە، بەڵام خۆشبەختانە سەعید ئیسماعیل کە خەڵکی فەقێ مستەفایەو ئێستا لە چەمچەماڵ نیشتەجێیە دەربارەی ئەنفالی گوندەکەیان کتێبێکی باشی نوسیوەو بەهاوکاری رێکخراوی ریچ چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

هەوڵەکەی نوسەر بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی دیمۆگرافی، ئەنترۆپۆلۆجی، دیکۆمێنتاری و لەچواربەشی سەرەکی پێکدێت:

بەشی یەکەم : ناساندنی چەمک وزاراوەکان، بابەت و کەرەستەکانی توێژینەوەکەمیتۆدو ئامانجی گرتووەتە خۆ.

بەشی دووەم: بریتیە لە مێژوو وجوگرافیای گوندەکە.

بەشی سێ یەم: ئەنفال وەک پرۆسەیەکی جینۆساید، قۆناغەکانی ئەنفال، ئەنفال وکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەعس و بەکارهێنانی چەمکی ئەنفال، کاریگەری شاڵاوی ئەنفالی دوو لەسەرناوچەی ئەنفالی سێ، کاریگەری ئەنفالی سێ لەسەر گوندەکەو خەڵکی ناوچەکە، ئاراستەکانی کۆچکردنی دانیشتوانی گوندی فەقێ مستەفا لەکاتی پەلاماری ئەنفالدا، دەستگیرکردن و بەندیخانە، لەخۆدەگرێت.

بەشی چوارەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە بەپێی ئامارو بەیانات وخشتە رونکراوەتەوە لەسەر ئەنفالکراوان و خەڵکی گوندەکە، جێگەی ئاماژەیە سەرباری ئەو تێبینیانەشی کە دەربارەی هەمە بەڵام بەدڵنیایی زانیاری وردی تێدایە وەک لەسەرەوەی ئەم وتارەدا سودی لێوەرگیراوە زانیارییەکان لە رووی تەمەن ورەگەزو ئاستی خوێندن وپیشەی ئەنفالکراوان و رێژەی قوربانیەکانی ئەو گوندە چەندیان نێرن و چەندیان مێن و چەندیان منداڵن و تەمەنیان چەند بووە، چۆنێتی ژیانی خەڵکی گوندەکە بەر لە پەلامارەکانی ئەنفال، ژمارەی ئەو خانەوادانەی سەلامەت بوون وئەوانەی زیانیان بەرکەوتووە، زیانەکان چەندو چۆن بوون، ئاماژەدان و تۆمارکردنی ئەو ٢٠ کەسەی دەرەوەی گوندەکە و کەس وکاری قوربانیەکان. ئەمانە لێکۆڵینەوەکەی بردووەتە ئاستێکی بڵندی زانستیەوە هەروەها ئەنجامەکان، پێشنیارەکان، وێنەی ئەنفالکراوانی گوندی فەقێ مستەفا بەرەنگاو رەنگی‌وێنەی ئەو تاقە کەسانەی لەخانەوادەکەیان لە ئەنفالی گوندەکەیان رزگاریان بووەو بەتەنیا ماونەتەوە، گەراوەکانی بەندیخانەو هەموو ئەمانە زانیاری وردو بەسودن . کە لە دوتوێی (٥٧١) لاپەرەدا کتێبێکی بایەخداری خستووەتە بەردیدەی خوێنەران.

دڵنیام سەعید ئیسماعیل کارێکی باشی کردووە بەڵام هیواش دەخوازم خەڵکی تری ناوچەو گوندە ئەنفالکراوەکان چاوی لێبکەن و لەبری ئەوەی چاویان لەدەستی ئەوانی ترەوەبێت چیرۆکی مەرگ و ژیانیان بۆ بنوسیتەوە وەک سەعید ئیسماعیل قۆڵی لێهەڵبماڵن و وەک ئەم بەرهەمەی نوسەر خزمەتێک بەدۆزی رەوای میللەتەکەیان و شکۆی مرۆڤ و دۆسیێ ئەنفال بکەن . بەهای مرۆڤ بخەنە سەروی بەهای ئایدۆلۆژیاو حزب و گروپەسیاسیەکان و بێلایەنانە ئەسپی خۆیان لەم بوارە گرنگەدا تاو بدەن.

چاپکراوی نوێ

ئەنفالی گوندی فەقێ مستەفا

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە چوار بەش، کە توێژینەوەیەکە لەمیانەی چەندین بەش و ٥٧٢ لاپەرەدا دەربارەی تاوانی ئەنفال، خاڵی بەهێزی توێژینەوەکە ئەوەیە کە تایبەتە بە گوندێکی ئەنفالکراو ئەویش گوندی فەقێ مستەفای ناوچەی گەرمیانە لە ناحیێ قادرکەرەم، ئەم گوندەش وەک تەواوی گوندەکانی گەرمیان لە ساڵی ١٩٨٨ دا بەرپەلاماری ئەنفال کەوتووەو بەهویەوە

زەرەرو زیـــانێکی گیـــانی و مـــاڵ بەرخەڵـــکەکەی کەوتووە.

توێژینەوەکە لەلایەن سـەعید ئیسـمایل ئەنجامـدراوە نـاوبراو خـۆی بەمنـداڵی خەڵکـی ئەوگونـدەبووەو هەنـدێک لەروداوەکانیشـی بەچـاوی خـۆی بینـیەوە، کۆمەڵێک وێنە و بەڵگە نامەی گرنگی لەخۆگرتووە و بایەخی بە چۆنێتی ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفال بـۆ سـەر گونـدەکە داوە ، کاریگەرییەکـانی و ئەنجـامی شاڵاوەکەی لە ڕوی قەبـارەی قوربانیـانەوە خسـتۆتە ڕوو.

ناوی کتێب : ئەنفالی گوندی فەقێ مستەفا
نووسەر: سەعید ئیسماعیل حسێن
بابەت: لێکۆلینەوە
تیراژ : ٥٠٠ دانە
ژمارەی لاپەرە : ٥٧٢
قەبارە : ١٧*٢٤ سم
ژمارەی سپاردن : ١٢٩٠
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم ٢٠١٨

**سوپاس بۆ نوسەر کە دانەیەک لەکتێبەکەی پێشکەش کردین .**






# مارتین و مونتەها هاتنەوە
# تراژیدیای منداڵانی شەنگال

**ڕزگار عومەر**

لە میدیاکانی عێراقدا چیرۆکی دۆزینەوەی دوو منداڵی ئێزیدی لە مانگی شەشی ئەمساڵدا جێگای سەرنج بوو گرنگیان پێدا.دوو منداڵ سەر بە دوو خێزانی جیاوازو لە دوو شوێنی جیاواز دۆزرانەوە. سەرەتای مانگی ٣ی ساڵی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش پەلاماری شەنگالیان داو کۆمەڵکوژی ئێزیدیەکان دەستی پێکرد، ئەو دەمی وێنەی بەڕێز (خدیدا مصطو) کە ناسراو بوو بە ابو ماجد الطباخ دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو،کاتێک بە گریانێکی قوڵەوە لە وێنەی ئەندامانی خێزانەکەی خۆی بە دەستەوە بوو.ئێمە لێرە مامەڵە لە گەڵ دوو چیرۆک دوو تراژیدیا دەکەین.

سەرەتا بە چیرۆکی مونتەها دەست پێ دەکەین کە لە دوای کوشتنی دایک وچوار لە خوشک وبراکانی لە لایەن داعشەوە ناویان گۆڕیبوو بۆ ریماس. ماوەیەک بەر لە ئێستا باوکی مونتەها لە ڕێ ی فەیس بوکەوە وێنەیەکی پێدەگات، وێنەی کچێکی منداڵ کە لە خانەی بێ سەرپەرشتانی گەڕەکی زهور لە موسڵ بەخێودەکرێ وکە لە تەمەنی ٣ ساڵیەوە هێناویانە بۆ ئەم خانەیە چیرۆکی گەیشتنی بەم خانەیە ڕوون نیە! باوکی مونتەها دوای بینینی وێنەکە دەم دەست دەزانێ ئەمە کچەکەی خۆیەتی و دەڕوا بۆ موسڵ و داوای کچەکەی خۆی دەکاتەوە. لەوێ مەرجی پشکنینی DNA بۆ دائەنێن تا کچەکەی وەرگرێتەوە. حکومەتی عێراقی تاقیگایەکی پشکنینی DNAلە دەوروبەری بەغدا لە تاجی کردۆتەوە. باوکی مونتەها پشکنین دەکات و دوای ماوەیەک پشکنینەکەی دێتەوەو باوکایەتی ئەو بە فەرمی دانی پێدانراو کچەکەی وەرگرتەوە.مونتەها تەنیا زمانی عەرەبی دەزانی و باوکی خۆی بەغەریب دەزانی و بەگریانەوە خانەکەی جێهێشت!

دەگەڕێینەوە بۆ چیرۆکی ابو ماجدو مارتینی کچی. داعشێک ی خەڵکی موسڵ مارتین لە ساڵی ٢٠١٤ لە تەلەعفەر دەکڕێت! ئەم داعشە لە ئەنجامی بۆمبارکردنی فڕۆکەکان لە ناوچەی (الدشیشە) لە سوریا دەکوژرێت.



ژنێک کە خۆشی تەنیایە مارتین دەبات بۆ لای خۆی و لەم ماناگانەی دوایدا لە کەمپێکی ئاوارەکان نیشتەجێ دەبێت کە لە ژێر دەستی هێزەکانی یەپەگە دایە. ئەم ژنە لەگەڵ ژنێکیتری ئاوارەی لەهەمان کەمپ دەبێتە ناخۆشیان و بەشەڕدێن، ژنەکەی تر لای ئاشکرادەبێت کە ئەو منداڵەی لای ئەو ژنەیە منداڵێکی ئێزیدیە، بۆ تۆڵە کردنەوە دەچێ لای ئاسایشی یەپەگە شکایەتی لێدەکات و ئاسایش دەسبەجێ دەیگرن، خۆشبەختانە مارتین ناوی خۆی و باوکی هەموو لەبیرماوە، لە لێکۆڵینەوەدا ژنەکە دەڵێ ئەو تەنها بەخێوی کردووەو پەیوەندی بەڕفاندنی نەبووە.

ئەم زانیاریانە دەگاتە خزمێکی باوکی مارتین کە لە هۆلندا دەژی و هەواڵ دەنێرێ بۆ باوکی مارتین و دەڵێت منداڵێکی ئێزیدی ڕفێنراو دۆزراوەتەوە کە هەمان ناوی سیانی کچەکەی تۆی هەیەو ژمارەیەکی تەلەفۆنی پێدەدات بۆ ئەوەی بچن بە سۆراغی کچەکەیان. باوکی مارتین تەلەفۆن دەکات و ئەوەی لەوبەر وەڵام دەداتەوە ئاسایشەو دەچن بۆ وەرگرتنەوەی مارتین.لەوێ وێنەکانی خیزانەکەی بە ئاسایش نیشان دەدات. کاتێک مارتین دێتە ژوورەوە یەکسەر باوکی خۆی دەناسێتەوەو یەکەم پرسیار کە لە باوکی دەکات سۆراغی ئامۆزایەکی کەمئەندامە!

وردو درشتی ئەم چیرۆکە ئەگەرچی بە سەرکەوتن ئەژمار دەکرێ بۆ ئیرادەو خۆڕاگری و بەردەوامی خێزانە ئێزیدیەکان، بەڵام ئەگەر بەراورد بکرێ بەکە لەگەڵ تازەترین داتای بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزیدیەکان دەبینین چ برینێکی گەورە هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕێ، ئەم




داتایانە پێمان دەڵێن ئەو ئەرکە تەنیا ئەرکی قوربانیەکان نییە، بەڵکو ئەرکی هەردوو حکومەتی عێراقی وهەرێمە کە ڕۆڵی ڕاستەوخۆ بەرپرسیاریەتی تەواو لە ئەستۆ بگرن بۆ هێنانەوەی ڕفێنراوان. کات دوژمنی سەرسەختی ئەم ستراتیژی هێنانەوەی ڕفێنراوانە بە تایبەتی ئەو منالانەی کە تەمەنیان زۆر بچووک بوو کە ڕفێنراوان کە ئێستا وا لێکدەدرێتەوە بەشی زۆریان نەک تەنیا زمانی دایک وباوکی خۆیان لە بیرچۆتەوەو بەڵکو لە بیریشیان چووە ئەوان کێ بوون و بۆ لەوێن.

ئەم وتارەم لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١١٣٢ بەرواری٣ ی تەموزی ٢٠١٨ بڵاوبۆتەوە



## بریندارێکی چەکی کیمیایی هەڵەبجە کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/١٥ توبا سەید قادر کە یەکێک بوو لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە تەمەنی ٦٧ساڵیدا کۆچی دواییکرد. توبا لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی عەبابەیلێ ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجە بوو، ڕۆژی ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ کاتێک کیمیابارانی هەڵەبجە کراو خەڵکێکی زۆری ئەو شارەو گوندەکانی دەوروبەری شەهیدوبریندار بوون، توباش وەک زۆر کەسی ناوچەکە لەو پەلامارە سەلامەت دەرنەچوو بەسەختی بریندار بوو، ئەفسوس پاش چەندین ساڵ ناڵاندن بەدەست برینەکەیەوە ئەمڕۆ لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمدا کۆچی دواییکرد. بەپێی زانیارییەکانی گۆڤاری ئەنفالستان بەمەرگی توبا ژمارەی ئەو بریندارانەی چەکی کیمیایی کە هەتا ئێستا لەشاری هەڵەبجە گیانیان لەدەست داوە دەگاتە ١٠٥ کەس، هەرلەم بارەیەوەو بەبۆنەی مەرگی توبا سەید قادر لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ژمارەی کۆچکردوان پشت ڕاست دەکاتەوەو بە کەناڵی (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەدوای ساڵی٢٠٠٣ وە ١٠٥ بەرکەوتووی چەکی کیمیایی مردوون، بە دەیانی دیکەش باری تەندروستییان ناجێگرە و پێویستییان بە چارەسەری بەپەلە هەیە.

# چیرۆکی ڕزگارو زیندانی کانی توو

ئەنفالستان

لە ناودیلانەی مزگەوتەکەی "کانی توو" چیرۆکی ڕزگار زۆر سەرنج ڕاکێش ومایەی تێڕامانە ! بەرلە پەلاماری ئەنفال بۆسەر دۆڵی جافایەتی نزیکەی ٩٥ دیل کە زۆربەیان سەربازو ئەفسەری سوپاو عەرەب زمان بوون لە زیندانی ناوەندی بەرگەڵووەوە برابوون بۆ گوندی کانی توو، لەوێ مزگەوتی گوندەکەیان بۆکردنە زیندان و هەتا دوا ڕۆژەکانی ئەنفالی مەرگە لەوێ مانەوە لەناویاندا چەند کوردێکیش هەبوون، هەریەکەیان بەتۆمەتێک گیرابوون، یەکێکیان ڕزگاری تازە پێگەیشتوو خەڵکی گوندی دۆڵەڕەقە بوو، بەسەرهات و چیرۆکی ڕزگار لەکتێبی (تراژیدیای بەفرو ئەنفالی مەرگە)دا تۆمارکراوە کە بۆمامۆستا مەحمود عومەر)نوسەری کتێبەکەی بەم شێوەیە گێراوەتەوە :

من هەر لە منداڵیمەوە بەدبەخت بووم، ژیانم هەمووی نەگبەتی و کوێرەوەری بووە، هێشتا بەتەواوی چێژم لەسۆزی باوک نەبینی بوو، کە باوکم کۆچی دوایی کرد، دایکیشم لەهەڕەتی گەنجێتیدا بوو، بۆیە لەدوای مردنی باوکم ئەویش مێردی بە پیاوێکی ترکردەوە، بە شوکردنی دایکم برینی مردنی باوکیشم کولایەوە، من لەلای خزمەکانم لەگوندەکەی خۆمان مامەوە هەتا تەمەنم هەڵکشاو موالیدم هاتەوە بۆئەوەی ببم بەسەرباز، بەڵام نەچووم بۆسەربازی و بۆخۆدزینەوە لەبەلای سەربازی وەک هەزاران گەنجی تر پەنام بردە بەر فەوجێکی خەفیفەی جاش لەلای یەکێک لە ئاغاکانی لای خۆمان خۆم ناونوسکرد هەتا مانگانە وەرقەیەکم بۆ بکات هاتوچۆی پێبکەم، بەومەرجەی نەچم بۆشەڕو بەرەی جەنگ لەبەرانبەردا منیش موچەکەم وەرنەگرم. ماوەیەکم بەم شێوەیە بەسەربرد، ماڵی دایکیشم لەکەرکوک بوو، زۆر دەمێک بوو دایکم نەدیبوو تامەزرۆی بینینی بووم. بۆ بینینی دایکم ڕۆژێک بەرەوکەرکوک بەرێکەوتم، بەڵام لە شیوەسور مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەسەر جادەکە دامەزرابوون سەیارەکەمانیان وەستاندو ناسنامەیان لەهەموو سەرنشینەکان وەرگرت، منیش تەنها وەرقەی جاشێتیم پێ بوو، ئیتر پێشمەرگە دایانبەزاندم و گرتیانم .

لەوسالانەدا خەڵکێکی زۆر لەکەسی باش وخراپ تەنانەت لە ڕۆشنبیرو هونەرمەندو کەسی بەخۆشەرمیش لەناچاریدا پەنایان بۆ سەرۆک جاشیک دەبردو وەرقەیەکی خەفیفەیان لەباخەڵ دەنا بۆسەلامەتی خۆیان، زۆرجار ئەم کەسانە پارەشیان دەدایە سەرۆک جاش وفەرماندەی سریەکان تەنها بۆئەوەی وەرقەیەکیان بۆ بکەن، بەڵام ئەمەش هەروا بێ سەرئێشە نەبوو، زۆرجار دەکەوتنە دەست پێشمەرگەو ئەوانیش بڕێک پارە بەلای کەمەوە نزیکەی ٤-٦ هەزاردیناری سویسریان لێدەستاندن ئینجا بەریان دەدان ئەمەش بۆ ئەو ڕۆژگارە پارەیەکی زۆر زۆر بوو. من ئەوسالانە لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا کارم دەکردو ئەم باجە قورسەم بە ڕەوا نەدەزانی زۆرجاریش لەسەری توشی مشتومڕ دەبووم، بەڵام بەهیچ پاساوێک هەلگرتنی وەرقەی جاشێتیم بە ڕەوانەدەزانی و بۆخۆشم ئامادەبووم پێناسێکی ساختە هەڵبگرم کە زۆریش مەترسیداربوو بەڵام ئامادەی هەڵگرتنی وەرقەی جاش خەفیفە نەبووم، بەڵام هەرچی یەکێتی بوو پاساوی ئەوەیان هەبوو کە بەم کارەیان ڕێگە لەسیاسەتی بەجاش کردنی کوردو کوردبەکورد بەکوشتدان دەگرن . کە لەکاتی گفتوگۆی یەکێتی و حکومەتدا ئەم دیاردەی بەجاشکردن و کردنەوەی فەوجە خەفیفەکان سەری هەڵداو لە دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕیش ئەم جاشانە دەبوونە ئامانج و زۆرجار چەند تیپێکی پێشمەرگە پێکەوە کۆدەبوونەوەو هەڵیان دەکوتایە سەرفەوجێک وتەفروتونایان دەکردن و زیانێکی زۆریان لێدەدان ئەمەش لەلایەک تەمبێ کردنێکی باش بوو، لەلایەکی تریشەوە پیادەکردنەوەی هەمان ئەو سیاسەتی کورد بەکورد بەکوشتدانە بوو، کە بەدڵی حکومەتیش بوو.

ئەم جاشە سوکەلانە کەدەکەوتنە دەست پێشمەرگە زۆر جار بەکەفالەتێکی سادەو هەندێک جاریش بەکرینی تفەنگێکی کلاشینکۆف ئازادیان دەکردن بەڵام دیارە ڕزگار لەبەر بێکەسی کەس نەبووە ببێتە کەفیلی وخۆشی توانای کڕینی تفەنگێکی نەبووە. بۆیە ڕەوانەی زیندانی ناوەندی بەرگەڵویان کردبوو، دواتریش لەگەڵ ئەو ٩٥ دیلەی تر ڕەوانەی کانی توو کرابوو.

عەلی کانی تووپی لەبارەی ڕزگارەوە دەڵێت : ( کوڕێکی زۆر باش بوو، وریاو ڕەزاسوک بوو، هەموومان خۆشمان دەویست ماوەیەک کردمان بەنانەوا، کە ئیشیشی تەواو دەبوو دەمان ناردەوە ناو زیندانیەکان، بەڵام دواتر نەمان

دەناردەوە زیندان و هەر لە ژوری پێشمەرگەکان هێشتمانەوە، هەتا رۆژێک دوابریاریداو گوتی : ئەگەر لێم قبوڵ بکەن حەزدەکەم ببم بە پێشمەرگە، ئێمەش بە پێشنیارەکەی قایل بووین و چەکمان پێداو بوو بەپێشمەرگە. هەستم کرد وەک گوڵ گەشایەوە رۆژانە سەرگەرمی پاککردنەوەی تفەنگەکەی و رێکخستنی قایش و مەخزەنەکانی بوو، رزگار ئازادبوو بەڵام دوو کێشەی سەرەکی مابوون یەکێکیان پەیدا کردنی مەخزەنێکی پلاسکۆی سور بوو بیخاتە سەر کلاشینکۆفەکەی و ئەوی تریان قاتێک جلی خاکی پێشمەرگانە بوو لەبەری بکات. رزگار دەیگوت خۆزگە ئێستا دایکم بە تفەنگی پێشمەرگایەتیەوە دەیبینیم یان دەیزانی بوومەتە پێشمەرگە ئەوسا دەهاتە لام و قات ویشتێن و قەمسەڵەیەکی جوانی بۆ دەهێنام .. ئینجا هەر لەبەرخۆیەوە دەیگوت دەی گرفت نیە سەری مانگ کە یارمەتیەکەم وەرگرت دەستێک جل دەکرم و ئەگەر کەسێکیشم دەست بکەوێت هەواڵ بۆ دایکم دەنێرم کەوا کورەکەی بووەتە پێشمەرگە هەتا دڵخۆش بێ.

ئەفسوس هیچ کام لەو ئاواتە زۆر سادەوسەرەتاییانەی رزگار نەهاتنە دی، ئەویش گەردەلولی ئەنفال رای ماڵی و یەکێک بوو لەو دەیان پێشمەرگەیەی کە لەکەڵکی کورکورِ کەوتە ژێر بەفرەوەو بەهەموو خەون و ئاوات و ئازارەکانیەوە، جلی خاکی پێشمەرگایەتی لەبەر نەکردو هەر بەجلەکانی زیندان وچەکی پێشمەرگایەتیەوە دواهەناسەی تەزیوی لەناو بەستەڵەکی بەفری کورکوردا دەرچوو، نەهاواری گەیشتە کەس و نەکەسیش لەمەرگی پرسییەوە.

عەلی کانی تـوویی لەکتێبی تراژیدیای بەفرو ئەنفالی مەرگەدا دەڵێت : بەپێی زانیاری من هەتاکو ئێستاش کەسوکاری رزگار ئەو بەونبوو دەزانن و وادەزانن پێشمەرگە لەرێگەگرتوویانەو کوشتویانە تەنانەت دایکیشی لەوە ئاگادار نیە کە کورەکەی بەجاشێتی گیراوەبەڵام بەپێشمەرگەیی شەهیدبووە ! لەوەش ناخۆشتر هەتا ئێستا گۆرەکەی نادیارەو ناویشی لەلستی شەهیداندا تۆمار نەکراوە، یاران دەبێت ئەنفال چەند چیرۆکی وا تراژیدی لەپریاسکەی نهێنیەکانیدا هەڵگرتبێ ونەنوسرابنەوە ؟! دەبێت چەند شەهیدی گوم ناوو بێگۆری کورانی ئەم میللەتە هەبن ؟

## بۆمبێکی کیمیاوی لێرەدا کەوت؟

ئەم پرۆژەیە بۆ دیاری کردنی جێگای ئەو بۆمبە کیمیاویانەیە کە لەشاری هە لە بجەدا کەوتوون. ژمارەی بۆمبەکان ٢٤ بووە، من وەک هونەر مەندێک بە پاڵپشتی خەڵکی شارەکە و ئەو رێخراوە بیانیانەی هە ستاون بەدۆزینە شوێنی بۆمبەکان لەهەر شوێنێک بۆمێکی کیمیاوی کەوتبێ کارێکی هونەری تێکەڵ بەدیار ترین شە هیدی ئەو شوێنە ئەنجام ئەدەم بۆ ئەوەی شوێنە کان کوێر نەبنەوەو نەوە لەدوای نەوە بزانن، کە ئەم بۆمبانە لە کوێدا کەوتو وەو چ جۆرە گازێکیشیان تێدا بووە چەند شەهیدو برینداری لێکەوتۆتەوە . دوو ساڵ لەمەوبەر شوێنێکم دیاری کرد کەدە کەوێتە بەردەم ماڵی شەهید تۆفیقی کارەباو لەوێدا ئەم کارەم هەڵواسی ئەو شەهیدەی ئاوێتەیە بەم کارە هونەریە خاتوو سوهەیلە خانی خێزانی مطفی دەلاکە . کاری ئەمساڵم بۆشەهید عومەری خاوەرە کە لەبەرانبەر شوێنی شەهید بوونەکەی دادەنرێت.

رۆژی ١٥ی ئازاری ٢٠١٩

**پەیکەر تاش بەختیار هەڵەبجەیی**



## (مام رەجەب) جەلەمۆردی کۆچی دوایی کرد

رەجەب ساڵح مستەفا (مام رەجەب)ی گوندی جەلەمۆرد (٢٠١٨- ١٩٣٣) ساڵی ١٩٨٨ ( ژن ومنداڵەکان)ی هەموویان ئەنفالکران. ئەفسوس شەوی ٩-٢٠١٨/٧/١٠ لە گوندی جەلەمۆرد کۆچی دوایی کرد



رۆژی٢٠١٣/١/٢٥ لە ماڵەکەی خۆیدا دیدارم لەگەڵدا سازکرد، بەڵام ئەو تەواوتەمەنی هەڵکشاو شەکەت بوو، گوێیەکانی گران ببوون.

رۆژی ٣ی ئایاری ١٩٨٨ بە کیمیابارانی گوندی گۆپتە پەو عەسکەر قۆناغی چوارەمی ئەنفال دەستی پێکرد، رۆژی دواتر (٤ی ئایاری ١٩٨٨) هێرشی زەمینی گەیشتە دوگوندی ئاغجەلەرو رۆژانی دواتریش بناری خاڵخاڵان، مام رەجەب خۆی و ئەندامانی خانەوادەکەی بەنیازی خۆشاردنەوە لەگەڵ خەڵکی ئاوایی چوونە چەمی بابە روشەو ماوەی دوو رۆژ لەوێ خۆیان شاردەوە، بەڵام هەر زوو بە چاوساغی جاشەکان سوپا گەیشتەسەریان و بەزەبری هێز لەوێش دەری پەراندن و خەڵکەکەش کەوتنە دەست چەتەکانی ئەنفال، خەڵکی جەلەمۆردو گوندەکانی دراوسێ کە وەک پەناگا هاتبوونە (بابە روشە) پێکەوە دەستگیرکرانو پێکەوە ئەنفالکران.

رەجەب و خانەوادەکەی ( هاوسەرەکەی بەناوی نایلە شەریف) وکورەکانی (حسێن، جمعە)و کچەکەشی (کافیە ) بەدەستو برد رەوانەی تۆپزاواکرانو لەوێ لەیەکتری جیاکرانەوەو ئیدی جارێکی تر چاویان بەیەکتری نەکەوتەوە. رۆژی دوایی خۆیو نایلەی هاوسەری لەگەڵ خەڵکێکی زۆر رەوانەی نوگرەسەلمانکرانو چوار مانگ لەوێ زیندانکران، کە ئازادیشکران بەخت یاوەریان نەبوو ماوەیەک دوای ئەوە هاوسەرەکەشی لە فیراقی کچ و کورەکانی نەخۆشکەوتو هەرزوو کۆچی دوایی کرد.

لەوە بەدوا مام رەجەب تەنیاکەوتەوەو لە ژورێکی تەنیاو ساردو سڕی لە قوڕ دروستکراوی بێ رایەخ و بێ رۆحدا بەتاقی تەنیا دەژیا ئەو پیرەمێردە ئەوەندە ماندوو بوو، تەنانەت ناوی کورەکانی بە زەحمەت بیر دەکەوتەوە، لەدیداری مام رەجەبدا لە ئینسانی بوونی خۆم تەریق بوومەوە، بەتایبەتی ئەو کاتەی پرسیارم لێدەکردو ناوی جمعەی کوڕی بیرچوو بوو، کاتێک دراوسێکەی هاوکاری کرد بە دەنگێکی بەرزتر وتی (جمعە) ئەوەندە بە سۆزەوە وتی : ئەی بە قوربانی ناوی دەمت بم، ئیمە کە هەربەسەر پێیانەوە بەدیاریەوە راوەستابووین لەناخەوە ئازارمان چەشت.

مام رەجەب ناوی کورەکانی و تەنانەت ساڵی ئەنفالکردنیانی بیرنەمابوو بەڵام ناوی جاشەکان و نوگرەسەلمانی بیرنەچوو بوو ! ئەوەی بیربوو کە جاش گرتویانو رادەستی سوپایان کردون، هەر ئەو رۆژە گەیاندویانە تۆپزاوا، ئەوەشی لە بیرما بوو کە کورەکەی داوای لێکردووە بچێت لە سەربازەکان بپارێتەوە لەگەڵ ئەوان بێت، بەڵام مام رەجەب، بە ئازارەوە دەڵێت نەچووم لەبەرئەوەی دەمزانی بەقسەم ناکەن .

مام رەجەب دەڵێت : هەرگیز نامەردی شێخ بایزی جاشوعەزابی نوگرەسەلمانو حەجاجو ئەو رۆژانەم لە بیر ناچێتەوە کە سەیارەی سەرداپۆشراویان بۆ هێناینو رەوانەی نوگرەسەلمانیان کردین، دەیگوت نوگرەسەلمان دۆزەخ بوو، دۆزەخ، حەجاجیش جەلاد بوو.. ئەوپیاوە هیلاکە تەنانەت بیری نەماوە چ ساڵێک ئەنفالکراوە کەچی ئەو عەزابەی نوگرەسەلمانی لە بیرمابوو، ناوی کورەکانی بیرچووبوو بەڵام ناوی جاشەکانی لەبیربوو!

## ئایا هەتا ئێستا یادی ئەنفال نەکراوەتەوە

ئەوەی لێرەدا دەیخەمە رو وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، لەنزیک ساڵیادی تاوانی ئەنفالدا لەساڵی ٢٠١٨ دا خستمە بەردیدەی هاورێیانم، بەسوپاسێکی زۆرەوە، لەماوەی ١٣ کاتژمێری دواتری دانانی پۆستەکەم کە ئەو پرسیارەی سەرەوەی لەخۆگرتبوو، کۆی بەشداران بە لایک ٢٦٠ کەس بوون، واتا پرسیارەکەیان بەلاوە پەسەندەو بە کۆمێنتیش ١٥٦ کەس بەشداربوون و قسەی خۆیان کردووە.

ئەو بەرێزانەی کۆمێنتیان نوسیووە لە هەردوو رەگەزی نێرومێ کەسایەتی جیاوازن، تیایاندایە رۆشنبیری دیارو خاوەن ماستەرو دکتۆران و کەسایەتی ناسراوو کەسوکاری ئەنفالکراوانی تێدایە و بەگشتی سەرنجی بایەخداریان نوسیوە، زۆرینە بروایان وایە یاد نەکراوەتەوەو لەکوڵ خۆیان کردووەتەوە، کەمینەش پێیانوایە یادکراوەتەوە بەلام بۆبەرژەوەندی حزب بووە.

بەبڕوای من ئەوەی هەتا ئێستا کراوە، (یادکردنەوە)یە بەلام داماڵراوە لە خەسڵەت ورەگەزگرنگەکانی یادکردنەوەو یادەوەری بەرهەم نەهێناوە، هەروەک نوسەر خالید سلێمان لە کۆمێنتدا نوسیوێتی : "چونکە یادکردنەوە یانی بنیادنانەوەی یادەوەری لە سەر ئاستی مرۆیی، شوێن، دۆکۆمێنتکردن، کلینکی چارەسەر بۆ رزگاربوان، مۆزەخانەی شایستە بە ژینۆسایدەکەو چەندەها کاری تر"

تەنها کۆبوونەوەیەک بووە بۆنیازو مەرامی دی بەزۆریش بۆمەرام و بەرژەوەندی حزبی بووە، هەندێکجاریش بزنسێک بووە بۆ وەزیرێک یان سەرمایەدارەکان، چونکە یادەوەری تەنها کۆبوونەوەیەکی روت و قەرەباڵغی دروستکردن نیە، بەڵکو پەیام و دەستکەوتی هەیە. کەبەداخەوە دەستکەوتەکانی ئەم یادانە کە دەبوو بۆ نەتەوەو بەرژەوەندی گشتی بن بە پێچەوانەوە بۆ حزب و هەندێک لە خاوەن هۆتێل وچێشتخانە راقیەکان بووە.

ئەفسوس .. یادەوەری لەکوردستان زۆری لێ سەندین و هیچی پێنەبەخشیوین. هەر لە بنەڕەتەوە شێوازی یادکردنەوەکان پڕن لە ئیشکالات، هێشتا دەسەڵاتی سیاسی یادی ئەنفال و نەورۆز و راپەڕین لێک جوداناکاتەوە، چونکە ئەوان ئەوەی بۆیان گرنگ بووە کۆبوونەوەی خەڵک بووە هەتا نێردراوەکانیان قسە بۆ خەڵک بکەن، نەک گوێ لەخەڵک بگرن. ئەمە دیدو دنیابینی نوخبەی بەناو سیاسی کوردی باشوربووە بەلام خەڵکیش بەمە قایل بووە، یان نارازییەکی بێ ئەڵتەرناتیف بووە. هەروەک عوبێد رەوف لەکۆمێنتە بایەخدارەکەیدا نوسیوێتی " پێناسەی یادکردنەوە چیەو مەسبەت لێی چیە ؟ ئەگەر مەراسیمی شین وگریان و بەهەدەردانی پارەبێت، بەڵێ کراوە . بەلام ئەگەر مەبەستخولقاندن و گیان بەبەرداکردنی هەردوکیسی هەڵەبجە و ئەنفال بێت بەو واتایەی هەم گیانی شەهیدانی هەردو تاوانەکە بەرز رابگیرێ و هەم قەرەبووی شایستەی مادی و مەعنەوی بەرکەوتوان بکرێتەوە، روحی زیندوویی واتە بکرێ بە کۆڵەکەی پاراستنی کورد لە ئێستاو دوا رۆژدا، هەر وەک چۆن هۆلۆکۆست کۆتایی بەمێژوی دو هەزار ساڵی مەینەتی و دەربەدەری جووەکان هێناو سەرجەمی دونیاشیان پابەندکرد بەرێزگرتنی یادەکەیانەوە "

دیدی ئۆزسیونیش لە دەسەڵاتداران باشتر نەبووە، بگرە کورتبین تربووە، ئەوانیش یادەکانیان کردووەتە کارتێک بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵات، زۆرجاریش کردویانەتە بەهانەو(تۆراون) بەلام ناوێکی بیانیان بۆ داتاشیوەو وشەی (بایکۆت)یان لەشوێنی تۆران داناوە، دەنا میللەتێک چۆن دەبێت لەیادەوەری خۆی بتۆرێ ؟ ئایا ئەمە کارەسات نیە کە خەڵک و ئۆپزسیون نەزانن چۆن یادی جیاواز بە شێوازی جیاواز بکاتەوە؟ ئەی ئەگەر ئەوان شێوازی

حکومەتیـــان بەدڵ نەبـــوو بـــۆچی نەیـــانتوانیوە بەشێوازێکی تـری جیـاواز لە حزبەکـان و حکـومەت یـادبکەنەوە. حزبەکـانی ئۆپزسـیونش وەک حـزبە دەسـەڵاتدارەکان دەیـان جـارو بەدەیـان ئامـاژە بەخەڵکیـــان گوتـــووە خـــوێنی کەســـوکارەکانتان بەهەدەرچوون ! حکـومەت و حـزبە دەسـەڵاتدارەکان بەروونـــی ئەوەیـان بەخەڵـــک گوتـــووە کە ئەوانەی ئەنفالکران بەهایەکی ئەوتۆیان نیە، ئەمە لە ( بەهەنـد وەرنەگرتنـــــی داواکاریەکانیـــان و لەداڵـــــدەدانی تۆمەتبارانی ئەنفال)دا بەرونی دەردەکەوێ، هەروەهـا لەپرسەو شایی بنەماڵەو سەرکردەکاندا دەردەکەوێ کە ئاستی ئامادەییان سەدجار زیاترە لە ئامادەییـان بـۆ ئەویادانە، لە کاتێکدا دەبێت یادەوەری بەپـێچەوانەوە بێـــت و ئەو شـــانازییەت پێبەخشـــێت کە خـــوێنی ئەنفالکراوان بەفیرۆ نەچـووە! بەڵام شـەڕی نـاوخۆو دوئیدارەیی ئاماژەبوون بۆئەوەی تاوانەکان هەمیشـە قابیلی دووبـارە بـوونەوەن، ئەمەش ئامـاژەیەکی رون بـــوون بـــۆئەوەی ئـارامی و دڵنیـا نەبـین لەوەی کە جارێکی تر ئەم تاوانانە دووبـارە نـابێتەوەو خەڵـک لەمەینەتیدا بەجێ نـاهێڵن، ئەوەی لە شـەنگال و دووز و کەرکـوک رویانـدا، بەرئەنجـامی شـەڕی نـاوخۆو بروانەبـــوون بەیەکتـری و هـیچ لەبـاردا نەبـوویی ئۆزسیون بوو، دەنـا یـادی ئەنفـال وەهاەبـجە ئەگەر بەهای یادەوەریان هەبوایە دەبوونە هەوێنـی کۆتـایی هاتن بەشەڕی ناوخۆو بێ متمانەیی. تۆ سەرنج بـدە یادەوەرییەکان لەبری ئەوەی ببنە رۆژی هەسـتانەوەو متمانە پێدانەوە بەڵام بوونەتە شـوێنی بەڵێنپێـدان و فریودانی خەڵک بۆیە هەتا ئیسـتا خەرمـانی بەڵێنـە جێبەجێنەکراوەکـان هەتـا دێـت گەورەتـر دەبـێ و متمـانەش هەتـا دێـت بەرەو نەمـان دەچێـت، بەلای کەمەوە متمانەی کەسوکاری قوربانیەکانی کوشـتووەو بێ متمانەیی خستووەتە شوێنێ.

یادەکان دادپەروەریان بۆنەهێنـاوین کە دەبـوو بەلای کەمەوە یاسای باش و دادوەری بەهێـز و دادپەروەری بەرهەم بهێنایە، بەڵام لەماوەی ٢٧ ساڵی یادکردنەوەدا داوای کەســـوکاری ئەنفـــالکراوان داوای ســـەروەری یاساو دادگـایی کردنـی تۆمەتبـارانی ئەنفـال دەکەن، بەڵام هێشتا ئەو داوایە لە ئاراداییەو بەردەوام ئاراستە دەکرێتەوە. دەبوو یادەکان، راستگۆیی بەرهەم بهێنن، بەڵام بەداخەوە لەو یـادانەدا زۆرتـرین درۆدەکـرێن ! لەیادەکاندا زۆر جار بەڵێنی پێدانی زەوی و شـوێنی نیشـتەجێ بـوونی کەسـوکاری ئەنفـالکراوان دراوەو بەهەر دەردی سـەرییەکی بوویێـت، کەسـوکاریان ئەو مافەیـــان بەدەســـتهاتووە، بەڵام بەراســـت شـــوێنی نیشتەجێ بوون مافی هەر هاوڵاتیی وتەنـانەت مـافی هەربەناهەندەیەکیش نیە؟ ئیدی ئەم مافانە چ پێویست بەمزایەدە دەکـات ؟! ئەمە جـگەلەوەی ئەم یـادانە بـۆ نوخبەیەک قۆرخ کراون و تەنها دەستەبژێرێک بۆیان هەبووە قسە بـکەن، بەداخەوە زۆرجـاریش دەسـەڵات کەسـوکاری قوربانیەکـانی کـردووەتە سانسـۆرچی وپۆلیســـی بێـــدەنگ کردنـــی خەڵکانێـــک کە نەیانویستووە گوێیان لەدەنگیان بێت، بۆیە کەمتـرین دەرفەت دراوەتە کەســـانێک کەقســـەی جیاوازیـــان هەبـــووە، تەنـانەت بەوکەسـانەش کە کـاری زۆرو بەهاداریـــان بـــۆ ئەم دۆســـییەکردووە، وەنەبـــێ ئەم دیاردە ترسناکە، تەنهـا لەکوردسـتان بوویێـت بەڵکـو لەوڵاتانی ئەوریـاش هەروابـوو، هەروەک هونەرمەنـد ڤیـــان کەمـــال لە کۆمێنتەکەیـــدا " چیرۆکـــی خـــۆی دەگێـــرێتەوە کە وەک شـانۆکارێک بەشـداری یـادی هەڵەبجەی لە هۆلنداکردووە، بەڵام قسـە جیاوازەکـانی بەرپرسانی یەکێتی وپارتی تورەکردووەو ناچار بووە هۆڵەکە بەجێبهێڵێت "

میـــدیا رۆڵێکـــی زۆر خراپـــی بینیوەزیـــاتر وەک تـــوێژێکی گونـــاه و زەلیـــل خســـتووەتە روو، ئەمە لەکاتیکـــدایە کە دەکـــرا ئەم تـــوێژە وەک مرۆڤـــی ستەملێکراو بەڵام ئازاو خـۆراگرو شـکۆمەند نیشـان بدرانایەو هاوکاری هەستانەوەیان بکرێـت نەک وەک مرۆڤی شکۆ شکاو لەدۆخی رابوردیاندا بهێڵدرێنەوە. هەروەک هونەرمەنـد دلیـرئەمین نوسـیویێتی " ئەوەی هەیە سواڵکردنی بەزەیی و فرمێسـکە، ئاراسـتەکانی کـــارکردن بـــۆئەوەنیە ببێـــتە وانەیەکـــی ئەخلاقـــی مرۆڤایەتی، بۆ سۆز جوڵانە ئەمەش جگە لە دۆخێکـی

سـايكۆلۆجی هیچـی دی دروسـت ناكـات. لەو ئاستەدانیە ئاخاوتن لەگەڵ ئەقڵی مرۆڤایاتیـدا بكـات"
هەرلەم بارەیەوە كـۆمێنتێكی جـوانی عەبـدوڵا سـاڵح دادەنـێمەوە كە نوسـیویێتی: (ئەگەر بۆكـولانەوەی برینەكان بێت نەكرێتەوە باشـترە، چـونكە یادەكـان دەبوو بۆساریژكردنی برینەكان بن)
لەم بـارەیەوە هونەرمەنـدی شـانۆكار خـاتوو ڤیـان كەمال نوسیویێتی :
بەرپرسان خۆیـان رێگـرن لەبەردەم ئەوانەش كە كە دەنگێكی هەبێ من ساڵی پێـرار لە هۆڵەنـد لەشـاری لاهای، بۆ یادكردنەوەی هەڵەبجە بانگهێشت كـرام، بە شانۆیەک بۆئەو یادە بەشداربووملە دوایـدا زۆرێـک لەبەرپرسانی یەكێتیهەریەک ووتەی خۆی پێشـكەش كردكاتێـک كە مـن سەرزەنشـتی بێهەڵوێسـتیان و خەمساردیانم روبەروو كرد، زۆر بە رەقـی وەڵامیـان دامەوە، دوا وەڵامم بۆیان ووتم: ئێوە تەنانەت ئەنفال و هەڵەبجەشـتان كـردە یانەسـیب و قومـاری مەرامە تایبەتێكانتان ئیدی هۆڵەكەم بەجێهێشت، بـاوەڕبكە لە ئەوروپـاش هێنـدە نۆكەریـان هەیە هەرچی بكەیـت دەبنە بەربەست .



بیـــرەوەریە
تاڵەكـــــانی
رۆژانی ئەنفال

# و یادکردنەوەی قارەمانێک

***گێڕانەوەی شاکار عەلی***

***نوسینەوەو داڕشتنەوەی عومەر محەمەد***

شاکار عەلی بۆخۆی کەسوکاری ئەنفالە، دایکی لە پەلامارەکەی ئەنفالی قۆناغی سێهەمدا گیراوەو هەتا ئێستاش چارەنوسی نادیارە، بۆخۆشی لە هەمان پەلاماری ئەنفالدا پێکراوەو بەبرینداری دەربازی بووە، لە بارەی ڕۆژانی ئەنفال و دەربازبوونی چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، کە بەلای منەوە گرنگیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە بەئەرکم زانی بەبایەخەوە دەستکارییەکی تێدا بکەم و بڵاوی بکەمەوە .

شاکار هەر چیرۆکی ڕۆژگاری سەختی خۆی برینداربوونی ناگێڕێتەوە بەڵکو باسی ئازایەتی ژنێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەهێنێت بەرێزەوە تەماشای بکەین بەتایبەتی لەرۆژگارە تاریکەکەی ئەنفالدا کە زۆر پیاوی ئازای بەچۆکدا هێناو ملی پێکەچکردن و زۆریش ئازایانە بەرەنگاری بوونەوە، دیارە ئەم ژنە لەژیاندا نەماوە بۆیە نوسیویەتی یادت بەخێر شێرە ژن . یەکێک لەگرفتەکانی کورد ئەوەیە کە چیرۆکی زۆرەو ناتوانێت وەک پێویست بیگێڕێتەوە شاکار نوسیویەتی (چەن دێرێک لە بیرەوەریە ناخۆشەکانی سەردەمی ئەنفال) هەڵبەت ئەو ڕۆژگارانە بۆ شاکار زۆر ناخۆش ومەترسیداربوون، ئەو ڕۆژگارێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە(ئیتر بچوکترین ئومێد و ڕۆشنایی تیدا بەدی نەکردووە) بەڵام سەیرە ! کە دوای پەیدا بونی ئومێدیش شاکار هەر نائومێدانە چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕیتەوە، لە کاتێکدا ژنێک دەبێتە فریاد رەس کەپیاوە ئازاکان هەڵاتبوون و پیاو ماقوڵەکانی ناودیوەخانەکانیش جاش بوون ! ئەو دەنوسێت : هەموو شتێک کۆتایی پێهاتبوو لە هەموو ئەو کەس و هاوڕێیانەش بێ ئومێدتر من بووم لەبەرئەوەی هەردوو قاچم و دەستێکم بریندار بوون، تەنانەت دەواو دەرمانەکانیشم تەواو بوو)

شاکار دەگێڕێتەوە کە بەسواری کەرێک بەناو ئەو شاخانەدا دەیانهێنام و دەیانبردم دەمانزانی کە ئیتر لیرە ژیان وەستاوە و ئەوان کۆتا ڕۆژەکانی خۆیان دەژمێرین.. هەواڵیان بۆ هەرکەسێک دەنارد نەدەهات بەهانایانەوە، هەواڵیان بۆ هەر دۆست وناسیاوێک دەنارد وەڵامیان بۆدەهاتەوە دەیانگوت : لەخاڵە بازیانی جێی هەموو هاوڕێ و خزمەکان هەیە تەنها ئەونەبێت !

چونکە نەخەڵکی ئاسایی ئەو بوێریەی تێدا بوو جێگام بکەنەوە هەرچەندە حەقی خۆشیانیش بوو چونکە ئەگەر ئاشکرا بونایە من و ئەوانیش بە ماڵ و منداڵەوە ئەنفال دەکراین... تەنانەت داوامان لە موستەشارە جاشەکانیش کرد یارمەتیان نەدایین، لەو بێ ئومێدیەدا داوامان لەم شێرە ژنە کرد کە ناوی فەخریە خانی کچی موشیری حەمەی سلێمانە ئەو بەپێچەوانەی هەموانەوە یەکسەر وتووبووی بەس شەوێکم بەسە بۆم بهێننە قەراخی چەمچەماڵ ئیتر حەقتان نەبێت، وتبوشی بەڵام کەس بەمە نەزانێت تەنانەت کەسە نزیکەکانی خۆیشی واتا نابێت بزانن لە کوێم بەهەرحاڵ دوای پرکێشی کردن بە ژیانی خۆمانەوە شەوێک منیان بە سواری کەرێک هێنایەوە ناو چەمچەماڵی خۆڕاگر، بەیانی زوو تەماشام کرد فەخری خان هات بەڕاستی خان بوو وا جوان خۆی گۆڕیبوو هەر لە شازادە ئەچوو، ماچی کردم و لەگەڵ کوڕێکیدا سواری سەیارەیان کردم و بردمیان بۆماڵی خۆیان کە گەیشتین دەرگایان کرابووەوە، ئەمە بۆئەوە بوو یەکسەر سەیارەکە بڕواتە ژورەوە، هەرچەنە من زۆر هیلاک وماندووبووم ڕەنگی مرۆڤی ئاسایم پێوە نەمابوو، برینداروو شەکەت و ماندوبرسی بووم، کوڕەکانی ئەم ژنە قارەمانە یەکسەر نایلۆنیان هێناو بەستیان بە قاچ و دەستمەوەو دەستیان کرد شۆردنم و ئینجا وشکیان کردمەوەو دەستێک جلی خۆیان هێناو کردیانە بەرم، ژورێکیان بۆ ئامادەکردبووم، کەس بۆی نەبوو بێتە

ژورەوە، دەرگایان پێوەدداو کلیلیان ئەداو کلیلەکەش یان بەفەخری خان بوو، یان بەکوڕەکانی.
دەبێت ئەوەش بڵێم کەوا خزمەکانی فەخری خان لەناو حکومەت و دائیرەی ئەمندا دەستڕۆیشتوو بوون، کە دەهاتنە سەردانی فەخری خان بۆی باس دەکردم کە ئەوان هاتوون بەڵام نەیاندەزانی کە من لەماڵەکەیدام دیار بوو ئەوە ویستی فەخری خان بوو، ڕۆژێکیان هەواڵ هات کە حکومەت نیازی هەڵمەتێکی گەڕان وپشکنینی لە شاری چەمچەماڵدا هەیە، ئەم هەواڵە زۆر ناخۆش و مەترسیدار بوو، فەخری خان زۆر تێکچوو، ئاخر دەزگا سیخوڕییەکانی حکومەت دەیانزانی خەڵکێک لەئەنفال ڕزگاری بووەو لەناوماڵانی چەمچەماڵ و شۆڕشدا خۆیان شاردووەتەوە، ئەم هەڵمەتانە بۆ دۆزینەوەو دەستگیرکردنیان بوو هەتا بەهەمان ئەو چارەنوسەیان بگەیەنێ کە خەڵکە ئەنفالکراوەکە بوویەتی، منیش وا تازە کەوتوومەتەوە سەر پێی خۆم و دەتوانم کەمێک بڕۆم، بۆیە لە ترسی ئەو هەڵمەتە هیچ بوارێکم بۆ نەمایەوە، لەو حاڵەدا فەخری خان ناردی بەدوای برازایەکیدا کە جێگری موستەشاری جاش بوو ناوی حەمەی فاتیح بوو، ئەم پیاوە کوڕەزای (موشری حەمەی سلێمان)ە کەهات ووتی :
فەرموو فەخری خان چیت گەرەکە ؟ (دیار بوو لە خۆشەویستیدا پێی نەدەگوت پوری وتی فەخری خان)
**حەمە کوڕێکم شاردووەتەوە بۆیە بانگم کردوی ئەم کوڕەم بۆ ڕزگار بکەی .**
جا کوا تۆکوڕی وات هەیە؟
**هەمە ئەگەر ڕزگاری نەکەی سبەی هەموو تیا ئەچین.**
گفتوگۆکەیان زۆری نەخایاند بەڵام ئەوە بۆمن زۆر ناخۆش بوو، هەستم کرد بارێکی قورس و مەترسیدارم بەسەریانەوە، ئیتر حەمە سواری سەیارەکەی کردم، ووتی : فەرموو با بڕۆین ڕۆیشتین و بردمی بۆ ناوچەی شوان فەوجەکەی لەوێ بوو، لەگەڵ بارەگایەکی سوپادا بوو، بەڵام بەر لەوەی بگەینە ئەوێ وتی : تۆئەم شەونابێت لە ناوئەم سەیارەیە دابەزییت، ئەوشەوەم لەناو سەیارەکەدا ڕۆژ کردەوە، بەڵام چەند جارێک هاتە لام، بۆ هەر پێویستیەک کە هەمبوایە، بۆ ڕۆژی دوایی دەمەو ئێوارە هەواڵ هات هەڵمەتەکە تەواو بووە، دیسان گەڕاینەوە بۆ چەمچەماڵ و هێنامیەوە بۆماڵی فەخری خان.
کە گەیشتینە ماڵی فەخری خان حەمە گوتی : فەخری خان ئەوە کوڕەکەتە، کاری وا خەتەریش دەکەی ئێمە نایزانین؟
زۆر بەداخەوە فەخریخان هێشتا گەنج بوو،کە کۆچی دوایی کردو بەجێی هێشتین.
من سوپاس گوزارم بۆ هەتا هەتایە، هەزار چەپکە گوڵ بۆ سەرئارامگەی بەرزی ئەوژنەی کەوا لە ڕۆژانی تاریکی ئەنفالدا مۆمێکی ئومێدی ژیانی بەڕوی مندا داگیرساند.



## وەڵام لەجێی خۆی

مام ئەفەندی
ساڵی ٢٠١٢ وەفدێکی پارتی چەپی سوێدی هاتن بۆ کوردستان، بەدوای دۆسێی ئەنفالەوە بوون، داوایان لێکردم دوو ڕۆژ یاوەریان بم و هاوکارییان بکەم لە دۆزینەوەی شایەتحاڵی باش، داواکەیانم بەجێگەیاندو دوو ڕۆژ لەهەڵەبجەو گەرمیان وسلێمانی یاوەریم کردن، یەکێک لەو شایەتحاڵانە پیاوێکی گوندی جەلەمۆرد بوو، کە لە چەمچەماڵ پێم ناساندن، مام ئەفەندی ٣٦ کەس لە خانەوادەکەی "هاوژین وکچ وکورەکانی و خزمە نزیکەکانی ئەنفال بوون، یەکێک بوو لە شایەتحاڵەکانی دادگای دۆسێی ئەنفال، سەرۆکی پارتی چەپ پێی گوت تکا دەکەم چی ڕاستە ئەوەمان بۆ بگێڕەرەوە ..مام ئەفەندی بە متمانە بەخۆ بوونێکی زۆرەوە وتی : من ئەوەندەم ستەمکاری و دڵرەقی وبەدرەفتاری بەعسیان بینوە، تەمەنم بەشی گێڕانەوەی ڕاستیەکان ناکات چ پێوستم بەدرۆیە.

# مشتومڕی ماف وسزا

کچی ئەنفالکراویک،(کۆچی ئەسعەد) لە پۆستێکیدا لەتۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک نیگەرانی و هەستی وروژاوی خۆی دەردەبڕێ و دەنوسێت: " کورە جاشەکە بوو بەپەرلەمانتاری کوردستان !!" منیش لە کۆمێنتێکدا هەم بۆ ( کۆچی و هەم بۆبەرێز د. پەروین عارف)م نوسیوە: ئەوە هیچ نامۆنیە ! بەڵام لە ڕاستیدا کوروکچ وهاوسەری جاشەکان نابێت باجی بەدرەفتاری باوک و باوانیان بدەن، چونکە ئەوان هیچ دەسەڵاتێکیان لەبریاری باش وخراپی باوکیاندا نەبووە، پێمخۆشە وردترتەماشای مافی مرۆڤەکان بکەین بەڵام ئەفسوس هیچکام لە کۆچی ئەسعەدو د.پەروین عارف ئەم بۆچوونەی منیان قبوڵ نیەو هێشتا لەسەرئەو ڕایەن کە دەبێت هاوژین وکچ وکوڕی جاشەکان باچی توندرەفتاری و بەدرەفتاری و جاشایەتی باوکیان بدەن ..! تەنانەت کۆچی ئەسعەد ئەم بیرورایەی منی بە (پاکانە) بۆنەوەی جاشەکان ناوبردووە ! منیش هەموو ئەو بیرورایە ڕەتدەکەمەوە.

**بەشێک لە کۆمێنتەکان:**

**د. پەروین** : لەوڵاتێکی دیموکراتیدا بەڵی، بەڵام لای ئێمە کور بە ناوی باوکییەوە ئە چێتە پێشەوە. دیوەخانەکان بۆ کێ کراونەتەوە بۆ کور یان باوک ؟؟!!

**عومەر محەمەد:** د.پەروین گیان ڕاستی لەڕوی ئینسانی ومافەوە هیچ ڕەوا نیە کەسێک باجی یەکێکی تر بدات!

**د. پەروین** : مامۆستا ئەوە لەکۆمەڵگەیەکی میسالیداوایە. ئێمە میسالی نین. کور و کچی کاربە دەستان بوچی کاریان ئەروات؟ بە ڕەنچی شان ئەبن بە بەوەی کە هەن. ڕێز وخۆشەویستیم بۆ تۆی بەرێز.

کۆچی ئەسعەد: لە ئەسڵدا گەر ئازاری نەهامەتی ژیان و گوزەرانی خەڵکانێک کە بەهۆی کەس وکاری ئەوانەوە لەبیر بچێت کە باوانیان ئەوکاتە پۆزیان لێئەدا بە جاشایەتی و بەعسی بوونی خۆیانەوە دواتر و ئێستاش نەوەکانیان بەسەر نەوەی ئەوانەی قوربانی دەستی خیانەتی باوانیانن و کردنیان بە مدیروگزیرو...ئەو کات مافی مرۆڤ و ڕێزی قوربانیدانیش ئەکەوێتە ژێر ئازاری عیزەت و ویژدانەوە.

عومەر محەمەد: کۆچی گیان کەسوکاریان بۆ ؟! گوناحیان نیە منداڵێک کوا دەسەلاتی باوکی هەیە ؟ چ جای باوکێکی درندەو جاش ؟

کۆچی ئەسعەد : کاک عومەر ڕاستە بەڵام کاتێک کە تاوانەکەی باوکی بدرێتە پاڵی.. بەڵام خۆیان و دەوروبەریشیان ئەبێ عیزەتی نەفسیان هەبێ.. دواتر بۆ کەسی تر باجی قوربانی باوکیان بدەنەوە مافی مرۆڤ بوونی نییە بەڵام بۆئەمان ئەم جۆرانە پاکانانە بکرێت هەرچەندە بەگومانم ئەم پاکانانە لە جەنابتان ئەبیستم!!!!! دوور لە جەنابتان کە دڵنیام وانیە.

عومەر محەمەد : کۆچی گیان باوانیان شایان بەسزان، خۆشیان هەقە عزەتی نەفسیان هەبێت، بەداخەوە ئەو تێگەیشتنەی منت ناوناوە پاکانە ؟! ئاخر ژنی موستەشارێک چ دەسەڵاتێکی هەیە ؟ منداڵ چ دەسەڵاتێکی هەیە ؟ ئەمە بۆ پاکانەیە ئەوان ئەگەر لەگەورەبوونیاندا شانازییان بە جاشیتی باوکیانەوە کرد هەق لای تۆیە.

**کۆچی ئەسعەد:** ئەرێ واللە کاک عومەر گیان خۆیان بەدەمی خۆیان ئەڵێن جاشایەتیمان کردو شانازی پێوە ئەکەین هەموویان دامەزراون و یا پۆستیان وەرگرتوە یا مووچەیان هەیە ئەڵێین بێ منەتین.. من گومانم لە دلسۆزییت نیە من تۆ بە بەشێک لە خۆمان دەزانم. بۆیە دەڵێم پاکانە

ئەوانێک کە خاڵین لە مرۆڤایەتی بەئاشکرا ئەچن پۆز بەسەر منداڵی ئەوانەدا لێدەدەن کە بوتە قوربانی دەستی خیانەتی باوانیان. ناکرێت بکرێنە پێشەوە یا تەداخولی وێشی نیشتمانی بکەن ئەتوانن لە لایەنی ترەوە برەو بە خۆیان بدەن. تۆ هەمیشە جێگای ڕێزیت.

**عومەر محەمەد**: کۆچی بەرێز بێگومان شانازی دەکەم بەشێک لە ئێوە بم، بەڵام ئەوە نابێت بۆ هەمووان وەک یەک تەماشا بکرێت، دەی هەر کوری موستەشاریشە لە گۆڤاری ئەنفالستاندا دەڵێت: نازانم چۆن ئەو پەڵەیە لەناوچاوانی خۆم بکەمەوە ؟ گوناهم چییە کە کوری پیاوێک بووم بێ ئەوەی دەسەلاتم هەبووبێت ئەوجاش بووە، ئەی باشە ئەگەر مەسەلەکە پۆزە مەگەر کوری بەرپرسەکان وا نەکەن ؟ مەگەر نەوەی بەرپرسەکان لەهی جاشەکان بەسۆزترن لەگەڵ خەڵکی هەژاردا؟

**کۆچی ئەسعەد**: ئەوەی کە ئازاری ئێمە ئەدات ئەوە ئێمە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ کوری بەرپرسان نیە ئێمە رۆژانە رووبەرووی ئەوانە دەبینەوە کە کاتی خۆی باوک و کەسوکار لەترسی باوکی ئەوان شوێن نەبوو خۆیان بشارنەوە ئێستاش ئەوان بێ منەتانە هەمان شێوەی ئێمە ماف و ئیمتیازاتی هەیە بێ ئەوەی کە وەک خۆی خاوەنی لێهاتووی کار بێت هێشتا کەسانێک هەن کە پۆستەکانیان لەسەر قوربانی ئێمەیە پاکانە و داوای ڕێزیان بۆ دەکەن لە ئەسڵا خاوەن رێز و ماف بۆ کەسێک دەکرێت وەک ئەو کورەی تۆ ئاماژەت پێداوە کە ئاوا خاوەن عیزەت بێت لای ئێمە وانین کاک عومەر گیان لای ئێمە دەڵێین باوکمان جاش بوە بێ منەتن چی دەکەن بیکەن بێ چاوو روویان مافی بۆ نەهێشتوون. خۆم لە جاشمەرگەم پرسیوە رووت دێ سەردانی مۆنۆمێنتەکانی ئەنفال بیکەیت وتویەتی ئاروەلا بۆ نا ووتم تۆ جاش بووی ئەلێ وەلا شانازی بە جاش بوونی خۆمەوە دەکەم.

**عومەر محەمەد** : بەڵام کێ ئەو مافەی پێداون ؟ کێ ئەو مافەی لەتۆ سەندووەتەوە ؟ ئەوان کوری جاشەکان ؟ یان دەسەلاتێک کە سەرۆکی جاشەکانی هەزارجار لە کەسوکاری شەهیدەکان بەلاوە بەقەدرتر بووە ؟ ئایا کە دەسەلاتێک هەبوایە ڕێزی لەمرۆڤ وشەهیدو یاسا بگرتایە، ئەوان وەک ئێستا بیریان دەکردەوە یان هەستیان بەشەرم دەکرد ؟ بێگومان ئەوەی بەرەی کوردستانی کردی لێبوردن نەبوو،بەڵکو بێ بەهاکردنی خوێنی خەڵک بوو، لێبوردن ئەوەیە لێبوردراوان هەست بەشەرم و پەشیمانی بکەن و سودی لێوەربگرن و نەوەکانیان لەسەرهەمان ئەو ڕێگا شەرمهێنەرانە نەڕۆن.

ئەو گفتوگۆیەی سەرەوە پوختەی سەرنج وکۆمێنتەکانمانە پێمباش بوو ئەم مشتومرە چیدی لەکۆمێنتی من و ئەوهاوڕێیانەدا نەمێنێتەوە، بەڵکو بێین مشتومڕێکی لۆژیکی بکەین و هاوڕێیانی تریش بەشداری پێبکەین. بناوانی ئەم کێشەیە کچ وکوڕی جاش وموستەشارەکان نین، بەڵکو هەڵە مێژووییەکەی بەرەی کوردستانییە بەناوی لێبوردنە گشتیەکەی ساڵی ١٩٩١ دوە.

ئەوەی بەرەی کوردستانی و دواتریش دەسەلاتی حزبەکان لەکوردستان کردیان لێبوردن نەبوو، بەڵکو هەڵەو بگرە تاوانێک بوو دەرهەق بەخەڵک کردیان، چونکە هیچ خەسلەتێکی لێبوردنی تێدانەبوو، لێبوردن ئەوەیە لێبوردراو سودی لێوەربگرێت و هەست بە پەشیمانی بکات و جارێکی تر دەست بۆ تاوان وتوندوتیژی وچەتەیی نەباتەوە بەڵام ئەوانەی لەکوردستان تاوانیان ئەنجامدا نەک هەر خۆیان سودیان لێوەرنەگرت بەڵکو بەهۆیەوە ئەوکەسانەش تیوەگلان وچاویان لێکردن کە

بەنیاز نەبوون رۆژێک تاوان ئەنجام بدەن، دزی بکەن و گوێ بەهەستی خەڵک نەدەن، بکوژن وحساب بۆ یاساو مافی خەڵک نەکەن.

ئەوەی ئێستا نەوەی ئەنفالکراوان وشەهیدان پێوەی گیرۆدەن ئەوهەستەیە کە لەبنەرەتەوە دەسەلاتی حزبەکان پێشێلی کردووە و نەوەی جاش وخائینان وتەنانەت نەوەی فەرماندەو بەرپرسانی حزبیش حسابی بۆناکەن، ئەومافەیە کە کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان هەیانەو وابیری لێدەکەنەوە کە خوێنی کەسوکارەکانیان بە فیرۆ رۆیشتووە .

ئەوەی لە رابوردودا رویدا چ جاشێتی و چ ئەنفال و چ بریارە هەڵەکەی بەرەی کوردستانی هیچ تاوانێکی (نەوەی جاشەکان)ی تێدا نیە، ئەگەر یاسا سەروەربوایەو لێپێچینەوە لە خیانەت وتوندرەفتاری و تاوانی باوکیان بکرایەو بەرنامە بۆ پەروەردەی نەوەکانیان هەبوایە بێگومان ئێستا ئەوانیش هەستێکی وایان نەدەبوو حساب بۆ کەس نەکەن . من ئێستاش دەڵێم : دەکرێت دەسەلات و رەوتێکی باش باشترین کەسان لە کەسوکاری ئەوجاشانە بەرهەمبهێنێ .. بەڵام ئەگەر دەسەلاتەکە خۆی بەعقلی جاشایەتی بەرێوە بچێت چۆن و چی بگۆرین ؟

لەو پۆستەی فەیسبوکدا داوام لە هاورێیانکرد سەرنجی خۆیان بنوسن و گفتوگۆیەک لەم بارەیەوە دابمەزرێنین خۆشبەختانە هەمان شەو کە پۆستەکەم تێدا دانا چەند هاورێیەک بەشدارییان کرد، کەمینەیەک دژو زۆربەشیان هاورابوون لەگەڵ مندا، بەگشتی زۆرینە بەسەرنجی پوخت وجوان بەشدارییان کرد گرنگترینیان بریتی بوون لەم سەرنجانەی خوارەوە :

**تالیب رەسول** : من پێم وایە بۆچوونەکەی بەرێزت لە جێی خۆیدایە. دەبێ هەوڵ بدەین ئەو پەندە کۆنە بگۆرین کە گوایە "گیا لەسەر بنجی خۆی دەروێتەوە".

**هاورێ ئەحمەد** : دەست خۆش کاک عومەر منیش تەواو هاورای بۆچوونی تۆم، ئەوەی ئێستا لە ئەڵمانیا خەڵکی ئەڵمانن کورو کچی نازیەکانن، کەس ناڵێ تۆ مافی ئەوەت نییە ئەو شتە بکەیت چونکە باوکت یان دایکت نازیە، وەلێ لای خۆمان کێشەکە لە شوێنێکی ترە، ۆەویش ئەوەیە عەدالەتی ئینتیقالی رووی نەدا ئەو کچەو د.پەروین درەنگ کەوتوون دەیانەوێ کەسێکی بێ گوناح باجی ئەو تاوانە بدات چونکە باوکی کورەکە هێشتا باجەکەی نەداوە دواتر من بە شێوەیەکی تر ئەمە ئەبینم، نازانم بۆ باسی جاش و مستەشار درکرێت لە ئێستادا؟ لە کاتێکدا گەورەو بچووکی ئەم فەرمانرەوانە جاش و مستەشاروبە کرێگیراون، لێرە بە دواوە جاش بوونی هەشتاو هەشت ئەهمیەتی نییە لە لای من.

**جیهاد محەمەد کەریم** : هاورێ عومەر تۆ راستدەکەیت و وایە، نابێت کچ و کوری جاشەکان و خیانەتکاران باجی باوک و دایکیان بدەن. بەڵام ئەمە مەرجی لەگەڵدایە، ئایا کچ و کوری ئەو جاشانە یان ئەو خیانەتکارانە ئیدانەی هەڵوێستی باوک و دایکیان دەکەن، یان لایان وایە ئەوە خەبات بووە، وەک چۆن پارتی بە هەندێک لە جاشەکان دەڵێن ئەوانەش خەباتیان کردووە. من دڵنیام ئەوانەی کە بوون بە ئەندام پەرلەمان و باوکیان جاش بووە، لە لیستی پارتی و یەکێتیدان و ئەوان کاندیدیان کردوون، کاندیدکردنەکەشیان لەوەوە نەبووە کە کور و کچەکانی ئەو جاشانە نا بێت باجی کەس و کاریان بدەن، بەڵکو لەوەوە کاندید کراون کە سوکاریان جێگەی شانازین لا پارتی یەکێتی. بەڵام با قسەیەکی تر بکەین و لێرەدا قسەیەکی تر دێتە پێشەوە، ئایا خودی ئەو حیزبانە خۆیان واتا پارتی و یەکێتی بۆ خۆیان جاشێتیان

نەکردووە؟ ئایا خیانەتیان نەکردووە؟ کەواتە چیلکەدان لەم مەسەلەیەوە زۆر مەسەلەی تر دەورووژێنێت.

**شەماڵ رەوف : منیش کاتی خۆی هەمان رام هەبوو، بەڵام ئیستا دەڵێم تاک بەرپرسە لەکارو کردەوەکانی خۆی .**

**عاصی فرود :** من هاوڕاتم کاک عومەر گیان بەڵام یەک ڕاستی هەیە منالی جاش و مستەشارو بەعسیەکان گەر ڕاستەو خۆ سود مەند نەبوبێتن لە جاشایەتی باوکیان بە ناڕاستەو خۆ سود مەندن بونە بۆ نمونە منالی ئەو تاوانبارانە توانیویانە بچنە بەر خوێندن و بروانامەی بەرز بە دەست بێنن لە هەمان کاتدا منالی پێشمەرگە ، شەهید ، ئەنفال ، تەنها لە خەمی ئەوەدا بووە لە قوشبنێکدا خۆی حەشار بدات و نەکەوێتە پێش چاوی ئەو ناکەسانە منیش پێم ناخۆشە کورە خائینێک لە سایەی خیانەتدا بروانامەی بەدەست هێنابێ ئێستا دادوەرو پەرلەمانتارو پۆستی باڵای هەبێ .

**مەیلی جان :** سێ بەشی بەرەی کوردستانی جاش بوون جگە لە هەندێک کوری هەژاری بێ ئاگا لە سیاسەتی پۆخلاواتی کوردایەتی.....بۆیە هیچ لە نزمی حوکمرانی نەگۆڕراوە .

**تێبینی** من (عومەر) دەربارەی ئەم سەرنجەی مەیلی جان ئەوەیە کە لەکۆمێنتێکەدا بۆم نوسیوەتەوە گرفتەکە لەوەدایە رەفتار جاشانە بێت، هەن یەک چرکە جاشایەتیان نەکردووەو هەمیشە نارازی بوون لە دەسەڵات، بەڵام فکرو رەفتاری جاشانەیە.

## مەرگی ژنێکی چاوەڕوان



### سەعدە حمید ئەحمەد خان

خەڵکی گوندی سپی سەری – ناحیێ خان رۆستەم ئاغای گەرمیانە.

ئەم ژنەش وەک هەر گەرمیانیەکی تر چاوەروانی بەشێکی زۆری تەمەنی داگیرکردبوو. لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ ئەم ژنە چاوەروانی گەڕانەوەی کورەکانی دەکرد. دایکی ٤ کوربووە، بەناوەکانی (کەرەم، سابیر، شکر، سەمەن) شوکر پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. لەپێش پەلامارەکانی ئەنفال لە چالاکیەکدا لەسەر ڕێگای خورماتوو شەهید بوو. لەدوای ئەو کۆستەش پەلاماری ئەنفال لەگەرمیان دەستی پێکردو سابیر و کەرەم بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن و جارێکی تر نەگەرانەوە بۆلای دایکیان.

بەرەبەیانی رۆژی٢٠١٩/٢/٢٢ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.



# بەغدام چۆن دیت (٣٣)
# شەڕی نێوان ئێمە و مەحمود

د. ئیبراهیم مەلازادە

**لەچوارچێوەی زنجیرە گێرانەوەیەکی تایبەت بە سەفەرێک بۆ بەغدا، لەسەر کۆمەڵێک وێستگەی جیاواز وەستاوم و گێڕاومەتەوە. ئەم زنجیرەش، یەکێکە لەو وێستگانەی کە ئەنفالستان پێی خۆش بوو لەژمارە (١٤)ی خۆیدا بڵاوی بکاتەوە. زنجیرەکە تایبەتە بە هەڵوێستی یەکێک لە پیاوە سوننییە عەرەبەکان کە پشتیوانی لە هەوڵەکانی عەببادی دەکرد و کوردیشی بە جوداخواز دەناساند.**

* * *

**ڕووداوەکە لەماڵی ئەبوسەعدە. ئەبوسەعد پیاوێکی ئەندازیاری بەغدایيە و بۆماوەیەک کاری لەسەر مافی مرۆڤ کردووە و کەسێکی مرۆڤدۆستە. لەمیانەی گفتوگۆمان و میوانداریکردنی من، ئامۆزایەکی هاتە ماڵیان و لەئەنجامی گفتوگۆیەکی خێرادا دانیشتنەکەمان بەئاڕاستەیەکی نەخوازراودا ڕۆشت.**

روخسەتمان وەرگرت و چووینەوە سەرەوە. دیسان کەوتینەوە ناو گفتوگۆ و دیسان هاتەوە سەر باسی کتێبەکەی ڕەسافی. گوتم: وابزانم ئینتەرڤیوەکەمان تەواو بکەین، ئینجا گفتوگۆکەمان بکەین .

گوتی: باشە پێشنیازێک، چ دەبێت ئەگەر ئەمشەو بە ئیمێڵ وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە، ئەگەر پرسیارەکانت ئامادە بن؟

گوتم: هیچ نابێت،بەڵام لەوانەیە ڕووبەڕووبتوانم زانیاری زیاتر وەربگرم.

گوتی: باشە برام، با سەرەتا ئینتەرڤیوەکە ئەنجام بدەین دوایی قسەکانی خۆمان دەکەین. لەو دەقەیەدا، دەموسیت ڕیکۆردەکە بوەستێنم بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لەبەشێکی نوێدا دایبگیرسێنمەوە کە تایبەت بێت بە ئینتەرڤیوەکە. لەودەقەیەدا لەزەنگی دەرگا درا، ئەبوو سەعد، گوێکانی قوڕخ کردبوون داخۆ کێیە لەدەرگای دا. زۆری نەبرد دایکی سەعد، بانگی کرد و گوتی: ئەبووسەعد، محمودە، تۆی دەوێت!

ئەبوسەعد هێشتا لەشوێنی خۆی هەڵنەستابوو، دەنگی قادرمەکان هات و یەکێک بەسەر دەکەوت. لەپڕ مەحمود بەدەرکەوت. مەحمود کورەگەنجێکی تەمەن دەوری سی ساڵی دەبوو. کۆتێکی قاوەیی و پانتۆڵێکی جینسی ڕەنگی خاکی لەبەردابوون. بەرەو ڕووی ئێمەهات و ئەبوسەعد پێشی من هەستایە سەر پێ و منیش بەدوایدا. تۆقەمان کرد و ئەبوسەعد بەیەکتری ناساندین و گوتی: ئەوە مەحمودی ئامۆزامە.

ئەبوسەعد فەرمووی لێکرد و ئەویش لەبەرامبەر من لەسەر کورسییەکە دانیشت. ئیدی دوای چەند دەقەیەک چاکو خۆشی وبەخێرهاتن، ڕووی لەمن کردوگوتی: ئەو برادەرە لە شیمال هاتووە؟!

کە گوتی شیمال، زۆر قەڵس بووم، نەک لەبەر ئەوەی گوتی شیمال، چونکە بێ ئەوەی بپرسێت؛ خۆکارێکی تایبەتتان نەبوو. تەنانەت هەستم کرد کە ئەبوسەعدیش پەست بوو.

لەوەڵامدا گوتم:

- نەخێر!
- ئەها بەس وام گوێلێبوو گوتیان لەهەولێرەوە هاتوویت؟
- وایە، لەهەولێرەوە هاتووم! لەو کاتەدا ئەبوسەعد؛ دەزریقایەوەولەنهێنییەکە تێدەگەیشت.
- تێناگەم، دەڵێی لەشیمال نەهاتووم و لە هەولێریش هاتووم.

- دەی خۆ ئەوە حەزورە نیە، زۆر ئاسانە. من پێم وانیە هەولێر شیمال بێت، بەڵکو ناوێکی ڕەسمی هەیە تەنانەت بەپێی دەستوری عێراقیش.
- ئاخر ئەوەیە کە هەمیشە قەڵسم دەکات. مخابن ئێوەی کورد زۆر ڕەگەزپەرستن؟!
- ڕاستە، ئێمەین ١٨٠ هەزارعەرەبمان جینۆساید کردووە، تەنها لەبەرئەوەی عەرەبن وهیچی دی.
- هەمیشە ئەو قسەیە دەڵێنەوە، ئەوە قەوانێکی کۆنە وبەسەر چووە. جگە لەوەش ١٨٠ هەزار کەس نەبوو، ئێوە لەوەشدا موبالەغە دەکەن .
- ئەوە سروشتی جینۆسایدکارانە. لەجیاتی دان بەتاوانەکەدا بنێن و داوای بوردن بکەن، ئەو جۆرە قسانە دەکەن. مخابن، لەیەکەم دەرکەوتنت ١٨٠ پلە لەگەڵ ئامۆژاکەت جیاوای.

لەودەقەیەدا، دایکی سەعدیش بەسەرکەوت. ویستی قسە بکات، بەڵام مەحمود جارێکی دیکە هاتەوە قسەو گوتی:

-تەماشاکە، پرسیارێکی زۆر سادە؛ ئەگەر تۆ سەرۆکی عێراق بیت، بشبینی خەڵکێک وا وڵاتەکەت و خاکەکەت دابەش دەکەن و دەیدەن بەوڵاتێکی دووژمن. ئایا لەدوورەوە تەماشایان دەکەیت، یا تەفروتونایان دەکەیت؟!

دایکی سەعد یەکسەر هاتە قسە وگوتی: تەماشاکە مەحمود؛ سەرەتا دکتۆر میوانی ئێمەیە و حەز بەموناقەشەیە ناکەم لەماڵی ئێمەدا ئەنجامی بدەیت. دووەم؛ ئەوان کاری تایبەتییان هەبوو وتۆ بەبێ ئیزن بەسەرکەوتی و ڕوخسەتت وەرنەگرت. پێم ناخۆشە بەوجۆرە ڕەفتار دەکەیت!

ئەبوسەعد هەڵیدایە و گوتی: توخوا دایکی سەعد، لێگەڕێ، پێم خۆشە ئەوگفتوگۆیە بەردەوام بێت. تازە ئەوەی هاتووە هاتووە. وازی لێبێنە.

دیسان مەحمود دەستی بەقسە کردەوە و گوتی: دایکی سەعد، مخابن وەها بیردەکەیەوە. ئەوە ماڵی خۆمە و کەس لەماڵی خۆی پێویستی بە ئیزن نیە. لەگەڵ ئەو بڕادەرەش خۆشەر ناکەین، تەنها گفتوگۆیەکە و یان دەمبەزێنێت یا دەیبەزێنم. ئینجا ڕووی لەمن کردەوە و بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: دەی ئوستاز، هەڵوێستت چی دەبێت؟ لەوەلامدا گوتم: وەڵامەکە فرەڕەهەندە.

**یەکەم:** ئەو هەڵوێستەی تۆ هی دەستەڵاتێکی ملهوڕی دیکتاتۆرە و بەهیچ شێوەیەک ناچێتە خانەی دەستەڵاتێکی نیشتمانی. بەپێچەوانەوە ڕوخاندنی وەها دەستەڵاتێک دەچێتە خانەی ئەرکێکی نیشتمانی.

**دووەم:** وڵاتی ئێمەی کورد، بەتایبەتیش بەشی باشوور، کە خۆی لە ویلایەتی موسڵدا دەنواند، شەش ساڵ دوای پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق، لەژێر کار و هەژموونی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی بە عێراقی عەرەبییەوە لکێندرا. لەپەیماننامەی سیڤەریش بەڵێن بەکورد درابوو کە ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ.

**سێیەم:** سێیەم، لەڕێککەوتنی نێوان عێراق و بەریتانیا، بەر لەوەی بەریتانیا عێراق بەجێبێڵێت، داوای جێگیرکردنی مافەکانی کوردی کردووە و عێراق ئەوکاتە بەڵێنی داوە کە مافەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکات.

**چوارەم:** هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، کورد لەبزووتنەوەی سیاسیدا بەردەوام بووە و چۆکی بۆ دەستەڵاتی عەرەبی عێراق نەداوە. هەر لەشێخ مەحمودەوە بەردەوام بووە تا دەگاتە مستەفا بارزانی و بە ئەمڕۆیشەوە.

**پێنجەم:** دوای کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٥٨ لەدەستوری کاتی ئەوکاتەدا دان بەکوردا نرا وەکو هاوبەشی عەرەب لە عێراق. بەڵام دەستەڵاتی عەرەبی هەرگیز وەکو هاوبەش ڕەفتاری لەگەڵ پێکهاتەی کوردا نەکردووە. بۆیە هەرزوو لە بەڵێن و داننان بەکوردا پاشگەزبوونەتەوە.

**شەشەم:** بۆیە، برام بەشێک لە کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە لکێندراوە. دوور و نزیک باشووری کوردستان بەشێک نیە لە نیشتمانی عەرەبی، بەڵکو بەشێکە لە نیشتمانی کورد و زوڵمی زەمانە و

ناتەبایی خۆیان وایان لێکردوون بکەونە بن دەستی کەسانی وەکو ئێوە.

**حەوتەم:** ئەو زەمــــانەی کە کـــورد جینۆســــاید دەکـرا،داوای ئۆتۆنـۆمی دەکـرد و هەرگیـز لەهـیچ دروشــمێکیدا داوای جیــابوونەوە و ســەربەخۆیی نەکــردووە. ئەوەش تــۆمەتێکی بەخــۆڕاییە. ئــێمە بەردەوام گلەییمان لەئێلیتی سیاسی کوردی ئەوەبووە کە هەمیشــە گەڕاونەتەوە بەغــدا و باوەڕییــان بەسەربەخۆیی نەبووە. بۆیە نەخێر، بەغدا خاک و مێــژوو و چارەنوســی ئــێمەی داگیرکــردووە و پێویسـتبوو وەکـو (محتـل) داگیرکـاریش ڕەفتـاری لەگەڵـدا بکرێـت، بـۆ ئەوەی کەسـێکی وەک تـۆ بەو زمانە قسە لەسەر قوربانییەکانی جینۆسـایدی کـورد نەکات.

لەو دەقەیەدا، کە مەحمـود دەیویسـت وەڵام بـداتەوە، ئەبوسەعد لەشوێنی خۆی هەستا و هـاتە نیوانمـان و لەگەڵ ئەوەی کە دەستی لەسەر شانم دانا و گوتیشی؛ مەحمود بەیارمەتیت، بابەس بێت. ئوستاز لەبەرچاوی من گەورەتر بوو، چونکە زۆر بەڕاشکاوی و بەمتمانە بەخۆبـوونەوە وەڵامەکەی تـۆی دایەوە، بەبـێ ئەوەی حیسـاب بـۆئەوە بکـات کە لە مـاڵێ عەرەبـێکە و بشڵەژێت، یاخۆی مۆن بکاتەوە. مەحمود گـوتی: لـێم گەڕێ بـــــــا وەڵامــــــــی بــــــــدەمەوە؟ دایکی سەعد، ویستی قسە بکات، ئەبو سەعد دەستی بەڕووی دایکی سەعددا بەرز کردەوە و گوتی: نەخێر تائێرە بەسە، مەحمود ناهێڵم وەڵامـی بـدەیتەوە. ئەو بـابەتە سیاسـییانە خۆشـی و بەختەوەریمـان ئـاڵۆز دەکەن. بەڵام بەکورتی ئەوەت پێ دەڵێم کە سـەد دەر سـەد لەگەڵ بۆچـوونەکەی ئوسـتاز دام. گەلـی کـورد ئــــازاری زۆریــــان چێشــــت، مخــــابن سیاســــی شکستخواردوویان هەن و لەئاسـت عەدالەتـی پرسـی میللەتی خۆیاندا نین، ئەگینا بێجگە لە مـرۆڤ بـوون هیچ شتێک لەگەڵ ئـێمە کۆیـان ناکـاتەوە. مێژوویـان جیــــاوازە، زمانییــــان و خاکییــــان و کولتــــور و جلوبەرگیشییان و هەموو شـتێک هەمـوو شـتێکییان جیــاوازە. ئەوقســانەی تــۆ ســـواون و بەکەڵکــی زبڵدانیش نایەن.

مەحمود، هەستایە سەرپێ و گوتی: مخابن عێراقییەک لەســەر ئەو زەویە و لەنــاو پێتەختــی وڵات هەبێــت پشتیوانی لەجوداخـوازانی وڵاتەکەی خـۆی بکـات و تەنانەت نەهێڵێت وەڵامیش بدەمەوە. قەت ئەوەم لەتـۆ چــــــــــاوەڕوان نەدەکــــــــــــــــــــــرد.

ئەبوســەعد: بەقاقــای پێکەنیــنەوە، دەبــڕۆ بــانگی حەشـدی شـەعبی بـکە، بڵـێ دوو جوداخـواز هـاڵەو ماڵەن. عەجیـب و غەریـب، دەبـێ عەبـبادی چـی پـێ بەخشییبێت؟ مەحمود: عەبادی پیـاوی کـوڕی پیـاوە. موسـڵی لە داعشـەکان سـەندەوە و کەرکوکیشـی لە دەسـتی جوداخــواز و ئیسـرائیلییەکانەوە دەرهێنـا. دوای ٢٠٠٣ نیشــــتمانیترین ســـەرکردەی عێـــراق عەبادییە. ئەبوسەعد: تەواو، هیچی دیکە تـۆهی ئەوە نیت گفتوگۆت لەگەڵدا بکرێت. کـورم، ئـێمە کێشـەی سیستەممان هەیە. سەدا هەشتای خەڵکەکەت لەشـار و شارۆچکەکانی خۆیـان وەدەرنـراون و ئـاوارەن. ئەو بەغـدایەی کە تیایـدا دەژیـت، تـا دوێنـێ نەتـدەوێرا لەجاددەکەی ماڵیخۆشتان بسوڕێیتەوە، جگە لەوەی کە لەســـوننەکان بەتـــاڵ کـــراوەتەوە. ئەو سیســـتەمی سیاســـییە، سیســـتمێکی تـــائیفییە بەئیمتیـــاز. ئەگەر ئەوەنـدە ئاشـقی عەبـادی، بـڕۆ نـاویخۆت لەحەشـد بنوسە و ببە بەبەشێک لە مەنزومەی دەوڵەتی سەفەوی ئێران.

مەحمــود: لەقادرمەکــان نزیــک کەوتەوە و پەنــجەی ڕادەوەشاند و دەیگوت: بەشانازییەوە دەبمە حەشـد. حەشـــد شـــانازی ئەو وڵاتەن. شـــەرمەزاری ئەوەیە پشـتیوانی جوداخـوازان بـکەن. مخـابن نەمـدەزانی هاتوومەتە ماڵێکی خۆفرۆش. دایکی سەعد هاتە قسە و گوتی: زیاتر قسەی زیاد نەکەیت. جارێکی دیکەش لەدەرگای ئێمە نادەیتەوە .

مەحمود پێیەکی لەسەر قادرمەی خوارەوە و یەکێکیش لەســەرەوە و وەدەیگــوت: دەبێــت ئەو پــێڵاوەم مــاچ بکەیت ئێنجا لەو دەرگایە دەدەمەوە. تـۆ هەر ژنێکـی داخلەدڵی و دژی هەموو ئەهلی بەیتیت.

لەگەڵ ئەوقسانە، زانیم ئەوکورە مەزهەبی گۆڕیوە. ڕوویکی لەمن کرد و گوتی: برای ئینفیساڵی. زوو یادرەنگ عێراقتان پێ بەجێدێڵین. لەعێراق جێگای جوداخوازان و ئیسرائیلییەکان نابێتەوە.

بێگومان، ئەبوسەعد و هاوسەرەکەی حەپەسابوون. کەڕۆشت، هەردوکیان ڕوویان لەمنکرد و زۆر داوای بوردنییان کرد. ئەبوسەعد؛ چەندین جار گوتی: بەڕاستی شەرمەزارم و خۆزگا لەژیانم ئەو ئامۆزایەم نەدیبوا .منیش، مایەوە من دڵی ئەوان بدەمەوە. بۆم باس کردن کە ئێمەی کورد ساڵهایە لەگەڵ ئەوجۆرە ئاقڵیەتە تێکەوتووین. بۆیە نەیەکەم کەس دەبێت و نەدواکەسیش. بەڕاستی ئەگەر خۆتان سەخڵەت بکەن ئـــــــــــــــــــــازارم دەدەن.

دایکی سەعد گوتی: جا ئازار لەوە زیاتر، بۆ هیچ ماوەتەوە برای خۆم. مخابن، ئەو کوڕی داخلەدڵە .گوتم:

– باشە، پێشتر کێشەتان لەگەڵی هەبووە؟

دایکی سەعد: لەڕاستیدا کێشەیەکی ئەوتۆ نەبووە. ئەسڵەن لەگەڵ ئێمە نەبووە. بەکورتی بۆ ئەوەی وانەزانیت بەهۆی تۆوەیە. ئەو کورە چووە داخوازی خوشکەکەم، خوشکی منیش لەلایەک تەڵەبەی زانکۆیە و هێشتا دووساڵی ماون خوێندنەکەی تەواو بکات. لەلایەکی دیکەشەوە، جارێ بیر لەشووکردن ناکاتەوە، بۆیە ڕەفزی کرد و پێی گوت؛ نامەوێت شوبکەم. لەوکاتەوە ئاوا لەگەڵ ئێمەش عودوانی بووە. بەڵام قسەکانی ئەمشەوی هەرزۆر نائاسایی بوون. تەنها دوو هەفتەیەکە نەماندیتووە .

ئەبو سەعد گوتی: ڕاست دەکەیت، باس لە ئەهلولبەیت و پاڵەوانییەتی عەبادی و تاد. سوننییەک وەها قسە بکات، جێگای سەرسوڕمانە. هەرچەندە هەفتەی ڕابردوو لەبازاڕ دیتم و چاکوخۆشیمان کرد، بەڵام شتێکی ئەوتۆی باس نەکرد. ئەبوسەعد بەپەنجەکانی دەستی دواوەی قژی خۆی دادەهێنا و ڕایدەکێشا. هاوسەرەکەشی ڕەنگی گۆڕابوو و تێکچووبوو. لەپڕ ئەبوسەعد گوتی: برام ئیبراهیم، هەستە باجارێ تۆ لێرە دوورخەمەوە، نەبادا ئەوکورە هێزێکی حەشدی شەعبی بێنێتە سەرمان. ئەوە ژیانە هەموو ئیحتیاتێک واجبە. دایکی سەعد گوتی:

– باوەڕ دەکەیت ئەوەندە نائینسان وبودەڵە بێت؟
– ئەبوسەعد: ئیحتیات هەمیشە باشە .
– گوتم: هاوڕاتم. باشە، بەڵام چۆن دەبێت دایکی سەعد بەتەنها جێبێڵیت؟ من بەتەنها تاکسییەک دەگرم و دەڕۆمەو بۆ هۆتێل.
– دایکی سەعد: نا، دەیان شەو بەتەنها دەمێنمەوە. ئەبوسەعد ئەوشەوانەی شەفتی شەوان کاردەکات، من هەربەتەنهام لەماڵەوە دەمێنمەوە. خەمی ئەوەت نەبێت.
– ئاخر هەر پێویست ناکات.
– ئەبوسەعد: دەزانی برام ئەوموناقەشەیە مەکە. بەتەنها ناتنێرمەوە وتەواو. نیوسەعاتێکە و موعەززەز موکەڕەم دەتگەیەنمەوە بۆهۆتێلەکەی خۆت.

بەوجۆرە، ڕێکۆردەکەم داخست وخستمەوە نێو جانتاکەم و هەستام و ماڵئاواییم لە دایکی سەعد کرد. هەڵبەت دیسان داوای بوردنی کرد.

# حاجی حەمید، قوربانییەکی تری ئەنفال، بە نائومێدی سەری نایەوە

محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق

ئەمـــڕۆ٢٠١٨/١٢/١٦ ئێـــوارە هەواڵـی کـۆچی دوای حـاجی حەمیدی ئـاوایی سـەیجەژنی گەرمیانم پێگەیشت.

ئەم پیـاوە ئەنفالدیـدەیەش لە تەمەنێکی هەڵکشـاودا کـۆچی دوایـی کـرد، وەک دەڵـێن مەرگ لەرێـگەی هەمـووانەو رۆژێک یەخەی هەموو کەس دەگرێـت، بەڵام ئەم پیـاوەش وەک زۆربەی پیرەمێردەکانی گەرمیـــان تـــا ئەمـــڕۆ کە بەیەکجاری چاوی لێکنا هەر چاوی لەرێـگەی گەرانەوەی سێ کورە گەنجەکەی بوو کە ئەنفال وەک هەزاران کەسـی تری ئەم گەرمیانە پێچانیەوە و لوولیـدان و سـەرنگوونی کـردن و لە نێو لمی بیابانـدا ئەسپەردەی گۆڕی بەکۆمەڵی کردن .

گەردەلـــوولی ئەنفـــال هەر بەوەوە نەوەســتا و حـــاجی حەمیـد و مـیمکە زەینەبـی خێزانیشـی راپێچـی زینـدانە بەدنـاوەکەی نوگرەسـەلمان کردو شەش مانگی رەبەقیان لەگەڵ شـەش هەزار کەسـی تردا لە ناو دۆزەخی برسێتی و تینـــوێتی و نەخۆشـــی و سووکایەتی پێکردنی عەجاج و جەلـلادە دلبەردەکانی تـردا



بەســەربرد و زیـاد لە نیوەیـان، کە زۆرێکیـان خەڵکـی بەتەمەن و بەســاڵاچوو بــوون، هەر لەنــاو ئەم دۆزەخەدا بەدەم ئــازار و حەسـرەتەوە گیانیـان سـپارد و تەنکە لمێکیـان بەسـەردا دەدرا و پاشانیش سەگەل سەریان دەکردە لاشەی پیرۆزیان. نیوەکەی تری خەڵکە قوربەسـەرەکە دواجار بەردران و ئەمەیـان لەبەر پیاوەتیی بەعسییەکان نەبوو بەڵکوو بۆ ئەوەبوو بۆ کوردە دەربازبووەکەی تری بگێڕنەوە کە چییان بەسەرهاتووە و ئێمە ئاوهاتان لێدەکەین.

حـاجی حەمیـد یەکێـک بـوو لەو دەربـازبووانە و بە وردی و بەو سـەلیقە و زیـرەکییە خۆرسـکەی پێـی ناسـرابوو بەسـەرهاتی تـاڵی خۆیانی دەگێڕایەوە کە لە نوگرە سـەلماندا تووشیهاتوون. من گەلێ جار دەچـوومە خزمەتـی و سـەرچاوەیەکی وریـا و بیرتیـژ بـوو بـۆ هەمووان لە گێرانەوەی ئەو بەسەرهاتە تاڵ و پڕ چەرمەسەرییەدا .

من لە بۆنەی مەرگی ئەو پیاوەدا کە دواجار ئەمڕۆ بە نائومێدی و هەناسەسـاردی سـەرینایەوە و جـارێکی تـر ئەحـمەد و ئـازاد و کورەکەی تری نەبینییەوە، زۆر دڵکەیل و قورگ پڕ لە گریـان و ئەم شـینگێران و کـۆتەڵەی حـاجی حەمیـد مەلـی خەم و خەیـاڵ و تاسـەباریم دەمبـاتەوە بـۆ لای ئەحـمەد و پەروێـز کە ئەودەمە دوو دۆسـتی تازەلاو و ژیـر و وریـام بـوون و ئاسـۆیەکی گەشـی ژیان چاوەڕێی دەکردن کەچی ئەنفالی نەگریس گوڵی باخی هەڵوەراندن و لەگەڵ براکانیان و خزمەکانیان راپێچی کردن. حاجی حەمید بەتەنها

فەوتانی سێ کورە گەنجەکەی جەرگی هەڵنەقرچاند، بەڵکوو دوو برازاشی کە مەلا یاسینی پێشمەرگەی وریا و بەجەرگ کەوا لە نەبەردییەکی ئەو گەرمیانەدا شەهید بوو و پاشتریش یونسی برای لە جەنگی ئێران – عێراقدا بوو بە قوربانی و گورزێکی سامناکیان سرەواندە جەرگی حاجی سەعید باوکیان و میمکە تەلەی دایکیان و هەردوکیان بەداخی ئەوانەوە سۆمای چاوەکانیان داهات و قامەتیان لەژێر باری خەمدا چەمی و بە هەناسەی سارد و رەنجی بێوەرەوە سەریاننایەوە و هەمیشە زمانحاڵی میمکە تەلە و دادە زەینەب ئەوە بوو کە بە دڵەی ناشاد و زەبوونییەوە رۆڵەکانیان بلاوێننەوە و بلێن "خەم بوو بە نانم خەم بوو بە بەرگم خەم بوو بە نەشتەر بڕییە جەرگم". لای خەڵکی موسڵمان ماڵی ئاژەڵێک لە جەژنی قورباندا دەکات بە قۆچ کەچی لە گوندی سەیجەژنیدا ماڵی حاجی کەریمی ساڵح مارف چوار دەکەن بە قوربانی، پەروێز و سێ برای تری و دڵی دوو دایک، میمکە تەمین و دادە ئەمنە، لە ریشە دەردێنن و بەو داخ خەفەتەوە سەردەنێنەوە. هەر لە سەیجەژنیدا مامە رەشەی خەسرەوی کوڵوڵ و جەرگسووتاو بە حەمەدی کوڕی، کە لە ساڵی ١٩٨٣ دا بۆمبارانی فڕۆکەی رژێم هەر لە ناو ئاواییدا شەهیدی کرد، ساڵی ١٩٨٨ و بە پێی یاساکانی بەعس دەرهەق بە ناوچە قەدەغەکراوەکانی کوردستان، لە دیدی رژێمەوە، لە نزیک جادەی قیری نێوان سەرقەڵا – کفری، زۆری نەمابوو بگاتە سەرقەڵا هێزێکی رژێم دەسرێژی لێدەکەن و شەهیدی دەکەن و گوناهی هەر ئەوە بووە کەمێک لە جادە قیرەکە ترازاوە.

تۆ کاتێ کە حاجی حەمیدت دەدواند زۆر لەسەرخۆ دۆخەکەی بۆ شیدەکردیتەوە و بە خەمێک کە لە قووڵایی ناخیەوە سەر رێژی دەکرد، بەڵام بێ فرمێسک، چونکە چاوە کزەکانی لەمێژبوو وشکیان کردبوو، دەیوت راستە بەعس تاوانکار بوو بەڵام زۆرێک لەوەی کە روویدا خەتای خۆشمانی تێدابوو. ئێستا بەئارامی بنوو قوربانییەکەی ئەنفال، کتێبە راستەقینەکەی گێڕانەوەی جینۆسایدی کورد، حیکایەتخوانی سەردەمی "گوڵە ئاڵەکانی عەدەم"، شایەتحاڵی هەڵکرووزانی کەنیشکە سمڵ و مێخەک لەملەکان، خەمخۆری منداڵە رەنگزەردە لە شیر بێبەشەکان و هەڵپرووکاوی نێو باوەشی دایکە غەدرلێکراوەکان. ئێستا رەنگە رۆحیانەتی ئێسک و پرووسکە بێنازەکانی نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەو بیابانە سەردانت بکەن و گلەی ئەو کەمتەرخەمییە بێئامانە لای تۆش باس بکەن کە بۆ وا فەرامۆش کراون و کەس خەمیان ناخوات و زمانحاڵی نرکەو هاواریان بڵێت ئاخۆ لە نێو میللەتانی هاودەرد و هاوچەشنی ئێمە هیچیان ئاوها دەڕواننە قوربانییەکانیان و ئاوها بە کەم تەماشایان دەکەن !!

یادت بەخێر و هەمیشە زیندوو بێت حاجی حەمید.

# مەرگی ژنێکی جیاواز

عومەر محەمەد



نەزیرە نەجم حەمە خەڵکی گوندی شێخ لەنگەری گەرمیانە، ئەمرۆ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد، چیرۆکی ئەم ژنە زۆر تایبەت و بەئازارە، نەزیرە نەجم لەدوای ئەنفالەوە واتا لە ساڵی ١٩٨٨ وە ٣١ ساڵی تەواوە بەتەنها دەژی لەپەلاماری ئەنفالدا هەردوک کورەکەی (سالارو جەبار) ئەنفالکران لەوساوە (٣١)ساڵی رەبەق نەزیرە نەجم چاوەروانی هاتنەوەی کورەکانی بوو، هیچ هیزێک نەبوو، بتوانێ بروای پێبهێنێ کە کورەکانی لەژیاندا نەماون، بۆیە هەموو جەژنێک دوو دەست جلی کوردی بۆ هەردووک کورەکەی بەدورین دەداو جوان قەدیان دەکات و هەڵیان دەگرێت بە نیازی ئەوەی کورەکانی کەهاتنەوە جلی تازە بۆ جەژن، لەبەربکەن بەڵام هەرگیز ئەو جلەکوردیانە لەبەر نەکران !

ئەو گۆچانەی لەوێنەکەدا دیارەو بەدەستی مامۆستا ئەکرەم ساڵحەوەیە، بۆ سالاری کوری کریوە و بەو هیوایەی بێتەوەو بیداتە دەستی، سالار یەکێک بوو لە پیشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە تیپی ٥١ی گەرمیان بووەو پێش ئەنفال لەشەرێکدا بریندارببووە ، لە پەلامارە درندایەتیەکەی ئەنفالدا گیراوەو ئیدی ئەویش وەک هەموو ئەوگەنجانەی گیران بردیان و جارێکی تر نەبینرایەوە.

نەزیرە کە ئەمرۆ سێشەممە ٨ی کانونی دووەمی ٢٠١٩ کۆچی دوایی کرد، چیرۆکی ژیانی تەواو مایەی تێرامانە وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد (٣١)ساڵە چاوەروانە ٣١ ساڵە نەیهێشتووە بەشەوانیش دەرگای حەوشەی ماڵەکەیان هەمیشە ئاواڵا بووەو هەرگیز رێگەی نەداوە پێوەبدرێت چونکە هەمیشە دەیگوت: با دەرگاکراوەبێت کورەکانی دێنەوە .





٣١ ساڵە ئەم پیرەژنە بەتەنها دەژی، بەتەنها نان دەخواو بەتەنها دەخەوێ کەچی هەموو پێداویستەیەکانی ماڵەکەی (٣)دانەن ! سێ قاپ و سێ نەفەر خواردن، سێ کورسی بۆ دانیشتن، شەوانیش سێ جێگای دادەخست بەئومیدی ئەوەی کە کوڕەکانی هاتنەوە بچنە جێگاکانیانەوەو بخەون ! بەداخەوە ئەمرۆ نەزیرەش کۆچی دوایی کرد، جێگەکان خاڵی مانەوە، جلەکان هەر بەقەد کراوی بەجێمان، رادیۆو تەسجیل و تەسبیحی کوڕەکانی هەرماون و پارێزراون، وەک مامۆستا ئەکرەم بۆی باسکردم لەساڵی ١٩٨٨وە بۆیەکجاریش موجی رادیۆکەی جەبار بانەدراوە، ئەمرۆ بەمەرگی نەزیرە دۆسێی ئەنفال جارێکی ترهەڵدرایەوەو نیشانەیەکی تری شەرمەزاری چووە سەر تەوێڵی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەمرۆ شۆڤێنیزمی عەرەبی پەڵەیەکی تری شەرمەزاری زیاتر لەهەر رۆژێکی تر بەنێوچاوانیەوە تۆختر دەردەکەوێ .

ئەمرۆ گەرمیان و گوندی شێخ لەنگەر پرسەیانە.

رۆحی نەزیرەو ئەنفالکراوان شادو شەرمەزاری بۆهەموو ئەوانەی لەم تاوانە بێدەنگ وبێ باک بوون.

شەرمەزاری بۆ ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال وهەرتاوانێکی تر کەدەرهەق بەمرۆڤایەتی دەکرێت .

تێبینی بەسوپاسەوە زۆربەی زانیارییەکانی ناو ئەم نوسیەنە مامۆستا ئەکرەم ساڵح پێی داوم و وێنەکانیشم لە واڵەکەی ئەو وەرگرتووە .

# هەڵەبجە لە قامیشلۆیە

عومەر محەمەد

ساڵی ١٩٨٨ لە سلێمانی ئەسحابە سپی نازناوی (مطار)ی لێنرابوو .

بەڵام کوردەکانی قامیشلۆ لەوساڵەدا کچەکانیان ناوناوە هەڵەبجە.

لە سلێمانی بۆیە بەئەسحابە سپییان دەگوت فرۆکەخانە (مطار) لەبەرئەوەی دوای کیمیابارانی هەڵەبجەو وێرانکردنی ناوچەکە، زۆربەی هەورامی وهەڵەبجەییەکان بۆهەواڵ ودەردە دڵی خۆیان لە ئەسحابە سپی کۆدەبوونەوەو لە چایخانەکانی نزیکی دەنیشتن. کە خوڵقی یەکتریان کردبا بۆدانیشتن و چاخواردنەوە، نەیاندەگوت (بێ بنیشەرۆ).

ئەوسا بەعس لەوپەڕی دڕندایەتیدا بوو، سلێمانی لە ژێردەستی بەعسیەکاندا دەیاناڵاند، تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە ئەنجامدرابوو،خەڵکە بە ئەمەک و سەربەرزەکەی نەیاندەتوانی بەرەنگاری هەموو نامەردێک ببنەوە، پیاوانی بەعس جگەلە چەک وسەرکوت، تاکتیکی بەسوک تەماشاکردن وشەڕی سایکۆلۆژیشیان هەبوو،



هەندێک کەسی هەرچی وپەرچی گاڵتەچاڕو بێباکیش گێلانە کەوتبونە داوی تاکتیکی بەعسیەکانەوە، گەرەکیان بوو بەهۆی گاڵتەوگەپ بەهەڵەبجەییەکانەوە تاوانە گەورەکەیان بچوک نیشان بدەن. بۆیە نوکتەیان لەسەردروست دەکردن، گۆڕینی ناوی ئەسحابەسپی بە(مطار) لەناو ئەوتاکتیکەدابوو .

هەرلەوساڵەدا قامیشلۆو رۆژئاوای کوردستان نەک هێزی بەرەنگاری کوردی تێدانەبوو، بەڵکو ناسنامەشیان نەبوو، کەچی وێژدانیان لەگەڵ هەڵەبجەدە ابووە ! ئەم بەرخۆدان وبەرەنگارییە بێبنەما نیە.

د. موحسین ئەدیب لە قامیشلۆی رۆژئاوای کوردستانەوە وێنەی کچە شەرڤانێکی بەناوی (هەڵەبجە خەلیل)بڵاوکردووەتەوە، لەڕاستیدا وێنەی مۆنۆمێنتەکەیەتی چونکە هەڵەبجە لە رۆژی ١١ی ئازاری ٢٠١٤ لە شۆرشی رۆژئاوادا شەهید بووە، کچە شەرڤانە شەهیدەکە نوسیوێتی (ژیان زۆرناداپەروەرە، هەمیشە واهەست دەکەم بەر لەوادەی سەفەر کۆچدەکەم، بەڵام لەهەموو شت گرنگتر ئەوەیە لە ژیانی خۆتدا کارێک بکەیت لەیادی خەڵک نەچیتەوە).

قامیشلۆ بەرلەوەی دەست بۆچەک بەرن وژن وکچەکانیان ببن بەشەرڤان لە هەشتاکانی سەدەی رابوردوشدا کە لەباشور کوردقران بوو، لەسوریا کوردبوون یاساغ بوو ئەوان شۆرشی کلتوریی وشەری شوناسیان کردووە ! سودیان لە ناکۆکی بەعسییەکانی سوریا وعێراق وەرگرتووە. دەنا رژێمی دیکتاتۆری ئەسەد رێگەی نەدەدا کوردەکان ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن

بەلام چـــونکە هەڵەبـــجە پەلەیەکی ڕەشبوو بەتەوێلی بەعســـیەکانی عێـــراقەوە بەعســـیەکانی ســـوریا چاوپۆشییان کردووە . هـیچ ســـەیر نـیە، بەلام زۆر جێگەی تێرامانە وەک هـاورێم د. محسین ئەدیب نوسیویتی

لەو ســـاڵەدا (١٩٨٨)چەنـدین کـچ ناویـانراوە هەڵەبـجە، تەنـانەت شـاهیدحاڵێک پێـی گوتووە: لە دوای گازبـارانەکەوە لە سـاڵی ١٩٨٨ زۆرکەس کە کچیان دەبوو ناویان دەنا هەڵەبجە، کاتێک لێی پرسیوە تـۆهیچ کچێکـی تـر دەناسـیت هەمـان ناویـان هەبێـت لەوەلامـدا وتوویەتی بەڵێ من نزیکە (٤-٥) کچ دەناسم ناویان هەڵەبجەیە . وێنەکە و قسەی شـەهید هەڵەبجە لەپۆستەکەی د. موحسین ئەدیب وەرگیراون .

# گومان، دەکەم هەواڵەکەڕاستبێت

**عومەر محەمەد**

بەرلەوەی هەواڵەکە بلاوبـــکەمەوە پێویســـتە لەبەراییدا ئەوە بلێم : کە یەکەمین خـاڵی گرنگ لەکـاتی بلاوکـردنەوەی هەوالـدا ئەوەیە ئاگامـان لەهەستی کەسوکاری ئەنفالکراوان بێتو ناشێت خۆمـان ببینـە هـۆی ئـازاردان وکولانـدنەوەی برینەکانیـان. ناکرێـت بەعـس کەسـوکاریانی کوشـتووە ئـیمەش بەدەسـتی خۆمـان بەخەفەت بیانکوژین.. سـەید هاشم چیرۆکی ئەوکۆمەڵکوژیە دەگێـــڕێتەوە کە لە گۆرســـتانی (حـــی الحســـین) داپۆشراون .

گۆرستانی "حی حسێن " لەشاری عەممارە تەرمی ٣٠٠خێزانـــی کـــوردی قوربانیـــانی ئەنفـــالی تێـداکۆکراوەتەوە، لەدوای ڕوخـانی ڕژێمـی صـدام تـوانرا گـۆرێکی بەکـۆمەڵی کـوردان بـدۆزرێتەوە کە نزیکەی (٣٠٠) خێزان دەبن، ئەمە ناونیشانی بابەتێکی ڕۆژنـامەی (المـدی)یە کە بەداخەوە بـرای وەرگێـر " شــــیروان شــــەریف " نە بەرواورونەژمـــــارەی ڕۆژنامەکەی نەنوسیووە.

وەرگێـــرانە کـــوردیەکە بەم شـــێوەیە باســـی ئەو کۆمەلکوژیە دەکات : لەمیانەی پرۆسـەکانی ئەنفالدا بەرەوشـاری (میسـان) هێنـران وپاش ئەوەی چەنـد ڕۆژێکیـان لە بـنکەی پۆلیسـی عـروبە بەســـەربرد بەکۆمەل لەگۆرێکدا نێژران..

بۆ ڕوونکـردنەوەی لایەنە شـاراوەکانی ئەو ڕووداوە نێردراوێکـــی ڕۆژنـــامەی (المـــدی) ســـەردانی گۆرســـتانەکەی کردوچـاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (ســـەید هاشـم)دا ئەنجامـدا کە پاسـەوانی گۆرسـتانەکەیە، کە هەرئەولایەنە دەســـــەلاتدارەکانی لە شـــــوێنی گۆرستانەکە ئاگادارکردەووە..

(سـەید هاشـم) پیاوێکی تەمەن (٥٠) سـاڵەو بەچـاوی خۆی ڕووداوەکەی بینیوە، بەم جۆرە دەیگێرێتەوە: ڕۆژێـک لەمـاڵی خۆمـان بـووم کاتێـک چەنـد پیـاوێگی ئەمنی (عەممارە) هـاتنە لام و پێیان وتـم دەیانەوێت چەند کەسانێک بە شێوەیەکی نهێنی بەخاک بسپێرن. کاتێـک ئەو وادەیە هـاتە پـێش کەدیاریـان کردبـوو لەگەڵ خۆیاندا سەدان خێزانیان بە سـواری ئوتومبیل گەیاندە ناوچەکە،کە زۆرینەیان جلوبەرگی کوردیان لەبەردابـــوو،لە نێویشـــیاندا منـــاڵ وئـــافرەتو بەســـالاچووی تێـــدابوو کە زۆرینەیـــان بەچـــاو بەستراوی هێنرابوون..

دەربارەی شێوازی کۆمەلکوژکردنیان (سـەید هاشـم) ووتـی: شـێوازێکی نامرۆڤـانەیە، چەنـد شـۆفلێک دەسـتیان کـرد بە هەڵکەنـدنی چـاڵی گەورەگەورەو دوای ئەوەش هەمـــوو خێزانەکـــان خزێنـــرانە نـــاو چاڵەکـانەوەو ئینجا شـۆفلەکان بە زیندویی( جەخت دەکاتەوە ) بەڵێ بەڵێ هەربەزیندویی خۆڵیان دەکرد بەسەریاندا..

لەبـارەی ژمـارەی تەواوی ئەو خێزانـانە پاسـەوانی گۆرستانی (حی الحسین) دەڵێ: ژمارەیـان نـزیکەی (٣٠٠) خێزان بوو.

لەیەکێـک لە پیاوەکـانی ئەمنـی عەممـارەوە ئەو زانیـــاریەم وەرگـــرت کە ئەو خێزانـــانە لەبـــاکوری عێراقەوە هێنراون، لەچوارچێوەی پرۆسەکانی ئەنفالدا

که لەلایەن (عەلــی کیمیــاوی) یەوە سەرپەرشــتی دەکران..

زیاتر دوا و ووتی: دوای ڕووخانی (سەدام) بڕیارمدا ئەوتــاوانە دژ بە مرۆڤــانەیە ئاشکرا بــکەم، چــونکە ئەگەر ئەوســەرووەختەو لەماوەی حــوکمەتی (ســەدام) دا وتەیەکــم لەبــارەی ئەم تــاوانەوە بوتــایە، دەبــووە مایەی کوشتنم، ووتیشی: چەند جارێک کەسانی سەر بە هێزەکـــانی ئەمـــن دەهـــاتنە لام و پەیمانیـــان لێوەردەگرتم کەلای خێزانەکەشم هیچ نەدرکێنم..

شـایانی باسـە گۆرسـتانی (حـی الحسـین)ی دێـرین لەعەممارە یەکێک لە دیارترین گۆرستانەکانەو ڕژێمی پێشــووش بەکــاری دەهێنــا بۆشــاردنەوەی لاشــەی ژمــارەیەکی زۆری کەســایەتیە سیاســیەکان کە بە نهێنی دەکوژران..

*وەرگێرانی/ شیروان شریف

## کەموکورتیەکانی ئەم هەواڵە :

1.ســــــەرچاوەی هەواڵەکە هــــــــیچ وردبینـــــیەک و زانیــــاریەکی تێـــــدانیە. ئەوەی هەیە درشت و گشتین .

2.ژمـــــارەی ڕۆژنــــامەکەو ڕیکەوتــــی لەســــەر نــــیەو تەنــــانەت نــــازانین چ ساڵێکیش ڕۆژنامەکە دەرچووە.

3.نە نــــاوی نێـــــردراوەکەی ڕۆژنــــامەی ئەلمــــدا دیــــارەو نە چــــاوپێکەوتنەکەش ؟ ئەوەی لێــــرەدا بلاوکــــراوەتەوە تەنهــــا لێـــــــــدوانی ڕۆژنـــــــــامەوانیە نەک چاوپێکەوتن.

4.شــــیروان شــــەریف هــــیچ ئەدرەســــێکی خــــۆی نەنوســــیوە. بۆنمــــونە ئیمایلێــــک تــــا پەیوەندی پێوەبکرێت.

5.بەرپرســــــانی ئەمــــن نەدەچــــوونە لای کەس بەڵکــــو خەڵکیــــان بانگهێشــــتی لای خۆیــــان دەکــــرد. ئەوان پەیمانیــــان لەکەس وەرنەدەگــــرت بەڵکــــو هەرەشــــەیان لەو کەســــانە دەکــــرد بــــۆ شــــاردنەوەی تاوانەکانیــــان. هەروەکــــو ڕائیــــد نەزهــــان تۆغــــــان هەمــــــان هەرەشــــــەی لەعەبدولحســــن موحــــانی ســــایەق شــــۆفل کردبوو کە تەرمەکانی داپۆشیبوو.

٦- .نوســــراوە لە دوای ڕوخــــانی ڕژێمــــی بەعســــــــەوە ئەو گــــــــۆرە دۆزراوەتەوە، بەڵام نــــازانرێ چەنــــدیک دوای ڕوخــــانی بەعــــس ! تەنــــانەت ئەوســــاڵەش دیــــارنیە کە گۆرەکەی تیدا ئاشکراکراوە.

٧ – نــــاچێتە عەقــــڵەوە ٣٠٠ کەســــــیش لەبنکەیەکــــی پۆلیســــدا چەنــــد ڕۆژێــــک بمێنــــــەوە، چ جــــای ٣٠٠ خێــــزان ..؟ چــــونکە دەشــــێت خێــــزان ژمارەیــــان 2 دوو کەس یــــان زیــــاتر لە 20 بیســــت کەس بێت..

٨ – ســــەید هاشــــم هــــیچ ڕۆڵێکــــی نەبــــووەو لە مــــاڵی خــــۆی بــــووە، ئیتــــر بــــۆچی ئەمــــن گرنگــــی پێــــداوەو چــــوونەتە لای هەتــــا ئەو تــــاوانەی بــــۆ بــــاس بــــکەن..؟ ئەگەر گۆرهەڵکەنــــدنو داپۆشــــین بێــــت ئەوا شــــاردنەوەی ٣٠٠ خێــــزان لە توانــــای تــــاکە کەســــێکدا نــــیە، بەڵکــــو بەشــــۆفل چاڵیــــان بــــۆ هەڵکەنــــدون و داپۆشــــیون.. ئیتــــر بــــۆچی ئەمــــن دەچێــــت بــــۆلای ســــەید هاشــــمو لەو تــــاوانە گەورەیە ئاگــــاداری دەکــــاتەوەو دوایــــش پێــــی دەڵێــــت نابێــــت ئەونهێنیە بدرکێنی .؟؟!!

٩ – ئەوەش ڕوون نــــیە ئایــــا ئەو گــــۆرەی ســــەید هاشــــم باســــی دەکــــات هەڵــــدراوەتەوە یــــان هەتــــا ئێســــتا دەســــتی لێــــنەدراوە؟ هیــــوادارم ئەو بەرێــــزانەی چیــــرۆک و بەســــــەرهاتەکانی قوربانیــــانی ئەنفــــال دەبیســــتن ئەوە بــــزانن کە هەموویــــان قــــابیلی گیــــرانەوە نــــین، خــــۆ ئەگەر دەشــــیگێڕنەوە،یان هەواڵو چیرۆکەکــــان لە زمــــانێکی تــــرەوە وەردەگــــــرن ئەوە لەبەرچــــاوبگرن .. کە هەر ناڕاســــــتیەک ســــــوکایەتیەکی گەورەیە دەرهەق بە قوربانیانی ئەنفال دەکرێت.



کەژاڵ حەمە

روداوەکانی گرتنی (Adolf Eichmann)،گەورە ئەفسەری سەربازیی نێو ریزەکانی ئێس ئیس ئەڵمانی ،شایەنی وەیە کاتی خۆتی بۆ بگریت و،،دواتر خۆت بدەیتە بەر رێژنەی دەیەها سەدەها پرسیاری نەکراوو نەبیستراو. ئایشمان ،خاوەنی بیرۆکەی گۆرە بە کۆمەڵ و دوورو درێژەکانی جولەکە،لە جەنگی جیهانی دووەمدا،ئەو دڵرەقترین و بێ بەزەییترین کاراکتەری ئەو جەنگە بوو.

لە دوای جەنگ خۆی ئەگەیەنێتە ئەرجەنتین و،ئەو پیاوە ناودارو ترسناکە دەبێتە کرێکاری کۆمپانیای مارسیدس. دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل ، لە دوای جەنگ و خۆ کۆکردنەوە،دەکەوێتە کنەو پشکنین بە دوای تاوانبارانـدا کە ئایشمان یەکێکە لەوانە. کورەگەی ئایشمان بە رێکەوت لە سینەمایەکدا، کچێکی جولەکە بە ناوی (سیلڤیا)ئەناسێت،چارێک دەیباتە کۆبوونەوەی نازیەکان. ئەوان هێشتا دڵرەقانە لە دۆسیەی

## ئەنفالی ئێمەو (فینالْ ئۆپراسیۆن)ی ئەوان

جولەکە ئەروانن،لە هەولی سرینەوەیانن و هەمووان بە یەک دەنگ ئەڵێن:- (شایەنی ئەوەن بکرێنە سابوون) ئەو کچە باوەڕ بەچاوو گوێکانی خۆی ناکات، هەموو جەستەی ئەکەوێتە لەرزین. زویر بونێک روو ئەداتوو، لەو رێگەیەوە دەزگای هەواڵگری سیلڤیا بە پاکەتێک شوکولاتەوە دەنێرنە خانووە چەپەک و تازەو دوورە دەستەکەی ئایشمان.

خێزانەکەی دێ بە دەمیەوەو، چەپکێ گوڵی تەرو تازەی سەر مێزی ناوەراستی ماڵەکە، سەرنجی کچەکە رادەکێشێت. دەزگای هەواڵگری لە رێگەی کۆنترۆڵ کردنەوەی داتاو زانیاریەکانی ئایشمانەوە، دەزانن ئەوە یادی رۆژی هاوسەرگیریانە، دڵنیا ئەبن لەوەی کە خۆیەتی. ئەوان کۆمەڵێک ئەندامی ئەو دەزگایە،بە پاسپۆرتی ساختە،یەک یەکو دوو دوو دەچنە وڵاتانی جیاوازو،دواتر هەمووان لە ئەرجەنتین لە شوێنێکی دیاری کراودا یەک ئەگرنەوە .

پیتەر(peter))، یەکێک لە ئەندامە وریاو چالاکەکان کە رۆژگاری جەنگ بەبەرچاوی خۆیەوە، خوشک و خوشکەزاکانی بە شێوەیەکی ترسناک لە دارستانێکدا لە سێدارە ئەدەن، ئەو دیارترین کاراکتەرەو، دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر ، لە شەوێک لەشەوەکانی گەرانەوەی ئایشمان لەکارو دابەزینی لە پاسێکدا، دەست بە سەری ئەکات و ئەیفرێنن.کاتی لێکۆڵینەوە، ئایشمان نکوڵی ئەکات کە ئەو بێت!!! ئەفسەری لێکۆڵینەوە وێنەیەکی راستەقینەی خۆی نیشان ئەدەن و، ژمارەی سەربازیەکەی ناو هێزی ئەڵمانی چەند جارێک دووبارە ئەکەنەوە (لە کاتێکدا ژمارە راستەقینەکە لە سەر دیوی پشتەوەی وێنەکە نووسراوە).

ئایشمان بەرگەی ئەو دۆخە دەروونیە ناگرێو ، ژمارەکەی خۆی راست ئەکاتەوەو، دانی پێدادەنێت کە خۆیەتی ئەفسەری لێکۆڵینەوە دەیەوێت قەناعەتی پێبکات، نوسراوێکی پێ واژۆ بکات کە بیگەرێننەوە بۆ ئیسرائیل بۆ دادگایی کردن. ئەو بە بەهانەی ئەوەی کە سەرجەمی تاوانەکانی لە ئەڵمانیا کردووە ،ناچێتە ژێر باری واژۆکەوە .

پیتەر هەوڵ ئەدات ئەو کارە بەو بسپێرن، ئەفسەری لێکۆڵینەوە دەڵێت: (مهمە) ئەرکی تۆ تەواو بوو، ئەمەیان ئیشی منە. پیتەر ئەفسەری لێکۆڵینەوەو تیمەکە رازی ئەکات کە خۆی هەوڵی لە گەڵ بدات. ئایشمان هەمیشە حەزی ئەکرد ، پیتەر ئێشکگری بێتو لێکۆڵینەوەی لە گەڵدا بکات. ئەو تا بڵێی نەرم و نیان مامەڵەی ئەکرد. جارێک لێی پرسی: تۆ دیارە بەختەوەریت و کەست لە دەست نەداوە؟؟؟ وەلێ جەدیەتی پیتەر بۆ ئیشەکەی، هەمیشە زاڵ بوو بە سەر ئەو هەموو ئازارە دەرونیەی کە ئەو



بینیبوونی. پیتەر رازی کرد بە مەرجێک بتوانێت پێش مردنی خێزانەکەی ببینێتەوە. دواجار هەمووان دیسانەوە بەپاسپۆرتی نوێی ساختەوە و بە بەرگی تیمی فرۆکەخانەوە بە ئایشمانیشەوە گەیشتنەوە ئیسرائیل. دەبێ ئەوەش بڵێم، پیتەر و کچە پزیشکێکی ناو تیمی دەستگیر کردنەکە عاشقی یەک بوون، بەڵام هەرگیز ئەوە لەگرنگی دۆسیەکە گەورەتر نەبوو لایان. پیتەر لە ساڵی ٢٠٠٥مردو لە بیرەوەری گەلەکەیدا مایەوە. تۆ گەر بینەری ئەم هەڵوێستە بیت، خوازیاریت جولەکە بوویتایە و ئەو شانازیە گەورەیەی هاوولاتیی بوونی ئەوێت بەرکەوتایە. ئێمەی کوردکوتو مت کۆپی ئەو ئازارانەی ئەوانمان هەیەو، کەچی هەمیشە مژۆڵی دۆسیە بێ بەهاولاوەکیەکانین!!!

ئێمەی کورد، ئەخلاق لە شتگەلێکدا کورت ئەکەینەوە، کە ڕەنگە بۆنەتەوەکانی تر بەهایەکی وایان نەبێت .

دوا قسەی منیش بۆ رۆژی یادەوەری ئەنفال، لە یادی مەرگی بە کۆمەڵی، ئەو خەڵکە گوندی و زەحمەتکێشانەی کە جگە کورد بوون خەوشێکی تریان نەبوو. خەوشیشیان بووبێ شایانی مەرگی دەستەجەمعی نەبوون ئەڵێم ئەخلاق ئەوەیە :- (کە لیستی موستەشاروشەهیدی سەنگەرت تێکەڵ نەبێت) ئەخلاق ئەوەیە: (دەست لە دەبڵ مۆراڵی خۆمان هەڵگرین و هەر خۆمان بین، لە گەڵ مەڕ شین نەکەین و لە گەڵ گورگ شایی بگێڕین) دوا جار سەری رێزو حورمەت بۆ هەموو ئەوانە دائەنەوێنم،کە لە چاڵە دوورو درێژەکانی مەرگدا ،دەیان و سەدان خەونی ڕەنگاو ڕەنگیان زیندە بە چاڵ کرا .

## تکایە ئەمە بکەن بەپەند

### گۆران عەلی



کە شالاوی ئەنفال بووە من زۆر منداڵ بووم تەمەن دە ساڵان بوو. تادەهات تەمەنم هەڵدەکشاو گەورەتر دەبووم، بیرمە کە لەرۆژانی جەژندا میوانمان دەهات من ئاوو چکلێتم بۆ دەبردن، میوانەکان لێیان وەرنەدەگرتم و دەستیان دەنا بەڕومەوەو دەیانگوت : بەخوا نایخۆین گونحمان دەگات و حەرامە ! نەک هەرئەوەندە بەڵکو کە سەیریکیان دەکردم و ئەیانگووت (وەیش توخوا گوناحە !) ئەوەندەی بەم (قسە خراپانە) من دڵتەنگ ئەبووم ئەوەندەم تەمەن نەبوو تا تێبگەم بێ باوکی چەند ناخۆشە.. بە کوردییەکەی بە ردەوام خەریکي کولانەوەی بريني بێباوکيم بوون . من تێر ئاهی بێباوکیم کێشاوە .. بەهیوام ئەم بەسەرهاتەم بکەن بە پەند بۆئەوانەی کەسەردانی ماڵی منداڵە بێ باوکەکان دەکەن، تکایە بەزەیی دەرمەبڕن و ڕێز لەبەزەییدا نیە، مەهێڵن بەم سۆزە بێ مەعریفەیە کەهەندێکیان بەدەرن لەسۆزی ڕاستەقینە، یاخود خۆنواندن و ساختەن بۆیە تکایە کە سەردانی منداڵانی بێ باوک دەکەن ، بەزەیی دەرمەبڕن ؛با کەسایەتی منالەکان نەپوکێتەوە ، خۆشتانبوێن و ماچیانبکەن لە ئامێزیان بگرن و ڕێزیان بگرن. من سوپاسی خوا ئەکەم کە لەو تراژیدیایە میهرەبانترین دایکی بۆ هێشتمەوە.. ئێستاش لە دوای ٣١ ساڵ و لە ساڵیادی تاوانی ئەنفالدا دەڵێم :

شەرمەزاری و ڕوورەشی بۆ هەموو ئەوکەسانەی کەم وزۆر دەستیان لەم تاوانە گەورەیەدا هەبوو، بۆ ئەوانەش کە پاکانە بۆ تاوانبارانی جێنۆساید دەکەن بۆ ئەو دەسەڵاتەی مافیا ئاسا پەلاماری هەموو شتێک دەداو داڵدەی ئەم تاوانبارانەی داوە.

# ڕستەیەکی ئەنفالکراو لە یادی ئەنفالدا

## د.کامەران مەنتک



14\4\2019

ئەنفال پڕۆسەیەکی بەردەوام بووە دژی کورد، بەڵام لە ژێر ناوی جیا جیا، تاوێ لەژێر ناوی بڵاوکردنەوەی ئاین و دەمێکی ترلە ژێر ناوی ڕاگوێزان و بە شارستانی کردن و، جارێکی تر لە ژێر چەتری تەبعیس و تەعریب و تەتریک و تەفریسدا. بۆیە ئەگەر بەخیرایی چاوێک بە مێژووی کورد بخشێنین، دەبینین پرۆسەیەک هەیە لە هەموو قۆناغەکان و لەژێر پەردەی جیاوازدا خۆی نوێ دەکاتەوە، ئەویش پرۆسەی قرکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەکە، دارمان و خاپوورکردنی کەلتوورو کەسایەتی و رابردو و ئایندەی هەزاران مرۆڤە، کە پێیان دەگوترێت کورد .

سەرباری گۆڕانکاری لەقۆناغەکانی مێژوو، سەرباری ئەو پەرەسەندنانەی مرۆڤ بە خۆیەوە بینیویە، سەرباری چاخەکانی کشتوکاڵ و ئاسن و تەکنەلۆژیا و ئەلیکترۆنی، ئەو ئاوەزو بیرکردنەوەی کاری لەسەر سڕینەوەی ئەو نەتەوەیە ستەمدیدەیە کردووە، تۆزقاڵێک گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، درێژکراوەی ئەمەش ئەنفالی بەعس بوو لە کۆتایی دەیەکی هەشتەمی سەدەی بیستەم. ڕژێمی بەعس، کە ڕەنگدایەوەیەکی تەندروست و ڕاشکاوانەی کەلتوورو بیرکردنەوەی عەرەبی و شۆفینیزمی ئاوێتەکراوی ئاینی- ناسیونالیستی عەرەبی بوو، لە ژێر ناوی ئەنفال، بە پشت بەستن بە ئاین و گەڕانەوە بۆ دەقەکانی قورئان، میللەتی کوردی موسڵمانیان کردە ئامانج، بە پلانیکی تۆکمە، بە شێوەیەکی هۆڤیانە، کەوتنە وێران کردنی گوندەکانی کوردستان و کوشتنی منداڵانی کوردو بەتاڵانبردنی ئابوری کوردو بە سەبایەکردنی کچ و ئافرەتی کوردو فرۆشتنەوەیان لە بازاڕی مرۆڤ فرۆشی دەوڵەتە دواکەوتووەکانی ناوچەکە، کە هەڵگری هەمان کەلتووری ئەنفال و سەبایاو کەنیزەک و کۆیلەکردن بوون! ئەم ئەنفالە نوێیە بەگوێرەی جوگرافیای کوردستان، دابەشکرا بۆ هەشت قۆناغ.

یەکەم قۆناغی پەلاماری سەربازی لەچەندین قۆڵەوە لە دۆڵەرووت و سورداش و بنگردو چیای ئەزمڕو حەوزەی ماوەتەوە هێرشکرایە سەر بنکەو بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لەسەرگەڵو بەرگەڵو جێگیر بوون و لە دۆڵی جافایەتی دەسەڵاتداربوون. لە (٢٣ی شوباتی ١٩٨٨) دەستیپێکردو لە ڕۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ لە ناوچەی بادینان کۆتایی هات.

لەو ئەنفالەدا تۆپ و تانک و مەتریالیۆزو چەکی قورس و سووک چەکی کیمیاوی جێگەی شمشێرەکانی گرتەوە، بەڵام ئەنجام هەمان ئەنجام

بوو!، لە ماوەیەکی کەمدا، 182هەزار مرۆڤی کوردیان لەناوبرد و لە بیابان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان تووڕیان هەڵداو دیزە بە دەرخونەیانکرد. جێگای داخە ئەنفال هەر لەسەر دەستی دوژمنانی کورد نەوەستا، تەنیا چوار ساڵ دوای ئەنفالی بەعس، لەسەردەمی حکومەتی بەناو کوردیدا، ئەنفالی نۆ دەستپێکرد، کە تەواوکەری هەشت قۆناغەکانی پێشووتر بوو، بەڵام ئەمجارەیان لەژێر ناوی برا کوژی! ئەو جاش و مەفرەزە خاسانەی ئەنفالیان بۆ بەعس ئەنجامدا، جلی پارتی و یەکێتیان لەبەرکردو کەوتنە وێزەی کوردەکانی باکور، دواتر ڕوویان لەیەکتر کرد، لە ئەنفای نۆدا هەمان پرۆسەی ئەنفالەکانی ترو هەمان شێواز، لە تالانکردن و زیندە بەچاڵکردن و ئەتککردنی مرۆڤ، بە دەستی هەمان جاش و کوردکوژەکانەوەو لە ژێر پەردەی ئەو دوو حیزبە ئەنجامدرا، بۆیە پێویستە کە باس لە ئەنفال دەکرێت، قۆناغی نۆیەمی ئەنفال، وەک لە نوسینیکی پێشووتردا ناوم ناوە، هەرگیز نابێت فەرامۆش بکرێت، کە ڕەنگ بیت لە هەموو قۆناغەکانی تر قێزەون تربێت، چونکە ئەمجارەیان لە ژێر ناوی کوردایەتیەوە ئەنجامدراوە، دوا قۆناغیش، قۆناغی ئەنفالی دەیە، کە تا ئێستا بەردەوامەوە لە کاتی ئێستادا لەناوی دەژین! هەموو حیزبەکانی باشووری کوردستان، بەوانەی پێیان دەگوترێت دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، دژی تێکرای میللەتی کورد لە باشوور ئەنجامی دەدەن، ئەویش ئەنفالی بەهاکان و ئەنفالی زانست وئەنفال وشەو رستەو زمانی کوردی، ئەنفالی قوتی خەڵک و ئەنفالی برسیکردن و ئەنفالی دزینی نەوت و سەرو سامانی کوردستان و ئەنفالی ڕیزی تاکی کوردوسووککردنی بەرامبەر دوژمنەکانی و ئەنفالی لێدانی کەسایەتی و چرووکردنی تاکی کورد، ئەنفالی...... ئەنفالی.... هتد، بۆیە کاتیک یادی ئەنفال دەکەین، وا باشترە یادی هەر دە قۆناغی ئەنفال بەیەکەوە بکەینەوە، نەک بە تەنیا ئەنفالەکانی بەعس و ئەوانی پێش بەعس و ئەوانەی لەتەک بەعس!، ئەگەر خویندنەوە بۆ کۆی ئەو دە ئەنفالە بەیەکەوە نەکەین، هەرگیز ناتوانین لەمێژوو تێبگەین و هەمدیس وەک سەتان ساڵ بەر لە ئێستا، مێژوو فریودەدەین و لە دواجاریشدا مێژوو فریومان دەدات!



## ژنانی ئەنفال کارێزما بوون

**پشتیوان محمود**

ئەنفال وەک نوێترین هەوڵی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی بەعس لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لە ساڵی 1988 ئەنجامدرا بەرامبەر نەتەوەی کورد. لە پێناو پاکتاوکردنی نەتەوەیەک لەسەر خاک و زێدی خۆیان . ئەم تاوانە تەنها هەوڵێک نەبوو بۆ سڕینەوەی ناسنامەی و شوناسی کورد وەک نەتەوەیەک وبەس . بەڵکو دەرهاویشتەکانی لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی و ژینگەی دەیان گرفت و

کێشەی خولقاند، لەسەر کۆمەڵگای کوردی بەگشتی و کەس وکاری ئەنفال کراوان بەتایبەتی.
چارەنوس و شوێن بزرکردنی دەیان هەزارکەس لەم تاوانەی بەناو ئەنفالدا. کەس وکاری ئەنفال کراوانی توشی دڵتەنگی و دڵەڕاوکێ و دەیان حاڵەتی دەرونی کرد. هەڵگرتنی خەمەکان و ئازارەکان و فرمێسکەکان و نەهامەتیەکان لە لایەن ژنان و ئافرەتانێک کە دەستگیران و هاوژین و هاوسەرەکانیان لە دەستدا. لەڕوخساری هەریەکەیاندا دەیان چیرۆکی نارەحەتی و تراژیدوی و کێبڕکێ کردن لەگەڵ ژیان و مەرگدا چارەنوسیانی نوسیوەوە.
لە ڕوخسارو ژیانامەی هەریەکەیاندا و لەکاتی گوێ گرتن لێیان لەسەر دەرهاویشتەکانی ئەم تاوانە لەسەر ژیانیان لەبیروەریاندا ، توێژەر دەگاتە ئەو ڕاستیەی کە ئەمان لەدوای ئەنفال سەرەڕای لاوازی بنەما ئابوریەکان و بێکاری و هەژاری و ناجێگیری سیاسی و لەدەست دانی کەس وکاریان ، دەست بەرداری ژیانی منداڵەکانیان نەبن و بتوانن لە ڕیگەی دەیان کاری جۆراو جۆرو شەرەف مەندانە وەک کارکردن و نان کردن بۆماڵان و گوڵەچنەو کاروباری کشتوکاڵی لەنێو کێڵگەو زەوییەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق و سەرەڕای بوون بە قوربانی و گیان لەدەستدانی ژنان و ئافرەتانیکی سەربەرز لە ڕێگای کارکردنیاندا . بەڵام بەشێکی زۆریان توانیان نان و قوتی منداڵەکانیان پەیدا بکەن وبەرگەی هەموو زیانیکی گیانی و تانەیەکی کۆمەڵایەتی بگرن ، لەژێر چەپۆکی داب و نەریتی دروست کراوی کۆمەڵگە.
دایکی نوسەر یەکێکە لەو ژنە قارەمان و سەربەرزانەی کە نمونەیەک بوون لە خۆڕاگری و قوربانیدان وەک تێکڕای ژنانی تری ئەنفال.
توانیان بە خۆڕاگرییان ببنە سمبول و هیوای ژیانی منداڵەکانیان و وانەی ژیانیان فێربکەن و دەیان نەوەی ڕۆشنبیرو خوێندەوار پێشکەش بە سەرجەم دام ودەزگا حوکمیەکان بکەن.
لە دوای 31 ساڵ لەو تاوانە ، پێویستە لە سەر حوکمەت ودام و دەزگاکان بەگشتی و کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان بەتایبەتی هە میشە بەچاوی ڕێزەوە تەماشایان بکەن و شانازیان پێوە بکەن ، هەروەها ڕێز لەماندووبونی ئەوان و سودمەندیش بن لەتواناو بەهرەی نەوەکانیان و دەرفەتی کاریان بۆ برەخسێنن.

## دەبێت پەنجەرەیەک هەبێت بۆ ڕوانینی ئەم قارەمانانە

### محمەد بەردەسپی



بەردەوام ڕادیۆ (قیسارە)کەت لەدەست دابوو، بەگوێتەوە دەتگرت و دەنگیت کز دەکرد تاکو دەنگی ئێزگەکە نەگاتە کۆڵان، نەوەک جاشێک، پیاو چاکێک پێی بزانێ، کاتێک هەواڵی کارەساتی ئەنفالت بیست خۆت بۆ نەگیرا و دەسبەجێ لەماڵ چوویتە دەرەوە تا پیش نیوەڕۆ گەڕایتەوە و بە دایکمت گوت: ژنێ چی کەلوپەلی زیادمان هەیە لە حەوشەکە دابنێ. دایکم پێی گوتی (قادر) لۆ چتە؟

زۆر باش لە بیرمە گۆتت: کەسوکارێکی زۆرمان دەربەدەر کراینە و لێیان قەوماوە و بەر شاڵاوی ئەنفال کەتینە!!! تۆ پیاوێک بووی هەمیشە خەمی کەسوکارەکەت بووی، تۆ هەموو کوردپەروەرێکت بە کەسوکاری خۆت دەزانی، هەرگیز نەدەترسای لە سجن و ئەشکەنجە، تۆ هەمیشە لە خەمی یارمەتیدانی کەسوکارەکەتدابووی لۆ کۆمەک و هاوکاری خوشک و برایانی لە جیژنیکان و بارزانیەکانی قوشتەپە. تۆ هەڵەبجەیی و قەڵادزێی و گەرمیانیەکان و بارزانیەکانت هەموو بە کەسوکاری خۆت دەزانی.

ئەوەشم لەبیرە داوات لە (حاجی زرار)ی دراوسێمان کرد لۆرییەکەی بێنێتە پێش ماڵ، گۆتت داوا لە خەڵکی دەکەم کۆمەک کۆدەکەینەوە بۆ ئەو خوشک و برایانەی لێیان قەومایە وا لەو دەشت و دەرە کەتینە هیچ شتیکیان پێ نیە. حاجی زراریش هەزار سڵاو لەگۆڕەکەی، بێ یەک و دوو سەیارەکەی هێنا و لە پیش دەرگا ڕایگرت، تا نێوەڕۆ دراوسێ و خزمان لۆرییەکەیان پڕ کرد لە جل و بەرگی ژنان و منداڵان و بەتانی و رایەخ و پێداویستی سەرەتایی.

ئەو ڕۆژە تا بەیانی چاوەڕێمان کردی بابە گیان



نەهاتیەوە. داکم پێی گۆتی ئەوە چت بەسەرهات؟

تۆش گۆتت: هیچ نیە جاشە کەرێک بە گرتی دام! بابە گیان ئیستا جاشە کەرەکان و ئەوانەی کەسوکارەکەتیان ئەنفال کرد لەلیستی مووچەی پیشمەرگەو زیندانی سیاسی و شەهیداندا مووچەیان نەک هەر لە ئەنفالکراو و شەهیدێکی سەنگەر، تەنانەت زۆر لە مووچەی (مامە ریشە)ش زیاترە.

## پۆزش و ڕوونکردنەوەیەک! بۆ ڕای گشتی



**لەژیانی تایبەتی و گشتیماندا زۆرجار دەکەوینە هەڵەوە، سووربوون لەسەر هەڵەو خۆبەڕاستزانین ئەوەش دیسانەوە بەڵایەکی گەورەیە، دانان بەهەڵەدا فەزیلەتە.**

**دوو ساڵ پێش ئێستا من دیدارێکم سازدا لەگەڵ کاک فەتاح سەبارەت بەوێنەیەک کە ئەو خۆی ووتی لەو وێنەیەدا منی تیام!، منیش پاڵپشت بە قسەکانی ئەو ووتم بۆ دیدارێکی ڕۆژنامەوانی ساز نەدەین بۆ کوردستانی نوێ، ئیتر ڕێکەوتین و لەکۆفی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسوورەکە دیدارەکەمان سازداو ڕاستی ڕووداوەکانی خۆی گێڕایەوە کە چیان بەسەرهاتووە لەکاتی هەڵمەتی ڕەشبگیری پرۆسەی**



تاوانی ئەنفال ١٩٨٨ ، من لێرەدا باس لەو بەشە ناکەم کە قسەی تیاکردووە لەحیکایەت و بەسەرهاتە پڕ لەتراژیدیاکەی، تەنها دێمە سەر ئەو وێنەیەی کە گوایە کاک فەتاح–ی تیایە.!

پاش ئەوەی ئەمڕۆ ٢٠١٩/٤/١٦ پەیجی وێنەگری گەورەی فۆتۆگرافەری ئێرانییان بۆ ناردم کاک ( jassem ghazbanpour )لەوێ باس لەوە دەکات کە ئەو خاوەنی وێنەیەکەیەو ڕووداوەکەش لەکاتی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ لەسەر سنووری ئێران و عێراق–ە، لەکاتێکدایە ئەو منداڵانە ڕیزیان بەستووە بۆ وەرگرتنی خۆراک و شوێنەکەش نێو یەکێکە لەئۆردووگاکانی ئەودیو لەئێران. من داوای لێبووردن لەخوێنەرەکانم دەکەم، سەرەڕای ئەوەی کەتووشی هەڵەبووم لەساغکردنەوەی وێنەکە لەهەمانکاتدا نەدەبوو کاک فەتاح کە خاوەنی ئەنفالە خۆی بەیەکێک لەو منداڵانە بناسێنێ و منیش شەرمەزار بکات. دیسانەوە داوای لێبووردنیش لەکاک (جاسم غەزبەنپوور) دەکەم بۆ ئەو هەڵەیەو بمانبەخشێ.

ئێستا ڕوونبوویەوە کە وێنەکە هی سەردەمی ئەنفال نیەو هی کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ لەئۆردووکایەکی نزیک سنوور لەودیوی ئێران گیراوە. دووبارە من داوای لێبووردن دەکەم.

**ئەسعەد جەباری**

**سێ شەممە ١٦ /٢٠١٩/٤**

* وێنەی یەکەم کاک جاسم.

* وێنەی دووەم کۆڕەوی ١٩٩١.



## ریزی مەرگ و خەندەی مەرگ، بە لاڕێدابردنی کەیسی ئەنفال

.

**زمناکۆ ئیسماعیل خالد**

**بەرلەوەی کاک زمناکۆ ئەم بابەتە بنوسێت سەرنوسەری ئەنفالستان وێنەکەی ساغ کردبووە، لەساڵانی رابوردوشدا ئەنفالستان چەندین جار ئاگاداری و رونکردنەوەی بڵاوکردەوە کە ئەم وێنەیە هیچ پەیوەندییەکی بەئەنفالەوە نیە، بەلای کەمەوە گومانی خستبوە سەری، بەڵام لەساڵی ٢٠١٥ دا لەماڵپەری ئەنفالستاندا بڵاوکرایەوە کە وێنەکە هی ئاوارەیی ساڵی ١٩٩١ ەو پەیوەندی بەئەنفالەوە نیە، ئەم بابەتەی کاک زمناکۆ و وێنەکانی تری فۆتۆگرافەری ئێرانی غەسان پور هێچی بۆگومان نەهێشتەوە، ئێستا ڕوونە کە وێنەی ئەو منداڵانە هی ئاوارەکوردەکانی ساڵی ١٩٨٨ نەک هی ئەنفال ....**
**گۆڤاری ئەنفالستان**

هەموو ساڵێک کە نزیک بەمانگی نیسان دەبینەوەو پێ دەنێینە نێو چواردەهەمین ڕۆژی ئەومانگە، لاپەڕەی بەکارهێنەکانی سۆسیال میدیاو فەیسبوک و تویتەرو ئینیستاگرام، پڕدەبن لەوێنەی تاوانی ئەنفال، لەنێو سەرجەم وێنەکاندا، ووێنەی ریزێک منداڵ دەبینین، کە وەستاون ڕووەو شوێنێکی ئاڕاستەکراو.

ئەم ووێنەیە بەبەردەوامی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەتەنێت، بەکارهێنەرانیش وەک ووێنەی (ریزگرتنی منداڵان لەکاتی ئەنفالدا بۆ مەرگ) ناوزەدەی دەکەن، بەڵام ڕاستی ووێنەکەو چیرۆکی پشت ووێنەکە، ریزگرتنی منداڵانی هەڵهاتوە لەمەرگ، ئەوان ریزیان گرتوە بۆ ژیان نەک مەرگ، وەک ئەو چیرۆکە باوەی کە بۆ ووێنەکە داتاشراوەو دەڵێت "ریزی مەرگ و خەندەی مەرگ"، زۆری وویست هەتا خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم ووێنەیەمان دەستنیشانکردوتوانیمان بیدۆزینەوە، ئەوەش ئاسان نەبوو، بەڵکو لەڕێگای چەند هاوڕێیەکەوە، توانیمان خاوەنە ڕاستەقینەکەی ئەو ووێنەیە دەستنیشان بکەین، ئەو لەڕێگای هەرسێ ئەکاونتی تایبەتی خۆی، لە (ئینیستاگرام و

تیلیگرام و فەیسبوک)، نوسیویەتی "وەک بیرهێنانەوەو دڵنیاکردنەوەیەک، وێنەیەک دانراوە بەناوی شاڵاوی ئەنفال، ئەو وێنەیە ماوەیەکی زۆر بەناوی (ڕیزی مەرگ و خەندەی مەرگ)، دەستاودەستیکردوە، بەڵام ڕاستی ئەو وێنەیە ئەنفال نییە".

بەدوای چیرۆکی پشتی وێنەکە چوم و لەڕێگای هاوڕێیەکی وێنەگرەکەوە بۆم دەرکەوت، خاوەنی ڕاستەقینەی وێنەکە (جاسم غضبانپور)ە، ئەو خەڵکی خورمشەهرە لەئێران". لە ساڵی ١٩٦٣ لەو شارە لەدایکبوە، لەساڵی ١٩٧٦ دەستی کردوە بەکاری وێنەچرکاندن، وەک وێنەچرکێنێکی لێهاتوو ناسراوە، لەشەڕی نێوان ئێران و عێراقدا، لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٣ بۆ ١٩٨٨، چالاکانە کاری چرکاندنی وێنەکانی ئەو جەنگەی کردوە.

دەربارەی چیرۆکی پشت وێنەکە ئەوەم بۆ ئاشکرا بوو، ئەو وێنەیە لەساڵی ١٩٨٨ چرکاوە، ئەوکاتەی خەڵکانی نێوگوندەکانی گەرمیان، لەدەست ڕژێمی بەعس هەڵهاتن و پەنایان بۆ ئۆردوگاکانی ئێران برد، یەکێک لەڕۆژەکانی کۆتایی مانگی چوار، جاسم غضبانپور و وێنەگری شەهید کاوە گوڵستانی، ڕوو لەو ئۆردوگایە دەکەن بۆ ئەوەی وێنەی ئاوارەکان بچرکێنن ولەڕۆژنامە ئێرانییەکاندا بڵاوی بکەنەوە جاسم غضبانپور لەبارەی چیرۆکی پشت ئەو وێنەیەوە دەڵێت "ئەو ڕۆژەی ئەو وێنەیەم چرکاند، منداڵان ریزیان گرتبوو بۆئەوەی خواردنیان پێبدرێت،ئەو وێنەیە یەک دانەی بڵاوکراوەیە، لەکۆی دوو فیلمی ٣٢ وێنەیی، لەهەمانکاتدا چەندان وێنەی دیکەی ناخۆشی و ئاوارەیی کوردەکانی عێراق و ئۆردوگام لەلایە، هەتا ئێستا بڵاوم نەکردونەتەوە". دەربارەی ئەو چیرۆکە ناڕاستەی کە لەسەر ئەو وێنەیە نوسراوەو دەڵێت " تکام وایە کە ئەم چیرۆکە ڕاستەقینە لەمن وەربگرن، ئەوان ریزیانگرتبوو بۆ ژیان نەک بۆ مەرگ".






تاوەکو ئێستا، بەلاڕێدابردنی کەیسی ئەنفال، لەکەمترین وڵاتانی جیهان توانراوە وەک جینۆساید بناسرێنێت، سەرباری کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێم و بونی ململانێ حیزبی و کەوتنە ناو گەمەی شەڕی ناوخۆو شەڕی پلەو پۆستی حیزبەکان، لە هەمانکاتدا وەک پێویست نەتوانراوە کار بۆ کۆکردنەوەی وێنەو بەڵگەکانی ئەنفال بکرێت، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە، لەکاتی خۆیدا حکومەتی بەعس، زۆربەی بەڵگەکانی وەک تۆماری ڤیدیۆ فۆتۆی چرکاوی ئەو کەیسەی لەناوبردوە، لەوەش تاوانتر ئەوەیە،کە دەبینین لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەواڵی فەیک و فۆتۆو ڤیدیۆی

فەیک لەسەر ئەو کەیسە بڵاو دەکرێتەوە، چ بەزانین بێت یان بەنەزانین، ئەمە تاوانە، کێشەیەکی گەورەیە لەسەر بەلارێدابردنی ئەو کەیسەو، لیخنکردنی گۆمی سیاسی ئەنفال.

یەکەم: ئەو وێنەیەی کە بەناوی (ریزی مەرگ و خەندەی مەرگ) دانراوەو دەگوترێت منداڵانن کە ریزکراون بۆ مەرگ.

دوهەم: وێنەیەکی دیکەی هەما روداو لەزاوییەی ٤٥ چرکاوە.

وێنەی سێهەم: وێنەیەکی دیکەی هەمان ئەو منداڵانە کە لەپشتی ریزەکەوە چرکاوە بەمەبەستی وەرگرتنی خواردن لە نێو ریزدا.

وێنەی سێهەم: وێنەیەکی جاسم غضبانپور.

## با قسەیەک بۆ دزیش بکەین

عومەر محەمەد



کەیادی ئەنفال دێتە پێشەوە هەموو دەم لەدەسەڵاتداران و حکومەت دەکەنەوە، زۆر کەس دەبینم لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە دەڵێن لەگەڵ سەردەمی بەعس (هیچ جیاوازییەک نیە، یاخود دەڵێن : (هیچ) بۆ کەسوکاری ئەنفال نەکراوە، بێگومان ئەو قسانە هیچیان راست نین، چونکە کەسوکاری ئەنفال لەسەردەمی بەعسدا لەبەردەم هەرەشەی لە ناوچوونی یەکجاریدا بوون. ئەوانەی ناوکۆمەڵگاکانیش لە دۆخێکدا راگیرابوون کە کوردبوون لەبیربکەن.

کێ دەڵێت: هیچ نەکراوە؟ ئەوە راست نیە، بەلای کەمەوە (زەوی و پارەی خانوو دروستکردنیان پێدراوە) موچەیەکیان هەیە جاکەم بێت یان زۆر ئەوەیان قسەیەکی ترە.

ئەوانەی فۆکسیان لەسەر حکومەتە (ئەنفال بەدونیا بناسێنێ، بەلای کەمەوە سەنتەری توێژینەوەو لێکۆڵینەوە)ی بۆ دروست بکات، هیچیان راست ناکەن بە کەسوکاری ئەنفالکراوانیشەوە، ئەوانە ئەگەر بخوازن ئەنفال بەدنیا بناسرێت هەتا ئێستا هەنگاوێکیان دەناو بەکارەکانیان حکومەت ودەسەڵاتدارانیان ناچار دەکرد.. ئەگەر بیانویستایە، رۆحی ئەنفالکراوەکانیان ئاسودە بێت، دەیانتوانی بەرێگای جیاواز رێزیان لێ بنێن.

فەرموون ئەوە ئەرزو ئەوە گەز، خۆیان چۆنیان پێیاشەو چۆنیان بۆدەگونجێت با بەقەد توانای خۆیان بکەن زیاترنا، کەسوکاری ئەنفالکراوانش ئەگەر بیانویستایە بەبێ حکومەتیش دەیانکرد، بەبرێک لە موچەی ئەنفالکراوانیان وهەر بەشانوقۆڵی خۆیان ئەگەر لەقوروبەردیش بوایە دەیانتوانی خانوچکەیەک (سەنتەری توێژینەوەو لێکۆڵینەوە نالێم) تەنها خانوچکەیەک بۆ کۆکردنەوەی وێنەی قوربانیانی ناوچەکانیان و گوندەکانیان دروست بکەن کە لەئەنفالدا بێ

سەروشوێن بوون. وەک ئەو مۆنۆمێنتەی گوندی کڵێسە، کەدانیشتوانەکەی خۆیان دروستیان کردووە.

بەڵام ئەفسوس هەرگیز ئەم پەرۆشییەم نەدیت ! ئەم یادکردنەوانە هەر قابیلی کوڕان وکیژانی ڕۆژئاوای کوردستانە. ئەوەی گۆرستانی کۆبانێ دیبێ و یادی ڕزگارکردنی کۆبانێی دیبێت دەزانێت چی دەڵێم..دڵنیام ئەگەر دۆسێکەمان لەوێ بوایە یان ئەوان لێرەبوونایە،نەدۆسێی ئەنفال ئاوا بێکەس و خەسار دەبوو نە ئەنفالستانیش ساڵی جارێک دەردەکەوت.

دەی فەرموون هەرهیچ نەبێت چاوەڕوانی حکومەت مەبن، خۆئەوەیان هیچی تێ ناچێت و خەرجییەکی واشی ناوێت با هەرکەسەو ناوی ئەنفالکراوەکانی لەسەر تابلۆیەک بنوسێ و بەدیواری دەرەوەی ماڵەکەیەوە هەڵبواسێ..بۆئەوەی بەهەر کۆڵانێکدا ڕۆیشتین ناویان ببیستنەوەو بۆ هەمیشە ناویان لەیادەوەریماندا بمێنێتەوە.



## منالانی بێ ناونیشان (دایکم ئێزیدیەو باوکم داعش)

## کاتێک ئاین و جەنگ بەیەکتر دەگەن

**ڕزگار عومەر**

لە دوای شکستی سەربازی و کەوتنی دوا مۆڵگەکانی داعش، پرسێکی پڕ لە تراژیدیا ڕووبەڕووی ئافرەتە ئێزیدیە ڕزگاربووەکان بۆتەوە، ئەویش دەبێ جیا ببنەوە لە مناڵ و کۆرپەکانی خۆیان، ئەو مناڵ وکۆرپانەی بە ووتەی ئەم ئافرەتانە "لە خوێن وگۆشتی خۆیانن." کەسو کاری ئەم ئافرەتانە؛ ئێزیدیەکان، ڕێگا نادەن کچەکانیان بێنەوە بۆ ناو خێزانەکانی خۆیان ئەگەر بێتوو ئەو مناڵانە لە گەڵ خۆیان بهێنن کە لەکاتی کەنیزەک بوونیان بە دەستی تیرۆریستانی داعش لە دایک بوون. لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتانە بەگریان و حەسرەتەوە قسەیان بۆ میدیاکان کردووە، ئەوان بە زۆرەملێ جیا دەکرێنەوە لە مناڵەکانیان، ڕاستە لەڕێگای کۆیلە کردنی سێکسیەوە ئەو منالانە لەدایک بوون، بەڵام وەکو پەیوەندی "دایک و مناڵ" ئەوان هەمان ئەوپەیوەندیە سروشتیەیان لەگەڵ مناڵەکانیان هەبووە.

ئەوان لە ژێر هەڕەشەی ئەوەدان؛ ئەگەر مناڵەکانیان لە گەڵ خۆیان بهێنن، ناتوانن بێنەوە ناو کەسوکاری خۆیان، ئەگەریش نەچنەوە نێو کەسوکاری خۆیان بەتەنیا بگەڕێنەوە هیچ کەسێک پەیوەندیان پێوە ناکا! هیچ کەس؛ خۆراک وهیچ جۆرێکیتر لەیارمەتیان پێ نادات.

هەزاران ئافرەتی ئێزیدی لە هەمان کێشەدان، هەندێک لەم ئافرەتانە کاتێ داعش لە ٢٠١٤ ئەوانی ڕفاندوەو کراون بە کەنیزک و کۆیلە، منالی خۆیان پێبووە کە هی باوکێکی "ئێزیدی" بووە، ئەم جۆرە لە ئافرەتانی ئێزیدی کەسو کاریان پێیان ووتون: دەتوانن مناڵی یەکەمت بهێنی لەگەڵ خۆت چونکە "ئێزیدیە" بەڵام بۆت نیە منالی دووەم و سێهەم بهێنیت لەگەڵ خۆت چونکە بەئێزیدی حساب ناکرێن. لە ڕاپۆرتی میدیایی ئەم بابەتە چەندی چیرۆکی تێدایە کە نەک تەنیا دایکەکە وەکو "دایک"دەگری بۆ مناڵەکەی بەڵکو ئەو منالانەی یەکەمیش کە "ئێزیدین" دەگرین و داوای براو خوشکەکانیان دەکەن کە لەو دیو سنوور جێیانهێشتن.



جەنگ تەنیاماڵوێرانکاری شارو دێ و سوتان نیە، بەڵکو هەموو ئەو دۆخە ناهەموارو دژە مرۆڤایەتیە کە پەل دەهاوێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤانەی لە پاش جەنگ لە دۆخێک رزگاریان دەبێت بۆ ئەوەی خۆیان لە دۆخێکیتردا بدۆزنەوە. لە شەڕی جیهانی دووەم؛ ئەو منداڵانەی کەلەو ئافرەتە فەرەنسیانە لە دایک بوون کە سکیان لە لایەن سەربازە نازیەکان پڕکرا بوو، دواتر بە پێچەوانەشەوە ئەو منداڵانەی کە لەو ئافرەتە ئەڵمانیانە لە دایک بوون کە لە لایەن سەربازانی ئەمریکی و بەریتانی و فەرەنسی و سۆڤیەتی سکیان پڕکرا بوو، ژمارەیان بە هەزارەها منداڵ بوو کە بەشی هەرە زۆریان جیاکرانەوەو خرانە ژێر دەستی خانەی بێ سەرپەرشتان. بەڵام خودی ئەم جیابوونەوە سەپێنراوانەی دونیا مۆدێرنیش هەڵگری هەمان توخمی "دڵرەقی" دۆش داماوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە بە دەستی ئەم هاوکێشەو ئاکامە کۆمەڵایەتیانەی دوای جەنگ لە ژیانی رزگاربووان دروست دەبێت. لە ئێستادا؛ کردنەوەی هەر دایلۆگێک لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ ڕابەرانی ئاینی ئێزیدی بەدەر نابێ لە چەندین بۆمبی هەستیار، چونکە کەس نازانێ خودی ئەم دایلۆگە چۆن دژ بە قوربانیانی ئێزیدی بەکاردێت. بەڵام لە مێژوی هەموو ئەو کارەسات و زوڵمانەی لە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو بە سەر ئێزیدیەکان هاتووە هیچیان بەقەد ئەم پرسە کلیلی "چارەسەری ئاکامەکانی" لە رووی مرۆڤ بوونەوە نەخستۆتە دەست ڕابەرانی ئێزیدیەکان .

کاتێک ئەم قوربانیانە کران بە کۆیلە هەڵبژاردەی خۆیان نەبوو، کاتێک دەستدرێژیان کرایە سەرو سکپڕکران دیسان هەڵبژاردەی خۆیان نەبوو، ئێستاش کە بەزۆرداری جیا دەکرێنەوە لە کۆرپەو منداڵەکانیان هەر هەڵبژاردەی خۆیان نیە، دڵرەقی جەنگ و کلتوری دیسپلینی ئاینی چی دەکات! ئایا تێگەیشتنێکی توندەڕەوە؛ ئەگەر بڵێین ئاینی جەلاد و ئاینی قوربانی هەردوکیان لەم پرسە لەبەردەم قوربانیان لە ترافیکی دڵرەقیەکانی جەنگ سڵاو لە یەکتر دەکەن؟

پەراوێزکان:

١ -ناونیشانی ئەم ووتارەم لە ناوی شیعرێکی ئەحمەدی شاملو وەرگرتووە کە هەر بەم ناوەیە.
٢ -ڕاپۆرتی رۆژنامەی المدى (الإيزيديّون يشترطون تخلّي النساء المختطفات عن أطفالهنّ مقابل العودة الى سنجار) لاپەڕە ٢، ژمارە٤٤١٠، بەرواری ٢٠١٩/٠٤/١٦.

## گومان لەبڵاوکردنەوەیان دەکەم !

عومەر محەمەد

هیچ گومانم لەهەست وپەرۆشی زۆربەتان نیە، بەڵام پرۆشی بۆچی باشە لەبری ئارامی ئازاربەخش بێت !؟ پێموانیە هیچ میللەتێک هێندەی ئێمە بێ دیقەت وبێ سەلیقە بێت نەک لە تێروانینی بۆ ئەم هەڵسوکەوتانە بەڵکو بۆهەموو شتێک ! هەروا چەند رۆژێک پێش ئێستا گومانی خۆمم نەشاردەوە لە بوونی دەستێک بۆشیواندنی دۆسێی ئەنفال و سوککردنی دۆسێیەکەی بەگشتی و بێ بەها کردنی بەڵگە یاساییەکانی و دواجاریش ترۆکردنی ئینسانی کوردو نیشاندانی وەک خەڵکی بێ دیسپلین وبێ مۆراڵ، من هێشتا نازانم ئەم دەستەکێیە بەڵام دەزانم دوکەڵ بێ ئاگرنابێت .






بەهەرحاڵ ئەمەش هەویرێکی ئاوکێشە، ئەوەی دەمەوێ لەئێوە شاراوە نەبێت و بیزانن گومانەکانمە لە بڵاوکردنەوەی (پێناسەیەکی باری کەسێتییە کەناوی نەسرین حسێن عەزیزی لەسەرە)و (مۆری حیدرالژهبی ال )لێدراوە.

گوایە ئەم هەویەی بەهۆی بارانبارینەوە تازە دەرکەوتووەو لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا بووە. ئەمە درۆیە، پێناسەکە لەدادگای باڵای تاوانەکان بوو، نازانم دواتر سالی ٢٠٠٧ درابێتە وەزارەتی کاروباری شەهیدان.

چیرۆکی پێناسەکەی نەسرین

نەسرین و پێناسەکەی لەگەڵ کۆمەڵێک کەسوکاری تری لەگۆڕێکی بەکۆمەڵی پارێزگای سەماوە دۆزرانەوە و سالی ٢٠٠٥ تیمێکی گۆرهەڵدەرەوەی پرۆفیشناڵی نێودەوڵەتی بەسەر پەرشتی (د.سنۆ) هەڵیانـدایەوە . ئەم کارە بۆ دادگای باڵای تاوانەکان و بەڵگەی بەهێزی دادگایی کردنی سەدام ودارودەستەکەی بوو، بەڵام بەداخەوە پێناسەکانیان نەدانەوە بەکەسوکاریان.

لە سالی( ٢٠٠٧) ەوە کاک کەریم حوسێن برای نەسرین لەهەوڵدابوو هەتا پێناسەی خوشکەکەی وهاوژین ومنداڵەکانی دەستبکەوێتەوە، بەڵام بێ سودبوو، کاتیک ئەم داوایەی لەمن کرد، منیش داوام لە کاک کامەران سابیر کرد، هەتا ئەم داوایەی کەریم بهێنێتەدی ئەویش ئازایانە بەڵێنیدا هەوڵی بۆبدات، دوای سێ ساڵ بێنەوبەرە ئینجا برای بەرێزم کاک (کامەران) کە ئەوسا لەدادگاکە و دواتریش لە سەرۆکایەتی کۆمارکاری دەکرد، بەڵێنەکەی بردە سەرو کۆپی ئەم پێناسانەی بۆهێنامەوە بۆ سلێمانی ودەست من کەوتنەوەو منیش وەک ئامانەتێک دامەوە بەدەست کاک کەریم..

بروا بفەرموون ئەگەرچی زۆر زۆر پێویستم بوو کۆپیان بکەم و لەلای خۆم بیانپارێزم بەڵام رێگەم بەخۆم نەدا کۆپیان لەبەربگرمەوە، باش بوو کاک کەریم بۆخۆی دەستپێشکەری کردوو گوتی : با کۆپیان لای تۆش هەبێت.

کەواتە ئەو پێناسەیەو ئەوانەی تریش لەلای منیش هەیەو لای کەسوکارە نزیکەکانیشیان هەیە، ئەگەر کارێکی رەوا بوایە و پیویست بوایە، ئەوا ئێمە بلاومان دەکردەوە.



٨ / ٢/ م

بسم الله الرحمن الرحيم

٣/م ١ ـــ
٢/١٣

يرجى الأشارة الى الرقم كاملاً

( سيظل الشهداء أكرمنا جميعاً )

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

سرى وشخصي الرقم / ش٣/ ق٣/ / قادسية صدام / ١٠١ / ٤

التاريخ / ١٢ / أذار / ١٩٨٩
/ شعبان / ١٤٠٩ هـ

الى / مديرية الاستخبارات العسكرية العامة ( ش٣ )

الموضوع / محضر أجتماع

## عەلی حەسەن مەجیدو پارێزگارەکان
## کۆنوسی کۆبوونەوە، تاووتۆیی دۆخی دوای ئەنفال

ئەم بەڵگەنامەی لیرەدا بلاوی دەکەمەوە کۆنوسی کۆبوونەوەی پارێزگارەکان و رازگری لقەکان وفەرماندەو پیشەوای تیپ و فەیلەقەکانی سوپایی عێراقە، کە عەلی حەسەن مەجید تیایدا بەشدارەو تاوتوێی دۆخی دوای پرۆسەکانی ئەنفال دەکەن. لەم کۆبونەوەیەدا هەم گفتوگۆکان و هەم بریارەکان زۆر جێگەی سەرنج و تێرامانن کە باس لە دۆخی

دوای ئەنفال و ناوچە قەدەغەکراوەکان و راگواستنی شاری قەلادزێ و ئۆردوگاکانی دەورووبەری دەکرێ و هەرلەویشدا بریاری لەبارەوە دەدرێت . ئێمە بۆ بەرچاورونی هەموو ئەو بەرێزانە کە گرنگی بەمێژوو ئەنفال و جینۆساید دەدەن وەرمان گێرایە سەر زمانی کوردی. کۆنوسەکە بریتیە لەسێ لاپەرە و ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە :

<u>نهێنی و کەسی</u> ژمارە/ش٣/ق٣/ قادسیەی صدام /٤٠١

ڕێکەوت/ ١٢/ئازار/ ١٩٨٩

٥/شعبان/ ١٤٠٩

بۆ/ بەریوبەرایەتی هەواڵگری گشی سەربازی (ش3)

بابەت/ کۆنوسی کۆبونەوە

لەکاتژمێر ١١٠٠ لە ١١ی ئازاری ٨٩ کۆبونەیەک لەسەرۆکایەتی نوسینگەی ڕێکخستنەکانی باکور (مكتب التنظيم الشمال) بەئامادەبوونی پارێزگارەکان و رازگرەکان (امين السر)ی لقەکان وسەرۆکی فەیلەقەکان وبەرپرسانی دەزگا ئەمنیەکان بەسترا. ئەوەی لای خوارەوە هاتووە گرنگترین ئەرکەکان بوون کە لەکۆبونەوەکەدا وتوویژی دەربارەکرا:

1 -لەسەرەتای ووتەکانیدا هەڤاڵ لێپرسراوی نوسینگە ئاماژەی بەگرنگی خوێندنەوەوتاووتوێکردنی بارودۆخی باکوردا، کە دوای کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیونەکانی ئەنفال دەرپەڕاندنی تێکدەران بۆ ئەودیوی سنور، هەروەها چاوخشاندنەوە بە هەندێک لەو بڕیارانەی کەوا لەڕابوردودا بەهۆی بارودۆخە تایبەتییەکەی ئەوکاتە لەئارادابوون.

2 -لەکۆبونەوەکەدا جەختت کرایەوە لەسەربابەتێکی گرنگ، ئەویش دیاریکردنی ئەو ناوچە قەدەغەکراوانەیە کە لەرووی ئەمنیەوە دیاری کراون وئەوانەی کە قەدەغیان لەسەر نیە، هەروەها هەروەها ئەوناوچانەش کە دەشێت کشتوکاڵیان تێدا بکرێ بۆئەوەی بتوانن بەرۆژلێی بمیننەوە وشەوان بگەڕێنەوەوجێیبهێڵن. یاخود ئەوشوێنانەی کە بۆ کشتوکاڵ گونجاون و بتوانن بەشەو و بەرۆژ لێیبمیننەوە، پێشەوایانی فەیلەقەکان باسیکی تیروتەسەل وشرۆڤەیەکی باشیان پێشکەش کرد، دەربارەی ئەوناوچانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرابوو. هەڤاڵ لێپرسراوی نوسینگە داوای لێکردون ئەوکارە بەفەرمی جێبەجێبکرێ بۆئەوەی تەواوکەربێ لەگەڵ ئەوەی لەناوچەقەدەغەکراوانەدا هەیە، بەڵام دەبێت مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەتەواوی لەسەرئەوبنەمایە بێت کە لەناوچەی قەدەغەکراودان جەختی کردوە کە پێویستە بگەڕێنەوە بۆڕێنماییەکانی ڕابوردوی نوسینگە لەبارەی هەڵسوکەت ومامەڵەکردنی مەیدانی لەگەڵ هەرکەسێکدا کە لەناوچەی قەدەغەکراودایە.

**لاپەرەی یەکەم نهێنی وکەسی (١- ٣)**

3 -دیاری کردنی ئەوناوچانەی کە هێشتا قەدەغەی ئەمنی لەسەرە، پێویستە لەسەر ریکخراو(مونەزەمە) حیزبیەکان کەوا کارابن لە وشیارکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی هاولاتیان کە بەرچاورونیان بدەنێ سەبارەت بەوەی ڕوبەرویان دەبێتەوە لە ناوچەقەدەغەکراوەکاندا ئەگەر پابەند نەبن بەوەی لەسەرەوە باسکراوە.

4 -بریاردرا نابێت هیچ شتێک لەخۆرهەلاتی سەنگەسەربوونی هەبێت هەمووشتێک دەبێت لاببرێت (قەلادزەو کۆمەڵگاکانی)، هەروەها ئەوانەشی لەلای چەپی دەریاچەی دوکان و باکوری پیرەمەگرونن.. دەبێ لیژنە تایبەتەکان بەشیوەیەک دەست بەکاربن بۆ دیاریکردن و ئامادەکردنی جێگای کۆمەڵگا پێشنیارکراوەکان، دەبێت لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵدا ڕاگواستن دەست پێبکات بەرەچاوکردنی نیشتەنەجێکردنەوەی

ئەوانەی لەیەک هۆزن لە کۆمەڵگایەکدا. لەبەرئەوەی رەنگە ئەمە لەداهاتودا گێچەڵ وسەریەشەمان بۆ دروست بکات چونکە ئەوەی سەرکردایەتی دەکات تەنها حیزبی پێشەوایە.

5 -دەبێت کۆمەڵگاکان لە پارێزگای سلیمانی هەڵبژێردرێن ولەکاتی نەبوونی پێگەی جوگرافیای تەواو، ئینجا لەشاری هەولێرشوێن بۆکۆمەڵگای تردیاری بکرێ و سوود لەو کۆمەڵگا کۆنەکانیش وەردەگیرێ، چونکە هەموو خزمەتگوزاریەکیان تێدایە.

6 -بەهۆی بوونی نەوت تیایاندا ناوچە ئارامەکان کە قەدەغەی ئەمنییان لەسەر نیە، کەم دەکرێنەوە بۆ نزمترین ئاست و بەکرێ دەدرێن بەکەسانی باوەرپێکراوئەمەش دوای بانگەوازی ئاشکراوکۆکردنەوەیان دەبێت، ئەوکەسانەش لەم کارە بێبەش دەکرێن کە پێشینەیان هەیەو لەریزی تێکدەراندا کاریان کردووە.

7 -هەر وەک پێشتر رێنمایی لە نوسینگەی رێکخستنی باکورەوە دەرچووە بەگوێ نەگرتن لەسکالای ئەو هاوڵاتیانەی کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکان دەژیان و بەرچاو کردنی ئەوەی کە گوندەکان تێکدەران و دانیشتوانی ئاواییەکان خرانە ناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەژێر کۆنترۆڵ وچاودێری حکومەتدان ئەوا مافی خۆیانە سکاڵا پێشکەش بکەن و ئەمەش رێنماییە کۆنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە

8 -دەبێ شێوازی بەدەرەکان وازلێبهێنن ونەگەرێنەوە بۆ نوسینگە لەهەموو کاریکدا وپێویستە ئیتر هەموو کەسێک رۆلی خۆی بەتەوای ببینێ لە بوارو تایبەتمەندییەکەی خۆیدا.

لاپەرەی دووەم (٢-٣) سری والشخصي

9 -لەسەر دەزگا ئەمنیەکان پێویستە چەندی لەتوانادایە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی ناوکۆمەڵگا نیشتەجێکراوەکن بۆخۆان رابکیشن لەوانەی جێگەی باوەرن بۆ دۆزینەوەی رێکخستنە ناوخۆییەکانیان کە لەکون وقوژبنە تاریکەکاندان.

10 - چاودێری و بەدواداچونی رێکخستنە ناوخۆیەکان لەلایەن هەواڵگری و ئەمنی بەتالیۆنەکان وتیپەکانەوە (فرق وفیالق) هەندێ گرفت وکێشەی بێزارکەرمان بۆ دەخولقێنێ. بۆچارەسەری ئەو ئەرکانە بەهەواڵگری یاخود بە ئاسایش (مخابرات یان الامن) دەسپێردرێن، ئەوان بەپێی تایبەتمەندی خۆیان هەڵدەستن بەچاودێری کردنیان.

11 - یەکە سەربازییەکان بەرپرسن هەرکاتێک کارێکی تێکدەرانە لەناوچە قەدەغەکراوەکان رویدا روبدات، بەڵام لەناو شاروکۆمەڵگاکاندا ئەوا هەواڵگری وئاسایش (موخبارات و الامن) لێی بەرپرسن.

تکایە بۆ بەدواداچونی ورد......... لەگەڵ رێزدا.

عەمید الرکن

بەرێوەبەری هەواڵگری رۆژهەلات (مدیر الاستخبارات الشرقیة)

١٢ی ئازاری ١٩٨٩

# پێڵاوەکانی جەلەمۆرد

عومەر محەمەد

رۆژی ٤ی ئایار بۆیادی ئەنفالکراوانیان چووم بۆ گوندی جەلەمۆرد،دوای تەواو بوونی یادەکە بەنیازی سەردانی خانەوادەکان بووین، بەڵام هەر زوو خۆیان خولقیانکردین بۆخوانی نیوەڕۆ لەوێ چیرۆکی پێڵاوەکانم یاداشتکرد، جەواد جەلەمۆردی پێیراگەیاندم کەوا کۆمەڵێک پێڵاوی خاڵۆزاکانی لەبن داروپەردوی شوێن خانووە کۆنەکەی ماڵی خاڵی دۆزیوەتەوە.





رۆژی ٣ی ئایاری ٢٠١٩ دوای ٣١ساڵ پێڵاوی تەواوی خێزانێکی گوندی جەلەمۆرد دۆزرانەوە ئەو مرۆڤانەی رۆژانێک ئەو پێڵاوانەیان لەپێدا بووە هەموویان ئەنفالکراون.

حەمە زیاد فەتاح سادق جوتیاریکی هەژاری گوندی جەلەمۆرد بوو، باوکی (٦) منداڵ بوو، دوای ٣١ساڵ خوشکەزاکانی شوێن خانووەکەیان هەڵکولێ لەکاتی لابردنی داروپەردوی شوێن خانووە کۆنەکەی ماڵی خاڵیاندا، کۆمەڵێک پێڵاوی بەجێماوی هاوسەرو منداڵەکانی حەمە زیادیان دۆزییەوە..ئەو پێڵاوانە چی بوون و چۆن بوون ؟ ئەوانە پێش ئەنفال بەجێیانهێشتووەو لەکاتی روخاندنی خانووەکانی گوندی جەلەمۆردو خانووەکەی ماڵی حەمە زیاد مابوونەوە ! جەواد جەلەمۆردی گوتی : ماڵی خاڵم (٨) کەس بوون هەموویان گیران و ئەنفالکران، خاڵم

ناوی حەمەزیاد فەتاح سادق و خالۆژنم ناوی " مەلەک ڕەمەزان سالح" بوو منداڵەکانیشیان ( ئارەزو محەمەد و خالیدو یوسف و فاتمە) بوون.
(لە ڕۆژی ٣ی ئایاری ٢٠١٩ لە کاتی کارکردندا پێڵاوەکانی ماڵی خاڵمان دۆزییەوە)
ئەوەی زۆر جێگەی تێڕامانە و بووەتە مایەی سەرنج و خەمباری بۆ جواد، ئەوەیە کە منداڵەکانی حەمە زیاد لەبری قەیتان تەلی فافۆنیان لە پێڵاوەکانیان بەستووە.
جواد ناهەقی نیە خەمباربێت، چونکە پێڵاوەکان و ئەو تەلەی لەبری قەیتان پێیانەوەیە تێڕامانی قوڵتری دەوێ ! چونکە ئەو پێڵاوە لاستیکە هەرزان باییانە تەنها هەژاران کریویانەو لە پێیانکردووە. ئەوەش بەڵگەیە کە ئەنفالکراوان خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت بوون، وە نەبێت ئەو پێڵاوانە تاکە بەڵگەبن، چونکە هەتا ئێستا ئەوەندەی تێبینم کردووە هەموو ئەو پێڵاوانەی لەگۆڕی بەکۆمەڵیشدا دۆزراونەتەوە چ ئەوانەی هەڵەبجەو چ ئەوانەی کوریێنَ و ئەوانەش کە لەچیای حەمرین و بیابانەکانی خواروی عێراقیش دۆزرانەوە، جۆرە پێڵاوێکی لاستیک بوون، کە نرخیان زۆر هەرزان بوو. ئەوەش دیسان بەڵگەیەکی زۆر گرنگ وکاریگەرە بۆ بە درۆخستنەوەی بەعسیەکان کە دەیگوت: ئەوانە بەکرێگیراوی ئێران وخیانەتکار بوون . ئەو پێڵاوانە بەڵگەن کەئەنفالکراوان خەڵکی وەرزێرو هەژاری ماڵی خۆیان بوون و تەنها تاوانیان ئەوە بووە کورد بوون و لەزێدی خۆیاندا دەژیان. ئەم پێڵاوانە زۆر بەهادارن وهەقی خۆیەتی لەمۆزەخانە یان لەمۆنۆمێنتێکی ئەنفالدا بەقەدرەوە هەڵبگیرێن وەک جەواد جەلەمۆردی دەڵێت : منیش هەوڵەدەم ئەم بەڵگە نەتەوەییە لەفەوتان ڕزگاربکەم و بیگەیەنمە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ.









**عادل مەجید گوندی سەرچنار**

**من موسڵمانم بەڵام لەبەر منداڵەکانم نەبوایە هەرگیز جەژنم نەدەکرد.**

**ئەم دیدارەی نێوان من وعادل مەجید لە رۆژێکی دیاریکراودا ئەنجامنەدراوە، بەڵکو بەرهەمی سێجار بینین و چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنیە، عادل خوێندەوارییەکی سەرەتایی هەیە، بەڵام ئەزمونی ژیان وای لێکردووە بەهێزو ئیرادەوە بژی و بەزمانێکی رەوان و باش بدوێ، ئەگەرچی زەبری رۆژگارو ستەمکاری زۆر دڵرەقانە لەگەڵیدا جوڵاوەتەوە، فاشستەکان توندرەفتارو شۆرشگێرەکان بێ وەفابوون لەگەڵیدا بەڵام بەئازایەتی خۆی نەیهێشتووە زەلیل بێت و ژیان توری بداتە پەراوێزی ژیانەوە بەپێچەوانەوە بەبێ پشتیوانی ناوەندێکی رۆشنبیری و سیاسی کەسێکی وریاو چاوکراوەو جاوتێرە رێگا بەزەلیل بوونی خۆی نادات و نایەوێت کەسیش بەزەلیلی ببینێت.**

**دواهەمین پەیوەندی تەلەفۆنی نێوانمان شەوی ١٩ی ئایاری ٢٠١٩ بوو، کە عەسر تەلەفۆنم بۆکرد بۆپرکردنەوەی هەندێک بۆشایی وکەلێنی نێودیدارەکەمان پرسیم بەرۆژویت یان نا گوتی بەڵێ گوتم دەیکەواتە دوای بەربانگ تەلەفۆنت بۆدەکەمەوەو ئێستا ماندوت ناکەمەوە شەوەکەی پەیوەندییەکە دروست بوو بەڵام سەرلەبەری دیدارەکەی پێشوی گۆری و سەرئەنجام ئەمەی بەردیدەتی لێکەوتەوە .**

**کاک عادل ئەم کاتەت باش مەبەستی هاتنی من بۆئەوەیە دیدارێک ئەنجامبدەین ئامادەیت ؟**

بێگومان زۆر بەخۆشحاڵییەوە ئەمادەم بەخێربێیت

**کەواتە بالەناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین ؟**

زۆر بەخێرهاتی ناوم عدل مەجید محەمەد ئەمین رەشید

**تەمەنت چەندە ؟**

مەوالیدی ١٩٧٣م خەڵکی گوندی سەرچنار، سەربانحێی ئاغجەلەر قەزای چەمچەماڵ

**خوێندەواریت هەیە ؟**

پۆلی شەشەمی سەرەتایم تەواو کردووە لەبەرئەوەی گوندەکەمان خوێندنگەی ناوەندی تێدانەبوو دەبوو بچمە شار، دواتر بۆ تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی چومە ناحێی تەقتەق بەڵام باروددۆخەکە باش نەبوو، نەمتوانی خوێندنەکەم تەواو بکەم لە پۆلی یەکەمی ناوەندی وازم لەخوێندن هێنا.

**گوندەکەتان چەند ماڵ دەبوون ؟**

ئەوکاتە پەنجا ماڵ دەبوو

**دەکەوێتە کوێوە ؟**

سەرچنار لەنزیک گۆپتەپەیە بەڵام لە ناوچەی شێخ بزێنی و بناری خاڵخالانەدایە، لەروی ئیدارییەوە سەر بەناحێی ئاغجەلەرو قەزای چەمچەماڵە.

**خانووەکانی لەچی دروستکرابوون ؟**

لەخشتی قوڕخشتەکە لەقوڕ دروست دەکرا قالبی هەبوو، قورەکەی تێدەکراو دەبرداو وشک دەکرایەوەو وەک بلۆک دیواری پێدروست دەکرا، سەربانەکەش هەر داروداو گڵ بوو. گوندەکانی ناوچەی ئێمە ئاوابوون نازانم لەشوێنی تر چۆن بوون.

**چەند ژورتان هەبوو**

نازانم چەن ژورمان هەبوو بەڵام خانووەکەمان گەورە بوو، دەستەیەکی پێی دەگوترا کۆشک لەبەرئەوەی وەک خانووی دوو قاتی شار وابوو بەڵام هەر لەخشت دروستکرابوو.

**خەڵکەکەی بەچییەوە سەرقاڵبوون سەرچاوەی بژێویان چیی بوو ؟**

خۆت دەزانی خەڵکی لادێ هەر ئاژەڵداری وجوتیارییە گوندەکەی ئێمەش خەریکی ئەو

دوو ئیشە بوون، گەنم وجۆو نیسک ونۆک و مەروماڵاتیشیان بەخێودەکرد.

**بیرەوەرییەکی خۆشی منداڵیت گوندەکەی خۆتانت لەبیرە ؟**

واڵلە بڵێم چی ئەوکاتە زۆر خۆشبوو کەمام رۆستەم ژنی هێنا لەماڵی ئێمەبوو.

**بۆچی لەماڵی ئێوە بوو خزمتان بوو ؟**

نانا خزمان نەبوو، بەڵام وەک کوڕی ماڵی خۆمان وابوو. کەژنی هێنا هات بۆلای باوکم داوای خانووی کرد ئەوسا لەلادێ خانوی دوو قات هەبوو پێیان دەگوت کۆشک باوکم پێیگوت مادام دەڵێی بمکە بەکوری خۆت فەرموو بچۆرە کۆشکەکەوە.

**ئاخربۆچی لەماڵی ئێوە زەماوەندی کرد ؟**

لەبەرئەوەی پێشمەرگەبوو نەیدەتوانی لەشار زەماوەند بکات لەلادێ شاییەکەیان بۆکرد. زەماوەندو شایی نەکرد هەر نان خواردن بوو ئەویش لەماڵی عەبدوڵاغای گڵناغاج بوو.

**ئەی ناخۆشترین بیرەوەری تۆ چییە، هی پێش ئەنفال دەڵێم ؟**

وەڵاهی کەکۆپتەروشت دەهاتن رەمیان دەکرد، زۆر دەترسام، هەر بیرم لەوە دەکردەوە چۆن دنیا خۆش بێت و خوێندنەکەم تەواو بکەم، چونکە لەبەرئەوە تەواوم نەکرد کە ماڵمان لەلادێ بوو.

**ئەوکاتەی ئەنفال رویدا تۆ لەکوێ بوویت لەتەقتەق بوویت یان لەگوندەکەی خۆتان ؟**

نا لەتەقتەق نەماوە، وازم لەخوێندن هێناو هاتمەوە کاتی کیمیابارانەکەش لەگەڵ دایکم وباوکم هەر لەسەرچناربووم، بەچاوی خۆم بینیم کە تەیارەکان بۆردومانیان کرد.

**کوێیان بۆردومان کرد گوندەکەی خۆتان ؟**

نانا گوندەکەی خۆمان کیمیاباران نەکرا، گوێتەپەو عەسکەر دەڵێم کە ئەوییان کیمیابارانکرد

**چ رۆژێک بوو بیرتە ؟**

ئانا رۆژی ١٩٨٨/٥/٣ بوو

**ئەی کەی گەندەکەی ئێوە ئەنفالکرا ؟**

هەر ئەو ئێوارەیە ئیتر بارودۆخەکە شیواو خەڵک لەگوندەکانیان چۆڵکرد و رۆیشتن لەناو چەم وشیوو دۆڵەکاندا خۆیان شاردەوە بۆ رۆژی دوایش هێرش دەستی پێکردو جاش وجەیش گەیشتنە ناوچەکە. ١٨٣ کەس لە گوندەکەی خۆمانەوە بەتراکتۆر بەرەو تەقتەق رۆیشتین، لەنزیک تەقتەق سەرباز چواردەوریان گرتین داینگرتین و دەستیان کرد بەپشکنین، هەرچی شتی بەقیمەت بوو وەک پارەو ئاڵتون و چەک لەخەڵکەکەیان سەندوگرتیانین وبردیانین بۆ تەقتەق و شەوی دوایش هەرلەتەقتەق هێشتیانینەوە، من هەتا ئەوکاتەش هەرلەگەڵ دایکم و باوکم بووم بواری هەڵاتنیشم هەبوو، بەڵام لەبەر دایکم و باوکم نەدەرۆیشتم. نازانم چۆن بەبیرمداهات ؟ هەڵبێم دەرگای سیاجەکە کەمێک کرابووەوە ئەمنەکە روی لەودیوی بوومن بەدەرفەتم زانی هەڵاتم ئەمن وئیستخباراتەکە دوام کەوتن میلی تفەنگەکەشی راکیشا بەڵام نەیانتوانی بمگرن رەبایەیەکی جاش لە نزیک ئەو شوێنە هەبوو.خۆم بەو رەبایەی جاشەکاندا کرد، ئەوانیش سواری شۆفرلێتێکیان کردم رفاندیانم بەرەو تەقتەق.

**کەواتە جاش تۆیان داڵدەداو هاوکارییان کردی ؟**

پیاو راستگۆبێت چی بینیوە دەبێت ئەوە بگێڕێتەوە، بەڵێ ئەوان نەبونایە من ئەنفال دەکرام .

**ئەی دوای ئەوە چییان لێکردیت ؟**

لەتەقتەق دیانگرتم و چومە ماڵی خزمەکانم و ئاگام لەدایک وباوکم نەما، هەتا ماوەیەکی زۆر هەرلەماڵی ئەوان لە تەقتەق مامەوە .

**ئەو ماڵانە کێ بوون ؟**

ماڵی خاڵم بوون .

ناویان چییە ؟

مـالّی خـالّە ئەحـمەد و خـالّە عەزیـزم بـوون، هەرچەنـدە زۆر بـۆم بـاش بـوون بەلاّم مـن زۆر زۆر خەفتبـاربووم نەنـانم دەخـوارد نەئـاو مـاوەیەکی زۆر ئـاوا مامەوە،ئینجـا بیـرم لەوە کردەوە کە دەبێت کارێک بکەم .

**کاری چی ؟ چی هەبوو لەتەقتەق بیکەیت ؟**

کاریکـاریم دەکـرد، ئینجـا چـوم بۆتکریـت بۆکرێکـاری دەچـوم بـۆ بەغـدا بەهەمـوو لایەکـدا دەڕۆیشـتم لەهەرلایەک کـارم دەسـتبکەوتایە دەڕۆیشتم .

**ئەی چۆن کارت دەستدەکەوت چونکە تۆ هێشتا مندالّ بوویت نزیکە ١٢ – سیانزە سالّ بوویت ؟**

بەلّـێ منـدالّ بـووم بەلاّم بەهـۆی ناسـیاوییەوە کـارم دەسـتدەکەوت ئەگەر خزمێـک ناسـیاوێک مقـاول بـوایە یـان کەسـێکی بناسـیایە ئـاوا کـارم دەستدەکەوت . جـاری واهەبـوو دەڕۆیشـتم سـێ مانـگ و چوارمـانگم پێـدەچوو لەهەمـوو شـوێنێک ئیشـم کـردووە، لەتکریـت و بەغـداو رومـادی و هیـت لەهەمـووی مـن کرێکـاریم کـردووە. هەتـا لەموسل ئیشم کردووە.

**ئەی شـەوان هەر لەسـەر ئیشـەکەت دەخەوتـی یـان دەچویتە هۆتیل ؟**

دەچوومە هۆتێل شەوی بە دینارونیوێک .

**ئیتر هیچیشت دەربارەی کەسوکارت نەدەزانی ؟**

نەخیـر بەلاّم هەر تەماشـای تەلەفزیـونم دەکـرد بەلّکـو ئەمە خـوایە لێبوردنێـک دەربچێـت و بەربین

**هەتاکەی چاوەروانیان بووی ؟**

هەتـا ئەوکـاتەی سـەدم روخـاو گۆرەبەکۆمەلّەکـانم لەشاشەی تەلەفزیونەوە بینی .

**بۆچی پێت دەلّێن عادل تاقانە خۆت تاقە کوری مالّی خۆتان بوو؟**

نـا دووبـرای تـرم هەبـوون، لەبەرئەوەی لەئەنفالەکەدا مـالّی ئـێمە هەموویـان گیـران و بەس من بەتەنیا دەربازبووم.

**هەموویان چەندکەس بوون ؟**

لە٤٥ کەسـی بنەمالّەکەمـان تەنهـا سـێ کەس دەربـازبوون مـامێکم لەنوگرەسـەلمان هـاتەوە ئەو لەژیانـداماوە مـامێکی تریشـم ئەویـش هەر رزگـاربووە، لەگەلّ دوو ئـامۆزام بەتەنـێ ئەو سـێ چوار کەسەم لەئەنفال رزگاربوون.

**ئەی مالّی خۆتان چەند کەس بوون ؟**

هەشـت نەفەر بـووین، حەوتیـان ئەنفـالبوون منـیش ئەوە هەشت لەوەندەی هەرمن ماومەوە .

باوکت ناوی مەجیدە ئەدایکت ناوی چی بوو ؟

بـاوکم دوو ژنـی هەبـوو دایکـی خـۆم نـاوی تەلـیعە شەریف قادرە

زردایکەکەشمان ناوی بەدریە ئەنوەر میرزا بوو.

ئەی خوشک وبراکانت ناویان چییە؟

پەرویـن ئەوەیـان خوشـکە گەورەکەمە، ئـاواز براکانیشم باکوو ئاسۆ

**ئەی ئەوکـاتە چـۆن لەگەلّ مامەکانـت نەمـایتەوە بەلاّم لەمالّی خزمەکانت مایتەوە ؟**

ئـاخر مـامێکم دوایـی لەنـوگرە سـەلمان هـاتەوە، ئەوەی تریشـیان لەبەرئەوەی پێشـمەرگە بـوو، پێشـمەرگەیەکی دیـاریش بـوو ئـامر کەرت بوو.هەمیشـە لە شـوێنگۆرکیدا بـوو، رۆژێـک لە چەمچەمـالّ بـوو رۆژێـک لەتەکیـە و رۆژێـک لەرانیـە بـوو، بەکـورتیەکەی نەیـدەتوانی زۆر خـۆی دەربخـات و مـالّ و شـوێنی دیـاری هەبێـت، چـونکە ئەو لەلای قاسـماغای هەلاّتبـوو، بـۆیە هەریەکەمـان کەوتبـووینە قـوژبنێکی ئەم دونیـایەوە پەراگەندەی شوێنان ببوین.

**ئەومامەت ناوی چی بوو ؟**

نـاوی جەوهەر بـوو مـام جەهەریـان پیـدەگوت، دوایـی لە سـالّی ١٩٨٩ سـەیارە لێیـدا و مـرد، ئەویـش ٩منـدالّی هەموویـان ئەنفـال بوون.مـامەکەی تریشـم کەلە نوگرەسـەلمان هـاتەوە نـاوی جەلال بـوو ئەویـش ٩ منـدالّی ئەنفـال بـوون بەلاّم ئەویـان ئیسـتا مـاوە. دوو مـامی تریشم ئەنفالن وهیچ کەسیان دەرنەچوون .

**ئەوانەی ئەنفال بوون ناویان چییە ؟**

مامە جەمیل خۆی وژنەکەی وهەموو منداڵەکانیان، مامە بەکریشم بەهەمان شێوە خۆی و ژن ومنداڵەکانی ئەنفال بوون. کاکە ئێمە زۆر خەراپ لێمان قەوما کەسمان نەما.

**ئەی شەوانت لەهۆتیل چۆن بەسەر دەبرد ؟**

هەربۆخۆم نەبووم بڵێم ژورێکی خۆمم هەبێت، خەڵکی تریش دەهاتن بەڵام بەردەوام بیرم لەدایکم وباوکم و خوشک وبراکانم دەکردەوە نانم دەخوارد دەمگوت خوایە دەبێت ئێستا ئەوان چی بخۆن، ئینجا دەمگوت بەخوا نەماون خواردنی چی؟ ئینجا دەمگوت خوایە دەبێت بەچ مردبن بەگولە کوشتویانن یان بەئاومردون ئێستاش هەر بیرلەوە دەکەمەوە دەبێت چۆن کوشتبێتیانن و چۆن هاواریان کردبێت. هەتا ئێستاش هەربیر لەکوشتنیان دەکەمەوە جاری وایە دەڵێم رەنگە لەبرسان مردبن یان بەزیندویی خۆڵیان کردبێت بەسەریاندا، ئینجا هەندێک قسەش هەبوو کەبردویانن بۆ دەوڵەتانی تر ئیتر دایمە بەئێستاشەوە هەرجارەی فکرێک دەکەمەوە.

**ئەی ئەوکاتەی بەڵگەیەک لەبارەی کچ وژنانەوە دەرکەوت کەبە وڵاتی میسر فرۆشراون ؟**

ئا ئینجا ئەوەش پەیدابوو دەمگوت بەخوا رەنگە دایک وخوشکەکەی منیان لەگەڵدا بووبێ دوایی دەمگوت کورە نەوەڵا هیچ کەسێکیان بەزیندوویی نەماون .

**کەواتە تۆ هەتا مامت وپیرەکان بەرنەبوون هیچت لەبارەیانەوە نەدەزانی ؟**

کورە کەس هیچی نەدەزانی تەنانەت بەرپرسانی حکومەتیش نەیاندەزانی چییان بەسەرهاتووە، دەیانزانی کەگیراون بەڵام نەیاندەزانی لەکوێ گیراون و چییان لێدەکرێ و چارەنوسیان چی دەبێت، ئیتر کە خەڵک بەربوو زانیمان براون بۆ دوبزو نوگرەسەلمان ئیتر لەوەندە زیاتر نەمانزانی.

**بەرپرسانی حکومەت نەیاندەزانی یان نەیاندەویرا هیچ بڵێن ؟**

رەنگە نەشیانوێرابێ ئەگەر بیشیانزانیبایە هەر پێتیان نەدەگوت، چونکە ئامادەنەبوون خۆیان توشی کێشە بکەن لەسەر خەڵکی ئەنفالکراو .

**تۆ بۆسۆراخی کەسوکارت چویت بۆلای هیچ بەرپرسێک ؟**

بەڵێ چووم ئەویش ئاسان نەبوو دەبوو بروا پێکراوبێت و بەهۆی ناسیاویی و واستەوە برۆی بۆلایان. پێش ئەنفال کابرایەک لەدێیەکەمان فیراربوو زۆر باوکمی خۆش دەویست، دوایی خۆی تەسلیم کردبووەوە ببوو بەئیستخبارات، چوم بۆلای ئەو پیاوە بەڵام رێک ورەوان گوتی: هیچم بۆناکرێت

**ناوی چی بوو ؟**

بەخوا ئیستا ناویم بیرنەماوە، بەڵام وابزانم حەمیدی ناوبوو شتێکی ئاوابوو، دوو برابوون پیاوێکی بەهەیکەل بوو، ماڵەکەیان لای گەراجی سلێمانی بوو، ئەگەرشتێکی پێبکرایە ئەوپیاوە دەیکرد، چونکە زۆر قەدری باوکمی دەویست وباوکیشم خۆشی دەویست.

**کاک عادل نوێژ دەکەی ؟**

بەڵێ

**پێش ئەنفالیش ماڵی ئێوە هەموو نوێژتان دەکرد ؟**

بەڵێ هەموومان موسلمان بووین و ئێستاش موسوڵمانم وتازە لەتەراویح هاتوومەوە.

**پێش ئەنفال ناوی ئەنفالت بیستبوو ؟**

نەخێر هەرگیز نەمبیستبوو، دوایی زانیم ئەو تاوانەیان بەناوی ئایەتێکی قورئانەوە ناوناوە ئەنفال. سەدام بۆیە وای کرد هەتا زۆر بەسەریدا نەشکێتەوەو بڵێت ئەمانە کافروبێدین وبێ ئیمان بوون، بەڵام ئەوە راست نیە کورد لەوان موسوڵمانترە.

**ئینجا دوایی کەڕاپەڕینەکە بوو، تۆ چیتکرد؟ بویت بەپێشمەرگە یان هەرخەریکی کرێکاری بوویت ؟**

دوای ڕاپەڕین لە هێزی ئاگری بوومە پێشمەرگە، بەڵام زۆر نەبوو دوایی ڕۆیشتمەوە بۆ گوندەکەمان وشوێنی خانووەکەی باوکمم چاککردەوە، گوتم باشوێنەکەی نەفەوتێ لەوێ کاری کشتوکاڵم دەکرد، لەبەرئەوەی ئەوکاتە گرانی بوو، کاروکاسبی نەبوو، گوتم باچم شوێنی باوکم ئاوەدان بکەمەوە . هەرمن نەبووم ئەوەی مابوو هاتبووەوە دەستمان بەئاوەدانکردنەوەی گوندەکەمان کردەوە .

**گوندەکەتان یان هەرکەسەو خانووی خۆی دروست دەکردەوە ؟**

گوندەکەمان نەمابوو تەخت ببوو، خانووەکان هەموو ڕوخابوون تاکە دیوارێک بەپێوە نەمابوو، کانی وکارێزەکانیان پڕکردبووەوە، سەرەتا کارێزو کانیەکانمان بوژاندەوەو هەندێک دارمان ڕواندەوە. و ئینجا دەستمانکردەوە بەخانوو دروستکردنەوە .

**ئینجا تۆ بەتەنیاو کەست نەمابوو چۆن توانیت خانووەکەتان دروست بکەیتەوە ؟**

بابا مامم مابوو ئەویش هاتەوە لەگەڵ مامم (جەلال) پێکەوە بووین و دوایی ناسیحی ئامۆزاشم هات بەڵام خۆ خانوو چ بوو ؟ هەریەکەو هۆدەیەک وهەیوانێکمان دروست کرد لە قەدەر وەختەکە، هاوکاری یەکتریمان دەکرد. لەگەڵ مامم دەستمان پێکرد خشتمان بڕی و سەرو هۆدەو هەیوانێکمان لێ دروستکردوە.

**ئەی کەی هاوسەرگیریت کرد ؟**

ساڵی ١٩٩٢ هاوسەرگیریم کردووە

**چەند منداڵت هەیە ؟**

دە منداڵم هەیە، پێنج کوڕو پێنج کچ

**هیچیانت بەناوی خوشک وبراکانتەوە ناو نەناوەتەوە ؟**

ناوەڵا ڕاستی دڵم نەهات چونکە بێتاقەت دەبووومن هەمیشە ئەوانم لەبیرە بڕوا بکە ئاودەخۆمەوە دەڵێم بڵێی دایکم وباوکم وخوشک وبراکانم لەتینوا نەخنکابن؟ نان دەخۆم دەڵێم بڵێی لەبرسان نەمردبن، من دایمە ئەوانم لەبیرە، ئیدی بۆچی منداڵەکانم بەناویانەوە بکەم ؟

**ئارەزوت دەکرد بەشداری دۆسێی ئەنفال بکەیت و شایەتحاڵێک بیت لەو دادگایەدا ؟**

بێگومان حەزم دەکرد، زۆر هەوڵیشمدا بەڵام نەیانهێشت .

**کێ نەیهێشت ؟**

تۆ باش لە کێشەوگرفتی ئێمە تێدەگەی مەبەستم تۆنیە، بەڵام کەس ئاگای لەدەردی ئێمە نیە،ئەوەی لەدڵی ئێمەدایە هەمووی ئازارو ژانە بەڵام ئەوە بۆهەموو کەس وانیە، تۆتەماشای خۆت مەکە ئێمە تۆمان وەک خۆمان حساب کردووە، بەڵام ئەوەش ئاسان نەبوو بچیت بۆدادگاو شایەتی لەسەر سەدام بدەی دەبوو بچیتە سلێمانی یان هەولێرو دەبوو خەڵک بناسیت. هەرچەندە کەسوکاری ئەنفال هەموو لێیان قەوماوەو دڵیان بریندارە بەڵام کەس وەک تاقانەی ئەنفال نیە، کاکە سبەی جەژنە من برایەکم نەماوە سەردانم بکات کەسێکی وام نەماوە بێت جەژنە پیرۆزەم لەگەڵدابکات،ئینجا مەسەلەکە هەر جەژن نیە . زۆرجار بەتەنیا دادەنیشتم دەگریام و پەشیمان بووم لەوەی هەڵاتووم و دەمگوت خۆزگە رامنەکردایەو هەر لەگەڵ دایکم وباوکمدا بومایە، ئاخر کاکە ئەوەی باسی دەکەم هەربەدەم خۆشە سێ چوار ڕۆژ دوای ئەوەش کەلەماڵی خزمەکانم بووم هەر دەگریام و نانم نەدەخوارد . ئینجا ئەوە هەرمن وانالێم بڕوابکە زۆربەی کەسوکاری ئەنفال خۆزگەیان دەخواست لەگەڵ ئەوان ئەنفالبوایەن ئەوەندە خەفەتمان نەخواردایە کاکە گیان ڕاستیەکت پێبڵێم ئەوان ڕۆیشتن ومردن بەڵام

ئێمه بەهۆی خەفەتی ئەوانەوە هەموو ڕۆژێکمان مردنێکە.

**بەڵام تۆپیاوێکی ئازاو بەئیرادەیت، من هەمیشە وا دەتبینم، کەسێکی تر هەیە وەک تۆخۆشەویستمە ئەویش تاقانەی ئەنفالە کاک محەمەد شەمیرانی لە دەربەندیخان دادەنیشێت ئەویش وەک خۆت موسلمانە دەڵێت هەرگیز حەزناکەم ڕۆژی جەژن بێت لەبەرئەوەی لەو ڕۆژانەدا زۆر عەزابم خواردووە، من هی تریش دەناسم وادەڵێن. ئایا ئەم حاڵەتە بۆتۆش وایە ؟**

بروا بکە بۆمنیش هەروایە، خۆت دەزانی تۆزێکە لەتەراویح هاتوومەوە، بەڵام لەبەر دڵی منداڵەکانم نەبێت قەت قەت جەژن ناکەم ٣١ ساڵە هەموو جەژنێک هەروا بووە بەڵام منداڵ ئەوە نازانێت.

**کاک عادل ئێوە نزیکەی ٢٠٠ کەسن پێتان دەڵێن تاقانەی ئەنفال، ئەگەر لەناو ئەو ژمارەیەدا هەر ٢٠ کەسیشتان پێک بێن و بڕیار بدەن وەک برا لەخۆشی وناخۆشی یەکتریدابن و پێکەوە پەیمان ببەستن ئەوسا لەبری تاقانە دەبن بە ٢٠ برا یاخود ٢٠ خوشک و برا چونکە ژنی تاقانەش زۆرن بۆ شتێکی واناکەن ؟**

کردومانە بەڵام وەک ئەوەی تۆ نیە زۆرجار تاقانەکان کۆدەبینەوە پێکەوە دەچین بۆ شتێک زۆرجار کاک سەباح تاقانە لەکەلار تەلەفۆنم بۆدەکات ودەچین بۆ کاروباری ئەنفالیش .

**من مەبەستیکی ترم هەیە بۆنمونە پێکەوە بەماڵ ومنداڵەوە یەکتری بناسن سەردانی یەکتری بکەن و پێکەوە سەیران بکەن دوربا یەکێکتان پرسیەکتان هەبێت ئەوانەی تر هەموو بەدورییەوە بن .**

وەڵاخۆ ئەوە شتێکی باشەو من بەش بەحاڵی خۆم ئامادەم. بەڵام ئێستا ئەوە بۆکاک سەباح وئەوان لەگەرمیان گونجاوە بەڵام ئەوەی ئەم سنورە هەریەکەو خەڵکی گوندێکە و ..

**با ئەوەش بپرسم تۆباسی ئەوەت کرد جاش هاوکاری تۆیان کردووە، ئەوجاشانە کێ بوون نەتزانی ؟**

نەوەڵا نەمزانی کێ بوون .

**ئەگەر بتزانییایە کێن و لەسەر ئەنفال دادگایی بکرانایە شایەتیت بۆدەدان کەئەمانە هاوکاری تۆیان کردووە ؟**

ئەریوەڵا چی ڕاست بێت و چیم دیبێت هەرئەوەم دەگوت .

**بڕوات وایە ڕۆژێک جاشەکان دادگایی بکرێن ؟**

بێگومان هەتا وەک ئێستا بێت دادگایی ناکرێن، هەتا دادگایەکی نیشتمانی و سەربەخۆنەبێت و دادوەری نیشتمانی نەبێت و دادگای حزب و حزبایەتی بێت بڕوام وانیە ئەوە ڕوبدات .

**بەڵام بائەوەش بڵێین خۆکەسوکاری ئەنفالیش کەمتەرخەمبوون من چەند کەسێک دەناسم سکاڵایان لەسەر تۆمەتبارانی ئەنفال تۆمارکردبێت ئایا تۆ سکاڵات لەدژی تۆمەتبارانی ئەنفال تۆمارکردووە ؟**

سکاڵا لەدادگا ؟

**بەڵێ لەدادگا دەڵێم**

نەخێر سکاڵام تۆمار نەکردووە، بەڵام ئەوە هەر قسەی من نیە قسەی هەموو کەسوکاری ئەنفالکراوانە تۆمەتبارانی ئەنفال دەبێت دادگایی بکرێن و بەسزای خۆیان بگەن.

**ئەوە ڕاستە بەڵام ئەگەر خەڵک سکاڵای تۆمار نەکردبێت خۆپۆلیس لەخۆیەوە ناچێت خەڵک بگرێت، من بزانم دادگاکانی کوردستان و عێراق خاڵین لەسکاڵای کەسوکاری ئەنفال لەدژی تۆمەتباران ؟**

وەڵا نەمانکردووە. بەڵام ئەی حکومەتی هەرێم بۆنەیکردووە خۆ ئێمە ئەوانمان لەجێی دایک وباوکی خۆمان دانابوو، نەک هەربۆئەوە بۆ

هەموو شتێک دەبوو حکومەت وبەرپرسان ئاگایان لە هەست ومافی ئێمە بوایە.

**کاک عادل من دواپرسیار لەتۆ دەکەم وتت کەنان دەخۆم دەڵێم بڵێی خوشک وبراکانم لەبرسا نەمردبن ؟ یان کەئاو دەخۆمەوە دەڵێم بڵێی لەتینوان نەخنکابن ؟ ئایا تۆ رات چیە بەرانبەر ئەو بیرۆکەیەی گۆڤاری ئەنفالستان رۆژێک بۆسەرنەبرین ؟**

ئەوە شتێکی زۆر زۆر جوانە ئێمە زۆر لەگەڵیداین خۆزگە لەپەرلەمانیش بریاری لێدەدرا ئەوە پرسیار لەلای خەڵک دروست دەکات ئەو رۆژە بۆچی ئەو میللەتە گۆشت ناخۆن .

زۆرمان پێخۆشە ئەوە ببێتە سەراسەری .

**من پرسیارێکم نەماوە ئەگەر تۆ شتێکت هەبێت و حەزبکەی باسی بکەیت ؟**

من یەک داوایەکم هەیە خۆزگە بەقسەیان دەکردم خوێندنی بالا وانەی هەبوایە لەزانکۆو پەیمانگاکان بۆ خوێندنی جینۆساید ئەمەشم بۆبڵاوبکەرەوە وەک تاقانەیەکی ئەنفال ئەوە داواکاری منە

بێگومان بڵاوی دەکەمەوە، بەڵام خوێندنی باڵانازانم بەلام زانکۆی هەڵەبجە ئەوەیان کردووەو ئیستا دەیخوێنن و زانکۆی سلێمانیش پرۆژەیەکی وایان هەیەو ئیستا لەگفتوگۆدان، بەڵام من داوایەکی تریش دەخەمە پاڵ داواکەت ئەگەر وانەکەش دانەنین یاخود داشی بنێن جارجار کەسانی وەک تۆبانگهێشت بکەن و چیرۆکی خۆتان بۆ خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان بگێڕنەوە.

وەلا ئەوەش هەر زۆر باشە .

**کاک عادل زۆر زۆر سوپاست دەکەم**

سوپاس بۆتۆ کاک عومەر کەهەمیشە لەگەڵماندایت

عەلی عەبدولڕەحمان :



**ئێمە قەپاغی ساروخەکانمان فرۆشت کیلۆی بە شەش پەنجایی ئێستا بمانەوێ بەملیۆنێک دەستمان ناکەوێتەوە.**

**دیمانەلەگەڵداکراو : عەلی عەبدوڵرەحمان**
**دیمانەساز: عومەر محەمەد**
**شوێن : گۆپتەپە .**
**ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٧ كاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ.**
**بەهاوكاری مامۆستا هێمن عەبدوڵا**

ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٧ بەنیازی دیمانە سازی چووم بۆگوندی گۆپتەپەی ناوچەی قەڵاسیوكەی سەربەناحیێ ئاغجەلەر لەگەڵ مامۆستا هێمن عەبدوڵا چووین بۆماڵی عەلی عەبدولرەحمان دوای ئەوەی نیازی سەردانەكەمان ئاشكرا كرد كاك عەلی جگەرەیەكی ئاگرداو گوتی : فەرموون لەئێوە پرسیارو لەمنیش جواب هەرچیم لەبیربێت دەربارەی ئەنفال وكیمیابارانی گۆپتەپە وەڵامتان دەدەمەوە، كامیرامان دامەزراندو ئەم دیدارەمان سازكرد.

**ناوی سیانیت چییە ؟**

من ناوم عەلی عەبدولرحمن مستەفایە خەڵكی گوندی گۆپتەپەم

**تەمەنت چەندە ؟**

لەدایكبووی ساڵی ١٩٧٣م هەرلێرەش لەم گۆپتەپەیە لەدایكبوم.

**پێتخۆشە من پرسیارت لێبكەم یان بۆخۆت چیرۆكی خۆت دەگێریتەوە ؟**

وەڵا ئینجا بابەكەیفی تۆبێت

**سوپاست دەكەم پێمخۆشە بزانم ئەوسا گۆپتەپە چۆن بوو ؟ چەند ماڵ بوو؟**

گۆپتەپە گوندێكی ئاوەدان بوو، نزیكی سی سەد ماڵ دەبوو خەڵك كاسب وخەریكی كشتوكاڵ بوون لەو دەم زێیە، هەرچەندە زروف باش نەبوو بەردەوام بۆمبارانمان لەسەر بوو بەڵام راهاتبوین و ژیانێكی هاكەزایی و سادەو ساكارمان هەبوو. بەڵام لەبەرئەوەی شوێنێكی خۆشبوو، هەمیشە قەرەباڵغ و ئاوەدان بوو، پێشمەرگەی هەموو ناوچەكان لەلای ئێمەوە دەهاتن و دەرۆیشتن لەگەرمیانەوە لەهەولێرەوە لە كەركوكەوە كە تیپەكانیان دەهاتن و دەچوون بۆ سەركردایەتی لەگۆپتەپەوە دەرۆیشتن.

**خانووەكانی لەچی دروستكرابوون ؟ لەقوڕوەرد یان لەخشتی قوڕ یان بلۆک و چیمەنتۆ ؟**

هەموو خانووەكانی لەخشتی قوڕ دروستكرابوون پێموانیە یەک خانووی كۆنكرێتی تێدابووبێ ؟

**ئەی خەستەخانەو قوتابخانە ؟**

قوتابخانەی تێدابوو بەڵام خەستەخانەمان نەبوو.

**ئێوارەی تاوانەگەورەكە تۆ لەكوێ بووی چیت بەبیردێ ؟**

من ئەوسا ١٣ ساڵ بووم هەموو شتێكم بیردێ، ئێوارە كاتژمێر ٥:٣٠ی ئێوارەی ڕۆژی ٣ی ئایاری ١٩٨٨شەش فڕۆكە هاتنە سەرگوندەكەمان، من ئەو كاتە لەچەمی رەندیخان بووم، كە ٦ تەیارەی سیخۆ هاتنە سەر ئاسمانی گۆپتەپە، كە تەیارەكان هاتن رەمیان كرد، یەكەمجارم بوو ببینم ئەو تەیارانە بەو شێوەیە رەمی بكەن، ٦ تەیارەبوون بەڵام چواریان رەمیان دەكرد، هەرتەیارەیەكیان ٣ قومبەلەی بەردەدایەوە یەكەم جار نەمانزانی كیمیاییە هاتینەوە بەرەو گوندەكە، لەریگا كوریكمان توش بوو دارای ناوبوو، گوتی كورە بگەرێنەوە كیمیایی لەگۆپتەپەی داوە، لەوكاتەدا توشی دوو خوشكم بووم، یەكێكیان ئایشە بوو ئەوی تریان خەدیجە بوو گوتم بگەرێنەوە كیمیایی لەناودێی داوە، ئایشەی خوشكم هاواری كرد بەگریانەوە گوتی: بەوخوایەی ناگەرێمەوە كاكە لەناودێیە، ئەوبرایەمان دوای هەشت كچ لەدایک ببوو لەبەرئەوە هەر پێماندەگوت كاكە. تەنانەت دایكم وباوكیشم هەر پێیاندەگوت كاكە. ئەوان رۆیشتن و نەگەڕانەوە، لەگۆپتەپە بەردێكی گەورە هەیە، پێیدەڵێن بەردی كورۆكچ، ئێمەش چوینە بن ئەوبەردە كەچوین ئەوێ جمەی دەهات پڕبوو لەخەڵک من كراسێک وفانیلەیەكی عەلاگەم لەبەردابوو، كراسەكەم

لەئاو هەڵکیشاو بەدەموچاومەوە نا، چونکە دەیانگوت لەکاتی کیمیابارانا پەڕۆی تەڕ بکەیت و بەسەرخۆتی دابدەی بۆ دەموچاوت باشە منیش وامکرد، لەوکاتەدا بوو کە بۆنی کیمیاییەکە هات، من بۆنی غازمکرد، کاتیش بەرەو رۆژئاوا بوون، دەرۆیشت خەڵکەکە هاواریان دەکردو دەیانقیژاند، دەتگوت رۆژی حەشرە زۆر دڵتەنگ بووم وزۆریش دەترسام، جەباری مام قادربوو (جەباری قالە داود) هەرخێرا خێرا ئاوی بەسەر خەڵکەکەی دادەکردو سەلاواتی لێدەدا. ژن ومنداڵ وگەورە پیاو هەمووی هاواریان دەکردو دەگریان ودەیانقیژاند، ئیتر خەڵک کەوتنە لارەلارو بەلادا دەهاتن. هەبوو شێت دەبوو، دۆخێکی زۆر ناخۆش و سامناکبوو، شوێنێک هەیە لەگۆپتەپە پێیدەڵێن ناوتاوی ئەوێ میرگوئاوێکە کەگەیشتمە ئەوێ تەماشام کرد خوشکەبچوکەکەم سارا لەوێیەو دەگریا بەخێرایی فانیلە عەلاگەکەم داکەندو لەئاوم هەڵکێشاو ئەویشم بەدەموچاوی ئەوداداو گوتم راکە بەراکردن هاتین بەڵام ئیتر بەرەوتاریکی دەچوو، رۆژنەمابوو، گردێکی تر لەگۆپتەپەهەیە پێیدەڵێن بەردی ئەحمەد دزەیی رۆیشتین بۆئەوێ لەوێش خەڵک هەر رایدەکرد، لەگەڵ خەڵکەکە رامانکرد چوینەوە بۆدەم زێیەکە، ئیتر تەواو شەوداهاتبوو، وەزعەکە زۆر خراپ بوو، خەڵک هەبوو شێت ببوو، خەڵک هەبوو چاوی کوێر بوو، هەبوو بەدەمداکەوتبوو، منداڵ دەگریان لەوێشەوە دیسانەوە هاتین چوینە سەرگردێکی گوندەکەمان گردی گۆزەودیزەی پێدەڵێن، ئەوەی باسی دەکەم نزیکەی سەعات ٨ و٩ی شەوە. لەوێ گوتیان بەرەو خواری برۆن ئەوتراکتۆرانە خەڵک باردەکەن بەرەو شارەکان دەرۆن، ئێمەش بەرەو خواری رۆیشتین، ئێمە لەماڵی خۆمان ٨ نەفەربووین دایکم و باکم و برایەکم و چوارخوشکم بووین، بەڵام ئەوکاتە تەنها من وسارای خوشکم پێکەوە بووین نەمانزانی ئەوان چییان لێهاتووەو بەرەو کوێ رۆیشتوون لەوێ توشی ماڵی خاڵم بووم، کورێکیان محەمەدی ناوبوو بەداخەوە دوایی ئەنفالکرا، گوێم لەدەنگی بوو بانگی دەکرد دەیگوت ئەرێ جەماعە هاجەری کاک عوبێدتان لەگەڵدا نییە ؟ منیش بانگم کرد، محەمەد گوتی : ئەوە ئێوەش لێرەن ؟ خێرا وەرن بۆئێرە ماڵی مامە جەبارم دەڕۆن ئێوەش وەرن بۆئێرە، کەچوین بۆلای ماڵی خالە جەبارم لەوێ توشی باوکم بووم باوکم گوتی کاکە وەڵامم دایەوە گوتم بابە کاکە نیم عەلیم وتی ئەی خۆ گوتیان کاکە لەو سەرەوەیە، گوتی دەی ئایشەی خوشکت لەخواری کەوتووە ئەگەر خاڵت لەگەڵماندا بێت دەچین ئایشە دەهێنینەوە، باوکم و خاڵم و کورێکی تر ئەحمەدی مامەحەیان پێدەگوت ومن بەمەکینەکەی ماڵی ئەو ئەحمەدە رۆیشتین، شەو درەنگ بوو، مەکینەکەمان راگرت و کەوتینە گەران بەدوای ئایشەی خوشکمدا، بەرەوخواری چووم بۆ دەم زێی بچوک، لەئاستی ماڵی حەسەنی مام حوسێن لەدەم زێ لەدورەوە دیاربوو، ئەوسا ژنان جلی کوردیان لەبەردەکرد، کراسەکەی هەتا ئەژنۆی هەڵدرابووەوە مانگەشەو بوو، لەبەر تریفەی مانگەشەو لەدورەوە قاچی ئایشەی خوشکم بینی سپی دەچوونەوە، کە گەیشتمەسەری تەماشام کرد کەفی سپی لەدەم ولوتی دەهاتە دەرەوە، هەروا سێ چوارمەترێکی مابوو بگاتە سەرئاوەکە چەند جارێک بانگیم کرد ئایشە، ئایشە هیچ جوابێکی نەدامەوە، خێرا کراسەکەی خۆمم لە ئاوەکە هەڵکێشاو بەدەم وچاوو دەمولێویم داهێنا، بێ سودبوو، چوم هەر بەچنگ ئاوم هێنا کردم بەدەمییەوە چونکە بەرۆژوو بوو، بەڵام هەروا وەک بلێی غەرغەرەی پێکرد، بەڵام ئاوەکەی بۆنەخورایەوە هەربانگیشم دەکرد ئایشە ئایشە هیچ وەڵامێکی نەبوو بەڵام یەکدووجار ناڵاندی دەنا جوابی تری نەدامەوە.

بانگی باوکم وئەوانم کرد گوتم وەرن ئەوە لێرەیە. ئەوان هاتن و بەسواری مەکینەکە گەڕاینەوە بۆلای ئەوخەڵکەی بەجێمانهێشتبوون، بۆئەوەی ئەوانەی رەندیخانیش بارکەین وبڕۆین بەرەوتەکیە، لەچەمی رەندیخان شوێنێک هەیە پێی دەڵێن بەستەکە، لەوێ کوڕێکی پێشمەرگەی لێبوو تەها سیکانیانی روت وقوت بوو، بەم چاوانەی خۆم دیتم پربەدەمی هاواری دەکردو دەیشراندو دەیگوت ئەی کوردینا ئەی مەردینا موسولمانینا بەجێم مەهێڵن. ئیتر کە ژن ومنداڵ ئەو دیمەنەیان بینی ئەوەندەی تر تۆقین (بەدەر لەبەها ئینسانی و ئیسلامیەکەی) ئەو پیاوە وەک گا دەیبۆڕاندو هاواری دەکرد، شێت ببوو.

**ئەی کەس نەچوو هاوکاری بکات ؟**

راستیت دەوێ هیچ کەسێک بەلایدا نەچوو، بڵێم چووین نەبەخوا هیچ کەسێک بەلایدا نەچوو، رۆژەکە رەش بوو کەس ئاگای لەکەس نەبوو، رێک وەک رۆژی حەشر بوو. ئیتر کەبەرەو تەکییەهاتین شەو لە گوندی دالاوا ماینەوە ئەوێش چۆڵیان کردبوو تاقە یەک ماڵی تێدانەمابوو، شتێک لەوێ زۆر سەرنجی راکێشام لەدالاوا ئاگریان کردوەوە بەلام هەرچی دەهاتە دیار ئاگرەکە یەکسەر دەرشایەوە. ماینەوە هەتا بەری بەیانی خاڵم ریشسپی و رێزداربوو لەناوماندا گوتی : خەڵکینا من دەرۆم بۆتەکییە پێشئەوەی سوپاو جاش بجوڵێن من دەرۆم بۆتەکییە خۆئێمە هەر تەواوبووین، بانەکەوینە دەست عەسکەروجاشان من دلنیا رۆژبێتەوە جەیش هجوم دەکا کێ لەگەڵم دێت بابێت کێ نایات خۆی بەرپرسە لەخۆی . خەڵکەکەش گوتیان کاکە لێخورەو برۆ بۆتەکییە خۆمان هەر تەواوبووین، تەواوبووین لەکوێ کوشتیانین بابمانکوژن، ئیتر رۆیشتین لە ئاغجەلەر مەفرەزەیەک پێشمەرگەی لێبوو گوتیان ئەوە دەرۆن دەبن بەجاش ؟ خاڵم زۆر پەستبوو رقی هەستابوو، گوتی بەڵێ دەڕۆین دەبین بەجاش، رۆیشتین پێش ئەوەی بگەینە تەوەکەل گەیشتینە کانی ژاڵە لەوێ سوپاوسەربازگەی لێبوو، بەیانی هێشتا رۆژ هەڵنەهاتبوو، عەسکەر چواردەوریان گرتین، جێگری ئامرەکە هات ویەک دوو مووستەشاریش لەوێ بوون هاتن، وتیان ئەوە بۆ ئێستا دێن بۆ پێشتر نەهاتوون، خاڵم گوتی ئینجا کاکە چی بکەین ؟ کەی بێین ؟ وابزانم یەکێک لەموستەشارەکان بادینی بوو، باش لێک تێنەدەگەیشتن وتی بۆ زوو نەهاتوون . خاڵم گوتی پێشمەرگە نەیدەهێشت بێین .

**جاوابوو پێشمەرگە نەیدەهێشت یان بۆ خۆرزگارکردن بوو لەبەلای ئەنفال ؟**

ناوەلا بەراستیش هەروابوو پێشمەرگە نەیاندەهێشت ئەوەتا ماڵی مستەفا ١٧ کەسیان لەم گۆپتەپەیە بەکیمیایی کوژران پێشمەرگە نەیانهێشت برۆن .

**جێگری ئامرەکە ناوی چی بوو ؟**

نازانم بەلام ئەفسەرێک بوو، بانگی موستەشارێکی کرد گوتی : وەر ترجمەمان بۆبکە، خالیشم هویەکەی دەرهێنابوو دەیگوت سەیدی ئەوەتا هەموومان عێراقین، ئامرەکە دەیگوت بیخەرەوە گیرفانت بەلام خاڵم هەردەیگوت ئەوەتا ئێمە عێراقین ئامرەکە گوتی ئینشاالله بەرتان دەدەم. ئەفسەرەکە لەخاڵمی پرسی پێشمەرگە هەیە؟ خاڵم گوتی بەڵێ کەم کەم هەیە، من ئەوسا منداڵێکی بەدیقەت بووم پێشتر بینیم ١٣ توپ رووەو ناوچەی قەلاسێوکە دابەسترابوون، من هەر سیانزە دانەکەم ژماردن، هەر دوای پرسیاری لەخاڵم کردو وەلامیدایەوە کەوتی هەیە، یەکسەر ئەفسەرەکە ئاماژەی بۆ سەربازەکان کردو فەرمانی دەرکرد وتی: ارمی ئیتر لەوێوە توپبارانی ناوچەکەش دەستی پێکرد. ژن ومنداڵ دەستیانکرد بەزیروهوروگریان، ئایشەی خوشکیشم لەوێ مردو گیانی لەدەستدا.

**واتا هەتا ئەوکاتەش هەر گیانی تێدابوو ؟**

بەڵێ هەر دەینالاند، بەڵام هۆشی بەخۆیەوە نەبوو، بەخوا خەدیجەی خوشکیشم لەدالاوا ژنێک پێی بەگوارەکەی گوێیدانا گورەکە گوێی هەڵتلێشاند خەدیجە ئۆفێکی نەکرد ئەویش بەخەستی بریندارببوو، هۆشی بەخۆیەوە نەبوو. ئیتر لەوێ عەسکەرییەکە هەربەمەکینەکانی خۆمان رەوانی ئامرییەیان کردین لەدەربەندی بازیان ئامرییە هەبوو بەڵام عەسکەریان لەگەڵدا ناردین وەک حیمایە ناردیانن ئەوان بەسەیارەی عەسکەری وئێمەش هەر بەتراکتۆرەکانی خۆمان بردیانین بۆ دەربەندی بازیان. کە گەیشتینە دەربەندی بازیان خەڵکی تەکیە لەکنگرو گیاکردنی ئەوشاخە دەگەڕانەوە دەنگۆیەکی واش پەیدا بوو گوتیان ئەوانەی گیراون یەک کەسیان دەرناچن و هەموویان دەکوژن، منیش لەمەکینەکەو وتم خۆم لەناو ئەوژنانەدا وندەکەم جامن هەربەناوی دایکمەوە بانگم دەکەن، وتیان ئەرێوەڵا عەلی نەجمە رایکرد، لەدوای منەوە دوسێ منداڵی تریش رایانکردو هاتن، کە ئەوان هاتن عەسکەرەکان پێیانزانی بۆمانهاتن میللی تفەنگیان لێراکێشاین خەریکبوو تەقەمان لێبکەن، ئێمەش گەڕاینەوەو سواری تراکتۆرەکان بووینەوە.

**نەتزانی ئەو منداڵانەی لەدوای تۆوە رایانکرد کێ بوون؟**

یەکێکیان ئاسۆی خاڵە جەبارم بوو، ئەوەی تریان زاهیری مەجیدی مام سمایلی بوو ئیتر هەرسێکمان گەڕاینەوەو بردیانین بۆ ئامرییە لەدەربەندی بازیان لەوێ عەسکەری هەرچواردەورمان گیرا ئێمەیان دابەزاند و مەیتی ئایشەی خوشکیشم هەر لەناو عەرەبانەی تراکتۆرەکەدا بوو. بەڵام من ناتوانم درۆبکەم سەرباز یەک دونیا ئەرزاق وبرنج وشلەو گۆشتیان بۆهێناین، کاک محەمەد گوتی: بۆراناکەی گوتم ئاخرناتوانم ئیڤاکە لێم دەدات، کێت لەگەڵدایە منیش گوتم : ئەوە ئایشی لەناوتراکتۆرەکەدا مردووە ئەوە دایکمە لەوێ کەوتووەو ئەوە خەدیجەی خوشکمە لەگیانەڵادایە، ئەوسا من و ساراوزارای خوشکم لەهەموویان منداڵتربووین، من وساراش وەزعمان لەهەموویان باشتربوو، ئەوانی تر هەموویان سەختی بریندارببوون، ئیتر لەو فەرعەی لادەدات بۆ ناوتەکیە محەمەدی پورزام کە هەم زاواشمانەو ئێستاش وەک براگەورەمان وایە هاواری بەسەرداکردم وگوتی سەگی سەگباب بۆ ڕاناکەی با لێرە بتۆپی باشترە، نەک لەشوێنێکی تر من دەزانم وەزعەکە چییە، منیش وتم دەباشە تۆ پێشی ئیڤاکەم بۆبگرە بالێم نەدات رادەکەم، ترکتۆرەکە خیراش دەڕۆی من ئێستاش تامی ئەو خۆفرێدانەم لەلاخۆشە چونکە وانەبوایە ئەنفال دەبووم جادەکە یەک ساید بوو، خۆم فرێداو شیوێک بوو خۆم هەڵادایە ناوییەوە ئیڤاکە وەستاو منیش هەڵاتم، رۆیشتم خۆم بەماڵێکدا کرد، ژنێک دانیشتبوو تەمەنی ٦٠- ٧٠ ساڵێک دەبوو، یەکسەر گوتم پوری گیان لەگوێتەپەوە رامکردووە گوێتەپە کیمیایی لێیداوە من ئەوسا نەمدەزانی ئەنفال چییە نەک من کەس نەیدەزانی نەمگوت ئەنفال گوتم لەوانەی گوێتەپەم کەرامانکردووە، لەراهی خوا بمحەوێنەوە بانەگیرێم نەشمدەناسین گوتی وەرە رۆڵە برۆ ناو ئەو پشتیرەوە. لەناو پشتیرەکە بەرمیلێکی سەربەتاڵی لێ بوو گوتی مەترسە ئەگەر هاتن دەخەمە ناو ئەو بەرمیلە سەربەتاڵەوە، منیش زۆر دەترسام، جائینسان کە ترسا زۆر میزی دێت میزێکی زۆر زۆرم کرد، بەڵام پیرەژنەکە دیاربوو عاقڵ بوو دوای چارەکێک ٢٠ دەقە وتی رۆڵە وەرە خۆتۆ لەنێوچاوانت نەنوسراوە خەڵکی گۆێتەپەی بلوسێکی سوری بۆهێنام گوتی ئەوەی لەبەربکەو بەرەو خواری برۆ نەبادا بێن ئێرە تەفتیش بکەن و بتگرن، منیش کراسەسپیەکەم هەر لەبەردابوو بلوسەکەم بەسەر کراسەکەمەوە

لەبەرکردو لەماڵی پیرەژنەکە هاتمە دەرەوەو بەروخوار ڕۆیشتم. نزیکەی ٧٠٠ مەترێک لەماڵەکە دورکەوتمەوە دوسێ پیرەمێرد دانیشتبوون چووم بۆلای ئەوان نەگەیشتبوومە لایان ئیڤایەک بەرەولای ئێمە دەهات منیش گوتم خاڵە من لەوانەی گۆپتەپەم کیمیایی لێیداون ئەو ئیڤایە بەدوای مندا دەگەڕێ تومەس ئەو ئیڤایە ڕەبایەیەک لە پشتی تەکیەوە هەبوو دەچوو بۆئەوەی هەر ئاگاشیان لەمن نەبوو بەڵام من وام دەزانی بەدوای مندا دەگەڕێن پیرەمێردەکان گوتیان بڕۆ بۆلای ئەو خانووە لەوێ تەختەبەستی لێیە لەلای ئەوان خۆت بخافڵێنە منیش چووم بۆلای ئەوان و بەزمانی لادێی خۆمان گوتم خوا قەوەتاندا، یەکسەر گوتم کاکە وەڵاهی من لەوانەی گۆپتەتەم کە کیمیایی لێیداون ئەو ئیڤایە بەدوای مندا دەگەڕێ دارم پێدەکێشن بلۆکم پێدەکێشن باڵەلای ئێوەبم وابزانن کرێکارم کابرا زۆر نامەردبوو گوتی : بڕۆ بڕۆ لاچۆ بۆنی کیمیاییت لێدێ بائێمەش نەکوژی بڕۆ دورکەوەرەوە، ئینجا ئەوانەی لەچەمی ڕەندیخان کیمیایی لێیدابوون حاڵیان زۆر خراپ بوو، هەمووشیان بۆنی کیمیاییان لێدەهات وامزانی منیش بۆنی کیمیاییم لێ دێت. کە ئەوان منیان دەرکرد ئیڤاکەش تەواو نزیک بووەوە هەروا سێ چل مەترێکی مابوو بگاتە لام، منیش ماڵێکم بەدیکرد یەکسەر لەتاو گیانی خۆم، خۆم بەژوورێ داکرد بێ ئەوەی لەدەرگابدەم و بێ ئەوەی بڵێن فەرموو یەکسەر چوومە ژورەوە کابرایەکی ئیختیار کەواوسەڵتەیەکی لەبەردابوو، قورئانێکی بەدەستەوە بوو قورئانی دەخوێند دوو ژنی ڕەشپۆشیش لەملاوئەولایەوە دانیشتبوون، گوتم خاڵە توئەوقورئانەی بەدەستەوەیە جێگەم بکەرەوە من خەڵکی گۆپتەپەم لەوانەم کە کیمیایی لێیداون، ئەو ئیڤایە بەدوای منەوەیە دەمگرن، گوتی وەرە بڕۆرە ژورەوە چوومە ژورەوە وەڵاهی جامخانەیەک وسندوقێکی کۆنەو دۆلابێکی قەدیمەیان هەبوو، گوتی : ئەگەر هاتن دەتخەمە ناو ئەو سندوقەوە دەتشارمەوە. پێنج دەقە ڕۆیشت هیچ نەبوو، دەدەقیقە ڕۆیشت هەرهیچ نەبوو، تەماشام کرد ووپاکەت جگەرەوشقارتەیەک لەسەر پەنجەرەکە دانرابوو پاکەتێکی بەغداو یەکێکیشیان سومربوو، من ئەوکاتە دەنگەدەنکە جگەرەم دەکێشا یەکسەر جگەرەیەکم راکیشا، لەسۆمەرەکەشم داگیرساند نەک لەپاکەتە بەغداکەی، جگەرەیەکم کێشا پیاوێک هەیە، بەداخەوە ئێستا لەژیاندا نەماوە ناوی حاجی ئەحمەدی حەمە سابیرە، ئەویش لەگەڵ ئێمەدا بوو سەیربوو ئەویش ڕێک خۆی بەوماڵەیداکرد، بەدەنگێکی گەورە گوتی خاڵە گیان نامانەوێنیتەوە، لێمانقەومەوە لەوکیمیابارانکراوانەی گۆپتەپەین ؟ کابرا گوتی وەرە ژورەوە، ئەو منی نەدیبوو بەڵام من لەدڵی خۆمدا گوتم واللە ئەوە بەدوای مندا هاتووە، ئەویش گیرابوو دیارە عەسکەرەکان گوتویانە هەتا ئەو منداڵەمان بۆنەهێننەوە بەرتان نادەین، ماوەیەک حاجی ئەحمەد لەلای کابرا دانیشت و کەس نەهات بەدوامدا منیش چووم بۆلایان گوتم مام حاجی ئەوە چی دەکەی لێرە ؟ چییان لێکردن ؟ وتی وەڵا ڕۆڵە ڕەبی عەمرتدرێژبێت کەتۆ راتکرد لەدوای تۆ ئێمەش هەموومان رامانکرد، وتم حاجی ئەی نازانی دایکم وخوشکەکانم چییان لێهات ؟ مەیتی ئایشەی خوشکم چی لێهات؟ وتی نەبەخوای ڕۆڵە کەس بەکەس نەبوو، دوایی کەلەماڵەکە هاتمە دەرەوە توشی پیاوێک بووم جەعفەری مەلاشێتەیان پێدەگوت، توشی ئەو کاک جەعفەرەبووم ماڵی کاک جەعفەر ساڵێک دەبوو هاتبوونە تەکیەو لەلای ئێمە نەمابوون، خزمێکی تریشمان هەبوو حاجی عەلی ناوە ئەوانیش ساڵێک پێشتر ماڵەکەیان هێنابوو بۆتەکیەو لەگۆپتەپە نەمابوون. گوتم کاک جەعفەر نازانی ماڵی حاجی عەلی

لەکوێیە ؟ گوتی بەڕێوەڵا ئەوە ماڵەکەیانە، ئیتر ماڵەکەی نیشاندام و چووم بۆ ئەوێ ئینجا کچەکانیان زۆر تیکەلی خوشکەکانم بوون وەک دەڵێن شیری دایکی یەکتریمان خواردبوو، کچەکانیان کەچاویان بەمن کەوت شڵەژاوو شێواو چاوەکانم بەکیمیایی سوربوونەوە، بۆنی کیمیایم لێدەهات ئەوان دەستیانکرد بەگریان وتیان ئەی کوادایک کواباوک ؟ وتم نازانم کەس ئاگای لەکەس نەماوە، ژنێک ناوی غەزالە برازای حاجی عەلییە هات بۆماڵیان گوتی: وەڵا تەرمی ئایشەی خوشک والەماڵی کاکەبراشەلەیە، من هەتا مردن ئێستاشی لەگەڵدابێت مەمنونی ئەو کاکەبرایەم غەزال گوتی کاکەبرا شەلە کەدیویەتی تراکتۆرێک بەجێماوەو تەرمێک لەعەرەبانەکەیدایە یەکسەر چووبووە سەر تراکتۆرەکەی و سلفی لێدابوو بەمەیتەوە بردبووی بۆماڵی خۆیان غەزال گوتی والەماڵی کاکە برای مەیتی ئایشەی خوشکت دەشۆن. منیش گوتم بەخوا دەچم بۆسەر جەنازەکەی ئایشەی خوشکم، لەگەڵ کچەکانی حاجی عەلی ڕۆیشتین بۆماڵی کاکەبرا شەلە، کەچوین مەیتەکە لەوێ بوو کاکە برا کۆمەڵێک ژنی کۆکردبووە بۆئەوەی مەیتەکەی ئایشەی خوشکم بشۆن وکفنی بکەن و بیبەن بینێژن، کەچووم دەیانشۆرد منیش دەستم کرد بەگریان، زۆری نەبرد ملوانکەیەکی زەنگیانەی ڕەشی لەملدابوو لەگەڵ سەعاتەکەی و شقارتەیەک ویەک دیناری لەگیرفانیدابوو ئەوانەیان دایەوە بەمن. ئینجا کاک محەمەدی پورزاشم هات وتی : ئەوە تۆلەکوێی ئەوە سەعاتێکە من لەتۆ دەگەڕێم، گوتم نازانم بۆخۆشم نازانم لەکوێ بووم منیش ڕامکردووەو خۆم شاردبووەوە، یەکسەر منی هەڵگرت وتی : وەرە باقەترە بکەینە چاوتەوە تۆمەس ئەو زانیبوی کێشەکەمان چییە قەترەو دەرمانی پەیداکردبوو بردبووی قەترەی کردبووە چاوی دایکم ئەوانیشەوە لەماڵی برایمی مام ڕەزابوون.

چوین بۆلای دایکم وئەوان گوتیان وەڵا محەمەدی فەقی کەریم جەنازەکەی ئایشێی بردووە بۆسەر قەبران، ئێمەش چوینە سەرقەبران بەڵام چیمان بینی هەموو ئەوخەڵکەی تەکیە کەخەڵکی ئاوەژێ وقەلاتدزێ بوون زووتر ڕاگوێزرابوون کەزانیبویان ئافرەتێکەو کەسی لەگەڵدا نیەو بەکیمیایی شەهیدبووە هەموو لەسەر قەبران بوون، ئێستا چۆن دەوڵەمەندێک دەمرێ سەرقەبرانەکەی قەرەباڵغە سەرقەبری ئایشەی خوشکم ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، لەوێ گوتیان دەبێت کەسێک بێتە ناو قەبرەکەوە کە دەست نوێژی لێی نەشکێ منیش زۆر منداڵ بووم ئیتر ناچار من وکاک محەمەدی زاوامان چوینە ناوقەبرەکەوە. منیش تەمەنم دوانزەسیانزە ساڵان بوو، هیچم نەدەزانی منداڵ بووم ڕێنماییان دەکردم دەی ڕۆڵە لای سەری بگرەو ئاوای لێبکەو ئاوای پێبکە منیش منداڵ بووم هیچم لەو شتانە نەدەزانی بەهەرحاڵ ناشتمان و ڕۆیشتین کاک محەمەد دایکم وخوشکەکانمی برد بۆسلێمانی بۆماڵی حاجی ئەحمەد سابیر خزممان بوو. دوخوشکیشمیانی برد بۆکەرکوک بۆماڵی خوشکەکانی ترم لەوێ شویان کردبوو. منیش ماوەی ٢٠ ڕۆژ لەماڵی حاجی عەلی مامەوە ماڵیان ئاوابێت زۆر باش بوون هەتا بڵێی خزمەتیان کردم.

**ببورە کاک عەلی ئەی باوکت چی بەسەرهات ؟**

جاوا قسەت بۆدەکەم، دوایی هەواڵێکمان بۆهات، گوتیان باوکت لەچەمی بەرولان لەلای دارەقوتە، وتیان لەوێ بینیومانە، منیش کابرایەکم شک دەبرد لە چەمچەماڵ پورزای باوکمە مەحمود ڕەشاشی ناوبوو، چووم بۆلای پێمگوت کاک مەحمود دەڵێن باوکم لەچەمی بەرولانە لەلای دارەقوتە، جائەوسا پارەم پێبوو، ئێمە ڕاستە لێمان قەوماوبوو بەڵام پارەمان هەبوو منیش پارەم پێبوو، گوتم کاک مەحمود کرێکار ڕۆژی

بە دەدینار کاردەکات من ٢٥٠ دینارت دەدەمێ بچۆبـاوکم بـۆ بهێـنەرەوە، ئەویش هەر گـوتی ئەمڕۆنا سبەی، بۆ سبەی جواب هـات گوتیان ئەوەی لەچەمـی بەرولان بـوون هەرهەموویـان گیراون، ئیتر لەوێ باوکم گیرابوو، بردبوویانن بۆتۆپزاواو لەویشەوە رەوانەی نوگرەسەلمانیان کردبـــوون بۆمـــاوەی ٥ مانـــگ هـــیچ سەروسۆراخێکی نەبوو. ئینجا باوکم کێشەیەکی تریشـــی هەبـــوو هەمـــوو لەشـــی تەقەڵ ونەشتەرگەری بوو، بەو وەزعەوە نـازانم چۆن لەنوگرەسەلمان نەجاتی بوو، سالێک پێش ئەنفال بـــاوکم شـــوتی بردبـــوو لەتەکـیە بیفرۆشـــی سـەیارەک لێیـدابوو، هەمـوو لەشـی شـکاندبوو، مـاوەی شـەش حەوت مانـگ هەر لەخەستەخانە بوو، کـابرا بەعسـی بوو، کەزانی بـووی خەڵکی لادێیە بردبووی هەر لەخەستەخانە پەنجەمۆری پێکردبـــوو هەرنەمانـــدەوێرا باســـی بکەیـــن . بەوهەمـوو بـرینەوە لەنوگرەسـەلمان بـوو، کە هاتیشەوە هێندەی تر شپرزە ببوو.

**ئەی کەی کۆچی دوایی کرد ؟**

ساڵی ١٩٩٢ بوو لێرەبووین کۆچی دوایی کرد.

ئینجا باسی تەکیەم تەواو نەکرد

بەڵێ فەرموو دوای ئەو ٢٠ رۆژە ئێمەش لەگەڵ دایکم و ئەوان گردبووینەوەو یەکمانگرتەوە.

**کاک عەلی کاکە چی بەسەرهات ئەو شەهید بوو ؟**

بەڵێ ئەوهەرئەو ئێوارەیە لەگۆپتەپە شەهید بوو.

**وتت ئێمە هەموو پێماندەگوت کاکە بەلام خۆی ناوی چی بوو ؟**

بەڵێ بۆخۆی ناوی عەبدوڵابوو ئێمە پێماندەگوت کاکە.

**ئەویش سەڵت بوو یان خێزانداربوو ؟**

نا هەروا دوو ساڵ لەخۆم گەورەتربوو ئەویش هێشتا هەر منداڵ بوو.

**ئیتر کەگردبوونەوە چیتان کرد ؟**

چیمـــانکرد لەتەکـــیە ماڵێکمـــان پێکەوەنـــایەوەو خانویەکمان کرێ، ئینجا بائەوەشت بۆبگێڕمەوە، دوای ســـاڵێک رێگەیـــان بەغەســـاڵە دانـــانەوە دا لەچەمـــی گـــۆپتەپە، منـــیش چـــووم گـــوتم ئەگەر هەربەبەلاشیش هیچم نەدەنێ دێم لەو غەسالەیە ئـــیش دەکەم، هەرپێمخـــــۆش بـــــووبچمەوە بۆگـــۆپتەپە، ئیتـــر چـــووم لەو غەســـالەیە ئیشـــم دەکرد، ئینجا دایکم مەتارەیەکی سپی هەبوو هـی رۆن زەیتی بێجی بـوو، دەیگوت دەبێت هەمـوو رۆژێک لەئـاوی زێـی گـۆپتەپە مەتـارەیەک ئـاوم بۆبهێنێ بروا بکە تەنها چای پێلێدەناو دەیگوت گونـاحە پیـاڵەی پێبشـۆی. ئینجـا زۆر بەوئـاوە دڵخـۆش دەبـوو، ئیتـر هەتـا سـاڵی ١٩٩١ هەرلە تەکیـیە بـووین، دوای راپەڕیـنیش هـاتینەوە بـۆ گۆپتەپە.

**ئەی کەچـویتەوە بۆگـۆپتەپە چـۆن کـارت بـۆ غەسالەکە دەکرد ؟ بەپارەیان بەبێ بەرانبەر ؟**

نـا مـانگی بە٦٠ دینـار کـارم دەکـرد یەکەمجـار بووم بەقاپ شۆر. دوایی کابرای غەسالە گوتی وەرە ببە بەگریسمەند مانگی بە ١٠٠ دینار ئیتر ئەوەم دەکرد. دوای شـەش مانگ بووم بەسایەق شـۆفڵ ئینجـا بـووم بە سـایەق گەلابە هەرلەوێ فێـری سـایەقیش بـووم، دواجـار مـوچەکەم بـوو بە٢٠٠ دینار.

**هەتا ساڵی چەند لەوێ بوویت ؟**

هەتـا سـاڵی ١٩٩٠ لەوێ مـامەوە، غەسـالەکە هـی پیاوێـک بـوو نـاوی بەکربـوو خەڵکـی چەمچەمـاڵ بوو. هەرئەویش نەبوو یـانزە غەسـالەی لـێ بـوو، دوای راپەڕیـنیش هەمـوو ئەوانەی غەسـالەکانیان لەزەوی فەلاحەکانیـــان بەکارهێنـــابوو ئەوســـا مەلبەنـدی دووی یەکێتـی یەکـی ٦٠٠٠ شـەش هەزاردینـاریـان لەخـاوەن غەسـالەکان سـەند بۆجوتیارەکان.

**ئایشەی خوشکت شوی نەکردبوو ؟**

نا شوی نەکردبوو، ئینجا شتێکم بیرکەوتەوە ئەو رۆژە تەنهـــا دایکـــم و ئایشـــەی خوشـــکم

بەرۆژووبوون، ئایشە بەیانیەکەی گوتی : بەخوای ئەمشەو لەخەونمدا کۆپتەرهاتبوون بەکیمیایی لەگۆپتەپەیان دەدا، جاپێشتریش ئەو دەنگۆیانە هەبوون رۆژێک دەیانگوت هەڵەبجە بەکیمیایی لێیداوەو خەڵکی کوشتووەو رۆژێک دەیانگوت لەوێی داوە ئەو بەیانیە ئایشەی خوشکم خەنی دی بوو. بەیانی نان وچای دەدا بەئێمە بۆخۆی بەرۆژوبوو سوێندبەخوا بەیانی ئاوای گوت وئێوارە کیمیایی لێیداین. تەنها جیاوازییەکە ئەوەندە بوو بەتەیارە لێیداین نەک بەکۆپتەر.

**ئاماری راستەقینەی شەهیدو ئەنفالی گۆپتەپە چەندە ؟**

کەس نازانێ شەهیدەکانی سەدلەسەد چەند کەسن، لەبەرئەوەی هەتا ئێستاش کە بیست وپێنج ساڵی بەسەردا تێپەریوە هەر تەرم دەدۆزرێنەوە، پار تەرمێکمان دۆزییەوە. خەڵکێکیش هەبووە لیرە پیشمەرگەبووەو کیمیایی کوشتوویەتی .

**خەڵکی دەرەوە ناڵێم بەس هی ئێرە ؟**

هی ئێرەش هەروایە رەنگە خەڵک هەبێت وابزانێت کەسوکارەکەی ئەنفالە، بەڵام لیرە کیمیایی کوشتبێتی. بەڵام شەهیدەکانمان ١٢٠ کەس دەبن.

**ئەی بۆ دەڵێن ٤٥٠ کەس ؟**

ئاخر ئەوەیان بەئەنفالەوە دەڵێن، ئەوەیان راستە رەنگە زیاتریش بن، کاکە گیان ٣٤ ماڵ لیرە کەسیان دەرنەچووە نابەخوا تەنها کەسێکیان نەماوە بۆتۆویش .

**تەنها خەڵکی ئەم گوندە ٣٤ماڵ کەسیان نەماوە ؟**

بەڵێ، بۆنمونە ماڵی عوسمان داود تەنها بۆخۆی ماوە ٧٤ کەسیان لەکوروکورەزاو براوبرازای ئەنفالکراوە، تەنها بۆخۆی ماوە هەر رۆژەی لەمالیکە بەزۆری لەلای خوشکەزایەکی دەژی ناوی سالار بۆگدییە لەرانیە.

**بەڵام کاک عەلی من چومە گوندێک ناوی توکنە لەگەرمیان توکن وعەزیز قادر وەک ئێوەو عەسکەر دراوسێ گوندن لەوێ دەزانی چییان کردووە، پیاوێک ناوی محەمەد ستارە ناوی هەموو ئەنفالکراوەکانی گوندەکەیانی لەدەفتەرێکدا نوسیوە، لەگوندی عەزیز قادریش پیاوێک هەیە ناوی عومەر محەمەد فەرەجە خوێندەواریشی نیە ناوی هەموو ئەنفالکراوانی گوندەکەیانی نوسیوە، ئینجا هاتووە هەموویانی پۆلینکردووە کێ بێ سەروشوێنە کێ لەنوگرەسلمان مردووە، کێ لەنوگرەسلمان گەڕاوەتەوەو لێرە مردووە، ئێ خۆئەوانە نەخوێندەواریشن بەڵام لەگۆپتەپە کتێبخانەتان هەیەو خوێندەوارەی باشی تێدایە دەورەی فیربوونی کۆمپیتەری تێدا کراوتەوە بۆچی نەتانتوانیوە ئامارێکی باش وباوەرپێکراو بکەن ؟**

دەزانی چۆنە کاک عومەر با راستییەکت پێبڵێم ئێمە وەک ئێستا نەبووین هیچمان نەدەزانی ئێستا خوێندەوار پەیدابوون، کاکە ساڵی ٩٢ ئێمە کەهاتینەوە قومبەلەی کیمیاییەکان هەرمابوون، هەموو ئەوساروخانەمان لەوچەمەوەو لەناو گوندەکەوە کۆکردەوەو بەکۆڵ هێنامانە سەرئەو قەڵایە ئەو گردەی کە ئێستا دەیبینی و بووەتە مەزارو گۆرستانی شەهیدانی کیمیباران، ئێرانیەکان هەموویان برد تەنانەت ئێسکی ئەو مانگایانەشمان کۆکردەوە کەکیمیایی کوشتبوونی، بەڵام دوایی هەموویمان بەتاڵان بە ئێرانیەکان فرۆشت کیلۆی بە ٦پەنجایی، دەی بزانە ئێستا هەر یەکێک لەو قەپاغە ساروخانەمان بە ملیۆنێک دینار دەستدەکەویتەوە، کاکە ئێمە دڵسۆزیمان تێدابوو بەڵام کەس نەبوو رێبەری وریێنمایمان بکات و بڵێت مەکەن مەیفرۆشن ئەوە مێژووی خۆتانە. بروام پێبکە ئەگەر ئەوکاتە وەک ئێستا کامیراو رەسم هەبوایە ئەم گۆپتەپەیە پربوو لەچیرۆکی سەرسورهێنە چۆن لەهەڵبجە وێنەی عومەری

خاوەر بووەتە رەمز، نەنکی ئەم کاک مستەفایە[99] لەسەر ئەو بەرزاییەی رۆژئاوای گۆپتەپە خوشکێکی ئەم کاک مستەفایە ناوی کۆچەربوو چاوسەوزێکی قژ زەردی سپیکەلانە بوو ئەوەندە جوان بوو، دەتگوت ئەجنەبییە منداڵێکی زۆر جوان بوو، لەوێ سیروانی کوێخا نەجم و پێشمەرگەکان دەرزیان لێدابوو، زۆر خەریکی بوون بەڵام بە سەختی بریندار بوو، مرد نەنکی ئەم کاک مستەفایە باوەشی تێوەرهێنابوو رێک وەک ئەوەی عومەری خاوەر تەرمی کچەکەی هێنابوو بۆلای ماڵی مستەفا ئەوسا دراوسێمان بوون، بڕوابکە بەو وەزعەیەوە لەپەنای ئەو دیوارەیە کیمیایی کوشتبووی و تەرمی منداڵەکەشی هەر لەباوەشیدابوو. بەڵام کاکە کەهاتینەوە کەس نەبوو رێنوێنیمان بکات .

(دەنگێک دێتە ناوەوە هی پیاوێکی گۆپتەپەییە دەڵێت : وەک بۆخۆمان نەماندەزانی حکومەتەکەش خەمخۆر نەبوو)

بەخوا بەس ئیسکی مانگا یەک دونیامان کۆکردبووەوە.

**جگەلە ئینسان مەروماڵاتیش زۆر کوژرا بوون بەچەکی کیمیایی ؟**

ئەوماڵات وولاخانەی لەناودێ و لە چەمی رەندیخان بوون لە ٨٠% کوژران و ئەوەی تریش هەمووی جەیش وجاش بەتاڵانبردیان ئاخر ئێمە بێجگە لەچەمی رەندیخان دوو چەمی تریشمان هەیە لەوێش مەروماڵات زۆربوون، شازادەو چەمەرکەو رەندیخان . کاکە دەزانی چۆن بوو بڕوا بکە بۆرەی مانگا ئەو ناوەی پڕکردبوو. ئەوە لەبیرم چوو باسی بکەم کاتی کیمیاییەکە ژنێک بانگی کورەکەی دەکرد ژنەکە ناوی تەمینە ئێستاش ماوە کورەکەی ناوی جەلیل بوو جەلیلی حاجی محەمەدی مام کەریمی بەداخەوە ئەو ئەنفالکرا، باجی تەمین بانگی دەکرد دەیگوت جەلیل وەرە من منداڵێکم لەگەڵدایە ئەویش دەیگوت من منداڵم ناوێ فرێی بدە. ئەرێ بەخوا بەم چاوانەی خۆم بینیم و بەم گوێیانەی خۆم گوێم لەو قسەیەی جەلیل بوو جائەمە بۆیە دەگێڕمەوە کەس ئاگای لەکەس نەمابوو هەندێک هەر بەو دیمانەوە بەکیمیاییەکەش شێت بوون .

**تۆ جگەلە ئایشێ کە بەکیمیایی شەهید بووە خوشکێکی تریشت ئەنفالکراوە ؟**

بەڵێ خوشکێکی تریشم بە منداڵەکانیەوە لەگەڵ ماڵی خەزوری ٢٧ کەس ئەنفالکران، ئەوە کاکەش هەر لەناو گوندەکە شەهیدبوو، ماڵی خاڵم شانزە کەس بوون هەرهەموویان ئەنفالکران و کەسیان دەرنەچون، خاڵم خۆی و کوڕی و بوکی و کورەزای ٦ کوری هەبوون هەموویان ئەنفالکران خاڵم تەنها یەک کچی دەربازبوو ناوی خەدیجەیە ئێستا وا لە کەرکوک دادەنیشێت دەنا کەسی نەماوە. ماڵی ئامۆزایەکی دایکم ٩ نەفەرییان هەموویان کیمیایی کشتنی یەک کەسیان دەرنەچوون . ماڵی ئەم کاک مستەفایەش کە زاوامە ١٧ کەسیان بەکیمیایی شەهیدبوون . ماڵی کچەخاڵێکیشم ئەوانیش پێنج کەسیان ئەنفالکراون .

**بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارەت نەدامەوە تەرمەکان کێ ناشتبوونی ؟**

وەک پێمگوتی ئەوەی رۆیشت رۆیشت و ئەوەی گیرا گیرا ئیتر کێ بیان نێژێ بۆ سبەی رۆژی دوایی کاتژمێر ٩ی بەیانی وەک باسیان دەکرد خۆ ئێمە لێرە نەبووین، کە جاش وجەیش هاتبوون دوو شۆفڵیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو هەر تەرمێکیان دیبوو هەر لە شوێنی خۆی بە شۆفڵ خۆڵیان کردبوو بەسەریاندا، هەبوو هەر لەناو ژورەکاندا مردبوون و خانووەکەیان

99 ئەو مستەفایەی عەلی باسی دەکات مستەفا قادری برینداری چەکی کیمیاییە ئەوسا لەژیاندا مابوو ئەویش لەلامان دانیشتبوو. بەداخەوە هەر چەند هەفتەیەک دوای ئەم دیدارە کۆچی دوایی کرد بەڵام باش بوو هەمان رۆژ دوای عەلی دیدارێکیشم لەگەڵ ئەودا سازکرد.

بەسەرد روخابوو، بەڵام خەڵکیش هەبوو جاش بووە هەر خەڵکی گۆپتەپە بوو لەدوای راپەرین دەیزانی کوێ مەیتی لێیە، خەڵکی تریش هەبوو لەگەڵ جاشەکان هاتبوو تەماشای کردبوو دەیزانی جەنازەکان لەکوێن100، ئیتر چۆن کەوتووەوە لەکوێ کەوتووە هەر لەوێ ولەشوێنی خۆی بە شۆفل خۆڵیان بەسەرداکردبوو.

**کەواتە تەرمەکانیان کۆنەکردووەتەوەو لەشوێنێکدا خۆڵیان بەسەردابکەن ؟**

نەخێر کۆنەکرابوونەوە، ئینجا کە ساڵی ١٩٩٢ هاتینەوە دەستمان کرد بەدەرهێنانەوەو ناشتنەوەیان ئەوسا زانیمان لەکوێ روفاتی شەهیدەکانی تێدایەو لەکوێ تێیدانیە. ئینجا هەتا ئەم ساڵانەی دوایش هەر جەنازە لێرە دەدۆزرانەوە ساڵی ٢٠١٠ لێرە دەجەنازە لەناو حەوزی مزگەوتەکە دۆزرانەوە . ساڵی ٢٠١٠ تەرمێکی تر لەماڵی حاجی محەمەد دۆزرایەوە ئەوەش تەرمی پێشمەرگەیەک بوو، کەس نەیزانی ئەو کەسە کێیە.

**کاک عەلی من باش ئاگام لەهەستی بەرێزتە، دەزانم یادەوەرییەکی زۆرناخۆشت لەگەڵ ئەنفال وکیمیابارانی گوندەکەت هەیە، براوخوشکت شەهیدبووە خوشک وخاڵۆزات ئەنفالکراون بەڵام دەمەوێ بپرسم دوای ٢٥ساڵ لەو تاوانە کەسێکی وەک من دێت پرسیارت لێدەکات ئەوە چۆنە لەلای تۆ یان بابڵێم پێتخۆشە پرسیارت لەوبارەیەوە لێ بکرێت یان هەر حەزناکەی باس بکرێتەوە ؟**

بەخوا ئەوەشیان دوولایەنە، جاری وایە حەزدەکەم پرسیارلەوکەسانە بکەن کەوەک من ئەو روداوەیان دیوەو یادەوەریان لەگەڵیدا هەیە، جاریش هەیە نەوەڵا حەزناکەم ئەوەش دەکەوێتە سەر چۆنێتی پرسیارەکەو کەسەکەش، خۆئێمە هەمیشە لەخەیاڵمانداییەو هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە بەڵام لێت بپرسیتەوە باشترەو بۆئێمەش خۆشترە. لەبەرئەوەی ئێمە تازە توش بووین و باجەکەمان داوە بەڵام هەرکەس نەیات بەلاتداو لێت نەپرسیتەوە ناخۆشە. کەسێک بێت هەر ئەوەندە پێمان بڵێت بەشداری خەمتانین دڵمان پێیخۆش دەبێت . بەتایبەتی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاری ئەنفال وکیمیابارانکراوان زۆر باشە، بەبڕوای من لێنەپرسینەوە پشتگوێخستنی ئەو تاوانەیە.

**دەمەوێ رای تۆ بزانم بەرانبەر تۆمەتباران وگومان لێکراوان، ئایا لێیان دەبوری یان دادگایی کردنیان بەباش دەزانی ؟**

سەدلەسەد داوای دادگایی کردنیان دەکەم. کاکە گیان برۆ لەو بۆڵقامیشە لەو دەشتی عەسکروگۆپتەپەیە خۆت بشارێتەوە دوو هەزار عەسکەری عەرەب بابین بزانە دەتوانن کەس بدۆزنەوە؟ ناتوانن بۆیە لەگەڵ ئەوە دام ئەو موستەشارانەی دەوری خراپیان هەبووە دادگایی بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن موستەشاریش هەبووە باش بووە لەگەڵ خەڵکداو خەڵکی رزگارکردووە. خۆمن هیچ پێویستیم بەوانە نەبووە بەڵام هەق هەقە و دەبێت بگوترێت ئەوەی باشەیان کردووە وئەوەی خراپەی کردووە لێک جیابکرێنەوە.

**وتت کاتێک لەچەمی رەندیخان بووم فرۆکەکانم بینی کەیەکی سێ بۆمبیان بەرداوەتەوە ؟ ئەوە**

دیاربوون دیاربوون یەکی بەقەد بوتڵە غازێک دەبوون کە دەهاتنە خوارەوە من ئاوا تەماشام دەکردن و لێشمەوە دووربوون، چوار تەیارە رەمیان کرد یەکی سێ قومبەلەیان فرێدایە خوارەوە یەکەم تەیارە کە رەمیکرد لەپشت قەڵاکەی دا، دووەم تەیارە لەنزیک ماڵی کاکە عەبدولی دا، کاکە عەبدول برای شەهید عەلی

---

100 یەکێک لەوکەسانە مستەفا عەسکەری پارێزەر بوو، لەدیدارێکی نیوانماندا دەڵێت بەهۆی هەندێک ناسیاوی جاشەوە توانیم بچم بۆ گۆپتەپە و ئەوەی پێمکرا هەندێک لەتەرمەکانم داپۆشی .

عەسکەرییە، لەلای ماڵی ئەوان و بەری مزگەوتەکەیدا، سێیەم تەیارە لەناو زێیەکەیدا، چوارەم تەیارە لەناوەڕاستی گاوریدا. بەڵام دوو تەیارەکەی تر رەمیان نەکرد، خوائاگادرە ئاوا بەبەرچاومەوە بوون، دەنگی بۆمبەکان نزم بوون بەڵام زیرەی ئەو تەیارەیە زۆر بەهێزبوو، ئاوا هەردوو گوێمان دەگرت و سەیرمان دەکردن.

**هەر لەوکاتەشدا لەعەسکەریاندا یان هەر ئەو تەیارانە بوون چون لەعەسکەریشیاندا.؟**

من هەرئەوەی گوێپەم ئاگا لێبوو هەرنەمزانیبوو کەلەعەسکەرو چەمی رەزانیشی داوە دوایی من لەتەکیە زانیم هەرنەمزانیبوو. بەڵام کەلەتەکیە خەڵکی عەسکەرم بینی گوتیان بەکیمیایی لەئێمەشی داوە.

**پێش بۆردومان کردن ئاراستەی بایان وەرنەگرت ؟ (ئەم پرسیارە مامۆستا هێمن کردی)**

نازانم راستیەکەی من ئەو عیلمەم نیە.

**ئەی پێش ئەم چوارتەیارەیە هیچی تر نەهاتن بسوڕێنەوەو بڕۆن ؟**

نا بەڵام عەسرەکەی کۆپتەر هات، لەو چەمەی خوارەوە رەمی کرد پێشمەرگەیەکی بریندارکردبوو، پێشمەرگە بریندارەکە برای سەرکەوتی مامە قالەو شەهید دارابوو دوایی هێنابویان بۆ چەمی شازادە، بەڵام بۆسبەی کە ئەو وەزعە خولقا ئەویش لەتینوان خنکابوو ئایا لەبرسان مردبوو بەستەزمانە. ئەوەش دوایی ئێمە بیستمان ئەوکاتە نەماندەزانی.

**بیروڕات بەرانبەر حکومەتی هەرێم چییە ؟ باشە بۆتان یان چۆنە ؟**

باشیشەو خراپیشە، باشە موچەیەک دەداتە کەسوکاری شەهیدو ئەنفال، موچەکە لە ٢٠٠ دینارەوە دەستیپێکردو ئیستا ٤٥٠٠٠٠ چوارسەدو پەنجا هەزار دینارە لەئەنفالکراوێکەوە هەتا سێ کەس هەرئەوەیە لەچوارشەهیدو ئەنفالەوە هەتا ١٠کەس ٢٠کەسیشت هەبێت مانگی ٩٠٠٠٠٠ نۆسەد هەزارمان پێدەدات، ئەوە بۆئەوە باشە هەندێک پیرەمێردو پیرەژن دەرچوون هەرخۆیان ماونەتەوەو کەس نیە بەخێویان بکات بۆئەوانە زۆر باشە، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی هەرێم قەرزداری خەڵکی لادێکانە بەگشتی نەک هەر کەسوکاری ئەنفال، خەڵک هەیە کەسیشی ئەنفال نەکراوەو قسمەتی لەو تاوانەدا نەبووە بەڵام ماڵی روخاوە ماڵی تالانکراوە خزمەتی شۆرشی کردووە لەدەمی ماڵ ومنداڵی گرتووەتەوە بەدەمی پێشمەرگەیدا کردووە، خەڵکی شاریش قوربانیانداوە کوریان پێشمەرگەبووە بەڵام کەدەڵێم حکومەت قەرزداری لادێیە بابڵێن لەدوای گوندەکان یەک رۆژماوینەتەوە ؟!

**بیروڕات بەرانبەر رێکخراوەکانی ئەنفال چییە ؟**

بونیان باشە بەڵام کەمو بێکاریگەرن نازانم حکومەت هاوکاریان ناکات یان خۆیان باش کارناکەن. ئەوانیش پێویستیان بەهاوکاری حکومەتە، بۆنمونە تۆ گۆڤاری ئەنفالستان بەپشتیوانی چەند کەسێک دەردەکەی کارێکی باش دەکەیت بەڵام ئەوە ناتوانێ هەتا سەربەردەوام بێت و هەر چوارساڵی ترو پێنج ساڵی تر بەردەوام دەبێت.

**رات چییە بەرامبەر ئەو هەوڵەی لەسوید هەیە بۆ بەفەرمی ناساندنی تاوانی ئەنفال ؟**

هەر زۆر زۆر کارێکی باشە، بەهیوام لەهەموو دونیا ئەوە بکرێت .

**زۆر سوپاس کاک عەلی**

سوپاسی ناوێ من سوپاسی تۆ دەکەم لەخزمەتدام .

# ناتوندوتیژی

**خودایە ئەوەی ئێمە بینیمان دوژمنیش نەیبینێ**

**خودایە دڵی دوژمنەکانمان نەرم بکەی**

ئەم پارانەوەیە مایەی تێڕامان و لێکۆڵینەوەیە.

لەدوانزە ساڵی کارکردن و لێکۆڵینەوەمدا لەدۆسێی ئەنفال و جینۆسایددا، بە دوو تێگەیشتنی زۆرگرنگ گەیشتم، دەتوانم بڵێم دوو دەستکەوتی گرنگم چنیوەتەوە.

لێبوردەیی:

نەحزبایەتی و نە زانکۆو پەیمانگە، فێری لێبوردەییان نەکردم، بەڵکو لەو پیرە ژنە نەخوێندەوارو کۆستکەوتوانەوە فێربووم کە ئەنفال شکۆی شکاندبوون و دڵرەقی و بەدکاری فرێی دابوونە پەراوێزی ژیانەوەو هەمووشتێکی لێ سەندبوونەوە، میهرەبانی نەبێت.

ناتوندوتیژی:

دەبوو یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی کۆمەڵگەی کوردی پەرچەکرداربێت، دەبوو هاوڵاتی کورد بەکردەوە قوڵ لەریشەکێشکردنی بەعسیزم هەڵماڵێت و رەفتاری بەعسیانە ببێتە شەرمێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بەڵام بەداخەوە ئەمە هەرگیز روی نەداو بەعسیزم هەتا ئێستاش لە ناو خانەوادەو گەرەک و خیابان و فەرمانگەکانماندا شەرمان لەگەڵدا دەکات. کارکردنم لە دۆسێی ئەنفالدا تەنها دیدارو لێکۆڵینەوە نەبوو، بەڵکو فریدانی توندرەفتاریش بوو، لەدلرەقی جەلادەکانی ئەنفالەوە فێربووم، ناتوندوتیژبم و هەمیشە هەوڵمداوە هیچم لەبەعسیەکان و ئەوانەش نەچێت کە رەفتاریان بەعسیانەیە، تەواو لە فاشیزمی دینی وقەومی دوربکەومەوەوتوندوتیژی لەرەفتاری خۆم دابماڵم

زۆرم لەو ژنە کۆست کەوتوانە دواندووەو گوێم لێگرتوون، ئەوان سەرباری ئەوهەموو دڵرەقیەی کە بینیویانە هێشتا میهرەبانن و بەگشتی داوای دادپەروەری دەکەن، هەمیشە لەخوا دەپاڕێنەوە خودا دڵی دومنەکانیان نەرم بکات !

دیقەت بدەن ناڵێن ماڵی دوژمنەکانمان وێران بکە! ئەمە قسەی نەنکم پیرۆز حەسەن بوو، هەمیشە دەڵێن خودایە ئەوەی ئێمە بینیمان دوژمنیش نەیبینێ ! ئەم گوزارشتە شایانی لێوردبوونەوەو تێڕامانە .. ئەوە میهرەبانی قوربانیە، وەلێ لێکۆڵیارو میدیای کوردی لەو میهرەبانیە رانەماوە و هەوڵیداوە بە زەلیلی پیشانی بدات نەک بە قارەمانی!

سەرنوسەر

## ناوی بەشێک ئەنفالکراوان

بەرێز جەمال عادل لەنامەیەکدا ناوی خزم وکەسەنزیکە ئەنفالکراوانی خزم و کەسە نزیکەکانی خۆی کۆکردووەتەوەو بۆ گۆڤاری ئەنفالستانی ناردووە، ئێمەش سوپاسەوە وەک خۆی بڵاویان دەکەینەوە. لەسەرەتاوە کۆمەڵێک ناوی نوسیوە بەم شێوەیە :

### ناوی منداڵە ئەنفالکراوەکانی شێخ عەبدولاتەیب ،

1) پەخشان عەبدوڵا وهێژا یەحیا حەبیبی کچی
2) ژیان عەبدوڵا
3) مهاباد عەبدوڵا
4) دڵشاد عەبدوڵا
5) ئازاد عەبدوڵا
6) شنۆ عەبدوڵا

| ز | ناوی سیانی |
|---|---|
| ١ | صادق توفیق قادر |
| ٢ | کەریم فاتیح نوری |
| ٣ | فاخر فتاح نوری |
| ٤ | سلیمان تەیب |
| ٥ | سەلام توفیق قادر |
| ٦ | تالیب عەزیز کاکە حمە |
| ٧ | غالیب عەزیز کاکە حمە |
| ٨ | فازل عەزیز کاکە حمە |
| ٩ | ناصح قادر کاکە حمە |
| ١٠ | تاهیر قادر کاکە حمە |
| ١١ | کاوە عبدالکریم رشید |
| ١٢ | جمهور عبدالکریم رشید |
| ١٣ | عەلي فاتیح فەریق |
| ١٤ | عەزیز فاتیح فەریق |
| ١٥ | کامیل رشید مجید |
| ١٦ | عەزیز رشید مجید |
| ١٧ | یوسف شوکر تاهیر |
| ١٨ | صبحي شوکر تاهیر |
| ١٩ | بەرزان شوکر تاهیر |
| ٢٠ | ئەدیب حەکیم مجید |
| ٢١ | خەسرەو ئەمین عبدولله |
| ٢٢ | خیرولله مجیدجەبار |
| ٢٣ | قادر محەمەد فازل |
| ٢٤ | سەرکەوت ئەمین لتیف |
| ٢٥ | گوران ئەمین لەتیف |
| ٢٦ | پێشکەوت ستار عبدولله |
| ٢٧ | بورهان فیزلله تالیب |
| ٢٨ | بەرزان فیزلله تالیب |
| ٢٩ | عزیز محمد نوری غالیب |
| ٣٠ | قادرمحمد نوری غالب |
| ٣١ | حەسەن محمد نوری غایب |
| ٣٢ | حەسەن خیرالله جلال |
| ٣٣ | علی خیرالله جلال |
| ٣٤ | کامیل حیبیب عزالدین |
| ٣٥ | شێرزاد حبیب عزالدین |
| ٣٦ | مەریوان کامل حبیب |
| ٣٧ | گۆران کامل حبیب |
| ٣٨ | بەرزان محەمەد عزالدین |
| ٣٩ | عبدالرحمن محمد عزالدین |
| ٤٠ | عدنان نەسرەدین عزالدین |
| ٤١ | علی نسردین عزالدین |
| ٤٢ | تەیب فخرالدین عزالدین |
| ٤٣ | غریب رشید حمید |
| ٤٤ | عومەر رشید حمید |
| ٤٥ | نەسرەدین مجوەل عزالدین |
| ٤٦ | هیوا مستەفا حمید |
| ٤٧ | سالار فاتیح محمد |
| ٤٨ | لەتیف تەیب عزالدین |
| ٤٩ | کمال تەیب عزەدین |
| ٥٠ | حوسێن عزەدین |
| ٥١ | سالار فاتیح محمد |
| ٥٢ | لەتیف تەیب عزالدین |
| ٥٣ | کەمال تەیب عزەدین |
| ٥٤ | ئەردە شێر منسور جلال |
| ٥٥ | خیریە نەسرەدین عزالدین |
| ٥٦ | بەیان کامل حبیب |
| ٥٧ | شنو کامل حبیب |
| ٥٨ | جوان کامل حبیب |
| ٥٩ | شەم کامل حبیب |
| ٦٠ | پاکیزە حبیب عزالدین |
| ٦١ | سهیلە حبیب عزالدین |
| ٦٢ | فهیمە حبیب عزالدین |
| ٦٣ | هێرو عادل نسردین |
| ٦٤ | سەیوان بشارات محەمەد |
| ٦٥ | بۆتان عوسمان |
| ٦٦ | شامیل فازل وەهاب |

مستەفا قادر ئیسماعیل:

# ئەگەر دکتۆر خالید نەبوایە هەر ئەوکاتە منیش دەمردم



**دیمانە لەگەڵدا کراو : مستەفا قادر**

**دیمانە ساز : عومەر محەمەد**

**شوێن گۆپتەپەی شەهیدان**

**کات : ٣ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٧**

**فۆتۆ : هێمن عەبدوڵا گۆپتەپەیی .**

لە سەردانەکانمدا بۆ گوندی گۆپتەپە، ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٧ چاوم بەمستەفا کەوت ئەو ماوەی 25 ساڵە بەرچەکی کیمیایی کەوتووە، ئەو هەموو ساڵە بەدەم ئازارەوە گیرۆدەیە، کەچی سەردانی هیچ دکتۆرێکی تایبەتی نەکردووە. سەردانی هەر دکتۆرێکی کردبێ نەبووەتە مایەی ئەوەی چارەسەری بۆ بکات، لەراستیدا ئەو دکتۆرانەی مستەفا سەردانی کردبوون، نەک تایبەتمەند نەبوون و هیچیان دەربارەی نەخۆشیەکەی ئەو نەزانیوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین هەر سەردانی دکتۆری نەکردووە ئەوەی ئەو چووەتە لایان مقیم یان معاون تویی نوون لە خەستەخانە حکومییە بێ خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکەی خۆیان لە تەکیەو چەمچەماڵ، کە بەسروشتی ئیدارەی ئەو ناوچانە دکتۆری باشیان بەخۆیانەوە نەبینیوە .

و ئەم دیدارمان ئەنجامدا

**ئەگەر زەحمەت نەبێت ناوی سیانی خۆتم پێبڵێیت ؟**

من ناوم مستەفا قادر ئیسماعیل.

**تەمەنت چەندە ؟**

کاتی کیمیاییەکە ١٨ ساڵبووم

**چەند کەستان ئەنفالکراوە ؟**

ئێمە کەسمان ئەنفال نەکراوە بەڵام ١٠ کەسمان کیمیاییەکە کوشتوونی .

**هەموویان کەسی نزیکت بوون ؟**

بەڵێ سێ برام وپێنج خوشکم و دایکم. ماڵی مامیشم ٧ نەفەربوون ئەوانیش هەموویان شەهیدی کیمیابارانن .

**ئەگەر ناوەکانیانم پێبڵێیت سوپاست دەکەم ؟**

دایکم هاجر محەمەد ڕەجەب، ئامینە قادر ئیسماعیل ئەوەش ناوی خوشکمە، نازدارو ئاسکە وناسکەو کۆچەر، براکانیشم سەردارو سەربەست ودارا، نەنکیشم ناوی(ڕون نیە) ئەوەندە هەر هی ماڵی خۆمان.

**ئەوخوشک وبرایانە هەموویان پێکەوە شەهیدبوون ؟**

بەڵێ هەموویان لە ڕۆژی ٣ی ئایاری ١٩٨٨ شەهیدبوون، خۆم و برایەکیشم بەسەختی بریندار بوین، براکەم جاش بردبویان بۆکەرکوک ولەوێوە هێنابویانەوە بۆچەمچەماڵ لەوێ فرێیاندابوو، دوایی براکەم هاتەوە بۆ تەکیە ئەو برایەشمان مندال بوو،

هەرئەو نەبوو سیان چوارێکی تریش بوون جاشەکان بردبویانن بۆ خەستەخانەی کەرکوک، بەلاّم کە زانیبویان کیمیایی لێیداون خەستەخانە وەری نەگرتبوون ودەریانکردبوون.

**خۆشت بریندارببوویت ؟**

بەڵێ من زۆر خراپ بریندارببووم، چاوەکانم کوێربوون نزیکەی ٢٠ شەو بەهیچ شێوەیەک نەمدەتوانی لەبەر روناکی گڵۆپ دانیشم، من یەکسەر سەرم گێژی خواردو کەوتم ماڵی دکتۆر خالید ئاوابێت ئەونەبوایە منیش هەر ئەوکاتە نەدەژیام ودەمردم.

**دکتۆر خالید کێیە ؟ چۆن فریات کەوت ؟**

دکتۆر خالید موزەمیدە مالیان لەتەکیەیە.

**ئەو چی بۆکردیت وا فریات کەوت ؟**

ئەو دوو دەرزی لێدام وتی ئەمە دەرزی کیمیاییە کەدەرزییەکانی بۆکردم پێی باشتربووم. ئەویش بەدزییەوە شەوان دەهات بۆچارەسەرم، ئەگەر ئەونەبوایە دەمردم لەدوای ئەویش هیچ عیلاجێک نەکراوم .

**واتا لەدوای ئەو مزەمیدەوە هیچ عیلاجێکی ترت وەرنەگرتووە ؟**

نەبەخوای هیچ عیلاجێکی تر نەکراوم .

**ئەی قەت نەچوی بۆلای هیچ دکتۆرێک بڵێی من بەرکەوتووی چەکی کیمیایم وحاڵێکی ئاوام هەبووە ؟**

بەرێوەلاّ چووم بەلاّم لەم ناوچەیەی ئێمە هیچ دکتۆرێکی وای لێنەبووە هەتا لەکیمیایی بزانی و دەرمانێکم بداتی . بەلاّم جارێک دەزگای شەهیدان بردیانین بۆ چەمچەماڵ لەوێ هەموو فەحس وشتێکیان بۆکردین و گوتیان دەبێت بێنەوە بۆسلێمانی دکتۆری ئێرانی دێن بەلاّم ئەو رۆژەی بریندارەکانی ئێرە چووبوون بۆ سلێمانی من نەمزانیبوو ئاگادار نەکرابوومەوە من نەچووم. خەڵکی ناودێ زۆر چوبوون بەلاّم بەمنیان نەگوتبوو .

**ئەی دوای ئەوە لیژنەکە تویان نەبینی ؟**

نەبەخوا من لیژنەم هەرنەبینییەوەو هەتا ئێستاش هیچم بۆنەکراوە.

**کاریگەریی کیمیاییەکە تەنها لەسەر چاوت ماوەیان شوێنی تریشت ؟**

ناوەلاّ ئێستا ئەگەر تۆ کەمێکی تر قسەم لەگەڵ بکەیت قورگم دێتەوە یەک وەک بڵێی وشک دەبی و هەناسەم سواردەبێت. بەهارانیش زیبکەی ورد ورد لەهەموو لەشم پەیدا دەبی و شوێنەکەی رەش دەبێتەوە. ئاوێکی پیسی رون لەناو زیبکەکاندایە .

**ئەو زیبکانە هەموو لەشت دەگرنەوە یان تەنها ناوچەیەکی لەشت دەگرێتەوە ؟**

بەڵێ بەلاّم بەزۆری پشتم و سەرشانەکانم دەگرێتەوە. خوشکێکیشم هەیە لێرە بردیان بۆچەمچەماڵ پشتی لێیدیاری داوە پشتی وەک لیردەردەکاو پەڵەی رەش رەش دەردەکات. شوێنەکانی دیارن و هەرماون بەلاّم من دایم حەزم بەشوێنی گەرمە بەتایبەتی لەبەرسپلیت ناتوانم دانیشم یان ئەو شوێنانەی بەغاز ئێشبکەن حەزناکەم لێیدابنیشم .

**بۆئەم زۆپا نەوتیانەش هەروایت ؟**

نـــا بـــۆگەرمی وانـــیم بەلام بۆســـپلیت وساردی سەیارە زۆر پێی تێکدەچم.

**ئەی چ کاریـــک دەکەیـــت ؟ ئایـــا بەم بـــارە تەندروستیەتەوە چۆن کاردەکەیت ؟**

وەک کـــــار پێشـــــمەرگەم لەگەلّ کـــــاک شـــالاوی عەلـــی عەســـکەری وەک ئیشـــی تر هیچ ناکەم

بەلاّم ئەگەر پیشـــــــمەرگایەتی نەبـــــــوایە دەتتوانی چ کارێکی تربکەیت ؟

ئەگەر ئەوەنەبـــوایە هـــیچ ئیشـــێکی تـــرم پیناکرێت .

ئەگەر ناچاربووی بۆنمونە رۆژێک گوتیان هیچی تر پێشمەرگەمان لەوتەمەنەی تۆدا ناوێت ؟

ئەوکـــاتە ناچـــارم دەســـتبکەم بەجوتیـــاری و ئەگەر کرێکاری هەبێت دەیکەم

**ئەی دەتوانی کرێکاری بکەیت ؟**

ئەی ئەگەر بـــووە ناچـــاری مەجبـــورم بیکەم.

**ئەی ئیمتیـــازو مـــوچەی خوشـــک وبراکانت هی دایکت ؟**

مـــن شـــمولی مـــوچە نـــاکەم تەنهـــا بـــاوکم موچەی هەیە.

**باشـــە بـــابینەوە ســـەرباری تەندروســـتی خـــۆت ئەگەر خـــۆت نەچویـــت لەلیـــژنەکە دواکەوتـــی ئیتـــر هەوڵـــت نەدایەوە جارێکی تر لیژنەکە ببینیتەوە ؟**

بەرێـــوەلا زۆرجـــاری تـــر چـــوومەوە بـــۆلای کـــاک بورهـــان لە چەمچەمـــاڵ هەتـــا تیـــنم بۆهێنـــاو پیمگـــوت: بـــۆ ئـــێمە هـــیچ نامـــــانگرێتەوە بەردەوام لەتەلفزیـــــون برینـــــدارەکانی بالیســـــان وهەلەبـــــجە دەبینـــین دەنێـــردرێن بـــۆ ئێـــران ئەی ئـــێمە ؟ برینـــــداری چەکـــــی کیمیـــــایی نـــــین ؟ هەردەڵێـــت جـــاری ســـەرەتان نەهـــاتووە نـــازانم کەی ســـەرەمان دێـــت . نـــازانم مـــن هەســـــتناکەم ئەوەی ئـــــێمە شـــــتێکی

رەســـــمی بێـــــت بۆنمـــــونە جارێکیـــــان لەیـــــادەکەدا هەموومانیـــــان بـــــرد بۆچەمچەمـــــال وابـــــزانم هەرشـــــتێکی رۆتـــین بـــوو بەبـــێ نوســـراو هەروا رۆتـــین بوو.

**چەنـــد کەســـی تـــر لێـــرە وەک تـــۆ حـــالی خراپە ؟**

ئەوەی مـــن پـــێم شـــکبێ و بریـــندداربووبێ وهێشـــــتا حـــــالّی خـــــراپ بێـــــت، هەر خەدیـــــجەو جەعفەرومـــــن، بۆخـــــۆم هەر تەواو مـــاوە مـــاوە مێشـــکم تێکـــدەچێت، مـــن هەتـــا ئیســـتا فەحســـێکم بـــۆنەکراوە پـــێم بڵـــێن رێـــژەی کیمیـــاییەکە چەنـــدە لەلەشتدا.

**کـــاک مســـتەفا بـــائەو پرســـیارەش بـــکەم دوای ئەوەی دایکـــــت وخوشـــــکەکانت شـــەهید بـــوون ئیتـــر تـــۆ لەگەلّ کـــێ دەژیای ولەکوێ دەژیای ؟**

دوای ئەوە مـــــن وبـــــاوکم لەتەکـــــیە دەژیـــاین خوشـــکێکم دەربـــازببوو، لەگەلّ ئەوبـــرایەم کەوتـــم منـــداڵ بـــووەو بریـــندار بووە.

**ئەی ئێستا ئەو برایەت لەکوێیە ؟**

ئەو هەر زوو رۆیشـــت بـــوو بەشـــوانی عەرەبـــ لەو جنـــوبە ئێســـتاش هەرلەوێ دەژی نایەتەوە بۆ ئێرە.

**لەجنوب ؟! لەچ شوێنێک ؟**

لە تەللـــوەرد لەوێ ژنـــی هێنـــاوەو هەرلەوێیە.

**تەللوەرد لەکوێیە ؟**

لەلای حەویـــجەیە لەکەرکـــوک دێـــیەکە لەوێیە.

**ئەی منـــدالّی هەیە منـــدالّەکانی کـــوردی دەزانن یان خۆیان بەکورد دەزانن ؟**

چـــوار منـــدالّی هەیە وەلابلـــێم چـــی بەلاّم دایکیان کوردە رەنگە کوردی بزانن.

**ئەی بـــۆچی نـــایەتەوە ؟هەربەســـەردانیش نایەتەوە ؟**

بابـا جـار جـار دێـتەوەو ئـێمە دەچـین وئـاوایە بەڵام مـاڵی ئاوابێـت ئەو پیـاوەی لەوێ ناسـی بـووی زۆر بـاش بـوو بـۆی .

**کـاک مسـتەفای وتـت مـن چـوم بـۆ دادگـا واتـــا تـــۆش یەکێـــک بـــووی لە شـــایەتحاڵەکانی دۆســـێی ئەنفـــال لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق؟**

بەڵێ بەڵام نەیانهێشت شایەتی بدەم !

**بۆچی ؟ کێ نەیهێشت ؟**

چـوین بۆبەغـدا بـۆ مەحکـمەی سـەدام وعەلـی حەسەن مەجید بەڵام پاشئەوەی گەیشتینە ئەوێ لە نیوهۆڵی دادگا پێشیان پێگرتم و گێرایانمەوە .

**بۆچی لەبەرچی ؟**

تەنهـا لەبەرئەوەی گـوتم: لەبەردەمـی دادوەر هەمووشـتێک لەبـارەی ئەوانەوە بـاس دەکەم کە دەسـتیان لەئەنفـال و کیمیابـارانی گـۆیتەپەدا هەبـووە، دوای وتنـی ئەم قسـانە نەیـان هیشـت بچمە نیوهۆڵی دادگاکەوە ئەو خەونەم نەهاتەدی لەبەردەمـی دادوەر راسـتیەکان بڵـێم، دوای هێشتنەوەم بۆ ماوەی هەفتەیەک لەشاری بەغداد ئینجا گوتیان برۆنەوە لەوێوە رەوانەی شـاری سلیمانیان کردینەوە.

**کاک مستەفا زۆر سوپاس**

سوپاس بۆتۆش زۆر بەخێربێیت

پاش دیدار

سەردانی پزیشکی تایبەتمەند

هەر ئەوکـــاتەی لەگەڵ مســـتەفا دیـــدارم دەکـــرد، ئومێـــدێک هەبـــوو، بەهەوڵـــی رێکخـــــــراوی وادی ئەڵمـــــــانی دوو کارمەنـــدی رێکخـــراوی گرینگـــرۆز، هـــاتبوونە کوردســـتان، پرۆژەیەکـــی بچوکیـــان هەبـــوو، بـــۆ ئەو مەبەســـتە داوایـــان لێکردبـــووم هاوکارییـــان بـــکەم بەوەی ئایـــدیایەک بـــخەمەڕوو لە چـــۆنێتی خەرجکردنـــی بڕێکـــی کەم پـــارە لەنـــاوچە ئەنفالکراوەکانـــدا، منـــیش ئامـــادەییم دەربـــڕی و داوام کـــرد هەفـــتەیەک مـــۆڵەتی بیرکـــردنەوەم بـــدەن، دواتـــر ئەوەم بەخەیاڵـــدا هـــات ئەوبـــڕە پـــارەیەی ئەوان دەیانویســـت خەرجـــی بـــکەن کە تەنهـــا (١٥٠٠٠) پـــانزە هەزار دۆلاربـــوو، تەنهـــا بـــۆ ئەوگونـــدانە خەرج بکرێـــت، کە کیمیابـــارانکراون و قوربـــانی زۆریانـــــــداوە، نەک بۆهەمـــــــوو ئەو گونـــدانەی ئەنفـــالکراون. چـــونکە ئەنفـــال ســـــنوری هەمـــــوو کوردســـــتان دەگـــرێتەوەو خەرجکردنـــی لەو ســـنورە فـــراوانەدا جـــێگەیەک ناگرێـــت، ئەوانـــیش پێســـنیارەکەمیان قبـــوڵکردو ســـەرەتا لە حەوت گونـــدی کیمیابـــارانکراودا، دەســـت بەکـــــاربوون، لەیەکەم ســـــەردانیاندا، نوێنەریـــان (دانـــا جەمیـــل) بە مەبەســـتی ئامـــادەکردنی راپۆرتێـــک دەربـــارەی بریندارانی چەکـــی کیمیـــاوی ســـەردانی گونـــدی گـــۆیتەپەی کردبـــوو، لەوێ مســـتەفاقادرو دوبرینـــداری تـــری چەکـــی کیمیـــاوی بینیبـــوو، بەڵام هیچکامیـــان وەک مســـتەفا پێویســـتیان بەچارەســـەری خێرانەبـــوو. لەراپـــۆرتەکەی داناشـــدا هەروا هـــاتبوو کە مســـتەفا پێویســـتی بەچارەسەری بەپەلە هەیە.

دانـــا گەنجێکـــی چـــالاک و ویـــژدان زینـــدوبوو. لەبەرئەوە راپۆرتەکانیشـــی جـــێگەی ســـەرنج و متمـــانە پێکراوبـــوون. کاتێـــک راپـــۆرتەکەی دانـــام بینـــی یەکســـەر دەستخۆشـــیم بۆنـــاردەوەو بـــۆم نوســـی یەکێـــک لەوکەســـانەی دەبـــوو داواتـــان لێـــبکەم بـــیخەنە بەرنـــامەوە بۆهاوکـــاری کردنی بریندارانی مستەفا بوو.

بەمەبەستی هاوكاری كردنی كەسانی وەک مستەفا تەنها ئەو گوندانەمان خستە بەرنامەوە كە بەچەكی كیمیابارانكرابوون، لەماوەیەكی زۆر كەمدا ئامادەكریمان كردوو هەندێک لەبریندارەكانمان گەیاندنە لای دكتۆر كۆسار محەمەد كە دكتۆرێكی باشی تەنگەفس وسنگ بوو. یەكەم نەخۆش كە لەو پرۆژەیە گەیاندرایە لای پزیشک مستەفا بوو كە شەوی ٢٤/ ٢٠١٢/١٢ كاتژمێر ٩:٤٥ دەقیقەی شەو خرایە ژێر پشكنینەوەو درەنگانێكی شەو كاتژمێر ١٢ تەواو بوو . هەرئەو شەوە سەیارەمان بۆگرتبوو لەگوێتەپەوە هێنامان و هەمان شەو ناردمانەوە بۆ گوێتەپە.

دكتۆر كۆسار محمد عەلی پسپۆرە لە نەخۆشیەكانی هەناودڵ وشەكرە. پسپۆری تایبەتی نەخۆشیەكانی سنگ و بۆری هەوا، نازوری سیەكان، ئەندامی كۆلیژی شاهانەی بەریتانیایە. كاتژمیر 9:45 دەقیقە دەستی بە پشكنینی مستەفا كردو كاتژمێر 12ی شەو كۆتایی بەكارەكەی هێناو، دەرمان و چارەسەری بۆ نوسی و ئاگاداری كردەوە كەاوا دوای ٢٠ رۆژ تر پێویستە سەردانی دووەمە بكاتەوە، بۆئەوەی ئەنجامی دەرمانەكان دەربكەون، هەروەها تیشكی ( M.R.I) بۆنوسی لەرێگەی بەشی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانەوە نوسراوی بۆكراو بۆخۆشم چووم دۆسیێكەیم بۆ بەرێوەبەری بەشی تیشک وسۆنار رونكردەوە، ئەوانیش كەمێک هاوكارییانكردو ئەو تیشكەشی لە نەخۆشخانەی شۆرش بۆكرا.

مستەفا بەم بەهاناوە چونە زۆر دڵخۆش بوو، هەستی دەكرد كەسانێک هەن گرنگی پێدەدەن بۆیە لەماوەی ئەو ٢٠ رۆژەودواتریشدا تەلەفۆنی بۆ دەكردم یان بۆخۆم بەتەلەفۆنم بۆ دەكردو هەواڵێم دەپرسی. زۆر دڵخۆش بوو بە دەرمان و چارەسەرەكانی . دكتۆر كۆسار هەر ئەوە نەبوو دەرمان بنوسێ بەڵكو توێژینەوەیەكی زانستیشی دەربارەی چەكی كیمیاوی و نەخۆشیەكانی هەیەو زانیاری زۆریشی هەیە دەربارەی ئەو مامەڵەیەی كە حكومەت دەرهەق بریندارەكان دەیكات و پێیوایە بازرگانیان پێوەدەكرێت .

2012/12/24 سەردانی دكتۆر كۆسار.

| ز | نرخ – دینار | بابەت | تێبینی |
|---|---|---|---|
| 1 | 15000 | نرخی دكتۆر ) عیادە( | هێشتا ئشیعەی ئێم ئای رای ماوە |
| 2 | 25000 | هێلكاری سیەكان + هێلكاری دل | |
| 3 | 15000 | ئەشیعە | |
| 4 | 35000 | كرێی سەیارە | |
| 5 | 37000 | دەرمان | |
| 6 | 15000 | پەمبی بەخاخ | |
| | 127000 | سەدوبیست و حەوت هەزار دینار كۆی تیچوون | |

2012/12/24 ریكخراوی سپی یاوەری مستەفا قادر ئیسماعیلی كرد بۆ سەردانی عیادەی پزیشكی دكتۆر كۆسار محمد عەلی پسپۆرە لە نەخۆشیەكانی هەناودڵ وشەكرە. پسپۆری تایبەتی نەخۆشیەكانی سنگ و بۆری هەوا، نازوری سیەكان، ئەندامی كۆلیژی شاهانەی بەریتانیا.

کاتژمیر 9:45 دەقیقە دەست بە پشکنینی کراو، کاتژمێر 12ی شەو کۆتایی بەکارەکەمان هات، دەرمان و چارەسەری بۆ نوسیوە دوای 20 رۆژی تر پێویستە سەردانی دووەهەم بکاتەوە، بۆئەوەی ئەنجامی دەرمانەکان دەربکەون، هەروەها ئەشیعەی سیتسکانی بۆنوسیوە لە نەخۆشخانە .

تێبینی :

١ دکتۆر کۆسار سەرۆکی ئەو لیژنە پزیشکی یە، کە بریندارانی چەکی کیمیاوی دەبینن، هەرلەوێ داوای کرد کە سێ شەممەی داهاتوو دەتوانێ بێت لیژنەی پزیشکیەکەی بۆ تەواو بکەین . شایانی باسە دکتۆر کۆسار باسی زانستی هەیە دەربارەی چەکی کیمیاوی و نەخۆشیەکانی و زانیاری زۆریشی هەبوو دەربارەی ئەو مامەلەیەی کە حکومەت دەرهەق بریندارەکان دەیکات و پییوایە بازرگانیان پێوەدەکرێت .

٢داوای هاوکاری کردنیم کرد بۆ کات و سەرەی نەخۆشەکان بەتایبەتی ئێمە  رێکخراوێکین و لەدورەوە نەخۆشەکان دەهێنین، ریزی لەکارەکەمان گرت و ووتی: بانوسراوێکی خۆتانی پێ بێت من نوسینگەکەم ئاگادار دەکەمەوە کە بەزوترین کات بهێنرێنە لام و دوایان نەخەین .

٣ئەگەر بەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان وئەنفالکراوان پەمپی بەخاخەکەی پێنەدەن، ئەوا ناچارین لە بازار بۆی بکرین، بەبڕی ١٥٠٠٠پانزە هەزاردینار، بەلأم ئەوەی لەشەهیدان دەیبەخشنە بریندارانی چەکی کیمیایی جۆرێکی زۆرباشەو لەدەرمانخانەکانی سلێمانی دەستناکەوێت ئەگەر هەشبێت گرانەو نرخی هەردانەیەکی بە ١٥٠$ .

**مستەفا مالْئاوایی یەکجاری کرد**

بەداخەوە لەرۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠١٦ کاتژمێر ١ی پاش نیوەرۆ گیانی لەدەستداو کۆچی دوایی کرد، ئەویش بریندارێکی سەختی گازباران بوو. هەرئەو رۆژە لەگەڵ کاک هاشم محەمەد رەشید لەسلێمانییەوە بەرێکەوتین بۆ گۆپتەپە مەبەستی بەشداریکردنی پرسەی مستەفا بەهەورازی کلکەسماقدا هەلگەڕاین و لەودیو شۆربووینەوە بۆسەر زێی بچوک و دوای کاتژمێرێک لە مزگەوتەکەی گوندی گۆپتەپە ئامادەبووین، کاتێک بەتەنیشت ریزێک پیاوەوە دانیشتبوم و ریزێکیش بەرانبەرمان وەستابوون رێک ئەو وێنەیەی ئەنفالکراوەکانم بیرکەوتەوە کە پیاوەکانیان بەریز لەسەر زەوی دانیشاندبوو ریزێک سەربازیش بەرانبەریان وەستاون، هاوکات پرسیارێکی جدی و هەستێکی سەیرم لەلا دروست بوو، لەوگوندە کە ٤٥٠ کەسی ئەنفالکراون و مزگەوتێکی زۆر گەورەی لەدامێنی ئەوگەردە تێدا دروستکراوە کە بووەتە مەزاری شەهیدانی کیمیابارانی گۆپتەپە، بەلای کەمەوە مزگەوتەکە ملیونێک دۆلاری تێچووە، کەچی پرسەی بریندارێکی چەکی کیمیایی تێدا بەرێوەدەچێت هەتا ساڵێک پێش مردنی تاکە جارێک نەبرابوو بۆخەستەخانە! ئەوچەند جارەش کە بردبویان بەپوڵی دکتۆرکۆساربەپارەی ئەو بیانیانە بوو کە ئەم خەڵکە موسڵمانە پێیان دەڵێن کافر !

**هەڵوەستە لەماتەمیدا**

لەناو پرسەکەیدا کەلەریزی کۆمەڵێک پیاو بەماتەمینی دانیشتبووم بیرم لە دوو رووی مرۆڤ دەکردەوە ! خۆ وەنەبێت ئەمە هەرلەگۆپتەپە وابێت نەخێر هەر گوندێک ئاوەدان کرابێتەوە ، هەرچەندە گوندەکە بچوکیش بێت مزگەوتێکی گەورەی تێدا دروستکراوە، بەڵام هیچیان تاقە هۆدەیەکیان نیە وێنەی شەهیدوئەنفالکراوەکانیانی تێدا کۆبکەنەوە، زۆر بەدەگمەن ئەوەی من دیبووم تەنها (گوندی کلێسەو شیخ وەسانان ) بوو کە شوێنێکیان بۆ یادەوەری شەهیدو ئەنفالکراوەکانیان دروستکردووە، لەگۆپتەپەش هەمان ئەو رێکخراوەی هاوکاری مستەفایان کردبوو، ماوەی ساڵێک هاوکاری مامۆستا هێمن عەبدولاشیان کردو خانوویەکی بەکرێگرتبوو بۆ ئەرشیف ودۆکۆمێنتکردنی مێژووی گوندەکەیان،



دوای نەمانی هاوکاری رێکخراوەکە، مامۆستا هێمن لە ژورێکی ماڵی خۆیان درێژەی بەم ژوری دۆکۆمێنتارییەدا بەڵام خەڵکی گوند هاوکارییان نەکردو بوونی ئەو ژورەیان بەپێویست نەزانی و سەرئەنجام ئەویش نەما.

وەنەبێ تراژیدیای ماڵی مستەفا تەنها چیرۆکی برینداربوون وشەهیدبوونیان بێ، نەخێر ئەو خانەوادەیەک کوریکیان بەزیندوویی مردووە، کورەکەیان کە(ناوی پارێزراوە) دوای شەهیدبوونی دایکی وخوشکەکانی، نەیتوانیوە بەرگەی ئەوە بگریت کە باوکی خزمەتیان بکات و خواردنیان بۆئامادە بکات، بۆیە سەری خۆی هەڵگرت وماوەیەک ونبوو، لە دواییدا سۆراخی هەبوو کە رۆیشتووەو بووەتە شوانی ماڵێکی عەرەب لە گوندی تەللوەردی نزیک حەویجە، هەرلەوێ هاوسەرگیری کردووەو ئێستا باوکی چەند منداڵێکە وا ئێستاش لە پرسەی مستەفادا دەرکەوتووەو لەریزی پیاواندا وەستاوە. بەڵام چیدی کوردەکەی پێش کیمیابارانی گۆپتەپە نیە، چیدی نەخۆی و نە منداڵەکانی ژمارەیەک نین لەسەر کورد، ئەوەش نازانم داخۆ منداڵەکانی کوردی دەزانن یان نا؟ بەداخەوە ئەو کورە کە لەپرسەکەی مستەفای برایدا وەستابوو، من نەمدەناسی، کاتێک پرسە تەواو بوو ئینجا پیانگوتم یەکێک لەوگەنجانەی لەریزی پێشەوەی پرسەکەدا بەپێوە وەستابوو ئەوە براعەرەبەکەیان بووە !

**ئەو پۆلە منداڵەی لەم وێنەیەدا دیارن تەنها دووکەسیان لەژیاندا ماون لەو دووکەسەش یەکێکیان براکەی مستەفایە**

## جەلیل خەلیل

## لەم گوندەدا لەکۆی ٥٠٠ کەس تەنها ٢٥ کەس دەربازبووە

رۆژی ٤ی ئایاری ٢٠١٩ یادی ئەنفالکراوانی گۆپتەپە بوو، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی بۆیادەکەیان ئامادەبم بەڵام رۆژی دواتر لەژێرلێزمەی بارانێکی بەتیندا رۆیشتین هەتا گەیشتینە گوندی جەلەمۆرد، بەمەبەستی بەشداری کردنی یادی ئەنفالکراوەکانیان، ئەورۆژە کەشوهەوا بەشێوەیەک بوو بروامان نەدەکرد یادەکە بەڕێوەبچێت هەر لەسلێمانییەوە کە بەرێکەوتین باران دەباری حەزم دەکرد بەرێگای دوکاندا بڕۆین و بەچیای



کەڵکەسماقدا هەڵزنێن، بۆئەوەی کاتێک سەرکەوتینە سەرچیاو شۆڕبوینەوە ئەگەر ناوچەی قەڵاسێوکەو شێخ بزێنێ هەتاو بێت، ئەو بڕۆین ئەگەرنا ئەوا بگەڕێینەوە زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە باشترە، بەڵام هاوسەفەرەکانم بەتایبەتی کاک مستەفا کە شوفێریش بوو بەقسەی نەکردم و رێگای کەرکوکی گرتەبەر، کە لە هەورازی تاسڵوجە شۆڕبوینەوە ئەو دیویش تاریک و بەری ئاسمان بەهەوری رەش گیرابوو، بەژێر لێزمەی باراندا بەناو جادەی پێچاوپێچ و سروشتێکی دڵرفێندا رۆیشتین، کانی شەیتان و ئاغجەلەرو گۆپتەمان تێپەڕاند، بەڵام نە باران وەستاو نە ئێمەش راوەستاین، کەگەیشتینە بابەرۆشە خەڵک لەبەرلێزمەی باران وەستابوون، هەر لەژێر لێزمەی بارانێکی بەتینیشدا یادەکەکرایەوە، کەچی هەرئەوەندەی مەراسیمەکە کۆتایی هات ئیدی تیشکی خۆریش پەیدابوو هەتاو باڵی بەسەر گوندی جەلەمۆرددا کێشاو تیشکی خۆر بەسەر خانووە بێنازەکانیدا پەخش بوو، بەڵام هیچ ڕوناکییەکی نەدەخستەوە ناو دڵی ئەو خەڵکەی چارەکەسەدەیەک زیاترە ئەنفال روناکی لێ زەوت کردووە.

ئێمەش لەبن باڵی خۆردا بە پیادە چوینەناو ماڵان، سەرەتا چوم بۆماڵی جەلیل. کوڕێکی گەنج بەروویەکی خۆشەوە بەرەو پیرمان هات و خولقی کردین، وتم واز لە خولق و میوانداری بێنە دەزانم هەمووتان میواندۆستن. وەرە باسی چیرۆکی خۆتانم بۆ بکە باشترە. کەچی بەشەرمەوە وتی من قسە ناکەم با کاکم قسە بکات باشترە، لەسەر داوای ئەو کورە

داوام لە جەلیل کرد گفتوگۆیەک بکەین دەربارەی ئەنفالی گوندەکەیان بەڵام هەرئەوەندەی کامیرام بۆجەلیل دانا ئەویش رەتی کردەوەو ئامادەنەبوو قسەبکات بە پاساوی ئەوەی خوێندەواری نیە، لەسەرەتاوە ئەو بڕوای وابوو ئەوەی خوێندەواری نەبێت ناتوانێت بۆکامێرا قسەبکات، بەڵام کە گفتوگۆمان کردو چەند نمونەیەکم بۆهێنایەوە هاتە سەر ئەو بڕوایەی قسەم بۆبکات .

**ناوی سیانیت چییە ؟**

ناوم جەلیل خەلیل رەشید

ئەم گوندەی ئێمە پێش ئەنفال نزیکەی ٥٠٠ نەفەری تێدا دەژیا، لەو ژمارەیە تەنها ٢٥ نەفەری دەربازبووە ئەوەی تری هەمووی ئەنفالکراوە واتا ئەم گوندە زیاتر لە ٧٠% ی ئەنفالکراوە، بنەماڵە هەیە یەک تاقە کەسی دەرباز نەبووە هەشمانە تەنها تاقە کەسێکی دەربازبووە ئەوانەشی دەربازبوون هەر بەسەر سەلامەت بوون دەنا هەزارو یەک کێشەیان هەبووە، بۆنمونە من نەمتوانیوە بخوێنم

**ماڵی خۆتان چەندکەس ئەنفالکراون ؟**

ماڵی خۆمان بەتەنها باوکم ئەنفالکراوە، بەڵام لەبنەماڵەکەمان زیاتر لە ٣٠ کەسمان ئەنفالکراون. ئیتر لەمام ولەخاڵ ئەوەی پێی بڵێی کەس نەماوە هەمووی ئەنفالکراون .

**باوکت تەمەنی چەند بوو ؟**

باوکم لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٢ بوو، کورە گەورەکەی من بووم، ئیتر دوای باوکم ئەرکی خێزانەکەمان و بەخێوکردنمان کەوتووەتە ئەستۆی دایکم و سەربەرزانە بەخێوی کردووین

**چەند سەرخێزان بوون ؟**

هەشت سەرخێزان بووین خۆم و خوشک وبراکانم هەموو ئەرکمان لەسەر دایکمان بووە

**دەکرێت ناوەکانم پێبڵێیت ؟**

بەڵێ خۆم جەلیل، ریبوار وسەربازو عەلی و سلێمان و خەجی وحەسیبە.

**من سەرەتا کەهاتمە ئەم گوندە گەنجم نەدەبینی دوایی بۆم بوو بەپرسیار مام مەحمود گوتی کاکە گەنجمان نیە هەمووی ئەنفالکران تۆ گەنجی وئەمە یەکەمجارە چاوم پێت دەکەوێ ؟**

مام مەحمودیش راست دەکاو تۆش راست دەکەی چونکە بەنیسبەت ئەوکاتەوە گەنج نەمان و ئەوانەش کەبەربوون کۆمەڵێک پیرو بەتەمەن بوون، ئێمەش کە دەربازبووین ئەوسا منداڵ بووین وئەوانەش کەئەوسا منداڵ بوون نایەنەوە بۆجەلەمۆرد بۆیە گەنجی تێدا نیە ئەوە راستە. ئەوکاتە وەک باس دەکەن لەم گوندە لەتەمەنی ١٥ هەتا ٢٥ ساڵی سەد دانەگەنج لەم جەلەمۆردە هەبووە

**ئەوە مام ئەفەندیش پێگوتووم راست دەفەرمووی ئەویش دەڵێت ئەوسا ١٠٠ گەنج لەو دێیەی ئێمە هەبوو.**

**ئەوانەی بەپیری لەنوگرەسەلمان هاتوونەوە چەندیان ماون ؟**

ئاخیریان کەماوەتەوە کەریم عەلییە لەگەڵ مام مەحمودو مام رەزا ئەوسێ کەسە ماون. ئەوانی ترهەموویان مردوون. کاک موتەلیبیش ماوە والەتەکیە ئەو لێرەنیە.

وتت نەچومە بەرخوێندن ؟

بەڵێ مامۆستا من سەر رەحلەی مەکتەبم نەدیوەودەرگای مەکتەبم نەکردووەتەوە، ئەوەش بەهۆی ئەنفالەوە چونکە تەسکەرەم نەبوو لەبەرئەوەی باوکیشم ئەنفال بوو نەماندەوێرا بچین تەسکەرە دەربهێنین.

بۆچی رات وایە ئەوەی خوێندەواری نەبێت نازانێت قسەبکات ؟ خۆتۆ لەخوێندەوارەکان باشتر قسەم بۆدەکەی ؟

والله ئەوەم پێخۆشە خۆهەموشیم لەبیردێ ئینجا بارودۆخەکەمان زۆر سەخت بوو من تەمەنم ١٢ سال بوو چوومە ژێرباری کارکردنەوە بۆبژێوی خۆمــان و یارمەتیــدانی دایکــم. بــۆیە لەدوای راپەرینیش نەمتوانی چۆن بخوێنم؟

باشــترە ئەو بیــرە لەمێشــکی خــۆت دەربــکەی چونکە ئێمە شاعیری گەورەمان هەیە یەک رۆژ نەچووەتە بەرخوێندن ؟ بۆنمونە سالح بێچاری شاعیر. تۆش دەتوانی هەولبدەی

وەلاهــی بۆئەوەیــان لەگەڵتــدام ئەوەش راســتە، بەلام مامۆســتا زۆرم حەزدەکــرد بخــوێنم، ئــێمە لەلادێوە هەلکەندراین وچوینە شارێکەوە پارەت پێ نەبێ هویەت پێ نەبێت، خانوت نەبێ مالت نەبێ کەسێک نەبێت پشتیوانت بێت. جلوبەرگمان بایی چواردینار نەبوو ئیتر چۆن بمخوێندایە؟

بەلام مـــن نـــاڵێم بۆنەتخوێنـــدووە دەڵـــێم نەشـــتخوێندووەو زۆر زیـــرەک وچـــالاک و بەئیرادەیت هەزاران خوێندەوارو بروانامەدارمان هەیە، نەدەتـوانێ وەک توقســـە بکـــات ونەوەک تۆش خاوەن ئیرادەیە.

زۆر سوپاست دەکەم بەلام بروا بکە حالەکەمان وانەبوایە دەمخوێند.

**ئێستا ناتەوێ بخوێنێ ئارەزوی خوێندنت نییە ؟**

حەزیش بکەم چونکە بەمندالی نەچووم ئێستا رەنگە نەتوانم . بەلام جاری وایە دەڵێم ئەوەی نەخوێـدەواربێت وەک کــوێروایە بەلام جــاری واشـە دەڵێم بەخوێندەواری نیە کەسـەکە خۆی کەوتووە

ئەمرۆ لەیـادەکە گـوێم لەقسـەیەک بـوو لەسـەر مینـــــبەرەکە کە ١٦٠٠ کەســـی ئەم ســــنورە ئەنفالکراوە ئایا ئەوە هەر قسەیە یان ئامارە ؟

تەنها ئەم گوندەی ئێمە ٤٠٠ کەسی ئەنفالکراوە بەلام ئەم بناری خالخالانە کە نزیکەی ٨ گوندن ١٧٠٠ کەسی ئەنفالکراون. کاکە ئێستا ئەم گوندە دەڵێـین ٤٨٠ بەلام هەنـدێک بنەمـاڵە هەیە هــیچ کەسێکی نەماوە هەیە لەرێگا مندالی بووەو کەس باسیان ناکات.

قسـەیەکت هەیەلە دڵتدا حەزبکەی بیکەیت و من لێم نەپرسی بیت یان بەبیرمدا نەهاتبێت ؟

بەخوا قسە زۆرە بەلام حکومەتی هەرێم ! نازانم ناوی چی لێبنێم نەیویستووە ئەم دۆسیێە بەرێتە پێشـەوە، دادگایەکی دابنایە ئەوانەی دەستیان لە تـاوانی ئەنفالـدا هەیە بیـدانایە بەدادگـاو سـزای خۆیان وەربگرتایە. دادگاکە داوای لەکەسوکاری ئەنفال بکردایە بچن سکالا تۆماربکەن لە دژیان. مـن ئەگەر سـکالام نەبێت پـۆلیس چـۆن بچێت لەخۆیەوە خەلک بگرێت ؟ ئەگەر ئەوە بکرایە بۆ ئاسـتی نیـودەوڵەتیش گرنـگ بـوو. کـاکە گیـان ئەوەتـا لە سـەماوە گۆرێـک دوزراوەتەوە بەلام نـازانین ئەوانە کێـین چـی کەسـوکارەکانمانن دایکیـانن باوکیـانن خەلکـی گونـدەکانیان نابێـت حکـومەت هەسـتێت ئەمـانە سـاغ بکـاتەوە ؟[101] میللەتانی دونیا جارەکێکی ئێمە قوربانیان نەداوە شـانازییان پێـوە دەکەن. بەلام ئـێمە واخەریـکە یادەکـانیش نـاکەینەوە حکومەت خەریکە لەوەش ساردمان دەکاتەوە.

**کاک جەلیل زۆر سوپاست دەکەم ماندوم کردی؟**

ســـوپاس بـــۆبەرێزت یـــاخوا بەخێربێـــت زۆر خۆشحالت کردم

**قالیلت ئەم دیدارەمان بلاوبێتەوە ؟**

---

[101] رۆژی ٢٥/٥/ لە شــاری جەلـیلم بینـیەوە کە گفتوگۆمـان کرد، هەندێک زانیاری گرنگی پێدام دەربــارەی چارەنوســی ئەنفالکراوەکانیــان، کە لەدیدارەکەمانــدا باســی نەکردبــوون، گــوتی لەو روفاتانەی کە لەموسڵ دۆزرانەوەو هێنرانەوە لە دوکان نێژران ەکەسیان خەلکی گوندەکەی ئێمە بــــوون، بەناســــــنامەکانیاندا ناســـــرانەوە کە لەگیرفانیانــدا بــوون. ویســتمان بیــانبەینەوە بۆجەلەمۆرد بەلام وەزیری شەهیدان نەیهێشت.

بەلێ قایلم بەسوپاسەوە

عەبدوڵرەحمان رەئوف

## مام لەنوگرەسەلمان گەڕایەوەو لەئاوارەییدا مرد

خەڵکی خەلەمۆرد

رۆژی ٤ی ئایاری ٢٠١٩

شوێن : جەلەمۆرد



رۆژی ٤ی ئایاری ٢٠١٩ چومە ناو گوندی جەلەمۆردەوە، پاش ئەوەی دیدارێکی رۆژنامەوانیمان لەگەڵ مامۆستا عەبدولرەحمان رەوف ئەنجامدا چوینە شوێن خانووە روخاوەکانی هەردوک مامەکەی کە خێزان ومنداڵەکانیانەوە ئەنفالکراون و ئێستا لەژیاندا نەماون لەوێ مامۆستا عەبدولرەحمان بەدڵتەنگییەوە دوا وتەی دیدارەکەی رێکۆردکرا.

فەرموون لەگەڵ دەقی دیدارەکە

**مامۆستا خۆت بناسێنە**

عەبدولرەحمان رەوف محەمەد

**چەند کەست ئەنفالکراون ؟**

وەکو کەس ، جابۆ من کەسم ماوە ؟ کاک عومەر ؟ لەخانەوادەی خۆمان خوشکم ئەنفالە دوو مامم ئەنفال بوون بەعائیلەوە و سێ خاڵم ئەنفالبوون بەعائیلەوە ئەوە ئامۆزاو پورزا هەرباس مەکە، لەبنەماڵەکەمان ئەوەی بەپشت دەگاتەوە سەرمان بەنفوسی ئاغجەلەر ٢٧١ کەسم ئەنفالکراون . ئەوەشی کەماوەتەوە لەسەر کۆتەرەوە شین بووەتەوە تاک وتەرا کەخەڵک رزگاریان بووەو هاوسەرگیریان کردووەو نەوەیان خستووەتەوە دەنا کەسمان نەمابوو.

**یەکەم جار کەهاتمە ئەم گوندە گەنجم نەدیت بەڵام کەدواتر دەهاتم و ورد دەبوومەوە سەیرم کرد ئەم گوندە بەهۆی ئەنفال وکوژرانی پیاوەکانەوە زاوزێی تێدا نەماوە بۆیە گەنجیشی تیدانیە .**

وەک پێمگوتی تاک و تەرا مابووینەوە کاکە ئەم گوندە ٤٨١ کەسی ئەنفالکراوە.

**ئەوە پاکتاوی یەکجارییە ! کاک عەبدولرەحمان خوشکەکەت ناوی چییە ئەوەی ئەنفالکراوە ؟**

ناوی فاتمە رەوف بوو. ئەوانیش هەر بەخێزانی تیداچوون

**جەند منداڵیان هەبوو؟**

پێنج منداڵ وپیاوەکەشی هەموویان ئەنفالکراون

**چەندیان کچ بوون و چەندیان کوڕ بوون ؟**

سێ کوڕو دوو کچ بوون

**ناوەکانیان نازانی ؟**

ئاراس وئاریان و ئاکامم لەیادە ئەوانە چونکە هاوتەمەنی خۆم بوون . بەڵام کچەکەیان هەر لەرێگا لەدایک ببوو کچ بوو.

**ناوی لێنرا ؟**

عەبدوڵرەحمان دڵی پڕبوو(بێدەنگی نەخێر) بێگومان ئەوە یەکێکە لەحاڵەتە

زۆرمەترسیدارەکان بۆسەر ژمێری ئەگەر تۆ نەتگوتایە ئەو ئینسانە وەک نەبوویێت وایە !

**تۆ چۆن ئەوەت زانی کە لەرێگا لەدایک بووە ؟**

مامێکم لەنوگرەسەلمان هاتەوە عەزیز محەمەد مستەفا ئەوباسی زۆرشتی بۆکردین، هەلبەت ئەوکاتە وەک ئیستا نەبوو ئەوەی ئەو دەیگێڕایەوە زۆر ترسناک بوو بەعس مابوو نەیدەتوانی ئەوەی دەیزانێت بۆهەموو کەسێکیشی بگێڕیتەوە.

**مامت چی گێرایەوەو تۆ لەبیرت مابێت ؟**

گوتی کەجیایان کردینەوە لەتۆپزاوا ژن بەجیاو پیاو بەجیا لە دووقاعەی جیاوازدابووین، بەرانبەری یەکتیریش بووین بەلام بەیانیەکیان تەماشامان کرد ژن ومندالەکان نەمابوون دەنگ ورەنگیان نەمابوو، کەبردمانیان بۆنوگرەسەلمان گوتیان ئەوان بەربوون، بەلام دوایی کەلەنوگرەسەلمان مامم ئامۆژنم هاتنەوە ئینجا زانییان ئەوان بەرنەبوون ئیتر هەر ئەولێکجیابوونەوەیەو نەیانزانی بوو ئەوانیان بۆکوێ بردووە. کەهاتنەوە لیرە هەردوکیان وەفاتیان کردو ئیستا ئەوانیش لەژیاندا نەماون.

**ببورە ئامۆژنت ناوی چییە ؟**

حەنیفە عەبدولا مستەفا هاوژینی مامم بوو هەم ئامۆزای خۆشی بوو.

**کەهاتنەوە لەکوێ نیشتەجێ بوون ئەوان بەوهەموو کۆستەوەو هیچیان نەمابوو چۆن ژیان ؟**

ماوەی سێ چوارمانگێک لەمالێ ئێمەبوون باوکم خانوویەکی بۆکرین تیایدابوون، دوایی هاتنەوە بۆجەلەمۆرد ئەم خانووەیان دروستکردەوە دوای چوارسال مامم مردو دوای ئەویش ئامۆژنم مرد بەلام راستی لەخەفەتی مندالەکانیان مردن.

**ئەی مامەکەی ترت ناوی چی بوو ؟**

ناوی رەزا محەمەد مستەفا بوو، ئەویش ئەنفالکرا بەخۆی مندالەکانیەوە

**ئەی خێزانەکەی ناوی چی بوو ؟**

ئەو دوو خێزانی هەبو یەکێکیان ناوی رەوشەن حمەئەمین بوو ئەویان گۆپتەپەیی بوو، خیزانەکەی تریشی ناوی عائیشە عەبدولایە ئەویان ئیستاش لەژیاندا ماوە، کەلەنوگرەسەلمان خۆی ومام وکچێکی هاتنەوە باوکم لەچەمچەمال خانوویەکی پێدان، هەتا ئاوارەییەکە لەئەنفال رزگاری بوو لەئاوارەییەکەدا کۆچی دوایی کرد، بەلام ئامۆژنم هەرلەچەمچەمال لەگەل خەدیجەو زاواکەیدا دەژی.

**ئەی رەوشەن ئەنفالکرا ؟**

بەلێ رەوشەن و ٦ مندالی ئەنفالکران.

**دەربارەی موچەو دادپەروەری لەنێوان حکومەت وکەسوکاری ئەنفال چ قسەیەکت هەیە؟**

ئەگەر دادپەروەری هەبێت کەس بەخۆرایی موچەش وەرناگرێ دادپەروەری هەبێت مرۆڤیش باش دەبێت. کەسوکاری راستەقینەی ئەنفال هیچ کاتێک بەدوای موچەوئیتیازاتەوە نین و نەبوون کورە ئەوان خوێنیان داوە بەکۆمەل خوێنیانداوە موچە چییە باس بکرێت لەئاستی گەورەییاندا ؟ بەشبەحالی خۆم پێمخۆش بوو موچە لەسەر ئەرزی خوانەبێت و سۆراخێکی خۆشەکەم وئەنفالکراوەکان هەبێت . بروابفەرموو ئەوانەی زۆر جەخت لەسەر ئیمتیازات وپارە دەکەنەوە کەسانێکی زۆر دوری کەسوکاری ئەنفالن، مرۆڤ پارە دروست دەکات هەرگیز پارە مرۆڤدروست ناکات. داواو هاواری من بۆ پارە نیە بۆدادپەروەرییە، خۆزگە کوردستان دەولەتێکی سیستماتیک بوایەویاسا تیایدا سەروەربوایە نەک پۆست وپارە ببێتە هەمووشتێک. چۆن دەبێت هاوارونالەی کەسوکاری ئەنفال بەموچەوپارە لێکبدرێتەوە، ئەوەی هەتا بۆکەسوکاری ئەنفالکراوە بەبێ هۆکارو بێ مەبەست نەبووە یان بۆ دەنگ بووە یان بۆململانێی حزبی بووە.

**وەک هاوڵاتیەک بەدەر لەوەی کەسوکاری ئەنفال بیت هیوایەت وخواستت چییە ؟**

ئەم وڵاتەی ئیمە هەموو شتێکی لێ جوانە دەوڵەتداری نەبێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر سیستمی دادپەروەری هەتاکو یاسا لەدەست خێل وعەشیرەت وبنەماڵەدا بێت دۆخەکە لەمە باشتر نابێت.

**رات بەرانبەر بەرێکخراوەکان چییە ؟**

ئەوانیش هەموو وەک یەک نین بەڵام بەگشتی ئەگەر ئەوان نەبونایە رەنگە هەریادی ئەنفالیش نەکرابایەوە. لەم رۆژانەدا بابەتێکم دەربارەی هۆلۆکۆستی جووەکان خوێندەوە ئەوان بەدوای پلەوپۆستداو ئیمتیازاتدا نەگەران عەشیرەو بنەماڵەوە نەبوون، کورد نەبێت کەس ئەنفال ناناسێت ریکخراوەکان نەبوونایە حکومەت چی کردووە بۆناساندنی ئەنفال ئەوانیش حکومەت وحزب لێیان ناگەرێت. من گۆڤاری ئەنفالستان دەخوێنمەوەو زۆر سەرسامم بەو هەموو کارە زۆر چێژی لێ دەبینم ئەوە سەروەتێکی نیشتمانییە، ئەو وردەکارییەی لەوێدادەیخوێنمەوە خۆمان وەک کەسوکاری ئەنفال ناتوانین ئاوا هێزوچێژ بدەینە ئەو بەسەرهاتانەی کەبەسەرخۆماندا هاتووە. بۆنمونە ئەو بیرۆکە جوانەی لەم گۆڤارەوە دەرچوو. رۆژێک بۆ سەرنەبڕین بڕوا بکە جوانترین بیرۆکەیە، چەند جوانە ئێمە رۆژێکمان هەبێت بۆ سەرنەبڕین ؟ باشە بۆئێمە دەتوانین ٣٠ رۆژ بەڕۆژووبین نان ناخۆین بەڵام ناتوانین رۆژێک گۆشتخواردن لەخۆمان حەرام بکەین ؟ ئەگەر رۆژێک دابنێین بۆ سەرنەبڕین دەبێتە رۆژێکی نەتەوەیی کەتیایدا یادەوەری نیشان دەدەینەوە، هاوسۆزیش بۆ ئەوکەسانەی لەسجنەکان لەبرسان مردن .

**بۆئەو ئاژەڵ وپەلەوەرانەش کەبەچەکی کیمیایی گیانیان لەدەستدا و ئەوانەش کە بەتاڵانبران لەئەنفالدا**

زۆرجوانە زۆرم پێباشە رابگەیەندرێ و کاری پێبکرێت بۆنمونە کەمن بەرۆژوم شتێکم لەلادروست دەبێت .ئەومنداڵانەمان بیردەکەوێتەوە کە لەتۆپزاواو نوگرەسەلمان لەبرسان ولەتینوان خنکان .

## چیرۆکی رازیەو پلکە عەیش

توانا مصلح

بۆخۆی بریندراى چەکی کیمیایی و دایکی شەهید یوسف کریم توتمەیی، ئەمرۆ 19-1-2019 کۆچی دوایی کرد.



عائیشە حەمەدەمین عەلی، بەرکەوتووی چەکی کیمیاییە لە بۆمبارانی کیمیابارانی گوندی وەریَ ی ناوچەی خۆشناوەتی و شایەدحاڵی دادگایی کردنی تۆمەتبارانی دۆسیێی ئەنفال بوو کە سەدام حوسێن وعەلی حەسەن مەجیدیش وەک تۆمەتبارێک لەقەفەزی دادگاکە دابوون.

ئەم ژنە چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێش و درامیشی لەڕۆژی کیمیابارانی گوندی وەریَ دا هەیە.

ئەو کاتەی کیمیابارانی گوندی وەریَ کرا، کورەکەی پور عەیش کەلەمێژنەبوو هاوسەرگیری کردبوو بەناوی یوسف کریم حسێن دەکەوێتە بەر کاریگەری کیمیاباران و شەهید دەبیَ، لەزاری شایەدحاڵەکانەوە بیستمان کە پلکە عەیش باوەشی لە کورە جوانەمەرگەکەی دابوو و گیانی تێدا نەمابوو، ئیتر ئەوانیش تەرمەکان کۆدەکەنەوەو دەیانخەنە لایەکەوە بۆ ئەوەی بەیانی بێنەوەو بەخاکیان بسپێرن، بەیانی کەدەگەڕێنەوە دەبینن پلکە عەیش کەبەمردوویی بەجێیان هێشتبوو هێشتا زیندووەو شەهید نەبووە، ئەو شەوە تابەیانی لەگەڵ لاشەی کورەکەیی و شەهیدانی تر لە گوندەکە تەنیا ماوەتەوە. ئەو ژنە بەدەردەسەری و ناسۆریەکی زۆر تەریب لەگەڵ ئازارەکانی جەستەی ئەرکی بەخێوکردنی کچە تاقانەکەی کوڕی شەهیدی کەدوای شەهیدبوونی کوڕەکەی لەدایک دەبیَ لە ئەستۆدەگریَ

گوندی وەریَ لە١٧ی ئایاری ١٩٨٨ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کیمیاباران کرا؛ کەتیایدا 37 کەس شەهید و دەیانی تریش بریندار بوون.

**تێبینی** : ئەوکچەی مامۆستا توانا مصلح باسی دەکات ناوی رازییەو ئێستا هاوسەرگیری کردووەو هەر لەگوندی توتمە دەژی، جێگەی ئاماژەیە ئەوسا ماڵی یوسف بۆسەلامەتی خۆیان چووبوونە گوندی توتمە بەنیازی ئەوەی درێژە بەژیان بدەن چونکە توتمە سەربەناحیێی بێتواتە بوو کەئەوسا ئەنوەربەگی سەرۆک جاش کە خەڵک بەمیر بانگیان دەکرد گوندی وەریشی لەسنوری قەڵەم ڕەوی خۆی دانابوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە گوندی وەریَ لەگوورزی بەعس و چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی قوتار نەبوو، لە ئێوارەی عارەفەدا کەبۆسبەی چەژنی قوربان بوو، کەوتنە بەرهێرشی کیمیایی و ٣٦ کەس گیانیان لەدەستدا . –ئەنفالستان

**ناوی ژمارەیەکی زۆری ئەنفالکراوانی ناوچەی جەباری**

**ئەم ئامارە لەلایەن ڕۆژنامەنوس ئەسعەد جەبارییەوە ئەنجامدراوە، بەڵام بەداخەوە بەپێی بەدواداچون وشارەزاییم هەرزوو تێبینی ئەوەم کرد کە ناوی هەندێک لەو ئەنفالکراوانەی تێدانیە کە من دەیانناسم و دیدارم لەگەڵ کەسوکاریاندا ئەنجامداوە، یەکێک لەوبەرێزانەی هەستم پێکرد هەژار نەجمەدین بووم دواتر پەیوەندیم بە خاتوو گوڵەباخ کردو ئەویش هەندێک لەوناوانەی بۆ ڕەوانەکردم کەلەم ئامارەی کاک ئەسعەددانەبوون، بەڵام ئامارەکەی کاک ئەسعەد جێگەی ڕێزەو دەشێت پشتی پێ ببەسترێت .**

**من لەخوارەوە ناوی ئەو کەسانە دەنوسم کە کاک ئەسعەد نەینوسیون ریزبەندەکەی ئەو لە ٢٧٣ کۆتایی دێت ئەوەی من لەدوای ئەوەوە دەستپێدەکات.**

1. صالح حەسەن محەمەد
2. ڕەزا عیزەدین محەمەد
3. موعتەسەم جەعفەرجەبار
4. بێباک جەبار محەمەد
5. عەبدی عەزیز
6. خەرمان جەبار عەزیز
7. جەبار عەزیز سەید
8. قارەمان عەزیز سەید
9. عەلی عەبدولعەزیز
10. کوێستان عەلی عەبدولعەزیز

11. نیشتمان عەلی
عەبدولعەزیز
12. زەکیە عەلی عەبدولعەزیز
13. خالید ئیسماعیل
14چرۆ مەجید محەمەد
15زایدە ئەحمەد ستار
16سەدرەدین ئەحمەد
17دارا سەدرەدین ئەحمەد
18بەکر عەبدولعەزیز
19نوری محەمەد ستار
20خالید محەمەد ستار
21شەهاب ئەحمەد خورشید
22ئەحمەد محەمەد
23عەلی محەمەد
24یاسین محەمەد
25رزگار محەمەد ستار
26فریاد محەمەد ستار
27کەریم خورشید
28صالح خورشید
29جەلال خورشید
30عەلی عوسمان
31سەید گوڵ ئەحمەد
32مەهدی ئەحمەد
33باهیر تاهیر عەبدوڵلا
34ئەحمەد ئەمین عەلی
35محەمەد ئەحمەد محەمەد
36عەلی نوری ئەحمەد
37سەعید ئەحمەد محەمەد
38سەیدە عەزیز ئەحمەد
39خەلیل جەلیل محەمەد
40زاهیر حسین نەجم
41ئەنوەر حسین نەجم
42شکور قادر شەریف
43محەمەد حەسەن محەمەد
44مستەفا لەتیف ئەحمەد
45فەتاح عەزیز ئەحمەد
46ئەحمەد محەمەد
47فەرهاد ئەحمەد
48جیهاد ئەحمەد
49بەهجەت حەسەن
50نوری حەسەن
51عەبدوڵلا محەمەد
52سەروەر محەمەد
53صاح عەزیز بابا
54عەلی عەزیز بابا
55غازی عەزیز بابا
56عەلی حسین
57عومەر حسین
58هیلال محەمەد بابا
59نەجات محەمەد
60کەریم محەمەد تەها
61نەوزاد خدر
62حەویز جەمیل
63کەریم جەمیل
64یەحیا جەمیل
65رزگار نەجمەدین
66ڕێبوار نەجمەدین
67محەمەد نەجمەدین
68شێرزاد نەجمەدین
69محەمەد ئەحمەد حەسەن
70ئەحمەد حەسەن
71بورهان ئەحمەد
72مارف
73مەردان صالح
74فوئاد محەمەد ئەمین
75نەجات محەمەد ئەمین
76جیهاد محەمەد ئەمین
77نەجمەدین عەبدولکەریم
78قادر ئیسماعیل
79عومەر ئیسماعیل
80عەسکەر لەتیف بابا
81ئەسعەد لەتیف بابا
82ئەحمەد ئیسماعیل بابا
83نەسرەدین ئیسماعیل بابا
84مەحموود سابیر صالح
85شەریف صالح شەریف
86صالح رەشید محەمەد
87رزگار رەشید محەمەد
89عارف سەید حەمید
90عەلی محەمەد عەلی
91دیمەن عەلی محەمەد
92سروە عەلی محەمەد
93فاتیح جەبار
94تەها تەیب عەلی
95رەمەزان موراد ئەحمەد
96فەرحان موراد ئەحمەد
97جەلال رەووف ئەحمەد
98جەمال رەووف ئەحمەد
99کەمال رەووف ئەحمەد
100نەوزاد قادر ئینجە
101سەرکەوت محەمەد نامیق
102کەمال عەیز عەبدول
103بێخاڵ کەمال عەزیز
104سەمەر کەمال عەیز
105سەرباخ کەمال عەزیز
106نوری ئینجە محەمەد
107مستەفا نامیق
108حسین مستەفا نامیق
109ئازاد مستەفا ئینجە
110سەید ئەحمەد ئینجە
111سەلاح نەسرەدین
112رزگار رەشید نەجم
113محەمەد رەشید نەجم
114کاکەڕەش نامیق
115عەبدولکەریم عەبدوڵلا
116بابا عەزیز نووری
117وەزیرە عەزیز
118ئاسکە محێدین بابا
119بێخاڵ بابا
120ئەحمەد محەمەد حەمەعەلی
121شکور ئەحمەد محەمەد
122ستار عەبدولرەحمان
123عەبدوڵلا محەمەد
124ئیسماعیل حەسەن محەمەد
125جەلال ئەسعەد محەمەد
126ئەحمەد صالح عەبدوڵلا
127حەسەن مەجید

128حەسەن عەبدوڵڵا عەبدول
129ئەحمەد عەبدوڵڵا عەبدول
130ئیسماعیل حسین محمەد
131عەبدوڵڵا حەسەن
132سابیر کاکە حەمە
133غازی سابیر کاکە حەمە
134ئازاد سابیر کاکە حەمە
135شێرزاد سابیر کاکە حەمە
136لوقمان فازل حەسەن
137حسین حەسەن ئەمین
138عومەر حەسەن ئەمین
139عومەر حەسەن ئەمین
140جەمال جەعفەر جەوهەر
141حەسەن مەجید ئەحمەد
142کەریم جەوهەر ئەحمەد
143مەهدی نامیق محەمەد
144نەوزاد محەمەد صالح
145بەهرۆز حسین عەبدولکەریم
146محەمەد عەلی حەسەن
147مەجید ئەمین خوردشید
148حەسەن والی صالح
149جوامێر محەمەد نەجم
150لوقمان محەمەد عەیز
151جەعفەر عەزیز
152سەردار
153مەحمود کاکلان
154ستار ئەحمەد
155خالید عەزیز
156عەبدوڵڵا عەزیز
157ئەمین ستار
158ستار عەبدولرەحمان
159سەلاح غەریب
160محەمەد غەریب
161عیزەدین ئەمین
162عیزەدین ئەحمەد
163نەجمەدین ئەحمەد
164فەخرەدین ئەحمەد
165جەلال جەبار
167محەمەد ئەحمەد
168خەلیل محەمەد
169ئەکرەم تاهیر عەبدوڵڵا
170سەعید عومەر سەعید
171عاسی عومەر سەعید
172عەلی عومەر سەعید
173سەمەد محەمەد خدر
174جەوهەر سابیر محەمەد
175غالیب نوری
176محەمەد بابا عەلی کەریم
177تەیب بابا عەلی کەریم
178فازڵ ئەحمەد عەزیز
179رەحیم شکوور
180محەمەد شەمسەدین
181کەریم سەدرەدین
182ئەحمەد سەدرەدین
183حەسەن عەبدوڵڵا
184لەتیف حەسەن عەبدوڵڵا
185کەریم محەمەد
186ئەمین محەمەد
187محەمەد عەلی مەجید
188رەحیم عەلی
189سەردار ئەنوەر سەعید
190جەبار ئەنوەر سەعید
191سەروەت ئەنوەر عەزیز
192کەریم محەمەد
193رەحیم عەلی
194محەمەد عومەر ئەحمەد
195محەمەد عومەر ئەحمەد
196حسین عەلی محەمەد
197مستەفا حەسەن محەمەد
198ئیبراهیم ئەحمەد محەمەد
199ئایار عەبدوڵڵا جەلال
200جەمال جەلال مستەفا
201مەدحەت ئەحمەد ئەمین
202فەهمی صالح شەریف
203ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد
204ئیبراهیم ئەحمەد صالح
205عەلی ئەحمەد صالح
206لوقمان مەجید محەمەد
207حەسەن فەتاح
208ئارەزوو رەشید عەبدوڵڵا
209جەمال عەبدولقادر رەشید
210نوری عەبدولقادر رەشید
211نەوزاد محەمەد حەسەن
212رەمەزان محەمەد حەسەن
213فەتحوڵڵا محەمەد حەسەن
214عەبدوڵڵا محەمەد حەسەن
215نوری محەمەد عەلی
216نەجم محەمەد عەلی
217حەبیب محەمەد عەلی
218خورشید محەمەد عەلی
219ئەکەرم ئەحمەد جەبار
220نەجم حەبیب رەشید
221ئەکرەم کامیل تاهیر
222کەریم کامیل تاهیر
223سەعید شکوور عەبدوڵڵا
224حسین شکوور عەبدوڵڵا
225شەریف حەسەن عەبدوڵڵا
226عەبدوڵڵا حەسەن عەبدوڵڵا
227عەلی مەجید ئەحمەد
228عەبدولرەحمان عەلی
عەبدولرەحمان
229حەسەن بەکر
230غەریب ئەمین رەسول
231نوری حسین فەتاح
232ئەحمەد محەمەد ئەحمەد
234عارف فەرەج عەبدولرەحمان
235خورشید مەجید
236محەمەد نوری عەزیز
237سەید جەبار محەمەد
238عەلی عوسمان عەبدوڵڵا
239ئەحمەد محەمەد ئەحمەد
240عەلی مەجید ئەحمەد
241ئەحمەد محەمەد بابا
242حسین محەمەد
243جومعە عەبدوڵڵا
244ئەنوەر عەبدوڵڵا

245عومەر عەبدولرەحمان محەمەد
246عوسمان محەمەد
247جانی باهیر
248ئیسماعیل حسین
249ئەحمەدحەسەن محەمەد
250عەلی حەسەن محەمەد
251محەمەد حەسەن کەریم
252ئەحمەد حەسەن کەریم
253مەعروف حەسەن کەریم
254سابیر جەبار
255قادر ئیسماعیل
256محەمەد ئیسماعیل
257ئەحمەد ئیسماعیل
258فاتیح عەبدوڵلا
259موحسن کاکی
260صالح سەید رەشید
261ستار حاجی رەحمان
262ئیسماعیل شێخ حوسین
263سەلاح حاجی حەسەن
264سەلاح عەزیز
265سەردار تاهیر
266جەبار سەید رەشید
267ئاوات عمر حسین
268سابیر نوری
269فەرهاد محەمەد قادر
270حسین محەمەد قادر
271عەلی ناصر
272لەتیف ئەحمەد مامە
273کەریم ئەحمەد مامە
274نەجمەدین محەمەد
275هەژار نەجمەدین محەمەد
276 حەسەن حوسێن علي
277هەڵكەوت حەبیب نەجم
278 دیار نوری محەمەد
279شارەبان نوری محەمەد

نـــیە،
بەڵكو



هاوار نامەیەک بۆ
**سـەرجەم ریکخراو و کۆمەلە کانی بواری جینۆسـایـد و ئەنفال و لایەنە پەیوەندیدارەکان.**

دوای ئەوەی لە رۆژی ١٤/٤سەرۆک کۆماری عراق و کۆمەلیک کەسوکاری ئەنفال سەردانی پاریز گای سەماوە یان کرد. بۆ هە ڵدانەوەی گۆرە بەکۆمەڵەکان. خەڵکی سەماوە بەکوردەکانیان راگەیاندووە، کەچەندین کوردیان تیدایە لەکاتی شالاوی ئەنفالدا دەربازبوون منداڵی لێرە (سەماوە) خیوکراون. لەناویاندا پیاویکە بەناوی (هیدایت) کەئیستا قازییە لە سەماوە.
تکایە، باهەمووان خەمێکی ئەم دۆسێیەونکراوە بخۆین ولەدوای بچین.

**ئارام مستەفا**

# کوردو ئەنفال سیاسەتی جیهانگیری

عومەر محەمەد
١٨-٤-٢٠١٩ سلێمانی

ئەگەرچی هەرزوو دیموکراسی بازار و بانگەشەی بازاڕی ئازاد تەپڵی نابووتی خۆی لێداو دەمامکەکەی کەوت، چیرۆکە خەیاڵی و بەهەشتە وەهمییەکەی چیدی جێگەی تێرامان

ئاشکرایە کە ئەم سیاسەتە بە دوای بەهای مرۆڤ وئازادییەوە نـیە بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە، ئەو بەهاو ئازادی بۆبازاڕو بەکاربەرەکانی دەوێت نەک بۆ مرۆڤ، بەڵکو مرۆڤیش دەخرێتە نێو ئەو سەوداو مامەڵەیەوە وەک هەموو کالایەکی تر، بەتایبەتیش هێزو وزەی زەینی و داهێنانی (کارایی، هونەر، زانست، جەستە) بەڵام بەشێوازی جیاواز، واتا کرێکارێک لەمەیدانی کارو فیلمسازێک لەمەیدانی هونەرو ژن بەشێوازی جیاوازو جەنگاوەر لە مەیدانی جەنگدا. هەریەک لەم مرۆڤانە بەهایان پابەندە بەکارایی وشارەزاییانەوە. هەروەک ژنێکی

سەماكار بازاڕی گەرمترو بەهادارترە لەژنێک کە بەهرەیەکی نیە، ژنێکی شۆخ وشەنگ بەهادارترە لە بازاڕی کرین وفرۆشتندا لە ژنێک ئامادەی سەوداو مامەڵەی نیە.

کورد چ لە دونیای دیکتاتۆرەکان و چ لە دونیای بەناو دیموکراسییەکاندا جگەلە زەرەرمەندێکی جەنگ و کالایەکی بازار شتێکی تر نەبوو، بە خۆشخەیاڵی رۆشنبیرانی کوردو بانگەشەی سیاسیەکانی بوایە ئێستا دەبوو کورد لەدونیای دیموکراسی و بازاڕی ئازاددا بەهەموو مافە سیاسییەکانی بگەیشتایەو لەسایەی دیموکراسیدا هەناسەی ئازادی هەڵبمژیایە بەلام نەک قەرەبووی ئەنفال وهەڵەبجەی بۆنەکرایەوە بەڵکو شەنگالیشی چووەسەر !

سەدەی نوێ، چیدی دامەزراوە ئابورییەکان کلاسیکی نین و ناتوانن لە چالاکیی ئۆرگانەکانی نیولیبرالیزمی جیهانیی دەربەرن، نیولیبرالیزم یاخود لیبرالیزمی نوێ لە پێناوی دەستەبەرکردنی گۆرانکارییە جیهانییەکاندا، هەموو هەنگاوێک دەنێ ولەهیچ ناپرینگێتەوە، ئەمە بەولاتێکدا ناوەستێتەوە بەڵکو بەرەو ریزبەندکردنی ولاتانی جیهان مل دەنێ بۆئەوەی هەموو دونیا لەسیستمی نوێدا جێبکاتەوەو بەبازاریانەوە شەتەک بداتەوە بە تایبەتی ولاتانی ئەوروپا، نیولیبرالیزم بروای بەدیموکراسیەت نیە و سیستمی سەرمایەداریی روخساری ئێستا و رابوردوشێتی، ئێستا نیولیبرالیزم بە هەموو تواناییەوە، لە هەولی بەدەستهێنانی قازانج و هەلوشاندنەوەی ئەو دەستکەوتانەدا یەکە مرۆڤایەتی بەدەستی هێناون لەخۆشگوزەرانیدا.

دەبێت مرۆڤ بایی ئەوە وردبینی هەبێت وبپرسێت رێکخراوە خێرخوازییەکان بۆدروست دەبن، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەردەوام لەنوێ بوونەوەدان، بۆچی بەبێ هیچ هەلوێستێک دەتوانێ خۆی لەگەڵ گۆرانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بگۆڕێ و خۆی لەگەڵ هەموو پێداویستیە نێودەڵەتییەکان بگونجێنێ، لەبنەرەتەوە دونیای مۆدێرنە بەردەوام لە گۆراندایە، گەران بەدوای قازانج و سەرمایە گەلێک واتاوبەهاو هاوکێشەی نێودەوڵەتیشی گۆریوە، ئەم هەموو گۆرانکاریی وپێشکەوتنانەی لەم دەیەی پێشتردا رویانداوە گۆرانکاری لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا هێناوەتە ئاراوە لەوانە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش دەنا دەبوو رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان رۆڵی زۆر گرنگیان لە دۆسێی جینۆسایدکردنی کورددا ببینیایە.

هەربۆیە بەتایبەتی لەو ولاتانەی نەوتی زۆرو دەسەلاتی تۆتالیتارییان هەیە، تیایدا جەنگ بەشی شێر لەم سەرمایەگوزاریەو مامەڵەکردن بە مرۆڤە دەبات، مەیدانی جەنگ دەبێتە شوێنی هەژاران کە بەناچاری و نائومێدییەوە چەک هەڵدەگرن لەپێناوی بیمەی تەندروستی خانەوادەکانیان، ئێستا جەنگ باشترین بازاری ساخکردنەوەی ئایدیای جەنگ و پرۆتۆکۆڵەکان و ساخکردنەوەی چەک و فرۆشتنی ئەم ولات بەو ولات و گۆرینەوەی ئەم گروپ بەوی دییە.

ئەگەر تێگەیشتنی باوی سەردەمی دونیای دوو جەمسەری ئاوا بووبێ کە لەمەیدانی جەنگدا مرۆڤ هەر هێندە بەهای دەمێنێ هەتا زیندووەو دەجەنگێت دەنا کە مرد بەهایەکی بۆ نامێنێتەوە، کەم نین چیرۆکی ئەو پێشمەرگانەی لە مەیدانی جەنگی داعشدا بریندداربوون، بەلام هاواورو ناڵەیان گەیشتووەتە سەرشاشەی تیڤیەکان، جاران ئەگەر ئەمان بەخەونی دەوڵەتی سەربەخۆو کوردایەتیەوە دەجەنگان ئێستا لەبری دونیا دەجەنگن و بۆ ولاتە بەناو دیموکراسیەکان دەجەنگن، بەلام بەبێکەسی سەردەنێنەوە. بەلام ئێستا لە دونیای نیولیبرالیزمدا هەتا ئەوکاتەی جەنگەکان تەواودەبن و روفاتیان دەبێت بەخۆل وتەنها ئێسکەکانیان دەمێنێتەوە ئیدی بازاری

گەڕاندنەوەی ڕوفاتەکان گەرم دەکرێ و تیمی هەڵدانەوەی گۆڕوناسینەوەی ڕوفات و شیکاری وپزیشکی دادوەری وتاقیگەی (D.N.A) دەبێتە باشترین بزنسی شارەزاکان ودەوڵەتەکانیان ئەوسا تەرمی کوژراوانی بەکۆمەڵ دەبێتەوە بەکاڵاو شوێنی گۆڕی بەکۆمەڵ ودۆزینەوەو هەڵدانەوەیان دەبێتەوە مایەی تەندەرلێدان وسات وسەودای کۆمپانیاکان و تیملێدەرانی شارەزایانی هەڵدانەوەی گۆڕ.

ئەم دۆسییەش وەک پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕ ئاڵۆزو هەویریکی ئاوکێشە، هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ دەبێتە یەکێک لەهەستیارترین کاری دەوڵەت، پرۆسەیەکی لەسەرخۆو پڕخەرجی بەجۆرێک کە بۆهەڵدانەوەو پێکەوەنانەوەی پەیکەرە ئێسک وناسینەوەی هەرروفاتێک نزیکەی بڕی ١٠٠٠٠ دەهەزار دۆلار زیاتری پێویست دەبێت، هەربۆ زانیاری بەپێی قسەی کامەران سابیر لەدادگای باڵای تاوانەکان هەڵدانەوەی ٤ گۆڕی بەکۆمەڵ لە بیابانی سەماوەوحەزەری پارێزگای موسڵ بڕی ١٣٠٠٠٠٠٠ سیانزە ملیون دۆلاری تێچووە ! باشە لەوەها حاڵێکدا ئەگەر دەوڵەتێکی وەک عێراق بێت و نزیکەی یەک ملیون ودوسەدو پەنجا هەزار مرۆڤ تیایدا بێ سەروشوێن بن و دۆزینەوەی تەرمەکانیان گەڕان وپشکنینی پێویست بێت، دەبێت چەندیک لەداهاتی گشتی بۆ دۆزینەوەو هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ پێویست بێت ؟! ئەی باشە خۆ عێراق تەنها گرفتی هەڵدانەوەی روفاتی ئەنفالکراوانی نیە، ئەی ئەو هەموو عەرەبە شیعەمەزهەبانەی دەوڵەتی عێراق وەک کوردەکان بەکۆمەڵکوشتونی و بەکۆمەڵ ژێرلمی بیابانەکانی داوان ؟ لەئێستادا ئەوانەی تاوانەکانی داعشیشی هاتووەتە بان ! نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت ئابوری نیولیبرالیزم، بەهەمان میکانیزم وبازارە کۆنەکانی سەردەمی دونیای دوو جەمسەری (دوقوتبی) بەرێوەناچێت تەنانەت هەژمونی کۆمپانیاکان بەسەر حکومەت ودەوڵەتەوە زۆر لەهەژموونی پەرلەمانتاران زیاترە، ئەمرۆ کۆمپانیاکان وەک خاوەن پرۆژەو قۆنتەراتچییەکان نین کە لەسەرەوەختی سەرمایەداری دەوڵەتیدا دەوڵەت وحکومەت نوێنەرایەتی دەکردن، بەپێچەوانەوە ئێستا کۆمپانیا زەبەلاحەکان نوێنەرایەتی دەوڵەت و حکومەتیش دەکەن. ئێستا ئەوانەی خاوەن ئایدیاو پرۆژەی بەبازارکردنن کۆمپانیاکانن نەک دەوڵەت.

عێراقێکی داڕوخاوی تازە دامەزراو لەسەربنەمای مەزهەبی و تەوافوقی خێڵەکی چۆن دەتوانێ ئاڵنگاری نیولیبرالیزم بێت کە بایەخێکی ئێجگار زۆر بە تەکنۆلۆژیای زانیاریی دەدات و ئەمیش تائەوپەڕی هەژارەو چاوی لەدەمی سەرۆک خێڵەکانی سوننەو ئاخوندو مەرجەعە ئاینیەکانی شیعەیە بیری بۆبکەنەوەو بڕیاری بۆبدەم، لەم بوارەدا، هێشتا حکومەت بەکاغەزو فۆرمی دابەشکردنی خۆراک دەوڵەت بەڕێوە دەبات ! سەدان کێشەی گەورەی بەسەردا کەوتووەتەوەو توانای چارەسەرکردنیانی نیە، ئەی کەوایە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی چۆن هەڵبداتەوە، ئایا ئەم دەوڵەتە دەتوانێ بەبێ راوێژکاری تیمە نێودەوڵەتیەکان؟ ئەم کارە بکات ؟ یان ئەگەر بیشیکات بەتیمە هەژارەکانی ناوخۆ چی پێدەکرێت جگەلە دەرهێنانەوەی ئێسک وپروسک و بەخاک سپاردنەوەیان بە رێورەسمی ئاینی ؟ بۆیە ناچارە خۆی رادەستی تەکنەلۆژیای زانیاری وڵاتانی پێشکەوتوو کۆمپانیا زەبەلاحەکان بکات کە لەهەموو شوێنیک پارەوقازانج دەچننەوە.

بۆیە مرۆڤی عێراقی بەرانبەر حکومەتێکەوە دانیشتووە کە ئایندەی نادیارەوە بە بێزارییەوە بەرانبەر بێویژدانی و بێباکی بەرپرسەکانی حزب وحکومەتەوە حەپەساوو دۆش داماوە، چونکە هەڵپەی قازنج و بازرگانی بەهەموو شتێکەوە

دیارەو تەماحكاری سیاسیەكان سنوری هەموو بەهایەكی ئینسانی بەزاندووە، تەنانەت سنوری پێداویستی زیندووەكانیشی بەزاندووە ئێستا سەوداو مامەڵەو بزنس بەتەرمەكانیشەوە بووەتە دیاردەوكێشەی جیهانی و هاوكات بوونەتە كاڵای بەهادار، كەچی هەتا ئێستاش سیاسی ورۆشنبیرەكانی كوردەكان هەر بەعەقڵی سەردەمی "شۆرش" بیردەكەنەوە ! پێدەچێت هەتا ئیستاش تای دیموكراسی و وەهمی جیهانگیری (گلۆبالیزەیشن) كە لەسەرەتای نەوەدەكانی سەدەی رابوردوو برەوی هەبوو بەری نەدابن .

ساڵی ٢٠١٢ كتێبێكم نوسی لە ژێرناونیشانی ئەنفالی گەرمیان و سیاسەتێك و دووئامانج بەداخەوە هەندێك هەڵەی تێكەوت وئامانجەكەم وەك خۆی نەگەیشت، لەو كتێبەدا دەمویست وەڵامی ئەو ئارگۆمێنتە بدەمەوە داخۆ بۆچی ژمارەی قوربانیەكانی گەرمیان لە چاو قۆناغەكانی ترو ناوچەكانی تر لەهەموان زیاتربوون ؟ لەراستیدا چ ئەوسا لەو كتێبەمداو چ ئێستاش لەم وتارەمدا دەمەوێت وەڵامی پرسیارەكە بدەمەوەو هۆكارەكەی بگێرمەوە بۆ بوونی نەوتێكی زۆر لەناوچەكەدا بەتایبەتیش لەكەركوك . هەڵبەت دواتر وەڵامی قایلكارترم دەستكەوت كاتێك یوست هێلتەرمان لەسەر زاری ئەفسەرانی سوپاوە بیروڕای فاشیانەی بەعس دەگوێزێتەوە كە لە ناویاندا كەسانی پایەبڵند بوون لەوانە (وەفیق سامەرایی) كۆنە ئەفسەر كەلە سەروەختی جەنگی ئێران- عێراق و پەلامارەكانی ئەنفالدا بەرێوەبەری گشتیی هەوڵگری ودەزگایەكی هەستیاربوو.لە كتێبەكەیدا لە زاری وەفیق سامەراییەوە مەبەستەكانی سەدام حسێن لە ئەنفالدا روونەدەكاتەوە، گرنگترین خاڵ لەقسەكانی سامەرائیدا ئەوە ئاشكرا دەكات كەكۆمەڵكوژی وكوشتاری زۆری گەرمیانیەكان لەئەنفالدا پێوەندییەكی

راستەوخۆی بەبوونی نەوت و تەعریبكردنی كەركوكەوە هەیە، هەروەك سامەرائی بە راشكاوی پێ لەو راستیە دەنێ كە ئەگەربێت و لەكەركوك ٥٠٠٠٠پەنجا هەزار پیاوی كورد بكوژرێت ئەوا كێشەی كەركوك وتەعریب كۆتایی پێدێت، بەڵام ئەگەر لەسلێمانی وهەولێر ٥٠٠٠٠٠پێنج سەدهەزار كوردیش بكوژرێن ئەو شارانە هەربە كوردستانی دەمێننەوە. بۆیە كوژرانی كوردەكانی دەوروبەری كەركوك لە جیاتی هەموو كوردەكانی هەولێر یان هەر شارێكی تری كوردستان، جێگەی سەرنجی بەعسە وپیاوانی بندەستەی عەلی حەسن مەجیدیش بە دڵگەرمییەوە ئەو سیاسەتی كۆمەڵكوژییەیان جێبەجێ دەكرد.102 كەواتە دەبێت بپرسین بۆچی گوندێكی وەك جەلەمۆرد كەسەر بەپارێزگای كەركوك بووە ئەوەندە خەڵكی دەكوژرێت ؟ یاخود بۆچی گەنجەكانی گەرمیان بەخێرایی لەئەنفالدا كوژران ؟

نەوت ئەگەر بۆخەڵك نیعمەت بێت، ئەوا لەرابوردو ئێستاشدا بۆ كورد نەگبەتییەكی گەورەیەو هەتا كورد نەبێتە یاریزانی مەیدانی مامەڵەی سیاسی لە رۆژگارە جیاوازەكاندا هەربەنەگبەتی دەمێنێتەوە. دەنا لەخۆرا نییە لەسەرانسەری جیهاندا ئامادەن پارە تەرخان بكەن بۆ ئاوارەبوونی كوردەكانی باشور لە وڵاتی توركیا دوای ئەوەی سەدام بەگازی كیمیایی لێیان دەداو بەسەدان هەزار كەسیان دەكوژێت بەڵام هیچیان ئامادەنین بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ عێراق و توركیا تێكبدەن لەپێناوی مافی مرۆڤدا ! لەكاتێكدا دۆستەكەیان واتا توركیا پەیماننامەكەی لەگەڵ یوئێن ئێج سێئار هەڵوەشاندەوە سەبارەت بە كەمپی پەنا بەران ؟ بەئاشكرا داكۆكی لەعێراق دەكردو كوردەكانیشی

102 بڕوانە كارێكی ژەهراوی ئەریكاو عێراق و گازبارانی هەڵەبجە یوست هێلتەرمان ٢٠٠٨ دەزگای چاپی كۆمپانیای ئاوێنە ل ١٧٩.

وەک پەنابەر قبول نەدەکردو بریندارانی کیمیایش چارەنەدەکران ! گرفت[103] لەوەدایە ئێمە رۆژگاری خۆمان وەک خۆی نەخوێنینەوەو وەک چۆن جاران بەکەشی روسیا کەشی کوردستان وعێراقیشیان دەپێوا ئێستاش ئێمە بەهەمان پێوانە تەماشای خۆمان بکەینەوە. بێگومان هەردەبینەوە کالای بەقیمەت بۆخەلک وبێ خێر بۆخۆمان جەنگاوەری ئازا بۆخەلک وبێ درندەش بۆگیانی خۆمان. ئێمە دەبێت هەمیشە لە خۆمان و لەخەلکیش بپرسین لەکاتی ئەنفالدا بۆ بێدەنگ بوون ؟ لەراستیدا ئەوان وەلاممان نادەنەوە بەلام چاو گێرانەوەیەک بەراپۆرتەکەی رۆژنامەنوسی بەناوبانگی هۆلەندی ئارنۆلد کارنسکیش لەبارەی مامەلەو سات وسەودای بازرگانە هۆلندییەکە فرانس ئانرات لەگەل هاوپیشە بازرگانە ئەلمانییەکەی ( Peter Walaschek) دەنوسێت : (فرانس ڤان ئانرات و بازرگانە ئەلمانیەکە بەشی زۆری پاشەکەوتی گازی ژهراوی عێراق لە ئەستۆ دەگرن. تیمە پشکنەرە تایبەتەکانی سەربە یونسکۆم ( UNSCOM) کە کاری دۆزینەوەو تێکشکاندنی چەکە کۆمەلکوژەکانی عێراقیان لە ئەستۆ گرتووە پاش دەرکردنیان لە عێراق لە سالی 1999 راپۆرتیان دەدایە کە 38.537 چەکی کیمیایی، لەگەل 690 ماددەی شلەمەنی پڕ لەژەهرو 3000 تەنی نیوە بەرهەمهاتوویان تێک شکاندووە. بەلام بەدلنیایی 500 قومبەلەی مۆستەردگاز و 150 بۆمبی پڕ لەکیمیایی هێشتا بە دوایاندا دەگەڕێن. (FBI) پێیوایە فرانس ڤان ئەنرات لانی کەم 538 تەن ماددەی (Thiodiglycol) لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە رەوانەی عێراق کردووە، کە لەگەل تێکەلەی ( Zoutzuur) بڕی 600 تەن مۆستەردگازی لێ بەرهەم دێت کە ئەم

1 _[103] بڕوانە کوردوکوردستان لە بەلگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا – کوردستانی عێراق –وریای رەحمانی – ٢٠٠٩ ل ٣٣٣ .

بڕە ژهرە نەک جارێک بەلکو چەندجارێک بەشی لە ناوبردنی هەموو دانیشتووانی سەرگۆی زەوی دەکات.)104

سەرچاوەکان

1 - عومەر محەمەد – هەناسەی شەیتان – خوێندنەوە بۆ کارێکی ژەهراوی ئەمریکاو عێراق و گازبارانی هەلەبجە . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٦ ل ٤٨.

2 - کوردوکوردستان لە بەلگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا –کوردستانی عێراق –وریای رەحمانی -٢٠٠٩.

3 - کامەران سابیر –ئەنفالستان –ژمارە ٤.

### لە گوندی عەسکەرەوە

## چیرۆکی ئەنفالکراوان

### گولنازو زاگرۆس و ڕێباز

لە پەلاماری ئەنفالی چوارەمدا گەلێک کەس گیرواون و ئەنفالکراون، بەلام ئەفسوس کەمیان دۆکیومێنت کراون، هەر بۆیە گۆڤاری ئەنفالستان هەر زانیارییەکی دەربارەی ئەنفالکراوان چنگ بکەوێت هەتا ئەگەر کەموکورتیش بن دەستبەجێ دۆکیومێنتیان دەکات و لەیەکێک لەژمارەکانیدا بلاویان دەکاتەوە .

لە پەلاماری ئەنفالدا گوندەکەی گولناز (عەسکەر) گورزی کەمەرشکێنیان بەرکەوت، ئێوارەی ٣ی ئایاری سالی ١٩٨٨ بەرلە هێرشی پیادەی سوپا لەگەل گوندی گۆپتەپەی دراوسێیان بەر پەلاماری کیمیایی کەوتن و خەلکێکی زۆر بەهۆیانەوە شەهید بوون . ئەگەرچی گوندی عەسکەر لەچاو گۆپتەپە زەرەری گیانی کەمتر بوو، بەلام ئەوەی لە کیمیایی رزگاری بوو بۆ رۆژی دوایی بەر ئەنفال کەوتن و جارێکی تر نەبینرانەوە.

[104] بروانە هەناسەی شەیتان – خوێندنەوە بۆ کارێکی ژەهراوی ئەمریکاو عێراق و گازبارانی هەلەبجە . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٦ ل ٤٨





بێگومـــان هەمـــوو ئەنفالکراوێـک چیرۆکێکـی خۆی هەیە، ئەم وێنەیە گوڵناز ئەحمەد سـەلیم لە دایکبـووی سـاڵی ١٩٥٨ بـوو، ژنێکـی جوان ودامەزراو، میواندۆست وبەخوڵقوخۆبوو هـاوژینی شەهید غەریب سەعید بوو، کە تێکۆشـەرێکی رۆژگـارە سـەختەکان و پیـاوێکی کـۆمەڵایەتی بـوو، غەریـب سـەعید بەنـاوی غەریـب عەسکەریشـەوە ناسـراوە لەبەرئەوەی خەڵکی گونـدی عەسـکەری سـەربەناحێی ئـاغجەلەری قەزای چەمچەمـاڵە، بەداخەوە لە شـەوی (٢٠٠٧/٩/٥) کۆچی دوایی کرد.

گوڵنـاز لەگەڵ هەردو کـورەکەی بەناوەکـانی ( ڕێباز لەدایکبووی ١٩٨١ و زاگـرۆس لەدایکبـووی ١٩٨٢ ) لەلایەن جاشەکانی شێخ مەحمودی کارێزەوە گیران و ئەنفالکران.

چیرۆکی ئەم خانەوادەیە زۆرخەمناکە، کاتێک غەریب سـەعیدی هـاوژینی گوڵنـاز فەرمانـدەیی تیپێکـی پێشمەرگەی دەکردو بەنیازی ئەوەبوو بەرگری بـکەن و ماڵ ومنداڵی خەڵک بپارێزی و دەستی بەعسیەکان کورت بکاتەوە، بەڵام هەرچەندی توانیـان نەیتـوانی بەوچەکە سـوکانەی بەدەسـتیانەوەیە پـێش بەلەشـکری بـێ ئەژمـارو پڕچەکـی مـۆدێرین بگـرن، چونکە سوپا بەچەکی مۆدێرنە دەسـتی دەگەیشـتە سـەرکردایەتی پـارتەکەی و کـاتێکی زانـی هـاوژین وکورەکانیشی کەوتنە دەست هێزەکانی سوپا .

غەریب سـەعید ئەوکاتە بـاوکی شـەش منـداڵ بـوو، ئاراس و هەڵگوردو ڕێبازو زاگرۆس، هەڵگوردوئاواز لەدایکیان دابران و بەختیان هەبوو لەگەڵ کۆمەڵێـک خەڵکـی تـر کەوەک مەلـی هـێلانە لێتێکچـوو بەدوای دەروویەکـدا دەگەڕان ڕۆیشـتوون و ڕزگاریـان بـوو، ئاراس و بەنـازو کۆسـرەت و هەورازیش بەلایەکـی تردا ڕۆیشتوون و بەرەو دەشتی کۆیە ڕۆیشـتوون و هەرچۆنێک بووە خۆیان پەنا داوەو ڕزگاریان بـووە. ئـارازیش لەگەڵ مامێکیـان بەنـاوی عـومەردا بـووەو ڕزگاریـان بـووە، بەڵام ئەفسـوس گوڵنـازو هەردوک کورەکەی زاگرۆس و ڕێباز کەوتنە دەست سـوپاو جارێکی تر نەبینرانەوە .

# مۆتەکەی وشەی مام و جەمەدانە

**نوسینی: چراعبدالسلام**

چـــرا ، کچـــی پیـــاوێکی گەرمیـانیەو سـاڵانێک بەدوای وەڵامـی پرسـیارێکەوە بـوو، لەگەڵ هـــاتن و چـــونی تەمەنیـدا، پرسـیارە دژوارو سـەختەکە، یەخەی دەگرێـت، کەچی خۆشـی نازانێ کە ئەو پرسیارە مۆتەکەیەکی دژوارە بۆ باوکیشی.

**باوکە بۆچی ئێمە کەسمان نیە ؟**

بێدەنگی

**باوکە بۆچی مامامان نیە مام یانی چی؟؟؟؟**

بەهۆی ئەوەی بۆتەمەنی کەچکەی وەڵامی ئەم پرسیارە و تێگەیشتن لێی بەلای باوکەکەوە قورس بوو . کچەکەش هەستی دەکرد باوکی بەم پرسـیارە دڵتەنگ دەبـێ و فرمێسـک بەچاوانیدا دێتەخـوارەوەو دەگـرێ، بـۆیە هەمـوو جـاران خـۆی لە وەڵامـی ئەم پرسـیارەی کچەکەی دەدزیەوە.

چرا لەلای خۆیەوە وێنایەکی بۆ ئەو ووشەیە کردبوو {مـام کەسێکە جلێکـی کـوردی لەبەرایە، بەڵام جـامەدانەی لەسـەری بەسـتووە، بە جەمادانەکەیـدا مـامی لە کەسـانی تـر جیـادەکردەوە} کە وەڵامە ڕاسـتیەکە ئەوەیە مـام بـریتیە لە براکـانی بـاوکی .. بەڵام ئەوان ئەنفالکراون !



ئەی ئەنفال چییە ؟

یەکێک دەڵێت ئەرز قوتی دان، یەکێــــک دەڵێـــــت، کەس سـۆراخیان نـازانێ یەکێکیش دەڵێـــت خـــوا کەریـــمەو هەردێــنەوە ئەمە ســاڵانێکی زۆرە هەر چـــــــاوەڕانین، سەدکەسـیش دەڵـێن بەخـوا جارێکی ترچاویان بەدونیای ڕۆشن ناکەوێتەوە .

یەکێـک دەڵێـت زینـدەبەچاڵ کراون.

دوای ســـــــاڵانێکی زۆرو تێگەیشتنی چرا لەم ووشەیە ئێستا بوتە مۆتەکەیەک بۆی، کاتێــک گوێبیســـتی دەبــێ.

وێنای جەمەدانەکەی بیردێتەوە.

ئەی چرا کێیە ؟

چرا کچی عەبدولسـلامە، سـەلام هەمـوو کەسوکارەکەی لەئەنفالی گەرمیاندا گیراون و تەنها خۆی بەرێکەوتێکی سـەیر رزگاری بوو. ئیستا لەکوردستان بەوکەسانەی وەک سـەلامیان لێ بەسـەرهاتووە دەوترێت تاقانەی ئەنفال .

کەواتە {چراعبداالسلام والی) دەبێتە کچی تاقانەیەکی ئەنفالکراو}.

باوکی چرا لەلیستی تاقانەکانی ئەنفالدا ژمارە (٦)ی وەرگرتووە. چرا خوشکێکی تری هەیەوسەلام ناوی (سۆراخ)ی لێناوە بەواتای ئەوەی هێشتا لەسۆراخی براو کەسوکارەکەیدایە .

سەلام چۆن رزگاری بوو ؟ ئەوەش بۆ خـۆی چیرۆکێکی درێژە کە چـۆن خـۆی لەنـاو بـارانی گـولەو دەسـتریژی جەلادەکـانی بەعـس ڕزگـارکردوە و بەبرینـداری کەوتـوەتە دۆڵــێکەوە، لەوەدا بەختـی هەبووە کە وایان زانی مردوە، بەوتەی خۆی دەڵێت، کە تەنها خودا فریاد ڕەسـی بـوە، دەنا هـیچ ڕێگەیەک و هـیچ ئومێـدێکی بە ژیـان نەدەما.....

**سوپاس بۆ:**

مامۆستا سامان کەریم

مامۆستا عومەر محەمەد سەرنوسەری ساڵنامەی ئەنفالستان.

# گەشت بۆ دۆڵی جافایەتی و شارباژێڕ

## هەڵەدن و یاخسمەر

ڕۆژی ٢٠١٣/١١/٨ لە بەبــن باڵی هەورەکان و لە کەشێکی باراناویدا لەسلێمانیەوە بەرەو دۆڵی جافایەتی بەڕێکەوتـین، لەم ســـەفەرەماندا لە هـــاورێم سمکۆسـابیر و بە یـاوەری و چاوساغی مامۆستا شەنگاری

خەڵکی هەڵەدن ، بەرێگـای مێرگەپـان و بە هەورازی چیـای دابانـدا ملی ڕێگامـان گـرت بـۆ دۆڵی جافـایەتی، لەسـەرملەی دابان جوانی سروشـت ناچـار بەوەسـتانی کـردین و ئێسـتێکمان کـرد، بەدیمەنـی دڵرفێنی ناوچەکەماندا هەڵڕوانی دیمەنێک هەرگیز نەچاو لەجوانی تێردەبێ و نەهەست، دوای چرکاندنی چەند وێنەیەکی یادگاری ئەو سەنگەرانەشمان بەسەرکردەوە کە لەسەروەختی ئەنفالدا پێشمەرگە بەرگرییـان لێکـردووە، هێشـتا ڕۆکێتـی کاتویشـاکان لەبەرزایـی

چیاداپان ماون کە چەقیونەتە ناوتاشەبەردو ئەو زەوییە رەقەنە ! وێنەی یەکێک لەو ڕۆکێتانەم گرتبوو کە خۆی ٢م درێژەو هەر ٧٠ سانتیمەترێکی بەدەرەوە ماوەو ئەوی تری ڕۆچووتە زەوییە رەقەلان و بەردینەکەیەوە، ئەو ڕۆژە سەرچیای دابان هەوایەکی ساردی هەبوو، بۆیە زۆرخۆمان رانەگرت وخۆمان خزاندەوە ناو ماشێنەکەمان و بەرەو گوندی هەڵەدن بەرێگایەکی تازەقیرتاوکراودا سەرەوخواربووینەوە.

لەهەڵەدن دراوسێی گوندی گەورەوقەرەباڵغی سەرگەڵووە، هەردوکیان لەروی کارگێرییەوە سەر بەناحیەی سورداشن، من لەساڵانی هەشتاکانیشدا هاتبوومە ئەم گوندەو لەدوای راپەرینش دووجاری ترهاتبوم گوندیکی دڵرفێنە لەناوسروشتێکی جوان لە ئامێزی چیاکاندا وەک منداڵێکی لەدڵدا شیرین لەئامێزی باوکیدابێ وایە. یادەوەری من لەگەڵ ناوهێنانی ئەم گوندە تفت وتاڵە لەکۆتایی شەستەکاندا لەدواهەمین شەڕی جەلالی ومەلاییەکاندا باوکم بەزۆر چەک دەکرێتەشانی دەیکەن بەچەکدارو لەجەولەیەکی شەڕی ناوخۆدا لەمانگی ئابدا باوکم لەچیاکەی پشتی هەلەدن لەبەرزێوکە ناسراوە کوژراو دوای سێ چوارمانگ ئینجا تەرمەکەیان هێنایەوە لەبەرئەوەی ئەوساڵانە ئەو گوندانەی پشتکێوەکان لەهەموو خزمەت گوزارییەک بێبەش بوون، چ جای جادەی قیربگاتە دابان و سیارەی قەمەرە بتوانی بەهەورازی داباندا ئاودیوی سەرگەڵووهەڵەدن بێت. لەبەرئەوە هێنانەوەی تەرمێک لەودیوی چیاوە بۆ دەشتاییەکانی دۆڵی سورداش زۆر ئەستەم بوو، بەتایبەتیش تەرمی باوکم لەبەبریندار کەوتبووە ناو پوش ودەوەنەکانەوەو سوتابوو، ماڵی پیاوێکی هەلەدنی ئاوابێت کە لەگەڵ داگرتنیان و ناشتنیان یەکی نیشانەیەکیشی بۆ دانابوون باوکم بەپارچەیەکی پشتێنەکەیدا ناسرابووەوە کەئەو بەشەی کەوتبووە بن پشتی نەسوتابوو. لەبەرئەوە سروشتی جوانی هەلەدن بۆمن جگەلە خەمی ئەنفال ئەو یادەوەرییە تاڵەشی هەبوو.

لەهەڵەدن لاماندایە ماڵی ناسیاوێکی مامۆستا شەنگار بەناوی ئەکرەم، لەوێ هەواڵی چیرۆکەکانی ئەنفالمان پرسی چونکە ئەم گوندە لە قۆناغی یەکەمی ئەنفالدا بەرشالاوەکە کەوت و نزیکەی ٧٢کەسی گیران و ئەنفالکراون.

ئامانجی ئێمە بەسەرکردنەوەی ئەو خانەوادە ئەنفالکراوانە بوو ئەگەر بیانەوێ چیرۆکی خۆیان بگێرنەوە ئێمەش ریکۆردیان بکەین، بەداخەوە ئەوکەسانەی مامۆستا شەنکار دەستینیشانی کردبوون، پەیوەندییەکەی باش رێکنەخستبوو، بەڵکو بەر لەگەیشتنمان دەرچووبوون وهەڵەدنیان بەجێهێشتبوو.

کات درەنگی کردو ئێمە هیچ چیرۆکێکمان تۆمارنەکرد، دوای ئەوەی لەسەرخوانی کاک ئەکرەم و خانەوادەکەی نانی نیوەڕۆمان خوارد هەستاین و ماڵئاوایمان کرد، بەڵام کاک ئەکرەم بەدەم بەرێکردنمانەوە سەری قسەی دامەزراندو باسی ئەو رۆژگارەتاریکەی ئەنفالی دەکرد، لەناویاندا باسی خانەوادەیەکی ٧ کەسی دەکرد کەهەموویان ئەنفالکراون تاقانە کەسێکیان نەماوە بۆتۆویش ئەمە ئەکرەم دەیگوت هەر یەکێکیان بۆ تۆویش نەمایەوە ئێستا کەسێکیان نەماوە موچەکەیان وەربگرێت، بەدەست ئاماژەی بۆ پارچە زەوییەک کرد کە شوێنی خانووی ئەوخانەوادە ئەنفالکراوە بووە.

هەڵبەت ئەوە بۆمن زانیارییەکی نوێ نەبوو، چونکە هەر لەهەڵەدن چیرۆکی ئیسماعیل گورونم تۆمارکردبوو لە زۆر گوندی کوردستان ئەو حاڵەتەم دیتبوو. بەڵام ئەکرەم دەیویست لەوچیرۆکەوە وێنەی تراژیدیای گوندەکەیانم نیشانبدات، بۆیە پێمگوت کاک ئەکرەم

لەگوندی گۆپتەپە ٢٤ماڵی ئاواهەن وهیشتا شوێنخانووەکانیان چۆڵە. گوندیش هەیە تاقە یەک کەسی دەربازنەبووە.

هەرچۆنێک بێت ئەوە تراژیدیایە بەڵام من هەمیشە بەدوای چیرۆکی نوێدا دەگەرێم کاک سمکۆ بەکامێراکەی چەند وێنەیەکی شوێن خانووی (عەزیز حسێن)و خانەوادە ئەنفالکراوەکەی گوندی هەڵەدنی گرت، ئینجا بەڵێنی لەمامۆستا شەنکار وەرگرت ناوی منداڵەکانیشی بۆ بنێرێت کەدواتر سمکۆ هەموویانی لەراپۆرتێکدا کۆکردەوەو لەژمارە ١١ی ئەنفالستاندا بڵاوی کردبوونەوە ئەمەش ناوی ئەنفالکراوانی خانەوادەکەی عەزیزحوسێنە : عەزیز حسێن ئەحمەدو هاوسەرەکەی بەناوی فاتیمە محەمەد حسێن ومنداڵەکانیان بەناوی ئاوات وئاوازو ئارام و بەنازو بەیان).

دوای ئەوەی ماڵئاوایمان لەئەکرەم وخانەوادەکەی کرد، بەرەو گوندی یاخسەمر بەرێکەوتین، ئامانجمان بەسەرکردنەوەی ژنێکی تەنیاکەوتووە بەناوێ ئایشێ، بەڵام لەبەرئەوەی ژمارە تەلەفۆنیم پێ نەبوو دڵنیانەبووم لەوەی لەژیاندا ماوە یان نا من دووجاری تر سەردانی پورەئایشم کردبوو، ئەوژنە ساڵی ١٩٧٨ کورەکەی گیراو لە موسڵ لەسیدارە دراوەو خۆشی هەر لەوساڵەدا زیندانی سیاسی بووە، هەتا ماویەکی زۆر لەزیندان مایەوە، بەڵام کە ساڵی ١٩٧٩بریاری لێبوردنی گشتی دەرچوو پورە ئایشێ ئازادبوو بەڵام حمیدی کوری کەگیرا بوو بریاری لەسێدارەدانی بۆدەرچوو ئەوی نەگرتەوە، بۆیە دایک ئازادبوو کورەکەی ئیعدام کرا، ئەم ژنە وەک خۆی دەڵێت سیاسەتی زۆری بەسەرهاتبوو بەڵام دواتریش هەر نەحەسایەوە لەئەنفالیشدا پشکی شێریان بەرکەوت خۆی وزەیتونی کچی ئەنفالکران و خۆی لەگەڵ پیرەکان رەوانەی نوگرەسەلمان کراو دوای شەش مانگ گەڕایەوە بەڵام زەیتون کەس نەیزانی چی بەسەرهات . لەخوارەوە دەقی دیدارەکە بخوێنەرەوە .

## ئایشی حەمەئەمین حەمە – گوندی یاخسەمر: هەموو دەمناسن و دەزانن چیم بەسەر هاتووە، کەچی بەزیندانی سیاسیش ئەژماریان نەکردم

دیمانەلەگەڵدا کراو :
ئایشێ حەمەدەمین
دیمانە ساز :



**عومەر محەمەد**
**رۆژی ٢٠١٣/١/٨**
**شوێن : یاخسەمر**
**٢ی پاشنیوەڕۆ**

**پورە ئایشی**
بەڵێ بابە
**ناوی باب وباپیرت چییە ؟**
نـــاوی بـــابم حەمەدەمـــین و بـــاپیرم حەمەو بـــاپیرە گەورەم ئەحـــمەدو بـــای بـــاپیرە گەورەشـــم عەبـــدوڵایە. چوارپشـــتی بـــابم دەزانم.
**مولیدت چەندە ؟**
موالیدم ٣٥ بەڵام بەخوای راستنیە ؟
**ئەی پێتوایە جەند راستە ؟**
پێمـــوایە ٣٧ راســـتە بەڵام تـــۆ ســـی وپێنجـــی بنوســـە قەیناکـــا، چـــونکە مـــن بۆخـــۆم تەســـکەرەم دەرهێنـــا گوتیـــان ســـی وپێـــنج گوتم باشە .
**هەر لەبـــنەرەتەوە خەڵکـــی یاخســـەمری بـــووی ؟**
هەرباب وباپیرم حەوت پشتەم لیرەبوون .
**هەرلەم دێیەش مێردت کردووە ؟**
هەرلەم دێـــیەش مێـــردم کـــردووە ئەوە مـــاڵی بابمەو ئەمەش ماڵی خۆمە.
**مێردەکەت ناوی چی بوو ؟**
ئەویـــش نـــاوی حەمەدەمـــین بـــوو بەڵام بـــابم مردبوو من چکۆلەبووم کەشوم کردووە.
**تەمەنت چەند بوو کەشوت کرد ؟**
والـــلە تەمەنـــم ١٢ ســـاڵ بـــوو کەشـــوم کـــرد بـــرایەکم دامـــی بەژن بـــرایەکم خەریـــک بـــوو ) رون نـــــیە چ دەڵێـــــت( بیێـــــت.برا گەورەکەم گـــوتی هێشـــتا منـــداڵە بـــراگچکەکەم گـــوتی ئەگەر نەهـــــێلن ئەو ئـــــافرەتەی هەڵـــــدەگرم. بـــــرازنەکەم خـــــاتونی نـــــاوبوو بەســـــەر منـــداڵییەوە بـــوو، ئەوســـا ژن وادەهـــات یـــان ژن بەژن یـــان بەپـــارە بـــوو ژن بەدە دینـــاری بـــوو. پـــورە بەفراوێـــک هەبـــوو هەمـــوو دنیـــای دەهێنا بە ٢ دیناران هێنابویان .
**بەفراو چی تۆ بوو ؟**
هـــیچم نەبـــوو بـــۆ ئێرەیـــان هێنـــابوو بەبـــوکی. ئێـــــدەی کـــــاکە چـــــی کە ئێنجـــــا ٧ مانگـــــان لەنوکرەســـــەلمانی ســـــجن بـــــووم. نانیـــــان نەدەدایـــــنێ ســـــەمونیان لەدەمـــــی ســـــەگەکەی دەستاندەوە دەیانخوارد
**پـــــورە ئایشـــــی جـــــارە مەگەنوگرەســـــەلمان پەلەمەکە**
ئـــێ ئەی باســـی چ بکەیـــن ئەی تـــۆ بـــۆوەی نەهاتووی ؟
**با قسەمان زۆرماوە بەڵام پەلە مەکە.**
ئێ باشە دەی
**تۆهەتاکەی لەگەڵ مێردەکەت بوو ؟**
والـــلە ١٥ ســـاڵ بەیەکەوە بـــووین. نـــازانم کەمـــرد ســـاڵی چەنـــد بـــوو بەڵام دەزانـــم ١٥ســـاڵ بەیەکەوە بـــووین. شـــەش منـــداڵم لێـــی بـــوون کەبـــابی مـــرد حامیـــدم ٩ ســـاڵان بوو.
**بەچی کۆچی دوایی کرد ؟**
نەخـــۆش بـــوو، بەنەخۆشـــی مـــرد، زراوی بـــوو ئەوســـــا دوختـــــۆر نەبـــــوو، کەبردیـــــان عەمەلیاتیانکرد دەرنەچوو.
**ئێستا قەبرەکەی لێرەیە ؟**
نـــاواللە وا لە شـــیخ محێـــدینی ســـلێمانیە. کـــورە شـــێخ محیـــدین نـــا شـــیخ ئەحـــمەدی هینـــدی، کـــاکە ئەوســـا دنیـــا وابـــوو بۆمـــان نەدەهـــاتەوە دەبـــــوو لەوێـــــوە بەدارەمەیتـــــی بیهێنیـــــنەوە ســـــەیارە نەبـــــوو. شـــــەش دوختـــــۆرم پێکـــــرد خـــــوا نەیـــــدابوو . ئەو کچەشـــــم کە ئەنفـــــال

بوو تازە لەدایک بوو لەسەر بێژینگی بوو کە بابی مرد.[105]

**ئەی دوایی لەگەڵ کێ دەژیایی ؟**

هەربۆخۆم کاسبیم دەکرد، کچەکانم ٤م دان بەشوو کاکە شەهید حامیدیش ملی بەقەنارەیدا کراو حکومەت ئیعدامی کردو کچێکیشم ئەنفالە، شوکر ئیحتیاج بەدەرزییەکی خەڵک نەبووم . کورەم بۆدەکردن و درویێنەم بۆ دەکردن. بۆخۆم بەخێوم کردن بەخوا ئەوە مامیانە بچۆلێ بپرسە ئەگەر پەنجا فلوسی دابێتنی.

**ئەی چۆن بیرت لەوە نەکردەوە مێردی بکەیتەوە ؟**

بۆچی مێردی بکەمەوە کچەکانم هەموو وردبوون، هەموو دنیا پەنجەیەکی ئەو کچەمی نەدەهێنا کەئەنفالە.

**ناوی چی بوو کچەکەت ؟**

کچەکانم یەکیانم ناوی سەوزە بوویەکیانم ناوی زوهریە یەکیانم ناوی ئافتاوەو یەکیانم ناوی جیهانە، ئەوەی ئەنفالکراوەکەشم ناوی زەیتون بوو. ئەو سێیەکەی ترم ماون ئەوان مێردیان کردووە. ئەوە کاکە قاسمە کوری کچمە تامی دەکوران دەدا بۆمن ئەو یارمەتیم دەدا خۆمن ناتوانم هەتا کن ئەو دەرگایەی برۆم ئاخرکاکە من ١٠ مانگی تریش لەسەر پێشمەرگایەتی سجن بووم .

**ئێستا دێینە سەرئەو باسەش باجاری نەچینە سەرناخۆشییەکان**

ئێی دەی

**هەتا کەی تۆ لەیاخسەمەر بوو ؟**

هەتا ئەنفالکراین من هەر لێرەبووم، بەڵام پێش ئەنفالەکە ١٠مانگ سجن کرام ئەگەر بەربووم هاتمەوە ئێرە هەتا کاتی ئەنفالکردنەکەمان. کە حامید گیرا من ئیعدام کرا، منیش گیرام بۆماوەی ١٠ مانگ دوایی هاتمەوە هەرلێرە بووم ئاخر ئێمە لێرە بەجێماین لەگەڵ کچەکەم ئەنفالکراین .

**زەیتون هەتا کوێ لەگەڵت بوو ؟**

یەک مانگم کچەکە لەگەڵ بوو، دوایی لە تۆپزاوایە کچە گەنجەکانیان جیاکردەوە.

**ئینجا باباسی حامیدی بکەین هەر ئەو تاقە کورەت هەبوو ؟**

حامید کورم بوو، هەرئەو تاقە کورەم هەبوو لەموسڵ ملی بەقەنارەیدا کرا ئەی چۆن منیش لەسەر ئەوی گیرابووم .

**کەواتە ئێستا حامید شەهیدی سەنگەرە ؟**

بەخوا بەخوا هێندە دڵسۆزبوو، ماڵەکەی دەکرد بە هێلکەیەک و دەیدایە پێشمەرگەی تازە پێشمەرگە پەیدا ببوونەوە، ئەو لەگەڵ بوو. کە ئیعدامکرا چووە موسڵ لەوێ وەفاتنامەکەیان بۆکردین و هێنامەوە دەنا یەک شتیان بۆ نەدەکردم و بەشەهیدی هاولاتیان نوسیوە. (قاسمی کچەزای ئایشێ هاتە ناوقسەکانمانەوەو گوتی: نانا بەشەهیدی سەنگەر تۆمارکراوە)

**ساڵی چەند حامید شەهیدکرا ؟**

ساڵی حەفتاوهەشت بوو.

**کەواتە کورەکەت سیاسی بووە چۆن بەهاولاتی تۆمارکراوە.**

ئێی سیاسی بوو، کادربوو.

**بەچەکەوە گیرا یان بەکتێب و نوسراوەوە ؟**

ئەرێ بەخوا تفەنگێک و دەمانچەیەکی پێگیرا.

105 مەبستی ئایشێ لەوەیە ئەوسا کە منداڵ لەدایک دەبوو وەک ئێستا پێداویستیەکان نەبوون لەلادێکان بێژنگێکیان دەهێناو پەرۆیەک دایاندەپۆشی و منداڵەکەیان دەخستە سەر وەک کاریکۆتی ئێستا.

کەمــــن ســــجن بــــووم، پێـــنج ولاخـــی فرۆشـــتبوون دابـــوی بەســـیلاح .ئەرێ بەخـــوای پینج ولاّخ .

**حامید لە کوێ گیرا ؟**

هەرلێـــرە لەو کـــۆزەی پشـــت نـــاودێی گیـــرا، ئەوانەی لەگەڵیـــدا بـــوون، گوتبوویـــان وەرەوە تەقەی دەکەیـــن، بەلاّم هەڵیـــان خەڵەتانـــدو لێرە گیرا.

**تەمەنی چەند بوو ؟**

تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو گەنج بوو.

**ژنی نەهێنابوو ؟**

دەیگـــوت هەتـــا کـــورد رزگـــار نەبـــێ ژنـــێ دێـــنم ؟ دەیگـــوت ژنـــێ نـــاهێنم هەتـــا کـــورد حـــاڵێ وابێت.

**عەسکەر گرتی وایە ؟**

بەڵـــێ عەســـکەر گرتبـــووی خـــۆمن لێـــرە نەبـــووم من سجن بووم .

**تـــۆ لەســـەرچی گیرابـــووی ؟ بـــۆچی سجنکرابووی ؟**

دەیـــانگوت تـــۆ دایکـــی پێشـــمەرگەی، بەلاّم مـــن بۆخـــۆم پێشـــمەرگەبووم، نـــانم دەدانـــێ و نـــانم بـــۆدەبردن، بەخـــوا بەســـەتلە ماســـت وهـــێلکەو بەقولێنە نانم بۆ دەبردن بۆئەو کێوەی .

**ئەی نەتزانی کێ ئیخباری کردوی ؟**

نـــابەخوای کـــاکە نەمزانـــی کـــێ ئیخبـــاری کـــردم بەلاّم شـــەوێ لەســـەربانی دەنوســـتم دوو هەنجیـــرو نـــانێکم خـــوارد، بەئەفســـەرەکەیان گوتبـــوو لەســـەربان دەخەوێ بەو شـــاهیدەی نان وهەنجیری خواردووە.

**کەواتە عەســـکەری بەس هـــاتبوون بـــۆ ئەوەی تۆبگرن؟**

بەڵـــێ ئائـــا دوشـــەو لێـــرە مـــانەوە، ئەو دووبـــرایەم ئەوەتـــا ئیســـتا یەکێکیـــان مـــاوە هـــاتن پەلبەســـتیان کـــردم و بردیـــانم بـــۆلای ئەفســـەرەکەی وتـــی : نـــاوی پێشـــمەرگەم پێبلـــێ وتـــم: زمـــان لەســـەرمەوە دەربهێـــنن نـــاوی یەک پێشـــمەرگەتان پـــێ نـــاڵێم، دەســـتم هەمـــوو رەش بـــوون گـــوتم مـــن ئەوەتە بۆخـــۆم کاســـبی دەکەم قورئانتـــان بـــۆ دەخـــۆم حامیـــد لەوەتەی لەعەســـــــــکەری هـــــــــاتووەتەوە یەک کاســـبییەکی بـــۆمن نەکـــردووە. نـــاوالله نـــاوی یەک کەســـــــم پینەگـــــــوتن دەشـــــــمزانی کۆبوونەوە لەماڵی خۆمان بوو.

**یەکەمجار کەگیرایت بردیانی بۆکوێ ؟**

بردیـــــانم بـــــۆهەڵەدن، ئینجـــــا بردیـــــانم بۆســـورداش ولەوێشـــەوە بردیـــانم بـــۆ دوکـــان، بەلاّم لەوێ کوێخـــــایەک پەیـــــدابوو هەتـــــا مردنـــێ ئەوەم لەبیـــر نـــاچێتەوە گـــوتی : تـــۆ چـــی حـــەمەی کوێخـــا خـــدری، گـــوتم خـــاڵمە، بەئەفســــەرەکەی گــــوت دەی بەکەفیلــــی رۆح ئەم ئـــــافرەتەم بـــــدەنێ، وەریگـــــرتمەوەو بـــــردمیەوە بۆمـــــاڵی خۆیـــــان لەوێ ژنەکەی گـــوتی : ئەرێ ئەوە کوێخـــا بـــۆچی هەرچـــی ژنـــی هەڵگیـــراوە تـــۆ دەیهێنـــی بـــۆمن ؟ گـــوتم دادە گیـــان بەقوربـــانی ئەو چـــاوەت بـــم بەخـــوای شـــەرەفی خـــۆم نـــادەم بەهەزار پیـــاوی بەلاّم بـــزانە دەرۆژی تـــریش لێـــرەبم مـــن نـــانی ئەم مـــاڵەی نـــاخۆم، کوێخـــا گـــوتی ژنەکە ئاگـــات لەم ژنەی بـــێ وخزمەتـــی بـــکە ئەوە بەکەفیلـــی رۆح لەلای ئـــێمە، دوعەســـکەر بەبەردەمـــی ماڵەکەیانـــدا رۆیشـــتن هـــاواری لێکـــردن گـــوتی: وەرن قـــاتلێکم لەمـــاڵێ بەســـتووەتەوە وەرن بیگـــرن و بیـــبەن، منـــی تەســـلیمی عەســـکەرەکان کـــرد ئیتـــر گیـــرامەوەو مـــن ١٠ مانـــگ لەســـجنی ئەبوغرێـــب مـــامەوە. یەک شـــەو لەمـــاڵی کوێخـــاکەی مـــامەوە تەنهـــا یەک شـــــەو. بەلاّم دەمانـــــگ لەئەبوغرێـــــب مامەوە.

**کەواتە تۆ گیرایتەوەو حکوم درایت ؟**

حکومـــدرام، دوجـــاری کەگیـــراومەوە ســـێجارم هەوێ کـــردووە، ئینجـــا دەڵـــێن دەبێـــت تـــۆ دوو شـــاهیدی ژن بهێنـــی و بیســـەلمێنی کەزینـــدان

بوویــــت ؟ بەو برۆبیـــانوانەوە هیچیـــان بــــۆنەکردوم. شــــاهیدەکانیش دوجــــار شـــایەتیانداوە بەلاَم هـــیچم بۆنـــاکەن کەزیندانی سیاسی بووم.

**ئەی کەبەربـــوون هـــیچ وەرەقەیەکیـــان نەدانـــێ کە ئیوە ئازادبوون ؟**

نانـــا هیچیـــان نەدایـــنێ ئـــێمە ژن بـــووین و زۆریـــش بـــووین بەخـــوای لەوێـــش خـــواردنم بۆهەمـــووان لێـــدەنا خـــواردنی ســـجنەکە پـــیس بـــوو، قـــالۆنچەو سیســـرکی تێـــدابوو، بـــۆیە بۆخۆمان خواردنمان دەکرد.

**ئەو ژنانەی شاهیدیان بۆدای کێ بوون**

شـــــاهیدەکانم زۆر بـــــوون بەلاَم لەژیانـــــدا نەمـــــاون دوو هــــاتن شــــاهیدیان بــــۆدام یەکێکـــان نـــاوی مـــریەمە لەباینجـــان دەژێ و ئەوی تریشـــــیان نـــــاوی بەفـــــراوە هـــــاتن شــــایەتیان بــــۆدام . بەخــــوا مــــن کەدەشــــچوم بۆســـەر ئـــاوا دوو عەســـکەر پاســـەوانم بـــوون . ئەوەندە حسابیان بۆ دەکردم .

**ئەی تـــۆ بەچـــی بەربـــووی بەعـــافوات یـــان مودەی حوکمەکەت تەواوکرد ؟**

قاســـم کـــچەزاکەی ئایشـــی گـــوتی : کەخـــالَم گیـــراوە ئینجـــا ئەویـــان بەرداوە بەلاَم ئایشـــێ دەلێـــت نانـــا ئـــێمە بەعـــامەی بەربـــووین زۆربـــووین کە حامیـــد گیـــرا مـــن ســـجن بـــووم .

**تۆسالَی چەند بەربووی ؟**

سالی ١٩٧٩ بەربووم

**کەواتە تــــــۆ بە عەفــــــوی عــــــامی ١٩٧٩ بەربوویت.؟**

بەخـــــوای مـــــن لەبەر خەفەت وئێشـــــوئازارو جەرگ سوتانی خۆم سالَی نازانم کاکە.

**کەبەربووی هاتیەوە بۆ یەخسەمر ؟**

بەلَـــێ هـــــاتمەوە کچەکـــان بەســـــەرمالاَنەوە بـــوون یەکێکیـــان زاوایەکـــم، شـــەقی لەلاچـــاوەی هەلَـــدابوو ئیســـتاش بەقەد ئـــازاری ئەنفـــالەکەم لەدلَیـــدایە ولەدلَـــم دەرنـــاچێ گـــوتم شـــکاتی لێـــدەکەم بەگرتـــــی دەدەم بەلاَم بـــــرایەکم نەیهێشـــت گـــوتی لـــێگەرێ تـــازە بـــووەو باکچەکەشت بێوەژن نەبێ .

**پـــێش ئەنفـــالیش تـــۆ هەرلێرەبـــووی بۆمبـــاران و کیمیایی هەبوو ؟**

ئەرێ بەخـــوای مـــن هەرلیرەبـــووم بەخـــوای مـــن جلـــم بۆمـــام جەلالـــی دەشـــت،تەنها کـــاک هاشـــم و مەلاياســـینێک دەیـــانزانی تەنهـــا ماســـتیان لەکـــن مـــن دەبـــرد بۆمـــام جەلالـــی لەبەردەرمانـــداوکردنێ نەیانـــدەویرا لەهەمـــوو شوێنێک ماستی بۆبەرن.

**کەواتە کەمام جەلال بارەگای لیرەبووە هاوکاری ئەویشت کردووە ؟**

ئەرێ بەخـــوای ئیســـتاش هێرۆخـــان بێـــت بـــۆئێرە دەمناســـێتەوە، ئەویـــش ئاگـــای لێبووە.

**ئەی بۆناچیـــت بـــۆلای بلَێـــی مـــادام تـــۆ مـــن دەناســـی و زینـــدانی سیاســـی بـــووم شـــاهیدیم بۆ بدە ؟**

ئـــاخر نـــاهێلَن کـــاکە نـــاهیلَن بـــگەمە لای دەنـــا ســـالَی گـــرانیەکەی هـــات بـــۆئێرە لە دورەوە بانگی کردم.

**ئەو کـــاتەی ئێـــرە بۆمبـــاران دەکـــرا، خەلَـــک کـــونە تەيارەيـــان دروســـتکرد بـــوو تـــۆش کونەتەیارەت هەبوو ؟**

نـــاوەلاَ مـــن کونەتەیـــارەم دروســـت نەکردبـــوو. جارێکیـــــان ئەلێـــــرە مـــــراویم دەبـــــردن بـــۆچەمەکەی تەیـــارە هـــات قەســـفی کـــرد. لەبەردەمـــــی دەرگاکەمـــــان تـــــویەکی گەورە هەبـــوو خـــۆم دایە بـــن دارتـــووەکەی لەخـــوا پـــاراِمەوە هەر زەلـــیلم نەکەی بشـــکوژرێم قینانکـــات . دوو تـــۆپی بەو بەریـــدادا و دووشـــی بەم بەری (رۆژئـــاوا)دادا هەمـــوو ئەو قەبـــرانەی تێکـــدابوون وتـــێکەلَ و پێکەلَـــی کرد بوون.

**من مەبەستم ئەوە بوو کەخەڵک کونەتەیارەی دروستکردبوو لەدەرەوەی دێ تۆهەر لێرەبووی لەناو یاخسەمر مابوویەوە ؟**

نانا منیش وەک ئەو خەڵکەی ڕۆیشتبووم بۆ کیوی ئەوەی دەیڵێیت کەڵکی مانەوەی پێوە نەمابوو هەموو ڕۆژێ قەسف بوو .

**که ئەنفال بوو پێشمەرگە پاشەکشەیان کرد، ئێوە چیتان کرد لێرە گیران یان ڕۆیشتن ؟**

کە ئێرە چۆڵ بوو سەرکردایەتی لێرە نەمابوو، هەرمن و ئەوکچەم مابووینەوە لەگەڵ خەڵکەکەی ڕیشتین هەتا لە چوارقورنەی گیراین.

**کام کچەت ؟**

ئەوەی ئەنفالکراوە ناوی زەیتون بوو ئێمە لەچوارقورنەی گیراین.

**لەچوارقورنە چۆن گیران ؟**

لەوێ کابرایەکی خەڵکی مالومەی موستەشارێکی هێنا هەمووومانیان گرت. بەچاوی خۆم بمدیبایە ئەو موستەشارە عقوبەی خۆی وەرگرتایە هیچم نەدەویست.

**ئەو موستەشارە کێ بوو کە ئێوەی گرت ؟**

چوزانم کێ بوو نازانم کابرایەکی مالومەی چوو ئەوی بۆهێناین گوتی وەرن سواری ئەو سەیارەی بن بردیانین و بۆسەبەی ڕەوانەی هەولێریان کردین نزیکەی ٢٠ شەویش لەهەولێرێ هێشتیانینەوە دوایی بردیانین بۆ تۆپزاوایەو لەوێ جیایان کردینەوەپیر بەجیاو جحێڵیش (جحێڵ =گەنج) بەجیا پیر بۆنەگرسەلمانێ ڕەوانەکراین جحێڵیش خوانەبێ کەس نازانێ چییان لێکردن .

**کەواتە زەیتونیان لەتۆپزاوا لەتۆجیاکردەوە ؟**

ئەرێ وەڵا دەستیان لەتیتکێ وەرهێناو لەکۆشم دەریانهێنا زەیتون عازەبیش بوو، تەمەنی ١٨ ساڵ بوو.

**ئیتر زەیتونت نەدیتەوە ؟**

هەرئەوجارەی بوو لەو عانەیەوە نە ئەومنی دیتەوەو نەمنیش چاوم پێیکەوتەوە، سەری لە کۆشم هاویشتبوو دەریانهێنا، خەفەتی لەوەی دەخۆم پارەم نەدایە، شەوێ عەسکەر هاتن گوتیان کێ جحێڵی لەگەڵ بووە پارەمان بدەنێ بۆیان دەبەین، کەچی عەسکەرێکی تر هات سوێندی خوارد پارەکە بۆخۆیان هەڵدەگرن وناگاتە دەست گەنجەکان. کەوای گوت منیش پارەم نەدانێ . بەڵام ئەوەم هەرلەدڵیدایە کە پارەم نەدایە.

**دوای ئەوەی زەیتون و گەنجەکانیان جیاکردەوە چەند شەو لە تۆپزاوا هێڵدرانەوە ؟**

هەریەک شەویان هێشتینەوە کەلە هەولێری هێنایانین بۆ تۆپزاوای عەسر بوو، جیاکراینەوەو بۆبەیانی سواریان کردین بردیانین بۆ نوگرەسەلمانێ .

**کە بردیانن بۆ نوگرەسەلمان سواری چیان کردن ؟**

کورە بەخوای نازانم چیان پێدەڵێن پاس بوون پاس، ١٨ پاس بووین هەموو ژن وپیاو تێکەڵ دووشەوان بەرێگاوە بووین.

**پاسەکان پەنجەریان هەبوو ؟**

هەیانبوو بەڵام نەیاندەهێشت بیکەینەوە، سایەقەکانیش بەسوغرە گیرابوون دەترسان.

**دەرەوەتان دەدیت ؟**

ناوەڵا پەردەیان پێوە بوو. دەرەوەمان نەدەدیت

**کەستان لەگەڵ نەبوو شارەزابێت ڕیگاوبانەکان شارەزابێت ؟ هەتا پێتان بڵێت پاسەکان بەرەو کوێوە دەرۆن ؟**

ناوەڵا من لەهەمووان وریاتر بووم. کەلەهەولێری بەرەو کەرکوکیان بردین گوتم بەخوای ڕۆژمان تەواو بوو، ژنێک گوتی وەی دەتوخوا وامەڵێ سایەقەکە

گـوتی والـلـه ئەو راسـت دەکـات چاوتـان بەدنیـای نـاکەویتەوە، ئینجـا کـاکە منـیش بەهـۆی ئەوەی پیـاوەکەم نەخـۆش بـوو بـۆیە سلێمانیشـم دیبـوو دەنـا لەبەرمنـداڵەکان لە ژوورێ نەدەچـومە دەرێ مەبەسـتم ئەوەیە ئـێمە هـیچ شـوێنمان نەدیبـوو شـارەزای شوێنان نەبووین. هەموو پیربووین .

**ئەی منداڵتان لەگەڵ نەبوو ؟**

منـداڵی چـی ئەوی منـداڵی پێبـوایە نەیانـدەهێنا ئەوانەیـان لەگەڵ جحێڵەکـان دەکرد.

**تۆکێت لەگەڵدا بوو ناسیاوی خۆت بێت ؟**

ناسـیاوم لەگەڵـدا بـوو بەڵام ئەنفـال بـوون نەماون

**کێ بوون ئەوانەی لەگەڵتدابوون ؟**

سابیرم لەگەڵ بوو خەڵکی دۆڵەبی بوو.

**سابیر ئیستا ماوە یان لەژیاندا نەماوە ؟**

ئەو نەمـاوە هەرلەگەڵ کـچەکەی مـن جیایانکردنەوەو نەماون .

**لەتـۆپزاوا نـاڵێم لەنوگرەسـەلمان کێـی ناسیاوت لەگەڵدا بوو ؟**

نانـا لەنوگرەسـەلمان کەسـی ناسـیاوم لەگەڵـدا نەبـوو، بەڵام لەهەولێـرێ هەتـا تـۆپزاوا زۆرمان یەکمان دەناسی.

**نـا مـن دەپرسـم لەنوگرەسـەلمان کێـی ناسیاوت لەگەڵدا بوو ؟**

بەرێوەڵا پورە ئامینم لەگەڵدا بوو

**ئامین کێ خەڵکی کوێ بوو ؟**

ئامینی کاک غەفوری

**هەرخەڵکی ئەم دێیەی ئێوەیە ؟**

بۆخـۆی هەڵەدنـی بـوو بەڵام لێـرە شـوی کردووە دایکی مەلانزاری.

**ئیستا لەژیانداماوە ؟**

ئائا، ماوە دوێنێ لێرەبوو لەکن مـن بـوو، هەردەڵێـی خوشکین بەخوای خزمیش نین.

ئینجا کە گەیشتنە نوگرەسەلمان شەوبوو رۆژ بوو ؟

ئێوارە بوو وەختی نـوێژی خەوتنـان بـوو. سـەعاتم پێبوو بەڵام نازانم سەعات چەند بـوو، وەزعمـان زۆر ناخۆش بوو بەخوای ئیستاش شـوێنی سـوندەکەی بەپشـتمەوە دیـارە کەدەچـوین ئاومـان دێنـا لێیـان دەداین.

ئەوەی لێیدەدان دەتزانی کێیە ؟

بەتورەیی چوزانین ؟ عەسکەر لێیدەداین چوزانم کێ بوو ؟

هەموو ئەنفالکراوەکان ناوەکانیان دەزانین تـۆ نـاوی نازانی ؟

نەبەخوای نازانم

ئەی تۆ ناوی حەجاجت نەبیستووە لەنوگرەسەلمان

نـاوەڵا بەڵام کـابرایەک هەبـوو قادریـان پیـدەگوت خەڵکی دۆڵەبی بوو، بەڵام عەسکەر لێیاندەداین .

لەنوگرەسـەلمان چ شـتێکی زۆر نـاخۆش هەبـوو، کە قەت قەت لەبیرت ناچێتەوە ؟

ئەسـپێ (بەدەسـت ئاماژەدەکـات) ئـاوا دەمـان مـاڵی ئەسپێی زۆربوو. سـەمونەکەی زۆر رەق بـوو دەبـوو بیکـوتین ئینجـا بیخـۆین دەبـوو بەقـاچی خۆمـان بمانکوتـایە، ئەویش ئەم ژەمـی بـۆ ئەو ژەمـی بـوو هەموو کات نەبوو.

دەیانگوت پێش جەژن رۆژی دوو سەمونیان دەدانـێ ؟

هەفتەیەک وابوو

یەک هەفتە ؟

ئەرێ بەخـوای تەنهـا هەفـتەیەک وابـوو. ئەویـش عەسکەرەکان زیادیان کردبوو کاکە منیش بەشی خۆم دنیام دیووە، ئەویش ئەو قادرەی باسی دەکەم خەڵکی دۆڵەبی بوو دەچوو لەکن عەسکەرەکان بۆی دەهێنان جارجارسەهۆڵیشی دەهێنا.

تۆلەقاتی سەرێ بووی یان لەخوارێ بووی ؟

من لەسەرێ بووم لەگەڵ ئەوژنەی باسم کرد چـوارژن بووین بەیەکەوە بووین دەستمان لەملی یەک دەکـرد.

بەڵام بۆ ئاوو نـان زۆر پەرێشـان بـووین. جاگوتـت چیت لەبیرناچێتەوە .

بەڵێ چییە ئەوە ؟

سەتڵێکم پێبوو ئیستاش ماوەو هێناومەتەوە هەتا لەبیرم نەچێتەوە ئەوسەتڵە باپچم بیهێنم درزی بردووە، ئەوە لەحەوشەیە کەڕۆیشتن نیشانت دەدەم.

ئەو سەتڵەت لەنوگرە سەلمان هێناوەتەوە ؟

ئا ئەرێوەڵا هەرپێم بووئاوم پێ دەبردە سەری بەڵام ئیستا درزی بردووە هەرماوە.

ئەی نوێژتان چۆن دەکرد ئاوتان چۆن دەست دەکەوت ؟

ئاومان هەردەست نەدەکەوت، دەستمان کەوتایە نوێژەکەمان دەکردو ئاویش نەبوایە نەمان دەکرد.

لەوێ هەرلەسەر کۆنکریتەکان دەخەوتن یان رایەخێکیان دابوونێ ؟

ناوەڵا رایەخی چی لەتوێزاوایەوە باتانیەکم لەبن هەنگڵم دابوو ئەوەم پێبوو. ناوەڵا هیچی لێنەبوو. مردووەکانیش هەر بەجلی خۆیانەوە دەیاننناشتن، دوایی سەگ دەیخواردن .

تۆ هیچ جار ئەوەت دیت ؟

ناوەڵا من نەمدیت، سەگەکان لەدەری بوون، بەڵام پیاوەکان لەپەنجەرەیەوە تەماشایان دەکرد دەیانگوت ئەها وافلان کەس بەدەمی سەگەکانەوەیە، من تەماشام نەکرد، پیاوێک مرد عەزە چیکەی گوێزێلێمان دەناسی لەوێ مرد هەروا بەجلی بەری خۆیەوە بردیان ناشتیان کەچی شەوێ سەگەکان دەچون تەرمەکەیان لێک دەکێشایەوە. ئەوەندەی سەگ لێبوو بەخوای بەقەد میگەلەکەی حەمەی دەبوون.

ئەوەی گوێزیلێ عەزیزی کێیان پیدەگوت ؟

حاجی عەزیزی گوێزیلێ عەزە چیکەشیان پێدەگوت.

ئاخر هی گوێزیلێ دووسێ کەسی کەشی لێبون مام عەبدولحەمید

عەبدولحەمیدیشی لێبوو ئەو لەگەڵ ئێمەهاتەوەو لێرەمردژنەکەی عەزەچیکەی بلێین حاجی عەزیز ئەویش لەگوێزیلێ مرد ئەویشمان لەگەڵ بوو راست دەکەی.

چاوەڕوانی ئەوەتان دەکرد رۆژێک بەربین و بێنەوە بۆکوردستان ؟

کورە ناوەڵا دەمانگوت بەرنابین.

ئەی کەگوتیان بەرتان دەدەین چۆن پێیانگوتن ؟

بانگەوازیان کرد یان هاتن پێیانگوتن بەردەبن ؟

کورە ناوەڵا هاتن دەستیانکرد بەناونوسینێ ئێمە گوتمان دەمانبەن دەمانخەنە ئاوەکەیەوە، بەڵام کەهاتن یەکێکیان لێرە دەنوسی ودەچون لەولاتر یەکێکیان دەنوسی لەوەدا من وپورە ئامین بەرکەوتین ناویان نوسین بۆ بەربونێ. ژنێکی دۆڵەبی ناوی نوسرابوو لەگەڵ ئێمە کردیانە قاوشێکەوە بۆئەوەی سبەینێ بەرببین ژنی ئەو قادرەی دۆڵەبی بوو، بەڵام وابزانم قادرلەوێ مرد.

کەناویانوسین گوتیان بەرتان دەدەین ؟

نا نەمانزانی گوتمان دەمانبەن دەمانخەنە (شط)وە بۆچی واتان دەزانی ؟ لەنزیک نوگرەسەلمان شەت هەبوو پیشتر کەسیان تێکردبوو ؟

ناوەڵا نەماندەزانی، بەڵام گوتمان بۆبەردانێ نیە. ئاخر کوێرەکانیان بەجیا ناونوسکرد. خاڵم کوێربوو پورهەمین کوێربوو ئەوانیان بەجیا خستە سەیارەوەو بردیانن. ئی کوێریان گرتبوون ماڵت نەشێوێ.

کوێرەکانیشیان بردبوو، کوێرەکانیان بەجیا خستە دوو پاسانەوە هێنایانن بۆ نوگرەسەلمان، پورە ئامینیش کوێربوو. ئەوەتا لێرەیە، خانم چاڵاوایی بوو، حەمەی کوێخا خدری هەر کوێربوو. بەخوا کابرایەکیان هێنابوو کوێربوو لێرەوە بۆ ئەوێ درێژبوو، پیسایی لەبن خۆی دەکرد. ئەوەشیان لەچاڵاوا گرتبوو هێنابوویان بۆ نوگرەسەلمان کورە ئەو سەدامە ئەوەندە غەددار بوو دنیایان هەموو چنیبووەوەو هێنابویان .

یەکێکیان خوشکەکەی مام عەبدول حەمیدی بوو راست دەکەی پیرۆزی ناوبوو .

ئێوە لەکوێ زانیتان کە بەرتان دەدەن ؟

واڵلە هەتا بەریان نەدایـن نەمانزانی بەڵام کەهێنایانینەوە لە کەرکوکێ من گوتم وا بەرەو سلێمانی دەڕۆین. بەو ژنەم گوت کەوا لێرەیە کەگەیشتینە سلێمانی ئەفسەرێک هات گوتی ناحێی کوێن گوتم سورداش کابرایەکی هەڵەدنی گوتی دەک موت لەزمانی بێ بۆ وات گووت؟ گوتم

ئەیەقوربانم بێ ئەی بڵێم هەڵەبجەییم دەمانبەن بۆهەڵەبجەو رەوانەی ئێرانێمان دەکەنەوە. گوتم سورداشین ئاخر لەوەتای بەبیرمدێ باب وباپیرم هەر سەربەناحێی سورداشی بووین. ئێنجا هەڵەبجەییەکانیان بەجیا ناردو ئێنجا ئێمەشیان بردەوە بۆ کۆمەڵگای پیرەمەگرون بۆشەوەکەی ماینەوە بۆ سبەی هەینی بوو ئاوا بەرەڵایان کردین ئێنجا هاتمەوە بۆ سلێمانی بەخوای ماڵی برایەکەم لەسلێمانی بوو، دوو ژوریان هەبوو بە دووپلە بۆی سەردەکەوتی ژنێک بەباوەشێ سەری خستم ئایشەی حاجی حەمەلاوی سەری خستم ئەوەندە لاواز بیووم، هەموو ئاوامان لێهاتبوو (بەدەست ئاماژەی لاوازبوونی خۆیان دەکات) ئەوە ٢٧ ساڵ پێش ئێستات بۆ باس دەکەم. ئێستا شوکر باشین لەبرسان ولە تینوان مردبووین. بەخوا ئەو کچەم کە جلەکانی سوتاندم دەتگوت خوێت تێکردووە قرچەی دەهات ئەوەندەی ئەسپێ تێدابوو.

وەلالەهێ ئەوسیاسەتەی بەسەر ئێمە هات، هەر ناگێڕدرێتەوە، بەبیری من شەش جار ماڵمان سوتاوە بەخوای جارێکی ماڵەکەمان سوتا مانگام سوتان مراویم سوتان شەش حەوت مراوی تێدا سوتان، هەنگەکانم سوتان ئێستاش هەر خەمی هەنگەکانمە ئێستا کیلۆی هەنگوینی بەپەنجا هەزارە. چل هەنگم تیایدا سوتا، لەو گردە گەورەی بەچنگ هەنگوینم دەرهێناوەو خواردوومە، برایەکەم گوتی کچەتیو پێی دەمریت؟ گوتم توخوا هەر ئەمجارەیە با تێری لێ بخۆم . لەکن مزگەوتەکەی خانووم سوتاوە، ئەو رۆژەی ٤٠دانە خانوو سوتان لەم دێیەی لای خۆی هێرۆخان رەسمی گرتووە هیچیشمان بۆناکەن

هیرۆخان ئەوکاتە کەسوتاوە رەسمی گرتووە ؟

ئەی چۆن ئائا ئەوکاتەش لێرە بوو، کامیرای هەبوو

ئێنجا کەهاتییەوە بۆ ئێرە هەر چاوەڕوانی زەیتونی بووی ئەویش بەربێ وبێتەوە ؟

ئەی چۆن بەرێوەلا هەردەیانگوت واسجن گەیشتنە عەربەتی ئەوە وەجبەیەکی تر بەربوون دەمگوت توخوا بابرۆین بزانین زەیتونیان تێدانیە رامان دەکرد دەچووین بۆ عەرەبەت و دەیانگوت سجن والە هەولێرێ بەردەبن. دەچووین بۆهەولێرێ بەقورئان حەوت دانەجار من چوومە هەولیرێ لەگەڵ ئەو ژنە مالومەییەی دەچوین خواکەی ئەویش تاقە یەک کوڕی هەبوو، بەلام دەنگیان نەبوو نەهاتەوە.

دوایی کەهاتیتەوە لێرە چۆن دەژیایی لەگەڵ کێ دەژیای ؟

لیرە لەگەڵ کچەکانم دەژیام زاوایەکیانم زۆر باش بوو لەگەڵ ئەوان دەژیام.

ئەی حکومەت زەوی پێنەدای ؟

شوێن بۆرییەکیان دامێ تەنها شوێن ژورێک بوو دوایی بەچوار هەزار دینارم فرۆشت.

ئەی عەقار ؟

نا عەقاریان نەدامێ

ئەی حکومەتی هەرێم زەوی نەداپێت ؟

هی شەهید حامیدیان دامێ ئەویشم فرۆشت قەرزم پێدایەوە قەرزی خۆی کە پیشگیرانی لەملاوئەولای قەرزی کردبوو.

**ئەی حکومەتی هەرێم ؟ زەوی زەیتونی پێنەداوی؟**

هێشتا نا وەرم نەگرتووە بەلام ناوم دەرچووە بمدەنێ. (قاسم گوتی زەوی پیدراوە، بەلام سورەت قەیدەکەی تەواو نەبووە)

**ئەی گوتت هیچم بۆنەکراوە بۆ ئەنفالکردنەکەت ؟**

بۆ زیندانی سیاسیەکەم بۆم نەکراوە دەڵێن دەبێت دوو شاهیدبێنێ موچەیان هەبێت منیش شاهیدەکانم خوێندەوارییان نیەو موچەشیان نیە لەکوێیان بوو.

ئەی بۆئەوان کراوە کەلەگەڵتدا سجن بوون ؟

نا بۆئەوانیش نەکراوە

**هەتا کەی چاوەڕوانی زەیتونت کرد ؟**

هەتا کەی نازانم هەتا هەوێیان بۆکردین . (مەبەستی ئایشێ هویەی وەرگرتنی موچەکەیەتی دوای ئەوەی پەرلەمان بریاریدا وەفاتنامەیان بۆبکەن) هەتا سەدام مابوو هەرچاوەروان بووین و دوای ئەویش هەرچاوەروان بووم.

**ئەی ئێستا ؟**



ناواللە ئێستا مەیلم ناوە دەزانم کەنەماون ئەی روفاتمان بۆنەهاتنەوە؟ ئەی ئەوەنیە لەدوکانێ نێژراونەتەوە؟ ئەی ئاخر کچەکەی منیش لەگەڵ مالومەییەکان بوو، ئەوان تەسکەرەیان پێبوو بەوەیدا ناسرانەوە، زەیتونیش هەرلەگەڵ ئەوان بوو ئێمە هەموو دۆست وکەسی یەک بووین هەربەیەکەوە بووین وپێکەوەش گیراین خالۆزایەکم لە سێکانیان ٨ کەسی گیرابوون ئەوانەشی تێدابوون .

منداڵەکانی ئەو خالۆزایەشم هەر هەشتیان لەگەڵ زەیتونی جیاکرانەوە.

هاوتەمەنی زیتونیان تێدابوو ئەوانەی تەسکەرەکانیان دۆزرانەوە ؟

ئا تێیاندابوو هەلەدنی ومالومەیی ئێمە دۆڵی جافەتی هەموو پێکەوەبووین و پێکەوە گیران ئەوان تەسکەرەیان دۆزرایەوە بەڵام ئەوەی من تەسکەرەی پێنەبوو.

**ئێستا بیجگەلەوەی کچەکانت هاوکاری وهاودەنگیت دەکەن لێرە لەگەڵ کێ دەژێی ؟**

لێرە هەربەتەنێ بەڵام شوکر کچەکانم باشن و کورەکانی باشن و هاوکاریم دەکەن عەیبم چییە زۆرباشم شوکر ژیانم خۆشە بەڵام وەڵاهی ئەمشەوی رابورد تۆزێک ساردبوو دوباتانیم بەخۆم دادابوون گەرم نەدەبووە . دەنا واللە شوکر ژیانێکم هەیە عالەم بەغیلیم پێدەبا. ئەوەتا یارمەتیم دەدەن و خانویان بۆکردووم ئەگەر ئەوان نەبونایە کوا پێم دەکرا خانوی بکەم بەخوای بۆخۆم ئەلیرەوە بۆ ئەوێ گۆزیلکەیەکم پێ هەڵنەدەگیرا .

پێتخۆشە کەسی وەک من بێن باسی ئەنفالت لەگەڵدا بکەن یان پێتخۆشنیە برینت بکۆلیتەوەو باس بکرێت ؟

وەڵا زۆرم پێخۆشە پێش تۆش یەکێکی وەک تۆهات وەڵا لەتەنیشتیەوە دانیشتم هەویەکەی زەیتونی لێوەرگرتم ئەلەوێ دانیشتبوو. حاجی جەزای ناوە پیاوێکی باش بوو زۆر مەمنونیم هاوکاری کردین[106] پورە ئایشێ زۆرجار بۆیان باسکردوم کەئاوەکەتانیان پیس دەکردو دەرمانیان تێدەکرد ئەوە راست بوو ؟

کورە ئێمەیان بۆسیاسەت[107] کردنێ هێشتبووەوە ئێستاش نازانم ئێمە چۆن ماوین. کاکە سیاسەتی وی تەواونابێت هەر ناگێڕدرێتەوە ئەو پورە ئامینە زەینی لەمن چاکترە .

ئەی تۆ ئەو عامودەت دیت کەدەیانگوت خەڵکیان پێوە دەبەستەوە ؟ یان خەڵکیان پێدا هەڵواسیبێ وبەقامچی لێیاندەدان ؟

نابەخوا نەمدیووە. ئێمە لەقاتی سەرەوەبووین و نەیاندەهێشت سەیری دەرێ بکەین.

ئەگەر ئێستا رەسمی نوگرەسەلمانت نیشانبدەم دەیناسییەوە ؟

کورە نەبەخوای من لەتاو ئازاری کورم ولەتاو ئازاری کچم چاوم نەدەبینان.

**پورە ئایشێ پرسیارێکی دی ؟**

فەرموو

**حەزدەکەی بەسەردان بچیتەوە بۆ نوگرەسەلمان ؟**

نەبەخوای بەقوربانت بم دنیام لەسەر تاپۆبکەی حەزناکەم چاوم پێیبکەویتەوە .

**بەڵام زۆرکەس هەن پرسیارم لێکردون ئارەزوو دەکەن بچنەوە ببیننەوە ؟**

ناچمەوە بەقوربانت بم بمکوژەو مەمنێرەوە. ناچمەوە کاکە معاشیشم ناوێ . ناواللەکاکە شوکر ئەمانەم

106 ئەوەی باسی دەکات راگەیاندن نەبووە حاجی جەزا پیاوێکی ناسراو

107 لێرەدا مەبەستی سیاسەتکردن (بێنەوبەرەو رەتاندن و سوکایەتی پێکردن بەکاردەهێنێ بەتایبەتی خەڵکی ئەوناوچەیە هەتا دەگاتە بیتون وخۆشناوەتیش کاتێک بڵێن بەهیلاکیان بردین دەڵێن هەربەسیاسەتیان بردین.

(کچەزاکانی) پێگەیشتون وبەخێوم دەکەن معاشیشم ناوێ و ناچمەوە بۆ ئەوێ بەخوا بچمەوە لەوێ روحم دەردەچێت. ناچمەوە کاکە هەرچاوم بە شوێنەکەی زەیتونی بکەوێتەوە دەمرم .

**ئەی موچەی زەیتون وەردەگری ؟**

بەڵێ وەریدەگرم

**پورە ئایشێ زۆر مەمنون زۆرم ماندوکردی**

ولەە ئەوە حاڵەکەی من بووە کاکە کورە رەبی بەخێرێن ماڵەکەتان ئاوەدان کردمەوە، پێغەمبەر بەخێرێن وەلا پێمناخۆش نیە بێن ولێم بپرسن قەیدی چیە خۆهەتا ئێستا ئەوسیاسەتەمان نەنوسیوە.

**زۆر سوپاس بەلام سەتڵەکەشم پیشانبدە با وێنەیەکی بگرم**

باشە بەچاوان والە حەوشەیە بەخوای لە نوگرەسەلمانێ هێناومەتەوە

**زۆر سوپاس پورە ئایش**

رەبی بەخێربێن



وێنەکە دوو پێشمەرگەن بەناوەکانی هونەر حوسێن و عومەرچاوشین، ساڵی ١٩٨٧ چەند مانگێک پێش بریندار بوونیان لە گوندی سەرگەڵو گیراوە، هەردوکیان پێشمەرگەبوون و لە ٢٥ی ئازاری ١٩٨٨ لەشاناخسێ بەرچەکی کیمیایی کەوتن و بریندار بوون، هەرچی هونەرە برینەکەی سوکتر بوو، بەلام عومەر چاوشین بەسەختی برینداربوو، هەتا ئێستاش لەئەڵمانیا لەژێر چاودێری پزیشکی و چارەسەردایە، ساڵی رابوردو نەشتەرگەری چاوێکی بۆکرا بەداخەوە ئەنجامەکەی باش نەبوو. هونەر حوسێنیش چەند مانگێک بەئازاری برینەکەیەوە نالاندویەتی و ئێستا هەردوکیان پەناهەندەی تاراوگەن.

## رۆژێک لە ناوبەفردا

## گەشت بۆ گوندی "مالومە" کەشێکی ساردو چیرۆکی دژوار

رۆژی ٢٠١٣/١/١٢ لەسلێمانیەوە بەرەوهەورازی قەیوان بە ماشێنێکی جۆری تویتا دەبلکابینە ملم پێوەنا دیمەنی چیایەکی سپی پۆش، کە هەوایەکی ساردی ئاراستەی ناوشاری سلێمانی دەکرد، کەشێکی شاعیری دەبەخشی بە جادەیەکی خۆش رەوی پێچاو پێچدا بەناو چیاو دۆڵەکاندا تێدەپەریم، دیمەنی قەیوان سەرتاپا سپی پۆش بوو، داربەڕووەکان لە ژێر بەفردا قیت وەستابوون ، وەک بڵێی نەیانەوێت مل بۆ شەختەی بەفرو سەرما کەچ بکەن، بەلام تەواو رەنگی سروشتی خۆیان لە دەستدا بوو، بەبیری من ئەو داربەروانە هەر خۆراگربوون، چونکە دەیانجار بە ئاگری نێلەی جەنگ و تۆپبارانی سەربازگەکان پوشی ژێر قەدو سەر رەگەکانیان ئاگردراوە هەموو سەرو پرچیان هەڵقرچاوە، زۆرجاریش قەدەکانیان سوتاوە، بەلام ئەوان نەبەزیون و دوبارە سەوزبوونەوە.. دیمەنی

ئەمجارەشیان لەبن بەفردا پتر لە پۆرتریتی هونەرمەندێکی دەست رەنگین دەچوون، کە لە کەشێکی رۆمانسیدا بە ئایدیایەکی قوڵەوە وێنەی کێشابن، منیش لەو دیو شوشەوە لە شوێنی گەرموگورەوە بەقەد پاڵ وسەر لوتکەی چیاکانەوە دەمبینین.
نیازی گەشتەکەم کارێکی گرنگ بوو، لە سنوری شارباژێرو دۆڵی جافایەتی، بەتایبەتیش مەنزڵم گوندی مالومەی سەربە ناحێی گاپیلۆنی قەزای شارباژێربوو. لە گوندی مالومە تێبینی خاڵێکی سەرنج راکێشم کرد، گوندێک کە ناوی لە رۆژ ژمێری کیمیاباراندا نییەو خەڵکێکی زۆریشی بریندار چەکی کیمیایین ! زۆربەی بریندارەکانیشی لەبری جارێک دووجارو لە دوو شوێنی جیاواز بەرکەوتون، جارێک لە گوندی چالاوی دۆڵی جافایەتی و جارێکیش لە ئۆردوگای هەوارە خۆڵی نزیک شاری بانە و هەندێکیشیان لە چیای مادینەی نزیک هەڵەدن ساڵێک پێشتر بەرکەوتبوون وجاری دووەم لە هەوارەخۆڵ بەرکەوتبوونەوە.

هەڵبەت دوجاری تر بەمەبەستی دیمانەسازی و دۆکۆمێنتکردنی چیرکی کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئەوانەی بریندارى کیمیابارانن چومەتە ئەو گوندە، بەلام سەردانی ئەمجارەم تەواو جیاواز بوو، بەتایبەتی بۆ هاوکاری بریندارانی چەکی کیمیاوی دەچووم کە رێکخراوی سپی رای سپاردبووم، هەرگیز نەمدەزانی گوندێک کە ناوی لە دۆسێی کیمیاباراندا نییە، خەڵکە هەزارەکەی بەو ئەندازەیە بەرچەکی کیمیاوی کەوتبن..! نایشارمەوە من بۆخۆم بەگومان بووم مالومە بەو ئەندازەیە وبەو رێژە زۆرە ئالودەبووبن و بەو ئەندازەیش پشتگوێ خرابن.. ؟! بۆچی ؟ بێگومان ئەوەیان وەلامی ئازار بەخشی گەرەکە .

لەو سەردانەمدا (٩) کەسی نەخۆشم بینی کە زۆربەیان بریندارى چەکی کیمیاوی بوون و هەندێکیان لەسەر جێگا کەوتبون، ئەوانەی بریندارى چەکی کیمیاوی بوون بە زۆری لە گوندی چالاوی دۆڵی جافایەتی و لە ئۆردوگایەکی شاری بانەی رۆژهەلاتی کوردستان ( هەوارە خۆڵ) بەرکەوتبوون. هەندێکیشیان لەچیای مادینە بریندار ببوون، ئێستا هیچ گوندنشینێکی مالومە نییە ناوی هەوارە خۆڵ نەزانی، کاتێک لە ترسی پەلاماری ئەنفالی قۆناغی یەکەم رایانکردبوو، مال وحالیان بەجێهێشتبوو، بەشەکەتی و ماندوبونێکی زۆر بەناو بەفرێکی ئەستوردا بەجەستەی سوتاو هەناوی گرتیبەربووەوە رێگەیان بریبوو، دوای ئەوەی لە سنور پەڕیبوونەوەو گەیشتبوونە ئەو ئۆردۆگا چادرنشینەی لە هەوارە خۆڵ بو ئاوارەکانی ئەنفالی یەکەم سازکرا بوو، کاتژمێر ٨ی سەر لەبەیانی رۆژی ١٠ی تەموزی ساڵی ١٩٨٨ فرۆکەکانی رژێمی بەعس چووبوونە سەر ئاسمانی شاری بانەو دووجار بەسەر ئەو ئۆردوگایەدا خولابوونەوەو ئینجا بە بۆمبی ژەهراوی دایگرتبوونەوە.

زۆربەی بریندارەکانی خەڵکی گوندی مالومە زیاد لەجارێک بەرچەکی کیمیایی کەوتون، هەندێکیان ساڵی پێشتر بەهۆی کیمیابارانی گوندی هەڵەدنەوە بریندار بوون و زۆر بەشیان لە ئەنفالی یەکەمدا لە گوندی چالاوا بەر ئەوگازە نەعلەتییە

کەوتوون، کە تێکەڵبووە بە بۆنێکی خۆش و لەراجیمە دوو مەتریەکانی سوپای بەعسەوە لە سەربازگەی سوسێوە ئاراستەیان کرابوو ساڵح ئیبراهیم دەیگوت نازانم ئەو سەگبابە بۆچی بۆنیان خۆش بوو؟.

هەر بەگەیەشتنم کاک ئاوات قادری مالومە یاوەری کردم و دەستمان کرد بەسەردانەکەمان، یەکەم ماڵ کە لە دەرگامانـدا ماڵی ژنێکی تەمەن ٤٦ ساڵ بوو، بەناوی زارا محەمەد، زارا لەخانوویەکی قوری نا ئەندازەییدا دەژی، لەگەڵ ئەوەی کەهاوتەمەنی من بوو، کەچی ئەو پیری بە روخسارییەوە دیار بوو، ئەو ژنە کاتێک هاوسەرەکەی " بەناوی صالح عەزیز مارف" لە گوندی شاناخسێ بەخەستی بەرچەکی کیمیاوی کەوتبوو، زارا بەمەبەستی هاوکاری کردنی، چووبوو بەلایەوە جلەکانی لەبەر داکەندبوو بەپەلە بۆی شۆرد بوو، ئیتر لەوساتەوە هەتا ئێستا زاراش ئاڵودەبووەو هەمیشە تەنگە نەفەسەو خرویەکی بێزارکار کەوتووەتە لەشی و هیچ دکتۆرو حەکیمێک نەیتوانی دەرمانی دەردی بکات، زارا دایکی چوار کورو دوو کچە، بە جۆرێک ئاڵودە بووە، نە خۆی بۆسەرمادەگرێ و نە لەبەر ئاگریش ئۆقرە دەگرێ، سەرچاوەی بژێوی ئەم خانەوادەیە موچەی شەهیدە کیمیابارانکراوەکەیانە و موچەکەی فەرهادی کوڕیانە کە پێشمەرگەی بەرەکانی جەنگە.

لە گوندی مالومە چیرۆکی پیرۆزی تەمەن ٥٦ ساڵ لە هەموویان کاریگەرترە، پیرۆز لەپەلاماری ئەنفالی یەکەمدا مێردەکەی بەناوی ستار محەمەدەمین دەستگیرکراو وەک زۆر کەسی تر ئەنفالکرا و بیرای بەر جارێکی تر چاوی پێی نەکەوتەوە، پیرۆز لە دوای ئەنفالکردنی مێردەکەی بەمەینەتیەکی زۆرەوە ژیانی گوزەراندووە ئەگەر ٤/١٤ بۆ ئەوان یادەوەرییەکی تاڵ بێت ئەوا بەرواری ١٠/٢٩ بۆ ئەو خانەوادەکەی تاڵترە، چونکە لەو رۆژەدا پیرۆز بەدەم کاروباری ماڵەوە لەسەربان کەوتە خوارەوەو ئەو ئازارەی پێیگەیشت جارێکی تر قاچەکانی زوییان نەگرتەوەو هەتا ئێستا لەسەر جێگا کەوتووەو بەدەم ئازارەوە دەناڵێنێ، هەرچەندە باشترین دکتۆرەکانی هەرێم نەشتەرگەرییان بۆ کردووە بەڵام بەراشکاوی پێیان ووتووە تۆ جارێکی تر ناتوانی بە سەرپێی خۆتەوە برۆیت، ئیتر لەو ساتەوەختەوە هەتا ئێستا ئەم ژنە ئەنفالدیدەیە لەسەر گازی پشت کەوتووەو لەمەینەتیەکی ئازاربەخشدا رۆژگار بەرێدەکات.

ماڵی رەشید مەحمود ساڵح و پەخشان مستەفا زۆر جێگەی تێڕامانم بوون رەشید پێویستی بە دکتۆری چاوپێست هەیە، جگە لە خۆی هاوسەرەکەی (پەخشان ومنداڵەکانیان چوارکەسی تر لەخانەوادەکەی لە هەوارخۆڵی شاری بانە بەرچەکی کیمیاوی کەوتوون، هەرچەندە دوای بۆمبارانەکە هەموویان براون بۆ نەخۆشخانەی تەبریز لە ئێران، بەڵام دوای ئەوە ئیتر هیچ دکتۆرێکی تایبەتیان نەبینیوە. ئەوسا کە سەردانم کردن خۆی و پەخشانی هاوسەری پێویستیان بە دکتۆری چاو پێست هەبوو. لەچاوەکانیاندا داوای هاوکاریم دەخوێندەوەو منیش هەر ئەوەندەم لەدەسەڵاتدابوو ناویان بنوسم. رەشید چیرۆکی برایەکیشی بۆگێڕامەوە

کە ئەویـــش هەربەکیمیـــایی لەشـــاخەکەی پشـــتەوەیان شـــەهید بیـــوو، هەتـــا ئەوکـــاتەی منـــیش ســـەردانم کـــردن تەرمەکەیـــان نەهێنـــابووەوە هەرلەو جـــێگەیە بـــووکەلێی شـــەهیدببوو. ! ڕەشـــید ڕایەکـــی جـــوانی هەبـــوو (تـــازە ئیســـک وپروســـکی چـــی بێـــنمەوە، هەمـــووی هەر ئەرزی خـــوایەو هەر وڵاتـــی خۆمـــانەو ئەوێـــی بەنســـیب بـــووە) بەڵام زۆر گرنـــگ دەبـــێ ئەگەر گـــۆڕی ئەو شـــەهیدەی کیمیابـــاران هەڵبەســـترێ وچەتـــری بۆبکرێـــت وەک مۆنۆمێنتێـــک بـــۆ دیـــاری کردنـــی شـــوێنێکی تـــری بۆمبـــارانی کیمیـــایی. ئـــاخر لەکوردســـتان گـــۆڕی ئەســـحابان زۆرن و کەســـیش نایانناســـێ و ڕەنـــگە زۆربەشـــیان داگیرکـــارو دوژمنـــی ئەم نەتەوەیە بـــوون. بۆنابێـــت بـــراکەی ڕەشـــید ببێـــتە شـــوێنێک بۆســـەردانی کـــردن و گرنگتـــر لەگـــۆڕی ئەســـحابان ؟ هەربەراســـتی عەبـــدوڵا پەشـــێوی شـــــاعیر جـــــــوانی فەرمـــــــووە لەسەرهەربســـــتەزەمینێکی ئەم خـــاکە لەگـــۆڕی شەهیدمەپرسەو تاجە گوڵێنەکەت دانێ.

یەکێکـــی تـــر لە برینـــدارانی چەکـــی کیمیـــاوی گونـــدی مـــالومە شـــێلان ســـوارە ســـوارەی تەمەن ٢٥ ســـاڵە، کە ســـاڵی ١٩٨٧ لە بنـــاری چیـــای مـــادینەی نزیـــک هەلەدن بەرچەکـــی کیمیـــایی کەوتـــووەو لە پەلامـــاری ئەنفالیشـــدا کە گەیشـــتنە " هەوارە خـــۆڵ" ی نزیـــک شـــاری بـــانە زۆر نە بـــوو کە گەیشـــتبوونە ئۆردوگـــا چادرنشـــینەکە، کە فرۆکەکـــانی بەعـــس بۆردومانیـــان کـــردن و بـــۆ جـــاری دووهەم شـــێلان بەرچەکـــی کیمیـــایی کەوتەوە. هەرچەنـــدە بەدەســـت وبـــرد تیمـــی فریـــا گـــوزاری گەیانـــدبویاننە خەســـتخانەیەکی شـــاری تەبرێـــز، بەڵام دکتۆرەکـــان نەبـــوونە فریـــادرەس و هەتـــا ئێســـتا بەدەســـت تەنـــگە نەفەســـــیەوە دەنـــــاڵێنێ، هاوســـــەرە کەمئەندامەکەشـــی بەنـــاوی "تۆفیـــق قـــادر محمـــود" لەبەر هەژاری نەیـــپەرژاوەتە ســـەر شـــێلان و هێشـــتا دکتـــۆرێکی پســـپۆری نەدیوە .

چیرۆکـــی ســـاڵح ئیبـــراهیم مەحمـــود بـــوو، لەهەموویـــان بەئـــازارتر بـــوو، ئەم برینـــدارەی چەکە نەفـــرەتیەکە لەدایکبـــووی ســـاڵی ١٩٧٧ بـــوو کەچـــی وەک پیرەمێردێـــک دەینوانـــد. حـــاڵی زۆر خـــراپ بـــوو، دووجـــار بەرچەکـــی کیمیـــایی کەوتبـــوو جارێـــک لە چـــاڵاوا و جـــاریکیش لە هەوارەخـــۆڵ بەرکەوتبـــوو، دەیگـــوت مـــن ئەو چەکەی چـــاڵاوام دیـــووەو دوکەڵەکە زەردو ســـــوربووە، بەراجـــــیمە لەسوســـێوە هـــاتوون لەنزیکـــی مـــن کەوتـــوون، ســـاڵح بەهـــۆی گازبـــارانەوە خـــراپ بەرکەوتبـــوو بەتـــایبەتی ڕیخۆڵەکـــانی تەواو سســـت بـــوون و وەک خـــۆی دەیگـــوت پێـــدەچێت ســـیەکانی بەتەواوی خـــراپ بـــووبن . ڕۆژگـــارو مرۆڤـــایەتی ســـاڵحیان فەرامـــۆش کردبـــوو لە ژورێکـــدا لەگەڵ پیرەدایکیـــدا ســـەریان پـــێکەوە نـــابوو لەخـــوار هەژاریشـــەوە دەژیـــان، برایەکـــی هاوکـــاری دەکـــرد، ئەگەرچـــی بردبویـــان بـــۆ بەغـــداو بـــۆلای دکتۆرەکـــانی ســـلێمانی، بەڵام دەوای دەردی ئەم پیـــاوە لەلای ئەو دکتـــۆرانە نەبـــوو چـــونکە هـــیچ ســـودی لە دکتۆرەکـــانو دەرمانەکـــان نەبینیبـــوو . ئەو هەربەهـــۆی بەرکەوتنـــی کیمیـــاییەکەوە چاوەکـــانی لەدەســـــت دابـــوون و هەروا مەتریـــک دەیتـــوانی ببینـــێ . هەرکە لەمـــالومە گەڕامەوە تەلەفـــۆنێکم بـــۆ دکتـــۆر تەهابـــان کـــردو حـــاڵی ســـاڵحم بۆباســـکرد، بەسوپاســـەوە گـــوتی: هەرکـــات هـــاتن مـــن لەخزمەتیانـــدام بەڵام بـــا نـــامەیەکی تۆیـــان پێبێـــت بـــۆئەوەی

بیان ناسەوەو هاوکارییان بکەم . ئەوانیش چووبوون و هاوکاری کردبوون . بەڵام دەردی ساڵح لەلای دکتۆریش نەمابوو. بەداخەوە لیژنەکانی وەزارەتی شەهیدان نەیانبینی. کە دوای ماوەیەک لەو سەردانەی منیش ساڵح گیانی لەدەستدا .

عومەر محەمەد ئەمین لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٧ ەو خێزاندارەو باوکی کوڕو کچێکە ئەم بریندارە : دوجار بەرچەکی کیمیاوی کەوتووە، جارێک لەگوندی چالاواو جارێکیش لە هەوارە خۆل بەو حاڵەشەوە لەگەرانەوەیدا بەجەستەی بیمارەوە ماوەی ١٠ رۆژ لە ئەمنی سەرچنار گیراوە، هەموو لەشی بریندارە، لەو سەردانەمدا تێبینی ئەوەم کرد ئەم پیاوە تەنها ئازایەتی خۆی هێشتویەتیەوە دەنا پێویستی بەوە هەیە هاوکاری بکرێت وببرێت بۆ ئێران من لەراپۆرتەکەمدا بۆ رێکخراوی سپی نوسیومە ئەم بریندارە پێویستە لیژنەی پزیشکی ببینێ و حاڵەتەکەی ساغ بکاتەوە .

سەردار قادریش ئەو گەنجە مەینەتبارەیە کە بەدەست خرووی قاچەکانیەوە هەیلاکەو تەواو هەراسانی کردووە، سەرداریش لەهەمان ئۆردوگای هەوارە خۆڵ بەرچەکی کیمیایی کەوتووەو لەگەڵ شێیلان سوارە سوارەو زۆری تر گەیەنراونەتە نەخۆشخانەکانی بانەو دواتریش بۆ تورێز رەوانەکرابوون، سەردار هەلاوسانی قاچەکانی وەک میزەڵان بووەتە گرێیەکی دەرونی و یادەوەریەکی هەمیشە زیندوو، دەڵێ : کە کیمیایی لێیدابن من قاچم وەک میزەڵانی منداڵان هەڵئاوسان، ئێستاش بەدەست خرووی قاچەکانمەوە وەزعم زۆر خراپە، لەوەش خراپتر باری گرانی هەژارییەکەیەتی .. باوکی دوو منداڵەو کورێکیشی بەنەخۆشی مردووە. سەردار دەیگوت : کاکە هیچ عەیبێکی تێدا نییە من توشی نەخۆشی دەرونی بووم و پێویستم بەچارەسەرە ئەم خەڵکەی ئێمە سەیرن بۆهەڵامەتیش دەچن بۆلای دکتۆر کەسور دەزانن هەرچەند رۆژێکەو چاک دەبنەوە بەڵام نیوەی ئەم خەڵکە وەک من نەخۆشی دەرونیان هەیەو پێیان شەرمە بچن بۆلای دکتۆری دەرونی.

هەرئەو ئێوارەیە خۆم لەدەست خولقوخۆی گەرمی دۆستەکانی مالومە رزگارکرد و بەرەو سلێمانی بەرێکەوتمەوە، هێشتا لە ماڵی مام قادر لەپرسیاردا بووم، کە ئێمەی بەجێهێشتوو کەوتە دوای کەڵەشێرێکی پۆینە سوری کوردی، باش بوو مام قادر لەوێزەی کەڵەشێرەکە نە دەهات، وەک دەیگوت چیبکەم قوەتی جارانم نەماوە دەنا لەدەستم قوتار نەدەبووی، ئەودەیویست بیگرێ و سەری لەلاشەی جیابکاتەوەو بۆ میوانەکانی بکاتە ژەمێکی بەچێژ، کاتێک لە نیازی مام قادر تێگەیشتین، من و کاک ئاوات وازمان لە پرسیارەکانمان هێناو دەستەودامێنی مام قادر بووین خۆی ماندونەکاو کەڵەشێرەکەش ئازاد بکات، چونکە ئێمە نامێنینەوە. هەتا مام قادرمان قایلکرد زۆری پێچوو.

ئێوارە تاریک داهاتبوو کە ماڵئاوایم لەکاک ئاوات قادر کردو بەناوکەشێکی ساردو زوییەکی سپی پۆشدا، بەدیوی کەوکەبەدا ملی رێگەی سلێمانیم گرتەوەو ئەو خەڵکە مەینەتبارەم لەناو ماڵەکانیاندا بەجێهێشت، هەوای گەرمم کردبووەوەو چ باکم بەسەرماو بەستەڵەکی دەرەوە نەبوو، کە زەوی کردبوو بەئیسقانێکی رەقوتەق، کاتێک چیای

ئاسنگەرانم لەژێر بەفری سپیدا دەبینی ئەو سروشتەجوانە دەیبردمەوە سەر یادەوەری تاڵ و ناخۆش نیڵەی ئاگری ئەنفالی یەک وەک شریت بەبەرچاومدا تێدەپەڕی و یادەوەری ئەو پێشمەرگانەم بەبیردا دەهاتەوە کەلەوێ لەگەڵ ماشێنی شێت وهاری ئەنفالدا بە برسێتی و بەو چەکە سوکەڵانەی دەستیانەوە لە ناوسەنگەرە تەنگەبەرەکانیانەوە دەجەنگان، دیمەنی ئەو سەربازانەشم بەبیرهاتەوە کە لەم حەوزەی ماوەتدا رەقبوونەتەوە سەرباری ئەوەی لەژێر چادریشدا بوون بەڵام هەر بەرگەی سەرمای کوێستانیان نەگرتووەو سەرماکاری تێکردبوون دوای ئەوە لەشیان رەشبووەتەوە ٣٠ کەسیان لەسەرمادا مردبوون. ئەوسەربازانە نەگبەتترین کەسانی رۆژگاری خۆیان بوون، چونکە پێناچێت ئیمتیازی دەوڵەتیشیان بەنسیب بووبێت ئەگەر بەسەربازی ترسنۆکیش ناونوسنەکرابن هەرباشە، تەنها لەیادەوەری فەرماندەکەیاندا تۆمارکراون بێئەوەی ناویان بنوسێ، لیوارکن فەوزی بەرزنجی لەیادەوەرییەکانیدا باسی سەرماو بەفرو کتلیەرەش و مردنی ئەم ٣٠ سەربازەی یاداشتکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر بەشان وباڵی پێشەوای تیپدا هەڵدەڵێ بەڵام نەیشاردووەتەوە و نوسیوێتی : کاتێک بەبروسکەیەک باسی بارودۆخی شەڕو مردنی سەربازەکانم بۆکردو پێشنیاری پاشەکشەم بۆ کردبوو، ئەو بروسکەیەکی بۆناردمەوە پێکهاتبوو لەسێ وشە، (تقدم ، تقدم نصر) ئیتر تێگەیشتم وشەی چوارەم ئیعدام کردنمە. بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە ریگەم دەبری و بەتەنیشت مەوکەبەدا بەرەو قەیوان ریگەم دەبڕی کاتێک گەیشتمەوە بەرزاییەکانی قەیوان گڵۆپەکانی شاری سلێمانی لەگەڵ سەرمای زستان لەململانێدا بوون. بەوهەموو خەمەوە بەرەو سلێمانی شۆڕبوومەوە، هەربەگەیشتنەوەم کۆمپیتەرەکەم پێکردو دەستم کرد بەنوسینەوەو یاداشتکردنی ئەو هەموو دڵرەقی و ستەمکارییەی مرۆڤ دەرهەق بەیەکتری کردویەتی..

**لەم گەشتەمدا سوپاسی هەردوو هاوڕێی بەرێزم فەلاح مورادخان و ئاوات قادر مالومەیی دەکەم، کەهەریەکەیان بەجۆرێک هاوکارو یاریدە دەرم بوون .**

# زوهرە رەشید مارف
# دووجار بەرچەکی کیمیایی کەوتووم.

**دیمانە لەگەڵدا کراو : زوهرە رەشید مارف**
**٢١ی ئایاری ٢٠١٣**
**شوێن مالومە.**
**کات: ٢ی پاش نیوەڕۆ**

ماوەی سێ مانگ سەرپەرشتی کارەکانی رێکخراوی سپیم دەکرد لەناوچەکیمیابارانکراوەکاندا،



بەرلەرێکخـــراوی ســـپی رێکخـــراوی وادی ئەڵمـــانی هەنـــدێک پـــرۆژەی خێـــرای هەبـــوو بـــۆ ئەم ناوچـــانە بەڵام ئەم بەرنـــامەیەی رێکخـــراوی ســـپی زۆر ســـودمەندبوو بـــۆ ئەو بریــنـــدارانەی لەنـــاو گونـــدو پشـــت کێوەکـــان بەرکەوتبـــوون و کەس لێـــی نەدەپرســـینەوە. بیـــرۆکەی دامەزرانـــدنی رێکخراوێـــک بۆناوچەکیمیابارانکراوەکـــان دەگەرێـــتەوە بـــۆ چـــالاکیەکی دەســـتەجەمعی کـــاریگەر لەبەردەم قونســـڵی ئەڵمانیـــا لەرۆژی ١٦ی ئـــازاری ســـاڵی ٢٠١٠ لەهەمـــوو ئەو گونـــدو ناوچـــانەی بەرچەکـــی کیمیـــایی کەوتبـــوون هـــاتن بۆشـــاری هەولێـــرو لەوێ بۆمـــاوەی چەنـــد کاتژمێریـــک قونســـوڵی ئەڵمانیـــان بەگیروگازهێنـــا ئەمە بـــووە هـــۆی ئەوەی رێکخـــراویکیش بـــۆئەو ناوجـــانە دروســـت بێـــت، ئەگەرچـــی رێکخـــراوی وادی ئەڵمـــانی وکـــاک فەلاح مورادخـــان پشـــتیوانی مـــادی ومەعنەویـــان بـــوو بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی مۆڵەتیشـــیان وەرگـــرت ولە شـــاری هەڵەبـــجەو گونـــدی گـــۆپتەپە بارەگاشـــیان دامەزرانـــد هەرنەیـــانتوانی درێـــژەی پێبـــدەن ورێکخـــراوەکە بهێڵـــنەوە. بەهـــۆی ئەو پـــرۆژانەی وادی ئەڵمـــانی ورێکخـــراوی ســـپییەوە تـــوانیم پەیوەنـــدی زۆر لەنـــاوئەو خەڵـــکەدا بـــدۆزمەوە دوای تەواو بـــوونی بەرنامەکـــانیش بەئاســـانی ســـەردانیان بـــکەم و دیـــداری رۆژنامەوانیـــان لەگەڵـــدا ســـاز بـــکەم چـــونکە راگەیانـــدن وبەکـــالاکردنی چیرۆکـــی قوربانیەکـــان کـــارێکی وای کردبـــوو خەڵکـــی ئەوناوچـــانە ئامـــادەنەبوون قســـە بۆهەمـــووکەس بـــکەن بەڵام خۆشـــبەختانە بەهـــۆی ئەو خزمەتگوزاریـــانەی رێکخـــراوی وادی پێشکەشـــی کردبـــوون وبەســـادەیی وراســـتگۆیی هەڵســـوکەوتی لەتەکـــدا کردبـــوون مـــن دەمتـــوانی بەروســـوری بچـــمە نـــاوئەو خەڵـــکەو پێشـــوازیم لیبکرێـــت، زوهـــرە یەکێـــک بـــوو لەوکەســـە نیگەرانـــانەی ئـــازاری زۆری چەکـــی کیمیـــایی هەبـــوو بەڵام بەمیهرەبـــانیەوە پیشـــوازی لێکـــردین. ئەم ژنەش هەر لەکیمیابـــارانی ئۆردوگـــاکەی هەوارەخـــۆڵ برینـــداربووە، هەوارەخـــۆڵ دەکەوێـــتە رۆژهەلاتـــی شـــاری بـــانەی کوردســـتانی رۆژهەلات، ئەوســـا کەمپێکـــی ئاوارەکـــانی کوردســـتان بـــوو. رۆژی ٢١ی ئایـــاری ســـاڵی ٢٠١٣ سەردانم زوهرەم کردنەوەو ئەم دیدارەمان سازکرد .

**ناوی سیانیت چییە ؟**

زهور رەشید مارف

**زهور یان زوهرە ؟**

هەردوکـــیم پێـــدەڵێن، بەتەســـکەرە زهـــورم وخەڵکیش پێمدەڵێن زوهرە

**تەمەنت چەندە ؟**

**لە دایکبووی ١٩٦٠م**

**هەرخـۆت خەڵکـی گونـدی مـالومەی یـان لێـرە هاوسەرگیریت کردووە؟**

نانا هەرلەمنداڵییەوە لیرەبووم

**ساڵی چەند هاوسەرگیریت کردووە ؟**

کورە واللە نازانم

**چەند منداڵت هەیە**

دایکی نۆمنداڵانم

**چەندیان کورو چەندیان کچن ؟**

دوو کورو حەوت کچم هەیە خوانەیان برێ .

**ئەگەر ناوی منداڵەکانتم پێ بڵێیت ؟**

کورەکان کامەران و کاروان، کچەکانیش گەورەکەیان شـــعریە ئەوە شـــوی کـــردووە، روپـــاک و روبـــارو رۆژگارو روناک.

**هاوسەرەکەت ماوە ؟**

بەڵـــێ مـــاوە، بەڵام ئەویـــش لەجـــێگەدا کەوتـــووەو نەخۆشە.

**ناوی چییە ؟**

ناوی سدیق ئیبراهیمە

**گوتـــت نەخۆشـــە ؟ ئەی نـــازانن چییەتـــی ؟ نەخۆشـــی درێژخـــایەن یـــان هەر پەتـــای گرتووە ؟**

کورە نانا نەخۆشە، بڕبڕەی پشتی (فەقەرات)ی هەیە.

**هەر لەبنەڕەتەوە لەم گوندە بوون ؟**

بەڵێ پشتاوپشتمان لیرەبووە.

**سەرچاوەی دارایی وبژێویتان چی بوو؟**

ئەوەتا لەبەرچاوت بە داماوی وهەژاری دەژین.

**ئێستا نالێم زەورخانم پێش ئەنفال چۆن بوون ؟**

پێش ئەنفال باشتربووین گەنج و بەگوربووین وەک ئیستا کیمیایی نەخستبووین. ئیشمان دەکردو کەسابەتمان دەکرد. بەڵامبەخوای ئێستا کاک ئاواتیش وەک برام وایەو ئێوەش برامن ئەگەر دوو برچوالەبێت ودووکیلۆ ترێ بێت جگەلەوەو ئەو تۆزە ئاژەڵەی هیچ سەرچاوەیەکی تری بژێوی ژیانمان نیە.

**ئەی هاوسەرەکەت موچەی خانەنشینی نییە ؟**

نابەخوای نییەتی، زۆرکەس بۆیانکراوە بەڵام ئێمە هیچ موچەیەکیان بۆنەکردوین.

بۆخۆشم بریندارم ئەوە ٢٥ ساڵە دەناڵێنم .

**مەبەستت بریندابوونی چەکی کیمیاویە ؟**

بەڵێ ئەوە ماوەی 25 ساڵە بەهۆی بەرکەوتنی چەکی کیمیاوی یەوە دەناڵێنم و چارەسەرم نیە. خەڵک جارێک بەرکیمیایی ککەوتووە من دووجاران بەرچەکی کیمیاوی کەوتووم.

**بۆچی دووجار ؟ واتا دووجار بەرکەوتووی ؟**

بەڵێ دوجاران بەرکەوتووم، جارێک لە گوندی چاڵاوای ئەوەتە هەرلێرەیە نزیک گوندەکەی خۆمان جارێکیش لە کاتی ئاوارە بوونەکەمان لە ئێرانێ لێیداین .

**چۆن لە ئێران واتا لەناو ئێران بوون کە بەرچەکی کیمیایی کەوتن ؟**

بەڵێ ئەی چۆن لەوێ نازانم ناوەکەیم لەبیرچووەوە لەنزیک بانەی.

**هەوارەخۆڵ ؟**

ئائا دەمخۆش لەهەوارەخۆڵ بەیانیەکیان زوو تەیارە هات بەکیمیایی لێیداین .

**نازانی چ رۆژێک بوو ؟**

ناواللە نازانم من خوێندەواریم نیە چوزانم .

**ئەو رۆژە ریکەوتی ١٠ تەموزی سالی ١٩٨٨ بوو.**

بەخوای نازانم تۆباشتر دەزانی بەڵام لە ئۆردوگایەک بووین پێیان دەگوت هەوارەخۆڵ نزیک شاری بانە-ئێران.

**ئەی چەند کەس شەهیدبوون ؟**

وابزانم چوار بوون پێن بوون شەهیدبوون لەوانە دوانیان مام وئامۆزام بوون. عەبدوڵاو مامە عەزە لەوێ شەهیدبوون.

**کەس بەهاناتانەوە هات ؟**

ئەرێوەڵا خواهەڵناگری خەڵک هاتن بەفریامان کەوتن برديانين بۆخەستەخانەکەی بانەی بەڵام دوایی رەوانەی تەورێزیان کردین

**ئەی لەوێ چییان لێکردن تەداویان کردن ؟**

بەڵێ ١٢ رۆژان لەخەستەخانەی بووم، دوایی لەوێ نەیانهێشتین بردیانین بۆشارێکی تر

**نازانی ئەوشارەی ترکوێ بوو ؟**

بابا کورە بردیانین بۆ سەقز گوتیان ئێرە سەلامەتترە.

**ئەی سودت لەعیلاجی دکتۆرەکانی ئێران وەرگرت ؟**

ئائا. باش بووبەڵام بۆدکتۆریان نەبردین بۆسەقزی ماڵەکانیان بردین

**دەزانم مەبەستم چارەسەری برینداریەکەتانە سودتان لەوانەی بانەو تەوریز بینی ؟**

بەڵێ باش بوو

**هیچ وێنەو بەڵگەیەکی ئەو کاتەت نەماوە کە لە خەستەخانەکانی ئێران بوو؟**

ناوەڵا

**لەماوەی ئەو بیست و پێنج ساڵەدا هیچ جارێکی تر، سەردانی دکتۆری پسپۆرت نەکردووە.**

نا نەخێر هەتا ئەم ساڵ نەچووم.[108]

108 هەتا رێکخراوی سپی بۆناوچەکیمیابارانکراوەکان نەیبردووە بۆلای دکتور کۆسارمحمد عەلی هیچ دکتۆرێکی

**منداڵەکانت دەخوێنن ؟**

لەوان ٥ دەخوێنن، کچێکیشم کەم ئەندامە.

**چییەتی نەخۆشییەکەی چییە ؟**

قاچی تەواونیەو دەشەلێت .

**ئەی ئەو موچەی کەمئەندامی وەرناگرێت ؟**

بابا ئەو لەکۆمەڵەی رۆژ موچەیان بۆ بڕییەوە. مانگی ٧٥٠٠٠ حەفتاوپێنج هەزاردینار بەدوومانگ جارێک ١٥٠٠٠٠ سەدوپەنجا هەزار دینار وەردەگرێت.

**هەموو منداڵەکانت خوێندەوارن ؟**

نا، نا(٤) یان دەخوێنن، کورەکان یەکێکیان لە شەشی ئامادەییەو یەکێکیان لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییە، رۆژگاریش لە قۆناغی سێهەمی زانکۆیە، شکاریش لەشەشە سروە لەدووی ناوەندییە پێنجیشیان یان نەخوێندەوارن.

**هەتا کەی لە ئێران مانەوە ؟**

هەتا درەنگ ماینەوە کە شەڕ راوەستا ئێمەش گەراینەوە. بەلام هەر لەعەربەت پیاوەکانیان لەژن ومندالان جیاکردنەوەو نەماندیتنەوە ئەوانیان رەوانەی کویت کردوو ئێمەشیان برد بۆ ئۆردوگای باینجان لەوێ فرێیاندێن هیچمان نەبوو. هیچیان نەداینێ ماڵی خەسوم جێگایان کردینەوە شەش حەوت مانگ لەوێ ماینەوە، پیاوەکەشمان عەسکەر بوو.

**لەوێ نیشتەجێ بوونەوە، ئەی حکومەت زەوی و خانوی نەدانێ ؟**

کورە نا، هیچیان نەداینێ نە زەوی نەعەقار هیچ بۆخۆمان ئەرزەیەکمان کری بە پێنج دینار ناواللە بە دە دینار ژورو هەیوانێکمان تێدا هەڵچنی گەچکاریشمان نەکردبوو.[109] پیاوەکەشمان کە هجومی کوێت بوو، تەیارە بۆردومانیان کردبوو ئەویش رایکردبوو سەیارە لێیدابوو پشتی شکابوو، کەهاتەوە نەچووەوە بۆعەسکەری خزمێکمان بەو تری پسپۆری نەبینیوە، تەنها شوێنێک سەردانی کردووە بنکەی چارەسەری قوربانیانی ئەشکەنجەبووە، کەبارەگاکەیان لەشاری سلێمانیە.

109 پێدەچێت زهور بەهەڵەدا چوبێت چونکە هیچ کات نزخی زەوی بەو نرخانە نەبووە.

حاڵەوە سواری کەری دەکردو دەیبرد لەشاخی پیرەمەگرون خۆی دەشاردەوە، ئەوەتا هەتا ئێستاش لەسەرجێ کەوتووە.

**ئەی کە بارودۆخەکەتان ئاوا بوو بەچی دەژیان ؟**

لەوێ تەندورم دەکردو دەمفرۆشت هێتەرم دروست دەکردو دەمفرۆشتن و بەوشێوەیە خۆمان بەرێوە دەبرد. بەخوا لە باینجانەوە دەچووم بۆ شاخی گەبەو گولیجەی گوڵێکی زەرد هەیە کۆم دەکردەوەو دەمفرۆشت ٢٢ رۆژ چووم بۆئەوەی دوو مەتر وایەری پێبکرم وایەرەکە مەتری بە ٢٥فلس بوو، ئەو گوڵە وەک نێرگزوابوو[110] تەنگە نەفەس دەبووم کاریگەری کیمیاییەکەم بەسەرەوە بوو، دەچوم بۆلای دکتۆرەکان هەردەیانگوت چاک دەبی

**دکتۆر لەکوێ ؟**

لەباینجان ئەو دکتۆرانەی لەوێ بوون وایان دەگوت

**ئەی پێت نەدەگوتن بەرچەکی کیمیایی کەوتووی ؟**

نا نەمدەوێرا وابڵێم .

**ئەی تۆ لە بەرێوەبەرایەتی شەهیدان وئەنفالکراوان ناوی خۆت نەنوسیوە کە بریندارى چەکی کیمیایی ؟**

جارێکیان کاک ئاواتی قادرسوری پێیگوتم بچۆ لەوێ ناوی خۆت بنوسە بەڵکو بتنێرن بۆئێران بەڵام ئەوەی راستی بێت هەر نەچووم، هەتا درەنگ دوایی چوم ناویان نوسیم و رەسمیان لێوەرگرتم بەڵام ئەوانیش هەر لێیان نەپرسیوەمەوە و ئەوەش حاڵەکەمە .

**ئەی سودت لە دکتۆر کۆسارو دەرمانەکانی بینوە ؟**

واللە ئینسان راست بڵێ باشە زۆرم سود لێ بینیوە ماڵیان ئاوابێت ئەوەیان باش بوو.

**ئەی دوای ئەوەی هاوکارییەکانی رێکخراوی سپی تەواو بوون هیچ جارێکی تر نەچویتەوە بۆلای دکتۆر کۆسار ؟**

نەچومەوە نەمتوانی بچم بەڵام دەچومەوە بۆلای ئەو دکتۆرانەی تر ئەوانەی بەیانیان . (مەبەستی

110 پێدەچێت ئەو گوڵەی زهور باسی دەکات گوڵە بەیبون بووبێت .

خەستەخانەی حکومییە). چوشمەوە بۆلای ئارام بارامی، بەڵام وەلاهی نەچوومەوە بۆلای دکتۆر کۆساری بۆچی راست نەڵێم .

**بۆچی نەچوویتەوە ؟**

چوزانم گوتم بەڵکو ئەوەی ئەو هەرزانتر بێت، ئاخر ئەوی راستی بێت نەمدەتوانی شوێنەکەی دکتۆر کۆساریش بدۆزمەوە . هەڵەشم کرد نەچومەوە بریا بمدۆزیایەوە بچومایەتەوە.

**ئەی ئێستا چۆنی ؟**

زۆر خراپم ئیسراحەتم نەماوە هەموو لەشم دەئاوسێ، هەموو قاچ وقولم رەشبوون. زۆرم سود لەو بەرنامەی بینی. خەتای کچەکەم بوو نەیبردمەوە .

خەتای ئەو نەبوو رێکخراوەکە بەرنامەکەیان تەواو بوو، هەرئەوەندەبوو.

**باشە زوهرە خان تۆ ئاوا نەخۆشی مێردەکەت لە جێگەدا کەوتووەو ئەو هەموو خێزانە چۆن ئیدارەی خۆتان دەدەن ؟**

بەخوا ئیتر ئەوە حاڵەکەمانە بەڵام خزم وبراکانیش یارمەتیمان دەدەن

**سوپاست دەکەم زوهرە خان زۆر ماندوم کردی**

نا، نا من سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەزیەتتان کێشاوەو هاتوون بەسەرمان دەکەنەوە.

## حەوت گۆڕی بەکۆمەڵی تر دۆزرانەوە





ئەنفالستان : لەقەزای شەنگال ٧٥ گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزراونەتەوە و لە ١٥ی ئازاری ئەمساڵدا، مەراسیمی هەڵدانەوەی یەکەمین گۆڕی بە کۆمەڵ لەگوندی کۆچۆی سەر بە قەزای شەنگال بەئامادەبونی نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان دەستیپێکرد. گوندی کۆچۆ سەرجەم دانیشتوانەکەی ماوەیەک دەستبەسەربوون داوایان لێکرا موسوڵمان بن، بەڵام خەڵکەکەی ملیان نەداو دوای چەند رۆژێک داعش هاتنە گوندەکەو پیاوەکانیان کۆمەڵکوژکردو ژنەکانیان رفاندن. خەیری عەلی، بەرپرسی لقی شەنگالی رێکخستنی ئێزدیەکان کەچاودێری پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆری بەکۆمەڵی ئێزدییەکان دەکات لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە گوندی کۆچۆ رایگەیاند" هەڵدانەوەی یەکەم گۆری بەکۆمەڵ لە گوندی کۆچۆ لە باشوری شەنگال کۆتایی هات و رووفاتی ٢٨ کەسی ئێزدی تێدابوو. ماڵپەری وێستگە نیوز ، خەیری عەلی دەشڵێت" تا ئێستا ٧١گۆری بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە، لەو ژمارەیەش ١٣گۆری بەکۆمەڵ لەدەوروبەری گوندی کۆچۆ دۆزراونەتەوە." کەبەدەستی تیرۆرستانی داعش بەکۆمەڵکوژراون.

دەستەی باڵای مافی مرۆڤی عێراق رایگەیاند 7 گۆری تری بە کۆمەڵ لەگوندی سۆلاغ دۆزراونەتەوە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی قەزای شەنگالەوە .

شەکەر ملحم بەرێوەبەری نەحیێ گرعزێری سەر بەقەزای شەنگال رایگەیاند:"دوای ئەوەی لەلایەن خەڵکی گوندی سۆلاغ ئاگادارکراین، کە هەندێک روفاتی قوربانیانی دەستی داعش لەوێن، لێکۆڵینەوەمان دەستپێکرد و دەرکەوت ٧ گۆری بەکۆمەڵ لەوێدا هەن، پێی وتەی دانیشتوانی گوندەکە، کاتێک داعش، هێرشی کردە سەر شەنگال زیاتر لە ٧٥ کەسیان هێناوە بۆ ئێرە و لە چاڵەکی نزیک لە گوندی سۆلاغی سەر بە شەنگال بەکۆمەڵ کوژکراون." هەربەپێی قسەی خەڵکی ناوچەکە ئەوانەی کوژراون خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی قەزای شەنگالن. لەناویاندا یەک کەسی ئیسلام – شیعە مەزهەب و ٧٤یشیان ئێزدین ولەناو قوربانیەکاندا ژن ومنداڵیش هەن.

ناجحە عەبدولئەمیر شمری سەرۆکی دەزگای شەهیدانی عێراق رایگەیاندووە" ژمارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و ژمارەی بێسەروشوێنان و زیانلێکەوتوان زۆررزۆرن، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە هاوکاری عێراق بکەن و تاوانەکان بە جینۆساید بناسرێن. ناجحە ئەوەشی راگەیاندووە کە هەتا ئێستا لە ١٥ی ئازاری ئەمساڵەوە ١٩٨ گۆری بەکۆمەڵ لەسەرجەم عێراقدا دۆزراونەتەوە .

## تاوانە گەورەکەو چیرۆکە وردیلەکان

**گەرمیان حەمەی پور**

خەڵکی دێهاتەکان زۆریان مەکینەوعەرەبانەیان هەبوو، من نەمبوو، کەخەڵکەکە هەموویان رۆیشتن، تکام لە زۆر کەس کرد منداڵەکانم جێنەهێڵن، یەکێک لەوانە هەر بەتەنها خۆی لەسەر مەکینەکەی بوو، لێی پاڕامەوە باڵام ئەولێم تووڕەبوو"!

باوکم هەرجارێک باسی ئەنفالی کردبێ بەوشێوە دەستی بەگێڕانەوەی ئەو ساتە تراژیدیانە کردووە. ئەو چیرۆکی زۆری لایە، هی بەدبەختی و زەلالەتی خەڵک جاشایەتی و خۆفرۆشی، ناپیاوی و لەبەرامبەریشدا مەردایەتی و قوربانیدان.

باوکم ئەو کاتەی لە تەواوی نزیکەکانی بێ هیوا ئەبێ و ئەزانێ کەسێک نییە بایی ئەوەندە بەزەیی مابێ کە منداڵەکانی ئەو لە ژێر باران و ناو قوڕولیتەیا جێنەهێڵێ، خۆی ئەخزێنێتە ناوسەیارەی مستەشارێک( حەمەسالەح عەبدولا) لە نیوەی رێگای نێوان ملەسوورە بۆ سەرڕێگای کەلار موستەشارەکە دائەبەزێو باوک ئەبینێ، لێی ئەپرسێ حەمە چی ئەکەی لێرە؟



باوکم پێی ئێژێ، کەس منداڵەکانم هەڵناگرێ ئەچم بەڵکو لەسەر جادە سەیارەیەکیان بۆ بێنم؟

باکم ئێژێ بە هەردوو دەست داویە بەسەریاو وتوویەتی من بۆ ئەوە هاتووم خەڵک نەیەنە خوارەوە، هەمووی گیرا، برۆ منداڵەکانت ببە فلان شوێن، شەو

چەکدارتان بۆ ئەنێرم لە نێوان ڕەبیەکانەوە بتانگەیەننە شارەکان. هەمیشە چاکەی ئەو مستەشارە دەگێڕیتەوە. کاتێکیش دەرباز ئەبن و ئەگەنە شار لە دەرگای زۆر کەس ئەدەن تەنانەت کەسە نزیکەکانی دوای چەن سەعاتێک ئیزنی ئەدەن. بەڵام لەوێش فریادرەس هەرهەیە. پیاوێک، ژمارەیەک منالّی ورد و کچی تازە پێگەیشتووی هەیە، ماڵەکەی ئەکاتە شوێنی شاردنەوەی ڕزگاربووانی ئەنفال و کچەکانیشی منالّی لێقەوماو خزمەت ئەکەن و نانیان دەدەنێ، خاوەن ماڵیش ڕۆژتا ئێوارە لە خوارووی ماڵەکەیەوە پاسەوانی ئەکا نەوەک پیاوەکانی بەعس بەو خەڵکە داڵدە دراوە بزانن و ڕاپێچی بیابانەکانیان بکەن.

باوکم هەمیشە ئەیوت ناوی ئەو پیاوە لە بیرمەکەن، لەو ڕۆژەی برا دەرگای بۆ برا نەئەکردەوە، ئەو ماڵەکەی پەناگەی لیقەوماوان بوو کە ڕەنگە ئەگەر ئاشکرابووایە چارەنووسی لە ئێمە خراپتر بووایە. ئەو پیاوە (حەمەی مامەشاسوار) بوو.



## ئەنوەر ئەحمەد :

## ئەگەر ئەوە حاڵی من بێ کوا کەسوکاری شەهیدان تاجی سەرن..؟

دیمانە لەگەڵدا کراو : ئەنوەر ئەحمەد محەمەد

دیمانە ساز : عومەر محەمەد

شوێن : گوندی عەسکەر

ڕێکەوتی : ١٤ی تەموزی ٢٠٠٨

ئەوکاتەی ئەم دیمانەیەمان کرد ئەنوەر لەبارێکی تەندروستی زۆرخراپدابوو گیرۆدەی نەخۆشی ڕەبووە بوو، هاوکات گۆڤاری ئەنفالستان لە قۆناغی نەخشەسازیدابوو، بۆیە فریای تەفریغ کردنی دیدارەکە نەکەوتم، بەڵام بابەتێکی کورتم لێ ئامادەکرد لە ژمارە (٧) دا بڵاوم کردوە، ئەوەی لێرە دەیخوێنیتەوە دەقی ئەو دیدارەیە.

ئێوارەی ڕۆژی(٣) ئاباری ساڵی ١٩٨٨ بەکیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپەو عەسکەر زەنگی پەلاماری ئەنفالی چوار لێدراو بۆ سبەینێ هێرشی پیادەی جەیش و جاشیش دەستی پێکرد، ئەوەندە بەخت یاوەری ئەنوەرو براکەی بوو کە ساتەوەختی کیمیابارانەکەی گوندەکەیان ئەوان لە گوندی بۆلقامیش بوون. ئەم پەلامارە بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەریق روکن (نزارعەبدالکەریم خەزرەجی) بە پێشەوایەتی فەرماندەی فەیلەقی یەک سوڵتان هاشم ئەحمەد بوون. ئەوانە ئەو پیاوە توندرەفتارانە بوون کە هیچ ڕەحمێکیان بە کورد نەکرد بەڵکو تالوتکەی توندرەفتاری وبەدکاری ڕۆیشتن و گازیان بەسەر ژن ومنداڵدا دەرشت و بەکۆمەڵ هەموو زیندەوەرێکیان دەکوشت کەچی عەجایەب ! کاتێک چەرخی ڕۆژگار سوڕاو دران بە دادگا سەرکردایەتی حزبە دەسەلاتدارەکانی کورد بێمنەتانە لەو هەموو تاوانانەی کردبوویان داکۆکی لێکردن.!

ڕۆژێک دوای کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەر هێرشی پیادەش گەیشتە ناوچەکەو تەواوی خەڵکە شپرزەکەی

ناوچەی قەڵاسێوکەش کەکۆمەڵکوژییەکەی گوندی گۆپتەپەو عەسکەر زەندەقی بردبوون،بە شپرزەیی کەوتنە بەردەستی جەیشو جاشەوەو هەرلەو گوندەدا ١٨٦ کەس گیران ئەنفالکران، کەلەناویاندا دایکی ئەنوەر و دوبراو خوشکێکی گیرانو ئەنفالکران.

کێ دەیەوێ وێنەیەکی راستەقینەی خەبات و مەینەتیو قوربانیدانی کورد ببینێ بابچێت سەردانێکی گوندی عەسکەر بکات. لەوێ هەر مەینەتیەکانی خەڵکی عەسکەری کیمیابارانکراوو ئەنفالکراو نابینیت بەڵکو ڕەنجبەخەساری ئەم میللەتەش دەبینی عەسکەر وێنەیەکی بچوککراوەی هەموو کوردستانە، تەنها جیاوازی ئەوەیە لەکوردستان چەندین سەرۆک جاش هەبوون، بەڵام لەو گوندە تەنانەت جاشێکی سوکەڵەشی تیدا هەڵنەکەوت کەچی ئەوەش پاداشتی دەسەڵاتی خۆماڵی و ئەوەش حاڵی مرۆڤەکانی گوندی عەسکەرە ..!

ئەنوەر ئەوکاتە تەمەنی ١١ ساڵان بوو، ئەنفال خانەوادەکەیانی لەبەریەک هەڵوەشاندو لەوکاتەوە مەینەتیەکانی ئەم کورە تاویان سەندو پەژارەکانی بەگورتربوون، وەک مەلی هێلانە لێتێکچویان دوای ئەنفالکردنی دایکیان نەکی بەناوی عائیشە ئەمین ئامێزی بۆئەم ورێیازی برای کردەوەو هەتا بۆخۆیان ماڵییان پێکەوەنا هەرلەگەڵ ئەودا دەژیان. لە رۆژی ٢٧ی نیسانی ساڵی ٢٠١٠ ئەم دیدارەمان ئەنجامدا .

**کاک ئەنوەر ناوی سیانیت**

ئەنوەر ئەحمەد محەمەد بەڵام لەبەرئەوەی باوکم بەئەحمەد برنەو ناسرابوو بەمنیش دەڵێن ئەنوەری ئەحمەد برنەو.

**تەمەنت چەندە ؟**

تەمەنم ساڵی ١٩٧٧ لەدایکبووم.

**خەڵکی کوێیت ؟**

خەڵکی گوندی عەسکەرم

**بەمنداڵیش هەرلەوێ دەژیاییت ؟**

بەڵێ هەرلەوێ بووین، بەڵام لەکاتی کیمیابارانەکە ئێمە لەگوندی بۆڵقامیش بووین.

**کاتی ئەنفالیش هەرلەوێ دەژیان ؟**

بەڵێ لەوێ بووین .

**بەچی ژیانی خۆتان دابین دەکرد ؟**

خۆت دەزانی لەگوند هەر کشتوکاڵ وئاژەڵداری بوو لادێ وەک شارنیە، بەڵام ئێمە باوکمان هەرپێشمەرگەبوو ژیانمان خۆش نەبوو تەنانەت زرعاتیشمان باش بۆنەدەکرا.

**بۆشی بەباوکی تۆیان دەگوت ئەحمەد برنەو؟**

جاواللە بڵێم چی باوکم لەسەرەتاوە کەبووەتە پێشمەرگە برنەوی هەڵگرتووە لەبەرئەوە بەوە ناسرابوو.

**دایکت ناوی چییە ؟**

دایکم ناوی مەلیحە نەجم بوو.

**ئەویش ئەنفالکراوە ؟**

بەڵێ دایکم و دووبراو خوشکێکم ئەنفالکران .

**براکان وخوشکەکەت ناویان چییە ؟**

براکانم داراو بەشدار،خوشکەکەشم ناوی شیلان بوو.

**باوکت پێشمەرگەی چ لایەنێک بوو ؟**

باوکم پێشمەرگەی یەکێتی بوو –کۆمەڵەی رەنجدەران بوو- هەرلەسەرەتای هەشتاکانەوە لە تیپی ٢١ ی کەرکوک پێشمەرگە بوو.

**باوکت شەهیدی سەنگەریان ئەنفالکرا ؟**

نا باوکم لەئەنفال رزگاری بوو، بەڵام لەشەڕی ناوخۆدا شەهیدبوو

**خانەوادەکەتان هەموو ئەنفالکراون ؟**

نانا تەنها دایکم دووبرام وخوشکم

**ئێوەچەند خوشک وبرابوون ؟**

ئاخر باوکم دوای ئەوەی بێئومید دەبێت لەسۆراخی خێزانە ئەنفالکراوەکەی جارێکی ترهاوسەرگیری کردەوەو خێزانی پێکەوە نایەوە لەو هاوسەرەشی خوشک وبرایەکم هەیە ناویان (جیگرو لانە)یە.

بیورە جارێ پەلەمەکە با باسی پێش ئەنفال بکەین .

**ئەم گوندە چەند شەهیدی هەیە ؟**

ئەم گوندە بیجگەلە ئەنفال ٦٠ دانە پیاوی شەهیدن کە لەسەنگەردا شەهیدبوون .

**ئەی شەهیدی کیمیاباران چەند کەسن؟**

لەكاتی كیمیابارانەكەدا گوندی عەسكەر بەهۆی ئەوەی لەدەرەوەی گوندبوون لەچاوگۆپتەپە شەهیدەكانمان كەمترن نزیكەی ١٠ كەسێك دەبن .

**ئەی نازانی بەتەواوی چەند كەس شەهیدبوون.**

راستیەكەی نازانم .

**ئەی كەس نیە لەم گوندە ئامارێكی تەواوی شەهیدەكانی كیمیابارانی كردبێت ؟**

بەخوا ئەوەیان نازانم .

**ئەی چەندكەس برینداربوون بەكیمیایی ؟**

برینداریش وابزانم ٧ كەس برینداری كیمیاییمان هەیە.

**ئەی ئەنفالكراوەكانی ئەم گوندە چەند كەسن ؟**

نزیكەی ١٥٩ كەسن ئەگەر زیاتر نەبن كەمترنین

**ئەوەی زۆر ئازاری دوای لەژیانتدا چی بووە ؟**

ئەوەی زۆر ئازارم دەدا دالدەدانی جاش وموستەشارەكانە

**تۆ داوای چی لەحكومەت دەكەی ؟**

من هەقی خوێنی شەهیدەكانم ناوێ، بەلام وەك هاولاتیەك ژیانم دەوێ، ئەی خۆ شەهیدەكان بۆ خۆشگوزەرانی كەسوكارەكانیان شەهید نەبوون بۆ خۆشگوزەرانی هەموان شەهید بوون، من مەبەستم ئەوەیەكە نەخۆشم توانای كاسبیوكاركردنم نیە..

**هەستت پێدەكەم ناتەوێ دڵشكانی خۆت بشاریتەوە ؟**

كاكە هەموو گوندی عەسكەر دڵشكاوە، خۆت باش دەزانی ئەم گوندەی ئێمە چی بەسەرهاتووە.

لەپێشەوە باسمان كرد خەڵكی ئەم گوندە شەهیدێكی زۆریان بەخشیوەتە ئەم ولاتە، هەركە پێشمەرگەو مەفرەزە سەرەتاییەكان پەیدابوونەوە خەڵكی ئەم گوندەی ئێمەی لەسەركردایەتیەكەیدا بووە.

**بەلام بەو هەموو پشتگوێ خستنەشەوە خەڵكی گوندەكەتان هێشتا دەستیان لەچەك بەرنەداوەو زۆریان لەریزەكانی سوپاو پێشمەرگەدان. ؟**

ئەیوایە ئەوەراستە كەچی ئەوەش حاڵەكەمانە..؟

باوكی من لەبەرەی دووژن نەحەسایەوە مەبەستم ئەوەیە دەستبەرداری چەكەكەی نەبوو، تەنانەت نەیتوانی پڕبەدڵی خۆی لەباوەشمان بگرێ، تەنانەت دوای ئەنفالیش هەرنەیتوانی بەحساب كوردستان ئازادبوو كەچی لەشەڕی ناوخۆدا شەهیدبوو نەیتوانی خوشك وبرایەكانی تریشم (جیگرو لانە) لەباوەش بگرێ .

**ببورە باوكت ساڵی چەند شەهیدبوو ؟**

باوكم رەحمەتی لێبێت رۆژی ١٨/٨/ ١٩٩٤ لەشەڕی ناوخۆدا كوژرا. ئێمە بوینە قوربانی ئەنفال و ئەوانیش (خوشكو براكانی تر) بوونە قوربانی شەڕی براكوژی.

مەبەستت ئەوەیە كە لەدوای ئەنفال نەدەبوو شەڕی ناوخۆشەڕێك كەدەبوایە كورد لەدوای ئەنفالەوە شەرمی لێبكاتو هەرگیز پیادەی نەكاتەوەو جارێكی تر رێگەنەداتەوە منداڵانی كورد بێ باوك بن لەسۆنگەی شەرە نەگریسەكانی ناوخۆوە. ئێستاش بچۆ بڵێ ئێوە لەسەر خوێن ورەنجی ئێمە پێگەیشتن دورنیە پێمان بڵێن كاتی خۆشی ئێوە لەدەستی بەعس هەڵاتوون و ئێمە پەنامانداوان. رەنگە قەرزداریشمان بكەنەوە.

**ئەی تۆ چۆن لەئەنفال رزگارت بوو ؟**

وەك پێمگوتی ئەوكاتەی كیمیابارانی گۆپتەپەو عەسكەر كرا، ئێمە من و رێبازی برام لە عەسكەرنەبووین لەگوندی بۆڵقامیش بووین، هەرشەوەكەی لەپشتی گوندی كلێسەوە بەشەو لە زێیەكەی پەڕینەوە بەشاخدا هەڵگەراین و چوینە ئەودیو لەبناری شاخەكەی گوندی سارتكەوە چوینە ناو دوكان.

**ئینجا فریاكەوتن بگەنە دوكان ؟ مەبەستم ئەوەیە رۆژتان لێ نەبووەوە؟**

باش گەیشتین بەری بەیانی بوو كە خۆمان بەناو دوكاندا كرد، باش بوو ئەوەی لەوێوە رۆیشت هەموو دەربازبوون كەسی هیچی لێنەسەرنەهات، بەلام رەبایەی جاشەكان زۆر هاوكاریان كردین. هاوكاری چۆن ؟

ڕێنماییانکردین کە بەکۆمەڵ نەچینە ناو شاری دوکانەوە گوتیان بەپارێز بڕۆن باتوش نەبن.

**ئینجا لەدوکان کەستان دەناسی بچنە ماڵیان ؟**

بەڵێ ماڵی خزم وناسیاومان لەوێ بوو ئێمە ٧ مانگ لەماڵی خالّم بوین، لەوێوە بەهاوکاری کاک (شێخ محەمەدی کانی سور) ئێستا لەژیاندا نەماوە جێگای بەهەشتبێ توانیمان بچین بۆئێران و بگەینەوە لای باوکمان. بەلاّم ئەوەش ئاسان نەبوو هەربەدەم خۆشە حەوت شەوو رۆژ بەرێوەبووین هەتا گەیشتینە قاسمەرەش. لەوێ ماینەوە هەتا راپەرینەکە .

**ئێستا هەرلێرە دەژیت ؟**

بەڵێ هەرلێرە دەژیم .

**کاروکاسبی چی دەکەیت ؟**

خۆت حاڵەکەم دەبینی لەبەرئەم نەخۆشییەم هیچ کارێکم پێ ناکرێت.

**خێزانت پێکەوە ناوە؟**

بەڵێ شوکر خێزانم هەیەو کورێکو دوکچیشم هەیە.

**منداڵەکانت دەخوێنن ؟**

بەڵێ دوانیان لەقوتابخانەن ویەکێکیشیان هێشتا منداڵە، بەلاّم بروابکە خەمی بەخێوکردنی منداڵەکانمە چونکە نەخۆشی درێژخایەنم هەیە

**نەخۆشییەکەت چییە ؟**

رەبووویە هەربەتەواوی تەنگی پێ هەڵچنیووم و بەهۆیەوە حالّم پەرێشانەو ناتوانم کارێکی وابکەم ئەوەتا دایمە دەبێت ئەم پەمپەم لەگیرفاندابێت .

**ئەوە هی تەنگە نەفەسییە لەهەفتەیەکدا چەندی ئاوات پێویستە ؟**

لە هەفتەکدا دووان لەم (بەخاخ)م پێویستە، بۆیە نانو ئاوم لێببرێت نابێ ئەو پەمپە بەخاخانەم لێببرێت.

**وتت موچەی شەهیدانەکەم وەرناگرم بۆچی وەری ناگریت ؟**

کە تەمەنم بوو بەبیستو چوارساڵ گوتیان تەواو هیچیتر شمولت ناکات. کوا ئەوە رەوایە نەلەهی بەشی دایکمو خوشکەکەمو براکانم نەلەهی باوکیشم کە شەهیدی سەنگەرە هیچ ئیمتیازێک نامگرێتەوە



**بەلاّم وانیە جگەلەموچە هەموو ئیمتیازێک دەتگرێتەوە**

لە وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوان گوتیان ناتگرێتەوە جا کەمن هیچ نەیگرتمەوە ئیتر بۆچی دەڵێن کەسوکاری شەهیدان تاجی سەرن..؟!

**کاک ئەنوەر کوروکچی شەهید کەتەمەنیان هەڵکشا تەنها موچە نایانگرێتەوە دەنا هەموو ئیمتیازێک دەیانگرێتەوە .**

یاخوا وابێت

**سوپاست دەکەم ماندوم کردیت**

سوپاس بۆ بەرێزت تۆ جێگەیەکی تایبەتت لەدڵی کەسوکاری ئەنفالدا هەیە

دووبارە سوپاس

**وێنەکە ئەنوەرو رێبازی برایەتی لە شاری بانەی رۆژهەلاّت ساڵی ١٩٨٩**



## ئەنفالکراو فەقی ساڵح محەمەد

لەدایکبوی ١٩٥١ خەڵکی گوندی گۆلباخی خواروی ناوچەی قادرکەرەم بووە ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ خاتوو مەهدیە عەلی شەریف هاوسەرگیریان کردووە وبەرهەمی هاوسەرگیرییەکەیان چوارکورو دوکچن.
(مەهدییە عەلی شەریف) کە لەدادگای باڵای تاوانەکان سکالاکاروشایەتحاڵ بوو، بەسەر سەدام ودارودەستەکەیەوە دەڵێت پیاوەکانی ئێمە بەدەستی ڕەفعەت گلی موستەشاری ئەوسای جاشەوە گیراوەو لەگەڵ کۆمەڵێک ئەنفالکراوی تر رادەستی سوپای کردوون .
کورێکی ئەم ئەنفالکراوە بەناوی هۆشیار بە ئەنفالستانی راگەیاند من ئەوسا منداڵ بووم، لەدایکبوی ساڵی ١٩٨٥م بەڵام دایکم بۆمی گێراوەتەوە کە لەگەڵ کۆمەڵێک خزم وکەسی خۆمان ڕۆیشتوون بۆ هەردوجەوەڵەکان هەتا خۆیان بشارنەوە بەڵام جاشەکانی ڕەفعەتگلی گرتوویانن ورادەستی سوپایان کردون ئیتر ئەنفالکران و جارێکی تر نەبینرانەوە.

## ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی جەلەمۆرد

**ئەم ئامارەی لێرە خراوەتە روو تەنها ٢٢٧ کەسی ئەنفالکراوان و کۆی هەموو ئەنفالکراوانی گوندی جەلەمۆرد نیە، بەڵکو ژمارەیان زۆر زیاترە لەوەی خراوەتە روو، ئەوەی باس دەکرێت و بە زارەکی لەخەڵکی جەلەمۆردم بیستووە باس لە ٤٨٠کەس دەکەن، بەڵام زۆر چاوەڕوان بووم ئاماری تەواوم دەست نەکەوت بۆیە لێرەدا ئەوەی لەبەردەستە دەیخەمە روو هەرکاتێک زانیاری نوێ چنگ کەوت ئەوا دەیخەینە سەر ئەم ئامارە ... ئەنفالستان**

**ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی جەلەمۆرد**

| ژ | ناوی سیانی ئەنفالکراو | ناحیە - قەزا | گوندەکەی |
|---|---|---|---|
| ١ | خندان عەلی قادر | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢ | اسماعیل رەزا حسن | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٣ | زارا رەزا حسن | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٤ | ادریس رەزا حسن | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٥ | خیریە رەزا حسن | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٦ | چۆمان رەزا حسن | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٧ | بدریە رەزا حسن | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٨ | ابراهیم رەزا عەلی | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٩ | بەسێ رەزا | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٠ | شەمسە رەزا | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١١ | نیزام ابراهیم | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٢ | شارەبان ابراهیم | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٣ | نەورۆز کریم | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٤ | ئەحمەد محەمەد عمر | ئاغجەلەر - چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥ | شوكريە بەكر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٦ | عمر قادر حمە امين | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٧ | صافيە محەمەد عەلى | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٨ | ئازاد عمر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٩ | صباح مجيد محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٠ | زبيدە حسن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢١ | سالم صباح مجيد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٢ | ئاواز صباح مجيد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٣ | گولالە صباح مجيد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٤ | هەردى صباح مجيد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٥ | هەلالە صباح مجيد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٦ | هديە عبدالرحمن عەلى | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٧ | خلف ئەحمەد ياسين | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٨ | نزيفە خالد حمە خان | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٩ | كاروان خلف ئەحمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٣٠ | چنار خلف ئەحمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٣١ | ميرزا ئەحمەد ياسين | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٣٢ | محەمەد امين عبدالرحمان | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٣٣ | ملك رەزا حسن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٣٤ | يوسف انور قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٣٥ | عبدالله انور قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٣٦ | ايوب انور قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٣٧ | سەرباز انور قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٣٨ | رووناك انور قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٣٩ | اميرە انور قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٤٠ | ژيان انور قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٤١ | گوڵەباغ ناميق حمەصالح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٤٢ | گلاوێژ بكر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٤٣ | كوليزار بكر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٤٤ | محەمەد بكر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٤٥ | رێبار بكر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٤٦ | زارا بكر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٤٧ | كوێستان بكر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٤٨ | كابان بكر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٤٩ | چنار بكر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٥٠ | بنار بكر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٥١ | نيگار بكر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٥٢ | نيان ئەحمەد ياسين | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٣ | عەلی عبدالله سعید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٥٤ | ابراهیم عبدالله سعید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٥٥ | ایوب عبدالله سعید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٥٦ | محمود یاسین حسین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٥٧ | جمیل یاسین حسین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٥٨ | بەفراو یاسین حسین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٥٩ | خلات یاسین حسین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٦٠ | ئالتون میکایل | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٦١ | جوهر قادر داود | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٦٢ | مرجە عبدالرحمن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٦٣ | نەوزەر جوهر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٦٤ | مەنزەر جوهر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٦٥ | بلال جوهر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٦٧ | موبارەک جوهر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٦٨ | نەزیرە جوهر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٦٩ | زێرین جوهر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٧٠ | شەماڵ مەنزەر جوهر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٧١ | سوران مەنزەر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٧٢ | سۆزان مەنزەر قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٧٣ | عبدالله سعید صالح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٧٤ | کافیە رجب صالح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٧٥ | عەلی عبدالله سعید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٧٦ | ابراهیم عبدالله سعید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٧٧ | ایوب عبدالله سعید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٧٨ | مهاباد عبدالله سعید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٧٩ | عبدی عبدالرحمن مستەفا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٨٠ | توفیق متلب محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٨١ | نسرین موتەلیب محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٨٢ | نزیرە متلب محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٨٣ | محەمەد متلب محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٨٤ | حلاو عەلی مستەفا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٨٥ | عبدالله عبدالحمید مستەفا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٨٦ | عبید عبدالحمید مستەفا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٨٧ | شیرین عبدالحمید مستەفا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٨٨ | فخریە قادر عبدالرحمن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٨٩ | قدریە عبید عبدالحمید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٩٠ | سەرهەد عبید عبدالحمید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٩١ | صدیق قادر عبدالرحمن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩٢ | مستەفا قادر عبدالرحمن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٩٣ | ناسکە رشيد سليمان | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٩٤ | پەيمان مستەفا قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٩٥ | کويستان مستەفا قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٩٦ | فەرهاد مستەفا قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٩٧ | فرمان مستەفا قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٩٨ | مسعود مستەفا قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٩٩ | پخشان مستەفا قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٠٠ | عباس کريم عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٠١ | حەويز کەريم عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٠٢ | قادر کريم عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٠٣ | موسی کريم عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٠٤ | عەلی کريم عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٠٥ | نەوروز کريم عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٠٦ | سەلمە کريم عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٠٧ | صبريە قادر عبدالرحمن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٠٨ | محەمەد محمود عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٠٩ | ئەحمەد محمود عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١١٠ | عەلی محمود عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١١١ | لتيف محمود عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١١٢ | عبيد محمود عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١١٣ | هاجرە محمود عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١١٤ | زليخە محمود عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١١٥ | زارا محمود عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١١٦ | نازدار محمود عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١١٧ | کمال افندی ئەحمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١١٨ | فاتمە محەمەد لاوە | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١١٩ | نزبفە خالد حمەخان | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٢٠ | حامی خالد حمەخان | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٢١ | بيان ئەحمەد ياسين | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٢٢ | هەلکەوت حامی خالد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٢٣ | ريکەوت حامی خالد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٢٤ | حسين قادر محەمەد امين | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٢٥ | سەرگول قادر محەمەد امين | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٢٦ | خليل رشيد سليمان | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٢٧ | نازم محەمەد عبدالرحمن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٢٨ | مجيد عبدالله مستەفا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٢٩ | جلال نامق صادق | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣٠ | حسیب خورشید محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٣١ | سلمان خورشید محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٣٢ | عوسمان خورشید محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٣٣ | عائیشە خورشید محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٣٤ | عدول قادر عبدالرحمن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٣٥ | رجیمە عزیز محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٣٦ | شیرین حامد عبدالله | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٣٧ | عمر عودل قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٣٨ | یاسین عودل قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٣٩ | تەها عودل قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٤٠ | تحسین عودل قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٤١ | محسن عودل قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٤٢ | شادیە عودل قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٤٣ | عمر رشید سلیمان | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٤٤ | صباح رشید سلیمان | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٤٥ | هاشم رشید سلیمان | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٤٦ | تەها رشید سلیمان | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٤٧ | خالد عبدالحمید عبدالله | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٤٨ | فارق رفیق محەمەد امین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٤٩ | هیدایت رفیق محەمەد امین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٥٠` | غالب فارق رفیق | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٥١ | توفیق فارق رفیق | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٥٢ | رحمە عەلی قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٥٣ | زیرین فارق رفیق | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٥٤ | افتاو فارق رفیق | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٥٥ | فاتمە رووف محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٥٦ | جبار نامق صادق | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٥٧ | عمر رەزا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٥٨ | حیدر رەزا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٥٩ | محەمەد رەزا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٦٠ | کوچەر رەزا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٦١ | حباب کاکە امین محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٦٢ | نادیە عبدالرحمن عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٦٣ | دلیر حباب کاکە امین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٦٤ | حلاوە قادر محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٦٥ | گولزار محەمەد جمیل | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٦٦ | مریوان محەمەد جمیل | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ١٦٧ | ریزان محەمەد جمیل | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦٨ | پەری محەمەد جمیل | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٦٩ | بەدیس ولی محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٧٠ | سعید محەمەد حسین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٧١ | تیلیە واحد (تیلین) واحید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ٧١٢ | غفور ئەحمەد مستەفا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٧٣ | عزیز غفور ئەحمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٧٤ | سردار غفور ئەحمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٧٥ | حەوسەت محەمەد قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٧٦ | ئاراز واحد قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٧٧ | سەرباز واحد قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٧٨ | دەرباز واحد قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٧٩ | عبدالرحمن عمر مستەفا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٨٠ | بیان ئەحمەد یاسین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٨١ | صمد ئەحمەد یاسین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٨٢ | نیسان ئەحمەد یاسین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٨٣ | کەتان ئەحمەد یاسین | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٨٤ | مەحبوبە صالح محەمەد | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٨٥ | پەیمان رەزا حسن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٨٦ | پەخشان رەزا حسن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٨٧ | محەمەد رەزا حسن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٨٨ | مریوان رەزا حسن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٨٩ | پیشتیوان رەزا حسن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٩٠ | شوکر رەزا حسن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٩١ | گلاویژ بکر حسن | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٩٢ | نیگار شوکر رەزا | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٩٣ | خوشکان عوسمان عزیز | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٩٤ | بیان سەلام مجید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٩٥ | رمزی سەلام مجید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٩٦ | شیلان سەلام مجید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٩٧ | شیرزاد سەلام مجید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٩٨ | شیرکو سەلام مجید | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ١٩٩ | حمە زیاد فتاح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ٢٠٠ | مرجان رەمەزان صالح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ٢٠١ | ئەحمەد حمە زیاد فتاح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ٢٠٢ | فاتمە حمە زیاد فتاح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ٢٠٣ | ئارەزو حمە زیاد فتاح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ٢٠٤ | یاقوت حمە زیاد فتاح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |
| ٢٠٥ | سوزان حمە زیاد فتاح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | چەلەمۆرد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠٦ | محەمەد حمە زیاد فتاح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٠٧ | تەها حمە زیاد فتاح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٠٨ | چەتۆ ناصر توفیق | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٠٩ | بیستون چەتۆ ناصر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢١٠ | فرمان چەتۆ ناصر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢١١ | ئامانج چەتۆ ناصر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢١٢ | حسین رجب صالح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢١٣ | کافیە رجب صالح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٤ | جمعە رجب صالح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢١٥ | صافیە رجب صالح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢١٦ | ریبوار حسین رجب | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢١٧ | سۆزان حسین رجب | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢١٨ | مهدی سعید صالح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢١٩ | محەمەد عەلی قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٢٠ | حەویز عەلی قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٢١ | عباس عەلی قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٢٢ | موسی عەلی قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٢٣ | قادر عەلی قادر | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٢٤ | هەمینە سعید صالح | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٢٥ | انور محەمەد عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٢٦ | هاوکار محەمەد عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |
| ٢٢٧ | ئەسمەر محەمەد عەلی | ئاغجەلەر – چەمەچەماڵ | جەلەمۆرد |

## بەڵگەیەکی گرنگ و لەدەستچوو

کاوە حوسامەدین، دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکـان و کـۆلێژی هـونەر بەشـی شـێوەکارییە، لەپەیوەنـدییەکی تەلەفۆنیدا چیرۆکی کاتی سەربازی خۆی بۆگێڕامەوە و باسی بەڵگە گرنگەکانی ئەنفالی کرد، کە دەستـی کەوتـوون، بەڵام داخی بۆ ئەوە دەخوارد کە ئەوسا هیچ روناکاییەک نەبووە هەتا باش بیربکاتەوەو بیانهێنێتەوە بۆ کوردستان.
کاوە ساڵی ١٩٨٩ – ١٩٩٠ سەربازبووە، وەک هەر دەرچوویەکی زانکۆو پەیمانگاکان مەشقی تەواوکـردووەو بـووەتە نائیـب عەریف، دوای تەواوکردنی مەشقەکەیان گواستراوەتەوە بۆ فەوجـی مغـاوێری تیپـی ٣١ لە سـەماوە کە بارەگایـان لە نـاو قەڵای نوگرەسەلماندا بووە، ئەوان کە چوون تازە نوگرەسەلمان لە دەستەبەسەرکراوە ئەنفالکراوەکان چۆڵکراوە، کاوە بە چاوی خۆی جل وبەرگی کوردی و بوخچەو تەنانەت حەتحەتۆکەی منداڵان کە دەکرێت بە بێشکەی منداڵانەوە بینیوە، بەڵام کاتێک چووەتە

تاکە ژورێک لەسەربانی قەڵاکە، ئەوراق و بەڵگەنامەیەکی زۆری بینیوە، کە لەوێ بەسەریەکدا وەک خەرمانێک هەڵرێژراون، ئەو کاغەزانە بەڵگەی مردنی زیندانیکراوەکان بوون. کاوە دەڵێت بە زۆری هۆکاری مردنەکەیان وەستانی سورِی خوێنیان لەسەر نوسراوە (ئەنفالستان پێشتر کۆمەڵێک لەم وەفاتنامەی دەستکەوتووەو لەژمارە ٤ دا بڵاوی کردوونەتەوە) بەڵام هێشتا ئەمە بەڵگە لەدەستچووەکە نیە کە کاوە داخی بۆ دەخوات، ئەو دەڵێت سجلێکی گەورە کەوا نزیکە ٣٠٠ لاپەرە دەبوو، ناوی کوردەکانی تێدا نوسرابوو، ناوی سیانی و موالیدەکەی و قەزاوناحێ وپارێزگاکەی، هەرلەمبارەیەوە دەڵێت : کورێکی کەلاریم لەگەڵدا بوو ناوەکەیم بیرچووەتەوە بەڵام باریکێکی درێژ بوو، ژنەکەی و دوو کوری ئەنفالکرابوون کە ئەو دیمانەنەی بینی رۆژێک توشی هێستریابوو، باش بوو لەو کاتەدا چەکی پێنەبوو دەنا رەنگە خەڵکی بکوشتایە، ئیتر ئامرەکەمان کەزانی کێشەکەی چییە نەقڵی کرد، کورێکی کەرکوکیشمان لەگەڵدا بوو کەناوەکانی ناو ئەو سجلەی دەخوێندەوە ناوی پوری و نەنکی و باپیری و هەندێک خزم وکەسی خۆی تێدا دۆزینەوە، وتی ئەوانە پیروپەککەوتەکان بوون و بەربوون و ئێستا لەکەلارن.
کاوە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت : لەبەر ئەوەی من نائیب عەریفی ئیعاشە بووم و دەچومە دەرەوە لەناو شار شتم دەکرِی و دەهاتمەوە، دوو خزمی خۆمان هەردوکیان (مامی باوکم) بوون لەسەماوە کریکارییان دەکرد، زۆرجار شەوانیش لەلای ئەوان دەمامەوەو باسی نوکرەسەلمانیان بۆکردم کە کوردێکی زۆر لەوێ زیندانی بوون.
لەدوای ئەوە لە ناوقەڵاکە زۆر دەگەڕام، چومە ژێر زەمینەکەوە زۆر تاریک و قوڵ وترسناک بوو، بەڵام چیم بینی، یەک دونیا جامی فیلمم بینی بەوناوەدا بڵاوبیوونەوە، نازانم شۆرابوونەوەیان نا چونکە من وێنەکانم نەبینی بەڵکو هەر جامی فیلمەکان بوون، بەزۆری وێنەی ژن بوون، روتیان کردبوونەوەو وێنەیان گرتبوون، ئەوەی هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە ژنێک بوو روتیانکردبووەوەو لەسەر مێزێک دایاننابوو وێنەیان گرتبوو. کاوە داخ بۆ ئەوەش هەڵدەکێشی و دەڵێت باشە وا سجلەکەم نەهێنا بەڵام خۆ دەمتوانی بە ئاسانی جامی ئەو فیلمانە بهێنم و ئەمرۆ سودیان لێ ببینین بەداخەوە هێنانیان زۆر ئاسان بوون ! بەڵام لەدەستم چوون.




## قرار محكمة الانفال

تقديم : قاضي محمد العريبي
اعداد : الحقوقي بهزاد علي ادم
پارێزگای دهۆک بەهاوکاری بەرێوەبەرێتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی- دهۆک بە تیراژی ٢٠٠٠ دانە چاپیان کردووە .
ساڵی چاپ – ٢٠١٤

### ئەم کتێبە عەیبدارە بە

- مێژووی رووداوەکان شێوێندراون
- هەڵەی تایپی زۆرە
- ناوی گوندەکان هەڵەن
- دۆسێی عاسی مستەفا ئەحمەد شێوێندراوە .
- لەزۆربەی شوێندا لەبری احمد نوسراوە امدد و لەبری حسن نوسراوە حکسن و عبدالرحمان نوسراو عبدالرمدن

ئیفادەی هەندێک شایەتحاڵ وەک خۆیان نەگەیشتوون، بۆنمونە هەردوک شایەتحاڵی دەربازبووی گۆری بەکۆمەڵ ژمارە (١) و ژمارە (٢) جێگەی تێرامانە لە قسەکانی سکاڵاکاری یەکەم المشتكي المحمي (١) لەگیرانەوەکەیدا لەلاپەڕەوا نوسراوە کە سکاڵاکارو شایەتحاڵی دووەم مشتكي رقم (٢) کوژراوە. لەکاتێکدا سکاڵاکاری دووەمیش لەدادگا ئامادەبوو !

دەبێت لەبەراییەوە ئەو راستییە بڵێم کە ئەم کتێبە سەرباری ئەو هەڵانەی لەچاپ ونوسینەوەی کۆنوسدا تێپەڕیون پەرتوکێکی بایەخدارو بەسودەو دەهێنێت هەموو کەس کاتی بۆتەرخان بکات و بیخوێنێتەوە .

لەم کتێبەدا چەندین هەڵە لەناوی کەسایەتی و گوندو مێژوی روداوو ژمارەکاندا هەن. بۆنمونە بەزۆری لەبری احمد نوسراوە امدد و لەبری حسن نوسراوە حکسن و لەبری عبدالرحمان نوسراو عبدالرمدن..

بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی جیاوازی زمانەوە زۆربەی ناوی گوندو چیاکان بەهەڵە لەم کتێبەدا تۆمارکراون ئەگەرچی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە زۆر ئاسان بوو، دەکرا بەرلەوەی بچێتە چاپخانە نیشانی هەندێک کەس بدرایەو ناوەکان راست بکرابانەیەوە چونکە بەراستی نەنگییە کتێبێک دەربارەی دۆسێی دادگایی کردنی ئەنفال بێت و بەو هەموو هەڵەیەوە تێپەڕێت خۆئەگەر بەشێوەیەکی گشتی چاوپۆشیش لەناوی گوندەکان بکەین، ئەوا هەندێک گوند هەن کە بوونەتە هێما-رەمزی ستەمکاری و جینۆسایدی کورد بۆیە نەدەبوو بەهیچ جۆرێک بەو شێوەیە، تێپەڕن بۆنمونە گوندی گۆپتەپە، کە رەمزی کیمیابارانە یاخود گوندی کورێمێ کە شوێنی کۆمەڵکوژی ٣٣ پیاوە کە لەئەنفالی کۆتاییدا گیراون و گوللەباران کراون بەتایبەتیش کە ئامادەکاری ئەم کتێبە کوردەو خەڵکی ناوچەی بادینانە .! لەهەموو کتێبەکەدا گوندی گۆپتەپە بە (کوب تەبە)و گوندی کورێمێ بە کورمی هاتووەو لە شوێنێکیش بەکورجی هاتووە !

بەلاَم دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەم هەڵانەی رویانداوە هیچیان بە ئامانج نەبوون و زۆربەیان هەڵەی چاپن وهەندێکیشیان هی کۆنوسن. بەلاَم هەرنابێت تێپەڕن و دەبوو راستبکرانایەتەوە.

**شیواندنی مێژوی روداوەکان**

لەهەندێک شوێندا رێکەوتی یەکەم پەلاماری ئەنفالی گەراندووەتەوە بۆ ١٩٨٨/٢/٩ بەلاَم ئەم رێکەوتە بەهەر بەڵگەیەک بێت راست نیە، پەلاماری سەربازی دەکەوێتە دوای ناوەراستی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ وە بەلاَم بۆ دەستپێکی تاوانەکەو پلانەکانی تاوانەکە دەشێت رۆژی ٢٩ی ئازاری ساڵی ١٩٨٧ دەستنیشان بکەین کە لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشدا بریاری ١٦٠ دەردەچێت و تیایدا عەلی حەسەن مەجید دەکرێتە بریاردەری بێرکابەری ناوچەی باکور .

ئەگەرچی لەکتێبەکەیاندا قرارمحكمة الانفال نوسراوە رۆژی ١٩٨٨/٢/٩ دەستی پێکردووە بەلاَم لە شوێنێکی تردا راستییەکەشیان نوسیوە بەم شێوەیە:( ابتدا عملية الانفال الاولى في شباط من العام ١٩٨٨ وانتهى التنفيذ في منتصف اذار من العام ذاتة) واتا ( پرۆسەی ئەنفالی یەکەم لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکردووە لە ناوەراستی مانگی ئازاری هەمان ساڵدا کۆتایی هات ) - بروانە قرار محكمة الانفال-وثيقة قانونية-سياسية- تاريخية-٢٠١٤ - ل٣٧ . ئەمەش راستە و هیچ هەڵەیەکی تێدانیە، چونکە پەلاماری سەربازی قۆناغی یەکەمی ئەنفال لە ١٨ی ئازاردا کۆتایی هات و لە ١٩ ئازاردا سوڵتان هاشم وەک فەرماندەی فەیلەقی یەک کەبەرپرسیاری ئەو ئۆپەراسیونە بووە بەیانی کۆتایی ئەو قۆناغەی راگەیاند.

بەشێوەیەکی گشتی تێکەڵ وپێکەڵی لە کۆنوسەکانی دادگاکەدا زۆرە هەروەک لە سەرخەتی باسی پرۆسەکەدا بەم شێوەیە هاتووە (المرحلة الاولى لجريمة عمليات الانفال بدات في ١٩٨٨/٢/٩) لێرەدا کۆنوسەکە تارادەیەک راستی تیدایە واتا مانگی شوبات دروستە، بەلاَم لەلاپەرەی دواییدا هەڵەی چاپ دێتە ئاراوە، وتا لە هەمان کۆنوسی بریارەکەدا کە

ژمـارەی (٠٠٦٣٢٤)ی لەســەرە، کەوتــووەتە هەڵەوە، چــونکە نوســــراوە ڕۆژی( ٧-٦-٨ /١٩٨٧) یەکە سەربازییەکان لەسێ قۆڵەوە هەستاون بە گەمارۆدانی سـەرگەڵو، بەرگەڵـو و ئەو گونـدانەی دەوروبەری. لە بـاکورو باشـوری ڕۆژئـاوایەوە لە کـاتژمێر دووی شـەوی (٢٣ی شـوباط ١٩٨٨ .)[111]تێبینـی بـکەن لێرەدا ڕێک و ڕون ڕۆژی دەسـتپێکردنی هێرشـەکان وەک خۆی نوسراوە، کەچـی لە شـوێنێک نوسـراوە سـاڵی( ١٩٨٧) و لەشـوێنێک نوسـراوە( ١٩٨٨) ئەم تـــێکەڵ وپێکەڵـــی نوســـینەیە کەهەڵەو پەڵەی لە نوسـراوەکانی دادگـادا دروسـتکردووە. بەڵام وەک لەسەرەوە باسم کـرد لەهەنـدێک شـوێن ڕاسـتییەکان نوسراون.

بۆنمونە (لەکۆنوسی دادگا ژمارە( ١/ج الثانية/٢٠٠٦- ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٤ داهـاتووە : نوسـراوتان نهێنـی وکەســی م/س٣/ق٢/١٠٣١٩ لە ١٠ی مایســی ١٩٨٧ ئەوشوێنانەی ناویان هاتووەوبەکرێگیراوانی ئێرانـی تێـدادەژین لەلایەن نوێنەرتـان مقـدم ڕکـن وەلیـد دەستنیشـان کـراون بە ڕۆکێـت وجۆرەکـانی چەک لێدراون، تکایە بۆ بەدواداچوون).

بەڵام لەناوکۆنوسی بڕیارەکانی دادگاکەدا بە هەمـان ژمـــارە کە باســـی نوســـراوەکەی ئیســـتخبارات لەمەربەکارهێنانی (عیتاد خاص) واتا چەکی کیمیـایی دەکـات، کە بە هێمـاو ژمـارە نوسـراون وبـریتین لە(٦)شوێنی بەکیمیایی لێدراو،کەچی دادگـاکە مێـژوی لێدانی شوێنەکانی شێواندووەو ڕۆژومانـگ و سـاڵی لێـدانەکەی بە ڕۆژی (١٩٩٧/٥/٧) یاداشـتکردووە ! **بروانە المحكمة الجنائية العراقية العليا محكمة الجنايات الثانية – بغداد –العراق – العدد: ١/ج ثانية/٢٠٠٦- التاريخ ٩الجمادى الاخيرة/١٤٢٨/ المصادف/ ٢٠٠٧/٦/٢٤**

لە هەمـان نوسـراودا، دیسـانەوە کە باسـی لێدانێکی تری کیمیایی دەکـات، شـوێنەکانی بە هێمای ژمـارە (٦٦٥٥٧٥) بـۆدانراوە، لەوێـدا کـاتی لێـدانەکەی بەڕاستی نوسیوە، کە (ساڵی ١٩٨٧)ە نەک ١٩٩٧

111 بەڵگەکە هاوپێچ دەکەم لەخوارەوە بروانە هەڵەکانی دادگا لەنوسینەوەی بڕیارەکەیدا

تاوانبـار( صـابرعبدالعزیز الـدوري) کە بە چەنـد تاوانێک سزادرا لەوەڵامـی دادوەردا دەڵێت : بەڵـێ ئیستخبارات ڕاپـۆرتی لە مەڕۆخـی بـاش وخراپـی پرۆسـەی ئەنفـال و زیانەکـانەوە بەرزکـردووەتەوە، هەرچیمان چنگ کەوتبێ بەرزمـان کـردووەتەوە بـۆ سەرۆکایەتی.

ڕێکەوتی ئەم قسانە لە کتێبی قرار محكمة الانفالدا کە بەزمـانی عەرەبـی چـاپکراوە. بەهەڵە تۆمـارکراوەو لەبری ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٢٥ نوسراوە ١٩٩٧/٣/٢٥ ! ( **بروانە کتێبی قرار محكمة الانفال- وثيقة قانونيەسياسية تاريخية- ٢٠١٤ الصفحة ٥٢١)**

## شێواندنی گرنگترین شایەتحاڵی دۆسێی ئەنفال

هەڵەیەکـی زەقـی نـاوئەم کتێبە، شـێواندنی نـاوی گرنگتـرین شـایاتحاڵی دادگـای بـاڵای تاوانەکـان لە دۆسێی ئەنفالدا (عاسی مستەفا ئەحمەد)ە کە نـاوی باپیری و ناوی گونـدەکەی (زینـانە)و سـاڵ و ڕۆژی گرتنی بەدیل لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە و ئـــــازادبوون و گەڕانەوەی بـــــۆ وڵات بەهەڵە تۆمـارکراون. عاسـی مسـتەفا ئەحـمەد سـەربازێکی سپێری سوپای عێراق بـوو، لە ٢٧ی شـوباتی ١٩٨٢ لە بەرەی شـوش بەدیـل گیـراو لە ٢٤ی ئـابی ١٩٩٠ دوای ٨ ساڵی دیلێتی بەسەرهەواری خاڵیـدا هـاتەوە. چونکە هاوسەرەکەی و منداڵەکانی لەلایەن هەمان ئەو سوپایەوە گیرابوون و ئەنفالکرابوون.

هەڵەکان چی بوون ؟ ناوی بـاپیری عاسـی ئەحـمەدە نەک (امدد) ناوی گوندەکەی زینـانەیە نەک (زنـدان) لە ڕۆژی ٢٧ی شـوباتی ١٩٨٢ بەدیـل گیـراوە نەک ئەو ڕۆژە لەدیلێتی گەڕابێـتەوە، ڕۆژی گەڕانەوەی بـۆ عێراق ٢٤ی ئابی ١٩٩٠ بووە، ناوی کچەکەی چرۆیە نەک جـــروا. عاســـی کەگەڕاوەتەوە بـــۆ عێـــراق گوندەکەیان لەناوچەی قەدەغەکراودابووەو نەیتوانیوە بچێتەوە بەڵام لەکتێبەکـی قـرار محكمە الانفالـدا واهـاتووە کە چـووەتەوە بۆگونـدەکەیان بینیـویەتی کەسی تێدا نەماوە. بـروانە بـروانە ( قـرار محكمة الانفال- وثيقة قانونيە، سياسية تاريخية- ٢٠١٤ ص١٣٣ ) المشتکی رقم ٣٦

ئەم پیاوە هەموو سەبوورییەکی ئەوە بوو کە لەدادگا سەدام وتۆمەتبارانی تری لەقەفەزی دادگادا بینیوەو ئەم شایەت بووە بەسەریانەوە ئەوە ئارامییەکی سایکۆلۆژی بوو بۆ عاصی وبەپێی نزیکایەتیم لێی زۆر دڵخۆش بوو کە بەرانبەر سەدام وەستابووەوە. کەچی دادگاکەش ئاوا باسی ئەم شایەتحاڵە گرنگە دەکات، کە دەبینین لەکۆنووس و ئەرشیفی دانیشتنەکانیدا ناوی سیانی و مێژوی ئازادبوون و گەڕانەوەی بۆ عێراق، شێواندووە!

دیسانەوە شێواندنی ناوی شایەتحاڵ

تەیمور عەبدوڵا گرنگترین شایەتحاڵ و تاکە منداڵی دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵ ناوی باپیری بەهەڵە نوسراوە لەبری ئەحمەد نوسراوە تیمور عبدالله امدد قادر، ناوی گوندەکەشی لەبری کوڵەجۆ نوسراوە کولیجو- بڕوانە ( قرار محكمة الانفال- وثيقة قانونيه، سياسية تاريخية- ٢٠١٤ ص-١٥٨)

له ناوشاهیدەکاندا واحید کۆچانی ناوی پارێزراوە و نوسراوە (لمشتكى المحمي) وقد رمز له بالرقم (٢) لێرەدا ئەم شایەتحاڵ وسکالاکارە بەنهێنی لە دادگاکە ئامادەبووەو نەیویستووە خۆی ئاشکرابکات بڕوانە ( قرار محكمة الانفال- وثيقة قانونيه، سياسية تاريخية- ٢٠١٤ ص١٤٥ ) بەڵام لەلاپەرەیەکی تری ناو هەمان ئەو کتێبەدا، هەمان ئەم شایەتحاڵ و سکالاکارە ناوەکەی ئاشکرا کراوە، جگەلەم کارە نایاساییە ناوەکەشی شێوێندراوەو نوسراوە اوحد کوجالي. بڕوانە ( قرار محكمة الانفال- وثيقة قانونيه، سياسية تاريخية- ٢٠١٤ ص ٣٩٩)
دوو شایەتحاڵی پارێزراو ئیفادەکانیان بەدوای یەکداهاتووە (شایەتی یەکەم بەهێمای ژمارە ١ و ئەوی تریشیان بەهێمای ژمارە ٢ بەڵام لە شایەتیدانی دووهەمیاندا هەڵەیەک هەیە، چونکە لەشایەتیدانی دەربازبوویەکی گۆری بەکۆمەڵدا کە هێمانی ژمارە (٢)ی پێدراوە، کاتێک لەبەرانبەر دادوەرو لەناو هۆڵی دادگاکەدا چیرۆکی گوللەبارانکردنەکە دەگێڕێتەوە، دەڵێت ئەوەی لەبیرم ماوە کە بەگوللەی سەربازەکان


القائد يتلقى بشرى النصر من قائد عملية الانفال
الرجال من التطلعات العسكرية والغياري من ابناء شعبنا الكردي اجتثوا فلول البغي عملاء ايران
سيدي الرئيس القائد حفظكم الله
...
اللواء الركن
سلطان هاشم احمد
قائد عملية الانفال
١٩ اذار ١٩٨٨

کوژران (عزیز وەهاب و سالار فاتیح و حسیب رشیدو عباس نصرالدین ) بوون ! بەڵام یەکێک لەوانەوانە دەربازبووەو لەئەمریکا لەگەڵ ئەم شایەتحاڵە پێکەوە دەژین و لەوێشەوە پێکەوە بۆ ئەم شایەتیدانە هاتوونەتەوەو شایەتحاڵی بەهێما ژمارە (١) پێش خۆی بەشێوەی نهێنی شایەتیداوە ! کەواتە بەهیچ شێوەیەک ناچێتە عەقڵەوە کە شایەتحاڵی ژمارە ٢ قسەی وای کردبێت و بڵێت ئەویش بەگوللەی سەربازەکان کوژرا بەڵکو ئەوە هەڵەی نوسەری کۆنوسە نەک هی شایەتحاڵ، بۆ خوێندنەوەی ئیفادەی هەردوک شایەتە پارێزراوەکە **بڕوانە ( قرار محكمة الانفال- وثيقة قانونيه، سياسية تاريخية- ٢٠١٤ ص – ١٤٤ و ص -١٥٠)**

## دەقی بەیاننامەی کۆتایی ئەنفالی یەکەم

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

"وەک هەر دەسدرێژکارێکی چاوچنۆک، هێزەکانی خومەینیی زایۆنیست بە پشتیوانی هەندێک لەوانەی خیانەتیان لە نیشتمانو خەڵکی هەرێمی باکووری عێراق کرد، ئەوانەی کە گەلی کوردی بە ئەمەک لە ریزەکانی خۆیانیان وەدەرناون، ئەو کەسانەی کە خزمەتی بێئابڕوانەیان بەبێگانە کردووە. یەک لەو کارە پرشەرمەزاریەیان دەسکێشیکردنی هێزەکانی داگیرکەربوو بۆ ئەوەی بێنە گوندەکانی ناوچە سنووریەکانی لای هەڵەبجەوە لە پارێزگای سلێمانیدا. وەک گوزارشێک لە خواستو ئارەزووی گەلی عێراقی مەزن هێزی چەکداری قارەمانمان بە هاوکاریی نیشتمانپەروەرانی بە شەرەفی گەلی کوردمانو لە وەلامی ناپاکیی ئەم تاقمە سەرلێشێواوەدا، هێزەکانی بەدری قارەمان، قەعقاعی قارەمان ، موعتەسەمی قارەمانو ئەو هێزانەی بەشدارییان کردوون، لە هێزە چەکدارەکانمانو فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانی ، پرۆسەی ئەنفالیان ئەنجامدا بە سەرپەرشتیی فەریق رۆکن سوڵتان هاشم، کە بە شێوەیەکی کاتی ئەم ئەرکەی پێسپێردرا سەرەرای ئەرکو کارەکانی تری(40). هێزەکانمان هێرشیانکردە سەر بنکەو بارەگاکانی یاخیبووان، کە جەلال تاڵەبانیی خیانەتکارو بەکرێگیراوی رژێمی ئێرانو دژمنی عەرەبو کورد رابەرایەتییان دەکات، لە ناوچەکانی سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، زێوەداو هەروەها لە ناوچە شاخاویە سەختەکانی سلێمانیدا. لە کاتژمێر 1300 ی ئەمرۆداو لە پاش نەبەردێکی ئازایانەو تۆڵەستێن لەگەڵ خیانەتکاراندا، بارەگای یاخیبوون دەستی بە سەردا گیرا. فەرماندەی ئەو هێزەی پاسی بارەگای یاخیبوونی دەکرد لەگەڵ ژمارەیەک خیانەتکارانو کەسانی سەرلێشێواودا دەسگیرکران، بە پشتیوانی خواو خواستی پیاوە دڵگەرمەکانی عێراق، بە عەرەبو کوردەوە. ئەمانە ژمارەیەکی زۆریان لێکوژراو ئەوانیتریش بە شەرمەزاریی هەڵاتن.

ئەمەیە بوێریو دڵسۆزیی بێوێنە، ئەمەیە ئەو ململانێیەی تەواوی جیهان لێی سەرسامە، ململانێی گەلی سەدام حوسێنی سەرکردە، بە عەرەبو کوردەوە، لە پێناو خزمەتی نیشتمانیداو خۆشەویستیو دڵسۆزییان بەخشیە سەرکردەی مەزنیان، کە هێمای سەرکەوتنو ناونیشانی شکۆمەندییانە. گەلی ئێمە تەواوی ئەو خیانەتکارانەی لە ریزەکانی خۆی وەدەرناوە، ئەوانەی کەوا بە نرخێکی هەرزان خۆیان بە دوژمنی بێگانەی چاوچنۆک فرۆشتووە .

سوپاس بۆ خوا بۆ ئەو سەرکەوتنەی، رووڕەشیو شەرمەزاریش بۆ سەرشۆڕان.

ئیمزا

فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان

فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان ١٩ی ئازاری

١٩٨٨

## کاریگەرێتییە دەرونییەکانی ئەنفال لەسەر جێماوانی




وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تیراژی ٢٠٠٠ دانە چاپیان کردووە.

ساڵی چاپ – ٢٠١٨

چاپخانەی کارۆچاپ وبلاوی کردووەتەوە

ناوی توێژەر بەهادین محەمەد عەبدولرەحمان.

بەداخەوە، هەولێکی سەرنەکەوتووە.عەییدارە

توێژەر : ماوەی هەشت ساڵ هەتا دەرچونی کتێبەکەشی بەرێوەبەری گشتی شەهیدان وئەنفالکراوان- سلێمانی بووە .

**هەڵەزۆرو زەقەکانی ناو ئەم کتێبە**

- گۆترەکاری و رەچاونەکردنی میتۆدی توێژینەوە

- لاوازی نوسین و هەژاری زمان
- کۆپی پەیست و گزی کردن
- شێواندنی بەلگەنامەکان.
- شێواندنی ناوی گوندەکان.

**مرۆڤ بێ دین بێت باشترە لەوەی دزبێت**

لە وەڵامی ڕەخنەکانمدا بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە سالۆنی کوردستانی نوێ تووشی شڵەژان بوو، لەبریی ئەوەی وەلامێکی لۆژیکیم بداتەوە، یاخود لانی کەم کڕ بێت، هەر بە هەڵهێنانەوەی زاری هێندەی تر خۆی عەیبدار کرد، گوتی: "عومەر لای ئێمە ناوێکی تریشی هەیە" کاک قادر عەزیز لێی پرسی "ئەو ناوە چییە؟" لە وەڵامدا گوتی: "عومەر خوانەناس، پێی دەڵێن عومەر خوانەناس". کابرا ویستی هەم شڵەژانی خۆی بشارێتەوە، هەم بە خەڵکیش بڵێت ئەم پیاوەی وا ڕەخنە لە من دەگرێت خوانەناس و بێدین و کافرە، وەک بڵێیت بێدینی عەیب بێت و دزی ڕەوا بێت؟!

ڕۆژی ١٢ی ئازاری ٢٠١٩، کە بۆ واژۆکردنی کتێبەکەی **(کاریگەرێتیە دەروونییەکانی ئەنفال لەسەر جێماوانی)** خەڵکی کۆ کردبووەوە، من چەندین دزیوفزی و هەڵەی زەقم بە بەڵگەوە خستە ڕوو. بە لاپەڕە و ناوی خاوەنەکانیانەوە. کەچی کابرا کە زووزوو دەیگوت من ماستەرم لە ڕاگەیاندن هەیە، هەموو وەلامە لۆژیکی و زانستییەکەی هەر ئەوەندە بوو کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا! ئینجا هەرلەوێ دوو خۆزگەم خواست.

**خۆزگەی یەکەم:** ئەوە بوو ناوەرۆکی کتێبەکەی هێندەی بەرگەکەی جوان بوایە و شایانی ئەو دیزاین و چاپە بوایە. بۆچی؟ چونکە کتێبەکەی لە ڕواڵەتدا جوان و لە ناوەرۆکدا پڕە لە هەڵەی زەق، ڕێنووس و زمانەوانی و تێگەیشتنی هەڵە لە مێژووی ئەنفال و تایتڵی ناڕوون و سەیروسەمەرە و داتا و بەڵگەی هەڵە و نزیکەی ٤٠ گوندیش بە هەڵە ناویان نووسراوە و لە خستنەڕووی ئاماریشدا کۆڵەوارییەکی زۆری پێوە دیارە، بۆ نموونە ناوی زیاتر لە ٣٠٠ گوندی نووسیوە کە گوایە بەر چەکی کیمیایی کەوتوون، کە ئەوە ڕاست نییە، بۆ نەگبەتیی ئەو و بەڵگەی قسەکانم نەزانی و نەشارەزایی گەیشتووەتە ئاستێک، لە بادینان تاکە گوندێک کە کۆمەڵکوژیی لێ کەوتووەتەوە و میدیا و لێکۆڵیاری ناوخۆ و دەرەوە باسیان کردووە، کیمیابارانکردنی گوندی 'برجینی'ە کە کۆمەڵکوژیی لێ کەوتووەتەوە، کەچی بۆ تاکە جارێکیش ناوی نەهاتووە.

**خۆزگەی دووەم:**

ئەوە بوو کە سوپاسی نەکردمایە، دیسانەوە دەپرسن بۆچی؟ چونکە هێندە بە چرووکی ناوی هێناوم "سوپاس بۆ عومەر محەمەد" ئیدی کەس نازانێت بۆچی سوپاس کراوم. ئایا تایپم بۆ کردووە یان هەڵەبڕی؟ لە کاتێکدا ڕەشنووسی کتێبەکەی لە بەردەستمە و خەتم بۆ بەژێردا هێناوە و کونوکەلەبەری زۆر گەورەم بۆ پڕ کردووەتەوە و لە هەڵەی کوشندە ڕزگارم کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوە نا کە بەڕێوەبەری گشتی بووە و من فەرمانبەر، لەبەر ئەوەی دەستەودامێنم بووە و تەکلیفی لێ کردووم و شایەت و بەڵگە زۆرن، بەڵام چونکە دونیابینیی نییە و حەسوودی کوشتوویەتی، بە دەمیدا نەهاتووە بنووسێت سەرنووسەری گۆڤاری ئەنفالستان، چونکە لە واقیعدا خۆی بە بچووکی لە بەرانبەر شارەزاییەکانمدا بینیوە و ئەمەش بووەتە گرێیەکی دەروونی و ویستوویەتی لە ڕواڵەتدا وا نیشان بدات وەک ئەوەی کە خەونی پێوە دیوە خۆی لە سەرووی منەوە دیوە و من بە خەیاڵ شاگردی بووم!

هەر بۆیە لە وەڵامی ئەم دوو خۆزگەیەشمدا قسەیەکی کرد کە نەکردن و بێدەنگبوونی بۆ خۆی

باشتر دەبوو، کورد وتەنی "ئەو قسەیەت نەکردایە، گایەکی دابەستەی دەهێنا" چونکە ئەو ڕاستییە تاڵە هەموو دەیزانن کە بە هۆی نادادپەروەری و حیزبسالارییەوە ئەو بەڕێوبەری گشتییە نەک بە هۆی هزر و توانایەوە. خاڵێکی شەرمەزاری ئەگەر بۆ حوکوومەت و حیزب و دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان تۆمار بکرێت ئەوەیە کە ئەو بەو هەژارییەوە بەڕێوبەری گشتیی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بێت و منیش بە شارەزایی زۆرەوە فەرمانبەرم! ئەمە بەرپرسیارێتیی مێژووییە و مێژوو لەم نادادپەروەری و گەندەڵییە خۆش نابێت، بۆیە هەق نەبوو ئەویش شایی بەو پلەوپۆستەوە هەبێت.

**بەڕێز جەنابی بەڕێوبەری گشتی**

من کە فەرمانبەرم لە بەڕێوبەرێتییە گشتییەکەتان کە لە سەرەوە ناوم هاتووە، خۆشم نەیڵێم خەڵک دەزانن ئەگەر قسەم دەربارەی ئەنفال کرد، هەق وایە بەڕێزت بوەستیت و گوێم بۆ بگریت، لەڕاستیدا ئەمە ئەرکی بەڕێوبەری بەمۆراڵە. هەروەک خۆت چەند جار ئەمەت پێ گوتووم، بەڵام خۆزگە لە ئاوەدانییشدا بوێریی وتنیت هەبوایە، تو گۆڕی شەهیدان، کە دەستت بە نووسینی کتێبەکەت کرد، بوێریی ئەوەت هەبوو بڵێت من بەڕێوبەری گشتیم و ئەرکە لەسەر تۆی فەرمانبەر شاگردم بیت؟؛ ئەی چەند جار ئەمەت پێ گوتووم: "عومەر ئاغا من پشتم بە شارەزایی تۆ قایمە وەک برایەک دەبێت هاوکارم بیت"؟ من ئاوا زەلیل دیومیت جەنابی بەڕێوبەری گشتی! زۆر هاوکاریم کردویت بەبێ ئەوەی چاو بەرەژێری چاکەیەکت بم، بەدرێژایی هەشت ساڵ



بەڕێوەبەریت لە سوپاسنامەیەک و پاداشتێکی وەزیفی کەمافی خۆشمە بە واژۆی تۆ سودمەند نەبووم. بەڵام دەستم بەرەوتەوە نەناو خۆم لە هاوکاریت نەدزییەوە، هەڵەم بۆ ڕاست کردوویتەوە و لەو زانیارییانەت دزیوە کە پێمداویت، ناوی سەرچاوەکانت لابردووە کە بۆم دیاری کردبووی بەناوی خۆتەوە بڵاوتکردوونەوە.

کورد قسەیەکی جوانی هەیە: "ملوانکەی دزراو هەر دەبێت بە شەو لە مل بکرێت" بەڵام ئێوە ئەو پەندەش نەیوەستاندوون، ئەوەتا ملوانکەی دزراوتان لە ملدایە و بەدەم خاوەنەکەشیەوە پێدەکەنن!

**ماوەتەوە بڵێم** : لەدەرفەتێکی ڕەخساودا دەربارەی ئەم کتێبەی بەهادین محەمەدو دوو کتێبی تر بەناوەکانی (قرار محكمة الانفال لەپێشکەشکردنی قازی محەمەد عورێبی و ئامادەکردنی مافناس بەهزاد عەلی ئادەم و کتێبی جێنوسایدی کورد- تاوانی ئەنفال لەنوسینی تەها سلێمان) لە کتێبێکدا دەخەمە بەرتیشکی سەرنج و ڕەخنەکانم وچاپ وبڵاوی دەکەمەوە .

## گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و منداڵ لەسەماوە دۆزرانەوە.

ئەنفالستان :

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی تەموزی ٢٠١٩ تیمەکانی هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان ودەزگای شەهیدانی عیراق، دەستیان بەهەڵدانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵی ناوچەی بادیەی شێخییە لە پارێزگای سەماوە کرد.

بەپێی زانیارییەکانی ئەنفالستان لەوبیابانەی سەماوە "دوو گۆڕی تری بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە. ئەم گـۆڕەی کە ڕۆژی ٥ شەممە ڕێکەوتی ١ی ئابی ٢٠١٩ تەرمەکان هەڵگیرانەوە دەرکەوت کەروفاتی ١٧١ژن و منداڵی کوردیان تێدایە، کە لەپەلامارەکانی ئەنفالدا ساڵی ١٩٨٨ گیراون.
ئەنوەر عومەریەکێک لەئەندامانی تیمی هەڵدانەوەکە بەگۆڤاری ئەنفالستانی ڕاگەیاند ڕۆژی سێ شـەممە ٢٣ی مانـگ دەستمان بەهەڵدانەوە کردو پێنج شەممە کارەکەمـان تەواو دەبێـت، سـەبارەت بە قوربانیەکـان وتـی : هەموویـان ژن ومنداڵن و هیچ پیاوێکیان لەگەڵدانەبووە " لەناوروفاتەکاندا چەند منداڵێک هەن تەمەنیان لە نێوان یەک سـاڵ و دوو ساڵدا بووە، هەروەها بەتەمەنترینیشیان ئافرەتێکە تەمەنی ٤٠ ساڵ بووە".
هەتا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هێشتا ئەنجامی کۆتایی ڕانەگەیەندراوە، بڕیارە دواتـر لە کـۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیـدا بەفەرمی دەرئەنجامی دۆزینەوەکانی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە ڕابگەێنرێت.
هاوکات نوێنەری پزیشکی دادوەری بەغداد لەپرۆسەی هەڵدانەوەکە ئامادەو بەشدارن.
پارێزگای سەماوە دەکەوێـتە خـواروی عێـراق و ٢٨٠ کـم لە ڕۆژاوای باشـوری بەغـدای پـایتەختەوە دورە، بەپێـی زانیارییەکان جگەلەم دوو گـۆڕە چەنـدین گـۆڕی تـری بەکـۆمەڵ لەبیابانەکـانی ئەم پارێزگـایەدا هەن بەتـایبەتی لە ڕۆژئاوای شارەکەدا بیانێکی گەورەو فراوان هەیە و ڕوفـاتی هەزاران هـاوڵاتی کـوردی ئەنفـالکراوو بارزانیەکانیـان تێدایە کە لەلایەن تیمەکانی گوللەبارانکردنی ڕژێمی بەعسـی دیکتـاتۆری لەو نـاوچەیەدا گوللەبارانیـان کـردون و بە شۆفل تەرمەکانیان لەگۆڕی بە کۆمەڵدا شاردوونەتەوە.

**عاسی مستەفا نەخۆشە**

عاسی مستەفا ئەحمەد گرنگترین شایەتحاڵی دۆسێی ئەنفالە، چیرۆکی ئەم پیاوەو خانەوادە ئەنفـالکراوەکەی زۆربە ئازارە، هەرکەسێک بخوازی لە فاشیزم و دەرونی نەخۆشی دکتاتۆرەکان تێبگات، تێرامان لەچیرۆکی عاسی مستەفا کلیلێکی باشە بۆتێگەیشتن. عاسی مستەفا ئەحمەد سەربازێکی سپێری سوپای عێراق بوو، لە ٢٧ی شوباتی ١٩٨٢ لەبەرەی شوش لەلایەن سوپای پاسدارانەوە بەدیلگیراو لە ٢٤ی ئابی ١٩٩٠ دوای ٨ سـاڵی دیلێتـی بەسـەرهەواری خاڵێـدا هـاتەوە. چـونکە هاوسـەرەکەی و هەمـوو منـداڵەکانی لەلایەن هەمـان ئەو سـوپایەوە لەسـاڵی ١٩٨٨ئەنفالکرابوون. دوای ئەوەی نامەیەکی بەزەیـی ئـامێزو درێـژی بـۆ سـەدام نوسـیبوو لە وەڵامی نامەکەیـدا سەعدون عەلوان سەرۆکی دیوانی سەرۆک کۆمـار بە دوو دێـر وەڵامـی داوەتەوەو بـۆی نوسـیوە : بەڕێـز عاسـی مستەفا ژن ومنداڵەکانت لەپرۆسەی ئەنفالی ناوچەی باکوردا ون بـوون ! بەداخەوە مـاوەی سـاڵێکە کـاک عاسـی باری تەندروستی ناجێگیرە .. هیوادرین ئەم شایەتحاڵە گرنگەی ئەنفال تەندروست وتەمەندرێژبێت .

## تاوانە خوێناوییەکەی گوندی دوڕاجی

عومەر محەمەد

عەبدوڵاپەشـێوی شـاعیر دەڵێـت : ئەگەر نـوێنەری وڵاتێک هاتە وڵاتی من و پرسی کوا گۆڕی شـەهیدی ون پێبڵـێن لەهەر کـوێیەک تـاجەگوڵێنەکەت دابنێـی شوێنی شەهیدێکە ئەم هەستەی پەشێو لەچوارچێوەی هەسـتێکی شـاعیرانەدایە بەڵام زۆریـش لەڕاسـتییەوە نـــزیکەو لەســـەر هەربســـتەزەمینێک لەبـــن هەر تاشـەبەردێک لەبەدەم هەر ئەشـکەوتێک لەنێـوەمەزراو کێڵگەی ئەم وڵاتە سەربستەزەمینێک نەمـاوە خـوێنی مرۆڤێکی کوردی تێدا نەرژابێت.
ڕۆژی ١٤ی تەمـــوزی ســـاڵی ١٩٨٧ لەکاتێکـــدا جوتیاران لەگوندی دوڕاجی ناوچەی داودەی گەرمیان سەرقاڵی دروێنەی گەنم و کاسبی خۆیان بوون، چەند کۆپتەرێکی هێزی ئاسمانی سـوپای عێـراق گەیشـتنە ئاسـمانی نـاوچەکەو دەسـتیانکرد بە بۆردومـانی جوتیارەکـان و ئاگریـان لەپەرێـزو دەغـڵ ودانـی

جوتیاران بەداو ٩ جوتیاریش بەو بۆردومانە شەهید بوون، هەندێک لە شاهید حاڵەکانی ئەو تاوانە دەڵێن : فرۆکەکان زۆربوون حەسەن عەلی فەرەج دەڵێت : ژمارەیان نۆدانە بووە چواریان لەوجۆرەبوون کە پێیاندەگوترا حەماڵ و غەزاڵ بوون – غەزاڵ بەو فرۆکانە دەوترا کە بچوک بوون و لەجەنگدا کاراو تیژرەوبوون و بە ئاسانی نەدەپێکران.

ئەوجوتیارانەی لەو بۆردومانەدا گیانیان لەدەستدا بریتی بوون لە :

1 - رەمەزان عەلی تۆفیق- گوندی ئۆمەربل
2 - وەلی مەدحەت غەفور -گوندی ئۆمەربل
3 - نوری حاجی سەعید گوندی ئۆمەربل.
4 - بەرزان حاجی سەعید گوندی ئۆمەربل
5 - نەجات بەهجەت سدیق گوندی ئۆمەربل
6 - فاتیح سەمین خەسرەو خەڵکی گوندی دوراجی
7 - نەجمەدین ساڵح کەریم خەڵکی گوندی دوراجی
8 - ئەحمەد عەبدوولا مەنسورگوندی وارانی
9 - سەروەت عەلی حاجی گوندی ئۆمەر سۆفی

لەوکاتەدا چەند جوتیارێکی تریش لەو دەوروبەرە بوون و رووداوەکان بەچاوی خۆیان دیووە بەڵام هەر بەگەیشتنی فرۆکەکان توانیبویان خۆیان حەشاربدەن یەکێک لەوانە پیاوێک بووە بەناوی حەسەن خەڵکی خوورماتو بوو.

پیاوێکی تر بەناوی عەباس حاجی مەجید لەژێرنێڵەی ئاگری ئەو بۆردومانە بەبرینداری رزگاری بوو، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا لە ژێر (کەمپاین- دەراسە) کەدا خۆی پەنادابوو، پیاوێکی تریش بەناوی شەهیدی ئەبابەکر حاجی ساڵح رزگاری بوو، بەداخەوە دواتر هەردوکیان ئەنفالکران .

لەوبارەیەوە عەلی حەسەن فەرەج دەڵێت هەر ئەو ئێوارەیە پۆلێک پێشمەرگە وخەڵکی ناوچەی داودە کە نزیکەی ٤٠ پێشمەرگە دەبوون چوون بۆ خورماتو بەنیازی تۆڵە سەندنەوەی ئەوشەهیدانە، مەخابن ٣ کەسی تر شەهید بوون و دوکەسی تریش بریندار بوون یەکێک لەشەهیدەکان ناوی ئاوات عەرەب بوو کە عەرەبێکی خەڵکی خواروی عێراق بوو. شەهیدەکەی تر ناوی عەلی حەسەن بوو خەڵکی گوندی قوریچای بوو، شەهیدی سێهەمیش ئەحمەدی حاجی عەزیز بوو خەڵکی خورماتوو بوو. بریندارەکانیش یەکێکیان ملازم عەباس و یەکێکی تربوو کە ناوەکەیم بیرنەماوە.

هەرلەبارەی ئەم تاوانەوە کورێکی فاتیح سەمین بەناوی خەسرەو بۆگۆڤاری ئەنفالستان دواوەو باس لەو تاوانە دەکات و دەڵێت باوکم وئەوانەی بەو بۆردومانە شەهیدبوون هەموویان کاسب بوون و هیچیان پێشمەرگە نەبوون.

**بەشێکی زانیارییەکان لە خسرەو فاتیح و حەسەن عەلی فەرەجی گوندی ئۆمەربل – وەرگیراوە**

## تاقانەیی جینۆسایدی ئێزیدییەکان

د. ئیبراهیم مەلا زادە

خەسڵەتەکانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان هەڵگری جۆرێک لە تاقانەییە، لەسەردەمێکدا ئەوجۆرە بیرکردنەوەی ئەنجامدەرەکان لەدونیای مۆدێرندا بەتەواوەتی پاشەکشەی کردووە. رەگوریشەو مۆتیڤەکانی ئەو جینۆسایدە فرەرەهەندن، بەڵام مۆتیڤەکان لە تەراسی دینیدا بەربڵاون و بەوردی دیزاین کراون.

زۆربەی جینۆسایدەکان خەسڵەتی تایبەت بەخۆیان هەن، لەو ڕووەشەوە دەبنە تاقانە. لەوانەیە تائەمڕۆ هۆلۆکۆست هەڵگری زۆرترین خەسڵەت بێت و لە تاقانەییەکەی هیچ جینۆسایدێک شانی لەشانی نەداوە. لەڕووی بەڕێوەبردن و رێکخستنی تاوانی هۆلۆکۆست کە پەنجەمۆری تەکنۆلۆجیا و بیرۆکراسیەتی ئەوروپی بەسەردا زاڵە، هێندە وردەکاری تێدان و دیزاینکردنی هێندە بە پلانێکی تۆکمە بووە، دوای زیاتر لە نیو سەدەش تائەمڕۆ

زاناکـانی پێـوە سـەرقاڵن و هەڵگـری زۆتـرین قسەلەسەرکردن و توێژینەوە بووە. بەڵام ئەوە مانـای کەمکردنەوە نیە لە گەورەیی و مەترسییەکانی تـاوانی ئەنفـال، جینۆسـایدی بارزانییەکـان و جینۆسـایدی کوردێن ئێزیدی. هاوبەشییەکی زۆر لەنێوان ئەنفال و هۆلۆکۆست هەیە، بەڵام هاوبەشییەکی زۆریش لەنێوان جینۆسایدی ئەرمەنییەکـان وکـوردێن ئێزیـدی هەیە. زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێم خەسڵەتەکانی جینۆسـایدی ئێزیـدییەکان ئەگەر لەڕواڵەتیشـەوە عەفەویەتێکـی زۆری پێـوە دیاربێـت، بەڵام لەنـاوەڕۆک و قەبـارەی تاوانەکە هیچـی لەجینۆسـایدی ئەرمەنییەکـان کەمتـر نیە، ئەگەر ئەویش تێنەپەڕێنێت.

مخابن، تاوانبارەکان ئەگەر لێـرە و لەوێ چەنـد سـەد کەسـێکیش مـابن، بەڵام وەکـو یەکەیەکـی سـەرەکی دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش) هەڵوەشـایەوە، بـۆیە ڕاکێشانیشییان بەرەو دادگـا قورسـە و پەرتـوبلاون، وێـڕای ناسـینەوەی تاوانبارەکـانیش هەر قورسـە و لەوانەشە زۆریان کوژرابن. لەگەڵ ئەوەش، پێکهاتەی ئێزیـدی پێویسـتی بە چـاودێری زیـاتر هەیە بەتایبەتیش لەڕووی سایکۆتێراپییەوە.

هەروەهـا، یەکێـک لە خەسـڵەتە هەرە ناوازەکـانی جینۆسـایدی کـوردێن ئێزیـدی ئەو منـداڵانەن کە بێبـاوکن و تەنهـا دایکییـان دەناسـرێت. ئەوەیـان دیاردەیەکی تاقانەیە و بەسـەدان منـداڵ، لەو دایکـانە بوون کە وەکو جـارییە مامەڵەیـان لەگەڵدا کـراوە و کڕین و فرۆشتنییان پێوە کراوە. ئەم جۆرە خەسڵەتە نەلە هۆلۆکۆست، نەلە جینۆسایدی ئەرمەنییەکـان، نەلە ڕوانـدا، نەلە کەمبۆدیـا و نەلە دارفـور و تـاد، دەبیندرێت. خەسڵەتێکی ناوازە و تاقانەیە، بـۆیە هەر ئەو خەسـڵەتە ئەو تـاوانە دەخـاتە ئاسـتی جینۆسـایدێکی بێـوێنە و ئاسـتی درنـدەیی هەمـوو سنوورە چاوەڕوانکراوەکانی جینۆساید دەبڕێت.

زۆر خەسـڵەتی دیـکەش هەن، ئەوا لە تـوێژینەویەکی ئەکادیمیدا لە داهاتوو دەخەینە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز.

خاڵێکی دیکە هەیە، ئەویش ڕووێکـی دیـکەی گـرنگە کە پەیوەنـدی بە خـودی ئیسـلامەوە هەیە وەکـو ئاینێکی گەورە و بەرفراوان، ئەویش کێشەی بـوونی جارییە و کۆیلایەتییە لە ئیسلام و لە قورئانیشدا ئەو سنوورە بەکراوەیی بەجێهێشـتراوە. مخـابن، کەس و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەخۆلێگێلکردن، یا بەوەی کە ڕێکخـراوی داعـش لە ئیسـلام تێنەگەیشـتوون، ئەو تـاوانە گەورەیەی بەکـۆیلەکردن و بەجـارییەکردنی ژنـان وەکـو شـنەبایەکی بەهـاری بەبەرگوێیانـدا تێـدەپەڕێ و لایـان نەبـووە بە پرسـیار. ئـاخر، نەخـۆلێگێلکردن، نەپەراوێزخسـتن نـابنە پاسـاو بـۆ ئەوەی کە ئەو کێشـــــەیە بەچارەســــــەرنەکراوی بهێڵـدرێتەوە، یـاخود بەمانـایەکی دیـکە، زۆربەی تەفسـیرەکان تخـونی ئەوە نەکەوتـوون داخـۆ چـۆن مـامەڵە لەگەڵ ئەو حـوکمە قورئـانییەدا دەکەن و هەڵویسـتییان بەرامـبەر جێبەجێکردنـی ئەو حـوکمە چیە؟!

## تێـــڕوانین لەتەندروســـتی خەڵکـــی ســـیڤیلی هەڵەبـــجە کەبەرچـــەکی کیمیایی کەوتوون.

Faraidoun Moradi; Mia Söderberg; Fazil Moradi; Bledar Daka; Anna-Carin Olin; and Mona Larstad

**پوختــەی تــوێژینەوەیەکی زانســتی زانکــۆی گۆتـەنبرگی سوید و زانکۆی مارتین لۆتر لە ئالمانیا**

وەلید عەبدولا لەئینگلیزیەوە گۆریویێتی بۆکوردی

**پێشەکی**

پــوختەیەک لە گفتوگــۆی نــوێترین تــوێژینەوەی زانستی هاوبەشی گروپی لێکۆڵیارانی وڵاتی سـویدو ئاڵمان دەربارەی ڕوانینـی تەندروسـتی ڕزگـاربوانی چەکی کیمیایی لەخەڵکی سیڤیلی هەڵەبجە

بیخوێنندەوەو زانیاری زیاتر دەتوانیت سەردانی ئەم لینکەبکەیت:

https://journals.plos.org/plosone/article/comments?id=10.1371/journal.pone.0218648

هێرشـەکانی ئەم دوایـیەی چەکـی کیمیـایی لەشـەڕی ناوخۆی سوریاو عێراقدا سـەلمێنەری ئەو راسـتییەن کە هێشـتا چەکـی کیمیـایی مەترسـی و هەڕەشـەیە بۆسەر ئاسایش و سەلامەتی خەڵک.
سـاڵی ١٩٨٨ قورسـترین هێرشـی چەکـی کیمیـایی کـرایە سـەرخەڵکی سـیڤیلی هەڵەبـجەو بەهـۆیەوە نـزیکەی ٥٠٠٠ هەزار هـاوڵاتی گیانیـان لەدەسـتداو هەزارانیش بریـندابوون کە هێشـتا بەدەم ئـازارەوە دەناڵێنن و بەدەیان مرۆڤ ونبوون. هێشتا زانیاری دەربارەی تەندروستی وچۆنێتی ژیانی ڕزگـاربووانی گازی خەردەل بەتایبەت لە هەڵەبجە زۆرسنوردارە.
ئامانج لەم تـوێژینەوەیە بەدواداچـوون و دۆزیـنەوەی کێشـە تەندروسـتیەکانی چەکـی کیمیـاییە بـۆ هاوڵاتیانی هەڵەبجە .
گفتوگـۆ: لەم توێژینـەوەیەدا لەسـەرتێڕوانین وبـاری تەندروسـتی بەرکـەوتووانی چـەکی کیمیـاوی کە نیشانەکانی توشـبوون بەنەخۆشـیەکانی هەناسـەدان لەهەڵەبـجە لێکۆڵینـەوەمانکردووە. بەشـداربووەکان دەڵـێن : بەگشـتی بـاری تەندروسـتی و چـۆنێتی ژیانمـان کێشـەی جـدیمان هەیەو دەسـتمان بە خزمـەتگوزاری پزیشـکی ناگـات، بەشـداربووەکان ئەوەیـان ئەزمـوونکردووە کە بـاری جەسـتەیی و دەروونـی و خۆشـگوزەرانییان تێکچـووەو ئەوەش پەیوەنـدی بە چەکـی کیمیـایی و بریـندابوونیانەوە هەیە.ئەوان دەڵێن چەکی کیمیایی بووە بە"بەشێک لە جەستەمان" و زیانی پێگەیاندوون، بەردەوامیش زیان بەئەنـدامەکانی جەسـتەیان دەگەیەنێـت. خـەویان تێکچـــووە. ئـــەویش بەهـــۆی تێکچـــوونی هەناسـەدانیانەوەیە، بیرکەوتنـــەوەی ناخودئاگـــا (ڕووداوە ناخۆشـــەکان)، و کێشـــەکانی ئاڵۆشـــی (خـــورانی جەســـتەیان). کەمخـــەوی زیانبەخشـــانە کاردەکاتـە سـەر سـەلامەتی جەسـتەو دەروونیان و لەڕۆژدا چالاکی و توانای مرۆڤ کەمدەکاتەوە، ڕەنگە یەکێـک لـە هۆکـاری تەمەڵـی و هیلاکـی جەسـتەیی وبێتاقەتی بێـت کـە کـاری کردووەتـە سـەر نزیکـەی هەموو بەشداربووەکان .



نەخۆشـییە دەروونیەکـان (پەیوەنـدیدار بـە مێشـک ودەمـــار) لـــە نێـــوان کاریگـــەرییەلاوەکی (ئـــەو کاریگەریانـــەی کـــە دواتـــر دروســـت دەبـــن)و درێژخایەنـەکانی بەرکـەوتن بـەگازی کیمیـاویەوەن. هەتـا ئێسـتا، تـەنها هەنـدێک توێژینـەوەی چـۆنێتی کراون دەربارەی ئەم کاریگەریانە، لەگەڵ ئەوەشدا، لـە توێژینەوەکانی پێشودا ڕاپـۆرتکراوە کـە نەخۆشـییە دەروونیەکان بەربڵاون لە نێـوان ئێرانییەکانـدا کەبەر چەکی کیمیاوی کیمیایی کەوتوون.
نیشـــانەکانی خـــەمۆکیمان لەســـەر دوولەسەرسـیێی بەشداربووەکان دۆزییەوە، بیرکردنـەوە لـە خۆکـوژی لەیەک لەسەرسێی بەشداربووەکاندا هەیە. هەرچەنـدە هیچ داتـایەکی وردمـان نـیە لە عێـراق و کوردسـتان دەربـــارەی نیشـــانەکانی خەمـــۆکی و بیـــرۆکەی خۆکـوژی. بەڵام تـوێژینەوەیەکی دەرونزانـی دەری خستووە کە ڕێژەی خەمۆکی بەدرێژایی ژیان لەنێوان دانیشتوانی عێراقدا دەکاتە ٧.٤%. بـەپێی ڕاپـۆرتی ڕێکخراوی تەندروسـتی جیهانـی، ڕێـژەی خۆکـوژی لەعێراقدا لەساڵی ٢٠١٦ بریتیبووە لـە ٣ حاڵـەت بـۆ هەر ١٠٠.٠٠٠ کەسـێک. ئـــەومیتۆدەی لـــەو دوو توێژینـــەوەیەدا بەکارهێنـــدراوە زۆرجیـــاوازە لـــەو میتـۆدەی ئـەم توێژینـەوەیە بـەکاری هێنـاوە؛ بـەڵام هێشتا، ئەنجامـەکانمان هەبـوونی حاڵـەتی دەروونـی دەردەخەن لە نێوان هەموو ڕزگاربووانی بەرکەوتوانی گـازی کیمیـاوی لـە هەڵەبـجە. ئەمە هۆکـارە ڕەنـگە

بگەڕێتەوە بۆکێشەی تەندروستی بەتایەتی کێشەی سی وکۆئەندامی هەناسە، هەروەها دورکەوتنەوەو جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵگە، و بێ ئومێدی و بینین و شایەتحاڵبونیان بەسەر مردنی کەسە نزیکەکانیان بە هۆی چەکی کیمیایی. خۆکوژی دیارترین هۆکاری نەخۆشی دەروونیە، و لە توێژینەوەکانیتردا، ڕوودانی هەوڵی خۆکوژی بەباشی زانراوە لەنێوان توشبووانی نەخۆشی سییەکان (کەمبوونی تواناى هەناسەدان. یەکێک لە توێژینەوەکان ڕۆڵی بێهیوابوونی دەرخستووە لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان کێشەکانی خەو و هەوڵەکانی خۆکوژیدا.

یەکێکیتر لەسیفەتە دیارەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە نیشانەکانی هەناسەدان هۆکاری سەرەکییە لە لاوازکردنی تواناى کارکردن، هەروەها بوونە کەسانی نامۆ (مەبەست لێی جیابوونەوەیانە لەکەسانی ئاسایی) لە کۆمەڵگادا. لەوەش زیاتر، کەمی زانیاری گشتی دەربارەی تێگەیشتنیان، لە ئاڵۆزیەکانی بەرکەتن بەگازی کیمیاوی - لەڕوانگەی تەندروستییەوە - وەرگیراوە وەک کارەکتەری سەرەکیی لە پشت جیابوونەوەی کۆمەلایەتی بەرە بەرەی بەشداربووەکان. کەسانیتر، بەرنەکەوتووەکان لە کۆمەڵگادا، وا تێدەگەن کاریگەرییە تەندروستیە ئاڵۆزەکانی بەرکەوتن بە گازی کیمیاوی ئەگوازرێتەوە - لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر و لە باوانەوە بۆ نەوە . لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی بەشداربووەکان وشەی "ئێمە" یان بەکارهێناوە کاتێک کە باسی نیشانە و حاڵەتەکانیان کردووە، کە دەکرێت وەک میکانیزمێکی بەرگریکردن ڕەچاوبکرێت بەرامبەر جیاکاری (بەرکەوتووەکان و بەرنەکەوتووەکان)، ئەمەش پێشنیاری هەستێکی بەهێزی هاودەمی دەکات لەنێوان ئەوانەی ئازاری هاوشێوە و بەردەوامیان چەشتووە. هەروها، ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە کە زۆربەی بەشداربووەکان لاوازی تەندروستی دەروونییان هەیە، بەلام کەس ناوی خۆی تۆمارنەکردووە لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان لەسەربنەمای دیاریکردنی نەخۆشی دەروونی. جگەلەوە نەبوونی پسپۆڕی دەروونی لە لیژنەی پزیشکیدا جێی سەرنجە. هەرچەندە زەرەری ڕاستەوخۆی بەرکەوتوانی گازی کیمیاوی بەپلەی یەکەم زیانی کۆئەندامی هەناسەدان، چاوەکان، و پێست لەخۆ دەگرێت، کەچی کاریگەرییە دەروونی و کۆمەلایەتییەکان، لەسەربەرکەوتووکان زۆرجێی بایەخن. وا دەردەکەوێت کە هەندێک لە ڕزگاربووانی بەرکەوتووان نیشانە فیزیاییەکانیان گەورەتر کردووە تا ناونووس بکرێن و شیکارییان بۆ بکرێت، و هەندێک خزمەتگوزاری پزیشکی وەربگرن. هەندێک خزمەتگوزاری پزیشکی دەرونی بەردەستە، هەرچەندە دەستگەیشتن بە پسپۆڕی تەندروستی زۆرسنووردارە .

زیاد لە نیوەی بەشداربووەکانیش باسی چەند نیشانەیەک دەکەن وەک پەرێشانی و نائارامی، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا. پەرێشانی بەشداربووەکان پێکهاتووە لە هەردوو نیشانەی فیزیایی ودەروونی. ڕزگاربووان هەست بەروودانی ستێک دەکەن لەجەستەیاندا، ئەم هەستە کاریگەری کردووەتە سەر لایەنەکانی تری ژیانیان، یان بووەتە هۆی نزمی کوالیتی ژیانیان. توێژینەوەکانی ڕابردوودەیانخستووە کە، لەنێوان کاریگەریەکانی چەکی کیمیاویدا، نیشانەکانی دەماری زۆر درەنگ دەردەکەون، ئەمەش بۆ هەڵسەنگاندن زۆر ئاڵۆزە. بەشێکی، ئەم نیشانانە ڕەنگە بەهۆی بڕوای قوربانیەکانەوە بێت کە گازی کیمیاوی تەواوی جەستەیانی پیسکردووە وە بەردەوامە لە زیانپێگەیاندنی ئۆرگانەکانیان؛ بەشێکی، ئەکرێت لێکبدرێتەوە بە بیرکردنەوەی ناخودئاگای قوربانیەکانەوە وە هەروهها هەستکردنیان بە جیاکاری و بێهیوابوون. زیاد لەوەش، ئەوە بەباشی ڕیپۆرتکراوە کە نیشانەکانی هەناسەدان دەکرێت هۆکاری دەستپێکبێت. ڕەنگە هۆکاری تریش هەبێت بهەۆی بەیەکەوە ڕوودانی نەخۆشیەکانی سییەکان

(کــەمبوونی توانــای هەناســەدان) و نەخۆشــیە دەروونیەکان

توێژینــەوەکە پیشــاندەری ئەوەشــە کــە زۆربــەی بەشــداربوان دوودڵــی تونــدیان هەبــووە دەربــــارەی پەیوەنـــدییە کۆمــــەڵایەتییەکانیان لەدەرئەنجامی بەرکەوتنیان بە گازی کیمیاوی. بەهۆی هەڵاواردنیانەوە بەشداربووان بەئەزموون گەیشتونەتە ئەوبــڕوایەی کــە کۆمــەڵگالێیان "بێزاربــووە" وەک "تووشــبوویەک" ســەیری کــردوون. ئەمــەش وای کردووە کە هەست بە نائارامی بکەن و دڵنیانین لە تواناکانیـان بـۆ پشـتگیریکردنی خێزانـەکانیان و پرۆسەی هاوسەرگیری، بەمەش تەندروستیان بـەرەو خراپتـر و خراپتـر چـووە. چەنـد توێژینـەوەیەک دەریانخســتووە کــە بەرکــەوتن بــەگازی کیمیــاوی بەردەوامـەو بـووەتە هـۆی کێشـە تەندروسـتییەکانی بایۆسایکۆسۆشــیاڵ - بــایۆلۆجی، ســایکۆلۆجی، کۆمەڵایەتی - پاش بەرکەوتن، بەتایبەت نیشـانەکانی هەناسەدان و نەخۆشیە دەروونیەکان.

ئەنجامــەکانمان پیشــانیدەدەن کــە نەخۆشــەکان دەستڕاگەیشــتنیان بــە چــاودێری تەندروســتی ســەرەتایی و پێویســت سنووردداربووەو بــارگرانی مادییــان بـۆ دروسـتبووە لـە پەیـداکردنی دەرمـانی پێویست یان سەردانکردنی پسـپۆڕی تەندروسـتی و پێداویستییەکانیسـن بەپێـی پێویسـت بـۆ دابـین نـەکراوە لـەلایەن حوکمـەتی هەرێمـی کوردسـتان و حوکمـەتی فیـدراڵی عێـراقەوە. ڕەنگـە هۆکـارەکەی قەیرانی دارایی بێت لەگەڵ ناهاوسـەنگی بـارودۆخی سیاسی لە هەرێمـی کوردسـتان. کـەمی سەرپەرشـتی وخزمـەتگوزاری کـارای پزیشـکی وەک بابـەتێکی جدیی دەمێنێتـەوە بـۆ ڕزگـاربووانی بەرکـەوتوو بـە گازی کیمیاوی. ئەو ڕاستییەی کە بەرکەوتوانی چەکی کیمیـاوی لـە هەڵەبجـە جـۆرێکی جیـاواز لـە چـەکی کیمیاوییـان بەسـەرداکرا، لەناویانـدا جـۆری جیـاواز لەچەکی دەمار، ڕەنگە لێکدەرەوەی ئەوەبێت کە بۆچی بەرکەوتوانی کیمیایی لەهەڵەبجە نیشانەی سـەختتری هەناســەدانیان هەیە بــە بــەراورد بەوانەی لەئێــران بەگــازی کیمیــاوی برینــداربوون، کــە چارەســەری سەرەتاییان پێگەیشت و دەستیانگەیشت بە پسپۆڕی تەندروستی. کاریگـەرییە جەسـتەیی و دەمارییەکـانی پاش بەرکەوتن بەچەکی کیمیـاوی وەک نیشـانەکانی هەناسەدان، فاکتەری بەشدارن لەشڵەژانی جەستەیی و دەروونــی بەرکــەوتووەکان. لەبەرئــەوە، تێرمــی anxiety chemicalcontaminationمــان داهێنا. واتە "دڵڕاوەکی و ئالۆدەبوون بەکیمیایی ." دڵڕاوەکی لە ئالۆدەبوون بـە کیمیـایی تێکـەڵاوبوون لەگەل خێزان، ژیانی کۆمـەڵایەتی، و کـار سـنووردار دەکـات ، و دەبێتـە هـۆی لاوازبـوونی تەندروسـتی گشتی و کوالیتی ژیان. زۆریان بە بێکاری دەمێننەوە، و لەڕوانگـەی کۆمـەڵایەتی و بـارودۆخی دارایـیەوە ژیانێکی هەستیارانە دەژین .

دەرەنجام :

گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی پاش نزیکـەی سـێ دەیە لە هێرشی کیمیاوی، بەرکەوتووەکان هێشتا بەدەسـت ئاڵۆزیەکانی (نەخۆشییەکانی) بایۆسایکۆسۆشیاڵەوە - بـایۆلۆجی، سـایکۆلۆجی، کۆمـەڵایەتی– دەناڵێن کەبەشـــدارن لـــەلاوازکردنی تەندروســـتی گشـــتی وکــوالیتی ژیانیــان. گەیشــتینە ئــەو بــڕوایەی کــە بەرنامـەی فرەڕەهەنـدی پێکهـاتوو لـە پزیشـکی، سـایکۆلۆجی، سەرپەرشـتی (گەڕاندنـەوە بـۆ بـاری دروســتی)، پــەروەردەیی، کلتــوری و کۆمــەڵایەتی پێویســتە بــۆ بەرەنگاربوونـــەوەی ئاڵۆزیەکـــانی بایۆسایکۆسۆشـــیاڵ لـــە ڕزگـــاربووانی گـــازی کیمیاوی.هەروەهــا ئەمــە ڕێگریــدەکات لــە زیانــە تەندروستیەکان لە داهاتوودا، بـەلای کەمـەوە کـەمیان دەکاتەوەوکوالیتی ژیانی ڕزگاربووەکان - لە ڕوانگەی تەندرستییەوە - بەرز دەکاتەوە.


## سوپاس وپێزانین

•هەموو بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە.

•وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفـالکراوان کە هاوکارمان بوون لەم پرۆژەیە .

•بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی
•کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیایی هەڵەبجە
•ڕێکخراوی سەروەری هەڵەبجە
•بەڕێز گۆران بابە عەلی ئەو بەشداربوانەی کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن .

عومەرمحەمەد سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان

بۆ خوێندنی تەواوی بابەتەکە، تکایە سەردانی ئەم لینکە بکە :

https://journals.plos.org/plosone/article/comments?id=10.1371/journal.pone.0218648

*ئەم توێژینەوەی دکتۆر فەرەیدون مورادی ڕۆژی ١٧ی ئازاری ٢٠١٩ لەزانکۆی هەڵەبجە لەیادی گازبارانی هەڵەبجە پێشکەشکرا. بەڵام بەهۆی گرفتی تەکنیکییەوە چەندجارێک باسەکەی دواخراو سەرئەنجام نەیتوانی وەک پێویست پەیامەکانی بگەیەنێ .*

## با نیشانەیەك دابنێین

**عومەر محەمەد**

زیاد لەجارێک ئەم دوو پێشنیارەم بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی شەهیدان کردووەو لەراگەیاندنیش باسم کردووە، ئەوا جارێکی تر لەسۆنگەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی پارێزگای سەماوە وە پێشنیارەکانم دەخەمەوە ڕوو.

١ -شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەروا دانەپۆشرێنەوەو بەجێبهێڵدرێن. بەڵکو لەشوێنیان نیشانەیەکی جێگیرو چەسپاو دابندرێت بۆنموونە (بەردێکی گەورەی چیاکانی کوردستان) بەلای کەمەوە قەبارەکەی ٣بە٤ مەترو بەرزییەکەی ٢ مەتر بێت و لەکارگەکانی بەرد برین لایەکی ببرڕدرێت و ناوی هەموو قوربانییەکانی ناو ئەو گۆڕانەی لەسەرهەڵبکۆڵدرێ و لە قەراغی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دابندرێت، ئەگەر ناوی قوربانییەکانیش نەزانرا تەنها ژمارەی ڕوفاتەکانی



لەسەر بنوسرێ. وەک نیشانەیەک بۆ شوێنی کۆمەڵکوژی ئەنفالکراوانی کورد.. بەردەکەش لە چیاکانی کوردستانەوە بە تریلە بگەیەندرێتە بیابان.. ئەم نیشانەیە جگەلە ڕێگەیەک بۆ ناساندنی تاوانەکە چەند ئامانجێکی سیاسی ورەمزیس دەپێکێ بەتایبەتی لە بیابان.

٢ -خەستەخانەیەک و قوتابخانەیەک و باخچەیەک لەو گوندەی تەیموری لێ دالدەدرا دروست بکرێت و ناوی بنرێت (دیاری گەلی کوردستان بۆ خانەوادەی ئال ئعیشم ). ئەو پرۆژەیە بریکی ڕەمزی هەموو فەرمانبەران و کاسبکارانی هەرێمی کوردستانی تێدابێت و ئەوەی تریشی لەبودجەی هەرێمی کوردستان دابین بکرێت.

ئەگەر پابەندی ڕۆحیت بۆ ئەنفال هەیە، پشتیوانی ئەم ئایدیایەم بکە و لەشوێنی شیاودا داکۆکی لێبکەو لەکوێ بەباشی دەزانیت رای خۆت بڵێ یان بینوسە ودەوڵەمەندی بکە.

## دەربارەی کیمیابارانی هەڵەبجە

### ئەحمەد بامەرنی

ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/١ ماڵپەری کوردستانی نوێ یادەوەری ئەحمەد بامەرنی لەگەڵ مام جەلال تاڵەبانی بڵاوکردووەتەوەو لەبەشی کۆتاییدا باسی هەواڵی کیمیابارانی هەڵەبجە بەم شێوەیە نوسیوە:

کۆمیتەی یەکێتی لە ئەوروپا، لە ڕۆژانی 1988/3/19-15 لەگەڵ مام جەلالدا کۆبوونەوەمان هەبوو. کۆبوونەوەکە لە ماڵی د.لەتیف ڕەشید

بەڕێوەچوو، ئەوانەی کە وەک لەبیرم ماوە هەریەک لە خوالێخۆشــبووان عــومەر دەبــابە، شــازاد ســائیب، د.محەمەد سابیر، سەعدی ئەحمەد پیرە، بەرهەم ساڵح، سەلاح ڕەشید، دکتۆر لەتیف ڕەشید و بەندە.

کۆبوونەوەکەمـــــان زۆر پوخـــــت بـــــوو، دوای دەســتپێکردنی هێرشــی ئەنفالی یەک بــوو بۆســەر بارەگاکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و دەزگا سەرەکییەکانی یەکێتی لە ســەرگەڵو و بەرگەڵــو. مـام جەلال بە درێژی بۆچوونەکانی خۆی بـۆ باسـکردین سەبارەت بە داڕشتنی پلانی یەکێتی بـۆ ئاینـدە لەبەر ڕۆشــنایی ئەو دۆخە نــوێیەو باسیشــی لە پــلان و ئیشوکارەکان لە ئەورووپـا کـرد. لەپـڕ کەسـێک هـاتە ژوورەوە و وتـــی: مـــام جەلال، ئەوە ڕەفعەتـــی مەلا (ڕەفعەتی مەلا نوێنەری یەکێتی بوو لەتاران) دەیەوێت بەپەلە قسە لەگەڵ جەنابتان بکـات. مام جەلال-یـش ڕۆیشــت بــۆ تەلەفــۆنەکەو دوای مــاوەیەک هــاتەوە، بەسیمایەوە دیاربوو کە هەواڵێکی ناخۆشی پێیە. کە داوامان کرد بزانین دەنگ و باس چییە؟ مـام جەلال وتی: کاک ڕەفعەت دەڵێت: ڕژێمـی عێـراق ئەمـڕۆ بە چەکی کیمیایی شاری هەڵەبجەی بۆمبـاران کـردووەو خەڵکێکی زۆری سڤیل شەهیدبوون. پاشان وتــی: بە ڕەفعەتم وتــووە: شــاری هەڵەبــجە شــارێکی گەورەیە، چۆن دەکرێت بە چەکی کیمیایی بۆمباران بکرێت؟ و داواشم لێکردووە کە دڵنیابێتەوە و پــاش ســەعاتێکی دیــکە تەلەفــۆن دەکــاتەوە. کۆبوونەوەکەمــان بــۆ ماوەیەکی کەم ڕاگرت و باسی هەواڵی بۆمبارانکردنی هەڵەبجەمــان دەکـرد و بڕیــاردرا کە هەریەک لەئـێمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە لێیەتی. ســەعاتێکی پــێ چــوو، کـاک ڕەفـعەت تەلەفـۆنی کـردەوەو تەئکیـدی کردەوە کە بەڵێ هەڵەبجە کیمیابارانکراوەو بەهەزاران شــەهید هەیە. بڕیــاردرا کە لێـدوانێکی ڕۆژنـامەوانی بنووسـین و بـڵاوی بکەینـەوە. کەمێـک مشـتومڕمان کرد لەسەر ژمارەی شەهیدەکان، چونکە هـیچ ژمـارەو ئامـــارێکی ڕاســـت و دروســـتمان لەبەر دەســـتدا نەبــوو.کــاک ڕەفــعەت وتبــووی بە هەزارانە، بــۆیە لە بەلاغەکەدا نووســــــیمان زیــــــاتر لە 2500 کەس شەهیدبوون.

لەبەرئەوەی کاتەکە ئێوارەیەکی درەنگ بوو، بەیانیی ڕۆژی دواتر هەریەکەمـان گەڕاینـەوە بـۆ ئەو وڵاتــــانەی کە لێیــــووین. مــــن ڕۆژنامەنووســــێکی فەرەنسیم دەناسی بەناوی پاتریک بـورا لێپرسـراوی خـۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت بـوو لە کەنـاڵی تەلەفزیـونی یەکەمـی فەرەنسـا، هەر لە لەنـدەنەوە تەلەفـۆنم لەگەڵ پاتریـک-دا کردو داواملێکرد بچـمە لای، کە گەیشـتم، پاتریک وتـی: مـن لە تەلەفزیـۆنم، چاوەڕێـت دەکەم. پاشنیوەڕۆ نزیکەی سەعات چوار گەیشتمە پاریس و دەستبەجێ چوومە لای پاتریـک. لە ژوورەکەی خـۆی باسی کیمیابارانی هەڵەبـجەم بـۆکرد، داواملێکـرد کە دەنگوباسی هەڵەبجە لە گەشـتی هەواڵـی سـەرەکییدا باسبکات. پاتریک وتی: ئەحمەد بـاوەڕت پـێ دەکەم، بەڵام ئەمە هەواڵێکــی زۆر گرنــگ و مەترســیدارە، لێپرســـراوی هەواڵ هەرگیــز ئامــادە نابێــت ئەمە بڵاوبکـــرێتەوە، ئەگەر لەســـەرچاوەکی ڕەســـمییەوە نەبێت، لـێم قبـووڵ ناکـات ئەگەر بڵـێم سـەرچاوەکەم نوێنەری یەکێتییە لە فەرەنسـا. بـۆیە مـن پێشـنیازی ئەوەم کرد کە خۆی لەگەڵ تیمێکـدا بـڕۆنە هەڵەبـجە. ڕازیــی بــوو و بڕیارمانــدا لە ڕۆژی دواتــر بــڕۆینە باڵیۆزخانەی ئێران بۆ داواکردنی ڤیزا. لەسەر چوون بـۆ کوردسـتان لە مشـتومڕدا بـووین، لەپـڕ ژنێکـی ڕۆژنامەنووس بەپەلە خۆیکرد بە ژوورەکەیدا و وتی: پاتریــــک وەرە ســــەیری ئەوە بــــکەو ڕۆیشــــت، هەردووکمـــــان چـــــووینە هـــــۆڵێکی گەورە هەمـــــوو دیوارەکــانی شاشــەی تەلەفزیــۆنی جیهــان بــوو، هەموویــان وەردەگــرت. هەمــوو شاشــەکان پەخشــی وێــنەی شــەهیدانی هەڵەبجەیــان دەکــرد، تەنــانەت مۆسقایەکیشــی لەگەڵــدا نەبــوو، تەنهــا وێــنەی ژن و منداڵ و کەســانی مــردوو بــوو. لەو ژوورەدا بیسـت ڕۆژنامەنووسی ژن و پیاوی لـێ بـوو، بێـدەنگییەکی زۆر بــاڵی بەســەر هــۆڵەکەدا کێشــابوو، هەنــدێکجار دەنگێک دەهات و دەیووت: ئەمە قەتڵوعـامە، یەکێکـی دیــکە دەیــوت: جینۆســایدە، ئەمە ترسـناکە، ژنێـک

پرسی ئەمانە کێن؟ وتم : مەدام ئەمانە میللەتەکەی منن. ئەو هەموو ڕۆژنامەنووسە تەماشای منیان کرد. دواتر من تەماشایەکی پاتریکم کرد و وتم: پاتریک ئەمە بوو کە من بۆم باس دەکردیت.

سەرچاوە کوردستانی نوێ – https://knwe.org/?p=46729



# ڕاستکردنەوەی هەڵەی کتێبێک

**جەبار عەبدوڵا عەزیز**

**شایەتحاڵی ژمارە (٣٩) لەدادگای باڵای تاوانەکان لە دۆسێی ئەنفالدا.**

ئەم پیاوە یەکێک بوو لەسکاڵاکارو شایەتحاڵەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لە دۆسێی ئەنفالدا، لەبنەڕەتەوە خەڵکی گوندی تۆپخانەی سەربەناحیێ قادرکەرەم بوون، واتا گوندەکەی (فەرەج محەمەد) کە لەبیابانەکانی پارێزگای ڕومادی لە گۆڕی بەکۆمەڵدا دەربازی بوو، ئەوکاتەی جەبارقادر شایەتیدا دانیشتووی قەزای چەمچەماڵ- کۆمەڵگای شۆڕش بوو. بەداخەوە لەکتێبی ( **جینۆسایدی کورد تاوانی ئەنفال – تەها سلێمان**)دا هەندێک هەڵەی زەق دەربارەی جەبارو شایەتی دانەکەشی کراوە بۆنمونە پیشە لەبری کاسب نوسراوە ژنی ماڵ، لە ڕیزبەندی دادگادا ژمارە (٣٩)یە بەڵام لەکتێبەکەی تەها سلێماندا نوسراوە(٣٥) ئەمانەو سەرلەبەری ئیفادەکەی بەهەڵە نوسراوەو چەواشەکراوە . شایانی باسە لەکتێبەکەی قرار المحكمة الانفال شایەتیدانەکەی جەبار عەبدوڵا بێ کەموکوڕییە. کە (دادوەرمحمد عريبي و بهزاد علي ادم) ئامادەیان کردووە دەبێت ئەوەش بڵێین کەوا ژمارە ٣٤ و ٣٥ لەوکتێبەدا نەهاتوون. بەڵکو هەڵەی چاپەو لە بری ئەوان جارێکی تر ژمارە ٣٨ و ٣٩ دانراونەتەوە بەداخەوە ئەم شایەتحاڵە لە ڕۆژی ١٢ی شوباتی ساڵی ٢٠١٥ کۆچی دوایی کرد.

بۆ خوێندنەوەی شایەتیە پڕلە هەڵە زمانەوانیەکەی **بڕوانە کتێبی جینۆسایدی کورد تاوانی ئەنفال – تەها سلێمان – ٢٠١٥ لا ١٣٨**

ژمارە (٤٣) لە دادگا ناوی ئاشکرانیە، لە محزەری دادگادا ناوی پارێزراوەو هێمای ژمارە (٤)ی دراوەتێ . بەڵام ناوی ڕوناک خراوەتە سەر ژمارەکەی ئەمەش نایاسایی یە. ناوی گوندەکەشی مەحمود پەرێزە هەڵەیە محمود پەریزاد ڕاستە.

# ئەوان، خەردەلیشیان بەزاند

عومەر محەمەد

سلێمانی – ٢٠١٩/١١

له میانەی نوسینەوەی مێژوی ئەنفالدا زۆرم لەبریندارانی چەکی کیمیایی بینیوە و دیمانەم لەگەڵدا سازکردون و گوێم لە ئازارەکانیان گرتووە، زۆریان سەرباری ئەوەی برینەکەشیان سەختە بەڵام ئازاو خۆراگرن، هەندێکیشیان وەک برینەکەیان سەختە ژیان و بژێویشیان هێندە سەختە هەروا کەمێک لەملای مەرگەوە بەزیندویی ماوەتەوە .

سەیر لەوەدایە هەیانە هاورێی زۆر نزیکمن و هەتا درەنگانێک نەمزانیوە کە بریندارى چەکی کیمیایی بووە، یەکێک لەوانە سەلام مارفی نوسەرە، هەروەها مامۆستا ئاکۆسیرینی سەرباری ئەوەی لەساڵی ٢٠١٣ ەوە زۆر نزیکین کەچی نەمزانیبوو کەبریندارى چەکی کیمیاییە ! جەمال کرژەیی بریندارێکی سەختی چەکی کیمیایی بوو بەڵام هەرگیز وەک بریندارى ئەو چەکە نەگریسە خۆی نەدەناساند هەتا کۆچی دوایی کردو شایەتحاڵەکان باسی دژواری برینەکەیان بۆگێڕامەوە.

ئەو بریندارانەی من دیومن، لە هەڵەبجە، عەنەب، سێوسێنان، گۆپتەپەو عەسکەر، دۆڵی جافایاتی و شاناخسێ دۆڵی بالیسان و شێخ وەسانان، چەند کەسێکی بریندارانی بادینانیشم دیووە، بەڵام زۆر جێگەی تێڕامانە بریندارانی گاز لە شاناخسێ هەموویان لە ئازاترین و خۆراگرترین ئەو بریندارانەن کەمن دیومن، یەکەم دیدارم لەساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ پێشمەرگەیەکی بریندار بوو بەناوی عومەر چاوشین ئەو سەرباری ئەوەی کە هەموو



جەستەی بەگاز سوتاوە، سییەکانی ئاڵودەن و تەنانەت لەئەڵمانیاش نەیانتوانیوە چارەسەرێکی وای بکەن. عومەر هەر بەکاریگەری چەکی کیمیایی هەردو چاوەکانی ساڵانێکی زۆر لەبینین کەوتبوون دوای چارەسەر توانرابوو کەمێک روناکاییان بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام ئەفسوس رۆژێک کەوتبوو چاوێکیانی هاتبووە دەرەوەو کاتێک دەستی گرتبوو بەچاوییەوە کەوتبووە ناو لەپی دەستیەوە، بەڵام هێندە ئازاو بەوەربوو نەیهێشتبوو هاوژینەکەی پێیزانێت هەرئەوەندەی پێگوتبوو بچۆ براکەم بۆبانگ بکەو بەپەلە بمگەیەننە خەستەخانە کاتێک براکەی گەیشتبووە لای بەدزی هاوژینەکەی چاوەکەی خۆی دابووە دەست براکەی و پێیگوتبوو برام بڕۆ بەبێدەنگی لەبەر پێی شەهیدێک بینێژە .

کاتێک عومەرو هاوژینەکەی گەیشتبوونە خەستەخانە ئینجا لەوێ زانیبوی کە چاوێکی دەرهاتووەو تەنها چاوێکی ماوە، ئەوکاتەی لەماڵەکەی خۆی دیدارم لەگەڵ عومەرچاوشین ریکۆرد دەکرد زۆر سەرسام بووم بە ئازایەتی ئەم پیاوەو میهرەبانی هاوژینەکەی

یەکێکی تر لەبریندارانی ئەوگازە ترسناکەی شاناخسێ سەید ئەحمەد حەمەلاوە دەبێت ئەوە بڵێم بەرلەوەی ئەم پیاوە بناسم رۆمانی دۆزەخم خوێندبووەوە، زۆر سەرسام بووم بەو رۆمانەو توانای نوسەرەکەی، کاتێک دیدارە رۆژنامەنوسییەکەم لەگەڵ عومەرچاوشین سازکرد باسی چەند کەسێکی کرد لەبریندارە مەترسیدارەکان، یەکێک لەوان کاک سەید ئەحمەد بوو، بەڵام من نەمدەزانی سەید ئەحمەد کێیەو چکارەیەو ئێستا لەکوێ دەژی . بەڵام سەیر بوو کاتێک زانیم نوسەری رۆمانی دۆزەخ ئەم کاک سەید ئەحمەدەیە و چوم بۆ ئەوەی پێکەوە دیمانەیەکی رۆژنامەنوسی دەربارەی بریندار بوونی بەچەکی کیمیایی ئەنجام بدەین ئازایەتییەکی زۆر سەرنجراکێشم لەکاک سەید ئەحمەد بینی .. سەید وتی لەدوای ئەوەی لەخەستەخانە دەرچووم راستتر بڵێم رامکرد، یەکسەر هاتمەوە بۆ ناوچەکەو چەکم هەڵگرتەوەو بوومەوە بە پێشمەرگەی پارتیزان ولەناوچەکەدا ماوە، لەوساوە هەتا ئێستا کە ساڵی ٢٠١٦ یە بۆیەکجاریش نەچومەوە بۆلای دکتۆرو هەرگیز بیرم لێنەکردوەوە کە من بریندار چەکی کیمیاییم .. سەید ئەحمەد قسەیەکی زۆر سەرنجراکێشتری کرد، کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە و هەتا ئێستا لە دوو دیداری تەلەفزیونی وچەند جارێکیش لە کۆروسیمنارەکانم باسم کردووە، سەید گوتی : بریارمدا (نابێت چەکی کیمیایی من ببەزێنێ دەبێت من ئەو ببەزێنم ) سەید بەزمانی خۆی گوتی ناهێلم چەکی کیمیایی من بخات هەردەبێت من ئەو لەزەوی بدەم ! لەراستیدا من بۆیە ئەم قسەیەی سەید ئەحمەد دەگێرمەوە چونکە بۆ ورەی بریندارەکانی تریش دەرمان و چارەسەرە.

ئەوەتا جارێکی تر وێنەیەک توشی سەرسوڕمان و تێرامانم دەکاتەوە، وێنەی کۆمەڵێک پێشمەرگەی بریندای گازی خەردەل لە شاناخسێ ، ئەو وێنەیە لەهەموو وێنەکانی تر جیاوازە هەربەراستی هەقە توشی سەرسوڕمانمان بکات، چوار پێشمەرگە کە هەموو جەستەیان بەگاز سوتاوەو ملحەمی سوتاوی جەستەیانەوە دیارەو دکتۆرێکیش خەریکی چارەسەریانە کەچی هەرچواریان قاقا پێدەکەنن، سەیرە دواتر زانیم ئەم بریندارانەش هەر لەوانەی شاناخسێن !

ئەوانەی لە وێنەکەدا دیارن لە راستەوە (رزگار ، ئاکۆسیرینی ، رێبوار ، ساماڵ ، خالید سیتەکی)

یەکێک لە بریندارەکان مامۆستا ئاکۆ سیرینیە لەبارەی وێنەکەیانەوە دەڵێت : ( هەرچەندە جەستەمان سووتاو و ماندوو شەکەت بووین، بەڵام، رۆحمان ئاسوودەیەو ئەواتا بەحاڵی خۆمان و عەقڵی پوچی دکتاتۆرەکانی دونیا پێدەکەنین)

کیمیابارانی شاناخسێ لە یەکەمین پەلاماری ئەنفالی یەکەمدا بوو، دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لە دۆڵی جافایەتی چەند تیپێکی پێشمەرگە لە شاناخسێ کۆبونەوە، رۆژی ٢٤ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ پۆلێک فرۆکەی جەنگی گەیشتنە ئاسمانی ناوچەکەو دوای یەک دوجار سورانەوەو وەرگرتنی ئاراستەی با، داهاتنەوەو هەریەکەیان چوار بۆمبی کیمیاییان وەشاندو نزیکەی ٢٥ پێشمەرگە بەسەختی بریندار بوون و چەند پێشمەرگەیەکیش هەرلەجێدا گیانیان لەدەستدا.

شاعیرو نوسەر و پێشمەرگەی دێرین، شازین هێرش یەکێکە لەبریندارە زۆر سەختەکانی ئەو بۆردومانە لەژمارە (٤)ی گۆڤاری ئەنفالستاندا لە ژێرناونیشانی (من وئەنفال و سەحەر) بە درێژی باسی ئەنفالی یەکەم و بەرگری و پاشەکشەو بەکارهێنانی گازو بریندار بوونی خۆی وهاورێکانی دەگێرێتەوە.

لەژمارە ١٣ی ئەم گۆڤارەدا مامۆستا ئاکۆسیرینی چیرۆکی خۆی وکاک سەید ئەحمەدیش بەوردی باسی بریندارانی کیمیابارانی شاناخسێ دەگێرێتەوە.

# تاوانی 4/16 لە گێڕانەوەکانی دکتۆرە عەتیە حەمە ساڵحیدا

هاوکار عەبدوڵڵا شێخ وەسانی



ئەمڕۆ 33 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کیمیابارانی گوندەکەم (شێخ وەسان)، بیرم کردووە لەم ڕۆژەدا چی بنووسم و باسی کام زامی قووڵی ساڕێژ نەبوو بکەم، کام چیرۆکی تراژیدی بنووسمەوە، یان سەردولکەی دایکە شەهید بهۆنمەوە، یاخود ئازارەکانی ئەڵقەی بە جێماوی دەسگیرانداری دوو خۆشەویست بنووسمەوە. ئای خۆ ناسۆرییەکان گەلێ زۆرن، هەمە جۆرن، هەر بە تەنیا بە نووسینێک و کتێبێک و دووان کۆتا نایەن! ڕەنگە هەندێک لەبەر گەورەیی تاوان، بوونی ئازار، بە نووسین نەهێتە دەربڕین.

لەم ماوەیەی ڕابردوودا سەردانێکی دکتۆرە عەتیە حەمە ساڵحیم کرد، دوای ئەحواڵ پرسین و چاکی و چۆنی، پێی وتم: دەزانم تۆ خەڵکی شێخ وەسانی هەندێک شتت بۆ دەگێڕمەوە لە تاوانی کیمیابارنی ئەم گوندە ئەگەرچی ئەم گێڕانەیەوە ئازاری زۆرم پێ دەگەیەنێت وە دەشزانم بەم قسانەم تۆش ئازار دەخۆیت بەڵام حەزدەکەم بۆ مێژوو هەندێک سەربردەی ئەوکاتت بۆ باس بکەم. منیش لەبەرئەوەی ئەم تاوانە بەردەوام لەگەڵم دەژێت، زۆر بە تامەزرۆییەوە گوێم بۆی گرت.

دکتۆرە عەتیە وتی: لە ساڵی 1984 کاتێک ڕژێمی بەعس تاقیکردنەوەی کیمیاوی کردبوو لە دۆڵی بالیسان، دواتریش لە ساڵی 1987 بە چڕی بۆردومانی ئەم ناوچەیەی کرد، من ساڵی 1984 بریندارەکانی شێخ وەسانانم لە نەخۆشخانەی ڕزگاری شاری هەولێر بینی، هیچ لە بریندارەکان نەیاندەزانی ئەمە کیمیاوییە، نەخۆشێکم هەبوو بە ناوی (ڕابی مستەفا) لە ڕێگەی ئەوەوە من زانیم کە خەڵکی ئەم دۆڵە چەکی کیمیاوییان لەسەر تاقی کراوەتەوە، ئێستاش ئەو ئافرەتە ماوە، ئەوکات نەشتەرگەرییەکی سەختم بۆی کرد، ڕەحمی تەقی بوو و منداڵەکەشی مردبوو، ئەم ڕووداوە لە کۆتایی ساڵی 1984 بوو.

پرسیارم لەم ژنە کرد کە ئاخۆ بەچی وات لێهاتووە؟ دەگریا و نەیدەوێرا پێم بڵێ لەبەر ڕژێمی بەعس، بەڵام دوایی بە نهێنی بۆی باسکردم کە کەس و کاریان بەر کیمیاوی کەوتوون. هەروەها کاتێک لە 1987/4/16 ڕژێمی بەعس دووبارە ئەم ناوچەیەی بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کردووە کە بەم هۆیەوە نزیکەی (200) کەس تەنیا لە گوندی شێخ وەسانان شەهید بوون، بەشێک لە بریندارەکان کە هێنابوونیان بۆ شەقڵاوە کە ژمارەیان (83) کەس بوو، دواتر لە ڕێگەی خوالێخۆشبوو (عوسمان بەگی میران) بۆ نەخۆشخانەی (جمهوری) هەولێریان گواستنەوە، من ئەوکات لە نەخۆشخانەی ڕزگاری بووم، لە ڕێگەی دکتۆر (هیوا نەقشبەندی) بەم تاوانەم زانی، وتی: نازانم چی بڵێم کۆمەڵێک نەخۆشیان هێناوەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتن کە بەر کیمیاوی کەوتوون حاڵیان زۆر خراپە ئێمە لێیان نزیک بووینەوە بۆ چارەسەری بەڵام هێزە ئەمنییەکان نەیانهێشت چارەسەریان بکەین. هەر ئەوکات بینیمان بریندارەکان بە ئۆتۆمبێل دەگوازنەوە بۆ شوێنێکی

نادیار. بۆ شەو بیستم کە هەندێک بریندارمان بردووە بۆ نەخۆشخانەی (کۆماری) کە ئێستا نەخۆشخانەی (ڕاپەڕین)ی منداڵانە. من بۆ ئەم نەخۆشخانەیە چووم بەڵام پەرستارێک وتی: نابێت بێیتە ژوورەوە، منیش دوای ئەوەی تێمگەیاند کە دکتۆرم ڕێگەی پێمدا بچمە ژوورەوە. کاتێک چوومە لای بریندارەکان دیمەنێکم بینی کە هەرگیز بە نووسین و باسکردن گوزارشتی لێناکرێت، چونکە تا بڵێی دیمەنێکی ناخهەژێن و کاریگەر بوو. بریندارەکان زۆربەیان چاویان نەیاندەبینی و پێستیان هەموو سوتابوویەوە، هەموویان سەریان سوڕمابوو، وتم: بەچی واتان لێهاتووە؟ وتیان نازانین. من چوومەوە بۆ ماڵەوە و هەندێک جل و بەرگم بۆ هێنان، هەرچەندە وەرزی بەهار بوو بەڵام ئەوکات زۆر ساردبوو، بە داخەوە کە هاتمەوە بۆ نەخۆشخانە هێزە ئەمنیەکان مۆڵەتی چوونە ژوورەوەیان نەدام، خێرا جلەکانیان لێوەرگرتم و گوتیان ئێمە پێیان دەدەین، دوو ڕۆژی تر چاودێریم کردن هیچیان نەمابوون، بە داخەوە دواتر بیستمەوە هەموویان لە بیابانەکاندا زیندەبەچاڵ کردبوون.

ئەوکات دکتۆرەکانیش هیچیان پێ نەکرا، من بە چاو قایمی خۆم چاوم پێکەوتن، ئەگینا ڕێگەیان بە دکتۆرەکانی تر نەدەدا بێن بۆ لایان، چونکە دەیانگوت بۆ ئێوە خراپە، بەڵام من کورسی خۆپارێزیم لە چەکی کیمیاوی بینی بوو. ئەوکات چەند وێنەیەکی ئەو بریندارانەم گرت و وێنەکانم لەگەڵ خۆم بردن بۆ لەندەن، بە مەبەستی ناساندنی تاوانەکە، ئەمە دەنگۆیەکی گەورەی بەرپاکرد، بەڵام وەک پێویست نەهاتن بە دەم وێنەکانەوە، چونکە سیاسەتی دەوڵەتان وای دەخواست ئەم تاوانە بشاردرێتەوە، بەڵام بە داخەوە ئەم وێنانەم لە دەستچوو. دیارە ئەم تاوانە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ژنان و پیاوانی ئەم دەڤەرە ئەوانەی وەک بریندارى کیمیاوی مانەوە، ساڵی 1988 سەردانێکی دۆڵی بالیسانم کرد بە چاوی خۆم بینیم کە چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر داروردەخت، هەتا ڕووەکەکانیش مردبوون، ئەوکات هەمووم بە کامێرای ڤیدیۆ گرت، بەڵام بە داخەوە لە ڕاپەڕین کە ماڵیان تاڵان کردم لەگەڵ کەل و پەلەکان بردوبوویان.

**دوو تێبینی** زۆر گرنگ لەسەر ئەم دیدارەی کاک هاوکارو دکتۆرە عەتیە هەیە، لەپێناوی نوسینەوەی مێژوویەکی ڕاستدا نابێت چاوپۆشییان لێبکەین .

یەکەم : نوسەر بۆخۆی خەڵکی ناوچەکەو هەمان ئەو گوندەشە کە کیمیابارانکراوە بۆیە دەبێت وردبین بێت ونابێت هەموو قسەیەکی بەسەردا تێپەڕێت و هەموو قسەیەکیش وەک خۆی بنوسیتەوە چونکە متمانە لەدەست دەدەن و نابنە جێگەی بروا. لەلایەکی تریشەوە هەموو کەس بەوردی بابەت ناخوێننەوە یان ئاگایان لە ڕوداوەکان نییە بۆیە ئەگەر نوسەرو شایەتحاڵ وریا نەبن مێژوو بەهەڵە دەنوسرێتەوە.

دووەم : قسەکانی دکتۆرە عەتیەی بەرێزە کە لە دوو خاڵدا تەواو بەهەڵەدا چووە، یەکەم ساڵی ١٩٨٤ – گفتوگۆ- مفاوزاتی یەکێتی حکومەت بوو یەکێتیش هێزی یەکەم و لە بالیسانیش دەسەڵاتداربوو، بۆیە ناوچەکەش بێ شەڕو ئارام بوو. دووەم لە کیمیابارانی ١٩٨٧ دا پیاوە بریندارەکانی کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسان، نەبراون بۆ بیابانەکانی خواروی عێراق بەڵکو هەر لەهەولێر گوللەباران کرابوون و دوای ڕاپەڕین لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە ..سێهەم ساڵی ١٩٨٨ ناوچەکە قەدەغەکراوبوو هاتوچۆ لەشارەوە بۆ گوندو لەگوندەوە بۆشار قەدەغە بوو، هەرکەسێک لەو ناوچانە ببینرایە سزای مەرگ بوو، هەر لەوساڵەدا تاوانی کونەسیخور بەکیمیایی ئەنجامدرا بەڵام کە دکتۆرە دەڵێت چووم بۆ بالیسان ڕونی نەکردووەتەوە چۆن و بۆچی چووە بۆ بالیسان ؟! بێگومان من هیچ گومانم لە دڵسۆزی نوسەر و دکتۆر عەتیەش نیە، بەڵام پێویستە بەوریایی قسە لەسەر دۆسێکانمان بکەین چونکە دوژمنمان زۆرن.



## میوانی ژمارە

### د. فاضل مورادی

د. فاضل مورادی لەدایکبوی ١٩٧٩ کرماشان، ئێران، هاولاتی سویدی وە دانیشوی بەرلین، ئەلمانیا لە ئۆگستی سالی ٢٠١١ دەستی بە نوسینی نامەی دکتۆراکەی کردووە دەربارەی جێنۆسایدی ئەنفال لەژێر ناونیشانی (ژیانی دوای ئەنفال – قسە، یادەوەری و دادپەروەری) لەسالی ٢٠١٧ نامەی دکتۆراکەی لە پەیمانگەی ماکس پلانک بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلایەتی و زانکۆی مارتن لۆتەرهالە –ڤیتەنبرگ، ئەلمانیا تەواوکردووە. تێزەکەی چاوخشاندنەوەیە بە ئەنفالدا وەک رووداوێکی نوێ لەبواری توێژینەوەی کۆمەلکوژی ویادەوەری . لێرەوە بەدوای زۆر سەرچاوەی وەرگێردراودا گەراوەو بەدەستیهێناون لە تۆمارەکانی بەعس و قسەی ئەوانەی لە ئەنفال رزگاریان بووە.

د. فاضل ماوەی دووسال لەکوردستان لێکۆلینەوەی مەیدانی کرد، تەواوی ناوچەی جوگرافیای رووداوەکە گەراوە "لە دۆلی جافایەتیەوە بۆ گەرمیان، بۆ گۆپتەپەو عەسکەرو جەلەمۆرد، بۆ بادینان ئامێدی و مانگێشک و زاخۆ، گوندی کورێمێ و چەلکێ" لەناوچەی ئەنفالی یەکەوە بۆ ناوچەی ئەنفالی کۆتایی، شایەتحالی بینیوەو دیداری لەگەلدا کردون، لە هەولێروبەغدا، لەگەل چالاکانی بواری ئەنفال و بەرپرسانی حکومەت و پەرلەمانتارانی عێراق و کوردستان و وەزیرە پەیوەندیدارەکان وەک توێژەرێک گفتوگۆی کردووە. لەو ماوەیەدا هەولی پەیداکردنی هەموو ئەوبلاوکراوە کوردیانەی داوە کە دەربارەی ئەنفال هەبوون.

تێزی دکتۆراکەی : یەکەم توێژینەوەی مرۆڤناسیی (أنثروبولوجية) خوێندنەوەیەکی وردی مێژووی سیاسی عێراقی کۆلۆنیالی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دواتریش بەریتانیی وئەمەریکییە، باس لە دروستبوونی دەولەت و حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی لە عێراق و سوریادا دەکات، کە چۆن گرێدراوی ئایدۆلۆژیای نازیین و ئەم ئایدۆلۆژیایەیان لە سیاسەتیاندا بەرجەستە کردووە، باگراوندی مێژوویی بیرۆکراتیەتی دەولەتی بەعسیەکان شیکار دەکات، ئەم نازیەت و بیرۆکراتیەتەش بە چەکە پێشکەتووەکانی جەنگ وەک بۆمبی کیمیاویی بەکارهێنرا لە پرۆسەکانی ئەنفالدا دژی کورد. ئەم شیکارییە لە سالی ١٩٨٧ تا سالی ١٩٩١ وەک زەمەنی مێژوویی ئەنفال و جینۆساید دەناسرێت.

لەم تیزەدا یادەوەری فۆکسی لەسەرە کە دەربازبووانی ئەنفال و حکومەتی هەرێم، ئەم یادەورەیانە وەک پرسی نیشتیمانی دەبینن و یادکردنەوەی پرۆسەی ئەنفال و مێژووی پاکتاوکردن لە جیهاندا دەکەن بە مەسەلەیەکی نیشتیمانپەروەری، ئەمەش بەمۆزیک و گۆرانی خەمگین و بە دەنگ و رەنگی پەژارە؛ بە شانۆگەری و گوتەی ناخۆش و سالانە یادی ئەنفال دەکەنەوە.

د. فاضل نایەوێت دوای بەدەستهێنانی بروانامەی دکتۆراکەی دەستبەرداری ئەم دۆسێیەبێت و قوربانییەکان فەرامۆش بکات، بەلکو دەیەوێت ئەو پەیوەندییە رابگرێت و کارلەمەر دۆسێی جێنۆساید بەگشتی و ئەنفال بەتایبەتی بکات. لە ئێستادا ئەندامی گرۆپی توێژینەوەی یاسا، رێکخراوەیی زانست وە تەکنەلۆجیا لە ئەلمانیا، هەروەها ئەندامی زانست وتەکنەلۆژیا لە ئاسیا- لەزانکۆی هۆنگ کۆنگ، وانەبێژی ئەنترۆپۆلۆژییشە لەپەیمانگەی هۆشیاری کۆمەلایەتی زانکۆی هالە–ڤیتێنبێرگ لە ولاتی ئەلمانیا.

لە سەرقالی تەواوکردنی کتێبێکە **دەربارەی ئەنفال لە**
(Johannesburg Institute of Advanced Study
la Zankoy Johannesburg la Afriqay Bashur
(South Africa) سالی ٢٠٢٠

سێ توێژینەوەی زانستی دەربارەی ئەنفال و بریندارانی کیمیایی هەلەبجە لەچاپخانە بەناوبانگەکانی جیهانە (وەک رۆتلیج لەلەندن و نیۆرک چاپ دەبێت ) وە چاپخانەی زانکۆی رۆتگیرس.کەلە نیوجیرسی لە ئەمریکاو لەندن چاپ دەبێت .ئەوەی هەلەبجەش گۆڤاری زانستی پزیشکی بەناوی پلاس وەن (*PLOS ONE*)

بۆزیاتر ئاشنابوون بە نوسینەکانی سەردانی ئەم مالپەرانە بکە :

https://lost-research-
//group.org/staff/fazil-moradi
- /http://scitechasia.org/team

## سوپاس بۆ هاورێیانم :

پشکۆ بری ٣٠٠ $ هاوکاری بۆ گۆڤاری ئەنفالستان ناردووە لەرێکەوتی لەریگەی کاک شێرکۆی محامییەوە گەیشتە دەستمان .

محەمەد مستەفا (حەمە رانێی) بری ٣٠٠ $ هاوکاری بۆ سەرنوسەری ئەنفالستان ناردووە، رۆژی ٢١ی ئـابی ٢٠١٩ لەرێگەی هاورێ لوقمانی کەنەدا گەیشتووەتە دەستمان.

## سوپاس وپۆزش

- سوپاسی کەسوکاری ئەنفالکراوان و کۆمەڵەی داکۆکی لەکەسوکاری ئەنفالکراوان دەکەم کە داوەتیـان کـردم یاوەرو هاوسەفەریان بم بۆ سەرگۆری ئەنفـالکراوان لەپارێزگـای سـەماوە . هاوکـات داوای لێبوردنیشـیان لێدەکەم کە نەمتوانی بەهۆی بەشداریم لەبەرنامەیەکی تەلەفزیونیەوە یاوەرو هاوسەفەریان بم.
- سوپاس بۆ بەرنامەی بێسنور کە بەهۆی سەفەرەکەمەوە بۆ سەماوە سەرقاڵی وپشێویم بـۆ دروسـت کـردن بەوەی رۆژێک ریکۆردی بەرنامەکەیان پێشخت لە پێناوی ئەوەی مـن بەشـداربم بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەر فریای سەفەرەکەم نەکەوتم .

### خۆزگە

کورد دەڵێت داری خۆزگە رواوەو بەری نەگرتووە، خۆزگە ئەو هەڵایە لەسەر گۆری ئەنفـالکراوان دروسـت نەبـوایەو مەیدانی موزایەدەچیش نەرەخسایە.. ئێسـتا کە ئەو ئەفسـەرە زیندانە، بەپێـی قسـەی ئەو بەرێـزانەی لەوێ بـوون هەموویان نیگەرانن، لەبەرئەوەی لەکاتژمێر دووی شـەوەوە هاوکـاری میونەکـان (کەسـوکاری ئەنفـالکراوان) بـووەو خەمی خواردون و بەرپرسی سەلامەتییان بووە، هەموو گوناحەکەی ئەوەندەیە کە بینیویتی ئاڵای کوردسـتان بەملـی یەکێک لە ئامادەبووەکاندایە، پرسیوێتی ئەوئالایە چییە ؟ تکایە من بەرپرسـیار دەبـم لەکاتیکـدا لەسـەر ئەم گـۆرانە ئالای عیراقیش مەمنوعە...! ئەگەرچی هەر زوو لێکتێگەیشتن بووەو ئەفسەرەکە قایل بووەو هیچ کێشەیەک نەبووە . بەڵام ئەم لێکتێنەگەیەیشتنە کورتخایەنە هەڵاومزایەدەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنـا، سـەرباری ئەوەی پارێزگـاری سەماوەش داوای لێبوردنی کرد، بەڵام ئەفسەرەکە گیراو خرایە زیندانەوە.

هەقوا بوو کاک حەسەن تاقانەی ئەنفال کە ئـالاکەی لەملدا بـوو، لەسـەماوە نەگەرێـتەوە هەتـا ئەو ئەفسـەرە ئـازاد نەکرێت .. باگریمانەی ئەوە بکەین و بڵێین ئەفسـەرەکە هەڵەی کـرد ؟ ئەی نەدەبـوو هەقـی ئەوەمانـدوبوون و رێـزە زۆرەی لە کەسوکاری ئەنفالکراوانی نابوو ئەویش لێی ببورایە ؟ باشـە لێبـوردەیی جـوانتر نەبـوو لەوەی تەرمەکـان هێشتا هەڵنەگیراونەتەوە کەسوکاری ئەنفالکراوان کەسـێک لەزینـدان بەجێبهێڵن و بگەرێـنەوە بۆکوردسـتان، باشـە کەسێک گریمان هەڵەیەکی کردووەو هاتووە داوای لێبـوردنی کـردووەو پاریزگـاری سـەماوەش جـگەلەوەی داوەتـی خوانی نیوەرۆی کردون داوای لێبوردنی کردووە ؟ ئیدی چیتر دەمێنێ داوای بکەن ؟

ئایـا هەسـت نـاکەن بەهاتنەوەتـان و بەجێهێشـتنی کەسـێک لەزینـدان هەتـا ئەگەر هەڵەشـی کردبێـت رۆحـی ئەنفالکراوەکانتان ئاسودە ناکات ؟

خۆزگە نەدەهاتنەوە هەتا ئەو ئەفسەرەتان ئازاد دەکرد

رونکردنەوەیەکی پێویست

لەژمارەکانی رابوردوودا هەردووک بەڕێزان مامۆستا هێمن عەبدوڵاو کاک سمکۆ سابیر وەک یاریدەدەرو جێگری سەرنوسەر ناویان لەگۆڤارەکەدا هاتووە،، بەڵام بەداخەوە ئەوانیش بەهۆی بارگرانی ژیان و سەرقاڵی بەژیانی تایبەتی خۆیانەوە نەیانتوانی هەتا سەر لەم ڕێگە سەختەی گۆڤاری ئەنفالستاندا لەگەڵمدا بەردەوام بن. بۆیە مامۆستا هێمن لەژمارە ١١ وەوە بەبێ خواستی خۆی لەئەرکەکەی دورکەوتووەتەوە و کاک سمکۆ سابیریش لە ژمارەی ١٣ وەوە نەیتوانی وەک پێویست بەشداری دەرچونی گۆڤارەکە بکات، هەرچەند هیچکامیان دەستبەرداری ئەنفالستان نەبوون و نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان نەنوسیوەو رونیش نیە داخۆ لەداهاتوودا دەتوانن بەردەوام بن یاخود نا، بۆیە لەم ژمارەیەشدا ناوی کاک سمکۆسابیریش وەک جێگری سەرنوسەر نامێنێت .

تەنها ناوی ئەوکەسانە لەسەر گۆڤارەکە دەنوسرێت کە بەکردەوە پراکتیکی ئەرکێکیان لەئەستۆ ناوەو هەرکەسەو بەپێی کارەکەی ناوی لە گۆڤارەکەدا دەنوسرێت، جائەو کارو بەرپرسیارێتیە هەرچییەک بێت. بۆئەوەی هیچ خوێندنەوەیەکی خراپی بۆ نەکرێت ئەم رونکردنەوەیەم بەپێویست زانی لەگەڵ ڕێزدا .

سەرنوسەر




گوندی دۆڵمازەڵە ــ ساڵی ١٩٧٠ واتا ١٨ ساڵ پێش ئەنفال بەکامێرای م . ئارام.

**جێگەی باسە زۆربەی ئەو کتێبانەی دەربارەی ئەنفال نوسراون ناوی ئەم گوندەیان بە هەڵە نوسیوە لەبری ناوە ڕاستەکەی نوسیویانە دۆڵی مازالی . سەرچاوەی ئەم هەڵەیەش راپۆرتەکانی سوپاو هەواڵگری سەربازییە کە بەعەرەبی نوسیویانەو نەیانزانیوە بەکوردی بینوسن، هەروا دادگای باڵای تاوانەکانیش لەسەر ئەو بنەمایە گواستویەتیەوەو نوسەرانی کوردیش بەبێ دیقەتی و بێ بەدواداچون، بەهەمان زمانی سوپاو هەواڵگری سەردەمی ئەنفال نوسیویانەتەوە .**

## راستگۆیی وهیچی ترنا

# بایادی تاوانی ئەنفال، بکەینە ڕۆژی ڕاستگۆیی

عومەرمحەمەد

٣١ ساڵە تاوانی ئەنفال ئەنجامدراوەو ٢٧ ساڵە لە ئازادیدا یادی دەکرێتەوە !کەچی هێشتا بیری نوێ و قسەی جدی و نوێمان بۆ یادەوەرییەکی شایستە نیە، ئەگەر هەشبوبێت وەلانراوەو لەپەراوێزدا هێڵدراوەتەوە! ئەم دۆخە بۆچی وایە؟ ڕەنگە هەبن بێ یەک ودو بڵێن (دەستی حزب و کەمتەرخەمی حکومەت) باشە ئەوە براوەتەوەو هەموومان لەسەری کۆکین، بەلام خۆ حزب و حکومەت لە ئاسمانەوە دانەبەزیون ، بەرهەمی ئەم میللەتەن و مافی ئەوانیشە قسەی خۆیان هەبێ. ئەی ئەوانەی لەدەرەوەی حزب و حکومەتن قسەی جیاوازیان چیە؟ چییان کردووە وا حزب وحکومەت ڕێگری لێکردون ؟ ئەوەی لەکارکردن بێت لەسەر حزب و حکومەت ناوەستێ، من بەشبەحاڵی خۆم وامکردووە، نەچاوم لە دەستی حزب و حکومەتەوە بووەو نەراوەستاوم، نەچومەتە بەرقاپی بەرپرسەکانی و نەوەستاویشم لەسەر ئەوەی کە هاوکارییان نەکردوم. باشە ئەگەر چاوەڕوانی حکومەت بومایە ئێستا چەند ژمارەی ئەنفالستان دەچووە ناو کتێبخانەی کوردییەوە؟ پێموایە خەڵکیش هێندە بێویژدان نییە نکۆڵی لەم ڕاستیە بکات و بڵێت کوا بەرهەمت.

تاوانی جێنۆساید هەرکێشەیەکی ناوخۆیی نیە، بەڵکو نێودەوڵەتیشە، دەبوایە هەر لەسەرەتاوە مامەڵەی نێودەوڵەتی لەتەکدا بکردایە، ڕاستە هەرچی دەمدەکاتەوە دەڵێت :(با ئەنفالیش وەک هۆلۆکۆست بەدونیا بناسرێت) بەلام کەی و چۆن ؟ ئەو ( با)یە پراکتیک بکەین؟ ئایا خاوەن ئامرازو ئایدیای نوێین ؟ هێشتا خاوەنی یادێکی سەراسەرین ؟ هێشتا ڕەگەزی تاوانەکەمان وەک تاوانی نێودەوڵەتی شیکردەوەو قسەی جدیمان دەربارەی کردووە؟ بۆچی مێژومان پڕەو هێشتا هەوارمان خاڵییە؟ بۆمەگەرنەماندەتوانی وەک جووەکان بین و دنیامان بەقەرزداری خۆمان بزانیبایە، نەمان دەتوانی کوردبوونمان بخستایەتە پێش ئاین و ئایدۆلۆژیاوە، ئەوەش لەبەرئەوەنا کە کورد (پیرۆزە) بەڵکو لەبەرئەوەی کە کوردبوون لەژێر هەڕەشەدایە و لەڕابوردودا ئەم هەڕەشەیە پراکتیککراوەو کوردەکان زیاد لەجارێک بەر پەلاماری جێنۆسایدکەوتوون.

نابێت ڕێگەبدەم ئەمەم بەهەڵە بۆ لێکبدرێتەوە، چونکە کوردبوونم بە مرۆڤبوونیەوە قبوڵە، مرۆڤبوونیش نە پێکهاتەیەکی هەیکەلی و بایۆلۆژییەو نە ڕواڵەت و ئەتەکێتی پۆشین و خواردنیشە، بەڵکو مرۆڤ بوون مۆراڵە مۆراڵیش دنیا بینی و بیری کراوەوفراوان بەرهەمی دەهێنێت، من کەسم ئەنفال نەکراوەو کەسیشم بەر چەکی کیمیایی نەکەوتووە، بەلام ئەگەر کوردیش نەبومایەو ئاگاداری ئەنفال بومایە هەر بۆی تێدەکۆشام چونکە هەموو مرۆڤایەتی بە ئیسلام و عەلمانییەوە بەقەرزداری کوردو کەسوکاری ئەنفالکراوان دەزانم، ئەمە سادەترین مۆراڵە کە مرۆڤ بەرانبەر قوربانیانی ئەنفال وشەنگال و هۆلۆکۆست و هەڵەبجە هەیبێت، بەلام ئایا تاکی کوردو حزبی کوردو حوکمڕانی کورد، دونیا بینیان وایە ؟ یان بەپێچەوانەوە هەمیشە خۆی بەبچوکتر لەخەڵک بینیوە و خۆی بەقەرزداری هەرکەسێک زانیوە کە هاتووە چەپکێک گوڵی پلاستیکی لەسەر مەزاری

شەهیدەکانی و ئەنفالکراوانی داناوە؟ لەکاتێکدا ئەوە ئەرکی هەمووانە جاکوردبن یان بیانی رەنگە زۆریشیان لەوانە بن کە ولآتەکانیان هاوکاری سەدامیان کردووە، ئاخر ناکرێت ولآتێک بۆمب وگازی بە سەدام فرۆشتبێ و بە چەپکێک گوڵ شانی خۆی لەتاوانێکی جینۆساید خاڵی بکاتەوە، بۆیە بڕوام وایە هەرگیز کورد بەم دنیابینیەوە وەک جووەکانی پێناکرێت، چونکە جیاوازی زۆر لە نێوان کورد و جوودا هەیە، ئەوان چالاکانەو بە دڵسۆزییەوە لە هەموو رەهەندەکان و لە هەموو ئاستێکدا بە خۆشەویستیەکی زۆرەوە بۆ دۆسێی خۆیان تێکۆشان و ئێستاش نەوەستاون و هەرتێدەکۆشن، هەتا ئێستا بەو پەڕی دڵگەرمییەوە بەدوای دۆزینەوەی نهێنیەکانی هۆلۆکۆستەوەن و بەدوای تاوانباران و تۆمەتبارانی ئەو تاوانەدا دەگەڕێن و دەیاندەن بەدادگا، بەڵام بڕۆن تەماشای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بکەن، دەبینن چۆن بەبێباکی و خوێنساردییەوە تەماشای ئەنفال دەکرێت؟ بزانن ئەو گوندانەی زۆرترین ژمارەی ئینسانیان بووەتە قوربانی تاوانی ئەنفال پەیج وئەکاونتیان هەیە بزانن بابەتەکانیان چین و چییان تێدا بڵاو دەکرێتەوە سادەترین رێزگرتن لەئەنفالکراوەکان ون نەبوونی ناوی مرۆڤەکانە کەچی ناوی ئەوانیشیان بڵاونەکردووەتەوە ! ئەمە بەهەموو لێکدانەوەیەک لەیادکردنە، راستە حزب و حکومەت پەنای تاوانبارانیانداوە بەڵام کاردانەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوان چی بووە؟ ئایا توانیویانە پلە بەرزکردنەوەی تۆمەتبارانی ئەنفال لەناو حزب وحکومەتی کوردیدا رابگرن ؟ چ جای دادگایی کردنیان، چەند کادری حزبی لەسەر ئەم رەفتارەی حزب و حکومەت وازیان لە حزبەکانیان هێناوە ؟ ئەمە راستیەکی زۆر تاڵە .

ئەفسوس بەپێش چاوی رێکخراوەکان و کەسوکاریانەوە، راگەیاندنی کوردی بەناوی سۆزدارییەوە قارەمانێتی کەسوکاری ئەنفالی فەرامۆشکردووەو وێنەی خەڵکێکی زەلیل و داماوی پێبەخشیون، لەسەروەختی تاوانەکەدا راگەیاندنی بەعس کوردی ئەنفالکراوی وەک خائین وبەکرێگیراوی ئێرانی و کافرو مەجوس وێنا دەکرد، بۆئەوەی جەلاد باشتر دەستی بچێتە خوێنی، لە دەسەلآتی خۆماڵیشدا راگەیاندنی کوردیش بەدیوەکەی تردا وەک نەزان و نەخوێندەوارو گوناە وێنای کردون بەو شێوەیەی هەمیشە داوای زەوی وموچە دەکەن ! لەکاتێکدا لەناو کەسوکاری ئەنفالدا ژن وپیاو، کورو کچی زۆر قارەمان هەن و راگەیاندن فەرامۆشی کردون، من زۆر زۆر لەو خەڵکە ئازار چەشتووە فێربووم، تەنانەت لێبوردەیی و پشودرێژی زۆریان لێوە فێربووم، ئەوان گەنج وپیریان ژن وپیاویان داوای سەروەری یاساو دادپەروەرییان کردووە، زۆر بەدەگمەن لێم بیستوون کە داوای تۆڵەی خوێن بەخوێن بکەن ! ئاخر بەرگە گرتنی ئەو دۆخە ترسناک و پڕلە چەرمەسەرییە، تەنها بەئینسانی ئازا و لێبوردە دەکرێت.

وەنەبێ کەسوکاری ئەنفالیش بێ کەموکورتی بن، نا نەخێر ئەوان نەک هەر لەکەمتەرخەمی حزب وحکومەت تەنانەت لە یادکردنەوەشدا بێخەم بوون، لەو میدیایەش بێدەنگ بوون کە زەلیل و گوناە نیشانی داون، لەو نوسەرو رێکخراوانەش بێدەنگ وبێ باک بوون کە بازرگانیان بەسەرەوە کردوون، زانیاری هەڵەیان بڵاوکردووەتەوە، بەڵام هێشتا بێئومێدنیم، چاوەڕوانم کەسوکاری ئەنفال رەش وسپی لێک جودابکەنەوەو وەک جووەکان چۆن چاوەروانی حکومەتیان نەکرد خۆیان قۆڵیان لێهەڵماڵی و بەکارەکانیان حکومەتیان ناچارکرد بێت پشتیوانیان بکات ، ئەوانیش وابکەن . چاوەروانی

ئەوەم لە پەیج وئەکاونت ورۆژنامەکانیانەوە لە وتـــاری یادەکانـــدا لەپێشـــەوە لەو بەنـــاو رۆشـــنبیرانەوە دەســـت پێـبکەن کە بازرگـــانی بەسـەر دۆسـێکانیانەوە دەکەن و کتێبی قەرواره ئەسـتور لەســـەر بـودجەی گشـتی و بەنـاوی ئەوانە چاپ وبلاو دەکەنەوەو لاپەرەکانیان پڕن لەهەڵەو پەڵەو درۆو دزی .

ناســـاندن و ریزگـــرتن لە یـــادەوەری ئەنفـــال پەیوەنـدەی بە ئەخلاقـی تـاک بەتـاکی کـوردەوە هەیە جا حـزب و حکومەتی هەبێت یان نەبێت، باش بێت یان خراپ بێت. بەهیوام کەسوکاری ئەنفـال و لەپێشـیانەوە کـۆمەڵەو رێکخراوەکـانی تـــایبەت بەو دۆســـێیە رەخنەگـــربن و قبـــوڵی رەخـــنەش بـکەن، بەپـێچەوانەوە نـاتوانن رێـز لەقوربانیـان بگـرن کە ئەو هەمـوو دزی و فـزییە بەســەر دۆسـێی ئەنفـالەوە ببینن و قسـەیەکیان نەبێـت! هەتـا ئەوان بێـدەنگ بـن سـاختەکارەکان لەمەیـدان دەبـن و لەبـری ئەوان قسـەی پڤـدراو دەکەن بەبێ ئەوەی هەسـتێکی راسـتەقینەیان بـۆ ئـازاروژانی ئەوهەمـوو ژن ومنـداڵ وپیرەمێـردە رەشپۆشە هەبێت .

# ANFALISTAN

An annual magazine about genocide and Anfal



لەکاتێکدا دەستوپەنجەی ئازیزانمان لەبیابان تێکەڵ بەلم بوون و تۆمەتبارانی

ئەنفال بەبەر چاومانەوە تەراتێنیانە، کەچی دادگای باڵای تاوانەکان هەڵدەوەشێتەوە !